فتح المجيد

شەرحی کتێبی (التوحید) بە کوردی

نووسینی

عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب

وەرگێڕان

عباس محمد أمین

مکتبة صلاح الدین

Salahaddin Bookshop

کتێبخانەی صلاح الدین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

www.tyeb.ahlamontada.com منتدى إقرأ الثقافي


منتدى إقرأ الثقافي

فتح المجید

شەرحی کتێبی (التوحید) بە کوردی

فتح المجيد

شەرحی کتێبی (التوحید) بە کوردی

نووسینی: عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب

وەرگێڕانی : عباس محمد أمین

دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی

چاپی یەکەم : ١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز

٥٩٩ لاپەڕە

١٧ * ٢٤ سم

بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٢٠٢) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

مکتبة صلاح الدين
Salahaddin Bookshop
کتێبخانەی صلاح الدین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

فتح المجيد

شەرحی کتێبی (التوحید) بە کوردی.

نووسینی

عبدالرحمن بن حسن بن محمد بن عبدالوهاب

وەرگێڕان

عباس محمد أمین



بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

پێشەکی خاوەنی شەرحی کتێبی (فتح المجيد)

ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، دەرەنجام هەر بۆ خۆپارێزانە، دژایەتی نیە مەگەر لەسەر ستەمکاران -وەك بیدعەکاران و هاوبەش دانەران، وە شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی شایستە نیە بە پەرستن جگە لە خوا کە تاکە و هیچ هاوبەشی نیە، پەرستراوی یەکەمین و دواینە، ڕاگری ئاسمانەکان و زەویەکانە. وە شایەتی دەدەم بەڕاستی موحەممەد ﷺ بەندەو پێغەمبەری خوایە و چاکترینی هەموو دروستکراوەکانیەتی.

خوایە صەڵات بدە لەسەر موحەممەد ﷺ وە بۆ سەر خانەوادەی و یارو یاوەرانی، ئەوانەش شوێنیان کەوتوون بە چاکە تا ڕۆژی پاداشت و سزا، سڵاوی لێ بکە بە سڵاوێکی زۆر.

ئینجا لە دوایدا:

بەڕاستی کتێبی یەکتاپەرستی - کە پێشەواو شێخی ئیسلام موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب داینناوە خوا پاداشتی زۆر بکات و لێی خۆش بێت، وە لەوکەسەی بەدەم بانگەوازەکەیەوە ڕۆیشتووە تا ڕۆژی لێپرسینەوە- بەڕاستی جوانی هێناوە لە مانای تەوحیددا: لە ڕوون کردنەوەی یەکتاپەرستی بە بەڵگە ڕوونەکانی، کۆمەڵێك لە بەڵگەی کۆکردوەتەوە بۆ ڕوون کردنەوەو ئاشکراکردنی، بووە بە مەشخەڵ و هێمای یەکتاپەرستان و، بەڵگە و حوججە بەسەر گومڕایان و بێ بڕوایان. جا خەڵکێکی زۆر و بێ ئەندازە سوودیان لێوەرگرتووە.

بەڕاستی ئەم پێشەوایە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەسەرەتای پێگەیشتنیەوە خوا سنگی گوشاد کرد بۆ حەق و ڕاستی ئاشکراو ڕوون، کە پێغەمبەرانی پێ ناردووە: لە پاڵفتەکردنی پەرستش بە هەموو جۆرەکانی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، وە نکوڵی کردن ئەوەی کە زۆرێك لەسەری بوون لە هاوبەشی هاوبەش دانەران، خوا پلە و وڕەی بەرز کردەوە و عەزیمەتی بەهێز کرد، خەڵکی نەجدی بانگ کرد بۆ یەکتاپەرستی -کە ئەوە بنچینەی ئیسلام و ئیمانە- ڕێگریشی لێکردن لە بەندایەتی کردنی دارو بەرد و گۆڕەکان و طاغووتان و بتەکان، وە لە بڕوابوون بە جادوگەرو ئەستێرەناس و فاڵچیەکان.

خوا ﷻ بەهۆی بانگەوازەکەی هەموو بیدعە و گومڕاییەکی پوچەڵ کردەوە، کە هەموو شەیتانێك بانگەوازی بۆ دەکات، خوا ئالآی جیهادی پێ بەرپاکردو هێنایە سەرپێ، گومانی دژەکانی پێ هەڵوەشاندەوە لە هاوبەشدانەران و نکوڵیکاران، زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە دینەکەیان لە سەر ئیسلام دامەزراند، شارنشین و دەشتەکیان، بانگەوازو نووسینەکانی بڵاو بوونەوە لە ئاسۆکانی دنیا، تا خوا چاکە و فەزڵی خستە سەر زمانی دوژمن کاران، مەگەر کەسێك شەیتان زاڵ بووبی بەسەریدا،

ئیمانی لەلا قیزەون کردبێ، سووربێت لەسەر عینادی و یاخی بوون. هەموو دورگەی عەرەبی ئاشنا بوون بە بانگەوازەکەی، هەر وەکو چۆن قەتادە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی سەرەتای ئەم ئوممەتە وتویەتی: موسڵمانان کاتێ وتیان: (لا اله الا الله) هاوبەش دانەران نکوڵیان کرد و گران بوو بەسەریانەوە، شەیتان و سەربازەکانیشی پێ ی تەنگەتاو بوون، بەڵام خوا ویستی بەردەوامی بکات و سەری بخات و زاڵی بکات بەسەر هەرکەسێ دژایەتی دەکات، بەڕاستی ئەوە وشەیەکە هەرکەسێك لە پێناویدا دژایەتی بکات سەردەکەوێ، وە لەپێناویدا بجەنگێ سەردەخرێ، بەڕاستی خەڵکی ئەم دورگەیە دەیناسن کە سوارچاك لە شەوانێکی کەمدا دەیبڕێت، ساڵانێکی زۆریش تێدەپەڕی لەسەر کۆمەڵێك لە خەڵکیدا نە دەیناسن و نە دانی پێدا دەنێن.

بەڕاستی دڵی زۆرێك لە زانایانی گوشاد کردوە بۆ بانگەوازەکەی، دڵخۆش بوون و مژدەدەر بوون بەدەرکەوتنی، وە ستایشیان کرد بە پەخشان و هۆنراوە، لەوانە ئەوەی زانای صەنعا وتوویەتی: موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی ئەمیر دەربارەی ئەم شێخە ڕەحمەتی خوای لێ بێت:

وقد جـــاءت الأخبار عـــنه بأنه ... يعيد لنا الشرع الشـريف بما يبدى
وينشر جهراً ما طوى كل جـاهل ... ومبتدع منه ، فوافق مـــــا عندى
ويعمر أركان الشريعـــة هـــادماً ... مشاهد، ضل الناس فيها عن الرشد
أعـادوا بها معنى ســـواع ومثله ... يغـــوث وود ، بئس ذلك مـــن ود
وقد هتفوا عند الشدائد باسـمها ... كما يهتـف المضطر بالصمـد الفرد
وكم عقروا فى سوحها من عقيرة ... أهلت لغير الله جـهراً على عمـد
وكم طائف حـــول القـــبور مقبل ... ومستلم الأركان منهـن بالأيـــدى

ماموّستامان زانای ئەحساء (کە شوێنێکە لە حیجاز) ئەبو بەکری حوسینی کوڕی غەنام ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی دەڵێ:

لقد رفع المولى به رتبة الهـــدى ... بوقت به يعلى الضلال ويرفـــع
سقاه نمير الفهم مولاه فـــارتوى ... وعام بتيار المعارف يقطـــــع
فأحـــيا به التوحيد بعد اندراســه ... وأوهى به من مطلع الشرك مهيع
سما ذروة المجد التى ما ارتقى لها ... سواه ولا حـــاذى فناها سمـــيدع
وشمرفى منهاج ســـنة أحـمـــد ... يشيد ويحيى ما تعفى ، ويرفـــع
يناظر بالآيـــات والســـنة التى ... أمرنا إليها فى التنازع نرجـــع
فأضحت به السمحاء يبسم ثغرها ... وأمسى محياها يضىء ويلمـــع
وعاد به نهج الغـــواية طـــامساً ... وقد كان مسلوكاً به الناس ترتع
وجرت به نجد ذبول افتخـــارها ... وحق لها بالألمعـــى ترفـــع
فأثاره فيهـــا ســـوام ســـوافر ... وأنواره فيها تضىء وتلمـــــع

بەڵام بەشەکانی کتێبەکەی باس لە: ڕووونکردنەوەی ئەوە دەکات کە خوا پێغەمبەرانی پێی ناردوە: لە یەکتاپەرستی پەرستش (**توحيد العبادة**)، وە ڕووونکردنەوەی بە بەڵگەی قورئان و سوننەت، وە باسی دژەکەی کردوە لە هاوبەشدانانی گەورە، یان دژی کەماڵی خوایە لە هاوبەشدانانی بچووک و وێنەی ئەوەش، باسی ئەوەشی کە نزیکە لە هابەشدانان یان دەیگەیەنێت پێی.

پێشەوا سولەیمانی کوڕی (عبد الله) ڕەحمەتی خوای لێ بێت نەوەی نووسەر ڕووی کردوەتە ڕاڤە کردن و لەیەکدانەوەی کتێبەکەی، شەرحێکی لەسەر داناوە، شتی باشی تێدا هیناوە و سوودی گەیاندوە، وە ئەوەندە ڕونکردنەوەی تێدا کردوە کە پێویست بوو لێ ی داوابکرێ و بویسترێ لێ ی، وە ناوی ناوە ((تيسير العزيز الحميد فی شرح كتاب التوحيد)).

هەرجێیەك وشەی (شيخ الإسلام)ی بەکار هێناوە مەبەستی پێی: باوکی عەباسی ئەحمەدی کوڕی (عبد الحليمی) کوڕی (عبد السلام)ی ئیبنو تەیمیەیە، وە وشەی (**الحافظ**) مەبەستی پێی ئەحمەدی کوڕی حەجەری عەسقەلانیە.

کاتێ کە ڕاڤەکەیم خوێندەوە بینیم لەچەند شوێنێکدا درێژەی پێداوە، وە لە هەندێکیدا دووبارە بوونەوەی تێدایە، کە هەندێك لەو دووبارە بوونەوە بەسە لە بری هەموو، تەواویشی نەکردوە، هەستام بە پاککردن و نزیك کردنەوەی و تەواو کردنی، کەم جارێك هەندێ نەقڵم تێخستووە کە بەچاکم زانیوە بۆ ئەوەی سوودی زیاتر بگەیەنێت وە ناوم ناوە: (فتح المجيد لشرح كتاب التوحيد).

داوا دەکەم لە خوای میهرەبان بەهۆی ئەم کتێبە سود بگەیەنێ بە هەموو فێرخوازێ وە هەموو سوود ببینێ وە پوختی بکات تەنها لە پێناو خۆیدا، وە بیکاتە گەیەنەرێ هەرکەسێکیش کۆششی تێدا دەکات بیگەیەنێت بە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت، هیچ تواناو دەسەڵاتێك نیە مەگەر بەهۆی خوای بەرزو مەزن.

عبد الرحمن بن حسن آل الشيخ

پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ خوای تاك و تەنها، خاوەن ناوە جوانەکان و سیفاتە بەرزو بێ وێنەکان، ستایش بۆ ئەو خوایەی بێگەردە لە هەڵەو کەمو کوڕیەکان، درووددو سەلام بۆ سەر موحەمەدﷺ، وە بۆ سەر یارو یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی.

بێگومان هاتنی هەموو پێغەمبەران تەنها بۆ ئەوە بووە یەکتاپەرستی و دادپەروەری بگەڕێننەوە بۆ ناو بەندەکانی خواو دوریان بخەنەوە لە هەر شتێك دەبێتە هۆی شیرك و هاوبەشدانان بۆ خوا، ئەم کتێبەش کتێبی یەکتاپەرستیە پڕە لەسوودو کەڵك بۆ کەسێك خوا بەرچاوی ڕۆشن کردبێت بۆ یەکتاپەرستی و شوینکەوتنی میللەتی ئیبراهیم علیه السلام، لەبەر ئەمە حەز بۆ خوێندنەوەو وەرگێڕانی دەجوڵێت سەرە ڕای ئەوەی خاوەنەکەشی زانایەکی پایە بەرزە و باوبانگی هەیە لەناو زانایاندا، بڕێکی زۆر لە تەمەنی بۆ بانگەوازی یەکتاپەرستی بەخت کردوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە خاوەن هەڵەو پەڵە نیە، مرۆڤ ئەو کات دەگاتە پلەو پایەی کەمالّی تەواوی کە هەڵە بکات، ئەگەرنا بێگومان تەنها خوا خاوەن کەمالّە.

لێرەدا زۆر سوپاسی هەرموو ئەوکەسانە دەکەم بە وشەیەکی خێر دەستیان هەبووە لەم کارەدا، وە زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا سەربەست حسن صالّح دەکەم کە پیاچونەوەی بۆ ئەم کتێبە کردو زۆر ماندوو لەگەڵیدا، دواتر سوپاسی هاوسەری خۆشەویستم دەکەم کە ئەویش زۆر لەگەڵی ماندوو بوو، خوای گەورە پلە و مەقامیان بەرز بکات لەدنیا و دواڕۆژدا.

هەرچی دەربارەی کارەکانم لەم کتێبەدا ئەوەیە: لەبەر ئەوە ئەم کتێبە باس لە یەکتاپەرستی خوا دەکات هەوڵمداوە دەقاو دەق وەکو خۆی وەربگێبرم، بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی لە توانامدا هەبوو بەکارم هێناوە، ئەگەر هەڵەیەك هەبوو (إن شاء الله) نابێت، ئەوە لە لایەن منەوەیە، ئەگەر پڕاو پڕیش وەکو خۆی بوو ئەوە لە فەزڵ و چاکەی خواوەیە، لە دوای وەرگێڕان ئەمە گرنگترین کارەکانمانە تا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا بەرچاوی ڕوون بێت:

١- ئەوەی بە سوور نوسراوە وتەی شێخ موحەممەد کوڕی (عبد الوهاب) خاوەنی کتێبی تەوحید.

٢- مەبەست لە وشەی دانەر خاوەن کتێبی تەوحیدە موحەممەدی کوڕی عبد الوهاب.

٣- نازناوی (تقی الدین) بۆ ئیبنوتەیمیەیە.

٤- ئەبو سەعادات (ابن الاثیر)ە.

٥- هەر وتەیەك نەدرابووە پاڵ کەس لە ناو () کەوانەدا بوو، ئەوە بێگومان قسەی وەرگێڕە بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارەوە بکەن ٠٧٧٠٢١٥٤١٢٤

عباس محمد أمين

ئامۆژگاری

خوێنەری خۆشەویست ئەم کتێبەی کە لەبەردەستت دایە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، حەز ئەکەم ئەم چەند خاڵە بە تێبینی لە پێش چاوت بێت پێش خوێندنەوەی:

یەکەم: دەستەواژەکانی کەمێ گرانە پێدەچێ تەنها بەخوێندنەوە نەتوانی تەواو لێ تێبگەی، بۆیە پێویست ئەکات بۆ زاراوەکانی ناو کتێبەکە پرسیار لە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ بکەی لەو بوارەدا.

دووەم: ئەم کتێبە وەك هەموو کتێبێکە لە کتێبەکانی عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە، بە چاوی مەعصوم تەماشای مەکە، چونکە تەنها قورئان و سوننەتی صەحیح بێ هەڵە و پەڵەیە.

سێیەم: هەندێ بابەت لەم کتێبەدا هاتووە جێگای جیاوازیە لەلای زانایان، جا کە خوێندتەوە لە خۆتەوە حوکمی پێ مەدە بەسەر خەڵکیدا، هەوڵبدە زانیاری ناو ئەم کتێبەش بخەیتە سەر خەرمانی زانیاریەکانت.

وەرگێڕ

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تعالى : بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ .

واتە: دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەناوی خوای بە بەزەیی و میهرەبان.

.....

کتێبەکەی دەستپێکردوە بە (بسم الله) وەك پەیڕەوکردنی قورئانی پیرۆز کتێبی مەزنی خوا، وە کار کردن بە فەرموودەی: (**كُلُّ أَمْرٍ ذي بالٍ لا يُبْدَأُ فِيهِ بِبِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ فَهُوَ أَقْطَعُ**)[١] واتە: هەر کارێکی بەسوود و کەڵك، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان دەست پێ نەکرێ، ئەوە بڕاوەیە. **ئیبنوحیبان** تەخریجی کردوە لە دوو ڕێگاوە. ئیبنو صەلاح دەڵێ: فەرموودەکە حەسەنە. ئەبوو داوود و ئیبنو ماجە بەم شێوە هێناویانە: (**كُلُّ أَمْرٍ ذي بالٍ لا يُبْدَأُ فِيهِ بِالحَمْدِ للهِ أَوْ بِالحَمْدِ فَهُوَ أَقْطَعُ**)[٢] واتە: هەر کارێکی خاوەن سوود و کەڵك، بە ستایشکردنی خوا، یان بە ستایشکردن دەست پێنەکرێ، ئەوە بڕاوەیە. وە ئەوەی ئەحمەد: (**كُلُّ أَمْرٍ ذي بالٍ لا يُفْتَتَحُ بِذِكْرِ اللهِ فَهُوَ أَبْتَرُ أَوْ أَقْطَعُ**)[٣] واتە: هەر کارێکی خاوەن سوود و کەڵك، بەیادی خوا دەستی پێ نەکرێ ئەوە دوابڕاوەیە، یان بڕاوەیە. وە لە لای **دارەقوطنی** لە ئەبی هورەیرەوە بە مەرفوعی: (**كُلُّ أَمْرٍ ذي بالٍ لا يُبْدَأُ فِيهِ بِذِكْرِ اللهِ فَهُوَ أَقْطَعُ**)[٤] واتە: هەر کارێکی خاوەن سوود و کەڵك، دەستی پێنەکرێ بە یادی خوا ئەوە بڕاوەیە.

دانەر لە هەندی لە لەبەرگیراوەکانیدا تەنها بە (**البسملة**) کورتی هەڵهێناوە چونکە کاریگەرترە لە ستایشکردن و یادکردندا، لەبەر فەرموودەکەی پێشوو.

پێغەمبەر ﷺ نامەکانی کورت هەڵدەهێنا بە (**البسملة**) وەك نامەکەی بۆ لای هیرەقل گەورەی ڕۆمەکان[٥].

لەبەر گیراوەیەکم کەوتە لا بە نووسینی خۆی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بە (**البسملة**) دەستی پێ کردوە ، وە ستایشی کردوە بە (**الحمد والصلاة على النَّبِيِّ ﷺ وآله**) حەمدو دروود بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ شوێنکەوتوانی. لەسەر ئەمە دەستپێکردن بە (**البسملة**) حەقیقیە، وە بەحەمدو ستایش کردنیش خستنە پاڵە، واتە: بە نیسبەتی ئەوەی دوای (حمد) ستایش (بسم الله الرحمن الرحيم) دەبێتە دەستپێکراو بۆی.

جا پیتی (**الباء**) لە (بسم الله) پەیوەستە بە (**محذوف**) لابراوێکەوە، زۆرێك لە پاشین (**الخَلَفْ**) ئەوەیان هەڵبژاردووە کە ئەو لابراوە: فیعلێکی تایبەتی دواکەوتووە.

جا لەو ڕووەی کە فیعلە، چونکە بنچینە لە کارکردندا بۆ فیعلەکانە.

بەڵام لەو ڕووەی کە تایبەتە، چونکە هەموو دەست پێکەرێك بە (**البسملة**) لە هەر کارێکدا فیعلەکەی دەشاردرێتەوە کە (بسم الله)ی کردۆتە دەستپێك بۆی.

---

(١) أخرجه الخطيب في الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع: ٢ / ٦٩ وضعفه جداً الشيخ الألباني في الإرواء ١ .

(٢) أخرجه أبو داود في الأدب ٤٨٤٠ ، وابن ماجه في النكاح ١٨٩٤، وضعفه الشيخ الالباني في الإرواء ٢ .

(٣) أخرجه أحمد (٨٧١٢) وإسناده ضعيف من أجل قرة بن عبد الرحمن: منكر الحديث.

(٤) أخرجه الدارقطني ١/ ٢٢٩، وإسناده ضعيف لأجل العلة السابقة.

(٥) أخرجه البخاري في بدء الوحي ٧ / فتح)، ومسلم في الجهاد (١٧٧٣) عبد الباقي.

بۆیە (فعل)ەکە دواکەوتووە بۆ دوای (بسم الله) چونکە ئەوکات (بسم الله) تایبەت ئەبێ بەو کارە و خراوەتە دوای (**تعظيم**)کردنی (الله) وە گونجاوترە بۆ هێنانەدی کارەکە چونکە گرنگترین شتێ دەستی پێ بەکار بکرێ یادی خوایە.

زانای پایە بەرز ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی ئەوەی کردوە کە لابردنی هۆکار چەند سودێکی هەیە:

لەوانە: ئەوە جێگایەکە تەنها دەبێ یادی خوای تێدا پێش بکەوێ.

وە لەوانە: بەڕاستی ئەگەر فیعل لابرا ڕاست تر وایە بە (**البسملة**) دەست پێ بکرێت لە هەموو کارو کردەوەو قسەو جوڵەیەك. ئەوکاتە لابردنەکە گشتگیرتر دەبێ، ئەمە پوختەی قسەکە بوو.

وە (**باء**)ی (بسم الله) بۆ موصاحەبەیە. وتراوە: بۆ پشتبەستنە (**استعانة**). ئەوکات بەم شێوەی لێ دێت: (**بسم الله أؤلفُ حال كوني مستعيناً بذكره، متبركاً به**) واتە: بەناوی خوا دایدەنێم لەکاتێکدا حاڵم وایە پشت بە یادکردنەوەی دەبەستم، تەبەڕوکی پێ دەکەم.

بەڵام دەرکەوتنی (فعل) لە ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١﴾ **العلق**. (واتە: بخوێنە بەناوی پەروەدگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردوە) وە لە ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٖىهَا ۝٤١﴾ **هود**. (واتە: بەناوی خوا لە کاتی ڕۆیشتنی کەشتیەدا) چونکە ئەم جێگاکە ئەوە دەخوازێت، هەر وەك ئەوە ناشارێتەوە.

ناو (اسم) لە (**السمو**) وەرگیراوە، ئەویش بەرزیە. وە وتراوە: لە (الوسم) وەرگیراوە، ئەویش نیشانەیە، چونکە هەموو ئەوەی ناو براوە، ئەوە بێگومان بە ئەوەوە باسکراوەو ناوزەد بووە.

وە فەرمایشتی خوا : (الله) کیسائی و فەڕراء وتویانە: بنچینەکەی (**الإله**)ە هەمزەکەی لابراوە، لامیان لەلام تێهەڵکیش کردوە، تا بووەتە لامێکی (مشدد)ی قەڵەوکراو.

ئیبنولقییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ڕاست ئەوەیە، ئەو ناوە داتاشراوە، بێگومان بنچینەکەی (**الإله**)، هەروەك ئەوە قسەی سیبەوەیهی و زۆربەی هاوەڵانێتی جگە لەوە نەبێت دەگمەنە و لە کۆمەڵ لایداوە. ئەو ناوە کۆکەرەوەی مانای هەموو ناوە جوانەکان و سیفاتە بەرزەکانە. ئەوانەش وتوویانە ئەو ناوە داتاشراوە، مەبەستیان ئەوە بووە ئەو ناوە بەڵگەیە لەسەر سیفەتێکی خوا. ئەویش پەرستراوێتیە وەکو سەرجەم ناوە جوانەکانی، وەك (العليم، القدير، السميع، البصير) وێنەی ئەوانەش. چونکە ئەم ناوانە لە سەرچاوەکانیانەوە داتاشراون بە بێ دوودڵی، ئەو ناوانە کۆنن، ئێمە مەبەستمان لە داتاشین تەنها ئەوەیە دەگەن بە سەرچاوەکانیان لە ڕووی دەربڕین و ماناوە، نە بەمانای ئەوە بێت لێیەوە داتاشرابێ وەکو داتاشینی لق لە بنچینەکەی.

جا ناونانی (**نحاة**) بۆ چاوگ و لێ داتاشراو (**المصدر المشقق منه**) بە ئەصڵ و فەرعەوە: مانای ئەوە نیە یەکێکیان لەوی دیکە وەرگیراوە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە یەکێکیان ئەوی دیکە لە خۆ دەگرێ و زیاتریش.

ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر دەڵێ: (الله) لە بنچینەدا (**الإله**) (**همزة**)ەکە لابراوە کە (**فاء الإسم**)ە، ئینجا ئەو لامەی کە عەینی ناوەکەیە (عين الإسم)ە وە ئەو لامە زیادەی ئەویش (**ساكنة**) تێهەڵکێش کراوە لەوی دیکەدا، ئینجا لە دەربڕیندا بوون بە لامێکی (**مشددة**).

بەڵام لە لەیەکدانەوەی (الله) لەسەر ئەو مانایەی کە (عبد الله) کوڕی عەباس بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ: ئەوەیە کە هەموو شتێك بەڕەهایی پەرستشی بۆ دەکەن (**يَأْلَهُه**)، وە هەموو بەدیهێنراوێکیش بەندایەتی دەکەن (**يَعبُدُهُ**)، -وە بە سەنەدەکەی هێناویەتی لە **ضەحاک**ەوە لە (عبد الله) کوڕی عەباس دەڵێ: خوا خاوەنی پەرستش و بەندایەتی بۆ کردنە لەسەر بەدیهێنراوەکانی بە گشتی، ئەگەر بێژەرێك پێمان بڵێ: بە چ شتێ ئەبێتە دەلیل کە ئولوهیەت عیبادەتە، وە (**أَلَه**) بریتیە لە (معبود) وە ئایا بنچینەیەکی هەیە لە بابی (فعل ویفعل)؟ ئەوا دەوترێت: لەناو عەرەبداهیچ رێگری نیە لە حوکمدان و باسکردنی ئەو دێڕەی ڕوئبەی کوڕی ئەلعەجاج:

لله در الغانيات المده سبحن واسترجعن من تألهى

لێرەدا (**تألهى**) بە مانای پەرستش و بەندایەتی کردن هاتووە.

گومانی تێدا نیە پەرستن (**التألُه**) لە(باب)ی (**تَفَعُّل**)، لە (**أَلَهَ يَأْلَهُ**) وەرگیراوە، وە مانای (**أَلَه**) ئەگەر دەربڕینی پێ بکرێت: واتای (عبدالله)، بێگومان بە سەرچاوە (مصدر) هاتووە کە عەرەب دەربڕیوە بە (فعل يفعل) بە بێ زیادە (**مزيد فيه**)، ئەویش ئەوەیە کە سوفیانی کوڕی وەکیع بۆمان دەگێڕێتەوە - سەنەدەکە دێنێ تا دەگاتە ئیبنوعەباس کە بێگومان ئەو (ئەم ئایەتەی) خوێندیەتیەوە ﴿ **ويذرك وإلهتك** ﴾**الأعراف**. دەڵێ: لەسەر وەزنی (**عبادتَك**) پەرستنی تۆ. وە دەڵێ: بەڕاستی دەپەرسترا خۆی هیچی نەدەپەرست.

وە بە سەنەدێکی دیکە هێناویەتی لە ئیبنو و عەباسەوە ﴿وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴿١٢٧﴾﴾ دەڵێ: بێگومان فیرعەون دەپەرسترا، کەسی نەدەپەرست، بەهەمان شێوە لە موجاهیدیشەوە وێنەی ئەوە هاتووە، پاشان دەڵێ: بێگومان وتەی ئیبنوعەباس و موجاهید ئەمەی ڕوون کردوەتەوە: کە بەڕاستی (**أله**) بریتیە لە (**عبد**) بەندایەتی کرد، وە (**إلاهة**) چاوگەکەیەتی -فەرموودەیەکیشی هێناوەتەوە- لە ئەبی سەعیدی بە مەرفوعی: (**أن عيسى أسلمتْهُ أمُه إلى الكُتّابِ لِيُعلِّمَه . فقال له المعلمُ : اكتبْ بسم الله . فقال عيسى: أتدرى ما الله ؟ الله إله الآلهة**)[1] واتە: دایکی عیسای ڕادەستی نووسەرو مامۆستای کرد بۆ ئەوەی فێری بکات، مامۆستا پێی وت: بنووسە بەناوی خوا (الله). عیسی وتی: ئایا دەزانی خوا (الله) چیە؟ خوا(الله) پەرستراوی پەرستراوەکانە.

ئیبنولقییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەم ناوە پیرۆزە دە (١٠) تایبەتمەندی زارەکی هەیە -هەموویانی هێناوە، پاشان وتویەتی-: بەڵام تایبەتمەندیە واتاییەکەی، زاناترینی دروستکراوەکان فەرموویەتی: (**لَا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أنت كما أَثْنَيْتَ على نَفْسِكَ**)[2] واتە: ناتوانم ستایشکردنی تۆ بژمێرم، وەکو چۆن خۆت ستایشی خۆت دەکەیت. چۆن بیژمێرین تایبەتمەندیەکی ناو کە ناو پێ نراوەکەی هەموو تەواوێك لەخۆ دەگرێت بە ڕەهایی، وە هەموو پیاهەڵدان و ستایشکردنێك و هەموو شکۆمەندیەك و هەموو تەواوێك، هەموو عیزەت و هەموو جوانیەك، وە هەموو خێرو چاکە

---

(١) أخرجه الطبري ١/ ١٢٥، وقد رواه ابن مردويه بإسناد كما ذكره ابن كثير ١ / ١١٩، وهو حديث موضوع، كما في الموضوعات ١/ ٢٠٤، وانظره في النافلة في الأحاديث الضعيفة والباطلة ١٢٨ .

(٢)

و سەخاوەتی و بەخشندەییەك هی ئەوەو هەر لە ئەوەوەیە، ئەم ناوە لەهەر شتێکی کەمدا باس بکرێت، بێگومان زیادی دەکات، لەکاتی ترسدا بکار بهرێنرێت بێگومان لایدەبات، لەکاتی نارەحەتی و خەم و پەژارەو تەنگانەدا بێگومان دەرووی خێری لێ دەکاتەوە، هەر لاوازێك خۆی پەیوەست بکات پێیەوە، هێزی پێ دەبەخشێ و دەسەڵاتی پێ دەدات، وە هەر زەلیلێك بە عیزەت دەکات و هەر هەژارێك بێگومان دەوڵەمەندی دەکات، هەر بەزیوو دۆڕاوێك بێگومان سەری دەخات، هەر ناچارکراوێك ئیللا نارەحەتیەکەی لەسەر لادەبات، وە هەر دەربەدەرێ بێگومان پەنای دەدات، ئەوە ئەو ناوەیە کە خەم و پەژارەو نارەحەتیەکانی پێ لادەبرێ، داوای دابەزینی فەرۆ بەرەکەتی پێ دەکرێ، داواکاریەکانی پێ گیرا دەبێت، هەڵخلیسکانی پێ لادەبرێ، گوناهەکانی پێ دوور دەخرێتەوەو چاکەکانی پێ دەهێنرێ، ئەوە ئەو ناوەیە ئاسمانەکان و زەوی پێ ڕاگیراوەو بەهۆیەوە کتێبەکان دابەزێنراوەو پێغەمبەران نێردراون و شەریعەتەکانیش دانراون، وە سنووورەکانی ئیسلامیشی پێ ڕاگیر کراوە، وە جیهادیش پێی شەرعێنراوە، بەهۆیەوە بەدیهێنراوەکان بوون بە دوو بەشەوە: بەختەوەران و بەدبەختان، بەهۆیەوە ڕووداوی گەورەی قیامەت دێتەدی و ڕوودەدات، بەهۆیەوە تەرازوەکانی دادگەر دانراون و پردی سیراتیش دادەنرێ و خەڵکیش دەبرێت بۆ بەهەشت و دۆزەخ، بەهۆیەوە پەروەردگار دەپەرسترێ و ستایش دەکرێ، لەو پێناوەدا پێغەمبەران نێردراون، پرسیاری ناوگۆڕو ڕۆژی زیندوو بوونەوەو کۆبونەوەو لای ئەو دەبێت، دووبەرەکو دادوەری تەنها دەبرێن بۆلای ئەو، هەر ئەویش بڕیاری لەسەر دەدات، لە پێناوی ئەودا دۆستایەتی و دوژمنایەتی دەبێت، بەهۆی ئەوەوە بەختەوەر دەبێت، ئەوەی ناسیویەتێ و مافەکانی بەجێهێناوە، بەهۆی ئەوەوە بەدبەخت بووەو ئەوەی نەیناسیوەو وازی لە مافەکانی هێناوە، ئەو ناوە نهێنی دروستکردن و فەرمان کردنە، بەهۆی ئەوەوە جێگیر دەبن و دەچەسپێن، لە لای ئەویش کۆتاییان پێ دێت، دروستکردن بەهۆی ئەوەوەیەو لەلای ئەوەو لە پێناو ئەودایە، هیچ دروستکراوو فەرمان و پاداشت و سزا بەدی نایەت ئیلا لەوەوە دەستی پێ کردووەو لای ئەویش کۆتایی دێت و هەر ئەو پێوەرو ناوەڕۆك و بەدیهێنەرێتی ﴿رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾﴾ آل عمران. (واتە: ئەی پەروەردگارمان ئەم جیهانەت دروست نەکردوە بەبێ هودە پاك و بێگەردی بۆ تۆ دەسا تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ) تاکۆتای قسەکەی ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

فەرمایشتی خواﷻ: (الرَّحمنِ الرَّحِيم) ئیبنو جەریر دەڵێ: سەری کوڕی یەحیا پێی وتم: عوسمانی کوڕی زوفەر پێی وتین: (الرَّحمن) میهرەبانە بە هەموو بەدیهێنراوەکان، (الرَّحِيم)یش بە بڕواداڕەکان.

وە بە سەندی خۆی هێناویەتی لە ئەبی سەعیدی خودریەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إن عيسى بن مريم قال:** الرَّحمن: **رحمن الأخرة والدنيا. والرَّحِيم: رحيم الأخرة**)[1]. واتە: بەڕاستی عیسای کوڕی مەریەم وتی: (الرَّحمن): بەبەزەییە لە ڕۆژی دوایی و دنیا، (والرَّحِيم): بەبەزەیی و میهرەبانی ڕۆژی دواییە.

---

(١) أخرجه الطبري ١٢٧/١، وهو حديث موضوع كما في الحاشية قبل السابقة

ئیبنولقیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ[1]: ناوی (الله) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خودی ئەو پەرستراوە، هەموو بەدهێنراوەکان دەپەرستن: لە ڕووی خۆشویستن و بەمەزندانان ملکەچ بوونیان، وە ترسی خۆیان لەکاتی کەم و کوڕی و ناخۆشیەکان بۆ لای ئەو دەبەنەوە، ئەوەش هەر دەبێ وابێ لەبەر تەواوێتی پەروەردگارێتی و ڕەحمەتی ئەو، کە تەواوی موڵك و ستایش و پەرستراوێتی و پەروەردگارێتی و میهرەبانی لە خۆ دەگرن، وە موڵکی ئەو داخوازیکەرە بۆ هەموو سیفاتەکانی کەماڵی، بێگومان ئەوە مەحاڵە بۆ کەسێك نە زیندوو بێت، نە بیسەر، نە بینەر، نە بەتوانا، نە قسەکەر، وە نە بکەری ئەوە بێ کە دەیەوێ، نە کاربەجێ بێت لە قسەو کردارەکانیدا، جا سیفاتەکانی شکۆمەندی و جوانی تایبەترن بەناوی (الله). وەسیفاتەکانی کردار و تواناو تاك بوونەوە زیان و قازانج و بەخشین و ڕێگریکردن و جێبەجێکردنی ویست و تەواوی هێزو بەڕێوەبردنی کاروباری دروستکراو تایبەتترە بەناوی پەروەردگار (الرب). وە سیفاتەکانی چاکەو بەخشندەیی و نەرم و نیانی و منەت و سۆزو بەزەیی تایبەترە بەناوی (الرَّحمن).

هەروەها ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (الرَّحمن): بەڵگەیە لەسەر سیفەتێك کە لەخۆیدا هەیەو ڕاوەستاوە، (**الرَّحِيم**)یش: بەڵگەیە لەسەر پەیوەست کردنی بە ڕەحم پێ کردنەوە. وە ئەگەر ویستت لەمە تێبگەیت ئەوە سەرنجی فەرمایشتی خوا بدە کە فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾﴾ **الأحزاب**. (واتە: وە خوا بەبەزەییە بە ئیمانداران) ﴿إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾﴾ **التوبة**. (واتە: بەڕاستی خوا لەبەرانبەریان دڵسۆزو میهرەبانە). هەرگیز لە (جێگایەکدا) نەهاتووە بە (**رحمن بهم**).

وە دەڵێ: بێگومان ناوەکانی پەروەردگار هەم ناون هەم سیفەتن، ئەو ناوانە بەڵگەن لەسەر سیفاتی تەواوێتی، هیچ دژایەتی تێدا نیە ئەگەر (علم) بن و (**صفة**)یش بن، جا (**الرَّحْمن**) ناوی خوای بەرزەو وەسفێتی، لەو ڕووەی کە ئەم سیفەتە بەدوای ناوی خوادا هاتووە کە(الله)یە، لەو ڕووەیشی وەکو ناوێکی سەربەخۆ لە قورئاندا هاتووە بە بێ ئەوەی شوێنی ناوی (الله) کەوتبێ، بەڵکو بەناوی ئاشکرا (علم) هاتووە، وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾﴾ **طه**. (واتە: ڕەحمان بەرز بووە سەر عەرش و قەراری گرت) پوختەی قسەکانی تەواو بوو.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: **الحمد لله**.

(**الحمد لله**) مانای: ستایشکردنە بە وتە بە جوانی ئارەزوو مەندانە لە ڕووی بە مەزندانان، شوێنی دەرچوونی: زمان و دڵە، وە (الشكر) سوپاسگوزاریە: بە زمان و دڵ و (ئەندامەکان) دەبێت، ئەوە گشتگیر ترە لە (الحمد) بە پەیوەست بوونی دڵ پێیەوە، وە تایبەترە لە ڕووی هۆکارەوە، چونکە لە بەرانبەری نیعمەتدایە.

وە (الحمد) هۆکاری گشتگیر ترە و دڵ پەیوەستی تایبەت ترە، چونکە لە بەرانبەر نیعمەت و جگە لەویش دایە، لە نێوانیاندا گشتگیری و تایبەتمەندی ڕواڵەتی هەیە، لە شتێکدا کۆ دەبنەوە، وە هەر یەکەیان جیا دەبنەوە لەوی دیکە لە شتێکدا.

---

(١)مدارج السالكين ١ / ١٨ .

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: **وصلى الله على محمد وعلى آله وسلم.**

ڕاسترین شتێ کە وتراوە دەربارەی مانای (**صلاة الله على عبده**) واتە: دروودی خوا بۆ سەر بەندەکەی: ئەوەیە کە پێشەوا بوخاری هێناویەتی لە ئەبی عالیەوە، دەڵێ: صەڵات و دروودی خوا لەسەر بەندەکەی باش باسکردنێتی لەسەری لە لای فریشتەکان[1].

ئیبنو لقییم چەسپاندویەتی و سەری خستووە لە هەردوو کتێبەکەیدا (**جلاء الأفهام**) و(**بدائع الفوائد**).

وتم: هەندێ جار مەبەست پێی پارانەوەیە، وەکو لە (المسند)دا هاتووە لە عەلیەوە بە مەرفوعی: (**اَلْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي على أَحَدِكُمْ ما دَامَ في مُصَلَّاهُ الذي يُصَلِّي فيه اللهم صَلِّ عليه اللهم ارْحَمْهُ**) واتە: فریشتەکان دەپارێنەوە بۆ یەکێکتان مادام لەناو نوێژدایە: خوایە لێی خۆشبە، خوایە ڕحمی لێ بکە.

وتەی: (**وعلى آله**) واتە: شوێنکەوتووانی ئاینەکەی، ئەمە بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدیشە لێرەدا، وە بۆچوونی زۆربەی هاوەڵانە. لەسەر ئەمە هاوەڵان و جگە لە ئەوانیش لە بڕوادارانن دەگرێتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: كِتابُ التَّوحيد.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: کتێبی یەکتاپەرستی.

.....

کتێب (الكتاب): سەرچاوەی (**كَتب يَكتب كِتاباً وكَتباً**) تەوەری بەشەکە لەسەر کۆیە، لەوانەش: (تَكتَّب بنو فلان) واتە: کاتێ کە کۆببنەوە. (**الكتيبة**) بە کۆمەڵێك ئەسپ سوار دەوترێت، وە (**الكِتابة**) نووسین بە قەڵەمە، چونکە وشەو پیتەکان کۆدەکاتەوە، وە کتێب ناونراوە بە کتێب: چونکە هەموو ئەوانە لەخۆ دەگرێت کە بۆی دانراوە.

یەکتاپەرستی (التوحيد) دوو جۆرە: یەکتاپەرستی لە ناسین و سەلماند ن(**المعرفة والإثبات**)، ئەویش بریتیە لە یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی و ناوو سیفاتەکان. وە یەکتاپەرستی لە داواکردن و ڕووتیکردن (**الطلب والقصد**)، ئەویش یەکتاپەرستی پەرستراوێتی و بەندایەتی کردنە.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەڵام ئەو یەکتاپەرستیەی کە پێغەمبەران بانگەشەیان بۆ کردوەو کتێبەکانی پێ دابەزیوە دوو جۆرە: یەکتاپەرستی لە ناسین و سەلماندن، وە یەکتاپەرستی لە داواکردن و ڕووتیکردن.

جا یەکەمینیان: لە سەلماندنی ڕاستیتی زاتی پەروەردگاری بەرزو سیفات و کردەوەو ناوەکانی و قسەکردنی بە کتێبەکانی، وە دواندنی هەر بەندەیەك کە خۆی بیەوێ، وە سەلماندنی هەموو قەزاو قەدەرو حیکمەتەکانی، بێگومان قورئان ئەم جۆرەی ڕوون کردۆتەوە بە تەواوترین ڕوونکردنەوە،

---

(١) علقه البخاري في التفسير باب قوله تعالى: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ﴾ چالأحزاب. ووصله إسماعيل القاضي في فضل الصلاة على النبي ﷺ، وحسنه الشيخ الألباني في تعليقه عليه.

وەك چۆن لە سەرەتای ئەم سورەتانەدا بە تەواوی هاتووە: سورەتی (الحدید) و سورەتی (طه) و کۆتایی سورەتی (الحشر) و سەرەتای سورەتی (السجدة) و سەرەتای (آل عمران) و بە تەواوی سورەتی (الإخلاص) جگە لەوانیش.

جۆری دووەم: ئەوەی لەخۆی گرتووە سورەتی ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١﴾ الکافرون. وە فەمایشتی خوا ﷻ: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ۝٦٤﴾ آل عمران. (واتە: ئەی موحەممەد بڵێ ئەی خاوەن نامەکان وەرن بۆلای وتەیەکی ڕاست لەنێوان ئێمەو ئێوەدا کە جگە لەخوا نەپەرستین و هیچ شتێك نەکەین بە هاوبەشی، وە هەندێکمان هەندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین، ئینجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئێوەش بڵێن ئەوە شاهێد بن کە ئێمە فەرمانبەرانی خواین) وە سەرەتای سورەتی (تنزیل الکتاب) و کۆتاییەکەی و سەرەتای سورەتی (المؤمن) ناوەڕاستی و کۆتاییەکەی و سەرەتای سورەتی (الأعراف) و سورەتی (الأنعام) بە گشتی، وە زۆربەی سورەتەکانی قورئانیش، بەڵکو هەموو سورەتەکانی قورئان ئەم دوو جۆرە یەکتاپەرستیەیان لەخۆ گرتووە، شایەتی بۆ دەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن.

بێگومان قورئان: یان هەواڵ دەدات دەربارەی خواو ناوو سیفات و کارو وتەکانی، ئەویش یەکتاپەرستی زانستی هەواڵیە (التوحید العلمي الخبري)[1]، یان بانگەواز کردنە بۆ بەندایەتی کردنی تەنهای بێ هاوەڵ ، وە خۆی دابڕنێ لەوەی دەپەرستێ لە جگە لە خوا ﷻ، ئەویش یەکتاپەرستی خۆویستی داواکاریە(التوحید الإرادي الطلبي)[2]، وە یان فەرمان و قەدەغەکردن و پەیوەست کردنە بە گوێڕایەڵی کردنی و فەرمان و قەدەغەکراوەکانی، ئەوە مافەکانی یەکتاپەرستی و تەواوکاریەکانێتی، یان هەواڵدانە دەربارەی ڕێزگرتنی یەکتاپەرستان، ئەوەشی بەسەریاندا هێناویەتی لە دنیادا، وە ئەوەیشی ڕێزی لێناون پێی لە دواڕۆژدا، ئەوە پاداشتی یەکتاپەرستیەکەیەتی، یان هەواڵدانە دەربارەی هاوبەشدانەران و ئەوەی بەسەریاندا هێناویەتی لە دنیادا لە تۆڵەکردنەوەو ئەوەیشی بەسەریان دێ لە دواڕۆژدا لە سزا، ئەویش پاداشتی ئەو کەسەیە لە حوکمی یەکتاپەرستی دەردەچێت، قورئان هەمووی لە بارەی یەکتاپەرستی و ماف و پاداشتەکاندا دەخولێتەوە، وە دەربارەی هاوبەشدانان و هاوبەشدانەران و سزایان تەواو بوو.

شێخی ئیسلام فەرموویەتی: ئەو یەکتاپەرستیەی کە پێغەمبەران پێی هاتوون سەلماندنی یەکتاپەرستی بۆ خوای تاك و تەنها لەخۆدەگرێت، بەوەی شایەتی بدات بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله): ناپەرستێ جگە لەخوا، پشت نابەستێ تەنها بە ئەو نەبێ، دۆستایەتی ناکات مەگەر بۆ ئەو، دوژمنایەتیش ناکات مەگەر لە پێناو ئەودا، کارکردوە ئەنجام نادات تەنها لەبەر ئەو نەبێت، ئەویش ئەوە لەخۆدەگرێت کە خوا ﷻ بۆ نەفسی خۆی سەلماندووە لە ناوو سیفاتەکان، خوا ﷻ فەرمویەتی: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ۝١٦٣﴾ البقرة. (واتە: پەرستراوی ئێوە پەرستراوێکی

---

(١) واتە: خوا خۆی هەواڵی لەسەر دەدات و زانستەکەی بۆ بەندەکانی ڕوونەکاتەوە).

(٢) واتە: مرۆڤ خۆی بەدوایدا دەڕوات بە ئارەزوی خۆی).

تاك و تەنهایە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە تەنها ئەو نەبێت کە بەخشندەی میهرەبانە) ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ٥١﴾ **النحل**. (واتە: خوا فەرمووی دوو پەرستراو بۆ خۆتان دامەنێن بێگومان پەرستراوی ئێوە تەنها یەکێکە کەواتە هەر لە من بترسن) ﴿وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ١١٧﴾ **المؤمنون**. (واتە: هەر کەس بپەرستێ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا کە هیچ بەڵگەیەکی نەبێت لەسەر ئەو پەرستنە ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی بێگومان کافران ڕزگار نابن) ﴿وَسۡـَٔلۡ مَنۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رُّسُلِنَآ أَجَعَلۡنَا مِن دُونِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ءَالِهَةٗ يُعۡبَدُونَ ٤٥﴾ **الزخرف**. (واتە: تۆ پرسیار بکە لەو پێغەمبەرانەی پێش تۆ ناردومانن ئایا بێجگە لەخوای میهرەبان بڕیارماندەوە پەرستراوانێك کە بپەرستڕێن) وە هەواڵیداوە دەربارەی هەموو پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران کە بەڕاستی ئەوان بانگەوازی خەڵکیان کردوە، بۆڵای بەندایەتی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ. وە فەرموویەتی: ﴿قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ ٤﴾ **الممتحنة**. (واتە: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێکی جوان و چاك لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کە بەگەلەکەی خۆیانیان وت بەڕاستی ئێمە بێزار و بەرین لە ئێوە وە لەو شتانەیش کە دەیانپەرستن لە جیاتی خوا ئێمە باوەڕمان نیە بە ئاینی ئێوە وە پەیدا بوو لە نێوان ئێمەو ئێوەدا دوژمنایەتی و کینە بۆ هەمیشەیی تا کاتێك بڕوا بەخوای تەنیا دەهێنن) وە دەربارەی هاوبەشدانەران فەرمویەتی:﴿إِنَّهُمۡ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمۡ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسۡتَكۡبِرُونَ ٣٥ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٖ مَّجۡنُونِۭ ٣٦﴾ **الصافات**. (واتە: بەڕاستی هەر کاتێ بەوانە بوترایە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لەخوا خۆیان بەگەورە دەزانی و ملکەچ نەدەبوون* وە دەیانوت: ئایا ئێمە پەرستراوەکانمان واز لێ بێنین؟ لەبەر شاعیرێکی شێت) ئەمەش لە قورئاندا زۆرە.

مەبەست لە یەکتاپەرستی تەنها یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی نیە، کە بریتیە لە بڕوابوون بەوەی خوا بەتەنها جیهانی دروست کردووە، وەك چۆن ئەهلی کەلام و تەصووف گومانی ئەوە دەبات. ئەوانە واگومان دەبەن ئەگەر تاك و تەنهایی بۆ خوا لە پەروەردگارێتیدا بسەلمێنن بە بەڵگە ئەوە ئەوپەڕی یەکتاپەرستیان سەلماندووە. وە ئەگەر شایەتی ئەمە بدەن و تێیدا فەنا ببن، ئەوە فەنابوون لە وپەڕی یەکتاپەرستیدا بەکار هێناوە، بێگومان ئادەمیزاد ئەگەر دانی نابێت بەوەی پەروەردگار شیاویەتی لە سیفاتەکان، وە بە پاك ڕایبگرێت لە هەموو ئەوانەی پێویستە بەپاك لێی ڕابگیرێ. وە دانی نا بەوەی خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئەوە یەکتاپەرست نیە تا شایەتی دەدات بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا، دان دەنێت بەوەی خوای تاك و تەنها ئەو پەرستراوی شیاوە بە بەندایەتی بۆ کردن، پابەندیش دەبێت بە پەرستنی خوا بەتەنهاو بێ شەریك.

وە (**الإله**) بریتیە لە پەرستراوی بەندایەتی بۆکراو کە شیاوی پەرستشە. ئەو پەرستراوە (**الإله**) بە مانای ئەوە نایەت کە بە دەسەڵاتە لەسەر داهێنان، جا ئەگەر ڕاڤەکەرێ ڕاڤەی (**الإله**) پەرستراوی بە مانای بەتوانا لەسەر داهێنان کرد، وە بڕوای وابوو ئەم مانایە تایبەت ترینە بە وەسفی (**الإله**)، وە سەلماندنی و ئەمەی کردە مەبەستی یەکتاپەرستی -وەکو چۆن ئەهلی کەلامی (**الصفاتية**) دەیکەن.

ئەویش ئەوەیە کە دەیڵێن دەربارەی (أبی الحسن) و شوێنکەوتوانی- ئەوە حەقیقەتی یەکتاپەرستی نەزانیوە کە خوا پێغەمبەرەکەی ﷺ پێ ناردوە، بێگومان هاوبەشدانەرانی عەرەب دانیان بەوەدا دەنا بەوەی خوا تاك و تەنهایە و بەدیهێنەری هەموو شتێکە، ئەوان لەگەڵ ئەمەدا هاوبەشیان دانەر بوون. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾يوسف. (واتە: جا زۆربەیان بڕوا ناهێنن بەخوا مەگەر ئەوان لەوکاتەدا هاوبەشیش بڕیار دەدەن بۆ خوا) کۆمەڵێ لە زانایانی پێشین وتوویانە: پرسیاریان لێ بکە: کێ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە؟ دەڵێن: خوا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جگە لە ئەو دەپەرستن. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾المؤمنون. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: زەوی و ئەوەی لەناویدایە هی کێ یە؟ ئەگەر ئێوە شت دەزانن* بێگومان دەڵێن هەمووی هی خوایە، بڵێ: دەی ئایا بیر ناکەنەوە* بڵێ: ئەی کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمان و پەروەردگاری عەرشی گەورەیە* بێگومان دەڵێن هەمووی هی خوایە، بڵێ: دەی ئایا خۆتان ناپارێزن* بڵێ: کێ فەرمانڕەوایی هەموو شتێکی بەدەستە، وە پەنای هەموو لایەك دەدات و کەس لەو پەنا نادرێت، ئەگەر ئێوە شت دەزانن* بێگومان دەڵێن هەموو ئەوانە هی خوان، بڵێ: کەواتە ئێوە چۆن سیحرو جادووتان لێ کراوە) جا مەرج نیە هەر کەسێك دان بەوەدا بنێت کە بێگومان خوا پەروەردگاری هەموو شتێکە و دروستکەرێتی، ببێتە بەندەی ڕاستەقینەی خوا و بیپەرستێ بەندەی کەسی تر نەبێت، تەنها داوا لەو بکات و ئومێدی پێ هەبێت و لێی بترسێت، دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەبەر ئەو بێت، گوێڕایەڵی پێغەمبەرانی بکات، فەرمان بکات بەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، ڕێگری بکات لەوەی خوا قەدەغەی کردوە. سەرجەم هاوبەشدانەران بەگشتی دان بەوەدا دەنێن کە خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەوەدا ناوە تکاکارانێکیان داناوە دەیانکەن بە هاوبەش لەگەڵ خوادا، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾الزمر. (واتە: ئاخۆ جگە لەخوا تکاکارانێکیان بۆ خۆیان داناوە بڵێ گەرچی ئەوانە نە هیچ شتێکتان بە دەستە وە نەتێش دەگەن* بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە مووڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە پاشان هەر بۆڵای ئەو دەگەڕێنرێنەوە)، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ يونس. (واتە: ئەوانە بێجگە لە خوا شتانێك دەپەرستن کە نە زیانیان پێ دەگەیەنن نە سودو قازانج وە دەڵێن ئەو بتانە تکا کارمانن لای خوا ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ئایا ئێوە هەواڵ دەدەن بەخوا بە شتێك کە بێ ئاگایە لێی لە ئاسمانەکان و زەویدا خوا پاك و بێگەرد و بڵندە لەو نەزانیەی دەیدەنە پاڵی و لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾ ﴾الأنعام. (واتە: سوێند بێت بێگومان ئێوە بە

تەنیا و یەك یەك گەڕانەوە بۆ لامان هەر وەکو یەکەمجار دروستمان کردن و ئەوەی پێمان دابوون بە جێتان هێشت لە دوای خۆتان وە نابینین لە گەڵتاندا ئەو تکاکارانەی کە لاتان وابوو هاوبەشی خوان لە تکا کردن بۆتان سوێند بەخوا بێگومان پچڕا پەیوەستی نێوانتان وە ئەوەی بە پشتیوانی خۆتان دادەنا وون بوو لێتان)، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ﴿١٦٥﴾ ﴾البقرة. (واتە: وە کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەك خۆشەویستی ئیمانداران بۆ خوا بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت) وە لەبەر ئەمە لە شوێنکەوتووی ئەوانەی کە پێیان وابوو یەکتاپەرستی دەناسن، تیایاندا بوو سوژدەی بۆ خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەبردو داوای لێیان دەکرد، وە ڕۆژوی دەگرت و قوربانی بۆ سەر دەبڕین و خواردنی دروست دەکرد، بۆ ئەوەی نزیك ببێتەوە لێیان، پاشان دەیوت: ئەمە خۆهاوبەشدانان نیە، بەڵکو هاوبەشدانان ئەوەیە بڕوام وابێ ئەوانە کاروبارەکانم بەڕێوە دەبەن، جا ئەگەر کردم بەهۆکارو نێوەندێك ئەوە هاوبەشم دانەناوە، بەڕاستی ئەوەی بە ناچاری زانراوە لە ئایینی ئیسلامدا ئەمە هاوبەشدانانە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾الذاريات.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە من جنۆکەو ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن).

.....

بە (الجر) (**عطف**)ە لەسەر یەکتاپەرستی، بە (الرفع)یش دروستە کە (مبتدأ) بێ.

شێخی ئیسلام دەڵێ: پەرستش بریتیە لە گوێڕایەڵی خوا بە جێبەجێ کردنی ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە لەسەر زمان پێغەمبەرەکانی.

هەروەها وتویەتی: پەرستش ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی خوا خۆشی دەوێ و پێی ڕازیە لە گوفتارو کردارە ئاشکراو نهێنیەکان.

ئیبنو لقەییم دەڵێ: تەوەرو خولگەی پەرستن لەسەر پازدە بنەمایە. هەرکەسێك تەواوی بکات پلە و پایەکانی پەرستشی تەواو کردوە.

ڕوون کردنەوەی ئەمەش بەم جۆرەیە: بەڕاستی پەرستش دابەش بووە بەسەر دڵ و زمان و ئەندامەکانی جەستەدا، ئەو حوکم و بڕیارانەش کە بۆ پەرستشن بریتین لە پێنج دانە: پێویست و پەسەند و قەدەغە و ناپەسەند و ڕێ پێدراو. هەر یەك لەوانە دڵ و زمان ئەندامەکانی جەستە لەخۆ دەگرن.

قورطوبی وتویەتی: بنچینەو بنەمای پەرستن خۆ زەلیل کردن و ملکەچ بوونە.

ئەو ئەرکانەی شەریعەت داینناون لەسەر ئەرك پێسپێردراو ناو نراون بە پەرستش. چونکە ئەوان پابەندی دەبن و ئەنجامی دەدەن بە ملکەچی و زەلیلیەوە بۆ خوا ﷻ.

مانای ئایاتەکە: بەڕاستی خوا هەواڵی داوە کە ئەو جنۆکە و ئادەمی دروست نەکردوە مەگەر بۆ پەرستشی. ئا ئەمە حیکمەتی دروست کردنیانە.

وتم: ئەوە حیکمەتی شەرعی ئاینیە (**الحكمة الشرعية الدينية**).

ئیبنو کەثیر دەڵێ: پەرستشی خوا بریتیە لە گوێڕایەڵی کردنی بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی و واز هێنان لە قەدەغەکراوەکانی، ئەویش حەقیقەتی ئاینی ئیسلامە. چونکە مانای ئیسلام: خۆبەدەستەوە دانە بۆ خوای گەورەیە، کە ئەوپەڕی ملکەچ بوون و زەلیلی و گەردن کەچی لەخۆ دەگرێت.

هەروەها لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا وتویەتی: مانای ئایەتەکە ئەوەیە بێگومان خوا ﷻ بەدیهێنراوی دروستکردوە بۆ ئەوەی بیپەرستن بەتاك و تەنهایی و بێ هاوەڵ. جا هەرکەسێك گوێڕایەڵی بکات پاداشتی دەداتەوە بە تەواو ترین پاداشت، هەرکەسێکیش سەرپێچی بکات سزای دەدات بە تووندترین سزا، هەواڵی داوە بێگومان ئەو پێویستی پێیان نیە، بەڵکو ئەوان هەژارن و پێویستیان پێیەتی لە هەموو بارو دۆخەکانیاندا، ئەو زاتە بەدیهێنەرو ڕۆزی دەریانە.

عەلی کوڕی ئەبو **طالیب** (خوای لێ ڕازی بێت) -دەربارەی ئایەتەکە- دەڵێ: ئیللا فەرمانیان پێ دەکەم بمپەرستن و بانگیان دەکەم بۆ پەرستنم، موجاهید وتویەتی: ئیللا فەرمانیان پێ دەکەم و قەدەغەیان لێ دەکەم. زەجاج و شێخ ئیسلام ئەمەیان پەسەند کردوە.

وتویەتی: فەرمایشتی خوا ﷻ دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەمە کە فەرموویەتی: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ ﴾ **القيامة**، (واتە: ئایا مرۆڤ وا دادەنێ کە هەروا بەڕەڵا دەکرێ و (پشت گوێ دەخرێ) ئیمامی شافعی وتویەتی: ئایا وا گومان دەبا فەرمانی پێ ناکرێ و قەدەغەی لێ ناکرێ و بە ئاسانی دەربازی دەبێ.

وە لە قورئاندا لە جێگەیەك زیاتر فەرموویەتی: ﴿ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ﴿٢١﴾ ﴾**البقرة**. (واتە: پەروەردگارتان بپەرستن)، ﴿ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ﴿١﴾ ﴾**النساء**. (واتە: لە پەروەردگارتان بترسن)، بێگومان فەرمانی پێ کردوون بەوەی دروستکراون لە پێناویدا، پێغەمبەرانیشی بۆ ئەو مەبەستە ناردووە. ئەم واتایە مەبەستی یەکلاکەرەوەی ئایەتەکەیە)، ئەوەیە کۆی موسڵمانان لێی تێدەگەن و ئایەتەکەش دەکەنە بەڵگە لەسەری.

وتویەتی: ئەم ئایەتە لەو ئایەتە دەچێ کە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴿٦٤﴾ ﴾**النساء**. (واتە: هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت گوێڕایەڵی بکرێت بە فەرمانی خوا)، پاشان هەندێ جار گوێڕایەڵی دەکرێ و هەندێ جاریش سەرپێچی دەکرێ، بەهەمان شێوە دروستی نەکردوون تەنها بۆ پەرستنی نەبێت، پاشان هەندێ جار دەپەرستن و هەندێ جار ناپەرستن، خوای پاك و بێگەرد نەیفەرمووە: من یەکەمم کردوە: ئەویش دروستکردنیانە تا دووەم بە هەموویان بکەم: ئەویش بەندایەتی کردنێتی، بەڵام باسی کردوە ئەو یەکەمی کردوە بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان دووەم بکەن، ئەوکات خۆیان ببن بە بکەری کارەکان و بە جێبەجێکردنی کارەکانیان بەختەوەری بێتە جێ، ئەوەشی خوا پێی خۆشە و پێی ڕازیە بۆیان و لێیان جێبەجێ بێت.

ئەو فەرموودانەیە کە بە تواتر هاتوون، شایەتی بۆ ئەم مانایە دەدن:

لەوانە: ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا دەریهێناوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: **(يقول الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى لِأَهْوَنِ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا: لو كانت لك الدُّنْيَا وما فيها أَكُنْتَ مُفْتَدِيًا بها؟ فيقول: نعم. فيقول: قد أَرَدْتُ مِنْكَ أَهْوَنَ من هذا وَأَنْتَ في صُلْبِ آدَمَ. أَنْ لَا تُشْرِكَ - أَحْسِبُهُ قال: ولا أُدْخِلَكَ النَّارَ- فَأَبَيْتَ إلا الشِّرْكَ)**[1] واتە: خوا ﷻ بە سوکترین سزادراوانی ناو دۆزەخ دەفەرموێ: ئەگەر هەموو دنیاو ئەوەشی تیایدایە هی تۆ بوایە دەتکرد بە فیدیە بۆ ڕزگاربوونت؟ دەڵێ: بەڵێ. جا دەفەرموێت: بەڕاستی من کەمتر لەوەم داواکرد لە تۆ، لەکاتێکدا تۆ لە پشتی ئادەمدا بووی. کە هاوبەشم بۆ پەیدا نەکەیت -پێم وایە فەرمووی: نەتم دەخستە ئاگرەوە- بەڵام تۆ تەنها هاوبەش دانانت ویست.

ئەم هاوبەش دانەرە پێچەوانەی ئەوە بووە کە خوا ویستوویەتی و داوای لێ کردوە: لە یەکتاپەرستی کردنی و هاوبەش بۆ دانەنانی، پێچەوانەی ئەوە جوڵاوەتەوە کە خوا ویستوویەتی و داوای لێکردوە غەیری خوای کردۆتە هاوبەشی خوا، ئا ئەمەیە ویست و ئیرادەی شەرعی ئاینی، وەک لە پێشەوە باس کرا.

جا لە نێوان ویست و ئیرادەی شەرعی ئاینی، وە ویست و ئیرادەی گەردوونی قەدەری گشتێتی و تایبەتمەندی ڕەها هەیە، کۆ دەبنەوە لە حەقی کەسێکی دڵسۆزی گوێڕایەڵ، وە ویست و ئیرادەی گەردوونی قەدەری لە حەقی کەسی سەرپێچیکاردا تاك دەبێتەوە، جا لەمە تێبگە ئیتر ڕزگارت دەبێ لە نەفامەکانی خاوەن کەلام و شوێنکەوتوانیان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى:

﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾**النحل.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: (سوێند بەخوا لەناو هەموو گەل و ئومەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردوە، بەمەی تەنها خوا بپەرستن و دووركەونەوە لە هەر پەرستراوێکی تر).

.....

(الطاغوت): لە **(الطغيان)** داتاشراوە، ئەویش لە تێپەڕاندنی سنوورە، عومەری کوڕی خەتاب فەرموویەتی: **(الطاغوت)** شەیتانە.

جابر (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: **طاغووتەکان** جادوگەرانێك بوون شەیتانەکان دادەبەزینە سەریان. هەدوو وتەکە ئیبنوئەبی حاتەم هێناویەتی[2].

---

(١)أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء ٣٣٣٤ فتح، ومسلم في صفة القيامة ٢٨٠٥ عبد الباقي.

(٢)ذكره البخاري ٨ / ٢١٥ معلقاً عنهما. قال الحافظ إسناده قوي.

ابن **كثير** دەڵێ: **طاغووت** هەر شتێکە لە غەیری خوا بپەرسترێ.

وتم: ئەوەی کە باس کرا هەندێکە لە باسکردنی **طاغووت**، ئیبنولقەییم دیاری کردوە بە دیاریکردنێکی کۆکەرەوە، دەڵێ: **طاغووت** هەموو ئەوانەیە کە بەندە سنووری خوای پێ تێدەپەڕێنێ: لە پەرستراو یان پەیڕوکراو شوێنکەوتوو یا گوێڕایەڵی کراو، جا **طاغووتی** هەموو گەلێك ئەوەیە کە خەڵکی حوکمی خۆیان دەبنە لای جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی، یان دەیپەرستن لە جگە لە خوا، یان شوێنی دەکەون و پەیڕەوی دەکەن بە بێ هیچ بەرچاو ڕوونیەك لە لایەن خواوە، یان گوێڕایەڵی دەکەن لەوەی کە نایزانن ئەوە گوێڕایەڵی خوایە، ئەمانە **طاغووتەکانی** جیهانن ئەگەر سەرنجیان بدەیت، وە سەرنجی دۆخی خەڵکیش بدەیت لەگەڵیان، دەبینیت زۆربەیان ڕوویان وەرگێڕاوە لە پەرستشی خوا بۆ لای پەرستشی **طاغووت**، وە لە حوکم بردنەوەلای خواو پێغەمبەر ﷺ بۆ لای **طاغووتان** و گوێڕایەڵی کردنی خواو شوێنکەوتنی پێغەمبەریان کردووە بە گوێڕایەڵی طاغوت و شوێنکەوتنی.

بەڵام مانای ئایەتەکە ئەوەیە: خوا هەواڵی داوە کە بێگومان ئەو نێردراوی ناردوە بۆ ناو هەموو دەستەیەك لە خەڵکی بەم بەم وشەیە ﴿أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴿٣٦﴾﴾ **النحل**. واتە: تەنها خوا بپەرستن و دوورکەونەوە لە پەرستنی هەر پەرستراوێکی تر، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ﴿٢٥٦﴾﴾ **البقرة**. (واتە: ئینجا هەرکەس لە ڕێ ی بێبڕوایی بگەڕێتەوە و بڕوابهێنێ بە خوا ئەوە بێگومان بە توندی دەستی گرتووە بە دەستەگیرەیەکی قایمی بەهێزەوە کە پچڕان و بەربوونی بۆ نیە) ئەمەش مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)یە، بەڕاستی ئەمە دەستەگیرەو پەتی بەهێزە.

ئیبنو کەثیر لە بارەی ئەم ئایەتەوە دەڵێ: هەموو پێغەمبەران، خەڵکی بانگ دەکەن بۆ پەرستشی خوا و ڕێگریان لێ دەکەن لە پەرستشی جگە لە خوا، بەردەوام خوا پێغەمبەرانی ناردووە بۆ ناو خەڵکی بۆ ئەو مەبەستە، لەوکاتەی هاوبەشدانان ڕووی داوە لەناو نەوەکانی ئادەم لەگەڵی نووح عليه السلام، ئەوانەی کە ئەو پێغەمبەریان بۆ نێردرا، نووح عليه السلام یەکەم پێغەمبەر بوو خوا ناردی بۆ لای خەڵکی سەر زەوی تا کۆتایان هات بە موحەممەد ﷺ، ئەو پێغەمبەرەی ئادەمی و جنۆکە بانگەوازەکەیان جێبەجێ کرد، لە خۆرنشین و خۆرئاوادا، هەموویان هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾ **الأنبياء**.(واتە: وە ئێمە نەمان ناردوە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان بۆ ناردوە بەوەی کە بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە کەواتە تەنها من بپەرستن) خوا لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴿٣٦﴾﴾ **النحل**. (واتە: سوێند بەخوا لەناو هەموو گەل و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردوە کە تەنها خوا بپەرستن و دوور بکەونەوە لە پەرستنی هەر پەرستراوێکی تر) چۆن دەگونجێ بۆ یەکێك لە هاوبەشدانەران دوای ئەمە بڵێت: ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ﴿٣٥﴾﴾ **النحل**. (واتە: ئەگەر خوا بیویستایە بێجگە ئەو هیچ شتێکمان نەدەپەرست) جا ویست و مەشیئەتی شەرعی خوا لە وانە دوورخراوەتەوە، چونکە خوا ﷻ قەدەغەی ئەو پەرستشەی لێ کردن لەو لەسەر زمانی پێغەمبەرانی، بەڵام ویست و مەشیئەتی

گەردوونی خوا -ئەویش بریتیە لە جێگیرکردنیان لە ڕووی قەدەرەوە- هیچ بەڵگەیەکیان نیە تیایدا، چونکە خوا ﷻ ئاگری دروست کردوە، وە ئەو خەڵکەیشی کە شیاوین لە شەیتانەکان و بێبڕوایان، ئەو زاتە ڕازی نابێ بە کوفر بۆ بەندەکانی، وە خوا لەوەدا بەڵگەی یەکلاکەرەوەو حیکمەتی تەواوی هەیە، پاشان ئەو زاتە هەواڵیداوە کە ئەو نکوڵیان لێ دەکات لەوە بە سزادانیان لە دنیا دوای ئاگادار کردنەوەی پێغەمبەران، ئا لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی: ﴿فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ﴿٣٦﴾﴾ النحل. (واتە: جا خوا هەندێکی لەو ئوممەتانە ڕێنمایی کرد و هەندێکیشیان لەبەر خراپیان گومڕایی یەخەی گرتن)

وتم: ئەم ئایەتە ڕاڤەی ئایەتەکەی پێشووە، ئەویش فەرمایشتی خوا یە: ﴿فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُ ﴿٣٦﴾﴾ النحل. کەواتە سەرنج بدەو بیر بکەرەوە.

ئەم ئایەتە دەبێتە بەڵگە کە بەڕاستی حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران بانگەوازکردنی ئوممەتەکانیانە بۆلای بەندایەتی خوا بە تاك و تەنهاو قەدەغەکردنی بەندایەتی جگە لە خوا، بێگومان ئەمە ئاینی نێردراوان و پێغەمبەرانە، ئەگەرچی شەریعەتەکەیشیان جیاواز بێت، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴿٤٨﴾﴾ المائدة. (واتە: داماننناوە بۆ هەر ئوممەتێك لە نێوە شەریعەت و ڕێگەیەکی ڕوون) بێگومان هەر دەبێت ئیمان کردەوەی دڵ و ئەندامانی جەستەی لەگەڵدا بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾﴾ الإسراء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا فەرموویەتی: (پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن هەروەها بڕیاری داوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەرکاتێ یەکێکیان یان هەردوکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ تەنانەت ئۆفیشیان لەدەست مەکە و هەرگیز بێباندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسەو گفتو گۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان بێت* باڵی میهرەبانی خۆتیان بۆ ڕابخە و ملکەچ بە بۆیان، نزا بکەو بڵێ: پەروەردگارا ڕەحمیان پێ بکە و هەروەکو چۆن ئەوان منیان پەروەردە کردوە بە بچووکی)).

.....

موجاهید وتویەتی: (**قضى**) بە مانای: ڕایسپارد، ئوبەی کوڕی کەعب و ئیبنومەسعودو جگە لەوانیش بەم جۆرە خوێندویانەتەوە، وە لە ئیبن جەریر لە ئیبن عەباسەوە (**وقضى ربك**) بە مانای: فەرمانی کرد.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ واتە: تەنها ئەو بپەرستن و بێجگە لە ئەو مەپەرستن، ئەمەش مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) یە.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: نەفی کردن و ڕەت کردنەوەی ڕووت یەکتاپەرستی نیە، بە هەمان شێوە چەسپاندنش بەبێ نەفی کردن، یەکتاپەرستی نابێت مەگەر نەفی و چەسپاندن لەخۆ بگرێت(**النفي والإثبات**) ئەمە حەقیقەتی یەکتاپەرستیە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾ واتە: خوا فەرمانی کردوە چاك بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا بە چاکەکردن، وەك چۆن فەرمانی کردوە بە بەندایەتی کردنی بە تاك و تەنها و بێ هاوبەش دانان، هەر وەکو لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾﴾**لقمان**. (واتە: وە فەرمانمان بە ئادەمیدا کە سوپاس گوزاری خواو باوك و دایکت بکە تەنها بۆ لای منە گەڕانەوەتان).

وە فەرمایشتی خوا : ﴿إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ﴾ واتە:

قسەی خراپیان بە گوێدا مەدەن، تەنانەت نە ئاخ و ئۆف هەڵکێشان کە ئەوە نزمترین پلەکانی قسەی خراپەیە ﴿وَلَا تَنْهَرْهُمَا﴾ واتە: بە ڕەفتاری ناشرین پێیاندا هەڵمەشاخێ، وەك: عەطائی ئیبنوئەبی ڕەباح وتویەتی: دەستیان لێ ڕامەوەشێنە.

کاتێ قەدەغەی لێ کرد لە ڕەفتاری ناشرین و قسەی خراپ، فەرمانی پێ کرد بە ڕەفتاری جوان و قسەی جوان، جا فەرمووی: ﴿وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا﴾ واتە: وتەی نەرم و جوان و شرین بە ئەدەب و ڕێزەوە، وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ﴾ واتە: خۆتان بەکەم بزانن لە ئاستیاندا ﴿وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا﴾ واتە: لە کاتی گەورە بوونیان و کاتی مردنیان ﴿كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا﴾ (واتە: هەر چۆنێ ئەوان منیان پەروەردە کرد بە منداڵی)، بەڕاستی فەرموودەیەکی زۆر هاتووە دەربارەی چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا، لەوانە: ئەو فەرموودەی کە گێردراوەتەوە لە چەند ڕێگایەك لە ئەنەسەوە، کە بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ کاتێ سەرکەوتە سەر مینبەر فەرمووی: (**آمين، آمين، آمين**) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، لەسەر چ ئامینت کرد؟ فەرمووی: **إِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي فَقَالَ: يا مُحَمَّد رَغِمَ أنفُ إمرئ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْكَ قُلْ: آمِينَ فَقُلْتُ: آمِينَ ثُم قَالَ: رَغِمَ أنفُ إمرئ دَخَلَ عَلَيْهِ شَهْرُ رَمَضَانَ ثُمَّ خَرَجَ وَلَمْ يُغْفَرْ لَهُ، قُلْ: آمِينَ فَقُلْتُ: آمِينَ ثُم قَالَ: رَغِمَ أنفُ إمرئ أَدْرَكَ أَبَوَيْهِ أَوْ أَحَدَهُمَا فَلَمْ يدخلاهُ الجَنَّة قُلْ: آمِينَ فَقُلْتُ: آمِينَ**)[1] واتە: بەڕاستی جبریل عليه السلام هات بۆ لام وتی: ئەی موحەممەد ﷺ بە کوێرای چاوی ئەو کەسەی باسی تۆ کرا لە لای صەڵاوات و دروود نەداتە دیارت، بڵێ: ئامین، وتم: ئامین، پاشان وتی: بە کوێرای چاوی ئەو کەسەی مانگی ڕەمەزانی بەسەردا بێت پاشان ئەو مانگە بڕوا، خوا لێی خۆش نەبووبێ، بڵێ: ئامین، وتم: ئامین، پاشان وتی: بە کوێرای چاوی ئەو کەسەی بگات بە باوك و دایکی یان یەکێکیان، نەیخەنە بەهەشتەوە، بڵێ: ئامین، وتم: ئامین.

پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە فەرموودەی ئەبی هورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە ﷺ (**رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ، ثُمَّ رَغِمَ أَنْفُ، قِيلَ من يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: من أَدْرَكَ أَبَوَيْهِ عِنْدَ الْكِبَرِ أَحَدَهُمَا أو كِلَيْهِمَا فلم يَدْخُلْ الْجَنَّةَ**)[2]. واتە: بە کوێرای چاوی، پاشان بە کوێرایی چاوی، پاشان

---

(١) أخرجه البزار (٦٢٥٢)، وإسماعيل القاضي في فضل الصلاة على النبي ﷺ، وإسناده ضعيف من أجل سلمة بن وردان، ولكن له شواهد، وصححه بشواهده الشيخ الألباني في تعليقه على ((فضل الصلاة)). (١٥)

(٢) أخرجه مسلم في البر والصلة ٢٥٥١ عبد الباقي.

بەکوێرایی چاوی، وترا: کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: کەسێك بگات بە باوك و دایکی لە کاتی پیری، یەکێکیان یان هەردوکیان، نەچێتە بەهەشتەوە. ئیبنوکثیر وتویەتی: ڕاستە لەم ڕووەوە.

لە ئەبو بەکرەوە (عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرە) خوای لێ ڕازی بێ وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**أَلا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ**) (واتە: ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لە گەورەترینی تاوانەکان) وتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: (**الْإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ**) (واتە: هاوبەش دانان بۆ خواو سەرپێچیکردنی دایك و باوك) شانی دادابو و ئینجا دانیشت و فەرمووی: (**أَلا وَقَوْلُ الزُّورِ أَلا وَشَهَادَةُ الزُّورِ**،) (واتە: ئاگادار بن قسەی ساختە و درۆ، ئاگاداربن لە شایەتی ساختە و درۆ) بەردەوام دووبارەی دەکردەوە تا وتمان: خوزگە بێدەنگ دەبوو[1].

وە لە (عبد الله) کوڕی عەمرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**رِضَى الرَّبِّ في رِضَى الْوَالِدَين، وَسَخَطُه في سَخَطِ الْوَالِدِ**)[2] واتە: ڕەزامەندی پەروەردگار لە ڕەزامەندی دایك و باوکدایە، تووڕەبوونیشی لە تووڕەبوونی ئەواندایە.

وە لە ئەبی ئوسەید مالیکی کوڕی ڕەبیعەی ساعیدیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: لەکاتێکدا نێمە دانیشتبووین لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ، لەناکاو پیاوێك لە (**بَنِي سَلَمَةَ**) هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا دوای مردنی باوك و دایکم شتێك هەیە چاکەی پێ بکەم بۆیان؟ فەرمووی: **نعم الصَّلَاةُ عَلَيْهِمَا وَالِاسْتِغْفَارُ لَهُمَا وَإِنْفَاذُ عَهْدِهِمَا من بَعْدِهِمَا وَصِلَةُ الرَّحِمِ التي لَا تُوصَلُ إلا بِهِمَا وَإِكْرَامُ صَدِيقِهِمَا**)[3] واتە: بەڵێ، پارانەوە بۆیان و داوای لێخۆشبوون کردن بۆیان و، جێبەجێ کردنی پەیمانەکانیان لە دوای خۆیان، وە پەیوەندی خزمایەتی کە ناگات بە ئەوانەوە نەبێت، وە ڕێزگرتن لە هاوڕێکانیان. فەرموودەکان لەم واتادا زۆر زۆرن.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ﴾ النساء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (تەنها خوا بپەرستن و هیچ مەکەن بە هاوبەشی).

.....

ئیبنو کەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: خوا ﷻ فەرمان بە بەندەکانی دەکات بە پەرستنی بەتاك و تەنهایی و بێ هاوبەش دانان، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بەدیهێنەرو ڕۆزی دەرە، خاوەن چاکەیە بەسەر بەدیهێنراوەکانی لە هەموو کاتەکانداو حاڵەتەکاندا، تەنها ئەو شیاوی ئەوەیە بەتاك تەنها بپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن لە بەدیهێنراوەکانی.

---

(١)أخرجه البخاري في الأدب ٥٩٧٦ فتح، ومسلم في الإيمان ٧٨ عبد الباقي.

(٢)أخرجه الترمذي في البر والصلة ١٨٩٩.

(٣)أخرجه أبو داود في الأدب ٥١٤٢، وابن ماجه في الأدب ٣٦٦٤، وضعفه الألباني في الضعيفة ٥٩٧ .

ئەم ئایەتە ئەو ئایەتەیە، کە ناونراوە بە ئایەتی دە (١٠) مافەکە، لەهەندێ لەبەر گیراوەی پشت پێبەسراو لە لەبەر گیراوەکانی ئەم کتێبە، ئەم ئایەتە پێشخراوە بەسەر ئایەتەکەی سورەتی (الأنعام) لەبەر ئەمە پێشم خست، بەبۆنەی ئەو قسەی ئیبنو مەسعودکە بۆ ئایەتەکەی (الأنعام) دێت، هەتا لە دوای ئەو باسکردنی گونجاوتر بێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقوله تعالى: ﴿قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۚ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ الأنعام.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بیت دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: (ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: وەرن با بخوێنمەوە بۆتان ئەوەی پەروەردگارتان یاساغی کردوە لەسەرتان هیچ شتێك نەکەن بە هاوبەش بۆی و لەگەڵ باوك و دایکدا ئاکارتان چاك بێت و منداڵەکانتان مەکوژن لەبەر هەژاری و نەبوونی ئێمە ڕۆزی ئێوەو ئەوانیش دەدەین، وە نزیکی گوناە و کردەوە زۆر بەدەکان مەکەونەوە ئەوەی کە ئاشکرا دەبێ لەو خراپانە ئەوەش پەنهان دەبێ، ئەو کەسەش مەکوژن کە خوا کوشتنی حەرام کردوە مەگەر حەق بێت خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی تێ بگەن* وە نزیکی مااڵی هەتیوان مەکەونەوە مەگەر بەو شێوەی کە جوانترو چاکتر بێت تا باڵغ دەبێت و دەگاتە هێزی خۆی، وە پێوانە و کێشانە بێ زیاد و کەم ئەنجامی بدەن بە دادگەری، داوای ئەرك لەکەس ناکەین مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی، وە کاتێ قسەتان کرد دادوەرو ڕاست بن، با لە دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێت، وە بەڵێن و پەیمانی خوا بە چاکی ببینەسەر خوا ئەو شتانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە* فەرمانی داوە بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە کەواتە شوێنی بکەون و شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون، چونکە دوورتان دەخەنەوە و لاتان دەدەن لە ڕێگای خوا، خوا ئەو شتانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی پارێزکار بن.

•••••••

لە قسە و ئاخاوتنەکەدا لابردنێك هەبێت میانەی ئایەتەکە ئاماژەی پێ کردبێ، ئەمە مەزەندەکەیە: وەسیەتی بۆ کردوون کە هاوبەشی بۆ دانەنێن، لەبەر ئەمە لە کۆتایی ئایەتەکە فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ ﴾.

وتم: ماناکەی بەم شیوەی لێ دێت: هەر شتێ وەسیەتی کردبێ وازی لێ بێنن ئەوە لەسەری حەرام کردوون بە وازهێنان لە هاوبەش دانان بۆی، وە لە (**المغني**) ئیبنوهیشامدا هاتووە لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ﴾ حەوت بۆچوون هەیە دەربارەی ئەمە، چاکترینیان: ئەمەیە کە ئیبنوکەثیر باسی کردوە، لە دوایدا ئەمە دێ: ڕوونی کردوەتەوە بۆتان بۆ ئەوەی هاوبەشی بۆ دانەنێن، ڕستەکە لە یەکێکیاندا لابراوە، ئەویش بریتیە لە ﴿ وَصَّىٰكُم ﴾ وە حەرفی (الجر) و پێش ئەویش لەوی دیکەیە. لەبەر ئەمە ئەگەر پرسیاریان لێ کرا لەوەی پێغەمبەر ﷺ پێیانی فەرموو، وتیان: دەیفەرموو: (**اعبدو الله ولا تشركوا به شيئاً واتركوا مايقول آباؤكم**) واتە: خوا بپەرستن و هاوبەشی بۆ دامەنێن، وە واز لەوە بهێنن باوباپیرانتان دەیانگوت، هەر وەکو ئەبو سوفیان بە هیرەقلی وت[1]. ئەمە ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان و جگە لە ئەویش تێگەیشتن لە وتەی پێغەمبەر ﷺ بۆیان: (**قُولُوا لاَ إِلَهَ لا الله تُفْلِحُوا**)[2] واتە: بڵێن هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا سەرکەوتوو دەبن.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ﴾ قورطوبی دەڵێ: ئیحسان لەگەڵ دایك و باوکدا بریتیە لە چاکەکردن لەگەڵیان و پاراستنیان و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان، وە لابردنی کۆیلایەتی لەسەریان و وازهێنان لە دەسەڵات بە سەریانەوە، وە ﴿ إِحْسَٰنًا ﴾ (**نصب**)ە لەسەر (**المصدرية**) ئەوەیشی کە (منصوب)ی کردوە شاراوەیەو هەر لەو لەفزە، وادادەنرێت: (**أحسنوا بالوالدين إحساناً**).

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ﴾ (**الإملاق**): هەژاری، واتە: کچەکانتان زیندەبەچاڵ مەکەن لەبەر نەبوونی و هەژاری، بێگومان من ڕزق و ڕۆزی تێوەو ئەوانیش دەدەم، وە تیایاندا بوو ئەمەی لەگەڵ مێینەو نێرینەدا دەکرد لە ترسی هەژاری،(ئیمامی **قورطوبي** باسی کردوە)، لە ئیبنومەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، چ تاوانێك لەلای خوا گەورەترە؟ فەرمووی: (**أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وهو خَلَقَكَ**) واتە: لەگەڵ خوادا شتێك بە هاوبەش دابنەیت، لەکاتێکدا ئەو دروستی کردویت) وتم: پاشان چیتر؟ فەرمووی: (**أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ خَشْيَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ**) واتە: منداڵەکەت بکوژی لە ترسی ئەوەی خۆراکت لەگەڵدا بخوات). وتم: پاشان چیتر؟ فەرمووی: (**أن تُزَانِيَ بِحَلِيلَةِ جَارِكَ**) واتە: زینا لەگەڵ ژنی دراوسێکەتدا بکەیت. پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەمەی خوێندەوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ

---

(١)أخرجه البخاري في بدء الوحي ٧ فتح، وأصل الحديث أيضاً عن مسلم في الجهاد ١٧٧٣ عبد الباقي.

(٢)أخرجه أحمد ١٦٠٢٣ من حديث ربيعة بن عباد رضي الله عنه، وله شواهد يصح بها كما في (دفاع عن الحديث النبوي) ص٣١.

غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ ﴾الفرقان[1]. (واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی تر ناپەرستن و هیچ کەسێك ناکوژن کە خوا کوشتنی ئەوی قەدەغە کردوە بە حەق و ڕەوا نەبێت وە زیناو داوێن پیسی ناکەن، وە هەر کەس ئەو تاوانانە بکات تووشی تۆڵەکەی دەبێت* سزای بۆ چەند بارە دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا و بێ بڕانەوە بەبێ ڕێزو ڕیسوایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە* بێجگە لەکەسێ تەوبەی کردبێ وە بڕوای هێنابێ کارو کردەوەی چاکیشی کردبێ ئا ئەوانە خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێ بە چاکە وە خوا هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە).

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾ ئیبنو عەطیە وتویەتی: قەدەغەکردنێکی گشتیە لەهەموو جۆرەکانی فاحیشە، ئەویش سەرپێچی کردنەکانە.

وە (**ظهر**) و (**بطن**) دوو حاڵەتن کە بەشەکانی خراپە لە خۆ دەگرێ.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ﴾ لە ئیبن مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) بە مەرفوعی هاتووە: (**لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَأَنِّ مُحمداً رسولُ اللَّهِ إلا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ**)[2] واتە: حەڵاڵ نیە خوێنی کەسێکی موسڵمان شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لە خوا، وە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە، مەگەر بە یەکێك لەم سێ شتە: ژنی زیناکار، نەفس بە نەفس، ئەو کەسەی واز لە ئاینەکەی دێنێت و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیادەبێتەوە.

وە فەمایشتی خوا ﷻ: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ﴾ ئیبنوعەطیە دەڵێ: ﴿ذَٰلِكُمْ﴾ ئاماژەیە بۆ ئەو قەدەغە کراوەکانە وە (**الوصية**): فەرمانی جەخت لەسەر کراوەیە. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (لعل) بۆ هۆدەرخستنە، واتە: بەڕاستی خوا ﷻ وەسیەتی بۆ کردوین بەم وەسیەتانە، بۆ ئەوەی عەقڵی لێوەربگرین و کاری پێبکەین.

لە تەفسیری **طەبەری** حەنەفی: یەکەم جار باسی ﴿تَعْقِلُونَ﴾ دەکات پاشان ﴿تَذَكَّرُونَ﴾ پاشان ﴿تَتَّقُونَ﴾ چونکە ئەوان ئەگەر عەقڵیان پێی شکا بیر دەکەنەوە، جا ئەگەر بیریان کردەوە دەترسن و خۆیان دەپارێزن.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ (واتە: نزیکی مااڵی هەتیوان مەکەون مەگەر بەو شێوەی کە جوانترو چاکتر بێت، تا باڵغ دەبێت و دەگاتە هێزی خۆی) ئیبنو عەطیە دەڵێ: ئەمە قەدەغە کردنێکی گشتی یە لەو نزیك بوونەوەی کە هەموو ڕووەکانی هەڵسوکەوت کردن بە مااڵی هەتیو دەگرێتەوە، هەروەها (**سد الذريعة**)شی تێدایە[3]. پاشان ئەوەی دەبێتە چاککردنی ئەو مااڵە جیای کردۆتەوە، ئەویش کۆشش کردنە بۆ زیادکردنی و گەشەپێدانی، موجاهید دەڵێ: (**التي هي أحسن**)، بازرگانی کردنە بەو مااڵە، وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ﴾ مالیك و جگە لە ئەویش وتویانە: بریتیە لە پێگەیشتن و جیاکردنەوەو نەمانی گێلی و

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير(٤٤٧٧)فتح، ومسلم في الإيمان(٨٦)عبدالباقي.

(٢)أخرجه البخاري في الديات (٦٨٧٨)فتح، ومسلم في القسامة(١٦٧٦)عبد الباقي.

(٣)(واتە: ئەمە ڕێگری کردنی تێدایە نەوەك ببێتە هۆکار بۆ خراپ بەکارهێنانی)

هەڵەشەیی لەگەڵ باڵغ بوون، وە بە وێنەی ئەمە ڕیوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەم و شەعبی و ڕەبیعە و جگە لەوانیش.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ﴾ ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا فەرمان دەکات بە بەڕپاکردنی دادپەروەری لە وەرگرتن و بەخشیندا ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ واتە: هەرکەسێك کۆشش بکات لە بەجێهێنانی حەق و وەرگرتنی، جا ئەگەر هەڵەی کرد دوای بەکارهێنانی هەموو تواناو کۆششەکانی ئەوە هیچی لەسەر نیە.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ ئەمە فەرمانکردنە بە دادپەروەری لە قسە و کردەوە لەسەر دورو نزیك.

حەنەفی دەڵێ: دادپەروەری لە قسە کردن لە لەبەرانبەر حەق و مافی دۆست و دوژمن گۆڕانی بەسەردا نایەت لە حاڵەتی ڕەزامەندی و تووڕەیی، بەڵکو دەبێ لەسەر حەق بێت ئەگەر چی خزمی نزیکیش بێت، لا ناکاتەوە بە لای خۆشەویست و خزمدا ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُواْ ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿٨﴾﴾ المائدة. (واتە: با ڕق و کینەتان لە دەستەو کۆمەڵێك هانتان نەدا لەسەر ئەوەی ڕاست نەڕۆن و دادگەر نەبن، دادگەربن ئەوە نزیکترە لە خۆپارێزی).

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْ﴾ ئیبنوجەریر دەڵێ: بە فەرمان و وەسیەتی خوا کە وەسیەتی پێ کردون بە وەفا بن، بە وەفا بوونی ئەوەش ئەوەیە کە گوێڕایەڵی بکەن لەوەی فەرمانی پێ کردون و بەوەشی ڕێگری لێ کردون. وە کار بە کتێبەکەی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکەن ئەمەیە وەفاکردن بە پەیمانی خوا، غەیری ئەویش بەهەمان شێوەیان وتووە، وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾﴾ الأنعام.(واتە: خوا ئەو شتانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی) ئامۆژگاری وەربگرن و واز بهێنن لەوەی ئێوە تیایدان.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ الأنعام.(قورطوبی دەڵێ: ئەمە ئایەتێکی مەزنە (عطف)ی کردوەتە سەر پێشووی خۆی. بێگومان کاتێ ئەمرو نەهی کردووە وریای کردوین لە شوێنکەوتنی غەیری ڕێگەکەی خۆی. بەو جۆرەی کە فەرموودە ڕاستەکان و وتەکانی زانایانی پێشین ڕوونیان کردوەتەوە، فەراء دەڵێ: (أن) لە جێگای (نصب)دایە، واتە: بخوێنەوە بەڕاستی ئەمە ڕێگای منە، دروستیشە (مجرور) بێت، واتە: ڕاسپاردوون پێی، کە بێگومان ئەمە ڕێگای منە، وتی: (الصراط): ئەو ڕێگایەیە کە بریتیە لە ئایینی ئیسلام، (مستقیماً) نصب کراوە لەسەر (حال) ماناکەی ڕێگایەکی ڕێك و ڕاست و پتەوە هیچ خواریەکی تێدا نیە، فەرمانی کردوە بە شوێنکەوتنی ڕێگا لەسەر زاری موحەممەد ﷺ دای ڕشتوەو ئەرعاندوویەتی، دەرەنجامەکەشی بەهەشتە، چەند ڕێگایەکی لێ بوەتەوە جا هەر کەسێك ڕێگە ڕاستەکە بگرێتە بەر ڕزگاری بووە، هەرکەسێکیش دەر بچێت بۆ ڕێگاکانی تر بەرەو دۆزەخی دەبات. خوا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ واتە: لاتان دەدات.

ئیمامی ئەحمەد و نەسائی و دارەمی و ئیبنو ئەبی حاتەم گێڕاویانەتەوە و حاکمیش بەڕاستی داناوە، لە (عبد الله)ی کوڕی مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بیت) وتی: پێغەمبەر چەند هێڵێکی

کێشا بە دەستی خۆی، پاشان فەرمووی: (**هذا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيماً**) واتە: ئەمە ڕێگای ڕاستی خوایە، پاشان چەند هێڵێکی کێشا بەلای ڕاست و چەپی ئەو هێڵە ڕاستەدا، پاشان فەرمووی: (**هذه السُّبُلُ ليس منها سَبِيلٌ إلاَّ عليه شَيْطَانٌ يدعوا إليه**) واتە: ئەم ڕێگایانە هیچ ڕێگایەك نیە لەوانە مەگەر شەیتانێکی لەسەرە بانگی خەڵکی دەکات بۆ لای. پاشان ئەمەی خوێندەوە ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ﴾[1].

لە موجاهیدەوە: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ﴾ وتویەتی: بیدعەو هەواو ئارەزووەکان. ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: با دەربارەی (**الصراط المستقيم**) ڕێگای ڕاست قسەیەکی کورت باس بکەین، چونکە بەڕاستی خەڵکی دەربڕینەکانیان جۆراو جۆرە لەبارەیەوە بەپێی سیفاتەکانی و ئەوانەی پێیەوە پەیوەستە، حەقیقەتی شتەکەش هەر یەکێکە، ئەویش ڕێگای خوایە کە داینناوە بۆ بەندەکانی دەیانگەیەنێت پێی، جگە لەو ڕێگایە هیچ ڕێگایەکی دیکە نیە بگات پێی، بەڵکو هەموو ڕێگاکان داخراون بەسەر خەڵکیدا، جگە لەو ڕێگایەی لەسەر زمانی پێغەمبەرانی داینناوە، وە کردوویەتی بە گەیەنەرێك بۆ گەیشتنی بەندەکانی پێی، ئەویش بەتاك و تەنهایی دانانیەتی لە پەرستشدا، وە تاك و تەنهایی پێغەمبەرانی بە گوێڕایەڵی کردن، هیچ کەسێك ناکات بە هاوبەش لە پەرستشەکانیدا و هیچ کەس ناکاتە هاوبەش لەگەڵ پێغەمبەرەکەی بە گوێڕایەڵی کردن، خوا بە یەکتا دەناسێ و بە تەنها شوێنی پێغەمبەرەکەی دەکەوێت.

ئەمەش ناوەڕۆکی شایەتیدانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وأن محمدا رسول الله**) جا هەر شتێك تەفسیری ڕێگای ڕاستی پێ بکرێت ئەوە دەچێتە ناو ئەم دوو بنەمایەوە، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە خوات خۆش بوێ بە دڵ و بە تەواوی هەوڵی خۆت ڕازی بکەیت، شوێنێك لە دڵتدا نەمابێت مەگەر ئاوەدان کرابێتەوە بە خۆشەویستی ئەو زاتە، وە هیچ ویست و ئیرادەیەکت نەبێت، تەنها پەیوەست کرابێت بە ڕەزامەندی ئەوەوە، جا یەکەم بە هێنانەدی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەستەبەر دەبێت، دووەمیش بە شەهادەی (محمد رسول الله) دەستەبەر دەبێت، ئا ئەمە هیدایەت و ڕێنمایی و ئاینی ڕاستە، ئەویش ناسینی حەق و کردەوە پێکردنێتی، ئەویش ناسینی ئەوەیە کە خوا ﷺ پێغەمبەرەکەی پێ ناردووەو بەجێهێنانێتی، وە چی دەڵێی بڵێ لەو دەربڕینانەی کە ئەمە مێخەکەی و جەمسەری دەستاڕەکەیەتی.

وتویەتی: سەهلی کوڕی (عبدالله) دەڵێ: پێویستە لەسەرتان شوێنی شوێنەوارو سوننەت بکەون، بەڕاستی من دەترسم لەوەی سەردەمێك دێت ئەگەر کەسێ باسی پێغەمبەر ﷺ وپەیڕەوکردنی بکات لەهەموو بارووددۆخەکاندا، خەڵکی زەمی دەکەن و لێی دوور دەکەونەوەو خۆیان لێی بەری دەکەن، سەرشۆڕی دەکەن و سووکایەتی پێ دەکەن.

---

(١) أخرجه احمد ٤١٤٢، وقد ذكر طرفه والحافظ ابن كثير عند الآية، وحسنه شيخ الألباني في المشكاة ١٦٦.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال ابن مسعود: من أراد أن ينظر إلى وصية محمد ﷺ التي عليها خاتمه فليقرأ: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ﴿١٥١﴾﴾ ـ الى قوله -: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ﴿١٥٣﴾﴾[1] الأنعام.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئیبنومەسعود وتوێەتی: هەر کەسێك دەیەوێ تەماشای ڕاسپاردەی موحەممەد بکات ﷺ، کە کۆتایی پێغەمبەرایەتیەکەی لە سەرێەتی، ئەوە با فەرمایشتی خوا ﷻ بخوێنێتەوە کە دەفەرموێ: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ﴿١٥١﴾﴾ ـ الى قوله -: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ﴿١٥٣﴾﴾

●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●

وتەی دانەر: (ئیبن مەسعود) (عبد الله)ی کوڕی مەسعود کوڕی غافڵ کوڕی حەبیب (**الهذلي**) باوکی (عبد الرحمن)، هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە پێشینەکان بووە، لەوانەی کە لە بەدرو ئوحودو خەندەق و بەیعەی ڕضوان بەشداریان کرد، یەکێك بووە لە گەورە زانایانی ناو هاوەڵان، عومەر کردوێەتی بە دەسەڵاتداری کوفە، لە ساڵی سی و دووی کۆچی کۆچی دوایی کردوە.

ئەم فەرموودەیە ترمذی ڕیوایەتی کردوەو بە (حسن)ی داناوە، وە ئیبنولمونزیر و ئیبنوئەبی حاتەم و **طه**بەرانیش بەوێنەی ئەوە هێناویانە[2]. هۆکاری ئەم وتەیەش -خوا زاناترە- ئەوەیە کە بوخاری گێڕاویەتیەوە لە ئیبنوعەباسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) وتوێەتی: کاتێ پێغەمبەر ﷺ ئازاری سەختتر بوو، فەرمووی: (**ائْتُونِي بِكِتَابٍ أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لَا تَضِلُّوا بَعْدَهُ**) واتە: کتێبکم بۆ بێنن با نووسراوێکتان بۆ بکەم هەرگیز دوای من گومڕا نەبن. عومەر وتی: ئێش و ژان زاڵ بووە بەسەریدا! ئێمە کتێبی خوا لەبەردەستماندایە بەسمانە، ئینجا جیاوازی کەوتە نێوانیان و ژاوە ژاو زۆر بوو، فەرمووی: (**قُومُوا عَنِّي، ولا يَنْبَغِي عِنْدِي التَّنَازُعُ**) واتە: دور بکەونەوە لێم، نابێ لەلای مندا دووبەرەکی بکەن. ئیبنوعەباس دەڕچوو وتی: بەڕاستی بەڵا و موسیبەتی گەورە ئەوەیە کە بووبە بەربەست لە نێوان پێغەمبەر ﷺ و نوسراوەکەی.[3] جا ئیبنومەسعود دەڵێ: هەرکەسێك دەیەوێت تەماشای ڕاسپاردەی موحەممەد ﷺ بکات کە کۆتایی پێغەمبەرایەتی لەسەرێەتی با تەماشای ئەم فەرموودەیە بکات.

هەندێکیان وتوویانە: مانای ئەوەیە هەرکەسێك دەیەوێت تەماشای ئەو ڕاسپاردەو وەسیەتەی بکات وەك ئەوە نوسرابێ و مۆری لەسەر کرابێ و نەگۆڕابێ، ئەوە با ئەم ئایەتە بخوێنێتەوە: ﴿قُلْ تَعَالَوْاْ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکان، چواندوێەتی بەو کتێبەی (قورئان) کە نووسراوە و پاشان کۆتایی پێ هاتووە نە لێی زیاد کردوەو نە لێی کەم کردوە، بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی نەکردوە بە کتێبی خوا نەبێ، وەکو چۆن فەرموویەتی لەوەی موسلیم ڕیوایەتی کردوە: (**وإني تارك فيكم ما إن تمسكتم**

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير(٣٠٧٠)، وهو في ضعيف الترمذي، ومعناه صحيح كما في توجيه الشارح قريباً.
(٢)حسن: الترمذي(٣٠٨٠)، والطبراني في المعجم الكبير(١٠٠٦٠).
(٣)البخاري(١١٤) ومسلم (١٦٣٧).

به لن تضلوا: كتاب الله)[1] واته: من بەجێم هێشتووە بۆ ئێوە ئەگەر دەستی پێوە بگرن هەرگیز گومڕا نابن ئەویش: کتێبی خوایە. عوبادەی کوڕی صامت وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(أيكم يبايعني على هؤلاء الآيات الثلاث؟)** واتە: کێ لە ئێوە بەیعەتم پێ دەدا لەسەر ئەو سێ ئایەتە؟ پاشان ئایەتەکانی خوێندەوە: ﴿ قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ﴾ تا لەو سێ ئایەتە بوویەوە، پاشان فەرمووی: **(مَن وُفيَ بِهِنَّ فأجره عَلى الله، ومَن انتقصَ مَنهُنَّ شَيئا، فأدركَهُ اللهُ بِه في الدنيا كانت عقوبَتُه، ومَن أخَّر إلى الآخرة، كانَت أمْرهُ إلى اللهِ إن شاءَ عذَّبَهُ وإن شَاءَ غَفر لَه)**[2] واتە: هەرکەسێك وەفا بەو ئایەتانە بکات ئەوە پاداشتی لەلای خوایە، هەرکەسێکیش شتێکیان لێ کەم بکاتەوە، خوا لە دنیادا حەقی لێ وەرگرتەوە، ئەوە سزاکەی لە دنیا وەرگرتووە، وە هەرکەسێك دوای بخات بۆ ڕۆژی دوایی، ئەوە فەرمانی لە لای خوایە، ئەگەر بیەوێ سزای دەدات، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت. ئیبنو حاتەم ڕیوایەتی کردوە، وە حاکم بەڕاستی داناوە، وە موحەممەدبکوڕی نصر لە (اعتصام) ڕیوایەتی کردووە.

وتم: وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ وەسیەتی بۆ ئوممەتەکەی نەکردوە مەگەر بەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە لەسەر زمانی، وە لە کتێبەکەی کە دابەزاندووە ﴿ تِبْيَٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ النحل. (واتە: ڕوونکەرەوەیە بۆ هەموو شتێ، وە ڕێنموونی و میهرەبانی و مژدەیە بۆ موسڵمانان). ئەم ئایەتانە وەسیەت و ڕاسپاردەی خواو وەسیەتی پێغەمبەرەکەین ﷺ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن مُعَاذ بن جبل قال كنت رِدْيفَ النَّبِيِّ ﷺ على حِمَارٍ فقال لي: يا مُعَاذُ أَتَدْرِي ماحَقُّ اللَّهِ على العِبَادِ، وما حَقُّ الْعِبَادِ على اللَّهِ قلت: الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قال: حَقُّ اللَّهُ على الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ ولا يُشْرِكُوا بِهِ شيئا وَحَقُّ الْعِبَادِ على اللَّهِ أَنْ لَا يُعَذِّبَ من لَا يُشْرِكُ بِهِ شيئا، قلت: يا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا أُبَشِّرُ الناس؟ قال: لَا تُبَشِّرْهُمْ فَيَتَّكِلُوا)[3]. **أخرجاه في الصحيحين.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە، وتی: من لە پشتی پێغەمبەرەوە بووم لەسەر گوێدرێژێك، پێمی فەرموو: ئەی موعاذ ئایا تۆ دەزانی مافی خوا چیە لەسەر بەندەکان و مافی بەندەکانی چین لەسەر خوا؟ وتم: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن. فەرمووی: مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە بیپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن، مافی بەندەکانیش لەسەر خوا ئەوەیە سزای ئەوکەسە نەدات هاوبەشی بۆ دانەنات، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا مژدە نەدەم بە خەڵکی؟ فەرمووی: مژدەیان پێ مەدە دوایی بۆ خۆیان پاڵ دەدەنەوە و پشتی پێ دەبەستن.

• • • •

وە (**مُعَاذ بن جبل**): ئەو کوڕی عەمری کوڕی ئەوسی ئەنصاری خەزرەجیە، باوکی (عبد الرحمن) هاوەڵی بەناوبانگ لە پیاوە ناودارەکانی ناو هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ، بەشداری بەدرو دوای ئەویشی کردوە، کۆتایی لە لە زانست و حوکمەکان قورئان بەو دەگات، خوای لێ ڕازی بێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**معاذ يُحشَرُ يَومَ القِيامةِ أمامَ العُلَمَاءِ بِرَتْوةٍ**)[1] واتە: موعاذ لە ڕۆژی دواییدا هەنگاوێك لە پێش هەموو زانایان حەشر دەکرێت. لە فەرهەنگدا (**الرتوة**) بەم مانایانە هاتووە: هەنگاو، ڕێزو شکۆ لە زەویدا، ساتێکی کەم لە کات، بانگەواز، دڵۆپە ئاوێك، ئەندازەی تیرێك کە بهاوێژرێ، یان وەکو میل یان بەدرێژایی بڕکردنی چاو. (**الراتي**): زانای خواناس.

لە (**النهاية**)دا وتویەتی: موعاز پێشی زانانیان دەکەوێت بە(**رتوة**) واتە: وەکو هاوێشتنی تیر، وە وتراوە: بە میل، وە وتراوە: بە درێژایی چاو بڕ کردن، ئەم سێ مانایە زیاتر لەمانای فەرموودەکە دەچن، موعاذ لە هەژدەیەمی کۆچی لە شام کۆچی دوایی کرد بە پەتای (عمواس) پێغەمبەر ﷺ ئەسەر خەڵکی مەککە کردبووی بە خەلیفە لە ڕۆژی ئازادکرنیدا، فێری ئاینی دەکردن.

وتەی: (**كنت رِدْيفَ النَّبِيِّ** ﷺ) بەڵگەی تێدایە لەسەر دروستی سواربوون لەپشتی کەسێکەوە ئەسەر ئاژەڵ، وە فەزڵ و چاکەی موعازیش.

وتەی:(**على حِمَارٍ**) لە ڕیوایەتێکدا ناوی ئەو گوێدرێژە (عوفەیر) بووە، وتم: موقەوقس دەسەڵاتداری میسر پێشکەشی کرد، وە خۆ بەکەم زانینی پێغەمبەریشی تێدایە بە سواربوونی گوێدرێژو خستنە سەری کەسێکی دیکەش لەپشتیەوە، پێچەوانەی ئەوەی لووت بەرزان لەسەرین.

وتەی: (**أَتَدْرِي ماحَقُّ اللَّهِ على العِبَاد**) پرسیاری کردوە بە شێوەی (استفهام) تازیاتر بچێتە ناخەوە و ڕەوانتر بێت لە تێگەیشتنی فێرخواز (وحق الله على العباد) ئەوەیە کە خوا شایستەیەتی لای بەندەکانی لەسەریان (وحق العباد على الله) مانای ئەوەیە ئەوە هەر دێتە جێ و مەحاڵ نیە، چونکە پەیمانی پێداون وەکو پاداشتێك لەسەر یەکتاپەرستی ﴿وَعْدَ ٱللَّهِ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥ﴾ **الروم**. (واتە: ئەوە بەڵینی خوایە خوایش پێچەوانەی بەڵینی خۆی ناکات).

شێخی و ئیسلام فەرموویەتی: کەسی گوێڕایەڵ شایستەی پاداشتی خوایە، ئەویش شایستەبوونی بەهرەو چاکەیە، نەك شایستە بوون لە بەرانبەر کردەوەکەیدا، هەر وەکو شایستەبوونی بۆ بەدیهێنراو لەسەر بەدیهێنراو، جا هەندێ لەخەڵکی دەڵێن: شایستە بوون هیچ مانایەکی تێدا نیە، مەگەر ئەوە نەبێ خوا هەواڵی پێداوە و پەیمانەکانیشی ڕاستن، بەڵام زۆربەی خەڵکی شایستەبوونێکی زیاد لەمە دەسەلمێنن، وەکو چۆن قورئان و سوونەت بەڵگەن لەسەری، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ **الروم**. (واتە: یارمەتیدانی بڕوادارانمافێکە لەسەرمان) ئەهلی سوننە دەڵێن: ئەو زاتە ڕەحمەتی لەسەر نەفسی خۆی نوسیوە، حەقیشی لەسەر نەفسی خۆی پێویست و واجب کردوە، هیچ بەدیهێنراوێك پێویستی نەکردوە لەسەری، موعتەزیلەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو حەقە لەسەر خوا واجب و پێویستە بەقیاسکردن لەسەر بەدیهێنراوەکان، وە بەندەکان خۆیان گوێڕایەڵی خوا دەکەن بەبێ ئەوەی بیانگێڕێ بە گوێڕایەڵ بۆ خۆی، ئەو بەندانە شایستەی

---

(١)هذا الحديث ورد عن عمر وجابر وأنس، وأيضاً ورد مرسلًا، وهو صحيح بطرقه، وانظر في الصحيفة ١٠٩١.

پاداشتن بەبێ ئەوەی خوا پێویستی بکات لەسەر خۆی، هەڵەیان کرد لەمەدا، ئەم بابەتە جەبریەو قەدەریەکان هەڵەیان تێدا کردوە شوێنکەوتوانی جەهم و قەدەریە ڕەتکەروەکان.

وتەی:(**قلت: الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ**) (واتە: وتم: خواو پێغەمبەرەکەی دەیزانن) ئەمە جوانی ئەدەب و ڕەوشتی تێدایە لە لایەن فێرخوازەوە، بێگومان پێویستە لەسەر ئەوکەسەی پرسیاری لێ دەکرێ لەوەی نایزانی ئەوە بڵێت، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی کە زۆر لە خۆیان دەکەن شتێ بڵێن کە وانیە.

وتەی: (**أَنْ يَعْبُدُوهُ ولا يشركوه بهشيئا**) واتە: بەتاك و تەنهایی پەرستشی بۆ ئەنجام بدەن، بەڕاستی ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت: چاکی کردووە کە پێناسەی عیبادەتی بە پێناسەیەکی کۆکەرەوە کردووە، جا فەرموویەتی:

وعبادة الرحمن غاية حبهِ	مع ذل عابده هما قطبان
وعليهما فلك العبادة دائر	مادار، حتى قامت القطبان
ومداره بالأمر - أمر رسوله	لا بالهوى والنفس والشيطان

وتەی:(**ولا يُشْرِكُوا بِهِ شيئا**) واتە: بەتاك و تەنها بیپەرستن، خۆدارنین پێویستە لە هاوبەشدانان لە پەرستشدا، هەرکەسێك خۆی دانەڕنێت لە هاوبەشدانان ئەوە بە پەرستشی خوا بە تاك و تەنها هەڵنەساوە، بەڵکو ئەوە هاوبەشدانەرە بێگومان بۆ خوا هاوبەشی داناوە، ئەمە مانای قسەی دانەرە.

وە ئەوەی تێدایە کە بەڕاستی پەرستش بریتیە لە یەکتاپەرستی، چونکە دژایەتی لەو پێناوەدایە، وە لەهەندێ لە شوێنەواری خواییەوە هاوتووە: (**إِنِّي وَالجِنُّ وَالإِنْسُ في نبأ عَظيمٍ أخلُقُ ويُعبَدُ غَيري وأرزُقُ ويُشكرُ سواي خَيري الى العبادِ نازِلٌ وَشَرُّهُم اليَّ صاعدٌ أتَحَبَّبُ اليهِم بالنِعمِ ويتبغضون اليَّ بالمعاصي**)(١١) واتە: من و جنۆکە و ئادەمیزاد لە هەواڵێکی مەزندان، من دروست دەکەم کەچی جگە لە من دەپەرسترێ، ڕزق و ڕۆزی دەدەم سوپاسگوزاری جگە لەمن دەکرێ، چاکەی من بۆ بەندەکان دادەبەزێ، خراپەی ئەوانیش بۆ لای من بەرز دەبێتەوە، خۆشەویستیان بۆ دەردەبڕم بە بەهرەو نیعمەتەکانم، ئەوانیش ڕق و کینەیان بۆم دەردەخەن بەسەرپێچی.

وتەی:(**وَحَقُّ الْعِبَادِ على اللَّهِ أَنْ لَا يُعَذِّبَ من لَا يُشْرِكُ بِهِ شيئا**) (واتە: مافی بەندەکانیش لەسەر خوا ئەوەیە سزای ئەوکەسە نەدات هاوبەشی بۆ دانەنات) (**الحافظ**) ئیبنو حەجر دەڵێ: کورتی هەڵهێناوە لەسەر ڕەتکردنەوەی هاوبەشدانان، چونکە یەکتاپەرستی دەخوازێت بە پێویست بوون، هەروەها چەسپاندنی پەیامی پێغەمبەرایەتیش پێویست دەکات، چونکە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بەدرۆ بزانێت ئەوە خوای بەدرۆ زانیوە، هەرکەسێکیش خوا بەدرۆ بزانێت ئەوە هاوبەشدانەرە، یان وەکو وتەی قسەکارە: هەرکەسێك دەستنوێژ بگرێت نوێژەکەی ڕاستە، واتە: لەگەڵ هەموو مەرجەکان.

وتەی: (**أَفَلَا أُبَشِّرُ الناس؟**) **سوننەتی** مژدەدانی موسڵمانی تێدایە بەو شتەی دڵخۆشی دەکات، ئەوەیشی هاوەڵان لەسەری بوون لە مژدەدان بە شتێکی وەکو ئەمە.

---

(١) روى شطره الأول البيهقي في الشعب(٤٢٤٣)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة(٢٣٧١)، وشطره الأخير أنظر أيضاً الضعيفة(٣٢٨٧).

وتەی: (**لَا تُبَشِّرْهُمْ فَيَتَّكِلُوا**) واتە: پشت بەوە ببەستن، واز لە کێبڕکێ بهێنن لەسەر کردەوەکان.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (**فأخبر بها معاذ عند موته تاثما**) واتە: **موعاذ** هەواڵی بەو فەرمودەیە دا لەکاتی مردندا لەبەر ئەوەی گوناهبار نەبێت.

وەزیر ئەبو موزەفەر وتویەتی: نەیدەشاردەوە مەگەر لە نەفامێك، نەفامیەکەی بیبات بەرەو ڕەوشتی خراپ، بە وازهێنان لە گوێڕایەڵی خوا، بەڵام کەسانی ژیر و هۆشیار ئەوانەی ئەگەر وێنەی ئەمەیان ببیستایە ئەوە زیاتر گوێڕایەڵی خوایان دەکرد، وە وایان دەبینی کە نازوونیعمەتی زیاتر گوێڕایەڵی زیاتر دەخوازێ، هیچ پێویست ناکات لەوانە بشاردرێتەوە.

وە لەم بەشەدا سوودی زیاتر هەیە جگە لەوەی لە پێشەوە باسکرا: هاندان لە سەر پاڵفتەکردنی بەندایەتی بۆ خوا، وە ئەو بەندایەتیە هیچ سوودێك ناگەیەنێ لەگەڵ هاوبەشداناندا، بەڵکو هەر پێشی ناوترێت پەرستش، وە ئاگادارکردنەوە لەسەر مەزنی مافی دایك و باوك و قەدەغەکردنی ئازاردانیان، ئاگادار کردنەوە لەسەر مەزنی ئایەتە موحکەمەکان لە سورەتی (الانعام)دا، وە دروستی شاردنەوەی زانست لەبەر بەرژەوەندیەك.

وتەی: (**أخرجاه**) واتە: بوخاری و موسلیم، بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت ناوی مەحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی (**بردز به، الجعفي**) گەورەیانە، (**الحافظ**) فەرموودە لەبەری گەورە، خاوەن صەحیح و (مێژو) ئەدەبی موفرەدە)، وە جگە لەوانیش لە نوسینەکانی دیکەی، ڕیوایەتی کردوە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و حومەیدی و ئیبنولمەدینی و چینەکەی ئەوانیش، لێیانەوە ڕیوایەتی کردووە هەریەك لە موسلیم و **ترمزی** و فیرەبری، لە ساڵی سەدو نەوەدو چوار لەدایك بووە، لە ساڵی دووسەدو پەنجاو شەش کۆچی کردوە.

موسلیمیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت کوڕی حەجاجی کوڕی موسلیمی باوکی حوسێنی قوشەیری نەیسابوریە، خاوەن کتێبەکانی (صەحیح و علل و (الوحدان) جگە لەوانیشە، ڕیوایەتی کردوە لە ئەحمەدو یەحیاو بن موعین و ئەبی حەنیفەو ئیبنو ئەبی شەیبەو چینەکانی، وە ڕیوایەتیان کردوە لێیەوە هەریەکە لە **ترمزی** و ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی کوڕی سوفیان، ڕاوی صەحیح جگە لەوانیش، لە ساڵی دووسەدو چوار لەدایك بووە، لە دووسەدو شەست و یەك لە نەیسابور کۆچی کردوە. ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: حیکمەت لە دروستکردنی جنۆکەو ئادەمیزاد.

دووەم: بەڕاستی پەرستش بریتیە لە یەکتاپەرستی، چونکە دژایەتیەکە لەودایە.

سێیەم: بێگومان هەرکەسێك بەیەکتاپەرستی هەڵنەسێت، پەرستشی خوای نەکردوە، ئەمەش مانای فەرمایشتی خوایە کە دەفەرموێت: ﴿وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣﴾ **الكافرون**. (واتە: وە ئێوەش ئەو خوایە ناپەرستن کە من دەیپەرستم).

چوارەم: حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران.

پێنجەم: بێگومان پەیامی پێغەمبەر ﷺ هەموو ئوممەتی گرتەوە.

شەشەم: بەڕاستی ئاینی پێغەمبەران یەك ئاینە.

حەوتەم: مەسەلەی گەورە ئەوەیە کە بەڕاستی پەرستشی خوا بەدەست نایەت مەگەر بە کوفر کردن بە طاغووت، لەوبارەیەوە ئەو ئایەتە هەیە: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ﴿٢٥٦﴾﴾ البقرة. (واتە: ئینجا هەر کەس لە رێی بێبڕوایی بگەڕێتەوە بێ باوەڕ بێ بەهەر پەرستراوێك جگە لەخوا ئەوە بێگومان بە تووندی دەستی گرتووە بە دەستە گیرپەییەکی قایمی بەهێزی وا کە ئیسلام یان ئیمانەکەیەتی)

هەشتەم: طاغووت ناوێکی گشتگیرە بۆ هەموو ئەوانەی دەپەرسترێ لە غەیری خوا.

نۆیەم: گەورەیی ئەو سێ ئایەتە موحکەمە لە سورەتی (الأنعام) لە لای پێشین، کە ١٠ مەسەلەی تێدایە، یەکەمینیان: ڕێگری کردنە لە هاوبەشدانان.

دەیەم: ئایەتە موحکەمەکان لە سورەتی (الإسراء)، هەژدە مەسەلەی تێدایە خوا دەستی پێ کردوە بە ﴿لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ﴿٢٢﴾﴾الإسراء. (واتە: ئەی ئادەمی لەگەڵ خوادا پەرستراوێکی تر مەپەرستە ئەگینا دەبیتە لۆمەکراوی یارمەتی نەدراو) وە کۆتایی پێهێناوە بە وتەی خۆی: ﴿وَلَا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلْقَىٰ فِى جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدْحُورًا ﴿٣٩﴾﴾الإسراء. (واتە: وە هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا مەپەرستە ئەگینا فڕێ دەدرێیتە ناو دۆزەخەوە)، وە خوا ئاگاداری کردوینەتەوە لەسەر مەزنی و گەورەیی ئەم مەسەلانە، بە وتەی خۆی ﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوْحَىٰٓ إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلْحِكْمَةِ ﴿٣٩﴾﴾الإسراء. (واتە: ئەوەی کە باسکرا هەندێکە لەو دانایی و حیکمەتەی کە پەروەردگارت نیگای کردوە بۆت).

یازدە: ئایەتی سورەتی (النساء) کە ناو نراوە بە ئایەتی دە (١٠) مافەکە، خوا دەستی پێ کردوە بە وتەی خۆی: ﴿وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ﴿٣٦﴾﴾النساء.

دوازدە: ئاگادارکردنەوە لەسەر وەسیەتی پێغەمبەری خوا لەکاتی مردنیدا.

سێزدە: زانینی مافی خوا لەسەرمان

چواردە: زانینی مافی بەندەکان لەسەر خوا، ئەگەر مافی جێبەجێ بکەن.

پازدە: ئەمە مەسەلە زۆربەی هاوەڵان نەیانزانیوە.

شازدە: دروستی شاردنەوەی زانست لەبەر بەرژەوەندی.

حەڤدە: سوننەت بوونی مژدەدانی موسڵمان بەوەی پێی خۆشە.

هەژدە: ترسان لە پاڵدانەوە لەبەر بە فراوانی ڕەحمەتی خوا.

نۆزدە: وتەی پرسیار لێکراو لەوەی کە نایزانێت بڵێت: خواو پێغەمبەرەکەی دەیزانن.

بیستەم: دروستی تایبەت کردنی هەندێ لە خەڵکی بە زانست جگە لە هەندێکی دیکە.

بیست و یەك: خۆبەکەم دانانی پێغەمبەر ﷺ بە سواربوونی گوێدرێژ لەگەڵ ئەوەی کەسێکیش بخاتە پشتی خۆیەوە.

بیست و دوو: دروستی دانیشتن لە پشتی کەسێکەوە بەسەر ئاژەڵەوە بێت.

بیست و سێ: فەزڵ و چاکەی موعازی کوڕی جەبەل.

بیست و چوار: بە مەزندانانی پلەو پایەی ئەم مەسەلە کە یەکتاپەرستیە.



بەشی ١

ڕونکردنەوەی فەزڵ و گەورەیی یەکتاپەرستی، ئەوەشی دەبێتە کەفارەت بۆ گوناهەکان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب بيان فضل التوحيد وما يُكَفِّرُ من الذنوب

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێ: بەشی ڕونکردنەوەی ڕێزو گەورەیی یەکتاپەرستی، ئەوەشی دەبێتە کەفارەت بۆ گوناهەکان.

.....

(باب) خەبەرە (مبتدأ)ەکەی لابراوە دادەنرێت بە (هذا)، وتم: دروستیشە ببێتە (مبتدأ) خەبەرەکەی لابرابێت دابنرێت (هذا). و(ما) دروستە ببێتە (موصوله) ئەوەی بۆی دەگەڕێتەوە لابرابێت، خەبەرەکەی واتە: ڕوونکردنەوەی (بيان)ی ئەوەی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکان، (وتكفير الذنوب) وە دروستە ببێتە (مصدرية)، بوونی بە کەفارەتی گوناهەکان. وە دووەمیان زیاتر ئاشکرایە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾ الأنعام.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم (هاوەڵ دانان نەکردوە) هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە هەر ئەوانەش ڕێنموون کراون).

.....

ئیبنو جەریر وتویەتی: (**مُثَنًّى**) بۆمی باس کرد -بە سەنەدی خۆی هێنای- لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە، وتی: ئیمان: بریتیە لە دڵسۆزی بۆ خوا بەتەنها.

ئیبنو کەثیر دەربارەی ئایەتەکە وتویەتی: واتە: ئەوانەی کە بە دڵسۆزی پەرستشیان بۆ خوای پوخت کردۆتەوەو هیچ شتیان نەکردۆتە هاوبەشی، ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا لە ئاسایشدان، ڕێنمایی

کراون لە دنیاو دواڕۆژ. زەیدی کوڕی ئەسلەم و ئیبنو ئیسحاق وتویانە: ئەمە لە چاکەی خوایە لەسەر یەکلاکردنەوەی دادوەری لە نێوان ئیبراهیم و گەلەکەی.

لە ئیبنو مەسعودەوە: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزیە خوارەوە وتیان: کێ لە ئێمە ستەمی نەکردووە لە نەفسی خۆی؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لَيْسَ بِذلكُم، أَلَمْ تسْمعوا إلى قولِ لقمان**) واتە: بەو شێوە نیە، ئایا قسەی لوقمانتان نەبیستووە: ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾**لقمان**. (واتە: چونکە بەڕاستی هاوبەش دانان بۆ خوا ستەمێکی زۆر گەورەیە).

وە بوخاری بەسەندی خۆی هێناویەتی، لە (عبد الله)وە (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ ﴿٨٢﴾﴾ **الأنعام**. (واتە: ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم هاوەڵدانان نەکردوە) وتمان: ئەی پێغەمبەر ﷺ، کێ لە ئێمە ستەم لە نەفسی خۆی ناکات؟ فەرمووی: (**لَيسَ كَمَا تَقُولُونَ، لَمْ يَلبِسُوا إيمانَهُم بِظُلْمٍ، بِشركٍ. أوَ لَمْ تَسْمَعُوا إلى قَولِ لُقمان لإبنه**) بەو جۆرە نیە کە ئێوە دەیڵێن، بڕواکەیان تێکەڵ نەکردوە بە (**ظلم**): هاوبەست پێی هاوبەش دانانە. ئایا قسەی لوقمانتان نەبیستووە بۆ منداڵەکەی: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾[1]**لقمان**. (واتە: ئەی کوڕە شیرینەکەم هاوبەش بۆ خوا دامەنێ بەڕاستی شیرك تاوانی ستەمی هەرە گەورەیە)، ئەم فەرموودەیە لە صەحیح (المستدرك) و جگە لەوانیشدا هاتووە.

وە لە لای ئەحمەدیش بە وێنەی ئەو لە (عبد الله)وە وتی: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ ﴿٨٢﴾﴾ ئەوە گران بوو لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، جا وتیان: ئەی پێغەمبەر ﷺ، کێ لە ئێمە ستەم لە نەفسی خۆی ناکات؟ فەرمووی: (**إِنَّهُ لَيسَ الذِي تَعْنُونَ، أَلَمْ تَسْمَعُوا ما قال الْعَبْدُ الصَّالِحُ**) واتە: ئەمە ئەوە نیە کە ئێوە پێتان وایە، ئایا نەتان بیستووە ئەو چاکە چی فەرمووە: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾﴾ **لقمان**. بەڵکو ئەوە هاوبەشدانانە[2].

لە عومەرەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ئەو تەفسیری کردوە بە گوناە. جا ماناکە بەوشێوەی لێ دێت: هێمنی و ئاسایش بوون لە هەموو سزایەك. حەسەن و کەلبی دەڵێن: ئەوانە ئارامی و ئاسایشیان بۆ هەیە لە ڕۆژی دواییدا، وە ڕێنمایی کراون لە دنیادا.

شێخی ئیسلام دەڵێ: ئەوەی گران بوو بەسەریانەوە بێگومان ئەوان گومانیان وابوو کە ستەم (**الظلم**) بجوونی بە مەرج گیراوە، بریتیە لە ستەم کردنی بەندە لە نەفسی خۆی، وە ئاسایش و ڕێنمایی نیە، مەگەر بۆ کەسێ ستەمی لە نەفسی خۆی نەکردبێ، پێغەمبەر ﷺ بۆیانی ڕوون کردەوە نیشانی دان کە بەڕاستی (**الشرك ظلم**) هاوبەشدانان ستەمە لە کتێبی خوادا، ئارامی و ئاسایش و ڕێنمایی بەدەست دێت بۆ کەسێ بڕواکەی تێکەڵ کردبێ بەم (**الظلم**) هاوبەشدانانە، بێگومان هەر کەسێ ئیمانەکەی تێکەڵ نەکردبێ بەم (**الظلم**)ە لە ئەهلی ئاسایش و ڕێنماییە، وەکو چۆن لە خەڵکانی هەڵبژێردراو

١- أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٣٦٠)فتح، ومسلم في الإيمان(٢٤) عبد الباقي.

٢- أخرجه أحمد (٣٥٨٩).

لە فەرمایشتی خوا دا ﷻ: ﴿ ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ وَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞ وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ٣٢ ﴾ **فاطر**. (واتە: لە پاشان ئەم قورئانەمان بەخشی بە کەسانێ کە لەناو بەندەکانماندا هەڵمان بژاردن ئینجا هەندێکیان ستەمکارن لە خودی خۆیان وە هەندێکیان مام ناوەندین وە هەندێکی تریان بە فەرمانی خوا پێشکەوتوون بەهۆی چاکەکانیانەوە ئەم (قورئان پێدانە) لە خۆیدا بەهرەیەکی گەورەیە).

ئەمەش ئەوە ڕەتناکاتەوە تۆڵەی ئەوەی لێناکرێتەوە ئەگەر ستەمی لە نەفسی خۆی کردبێ، ئەگەر تەوبە نەکات هەر وەکو خوا فەرموویەتی: ﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ٨ ﴾ **الزلزلة**. (واتە: ئینجا هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك چاکەی کردبێ دەیبینێتەوە* وە هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك خراپەی کردبێ دەی بینێتەوە). ئەبو بەکری (الصدیق) (خوای لێ ڕازی بێت) پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، کێ لە ئێمە خراپەی نەکردووە؟ ئەویش فەرمووی: ئەی ئەبوبەکر(**أَلَسْتَ تَنْصَبُ؟ أَلَسْتَ تَحْزَنُ؟ أَلَسْتَ تُصِيبُكَ اللأْوَاءُ؟ قال: بَلَى، قال: فَهُوَ ما تُجْزَوْنَ بِهِ**) واتە: ئایا ماندوو نابی و نەخۆش ناکەوی؟ ئایا خەمبار نابی؟ ئایا تووشی دەست تەنگی و ناڕەحەتی نابی؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: بەوانە تۆڵەتان لێ دەکرێتەوە[1]. جا ڕوونی کردەوە بڕوادار کاتێ کە مرد دەچێتە بەهەشتەوە، هەندێ جار بەهۆی تاوانەکانیەوە لە دنیادا تۆڵەی لێدەکرێتەوە بە موسیبەت و بەلاکان، هەرکەسێك پارێزراو بێت لە ڕەگەزەکانی ئەم سێ ستەمە: هاوبەش دانان، ستەم کردن لە بەندەکان، وە ستەمکردنی لە نەفسی خۆی بەوەی لە خوار هاوبەشدانانەوەیە، ئەوە ئاسایشی تەواو ڕێنمایی تەواوی بۆ هەیە، هەرکەسێ پارێزراو نەبێ لە ستەمکردنی نەفسی خۆی، ئەوە ئاسایش و ڕێنمایی ڕەهای بۆ هەیە، بە مانای ئەوەی هەر دەبێ بچێتە بەهەشتەوە، وەك بەڵێنی پێدراوە لە ئایەتێکی دیکەدا: بێگومان خوا ڕێنمایی کردوە بۆ لای ڕێگای ڕاست کە دەرەنجامەکەی بۆ بەهەشتە، وە ئاسایش و ڕێنمایی کەم و کورتی تێدەکەوێت، بەپێی ئەوەی کەمی کردووە لە بڕواکەی بە ستەم کردن لە نەفسی خۆی.

مەبەست لە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**إنَّما هو الشرك**) ئەوە نیە، هەرکەسێ هاوبەش بۆ خوا دانەنەنات (**الشرك الأكبر**) ئەوە ئارامی و ئاسایش و ڕێنمایی تەواوی بۆ هەیە، چونکە بەڕاستی فەرموودە زۆرەکانی لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا، ڕوونی دەکەنەوە کە بەڕاستی خاوەن گوناهە گەورەکان ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە، ئارامی و ئاسایشی تەوا و ڕێنمایی و هیدایەتی تەواویان بۆ دەستەبەر نابێت، کە بە هۆی ئەو دوانەوە ڕێنمایی کراون بۆ ڕێگای ڕاست، ڕێگای ئەوانەی خوا نازو نیعمەتی ڕشتووە بەسەریاندا، بە بێ سزا دەستەبەر بێت بۆیان، بەڵکو بنەمای (أصل) ڕێنماییان بۆ هەیە بۆ ئەم ڕێگایە، وە بنچینەی نیعمەتی خوایان هەیە، وە هەر دەبێ بچنە بەهەشتەوە.

وە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**إنَّما هو الشرك**) ئەگەر مەبەستی پێی هاوبەش دانانی گەورە بێت، ئەوە بێگومان مەبەستەکەی ئەوەیە ئەو کەسە لە هاوبەش دانەران نەبێت، ئەوە بێگومان پارێزراوە لەوەی هاوبەشدانەران پەیمانیان پێ دراوە لە سزای دنیاو دوارۆژ، وە ئەگەر چی مەبەستی پێی

---

(١) أخرجه أحمد ٦٨-٧١، وصححه بشواهد الشيخ الألباني كما في الضعيفة (٢٩٢٤).

ڕەگەزی هاوبەشدانان بێت، دەوترێ: (**ظلم العبد نفسه**) واتە: ستەم کردنی بەندە لە نەفسی خۆی -وەکو چروکی کردنی لەبەر خۆشویستی مآڵ لەبەرانبەر هەندێ مافی واجب و پێویست- ئەوە هاوبەش دانانی بچووکە (**الشرك الأصغر**)، وە خۆشویستنی بۆ ئەو شتەی کە خوا ڕقی لێ دەبێتەوە تا هەواو نەفسی پێش دەخات بەسەر ئەوەی خوا پێی خۆشە، ئەوەش هاوبەش دانانی بچووکە، وە وێنەی ئەوانەش، ئەمە ئاسایش و ڕێنمایی لە دەست دەدات بە پێی ئەو گوناهانەی دەیکات، لەبەر ئەمەیە زانایانی پێشین تاوانەکانیان دەخستە چوار چێوەی ئەم هاوبەش دانانەوە بەم ئیعتیبارە. ئینولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ٨٢﴾ هاوەڵان وتیان: جا کێ لە ئێمە ئەی پێغەمبەری خوا ئیمانی تێکەڵ نەکردوە بە ستەم؟ فەرمووی: (**ذلِكَ الشرك. أَلَمْ تَسْمَعُوا ما قال الْعَبْدُ الصَّالِحُ**) واتە: ئەوە هاوبەش دانانە، ئایا نەتان بیستووە ئەو پیاو چاکە چی فەرمووە: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾ کاتێ کە مەبەست لە (**الظلم**) ئاڵۆز بوو لە لایان، واگومانیان برد ستەم کردن لە نەفس دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، هەرکەسێك ستەم لە نەفسی خۆی بکات، -هەر ستەمێك بێت- ئەوە نە ئارامی و ئاسایشی بۆ هەیەو نە هیدایەت و ڕێنمایی، پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دانەوە بەوەی ئەو ستەمەی کە ئاسایش و هیدایەت لادەبات بە ڕەهایی بریتیە لە هاوبەشدانان.

سوێند بەخوا ئەمە وەڵامێکە شیفای نەخۆش دەداو، تینوو تێر ئاو دەکات، بێگومان زوڵمی ڕەهای تەواو (**الظلم المطلق التام**) بریتیە لە هاوبەش دانان. کە ئەویش ئەنجامدانی پەرستشە لە غەیری جێگای خۆی. وە ئاسایش و ڕێنمایی ڕەهاش (**والأمن والهدى المطلق**) هەردوکیان: بریتین لە ئاسایش (**الأمن**) لە دنیا و دواڕۆژدا.

هیدایەت و ڕێنماییش (الهدى) بۆ ڕێگای ڕاست. جا زوڵمی ڕەهای تەواو (**الظلم المطلق التام**) ئاسایش و ڕێنمایی وەرگرتنی تەواو ناهێڵی بۆ بەندە، ئەوەش ڕێگری ناکات کە ئەصڵی زوڵم (**مطلق الظلم**) ڕێگر بێت لە ئەصڵی ئاسایش و ئەصڵی هیدایەت (**مطلق الأمن ومطلق الهدى**). جا چاك سەرنجی بدەو بیر بکەرەوە. ڕەها بۆ ڕەها، وە بەش بۆ بەش.

فەرمودەی عوبادە هەرکەس شایەتی بدات (**أن لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) تا کۆتاییەکەی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن عبادة بن الصامت قال: قال رسول الله ﷺ: من شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ له وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَأَنَّ عِيسَى عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إلى مَرْيَمَ وَرُوحٌ منه وَالْجَنَّةُ حَقٌّ وَالنَّارُ حَقٌّ أَدْخَلَهُ الله الْجَنَّةَ على ما كان من الْعَمَلِ)[1] أخرجاه.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عبادەی کوڕی صامیتەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (واتە: هەرکەسێ شایەتی بدات کە بەڕاستی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوای تاك و تەنهای بێ هاوبەش، وە بەڕاستی موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوایە، وە عیسا علیه السلام بەندەو پێغەمبەری خوایە و وتەی خۆیەتی ناردی بۆ لای مەریەم، وە گیانێکە لەلایەن خواوە بەخشراوە، ئاگر حەقە و بەهەشت حەقە، خوا دەیخاتە بەهەشتەوە لەسەر ئەوەی بووە لە کردووە.

.....

عبادەی کوڕی صامیت کوڕی قەیسی کوڕی قەیسی ئەنصاری خەزرەجی باوکی وەلید یەکێکە لە سەرمەشق و، هاوەڵی بەدر بووە، بەناوبانگ بووە لە ڕەملە لە سالّی سی و چواری کۆچی کۆچی دوایی کردووە، تەمەنی حەفتاو دوو ساڵ بووە، وتراوە: تا سەردەمی خەلافەتی مەعاویە ژیاوە.

وتەی: **(من شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** واتە: هەر کەسێ دانی پێدابنێ و ماناکەی بزانێت و کار بە ناوەڕۆکەکەی بکات بە ئاشکراو بە نهێنی، هەر دەبێ لە هەردوو شایەتیداندا زانیاری و دڵنیایی و کردەوەی بە ناوەڕۆکەکەی هەبێت، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٩﴾﴾ **محمد.** (واتە: کەواتە دڵنیابەو بزانە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە) وە وتەی : ﴿إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلۡحَقِّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٨٦﴾﴾ **الزخرف.** (واتە: مەگەر کەسانێ شایەتیان بە هەق دابێ وە هەقیان زانیوەو ئاگادار بوون)

بەڵام دان پێدانان و دەبڕینی شایەتمان بەبێ زانینی ماناکەی و بەبێ دڵنیا بوون لێی و کردەوە کردن بەوەی کە دەیخوازێ: لە خۆبەری کردن لە هاوبەشدانان، وە پوختەکردنی وتەو کردار ، وتەی دڵ و زمان و کردەوەی دڵ و ئەندامانی جەستە، ئەوە بە یەکدەنگی زانایان هیچ سودێکی نیە.

قورطوبي لە کتێبی (المفهم على صحيح مسلم)دا وتویەتی لە: (بەشی تەنها دەربڕینی شایەتمان بەس نیە) بەڵکو هەر دەبێ دڵنیایی دڵی لەگەڵدا بێت -ئەم لێکدانەوەیە ئاگادار کردنەوەیە لەسەر خراپی مەزهەبی ئەو مورجیئانەی کە ڕۆچوون، ئەوانەی پێیان وایە تەنها دەبڕینی شایەتمان بەسە لە ئیماندا.

وە فەرمودەکانی ئەم بەشە بەڵگەن لەسەر فەسادو خراپی ئەو بۆچوونە، بەڵکو ئەوە مەزهەبێکە فەسادی و خراپی دیارە لە شەریعەتدا، بۆ کەسێ کە لە سەری بوەستێ، چونکە ڕێگە دەدات بە بوونی دوو ڕوویی بەشێوەیەکی ئیلزامی، وە حوکم و بڕیار دان بۆ دوو ڕوو بەوەی ئیمانی تەواو ڕاستە، ئەوەش پووچە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

---

(١)أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء ٣٤٣٥ فتح، ومسلم في الإيمان ٢٨ عبد الباقي.

وە لەم فەرمودەدا بەڵگەیە هەیە لەسەر ئەمە، ئەویش فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ: (**من شَهِدَ**) بێگومان شایەتیدان دروست نابێت مەگەر بەزانست و دڵنیایی و دڵسۆزی و ڕاستی.

نەوەوی وتوێەتی: ئەم فەرمودەیە مەزنەو پلەو پایەی گەورەیە، لە کۆکەرەوەترین فەرمودەکانە کە بیر و باوەڕی لەخۆگرتووە، بێگومان پێغەمبەر ﷺ کۆی کردۆتەوە تێیدا ئەوەی دەرمان دەکا لە میللەتەکانی بێبڕوایی، بە جیاوازی بیر و بڕوایان و لێك دووڕیانەوە، جا پێغەمبەر ﷺ کورتی هەڵهێناوە لەم پێتەدا لەسەر ئەوەی هەموویان جیاوازن تێیدا لە (عقیدە).

مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لە خوا، ئەوەش لە زیاد لە جێگەیەکی قورئاندا باسکراوە، لە وتەی (البقاعی)دا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە، وتەی دانەر (**وحدە**) جەخت لەسەر چەسپاندن دەکاتەوە(**لا شريك له**) جەخت لەسەر ڕەتکردنەوە دەکاتەوە، (**الحافظ**) وتوێەتی: هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾ ﴾**البقرة**. واتە: پەرستراوی ئێوە پەرستراوێکی تاك و تەنهایە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە تەنها ئەو نەبێت کە بەخشندەی میهرەبانە). وە فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ **الأنبياء**: ٢٥. واتە: (وە ئێمە نەمان ناردوە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك هەگەر نیگامان بۆ ناردوە بەوەی کە بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێك ڕاست نیە کەواتە تەنها من بپەرستن) وە فەرموویەتی ﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾**الأعراف**. (واتە: وە ناردمان بۆ لای گەلی عاد براکەیان کە هود پێغەمبەرە فەرمووی: ئەی گەلەکەم بە تەنها خوا بپەرستن هیچ پەرستراوێکتان نیە بێجگە لەو دەی ئایا ئێوە پارێزکار نابن) وەکو ڕەتکردنەوەیەك وەڵامیان داوە ﴿ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ ٱللَّهَ وَحْدَهُۥ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا ۖ ﴿٧٠﴾ ﴾ **الأعراف**. (واتە: وتیان ئایا بۆ ئەوە هاتووی بۆ ناومان کە بەتەنها خوا بپەرستین وە وازبێنین لەوەی باوك و باپیرانمان دەیانپەرستن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾ ﴾**الحج**. (واتە: ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا حەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لەخوا هاواری لێ دەکەن دڕۆیەرستن هەر ئەوە بەتاڵ و ناڕاست وە بەڕاستی خوا هەر خۆی بەرزو بڵندو گەورەیە). ئەوانە ڕەتکردنەوەی پەرستراوێتیان لەخۆ گرتووە لە غەیری خوا، ئەویش پەرستشە و چەسپاندنێتی تەنها بۆ خوا بەتاك و تەنها، هیچ هاوبەشێکی نیە، قورئانیش لە سەرەتا تا کۆتایی ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت و ڕێنوێنی بۆ دەکات.

جا پەرستش بە هەموو جۆرەکانیەوە بێگومان لە پەرستنی دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بە خۆشویستن و ملکەچی و خۆزەلیل کردن لەڕووی ئومیدو ترسەوە، هەموو ئەمانە تەنها شیاوە بۆ خوای بەرز، وەك پێشکەوت لە بەڵگەکانی ئەم بەشەو لە پێش ئەم بەشە، هەرکەسێك شتێك هاوەڵ بۆ غەیری خوا بە خەرج بدات، ئەوە کردوویەتیە هاوبەشانی خوا، قسەو کردەوە هیچ سوودی پێناگەیەنێت لەگەڵ ئەوەدا.

باسی وتەی زانایان دەربارەی مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**).

بێگومان وتەی ئیبنو عەباس و وتەی وەزیر ئەبو موزەفەر لە (الإفصاح)دا پێشکەوت، وتەی دانەر: شایەتیدان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) وا دەخوازێ ئەو کەسەی شایەتی دەدات دەبێ زانا بێت بە(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)، هەر وەکو خوا فەرموویەتی: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٩﴾﴾محمد. (واتە: بزانە بێگومان هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لەخوا)، وتی: ناوی (الله) (مرفوع)ە لە دوای (إلا) لەو ڕووەی پێویستە پەرستراوێتی بۆ ئەنجام بدرێ، جگە لەو زاتە کەس شیاوی پەرستراوێتی نیە. وتی: وە کۆی سوودو کەڵك لەوەدا: پێویستە بزانێت کە بەڕاستی ئەم وشەیە کوفر بە طاغوت لەخۆدەگرێ، چونکە تۆ کاتێ پەرستراوێتی ڕەتدەکەیتەوە و جێگیربوونی دەسەلمێنی بۆ خوای پاك و بێگەرد، ئەوە تۆ لەوانەی کە کوفرت بە طاغووت کردووەو بڕوات بەخوا هێناوە.

ئیبنو لقەییم لە (البدائع)دا وتوویەتی، وەك بەڕپەرچدانەوەیەك بۆ وتەی ئەوەی وتویەتی: بەڕاستی (المستثنى) دەرهێنراوە لە (المستثنى منه). ئیبنولقەییم وتویەتی: بەڵکو ئەوە دەرهێنراوە لە (المستثنى منه)و حوکمەکەی، ناچێتە ناو (المستثنى)، جا ئەگەر بەوشێوەیە بێت ئەوە پیاوێك نەدەچووە ناو ئیسلامەوە بە وتەی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) چونکە پەرستراوێتی بۆ خوا نەسەلماندووە، ئەمەش مەزنترین وشەیە کە هەر بەدانانی ڕەتکردنەوەی پەرستراوێتی لەخۆ گرتووە لە غەیری خوا، وە سەلماندوویەتی بۆ خوا بەو وەسفەی تایبەتمەندێتی، جا بەڵگەبوونی لەسەر چەسپاندنی پەرستراوێتی لە ڕوی دەلالەتەوە گەورەترە کە بڵێین: (الله إله) هیچ کەسێك گومانی لەمەدا نیە بە قەطعی.

وتم: گومانی تێدا نیە، بێگومان ئەوە نەچوەتە ناو نەفی و ڕەتکردنەوەوە بەهیچ جۆرێك، چونکە مەبەست لەم وشەیە: بەتاك دانانی خوایە بە پەرستراوێتی لە دڵی یەکتاپەرستدا، وە لە قسەو کردەوەیدا، وەك چۆن ئایەتە موحکەمەکان دەبنە بەڵگە لەسەری، وەك هەواڵیداوە دەربارەی بانگەوازی پێغەمبەرانی: ﴿أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ﴿٣٢﴾﴾المؤمنون. (واتە: تەنها خوا بپەرستن جگە لەو خوایە پەرستراوێکی ترتان نیە) جا پەرستراوێتیان نەفی کردوە لە غەیری خوا، وە چەسپاندویانە بۆ خوا بە تەنها، چونکە بێگومان ئەو زاتە وەسفکراوە بەتاك و تەنهایی لە پەرستراوێتی، هەر لە ئەزەل و هەتا هەتایی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ ﴿٦٢﴾﴾الحج. (واتە: ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا حەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لەخوا هاواری لێ دەکەن و دەیپەرستن هەر ئەوە پووچ و ناڕاستە) وە خوا هەواڵیداوە دەربارەی هاوبەشدانەران، کە ئەوان بێگومان وتیان: ﴿أَجِئۡتَنَا لِنَعۡبُدَ ٱللَّهَ وَحۡدَهُۥ﴾الأعراف. (واتە: وتیان: ئایا بۆ ئەوە هاتووی بۆ ناومان کە تەنها خوا بپەرستین) وێستیان خوای بەرزو مەزن بخەنە چوارچێوەی پەرستراوەکانیان لە عیبادەتکردندا، وە نکوڵیان کرد لەوەی کە پەرستش تەنها بۆ خوا بێت، لەگەڵ ئەوەی زانیاریان هەبوو کە: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ئەوە پووچ دەکاتەوە.

وە یەکسانکردنی پەرستراوەکانیان لەگەڵ خوادا لە پەرستن: بریتیە لە هاوبەشدانانی گەورە کە مانەوەی هەتا هەتایی لەناو ئاگردا پێویست دەکات، جا یەکتاپەرست: پێچەوانەی هاوبەشدانەرە، لە گوفتار و ڕەفتار و نیەتیدا، ئەمەش ئاشکرایە هیچ شاراوەیەکی تێدا نیە، سوپاس بۆ خوا.

ئەبو (عبدالله)ی **قورطوبی** لە تەفسیری (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)دا وتویەتی: هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەخوا.

زەمەخشەری دەڵێ: (**الإله**) لەو ناوانەیە کە بۆ ڕەگەزە (**أسماء الاجناس**)، وەك (الرجل والفرس) بۆ هەموو پەرستراوێك بەکار دێت حەق بێت یان پووچ، پاشان ئەو ناوە زاڵکراوە بەوەی بۆ پەرستراوی حەق (معبود بحق) بەکار بهێنرێ.

شێخی ئیسلام دەڵێ: (**الإله**) بریتیە لە پەرستراوی گوێڕایەڵی کراو، بێگومان (**الإله**) پەرستراوە، پەرستراویش ئەو زاتەیە کە شیاوی پەرستنە، وە بوونی ئەو زاتە شیاوی ئەوەیە بپەرسترێ لەبەر ئەوەیە وەسفکراوە پێی لەو سیفاتانەی کە واپێویست دەکات ئەو زاتە خۆشویستراو بێت بە ئەوپەڕی خۆشویستن، وە ملکەچی بۆ بنوێنرێت بە ئەوپەڕی ملکەچبوون.

وە دەڵێ: بەڕاستی (**الإله**) پەرستراو بریتیە لە خۆشویستراو پەرستراو کە دڵەکان دەیپەرستن بە خۆشویستنی، وە ملکەچ و زەلیل دەبن بۆی، وە لێی دەترسین و ئومێدی دەکەن، ئەنارەحەتیەکاندا دەگەڕێنەوە بۆلای، لە بێزاری و پەستیدا داوای لێدەکەن، لە بەرژەوەندیەکاندا پشتی پێ دەبەسترێ، پەنای پێ دەگرن و دڵنیاو ئارام دەبن بە یادکردنی، بە خۆشەویستی هێمن دەبن، ئەوەش بۆ کەس نیە جگە لە خوای تاك و تەنها، لەبەر ئەمەیە کە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) پەرستراوی قسەیە، شوێنکەوتوانیشی ئەهلی خواو حزب و کۆمەڵی ئەون، ئەوانەیشی نکوولی دەکەن دوژمن و ئەهلی خەشم و قین و توڕەیی خوان، جا ئەگەر ڕاست بووەوە ئەوە هەموو هەستەلەو بارووەدۆخێکی پێ ڕاست دەبێتەوە، ئەگەریش ڕاستی نەکردەوە ئەوە فەسادو خراپە پەیوەستی دەبێت بۆی لە زانست و کردەوەکانیدا.

ئیبنو لقەییم دەڵێ: (**إلاله**) بریتیە لەوەی کە دڵەکان دەیپەرستن بە خۆشویستن و بەگەورە دانان و گەڕانەوە و ڕێزگرتن و بە مەزندانان و زەلیلی و ملکەچی و ترسان لێی و ئومێد بوون و پشت بەستن پێی.

ئیبنو ڕەجەب دەڵێ: (**إلاله**) ئەوەیە کە گوێڕایەڵی دەکرێت و سەرپێچی ناکرێت، وەك و شکۆمەندیەك بۆی و بەگەورە دانانی، وە خۆشەویستن و ترسان لێی و ئومێد بوون پێی، وە پشت بەستن پێی و داواکردن و پاڕانەوە لێی، هەموو ئەمانە ناگونجێن مەگەر تەنها بۆ خوا ﷻ، جا هەر کەسێك بەدیهێنراوێك بکات بەهاوبەش لە شتێ لەم شتانەدا، کە لە تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتین، ئەوە ناشرین کردن و لەکەدار کردنە لە دڵسۆزیدا، بەرانبەر بە وتەی: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە تیایدایە لە بەندایەتی بۆ مەخلوقێك بە پێ ی هەبوونی ئەو شتە تێیدا.

بوقاعی دەڵێ: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) ڕەتی کردۆتەوە بە ڕەتکردنەوەیەکی گەورە کە پەرستراوێك بەحەق هەبێ جگە لە پاشای هەرە گەورە، بەڕاستی ئەم زانستە گەورەترین یادخەرەوەی ڕزگار کەرە لە ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی، کاتێك دەبیتە زانست ئەگەر سوود بگەیەنێ، وە کاتێك سوودی دەگەیەنێ ئەگەر لەگەڵ ملکەچبوون و کارکردندابێ بەوەی داخوازی دەکات، ئەگەر نا ئەوە نەفامیەکی ڕووتە.

طه يبى دەڵێ: (**الإله**) (فعال) بەمانای (مفعول)، وەك (كتاب) بە مانای (مكتوب)، لە (**أله إلهة**) وەرگیراوە، واتە: بەندایەتی كردوە بە بەندایەتی كردن.

ڕاڤەكار دەڵێ: ئەمە زۆرە لە ناو قسەی زانایان و یەكدەنگی ئەوانە، كە بەڕاستی (**الإله**) بریتیە لە پەرستراو، بە پێچەوانەی ئەوەی كە عیبادەتكارانی گۆڕەكان و نەفامانی ئەهلی كەلام پێیان وایە مانای (**الإله**) بریتیە لە: ئەو زاتە بەدیهێنەری بەدەسەڵاتە لەسەر داهێنان و وێنەی ئەوەش، وە وا گومان دەبەن ئەگەر ئەو قسەیان كردو پێیان وابوو ئەوە یەكتاپەرستیان بە چاكترین شێوە بەجێهێناوە ئەوپەڕی بەجێهێنان، ئەگەرچی ئەنجامی بدەن ئەوەی كە ئەنجامیان داوە لە پەرستشی جگە لەخوا، وەك پاڕانەوە لە مردووان و داوای یارمەتی كردن لێیان لەكاتی ناڕەحەتیەكاندا، نەزر كردن بۆیان لەكاتی بێزاریدا، جگە لەوانەش لەجۆرەكانی پەرستشی دیكە.

هەستیان نەكرد هاوبەش دانەرانی عەرەب و جگە لەوانیش بەشداربوون لەگەڵیاندا لە دانپێدانان بەم واتایە، باوەڕیان وابوو كە بەڕاستی خوا بەدیهێنەری بەدەسەڵاتە لە داهێنان، هەر وەكو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾**الزخرف**. (واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كێ دروستی كردوون بێگومان دەڵێن خوا دەی چۆن ئەوان لەڕاستی لادەدرێن) وە فەرموویەتی: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾**الزخرف**. (واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كێ ئاسمانەكان و زەوی بەدی هێناوە؟ بێگومان دەڵێن خوای بەدەسەڵاتی زانا دروستی كردوون) خوا هەواڵی داوە دەربارەیان، بێگومان ئەوانە چەند پەرستراوێكیان جگە لە خوا هەڵبژاردووە، وە وتیان: ﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾**الزمر**. (واتە: دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیانپەرستین نزیكمان بكەنەوە لەخوا)، تیاچوون بۆ ئەو كەسەی ئەبو جەهل و سەرانی كوفر لە قورەیش و جگە لەوانیش لەو شارەزاتر بن بە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)!! خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ﴿٣٦﴾ ﴾**الصافات**. (واتە: بەڕاستی هەركاتێ بەوانە بوترایە هیچ پەرستراوێكی ڕاست نیە بێجگە لەخوا خۆیان بە گەورە دەزانی و ملكەچی نەدەبوون* وە دەیان ووت: ئایا ئێمە پەرستراوەكانمان واز لێ بێنین لەبەر شاعیرێكی شێت) جا زانیان ئەوە بەڵگەیە لەسەر وازهێنان لە پەرستراوەكانیان.

وتم: بەڵگە بوونی لەسەر ئەمە، بەڵگە بوونی لە خۆ گرتنە(**تضمن**)، وە بێگومان ئەوە دڵسۆزی پەرستش دەخوازێ بۆ خوا بە تاك و تەنها، جا بەڵگەبوونی لەسەر ڕەتكردنەوەو نەفی كردنی پەرستراوێتی و بەندایەتی كردنی، وە بە تاككردنەوەی خوا لە پەرستشدا بەڵگە بوونی پڕاوپڕە، جا (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەلالەتە لەسەر ڕەتكردنەوەی پەرستش لە هەموو ئەوانە جگە لە خوا جا هەر شتێك بێت، وە چەسپاندنی پەرستراوێتی بۆ خوا بە تەنها جگە لەوانی تر، ئەمە ئەو یەكتاپەرستیەیە كە پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ كردوەو قورئانیش ئاماژەی پێ كردوە لەسەرەتایەوە تا كۆتایی، هەروەكو خوا دەربارەی جنۆكە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِيٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾ ﴾**الجن**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: نیگام بۆ كرا كە بێگومان چەند كەسێك لە جنۆكە گوێیان گرت لە قورئان خوێندنەوەم ئینجا وتیان: بەڕاستی

تیمە قورئانێکی سەرسوورهێنەرمان بیست* ڕێنموویی دەکات بۆ ڕێی ڕاست ئیمەش باوەڕمان پێ کرد وە هەرگیز کەس ناکەین بە هاوبەشی پەروەردگارمان) جا (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) سوود ناگەیەنێت ئەگەر کەسێك ناوەڕۆکەکەی بزانێت بە ڕەتکردنەوە و جێگیر کردن، وە بڕوای پێی هەبێ و وەری گرتبێت و کاری پێ کردبێ، بەڵام هەرکەسێك بەبێ زانست و بیرو بڕواو کردەوە پێ کردن وتبێتی، ئێگومان لە وتەی زانایان لە پێشەوە باسکرا: کە ئەمە نەفامیەکی تەواوە، ئەوە بەڵگەیە لەسەری بەبێ گومان.

جا وتەی پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەکەدا (**وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ**) (واتە: بە تەنهاو هیچ هاوەڵێکی نیە) دووپاتکردنەوەو ڕوون کردنەوەیە بۆ ناوەڕۆکی ماناکەی، بێگومان خوا ئەوەی ڕوون کردوەتەوە بە چیرۆکی پێغەمبەران و نێردراواندا لە کتێبە ڕوونەکەیدا، ئای چەندە نەفامن گۆڕ پەرستان بە حاڵی ئەوان! ئای چەندە مەزنە ئەوەی کە تێی کەوتوون لە هاوبەش دانانێ کە ڕەتکەرەوەی وشەی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)یە! بێگومان هاوبەشدانەرانی عەرەب و وێنەی ئەوان نکوڵیان کرد لە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بە لەفزو بە مانا. ئەو هاوبەش دانەرانەش بە لەفز دانیان پێدا ناوە، بەماناش ڕەتیان کردوەتەوە، دەبینی یەکێکیان (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەڵێ، بەڵام جگە لە خوا دەپەرستێ بە جۆرەها پەرستش، وەك خۆشەویستی و بە مەزندانان، ترس و ئومێد، پشت بەستن و پاڕانەوە، جگە لەوانەش لە جۆرەها پەرستش، بەڵکو هاوبەش دانانیان زیاتر بوو لەسەر هاوبەش دانانی عەرەب بە چەندین پلە، بێگومان یەکێکیان ئەگەر بکەوتایەتە ناو ناڕەحەتی و سەختیەکەوە، پاڕانەوەکەی پاڵفتەدەکرد بۆ غەیری خوا، وە پێیان وابوو خوا زوتر دەرووی خێریان لێ دەکاتەوە، ئەمە بە پێچەوانەی حاڵی هاوبەش دانەرانی پێشوو، بێگومان ئەوان هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا لە خۆشیدا، بەڵام لە کاتی سەختی و خۆشیدا بەدڵسۆزیەوە بە تاك و تەنها خوایان دەپەرست، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ **العنكبوت**. (واتە: ئینجا کاتێ ئەو بێ بڕوایانە سوار کەشتی دەبن و ترسان لە نوقم بوون تەنها هاوار لەخوا دەکەن بە دڵسۆزی و گەردن کەچی یەوە کاتێ خوا ڕزگاری کردن بۆ وشکایی ئەوان هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا) ئا بەمە دەردەکەوێت هاوبەشدانەرانی ئەم سەردەمانە نەفامترن بەخوا، وە بە یەکتاپەرستی لە هاوبەش دانەرانی عەرەب و لە پێش ئەوانیش.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ**) واتە: شایەتی دابێت بەوە، ئەویش (**عطف**) کراوەتە سەر پێش خۆی لەسەر نیەتی دوبارە بوونەوەی کارتێکەر، وە مانای (العبد) لێرەدا کۆیلەی پەرستشکارە، واتە: بێگومان پێغەمبەر ﷺ کۆیلەی خوای بەرزو مەزنە، وە پەرستشی تایبەت وەسفی ئەوە، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴿٣٦﴾ ﴾**الزمر**. (واتە: ئایا خوا بەس نیە بۆ بەندەکەی) جا بەرزترینی پلەکانی بەندە پەرستشی تایبەتی و پێغەمبەرایەتیە، پێغەمبەر ﷺ تەواوترینی خەڵك بوو لەم دوو سیفەتە بەرزەدا، بەڵام پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی: ئەو دووانە عافی خوان، هیچ شتێك بەژدار نابێ تیایاندا نە فریشتەیەکی نزیك و نە پێغەمبەرێکی نێردراو، وە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ**) ئەم دوو سیفەتەی هێناوەو کۆیانی کردۆتەوە وەك ڕێگریەك لە کەمتەرخەمی و زیادەڕەوی، بێگومان زۆرێك لەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەیە

لە ئوممەتی ئەوە، زیادەڕەوی کردوە بە قسەو بە کردەوە، کەمتەرخەمی کردووە بە وازهێنان لە شوێنکەوتنی، پشتی بەستووە بەو بۆچوونانەی کە پێچەوانەی ئەو پەیامەیە هێناویەتی، وە ڕۆچوەو ستەمی کردوە لە یەکدانەوەی هەواڵ و ئەحکامەکانی، بە لادانیان لەسەر مانای ڕاستەقینەی خۆی، وە بە لادانی لە ملکەچی کردنی و وازهێنانی لێی، بێگومان شایەتیدان بەوەی موحەممەد پێغەمبەری خوایە، پێویستی بەبڕوابوون و بەڕاست دانان هەیە، لەوەی کە هەواڵی داوە لە بارەیەوە، وە گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی پێ کردوەو وازهێنان لەوەی قەدەغەی کردوە، دەبێ فەرمان و قەدەغەکردنی ئەو زاتە بە مەزن دابنات، قسەی هیچ کەس پێش نەخات بەسەریدا، جا ئەو کەسە هەرکەسێك بێت.

حاڵی ئەمڕۆو پێشی ئەمڕۆ -ئەوانەی دراونەتە پاڵ زانست لە دادوەرو فتوادەرەکان- پێچەوانەی ئەوەیە، خوا یارمەتیدەربێت.

دارمی لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە (عبدالله)ی کوڕی سەلام ئەو دەیوت: ئێمە سیفەتی پێغەمبەر ﷺ دەبینین: بەڕاستی ئێمە تۆمان ناردوە بە شایەت و مژدەدەر و ترسێنەر و پارێزگارێك بۆ نەخوێندەواران، تۆ بەندەو پێغەمبەری منی، ناوم لێناوی پشت بەست بەخوا، نە ڕەق و وشکە نە دەم بە هاوارە لە بازاڕدا، تۆڵەی خراپە بە خراپە ناکاتەوە، بەڵکو دەبوڕێ و خۆش دەبێت، لە دنیا دەرێناکەم تا ئەو میللەتە خوارو خێچە ڕاست دەکاتەوە، بەوەی شایەتی بدات بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) خوا پێی دەکاتەوە چاوانێکی کوێر و گوێیانێکی کەڕو دڵآنێکی بە پەردە داپۆشراو[1]، عەطائی کوڕی یەسار دەڵێ: ئەبو واقیدی لەیسی هەواڵی دامێ کە گوێی لە کەعب بوو دەیوت: وەکو ئەوەی (عبدالله)ی کوڕی سەلام دەیوت[2].

(مانای ئەوەی بێگومان عیسی بەندەی خوایەو پێغەمبەرو وشەیەتی).

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (وَأَنَّ عِيسَى عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ) واتە: وەك پێچەوانەیەك بۆ بیرو بڕوای گاورەکان کە دەڵێن: عیسا علیه السلام خوایە، یان کوڕی خوا، یان یەکێکە لەو سێ خوا، بەرزی و بڵندی بۆ خوا لەوەی دەیڵێن، بەرزیەکی گەورە ﴿ مَا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُۥ مِنْ إِلَٰهٍ ﴿٩١﴾ ﴾ المؤمنون. (واتە: خوا هیچ ڕۆڵەیەکی بۆ خۆی بڕیار نەداوە، وە هیچ پەرستراوێکی تری لەگەڵدا نەبووە).

جا هەر دەبێ شایەتی بدات کە بەڕاستی عیسا علیه السلام بەندەو پێغەمبەری خوایە لەسەر زانست و زانیاری و دڵنیایی بەوەی کە مووڵکی خوایە، دروستی کردوە لە مێینەیەك بەبێ نێر، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾ آل عمران. (واتە: بەڕاستی وێنەی دروستبوونی عیسا لای خوا، وەك وێنەی ئادەم وایە کە دروستی کرد لە گڵ، پاشان پێی فەرموو: ببە، ئەویش بوو) (عیسا علیه السلام)نە پەروەردگارە نە پەرستراو، پاکی و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەن بە هاوبەش، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا۟ كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِى ٱلْمَهْدِ صَبِيًّا ﴿٢٩﴾ قَالَ إِنِّى عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِىَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِى نَبِيًّا ﴿٣٠﴾ وَجَعَلَنِى مُبَارَكًا أَيْنَ مَا

---

(١) جاء في الصحيح البخاري برقم ٢١٢٥ وفي (مسند أحمد) برقم ٦٦٢٢.

(٢) أخرجه الدارمي في مقدمة ٦، وأيضاً أخرجه البخاري في البيوع (٢١٢) فتح، من حديث عبد الله بن عمرو.

كُنتُ وَأَوْصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمْتُ حَيًّا ﴿٣١﴾ وَبَرًّۢا بِوَٰلِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا ﴿٣٢﴾ وَٱلسَّلَٰمُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴿٣٣﴾ ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ ٱلَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ ﴿٣٤﴾ مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ ۖ سُبْحَٰنَهُۥٓ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٣٥﴾ وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٣٦﴾ ﴾مریم. (واتە: جا مەریەم ئیشارەتی بۆ ئەو منداڵە کرد خزمەکانی وتیان چۆن قسە بکەین لەگەڵ منداڵێکدا کە لە بێشکەدایە* منداڵەکە هاتە قسەو وتی بەڕاستی من بەندەی خوام پەڕاوی ئینجیلم پێ دەدات وە دەمکات بە پێغەمبەر* وە پیرۆزو فەڕداری کردوم لەهەر جێگایەکدا بم وە فەرمانی پێداوم بە نوێژ کردن و زەکات دان* هەتا لە ژیاندام و زیندوم* و کردومی بە ڕۆڵەیەکی چاکەکار و گوێڕایەڵ بۆ دایکم نەی کردوم بە ملهوڕێکی بەد ڕەفتار* سڵاوی خوام لەسەر بێت ئەو ڕۆژەی کە لەدایك بوم وە ئەو ڕۆژەی کە دەمرم وە ئەو ڕۆژەی کە زیندوو دەکرێمەوە* ئەوە کە باسکرا عیسای کوڕی مەریەمە کە وتەیەکی ڕاستە دەربارەی عیسا کە ئەوان گاورو جولەکەکان تێیدا دوو دڵن* ناگونجێ و شایەن نیە بۆ خوا منداڵی هەبێت پاك و بێگەردی بۆ خوا هەر کاتێ بیەوێ کارێك ببێ ئەوە بێگومان تەنها پێی دەڵێ ببە یەکسەر دەبێت* بێگومان خوا پەروەردگاری من و ئێوەشە کەواتە هەر ئەو بپەرستن ئەمەیە ڕێگاو ڕێبازی ڕاست و دروست) وە فەرموویەتی: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ۚ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا ﴿١٧٢﴾ ﴾النساء. (واتە: هەرگیز مەسیح لاریی نیە (ناڕازی نیە) لەوەی بەندەی خوا بێت هەروەها فریشتە نزیکەکانیش، وە هەرکەس بە بەندایەتی خوا ڕازی نەبێت وە خۆی بە گەورە دابنێ ئەوە لەداهاتوودا هەموویان کۆدەکاتەوە لای خۆی).

هەروەها بڕوادار شایەتی دەدات بە پووچی قسەی دوژمنەکانی جولەکە کە دەڵێن: عیسا ﷺ منداڵی داوێن پیسیە، نەفرینی خوایان لێ بێت، موسڵمان بوونی کەسێك دانامەزرێ زانیبێتی ئەوەی ئەوان وتویانە تا خۆی بەری نەکات لە قسەی ئەو دوو دەستەیە بە گشتی دەربارەی عیسا ﷺ، وە بڕوای تەنها بەوە بێت کە خوا دەربارەی فەرموویەتی: بێگومان عیسا ﷺ بەندەو پێغەمبەری خوایە.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**وَكَلِمَتُهُ**) بۆیە عیسا ناونراوە بە وشە (**كلمة**) لەبەر هاتنە بوونی بە فەرمایشتی خوا ﷻ: (**كُن**) هەر وەکو پێشینی ڕاڤەزانان وتویانە، ئیمام ئەحمەد دەڵێ: لە وەڵامدانەوەی (**الجهمية**)دا: بەو وشەیەی کە ناردی بۆ مەریەم، کاتێ کە پێی فەرموو: (**كُن**) ببە، عیسا بە (**كُن**) بوو، نەك ئەوەی عیسا خۆی (**كُن**) بێت، بەڵام بە (**كُن**) بووە، جا (كُن) لە لای خوا قسەیە، (**كُن**) ، بەدیهێنراو نیە، گاورەکان و جەهمیەکان درۆیان کرد لەسەر خوا لە بارەی عیساوە.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ**) (واتە: بە جبریلدا ناردی بۆ مەریەم) ئیبنوکەثیر دەڵێ: خوا عیسای دروست کردوە بەو وشەی کە بە جبریلدا ﷺ ناردی بۆ لای مەریەم، جا فووی کرد بە بەریدا لە ڕووحی خۆی بە فەرمانی پەروەردگاری: ئەوکات عیسا ﷺ بە مۆڵەتی خوا ﷻ، لەو وشەوە دروست بوو کە پێی فەرموو: (كُن فكان) واتە: ببە بوو، ئەو ڕوحەش کە خوا ناردی جبریل بوو.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**وَرُوحٌ منه**) ئوبەی کوڕی کەعب دەڵێ: عیسا ﷺ ڕۆحێکە لەو ڕۆحانەی کە خوا دروستی کردوە و هێناویەتێ دواندن، بە فەرمایشتی خۆی: ﴿ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ﴿١٧٢﴾ ﴾

الأعراف. (واتە: پێی وتن ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ لە وەڵامدا وتیان: بەڵێ شایەتیمان دا) خوا ناردی بۆ لای مەریەم چووە ناویەوە. عەبدی کوڕی حومەید و (عبدالله)ی کوڕی ئەحمەد لە (زوائد المسند)دا هێناویانە، وە ئیبنوجەریرو ئیبنوئەبی حاتەم و جگە لەوانیش.

(**حافظ**) دەڵێ: خوا وەسفی عیسای کردوە بەوەی لە ئەوە، مانای ئەوەیە، بێگومان عیسا ﷺ لەوەوە بوو، هەروەکو لە ئایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا مِّنۡهُۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ١٣ ﴾ **الجاثية**. (واتە: وە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ژێر بار کردوە، هەمووی لە لایەن خواوەیە). جامانای ئەوەیە بێگومان ئەو لەوەوە بووە، وەک چۆن مانای ئایەتەکەی تر: بێگومان ئەو زاتە ئەم شتانەی ژێر بار کردوە لە لایەن خۆیەوە، واتە: ئەو زاتە بەدیهێنەرو دروستکەرێتی بە هێزو تواناو دانایی خۆی.

شێخی ئیسلام دەڵێ: (**المضاف**) دانەپاڵ بۆ لای خوا ئەگەر مانایەک بوو خۆی بەخۆی بەرپا نەبێ، وە بە غەیری خۆشی لە بەدیهێنراوەکان، پێویستە سیفەتی خوا بێت و بەهۆی خواوە بەرپا بێت، وە ڕێگری کردوە کە دانەپاڵەکەی وەک دانەپاڵی بەدیهێنراوی پەروەردەکراو بێت، جا ئەگەر دانەپاڵەکە شەخسێکی دیاری کراو بوو بە نەفسی خۆی ڕاوەستابوو، وەک عیسی و جبریل، وە ڕۆحی نەوەکانی ئادەم، ڕێگری کردوە کە ببن بە سیفەت بۆ خوا، چونکە ئەوەی بە نەفسی خۆی بەرپا بووبێ نابێتە سیفەت بۆ جگە لە خۆی.

بەڵام ئەو دیاری کراوانەی کە دەدرێنە پاڵ خوا لەسەر دوو جۆرن:

یەکەمینیان: دەدرێتە پاڵی، چونکە ئەو زاتە دروستی کردوەو بەدیهێناوە، ئەمەش هەموو بەدیهێنراوەکان دەگرێتەوە، وەک دەڵێن: (سماء الله و أرض الله) واتە: ئاسمانی خوا، زەوی خوا، جا هەموو بەدیهێنراوەکان بەندەی خوان، وە هەموو ماڵ و سامانەکان ماڵی خوان.

دووەمینیان: دەدرێتە پاڵی لەبەرئەوەی تایبەتی کردووە بەخۆی لەمانایەک کە خۆشی دەوێ و فەرمانی پێ دەکات و پێی ڕازیە، وەک چۆن (البیت العتیق) ماڵی دێرین و پیرۆزی تایبەت کردوە بە عیبادەت کردن تیایدا، کە لەغەیری ئەودا نابێت، وە وەک چۆن دەوترێت لەبارەی ماڵی (الفیء) و پێنج یەکی: ئەوە ماڵ و سامانی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی (مال الله ورسوله) وە لەم ڕوەوە: بەندەکانی خوا ئەوانەن کە دەپەرستن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکەن، جا ئەم دانەپاڵە پەرستراوێتی و شەریعەت و ئاینەکەی لەخۆ دەگرێت، وە ئەو دانەپاڵە پەروەردگارێتی و دروستکردن لەخۆ دەگرێت.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**وَالْجَنَّةُ حَقٌّ وَالنَّارُ حَقٌّ**) (واتە: شایەتی داوە بەڕاستی ئەو بەهەشتەی خوا هەوالی پێداوە لە کتێبەکەیداو ئامادەی کردوە بۆ خۆپارێزان حەق و ڕاستە واتە: جێگیرە، هیچ گومانێکی تێدا نیە، وە شایەتیداوە ئەو ئاگرەی کە خوا هەوالی پێداوە لە کتێبەکەیدا بێگومان ئەو ئامادەی کردوە بۆ بێبڕوایان بەهەمان شێوە حەق و جێگیرە، هەروەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢١ ﴾ **الحدید**. (واتە: کەواتە پێشبڕکێ بکەن بۆ

دەست خستنی لێخۆشبوون لە لایەن پەروەردگارتانەوە وە بۆ بەهەشتێك کە پانتاییەکەی بە وێنەی ئاسمان و زەویە ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرانی ئەو پاداشتە بەخششێکی خواییە دەیدات بەهەرکەس کە خۆی بیەوێت وە خوا خاوەنی بەخششی گەورەیە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ٢٤﴾ البقرة. (واتە: دەی خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە بۆ بێ بڕوایان سازکراوە) وە لەم دوو ئایەتەو وێنەی ئەمانە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی بەهەشت و ئاگر ئێستا دروستکراون بە پێچەوانەی بیدعەکاران، وە بەڵگەیان تێدایە لە سەر بڕوابوون بەو شوێن و کاتەی بۆی دەگەڕێنەوە.

وە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**أَدْخَلَهُ الله الْجَنَّةَ على ما كان من الْعَمَلِ**) (واتە: خوا دەیخاتە بەهەشتەوە سەر ئەو کردەوە) ئەم ڕستەیە وەڵامی شەرطە، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (**أَدْخَلَهُ الله من أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ شَاءَ**)[1] (واتە: خوا دەیخاتە بەهەشتەوە لەهەر کام لە هەشت دەرگاکەی بەهەشت کە خۆی بیەوێ).

(**الحافظ**) دەڵێ: مانای فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**على ما كان من الْعَمَلِ**) واتە: لە کردەوەی دڵ یان خراپ. بەڵام ئەهلی یەکتاپەرستی هەر دەبێ بچنە بەهەشتەوە، وە دەگونجێ مانای وتەی پێغەمبەر ﷺ (**على ما كان من الْعَمَلِ**) ئەهلی بەهەشت بخاتە ناو پلەکانیان بەگوێرەی کردەوەکانیان.

(**قاضي عياض**) دەڵێ: ئەوەی لە فەرمودەی عوبادە هاتووە تایبەت دەبێ بۆ ئەو کەسەی کە وتویەتی پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە، وە حەقیقەتی ئیمانی هاوتا کردووە بە هەردوو شەهادەتەکەوە، وە ئەو یەکتاپەرستیەشی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە دیسان هاوتای کردووە، جا لەبەرئەمە بەخشندە پاداشتی بۆ هەیە کە لاسەنگی خراپەکانی بکات، وە لێبوردن و ڕەحمەت و چوونە ناو بەهەشت بۆ یەکەمجار بۆی پێویست دەکات.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: وە مەبەست لە وشەی یەکتاپەرستی ئەگەر کەسی باوەڕدار شایەتمانی پێ بهێنێ و لە ماناو حەقیقەتی تێبگات بە نەفی و چەسپاندن، وە بێ ی ئەو خۆی بڕازێنیتەوە، دڵ و زمان و ئەندامانی جەستەی ڕاگرتبێت بە شایەتیەکەی، ئا ئەم شایەتیدەرەوە بنچینەو بنەڕەتی جێگیرەو لەناو دڵیدا ڕیشەی داکوتاوە، وە لق و پۆکانی گەشتووە بە ئاسمان، بە بەردەوام لەهەموو کاتێکدا بەرووبومەکەی دەردەهێنێ.

---

١) تقدم تخريجه قريباً.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما في حديث عِتْبَان (فإن اللَّهَ قد حَرَّمَ على النَّارِ من قال لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللَّهِ)[1].

دانەر رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە بوخاری و موسلیمەوە لە فەرمودەی عیتبانی کوڕی مالیك: واتە: بەڕاستی خوا ئاگری لە سەر کەسێك قەدەغەی کە بڵێت: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە خوا، مەبەستی بەوە تەنها خوا بێت. ....

وتەی: (ولهما) واتە: لە لای بوخاری و موسلیم لە صەحیحەکەیاندا بە تەواوەتی، ئەمەش بەشێکە لە فەرمودەیەکی درێژ کە بوخاری و موسلیم دەریان هێناوە.

وە (**عِتبان**) کوڕی مالیکی کوڕی عەمری کوڕی عەجلانی ئەنصاری، لەنەوەکانی سالمی کوڕی عەوفە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، لە خیلافەتی موعاویە دا مردوە.

وە بوخاری گێڕاویەتیەوە لە صەحیحەکەیدا بە سەنەدی خۆی لە قەتادەوە، وتی: ئەنەسی کوڕی مالیك باسی کرد بۆمان کە پێغەمبەر ﷺ موعاز لە پشتیەوە بوو لەسەر بارگیرەکەی، فەرمووی: ئەی موعاز ئەویش وتی: سەرم لەرێتە ئەی پێغەمبەری خوا خۆشبەختی بۆ تۆ، فەرمووی: ئەی موعاز ئەویش وتی: سەرم لەرێتە ئەی پێغەمبەری خوا خۆشبەختی بۆ تۆ، فەرمووی: ئەی موعاز ئەویش وتی: سەرم لەرێتە ئەی پێغەمبەری خوا خۆشبەختی بۆ تۆ، -سێ جار- فەرمووی: (**ما من أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ صِدْقًا من قَلْبِهِ إلا حَرَّمَهُ الله على النَّارِ**) واتە: هەر کەسێك شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لەخوا، وە بێگومان موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، بەڕاستی لە دڵیەوە دەربچێت، ئیللا خوا ئاگری لەسەر حەرام دەکات، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا هەواڵ بە خەڵکی نەدەم، مژدەی پێ وەربگرن؟ فەرمووی: (**إِذًا يَتَّكِلُوا**) واتە: کەوابوو پاڵ دەدەنەوەو پشتی پێدەبەستن، موعاز هەواڵی پێدا لە کاتی مردنیدا لەبەر ئەوەی گوناهبار نەبێ[2].

وە بە سەنەدێکی دیکە هێناویەتی، موعتەمیر بۆی گێڕاینەوە، وتی: گوێم لە باوکم بوو وتی: گوێم لە ئەنەس بوو وتی: بۆم باس کرا کە پێغەمبەر ﷺ بە موعازی کوڕی جەبەلی فەرموو: (**مَن لَقِيَ اللَّهَ لَا يُشْرِكُ بِهِ شيئا دخل الْجَنَّةَ. قال: ألا أُبَشِّرُ الناس؟ قال: لَا إني أَخَافُ أَنْ يَتَّكِلُوا**)[3] واتە: هەر کەسێك بگات خزمەتی خوا و بەهیچ جۆرێك هاوبەشی بۆ دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە. وتی: ئایا مژدە نەدەم بە خەڵکی؟ فەرمووی: من دەترسم پاڵی لێبدەنەوەو پشتی پێ ببەستن.

وتم: جا بەم سیاقە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) ڕوون بوویەوە، ئەوەش وازهێنان لە هاوبەش دانان دەستەبەر دەکات، بۆ ئەوکەسەی وتویەتی بە ڕاستی و بە یەقین و دڵسۆزی و ئیخلاصەوە.

---

(١) أخرجه البخاري في الصلاة ٤٢٥ فتح، ومسلم في المساجد باب الرخصة في التخلف عن الجماعة بعذر ٣٣ عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في العلم(١٢٨)فتح.

(٣) أخرجه البخاري في الإيمان(٤٤)فتح، ومسلم في الإيمان(١٩٣)عبد الباقي.

شێخی ئیسلام و غەیری ئەویش دەڵێ: لەم فەرموودەو وێنەی ئەم فەرموودە، ئەوە بۆ کەسێکە وتبێتی و مردبێ لەسەری، وەک چۆن بە وابەستەکراوی هاتووە لە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ: **خالصاً من قلبه غير شاك فيها بصدق ويقين)** واتە: بە دڵسۆزی و ئیخلاص و لە دڵیەوە وتبێتی، ئ گومان بێ تێیدا بەڕاستی و دڵنیایی و یەقین. چونکە حەقیقەتی یەکتاپەرستی ڕاکێشانی دڵە ۆ لای خوا بە گشتی، جا هەرکەسێک شایەتی بدات بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) لە دڵیەوە بەدڵسۆزی دەچێتە بەهەشتەوە، چونکە ئیخلاص و دڵسۆزی بریتیە لە ڕاکێشانی دڵ بۆ لای خوای بەرزو مەزن ەوەی تەوبە بکات لە گوناهەکان، بە تەوبەکردنێکی پوخت کە نەگەڕێتەوە سەر شیرک، جا ئەگەر ەوحاڵەوە مرد ئەوە بەدەست دەهێنێت، چونکە بێگومان فەرموودەکان بە تەواتر هاتوون بەوەی **يَخْرُجُ من النَّارِ مَن قال لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وكان في قَلْبِهِ مِن الخيرِ ما يَزِنُ شَعِيرَةً، وما يَزِنُ خَرَدَلَةً، وَمَا يَزِنُ ذَرَّةً)** واتە: دەردەچێ لە ئاگر ئەوەی وتبێتی(**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) هیچ پەرستراوێک نیە بە حەق جگە لە خوا، وە لە دڵیدا خێر هەبێت بەقەد کێشی دەنکە جۆیەک، وە بە کێشی خەرتەلەیەک، وە بە کێشی گەنمە شامیەک. وە بە تەواتور هاتووە زۆرێک لەوانەی کە دەڵێ: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەچێتە دۆزەخەوە ێشان دەردەچێ لێ ی، وە بە تەواتور هاتووە کە خوا قەدەغەی کردوە لەسەر ئاگر شوێنەواری سوژدەی نەوەی ئادەم بسوتێنی، ئەوانە نوێژیان دەکردو سوژدەیان دەبرد بۆ خوا، وە بە تەواتور هاتووە حەرام دەبێ لەسەر ئاگر کەسێک کە وتبێتی: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) ئەوەشی شایەتی دەدات بە **لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**، وأن محمداً رسولُ الله) بەڵام بەند کراون بە کۆت و بەندی قورسەوە، وە زۆربەی ەوانەی دەیڵێن نازانن دڵسۆزی و ئیخڵاص چیە، زۆربەی ئەوانەی کە دەیڵێن یان بە لاسایی کردنەوە دەیڵێن یان بە عادەت و نەریت، شرینی ئیمان نەچووەتە ناو دڵیانەوە، زۆربەی ئەوانەی تووشی فیتنە دەبن لەکاتی مردن و لەناو گۆڕدا وێنەی ئەوانەیە، وەک لە فەرموودەدا هاتووە: (**سَمِعْتُ ٱلنَّاسَ يَقولونَ شَيئاً فَقُلْتُهُ**)[1]. واتە: گوێم لە خەڵکی بوو شتێکیان دەوت منیش ئەوەم وت. زۆربەی کردەوەکانی ئەوانە تەنها لاسایی کردنەوەو پەیڕەوکردنە بە هاوشێوەکانی خۆیان، ئەوان نزیکترین کەس لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾**الزخرف.** ۆتە: بەڕاستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئایینێک دیووە، وە بەڕاستی ئێمە لەسەر ئاینی ەوان دەڕۆین).

کەواتە هیچ دژواری و لەیەک نەچوونێک لەنێوان فەرموودەکاندا نیە، جا بێگومان ئەگەر بە دڵسۆزی و دڵنیاییەکی تەواوەوە شایەتمانی هێنا و بەردەوام نەبوو لەسەر گوناە لە بنچینەدا، بێگومان ئەوە تەواوی (کمال)دڵسۆزی و دڵنیاییەکەی ئەوە پێویست دەکات کە بەڕاستی خواو ێغەمبەرەکەی خۆشەویسترن لەلای لەهەموو شتێک، کەواتە لە دڵیدا هیچ ئیرادەیەک نامێنێ بۆ ەو شتانەی خوا قەدەغەی کردوە، وە هیچ بێزاری و پێ ناخۆش بوونێکیش نامێنێ بۆ ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، ئەمە ئەوەیە لەسەر ئاگر قەدەغە دەبێت ئەگەرچی گوناهیشی هەبووبێت پێش ەوە، چونکە بەڕاستی ئەم ئیمان و ئەم ئیخڵاص و دڵسۆزیە، وە ئەم تەوبەو ئەم خۆشویستنەو ئەم یەقین و دڵنیاییە هیچ گوناهێکی نەهێشتۆتەوە بۆی، ئیللا لێ ی سڕاوەتەوە، وەک چۆن ڕۆژ شەو

---

١) أخرجه البخاري في العلم ٨٦ فتح، ومسلم في الكسوف ٩٠٥ عبد الباقي.

دەسڕێتەوە، جا ئەگەر شایەتمانی هێنا بەجۆرێکی تەواو کە ڕێگر بێت لە هاوبەشدانانی گەورەو بچوک، ئەمە بەهیچ شێوەیەک پێداگر نابێت لەسەر گوناە، ئەوە خوا لێی خۆش دەبێت و لەسەر ئاگر حەرام دەبێ، بەڵام ئەگەر شایەتمانی هێنا بەجۆرێ ڕزگاری بووبێ پێی لە هاوبەشدانانی گەورە جگە لە بچوک، وە دوای ئەوە شتێکی نەکردبێ پێچەوانەی ئەوە بووبێ، ئەوە ئەم چاکەیە هیچ کام لە گوناهەکان بەرگری لێ ناکەن، جا بەهۆیەوە تەرازووی چاکەکانی لاسەنگ دەبن، وەک چۆن لە فەرمودەی (**البطاقة**)دا هاتووە ئەو لە سەر ئاگر حەرام دەبێت، بەڵام پلەو پایەی کەم دەبێتەوە لە بەهەشتدا بە ئەندازەی گوناهەکانی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو کەسەی خراپەکانی قورس دەبێت بەسەر چاکەکانیدا، وە لەسەر ئەوەش بمرێت و پێداگربێ، جا بێگومان ئەو کەسە ئاگری بۆ پێویست دەبێت. وە ئەگەر وتی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە خۆی پێ پاراست لە هاوبەشدانانی گەورە، بەڵام لەسەر ئەوە نەمرد، بەڵکو دوای ئەوە گوناە و تاوانی کرد، وە گوناهەکانی قورس بوو بەسەر چاکەی یەکتاپەرستیەکەی، بێگومان ئەو کەسە لە حاڵی شایەتمانەکەیدا دڵسۆز بووە، بەڵام کۆمەڵە گوناهێکی ئەنجامداوە، بەهۆیانەوە یەکتاپەرستی و دڵسۆزیەکەی لاواز بووە چەند قات گوناهی کردووە، وە ئاگری گوناهەکانی بەهێز بووە تا یەکتاپەرستی و دڵسۆزیەکەی سووتاندووە، بە پێچەوانەی کەسی دڵسۆزو دڵنیا، چونکە بێگومان ئەو کەسە چاکەکانی تای خراپەکانی بەرز کردەوە، سوریش نیە لەسەر گوناهەکان، جا ئەگەر لەسەر ئەوە مرد دەچێتە بەهەشتەوە.

بەڵکو مەترسی هەیە لەسەر دڵسۆزێک کە گوناهەکانی قورس بێت، ئیمانەکەی پێ لاواز بکات، ئەو کات بە دڵسۆزی یەقین و دڵنیاییەوە نەیوتبێت، کە ڕێگری بکات لەهەموو گوناهەکان، وە مەترسی لەسەر هەبێت لە هاوبەشدانانی گەورەو بچووک، جا ئەگەر پارێزراو بوو لە هاوبەشدانانی گەورە هاوبەشدانانی بچوکی لەگەڵدا مابێت، ئینجا کۆمەڵە گوناهێک بداتە پاڵ ئەم هاوبەشدانانە، تا لای گوناهەکانی قورس دەبن، چونکە بەڕاستی گوناهەکان دڵنیایی و یەقین لاواز دەکەن، پاشان وتەی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) لاواز دەکات، بۆیە ڕێگری دەکات لە ئیخلاص و دڵسۆزی بەدڵ، جا کەسی قسەکەر بە شایەتمان وەک وڕینەکەر یان خەوتووی لێ دێت، یان دەنگی خۆش دەکات بە خوێندنی ئایەتێک لە قورئان بەبێ چێژو لەزەت وەرگرتن لێی، ئا ئەمانە بە تەواوی ڕاستی و دڵنیاییەوە شایەتمانیان نەهێناوە، بەڵکو دوای ئەوە بە کۆمەڵە گوناهێک هەستاون، کە ئەوەی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵکو شایەتمانیان هێناوە بەبێ دڵنیایی و ڕاستی و لەسەر ئەوەش دەمرن، وە گوناهێکی زۆریان هەیە ڕێگریان لێ دەکات لە چونە ناوەوەی بەهەشت. جا ئەگەر گوناهەکان زۆر بوون شایەتمان لەسەر زمان قورس دەبێت و دڵیش ڕەق دەبێت لە ئاستی دەربڕینیدا، خاوەنەکەی ڕقی لە کردەوەی چاک دەبێتەوە و گوێ گرتنی قورئانی لەسەر قورس دەبێت، مژدە دەدات بە یادکردنی جگە لەخواو ئارام دەبێت بە شتی پووچ، وە قسەی پڕوو پووچ و ناشرین بەلایەوە شیرین دەبێ، تێکەڵاوی خەڵکانی بێ ئاگاو خراپ دەکات، وە ڕقی لە تێکەڵاوی شوێنکەوتوانی حەق دەبێتەوە، جا نموونەی ئەمە ئەگەر بە زمانی شایەتمان بهێنێت ئەوەی وتویەتی لە دڵی نیە، وە لە دەمیدا شتێ هەیە کەبەڕاستی نازانێ.

حەسەن دەڵێ: ئیمان بە خۆڕازاندنەوەو ئاوات بۆ خواستن نیە، بەڵکو ئەوەیە کە لەدڵدا بچەسپێ و بە کردەوەش بیسەلمێنێ. جا هەر کەسێک قسەیەکی چاکی کردو کردەوەیەکی چاکیشی ئەنجامدا

ئەوە لێی وەردەگیرێ، وە هەرکەسێك قسەیەکی چاکی کردو کردەوەیەکی خراپی ئەنجامدا ئەوە لێی وەرناگیرێ.

بەکری کوڕی (عبدالله)ی موزەنی دەڵێ: ئەبو بەکر پێشی ئەو خەڵکە نەکەوتووە بە ڕۆژو گرتن و نوێژی زۆر، بەڵکو بە شتێك کە لەناو دڵدا جێگیر بووە.

جا هەر کەسێك بڵێت (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) وە هەڵنەسێت بە ئەنجامدانی پێویستیەکانی، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا گوناهی کردبێ و لە شایەتمانەکەیدا ڕاستی کردبێ و دڵنیا بووبێت، بەڵام کۆمەڵە گوناهێکی هەبووبێت، ڕاستی و دڵنیاییەکەی لاواز کردبێت، وە لەپاڵ ئەوەشدا هاوبەشدانانی بچووکی کردەوەیی کردبێت، جا ئەم گوناهانە قورس بووبن لەسەر ئەم چاکەیە، سوریش بووبێت لەسەر گوناە تا مردن، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی شایەتمان دەهێنێت بە دڵنیایی و ڕاستی، بێگومان ئەو کەسە یان ئەوەیە بەردەوام نابێت لەسەر گوناە، وە یەکتاپەرستیەکەی کە ڕاستی و دڵنیایی لەخۆ گرتوە چاکەکانی قورس دەکات. ئەوانەشی دەچنە ناو ئاگرەوە لەوانەی کە شایەتمانیان هێناوە: یان ئەوەیە شایەتمانیان نەهێناوە بەڕاستی و دڵنیایی تەواو، کە ڕەتکەرەوەی گوناهەکانن یان قورس بوونیانن، یان شایەتمانیان هێناوە دوای ئەوە کۆمەڵە گوناهێکیان ئەنجامداوە قورس بووە بەسەر چاکەکانیاندا، پاشان بەو هۆیەوە ڕاستگۆیی و دڵنیاییان لاواز بووە، دوای ئەوە بەڕاستگۆیی و دڵنیاییەکی تەواو شایەتمانیان نەهێناوە، چونکە گوناهەکان ئەو ڕاستگۆیی و دڵنیایانە لەناو دڵەکانیاندا لاواز کردوە، جا شایەتمان هێنان لە هاوشێوەی ئەو کەسانەدا توانای سڕینەوەی گوناهەکانی نیە، بۆیە گوناهەکانیان قورس دەبێت بەسەر چاکەکانیاندا.

بێگومان ئەمە زۆرێك لە زانایان باسیان کردوە وەکو ئیبنولقەییم و ئیبنورەجەب و جگە لەوانیش.

وتم: ئەوەی شێخی ئیسلام جێگیری کردوە فەرموودەکان کۆدەبێتەوە

دەڵێ: لەم فەرموودە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی دەربڕین بەبێ بڕوابوون (الإيمان) بەس نیە لە باوەڕهێناندا، بەهەمان شێوە بە پێچەوانەشەوە، وە بەڵگەشی تێدایە لەسەر قەدەغەکردنی ئاگر لەسەر یەکتاپەرستی کامڵ، وە بەڵگەشی تێدایە کردەوە هیچ سوودو کەڵکێکی نیە مەگەر بە دڵسۆزی لەپێناو خوادا بێت، لەسەر ئەو شەریعەتەی داینراوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ.

ئاگادارکردنەوە، قورطوبی لە (تذكرة)دا دەڵێ: وتەی پێغەمبەر لە فەرموودەکە (**من إيمان**) واتە: لە کردەوەکانی ئیمان کە بریتین لە کردەوەکانی ئەندامانی جەستە، ئەوکات بەڵگەی تێدایە کە بەڕاستی کردەوە چاکەکان لە ئیمانن، بەڵگەش لەسەر ئەوەی مەبەستی ئیمانە لەوەی کە باسمان کرد، مەبەستی ئیمانی ڕووت نیە کە بریتیە لە یەکتاپەرستی و ڕەتکردنەوەی هاوبەشدانان و ئیخلاص و دڵسۆزی بە وتەی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله): خودی ئەو فەرموودەیە لە وتەی: (**أَخْرِجُوا - ثُمَّ بَعدَ ذلكَ يَقْبِضُ سُبْحانَهُ قَبْضَةً فَيُخْرِجُ قَوماً لَمْ يَعمَلوا قَطُّ**) واتە: دەریان بهێنن -پاشان دوای ئەوە خوای پاك و بێگەرد مشتێك لە خەڵکی لەناو ئاگر دەردەهێنێت هیچ کردەوەیەکیان نەکردوە. مەبەستی لەوەدا جگە یەکتاپەرستی ڕووتە لە کردەوە. پوختەیەك لە شەرحی سونەنی ئیبنوماجە.

دەسڕێتەوە، جا ئەگەر شایەتمانی هێنا بەجۆرێکی تەواو کە ڕێگر بێت لە هاوبەشدانانی گەورەو بچوک، ئەمە بەهیچ شێوەیەک پێداگر نابێت لەسەر گوناە، ئەوە خوا لێی خۆش دەبێت و لەسەر ئاگر حەرام دەبێ، بەڵام ئەگەر شایەتمانی هێنا بەجۆرێ ڕزگاری بووبێ پێی لە هاوبەشدانانی گەورە جگە لە بچوک، وە دوای ئەوە شتێکی نەکردبێ پێچەوانەی ئەوە بووبێ، ئەوە ئەم چاکەیە هیچ کام لە گوناهەکان بەرگری لێ ناکەن، جا بەهۆیەوە تەرازووی چاکەکانی لاسەنگ دەبن، وەک چۆن لە فەرمودەی (**البطاقة**)دا هاتووە ئەو لە سەر ئاگر حەرام دەبێت، بەڵام پلەو پایەی کەم دەبێتەوە لە بەهەشتدا بە ئەندازەی گوناهەکانی، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو کەسەی خراپەکانی قورس دەبێت بەسەر چاکەکانیدا، وە لەسەر ئەوەش بمرێت و پێداگربێ، جا بێگومان ئەو کەسە ئاگری بۆ پێویست دەبێت. وە ئەگەر وتی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە خۆی پێ پاراست لە هاوبەشدانانی گەورە، بەڵام لەسەر ئەوە نەمرد، بەڵکو دوای ئەوە گوناە و تاوانی کرد، وە گوناهەکانی قورس بوو بەسەر چاکەی یەکتاپەرستیەکەی، بێگومان ئەو کەسە لە حاڵی شایەتمانەکەیدا دڵسۆز بووە، بەڵام کۆمەڵە گوناهێکی ئەنجامداوە، بەهۆیانەوە یەکتاپەرستی و دڵسۆزیەکەی لاواز بووە چەند قات گوناهی کردووە، وە ئاگری گوناهەکانی بەهێز بووە تا یەکتاپەرستی و دڵسۆزیەکەی سووتاندووە، بە پێچەوانەی کەسی دڵسۆزو دڵنیا، چونکە بێگومان ئەو کەسە چاکەکانی تای خراپەکانی بەرز کردەوە، سوریش نیە لەسەر گوناهەکان، جا ئەگەر لەسەر ئەوە مرد دەچێتە بەهەشتەوە.

بەڵکو مەترسی هەیە لەسەر دڵسۆزێک کە گوناهەکانی قورس بێت، ئیمانەکەی پێ لاواز بکات، ئەو کات بە دڵسۆزی یەقین و دڵنیاییەوە نەیوتبێت، کە ڕێگری بکات لەهەموو گوناهەکان، وە مەترسی لەسەر هەبێت لە هاوبەشدانانی گەورەو بچووک، جا ئەگەر پارێزراو بوو لە هاوبەشدانانی گەورە هاوبەشدانانی بچوکی لەگەڵدا مابێت، ئینجا کۆمەڵە گوناهێک بداتە پاڵ ئەم هاوبەشدانانە، تا لای گوناهەکانی قورس دەبن، چونکە بەڕاستی گوناهەکان دڵنیایی و یەقین لاواز دەکەن، پاشان وتەی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) لاواز دەکات، بۆیە ڕێگری دەکات لە ئیخلاص و دڵسۆزی بەدڵ، جا کەسی قسەکەر بە شایەتمان وەک وڕینەکەر یان خەوتووی لێ دێت، یان دەنگی خۆش دەکات بە خوێندنی ئایەتێک لە قورئان بەبێ چێژو لەزەت وەرگرتن لێی، ئا ئەمانە بە تەواوی ڕاستی و دڵنیاییەوە شایەتمانیان نەهێناوە، بەڵکو دوای ئەوە بە کۆمەڵە گوناهێک هەستاون، کە ئەوەی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵکو شایەتمانیان هێناوە بەبێ دڵنیایی و ڕاستی و لەسەر ئەوەش دەمرن، وە گوناهێکی زۆریان هەیە ڕێگریان لێ دەکات لە چونە ناوەوەی بەهەشت. جا ئەگەر گوناهەکان زۆر بوون شایەتمان لەسەر زمان قورس دەبێت و دڵیش ڕەق دەبێت لە ئاستی دەربڕینیدا، خاوەنەکەی ڕقی لە کردەوەی چاک دەبێتەوە و گوێ گرتنی قورئانی لەسەر قورس دەبێت، مژدە دەدات بە یادکردنی جگە لەخواو ئارام دەبێت بە شتی پووچ، وە قسەی پڕوو پووچ و ناشرین بەلایەوە شیرین دەبێ، تێکەڵاوی خەڵکانی بێ ئاگاو خراپ دەکات، وە ڕقی لە تێکەڵاوی شوێنکەوتوانی حەق دەبێتەوە، جا نموونەی ئەمە ئەگەر بە زمانی شایەتمان بهێنێت ئەوەی وتویەتی لە دڵی نیە، وە لە دەمیدا شتێ هەیە کەبەڕاستی نازانێ.

حەسەن دەڵێ: ئیمان بە خۆڕازاندنەوەو ئاوات بۆ خواستن نیە، بەڵکو ئەوەیە کە لەدڵدا بچەسپێ و بە کردەوەش بیسەلمێنێ. جا هەر کەسێک قسەیەکی چاکی کردو کردەوەیەکی چاکیشی ئەنجامدا

ئەوە لێی وەردەگیرێ، وە هەرکەسێك قسەیەکی چاکی کردو کردەوەیەکی خراپی ئەنجامدا ئەوە لێی وەرناگیرێ.

بەکری کوڕی (عبدالله)ی موزەنی دەڵێ: ئەبو بەکر پێشی ئەو خەڵکە نەکەوتووە بە ڕۆژو گرتن و نوێژی زۆر، بەڵکو بە شتێك کە لەناو دڵدا جێگیر بووە.

جا هەر کەسێك بڵێت (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە هەڵنەسێت بە ئەنجامدانی پێویستیەکانی، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا گوناهی کردبێ و لە شایەتمانەکەیدا ڕاستی کردبێ و دڵنیا بووبێت، بەڵام کۆمەڵە گوناهێکی هەبووبێت، ڕاستی و دڵنیاییەکەی لاواز کردبێت، وە لەپاڵ ئەوەشدا هاوبەشدانانی بچووکی کردەوەیی کردبێت، جا ئەم گوناهانە قورس بووبن لەسەر ئەم چاکەیە، سوریش بووبێت لەسەر گوناە تا مردن، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی شایەتمان دەهێنێت بە دڵنیایی و ڕاستی، بێگومان ئەو کەسە یان ئەوەیە بەردەوام نابێت لەسەر گوناە، وە یەکتاپەرستیەکەی کە ڕاستی و دڵنیایی لەخۆ گرتوە چاکەکانی قورس دەکات. ئەوانەشی دەچنە ناو ئاگرەوە لەوانەی کە شایەتمانیان هێناوە: یان ئەوەیە شایەتمانیان نەهێناوە بەڕاستی و دڵنیایی تەواو، کە ڕەتکەرەوەی گوناهەکانن یان قورس بوونیانن، یان شایەتمانیان هێناوە دوای ئەوە کۆمەڵە گوناهێکیان ئەنجامداوە قورس بووە بەسەر چاکەکانیاندا، پاشان بەو هۆیەوە ڕاستگۆیی و دڵنیاییان لاواز بووە، دوای ئەوە بەڕاستگۆیی و دڵنیاییەکی تەواو شایەتمانیان نەهێناوە، چونکە گوناهەکان ئەو ڕاستگۆیی و دڵنیایانە لەناو دڵەکانیاندا لاواز کردوە، جا شایەتمان هێنان لە هاوشێوەی ئەو کەسانەدا توانای سڕینەوەی گوناهەکانی نیە، بۆیە گوناهەکانیان قورس دەبێت بەسەر چاکەکانیاندا.

بێگومان ئەمە زۆرێك لە زانایان باسیان کردوە وەکو ئیبنولقەییم و ئیبنورەجەب و جگە لەوانیش.

وتم: ئەوەی شێخی ئیسلام جێگیری کردوە فەرموودەکان کۆدەبێتەوە

دەڵێ: لەم فەرموودە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی دەربڕین بەبێ بڕوابوون (الإيمان) بەس نیە لە باوەڕهێناندا، بەهەمان شێوە بە پێچەوانەشەوە، وە بەڵگەشی تێدایە لەسەر قەدەغەکردنی ئاگر لەسەر یەکتاپەرستی کامڵ، وە بەڵگەشی تێدایە کردەوە هیچ سوودو کەڵکێکی نیە مەگەر بە دڵسۆزی لەپێناو خوادا بێت، لەسەر ئەو شەریعەتەی داینراوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ.

ئاگادارکردنەوە، قورطوبی لە (**تذكرة**)دا دەڵێ: وتەی پێغەمبەر لە فەرموودەکە (**من إيمان**) واتە: لە کردەوەکانی ئیمان کە بریتین لە کردەوەکانی ئەندامانی جەستە، ئەوکات بەڵگەی تێدایە کە بەڕاستی کردەوە چاکەکان لە ئیمانن، بەڵگەش لەسەر ئەوەی مەبەستی ئیمانە لەوەی کە باسمان کرد، مەبەستی ئیمانی ڕووت نیە کە بریتیە لە یەکتاپەرستی و ڕەتکردنەوەی هاوبەشدانان و ئیخلاص و دڵسۆزی بە وتەی: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**): خودی ئەو فەرموودەیە لە وتەی: (**أَخْرِجُوا - ثُمَّ بَعدَ ذلكَ يَقْبِضُ سُبْحانَهُ قَبْضَةً فَيُخْرِجُ قَوماً لَمْ يَعمَلوا قَطُّ**) واتە: دەربان بهێنن -پاشان دوای ئەوە خوای پاك و بێگەر مشتێك لە خەڵکی لەناو ئاگر دەردەهێنێت هیچ کردەوەیەکیان نەکردوە. مەبەستی لەوەدا جگە یەکتاپەرستی ڕووتە لە کردەوە. پوختەیەك لە شەرحی سونەنی ئیبنوماجە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي سعيد الخدري عن رسول الله ﷺ قال: (قَالَ مُوسى عليه السلام يَا ربِّ عَلِّمْنِي شَيْئا أذْكُرُكَ وأدْعُوكَ بِهِ، قَالَ: يَا مُوسى قُلْ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله. قَالَ: يَا ربِّ كُلُّ عِبَادِكَ يَقولُون هَذا، قَالَ: يَامُوسى لَوْ أنَّ السَّماواتِ السَّبعَ وعَامِرَهُنَّ غَيْرِي والأرضَينِ السَّبعَ في كِفَّةٍ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ الله في كَفَّةٍ، مَالتْ بِهِنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)[1] رواه ابن حبان والحاكم وصححه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبو سەعیدی خودریەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: مووسا عليه السلام وتی: ئەی پەروەردگارم شتێکم فێر بکە یادی تۆ بکەم و لێت بپاڕێمەوە پێی، خوا ﷻ فەرمووی: ئەی مووسا بڵێ: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله). وتی: ئەی پەروەردگارم هەموو بەندەکانت ئەمە دەڵێن، فەرمووی: ئەی مووسا ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکان و ئەوەشی ئاوەدان کەرەوەیە تیایاندا غەیری خۆم، وە هەر حەوت زەویەکەش لە تای تەرازوویەکدا بن، (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)ش لە تای تەرازوویەکدا بێت، (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) قورس و لاسەنگ دەبێت.

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

(أبو سعيد) ناوی سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی کوڕی عوبەیدی ئەنصاری خەزرەجیە، هاوەڵێکی گەورەو بەڕێزە، باوکیشی بە هەمان شێوە، ئەبو سعيد لە جەنگی ئوحود منداڵ بوو، ئامادەی دوای ئەو جەنگ بوو، لە مەدینە کۆچی دوایی کرد لە ساڵی شەست و سێ یان چوار یان پێنج، وە وتراوە: ساڵی حەفتاو چوار.

وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**أَذْكُرُكَ**) یادو ستایشی تۆی پێ بکەم (**وأَدْعُوكَ**) داوات لێ بکەم پێی.

وتەی: (**يَا مُوسى قُلْ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله.**) ئەوەی تێدایە ئەوکەسەی یادی پێ دەکاتەوە، یاد بە هەموو (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەکاتەوەو کورتی ناکاتەوە تەنها لەسەر وشەی (الله) وە نە لەسەر (هو) وەك چۆن سۆفیە نەفامەکان دەیکەن، بەڕاستی ئەوە بیدعە و گومڕاییە.

وتەی: (**كُلُّ عِبَادِكَ يَقولُون هَذا**) بەخەتی دانەر (يقولون) جێگیر کراوە، بەڵام ئەوەی لە بنچینەدا هاتووە (**يَقولُ**) بە تاك، لەبەر لەبەرچاوگرتنی وشەی (كُل) ئەوەش لە موسنەددا لە (عبدالله)ی کوڕی عەمرەوە بە کۆ هێناویەتی، هەر وەکو چۆن دانەر باسی کردوە لەسەر مانای (كُل) وە مانای وتەکەی (**كُلُّ عِبَادِكَ يَقولُون هَذا**) واتە: بێگومان من دەمەوێ شتێ بکەم تایبەتم بکەی پێیەوە لە نێوان هەموو بەندەکانتدا، لە ڕیواتێکی دیکەدا هاتووە لە دوای وتەی: (**كُلُّ عِبَادِكَ يَقولُون هَذا- قُل: لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، قَالَ: لا إله إلا أنْتَ يَاربِّ، إِنَّمَا أُرِيدُ شَيْئا تَخُصُّنِي بِهِ**) واتە: مووسا عليه السلام وتی: هەموو بەندەکانت ئەمە دەڵێن- خوا ﷻ فەرمووی: بڵێ: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)، وتی: (**لا إله إلا أنت**) ئەی پەروەردگارم، من شتێکم دەوێ تایبەتم بکەیت پێیەوە.

کاتێ کە خەڵکی -بەڵکو جیهان بە گشتی- ئەوەندە پێویستیان بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) هەیە کە کۆتایی پێ نایەت، ئەوە لە زۆرترینی زیکرەکانە لە ڕووی بونەوە و ئاسانترینیانە لە بەدەست هێنان

---

(١)أخرجه النسائي في الكبرى(١٠٧٦٠)، وابن حبان(٦٢١٨)، والحاكم ١/ ٥٢٨، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترغيب(٩٢٣)، وانظر تنبيه الهاجد(٣٧٤).

و مەزنترینیانە لە ڕووی ماناوە، نەفام و جاهیلەکان لایانداوە لێی و پەنایان بردوەتە بەر پاڕانەوەی داهێنراو کە نە لە قورئان و نە لە سوونەتدا نەهاتووە.

وتەی:(**وعَامِرَهُنَّ غَيْرِي**) (**عامِرَهُن**) ئەوە بە (نصب) هاتووە، (**عطف**) کراوەتە سەر ئاسمانەکان، واتە: ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکان و ئەوەشی تیایاندایە لە ئاوەدان کەرەوەکان جگە لە خوا، وە هەر حەوت زەویەکەش و ئەوەی تیایاندایە بخرێنە تای تەرازویەك، وە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)ش لە تای تەرازویەکی تر بێت، (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) قورس و لاسەنگ دەبێت.

ئیمامی ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە (عبد الله)ی کوڕی عەمر لە پێغەمبەرەوە ﷺ: (**أَنَّ نُوحاً عليه السلام قال لِابْنِهِ عند موته: آمُرُكَ بِلاَ إِلَهَ إِلاَّ الله فإن السماوات السَّبْعَ وَالأَرْضِينَ السَّبْعَ لو وُضِعَتْ في كِفَّةٍ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ الله في كِفَّةٍ رَجَحَتْ بِهِنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وَلَوْ أَنَّ السماواتِ السَّبْعَ وَالأَرْضِينَ السَّبْعَ كُنَّ حَلْقَةً مُبْهَمَةً لَقَصَمَتْهُنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)[1]. واتە: بەڕاستی نووح عليه السلام لەکاتی مردنیدا بە کوڕەکەی فەرموو: فەرمانت پێدەکەم بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) چونکە بێگومان حەوت ئاسمانەکەو حەوت زەویەکە ئەگەر بخرێنە تای تەرازویەکەوە، (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)ش، بخرێتە تای تەرازویەکەوە، ئەوە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) قورس و لاسەنگ دەبێت، وە ئەگەر حەوت ئاسمانەکەو حەوت زەویەکە هەموویان لە ئەڵقەیەکی نادیارو ئاڵۆزدا ئەوە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) تێك و پێکیان دەشکێنێ.

وتەی: (**فِي كِفَّةٍ**) بە (کسر)ەی (کاف)و شەددەی (**الفاء**)، واتە: تای تەرازوو.

وتەی:(**مَالتْ بِهِنَّ**) واتە: لاسەنگی دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی نەفی کردنی هاوبەش دانانی لە خۆگرتووە، وە یەکتاپەرستی خوا ئەوە چاکترینی کردەوەکانە و بنەما و بنچینەی میلەتی ئیسلام و ئاینە، هەرکەسێ بە دڵسۆزی و ئیخڵاص و دڵنیایی و یەقینەوە وتبێتی، کارو کردەوەی کردبێ بە ناوەرۆکەکەی و وابەستەکانی و مافەکانی، بەردەوامیش بووبێت لەسەر ئەوە، ئەم چاکەیە هیچ شتێك نیە هاوشانی ببێتەوە هەر وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾ ﴾**الأحقاف**. (واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە دەڵێن پەروەردگارمان ئەڵلآیە پاشان بەردەوام بوون لەسەر باوەڕەکەیان ئەوە نە ترسیان لەسەرە نە خەفەت دەخۆن).

لە فەرموودەکەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) گەروەترین زیکرە. وەکو فەرموودەی (عبد الله)ی کوڕی عەمرو بە مەرفوعی: (**خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ وَخَيْرُ ما قلت أنا وَالنَّبِيُّونَ من قَبْلِي: لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ له، له الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وهو على كل شَيْءٍ قَدِيرٌ**)[2]. واتە: چاکترین پاڕانەوە، پاڕانەوەی ڕۆژی عەرەفەیە، وە چاکترین ئەوەی وتم من و پێغەمبەرانی پێش من: هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لە خوا، تاك و تەنهایە هیچ هاوبەشێکی نیە، خاوەن مولّك و خاوەن ستایشە، ئەو بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

هەروەها لە ئەوەوە بە مەرفوعی هاتووە: (**يُصَاحُ بِرَجُلٍ من أُمَّتِي يوم الْقِيَامَةِ على رؤوس الْخَلَائِقِ فَيُنْشَرُ له تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ سِجِلًّا، كُلُّ سِجِلٍّ مِنْها مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يقالُ: أَتُنْكِرُ من هذا شيئاً؟ أَظَلَمَكَ كَتَبَتِي**

---

(١) أخرجه أحمد(٦٥٨٣)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة(١٣٤).

(٢)أخرجه الترمذي في الدعوات(٣٥٨٥)، وهو في صحيح الترمذي، والصحيحة (١٥٠٣).

الْحَافِظُونَ؟ فيقول: لَا يا رَبِّ. فيُقَالُ: أفَلَكَ عُذرٌ أو حَسَنَةٌ؟ فَيُهَابُ الرَّجُلُ فيقول: لَا، فيُقَالُ: بَلَى إنَّ لك عِنْدَنَا حَسَنَةً وَإنَّهُ لَا ظُلْمَ عَلَيْكَ الْيَوْمَ، فَيُخْرَجُ له بِطَاقَةٌ فيها أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. فيقول: يا رَبِّ ما هذه الْبِطَاقَةُ مع هذه السِّجِلَّاتِ؟ فَيُقَالُ: إنَّكَ لَا تُظْلَمُ، فَتُوضَعُ السِّجِلَّاتُ في كِفَّةٍ، وَالْبِطَاقَةُ في كِفَّةٍ فَطَاشَتْ السِّجِلَّاتُ وَثَقُلَتْ الْبِطَاقَةُ)[1]. واتە: کەسێك لە ئوممەتم بانگ دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، لەپێش چاوی هەموو بەدیهێنراوەکان، نەوەدو نۆ دەفتەری تۆماری هەیە، هەر یەکێك لەو تۆمارانە درێژن بەدرێژایی چاو بڕ بکات درێژە، پاشان پێی دەوترێ: ئایا نکوڵی هیچ شتێك لەمانە دەکەیت؟ ئایا نووسەرە پارێزەرەکانم ستەمیان لێ کردووی؟ ئەڵێت: نەخێر ئەی پەروەردگارم. ئینجا پێی دەوترێ: ئایا بیانوو یان چاکەیەکت هەیە؟ پیاوەکە سڵ دەکاتەوەو دەترسێ و دەڵێ: نەخێر، پێی دەوترێ: بەڵێ تۆ چاکەیەکت هەیە لە لای ئێمە، بێگومان تۆ ئەمڕۆ ستەمت لێ ناکرێت، بلیتێکی بۆ دەردەهێنن تیایدایە: شایەتی دەدەم **(أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)**. دەڵێ: ئەی پەروەردگارم ئەم بلیتە چیە لە چاو ئەو هەموو تۆمارانەدا؟ پێی دەوترێ: بێگومان تۆ ستەمت لێناکرێ، هەموو تۆمارەکان دەخرێنە تای تەرازوویەك، بلیتەکەش لە تای تەرازوویەك، ئینجا هەموو تۆمارەکان بەرز دەبنەوەو بلیتەکەش قورس دەبێت. ترمذی ڕیوایەتی کردووەو بە حەسەنی داناوە.نەسائی و ئیبنوحیبان ڕیوایەتیان کردوە و حاکمیش وتویەتی: صەحیحە لەسەر مەرجی موسلیم، زەهەبیش لە (التلخیص)دا وتویەتی: صەحیحە.

ئیبنو لقەییم دەڵێ: جا کردەوەکان بە وێنەو ژمارەنیان فەزڵیان بەسەر یەکدا نابێ، بەڵکو جیادەکرێنەوە بە فەزڵ بەسەر یەکدابوونی ئەوانەی لە دڵەکاندایە، جا وێنەی دوو کردەوە وەکو یەك وایە، وە لەنێوانیاندا فەزڵداری هەیە، وەك نێوان ئاسمان و زەوی. دەڵێ: سەرنجی فەرموودەی بلیت بدە کە لە تای تەرازوویەکدا دادەنرێت، لەبەرانبەریدا نەوەدو نۆ تۆمار هەیە، هەر تۆمارێك بە درێژایی بڕکردنی چاوە، ئینجا بلیتەکە قورس دەبێت و تۆمارەکان بەرز دەبنەوە، ئەو کەسە سزا نادرێت. وە زانراوە بێگومان هەموو یەکتاپەرستێك ئەم بلیتەی هەیە، زۆرێکیش لە ئەوان دەچنە ناو ئاگرەوە بەهۆی گوناهەکانیانەوە.

وتەی: (**رواه ابن حِبَّان والحَاكِم**) ئیبنوحیبان ناوی موحەممەدی کوڕی حیبانە کوڕی ئەحمەدی کوڕی حیبانی کوڕی موعازی، ئەبو حاتەمی تەمیمی بوستی (**الحافظ**)ە خاوەنی چەندین بەرهەمە: وەکو (**الصحيح، والتاريخ، و الضعفاء، والثقات**) وە جگە لەوانیش. حاکم وتویەتی: یەکێك بوە لە سەرچاوەکانی زانست لە بواری فیقە و زمان و فەرمودەو ئاموژگاری، وە یەکێك بووە لە پیاوە ژیرەکان. لە ساڵی سێ سەدو پەنجاو چوار لە شاری بوست کۆچی دوایی کردوە.

بەڵام (الحاكم) ناوی موحەممەدی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی موحەممەدی نەیسابوریە، ئەبو (عبدالله)ی (**الحافظ**) وە ناونراوە بە (ابن البيع) لە ساڵی سێ سەدو بیست و یەك لەدایك بووە، چەندین بەرهەمی هەیە: وەکو (المستدرك، وتاريخ نيسابور) وە جگە لەوانیش، لەساڵی چوارسەدو پێنجی کۆچی کۆچی دوایی کردوە.

---

(١) أخرجه الترمذي في الإيمان (٢٦٣٩)، وابن ماجه في الزهد(٤٣٠٠)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة(١٣٥).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وللترمذي -وحسنه- عن أنس: سمعتُ رسول الله ﷺ يقولُ: (قالَ الله تعالى: يابن آدم لَو أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأرض خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتَنِي لَا تُشْرِكُ بِي شيئاً لَأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ترمزی هێناویەتی و بە حەسەنی داناوە، لە ئەنەسەوە: بیستم لە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: خوا ﷻ فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم بێگومان ئەگەر تۆ پڕاوپڕی زەوی بە گوناهەوە بهاتایەی بۆ لام، پاشان پێم بگەشتایەی هاوەڵت بۆم بڕیار نەدایە، ئەوە منیش دەهاتم بۆلات بە لێخۆشبوون بە پڕاوپڕی زەوی.

.....

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی بەشی کۆتایی فەرمودەکەی کردوە، **ترمزی** بە تەواوی ڕیوایەتی کردوە جا وتی: لە ئەنەسەوە وتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: **(قال الله يا بن آدَمَ إِنَّكَ ما دَعَوْتَنِي وَرَجَوْتَنِي غَفَرْتُ لك على ما كان منكَ ولا أُبَالِي يا بن آدَمَ لو بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لك ولا أُبَالِي يا بن آدَمَ إِنَّكَ لو أَتَيْتَنِي - الحديث)** واتە: خوا ﷻ فەرموویەتی: ئەی نەوەی ئادەم تۆ هەرچەندە لێم بپارێیتەوە و ئومێدم پێ بکەی لێت خۆش دەبم، سەرەڕای ئەوەی کە کردووتە بە باکمدا نایەت، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر گوناهەکانت بگاتە هەورەکان بەدرێژایی بڕکردنی چاو پاشان داوای لێخۆشبوونم لێ بکەیت، لێت خۆش دەبم و بەباکمدا نایەت ئەی نەوەی ئادەم، بێگومان ئەگەر تۆ بێی بۆ لام - فەرمودەکە.

(الترمذي): ناوی مەحەممەدی کوڕی عیسای کوڕی سەورەت کوڕی موسای کوڕی **(الضحاك السلمي)** ئەبو عیسا، خاوەنی کتێبی (الجامع) وە یەکێکە لە **(الحفاظ)** نابینا بوو، ڕیوایەتی کردوە لە قوتەیبەو هەنادو بوخاری و خەڵکێکی دیکە، لەساڵی دوو سەدو حەفتاو نۆ کۆچی دوایی کردوە.

وە (**أنس**): ئەو کوڕی مالیکی کوڕی نەض**ری** ئەنصاری خەزرەجیە، خزمەتکاری پێغەمبەر ﷺ بوو بۆ ماوەی دە ساڵ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (**اللهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ وَوَلَدَهُ وأَدْخِلْهُ الجَنَّةَ**)[2]. واتە: خوایە ماڵ و سامان و منداڵی زۆر بکەو بیخە بەهەشتەوە) لە ساڵی نەوەدو دوو کۆچی دوایی کردوە، وە وتراوە: نەوەدو سێ، سەد ساڵی تێپەڕاند.

فەرموودەکە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە فەرمودەی (**أبو ذر**) بە ماناکەی، ئەمەش لەفزەکەیەتی: **(وَمَنْ عَمِل قُرَاب الأرض خَطِيئَةً ثم لَقِيَنِي لَا يُشْرِكُ بِي جَعَلتُ لَه مِثْلِهَا مَغْفِرَةً)**[3]. واتە: هەرکەسێ پڕاوپڕی زەوی گوناە بکات پاشان بگات پێم (لە ڕۆژی دواییدا)، هاوبەشی بۆم دانەنابێ، بەقەد ئەوە لێی دەبووڕم. موسلیم ڕیوایەتی کردوە، **طەبەرانیش** هێناویەتی لە فەرموودەی ئیبنوعەباس لە پێغەمبەرەوە ﷺ[4].

---

(١) أخرجه الترمذي في الدعوات(٣٥٤٠)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة(١٢٧).

(٢) أخرجه البخاري في الصوم (١٩٨٢)فتح، ومسلم في فضائل الصحابة(٢٤٨١) عبد الباقي.

(٣)أخرجه مسلم في الذكر والدعاء(٢٦٨٧)عبد الباقي.

(٤) أخرجه الطبراني في الكبير ١٢/ ١٩، (١٢٣٤٦)، وانظر في الصحيحة(١٢٧).

وتەی: (**لَو أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأرض خَطَايَا**) بە (ضم)ی قافەکە: وە تراوە بە (الكسر) وە بە (ضم) بەناوبانگ تر، ئەویش پرێتی یان نزیك پری.

وتەی: (**ثُمَّ لَقِيتَنِي لَا تُشْرِكُ بِي شيئاً**) مەرجێکی گرانە لە پەیماندا بە بەدەستهێنانی لێخۆشبوون، ئەویش سەلامەت بوون لە هاوبەش دانان: زۆری و کەمی، سەلامەت نابێ لەمە مەگەر کەسێ خوا سەلامەتی کردبێ، ئا ئەوەیە دڵی ساغ و بێگەرد، وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾ **الشعراء**. (واتە: ڕۆژێ کە ماڵ و سامان و نەوە سوود ناگەیەنن* بێجگە لە کەسێ بێتە خزمەتی خوا بە دڵێکی ساغ و پاك و خاوێنەوە).

ئیبنورەجەب دەڵێ: هەرکەسێك لەگەڵ یەکتاپەرستیدا بەقەد پراوپڕی زەوی گوناە بکات، خواش پێی دەگات بە پراوپڕی زەوی بە لێبوردنەوە، -تا ئەوەی وتی- جا ئەگەر یەکتاپەرستی و دڵسۆزی بەندە تەواو بوو بۆ خوا، بەمەرجەکانی هەستا و بە دڵ و زمان و ئەندامەکانی جەستەی، یان بە دڵ و زمانی لەکاتی مردندا، ئەوە لێخۆشبوونی ئەو گوناهانەی بۆ پێویست دەکات کەڕابردووە هەر هەمووی، ڕێگریشی لێ دەکات لە چوونە ناوەوەی ئاگر بە گشتی، جا هەرکەسێك بەڕاستی دڵی یەکتاپەرستی هێنایەجێ، ئەو وشەیە هەموو شتێ لە دڵی دەردەکات جگە لە خوا: لە خۆشویستن و بەگەورەدانان و ڕێزو شکۆمەندی و سڵەمینەوەو ترس و پشتبەستن، جا ئەوکات هەموو گوناهەکانی دەسووتێت، ئەگەر چی وەکو کەفی سەر دەریاش بێت.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە مانای فەرموودەکەدا وتویەتی: لە خاوەنانی یەکتاپەرستی پەتی دەبوردرێ کە یەکتاپەرستیەکەیان تێکەڵ نەکردوە بە هاوبەش دانان، نابورێ لە کەسێ بەوشێوە نەبێ. جا ئەگەر کەسی یەکتاپەرست کە هاوبەشی بۆ پەروەردگاری دانەنابێت بەهیچ جۆرێك، بگات بەخوا بە قەد پراوپری زەوی گوناە ،خواش پراوپری زەوی لێی دەبورێ، ئەمەش دەستەبەر نابێ بۆ کەسێك یەکتاپەرستیەکەی کەمی کردبێ، چونکە بێگومان یەکتاپەرستی پاك و بێگەرد کە تێکەڵ نەبووبێت بە هاوبەش دانان گوناهی لەگەڵدا نامێنێ، چونکە خۆشەویستی خوا و گەورەیی و مەزنی و ترس و ئومێد بوونی ئەو بە تەنها پێی لەخۆ دەگرێ، ئەوەش شۆردنەوەی گوناهەکان پێویست دەکات، ئەگەر چی پراوپڕی زەوی بێت، جا پیسی کۆسپە و پاڵنەرەکانیشی بەهێزن.

لەم فەرموودەیەدا: زۆری پاداشتی یەکتاپەرستی و فراوانی بەخشندەیی و سەخاوەتی و میهرەبانی خوا بەدی دەکرێت، هەروەها بەرپەرچدانەوەی خەوارجەکان ئەوانەی موسڵمان کافر دەکەن بە گوناهەکان، وە موعتەزیلەکانیش ئەوانەی دەڵێن (**المنزلة بين المنزلتين**) ئەویش فاسقبوونە، دەڵێن نە موسڵمانە و نە کافرو بێبڕوایە، هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێنێتەوە. بۆچوونی ڕاست و دروست ڕای ئەهلی سوننەیە: بێگومان ئەوکەسە ناوی ئیمانی لێ ناسەنرێتەوە، بەڕەهاییش پێی نادرێ، بەڵکو دەوترێ ئەوە ئیماندارێکی سەرپێچیکارە، یان بڕواداڕە بە ئیمانەکەی گوناهبارە بە گوناهەگەورەکەی. قورئان و سوننەت و ئیجماعی ئومەت لەسەر ئەمەن . لە (عبد الله)ی کوڕی مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێت) وتی: کاتێ شەوڕەوی کرا بە پێغەمبەر ﷺ تا (**سدرة المنتهى**) برا، سێ شتی پێبەخشرا: پێنج نوێژەکەی پێبەخشرا، لەگەڵ کۆتایی سورەتی بەقرە، لە گوناهی

ئەوکەسەش بوردرا هاوبەشی بۆ خوا دانانێ لە ئوممەتەکەی: ئەوگوناهە گەورانەی خاوەنەکەی دەخەنە ناو ئاگرەوە[1]. موسلیم ڕیوایەتی کردوە.

ئیبنو کەثیر لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: ئیمامی ئەحمەدو ترمزی و ئیبنوماجە و نەسائی گێڕاویانەتەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی بۆمان خوێندەوە ﴿هُوَ أَهْلُ التَّقْوَىٰ وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ ﴿٥٦﴾﴾المدثر. (واتە: خوا شیاوی لێ ترسانە و شیاوی لێ خۆشبوونیشە)، وە فەرمووی: (قال رَبُّكُم: أنا أَهْلٌ أَنْ أُتَّقَى فلا يُجْعَلُ مَعِي إِلَهٌ آخَرُ، فَمَنْ أتقى أَنْ يَجْعَلَ مَعِي إِلَهًا كَانَ أَهْلاً أَنْ أَغْفِرَ لَهُ)[2]. واتە: من شیاوی ئەوەم بەندەکەم لێم بترسێ وە لەگەڵمدا پەرستراوێکی تر دانەنرێ، جا هەرکەسێك خۆی بپارێزێ لەوەی لەگەڵ مندا پەرستراوێك دابنات، ئەوە شیاوی ئەوەیە من لێی خۆش ببم.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: تأمل الخمس اللواتي فى حديث عبادة فإنك إذا جمعت بينه وبين حديث عتبان تبين لك معنى قوله : لا إله إلا الله وتبين لك خطأ المغرورين.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: سەرنج بدەو بڕوانە ئەو پێنجەی کە لە فەرموودەکەی عوبادەدا هاتوون، تۆ ئەگەر کۆکردنەوەت کرد لەنێوان ئەوو فەرموودەکەی عیتبان، ئەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە مانای وتەی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) و هەڵەی لەخۆباییانت بۆ ئاشکرا دەبێت.

••••••

چوارەم: تەفسیری ئایەتی (٨٢)ی سورەتی (الأنعام)

پێنجەم: سەرنج بدەو بڕوانە ئەو پێنجەی کە لە فەرموودەکەی عوبادەدا هاتوون.

شەشەم: تۆ ئەگەر نێوان فەرموودەکەی عوبادە و فەرموودەکەی عیتبان و فەرموودەکانی دوای ئەوەش کۆبکەیتەوە، ئەوە مانای وتەی: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)ت، بۆ ڕوون دەبێتەوە و هەڵەی لەخۆبایی بوانت بۆ ئاشکرا دەبێت.

حەوتەم: ئاگادار بوون لەو مەرجەی کە لە فەرموودەی عیتبان هاتووە. (کە مەرجی یەکتاپەرستی و ڕاستگۆییە).

هەشتەم: پێغەمبەران پێویستیان بە ئاگادار کردنەوە هەیە لەسەر فەزڵ و چاکەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

نۆیەم: ئاگادارکردنەوە بە قورسی و لاسەنگی(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) لە بەرانبەر بەدیهێنراوەکان، لەگەڵ ئەوەدا زۆرێك لەوانەی دەیڵێن تەرازوەکەی هەر سووکە.

دەیەم: ئایەتەکە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی زەویەکان حەوتن وەکو ئاسمانەکان.

یازدە: بێگومان ئاسمانەکان و زەوی ئاوەدان کاریان هەیە.

دوازدە: چەسپاندنی سیفاتەکان بۆ خوا ﷻ بە پێچەوانەی ئەشعەریەکان.

سیازدە: بێگومان تۆ ئەگەر فەرموودەکەی ئەنەس بزانیت، ئەوکات تێدەگەیت لە مانای فەرموودەکەی عیتبان: (إن اللَّهَ قد حَرَّمَ على النَّارِ من قال لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللَّهِ) کە بێگومان وازهێنان لە هاوبەشدانان تەنها بە زمان نابێت.

چواردە: سەرنج بدە لەوەی کە عیساو موحەممەد هەردووکیان بەندەو پێغەمبەری خوان.

پازدە: زانینی تایبەتمەندی عیسا بەوەی کە کەلیمەی خوایە.

شازدە: زانیاری بوونی عیسا بەوەی ڕوحێکە لەلایەن خواوە (دروست کراوە).

حەڤدە: زانینی فەزڵ و چاکەی ئیمان هێنان بە بەهەشت و ئاگر.

هەژدە: زانینی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ (عَلى مَا كَانَ مِن العَمَل). واتە: سەرباری کردەوەکانی هەرچی بێ) واتە: (جگە لە هاوبەشدانان و بێبڕوایی).

نۆزدە: زانینی ئەوەی بێگومان تەرازووی ڕۆژی قیامەت دوو تای هەیە.

بیست: زانیاری دان دەربارەی (ڕووی) خوا.



بەشی ٢

یەک یەکتاپەرستی بەجێ بهێنێت لەخۆیدا بێتە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (باب من حقق التوحيد دخل الجنة بغير حساب)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەرکەسێك یەکتاپەرستی بەجێ بهێنێت لەخۆیدا دەچێتە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە. واتە: بەبێ سزا.

.....

وتم: (**تحقيقه**) ساغکردنەوەی و پاڵاوتنی و پاکژکردنی یەکتاپەرستی لە خڵتە و پیسی هاوبەشدانان و بیدعە و سەرپێچی.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾ **النحل.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: بەڕاستی ئیبراهیم علیه السلام ئوممەتێك بوو فەرمانبەردار بۆ خوا، لادەر بوو لە هەموو ئاینێکی ناحەق و هەرگیزو لە هاوبەشدانەران نەبووە).

.....

وەسفی ئیبراهیمی کردوە بەم سیفاتانە کە ئەمە ئەوپەڕێتی لە هێنانەدی یەکتاپەرستیدا.

یەکەم: بەڕاستی ئیبراهیم ئومەتێك بوو، واتە: پێشەنگ و پێشەواو مامۆستای چاکە بوو، ئەویش تەنها بەهۆی ئەوەوە بووە پلەکانی ئارامگرتن و دڵنیایی تەواوو کامڵ کرد، کە بەو دوانە پێشەنگی بەدەست هێنا لە ئایندا.

دووەم: فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَانِتًا ﴾ شێخی ئیسلام دەڵێ: (**القنوت**) بریتیە لە بەردەوام بوونی پەرستش، جا نوێژکەر ئەگەر وەستان و کرنووش و سوژدەی درێژ کردەوە ئەوە پێی دەوترێ (قانت)، خوا فەرموویەتی: ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ﴿٩﴾ ﴾ **الزمر.**

(واتە: یا کەسێك ملکەچ و پەرستکارە بۆ خوا لە کاتەکانی شەودا بە سوژدە بردن و ڕاوەستان لە شەونوێژدا، لە سزای دواڕۆژ دەترسێت و بە هیوای بەزەیی پەروەردگاریەتی).

سێیەم: بێگومان ئیبراهیم عليه السلام ﴿حَنِيفًا﴾ بوو، وتم: ئیبنولقەییم دەڵێ: (الحنيف) ئەوکەسەیە ڕوو دەکاتە خوا و پشت دەکات لە غەیری خوا.

چوارەم: ئیبراهیم عليه السلام هەرگیز لە هاوبەشدانەران نەبوو، واتە: لەبەر ڕاستی ئیخلاص و دڵسۆز بوونی و تەواوی سەرراستی، وە دوربوونی لە هاوبەشدانان.

وتم: فەرمایشتی خوا ئەمە ڕوون دەکاتەوە: ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ﴾ **الممتحنة.** (واتە: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێکی جوان و چاك لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون) ئیبنوجەریر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: واتە: ئەوانەی لەسەر ئاینەکەی بوون لە برا پێغەمبەرەکانی: ﴿إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾ **الممتحنة.** (واتە: کە بە گەلەکەی خۆیان وت: بەڕاستی ئێمە بێزارو بەرین لە ئێوە، وە لەو شتانەش کە دەیانپەرستن لە جیاتی خوا، ئێمە باوەڕمان نیە بە ئاینی ئێوە، وە پەیدا بوو لە نێوان ئێمە و ئێوەدا، دوژمنایەتی و کینە بۆ هەمیشەیی، تا کاتێك بڕوا بە خوای تەنها دەهێنن، جگە لەو قسەی ئیبراهیم کە بە باوکی وت: بێگومان داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەکەم، وە من هیچم بەدەست نیە لەلای خوا بۆ تۆ، ئەی پەروەردگارمان تەنها پشتمان بەتۆ بەستووە، وە هەر بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە، سەرەنجامیش هەر بۆلای تۆیە) وە خوا ﷻ دەربارەی خۆشەویستی خۆی ئیبراهیم باس دەکات کە بێگومان ئەو بە ئازەری باوکی وت: ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَىٰ أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴿٤٩﴾﴾ **مريم.** (واتە: وە دورەپەرێز دەبم لە ئێوە و ئەو شتانەش دەیپەرستن جگە لەخوا، تەنها پەروەردگارم دەپەرستم ئومێدەوارم لە پەرستن و نزای پەروەردگارمدا بێ هیواو نا ئومێد نەبم* جا کاتێ ئیبراهیم دورکەوتەوە لێیان(لە گەلە بت پەرستەکەی) وە لەو شتانەش ئەوان دەیانپەرست جگە لە خوای گەورە، ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان پێ بەخشی، وە هەریەك لەوانیشمان کرد بە پێغەمبەر).

ئا ئەمە هێنانەدی یەکتاپەرستیە، ئەویش بەری بوونە لە هاوبەش دانان و هاوبەش دانەران و دورەپەرێزیان، وە بێبڕوایی کردن پێیان و دژایەتی کردن و ڕق لێبوونیان، خوا یارمەتی دەربێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في هذه الآية: ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً ﴾النحل.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً ﴾ بۆ ئەوەی نەترسێ ئەو کەسەی ڕێگا ڕاست دەگرێتە بەر لە کەمی شوێنکەوتووان ﴿قَانِتًا لِلَّهِ ﴾ نەک بۆ پاشاو بۆ بازرگانە خۆشگوزەرانەکان ﴿حَنِيفًا ﴾ نە بە لای ڕاستدا لا دەدات، نە بە لای چەپیش، وەکو کاری ئەو زانایانەی کە تووشی فیتنە بوون ﴿وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾ بە پێچەوانەی ئەوەی سەرانی هاوبەش دانەرانی زیاد کردوە، وە پێی وابووە لە موسڵمانانە.

.....

وتم: هیچ بەگژداچونێ لەنێوان ئەمەو ئەوەی پێشوودا نیە: لەوەی کە بێگومان ئیبراهیم پێشەواو سەرمەشق بووە، پەیڕەوی کراوە لە کاری چاکەدا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال تعالى: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٨﴾ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾المؤمنون.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە خوا فەرموویەتی: : بەڕاستی ئەو کەسانەی لە ترسی سزای پەروەردگاریان هەمیشە دەترسن* وە ئەو کەسانەش کە بە ئایەتەکانی پەروەردگاریان باوەڕ دێنن* وە ئەو کەسانەش کە هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن).

.....

وەسفی بڕوادارانی پێشووی کردوە بۆ بەهەشت، جا ستایشی کردوون بەو سیفاتانەی کە مەزنترینیان ئەوەیە: بێگومان ئەوان هاوبەش بۆ پەروەردگاریان دانانێن. کاتێ کە بەندە ڕووبەڕووی شتێك دەبێتەوە ئایندارییەکەی لەکەدار دەکات: لە هاوبەشدانانی ئاشکرا یان شاراوە، ئەوەی ڕەتکردەوە لێیان، ئا ئەمەیە هێنانەدی یەکتاپەرستی، کە کردەوەکانیانی پێ جوان بوەو تەواو بوەو سوودی پێ گەیاندوون.

وتم: وتەی: (**حَسُنت وكَمُلت**) واتە: جوان بوەو تەواو بووە. ئەمەش بە پێ ی پارێزراویان لە هاوبەشدانانی بچووك، بەڵام هاوبەشدانانی گەورە لە وازهێنان لێی ئەوە ناوترێت، چاك سەرنج بدە. ئەگەر دانەر بیوتایە ڕاستە (**صَحَّتْ**) ئەوە بەهێزتر بوو.

ئیبنو کەثیر وتویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ واتە: لەگەڵ خوادا شتێکی دیکە ناپەرستن، بەڵکو بە تەنها دەیپەرستن و دەزانن هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لە خوا، تاك و تەنهای بێ نیازە نە خێزانی بۆ خۆی داناوە نە منداڵ، بێگومان ئەو هاوتای نیە.

(ئەو کەسەی دەچێتە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە)

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عَن حُصَينُ بن عبد الرحمن قَالَ: كنت عِنْدَ سَعِيد بن جُبَيْرٍ فقال: أَيُكُمْ رَأَى الْكَوْكَبَ الذي انْقَضَّ الْبَارِحَةَ؟ فقلت: أنا، ثُمَّ قلت: أَمَا إني لم أَكُنْ فِي صَلَاةٍ، وَلَكِنِّي لُدِغْتُ، قال: فَمَا صَنَعْتَ؟ قلت: ارْتَقَيْتُ. قال: فما حَمَلَكَ على ذلك؟ قلت: حَدِيثٌ حَدَّثَنَاهُ الشَّعْبِيُّ، قال: وما حَدَّثَكُمْ؟ قلت: حدثنا عن بُرَيْدَةَ بن الحُصَيْبِ أَنَّهُ قال: (لَا رُقْيَةَ إلا من عَيْنٍ أو حُمَةٍ). قال: قد أَحْسَنَ من انْتَهَى إلى ما سمع، وَلَكِنْ حدثنا بن عَبَّاسٍ عن النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قال: (عُرِضَتْ عَلَيَّ الْأُمَمُ، فَرَأَيْتُ النَّبِيَّ وَمَعَهُ الرُّهَطُ، وَالنَّبِيَّ وَمَعَهُ الرَّجُلُ وَالرَّجُلَانِ، وَالنَّبِيَّ ليس معه أَحَدٌ. إِذْ رُفِعَ لي سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَظَنَنْتُ أَنَّهُمْ أُمَّتِي، فَقِيلَ لي: هذا مُوسَى وَقَوْمُهُ، فَنَظَرْتُ فإذا سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَقِيلَ لي: هذه أُمَّتُكَ وَمَعَهُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ ولا عَذَابٍ). ثُمَّ نَهَضَ فَدَخَلَ مَنْزِلَهُ، فَخَاضَ الناس في أُولَئِكَ، فقال بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمْ الَّذِينَ صَحِبُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وقال بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمْ الَّذِينَ وُلِدُوا في الْإِسْلَامِ، فَلَمْ يُشْرِكُوا بِاللَّهِ شيئاً، وَذَكَرُوا أَشْيَاءَ، فَخَرَجَ عليهم رسول اللَّهِ ﷺ فَأَخْبَرُوهُ فقال هُمْ الَّذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ ولا يَكْتَوُونَ، ولا يَتَطَيَّرُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ. فَقَامَ عُكَّاشَةُ بن مِحْصَنٍ فقال: رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي منهم فقال: (أنت منهم) ثُمَّ قام رَجُلٌ آخَرُ فقال: ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي منهم. فقال سَبَقَكَ بها عُكَّاشَةُ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: له حوصینی کوڕی (عبد الرحمن) وتی: من له لای سەعیدی کوڕی جوبەیر بووم، وتی: کێ له ئێوە ئەو ئەستێرەی بینی داکەوت؟ وتم: من، پاشان وتم: بەڵام من له نوێژدا نەبووم، بەڵکو پێوەدرام، وتی: چیت کرد؟ وتم: داوای ڕوقیەم کرد. وتی: چی وای لێکردی لەسەر ئەوە؟ وتم: فەرموودەیەك شەعبی بۆمانی باس کردبوو، وتی: چی بۆتان باس کرد؟ وتم: بۆمانی باس کرد له بورەیدەی کوڕی حوصەیبەوە وتی: نوشتە نیە مەگەر بۆ چاو یان تا (تای پێوەدان). وتی: بەڕاستی چاکی کردوە ئەوەی زانیاریەکی وەرگرتووەو کاری پێ کردوە، بەڵام ئیبنوعەباس بۆمانی گێڕایەوە له پێغەمبەرەوە ﷺ بێگومان ئەو فەرمووی: ئومەتەکانی پێشوو نیشانم دران (واتە له شەوی میعراج) پێغەمبەرێکم دەبینی خەڵکێکی کەمی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەری واش بوو یەك یان دوو پیاوی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەری واش بوو کەسی لەگەڵدا نەبوو، تا سەرەنجام کۆمەڵێکی زۆرم پیشان درا، وا گومانم برد ئەوانە ئومەتەکەمن، پێم وترا: ئەمە موسا و گەلەکەیەتی، جا کاتێ تەماشام کرد سەیر دەکەم جەماعەتێکی زۆرم پیشان درا، پێم وترا: ئەمە ئوممەتەکەی تۆیە حەفتا هەزار خەڵکیان لەگەڵ دایە دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە و سزا) پاشان هەستاو چووە ماڵەکەیەوە، ئینجا خەڵکی ڕۆچوون لەو باسەدا، هەندێکیان وتیان: لەوانەیە ئەوانە بن هاوڕێیەتی پێغەمبەریان کردبێ، هەندێکیان وتیان: لەوەیە ئەوانە بن له ئیسلامدا له دایك بوون، هاوبەشیان بۆ خوا دانەناوە، باسی کۆمەڵە شتێکیان کرد، پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە بۆ ناویان هەوالیان پێدان، فەرمووی: (ئەوانەن کە داوای نوشتە لەکەس ناکەن، ئەوانەش سوتاندن بۆ برین بەکار ناهێنن، ئەوانەش کە ڕەش بین نین و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن) له پاش ئەوە عوکاشەی کوڕی میحصەن هەستا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بپاڕێرەوە له خوا من یەکێك بم لەوانە.

---

(١) أخرجه البخاري في الطب(٥٧٥٢)فتح، ومسلم في الإيمان(٢٢٠)عبد الباقي.

فەرمووی: (تۆ لە ئەوانەی) پاشان پیاوێکی دیکە هەستا وتی: بپارێرەوە لە خوا من یەکێك بم لەوانە.
فەرمووی: عوکاشە لەو مەسەلەیەدا پێشت کەوت.

.....

ئا بەم شێوەیە دانەر هێناویەتی بەبێ دانە پاڵ، بوخاری ڕیوایەتی کردوە بە کورتی و بە درێژی، وە موسلیمیش، لەفزەکەیشی هی موسلیمە، وە ترمذی و نەسائیش.

وتەی: (عَن **حُصَيْنُ بن عبد الرحمن**) ئەو (السلمی) باوکی (**الهذیل**)ی کوفیە، متمانە پێکراوە، لەساڵی سەدو سی و شەش کۆچی دوایی کردوە، نەدو سێ ساڵ تەمەنی بووە.

وە (سَعِيدِ **بن جُبَيْرٍ**) ئەو پێشەوا و شارەزا بووە لە بواری فیقهدا لە گەورە هاوەڵانی ئیبنو عەباس بووە، ڕیوایەتی لە عائشەو ئەبو موسا (مرسل) بووە. وە کوفی بوەو گەورەی بەنی ئەسەد بووە، لەبەردەمی حەجاج کوژراوە ساڵی نەوەدو پێنج، پەنجا ساڵ لەتەمەنی تەواو نەکردوە.

وتەی (**انْقَضَّ**) واتە: کەوت.

بەربوویەوە (**الْبَارِحَةَ**) بریتیە لە نزیکترین شەو ڕابوردبێ. (**أبو العباس ثعلب**) وتویەتی: دەوترێ: پێش تێپەربوون: ئەم شەو بینیم، وە دوای تێپەڕبوون: دوێنی بینیم، بەهەمان شێوە جگە لە ئەویش وتویەتی: (البارحه) لە (برح) وەرگیراوە کاتێ تێپەڕی.

وتەی: (**أَمَا إِنِي لم أَكُنْ فِي صَلَاةٍ**) لە (**مغني اللبيب**) دەڵێ: (**أَمَا**) بە (**الفتح والتخفيف**) دوو شێوەی هەیە:

یەکەم: یان ئەوەیە ببێتە پیتی دەستپێکردن (استفتاح) لە ئاستی (ألا) ئەگەر (أَنَّ) لەدوای هات (مکسور) دەکرێت.

دووەم: یان بە مانای بەڕاستی یان ئایا ڕاستە دێت، کۆمەڵێکی دیکە وتویانە: بریتیە لە دوو وشە: (أ) هەمزەکە بۆ ئیستفهامە، وە (مَا) ناوێکە بە مانای شتێك دێت، واتە: ئایا ئەو شتە ڕاستە، بەمانای ئایا ڕاستە؟، ئەوەش تەواوە، وە شوێنی(ما) (نصب على الظرفية)، ئەمەش (أن) (مفتوح) دەبێت لەدوای.

شیاوتر لێرەدا شێوەی یەکەمە، بێژەریش حوصەینە، ترسا لەوەی ئامادەبووان واگومان ببەن ئەو لەشەو نوێژدا بینیویەتی، گومانی پەرستشی لەسەر نەفسی خۆی ڕەواندەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فەزڵ و چاکەی پێشین و سوور بوونیان لەسەر دڵسۆزی و دوای ئەوان لەسەر ڕیاو خۆڕازاندنەوە لەوەی تیایاندا نیە.

وە وتەی: (**وَلَكِنِّي لُدِغْتُ**) (**بضم أوله وكسر ثانيه**) شارەزایانی زمانەوانی وتویانە: دەوترێ دووپشك پێوەیدا، یان ئەو گیاندارانەی کە ژەهراوین، کاتێ بەژەهرەکەی بدات پێیەوە، بەشێوەیەك بە چزەکەی تێ ی چەقێنێ وەکو دەرزی

وتەی: (**قلت: ارْتَقَيْتُ**) دەربڕینی موسلیم: (استرقیتُ) داوام کرد کەسێك نوشتەم بۆ بکات.

وتەی: (**فما حَمَلَكَ على ذلك؟**) داوای بەڵگەی تێدایە لەسەر ڕاستێتی مەزهەب.

وتەی: (**حَدِيثٌ حَدَّثَنَاهُ الشَّعْبِيُّ**) ناوی: عامری کوڕی شوراحیل هەمەدانیە.

وتەی: (**عن بُرَيْدَةَ**) بە (**ضم**)ەی یەکەم پیتەکەی و بە (فتح)ی دووەم پیت، بچووککراوەی (**بردة**) یە -کوڕی حوصەیبە -بە (**ضم**)ەی (**حاء**)ەکەی و (فتح)ی (صاد)ەکەی- کوڕی حارسی (**الأسلمي**)، هاوەڵێکی بەناوبانگە، لە ساڵی شەست و سێی کۆچی مردوە، ئیبنو سەعد ئەمەی وتووە.

وتەی: (**لَا رُقْيَةَ إلا من عَيْنٍ أو حُمَةٍ**)[1] واتە: ئیمام ئەحمەد و ئیبنو ماجە لێیەوە بە مەرفوعی ڕیوایەتیان کردوە. وە ئەبوو داوود و ترمذیش لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە بە مەرفوعی ڕیوایەتیان کردوە[2]. **هەیثەمی** دەڵێ: پیاوەکانی سەنەدی ئەحمەد متمانە پێکراون.

وتەی: (العین) بریتیە لەوەی کەسی چاو پیس بەچاوی غەیری خۆی دەپێکێ، وە (**الحُمَة**) -بە (**ضم**)ەی (**حاء**) سووك کردنی (**میم**)- ژەهری دووپشك و شێوەی ئەوەیە. **خەطابی** دەڵێ: مانای فەرموودەکە: هیچ نوشتەیەك بەشیفا ترو لەپێشتر نیە لە نوشتەی چاوو تا. بێگومان پێغەمبەر ﷺ نوشتەی کردوەو نوشتەی بۆ کراوە[3].

(**قد أَحْسَنَ من انْتَهَى إلى ما سمع**) وتەی: هەرکەسێ دەست بگرێ بەو زانستەی کە پێ ی گەشتووە، کاری پێ بکات بێگومان ئەوکەسە چاکی کردوە، بە پێچەوانەی کەسێ کاروکردەوە بکات لەسەر بنەمای نەفامی، یان کار نەکات بەوەی دەیزانێ بەڕاستی ئەو کەسەخراپەکارو گوناهبارە. وە فەزڵ و چاکەی زانستی پێشین و هەڵسوکەوت و ئاکاری جوانی ئەوانی تێدایە.

(**وَلَكِنْ حدثنا ابن عَبَّاسٍ**) (عبد الله)ی کوڕی عەباس کوڕی (**عبدالمطلب**)، کوڕی مامی پێغەمبەر ﷺ، بۆی پارایەوە، فەرمووی: (**اللهُمَّ فَقِّهْهُ في الدِّينِ، وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيل**)[4]. واتە: خوایە فێری تێگەیشتنی بکە لە ئایندا، وە فێری لەیەکدانەوەی قورئانی بکە. ئەویش بەوشێوەیە بوو. لە **طائیف** کۆچی دوایی کرد لە ساڵی شەست و هەشت.

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الطب(٣٥١٣)مرفوعاً في حديث بُريدة رضي الله عنه وصححه الشيخ الألباني في صحيح ابن ماجة.

(٢) أخرجه البخاري أيضاً في الطب(٥٧٠٧)فتح.

(٣) أخرجه مسلم في السلام(٢١٨٥)عبد الباقي.

(٤)أخرج شطره الأول البخاري في الوضوء(١٤٢)فتح، ومسلم في فضائل الصحابة(٢٤٧٧)عبد الباقي.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه عمق علم السلف لقوله : (قد أحسن من انتهى إلى ما سمع) ولكن كذا وكذا. فعلم أن الحديث الأول لا يخالف الثاني.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: قوڵبوونەوەی زانستی پێشینی تێدایە لە وتەی: (قد أَحْسَنَ من انْتَهَى إلى ما سمع) بەڵام ئاواو ئاوا. بۆیە زانی فەرموودەی یەکەم پێچەوانەی فەرموودەی دووەم نیە.

.....

وتەی: (**عُرِضَتْ عَلَيَّ الْأُمَمُ**) (واتە: ئوممەتەکانی پێشوو نیشانم دران) وە لە ترمزی و نەسائی لە ڕیوایەتی عەبثەری کوڕی قاسم لە حوصەینی کوڕی (عبد الرحمن) بێگومان ئەوە لە شەوی (**الإسراء**) دا بوو[1]، (**الحافظ**) دەڵێ: ئەگەر ئەو فەرموودەیە بەوشێوەیە پارێزراو بێت، ئەوە هێزێکی تێدایە بۆ ئەوکەسەی پێی وایە بە چەند بارە بوونەوەی ئیسراء، بێگومان ئەوە لە مەدینە ڕووی داوە، **هەروەها(وتم)**: لەمەدا تێبینی و سەرنج هەیە.

وتەی: (**فَرَأَيْتُ النَّبِيَّ وَمَعَهُ الرُّهَطُ**) ئەوەی لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە (**الرهيط**) بە بچووک کردنەوەو بەس، ئەویش کۆمەڵێکە لەخوار دە (١٠) کەس، نەوەوی ئەمەی وتووە.

وتەی: (**وَالنَّبِيُّ وَمَعَهُ الرَّجُلُ وَالرَّجُلَانِ، وَالنَّبِيُّ ليس معه أَحَد**) بەرپەرچدانەوەی تێدایە لەسەر ئەو کەسانەی بەڵگە دەهێننەوە بەزۆری.

وتەی: (**إِذْ رُفِعَ لي سَوَادٌ عَظِيمٌ**) مەبەست لێرەدا کەسێکە لە دورەوە پێ ی نیشان دەدرێ.

وتەی: (**فَظَنَنْتُ أَنَّهُمْ أُمَّتِي**) چونکە ئەو کەسانەی کە لە ئاسۆدا دەبینرێن ناناسرێنەوە تەنها وێنەیان دیارە، وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە (**ولكن انْظُر الى الأفق**) (واتە: بەڵام تەماشای ئاسۆ بکە) دانەر بەهیچ شێوەیەک ئەمەی باس نەکردوە، پێدەچێ لەو ئەسڵەی ئەو بەشە کەوتبێ کە فەرمودەکەی لێوە نەقڵ کراوە. خوا زاناترە.

وتەی: (**فَقِيلَ لي: هذا مُوسَى وَقَوْمُهُ**) واتە موسای کوڕی عیمران کەلیمی خوای میهرەبان، وە (گەلەکەی) شوێنکەوتووانێتی لەسەر ئاینەکەی لە نەوەکانی ئیسرائیل.

وتەی: (**فَنَظَرْتُ فإذا سَوَادٌ عَظِيمٌ فَقِيلَ لي: هذه أُمَّتُكَ وَمَعَهُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ ولا عَذَابٍ**) واتە لەبەر ئەوەی یەکتاپەرستیان بەجێهێناوە، وە لە ڕیوایەتی ئیبنو **فوضه**یلدا: (**وَيَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَن هَؤلاءِ مَن أُمَّتِكَ سَبْعُونَ أَلْفاً**) وە لە فەرمودەی ئەبی هورەیرە لە (صحيحين)دا هاتووە: ((**أَنَّهُم تُضِيءُ وُجُوهُهُمْ إِضَاءَةَ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ**)[2] واتە: ئەوان ڕوخساریان ڕووناک دەبێتەوە وەکو ڕووناک بوونەوەی مانگ لە شەوی چواردە.

---

(١) أخرجه الترمذي في صفة القيامة(٢٤٤٦)، والنسائي في الكبرى

(٢) أخرجه البخاري في الرقاق(٦٥٤٢)ومسلم في الإيمان(٢١٦)عبدالباقي.

وە ئیمام ئەحمەد و بەیهەقی لە فەرمودەی ئەبوهورەیرەدا ڕیوایەتیان کردوە (**فَاسْتَزَدْتُ ربي فزادني مع كُلِّ أَلْفٍ سَبْعِينَ أَلْفاً**)[1] (واتە: داوام کرد لە پەروەردگارم بۆم زیاد بکات، جا بۆمی زیاد کرد لەگەڵ هەر هەزارێکدا حەفتا هەزار) (**الحافظ**) وتویەتی: سەنەدەکەی (جید) چاکە.

وتەی: (**ثُمَّ نَهَضَ**) واتە: هەستا.

وتەی: (**فَخَاضَ الناس في أُولَئِكَ**) ئەمە لەو گشتاندەیە کە مەبەست پێی خەڵکی تایبەتە، واتە: ئەوانەی کە ئامادەبوون)(**خاض**) بە (**الخاء والضاد**) خاڵدار، لەمەدا ڕێگەپێدان و ڕەوا بینینی مشت ومڕ و لێکۆڵینەوەی تێدایە لە ئایەتەکانی شەریعەت لە ڕووی سوود بینین و ڕوون کردنەوەی حەق، وە زانیاری قوولّی پێشینیشی تێدایە، چونکە زانیویانە ئەوان ناگەنە ئەو پلەو پایە مەگەر بە کردەوە، وە سوورببوونی ئەوانی تێدایە لەسەر کاری چاکە، دانەر باسی کردوە.

وتەی: (**فقال هُمْ الَّذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ**) بەم شێوەیە جێگیر بووە لە (الصحيحين)دا، ئەویش بەو شێوەیە لە فەرمودەی ئیبنو مەسعود لە (مسند أحمد)دا هاتووە. وە لە ڕیوایەتی موسلیمدا هاتووە بە (ولا **يَرْقُونَ**) شێخی ئیسلام دەڵێ: ئەم زیادەیە گومان و وەهمە لە لایەن ئەو کەسەی گێڕاویەتیەوە، پێغەمبەر ﷺ نەیفەرمووە (لا **يَرْقُونَ**) بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی کاتێك پرسیاری لێکراوە لە بارەی: (**مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُم أَنْ يَنفَعَ أَخَاهُ فَلْيَنْفَعْهُ**)(٢٣) واتە: هەرکەسێك لە ئێوە دەتوانێت سوود بە براکەی بگەیەنێ باسوودی پێ بگەیەنێت، وە فەرموویەتی: (**لا بَأْسَ فِي الرُّقَي مَا لَم يَكُنْ شِرْكاً**)[2] (واتە: هیچ گوناهو مەترسیەك لە نوشتەدا نیە ئەگەر هاوبەشدانان نەبێت) وتی وە هەروەها: بێگومان جبریل عليه السلام نوشتەی بۆ پێغەمبەر ﷺ کردوە، پێغەمبەریش نوشتەی بۆ هاوەڵانی کردوە.

دەڵێ: وە جیاوازی لەنێوان (**الرَّاقِي، والمُسْتَرقِي**): بێگومان (**المُسْتَرقِي**) کەسێکە داوای شتێك دەکات پێی بدرێت لا دەکاتەوەوە بەلای غەیری خوا بەدڵی، (**الرَّاقِي**) چاکەکار، دەڵێ: بێگومان مەبەست لە وەسفکردنی حەفتا هەزار کەس بە تەواوی پشت بەستنیان، ئەوان داوا لە لەکەسێکی دیکە ناکەن نوشتەیان بۆ بکات و سوتاندنیش بۆ برین بەکار ناهێنن، ئیبنو لقەییمیش بەو شێوەیەی وتووە.

وتەی: (**ولا يَكْتَوون**) واتە: داوا لە غەیری خوێان ناکەن سوتاندن بۆ برینەکانیان بەکار بهێنن، وەك چۆن داوا لە غەیری خوێان ناکەن کە نوشتەیان بۆ بکەن، وەك تەسلیم بوونێك بۆ (**قضاء**) و چێژ وەرگرتنێ بە (**بلاء**).

وتم: دیارە وتەی: (**لا يَكْتَوون**) گشتگیر تر لەوەی کە داوای ئەوە بکەن، یان بە ویستی خوێان ئەوە بکەن، بەڵام (**الكي**) داخکردن لە خودی خوێدا دروستە، وەك چۆن لە صەحیحدا هاتووە لە

---

(١) أخرجه احمد(٨٧٠٧)، ومن حديث أبي بكر أخرجه أحمد رضي الله عنه ٢٢ بلفظ ((..... فزادني مع كل واحد سبعين ألفا)) وله شواهد أخرى وقواه بِشوا هذهِ الشيخ الالباني في الصحيحة ١٤٨٤.

(٢) أخرجه مسلم في السلام(٢١٩٩)عبدالباقي.

(٣) أخرجه المسلم في السلام(٢٢٠٠)عبدالباقي.

جابری کوڕی (عبدالله) بێگومان پێغەمبەر ﷺ پزیشکێکی نارد بۆلای ئوبەی کوڕی کەعب دەمارێکی بۆی بڕی و داخیکرد[١].

وە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئەنەسەوە کە داخ کرا بۆ چارەسەری نەخۆشی (ذات الجنب) کەلەکە ئێشە، کاتێ کە هێشتا پێغەمبەر زیندوو بوو[٢]. ترمذی و جگە لە ئەویش ڕیواتیان کردوە لە ئەنەسەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ ئەسعەدی کوڕی زرارەی داخ کرد بە هۆی دڕکە مێکوتەوە[٣].

وە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە ئیبنو عەباسەوە بە مەرفوعی: (**الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثٍ شَرْبَةِ عَسَلٍ وَشَرْطَةِ مِحْجَمٍ وَكَيَّةٍ نَارٍ وَأَنْهَى أُمَّتِي عن الْكَيِّ**)[٤]. واتە: شیفا و چارەسەر لە نەخۆشی لە سێ شتدا هەیە: خواردنەوەی هەنگوین، گرتنی خوێن بە کەلەشاخ، داخ کردن بە ئاگر، بەڵام من لە ئوممەتم قەدەغە کردوە داخ کردن بە ئاگر. وە لە بێژەیەکی تردا هاتووە: (وما أحب أن أكتوى)[٥]. واتە: پێم خۆش نیە کە داخ بکەم.

ئیبنولقەییم ئەڵێت: فەرموودەکانی داخ کردن چوار جۆری لەخۆ گرتووە:

یەکەم: کردنی.

دووەم: حەز لێ نەکردنی.

سێیەم: ستایش کردنی هەرکەسێ وازی لێ بهێنێ.

چوارەم: ڕێگری لێ کردنی. سوپاس بۆ خوا هیچ دژیەکێك لە نێوانیاندا نیە، بێگومان ئەنجامدانی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە، حەز لێ نەکردنیشی بەڵگە نیە لەسەر ڕێگری کردنی لێی، بەڵام ستایش لەسەر وازهێنان لێی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وازهێنان لێی لەپێشترە و چاکترە، بەڵام ڕێگری کردنی لێی، ئەویش لەسەر ویست و ئارەزوو حەز لێنەکردنە.

وتەی: (**ولا يَتَطَيَّرُونَ**) واتە: شوومی و ڕەشبین نابن بە باڵندەو وێنەی ئەوە، بە ویستی خوا لە داهاتوودا ڕووبەڕووبونەوەی (**الطيرة**) دێ و ئەوەشی پەیوەستە پێیەوە لە بابی خۆیدا.

وتەی: (**وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ**) واتە: باسی ئەو بنەما کۆکەرەوەی کردوە کە ئەم کردەوەو سیفاتانەی لێ بووەتەوە، ئەویش پشت بەستنە تەنها بە خوا و ڕاستی پەنا بردن بۆی، وە پشت بەستنە پێی بەدڵ، ئەوەی کۆتایی هێنانە دی ئەو یەکتاپەرستیەیە، کە هەموو پایەیەکی ڕێزدار بەرهەم ئەهێنێ: لە خۆشەویستی و ئومید و ترس و ڕازی بوون پێ ی بەوەی پەروەردگارو پەرستراوی بێت، وە ڕازی بوون بە قەزا.

---

(١)أخرجه مسلم في السلام(٢٢٠٧)عبد الباقي.

(٢) أخرجه مسلم في السلام(٢٢٠٧)عبد الباقي.

(٣)أخرجه الترمذي في الطب (٢٠٥٠)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي.

(٤)أخرجه البخاري في الطب(٥٦٨٠)فتح، وأيضاً هو في الصحيحين من حديث جابر رضي الله عنه.

(٥)أنظر التخريج السابق للبخاري.

بزانە بێگومان فەرموودەکە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك هۆکارەکان بەکار ناهێنن، چونکە بەکار هێنانی هۆکارەکان بە شێوەیەکی گشتی کارێکی سروشتی ناچاریە، لێ جیابونەوەی نیە بۆ هیچ کەسێ، بەڵکو خودی پشتبەستن: بەکارهێنانی مەزنترین هۆکارەکانە هەر وەکو خوا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۝٣﴾ الطلاق. (واتە: هەر کەسێك پشت بەخوا ببەستێت) واتە: تەنها خوای بەسە، بێگومان مەبەست لە وازهێنانیان لەو کارانەی کە ناخۆشە(مکروه) لەگەڵ ئەوەی پێویستیان پێیەتی، لەبەر ئەوەی پشتیان بە خوا بەستووە، وەك داخ کردن و داواکردنی نوشتە، جا وازهێنانیان لەبەر ئەوەی هۆکارێکی خراپە، بەتایبەت نەخۆش -- دەست دەگرێ بە دەزووی جاڵجاڵۆکە- چونکە گومان دەبات هۆکارێکە بۆ شیفای.

بەڵام بەکار هێنانی هۆکارەکانی چارەسەرکردن بە هەموو شێوەیەك هیچ کەراهەتێکی تێدا نەبێت، ئەوە پشت بەستن بەخوا ناتەواو ناکات، وازهێنان لێی نابێتە کارێکی شەرعی، وەك لە (الصحیحین)دا هاتووە لە فەرمودەی ئەبوهورەیرە بە مەرفوعی: (**مَا أنزلَ الله دَاءً ألا أَنْزَلَ له شِفَاءً عَلِمَهُ من عَلِمَهُ وَجَهِلَهُ من جَهِلَهُ.**)[1] (واتە: خوا هیچ دەردو نەخۆشیەکی نەناردوە بەبێ شیفا، هەر نەخۆشیەکی ناردبێت شیفایەکی بۆ ناردوە، ئەوەی زانیویەتی زانیویەتی، ئەوەیشی نەیزانیوە نەیزانیوە).

وە لە ئوسامەی کوڕی شەریکەوە وتی: من لەلای پێغەمبەر ﷺ بووم دەشتەکیەکان هاتن وتیان: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا ئێمە چارەسەر وەربگرین؟ فەرمووی: (**نَعم. يا عِبَادَ اللَّهِ تَدَاوَوْا، فإن اللَّهَ لم يَضَعْ دَاءً إلا وَضَعَ له شِفَاءً غَيرَ داءٍ وَاحِدٍ**) **قالوا: وما هو؟ قال: (الْهَرَمُ)**)[2]. (واتە: بەڵێ. ئەی بەندەکانی خوا چارەسەر وەربگرن، چونکە بەڕاستی خوا هیچ دەردو نەخۆشیەکی دانەناوە مەگەر شیفای بۆی داناوە، جگە لە یەك نەخۆشی نەبێت). وتیان: ئەو نەخۆشیە چیە؟ فەرمووی: (پیریە)). ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەم فەرموودانە چەسپاندنی هۆکارەکان و بە هۆگیراوەکانی لە خۆ دەگرێ و قسەی ئەو کەسەش پووچ دەکەنەوە کە نکوولی لێ دەکات، فەرمانکردنیشیان تێدایە بە چارەسەر کردن، بێگومان ئەوە پشت بەستن نەفی ناکات، وەك چۆن لابردنی ئێش و ئازاری برسێتی و تینوێتی و گەرماو سەرما بە دژەکانیان پشت بەست نەفی ناکات، بەڵکو حەقیقەتی یەکتاپەرستی تەواو نابێت مەگەر بەجێبەجێ کردنی ئەو هۆکارانەی خوا ﷻ داینواە کە داخوازی بەهۆکار کراوەکەیە، لەڕووی قەدەر و شەرعەوە، پەك خستنیشیان خودی پشت بەستن لەکەدار دەکات، وەك چۆن فەرمان و حیکمەت لەکەدار دەکات، وە لاوازی دەکات بەو شێوەی پەکخەرەکەی گومان دەبات کە وازهێنان لێی بەهێزترە لە پشت بەستنا، چونکە بەڕاستی وازهێنان لێی بێتوانایەکە ئەو پشت بەستنە ڕەت دەکاتەوە کە حەقیقەتەکەی بریتیە

---

(١) إنما أخرج شطره الأول البخاری في الطب (٥٦٧٨)فتح دون مسلم، وبتمامه أخرجه أحمد(٣٥٧٨)، من حديث أبن مسعود وصححة الشيخ الالبانی في الصحيحة(٤٥١).

(٢) أخرجه أبو داود في الطب (٣٨٥٥)، والترمذي في الطب(٢٠٣٨)، وابن ماجه في الطب(٣٤٣٦)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود).

لە پشت بەستنی دڵ لەسەر خوا، لە بەدەستهێنانی ئەوەی سوود دەگەیەنێ بە بەندە لە ئاین و دنیایيدا، وە ڕێگری کردنی ئەوەی زیانی لێ دەدات لە دین و دنیایيدا، وە هەردەبێ لەگەڵ ئەم پشت بەستنەدا هۆکارەکانیش بەکاربهێنرێت، ئەگەرنا حیکمەت و شەرع پەك دەخات، نابێ بەندە بێ دەسەوسانی خۆی بەتەوەکول دابنێ، وە بە پێچەوانەشەوە.

زانایان بیر و ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی چارەسەر کردن، ئایا موباحە یان وازهێنان لێی چاکترە، یان پەسەندە، یان واجب و پێویست؟

بۆچوونی دیار لە لای ئیمامی ئەحمەد: یەکەمە (کە بریتیە لە چارەسەرکردن) بە بەڵگەی ئەم فەرمودە و ئەوەشی لەناو واتایدایە، بۆچوونی دیاریش لە لای ئیمام شافعی دووەمە، تەنانەت نەوەوی لەشەرحی موسلیمدا باسی کردوە: کە بێگومان ئەوە مەزهەبیانەو مەزهەبی زۆرینەی پێشین و هەموو پاشینەکانە، وەزیر ئەبو موزەفەر ئەمەی هەڵبژاردووە. وتویەتی: مەزهەبی ئەبو حەنیفە (چارەسەر کردن) جەخت لەسەر کراوەیە، تەنانەت نزیکی دەکاتەوە لە واجب. وتی: مەزهەبی ئیمامی مالیك ئەنجامدانی و وازهێنان لێی یەکسانە. بێگومان ئەو وتویەتی: هیچ کێشەیەك لە چارەسەرکردندا نیە، بەهەمان شێوە لە وازهێنانیشیدا.

شێخی ئیسلام وتویەتی: لەلای زۆرینەی زانایان پێویست نیە، بەڵکو دەستەیەکی کەم لە زانایانی شافعی و ئەحمەد بە پێویستیان زانیوە.

وتەی: (**فَقَامَ عُكَّاشَةُ بن مِحْصَنٍ**) عوکاشەی کوڕی میحصەن کوڕی حورثان (**الأسدي**): لە نەوەی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە. لە پێشینەکان بووە لە موسڵمان بووندا لە جوانترینی ناو پیاوەکان بووە، هیجرەتی کردوەو بەژداری جەنگی بەدری کردوە، لە کوشتاری هەڵگەڕاوەکاندا لەگەڵ خالدی کوڕی وەلید بەدەستی تولەیحەی ئەسەدی شەهید کرا، لە ساڵی دوازدە، پاشان تولەیحە موسڵمان بوو لەدوای ئەوە، جیهادی فارسەکانی کردلە ڕۆژی قادسیەدا لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لە جەنگی(وقعه الجسر)دا کە بەناوبانگە شەهید بوو.

وتەی: (**فقال: رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي منهم فقال: (أنت منهم**) لە لای بوخاری لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: (**فقال أللهم أجعله منهم**) واتە: وتی خوایە گیان ئەو بگێڕە بە یەکێك لە ئەوان. وە تیایدایە داواکردنی پاڕانەوە لە کەسی چاك.

وتەی: (**ثُمَّ قام رَجُلٌ آخَرُ**) ناوی کەسەکەی بە نادیاری هێناوە، هیچ پێویستیەکمان بەوە نیە بگەڕێین بەدوای ناوەکەیدا.

وتەی: (**فقال: سَبَقَكَ بها عُكَّاشَةُ**)) قورطوبی وتویەتی: کەسی دووەم حاڵ و باری وەکو عوکاشە نەبووە، ئا لەبەر ئەمەیە وەڵامی نەدایەوە، چونکە ئەگەر وەڵامی بدایەتەوە ئەوە دەگونجا هەریەك لەوانەی ئامادە بوون بەدوای یەکتردا داوای ئەوە بکەن، بۆیە دەرگاکەی داخست بەو وتەی کە فەرمووی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وفِيه اسْتِعْمالُ المعاريضِ وحُسنُ خُلُقِهِ ﷺ)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: وە بەڵگەی تێدایە لەسەر بەکارهێنانی ناوەڕۆکی وتەو جوانی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ.

•••••••••••••••••••

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ناسینی پلەو پایەکانی خەڵکی لە یەکتاپەرستیدا.

دووەم: مانای هێنانەدی تەوحید چیە؟

سێیەم: ستایشکردنی خوا لەسەر ئیبراهیم علیه السلام بەوەی لەهاوبەشدانەران نەبووە.

چوارەم: ستایشکردنی خوا لەسەر گەورە خواناسان بە پارێزراویان لە هاوبەشدانان.

پێنجەم: وازهێنان لە نوشتەو داخکردن (چارەسەر) بەشێکە لە بەجێهێنانی یەکتاپەرستی.

شەشەم: بەشت بەستن بەخوا هەموو ئەو خەصڵەتانە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

حەوتەم: قووڵی زانستی هاوەڵان لەوەدا دەردەکەوێت کە زانیویانە ئەو پلەو پایە بەبێ کردوە پێ ی نەگەیشتوون.

هەشتەم: سووربوونیان لەسەر خێر و چاکە.

نۆیەم: فەزڵ و چاکەی ئەم ئوممەتە بە چەندایەتی و چۆنێتیە.

دەیەم: فەزڵ و چاکەی هاوەڵانی مووسا.

یازدە: پیشاندانی ئوممەتەکانی تر بۆ پێغەمبەر ﷺ.

دوازدە: بێگومان هەموو ئوممەتێك کۆدەکرێتەوە بەتەنها لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا.

سیازدە: کەمی ئەوانەی بەدەم بانگەوازی پێغمبەرانەوە دەچن.

چواردە: بێگومان هەر پێغەمبەرێك کەس وەڵامی بانگەوازەکەی نەدابێتەوە بەتاك و تەنها دێت بۆ لای خوا.

پازدە: بەرهەمی ئەم زانستە (ئەم فەرموودەیە) بریتیە لە بە زۆر هەڵنەخەڵەتان، وە بەسووك نەزانینی کەم.

شازدە: ڕوخصەو ڕێگەدراوە نوشتە بەکار بهێنرێ بۆ چارەسەری چاو پیسی و بۆ تای پێوەدان.

حەڤدە: قوولّی و زانستی پێشین لە وتەی: (قد أحسن من آنتهى إلى ما سمع ولكن كذا وكذا) ئەوەی کار و کردەوە بکات بەو زانسەتی کە وەری گرتووە ئەو کارێکی جوانە بەڵام ئاواو ئاوا. بۆیە دەرکەوت فەرموودەی یەکەم پێچەوانەی فەرموودەی دووەم نیە.

هەژدە: دووری پێشین لە ستایشکردنی ئادەمیزاد بە شتێ کە تیایدا نیە.

نۆزدە: وتەی (أنت منهم) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

بیست: فەزڵ و چاکەی عوکاشە.

بیست و یەك: بەکارهێنانی ناوەڕۆکی قسە.

بیست و دوو: جوانی خوڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ.



بەشی ٣
ترسـان لە هاوبەشدانان

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: بابُ الخَوفُ من الشِّركِ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ترسان لەهاوبەشدانان.

.....

وقول الله ﷻ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ ﴾**النساء.**

خوا فەرموویەتی: بەڕاستی خوا خۆش نابێت هاوبەشی بۆ دابنرێ و بێجگە لە ئەوە خۆش ئەبێت لە هەر گوناهێکی تر، بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت).

ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا هەواڵی داوە بێگومان ئەو ﴿ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾ واتە: لە بەندەیەکی خۆش نابێت بە موشریکی پێ ی بگات ﴿ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ واتە: خۆش دەبێت لەو گوناهانە بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت لە بەندەکانی.

بەم ئایەتە ڕوون بوویەوە کە بەڕاستی هاوبەش دانان مەزنترینی گوناهەکانە، چونکە خوا هەواڵی داوە کە ئەو خۆش نابێت لەوەی تەوبەی لێ نەکات، ئەوەشی لە خواری ئەوەوەیە لە گوناهەکان لە ژێر ویست و ئارەزووی خوادایە بۆ ئەو کەسەی دەگاتە لای بەو گوناهانە، ئەگەر ویستی لێ بوو لێی خۆش دەبێت، وە ئەگەر ویستی سزای دەدات بەو هۆیەوە، ئەوەش ئەوەش زۆر ترسان بۆ بەندە پێویست دەکات لە هاوبەشدانان کە ئەمە حاڵی شیرکە لە لای خوا، چونکە ناشرینترینی ناشرینەکانە و ستەمترینی ستەمەکانە، کەم و کورتی دانەپاڵ پەروەردگارە، وە تەواوی مافەکانی دەداتە پاڵ کەسێکی تر و یەکسان کردنیەتی بە غەیری خۆی، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ ﴿١﴾ ﴾**الأنعام.** (واتە: ئینجا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون هاوتاو هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن)، وە لەبەر ئەوەی دژی مەبەستەکەیەتی بە دروستکردن و فەرمانکردن، ڕەتکەرەوەیەتی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەویش ئەوپەڕی عینادیە بەرانبەر پەروەردگاری، وە خۆ بەگەورە دانانە لە گوێڕایەڵی کردنی و زەلیلی بۆی و ملکەچی فەرمانەکانی کە جیهان چاك نابێ مەگەر بەوە نەبێ، هەرکاتێ جیهان بەتاڵ بوو لە یەکتاپەرستی

ئەوە قیامەت هەڵدەسێت، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لا تَقُومَ السَّاعَةُ حَتَّى لا يُقَالَ في الأرضِ الله الله**)[1]. **رواه مسلم** واتە: قیامەت نایەت تا لە سەر زەویدا ناوترێ الله الله.

وە لەبەر ئەوە هاوبەش دانان لەیەکچواندنی بەدیهێنەری تێدایە بە بەدیهێنراوەکان -بەرزی و پیرۆزی بۆ خوا- لە تایبەمەندیەکانی پەرستراوێتی: بەدەست بوونی زەرەرو سوود و بەخشین و گرتنەوە، کە وابەستەبوون بە پارانەوەکان و ترس و ئومێد و پشتبەستن و جۆرەها پەرستش بۆ خوا بەتەنها بەگشتی پێویست دەکات، جا هەرکەسێ ئەوانە ببستێتەوە بە بەدیهێنراوێك ئەوە بێگومان شوبهاندوویەتی بە دروستکەرەوە، کەسێك کە هیچ شتێکی لە توانادا نیە بۆ نەفسی خۆی نە زیان و نە سوودو نە مردن و نە ژیان و نە کۆکردنەوە، لێکیچواندووە بەوەی خاوەن هەموو ستایش کردن و خاوەن هەموو بەدیهێنراوەکانە، هەموو مولّك بەگشتی هی ئەوە، کارو فەرمانەکان تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، هەموو خێرەکان بەدەستی ئەوە، ڕەشمەی کاروبارەکان هەموویان بەدەستی ئەون و گەڕانەوەشیان بۆ لای ئەوە، هەر شتێکی بوێ دەبێ، هەر شتێکی نەوێت نابێ، ڕێگری ناکرێ لەوەی دەیبەخشێ، بەخشەر نیە بۆ ئەو ڕێگری بکات، ئەگەر (دەرگای) ڕەحمەتی بۆ خەڵکی کردەوە هیچ کەس ناتوانێت ببێتە بەربەست، وە هەر بەهرەیەك بگرێتەوە ئیتر لە پاش گرتنەوەی کەسێك نیە بینێرێت، وە خوا زاڵی کاردروستە، ناشرینترین لە یەکچواندن لە یەکچواندنی بێ دەسەڵاتی هەژارە لە خودی خۆیدا بە خوای بە توانای دەوڵەمەند لە خودی خۆیدا.

لە تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتی: تەواوێتی ڕەهایە لە هەموو ڕووەکانەوە، کە ناتەواوی تێدا نیە بە جۆرێ لە جۆرەکان. ئەویش ئەوە دەخوازێ پەرستش هەمووی تەنها بۆ خوا بێت، هەروەها بە گەورە دانان و ترسان و پارانەوەو ئومێدو گەڕانەوەو پشتبەستن و داوای یارمەتی، وە ئەوپەڕی خۆشەویستی و لەگەڵ ئەوپەڕی زەلیلی و ملکەچبوون: هەموو ئەوانە پێویستە بۆ خوای تاك و تەنها بن بە عەقڵ و شەرع و سروشت، ناگونجێ بۆ جگە لە خوا بە عەقڵ و شەرع و سروشت. جا هەرکەسێك شتێك لەوانە ئەنجام بدات بۆ غەیری خوا، ئەوە ئەو کەسە غەیرەی شوبهاندووە بەو زاتەی هیچ وێکچوو هاوتاو شێوەیەکی نیە، ئەوەش ناشریترین لەیەك چواندن و پووچ ترینیانە، جا ئەم کارانەو جگە لەم کارانە، خوا هەواڵی داوە بێگومان ئەو لێی خۆش نابێ، لەگەڵ ئەوەی لەسەر نەفسی خۆی ڕەحمەتی پێویست کردوە. ئەمە مانای قسەی ئیبنولقەییمە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

لە ئایەتەکەدا بەڵگە بەدی دەکرێ لەسەر بەرپەرچدانەوەی ئەو خەواریجانەی بە تاوان و گوناە خەڵکی تەکفیر دەکەن.وە لەسەر موعتەزیلەکان کە دەڵێن خاوەن گوناهە گەورەکان بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێننەوە، ئەوانە لە لایان نە موسڵمانن نە بێبڕوا.

دروست نیە ئەم ئایەتە ﴿وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾ حەمل بکرێتە سەر تەوبەکار، چونکە کەسی تەوبەکار لە هاوبەش دانان خوا لێی خۆش بووە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا۟ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ﴾ **الزمر**.(واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە نائومێد مەبن

---

(١)أخرجه مسلم في الإيمان(١٤٨)عبد الباقي.

لە میهرەبانی و بەزەیی خوا چونکە بێگومان خوا لە هەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت)، لێرەدا بە گشتی و بە ڕەهایی هێناویەتی، چونکە مەبەست پێی کەسی تەوبەکارە، وە لەوێدا تایبەتی کردووەو بەستویەتیەوە، چونکە مەبەست پێی ئەو کەسەیە تەوبە نەکات. ئەمەش پوختەی وتەی شێخی ئیسلامە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال الخليل عليه السلام: ﴿وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴿٣٥﴾﴾ إبراهيم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام فەرموویەتی: (وە خۆم و کوڕەکانم بپارێزەو دوور خەرەوە لەوەی پەیکەرەکان بپەرستین).

•••

(الصنم) ئەوەیە کە هەڵکۆڵدرابێت لەسەر وێنەیەك، (**الوثن**) ئەوەیە دانرابێت لەسەر جگە لەوە. **طه**بەریی ئەمەی باس کردوە لە موجاهیدەوە.

وتم: هەندێ جار (الصنم) پەیکەر بە (**الوثن**) بت ناو براوە وەك خەلیل فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡثَٰنٗا وَتَخۡلُقُونَ إِفۡكًا ﴿١٧﴾﴾ **العنكبوت**.(واتە: بەڕاستی ئێوە لەجیاتی خوا بتانێك دەپەرستن وە ئێوە درۆیەکی گەورە هەڵدەبەستن)، وە وتراوە: بێگومان (**الوثن**) بت ماناکەی گشتگیر تر، ئەوەش بەهێزترە، جا (**الأصنام**) پەیکەرەکان (**أوثان**) بتەکانن، وەکو چۆن گۆڕەکان (**أوثان**) بتەکانن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴿٣٥﴾﴾ **إبراهيم**. (واتە: خۆم و کوڕەکانم دوور بخەرەوە لە پەرستشی پەیکەرەکان)، بێگومان خوا دوعاکەی وەرگرت، منداڵەکانی کرد بە پێغەمبەر، دوریشی خستنەوە لە پەرستشی پەیکەرەکان، وە هۆکاری مەترسی پەرستنی بتەکان ئاشکرا کرد، بەوەی فەرمووی: ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضۡلَلۡنَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ ﴿٣٦﴾﴾ **إبراهيم**. (واتە: ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بت و پەیکەرانە زۆرێك لە خەڵکیان گومڕا کردوە، وە لایان داون لە ڕێگای ڕاست) بێگومان ئەو بتپەرستیە لە هەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە. جا ئەگەر مرۆڤ بۆی دەرکەوت زۆربەی خەڵکی تووشی هاوبەش دانانی گەورە بوون و گومڕابوون بەهۆی پەرستشی پەیکەرەکان: ئەوە پێویستی کردووە لەسەری بترسێ بکەوێتە ناو ئەوەی کە زۆرێك لە خەڵکی تێ ی کەوتوون لەو شیرکەی کە خوا لێی خۆش نابێ.

ئیبراهیمی تەمیمی وتی: دوای ئیبراهیم کێ ئەمین دەبێت لە بەلآ؟ ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردوە.

ئەمین نابێ لە کەوتنە ناو هاوبەشدانان مەگەر کەسێکی نەفام پێی، وە بەوەشی خوا ڕزگاری دەکات لێ ی: لە اسینی خوا، وە بەوەی پێغەمبەرەکەی هێناویەتی لە یەکتاپەرستی و ڕێگری کردن لەوەی شیرکی بۆ دابنێ.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الحديث: :(أَخْوَفُ ما أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ) فَسُئِلَ عَنهُ فَقالَ: (الرِّيَاءُ).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە فەرموودەکەدا هاتووە: مەترسی ترین شت لەوەی من دەترسم تووشتان ببێت هاوبەشدانانی بچووکە) پرسیار کرا دەربارەی، فەرمووی: ڕیایی و ڕوپامایيە.

دانەر ئەم فەرموودەیەی بە کورتی هێناوە بە بێ ئەوەی بیداتە پاڵ هیچ شتێك. ئەم فەرموودە ئیمام ئەحمەد و **طەبەرانی** و بەیهەقی ڕیوایەتیان کردوە، ئەمەش بێژەی ئیمام ئەحمەدە: بە سەنەدی خۆی هێناویەتی تا مەحموودی کوڕی لەبید، بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(إِنَّ أَخْوَفَ ما أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ)** وتیان: هاوبەش دانانی بچووك چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: **(الرِّيَاءُ. يقولُ اللهُ تعالى يوم القِيامةِ إذا جازى الناسُ بِأَعْمَالِهِمُ: اذْهَبُوا إلى الَّذِينَ كُنْتُمْ تراؤون في الدُّنْيَا فَانْظُرُوا هل تَجِدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً)**[1]. واتە: ڕیایی و ڕوپامایی کردنە. خوا ﷻ لە ڕۆژی دواییدا دەفەرموێ، کاتێ خەڵکی پاداشت دەدرێنەوە بە پێی کردەوەکانیان: بڕۆن بۆ لای ئەوکەسانەی ڕیاییتان بۆ دەکردن لە دنیادا، تەماشا بکەن بزانن ئایا لە لای ئەوان پاداشت هەیە.

(المنذري) دەڵێ: مەحموودی کوڕی لەبید پێغەمبەری بینیوە، ئەوەی من بۆی دەچم هیچی لە پێغەمبەر ﷺ نەبیستووە، ئیبنو ئەبی حاتەم باسی کردوە کە بوخاری وتویەتی: هاوەڵی پێغەمبەری کردوە، ئیبنو**(عبد البر والحافظ)**یش، ئەمەیان پەسەند کردوە. **طە**بەرانیش بە چەند سەندێکی (جید) چاك هێناویەتی لە مەحموودی کوڕی لەبیدەوە لە ڕافعی کوڕی (خدیج)ەوە. مەحموود لە ساڵی نەوەدو شەش، کۆچی دوایی کردوە، وتراویشە لە ساڵی نەوەدو حەوت، نەوەدو نۆ ساڵ تەمەنی بووە.

وتەی: **(إِنَّ أَخْوَفَ ما أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الأَصْغَرُ)** ئەمە لە بەزەیی پێغەمبەر ﷺ بووە بەرانبەر ئوممەتەکەی، هیچ خێرێك نیە مەگەر پێی نیشانداون و فەرمانی پێکردوون، هیچ شەڕو خراپەیەکیش نیە مەگەر بۆیانی ڕوون کردوەتەوەو هەواڵی پێیان داوەو قەدەغەی کردوە لێیان، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(ما بَعثَ اللهُ مِن نَبِيّ إلا كان حَقًّا عليه أَنْ يَدُلَّ أُمَّتَهُ على خَيْرِ ما يَعْلَمُهُ لهم.....)**[2]. واتە: خوا ﷻ هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە مەگەر پێویستی کردوە لەسەری ڕێ بە ئوممەتەکەی نیشان بدات لەسەر چاکترین شتێك بزانێ سوودی هەیە بۆ ئەوان.

جا ئەگەر هاوبەش دانانی بچووك مەترسی بێت لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ تەواوی زانستیان و ئیمانی بەهێزیان، ئەی چۆن دەبێ کەسێك نەترسێ کە لە خواری ئەوانەوەیە لە زانست و ئیمان بە چەندین پلەو پایە؟ بەتایبەت ئەگەر زانی زۆربەی زانایانی وڵاتەکانی ئەمڕۆ شارەزاییان نیە لە یەکتاپەرستیدا مەگەر ئەوەی کە هاوبەش دانەران دانیان پێدا ناوە، وە مانای پەرستراوێتیان نەزانیوە، کە وشەی ئیخڵاص و دڵسۆزی ڕەتی دەکاتەوە لەهەر شتێکی جگە لەخوا، وە ئەبو یەعلاو ئیبنولمونزیر ڕیوایەتیان کردوە لە حوزەیفەی کوڕی یەمان، لە ئەبو بەکر لە پێغەمبەرەوە

---

(١)أخرجه أحمد ٢٣٦٣٠، وجوده الشيخ الألباني في الصحيحة ٩٥١.

(٢)أخرجه مسلم في الإمارة ١٨٤٤ عبد الباقي.

ﷺ فەرمووی: (**الشِّرْكُ أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ**) واتە: هاوبەشدانان شاراوەترە لە خشەی مێروولە. ئەبوبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا هاوبەشدانان تەنها ئەوە نیە جگە لەخوا بپەرسترێ یان لەگەڵ خوادا هاواری پێ بکرێت؟ فەرمووی: (**تَكَلَتْكَ أُمُّكَ، الشِّرْكُ فِيكُم أَخْفَى مِنْ دَبِيبِ النَّمْلِ**)(١١) واتە: لەبار دایکت بچی، هاوبەشدانان لەناو ئێوەدا شاراوەترە لە خشەی مێروولە. وە تیایدایە: (**أَنْ تقولَ أَعْطَانِي اللهُ وَفُلان، والنِّدُ أَنْ يَقُولَ الإِنْسَانُ: لَولا فُلانٌ قَتَلنِي فُلان**) واتە: ئەوەیە کە بڵێی خوا و فلانە کەس پێیاندام، وە هاوتا دانان ئەوەیە کە مرۆڤ بڵێ: ئەگەر فلان کەس نەبوایە فلان دەمی کوشت).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن مسعود أَنَّ رسولَ اللهِ قال: (مَن مَات وَهُو يَدعُوا مِن دُونِ اللهِ نِّداً دَخَلَ النَّارَ)(٢) رواه البخاري.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئیبن مەسعود خوای لێ ڕازی بێت بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرکەسێك بمرێت داوا لە جگە لەخوا بکات بە هاوتایەك دەچێتە ئاگرەوە.

.....

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (النِّد): هاوشێوەو هاوتا، وتراوە: فلان هاوتای فلان کەسە، واتە: وەکو ئەو وایە. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ **البقرة**. (واتە: هاوتا بۆ خوا پەیدا مەکەن کە ئێوە خۆتان دەزانن بێ هاوتایە).

وتەی: (**مَن مَات وَهُو يَدعُوا مِن دُونِ اللهِ نِّداً**) واتە: هەرکەسێ بمرێ و حاڵی وابێ لەو کاتەدا بانگ لە غەیری خوا بکات و داوای یارمەتی لێ بکات و پشتی پێ ببەستێ (**دَخَلَ النَّارَ**) دەچێتە ئاگرەوە ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ:

والشرك فاحذره ، فشرك ظاهر ذا القسم يقابل الغــفران
وهو اتخاذ الند للرحمــن أياً كان من حجر ومن إنسان
يدعوه أو يرجوه ثم يخـــافه ويحبه كمحـــبة الديان

چاك بزانە هاوبەشدانان دوو جۆرە:

یەکەم: بیکات بە هاوبەش لەگەڵ خوا لە هەموو جۆرەکانی پەرستش، یان هەندێکیان وەك لە پێشەوە باس کرا، ئەویش هاوبەشدانانی گەورەیە.

دووەم: ئەوەیە کە لە جۆری هاوبەش دانانی بچووکە وەکو قسەی کەسێك: ئەوەی خوا ویستی لەسەر بوو ئەوەشی تۆ ویستت، ئەگەر خواو تۆ نەبوایە، وە وەك ڕیاییەکی کەم، بێگومان جێگیر بووە پێغەمبەر ﷺ کاتێ ئەو پیاوە پێی وت: (**ماشاء الله وشئت**) واتە: ئەوەی خوا ویستی لەسەر بوو

---

(١) أخرجه أبو يعلى(٥٨)، و إسناده ضعيف وله شواهد دون الشطر الأخير، وآنظر الضعيفة(٣٧٥٥)، وهو في صحيح الأدب المفرد(٥٥٤).

(٢) أخرجه البخارى في التفسير(٤٤٩٧)مع فتح، وبنحويه مسلم في الإيمان(٩٢)عبدالباقي.

ئەوەشی تۆ ویستت، فەرمووی: (أَجَعَلْتَنِي للهِ نِداً؟ بَلْ مَاشاءَ اللهُ وَحْدَهُ)[1]. واتە: ئایا لەگەڵ خوادا منت کرد بە هاوتا؟ بەڵکو بڵێ ئەوەی خوا بە تەنها ویستی. ئەحمەد و ئیبنوئەبی شەیبە ڕیوایەتیان کردوە، وە بوخاریش لە (الأدب المفرد)، وە نەسائی و ئیبنوماجە، حوکمەکەی لە پێشەوە باس کرا لە فەزڵ و چاکەی یەکتاپەرستی.

وە تیایدایە: ڕوونکردنەوەی داوا کردن لە غەیری خوا لەوەی کە کەس توانای نیە بەسەریدا جگە لە خوا هاوبەش دانانی ئاشکرایە، وەك داواکردنی تکا لە مردووان، چونکە شەفاعەت موڵکی خوایە و بە دەستی ئەوە، بەدەستی هیچ کەسێك نیە شتێك لەشەفاعەت، ئەو زاتە موڵەت بە تکاکار دەدات کە شەفاعەت بکات بۆ کەسێ کە گەیشتووە بە خوا بە دڵسۆزی و یەکتاپەرستی لە خاوەن گوناهە گەورەکان، وەك لە بەشی شەفاعەتدا باسی لێ دەکەین (إن شاءالله).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولمسلم عن جابر أَنَّ رسولَ اللهِ قَالَ: (من لَقِيَ اللَّهَ لَا يُشْرِكُ بِهِ شيئاً دخل الْجَنَّةَ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شيئاً دخل النَّارَ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە لای مسلم لە جابرەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرکەسێك بگاتە لای خوا هاوبەشی بۆ دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە، وە هەرکەسێك بگاتە لای هاوبەشی بۆ دابنێت دەچێتە ئاگرەوە.

•••

(جابر) کوڕی (عبد الله)ی کوڕی عەمری کوڕی حەرامە، ئەنصاریە پاشان (السَّلَمي)یە، هاوەڵێکی گەورەو بەڕێزە خۆی و باوکی، باوکی خاوەن چاکەی زۆرە، لە شاری مەدینە لەدوای حەفتای کۆچی کۆچی دوایی کردوە، دوای ئەوەی چاوی لەدەست دابوو، تەمەنی نەوەدو چوار ساڵ بوو.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (من لَقِيَ اللَّهَ لَا يُشْرِكُ بِهِ شيئاً) قورطوبی دەڵێ: هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێ نە لە پەرستراوێتی، وە نە لە دروست کردن، نە لە پەرستش، بێگومان ئەوەی زانراوە لە شەرعدا و کە یەکدەنگی لەسەرە لە لای ئەهلی سوننە: هەرکەسێ بمرێ لەسەر ئەو یەکتاپەرستیە هەر دەبێ بچێتە بەهەشتەوە، ئەگەر چی پێش ئەوە جۆرەها سزاو تاقی کردنەوەی بەسەردا هاتبێت، هەرکەسێکیش بمرێ لەسەر هاوبەش دانان ناچێتە بەهشتەوە و ڕەحمەت و میهرەبانی پێ ی ناگات لە لایەن خواوە، بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەمێنێتەوە بەبێ پچڕانی سزاو بێ ئەوەی ناوبر لەکاتەکانی هەبێ.

نەوەویی دەڵێ: بەڵام چوونە ئاگر بۆ هاوبەش دانەر ئەوە لەسەر گشتگیریەتی، دەچێتە ناویەوە و بە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە، هیچ جیاوازیەك نیە لەنیوان خاوەن کتێبێکی جولەکەو گاور، وە لە نێوان بت پەرستەکان و سەرجەم بێبڕوایان، هیچ جیاوازیەك نیە لە لای ئەهلی حەق لە نێوان

---

(١)أخرجه أحمد(١٨٣٩)، وابن أبي شيبة ١٠/ ٣٤٧، والبخاري في الأدب المفرد(٧٨٣)، وبنحوه ابن ماجه في الكفارات(٢١١٧)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة(١٣٩).

(٢)أخرجه مسلم في الإيمان(٩٣)عبد الباقي.

بێبڕوایەکی سەرکەش و کەللەڕەق و جگە لەویش، هەروەها لەنیوان ئەوەی پێچەوانەی میللەتی ئیسلام دەجوڵێتەوە و لە نێوان ئەوەی دەدرێتە پاڵ ئیسلام، پاشان حوکم دەدرێت بەسەریدا بە بێبڕوایی بەهۆی نکوڵی کردنی و جگە لەویش، بەڵام چوونە ناوەوەی بەهەشت بۆ ئەوکەسەی مردبێ و هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێت، ئەوە بەڵنیاییەوە بۆی بڕاوەتەوە، بەڵام ئەگەر خاوەن گوناهی گەورە نەبێت و بمرێت بەسووربوون لەسەری سەرەتا دەچێتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەگەر خاوەن گوناهی گەورە بێت، وە بەردەوام بێت لەسەری تا مردن، ئەوە دەکەوێتە ژێر ویست و مەشیئەتەوە. ئەگەر خوا لێی خۆش بێت دەیخاتە بەهەشتەوە یەکەمجار، ئەگەرنا سزا دەدرێت لەناو ئاگردا پاشان دەردەهێنرێ لە ئاگر و دەخرێتە بەهەشتەوە.

جگە لەویش وتویەتی: کورت هەڵیهێناوە لەسەر نەفیکردنی هاوبەشدانان لەبەر ئەوەی بانگەشەی یەکتاپەرستی کردوە چونکە وا دەخوازێ، وە بانگەشەی جێگیرکردن و چەسپاندنی پەیامی پێغەمبەری کردوە بە پەیوەستی چونکە هەرکەسێك پێغەمبەرانی خوا بەدرۆ بزانێت ئەوە بێگومان خوای بە درۆ زانیوە، وە هەرکەسێك خوا بەدرۆ بزانێت ئەوە هاوبەش دانەرە، ئەویش وەك ئەوە وایە بڵێیت: هەرکەسێك دەستنوێژی هەبێت نوێژەکەی دروستە. واتە: لەگەڵ هەموو مەرجەکانی دیکەدا، جا مەبەست: هەرکەسێك بمرێت بڕوای بە هەموو ئەوانە هەبێت کە پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ: بەکورتی لە شتە(**إحمال**)یەکان، وە بە درێژی لە شتە تەفعیلیەکان.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ترسان لە هاوبەش دانان.

دووەم: بێگومان ڕیایی لە هاوبەش دانانە.

سێیەم: بێگومان ڕیایی لە هاوبەش دانانی بچووکە.

چوارەم: بێگومان ڕیایی مەترسیدارترین شتە لەسەر پیاوچاکان.

پێنجەم: نزیکی بەهەشت و ئاگر.

شەشەم: کۆکردنەوە لە نێوان نزیکیان لە یەك فەرموودەدا.

حەوتەم: بێگومان هەرکەسێك بگات بە خوا، وە هاوبەشی بۆ دانەنێت دەچێتە بەهەشتەوە، وە هەرکەسێك بگاتە خواو هاوبەشی بۆ دابنێت دەچێتە ئاگرەوە، ئەگەر لەخواپەرستترین کەسیش بێت.

هەشتەم: مەسەلەیەکی مەزن داواکردنی ئیبراهیم خەلیل لە خوا کە خۆی و کوڕەکانی بپارێزێ لە پەرستشی پەیکەرەکان.

نۆیەم: ڕەچاوکردنی حاڵی زۆرینە، لە فەرمایشتی خوادا ﷻ: ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ﴾ ﴿٣٦﴾ **ئیبراهیم.**

دەیەم: تەفسیری (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)ی تیدایە، وەك چۆن بوخاری باسی کردوە.

یازدەیەم: چاکەی ئەو کەسەی پارێزراوە لە هاوبەش دانان.



بەشی ٤

بانگ کردن بۆ لای شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب الدُّعاء إلى شهادة (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: بانگ کردن بۆ لای شایەتی دان بە(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت کاتێ باسی یەکتاپەرستی و فەزڵ و چاکەی کرد، ئەوەشی ترس پێویست دەکات لە دژەکەی، ئاگاداری دا بەم ڕونکردنەوە لەسەر ئەوەی نابێت کەسێك تەنها بۆ خۆی ئەو یەکتاپەرستیە بزانێت، بەڵکو پێویستە لەسەری بانگەوازی پێ بکات بۆ لای خوا بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاك، هەر وەکو چۆن ئەوە ڕێگای پێغەمبەران و شوێنکەوتوانێتی، وەك حەسەنی بەصری وتویەتی کاتێ فەرمایشتی خوای ﷻ خوێندەوە: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾﴾فصلت. (واتە: کێ وتەی چاکترو بەجێ تر لەو کەسەی خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات، وە کاری چاکە دەکات و دەڵێ بێگومان من لە پێڕی موسڵمانانم) وتی: ئەمە خۆشەویستی خوایە، ئەمە دۆستی خوایە، ئەمە هەڵبژێرداروی خوایە، ئەمە ئیختیارکراوی بەندەی خوایە، ئەمە خۆشەویسترین خەڵکی سەر زەویە لە لای خوا، وەڵامی بانگەوازەکەی خوای داوەتەوە. خەڵکی بانگ کردوە بۆ لای ئەو یەکتاپەرستیەی کە وەڵامی داواکەی خوای پێداوەتەوە، وە لەوەڵامدانەوەیدا کردەوەی چاکی کردوەو وتویەتی: بەڕاستی من لە موسڵمانانم. ئەمە جێنشینێکی خواییە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ يوسف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی خەڵکی دەکەم بۆ لای خوا لەسەر بەڵگەی ڕوون من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون و خواش پاك و بێگەردە، وە من هیچ کات لە هاوبەش دانەران نیم).

ئەبو جەعفەری ئیبنو جەریر دەڵێ: خوا یادی بەرزە دەفەرموێ بە پێغەمبەرەکەی: ﴿ قُلْ ﴾ ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ﴿ هَٰذِهِۦ ﴾ ئەم بانگەوازەی کە بانگی خەڵکی بۆ دەکەم، وە ئەو ڕێگایەی کە من لەسەری دەڕۆم، لە بانگ کردن بۆ لای یەکتاپەرستی خواو دڵسۆزی پەرستش بۆی جگە لە پەرستراوەکان و بتەکان. وە گوێڕایەڵی کردنی و وازهێنان لە سەرپێچیکردنی ﴿ سَبِيلِيٓ ﴾ ڕێگاو باگەوازی منە ﴿ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ﴾ بانگی خەڵکی دەکەم بۆ لای خوا بە تەنها و بێ هاوبەش ﴿ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ﴾ لەسەر بەڵگە و دڵنیایی و زانستم پێی ﴿ أَنَا۠ ﴾ هەروەها بانگ دەکات لەسەر بەرچاوو ڕوونی ﴿ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ﴾ ئەوانەش کە بەڕاستم دەزانن و بڕوایان پێم هەیە ﴿ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ ﴾ خوا پێی دەفەرموێ: بڵێ: وەك پاکڕاگرتنی بۆ خوا وە بەگەورە دانانی بۆی لە مووڵکیدا یان پەرستراوێکی تر هەبێ جگە لە ئەو لە دەسەڵاتیدا ﴿ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾ دەڵێ: منیش بەریم لە هاوبەش دانەران، لە ئەوان نیم و ئەوانیش لە من نین.

لە (شرح المنازل)دا دەڵێ: دەیەوێت بە ڕێ نیشاندانت بگەیت بە بەرزترین پلەکانی زانست، ئەویش (البصیرة) بەرچاو ڕوونیە کە ڕێژەی زانراو تیایدا بۆ دڵ وەك ڕێژەی بینراو وایە بۆ بینین، ئەمەش ئەو تایبەتمەندیەیە کە هاوەڵان پێی تایبەت کراون بەسەر سەرجەم ئوممەتەوە، ئەوێش بەرزترین پلەی زانایانە. خوا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ﴾ واتە: من شوێنکەوتوانم لەسەر بەرچاوڕونین. وتراوە: ﴿ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي ﴾ (**عطف**)ە لەسەر (مەرفوع) لە ﴿ أَدْعُوٓاْ ﴾ واتە: من بانگەواز دەکەم بۆ لای خوا لەسەر بەرچاو ڕوونی، بەهەمان شێوە ئەوەشی شوێنم کەوتووە بانگەواز دەکات بۆ لای خوا لەسەر بەرچاو ڕوونی، لەسەر هەردوو بۆچوونەکە: ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەڕاستی شوێنکەوتوانی پێغەمبەر ﷺ خاوەنی بەرچاو ڕونین بانگەواز کارن بۆ لای خوا، هەرکەسێك لە ئەوان نەبێت ئەوە لە شوێنکەوتووانی نیە لەسەر حەقیقەت و شوێن کەوتن، ئەگەر چی شوێنکەوتووی بێت لە ڕووی دانەپاڵ و بانگەشە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئاگادار کردنەوە لەسەر دڵسۆزی، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەگەر چی بانگەواز بکات بۆ لای حەق، بەڵام ئەو بانگ دەکات بۆ لای نەفسی خۆی.

دووەم: بەرچاوڕوونی لە فەرزەکانە.

سێیەم: بێگومان لە نیشانەکانی چاکی یەکتاپەرستی، بریتیە لە بەپاك ڕاگرتنی خوا لە سەرزەنشت و ناوو ناتۆرەی ناشرین.

چوارەم: بێگومان لە ناشرینی هاوبەشدانان، دانەپاڵی ناوو ناتۆرەی ناشرینە بۆ خوا.

پێنجەم: دورخستنەوەی موسڵمان لە هاوبەشدانەران، نابێتە کەسێ لە ئەوان، ئەگەر چی هاوبەشیش دانەنات.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ ﴿١٢٥﴾ ﴾**النحل**. (واتە: خەڵکی بانگ بکە

بۆ ڕێگای پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شرین، وە لەگەڵیان بدوێ و موجادەلە بکە بە چاکترین شێوە) خوا باسی پلەو پایەکانی بانگەوازی کردوە و کردویەتی بە سێ بەشەوە بە پێی حاڵی بانگ کراو: جا یان ئەوەیە بەدوای حەقدا دەگەڕێ و حەزی لێیەتی، باوی دەدات بەسەر غەیری خۆیدا ئەگەر ناسی، ئەمە بە حیکمەت ناو دەبرێ، پێویست بە ئامۆژگاری و موجادەلە ناکات. یان ئەوەیە سەرقاڵە بە دژی حەق، بەڵام ئەگەر بیناسێت شوێنی دەکەوێ و پێشی دەخات، ئەمە پێویستی بە ئامۆژگاری و هاندان و ترساندن هەیە. یان ئەوەیە کەسێکی عینادو کەللەڕەق و ڕوو وەرگێڕە، ئەمە مشت و مڕو موجادەلە دەکرێت بەوەی کە چاکە، ئەگەر گەڕایەوە ئەو چاکە، ئەگەرنا دەبرێت بۆ لای شەلاق بەدەست بۆ جەڵدکردن، ئەگەر توانرا.

هەروەها دەڵێ: جیاوازی لە نێوان حەزی پێشەوایەتی و بانگەواز بۆ لای خوا، وە حەزی دەسەڵاتداریتی، بریتیە لە جیاوازی لە نێوان بە مەزندانانی فەرمانی خوا و دڵسۆزی بۆی، وە بە مەزندانانی نەفس و کۆشش کردن لە پێناو ئەو بەشەی ئەو داناوە، بێگومان ئامۆژگاریکار بۆ خواو ئەوەی خۆشی دەوێ، حەز دەکات گوێڕایەڵی پەروەردگاری بکرێ و سەرپێچی نەکرێ، بەردەوام وشەی خوا بەرزو شەکاوە بێت، ئاینیش هەمووی هەر بۆ خوا بێت، بەندەکانیش فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و دوور بکەونەوە لە قەدەغەکراوەکانی، بێگومان ئەمە دڵسۆزی خوایە لە پەرستشیدا، دڵسۆزی خەڵکیشە لە بانگەواز کردن بۆ لای خوا، بێگومان ئەو حەزی لە ئیمامەت و پێشەوایەتیە لە لەئایندا، بەڵکو داوا دەکات لە پەروەردگاری کە بیکات بە پیشەوای خۆپارێزان و لەخوا ترسان، پەیڕەوکاران پەیڕەوی بکەن، وەکو چۆن ئەو پەیڕەوی خواناسانی کردوە. جا ئەگەر بەندەی بانگخواز بۆ لای خوا حەزی کرد لە پێش چاو خەڵکی گەورە بێت و لەناو دڵیاندا هەیبەتی هەبێت و خۆشەویست بێت لە لایان، لەناویاندا گوێی لێ بگیرێ، بەڵکو پەیڕەوی بکەن، وە لەسەر دەستی ئەو شوێنی پێغەمبەر بکەون، ئەوە زیانی پێناگەیەنێت بەڵکو ستایش دەکرێ لەسەری، چونکە بانگخوازە بۆ لای خوا، حەز دەکات گوێڕایەڵی خوا بکرێت و بپەرسترێت و بەتاك دابنرێت. ئەو حەز دەکات لەهەر شتێك یارمەتیدەر بێت لەسەر ئەوە و بیگەیەنێت پێی.

لەبەر ئەمەیە خوا باسی ئەو بەندانەی کردوە کە تایبەتی کردوون بۆ نەفسی خۆی، وە ستایشی کردوون لە قورئانەکەیدا، پاداشتی چاکیشی بۆیان داناوە لەو ڕۆژەی دەگەن پێی، باسی کردوون بە چاکترینی کردەوەکانیان و وەسفەکانیان، پاشان فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ **الفرقان**. (واتە: وە کەسانێك کە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان ببەخشە پێمان لە هاوسەران و نەوەکانمان منداڵەکانمان ئەوەی چاوانی پێ گەش بێ هۆی دڵخۆشی بێت، وە بمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لەخوا ترسان). داوای ئەوەیان کردوە خوا دڵیان خۆش بکات و چاویان گەش بکات، بەوەی خێزان و منداڵەکانیان گوێڕایەڵی خوا بکەن، وە دڵیان خۆش بکات بەوەی خۆپارێزان شوێنیان بکەون لەسەر گوێڕایەڵی پەرستشی ئەو زاتە. چونکە بەڕاستی پێشەواو شوێنکەوتووی یارمەتی دەری یەکترن لەسەر گوێڕایەڵی خوا، بۆیە داوای ئەوەیان لە خوا کردووە کە یارمەتی خۆپارێزانی پێ بدەن لەسەر ڕەزامەندی خوا و گوێڕایەڵی کردنی، وە ئەوەش بانگەوازی ئەوانە بۆ لای خوا بە پێشەوایەتی لە ئایندا، کە بنچینەکەی ئارامی و

یەقین و دڵنیاییە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾﴾ **السجدة**. (واتە: وە لەناو ئەواندا پێشەوایانێکمان دانا ڕێنموویی خەڵکیان دەکرد بە فەرمانی ئێمە کاتێ خۆیان گرت و بە ئایەتەکانی ئێمە دڵنیا بوون باوەڕی پتەویان هێنا). جا داواکردنیان: کە خوا بیانکات بە پێشەوای خۆپارێزان، ئەوە داوایەکە کە هیدایەتیان بدات و سەرکەوتوویان بکات و منەتی خۆی بکات بەسەریاندا بە زانستە بە سوودەکان و کردەوە چاکەکان بە ئاشکرا و نهێنی، کە پێشەوایەتی و ئیمامەت تەواو نابێ مەگەر بەوە، سەرنج بدە و ڕابمێنە چۆن لەو ئایەتانەدا ئەوانی داوەتە پاڵ ناوی (الرَّحمن)، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەمەی بەدەستیان هێناوە بە فەزڵ و میهرەبانی خوا و تەواوی بەخشندەیی و منەتی ئەوە. وە سەرنج بدە و بیربکەرەوە چۆن پاداشتی بۆ داناون لەم وێنەیە بە: (**الْعُرَف**) ئەویش بریتیە لە خانوو تەلاری بەرز لە بەهەشت. کاتێ کە پێشەوایەتی لە ئایندا لە پلەو پایە بەرزەکانە، بەڵکو لە بەرزترین پلەو پایەکانە کە بەندە لە دنیادا پێی دەبەخشرێ، پاداشتەکەشی خانوو تەلاری بەرزە لە بەهەشتدا. ئەمەش بە پێچەوانەی داواکردنی دەسەڵاتە، چونکە داواکارەکانی کۆشش دەکەن بۆ بەدەستهێنانی لە پێناو ئەوەی بە ئامانجەکان و مەبەستیان بگەن: لە بەرزبونەوە لەسەر زەویدا، وە دڵەکان ببنە بەندەیان و بەلای ئەواندا بچن، وە هاوکاریان بن لە هەموو ئامانجەکانیان، لەگەڵ ئەوەی خۆیان بەرز کردوەتەوە بەسەریاندا و زاڵبوون بەسەریاندا، ئا لەسەر ئەم داواکاری و مەبەستە چەندین خراپەکاری دێتەجێ کە کەس نایزانێت جگە لە خوا نەبێ: لە زۆرداری و ئیرەیی و زیادەڕەوی و ڕق و کینە و ستەم و لووت بەرزی نەفس جگە لە مافی خوا، وە بە مەزندانانی ئەوەی خوا بەکەمی دەزانێ، وە بەکەم زانینی ئەوەی خوا ڕێزی لێ گرتووە. دەسەڵاتی دنیایی تەواو نابێ مەگەر بەوە نەبێ، وە بەدەست نایەت مەگەر بەچەند قاتی خۆی لە خراپە، وە بەچەندین مەفسەدەو خراپەکاری تر، دەسەڵاتداران کوێرن لەم ئاستەدا، جا ئەگەر پەردە هەڵماڵدرا بۆیان ڕوون دەبێتەوە خراپی ئەوەی لەسەری دەڕۆن، بەتایبەتی ئەگەر کۆبکرێنەوە و بدرێنە بەر ڕووناکی خۆر و وەک مێروولەی بچووک دەربکەون، خەڵکی بیانخەنە ژێر پێیەکانیان، وەکو ئیهانەو سەرکۆنەکردن و بەکەمزانین و بە بچووک دانان، وەکو چۆن ئەوان فەرمانی خوایان بە کەمزانی و بەندەکانی ئەویان بە بێ نرخ تەماشا کرد. قسەکەی تەواو بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعَن ابن عباس أنَّ رسولَ الله ﷺ لما بعث معاذاً إلى اليمن قال له: (إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا من أَهْلِ الْكِتَابِ، فَلْيَكُن أولُ ما تَدْعوهم إليه شَهَادَة: أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله -وفي رواية: إلى أن يوحدوا الله- فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوك لذَلكَ، فَأَعْلمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ في كل يَوْمٍ وَلَيْلَة، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لذَلكَ، فَأَعْلمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عليهم صَدَقَةً تُؤْخَذُ من أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ على فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، فإنه ليس بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ)[1]. أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئیبنو عەباسەوە (خوای لێ ڕازی بێت) بێگومان پێغەمبەر ﷺ کاتێ موعاذی نارد بۆ یەمەن، پێی فەرموو: تۆ دەچیت بۆ لای گەلێك لە خاوەن کتێبەکان، با یەکەم شتێك بانگیان دەکەی بۆ لای شایەتی دان بێت بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) -لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: بەوەی خوا بەتاك دابنێن- ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵیان کردی لەوەدا، ئەوە پێیان ڕابگەیەنە کە بێگومان خوا فەرزی کردوە لەسەریان پێنج نوێژ لە هەموو شەوو ڕۆژێکدا، ئەگەر ئەوان لەوەشدا گوێڕایەڵیان کردی، ئەوە پێیان ڕابگەیەنە کە بێگومان خوا صەدەقەیەکی فەرز کردوە لەسەریان لەدەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ، پاشان دەدرێ بە هەژارەکانیان، ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵیان کردی، ئاگات لە ماڵەکانیان بێت، وە بترسە لە دوعای ستەم لێکراو، بێگومان لە نێوانی ئەوو خوادا پەردە نیە.

.....

(**الحافظ**) دەڵێ: ناردنی موعاذ بۆ یەمەن لە ساڵی دەیەم بوو پێش حەج کردنی پێغەمبەر ﷺ وەك دانەر باسی کردوە -مەبەست بوخاریە لە کۆتایی غەزاکاندا- وە وتراوە: ئەوە لە کۆتایی ساڵی نۆیەم بوو لەکاتی گەڕانەوەی لە تەبووك، (الواقدی) ڕوایەتی کردوە بە سەنەدی خۆی تا کەعبی کوڕی مالیك. وە ئیبنو سەعد لە (**الطبقات**)دا هێناویەتی، وە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەو لە یەمەن بوو تا خەلافەتی ئەبو بکر، پاشان ڕووی کردە شام و لەوێ مرد[2].

شێخی ئیسلام دەڵێ: لە پلەوپایەکانی موعاز (خوای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەر ﷺ لە جێگای خۆی ناردی بۆ یەمەن وەك گەیەنەرو تێگەیەنەرو فێرکارو دەسەڵاتدارێ لە پێغەمبەری خواوە.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا من أَهْلِ الْكِتَابِ**) قورطوبی دەڵێ: مەبەستی جولەکەو گاورە، چونکە ئەوان لە یەمەن زۆرتر بوون لە هاوبەش دانەرانی عەرەب، لەبەر ئەوە ئاگاداری کردوە تا ئامادە بێت بۆ مشت ومڕ کردنیان.

(**الحافظ**) دەڵێ: ئەوە وەك هاندانێك وایە بۆ ئامۆژگاری، هەتا تواناکانی لەسەری کۆبکاتەوە.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**فَلْيَكُن أولُ ما تَدْعوهم إليه شَهَادَة: (أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** (شهادةُ) (مەرفوع)ە لەسەر ئەوەی ناوە بۆ (یکن) دواخراوە. وە (أولُ) خەبەری (یکن) پێش خراوە، وە پێچەوانەکەشی دروستە.

---

(١)أخرجه البخاري في المغازي(٤٣٤٧)فتح، ومسلم في الإيمان(١٩)عبد الباقي.

(٢)فتح الباري ٣/ ٣٥٨ .

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**وفي رواية: إلى أن يوحدوا الله**) ئەم ڕیوایەتە جێگیرە لە کتێبی یەکتاپەرستیدا لە صحیحی بوخاری(١١). دانەر ئاماژەی کردوە بە باسکردنی ئەم ڕیوایەتە لەبەر ئاگادارکردنەوە لە مانای شایەتی دانی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بێگومان ماناکەی یەکتاپەرستی خوایە بە پەرستش کردن و ڕەتکردنەوەی پەرستشی جگە لە خوا، وە لە ڕیواتێکدا هاتووە: (**فَلْيَكُن أولُ ما تَدْعوهم إليه عبادة الله**) واتە: با یەکەم شتێك بانگیان دەکەی پەرستشی خوا بێت. ئەویش بریتیە لە بێبڕوایی بە **طاغووت** و بڕوابوون بەخوا، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ﴾**البقرة**.(واتە: ئینجا هەر کەس لە بێبڕوایی بگەڕێتەوە بێباوەڕ بێ بەهەر پەرستراوێك جگە لەخوا، وە بڕوا بهێنێ بەخوا ئەوە بێگومان بەتووندی دەستی گرتووە بەدەستەگییرەیەکی قایمی بەهێزی وا کە ئیسلام یان ئیمانەکەیەتی کە پچڕان و بەربوونی بۆ نیە وە خوا بیسەری زانایە) وە (**العروة الوثقى**) بریتیە لە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)، وە لە ڕیوایەتی بوخاری فەرموویەتی: (**أُدْعُهُم إلى شَهادةِ أن لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وإنِّي رسول الله**)(٢١) واتە: بانگیان بکە بۆ لای شایەتی دانی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە بێگومان من پێغەمبەری خوام.

وتم: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) پێویستە حەوت مەرجی تێدا بێتە جێ، سوود ناگەیەنێ بە بێژەرەکەی مەگەر بە کۆبونەوەیان:

یەکەم: زانستێك نەفامی ڕەت بکاتەوە.

دووەم: یەقین و دڵنیاییەك گومان ڕەت بکاتەوە.

سێیەم: قەبوڵکردنێ بەرپەرچدانەوە ڕەت بکاتەوە.

چوارەم: ملکەچ بوونێ وازهێنان ڕەت بکاتەوە.

پێنجەم: دڵسۆزیەك هاوبەش دانان ڕەت بکاتەوە.

شەشەم: ڕاستیەك درۆ ڕەت بکاتەوە.

حەوتەم: خۆشەویستیەك پێچەوانەکەی ڕەت بکاتەوە.

وە بەڵگەی تێدایە کە بەڕاستی یەکتاپەرستی -کە بریتیە لە پوخت کردنی پەرستش بۆ خوای تەنهاو بێ هاوتا و وازهێنان لە پەرستشی جگە لە خوا- ئەوە یەکەمین واجبە. لەبەر ئەمەیە ئەوە یەکەمین شتێك بووە کە پێغەمبەران بانگەشەیان بۆ کردوە: ﴿ أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ ﴿٣٢﴾ ﴾**المؤمنون**. (واتە: تەنها خوا بپەرستن جگە لەو خوایە پەرستراوێکی ترتان نیە) وە نوح فەرمووی: ﴿ أَن لَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ ﴿٢٦﴾ ﴾**هود**. (واتە: کە جگە لەخوا نەپەرستن). وە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)ی تێدایە پڕاو پڕ.

---

(١)أخرجه البخاري في التوحيد(٧٣٧٢)فتح.

(٢)أخرجه البخاري في الزكاة(١٣٩٥)فتح، ومسلم في الإيمان(١٩)عبد الباقي.

ئیبنو لقەییم: ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لەبەر ئەمە پێغەمبەران لەگەڵ ئومەتەکانیان دواون، دواندنی کەسێ کە گومانی نەبووە لە بارەی(الله)، بەڵکو بانگیان کردوون بۆ لای بەندایەتی خوای تاك و تەنها، نەك بۆ دان پێدان بە بوونی، پێغەمبەرانیان پێیانیان فەرمووە: ﴿أَفِي ٱللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ﴿١٠﴾﴾إبراهيم. (واتە: ئایا لە خودا گومان هەیە کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە) جا بوونی خوای پاك و بێگەرد و پەروەردگارێتی و تواناو دەسەڵاتی، ڕوون تر لە هەموو شتێك بە ڕەهایی، جا ئەوە ئاشکراترە بۆ چاوی وەك لە خۆر بۆ چاوی سەر، وە ڕوونترە بۆ عەقڵەکان لە هەموو ئەوانەی بەعەقڵدا دێت، وە دان بە بوونیدادەنێت، کەس نکوڵی لێ ناکات مەگەر کەسێ بەزمانی لووت بەرز بێت وە بەدڵ و عەقڵ و سروشتی بە درۆی بخەنەوە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيۡرِ عَمَدٖ تَرَوۡنَهَاۖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمۡ تُوقِنُونَ ﴿٢﴾﴾الرعد. (واتە: ئەو خوایەی ئاسمانەکانی بەرز کردۆتەوە بێ هیچ پایەو ستوونێك کە ببینن پاشان بەرز بوەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت بەو شێوەی شایستەی خوا بێت کە ئێمە چۆنێتیەکەی نازانین، خۆر و مانگی ڕامهێناوە هەر یەکەیان دەگەڕێ تا کاتی دیاریکراو هەموو کاروبارێ هەڵدەسوڕێنێ و ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆتان تا لە زیندووبوونەوەو گەیشتن بە خزمەت پەروەردگارتان دڵنیا بن).

شێخی ئیسلام دەڵێ: بێگومان زانراوە بە ناچاری لە ئاینی پێغەمبەر ﷺ ئومەتیش یەکدەنگن لەسەری، کە بەڕاستی بنچینەی ئیسلام و یەکەم شتێك خەڵکی فەرمانی پێ بکرێت: شایەتمانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وأن محمداً رسول الله**) بەو شایەتمانە بێبڕوا موسڵمان دەبێت، دوژمنیش دەبێتە دۆست، وە ئەوەی خوێن و ماڵی ڕەوایە، خوێن و ماڵی پارێزراو دەبێت، پاشان ئەگەر ئەو شایەتمانە لە ناو دڵیەوە بێت، ئەوە چووەتە ناو ئیمانەوە، وە ئەگەر تەنها بە زمانی بێت جگە لە دڵی، ئەوە بە ڕواڵەت ئیسلامە جگە لە ناخی، بەڵام ئەگەر دانی پێدا نەنات لەگەڵ ئەوەی توانای هەبێت، ئەوە بێبڕوایە بە یەکدەنگی موسڵمانان بە ئاشکراو پەنهان، لە لای پێشینی ئوممەت و پێشەوایان و زۆربەی زانایان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وَفِيهِ أَنَّ الإنسانَ قَد يَكونُ عَالِماً وَهو لا يَعرِفُ مَعْنَى لا إلهَ إلا اللهَ أو يَعرِفُه ولا يَعْمَلُ بِهِ)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە بەڵگەی تێدایە: بێگومان هەندێ جار ئینسان زانایەبەڵام لە هەمان کاتدا مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)ش نازانێت، یان مانای دەزانێت بەڵام کاری پێ ناکات.

وتم: ئای چەند زۆرن ئەوانە - خوا زۆریان نەکات.

وتەی: (**فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوك لِذَلِكَ**) واتە: شایەتمانیان هێناو گوێڕایەڵی تۆیان کرد (**فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عليهم خَمْسَ صَلَوَاتٍ**) بەڵگەی تێدایە: بەڕاستی نوێژ مەزنترین ئەرکە دوای شایەتمان. نەوەوی دەڵێ مانای ئەوە نیە: ئەوە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی داواکردن و داخوازی بەجێهێنانی

فەرزەکان لە دنیادا نابێ بکرێ مەگەر دوای ئیسلام. ئەمەش ئەوە ناخوازێ کە ئەوان دوێنراو نین بە بەجێهێنانیان، بەو هۆیەوە سزایان بۆ زیاد دەبێت لە ڕۆژی دواییدا. بۆچوونی ڕاست ئەوەیە: بێبڕوایان دوێنراون بە لق و پۆکانی شەریعەت، فەرمان پێکراوەکان و قەدەغە لێکراوەکان. ئەمەش وتەی زۆرینەی زانایانە.

وتەی: (**فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عليهم صَدَقَةً تُؤْخَذُ من أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ في فُقَرَائِهِمْ**) بەڵگەی تێدایە، کە بەڕاستی زەکات پێویستترین پایەکانە دوای نوێژەکان، بێگومان ئەو زەکاتە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت، لە هەژاراندا خەرج دەکرێت، لەبەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ هەژارانی تایبەت کردوە، چونکە مافیان لە زەکاتدا چەسپاوترە لە مافی هەشت بەشەکەی دیکە.

وە بەڵگەی تێدایە: پێشەوا خۆی سەرپەرشتی وەرگرتن و خەرجکردنی زەکات دەکات: یان بە خودی خۆی، یان جێگرەکەی، جا هەرکەسێك ڕێگری بکات لەوەی بیداتە دەستی فەرمان ڕەوا بە زۆر لێی وەردەگیرێ.

وە فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێدانی زەکات بە یەك جۆر لەوانە بەسە، وەك چۆن ئەوە مەزهەبی مالیك و ئەحمەدە.

وە بەڵگەی تێدایە: دروست نیە ئەو مانە نە بە دەوڵەمەند بدرێت نە بە بێبڕوا، جگە لەو بێبڕوایانەی دڵیان ڕادەهێنرێ بۆ خۆشویستنی ئیسلام (**المؤلفة قلوبهم**)، بێگومان زەکات پێویستە لە مانی منداڵ و شێتیش دەربکرێ، وەك چۆن ئەوە بۆچوونی زۆرینەی زانایانە، لەبەر گشتگیری فەرموودەکە.

وتم: (الفقير) ئەگەر لە ڕستەدا بەتەنها هاتبوو، ئەوە (المسكين) دەگرێتەوە، وە بە پێچەوانەش، وەك هاوشێوەکانی، وەکو شێخی ئیسلام جێگیری کردووە.

وتەی: (**وَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ**) بە (نصب)ی (کرائم) بۆ (**التحذير**)، کۆی (**كريمة**)یە. خاوەنی (**المطالع**) وتویەتی: بریتیە لەوەی (تەواوێتی پێویستی) کۆکردوەتەوە لە حەقی ئەو مانەدا، لە زۆری شیر و جوانی وێنە و زۆری گۆشت و خوری. نەوەوی باسی کردوە.

وتم: (**كَرَائِمَ**) بریتیە لە چاکترینی مانی و گرانبەها ترینیان لە ڕووی نرخەوە.

وە تێیدایە: بێگومان حەرامە لەسەر ئەو کەسەی زەکات کۆدەکاتەوە چاکترینی مانی و سامان لە خەڵکی وەربگرێت، قەدەغەشە لەسەر خاوەن مانی خراپترینی مانی و سامانەکەی دەربهێنێت بەزەکات، بەڵکو ئەوەی ناوندە دەردەهێنرێ، جا ئەگەر پێی خۆش بوو چاکترینی مانەکە بۆ زەکات دەربهێنێت دروستە.

وتەی: (**وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ**) واتە: لە نێوان خۆت و دوعاکەی ئەودا پارێز بکە بە دادپەروەری و وازهێنانت لە ستەم، ئەم دووانە هەرکەسێ پێی ببەخشرێ دەپارێزن لە شەڕو خراپەی دنیاو دواڕۆژ.

وە وریاکردنەوەی تێدایە لە هەموو جۆرەکانی ستەم کردن.

وتەی: (**فإنه**) واتە: بێگومان بارودۆخی ئەو (**ليس بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ**) ئەم ڕستەیە تەفسیر کراوی (**ضمير الشأن**)، واتە: ئەو دوعایە لە خوا ناشارێتەوە کە وەری بگرێ.

هەروەها لە فەرمودەکەدا بەڵگە هەیە لەسەر وەرگرتنی هەواڵی کەسێکی دادپەروەر و پێویست بوونی کارکردن پێی و ناردنی کەسانێ لە لایەن پێشەوا بۆ کۆکردنەوەی زەکات، بێگومان ئەو ئامۆژگاری نێردراوو کاربەدەستەکانی دەکات و فەرمانیان پێ دەکات بە ترسان لەخوا، وە فێریان دەکات و ڕێگریان لێ دەکات لە ستەم کردن و دەرئەنجامە خراپەکەیان پێ دەناسێنێ. ئاگادار کردنەوەشی تێدایە لەسەر فێرکردن پلە بە پلە. دانەر ئەمەی وتووە.

وتم: دەست پێ دەکات بە گرنگترینەوە بۆ کەم گرنگ.

بزانە لە فەرمودەکەدا باسی ڕۆژو حەجی نەکردوە، ئەمە ئاڵۆزی لای زۆرێك لە زانایان دروست کردوە، شێخی ئیسلام دەڵێ: کە وەڵامی هەندێ لە خەڵکی داوەتەوە: کە هەندێ لە گێڕەرەوەکان فەرمودەکەیان کورت کردۆتەوە، ئەویش بەو شێوەیە نیە. چونکە بەڕاستی ئەمە تانەدانە لە گێڕەوەکان، چونکە بێگومان ئەوە لەیەك فەرمودەدا ڕووەدات، وەك فەرمودەی وەفدەکەی (عبدالقيس)[1] بە جۆرێ هەندێکیان باسی ڕۆژووی کردوەو هەندێکی دیکە باسی نەکردوە، بەڵام ئەم دوو فەرموودە جیایە شتەکە لە بارەیانەوە بەو شێوەیە نیە، بەڵام ئەمە دوو وەڵامی هەیە:

یەکەم: بێگومان ئەوە بە پێی دابەزینی فەرزەکانە، یەکەم شتێك خوا فەرزی کرد ئەو دوو شایەتمانە بوو پاشان نوێژ، فەرمانی بە نوێژ کرد لە یەکەم کاتەکانی وەحی، لەبەر ئەمە باسی پێویست بوونی حەجی نەکردوە، وەك سەرجەم فەرموودەکان تەنها لە فەرموودەکانی ئەم دواییە هاتووە.

وتم: ئەمە لەو فەرموودانەیە کە لە کۆتاییەوە هاتوون، باس نەکراوە تیایدا.

دووەم: بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو جێگەیەکدا باسی شتێکی کردوە کە بۆی گونجابێ، جارێ باسی ئەو فەرزانەی کردوە کە لەسەری جەنگ بەرپا دەبێ: وەك نوێژو زەکات، جارێك باسی نوێژو ڕۆژووی کردوە بۆ کەسێ زەکاتی لەسەر نەبێ، جارێکی تر باسی نوێژو زەکات و ڕۆژوی کردوە، جا یان ئەوەیە پێش فەرز بوونی حەج بووە، یان ئەو کەسەی دوێنراوە بەوە حەجی لەسەر پێویست نەبووە.

بەڵام نوێژ و زەکات خاوەن پلەو پایەیەکن کە بۆ فەرزەکانی تر نیە لەبەر ئەمەیە خوا لە کتێبەکەیدا باسی کوشتاری کردوە لەسەریان، چونکە دوو پەرستشی ئاشکران بە ڕواڵەت، بە پێچەوانەی ڕۆژوو بێگومان ئەوە کاری نهێنی و ناوەکیە لە شێوەی دەستنوێژو خۆشۆردنە لە جەنابەت، وە وێنەی ئەوانەش لەوەی کە بەندە متمانەی لەسەر دەکرێ، چونکە بێگومان ئادەمیزاد دەتوانێت نیەتی ڕۆژوو نەهێنێ و بە نهێنیش بخواو بخواتەوە، وەکو چۆن دەتوانێت بێ دەستنوێژی و جەنابەتی بشارێتەوە، پێغەمبەر ﷺ بیری ئەو کردەوە ئاشکرایانەمان دەخاتەوە کە خەڵکی لەسەر دەکوژرێت

---

(١)أخرجه البخاري في المغازي(٤٣٦٨)فتح، ومسلم في الإيمان ١٧ عبد الباقي.

و بە ئەنجامدانی دەبنە موسڵمان. ئا لەبەر ئەمەیە ئەوەی پەیوەست کردوە بە نوێژو زەکاتەوە جگە لە ڕۆژو، ئەگەر چی واجبە وەکو لە دوو ئایەتەکەی (البراءة)دا هاتووە(١١) چونکە بەڕاستی بەرائە لەدوای پێویست بوونی ڕۆژوو دابەزی بە یەکدەنگی خەڵکی. بەهەمان شێوە کاتێ پێغەمبەر ﷺ موعازی نارد بۆ یەمەن لەقسەکانیدا باسی ڕۆژووی نەکرد، چونکە ڕۆژوو شوێنکەوتووی نوێژ و زەکاتە، وە پەرستشێکی نهێنیە، وە باسی حەجی نەکرد چونکە پێویست بوونی تایبەتە و گشتی نیە، پێویست نیە لە تەمەندا مەگەر یەکجار.

قسەی دانەر: (أخرجاه) واتە: بوخاری و موسلیم، وە هەروەها ئەحمەد و ئەبو داوود و ترمذی و نەسائی و ئیبنوماجە هێناویانە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما عن سهل بن سعد أنَّ رَسولَ الله ﷺ قال يوم خيبر (لَأُعْطِينَّ الرَّايَةَ غَدًا رَجُلًا يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ويُحِبُّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ ، يَفْتَحُ الله على يَدَيْه) فَبَاتَ الناس يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ، أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا. فلما أَصْبَحَوا الناس غَدَوْا على رسول اللَّه ﷺ كلهم يَرْجُو أَنْ يُعْطَاهَا: فقال: (أَيْنَ عَليُّ بن أبي طَالِبٍ؟) فَقيلَ: هو يَشْتَكي عَيْنَيْه، قال: (فَأَرْسِلُوا إليه، فَأُتِيَ بِهِ، فَبَصَقَ في عَيْنَيْهِ وَدَعَا له، فَبَرَأَ كَأَنْ لم يَكُنْ بِهِ وَجَعٌ، فَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ، فقال: انْفُذْ على رِسْلِكَ حتى تَنْزِلَ بِسَاحَتِهِمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى الْإِسْلَامِ، وَأَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عليهم من حَقِّ اللَّهِ فيه، فَوَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ الله بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا خَيْرٌ لك من أَنْ يَكُونَ لك حُمْرُ النَّعَمِ)[٢].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە هەردوکیانەوە لە سەهلی کوڕی سەعدەوە (خوای لێ ڕازی بێت) بێگومان پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی خەیبەر فەرمووی: (بەدڵنیاییەوە بەیانی بەیداخکە دەدەمە دەستی پیاوێکەوە خواو پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێ، خواو پێغەمبەرەکەشی ئەویان خۆش دەوێت، خوا لەسەر دەستی ئەو سەرکەوتن دەبەخشێت) خەڵکی شەویان کردەوە بە گفو گۆکردن لەسەر ئەو باسە، بە ئومێدی ئەوەی بە کامیان دەدرێ، کاتێ ڕۆژیان کردەوە ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، هەموویان ئاواتەخواز بوون پێیان بدرێ، فەرمووی: (عەلی کوڕی ئەبو طالیب لە کوێیە؟) وترا: ئەو دەنالێنێ بەدەست چاوەکانیەوە، فەرمووی: (بانگی بکەن بۆم) هێنایان بۆ لای، ئەویش تفی کرد بە چاوەکانیدا و بۆی پارایەوە، ئینجا چاك بویەوە وەکو ئەوەی کە هەرگیز تووشی ئازار نەبووبێ، دواتر بەیداخەکەی پێدا، فەرمووی: (بڕۆ بە لەسەرخۆیی تا دەگەی بە گۆڕەپانی جەنگیان، پاشان بانگیان بکە بۆ لای ئیسلام، وە هەواڵیان پێ بدە بەوەی پێویستە لەسەریان لە مافەکانی خوا، سوێند بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە هیدایەتی کەسێك بدات باشترە بۆ تۆ لە حوشتری سوور.

(یدوکون): واتە: ڕۆدەچوون لەباسەکەدا.

---

(١) كما في سورة التوبة (٥-١١).

(٢)أخرجه البخاري في المناقب(٣٧٠١)فتح، ومسلم في فضائل الصحابة(٢٤٠٦)عبد الباقي.

وتەی: (**عن سهل بن سعد**) واتە: کوڕی مالیکی کوڕی خالدی ئەنصاری خەزرەجی ساعیدی، باوکی عەباس، هاوەڵێکی بەناوبانگ بووە، بەهەمان شێوە باوکیشی هاوەڵ بووە، لە ساڵی هەشتاو هەشت کۆچی دوایی کرد، تەمەنی سەد ساڵی تێپەڕاند.

وتەی: (قال يوم خيبر) واتە: لە غەزای خەیبەردا وە لە (الصحيحين)دا هاتووە، لە سەلەمەی کوڕی ئەکوع وتی: عەلی لە غەزای خەیبەر دواکەوت لە پێغەمبەر ﷺ، بەهۆی ئەوەی چاوی ئازاری هەبوو، جا وتی: من دوا بکەوم لە پێغەمبەر ﷺ، دەرچوو تا گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ، جا کاتێ نێوارەی ئەو شەوە هات بە بەیانیەکەیدا خوا خەیبەری ڕزگار کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ -أو لَيَأْخُذَنَّ الرَّايَةَ- غَداً رجلٌ يُحِبُّهُ الله وَرَسُولُهُ، أو قال يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ، يَفْتَحُ الله على يديه**)[1] واتە: بەدڵنیاییەوە بەیانی بەیداخەکە دەدەم -یان وەریدەگرێ- بەیانی، کەسێک خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێ، یان فەرمووی: ئەویش خواو پێغەمبەرەکەی خۆش دەوێت، خوا لەسەر دەستی ئەو ڕزگاری دەکات. لەناکاو ئێمەیش و ئەوەشی ئاواتمان پێ خواست لەگەڵ عەلین، وتیان: ئەمە عەلی یە، پێغەمبەر ﷺ بەیداخەکەی پێی دا، خوا لەسەر دەستی ئەو ڕزگاری کرد.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ غَدًا**) (**الحافظ**) دەڵێ: لە ڕیوایەتی بوریدەدا: (**إِنِّي دَافِعٌ اللِّوَاءَ إِلى رَجُلٍ يُحِبُّهُ الله وَرَسُولُهُ**)[2] واتە: من ئەم بەیداخە دەدەم بەدەست کەسێکەوە خواو پێغەمبەرەکەی ئەویان خۆش دەوێ. کۆمەڵێك لە زانایانی زمانەوانی وتویانە (**اللواء والراية**) هاوتای یەکن، بەڵام ئیمامی ئەحمەد و ترمذی و ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەی ئیبنوعەباس: (**كَانَت رَايَةُ رَسُولِ اللهِ ﷺ سَوداءَ، ولِواؤهُ أبْيض**)[3] واتە: بەیداخی پێغەمبەر ﷺ ڕەشبووە، لیواکەشی سپی بووە. وە وێنەی ئەوە لە لای **طەبەرانی** هەیە لە بورەیدەوە[4]. وە لە لای ئیبنوعەدی لە ئەبو هورەیرەوە، وە زیادی کردوە: (تێایدا نووسراوە: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله محمد رسول الله**))[5].

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ويُحِبُّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ**) فەزڵ و چاکەیەکی مەزنی تێدایە بۆ عەلی (خوای لێ ڕازی بێت).

شێخی ئیسلام دەڵێ: ئەم وەسفە تایبەت نیە نە بە عەلی نە بە پێشەوایان، چونکە بەڕاستی خوا و پێغەمبەرەکەی هەموو بڕوادارێکی لەخوا ترسیان خۆش دەوێ کە خواو پێغەمبەری خۆش بوێ، بەڵام ئەم فەرموودەیە لە چاکترینی ئەو فەرموودانەیە کە دەکرێنە بەڵگە لەسەر (نواصب) ەکان، ئەوانە پشتیوانی ناکەن، یان تەکفیری دەکەن، یان بە فاسقی دادەنێن، وەکو خەواریج، بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوە بۆچوونی (**رافضة**)کان ناسەلمێنێ، ئەوانەی پێیان وایە ئەو ئایەتانەی هاتوون دەربارەی فەزڵ و چاکەی هاوەڵان، ئەوە پێش هەڵگەڕانەوەیان بووە، چونکە خەواریجەکانیش

---

(١)أخرجه البخاري في المناقب(٣٧٠٢)فتح، ومسلم في فضائل الصحابة(٢٤٠٦)عبد الباقي.

(٢)أخرجه أحمد (٢٢٩٩٣)، وهو في (الصحيحة) (٣٢٤٤).

(٣)أخرجه الترمذي في الجهاد (١٦٨١)، وابن ماجه في الجهاد (٢٨١٨)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢١٠٠).

(٤)أخرجه الدارقطني في الكبير ٢/ ٢٢، (١١٦١)، وانظر (مجمع الزوائد) ٥/ ٥٧٩، ويشهد له ما قبله.

(٥)أخرجه ابن عدي ٢/ ٢٤٠، وأيضاً أخرجه ابن عدي ٢/٢٤٠، والطبراني في الاوسط(٢١٩) من حديث ابن عباس.

هەمان قسە دەربارەی عەلی دەڵێن، بەڵام ئەمە پووچە، بێگومان خواو پێغەمبەرەکەی وێنەی ئەم ستایشە بەکار ناهێنن بۆ کەسێك کە خوا دەزانێ ئەو بە بێبڕوایی دەمرێ.

وە چەسپاندنی سیفاتی خۆشەویستی تێدایە بە پێچەوانەی جەهمیەکان، ئەوەش لە ئەوان وەردەگرێ.

وتەی: (**يَفْتَحُ الله على يَدَيْهِ**) ڕوون و ڕاشکاوە لە مژدەداندا بە ڕووداتی سەرکەوتن، بێگومان ئەوە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

وتەی: (**فَبَاتَ النَاسُ يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ**) بە مەنصوب بوونی (**لَيْلَتَهُمْ**) وە (**يَدُوكُونَ**) دانەر دەڵێ: ڕۆچوون، لەبارەی ئەو کەسەی ئالآکەی دەدرێتێ. ئەمەش جەختکردنەوەی هاوەڵانی تێدایە لەسەر خێرو گرنگیدانیان پێی، وە بەرزی پلەوپایەیان لە زانست و ئیمان.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا**) بە (رفع)ی (**أيُّ**) لەسەر ئەوە (**مبنية**)، چونکە دراوەتە پاڵ (**إضافة**) وە سەرەتای گەیاندنەکەی (**صلة**)کەی لابراوە.

وتەی: (**فَلَمَّا أَصْبَحُوا الناس غَدَوْا على رسول اللَّهِ ﷺ كلهم يَرْجُو أَنْ يُعْطَاهَا**) وە لە ڕیوایەتی ئەبو هورەیرەدا لە لای موسلیم بێگومان عومەر وتی: حەزم لە ئەمیرایەتی نەکردوە مەگەر ئەو ڕۆژە نەبێ[1].

شێخی ئیسلام دەڵێ: بەڕاستی لەوەدا شایەتیدانی پێغەمبەری تێدایە ﷺ، بۆ عەلی بە ئیمانەکەی بە نهێنی و ئاشکرا، وە چەسپاندنی دۆستایەتی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، وە پێویستبوونی دۆستایەتی بڕوادارانی بۆی، جا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ شایەتیدا بۆ کەسێکی دیاریکراو بە شەهید بوون، یان بۆی پارایەوە، زۆرێ لە خەڵکی حەز دەکەن وەکو ئەو ئەو شایەتیانەیان بۆ بدرێ و ئەو پارانەوەشیان بۆ بکرێ، ئەگەر چی پێغەمبەر ﷺ شایەتیداوە بەوە بۆ خەڵکێکی زۆر، وە پارەوەتەوە بۆ خەڵکێکی زۆر، ئەمیش وەکو شایەتی دانێتی بە بەهەشت بۆ ثابتی کوڕی قەیس[2].

وە (عبد الله)ی کوڕی سەلام[3] وە ئەگەر چی شایەتی داوە بە بەهەشت بۆ خەڵکانێکی تر، وە شایەتی دان بە خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی بۆ ئەو کەسەی لێی درا بەهۆی ئارەق خواردنەوەوە[4].

وتەی: (**فقال: (أَيْنَ عَلِيُّ بن أبي طَالِبٍ؟**) پرسیار کردنی پێشەوای تێدایە دەربارەی ژێردەستەکانی وە بەسەرکردنەوەی حاڵیان.

وتەی: (**فَقيلَ: هو يَشْتَكِي عَيْنَيْهِ**) واتە: بەهۆی چاوێشە، وەك لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە وتی: (**أُدْعُوا لِي عَلياً**) واتە: عەلی بانگ بکەن بۆم، عەلییان

---

(١)أخرجه مسلم في فضائل الصحابة (٢٤٠٥) عبد الباقي.

(٢)أخرجه البخاري في المناقب (٣٦١٣) فتح، ومسلم في الإيمان (١١٩) عبد الباقي.

(٣) أخرجه البخاري في المناقب (٣٨١٢) فتح، ومسلم في فضائل الصحابة (٢٤٨٣) عبد الباقي.

(٤) أخرجه البخاري في الحدود (٦٧٨٠) فتح.

هێنا بۆ لای چاوی دەئێشا[١]. وە لە بەرگیراوەیەکی ڕاستدا هاتووە بە خەتی دانەر: (**فَقِيلَ هُو يَشْتَكِي فِي عَيْنَيْهِ، فَأَرسَلَ إليه**) (أرسل) (مبنی للمعلوم)ە، (هو) ڕاناوێکی شاراوەیە لە فیعلەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، دەگونجی (أرسل) (مبنی للمجهول) بێت. وە لە موسلیم لە ڕێگەی ئیاسی کوڕی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع لە باوکیەوە وتی: منی نارد بۆ لای عەلی منیش هێنام لە پێشیەوە دەڕۆیشتم چونکە چاوی دەئیشا[٢].

وتەی: (**فبَصَقَ**) بە فەتحەی (صاد) واتە: تفی کرد.

وتەی: (**وَدَعَا لَه فَبَرَأَ**) بە فەتحەی (راء)و (**همزة**)، واتە: ڕاستەوخۆ چاك بوویەوە، چاك بوونەوەیەکی تەواو وەکو ئەوەی ئازاری چاو ئێشە و لاوازی بینینی تووش نەبووبێ.

وە لەلای **طه**بەرانی لە فەرموودەی عەلی: نەچاو ئێشەم تووش بویەوە نە سەر ئێشە لەو کاتەی پێغەمبەر ﷺ بەیداخەکەی دابەدەستمەوە.[٣].

وە بەڵگەی تێدایە لەسەر هەردوو شایەتمانەکە.

وتەی: (**فَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ**) دانەر دەڵێ: بڕوا بوونی تێدایە بە قەدەر، چونکە بەدەستی هێنا ئەوەی کۆششی بۆی نەکرد، وە ڕێگری لێ کرا بۆ ئەوکەسەی کۆششی بۆ کرد.

ئەوەشی تێدایە بێگومان بەکارهێنانی هۆکارە ڕێگەپێدراوەکان یان واجبەکان یان پەسەندەکان پشتبەستن بەخوا ڕەتناکاتەوە.

وتەی: (**فقال: انْفُذْ على رِسْلِكَ**) بە (**ضمة**)ی (**فاء**)، واتە: بڕۆ. وە (رسلك) بە (کسر)ەی (راء) و (سکون)ی (سین)، واتە: لەسەر خۆت بەبێ پەلەکردن. وە (ساحتهم) گۆڕەپانی زەویەکەیان وە ئەوەی لە دەوریایەتی.

وە ئەدەب و ڕەوشتی تێدایە لە کاتی جەنگین و وازهێنان لە پەلەکردن و هەڵەشەیی و ئەو دەنگانەی کە پێویست ناکات.

فەرمانکردنی پێشەوای تێدایە بە کاربەدەستەکانی بە نەرم و نیانی بەبێ لاوازی و هەڵوەشاندنەوەی عەزیمەت و وڕە، وەك چۆن فەرموودەکە ئاماژەی پێ دەکات: (حتى تنزل بساحتهم) تا دادەبەزێتە گۆڕەپانیان.

وتەی: (**ثُمَّ ادْعُهُمْ إلى الْإِسْلَامِ**) واتە: ئەوەی کە مانای شایەتیدانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وأن محمداً رسول الله**)، وە ئەگەر وێستت دەڵێیت: ئیسلام: شایەتی دانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وأن محمداً عبده ورسوله**) وە ئەوەی شایەتمان دەی خوازێ لە پەختەکردنی پەرستش بۆ خوا بەتەنها، وە پوختەکردنی گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەرەکەی.

---

(١) أخرجه مسلم في فضائل الصحابة (٢٤٠٤) عبد الباقي.

(٢) أخرجه مسلم في الجهاد (١٨٠٧) عبد الباقي.

(٣)أخرجه أحمد (٥٧٩)، وأبو يعلى(٥٩٣)، وقال الهيثمي في المجمع ٩/ ١٦٢: رواه أبو يعلى وأحمد باختصار، ورجاله رجال الصحيح غير أم موسى، وحديثها مستقيم.

وە لێرەدا فەرموودەکە ڕێکاو ڕێك دێتەوە لەگەڵ وەرگێرانی فەرموودەکە بەکارپێکردنی، وەك خوا بە پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمووە: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾ **آل عمران**. (واتە: ئەی موحەممەد بڵێ ئەی خاوەن نامەکان وەرن بۆلای وتەیەکی ڕاست یەکسان لەنێوان ئێمەو ئێوەدا کە جگە لەخوا نەپەرستین وە هیچ شتێك نەکەین بە هاوبەشی وە هێندێکمان هێندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین ئینجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئێوەش بڵێن: ئێوە شاهێد بن کە ئێمە فەرمانبەرانی خواین)

شێخی ئیسلام دەڵێ: ئیسلام بریتیە لە خۆبەدەستەوەدان، وە بریتیە لە ملکەچ بوون بۆ خواو پەرستش کردن بۆی، بەهەمان شێوە زانایانی زمانەوانی وتویانە.

هەروەها دەڵێ: ئاینی ئیسلام کە خوا ﷻ پێی ڕازیەو پێغەمبەرانی پێ ناردوە: بریتیە لە خۆبەدەستەوەدان بۆ خوا بەتاك و تەنهایی، جا بنچینەی ئەوە لەدڵدایە، وە ملکەچی بۆی بەتاك و تەنها، بەهەمان شێوە پەرستش کردنیش، جا هەرکەسێك پەرستشی خوا بکات و لەگەڵیدا پەرستراوێکی دیکە بپەرستێت ئەوە موسڵمان نیە، وە هەرکەسێك لووت بەرزی بکات لە ئاستی پەرستنیدا موسڵمان نیە، لە بنچینەدا: ئەوە لە بابەتی کردەوەیە، کردەوەی دڵ و ئەندامانی جەستە، بەڵام بنچینەی ئیمان بەڕاستدانانی دڵ و دانپێدانان و ناسینێتی، بێگومان ئەوە لە بەشی قسەی دڵە کە کردەوەی دڵ لە خۆدەگرێت.

جا ڕوون بوویەوە کە بنچینەی ئیسلام بریتیە لە یەکتاپەرستی و نەفی کردنی هاوبەشدانان لە پەرستشدا، ئەویش بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرانە، کە بریتیە لە خۆبەدەستەوەدان بۆ خوا بەیەکتاپەرستی و ملکەچ بوونی بە گوێڕایەڵی، لەوەی فەرمانی پێ کردون لەسەر زمانی پێغەمبەرانی، وەك چۆن خوا ﷻ دەربارەی نوح عليه السلام یەکەم پێغەمبەر(وەکو رسول) کەناردی فەرموویەتی: ﴿أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ ﴿٣﴾﴾ **نوح**. (واتە: کە هەر خوا بپەرستن و لێی بترسن وە فەرمان بەریی من بکەن).

وە تێبینیە: ڕەوایەتی بانگەواز پێش کوشتارکردن، بەڵام ئەگەر بانگەوازیان پێ گەیشتبوو دروستە سەرەتا جەنگ و کوشتاریان بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ هێرشی کردە سەر (**بنی المصطلق**) ئەوان لە بێئاگاییدا بوون، وە ئەگەر بانگەوازیان پێ نەگەیشتایە ئەوە پێویست بوو بانگەواز بکرێن.

وتەی: (**وَأَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عليهم من حَقِّ اللَّهِ فيه**) واتە: لە موسڵمان بوونداو، ئەگەر وەڵامیان دایتەوە ئەوە هەواڵیان بدەرێ بەوەی پێویستە لەو مافانەی ئیسلام کە هەر دەبێت ئەنجام بدرێت وەك نوێژو زەکات، وەك لە فەرمودەی ئەبوهورەیرەدا هاتووە: (**فإذا فعلوا ذلك فقد منعوا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها**)[1] واتە: ئەگەر ئەوەیان ئەنجامدا ئەوە بێگومان خوێن و ماڵیان لەسەر من قەدەغە دەبێت مەگەر بە مافەکەی. کاتێك عومەر بە ئەبوبەکری وت لە کوشتارکردنی ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا: چۆن ئەو خەڵکە دەکوژیت کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**أمرت أن**

---

(١) أخرجه البخاري في الجهاد(٢٩٤٧) فتح، ومسلم في الإيمان(٢١)عبدالباقي.

أقاتل الناس حتى يقولوا: لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله. فإذا قالوها عصموا مني دماءهم وأموالهم إلا بحقها) واتە: فەرمانم پێ کراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تا دەڵێن: **(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** جا ئەگەر وتیان ئەوە خوێن و ماڵیان پارێزراو دەبێ لەمن مەگەر بە حەقی ئیسلام[1].

تێبینی: ناردنی بانگخوازانی ئیسلام لەلایەن ئیمامەوە هەروەک چۆن پێغەمبەرو خەلیفە ڕاشیدەکان دەیانکرد، وەک لە (المسند)دا هاتووە، لە عومەری کوڕی خەطاب (خوای لێ ڕازی بێت) لە لە وتارەکەیدا وتی: ئاگادار بن سوێند بەخوا من نێردراوانم نانێرم بۆ ناوتان بۆ ئەوەی بدەن لەنێو چاوانتان، یان ماڵەکانتان وەربگرن، بەڵکو دەیانێرم بۆ ناوتان بۆ ئەوەی فێری ئاین و سونەتەکانتان بکەن[2].

وتەی: **(فَوَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ الله بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا خَيْرٌ لك من أَنْ يَكُونَ لك حُمْرُ النَّعَمِ)** (أن مصدرية) وە (لام) کە پێش (أن) هاتووە (مفتوحة) چونکە ئەوە لامی سوێند خواردنە. وە (أن والفعل) لەدوای (لام) لە (تأويل المصدر)دایە، (مرفوع)ە لەسەر ئەوەی کە(مبتدأ)ە خەبەرەکەشی وشەی (خير)ە، وە (حمر) بە (ضمة)ی (حاء) و (سكون)ی (ميم)، کۆی (أحمر)ە. وە (النعم) بە (فتحه)ی (نون) ەکە و (عين)، واتە: چاکترە بۆ تۆ لە حووشتری سوور، ئەویش بەنرختریني ماڵ و سامانی عەرەبە.

نەوەوی دەڵێ: لێکچواندنی کارووباری دواڕۆژ بە کاروباری دنیا تەنها بۆ نزیک بوونەوەی تێگەیشتنە، ئەگەر نا گەردیلەیەک لە دواڕۆژ چاکترە لە زەوی بە گشتی و چەند قاتی تر لەگەڵیدا.

وە تێبینی: فەزڵ و چاکەی کەسێک هیدایەت وەربگرێ لەسەر دەستی. وە دروستی سوێند خواردن لەسەر هەواڵ و فتوادان، ئەگەر داوای سوێند خواردنیشی لێ نەکرێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: بانگەواز بۆلای خوا ڕێگای ئەو کەسەیە شوێنی پێغەمبەر ﷺ کەوتووە.

دووەم: ئاگادار کردنەوە لەسەر دڵسۆزی لە بانگەوازدا بۆ لای خوا، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەگەر بانگەواز بکات بۆلای حەق و ڕاستی (کە برتیە لە یەکتاپەرستی) ئەوە بانگەواز دەکات بۆلای نەفسی خۆی. (چونکە ئەگەر خەڵکی لەسەر دەستی موسڵمان بوون ئەوە براو خوشکی زۆر دەبێ)

سێیەم: بێگومان بەرچاو ڕوونی لە فەرزەکانە.

چوارەم: لە نیشانەکانی چاکی یەکتاپەرستی: پاکڕاگرتنی خوایە لە هەر شتێک وتەی نەشیاوی تێدا بێت.

پێنجەم: یەکێک لەناشرینیەکانی هاوبەشدانان ئەوەیە وتەی نەشیاو بە خوای تێدایە.

شەشەم: ئەویش لە گرنگترینیانە: دورخستنەوەی موسڵمان لە هاوبەشدانەران تا نەبێتە یەکێک لە ئەوان، (نابێت خۆی بخاتە ڕیزی ئەوان)، ئەگەرچی هاوبەشیش دانەنات.

حەوتەم: یەکتاپەرستی یەکەمینی ئەرکەکانە.

هەشتەم: بە یەکتاپەرستیە دەست پێدەکات پێش هەموو شتێک، تەنانەت نوێژیش.

---

(١) أخرجه البخاري البخاري في الزكاة(١٤٠٠)فتح، ومسلم في الإيمان(٢٠) عبدالباقي.

(٢) أخرج شطره الأول أبو داود في الديات (٤٥٣٧)، وبتمامه أخرجه أحمد (٢٨٦) وهو في ضعيف أبي داود.

نۆیەم: بێگومان مانای (أن يوحدوا الله) مانای: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**).

دەیەم: بەڕاستی ئینسان هەندێ جار دەبێتە خاوەن کتێب (واتە: زانای ئاینی بێت) لەکاتێدا مانای(**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) نازانێت، یان دەزانێت، بەڵام کاری پێ ناکات.

یازدەیەم: ئاگادار کردنەوە لە فێربوون بە پلە بەندی.

دوازدە: دەستپێکردن بە گرنگترین پاشان گرنگ.

سیازدە: دەرکردنی زەکات.

چواردە: لابردنی گومان لای قوتابی لەلایەن زاناوە.

پازدە: قەدەغەکردنی(وەرگرتنی) باشترین ماڵ (لە زەکاتدا).

شازدە: خۆپاراستن لە دوعای ستەملێکراو.

حەڤدە: هەواڵدان بەوەی دوعای ستەم لێکراو پەردەی لەسەر نیە.

هەژدە: لە بەڵگەکانی یەکتاپەرستی ئەوەیە کە ناڕەحەتی و برسێتی و دەرد و پەتا بەسەر گەورەی پێغەمبەراندا هاتووە، وە بەسەر گەورە دۆستانی خوادا.

نۆزدە: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**لأُعطينَّ الرَّايةَ** ..... تا کۆتایی فەرموودەکە) نیشانەیەکە لە نیشانەی پێغەمبەرایەتی.

بیست: تف کردنی لە چاوەکانی (عەلی) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

بیست و یەک: فەزڵ و چاکەی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت).

بیست و دوو: فەزڵ و چاکەی هاوەڵان لە ڕۆچوونیان و سەرقاڵیاندایە لەو شەوەدا لەبارەی مژدەی فەتح کردن (ئاخۆ لەسەر دەستی کێ بێ)خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێت، ئەوەندە گرنگیان بەوەدا گرنگیان بە فەتحی خەیبەر نەدا.

بیست و سێ: بڕوابوون بە قەدەر، بەوەی کەسێك هەوڵی نەدا بۆ شتێ خودا کردی بە قسمەتی، ئەوەش کە هەوڵیدا بۆی نەبوو بە قسمەتی.

بیست و چوار: ئەدەب و ڕەوشت لە وتەی: (على رِسْلك).

بیست و پێنج: بانگەواز بۆ لای ئیسلام پێش جەنگان.

بیست و شەش: کوشتار دروستە بۆ ئەوانەی پێشتر بانگەواز کراون و جەنگیان لەگەڵدا کراوە.

بیست و حەوت: بانگەوازکردن بە حیکمەت و کار بەجێی دەبێت، لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**أخبرهم بما يجب**) واتە: هەواڵیان بدەرێ بەوەی کە پێویستە.

بیست و هەشت: ناسین و شارەزایی لە مافی خوا لە ئیسلامدا.

بیست و نۆ: پاداشتی ئەو کەسەی لە سەر دەستی ئەو کەسێك هیدایەت وەربگرێ.

سی: سوێند خواردن لەسەر فتوا دروستە.



بەشی ٥ | تەفسیری یەکتاپەرستی و شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب تفسير التوحيد وشهادة (أن لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بابەتی تەفسیری یەکتاپەرستی و شایەتیدان بە(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

وتم: ئەمە لە (**عطف**) کردنی دەلالەتکەر لەسەر بەدەلالەت کراو.

ئەگەر بوترێ: لەسەرەتای ئەم کتێبەدا چەندین ئایەت باس کرا کە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) ڕوون دەکەنەوە، ئەوەشی یەکتاپەرستی لە خۆی گرتووە، وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾﴾**الإسراء**. (واتە: وە پەروەردگارت بڕیاری داوە کە هیچ شتێ نەپەرستن بێجگە لە ئەو). وە پێش ئەمەو دوای ئەمە، بەهەمان شێوە ئەوەی باسی کردوە لەو بەشانەی دوای ئەو، ئیتر سوودی ئەم ماناو تەفسیرە چیە؟

وترا: ئەم ئایەتانەی کە باسکراون لەم بابەتەدا ڕوونکردنەوەیەکی زیاتریان تێدایە لە مانای وشەی دڵسۆزی و ئەوەش دەبێتە بەڵگە لەسەری: لە یەکتاپەرستی پەرستش، وە بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی پەیوەستی بە پێغەمبەران و پیاوچاکان بە داواکردن و پاڕانەوە لێیان کردووە. چونکە ئەوە هۆکاری دابەزینی هەندێ لەم ئایەتانەیە، وەکو ئایەتی یەکەم: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِهِۦ ﴿٥٦﴾﴾**الإسراء**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ بێبڕوایان هاوار بکەن لە ئەوانەی کە ئێوە بە خواتان دەزانین بێجگە لە خوا)، زۆربەی ڕاڤەزانان لەسەر ئەوەن ئەم ئایەتە دابەزیوە لەسەر ئەو کەسەی کە مەسیح و دایکی دەپەرستێ، وە عوزیرو فریشتەکان، بێگومان خوا ئەوەی قەدەغە کردوە بە تووندترین شێوە، وەکو چۆن لەم ئایەتەدا سەرزەنشتکردن و هەڕەشەکردنی تێدایە دەربارەی ئەو هاوار کردنە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هاوارکردنیان لە غەیری خوا هاوبەشدانانە بۆ خوا، هەم یەکتاپەرستی ڕەت دەکاتەوە، هەم شایەتی دان بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)، بێگومان یەکتاپەرستی ئەوەیە داوا نەکرێ جگە لە خوای تاك و تەنها، وە وشەی ئیخڵاص و دڵسۆزی ئەم هاوبەشدانانەی ڕەتکردۆتەوە، چونکە داوا کردن و پاڕانەوە لە غەیری خوا بەندایەتی و پەرستنە: (**الدعاءُ مُخُّ العِبادَةِ**)[1].

---

(١)أخرجه الترمذي هذا اللفظ في الدعوات (٣٣٧١)، وهو ضعيف كما في الضعيفة (٢١) والصحيح الثابت عند

واتە: پاڕانەوە مۆخی و ناوەڕۆکی پەرستنە.

ئا لەم ئایەتەدا: بێگومان داوا لێکراو هیچی بەدەست نیە بۆ داوا لێکەرانی، نەدەتوانێ زیانی لەسەر لابەبات و نەدەتوانێت لە شوێنێکەوە بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، وە نە لە سیفەتێکەوە بۆ سیفەتێکی تر، ئەگەر چی بانگکراو پێغەمبەر یان فریشتە بێت، ئەمەش پووچی داواکردنی هەموو داوا لێکراوێك دەسەلمێنێت جگە لەخوا هەرکەسێك بێت، وە لەبەر ئەوەی داوا لێکردنی دەبێتە هۆیەك کە داوا لێکراو زیاتر پێویستیەتی، چونکە کەسێکی کردە هاوبەش لەگەڵ خوادا نەسوودی پێ دەگەیەنێ نە زیان، ئەم ئایەتەش یەکتاپەرستی و مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) دەچەسپێنێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴿٥٧﴾ ﴾الإسراء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانەی کە ئەو نەفامانە هاواریان لێ دەکەن، ئەوانە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێن کە نزیکیان بکاتەوە لە پەروەردگاریان).

•••••••

و ڕوو بکەیتە خوا، وە نوێژە فەرزەکان ئەنجام بدەیت، وە زەکاتی ماڵەکەت دەربکەیت کە فەرز کراوە. وە موحەممەدی کوڕی نەصری مەروەزی هێناویەتی لە فەرموودەی خالیدی کوڕی مەعدان لە ئەبو هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إن للإسلام صوى ومَنَاراً كَمَنَارِ الطريقِ، مِن ذلك أنْ تَعبُدَ اللهَ لا تُشرِكَ بِه شيئاً وتُقِيمَ الصلاةَ وتؤتي الزكاةَ وتَصومَ رمضانَ، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر**)[1]. واتە: ئیسلام ڕێگاو نیشانەی هەیە وەك مەناری ڕێگا خەڵکی پێ ڕێنمایی دەکات، لەوانە: خوا بپەرستەو هاوبەشی بۆ دامەنێ، وە نوێژەکانت بکە و زەکات بدە و ڕۆژوی ڕەمەزان بگرە، فەرمان بکە بە چاکەو ڕێگری بکە لە خراپە. ئەمە مانای فەرمایشتی خوایە: ﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٢٢﴾﴾**لقمان**. (واتە: هەرکەسێك بەڕاستی ڕوو بکاتە خوا و چاکەکار بێت لە گوفتارو ڕەفتاریدا، ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە بەهێزترین دەستە گیرەوە، وە سەرەنجامی هەموو کارێك تەنها بۆ لای خوایە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ ﴿٢٨﴾ ﴾الزخرف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (کاتێ ئیبراهیم بە باوك و گەلەکەی وت: بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیپەرستن* جگە لەو زاتەی کە دروستی کردووم، چونکە هەر ئەویش ڕێنموونیم دەکات* ئەو یەکتاپەرستی یەی لەناو نەوەکانیدا بەجێ هێشت)

.....

واتە: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) سەرنج بدە ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام چۆن گوزارشتی لەم وشە گەورەیە بە واتاکەی کردووە کە بەڵگەیە لەسەری و بۆی دانراوە، لە بەری بوون لە هەموو ئەوەی دەپەرستێ لە غەیری خوا لەو پەرستراوانەی کە بوونیان هەیە لە دەرەوە: وەکو ئەستێرەکان و پەیکەرەکان و بتەکان کە گەلی نووح عليه السلام وێنایان کێشا لەسەر وێنای پیاوچاکان: وەد و سوواع و یەغوث و یەعوق و نەسر و جگە لەوانەش، لە و بتانەی کە هاوبەشدانەران دەیانپەرستن بە عەینی خۆیان، هیچی جیانەکردەوە لە پەرستراوەکان جگە لەو زاتەی بەدیهێناوە، ئەویش خوای تاك و تەنهای بێ هاوبەشە، ئەمە ئەوەیە کە وشەی ئیخلاص و دڵسۆزی پڕاوپڕ ئاماژەی پێ دەکەن، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ ﴿٦٢﴾﴾**الحج**. (واتە: ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا حەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لەخوا هاواری لێدەکەن هەر ئەو پووچ و ناڕاستە) جا هەر پەرستشێ مەبەست پێی جگە لەخوا بێت لە پاڕانەوەو جگە لەویش ئەوە پووچ و ناڕاستە، ئەویش ئەو هاوبەشدانانەیە کە خوا لێی خۆش نابێت، وەك فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ ﴾**غافر**. (واتە: لەپاشان پێیان دەوترێ: لەکوێن

---

(١)أخرجه محمد بن نصر في تعظيم قدر الصلاة (٤٠٥)، وهو في الصحيحة (٣٣٣).

ئەو هاوبەشانەی بۆ خواتان دادەنا* بێجگە لە خوا دەڵێن: ون بوون لێمان وانیە بەڵکو ئێمە لەدنیا بێجگە لەخوا شتێکمان نەدەپەرست ئا بەم جۆرە خوا بێ باوەڕان لە ڕێگە لادەدات)

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ﴿٣١﴾ ﴾**التوبة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش).

•••••••

کە دەیڵێن، وە هەموو کردەوەیەکیش کە ئەنجامی دەدەن، چونکە هاوبەشدانەر کردەوەی لێ وەرناگیرێ دروستیش نیە لێوەی، ئەوانە ئەگەرچی بڵێن: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ئەوە بێگومان وازیان هێناوە لەهەموو بەندێك کە ئەم وشە مەزنەی پێ بەستراوەتەوە: لە زانست بە ناوەڕۆکەکەی، چونکە هاوبەشدانەر نەفامە بە ماناکەی، وە لە نەفامی بەماناکەی ئەوەیە هاوبەشی بۆ خوا داناوە لە خۆشەویستیدا وە لەغەیری ئەوە، ئەمە بریتیە لەو نەفامیەی کە زانست ڕەت دەکاتەوە بەوەی بەڵگەیە لەسەری لە دڵسۆزی: ڕاستی نەکردوە لە وتەکەیدا: چونکە ئەوەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ڕەتی دەکاتەوە لە هاوبەشدانان، ئەو ڕەتی نەکردۆتەوە، وە ئەوەشی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) دەیچەسپێنێ لە دڵسۆزی ئەو نەیچەسپاندوە، هەروەها وازی لە یەقین و دڵنیایی هێناوە، چونکە ئەگەر ماناکەی بزانیایە، وە ئەوەیشی بەڵگەیە لەسەری ئەوە نکوولّی دەکرد لە هاوبەشدانان، یان گومانی دەبوو لێی، وە هەرگیز وەرینەدەگرت چونکە هەر ئەوە حەقە، وە بێبڕوا نەبووە بەوەی لە غەیری خوا دەپەرستێ، وەك لە فەرمودەکەدا هاتووە، بەڵکو ئیمانی هێناوە بەوەی لە غەیری خوا دەپەرستێ بەهۆی هاوبەش دانان و خۆشویستن و عیبادەت کردن بۆی لە غەیری خوا، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِ﴿١٦٥﴾﴾ البقرة. (واتە: بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت) چونکە بەدڵسۆزیەوە خۆشیان ویستووە، کەسیان خۆش نەویستووە جگە لەئەو، ئەو کەسەشیان خۆش دەوێ کە ئەو خۆشی ویستووە، وە سەرجەم کردەوەکانیان بەپوختی بۆ خوا ئەنجام دەدەن، بێ بڕوا دەبن بەوەی دەپەرستێ جگە لەخوا، ئا بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە بۆ ئەو کەسەی خوا سەرکەوتووی کردوە بۆ ناسینی حەق و وەرگرتنی ئەم ئایەتە مەزنانە، لەسەر مانای شایەتیدان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)، وە لەسەر ئەو یەکتاپەرستیەی کە خۆی لەمانای(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)دا دەبینێتەوە، کە سەرجەم پێغەمبەران بانگەشەی خەڵکیان کردووە بۆلای ئەوە، جا بیر بکەرەوەو سەرنج بدە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب تفسير التوحيد وشهادة (أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بابەتی تەفسیری یەکتاپەرستی. وە شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

.....

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ویستویەتی لەم باسەدا، وە ئەوەیشی بەدوایدا هاتووە لە ئایەت و فەرمودەکان: زیاتر ڕوونکردنەوە بدات بەم باسە، ئەگەر نا لە پێشەوە باسی ئەو ئایەت و فەرموودانە کراوە کە مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ڕوون دەکەنەوە، وە ئەوەش دەبێتە بەڵگە لەسەری لە یەکتاپەرستی و ڕەتکردنەوەی هاوبەشدانان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقوله تعالى: ﴿ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾ ﴾ الإسراء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ:: (ئەوانەی کە ئەو نەفامانە هاواریان لێ دەکەن، ئەوانە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێن کە نزیکیان دەکاتەوە لە پەروەردگاریان کامیان نزیکترە لەخواوە پلەو پایەی بەرزترە وە بەهیواو ئومێدی ڕەحمی ئەون وە لە سزایشی دەترسن بەڕاستی سزای پەروەردگارت هەمیشە مەترسی لێکراوەو خۆ لێ پارێزراوە)

.....

مانای ئەم ئایەتە ڕوون دەبێتەوە بە باسکردنی پێش خۆی، ئەویش فەرمایشتی خوا یە کە دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ ﴾ الإسراء. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ بە بێ بڕوایان هاوار بکەن لە ئەوانەی کە ئێوە بە خواتان دەزانین بێجگە لەخوا جا ئەوانە دەسەڵاتیان نیە بەڵاو زیانتان لەسەر لابەن وە دەسەڵاتی گۆڕینیشیان نیە).

ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُلِ ﴾ ئەی موحەممەد ﷺ بەو هاوبەشدانەزانە بڵێ ئەوانەی غەیری خوایان پەرستووە ﴿ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ ﴾ لە پەیکەرو بتەکان تەواوی ڕەغبەتتان بدەن پێیان، بێگومان ئەوان ﴿ يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ ﴾ واتە: بەگشتی ﴿ وَلَا تَحْوِيلًا ﴾ وە نایگوازنەوە بۆلای جگە لەئێوە.

مانای ئەوەیە: بێگومان ئەوەی دەسەڵاتی هەیە بەسەر ئەوەدا ئەوە خوا بەتەنهاو بێ هاوبەشە، ئەو زاتەیە کە دروستکردن و فەرمان کردن هی ئەوە. ئیبنوعەباس لەبارەی ئایەتەکەوە دەڵێ: هاوبەشدانەران دەیانوت: ئێمە فریشتەکان و مەسیح و عوزەیر دەپەرستین، وە ئەوانن دەپارێنەوە لە فریشتەو مەسیح و عوزەیر، بوخاری لە ئیبنومەسعودەوە گێڕاویەتیەوە وتویەتی: خەڵکانێك لە جنۆکەکان دەپەرستران، دوایی موسڵمان بوون، وە لە ڕیوایەتێکی تردا: خەڵکێك لە ئادەمی خەڵکانێکیان دەپەرست لە جنۆکەکان، جا جنۆکەکان موسڵمان بوون، ئەوانیش لەسەر ئایینی خۆیان مانەوەو دەستیان پێوە گرت[1] وە ئەم وتەی ئیبنومەسعود بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (الوسيلة) بریتیە لە ئیسلام، ئەویش بەوشێوەیە لەسەر هەردوو وتەکە.

وە(السدی) لە ئەبی صاڵحەوە لە ئیبن عەباسەوە دەربارەی ئایەتەکە وتویەتی: عیساو دایکی و عوزەیر، وە موغیرە لە ئیبراهیمەوە وتویەتی: ئیبنو عەباس لەبارەی ئەم ئایەتە وتویەتی: ئەوان عیساو عوزەیر و خۆرو مانگن، وە موجاهید دەڵێ: عیساو عوزەیر و فریشتەکان.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ﴾ (واتە: ئومێدی ڕەحمەتی ئەویان هەیەو دەترسن لە سزاکەی). پەرستش تەواو نابێت مەگەر بە ترسان و ئومێد، جا هەر داواکارێك بپارێتەوە بە پارانەوەی پەرستش یان فریاد ڕەسی، ئەوە هەر دەبێ ترس و ئومێدی هەبێت، جا یان ئەوەیە دەترسێت، یان ئەوەیە ئومێدی هەیە، یان ئەوەیە هەر دوو وەسفەکەی تێدا کۆبوەتەوە.

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٧١٥) فتح، ومسلم في التفسير (٣٠٣٠) عبدالباقي.

شێخی ئیسلام دەڵێت: لەبارەی ئەم ئایەتەوە دوای ئەوەی باسی وتەی ڕاڤەزانانی کرد، ئەم وتانە هەموویان ڕاستن، بێگومان ئایەتەکە هەر یەك لەوانە دەگرێتەوە کە پەرستراوەکەی بەندەی خوایە، جا یەکسانە لە فریشتەکان بێت یان لە جنۆکە یان ئادەمیزاد، پێشین لە تەفسیرکردنیاندا باسی جۆری مەبەستەکە دەکەن لەسەر شێوەی لێکچواندن، بۆ نموونە هەر وەکو وەرگێڕێ لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێ: مانای نان چیە؟ ئەو کولێرەیەکی نیشان دەدا، دەڵێ ئەمەیە، ئەو ئاماژەی کرد بۆ جۆرەکەی نەك بۆ خودی نانەکە، مەبەستیان لەوەدا تایبەت کردنی جۆرێك جگە لە جۆرێکی تر نیە سەرەڕای گشتگیری ئایەتەکە، جا ئایەتەکە دواندنە بۆ هەموو ئەوانەی داوا دەکەن لە غەیری خوا لە هەر داوا لێکراوێك، جا ئەو داوا لێکراوە خۆی بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێ کە نزیکی بکاتەوە لە پەروەردگاری، وە بەهیواو ئومێدی ڕەحمی ئەوە وە لە سزایشی دەترسی، جا هەرکەسێك داوا لە مردوویەك بکات یان نادیارێك لە پێغەمبەران و پیاوچاکان یەکسانە ئەگەر بە بەشێوەی بەهاناوەهاتن بێت یان جگە لە ئەوە، ئەوە بێگومان ئەو ئایەتە دەیگرێتەوە، وەکو چۆن ئەوەش دەگرێتەوە کە داوا لە فریشتە و جنۆکە دەکات، بێگومان خوا داواکردنی لەوانە قەدەغە کردوە، وە ڕوونی کردوەتەوە لە تواناى ئەواندا نیە ناڕەحەتی لا ببەن لەسەر ئەوانەی داوایان لێدەکەن یان بیگۆڕن، یان لایبەرن بە گشتی، یان بیگوازنەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، وەك گوڕینی سیفەتی، یان قەدەری، لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَحْوِيلًا﴾ بە نەناسراوی (نكرة) هێناویەتی هەموو جۆرەکانی گۆڕین دەگرێتەوە، جا هەرکەسێك داوا لە مردوویەك بکات یان نادیارێ لە پێغەمبەران و پیاوچاکان، یان داوا لە فریشتەیەك بکات ئەوە بێگومان داوای لە شتێ کردوە نە دێتە هانایەوە نە توانای لابردنی زیانی هەیە نە توانای گواستنەوەشی هەیە.

لەم ئایەتەدا بەڕەڕچدانەوەو ڕەتکردنەوە هەیە لەسەر ئەوەی داوا لە پیاوچاکێ دەکات وە دەڵێ: من هاوبەش بۆ خوا دانانێم بە هیچ جۆرێك، هاوبەش دانان پەرستشی بت و پەیکەرەکانە.

قَالَ (المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى): وقول الله: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾ الزخرف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (کاتێ ئیبراهیم بە باوك و گەلەکەی وت: بێگومان من بەریم لەوەی ئێوە دەیپەرستن* جگە لەو زاتەی کە دروستی کردووم، چونکە بێگومان هەر ئەویش ڕێنموونیم دەکات* ئەو یەکتاپەرستیەی لەناو نەوەکانیدا بەجێی هێشت تا بگەڕێنەوە سەری).

.....

ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا دەفەرموێ وە هەواڵدەرێك دەربارەی بەندەو پێغەمبەرو خەلیل و پێشەوای پاکان لە شیرك، وە باوکی سەرجەم ئەو پێغەمبەرانەی لە دوای خۆی هاتوون، کە قورەیش دەدرێنە پاڵی لە ڕەچەڵەك و مەزهەبدا: بێگومان ئەو خۆی بەری کرد لە باوك و گەلەکەی لە پەرستنیان بۆ بتەکان، فەرمووی: ﴿إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾

﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾ الزخرف. واتە: ئەم وشەیە بریتیە لە پەرستشی خوای تاك و تەنهای بی هاوبەش، وە خۆ دارنین لە هەموو بتەکان جگە لە خوا، ئەویش (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) داینناوە لە نەوەکانیدا، ئەوانەی خوا هیدایەتی داون پەیرەوی پێدەکەن لە نەوەکانی ئیبراهیم ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ واتە: تا بگەڕێنەوە سەری.

عیکریمە و موجاهیدو ضەحاك و قەتادە و سەدی و جگە لەوانیش دەڵێن لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾ واتە: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) بەردەوام لەناو نەوەکانیدا کەسانێك دەیڵێنەوە.

ئیبنوجەریر و لە قەتادەوە گێڕاویەتیەوە ﴿إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى﴾. دەڵێ: ئەوان دەیانووت: خوا ﷻ پەروەردگارمانە ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴿٨٧﴾﴾ الزخرف. (واتە: ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ دروستی کردوون بێگومان دەڵێن خوا) خۆی بەری نەکردوە لە پەروەردگاری، عەبدی کوڕی حومەید ڕوایەتی کردوە. وە ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر لە قەتادەوە ڕیوایەتیان کردوە ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ﴾ دەڵێ: دڵسۆزی و یەکتاپەرستی، بەردەوام لە ئوممەتەکەیدا هەیە کە خوا تاك بکاتەوە بیپەرستێ.

وتم: ڕوون بوویەوە کە بەڕاستی مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) یەکتاپەرستی خوایە بە دڵسۆزی و پەرستش کردنە بۆی، وە بەری بوونە لە هەموو ئەوانە جگە لەخوا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وذَكرَ سُبحانَهُ أنَّ هذهِ البَرَاءَةَ وهذهِ المُوالاة، هيَ شهادةُ (أن لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا باسی کردوە کە بەڕاستی ئەم بەرائەتە و ئەم دۆستایەتی و پشتیوانیە، بریتیە لە مانای شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

.....

لەم واتایەدا ئیبنولقەییم لە (الكافية الشافية) دەڵێ:

وإذا تولاه امرؤ الورى طرّاً تولاه العظيم الشأن

قَال (المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى): وقوله تعالى: ﴿ اتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾**التوبة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بیجگە لەوەی کە یەك خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بێجگە لە ئەو پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوبەشی).

.....

(الأحبار): بریتین لە زانایان، (والرهبان) بریتین لە خواپەرستان و عابیدەکان. ئەم ئایەتە پێغەمبەر ﷺ شی کردوەتەوە بۆ عەدیی کوڕی حاتەم، ئەویش کاتێ بە موسڵمانی هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، ئەم ئایەتەی بەسەریدا خوێندەوە، وتی: وتم: بێگومان ئەوان نەیانپەرستوون. جا فەرمووی: (**بلی، إِنَّهُمْ حَرَّمُوا عَلَيهِم الحلال وحَلَّلُوا لَهُم الحَرامَ فاتبَعُوهُم، فَذلِكَ عِبادَتُهُم إِيَّاهُم**)[1] واتە: بەڵێ، بێگومان ئەوان حەڵاڵیان بۆ حەرام کردن، وە حەرامیان بۆ حەڵاڵ کردن، بۆیە ئەوانیش شوێنیان کەوتن، ئەویش بەندایەتی کردنیانە بۆیان. ئەحمەد ڕیوایەتی کردوەو ترمزیش بە حەسەنی داناوە، وە عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنوئەبی حاتەم و طەبەرانی لە چەندین ڕێگاوە ڕیوایەتیان کردوە.

(السدي) دەڵێ: داوای ئامۆژگاریان لێ دەکردن، وە کتێبی خوایان فڕێدایە پشتی خۆیانەوەو پشت گوێیان خست، لەبەر ئەمە فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ بەڕاستی حەڵاڵ ئەوەیە خوا حەڵاڵی کردوە، حەرامیش ئەوەیە خوا حەرامی کردوە، دینیش ئەوەیە خوا کردوویەتی بە شەریعەت.

بەمە دەرکەوت بەڕاستی ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك گوێڕایەڵی جگە لەخوا و پێغەمبەرەکەی بکات، وە دەست گرتنە کتێبی خوا و سوننەت پشت گوێ بخات لە حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە، یان حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە، گوێڕایەڵی بکات لە سەرپێچی کردنی خوا، شوێنی بکەوێت لەوەی خوا مۆڵەتی پێنەداوە، ئەوە بێگومان کردوویەتی بە پەروەردگاری و پەرستراوی، وە کردوویەتیە هاوبەش بۆ خوا. ئەوەش ئەو یەکتاپەرستیە ڕەت دەکاتەوە کە بریتیە لە ئاینی خواو ئەوەی کە وشەی ئیخلاص (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بەڵگەیە لەسەری، چونکە بەڕاستی (**الإله**) بریتیە لە پەرستراو، بێگومان خوا گوێڕایەڵی کردنیانی بە پەرستنیان داناوە، وە ناوی ناون بە پەروەدگارەکان وەك فەرموویەتی: ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ﴾ (واتە: وە خوا فەرمانتان پێ نادات کە فریشتەو پێغەمبەران بکەن بە پەرستراوی خۆتان) واتە: هاوبەشدانەرانی خوا لە پەرستشدا ﴿ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ **آل عمران.** (واتە: چۆن فەرمانتان پێ دەدات بێبڕوا بن دوای ئەوەی کە ئێوە بڕوادار بوون) ئەمە هاوبەشە دانانە، هەموو

---

(١)تقدم تخريجه قريباً.

پەرستراوێك پەروەردگارە، وە هەموو گوێڕایەڵی کراو و شوێنکەوتراوێك لەسەر جگە لەوەی خواو پێغەمبەرەکەی شەریعاندویانە، ئەوە بێگومان کردویەتیە گوێڕایەڵیکارو شوێنکەوتووەو کردویەتی بە پەروەردگارو پەرستراو، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾**الأنعام.** (واتە: ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵیان بکەن بێگومان ئێوە لە هاوبەش دانەرانن) ئەمە وێنەی پڕاو پڕی ئایەتەکەیە بۆ باسەکە، ئەم ئایەتە لەو دەچێت لە ڕووی ماناوە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاؤُا شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴿٢١﴾﴾**الشورى.** (واتە: ئاخۆ ئەو بێبڕوایانە هاوبەشانێکیان هەیە، ئاینێکیان بۆ داناون کە خوا ڕێگەی پێ نەداوە).

شێخی ئیسلام: دەڵێ: لە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ﴾ ئەوانەی کە زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار بەجۆرێ گوێڕایەڵیان کردوون لە حەڵاڵکردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە، وە حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە دەبن بە دوو جۆرەوە:

یەکەمینیان: ئەوانە دەزانن ئاینی خوایان گۆڕیوە، جا شوینی دەکەون لەسەر ئەو گۆڕانە، بڕوایان هەیە بەحەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە یان حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە، وەك شوێنکەوتنی بۆ پێشەواکانیان، لەگەڵ ئەوەدا دەزانن ئەوان پێچەوانەی ئاینی پێغەمبەرانن، جا بەڕاستی ئەمە کوفر و بێبڕواییە ، وە خواو پێغەمبەرەکەی بە هاوبەشدانان دایان ناوە، ئەگەرچی نوێژیان بۆ نەکەن و سوژدەیشیان بۆ نەبەن، جا هەر کەسێك شوێنی غەیری ئەو بکەوێت لە پێچەوانە بوون لەگەڵ ئایندا، وە لەگەڵ ئەوەدا زانیبێتی ئەوە پێچەوانەی ئاینە، وە بڕوای وابێت ئەوەی پێچەوانەی ئەوەیە خواو پێغەمبەر ﷺ وتویانە، ئەویش هاوبەشدانەرە وەکو ئەوان.

دووەمینیان: بیر و باوەڕو ئیمانیان بە حەرام کردنی حەرام و حەڵاڵ کردنی حەڵاڵ جێگیر و چەسپاو بێت، بەڵام گوێڕایەڵی ئەوان بکەن لە سەرپێچی کردنی خوا، هەروەك چۆن موسڵمان گوناە و تاوان ئەنجام دەدات بڕوایشی وایەو دەزانێ ئەوە گوناهە، ئا ئەوانە حوکم و بڕیاری هاوشێوەکانیان هەیە لە گوناهباران، وەك چۆن جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: (**إِنَّما الطَّاعَةُ في المَعْروفِ**)[1] واتە: بێگومان گوێڕایەڵی تەنها لەکاری چاکەدایە.

پاشان ئەو کەسەی کە حەرام حەڵاڵ دەکات و حەڵاڵ حەرام دەکات ئەگەر لە ڕووی ئیجتیهادەوە بێت و مەبەستی شوێنکەوتنی پێغەمبەران بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا حەقی لەبەرچاو شارابێتەوە و بەگوێرەی توانا لەخوا ترسا بێت، ئەمە خوا سزای نادات بەهۆی هەڵەکەیەوە، بەڵکو پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەو ئیجتیهادەی گوێڕایەڵی پەروەردگاری پێ کردوە. بەڵام هەر کەسێك بزانێ ئەمە نەی پێکاوە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی، پاشان لەسەر هەڵەکەی شوێنی کەوتبێت و لەوتەی پێغەمبەر ﷺ لایدابێت، ئەوە بەشێکی لەم هاوبەشدانانە تێدایە کە خوا سەرکۆنەی کردوە، بەتایبەت لەوەدا شوێنی هەواو ئارەزووی کەوتبێ و بەدەست و زمان سەریخستبێ، لەگەڵ ئەوەدا زانیبێتی ئەوە پێچەوانەی پێغەمبەرە ﷺ، بەڕاستی ئەمە هاوبەشدانانە خاوەنەکەی شایستەی

---

(١) أخرجه البخاري في المغازي (٤٣٤٠) فتح، ومسلم في الإمارة (١٨٤٠) عبدالباقي.

ئەوەیە لەسەری سزا بدرێت، ئا لەبەر ئەمەیە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك حەقی ناسی ئەوە دروست نیە پەیڕەوی کەسێکی تر بکات کە بزانێت (ڕای ئەم کەسە پێچەوانەی حەقە)، بەڵکو جیاوازیان هەیە لە دروستی و ڕەوایەتی لاسایی کردنەوە بۆ کەسێك توانای هەبێت لەسەر بەڵگەهێنانەوە، ئەگەرچی دەستەوسان و بێ توانا بوو لە ئاشکراکردنی ئەو حەقەی کە دەیزانێت، ئەمە وەکو ئەو کەسە وایە کە بزانێ دینی ئیسلام ڕاستەو ئەو لەنێوانی گاورەکاندا بێت، جا ئەگەر ئەوەی لەتوانایدا بوو ئەنجامیدا لە حەق و ڕاستی، گوناهی ناگات لەوەی لەتوانایدا نیە، ئەوانیش وەکو نەجاشی و جگە لەئەو. بێگومان خوا ﷻ ئایەتەکانی لەو بارەیەوە دابەزاندووە لە کتێبەکەیدا، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ ﴿١٩٩﴾ ﴾**آل عمران**. (واتە: بێگومان لەناو خاوەن کتێبەکاندا کەسانێك هەیە کە بڕوا دەهێنن بە خوا و ئەو پەیامەی نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئێوە، وە بەو نامەش کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ خۆیان) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا۟ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴿٨٣﴾ ﴾**المائدة**. (واتە: هەر کاتێ گوێیان لێ بووایە ئەو قورئانەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ دەبینی چاوەکانیان لە فرمێسك پڕ دەبێ و دەڕژێت لەبەر ئەو ڕاستیەی کە زانیویانە). وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ **الأعراف**. (واتە: وە لە هۆزەکەی مووسا تاقمێکی گەورە هەن کە ڕێنمایی خەڵك دەکەن بە حەق و ڕاستی هەر بە حەقیش دادوەری دەکەن). بەڵام ئەو کەسەی شوێنی موجتەهید کەوتووە بێ توانا بێت لە ناسینی حەق بە وردوو درشتی، وە ئەوەی دەیزانێت بە پێی توانای خۆی ئەنجامیداوە لە کۆشش کردن لە تەقلیددا: ئا ئەمە سزا نادرێت ئەگەر هەڵەی کردبێت: هەروەك لە قیبلە، بەڵام هەر کەسێك پەیڕەوی کەسێکی تر بکات لە خوار هاوتای خۆیەوە تەنها بەپێی هەواو ئارەزووی خۆی، وە سەربڕینی بەدەست و زمانی بەبێ ئەوەی زانیبێتی ئەو کەسە حەق و ڕاستی لەلایە، ئەمە لە دەستەو کۆمەڵی نەفامانە، ئەگەرچی سەرمەشقەکەی ڕاستیش بکات و پێکابێتی ئەوە کردەوەکەی ئەو چاك نیە، وە ئەگەر سەرمەشقەکەی هەڵە بێت ئەوە گوناهبار دەبێت. وەکو کەسێ دەربارەی قورئان بە بۆچوونی خۆی قسە بکات، ئەگەر ڕاست بکات ئەوە هەڵەی کردوە، وە ئەگەر هەڵەیشی کرد با جێگایەك بۆ خۆی دابنات لەناو ئاگردا، ئەوانەش وەکو ئەوانەن کە ڕێگری زەکاتیان دەکرد، کە لەپێشەوە هەڕەشەی لەسەر باسکراوە، وە لەوێنەی ئەو کەسانەی بەندەی دینارو درهەم و جل و بەرگی ڕەش و جوان و کەشخەن، بێگومان کاتێ کە ماڵ و سامانی خۆش ویست ڕێگری لێ دەکات لە پەرستش و گوێڕایەڵی خوا، وە دەبێتە بەندەی ئەوە، بەهەمان شێوە ئەوانە هاوبەشدانانی بچووکیان تێدایە، وە هەڕەشەیان بۆ هەیە بەپێی ئەوە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە (**إِنَّ يَسيرَ الرياءِ شركٌ**)[1] بێگومان کەمێ لە ڕیایی هاوبەشدانانە چ جای زۆرەکەی، ئەمەش بەدرێژی باسکراوە لەو ئایەتانەی کە تێیدا کوفرو شیرك دەبردرێ بەسەر زۆرێك لە گوناهەکان.

ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر لەمانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ﴿٩﴾ ﴾**فصلت**. (واتە: وە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن) هاوشانانێك بۆ ئەو زاتە دادەنێن کە ئەوەی دروستکردووە، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە هاوشانن لە پیاوان، گوێڕایەڵیان دەکەن لەسەرپێچی کردنی خوادا.

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الفتن (٣٩٨٩)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (١٨٥٠-٢٩٧٥)

وتم: هەروەك چۆن ئەوە ڕاستیەکە لەزۆرێ لە گۆڕ پەرستەکان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾**البقرة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە کەسانی واهەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خوا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەك خۆشویستنی ئیماندار بۆ خوا).

•••••••

﴿٣١﴾ ﴿البقرة: (واتە: کاتێ کە پێشەواکان یەخە هەڵئەتەکێنن لەوانەی لە دنیادا دوایان کەوتوون) فریشتەکان خۆیان بەری دەکەن، ئەوانەی کە پێیان وابوو ئەوان دەیانپەرستن لەماڵی دنیادا، فریشتەکان دەڵێن: ﴿تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كَانُوٓا إِيَّانَا يَعْبُدُونَ ﴿٦٣﴾﴾ القصص. (واتە: ئێمە بەری بووین لەوانە بەری بوونەکەمان لای تۆ دەکەین ئەوانەی ئێمەیان نەدەپەرست) وە دەڵێن: ﴿سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِمْ ۖ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾ سبأ. (واتە: پاك و بێگەردی بۆ تۆ تەنها تۆ گەورەی ئێمەی نەك ئەوان بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست زۆربەیان باوەڕیان بە جنۆکە هەبوو) هەروەها جنۆکەکانیش خۆیان بەری دەکەن لە پەرستش کردنیان، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾﴾ الأحقاف. (واتە: کێ گومڕاتر لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خوا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی، وە ئەو هاوار لێکراوانە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان* کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە لە قیامەت پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان وە بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن).

ئیبنو جەریر لە موجاهیدەوە ڕیوایەتی کردوە لەبارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ چواندنی هاوبەشەکانە بەخوا (یان لە بەرانبەر خوا) ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾ لە بێ بڕوایان بۆ بتەکانیان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (ومِن الأمورِ المَبيِّنة لتفسيرِ التَّوحيد وشَهَادَة أن لا إله إلا الله : آية البَقرة في الكُفَّارِ الَذينَ قَال تَعالى فيهم ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٣٧﴾﴾ البقرة. ذَكر أنَّهُم يُحبُّونَ أندادهُم كَحُبِّ الله ، فَدلَّ عَلى أنَّهُم يُحبُّونَ اللهَ حُبّاً عَظيماً، فَلَم يَدخُلوا في الإسلامِ، فَكَيفَ بِمَن أحَبَّ النِّدَ أكبر مِن حُبِّ الله؟ فَكَيفَ بِمَن لَم يُحبَّ إلا النِّدَ وَحْدَهُ؟).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لەو شتانەی کە بونیات نراون بۆ تەفسیری یەکتاپەرستی و شایەتمان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله): ئایەتەکەی سورەتی (البقرة)یە، دەربارەی ئەو بێ بڕوایانەی خوا ﷻ دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٣٧﴾﴾ البقرة. (واتە: وە ئەوان دەرچوونیان نیە لە ئاگر) باسی ئەوەی کردوە بێگومان ئەوان هاوبەشەکانیان خۆش دەوێت وەك خۆشویستنی خوا، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بێگومان ئەوان خوایان خۆش دەوێت بە خۆشویستنێکی مەزن، نەچوونەتە ناو ئیسلامەوە، جا چی دەوترێ دەربارەی ئەو کەسەی هاوبەشەکەی خۆشویستوە زیاتر لە خوا؟ جا چی دەوترێ دەربارەی ئەو کەسەی کە کەسی خۆش ناوێت جگە لەهاوبەشەکەی بەتەنها؟)

.....

لە ئایەتەکەدا ڕوونکردنەوە هەیە، بێگومان هەر کەسێك لەگەڵ خوادا هاوبەش دابنات لە خۆشەویستیدا، ئەوە ئەو هاوبەشەی کردوە بە شەریك بۆ خوا لە پەرستشدا، بێگومان ئەوە هاوبەشدانانێکە کە خوا لێی خۆش نابێت، وەکو خوا ﷻ دەربارەی ئەوانە فەرموویەتی: ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٣٧﴾﴾ وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ﴾ مەبەست

لە (الظلم) لێرەدا هاوبەشدانانە. وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ ﴿٨٢﴾﴾الأنعام. (واتە: وە بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم و هاوەڵدانان نەکردوە) وەك لە پێشەوە باسکرا، جا هەرکەسێك خوای بەتاك و تەنها خۆش بوێت، خۆشەویستی لەبەر ئەوبێ و بۆ ئەوبێ ئەوە کەسێکی دڵسۆزە، وە هەرکەسێك خوای خۆش بوێت و لەگەڵ خوادا کەسێکی تری خۆش بوێت، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە. هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾البقرة. (واتە: ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بپەرستن کە ئێوە و ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست کردوە بەڵکو بەو پەرستشە خۆتان بپارێزن* ئەو خوایەی کە زەوی بۆ ڕاخستوون و ئاسمانی بۆ کردوون بە کۆشك، وە ئاوی بارانی لە ئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە ئینجا دەریهێناوە بەو ئاوە هەموو جۆرە میوەو بەرێك بۆ ڕۆزی ئێوە کەواتە هاوبەش بۆ خوا پەیدا مەکەن کە ئێوە خۆتان دەزانن بێ هاوبەشە).

شێخی ئیسلام دەڵێ: مانای ئەوەیە هەرکەسێك ڕووی کردە غەیری خوا بۆ بەجێهێنانی پێویستیەك، یان لابردنی بەڵاو ناڕەحەتیەك: ئەوە ناچارە خۆشی بوێ، خۆشویستنەکەیشی بنچینەو بنەمایە لەوەدا.

جا وشەی ئیخڵاص (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) هەموو هاوبەشدانانێك ڕەت دەکاتەوە لەهەر جۆرێك بێت لەجۆرەکانی پەرستش، وە پەرستش جێگیر دەکات بەهەموو بڕگەکانی بۆ خوا، بێگومان پێشکەوت ڕونکردنەوەی (الإله) ئەویش بریتیە لەو پەرستراوەی کە دڵەکان وابەستە بوون بە خۆشویستنی و جگە لەویش لە جۆرەکانی دیکەی پەرستش، جا (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) هەموو ئەو پەرستراوانەی ڕەت کردۆتەوە لە غەیری خوا، بە تەنها بۆ خوا جێگیری کردوە، ئەمە ئەوەیە کە وشەی ئیخڵاص دەلالەتە لەسەری پڕاوپڕ، جا بۆیە پێویستە لەناسینی ماناکەی و بڕوا بوون پێی و قبووڵ کردنی و کارکردن پێی بە ئاشکراو بەنهێنی. خوا زاناترە.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: تاککردنەوەی خۆشویستراو ئەوەیە کە خۆشەویستان فرەو زۆر نەبن ، واتە: لەگەڵ خوای تەعالا ئەویش بە عیبادەتکردنی و تاککردنەوەی خۆشەویستی: ئەوەیە کە لەدڵیدا هیچ پاشماوەیەکی خۆشەویستی نەمێنێ، کە بۆی بە خەرج بدات، جا ئەم خۆشەویستیە -ئەگەر چی ناویش بنرێت بە عیشق- ئەوە لە ئەوپەڕی چاکبوونی بەندەو نازوونیعمەتێتی و بیلبیلەی چاوەکانێتی، وە دڵی چاك نابێت و پڕ لە بەهرەو خۆشی نابێت مەگەر بەوەی خواو پێغەمبەرەکەی لەهەموو شتێ زیاتر خۆش بوێت، خۆشەویستی بۆ جگە لە خوا شوێنی خۆشەویستی خوا ﷻ بێت، کەسی خۆش نەوێت جگە لە خوا، وە کەسی خۆش نەوێت مەگەر لەپێناوی خوادا، وەك چۆن لە فەرموودەی ڕاست و دروستدا هاتووە: (ثلاث من كن فيه)[1] واتە: سێ شت هەیە لەهەرکەسێکدا هەبێت.

---

(١) أخرجه البخاري في الإيمان (١٦) فتح، مسلم في الإيمان (٤٣) عبدالباقي.

خۆشویستنی پێغەمبەری خوا لە خۆشویستنی خوداوەیە، خۆشویستنی ئادەمیش ئەگەر لەپێناو خوادا بێت ئەوە لە خۆشویستی ئەوەوەیە، وە ئەگەر لەپێناو غەیری خوادا بێت ئەوە کەم و کوڕی دەخاتە ناو خۆشەویستنی خواو لاوازی دەکات، وە ئەم خۆشەویستیە ئەوەی بەڕاستی دەخاتەوە: بەوە دەبێ کە ڕقەکەی بۆ ناشرینترو بێزراوترین شت بێ کە بەلای خۆشەویستەکەیەوە بێزراوە -ئەویش بێ بڕواییە وەکو ئەوەی چەندە پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر، یان سەختتر لەوە، گومانی تێدا نیە ئەمە لە مەزنترینی خۆشەویستیە، بێگومان ئادەمیزاد هیچ پێش ناخات بەسەر خۆشەویستی نەفس و ژیانی خۆی، جا ئەگەر خۆشەویستی ئیمان و خوایدا بەسەر نەفسیدا بەجۆرێ ئەگەر سەرپشکرا لەنێوان بێ بڕوایی و لەنێوان فرێدانی بۆ ناو ئاگر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر و بێ بڕوایی نەکات، ئەو ئیمانە خۆشەویستر بێت لەلای لە نەفس و دەروونی، ئا ئەم خۆشەویستیە لەسەرووی ئەو خۆشەویستیەوەیە کە عاشقەکان هەستی پێ دەکەن بەرانبەر بە خۆشەویستەکانیان، بەڵکو ئەم خۆشەویستیە هیچ هاوتایەکی نیە، وەک چۆن وێنەی نیە بۆ ئەو کەسەی کە پەیوەستە پێیەوە، ئەویش خۆشەویستیەکە وا دەخوازێ خۆشویستراو پێش بخرێ بەسەر نەفس و مااڵ و منداڵدا، وە وادەخوازێ تەواوی زەلیلی و ملکەچی و بە مەزندانان و گوێڕایەڵی کردنی و ملکەچی بۆ ئەنجام بدرێت بە ئاشکراو نهێنی، ئەمەش وێنەو هاوتای نیە لەخۆشەویستی بەدیهێنراودا ئەگەر بەدیهێنراو هەر کەسێك بێت، بۆیە هەرکەسێك هاوبەش دابنات لەنێوان خواو لەنێوان جگە لە خوادا لەم خۆشەویستیە تایبەتەدا ئەوە هاوبەشدانەرە بە هاوبەشدانانێك هەرگیز خوا لێی خۆش نابێت، هەروەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾ البقرة. بۆچوونی ڕاست: مانای ئایەتەکە ئەوەیە ئەوانەی بڕوادارن زیاتر خوایان خۆش دەوێت لە هاوبەشدانەران بۆ هاوبەشەکانیان، وەک باسکرا لەپێشەوە کە خۆشەویستی بڕواداران بۆ پەروەردگاریان بەهیچ شێوەیەك مەزەندو هاوتا ناکرێت بە خۆشەویستی بەدیهێنراو، هەروەك چۆن خۆشویستراوەکانیان هاوتا ناکرێت بەهیچ شتێك، وە هەر ئازارێك لەخۆشەویستی جگە لە خوادا ئەوە نازوو نیعمەت و بەهرەیە لەخۆشەویستی خوادا، وە هەموو ناڕەحەتیەك لەخۆشویستنی جگە لەخوا ئەوە بیلبیلەی چاوە لەخۆشەویستی ئەو زاتەدا، وە هەرکەسێك نموونە بهێنێتەوە بۆ خۆشەویستیەکەی کە لەچوارچێوەی خۆشەویستی بەدیهێنراوە بۆ بەدیهێنراو، وەك بەیەکگەیشتن و دابڕان و شێت بوون بەبێ هیچ هۆکارێك لەلایەن خۆشەویستەوە، وە نموونەی ئەوانەش، لەوەی خوا بەرز و بڵندە لێی بە بەرزیەکی بێ وێنە، ئەو کەسە بێگومان هەڵەیە، ناشرینترین هەڵەو خراپترینیانی ئەنجامداوە، حەقی خۆیەتی دوور بخرێتەوەو خەشم و قینی لێ بگیرێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي (الصحيح) عَن النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: (مَن قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ من دُونِ اللَّهِ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ على اللَّهِ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحدا هاتووە، لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: واتە: هەرکەسێك بڵێ هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا، وە بێبڕوا بێت بەوەی دەپەرستڕێ لە جیاتی خوا، ماڵ و سامان و خوێنی قەدغە دەبێت، لێپرسینەوەشی لە لای خوایە.

.....

وتەی دانەر **(وفي الصحيح)**: واتە: صەحیحی موسلیم لە ئەبی مالیکی ئەشجەعی لە باوکیەوە لە پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە.

ئەبو مالیك، ناوی سەعدی کوڕی طارقە، خەڵکی کوفەیە متمانە پێکراوە، لە نزیك سەدو چل کۆچی کردوە، وە باوکیشی طارقی کوڕی ئەشیەمە، کوڕی مەسعوودی ئەشجەعیە، هاوەڵە چەندین فەرموودەی هەیە. موسلیم دەڵێ: کەس ڕیوایەتی لێوە نەکردوە جگە لە کوڕەکەی، لە (مسند)ی ئیمام ئەحمەدا هاتووە لە ئەبی مالیکی ئەشجەعی وتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ بە خەڵکەکەی دەفەرموو:(**من وَحَّدَ اللَّهَ وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ من دُونِ الله حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ على اللَّهِ عز وجل**)[2]. واتە: هەرکەسێك خوا بەتاك و تەنها بزانێت، وە بێبڕوایی بکات بەوەی دەپەرستڕێ لە جیاتی خوا، ماڵ و سامان و خوێنی حەرام دەبێت، لێپرسینەوەشی لە لای خوایە. ئیمام ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردوە لە ڕێگای یزیدی کوڕی هاروون، وتی هەواڵی پێداین ئەبو مالیکی ئەشجەعی لە باوکیەوە. هەوەها ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە (عبد الله)ی کوڕی ئیدریسەوە وتی: گوێم لە ئەبو مالیك بوو وتی: وتم بە باوکم -فەرموودەکە. ڕیوایەت کردنی فەرموودەکە بەم بێژەیە **(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** تەفسیر دەکات.

وتەی: **(مَن قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ من دُونِ اللَّهِ)** بزانە پێغەمبەر ﷺ پاراستنی ماڵ و سامان و خوێنی بەستوەتەوە لەم فەرموودە بە دوو شت:

یەکەم: بە وتنی **(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** لە زانست و یەقین و دڵنیاییەوەیە، هەر وەك چۆن بەند کراوە بە وتنی زیاد لە فەرموودەیەك، وەك لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا.

دووەم: بێبڕوایی کردن بەوەی دەپەرستڕێ لە جیاتی خوا، تەنها بە قسەکردنی بەدەر لە مانا نەی بڕیەوە، بەڵکو وتنی پێویستەو کردەوە پێکردنیشی.

وتم: وە تیایدایە مانای: ﴿ فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ﴾**البقرة**. (واتە: ئینجا هەرکەس کوفر بکات بە **طاغوت**، وە بڕوا بهێنێ بە خوا، ئەوە بێگومان بە توندی دەستی گرتووە بە دەستەگیرەیەکی قایمی بەهێزی وا (کە ئیسلامە، یان ئیمانەکەیەتی) کە پچڕان و بەربوونی بۆ نیە، وە خوا بیسەری زانایە).

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (٢٣) عبد الباقي.

(٢)أنظر التخريج السابق.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وهَذا من أعْظَمِ مَا يُبَيِّنُ مَعْنَى لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، فَإِنَّهُ لَم يَجْعَلِ اللتلفَظَ بِهَا عَاصماً لِلدَّمِ والمَالِ، بَل ولا مَعرفَة مَعنَاهَا مَع لفظِهَا، بَل وَلا الإقْرار بِذلك، بَل ولا كَوْنُهُ لا يَدعُو إِلا الله وحْدَهُ لا شَرِيكَ لَه، بَل لا يَحرمُ مَالُه ودَمُهُ حتى يُضِيفَ إلى ذَلِكَ الكُفْرَ بِمَا يُعبَدُ مِنْ دُونِ الله، فإنْ شَكَّ أو تَرَدَّدَ لَمْ يَحرم مَاله ودمه. فَيا لها مِن مَسألَةٍ مَا أجلَّها ويَا لَه مِن بَيان مَا أوضَحه، وَحُجةٍ مَا أقْطَعَها لِلْمُنازِع) انتهى.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەمە لە مەزنترین شتەکانە کە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ڕوون دەکاتەوە، بێگومان خوا وتنی شایەتمانی نەکردوەتە پارێزەری خوێن و ماڵ، بەڵکو زانینی ماناکەشی لەگەڵ وتنیدا نەکردوە بە پارێزەر، بەڵکو دانپێدانانیش بەوە، بەڵکو ئەوەش پارێزەر نیە کە بە تەنها داوا لە خوا بکات، بەڵکو ماڵ و خوێنی حەرام نابێت تا بێبڕوا بوون بەوەی دەپەرستێ لە غەیری خوا ئیزافە ئەکاتە سەر هەموو ئەوانە، ئەگەر گومانی کرد یان دوو دڵ بوو ئەوە ماڵ و خوێنی قەدەغە نەبووە، ئای ئەم مەسەلە چەندە گەورەیە، ئای لەو ڕوونکردنەوەیە چەندە ڕۆشنە، وە ئای لەو بەڵگەی چەندە بڕەوەیە بۆ کەسێ کە ناکۆك بێ

.....

وتم: ئەمە ئەو مەرجەیە کە بە ڕاستخەڕەوەی وتەی: **(لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)** وتنی ڕاست نابێ بەبێ ئەم پێنجەی کە دانەر وەك بنچینەیەك ئاماژەی پێ کردوە. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴿٣٩﴾ ﴾**الأنفال**. (واتە: جەنگ بکەن لەگەڵ بێبڕوایاندا تا ئاژاوەی بێبڕوایی نامێنێت و ئاین و ملکەچی هەمووی بۆ خوا دەبێت) وە فەرموویەتی: ﴿ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَٱحْصُرُوهُمْ وَٱقْعُدُوا۟ لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ﴿٥﴾ ﴾**التوبة**. (واتە: هاوبەشدانەران بکوژن لە هەر شوێنێ دەستان کەوتن، وە بە دیل بیانگرن، وە ڕێگری بکەن لە دەرچوونیان، وە بۆیان دانیشن لە هەموو جیگایەکی چاوەڕوانیدا، جا ئەگەر پەشیمان بوونەوە و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا ئەوە ڕێیان بەرەلاکەن) فەرمانی کردوە بە کوشتاکردنیان تا تەوبە دەکەن لە هاوبەشدانان، کارو کردەوەکان بە بە پوختبۆ خوا ئەنجام دەدەن، نوێژ دەکەن و زەکاتی ماڵیان دەردەکەن، جا ئەگەر یاخی بوون لەوە یان لە هەندێکی ئەوە بە یەکدەنگی زانایان جەنگیان دەکرێ.

ئیبنو کەثیر باسی کردوە لە ڕاڤەکردنی فەرمایشتی خوادا ﷻ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾**الأعلى**. (واتە: بەڕاستی سەرفراز بوو ئەوەی کە خۆی پاك ڕاگرت) دەڵێ: (**الحافظ**)ی ئەبو بەکری بەزار دەڵێ: عەبادی کوڕی ئەحمەد بۆمانی باسی کرد -بەسەنەدەکەی هێناویەتی- لە جابری کوڕی (عبدالله)وە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ ﴾. فەرمووی: **(مَنْ شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، وخَلَعَ الأندادَ وشَهِدَ إِنِّي رسولُ اللهِ)**[1]. واتە: ئەوەی شایەتمان بهێنێ بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە خوا، وە هاوبەشەکان دابڕنێت و شایەتی بدات کە بەڕاستی من پێغەمبەری خوام.

---

(١) ضعيف: البزار (٣٢٨٤) كشف.

وە لە صەحیحی موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە بە مەرفوعی هاتووە: (**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ الناس حتى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَيُؤْمِنُوا بِي وَبِمَا جِئْتُ بِهِ فإذا فَعَلُوا ذلك عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إلا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ على اللَّهِ**)[1]. واتە: فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکی بجەنگم تا شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا، وە بڕوا دەهێنن بە من و ئەوەشی هێناومە، جا ئەگەر ئەوەیان کرد خوێن و ماڵ و سامانیان لە من قەدەغە دەکەن مەگەر بە حەقی ئیسلام، حیساب و لێپرسینەوەشیان لەسەر خوا دەبێت.

وە لە (الصحيحين)دا هاتووە، لە ئیبنو عومەر وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ الناس حتى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فإذا فَعَلُوا ذلك عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إلا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ على اللَّهِ**)[2]. واتە: فەرمانم پێکراوە جەنگی خەڵك بکەم تا شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا، وە بێگومان موحەممەد ﷺ نێردراوی خوایە، وە نوێژەکانیان دەکەن و زەکاتی ماڵیان دەردەکەن، جا ئەگەر ئەوەیان کرد خوێن و ماڵ و سامانیان لە من قەدەغە دەکەن مەگەر بە حەقی ئیسلام، حیساب و لێپرسینەوەشیان لەسەر خوا دەبێت.

ئەم دوو فەرموودە تەفسیری هەردوو ئایەتەکەی سورەتی (أنفال)و (براءة)ن زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەس بڵێ: (**لا إله إلا الله**) وە بڕوای بە ماناکەی نەبێو کار بە ناوەرۆکەکەی ناکات، ئەوە جەنگی لەگەڵ دەکرێ هەتا کار بەوە دەکات کە دەلالەت دەکاتە سەری لە نەفی و ئیسپات.

ئەبو سولەیمانی خەطابی لە مانای فەرموودەکەدا: (**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ الناس حتى يَقولوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) دەڵێ: زانراوە بێگومان مەبەست لەمەدا بتپەرستانە، جگە لە خاوەن کتێبەکان، چونکە ئەوان دەیانووت: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) پاشان کوشتاریان لەگەڵدا دەکرا و شمشێریان لەسەر بەرز نەدەکرایەوە.

قاضي عياض دەڵێ: تایبەتکردنی پارێزراوی ماڵ و سامان و نەفس بەوەی وتی: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) تەعبیرە لە بەدەمەوە هاتن و وەڵامدانەوە بۆ بڕواهێنان، بێگومان مەبەست لەوەدا هاوبەش دانەرانی عەرەب و بتپەرستانە، بەڵام جگە لەوان، ئەوانەی کە دان بە یەکتاپەرستیدا دەنێن، تەنها وتەی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بەس نیە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت، ئەگەر لە بێبڕواییدا وتبێتی.

نەوەوی دەڵێ: پێویستە لەگەڵ ئەمەدا بڕوابوون بە هەموو ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی، وەك لە ڕیوایەتی: (**أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ الناس حتى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَيُؤْمِنُوا بِي وَبِمَا جِئْتُ بِهِ**).

شێخی ئیسلام وتویەتی کاتێ کە پرسیاری لێکراوە دەربارەی کوشتاری تەتارەکان: هەر دەستەیەك لەو خەڵکە، یان جگە لەوان، خۆی بگرێتەوە لە پابەند بوون بە شەریعەتەکانی ئیسلام، ئەوانەی کە ئاشکران، ئەوە بێگومان پێویستە جەنگیان بکرێ تا پابەند دەبن بە شەریعەتەکانەوە، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا شایەتمان بهێنن و پابەند بن بەهەندێ لە شەریعەتەکان، وەك چۆن ئەبو بەکر و هاوەڵان کوشتاری ئەوانەیان کرد کە ڕێگریان دەکرد لە زەکاتدان، شارەزایان (**فقهاء**) لەسەر ئەمە

---

(١)أخرجه البخاري في الجهاد (٢٩٤٦) فتح، ومسلم في الإيمان (٢١) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في الايمان (٢٥) فتح، ومسلم في الإيمان (٢٢) عبد الباقي.

یەکدەنگ بوون لەدوای ئەوانەوە. وتویەتی: هەر دەستەیەك ڕێگری بکات لەهەندێ لە نوێژە فەرزکراوەکان، یان ڕۆژو، یان حەج، یان لە پابەند بوون بە قەدەغەکردنی خوێنەکان، یان ماڵ و سامانەکان، یان ئارەق، یان قومار، یان مارەبڕینی ئەوانەی کە مەحرەمن، یان پابەند بوون بەجیهادی بێ بڕوایان، یان جگە لەوانە، لەپابەند بوونی پێویستیەکانی ئاین و قەدەغەکراوەکانی، کە عوزرو بیانوو بۆ هیچ کەسێك نیە لە نکووڵی کردن یان وازهێنان لێیان، کە تەنها کەسێك نکووڵی لێ بکات بێ بڕوا دەبێت، جا ئەو دەستەیەی کە خۆیان مەنع کردووە لەسەری جەنگیان لەگەڵ دەکرێن، ئەگەرچی دانیشیان پێدا نابێت، ئەمەش لەو شتانەیە کەوا نازانم هیچ لە زانایان خیلافی لەسەر بێ، وتویەتی: ئەوانە لەلای لێکۆڵەران وەکو لە سنوور دەرچووان نین(البغات) بەڵکو ئەوان لە ئیسلام دەرچوون.

فەرموودەی پێغەمبەر: (**وَحِسَابُهُ على اللَّهِ**) واتە: لێپرسینەوەی لەلای خوای گەورەیە، تەنها ئەو زاتە لێپرسینەوە لەو کەسە دەگرێتە خۆی کە بەزمانی شایەتمان دێنێت بەم شایەتیدانە، جا ئەگەر ڕاستی کرد خوا پاداشتی دەداتەوە بە بەهەشتانی پڕ لە نازوونیعمەت، وە ئەگەر دوو ڕوو بوو خوا سزای بەئێشی دەدات، بەڵام لەدنیادا حوکم لەسەر ڕواڵەتە، جا هەرکەسێك یەکتاپەرستی ئەنجامدا و بەپێچەوانەکەی هەڵنەستا بە ڕواڵەت، وە پابەند بوو بە شەریعەتەکانی ئیسلام ئەوە پێویستە دەستی لەسەر هەڵبگیرێ.

وتم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئادەمیزاد هەندێ جار دەڵێ (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە بێ بڕوا نابێت بەوەی دەپەرستێن لەجیاتی خوا، کارێك ئەنجام نادات بەوەی خوێن و ماڵی پارێزراو بێت، وەك چۆن ئایەتە موحکەمەکان و فەرموودەکان بەڵگەن لەسەر ئەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وَشَرحُ هَذِهِ التَّرجُمة: ما بعدها من الأبواب.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: شیکردنەوەی ئەم بابەتە لە بابەتەکانی دوای خۆی ڕوون دەبێتەوە لە بەشەکانی دیکەدا.

••••••••••••••••••••

وتم: بێگومان ئەو بەشانەی دوای ئەمە دێن یەکتاپەرستی ڕوون دەکەنەوەو مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) ڕۆشن دەکەنەوە، هەروەها شتانێکی زۆر ڕوون دەکەنەوە لە هاوبەشدانانی بچووك و گەورە، وە ئەوەشی دەیگەیەنێت بەوانە لە ڕۆچوون و بیدعە، لەوەی کە وازهێنانی لە ناوەڕۆکی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)یە.

جا هەرکەسێك ئەوەی زانی و بەجێ ی هێنا ئەوە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)ی بۆ ڕوون بووەتەوە، ئەوەشی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بەڵگەیە لەسەری لە دڵسۆزی و ڕەتکردنەوەی هاوبەش دانان، وە شتەکان بە دژەکانیان ڕوون دەبنەوە، بە زانینی هاوبەش دانانی بچووك، هاوبەش دانانی گەورەی ڕەتکەرەوەی یەکتاپەرستی دەزانێ، بەڵام هاوبەش دانانی بچووك کەماڵی تەوحید ڕەت دەکاتەوە، هەرکەسێك لێی دوربکەوێتەوە ئەوە یەکتاپەرستی ڕاستەقینەیە.

وە بە زانینی ئامرازەکانی هاوبەش دانان و قەدەغەکردنیان تەنها بۆ دورکەوتنەوەیە لێیان، مەبەستەکان دەناسرێن کە لەو پێناوەدا ئامرازەکان قەدەغە کراون، چونکە بەڕاستی دورکەوتنەوە لە هەموو ئەوانە، داخوازی وابەستەبوونە بە تەوحیدو ئیخلاص.

هەروەها تێیدایە لە بەڵگەکانی یەکتاپەرستی: چەسپاندنی سیفاتەکان و پاك ڕاگرتنی پەروەردگار لەوەی شیاو نیە بە گەورەیی و مەزنی ئەو زاتە، وە هەموو ئەوانەی خوا دەناسێنێ لە سیفاتەکانی تەواوێتی و کەمالّی و بەڵگەکانی پەروەردگارێتی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو زاتە پەرستراوە بەتاك و تەنها، پەرستشیش ناگونجێ مەگەر تەنها بۆ خوا نەبێ، ئەمەیە یەکتاپەرستی و مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: گەورەترین و گرنگترین مەسەلەکانی تێدایە: ئەویش تەفسیری یەکتاپەرستی و تەفسیری شایەتمانە، وە ڕوونی کردوەتەوە بە چەندین شتی ڕوون:

لەوانە: ئایەتی (الأسراء)، ڕوونی کردوەتەوە تیایدا بەرپەرچدانەوەی هاوبەش دانەران، ئەوانەی داوا لە پیاوچاکان دەکەن، جا تیایدایە: ڕوونکرنەوەی ئەوەی کە ئەمە هاوبەش دانانی گەورەیە.

لەوانە: ئایەتی (براءة)، ڕوونی کردوەتەوە کە بەڕاستی خاوەن کتێبەکان زاناو عابیدەکانیان کردوە بە چەند پەروەردگارێك لە جیاتی خوا، وە ڕوونی کردوەتەوە ئەوان فەرمانیان پێنەکراوە مەگەر بەوەی یەك پەرستراو بپەرستن، لەگەڵ ئەوەی ئەو تەفسیرەی کە کێشەی تێدا نیە: گوێڕایەڵی کردنی زانایان لەسەرپێچی کردنی خوادا، نەك پاڕانەوە لێیان.

وە لەوانە: وتەی ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام بۆ بێ بڕوایان: ﴿إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي ﴿٢٧﴾﴾الزخرف. جا پەروەردگاری لە پەرستراوەکان جیا کردۆتەوە، وە باسی کردوە کە بەڕاستی ئەم بەری بوونە و ئەم دۆستایەتیە: بریتیە لە تەفسیری شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾الزخرف.

وە لەوانە: ئایەتی (البقرة) دەربارەی ئەو بێبڕوایانەی کە خوا دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٣٧﴾﴾البقرة. باسی کردوە ئەوان بت و پەرستراوەکانیان خۆش دەوێت، وەك خۆشویستنی خوا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوان خوایان خۆش دەوێت بە خۆشویستنێکی مەزن، وە ئەو خۆشەویستیە نەیانی خستۆتە ناو ئیسلامەوە، جا چی دەوترێ بە کەسێك خۆشەویستی بت و پەرستراوەکەی لە لای گەورەتر بێت لە خۆشەویستی خوا؟ جا چی دەوترێ بە کەسێك تەنها بت و پەرستراوەکەی خۆش بوێت و خوای خۆش نەوێت؟

وە لەوانە: فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ: (مَن قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ من دُونِ اللَّهِ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ على اللَّهِ) ئەمە لە مەزنترینی ئەوانەیە کە مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله) ڕوون دەکاتەوە، بێگومان پێغەمبەر ﷺ وتنی شایەتمانی نە کردوەتە پارێزەری خوێن و ماڵ، بەڵکو زانینی ماناکەشی لەگەڵ وتنیدا نەکردوە بە پارێزەر، بەڵکو دانپێدانانیش بەوە، تەنانەت داواکردنیشی تەنها لە خوای تاك و تەنهای بێ هاوبەشی نەکردۆتە پارێزەر، بەڵکو ماڵ و خوێنی حەرام نابێت، تا بێبڕوایی کردن خۆی نەداتە پاڵ ئەوەی دەپەرستێ لە جیاتی خوا. ئەگەر گومانی هەبوو یان وەستا، ئەوە ماڵ و سامان و خوێنی حەرام نابێت. ئای ئەم مەسەلە چەندە گەورەیە، ئای لەو ڕوونکردنەوەیە چەندە جوان ڕوونی کردوەتەوە، وە بەڵگە و بیانووی بڕیوەتەوە بۆ کەسی مشت ومڕکار.



بەشی ٦
بەکارهێنانی ئەڵقە و بازنە لە هاوبەشدانانە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب مِن الشِّركِ: لُبْسُ الحَلَقَةِ والْخَيْطِ ونَحْوِهَا، لِرَفْعِ البَلاءِ أو دَفْعِهِ)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی پۆشینی ئەڵقەو دەزوو وێنەی ئەوانە، بۆ لابردنی بەڵاو ناڕەحەتی یان ڕێگری کردنی لە هاوبەش دانان.

.....

(**رفعه**): لابردنی بەڵا دوای دابەزینی، (**دفعه**): ڕێگری کردنی لە بەڵا پێش دابەزینی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ﴿٣٨﴾ ﴾ الزمر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوای بەرز: (بڵێ: دەی پێم بڵێن ئەوانەی دەیان پەرستن جگە لە خوا ئەگەر خوا ویستی زیانێکم پێ بگەیەنێت، ئایا ئەو پەرستراوانە دەتوانن ئازارو زیانی ئەوم لێ لابدەن؟ یان ئەگەر ویستی نیعمەت و بەهرەیەکم پێ بدات ئایا ئەوانە دەتوانن بەهرەو میهرەبانی ئەوم لێ بگرنەوە).

.....

ئیبنو کەثیر دەڵێ: هیچ شتێکیان لە توانادا نیە ﴿ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ﴾ واتە: خوا بەسە بۆ ئەو کەسەی پشتی پێ دەبەستێت ﴿ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴾ (واتە: پشت بەستووان تەنها پشت بەخوا دەبەستن) هەر وەکو هوود عليه السلام کاتێ گەلەکەی پێیان وت: ﴿ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ ۗ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓا۟ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦ ۖ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُم ۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٦﴾ ﴾ هود. (واتە: ئێمە تەنها ئەوە بەتۆ دەڵێین هەندێ لە پەرستراوەکانمان تووشیان کردووی بە شێتی، وتی بەڕاستی من خوا دەکەم بە شایەت، وە ئێوەش شایەت بن کە بەڕاستی من بەریم و دوورم لەوەی کە ئێوە دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا* جگە لە خوا جا هەمووتان پیلانم لێ بگێڕن لە پاشان مۆڵەتیشم مەدەن

و لێم مەوەستن* بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە کە پەروەردگاری من و ئێوەشە هیچ گیان لەبەرێك نیە ئیللا خوا دەسەڵات دارە بەسەریدا، بەڕاستی پەروەردگارم لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە).

موقاتیل لە مانای ئایەتەکەدا وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێ کردن بێدەنگ بوون. واتە: چونکە ئەوان بڕوایان بەوە نەبوو، بەڵکو داوایان لێ دەکردن بەو مانایەی کە ئەوان نێوەند و تکاکارن لە لای خوا، نەك لەو ڕووەی بەڵاو زیان لادەبەن و دێن بە دەم هاواری ناچارو داماوەوە کاتێ هاواری لێ دەکات، ئەوان دەیانزانی ئەوە تەنها تایبەتە بە خوا، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾النحل. (واتە: وە هەر چاکەو بەهرەیەکتان هەبێ ئەوە هەمووی لە خواوەیە، پاشان کاتێ دووچاری زیان و ناڕەحەتیەك ببن، ئەوە پەناو هاوار هەر بۆلای ئەو دەبەن* لە پاشان کاتێ ناڕەحەتیەکەی لەسەر لابردن کوت و پر دەستەیەك لە ئێوە هاوبەش بڕیار دەدەن بۆ پەروەردگاریان).

وتم: ئەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتە بەستنەوەی دڵ بە غەیری خوا پووچ دەکاتەوە لە گەیاندنی سوود یان دورخستنەوەی زیان، بێگومان ئەوە هاوبەش دانانە بە خوا. وە لە ئایەتەکەدا بێگومان عێمای هاوبەش دانەرانی کردوە بە داوا کردن لە غەیری خوا و ڕوو تێکردنی لە جیاتی خوا، یەکتاپەرستی دژی ئەوەیە، ئەویش بریتیە لەوەی داوا نەکات مەگەر لەخوا، وە ڕوو نەکاتە هیچ کەس مەگەر خوا، پشت نەبەستێ مەگەر بەخوا، بەهەمان شێوە سەرجەم جۆرەکانی پەرستش ناگونجێ و شیاو نیە بۆ هیچ کەس جگە لەخوا، وەك چۆن بەڵگەن لەسەر ئەوە قوڕئان و سوننەت و یەکدەنگی پێشنی ئوممەت و پێشەواکانیان وەك لە پێشەوە باس کرا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وعَن عِمران بن حُصَين أن النَّبِيَّ رَأى رَجُلا في يده حَلَقَةٌ من صُفْرٍ فقال: (ما هذه؟) قال: مِنَ الْوَاهِنَةِ قَالَ: إنزِعها فإنها لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً، فَإِنَّكَ لو مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ ما أَفْلَحْتَ أَبَداً)[1]. رواه أحمد بسند لا بأس به.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی بینی ئەڵقەیەکی زەردی مسین لە دەستیدا بوو فەرمووی: (ئەم ئەڵقەیە چیە؟) وتی: ئەمە لە (الْوَاهِنَةِ)یە (نەخۆشیەکە دەدات لە شان و دەست لاواز دەکات)، فەرمووی: دایکەنە ئەوە هیچت بۆ زیاد ناکات لاوازی نەبێت، بێگومان ئەگەر مردی لەسەر ئەو حاڵە ئەوە هەرگیز ڕزگارت نابێت. ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە بەسەنەدێك هیچ کێشەیەکی تێدا نیە.

••••••

پیاوێکی کرد ئەڵقەیەکی پێوەبوو - وتی: وادەبینم ئەوە لە مسە- جا فەرمووی: (**ويحك ما هذه؟**) واتە: تیاچی هاوار لەدەست تۆ ئەمە چیە، وتی: (ئەمە نەخۆشیەکە دەدات لە شان و دەست لاواز دەکات، فەرمووی: (أما إنها **لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً. انبذها عنك فَإِنَّكَ لَو مُتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ ما أَفْلَحْتَ أَبَداً**) واتە: بێگومان ئەوە هیچت بۆ زیاد ناکات لاوازی نەبێت، لەخۆتی بکەرەوە چونکە ئەگەر مردی لەسەر ئەو حاڵە ئەوە هەرگیز ڕزگارت نابێت. ئیبن حیبان لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە، فەرموویەتی: (**فَإِنَّكَ إِنْ مُتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ وُكِلْتَ عَلَيْهَا**) واتە: بێگومان ئەگەر تۆ مردی و ئەوەت لەدەست بوو دەدرێیتە دەستی. وە حاکم وتویەتی: سەنەدەکەی تەواوە، ئیمامی زەهەبیش جێگیری کردوە[1] وە حاکم وتویەتی: زۆربەی شێخەکانمان لەسەر ئەوەن کە حەسەن لە عیمرانەوە بیستویەتی، وە وتەی لە سەنەدەکاندا (أخبرنی عمران) واتە: عیمران هەواڵی پێدام، بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

وتەی: (عمران ابن حصين) واتە کوڕی عوبەیدی کوڕی خەلەفی خوزاعی، باوکی نوجەید هاوەڵەو کوڕی هاوەڵە، لە ساڵی خەیبەردا موسڵمان بوو، لە ساڵی پەنجاو دوو لە بەصرە کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**رَأَى رَجُلا**) لە ڕیوایەتی (الحاكم) هاتووە چومە ژورەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ، لە قۆڵمدا ئەڵقەیەکی زەرد هەبوو، فەرمووی: (**ما هذه؟**) ئەمە چیە؟ تا کۆتایی فەرموودەکە، جا ئاڵۆزو نادیار لە ڕیوایەتی ئەحمەد بریتیە لە عیمران کە گێڕەرەوەی فەرمودەکەیە.

وتەی: (**ما هذه؟**) دەگونجێ (ما)ی ئیستیفهام و پرسیار بۆ ڕونکردنەوەی هۆکار بێت لە دەست کردنەکەی، وە دەگونجێ بۆ نکووڵی بێت هەر ئەوەش دیارترێکە.

وتەی: (**مِنَ الْوَاهِنَةِ**) باوکی سەعادات ئیبنو ئەثیر دەڵێ: (**الواهنة**): نەخۆشیەکە دەدات لە شان و هەمووی لەدەست دایە، لە تاویدا نوشتە دەکات، وە وتراوە: نەخۆشیەکە دەدات لە قۆڵ، تووشی پیاوان دەبێت جگە لە ئافرەتان، بۆیە قەدەغەی لێ کراوە، چونکە بۆ ئەوە لەدەستی کردوە لەبەر ئەوەی بیپارێزێت لە نەخۆشی، وە بایەخ دان بە مەبەستەکانیشی تێدایە

وتەی: (**أَنزعها فإنها لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً**) (النزع) ڕاکیشان بە هێزەوە، هەواڵی داوە بێگومان سوودی پێناگەیەنێت بەڵکو زیانی لێ دەدات و زیاتر لاوازی دەکات، بەهەمان شێوە هەموو کارێك قەدەغەی لێ بکرێت ئەوە بە زۆری سوودی نیە، ئەگەر هەندێکی سوودیشی هەبێت، ئەوە زیانەکەی گەورەترە لە سوودەکەی.

(**فَإِنَّكَ لو مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ ما أَفْلَحْتَ أَبَداً**) چونکە ئەوە هاوبەش دانانە، (الفلاح)یش بریتیە لە سەرکەوتن و سەرفرازی و خۆشبەختی.

---

(١) في إسناده ضعف: أحمد (٤٤٥/٥)، ابن ماجه (٣٥٣١)، أبن حبان (١٤١١- ابن ماجه (٣٥٣١) , وابن حبان(١٤١١) والحاكم (٢١٦/٤).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (فيه شاهد لكلام الصحابة : إن الشرك الأصغر أكبر الكبائر، وأنه لم يعذر بالجهالة. وفيه الإنكار بالتغليظ على من فعل مثل ذلك).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: تێیدایە بەڵگەو شایەت بۆ قسەی هاوەڵان: بەڕاستی هاوبەش دانانی بچووك گەورەترینی گوناهە گەورەکانە، وە بێگومان ئەو کەسە عوزر بە جەهالەتی بۆ نیە، واتە: (بیانوو بە نەزانێ)، بەڵکو نکوڵی کردنی تەواوی تێدایە بە تووند گرتنی لەسەر ئەو کەسەی وێنەی ئەم کارە دەکات.

.....

وتەی: (**رواه أحمد بسند لا بأس به**) ئەویش ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی کوڕی هیلالی کوڕی ئەسەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی (عبد الله) کوڕی حەسانی یان (حیان) کوڕی (عبد الله)ی کوڕی ئەنەسی کوڕی عەوفی کوڕی **قاسطی** کوڕی مازنی کوڕی شەیبانی کوڕی **ذوهەلی** کوڕی **ثەعلەبەی** کوڕی عوکابەی کوڕی صەعبی کوڕی عەلی کوڕی بەکری کوڕی وائیلی کوڕی **قاسطی** کوڕی هینبی کوڕی ئەفصای کوڕی دوعمی کوڕی جەدیلەی کوڕی ئەسەدی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی نەزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنان - ئیمامی زانا باوکی (عبدالله)ی **ذوهلی** پاشان شەیبانی مەروەزی پاشان بەغدادی، زاناترینی سەردەمی خۆی بە فیقهو فەرمودە، وە زۆرترین وەرعی هەبوەو شوێنکەوتووی سوننەت بووە، ئەو ئەو پیاوەیە کە هەندێ لە ئەهلی سوننە پێی دەڵێن: لە دنیا نەویستی لەو ئارامگرتر نەبووە، وە لە پێشین هیچ کەس لەو نەچووە، دنیا بۆلای هاتووە بەڵام ئەو نەیویستووە، وە شوبهەو گومانیشی بۆ لا هاتووە ڕەتی کردوەتەوە، دەرکرا لە مرو ئەو لە زگی دایکیدا بوو، لە بەغداد لە دایك بوو سالّی سەدو شەست و چوار لە مانگی ڕەبیعی یەکەم.

ئەو سالّەی ئیمام ئەحمەد بەدوای زانستدا گەڕا سالّی وەفاتی ئیمام مالیك بوو، ئەویش سالّی سەدو حەفتاو نۆ بوو، گێڕاویەتیەوە لە هوشەیم و جەریری کوڕی (عبد الحمید) و سوفیانی کوڕی عویەینە و موعتەمەری کوڕی سولیمان و یەحیای کوڕس سەعیدی قەتان موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافعی و یەزیدی کوڕی هاروون و (عبد الرزاق)و (عبد الرحمن)ی کوڕی مەهدی و خەڵکێکی زۆر لە ژماردن نایەن، لە مەککە و بەصرەو کوفەو بەغداد و یەمەن و جگە لەوانەش لە وڵاتەکانی دیکە. ڕوایەتی کردوە لێیەوە هەردوو کوڕەکەی صالّەح و (عبد الله)، وە بوخاری و موسلیم و ئەبو داوودو ئیبراهیمی حەربی و ئەبو زورعەی ڕازی و ئەبو زورعەی دیمەشقی ئەبو لقاسمی بەغەوی، ئەو کۆتا کەس بوو ڕیوایەتی لێیەوە کرد، وە ڕیوایەتی کردوە لێیەوە لە شێخەکانی (عبد الرحمن)ی کوڕی مەهدی و ئەسوەدی کوڕی عامرو، وە لە هاوشانەکانی: علی کوڕی مەدینی و یەحیای کوڕی مەعین و. بوخاری دەڵێ: ئەحمەد نەخۆش کەوت دوو شەو تێپەڕیبوو لە ڕەبیعی یەکەم، وە لە ڕۆژی هەینی دوازدە ڕۆژ تێپەڕیبوو کۆچی کرد، حەنبەل دەڵێ: لە ڕۆژی هەینی کۆچی دوایی کرد لە ڕەبیعی یەکەم لە سالّی دووسەدو چل و یەك، حەفتاو حەوت سالّ تەمەنی بوو، (عبد الله)ی کوڕی و فەزڵی کوڕی زیاد دەڵێن: مانگی دوازدەی ڕەبیعی دووەم کۆچی دوایی کرد ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وله عن عقبة بن عامر مرفوعاً: (من تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلاَ أَتَمَّ الله له، ومَنْ تَعَلَّقَ وَدْعَةً فَلاَ وَدَعَ الله له)[1]. وفي رواية : (مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ) [2]. الحديث الأول رواه الإمام أحمد كما قال المصنف ، ورواه أيضاً أبو يعلى والحاكم وقال : صحيح الإسناد وأقره الذهبى .

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەحمەدەوە لە عوقبەی کوڕی عامر بە مەرفوعی هێناویەتی: هەرکەسێك نوشتەیەك یان مورویەك هەڵبواسێت خوا بۆی تەواو نەکات، وە هەرکەسێك (وَدَعَةً) هەڵبواسێ (کە بریتیە لەوەی لە دەریا دەردەهێنرێ هەڵدەواسرێتە ملی منداڵدا، واتە: وەك گوێچکە ماسیە) خوا ئەوەی بۆ ئاسان نەکات کە لێی دەترسێت. وە لە ڕیوایەتێکی تردا: هەر کەسێك مورویەك یا ملوانکە هەڵبواسێت ئەوە هاوبەشی داناوە.

.....

فەرموودەی یەکەم ئیمام ئەحمەد ڕوایەتی کردوە، هەر وەکو دانەر دەڵێ، وە هەروەها ئەبو یەعلاو حاکم ڕیوایەتیان کردوە، حاکم دەڵێ: سەنەدەکەی ڕاستە، زەهەبیش دانی پێداناوە[3].

وتەی: (**وفي رواية**) واتە: لە فەرموودەیەکی دیکە ئەحمەد ڕوایەتی کردوە، دەڵێ: (عبد الصمد) ی کوڕی وارث بۆی باس کردین، (عبد العزيز)ی کوڕی موسلیم بۆی باس کردین، یەزیدی کوڕی ئەبی مەنصور بۆی باس کردین، لە دوجەین ئەلحەجەری لە عوقبەی کوڕی عامری جوهەنی بێگومان پێغەمبەر ﷺ کاروانیەك (ژمارەکەی لە سێ بۆ دە کەسە) ڕوویان تێی کرد بەیعەتی لە نۆ کەسیان وەرگرت و بەیعەتی لە یەك دانەیان وەرنەگرت، جا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەیعەتت لە نۆ کەس وەرگرت و لەمەیان دەستت گرتەوە؟ فەرمووی: (**إن عَلَيهِ تَمِيمَة**) بەڕاستی ئەمە نوشتەی پێوەیە، دەستی خستە ناویەوەو بڕی، بەیعەتی لەویش وەرگرت و فەرمووی: (**مَنْ تَعَلَّقَ تَميمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ**) واتە: هەر کەسێك نوشتەیەك یان مورویەك هەڵبواسێت ئەوە هاوبەشی داناوە. حاکم ڕیوایەتی کردوە وەکو ئەوە[4]. گێڕەرەوەکانی متمانە پێکراون.

وتەی: (**عن عقبة بن عامر**) هاوەڵێکی بەناوبانگە شارەزاو فەقیهە و چاکەکارە، لەسەردەمی مەعاویەدا دەسەڵاتداری میسری گرتە دەست بۆ ماوەی سێ ساڵ، لە نزیك تەمەنی شەست ساڵ کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**من تَعَلَّقَ تَمِيمَةً**) هەڵی بواسێت دڵی پێیەوە پەیوەست بکات لە بەدەستهێنانی چاکە یان دورکەوتنەوە لە خراپە، (**المنذري**) دەڵێ: مورویان هەڵدەواسی پێیان وابوو ئەو موروانە بەڵاو ناڕەحەتیان لێ دور دەخەنەوە، ئەمەش لە نەفامی و گومڕاییە، بێگومان هیچ بەربەستکارو ڕێگریکارێك نیە جگە لە خوا.

---

(١)أخرجه أحمد (١٧٤٠٤)، وهذا اللفظ ضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (١٢٦٦)، وانظر الحاشية التالية.

(٢)أخرجه أحمد (١٧٤٢٢)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٤٩٢)، وانظر للأهمية التعليق على الحديث هناك.

(٣)ضعيف: أحمد ٤/ ١٥٤ ، أبي يعلى (١٧٥٩)، إبن حبان (١٤١٣) موارد، الحاكم ٢١٦/٤ .

(٤)صحيح أحمد ٤/ ١٥٦، والحاكم ٤/ ٢١٩.

ئەبو سعادات ئیبنو ئەثیر دەڵێ: (التمائم) کۆی (تميمه)یە، ئەویش بریتیە لە کۆمەڵە مورویەك عەرەبەکان هەڵیان دەواسی بە منداڵەکانیان بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو موروانەوە لە چاو پارێزراو بن، بە بۆچوونی خۆیان، ئاینی ئیسلام پووچی کردەوە.

وتە: (فَلاَ أَتَمَّ الله له) دوعا لێ کردنە.

وتەی: (وَمَنْ تَعَلَّقَ وَدْعَةً) بەفتح)ەی (الواو) وە (سکون)ی (دال)، لە (مسند الفردوس)دا وتویەتی: شتێکە لە دەریا دەردەهێنرێت لە سەدەف دەچێت، بەکاریدەهێنن بۆ پاراستن لە چاو پیسی.

وتەی: (فَلاَ وَدَعَ الله له) (دال)ەکە بێ شەددەیە، واتە: خوا لە ئارامی و خۆشیدا دای نەنا، ئەبو سەعادات دەڵێ: ئەمە دوعا کردنە لەسەری.

وتەی: (وفي رواية : (مَنْ تَعَلَّقَ تَميمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ) ئەبو سەعادات دەڵێ: لەبەر ئەوە کردویەتی بە هاوبەش، چونکە ئەوان ویستیان وابوو قەزاو قەدەرە نووسراوەکان ڕەت بکەنەوە، وە داخوازی دوورکەوتنەوەی ناڕەحەتیەکانیان لە غەیری خوا دەکرد، کە تەنها خوا دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولإبن أبي حاتم عن حُذَيْفَةَ: أَنَّهُ رَأى رَجُلاً في يَده خَيطٌ مِن الحمى، فَقَطَعَهُ، وتلا قوله تعالى: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ، لە ئیبنوئەبی حاتەم لە حوزەیفەوە: بێگومان ئەو پیاوێکی بینی دەزوویەك لە دەستیدا بوو بەهۆی تاوە، ئەویش پچڕاندی، ئینجا فەرمایشتی خوای خوێندەوە ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾یوسف. (واتە: جا زۆربەیان باوەڕ ناهێنن بەخوا مەگەر ئەوان لەو کاتەدا هاوبەش بڕیاردەرن بۆ خوا).

.....

ئیبنوئەبی حاتەم دەڵێ: موحەممەدی کوڕی حوسێنی کوڕی ئیبراهیم کوڕی ئیشکاب بۆی باسکردین، یونسی کوڕی موحەممەد بۆی باسکردین، حەمادی کوڕی سەلەمە لە عاصمی ئەحوەل لە عوروەوە وتی: حوزەیفە چوو بۆلای نەخۆشێك دەزوویەکی بینی لە قۆڵیدا پچڕاندی یان دایکەند، پاشان وتی: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾[1] .

وتەی (ابن أبی حاتم) پێشەوا باوکی موحەممەد(عبدالرحمن)ی کوڕی ئەبی حاتەم موحەممەدی کوڕی ئیدریس (الرازي التميمي الحنظلى الحافظ) خاوەنی (الجرح والتعديل، والتفسير) وە جگە لەو دوانەش، لە ساڵی سێ سەدو بیست و حەوت کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (عن حُذَيْفَةَ) کوڕی یەمان، ناوی یەمان: حوسەیلە، وە پێی وتراوە حیسل (العبسی) ئەلعەبەسی هاوپەیمانی ئەنصارەکان، هاوەڵێکی مەزنە و لە پێشینەکانە، پێیشی وتراوە: خاوەن

---

(١) تفسير ابن كثير ٢/ ٥٤٢ .

نهێنی، باوکیشی بەهەمان شێوە هاوەڵ بووە، حوزەیفە کۆچی دوایی کردوە لە سەرەتای خیلافەتی عەلی خوای لێ ڕازی بێت لە ساڵی سی و شەش.

وتەی: (**رَأَى رَجُلاً فِي يَدِه خَيطٌ مِن الحمى**) واتە: لە تا. نەفامەکان موروەکان و دەزوەکان و وێنەی ئەوانەیان هەڵدەواسی بۆ لابردنی تا.

وەکیع ڕیوایەتی کردوە لە حوزەیفەوە، حوزەیفە سەردانی نەخۆشێکی کرد دەستیدا لە قۆڵی، تەماشای کرد دەزوویەکی پێوەیە، وتی: ئەمە چیە؟ ئەویش وتی: شتێکە نوشتەیان کردوە بۆم پێی، ئینجا حوزەیفە قرتاندی و وتی: ئەگەر بمردایەیت و ئەوەت پێوە بوایە نوێژم لەسەرت نەدەکرد. ئەمەش نکوولّی کردنی وێنەی ئەم کارەی ئەمەی تێدایە، ئەگەرچی بڕواشی وابێت ئەوە تەنها هۆکارێکە، جا هۆکارەکان دروست نین مەگەر ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕەوایان بینیبێ و پشت بەو هۆکارانە نابەستڕێ بەڵام نوشتەو دەزوو مورو جادوەکان و وێنەی ئەوانە لەوەی نەفامەکان هەڵیدەواسن، ئەوە هاوبەشدانانە پێویستە نکوولّی لێ بکرێ و لابببرێت بە قسە و بە کردار، ئەگەرچی خاوەنەکەیشی ڕێی پێ نەدات.

وتەی: (**وتلا قوله:** ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ حوزەیفە ئایەتەکەی کردۆتە بەڵگە کە ئەم کارە هاوبەشدانانە.

ئەمە ڕاستی بەڵگەهێنانەوەی تێدایە لەسەر هاوبەشدانانی بچووك، بەوەی خوا داییەزاندووە لە هاوبەشدانانی گەورە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکە گشتگیرە بۆی، وە دەچێتە ناو ناوەڕۆکی هاوبەشدانانەوە، مانای ئەم ئایەتە پێشکەوت لە ئیبن عەباس و غەیری ئەو لە قسەی شێخی ئیسلام و جگە لەو. خوا زاناترە.

وە لەم شوێنەوارانە لە هاوەڵانەوە: ئەوەیە تەواوی زانستیان بە یەکتاپەرستی ڕوون دەکاتەوە، وە ئەوەیشی پێچەوانەیەتی، یان پێچەوانەی تەواوێتی خوایە (**کماله**).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: توند کردن لە پۆشینی ئەڵقەو دەزوو وێنەی ئەوان بۆ ئەو شتانە.

دووەم: ئەگەر هاوەڵ بمرێ و ئەوەی لەدەستدا بێت سەرفراز نابێ. ئەمەش شایەت و بەڵگەی تێدایە بۆ قسەی هاوەڵان: کە بەڕاستی هاوبەشدانانی بچووك گەورەترینی تاوانە گەورەکانە.

سێیەم: نەزانی ئەو پیاوە نەکراوە عوزر بۆی.

چوارەم: بێگومان ئەو ئەڵقە و دەزووانە لە دنیادا سوودی پێ ناگەیەنن، بەڵکو زیانیانی پێ دەگەیەنن، بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیە: (لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً). واتە: جگە لە لاوازی هیچت بۆ زیاد ناکەن.

پێنجەم: نکوولّی کردن بە تووندکردنەوە لەسەر ئەو کەسەی وەك ئەو کارەی ئەنجامداوە.

شەشەم: ڕاگەیاندن بەوەی هەرکەسێك شتێك هەڵبواسێت یان دڵی پەیوەست بکات پێیەوە دەدرێتە دەستی ئەو شتە.

حەوتەم: ڕاگەیاندن بەوەی هەرکەسێك نوشتە یان جاوەزار هەڵبواسێت ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە.

هەشتەم: بێگومان هەڵواسینی دەزوو لەبەر تا لە هاوبەشدانانە.

نۆیەم: خوێندنەوەی ئایەتەکە لە لایەن حوزەیفەوە: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو ئایەتانەی باسی هاوبەشدانانی گەورە دەکەن، هاوەڵان دەیانکرد بە بەڵگە بەسەر هاوبەشدانانی بچووك، هەروەك ئیبنو عەباسیش دەربارەی ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە باسی کرد.

دەیەم: هەڵواسینی (الودع) (واتە: شتێ وەك گوێچکە ماسی) لەبەر چاو پیسی لە هاوبەشدانانە.

یازدەیەم: دوعاکردن لەوکەسەی نوشتەو مورو هەڵدەواسێ، بەوەی خوا تەواوی نەکات بۆی و کاری ڕاست نەکات، وە هەرکەسێك (**وَدْعَةً**) هەڵبواسێ (کە بریتیە لەوەی لە دەریا دەردەهێنرێ هەڵدەواسرێتە ملی منداڵدا، واتە: (وەك گوێچکە ماسی) خوا ئەوەی بۆ ئاسان نەکات کە لێی دەترسێ تووشی ببێت، یان خوا بیداتە دەستی خۆی.



بەشی ٧

ئەوەی هاتووە دەربارەی نوشتەو موروەکان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء فى الرقى والتمائم.

واتە: (بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی نوشتەو موروەکان) لە قەدەغەکردن، وە ئەوەیشی لەلای زانایانی پێشینەوە دەربارەی هاتووە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح عن أَبِيَ بَشِيرٍ الْأَنْصَارِيِ: أَنَّهُ كان مع رسول اللَّهِ ﷺ في بَعْضِ أَسْفَارِهِ فَأَرْسَلَ رَسُولًا: أَنْ لَا يَبْقَيَنَّ في رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلَادَةٌ من وَتَرٍ أو قِلَادَةٌ إلا قُطِعَتْ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحدا هاتووە لە ئەبی بەشیری ئەنصاریەوە: بەڕاستی ئەو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دابوو لەیەکێ لە گەشتەکانیدا، پێغەمبەر ﷺ نێردراوێکی نارد: فەرمووی: با لە گەردنی هیچ حوشترێکدا ملوانکە نەبێت لە پەت، یان هەر ملوانکەیەك ئیللا ببڕدرێت.

ئەم فەرمودەیە لە (الصحيحين)دا هاتووە.

وتەی: (عن **أَبِيَ بَشِيرٍ**) وتراوە ناوی قەیسی کوڕی عوبەیدە، ئیبنوسەعد ئەمەی وتووە، ئیبنو(عبد البر)یش دەڵێ: لەسەر ناوێکی ڕاست بۆی هەڵوەستە ناکرێ، ئەو هاوەڵ بووە بەژداری خەندەقی کردوە، لە دوای شەست ساڵی مردووە، وە وتراوە: تەمەنی سەد ساڵ زیاتری تێپەڕاندووە.

وتەی: (**في بَعْضِ أَسْفَارِهِ**) (**الحافظ**) دەڵێ: نەگەیشتووم بە دیاری کردنی ئەو گەشتە.

وتەی: (**فَأَرْسَلَ رَسُولًا**) ئەویش زەیدی کوڕی حاریسە بوو. حارسی کوڕی ئەبی ئوسامە لە موسنەدەکەیدا ئەوەی ڕیوایەت کردوە، (**الحافظ**) وتویەتی.

وتەی: (**أَنْ لَا يَبْقَيَنَّ**) وە (**قلادة**) (مرفوع)ە، چونکە فاعلە، وە (الوتر) یەکێکە لە ژێی کەوانەکان، ئەگەر پەتەکە کۆن بوایە نەفامەکان دەیانگۆڕی بە دانەیەکی تر و دەیانکردە ملی ئاژەڵەکان، پێیان وابوو ئەو پەتە دەبێتە بەربەست لە چاوپیسی بۆ ئاژەڵەکە.

---

(١) أخرجه البخاري في الجهاد (٣٠٠٥) فتح، ومسلم في اللباس والزينة (٢١١٥) عبدالباقي.

وتەی: (**أو قِلَادَةٌ إلا قُطِعَتْ**) مانای ئەوەیە: بێگومان گێرەرەوە گومانی هەبووە ئایا شێخەکەی وتویەتی: (**قِلَادَةٌ من وَتَرٍ**) یان بەڕەهایی تەنها ناوی (**قِلَادَةٌ**)ی هێناوە و نەیبەستۆتەوە؟ وە ئەوەی کە مالیك گێڕاویەتیەوە پشتیوانی لە یەکەم دەکات، بێگومان پرسیاری لێ کراوە دەربارەی (**القلادة؟**) فەرمووی: نەمبیستووە کەراهەتی هەبێت مەگەر تەنها لە پەتی کەواندا. وە لە لای ئەبو داوود (ولا **قلادة**)هاتووە بەبێ هیچ گومانێك.

بەغەوی لە شەرحی سوننەدا دەڵێ: مالیك تەئویلی فەرمانەکەی پێغەمبەری کردوە بە قرتاندنی ملوانکەکان، کە بێگومان ئەوە لەبەر چاوە، چونکە ئەوان ئەو پەت و نوشتەو مورو ملوانکانەیان تووند دەکردو دوعای چاوەزاریان پێ هەڵدەواسی، گومانیان وابوو ئەوە لە بەڵاو نارەحەتی دەیانپارێزێ، جا پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی لێ کردن و ئاگاداری کردنەوە کە بێگومان ئەوە هیچ شتێ لە فەرمانی خوا ﷻ ڕەتناکاتەوە.

ئەبو عوبەید دەڵێ: پەتەکانیان دەکردە ملی حوشترەکانیان بۆ ئەوەی چاو کاریگەریان لێ نەکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردن بەلابردنی پەتەکان، وەك ئاگادار کردنەوەیەك کە پەتەکان ناتوانن هیچ شتێك ڕەت بکەنەوە، بەهەمان شێوە ئیبنولجەوزی و غەیری ئەویش ئەمەیان وتووە.

(**الحافظ**) دەڵێ: فەرموودەی عوقبەی کوڕی عامر پشتیوانی لەوە دەکات کە ڕەفعی کردوە (**من تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلاَ أَتَمَّ الله له**)[1]. ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە. ئەویش بریتیە لەوانەی هەڵواسراون لە ملوانکەکان لە ترسی چاو پیسی و وێنەی ئەوە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن مسعود : سمعت رسول الله ﷺ يقول : (إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ) رواه أحمد وأبو داود[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن مەسعودەوە وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو: بەڕاستی نوشتەو مورو جادو هاوبەشدانانە. ئەحمەدو ئەبو داود ڕیوایەتیان کردوە.

چیرۆکێکی تێدایە، وە دەربڕینی ئەبو داود: لە زەینەبی خێزانی (عبدالله)ی کوڕی مەسعود وتی: (عبدالله) لە گەردنمدا دەزوێەکی بینی، وتی: ئەمە چیە؟ وتم: ئەمە دەزوێەکە نوشتەم بۆ کراوە پێی، وتی: (عبدالله) گرتی و قرتاندی، پاشان فەرمووی: ئێوە ئەی ئال و بەیتی (عبدالله) بێ نیازن لە هاوبەشدانان، گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (**إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ**). وتم: فرمێسکی فڕێ دەدا کە ئازاری دەدام، منیش ڕۆیشتم بۆلای فلان کەسی جولەکە، هەرکاتێك نوشتەی بۆم بکردایە باش دەبووم، (عبدالله) فەرمووی: بێگومان ئەوە کاری شەیتانە، دەی جوڵێنێ و دەی خرۆشێنێ، ئەگەر نوشتەی کرد دەستی لێ هەڵدەگرێ، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە کە بڵێی

(١) تقدم تخريجه قريبا، وهذا اللفظ ضعيف، واللفظ الثابت: (فقد أشرك) كما تقدم.

(٢) أخرجه أبو داود في الطب (٣٨٨٣)، و ابن ابي ماجه في الطب (٣٥٣٠)، وصححه الشيخ الالباني في الصحيحة (٣٣١).

هەروەك ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**أَذْهِبِ البأس رَبَّ الناس و اشْفِ أنت الشافي لاَ شِفَاءَ الا شِفَاؤُكَ شِفَاءً لاَ يُغَادِرُ سَقَماً**) واتە: نارەحەتیەکە لابە ئەی پەروەردگاری ئادەمی و شیفا بدە، بەڕاستی تۆ شیفادەری، هیچ شیفایەك نیە جگە لە شیفای تۆ، شیفایەك نەخۆشی بەجێ نەهێڵێت. ئیبنوماجەو ئیبنوحیبان و حاکم گێڕاویانەتەوە، حاکم دەڵێ: فەرمودەیەکی ڕاستە، ئیمامی زەهەبیش دانی پێداناوە.[1].

قوله: (إِنَّ الرُّقَى) قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (هى التى تسمى العزائم، وخص منه الدليل ما خلا من الشرك، فقد رخص فيه رسول الله ﷺ من العين والحمة).

وتەی: (إِنَّ الرُّقَى) دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەمە ئەوەیە پێی دەوترێ نوشتە ، وە بەڵگە لێیەوە تایبەت (کە دروستە) جگە ئەوەیان کە هاوبەشدانانە، بێگومان پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی داوە بۆ چاوپیسی و تا.

.....

ئاماژە دەکات کە ئەو نوشتەی وەسف کراوە بەوەی لەهاوبەشدانانە ئەوەیە کە پشتی پێ دەبەسترێ بەغەیری خوا، بەڵام ئەگەر باسی هیچ نەکرێ تیایدا جگە لەناوو سیفات و ئایەتەکانی خوا، وە ئەوەیشی لە پێغەمبەرەوە جێماوە ئەمە چاکەو دروستە یان پەسەندو ڕێگەپێدراوە.

وتەی: (**فقد رخص فيه رسول الله ﷺ من العين والحمة**) وەك لەپێشەوە باسکرا لە بەشی: ئەوەی یەکتاپەرستی بەجێ دەهێنێ. بەهەمان شێوە ڕوخصەت و ڕێگەی داوە بە نوشتە لە غەیری ئەوە، وەك لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە عەوفی کوڕی مالیك: ئێمە لەسەردەمی نەفامیدا نوشتەمان دەکرد، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە چۆن دەبینی؟ فەرمووی: (**أَعْرِضُوا عليَّ رُقَاكُمْ. لَا بَأْسَ بِالرُّقَى ما لم تَكُنْ شِرْكًا**)[2] واتە: نوشتەکانتانم بۆ بخەنە ڕوو. مەترسی نیە لەنوشتەیەك ئەگەر هاوبەشی تێدا بڕیار نەدرێت. لەم بابەتەدا فەرمودەیەکی زۆر هاتووە.

خەطابی دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ نوشتەی کردوە و نوشتەی بۆکراوە، وە فەرمانی پێداوەو ڕێگەیشی پێداوە، جا ئەگەر بە قورئان و ناوەکانی خوا بێت، ئەوە ڕێگەپێدراوە، یان فەرمان پێکراوە، بەڵکو کەراهەت و ڕێگری کردن لەوەدایە نوشتە بە زمانی جگە لەعەرەب بنوسرێت، چونکە لەوانەیە هەندێ جار کوفر بێ، یان قسەیەك بێ شیرکی تێ بکەوێ.

وتم: لەوانەش ئەوەی لەسەر ئەو مەزهەبەکانی نەفامی و جەهالەتەن کە ئالودەی بوون، وە پێیان وایە ئەو نوشتەیە بەڵاو ناخۆشیەکانیان لەسەر لادەبات، بڕوایان وایە بێگومان ئەوە لەلایەن جنۆکەو یارمەتیدانی ئەوانەوەیە، هەروەکو ئەمە **خەطابی** باسی کردوە.

---

(١) صحيح أحمد (١٣٨/١) وهذا لفظه، سنن أبي داود (٣٨٨٣)، ابن ماجه (٣٥٣٠)، ابن حبان (١٤١٢)موارد، الحاكم (٤١٧،٤١٨/٤).

(٢) أخرجه المسلم في السلام (٢٢٠٠) عبدالباقي.

شێخی ئیسلام دەڵێ: بۆ هیچ کەس نیە نوشتە بەناوێکی نادیار بکات، چ جای داوای پێ بکات و پێی بپارێتەوە، ئەگەر چی ماناکەشی بزانێ: چونکە پارانەوە بە غەیری عەرەبی کەراهەتی هەیە، بەڵکو رێگەدراوە بۆ کەسێ کە عەرەبی نازانێت، بەڵام کردنی دەستەواژەکانی عەجەم بە دروشم، ئەوە لە ئایینی ئیسلامدا نیە.

سیوطی دەڵێ: زانایان یەکدەنگن لەسەر دروستی نوشتە لەکاتێکدا سێ مەرج لەخۆ بگرێت: بەفەرمایشتی خوا بێت، یان بەناوەکانی و سیفاتەکانی، وە بە زمانی عەرەبی و ئەوەشی ماناکەی دەزانرێ، وە بڕوای وابێت نوشتە بە خودی خۆی هیچ کاریگەریەك ناکات، بەڵکو بە دەسەڵات و قودرەتی خوا دەبێ.

وتەی: (**التَّمَائِم**) دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (**شيءٌ يُعَلَّقُ عَلى الأولادِ مِنَ العينِ**) واتە: شتێکە هەڵدەواسرێ بە منداڵدا لەبەر چاوپیسی) وە خەلخالی دەڵێ: (**التَّمَائِم**) کۆی (**تميمة**)ەیە، بریتیە لەو مور و ئێسکانەی دەکرێتە ملی منداڵ بۆ ڕێگری کردن لە چاوپیسی، ئەمەش قەدەغەی لێ کراوە، چونکە هیچ دوورخەرەوەیەك نیە بێجگە لە خوا، وە نابێ داوای دوورخستنەوەی ناڕەحەتیەکان بکەین مەگەر بە خواو ناوەکانی و سیفاتەکانی.

قَالَ الْمُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (لَكِن إذا كان المُعَلَّقُ مِنَ القُرآنِ فَرخَّصَ فِيهِ بَعضَ السَّلف. وبَعْضُهم لَم يُرخص فِيه ويَجْعله مِن المنْهيِّ عَنه. مِنهم ابن مسعود) .

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەڵام ئەگەر هەڵواسراو لە قورئان بوو، هەندێ لە زانایانی پێشین ڕێگەیان بەمە داوە، وە هەندێکیان ڕێگایان پێی نەداوە و بە قەدەغەکراوە دایاننناوە، لەوانە ئیبنو مەسعوود.

.....

بزانە بێگومان زانایان لە هاوەڵان و تابعیەکان و دوای ئەوان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە هەڵواسینی ئەو نوشتانەی لە قورئان و ناوەکانی خواو سیفاتەکانی ئەون، دەستەیەکیان دەڵێن: هەڵواسینی نوشتە دروستە، ئەویش وتەی (عبد الله)ی کوڕی عەمری کوڕی عاصە، ئەوەش **ظاهیری** ئەوە کە لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە. وە بەوەش وتویانە هەریەکە لە ئەبو جەعفەری باقرو ئەحمەد لە ڕیواتێکدا، وە فەرموودەکەیان هەڵگرتووە لەسەر ئەو نوشتەیەی کە هاوبەشدانانی تێدایە.

دەستەیەکی تر دەڵێن: هەڵواسینی نوشتە دروست نیە، وە بەوەش وتویانە هەریەك لە ئیبنومەسعود و ئیبنو عەباس، ئەویش **ظاهیری** قسەی دیاری حوزەیفەو عوقبەی کوڕی عامرو ئیبنوعوکەییمە، وە بەوەش کۆمەڵێك لە تابیعەکان وتویانە، لەوانە: هاوەڵانی ئیبنومەسعود، وە ئەحمەد لە ڕیواتێکدا، زۆرێك لە هاوەڵانی ئەمەیان پەسەند کردوە، زانایانی دواییں (المتأخرين) جەختیان لەسەر کردۆتەوە، بەڵگەیان بەم فەرموودە هێناوەتەوەو ئەوەشی لەناو ماناکەیدایە.

وتم: ئەمە تەواوە لە سێ ڕووەوە، دەردەکەوێ بۆ کەسێك سەرنج بدات و بیر بکاتەوە:

یەکەم: گشتێتی قەدەغەکردن، وە هیچ تایبەت کەرێك نیە بۆ گشتیەکە.

دووەم: رێگەگرتنی هۆکان(سد الذريعة)، بێگومان ئەو نوشتە دەیبات بۆ لای هەڵواسینی ئەوەی کە بەو شێوەیە نیە.

سێیەم: بێگومان ئەگەر نوشتەی هەڵواسی ئەوە هەر دەبێت ئەوکەسەی پێوە هەڵواسراوە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ سەرئاو کردن و وینەی ئەوانە وەك پیشەیەك.

وە سەرنج بدەو ڕابمێنە لەم فەرموودانە و ئەوەشی پێشین لەسەری بوون خوایان لێ ڕازی بێت، غەریبی ئیسلامت بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەت ئەگەر زانیبێتت مەزنی ئەوەی زۆرێك لەوانە دوای ئەو سێ سەدە فەزڵدار کراوانە تێ ی کەوتوون: لە بەگەورەدانی گوڕەکان و دروست کردنی مزگەوت لەسەریان ڕووتێکردنیان بەدڵ و بەڕوخسار، وە بەخەرجدانی تەواوی پارانەوە و ڕووتێکردنەکان و ترسەکان و ئەو پەرستشانەی کە مافی خوان کەچی بۆ ئەوان سەرفی دەکەن جگە لە خوا هەر وەك فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾ **یونس.** (واتە: هاوار مەکەو مەپەرستە بێجگە لە خوا شتێ نە سوودت پێدەگەیەنێ و نە زیانت لێ دەدات جا ئەگەر کردت ئەوە بێگومان ئەوکاتە تۆ لە ستەمکارانی* وە ئەگەر خوا زیانێ بە تۆ بگەیەنێت هیچ لا دەرێك نی یە بۆ ئەو زیانە بێجگە لە خوا، وە ئەگەر خێرو خۆشیەکی بوێ بۆت ئەوە هیچ ڕێگریکارێك نیە لەبەردەم چاکەی خواداً، ئەو کەسەی خۆی بیەوێت لە بەندەکانی بەهرەمەندی دەکات، وە هەر ئەو لێبوردەی بە بەزەیی یە.

وتەی: (**التِّوَلَةَ**) دانەر دەڵێ: (**هِيَ شَيءٌ يَصْنَعُونَهُ يَزعُمُونَ أَنَّهُ يُحَبِبُ المَرأةَ إلى زَوْجِها والرَّجُلَ إلى امْرَأتِهِ**) واتە: ئەوە شتێکە دروستیان دەکرد پێیان وابوو ژن خۆشەویست دەکات لە لای مێردەکەی، وە مێردیش لە لای ژنەکەی.

هەر بەمە ئیبنو مەسعود گێڕەرەوەی فەرموودەکە تەفسیری کردوە: وەك لە صەحیحی ئیبنو **حیبان** و حاکمدا هاتووە وتیان: ئەی باوکی (عبد الرحمن) ئەمە (**الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ**)مان زانی ئەی (**التِّوَلَةَ**) چیە؟ وتی: شتێکە ئافرەتان دروستی دەکەن خۆیانی پێ خۆشەویست دەکەن لەلای مێردەکانیان [1].

(**الحافظ**) دەڵێ: (**التِّوَلَةَ**) شتێکە ئافرەت خۆشەویستی مێردەکەی پێ ڕادەکێشێ بۆ لای خۆی، ئەویش جۆرێکە لە هاوبەش دانان. خوا زاناترە.

ئەوە یەکێکە لە سیحرو جادو چونکە مەبەست پێی دورخستنەوەی زیان و هێنانی سوودەکانە لە لای غەیری خوا.

---

(١) صحيح ابن حبان (١٤١٢) موارد، والحاكم ٤/ ٤١٨.

فەرموودەی هەرکەسێ شتێك هەڵبواسێت
دەدرێتە دەستی ئەو شتەوە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن عبد اللَّهِ بن عُكَيْمٍ مرفوعاً (من تَعَلَّقَ شيئا وُكِلَ إليه)[1]. رواه أحمد والترمذي.

واتە: هەرکەسێ شتێك هەڵبواسێت دەدرێتە دەستی ئەو شتەوە.(بۆ ئەوەی بەڵایەکی لەسەر لابدات یان سوودێکی پێ بگەیەنێت).

.....

وە ئەبو داوودو حاکمیش گێڕاویانەتەوە، وە (عبد الله)ی کوڕی عوکەیم، (عُكَيم) بە (ضمة) ی (عين) بچووك کراوەیە، کونیەکەی ئەبو مەعبەدە، جوهەنیە، کوفییە. بوخاری دەڵێ: سەردەمی پێغەمبەری ﷺ بینیوە، نەزانراوە ئایا لە پێغەمبەرەوە شتی بیستووە، بەهەمان شێوە ئەبو حاتەمیش هەر وای وتووە. خەطیب دەڵێ: لە کوفە نیشتەجێ بووە، هاتووە بۆ مەدائن لە سەردەمی حوزەیفە، کەسێکە متمانە پێکراو بووە، ئیبنوسەعد باسی کردوە لە غەیری خۆیەوە کە ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتی حەجاج کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: **(من تَعَلَّقَ شيئا وُكِلَ إليه)** وابەستە بوون بە دڵ دەبێت، بە ڕەفتاریش دەبێت، بە هەردوکیشیان دەبێت، **(وُكِلَ إليه)** واتە: خوا دەیداتە دەستی ئەو شتەی کە وا بەستەی بووەو دڵی داوەتێ، هەرکەسێ وابەستە بێ بەخوا و نزولەی پێویستیەکانی بەو بکات و پەنا بۆ لای ئەو ببات و کاروباری خۆی بەخوا بسپێرێت، ئەوە بێگومان خوای بەسە، هەموو دوورێکی بۆ نزیك دەکاتەوە و هەموو گرانیەکی بۆ ئاسان دەکات، وە هەرکەسێك وابەستەی غەیری ئەوبێ یان خۆی بداتە دەستی ڕاو بۆچوون و عەقڵ و نوشتەکان و وێنەی ئەوانە، خوا دەیداتە دەستی ئەو شتەوەو سەرشۆڕی دەکاتێ وە پشتی بەردەدات، ئەمەش شتێکی زانراوە بە ئایەتەکان و ئەزموونەکان. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ ٣﴾ **الطلاق**. (واتە: هەرکەسێ پشت بە خوا ببەستێ خوای بەسە)

ئیمام ئەحمەد دەڵێ: هیشامی کوڕی قاسم بۆمانی باس کرد، ئەبو سەعیدی موئەددیب بۆمانی باس کرد، ئەوکەسەی گوێی لە عەطائی خوراسانی بوو بۆمانی باس کرد، وتی: گەیشتم بە وەهبی کوڕی مونەببیە تەوافی ماڵی پیرۆزی دەکرد، وتم: باسێکم بۆ بکە لە تۆوە لەبەری بکەم لەم جێگایەمدا، با کورت بێت، وتی: بەڵێ، خوا ﷻ وەحی کرد بۆ لای داوود عليه السلام: ئەی داوود، سوێند بە عیزەتم و مەزنیم، هەر بەندەیەك لە بەندەکانم پەنام پێ بگرێ لە غەیری دروستکراوەکانم،

---

(١) أخرجه الترمذي في الطب (٢٠٧٢)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٣٤٥٦)، ولم أقف عليه عند أبي داود.

من ئەو (پەناگرتنە) لە نیەتەکەیدا دەزانم، ئەگەر هەموو حەوت ئاسمانەکان و ئەوەشی تیایاندایە و هەر حەوت زەوی و ئەوەشی تیایاندایە پیلانی بۆ دابنێن، ئەوە بێگومان لەنێوان ئەوانەدا دەرویەکی بۆ دەکەمەوە، ئینجا سوێند بە عیززەت و مەزنیم هەر بەندەیەك لە بەندەکانم پەنا بباتە بەر دروستکراوێ جگە لە من، بێگومان من ئەوە دەزانم لە نیەتی، ئەوە بێگومان هۆکارەکانی ئاسمانی لە دەستەکانی دەپچڕێنم، لەژێر پێیەوە ڕۆی دەچوێنم بەناو زەویدا، پاشان بێ باکم لە چی دۆڵێکدا لەناو دەچێت[1].

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وروى الإمام أحمد عن رُوَيْفِعُ قَالَ: قَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ: (يا رُوَيْفِعُ، لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ، فَأَخْبِرْ الناس أَنَّ من عَقَدَ لِحْيَتَهُ أو تَقَلَّدَ وَتَرًا أو اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أو عَظْمٍ، فإن مُحَمَّدًا منه بَرِيءٌ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە ڕوەیفیعەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەی ڕوەیفیع، لەوەیە تەمەنت درێژەت پێ بدات، هەواڵ بدە بە خەڵکی بێگومان هەرکەسێك ڕیشی گرێ بدات و لوولی بکات و (بیهۆنیتەوە وەك ئافرەتان) یان تیرەو دەزوو لە مل بکات، یان خۆی پاك بکاتەوە بە پشقل و تەرسەقول یان ئێسك، ئەوە بێگومان موحەممەد ﷺ بەریە لێی.

.....

ئەم فەرموودەیە ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە یەحیای کوڕی ئیسحاقەوە، وە لە حەسەنی کوڕی مووسای ئەشیەب، هەردووکیان لە ئیبنو لەهیعەوە گێڕاویانەتەوە، چیرۆکێکی تێدایە دانەر کوڕتی کردوەتەوە.

ئەمەش شێوەی فەرموودەکەی حەسەنی کوڕی مووسایە: ئیبنو لەهیعە بۆمانی باس کرد وتی عیاشی کوڕی عەباس لە شویەیەمی کوڕی بیتان وتی: ڕوەیفیعی کوڕی ثابیت وتی: یەکێك لە ئێمە حوشتری براکەی دەبرد لەسەر ئەوەی نیوەی پێ بدات لەوەی دەستی دەکەوێت لە غەنیمەت و نێوەشی بۆ خۆی بێت، تەنانەت یەکێك لە ئێمە نووکی ئاسنی سەر ڕم و ئەو پەڕەی کە لەسەر ڕمەکەیە بەردەکەوت، وە بۆ ئەوی تر ڕمەکە بەبێ ئاسنەکەی و پەڕەکەی بە ردەکەوت. پاشان پێغەمبەر ﷺ پێمی فەرمو: ..... فەرموودەکە.

هەروەها ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە یەحیای کوڕی غەیلان بۆمی باس کرد ئەلفەضل بۆمانی باس کرد عیاشی کوڕی عەباس کە بەڕاستی شویەیەمی کوڕی بیتان هەواڵی پێداوە کە ئەو بیستوویەتی شەیبانی ئەلقیتبانی - فەرموودەکە(٣١). ئیبنولەهیعە قسەی لەسەرە، وە لە ئیسنادی

---

(١) ليس في (الزهد) ولا (المسند) للإمام أحمد وإسناده ضعيف إلى وهب.

(٢) أخرجه أبو داود في الطهارة ٣٦، والنسائي في الزينة (٥٠٦٧) أبو غدة، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (٢٧)ط غراس.

(٣) صحيح: أحمد ٢٠٨/٤، وسنن أبي داود (٣٦)، والنسائي ٨ / ١٣٥.

دووەم شەیبانی ئەلقیتبانی، وتراوە مەجهول و نادیارە، سەرجەم پیاوەکانی تری سەنەدەکە متمانە پێکراون.

وتەی: (**لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ**) نیشانەی تێدایە لە نیشانەی پێغەمبەرایەتی، بێگومان روویفیع تەمەنی درێژ بوویەوە بۆ ساڵی پەنجاو شەش، لە بەرقە کۆچی کرد لەکاربەدەستانی میسر بوو، ئەو لە ئەنصارەکان بوو. وتراوە لە ساڵی پەنجاو سێ کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**فَأَخْبِرْ الناس**) بەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی ئاگادار کردنەوەی خەڵکی، ئەمەش تایبەت نیە بە روویفیع، بەڵکو هەرکەسێك زانستێکی لەلا بێت لای خەڵکی نەبێت پێویستە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر ئەوو جگە لە ئەویش ئەو زانستەیان دەزانی ئەوە گەیاندن فەرزی کیفایەیە. ئەبوو زورعە ئەمەی وتووە لە شەرحی سونەنی ئەبی داوود.

وتەی: (**أَنَّ مَن عَقَدَ لِحْيَتَهُ**) بە (کسر)ی (لام) نەك شتی تر، کۆی (لحی)یە بە (کسر)ەو (ضم) دەبێت، جەوهەری وتویەتی.

خەطابی دەڵێ: بەڵام قەدەغەکردنی لە گرێدان و لول کردنی ڕیشی بە دوو ڕوو تەفسیر دەکرێت:

یەکەم: ئەوە لە کاتی جەنگدا ئەنجامیان دەدا، ڕیشیان لول دەکردو گرێ دەدا، ئەویش لە شێوازی هەندێ لە عەجەمەکان بوو لولیان دەکردو دەیانبەست. ئەبو سعادات دەڵێ: بەهۆی لووت بەرزی و لەخۆبایی بوون بوو.

دووەم: مانای ئەوەیە، جوانکردنی موو سەر بۆ ئەوەی لوول بخواو ئاڵۆز بێت، ئەویش کاری نێرە موکانە، ئەبو زورعەی کوڕی ئەلعیراقی دەڵێ: چاکترو لە پێشتر ئەوەیە حەمل بکرێت لەسەر بەستنەوەی ڕیش لە نوێژدا، وەك گێڕانەوەی موحەممەدی کوڕی ڕەبیع ئاماژەی پێ کردوە، وە تێدایە: (**أَنَّ مَن عَقَدَ لِحْيَتَهُ في الصَّلاةِ**) واتە: بەڕاستی هەرکەسێك ڕیشی گرێ بدات لە نوێژدا.

وتەی: (**أو تَقَلَّدَ وَتَرًا**) واتە: بیکات بە ملوانکەیەك لە گەردنی یان گەردنی ئاژەڵەکەی. وە لە گێڕانەوەی موحەممەدی کوڕی ڕەبیع (**أو تَقَلَّدَ وَتَرًا يُرِيدُ تَمِيمَةً**) واتە: یان تیرەو دەزوو لە مل بکات مەبەستی پێی نوشتە بێت.

جا ئەگەر ئەمە بۆ ئەو کەسە بێت تیرەو دەزوو لە مل بکات، چی دەوترێ بەوەی خۆی وابەستە بکات بە مردوەکان و داوایان لێ بکات بۆ تەواو کردنی پێویستیەکان و لابردنی بەڵاو ناڕەحەتیەکان، کە بە تۆندی قەدەغە کراوەو لە ئایەتە موحکەمەکاندا هاتووە؟

وتەی: (**أو اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أو عَظْمٍ، فإن مُحَمَّدًا منه بَرِيءٌ**) نەوەویی دەڵێ: بەریە لە کارەکەی، ئەم وتەیە پێچەوانەی ڕواڵەتی فەرموودەکەیە. وە نەوەویی زۆر جار فەرموودەکان لەیەك دەداتەوە بەلادانی (ماناکانیان)، خوا لێی خۆش بێت.

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئیبنومەسعوود بەمەرفوعی: (**لَا تَسْتَنْجُوا بِالرَّوْثِ ولا بِالْعِظَامِ فإنه زَادُ إِخْوَانِكُمْ من الْجِنِّ**)[١]. واتە: خۆتان پاك مەکەنەوە بە پاشماوەی ئاژەڵ و ئیسکەکان، چونکە بێگومان خۆراکی براکانتانە لە جنۆکە. ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی خۆپاکەوە کردنەوە بە هەردوکیان دروست نیە، ئەمەش مەزهەبی ئەحمەدە، لەبەر ئەوە ئیبنوخوزەیمەو دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە لە ئەبو هورەیرەوە: کە بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوە خۆپاك کردنەوە بە ئێسك یان پاشەڕۆ، وە فەرموویەتی: (**إِنَّهُما لا يُطَهِّران**) [٢]. واتە: ئەو دوانە پاککەروە نین.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن سعيد بن جبير قال: (مَن قطعَ تميمةً مِن إنسانٍ كانَ كَعدلِ رقبةٍ) رواه وكيع[٣].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە وتی: هەرکەسێك نوشتەیەك لە ئادەمیەك بپچڕێنێت، ئەوە وەکو ئازاد کردنی بەندەیەك وایە. وەکیع گێڕویەتیەوە.

.....

ئەمە لە لای خاوەنانی زانست حوکمی (رفع)ی هەیە، چونکە وێنەی ئەمانە بە بۆچوون بیروڕا ناوترێ، ئەم فەرموودەیە دەبێتە (مُرسل) چونکە سەعید تابعیە، وە فەزڵی قرتاندنی نوشتەی تێدایە، چونکە هاوبەش دانانە.

وە وەکیع کوڕی جەراحی کوڕی وەکیعە کوفیە، متمانە پێکراوو ئیمامە، خاوەن چەند دانراوێکە لەوانەش کتێبی (الجامع)و جگە لەویش، ئیمام ئەحمەد و چینی خۆی لێیەوە گێڕاویانەتەوە. لە ساڵی سەدو نەوەدو حەوت کۆچی کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وله عن إبراهيم قال : كانُوا يَكرهونَ التَّمائِمَ كلها مِن القرآنِ وغير القرآنِ[٤].

واتە: دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەروەها لە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبراهیم وتی: هاوەڵانی ئیبنومسعوود حەزیان لە نوشتە نەدەکرد بە گشتی نە لە قورئان و نە جگە لە قورئانیش.

.....

ئیبراهیم، ئیمامی ئیبراهیمی کوڕی یەزیدی نەخەعی، کوفی، کونیەکەی ئەبو عیمرانە، متمانە پێکراوە لە فەقیهە گەورەکانە. (**مِزی**)دەڵێ: چوەتە لای عائیشە، بەڵام جێگیر نیە شتی لێ یەوە بیستبێت، لە ساڵی نەوەدو شەش کۆچی کردوە، پەنجا ساڵ تەمەنی کردوە، یان نزیکەی ئەوە.

---

(١)أخرجه مسلم في الصلاة (٤٥٠) عبد الباقي.

(٢)أخرجه الدارقطني ١/ ٥٦ وصححه، وأقره الحافظ في الفتح تحت الحديث (١٥٥).

(٣)ذكره ابن أبي شيبة في المصنف (٣٥٢٤).

(٤) ذكره ابن أبي شيبة في المصنف (٣٥١٨).

وتەی: (**كانُوا يَكرهونَ التَّمائِمَ**) تا کۆتایەکەی، مەبەستی ئیبراهیم لە ئەوانە، هاوەڵانی (عبد الله)ی کوڕی مەسعودە، وەك عەلقەمەو ئەسوەدو ئەبو وائیل و حارثی کوڕی سوەید، عەبیدەی سەلمانی و مەسروق و ڕەبیعی کوڕی خەیثەم و سوەیدی کوڕی غوفولەو جگە لەوانیش، ئیبراهیم لە گەورە پیاوانی ناو تابیعین بوو، ئەم دەستەواژەیە ئیبراهیم بەکار دەهێنێت لە گێرانەوەی قسەکانیاندا، وەك چۆن لەبەر کەرانی فرموودە(**الحفاظ**) ئەوەیان ڕوون کردوەتەوە، وەکو ئەلعراقی و جگە لەویش.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەندین مەسەلەی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری (الرقی والتمائم). نوشتەو چاوەزار.

دووەم: تەفسیری (التولة).

سێیەم: ئەم سێ دانەیە هەموویان هاوبەش دانانن بەبێ جیاکردنەوە.

چوارەم: نوشتە بە فەرمایشتی خوای حەق لە چاوپیسی و تا لە هاوبەش دانان نیە.

پێنجەم: بێگومان نوشتە ئەگەر لە قورئان بێت، ئەوە زانایان بیرو ڕای جیاوازیان هەیە: ئایا ئەو نوشتەیە لە هاوبەش دانانە یان نا؟

شەشەم: هەڵواسینی پەتەکان بە ملی ئاژەڵەکان لەبەر چاوپیسی لە هاوبەش دانانە

حەوتەم: هەڕەشەی سەخت لەسەر ئەوکەسەی تیرەو دەزوو بەخۆیەوە هەڵدەواسێت.

هەشتەم: چاکەی پاداشتی ئەوکەسەی نوشتەیەك لە کەسێك بپچڕێنێت.

نۆیەم: بێگومان قسەی ئیبراهیم پێچەوانەی ئەو ناکۆکیەی پێشوو نیە کە باسی لێوە کرا، چونکە لە مەبەستی ئەوە هاوەڵانی (عبد الله بن مسعود) بوو.



بەشی ٨

هەرکەسێك تەبەڕوك و پیرۆزی وەربگرێت بە دارێك، یان بەردێك یان وێنەی ئەوە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (باب من تبركَ بشجرٍ أو حَجرٍ ونحوهما)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هەرکەسێك تەبەڕوك و پیرۆزی وەربگرێت لە دارێك یان بەردێك و وێنەی ئەوانە.

.....

وەك جێگەیەك یان گۆڕێك و وێنەی ئەوانە، واتە: ئەوە هاوبەش دانەرە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ **النجم.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: دەی پێم بڵێن ئایا لات و عوززا* وە بتی سێیەم کە مەناتە* ئایا ئەوە ڕاستە ئێوە کوڕتان ببێ و خواش کچ؟* ئەگەر وابێ دابەشکردنێکی نادروست دەبێ* ئەم بتانە هەر ناوانێکی ڕوتن کە ئێوەو باوباپیرانتان لێتان ناون خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر پەرستراوی ئەوان نەناردوەتە خوارەوە، تەنها شوێنی گومان و ئەو شتە دەکەون کە نەفسی خۆیان حەزی لێیەتی لە کاتێکدا کە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارییانەوە هیدایەتیان بۆ هاتووە).

.....

(اللاَّت) هی خەڵکی (ثقيف) بوو، عووزاش هی قورەیش و بەنی کینانە بوو، مەناتیش هی نەوەکانی هیلال بوو. ئیبنوهیشام دەڵێ: هی هوزەیل و خوزاعە بوو.

بەڵام (اللاَّت) زۆرینە بە سووك کردنی (التاء) خوێندوویانەتەوە، ئیبنوعەباس و ئیبنوزوبەیرو موجاهیدو ئەبو صالەح و ڕوەیس و یەعقوبەوە بە شەددەی (التاء) خوێندوویانەتەوە.

لەسەر یەکەم: ئەعمەش دەڵێ: ناویان لێ ناوە بە (اللاَّت) لە (الإله) وەرگیراوە، وە (العُزَّى) لە (العزيز) وەرگیراوە. ئیبنو جەریر دەڵێ: ئەوان ناوی (اللات)یان لە (الله) داتاشیوە، دەیانووت:

(اللات) مێینەی (الله)یە، بەرزی بۆ خوا بەرزیەکی بێ وێنە، دەڵێ: بەهەمان شێوە (العُزَّى) لە (العزيز) وەرگیراوە.

ئیبنوکەثیر دەڵێ: (اللات) بەردێکی سپی بوو وێنەی ماڵێکی (**طائف**)ی لەسەر هەڵکۆڵدرا بوو، دەوروبەری بەدیوار داپۆشرابوو، خزمەتکاریشی بەدەورەوە بوو، گۆڕەپانێکی هەبوو کە لای خەڵکی **طائیف** کە هۆزی سەقیف و شوێن کەوتووانی شانازییان پێیەوە دەکرد بەسەر خەڵکانی تردا لە عەرەب لە دوای قورەیش، ئیبنوهیشام دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ موغیرەی کوڕی شوعبەی نارد ڕووخانی و بەئاگر سوتاندی[1].

وە لەسەر دووەم: ئیبنوعەباس دەڵێ: پیاوێك خواردنێکی دروست دەکرد لە ئاردی گەنم و جۆ بۆ حاجیەکان پێی دەوترا (**السَّوِيق**) کاتێ مرد دەمانەوە لە لای گۆڕەکەی، بوخاری باسی ئەمەی کردوە[2].

ئیبنوعەباس دەڵێ: ئەو پیاوە سەویق و ڕۆنی دەفرۆشت لەلای بەردێکدا، لەسەر ئەو بەردە گەرمی دەکرد، کاتی کە مرد، خەڵکی **ثەقیف** ئەو بەردەیان پەرست وەك بەمەزندانانی خاوەن سەویقەکە. وە لە موجاهیدەوە وەکو ئەوەو دەڵێ: کاتێك مرد پەرستیان. سەعیدی کوڕی مەنصور گێڕاویەتیەوە.

بەهەمان شێوە ئیبنوئەبی حاتەم لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە بێگومان ئەوان پەرستنیان هەر بە وێنەی ئەمە کۆمەڵێك لە زانایان وتوویانە.

وتم: هیچ دەژیەکێك لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا نیە، چونکە ئەوان بەردو گوڕیان دەپەرست و بەمەزنیان دادەنان.

جا لەسەر شێوەی ئەمە گومەزو شتە دیارەکان دانران لەسەر گۆڕەکان و کران بە پەیکەرو پەرستران. ئەوەشی تێدایە کە ئەهلی جاهیلیەت پیاوچاکان پەیکەرو بتەکانیان دەپەرست.

بەڵام (العُزَّى) ئیبنو جەریر دەڵێ: دارێك بوو بیناو چوارچێوەی هەبوو لە نەخلە، لە نێوان مەککە و **طائیف**، قورەیشیەکان بە گەورەیان دەزانی، وەك ئەبو سوفیان لە جەنگی ئوحود وتی: ئێمە عوززامان هەیە ئێوە عوززاتان نیە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**قُولوا: اللهُ مَولانَا ولا مَولَى لَكُم**)[3]. واتە: خوا پشتیوانی ئێمەیە ئێوە هیچ پشتیوانێکتان نیە.

نەسائی و ئیبنومەردەوەیهی گێڕوویانەتەوە لە باوکی **طوفەیل**ەوە وتویەتی: کاتێ پێغەمبەر ﷺ مەککەی ڕزگار کرد خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ نەخلە عوززای تێدا بوو، لەسەر سێ درەخت بوو، درەختەکانی بڕی و ماڵەکەی ڕوخاند کە لەسەری دروست کرابوو، پاشان هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و هەواڵی پێدا، فەرمووی: (**ارْجِعْ فَإِنَّكَ لَم تَصنعْ شَيئاً**)، خالید گەڕایەوە، کاتێ خزمەتکارەکان بینیان

---

(١) سيرة ابن هشام ٤/ ١٣٨.

(٢) أخرجه البخاري في التفسير (٤٨٥٩) دون شطره الأخير.

(٣)أخرجه البخاري في الجهاد (٣٠٣٩) فتح.

پەنایان بردە لای کێوەکە، دەیانووت: ئەی عوززا ئەی عوززا، خالید هات بۆ لای تەماشای کرد ئافرەتێکی ڕووتە قژی بەرداوەتەوەو خۆڵ دەکات بەسەریدا، چاوەکانی بە شمشێر کوێر کرد، ئینجا کوشتی، پاشان گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێیدا، فەرمووی: (**تلك العُزَّى**)[1]. ئەوە عووزا بوو. ئەبو صاڵەح دەڵێ: پێستەکان و خوری سوفی ڕەنگاو ڕەنگیان پێدا هەڵدەواسی، عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنوجەریر ڕیوایەتیان کردوە[2].

وتم: هەموو ئەمانەو لەوەش گەورەتر لەم سەردەمەدا لە لای گۆڕی مردوەکان و شوێنی کوبونەوەکان ڕووەدات.

بەڵام (**مناة**) لە جێگایەك بوو لە نێوان مەککەو مەدینە پێی دەوترا (مشلل)، ئەویش شوێنێك بوو نزیك بوو لە (قدید).(قەدید: دێیەك بوو دەکەوتە نێوان مەککەو مەدینە)، ئەم مەناتە خوزاعەو ئەوس و خەزرەج بە گەورەیان دادەنا و لەوێوە دەستیانەکردە ڕێوڕەسمی حەج، بنچینەی وشەی (**مناة**): لە ناوی خوا (المنان) وەرگیراوە، وە وتراوە: لەبەر زۆری سەربڕین لە لای بۆ پیرۆزی و تەبەڕوك ئەو ناوەی لێ نراوە.

بوخاری لە فەرموودەی عوروە لە عائشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: مەنات بتێك بوو لە نێوان مەککەو مەدینە[3].

ئیبنوهیشام دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە سااڵی ڕزگار کردنی مەککە عەلی نارد ڕوخاندی، جا مانای ئایەتەکە وەك **قورطوبی** دەڵێ: لە ئایەتەکەدا لابردنێکی تێدایە ئەندازە دەکرێت بە: (**أفرأيتم هذه الآلهة**) ئایا ئەم پەرستراوانەتان بینی، سودیان هەبوو یان زیان، تا بکرێن بە هاوبەش لەگەڵ خوا ﷻ؟

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ ﴾ ئیبنوکەثیر دەڵێ: ئایا ئێوە منداڵ بۆ خوا دادەنێن و لەناو منداڵانیشدا مێینەی بۆ دادەنێن و بۆ خۆتانیش نێرینە؟ فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ ﴾ واتە: زوڵم ستەم و پووچ.

چۆن ئەم جۆرە دابەش کردنە دەدەنە پاڵ پەروەردگارتان، ئەگەر ئەمە لە نێوان خۆتاندا بوایە بەستەم و گەمژەییتان دا دەنا، نەفسی خۆتانتان پاك ڕادەگرن لە مێینە و بۆ خوا دای دەنێن

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنْ هِيَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم ﴾ واتە: لە نەفس و دەروونی خۆتانەوە ﴿ مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ﴾ واتە: لە بەڵگە ﴿ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ ﴾ واتە: هیچ پاڵپشتێکیان نیە مەگەر گومانی باشیان بە باوباپیرانیان ئەوانەی کە ئەم ڕێگا ناڕاست و پووچەیان گرتووەتە بەر ﴿ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ﴾ ئەگەرنا شوێنی هەواو نەفسی خۆیان کەوتن لە دەسەڵات و پلەو پایەیان، وە بە مەزندانانی باپیرانی پێشینیان.

---

(١)أخرجه النسائي في الكبرى (١١٥٤٧)، وأبو يعلى (٩٠٢)، وهو حديث حسن.

(٢)تفسير الطبري ٢٧/ ٣٧.

(٣)علقه البخاري في التفسير (٤٨٦١) فتح، وانظر تعليق الحافظ عليه في الفتح.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾ ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا ﷻ پێغەمبەرانی بۆ ناردووون بەحەقی ڕووناککەرەوەو بەڵگەی یەکلاکەرەوە، لەگەڵ ئەمەدا شوێنی ئەو پەیامە نەکەوتوون کە ئەوان هێنابوویان و ملکەچی نەبوون.

ئایەتەکان پڕاو پڕ دێنەوە لەگەڵ لەیەکدانەوەکەدا لەو ڕووەی کە بێگومان بتپەرستان بڕوایان هەبوو بە بەدەستهێنانی پیرۆزی و بەرەکەت بەهۆی مەزندانانیان و داوای کۆمەکی لێیان و پشتبەستن پێیان لە بەدەستهێنانی ئەوەی ئومێدی دەکەن و ئاواتی بۆ دەخوازن، بەهۆی بەرەکەت و تکاکردنیان و جگە لەوانەش.

جا تەبەڕوک و پیرۆزی وەرگرتن لە گۆڕی پیاوچاکان وەک (اللَّات)، وە بە دارو بەردەکان وەک عوززاو مەنات، لە چوارچێوەی ڕەفتاری ئەو هاوبەشدانەرانەیە لەگەڵ ئەو بتانە، هەرکەسێک وێنەی ئەوانە ئەنجام بدات و هەمان بڕوای ئەوانی هەبێت بۆ گۆڕێک یان بەردێک یان دارێک، ئەوە خۆی چووەندوە بەوانەی بەندەی ئەو بتانەن لەوەی لەگەڵیان دەیان کرد لەم شیرکە، لەگەڵ ئەوەی حەقیقەتی ئەو هاوبەشدانەرانە لەگەڵ پەرستراوەکانیان مەزنترە لەوەی ڕووی داوە لە ئەوانی دیکە. خوا یارمەتیدەر بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن أبي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ قَالَ: خَرَجْنَا مع رسول الله ﷺ إلى حُنَيْنٍ، وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ، وللمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا ويَنُوطُونَ بها أَسْلِحَتَهُمْ، يُقَالُ لها ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ، فَقُلْنَا: يا رَسُولَ اللَّهِ، اجْعَلْ لنا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كما لهم ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فقال رسول اللَّهِ ﷺ: (اللَّهُ أَكْبَرُ إِنَّهَا السُّنَنُ قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بيده كما قالت بنو إِسْرَائِيلَ لموسى ﴿ ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾ الأعراف. لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ من كان قَبْلَكُمْ)[1]. رواه الترمذي وصححه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی واقیدی لەیثی وتی: لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەرچووین بۆ حونەین، ئێمە تازە موسڵمان بوین نزیك بوین لە سەردەمی نەفامی، هاوبەشدانەران داری سیدرێکیان هەبوو، (واتە: داری نەبەق) لە لای دەمانەوەو چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی بۆ پیرۆزی و تەبەڕوک، پێی دەوترا (ذات أنواط) واتە: شوێنی هەڵواسینی چەکەکان بۆ بەرەکەت، جا ئێمەش تێپەڕین بەلای دار سیدرەکەدا، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆش شوێنی هەڵواسینێکمان (چوکڵداریکمان) بۆ دابنێ وەکو چۆن ئەوان شوێنی هەڵواسینیان هەیە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (خوا گەورەیە ئەوە (شوینکەوتنی)ڕێچکەکانە، قسەیەکتان کرد سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە هەروەکو نەوەکانی ئیسرائیل بە موسایان وت: (هەروەك ئەو پەرستراوانەی ئەوان تۆیش پەرستراوێکمان بۆ دابنێ، موسا وتی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن) بێگومان ئێوە شوێنی ڕێگاکانی ئەوانە دەکەون کە لە پێشتانەوە بوون). ترمزی گێڕاویەتیەوەو بەڕاستی داناوە.

---

(١)أخرجه الترمذي في الفتن (٢١٨٠)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي، وفي جلباب المرأة المسلمة.

ترمزی دەڵێ: ئەبو واقید: ناوی حارثی کوڕی عەوفە، لەم بەشەدا لە ئەبی سەعیدو ئەبی هورەیرەشەوە هاتووە ترمذی ئەمەی وتووە، وە ئەحمەدو ئەبو یەعلا و ئیبنوئەبی شەیبەو نەسائی و ئیبنوجەریرو ئیبنولمونزیرو ئیبنوئەبی حاتەم و طەبەرانی و وێنەی ئەوەیان هێناوە.

وتەی: (عن أبي وَاقِدٍ) ناوی باسکرا لە پێشەوە لە وتەی ترمزیدا، ئەو هاوەڵێکی بەناوبانگ بووە، لە شەست و هەشت کۆچی کردووەو هەشتاو پێنج ساڵ ژیاوە.

وتەی: (خَرَجْنَا مع رسول ﷺإلى حُنَيْنٍ) لە فەرموودەی عەمری کوڕی عەوف، ئەویش لە لای ئیبنوئەبی حاتەم و ئیبنومەردەویەهی و طەبەرانی، دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککە، ئیمە هەزارو ئەوەندە بوین، تا ئێمە لە نێوان حونەین و طائیف بووین....فەرموودەکە[1].

وتەی: (وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ) نزیکی سەردەمی بێبڕوایی بوین، ئەمە بەڵگەی تێدایە لەوەی غەیری ئەوان لەو هاوەڵانەی پێشتر موسڵمان بوون لەمە بێ ئاگا نەبوون، وە ئەو کەسەی گواستویەتیەوە لە و پوچیەی کە دڵی خۆی پێوە گرتبوو، پارێزراو نابێ لەوەی کە لەدڵیدا پاشماوەیەک لەو خوو نەریتە مابێت ، دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی ئەمەی کردووە.

وتەی: (وَلِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا) (العكوف): بریتیە لەمانەوە لەسەر شتێك لەشوێنێکدا، وێنەی ئەوەش وتەی ئیبراهیمی خەلیلە عليه السلام: ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمۡ لَهَا عَٰكِفُونَ ٥٢﴾ الانبياء. (واتە: ئا ئەم پەیکەرو بتانە چین کە ئێوە دەیان پەرستن) مانەوەی هاوبەشدانەران لەلای ئەو دار سیدرە وەك تەبەڕوك و بەمەزن دانانی بوو پێ ی..

وە لە فەرموودەی عەمردا هاتووە: چەکەکانی پێدا هەڵدەواسرا بۆیە ناونرا بە (ذات أنواط) واتە: شوێنی هەڵواسینی چەکەکان(چوکڵدار) بۆ پیرۆزی، ئەوە دەپەرسترا لەجیاتی خوا ﷻ.

وتەی: (وَيَنُوطُونَ بها أَسْلِحَتَهُمْ) واتە: چەکەکانیان پێیدا هەڵدەواسی بۆ پیرۆزی و بەرەکەت.

وتەم: لەمەدا ڕوون کردنەوە هەیە پەرستشی ئەوان بۆ ئەو دارە بۆ بەمەزن دانان و مانەوە بوو لە لایان و تەبەڕوك وەرگرتن بوو لێیانەوە، بەم سێ شتە دارەکان و وێنەی ئەوانیش پەرستراون.

وتەی: (فَقُلْنَا: يا رَسُولَ اللَّهِ، اجْعَلْ لنا ذَاتَ أَنْوَاطٍ) ئەبو سەعادات دەڵێ: داوایان کرد وێنەی ئەوانیان بۆ دابنات، (أَنْوَاط) کۆی (نوط)ە، ئەویش چاوگە ناوەمەفعولەکەی پێ ناونراوە. گومانیان وابوو کە ئەم کارە خۆشویستراوە لەلای خوا، وە مەبەستیان پێی نزیك بوونەوە بوو لە ئەو، ئەگەر نا ئەوان لەوە بەڕێزتر و گەورەتر بوون کە مەبەستیان ئەوە بێ پێچەوانەی پێغەمبەر ﷺ بجوڵێنەوە.

وتەی: (فقال رسول اللَّهِ ﷺ: (اللَّهُ أَكْبَرُ) لە ڕیوایەتێکدا هاتووە (سبحان الله) مەبەست پێی بەمەزن دانانی خواو پاکڕاگرتنی بووە لەهاوبەشدانان بەهەر جۆرێك بێ، لەوەی کە دروست نیە داوای بکرێت، یان بکرێتە جێ ی مەبەست جگە لەخوا ، پێغەمبەر ﷺ تەکبیر و تەسبیحی بەکاردەهێنا لەکاتی

---

(١) أخرجه ابن أبي حاتم ٥/ ١٥٥٤ ، والطبراني في الكبير ١٧ / ٢١، (٢٧)، وقال الهيثمي في المجمع ٧/ ٩٥ : رواه الطبراني، وفيه: كثير بن عبد الله، وقد ضعفه الجمهور، وحسن الترمذي حديثه.

سەرسوڕماندا، بۆ بەمەزندانانی خواو بە پاکڕاگرتنی، ئەگەر شتێکی لەکەسێك ببیستایە شیاوی خوا نەبوایە لەوەی بەکەم دانانی هاوشانی پەروەردگارێتی یان پەرستراوێتی تێدا بوایە.

وتەی: (**إِنَّهَا السُّنَنُ**) واتە: ڕێگاکان.

وتەی: (**قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بيده كما قالت بنو إِسْرَائِيلَ ﴿اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ﴾**) وتەکانی ئەوانی چواند بە وتەی نەوەکانی ئیسرائیل، بە وتەیەکی کۆکەرەوە کە هەریەکەیان داوایان کردووە شتێکیان بۆ دابنێن کە بیپەرستن لەجیاتی خوا، ئەگەرچی ئەو دوو دەستەواژەیە جیاوازن (**إله، وذات أنواط**) بەڵام یەك مانایان هەیە، جا گوڕینی ناو حەقیقەتەکە ناگۆڕێت.

تێبینی: ترسان لە هاوبەشدانان، هەندێ جار ئادەمی شتێك بەچاك دەزانێت واگومان دەبات نزیکی دەکاتەوە لەخوا، بەڵام ئەو شتە بە ئەوپەڕی دوورخستنەوە دوری دەخاتەوە لە ڕەحمەتی خواو نزیکی دەکاتەوە لە خەشم و قینی، کەس ئەمە لەسەر شێوە ڕاستی خۆ نازانێ، مەگەر کەسێ بزانێ ئەوەی لەم کاتانەدا ڕووی داوە لە زۆرێك لە زاناو خواپەرستەکان لەگەڵ خاوەن گۆڕەکان لە زیادەڕەوی تێدا کردنیان و بە خەرجدانی تەواوی عیبادەتەکان بۆیان وادەزانن ئەوان لەسەر شتێکن، بەڵام ئەوە تاوانێکی گەورەیە خوا ﷻ هەرگیز لێی خۆش ناوێت.

(**الحافظ**) ئەبو مەحەممەد (عبدالرحمن)ی کوڕی ئیسماعیلی شافعی ناسراو بە (**ابن ابي شامة**) لە کتێبی (**البدع والحوادث**) وتویەتی: هەروەها لەم بەشە ئەوەش هەیە کە بەگشتی خەڵکی پێ تاقی بوونەتەوە لە ڕازاندنەوەی شەیتانە بۆ عامەی خەڵك: دروستکردنی دیوارو پایەو ڕوناکی کردنی ئەو شوێنە تایبەتانە لەهەموو وڵاتێکدا، کەسێك شتێکیان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەخەویدا بینیویەتی یەکێك لەوانەی کە ناوبانگیان هەیە بەچاکە و دۆستایەتی خوا، ئەوانیش ئەوە ئەنجام دەدەن و پارێزگاری لێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا وازیان هێناوە لە فەرزەکانی خواو سوننەتەکانی، وە وا گومان دەبەن ئەوان بەو کارە نزیك دەبنەوە لەخوا، پاشان ئەوەش تێدەپەڕێنن تا ئەو شوێن و جێگایانە لە دڵیاندا مەزن دەبێت، وە ئومێدی چارەسەر کردنی نەخۆشەکانیان و بەجێهێنانی پێداویستیەکانیان بە بە نەزر کردن بۆیان ئەنجام دەدەن، ئەویش لەکانی و دارو دیوارو بەردە، لەوانەش ئەوانە لەشاری دیمەشقدا لە چەند شوێنێك هەن، وەك (**عوينة الحمى**) لەدەرەوەی (باب توما) وە (العمود المخلق) لەناو (باب الصغير) وە (**الشجرة الملعونة**) لە دەرەوەی (باب النصر) لەهەمان ناوەڕاستی ڕێگا، خوا ئاسانی بکات بڕین و لەبن دەرهێنانی، ئەو هەر لە (**ذات أنواط**) دەچێت کە لە فەرمودەکەدا هاتووە.

ئیبنو لقەییمیش بەهەمان شێوەی (**أبو شامة**) باسی کردوە، پاشان وتویەتی: ئای چەندە پەلە دەکەن هاوبەشدانەران، بۆ دانانی بتەکان لەجیاتی خوا، ئەگەر هەرچی بێت، وە دەڵێن: بەڕاستی ئەم بەردەو ئەم دارە، وە ئەم کانیاوە نەزر وەردەگرێ، نەزر کردنیش پەرستشە وە نزیك بوونەوەیە، قوربانی کەر نزیك دەبێتەوە پێی لە قوربانی بۆ کراو.

لەداهاتوودا ئەوەی پەیوەندی بەم بابەتەوە بێت باس دەکرێت لەکاتی گەیشتن بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**اللهم لا تجعل قبري وثنا يعبد**)[1] .

وە لەم ڕستەیەدا چەندین سوود هەیە: کەسێ بڕوای بە دارو بەرد هەبێ هەر لە تەبەڕوك پێ کردنی و مانەوە لە لایان و سەربڕین بۆیان ئەوەی دەیکات ئەوە شیرکەو قوربانیان بۆسەر ببڕێت، ئیتر فریو ناخورێ بە عەوام و کۆمەڵێ گێل و گەمژەکان وە بەدووریش نازانرێ کە شەریك و دانان لەم ئوممەتەدا ڕووبدات، جا ئەگەر هەندێ لەهاوەڵان گومانی ئەوەیان بردبێت بەچاکەو داوای ئەوەیان کردبێت لەپێغەمبەر، تا ئەویش بۆی ڕوون کردونەتەوە بەڕاستی ئەوەی ئەوان داوای دەکەن وەکو قسەی بەنی ئیسرائیلە ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ ١٣٨﴾ ئیتر چۆن ناشارێتەوە لەسەر کەسانێك لەخواری ئەو هاوەڵانەوەن لە زانست و ڕێزو پلەو پایەدا بەچەند قات، لەگەڵ زاڵبوونی نەفامی و دووری سەردەم لە شوێنەوارەکانی پێغەمبەرایەتی؟! بەڵکو هاوبەشدانانی گەورە لەلای ئەوان شاراوەیە لەپەرستراوێتی و پەروەردگارێتی، جا کارەکەیان بەمەزن داناوەو کردویانە بە نزیك بوونەوە.

وە ئەوەشی تێدایە: کە لەحوکمەکان بە ماناکان پەند وەردەگرین نەك بە ناوەکان، وە هەر لەبەر ئەمەیە، پێغەمبەر ﷺ داواکەی ئەوانی وەك داواکەی بەنی ئیسرائیل دانا، وە لای بە لای ئەوەدا نەکردەوە کە ئەوان بە (**ذات أنواط**) ناویان بردووە، جا موشریك هەر موشریکە ئەگەرچی شیرکەکەی هەرناوێ بنێ، هەروەك کەسێ کە پارانەوە لە مردووان و سەربڕین و نەزر بۆ کردنیان هاوشێوەی ئەوەش ناو بنێ بە گەورەدانان و خۆشویستن، بێگومان ئەوە هاوبەش دانانە، هەرچیەکی ناوبنێ، بۆخۆت لەسەر ئەوە قیاس بکە.

وتەی: (**لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ من كان قَبْلَكُمْ**) بە (**ضمة**)ی (باء)و (**ضمة**)ی (**السين**) واتە: ڕێگاو پرۆگرامەکانیان، بێگومان دروستە بە (**فتح**)ی (**السين**) لەسەر ئەوەی تاکە، واتە: ڕێگەیان. ئەمەش هەواڵێکی ڕاستە، واقیعیش لە زۆرێك لەم ئوممەتانە شایەتی بۆ دەدات.

وە تێیدایە: نیشانەیەك لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی لەو ڕووەی ئەو هاوبەشدانانە ڕوویداوە وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێداوە.

وە لە فەرموودەکەدا هاتووە: قەدەغەکردن لە خۆشوبەهاندن بە جاهیل و نەفامەکان و خاوەن کتێبەکان لەوەی کە ئەنجامیان دەدا، مەگەر شتێ بەڵگەی لەسەر هاتبێت کە ئەوە لە شەریعەتی موحەممەدە ﷺ.

---

(١) الباب رقم (٢).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه التنبيه على مسائل القبر، أما: من ربك ؟ فواضح. وأما: من نبيك؟ فَمِنْ إخبارِهِ بِأنباءِ الغيب. وأما: ما دينك؟ فمن قولهم ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا﴾ إلخ. وفيه: أن الشرك لا بد أن يقع في هذه الأمة خلافاً لمن ادعى خلاف ذلك، وفيه الغضب عند التعليم، وإن ما ذم الله به اليهود والنصارى فإنه قاله لنا لنحذره. قاله المصنف رحمه الله.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەم فەرموودەیە ئاگادارکردنەوەی تێدایە لەسەر مەسەلەکانی گۆڕ، بەڵام: کێ پەروەردگارتە؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە، پاشان کێ پێغەمبەرتە؟ واتە: ئەوە لە هەواڵدانی لەبارەی غەیبەوە(دەزانین کە پێغەمبەرە) وە لەسەر چ ئایینێکیت؟ لە وتەی ئەوان: ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا﴾ (پەرستراوێکمان بۆ دابنێ) تا کۆتایی ئایەتەکە. ئەوەشی تێدایە کە هاوبەشدانان هەر دەبێ لەم ئوممەتەدا ڕووبدات، بە پێچەوانەی ئەوکەسەی بانگەشەی پێچەوانەی ئەوە دەکات (کە هاوبەش دانان لەم ئوممەتەدا ڕوونادات)، وە تووڕەبوونی تێدایە لە کاتی فێرکردندا، ئەوەی خوا سەرزەنشتی جولەکەو گاوری پێ کردووە بێگومان بە ئێمەی فەرمووە بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین. ئەمە وتەی دانەرە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

•••••••••••••••••••••••••••••

بەڵام ئەوەی هەندی لە زانایانی دواییەن بانگەشەی بۆ دەکەن لەوەی دروستە تەبەڕوک بە شوێنەواری هاوەڵان و پیاوچاکان ئەمە ڕێگری کراوە لە چەند ڕووەوە:

لەوانە: بێگومان پێشینی یەکەمین لە هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوانیش ئەوەیان ئەنجام نەدەدا لەگەڵ غەیری پێغەمبەر ﷺ، نە لە ژیانیدا نە لە دوای مردنی، ئەگەر چاك بوایە پێشمان دەکەوتن لەوەدا، چاکترینی هاوەڵان ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان و عەلیە خوایان لێ ڕازی بێت، پێغەمبەر ﷺ شایەتی بۆیان دا لەناو ئەوانەی کە شایەتی بۆ داون بە بەهەشت، هیچ یەکێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان لە تابعین ئەوەیان نەکردوە لەگەڵ ئەو سەردارانەدا، بە هەمان شێوە شوێنکەوتوانیشیان لە تابعین ئەوەیان نەکردوە لەگەڵ هیچ یەکێك لە گەورەکانیان لە زانست و دیندا و هەر ئەوانیش پێشەنگ بوون لە هەمان کاتدا، دروست نیە هیچ کەسێك لەم ئوممەتەدا قیاس و ئەندازە بکرێت بە پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا تایبەتمەندی زۆری هەبووە شیاو نیە غەیری ئەو بەشداری تێدا بکات.

لەوانە: بێگومان لە ڕێگری کردن لە وەرگرتنی تەبەڕوک داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکانی هاوبەشدانان هەیە وەك چۆن شاراوە نیە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیرکردنی ئایەتەکەی سورەتی (النجم).

دووەم: زانینی وێنەی ئەو کارەی کە داوایان کرد. (داوای کرد پێغەمبەر ﷺ دارێکیان بۆ دیاری بکات بۆ موبارەکی)

سێیەم: خودی خۆیان ئەو کارەیان نەکرد. (بەڵکو تەنها داوایان کرد)

چوارەم: ئەوان لەو کارە مەبەستیان نزیك بوونەوە بوو لە خوا، چونکە گومانیان وابوو خوا ئەوەی خۆش دەوێ.

پێنجەم: ئەگەر ئەوان ئەمەیان نەزانیبێ ئەوا غەیری ئەوان لە پێشترن بە نەزانی

شەشەم: بێگومان ئەوان چاکەی وایان هەیە وە پەیمانی وایان هەیە بۆ لێخۆشبوون، کە غەیری ئەوان نیەتی.

حەوتەم: بێگومان پێغەمبەر ﷺ لەو کارەدا عوزرو بیانووی بۆ نەهێناونەتەوە، بەڵکو بەرپەرچی دانەوە بەوتەی: (**اللَّهُ أَكْبَرُ، إِنَّهَا السُّنَنُ، لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ من كان قَبْلَكُمْ**) کارەکەی بەم سێ فەرمانە توند کردەوە.

هەشتەم: ئەو شتە گەورەیەی کە لێرەدا مەبەستە: بێگومان پێغەمبەر ﷺ هەوالّیدا کە داواکاریەکانی ئەوان هەروەکو داواکاریەکانی نەوەکانی ئیسرائیل وابوو کاتێ بە موسایان وت:﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا﴾.

نۆیەم: بێگومان ڕەتکردنەوەی ئەم داواکاریەی ئەوان بەشێکە لەمانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)، لەگەڵ وردی و شاراوەیی لەلای هاوەڵان.

دەیەم: پێغەمبەر ﷺ سوێندی خوارد لەسەر ئەو فتوایە، دیارە ئەویش سوێند ناخوات مەگەر بۆ بەرژەوەندیەکی گەورە

یازدە: بێگومان هاوبەشدانان گەورەو بچووکی تێدایە، چونکە ئەوان بەو کارە هەڵنەگەڕاونەتەوە.

دوازدە: وتەی ئەوان: (وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ) واتە: (ئێمە تازە وازمان هێنا بوو لە کوفر) بەڵگەی تێدایە کە غەیری ئەوان لە هەوەڵان زانیویانە ئەوە شیرکە.

سیازدە: تەکبیر کردن (الله اکبر) لەکاتی سەرسوڕماندا سوننەتە، بە پێچەوانەی ئەوانەی ئەوانەی بە کەراهەتی دەزانن.

چواردە: داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکان.

پازدە: قەدەغەکردن لە خۆشوبهاندن بە خەڵکانی نەفام و جاهیل.

شازدە: توڕەبوون لەکاتی فێرکردندا دروستە.

حەڤدە: یاسای گشتی لە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**إِنَّهَا السُّنَنُ**).

هەژدە: بەڕاستی ئەمە نیشانەیەکە لەنیشانەکانی پێغەمبەرایەتی، چونکە هەروەك چۆن هەوالّیداوە ڕوویداوە.

نۆزدە: ئەوەی خوا ﷻ گاورو جولەکەکانی پێ سەرزەنشت کرد لە قورئاندا بێگومان ئەوە بۆ ئێمەیشە (کە نابێت ئێمەش وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکەین).

بیست: ئەوە لەلای هاوەڵان جێگیر بوو کە پەرستشەکان بوونیات نراون لەسەر فەرمان، جا ئەوکات ئاگادار کردنەوەیەکی تێدایە لەسەر مەسەلەکانی گۆڕ، بەڵام کێ پەروەردگارتە؟ ئەمە ئاشکرایە، بەڵام(ومن نبيك) واتە: لە هەواڵ دانیەتی لەبارەی غەیبەوە دەزانین کە پێغەمبەرە، وە لەسەر چ ئاینێکیت؟ لە وتەی ئەوان: ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا﴾ (پەرستراوێکمان بۆ دابنێ) تا کۆتایی ئایەتەکە.

بیست و یەك: بێگومان ڕێبازی خاوەن کتێبەکان وەکو ڕێبازی هاوبەشدانەران سەرزەنشت کراوە.

بیست و دوو: ئەو کەسەی کە واز لە پووچ و بەتاڵ دەهێنێت، ئەو پووچ و بەتاڵەی کە دڵی لەسەری ڕاهاتووە، پارێزراو نیە لەوەی دڵی پاشماوەی ئەو عادەتەی تیا مابێت، چونکە ئەوان وتیان: ئێمە تازە موسڵمان بووین، نزیك بووین لە نەفامیەوە.



بەشی ٩

ئەوەی هاتووە دەربارەی سەربڕین بۆ غەیری خوا

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (باب ما جاء في الذبح لغير الله)

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی سەربڕین بۆ غەیری خوا). واتە: لە هەڕەشەکردن، چونکە بێگومان ئەوە هاوبەشدانانە بۆ خوا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تعاى: وقول الله تعالى: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ **الأنعام.**

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ بێگومان نوێژو بەندایەتی وسەربڕین و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە* هیچ هاوبەشێکی نیە و هەر بەوە فەرمانم پێ دراوە وە من یەکەمی هەموو فەرمانبەرانم بۆ خوا).

.....

ئیبنوکەثیر دەڵێ: خوا فەرمانی پێ دەکات کە هەواڵ بدات بە هاوبەشدانەران ئەوانەی غەیری خوا دەپەرستن و سەربڕین بەناوی تڕەوە دەکەن: بەوەی بە پوختی نوێژ بۆ خوا دەکات و سەربڕینی بۆ دەکات، چونکە هاوبەشدانەران بتەکانیان دەپەرست و سەربڕینیان بۆ دەکردن، خوا فەرمانی پێ کرد بە پێچەوانە کردنی ئەوان و لادان لەوەی ئەوان تیایدان، وە ڕووتێکردنی بە مەبەست و نیەت و خۆڕاگری لەسەر دڵسۆزی بۆ خوا ﷻ، موجاهید وتی: سەربڕین لە حەج و عومرە، ئەوری لە سەدی لە سەعیدی کوڕی جوبەیر: ﴿ وَنُسُكِي ﴾ سەربڕینم. بەهەمان شێوە ضەحاکیش هەر وای وتووە. جگە لەویش وتویەتی: ﴿ وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي ﴾ واتە: ئەوەی ئەنجامی دەدەم لە ژیانمدا و ئەوەشی لەسەری دەمرم لە ئیمان و کردەوەی چاک ﴿ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ بەپوختی لە پێناو خوادا ﴿ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴾ دڵسۆزی و ئیخلاص ﴿ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ ﴾ واتە: لەم ئوممەتە چونکە ئیسلامەتی هەموو پێغەمبەرێك پێش کەوتووە.

ئیبنوکەثیر دەڵێ بەو شێوەیە کە وتوویەتی بێگومان سەرجەم پێغەمبەران لە پێش پێغەمبەر ﷺ بانگەوازیان هەر بۆ لای ئیسلام بووە، ئەویش پەرستشی خوایە بەتاك و تەنها بەبێ ئەوەی هاوبەشی

بۆ دابنرێت. هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾الأنبياء. واتە: ئێمە نەمان ناردووە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان بۆ ناردووە بەوەی کە بێگومان جگە لە من هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە کەواتە تەنها من بپەرستن. وە چەند ئایەتی باس کردوە کە پەیوەندی بەم ماناوە هەیە.

ڕووی گونجان و جووت بوونی ئایەتەکە لەگەڵ باسەکە: بەڕاستی خوا پەرستشی بۆ بەندەکانی داناوە بەوەی نزیك ببنەوە لێی بە سەربڕین، کردونیەتیە بەندە بە نوێژو غەیری نوێژ لە جۆرەکانی تری پەرستن، خوا فەرمانی پێکردون بە دڵسۆزی سەرجەم جۆرەکانی پەرستشی بۆ ئەنجام بدەن، وە ناببێ بۆ ئەوانی تر لە غیری خوا ئەنجامی بدەن، جا ئەگەر نزیك بوونەوە لە غەیری خوا بە سەربڕین یان جگە لەوە لە جۆرەکانی پەرستش، ئەوە شەریکیان بۆ خوا داناوە لە پەرستنیدا، ئەوەش دیارە لە فەرمایشتی: ﴿ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ﴾ ڕەتی کردوەتەوە خوا هاوبەشی هەبێت لەم پەرستشانەدا، سوپاس بۆ خوا ئەوە ڕوونە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قوله: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ﴿٢﴾ ﴾ الكوثر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا: ئەی موحەممەد نوێژو قوربانی بۆ پەروەردگارت بکە)

.....

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ فەرمانی کردوە نێوانی ئەم دوو پەرستشە پێکەوە کۆ بکاتەوە، ئەوانیش: نوێژو سەربڕینن، کە بەڵگەن لەسەر نزیك بوونەوەو خۆبەکەم دانان و خۆ هەژارکردن بۆی و گومانی باش وە هێزی یەقین و دڵنیایی و ئارامی دڵ لای خوا و بەڵێنی ئەوە، بەپێچەوانەی حاڵی ئەهلی لووت بەرزەو دەمارگیری و بێزاری و ئەوانەی خۆیان بە بێ نیاز دەزانن لە خوا ئەوانە هیچ پێویستیان بە نوێژ نیە لای پەروەردگاریان، ئەوانەی قوربانی بۆ ناکەن لە ترسی ئەوەی هەژار نەکەون، بۆیە خوا کۆیکردوەتەوە لە نێوانیاندا لە فەرمایشتی: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي ﴾ (واتە: تۆ بڵێ ئەی موحەممەد ﷺ بەڕاستی نوێژو قوربانیم). (النُّسُك): قوربانی کردنە بۆ خوای تاك و تەنها و لە پێناوی ئەودا. بێگومان ئەو دوانە گەورەترین پەرستشن تا نزیك بوونەوەیان پێ بکرێ لەلای خوا، چونکە خوا بە (فاء) هێناویەتی کە بەڵگەیە لەسەر هۆکار، چونکە ئەنجامدانی ئەو پەرستشانە هۆکاری هەستانە بە سوپاسی ئەوەی خوا بەخشیویەتی لە ئاوی کەوثەر. گەورەترین پەرستشە جەستەییەکان: نوێژە، وە گەورەترین پەرستشە ماڵیەکان: سەربڕینە. ئەوەی لە نوێژدا کۆ دەبێتەوە بۆ بەندە لە هیچ پەرستشێکی تردا کۆ نابێتەوە بۆی، وەکو خاوەن دڵە زیندوەکان دەیزانن، ئەوەشی لە قوربانیدا کۆ دەبێتەوە ئەگەر ئیمان و دڵسۆزی لەگەڵدا بێت، لە هێزی دڵنیایی و یەقین و گومانی چاك بردن: شتێکی سەرسوڕهێنەرە، پێغەمبەر ﷺ زۆر نوێژی دەکرد و زۆریش قوربانی دەکرد.

وتم: بەڕاستی نوێژ زۆرێك لە پەرستشەکانی لە خۆ گرتووە، لەوانەش پاڕانەوەو تەکبیر کردن و تەسبیح و خوێندنی قورئان و ستایش کردن و وەستان و کڕنووش و سوژدە بردن و وەستانەوەو

ڕووکردنە خوای بەرز بەدڵ و جەستە و جگە لەوانەش کە ڕێگە پێدراون لە ناو نوێژدا، هەموو ئەمانە لە جۆرەکانی پەرستشن کە نابێت هیچی بۆ غەیری خوا ئەنجام بدرێن: بەهەمان شێوە سەربڕین، چەند شتێ لە عیبادەت لە خۆدەگرێ وەک لە وتەی شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عَنْ عَلِيٍّ بن أبي طَالِبٍ قَال: حدثني رسول الله ﷺ بأربع كلمات: (لَعَنَ الله من ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، وَلَعَنَ الله من لَعَنَ وَالِدَيْهِ، وَلَعَنَ الله من آوَى مُحْدِثًا، وَلَعَنَ الله من غَيَّرَ مَنَارَ الأرضِ) رواه مسلم[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عەلی کوڕی ئەبی طالیب وتی: پێغەمبەر ﷺ چوار وشەی پێ وتم: نەفرینی خوا لەو کەسەی بۆ غەیری خوا سەردەبڕێ، وە نەفرینی خوا لەو کەسەی نەفرین لە دایك و باوکی دەکات، وە نەفرینی خوا لەوکەسەی پەنای تاوانبارێك(دەڵێ یان بیدعەچیەك) دەدات لەوەی تۆڵەی لێ بکرێتەوە، وە نەفرینی خوا لەوکەسەی کە نیشانەی سنوری زەوی تێك دەدات. موسلیم گێڕایەتیەوە لە چەند ڕێگەیەکەوە، وە چیرۆکێ لەبارەیەوە هەیە.

••••••

ئەبو سەعادات دەڵێ: بنچینەی (اللعن): دەرکردن و دورخستنەوەیە لە خوا، لەناو خەڵکیشدا سەرزەنشت و دوعا لێ کردنە.

شێخی ئیسلام: ڕەحمەتی خوای لێ بێت شتێ دەڵێ کە ئەمە واتاکەیەتی: خوا نەفرین لەوکەسە دەکات کە شیاوی نەفرین لێ کردنە بە وتە هەر وەك چۆن صەڵاوات و دروود دەنێرێت بۆ ئەو کەسەی شیاوی دروودە لە بەندەکانی، خوا فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ ﴿٤٤﴾ ﴾الأحزاب (واتە: ئەوە زاتێکە بەزەیی خۆی دەڕژێنێ بەسەرتاندا و فریشتەکانی داوای لێبوردنتان بۆ دەکەن بەو هۆیەوە خوا لە تاریکی یەکانەوە دەرتان دێنێ بەرەو نورو ڕووناکی ئیمان، وە خوا بە بەزەییە بە ئیمانداران* ڕۆژێ بڕواداران دەگەنە خزمەتی خوا بە وشەی سەلام) ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ ﴾الأحزاب (واتە: بەڕاستی خوا نەفرینی لە بێبڕوایان کردووەو ئاگری هەڵگیرساوی بۆ ئامادە کردوون) ﴿ مَّلْعُونِينَ ۖ أَيْنَمَا ثُقِفُوٓا۟ أُخِذُوا۟ وَقُتِّلُوا۟ تَقْتِيلًا ﴿٦١﴾ ﴾الأحزاب (واتە: ئەوانە نەفرین لێکراون لەهەر کوێ بەردەست کەون بە دیل دەگیرێن و بە کوشتن دەکوژرێن) قورئان قسەی خوایە وەحی کردوە بۆ جبریل ﷺ، ئەویش گەیاندوویەتی بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ ،موحەممەدیش گەیاندویەتی، وە جبریل گوێ ی لێ بووە لە خواوە وەك چۆن لە داهاتوودا لە بەشی نوێژدا باس دەکرێت ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت، جا نوێژ ستایشی خوایە وەك لە پێشەوە باس کرا، خوا خۆی صەڵاوات دەدات و خۆی پاداشت دەداتەوە، وەك چۆن قورئان و سونەت بەڵگەن لەسەر ئەوە، هەروەها پێشبینی ئومەتیش لەسەر ئەو بۆچوونەن، ئیمام ئەحمەد وتویەتی: بەردەوام خوا قسەکەرە ئەگەر بیەوێت.

وتەی: (**من ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ**) شێخی ئیسلام دەڵێ: لەبارەی فەرموودەی خوا ﷻ: ﴿ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ ﴿١٧٣﴾ ﴾**البقرة**. (واتە: وە ئەوەی کە سەر بڕابێ بەناوی غەیری خوا) ڕووی دیاری ئایەتەکە بێگومان ئەوە سەربڕاوە لە پێناو جگە لە خوا، وەك ئەوەیە بڵێت: ئەمە سەربڕاوە بۆ ئەو شتە. جا ئەگەر مەبەست لە سەربڕیندا بۆ غەیری خوا بوو، ئەوە یەکسانە ناوی بهێنێ یان ناوی نەهێنێ، قەدەغەکردنی ئەم کارە دیارترە لە قەدەغەکردنی ئەوەی سەری دەبڕێ بۆ گۆشتەکەی، وە لە کاتی سەربڕینەکەدا دەڵێ: بەناوی مەسیح یان وێنەی ئەوە. وەك چۆن ئەوەی سەرمان بڕیوە مەبەستمان ئەوەیە لەخوا نزیکمان بکاتەوە ئەوە پاکترو گەورەترە لەوەی کە سەری دەبڕین بۆ گۆشتەکەی، وە لەسەری وتبیتمان: (بسم الله). جا ئەگەر ئەوە حەرام کرابێ کە دەوترێ بەناوی مەسیح یان بەناوی زوهرە سەری دەبڕم، ئەوە حەرامکردنی ئەوەی کە دەوترێ لە پێناو مەسیح یان لەبەر زوهرە سەری دەبڕم یان مەبەستی ئەوە بێ زۆر لەپێشترە، چونکە بەڕاستی پەرستش بۆ جگە لەخوا کوفرەکەی مەزنترە لە پشتبەستن بە غەیری خوا. لەسەر ئەمە هەرکەسێك لە پێناو جگە لەخوا شتێ سەربببڕێت بۆ ئەوەی نزیك ببێتەوە ئەوە حەرامە، ئەگەر چی بڵێت: (بسم الله)، وەك چۆن دەستەیەك لە دووڕووەکانی ئەم ئوممەتە دەیکەن، ئەوانەی خۆیان نزیك دەکەنەوە لە ئەستێرەکان بە سەربڕین و بوخور و وێنەی ئەوانە، ئەگەرچی ئەوانە هەڵگەڕاوەن لە دین قوربانیان بەهیچ شێوەیەك دروست نیە بخورێت. بەڵام لەسەر بڕاوەکەدا دوو ڕێگر کۆدەبێتەوە:

یەکەم: بێگومان ئەو قوربانیە لە پێناو غەیری خوادا سەر بڕاوە.

دووەم: ئەوە قوربانی کەسی هەڵگەڕاوەیە لە دین.

وتم: ئەمە هیچ جیاوازیەکی تێدا نیە لە نێوان زانایاندا، وە بەڵام ئەگەر بۆ گۆشتەکەی سەربڕاو لەسەر سەربڕواوەکە ناوی مەسیح یان ناوی زوهرە هێنرا و وێنەی ئەوانەش، ئەمە جیاوازی تێدایە لە نێوان زانایان، وتەی شێخی ئیسلام لێرەدا: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بە حەرامی دەزانێت، هەندێ لە زانایان لەگەڵ ئەودان لەم بۆچوونەدا.

قورطوبی باسی کردوە لە تەفسیری فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ ﴿١٢١﴾ ﴾**الأنعام**. (واتە: لەو سەربڕاوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە لە کاتی سەربڕین) پاشان جیای کردوەتەوە ﴿ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ ﴿٥﴾ ﴾**المائدة** (واتە: وە خۆراکی ئەوانەی نامەیان پێ دراوە حەڵاڵە بۆتان) واتە: خواردنی جولەکەو گاور، ئەگەر چی کابرای گاور لەکاتی سەربڕینیدا بڵێت بەناوی مەسیح، جولەکەش بڵێت: بەناوی عوزەیر، وە باسی وتەی عەطائی کردوە: لەسەر بڕاوی نەسرانی بخۆ ئەگەر بشڵێت: بەناوی مەسیح، چونکە خوا ﷻ سەربڕاوەکانیانی حەڵاڵ کردوە، بێگومان زانیویەتی ئەوان چی دەڵێن. بە وێنەی ئەویش باسی کردوە لە قاسمی کوڕی موخەیمەرەوە، ئەویش قسەی زوهری و ڕەبیعەو شەعبی و مەکحولە. وە لە عوبادەی کوڕی صامت و ئەبو دەردائەوە لە هاوەڵان گێردراوەتەوە.

پاشان دەڵێ: هەر لەم بابەتەیە: ئەوەی نەفامەکان لە مەککە دەیکەن لە سەربڕین بۆ جنۆکە، (بەناوەی دەرهێنانی جنۆکە لە گیانی مرۆڤ) بۆیە گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ کە بێگومان ئەو قەدەغەی کردووە لە(خواردنی) ئەو سەربڕاوانەی بۆ جن دەکرێ[1].

زەمەخشەری دەڵێ: ئەگەر خانوویەکیان بکڕیایە یا بکردایەتەوە یان سەرچاوە ئاوێکیان بەکاربهێنایە ئەوە شتێکیان سەردەبڕی نەکا جنۆکە دەستیان لێ بوەشێنێ، لەبەر ئەوە سەربڕینەکان درایە پاڵیان.

ئیبراهیمی مەروەزی دەڵێ: ئەوەی لە پێشوازی کاربەدەستان سەردەبڕێ بۆ نزیك بوونەوە لێی، خەڵکی بوخارا فەتوایان بە حەرام بوونی داوە، چونکە ناوی غەیری خوای بۆ هێنراوە.

وتەی: (**وَلَعَنَ الله من لَعَنَ وَالِدَيْهِ**) واتە: باوك و دایکی بۆ سەرەوەش. لە صەحیحدا هاتووە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**من الْكَبَائِرِ شَتْمُ الرَّجُلِ وَالِدَيْهِ**) واتە: لە تاوانە گەورەکانە کەسێك جنێو بە باوك و دایکی بدات)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئایا کەسێك هەیە جنێو بە باوك و دایکی بدات؟ فەرمووی: (**نعم، يَسُبُّ أَبَا الرَّجُلِ فَيَسُبُّ أَبَاهُ وَيَسُبُّ أُمَّهُ فَيَسُبُّ أُمَّهُ**)[2]. واتە: بەڵێ، جنێو دەدا بە باوکی کەسێك، ئەو کەسەش جنێو بە باوکی ئەو دەدا، وە جنێو بە دایکی ئەو کەسە دەدا، کەسەکەش جنێو بە دایکی ئەو دەدا.

---

(١)أخرجه ابن حبان: المجروحين ٢/ ١٨، وابن الجوزي في الموضوعات ٢/ ٣٠٢، وقال الشيخ الألباني في (موضوع). (الضعيفة) (٢٤٠).

(٢)أخرجه البخاري في الأدب (٥٩٧٣) فتح، ومسلم في الإيمان (٩٠) عبد الباقي.

وتەی: (**وَلَعَنَ الله من آوَى مُحْدِثًا**) واتە: ڕێگری کردبێ لەوەی حەقی لێ وەربگیرێ کە پێویستە لەسەری و (**آوَى**) بە (فتح)ەی (**همزة**)ی دڕێژ، واتە: لەخۆی گرت و پاراستی لەوەی حەقی لەسەریەتی لێ ی بسەنرێ.

ئەبو سەعادات دەڵێ: (**أويتُ إلى المنْزِلِ، وأوَيتُ غَيري، وآويْتُهُ**). هەندێکیان نکوڵی ئەوەیان کردوە (**مقصور**) ببێت لە (**متعدي**).

بەڵام (**محدثاً**) ئەبو سەعادات دەڵێ: ڕیوایەت دەکرێ بە (کسر)ەی (دال)ەکەو (فتح)ەی (دال) لەسەر ئەوەی (إسم الفاعل والمفعول)، جا مانای(کسر)ە ئەوەیە: ئەوەی تاوانبارێك سەربخات پەنای بدات و بیپارێزێ لە دوژمنەکەی، ببێتە بەربەست لە نێوان ئەوو لە نێوان ئەوەی تۆڵەی لێ بکرێتەوە. وە بە (فتح)ە: ئەویش خودی کارە داهێنراوەکەیە، ئەوکات بەمانای داڵدەدان ڕازی بوونە پێی و ئارامگرتن لەسەری دێت، چونکە بێگومان ئەگەر ڕازی ببێت بە بیدعە و دان بە بکەرەکەیدا بنێت و نکوڵی لێ نەکات ئەوە بێگومان پەنای داوە.

ئیبنو لقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەم تاوانە گەورەیە پلەکانی دەگۆڕێ بە پێی پلەی کارەکە هەر لەخۆیدا هەرکاتێ کارەکە گەورەتر بێت تاوانەکەش گەورەتر دەبێت.

وتەی: (**وَلَعَنَ الله من غَيَّرَ منَارَ الأرضِ**) (**مَنار**) بە (فتح)ەی (میم) واتە: نیشانەکان و سنورەکان. ئەبو سەعادات لە (**النهاية**)دا لە مادەی (تخم) دەڵێ: (**ملعون من غير تُخُوم الأرض**) واتە: شتە نیشانەکانی و سنورەکانی، تاکی (تُخوم) (تخم) وتراوە: بەتایبەت مەبەستی سنوری ماڵی حەرامە: وە وتراوە: گشتگیرە بۆ هەموو سەر زەوی، وە مەبەستی ئەو شوێنە دیارانەشە کە ڕێ نیشاندەرن بۆ ڕێگاکان، وە وتراوە: بریتیە لەوەی کەسێك بچێتە ناو موڵکی کەسێکەوە بۆ خۆی دایببڕێ بە زوڵم و ستەم. دەڵێ: وە ڕیوایەت کراوە: (**تَخوم**) بە (فتح)ەی (**تاء**) لەسەر ئەوەیە کە تاکە، وە کۆکەی (تُخم) بە (**ضم**)ەی (**تاء**) و (**خاء**).

گوڕینی زەوی: ئەوەیە بیهێنێتە پێش یان دواوە، ئەمە لە ستەمی زەویە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی دەفەرموێ: (**من ظَلَمَ شِبْراً مِنَ الأَرْضِ طُوِّقَهُ يوم الْقِيَامَةِ من سَبْعِ ارضين**)[1]. واتە: هەرکەسێك بەقەد بستێك لە زەوی ستەم بکات، لە ڕۆژی دواییداله حەوت چینی زەوی دەدرێت بە کۆڵیدا). دروستی و ڕەوایەتی نەفرین کردنی ستەمکارانی تێدایە بەبێ دیاریکردن.(تعيين)

بەڵام نەفرین کردن لە تاوانبارو فاسقی دیاریکراو(معين) دوو قسەی تێدایە:

یەکەم: نەفرین کردن دروستە، ئیبنولجوزی و جگە لە ئەو ئەمەیان هەڵبژاردووە.

دووەم: دروست نیە، ئەبو بەکر (عبد العزيز)و شێخی ئیسلام ئەمەیان هەڵبژاردووە.

نەوەویی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: زانایان یەك دەنگن لەسەر قەدەغەکردنی نەفرین، بێگومان ئەوە لە زمانەوانیدا بە مانای: دورخستنەوەو دەرکردن دێت. لە شەریعەتیشدا: دورحستنەوەیە

---

(١) أخرجه البخاري في المظالم (٢٤٥٣) فتح، ومسلم في المساقاة (١٦١٠) عبد الباقي.

لە ڕەحمەتی خوا. دروست نیە دور بخرێتەوە لە ڕەحمەتی خوا، کەسێ حاڵ و کۆتاییەکەی بە تەواوی و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە نەزانرێ. لەبەر ئەمەیە وتیانە: دروست نیە نەفرین کردن لە کەسێك بە دیاریکردنی، موسڵمان بێت یان کافر یان گیان لەبەر، مەگەر ئەوەی زانیبێتمان بە ئایەتی شەرعی کە ئەو لەسەر بێبڕوایی مردوە، یان لەسەری دەمرێ وەك ئەبو جەهل و ئیبلیس. بەڵام نەفرین بە وەسف، قەدەغە نیە، وەك نەفرین کردن لە: ئەوکەسەی قژ ئەلکێنێ، ئەوکەسەش بۆی ئەنجام دەدرێ، ئەوکەسەی خاڵ دەکوتێ و ئەوکەسەشی خاڵی بۆ دەکوترێ، ئەوەی ریبا دەخوات و ئەوەشی دەبێت بە وەکیلی، وێنەکێشان و ستەمکاران و فاسق و تاوانباران و بێبڕوایان، وە نەفرین لەوەی نیشانە دیارەکانی زەوی دەگۆڕێ، ئەوەش دۆستایەتی غەیری دۆستەکانی دەکات، ئەوەشی خۆی دەداتە پاڵ جگە لە باوکی، ئەوەشی لە ئیسلامدا شتێك دادەهێنێت یان پەنای تاوانبارێك دەدات، جگە لەوانیش، لەوانەی ئایەتە شەرعیەکان بەڕەهایی هێناویانە لەسەر وەسفەکان نەك لەسەر خودەکان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن طارق بن شهاب أن رسول الله ﷺ قال: (دخل رجل الجنة في ذبابٍ، ودخل رجل النار في ذباب). قالوا كيف يارسول الله؟ قال: مر رجلانِ على قوم لَهم صنمٌ، لايجوزهُ أحدٌ حتى يُقرّبَ له شيئاً، فقالوا لأحدهما: قَرِّبْ، قال: ليس عندي شيءٌ أُقَرِّبُ، قالوا له: قَرِّبْ ولو ذباباً، فقرَّبَ ذباباً، فخَلُّوا سبيله، فدخل النارَ، وقالوا للآخرِ: قَرِّبْ، فقال: ما كنت لأقرِّبَ لأحد شيئاً دون اللهِ ﷻ، فضربوا عُنقَه فدَخل الجنة)[1]. رواه أحمد.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ: وە لە طارقی کوڕی شیهابەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (پیاوێك چووە بەهەشتەوە بەهۆی مێشێك، پیاوێکی تریش چووە ناو ئاگر بەهۆی مێشێك). وتیان: چۆن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: دوو پیاو تێپەڕین بەلای گەلێکدا بتێکیان هەبوو، هیچ کەسێك بەو شوێنەدا تێنەدەپەڕی تا شتێکی بۆی سەرنەبڕیبایەت، ئەوان بە یەکێ لەو دوانەیان وت: شتێ سەربڕە. وتی: هیچم نیە سەری ببڕم. پێیان وت: سەر ببڕە ئەگەر چی مێشێکیش بێت. ئەویش مێشێکی بۆی سەربڕی، ئەوانیش ڕێگایان بۆ چۆڵ کرد، دوایی چووە ناو ئاگرەوە، وە بەوی دیکەیان وت: شتێکی بۆ سەربڕە وتی: من بۆ هیچ کەسێك سەرنابڕم غەیری خوا، ئەوانیش دایان لە گەردنی، ئەویش چووە بەهەشتەوە. ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە.

••••••

ئەگەر جێگیر بووبێت ئەو لە پێغەمبەرەوە هیچی نەبیستووە، ئەوە گێڕانەوەی (مرسل الصحابی) ئەویش وەرگیراوە لەسەر بۆچوونی ڕاست، کۆچی دوایی کردوە لەسەر ئەوەی ئیبنوحیبان جەختی لەسەر کردوەتەوە لە ساڵی هەشتاو سێ بووە.

وتەی: (**دخل الجنة رجل في ذبابٍ**) واتە: لە پێناو مێشێکدا.

وتەی: (**قالوا: وكيف يارسول الله؟**) وەکو ئەوە بەکەمیان زانیبێت و سەریان لێی سوڕما بێت، پێغەمبەر ﷺ بۆیانی ڕوون کردەوە، چی وای لێ کردوە ئەو کارەی کە بەلای ئەوانەوە بێ نرخە گەورە بێت لایان، شیاوی ئەوەیە کەسێکی پێ بچێتە بەهەشتەوە و کەسێکی تریشی پێ بچێتە ناو ئاگرەوە.

وتەی: (**قال: مر رجلان على قوم لهم صنم**) (الصنم): ئەوەیە داتاشرابێت لەسەر وێنەیەک، وە پێشی دەوترێت (**الوثن**)یش وەک لە پێشەوە باس کرا.

وتەی: (**لايجاوزه**) هیچ کەسێک بەلایدا تێناپەڕێت هەتا شتێکی بۆ سەر نەبڕی ئەگەر چی کەمیش بێت.

وتەی: (**قالوا له: قَرِّبْ ولو ذباباً، فقرَّبَ ذباباً، فخَلُّوا سبيله، فدخل النارَ**) لەمەدا ڕوونکردنەوەی مەزنی هاوبەشدانانی تێدایە، ئەگەر لە شتێکی کەمیش بێت، بێگومان ئەوە ئاگر پێویست دەکات، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾﴾ **المائدة:** (واتە: بەڕاستی هەرکەس هاوبەش بۆ خوا دابنێت ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لێ حەرام کردوە، وە جێ و شوێنی ئاگر دەبێت، وە بۆ ستەمکاران هیچ یارمەتی دەرێک نیە)

لەم فەرموودەدا: وریاکردنەوە هەیە لە کەوتنە ناو هاوبەشدانان، بێگومان هەندێ جار ئینسان دەکەوێتە ناو هاوبەشدانان، نازانێت کە ئەوە لەو هاوبەشدانانەیە کە ئاگر پێویست دەکات.

وە تێیدایە: ئەوکەسە چووەتە ناو ئاگرەوە بەهۆکارێک لە سەرەتادا نەی ویستووە، بەڵکو کردوویەتی لەبەر ئەوەی ڕزگاری بێت لە شەڕو خراپەی بتپەرستەکان.

وە تێیدایە: بێگومان ئەو پیاوە پێش ئەوە موسڵمان بووە، ئەگەرنا ئەگەر موسڵمان نەبوایە نەیدەفەرموو چووە ناو ئاگرەوە لە بەر مێشێک.

وە تێیدایە: کردەوەی دڵ مەبەستی هەرە گەورەیە تەنانەت لە لای پتپەرستانیش، دانەر بەماناکەی باسی کردووە.

وتەی: (**وقالوا للآخرِ: قَرِّبْ، فقال: ما كنت لأقرِّبَ لأحد شيئاً دون اللهِ** ﷻ) ئەمە ڕوونکردنەوەی چاکەی یەکتاپەرستی و ئیخلاص و بەهێزی لەسەر ئاین تێدایە.

وە مانای ئەم قەولەی ناو ئەو فەرموودەشی تێدایە: (**وَأن يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ في الْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْقَذَهُ الله مِنهُ، كما يَكْرَهُ أَنْ يُقْذفَ في النَّارِ**)[1]. واتە: وە پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ بێبڕوایی، دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کرد لێی، وەک چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگر.

---

(١)رواه البخاري (١٦، ٢١، ٦٠٤١، ٦٩٤١)، ومسلم (٤٣) من حديث أنس.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه معرفة قدر الشرك في قلوب المؤمنين كيف صبر على القتل ولم يوافقهم على طلبتهم مع كونهم لم يطلبوا منه إلا العمل الظاهر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەوەها زانینی ئەندازەو گەورەیی هاوبەشدانانی تێدایە لە دڵی بڕوادارانداە کە چۆن ئارامی گرت لەسەر کوشتن و ڕێنەکەوتن لەسەر داواکاریەکانیان، لەگەڵ ئەوەدا ئەوان داوای هیچیان لێ نەکرد جگە لە کردوەی ڕواڵەت (کە ئەویش سەربڕینی هەر شتێك بێت بە ڕواڵەت).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیرکردنی: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي ﴾

دووەم: تەفسیرکردنی: ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ ﴾

سێیەم: دەست پێکردن بە نەفرینی کردنی ئەو کەسەی سەربڕینی کرد بۆ غەیری خوا.

چوارەم: نەفرینی کرد لەوکەسەی کە نەفرینی لە باوك و دایکی کرد، ئەوەش دەگرێتەوە: تۆ نەفرین بکەی لە باوك و دایکی کەسێك، ئەویش لە وەڵامدا نەفرین لە دایك و باوکی تۆ دەکات.

پێنجەم: نەفرینی کرد لەو کەسەی پەنای تاوانبارێك دەدات، ئەویش کەسێکە کارێك ئەنجام دەدات مافی خوای لەسەر پێویست دەبێت، پەنا دەباتە لای ئەوکەسەی پشتیوانی و پارێزگاری لێ دەکات لەو مافە.

شەشەم: نەفرینی کرد لەوەی نیشانە و سنووری زەوی دەگۆڕێ، ئەویش ئەو هێمایانەیە کە مافی نێوان تۆو دراوسێکەت جیادەکاتەوە، گۆڕانیشی بە هێنانە پێش یان بردنە دوایە.

حەوتەم: جیاوازی لە نێوان نەفرینی دیاریکراو، وە نەفرین کردنی تاوانباران بەگشتی.

هەشتەم: ئەم چیرۆکە مەزنە، بریتیە لە چیرۆکی مێشولە.

نۆیەم: خودی ئەو کەسە چووە ناو ئاگرەوە بە هۆکاری ئەو مێشە کە مەبەستی نەبوو، بەڵکو ئەنجامیدا بۆ ڕزگاربوون لە شەڕو خراپەیان.

دەیەم: زانینی ئەندازەو گەورەیی هاوبەشدانان لە دڵی بڕوادارانداە کە چۆن خۆراگربوو لەسەر کوشتن، وە ڕێنەکەوتن لەسەر داواکاریەکەیان، لەگەڵ ئەوەدا ئەوان داوای هیچیان لێ نەکرد جگە لە کردوەی ڕواڵەت نەبێ.

یازدەیەم: بێگومان ئەوکەسەی چووە ناو ئاگرەوە موسڵمان بوو، چونکە ئەگەر بێبڕوا بوایە نەیدەفەرموو: (دخل النار في ذباب).

دوازدەیەم: شاهیدو بەڵگەی تێدایە بۆ ئەم فەرموودە ڕاستە: (**الْجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُمْ مِن شِرَاكِ نَعْلِهِ وَالنَّارُ مِثْلُ ذلك**)[1]. واتە: بەهەشت نزیکە لە یەکێك لە ئێوەوە لە قەیتانی نەعلەکەی، ئاگریش بەهەمان شێوە.

سیازدە: زانینی ئەوەی کە بەڕاستی کردەوەی دڵ گەورەترین مەبەستە، تەنانەت لە لای بتپەرستانیش.

---

(١)أخرجه البخاري في الرقاق (٦٤٨٨) فتح.



بەشی ١٠

نابێت لە جێگایەکدا قوربانی سەربڕدرێ، کە تیایدا بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێت

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: باب لا يُذبحُ بمكان يذبح فيه لغير الله تعالى.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: نابێت لە جێگایەکدا قوربانی سەربڕدرێ کە تیایدا بۆ غەیری خوا سەربڕدرێت.

(لا) بۆ نەفی کردنە، دەگونجێتیش بۆ نەهی بێت، ئەوە لە پێشترە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقول الله تعالى: ﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ۚ لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ التوبة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (هەرگیز نوێژی تێدا نەکەی ئەی موحەممەد ﷺ بێگومان مزگەوتێ کە لەسەر بناغەی تەقواو لەخواترسان دامەزرابێ لە یەکەم ڕۆژەوە شایستەترە کە نوێژی تێدا بکەیت پیاوانێکی تێدایە پێیان خۆشە کە خۆیان خاوێن و پاك بکەنەوە خوایش پاك و خاوێنانی خۆش دەوێ).

•••••••••••••••••••••••••••••••

ڕاڤە زانانی قورئان دەڵێن: خوا ﷻ ڕێگری لە پێغەمبەرەکەی کرد کە نوێژ لە مزگەوتی (الضرار) بکات، ئومەتیش لەوەدا شوێنی ئەو کەوتوون، پاشان خوای گەورە هانیدا لەسەر نوێژکردن لە مزگەوتی قوباء کە لە یەکەمین ڕۆژەوە لەسەر تەقواو خواناسی بونیاد نرا بوو، ئەویش گوێرایەڵی خواو پێغەمبەرەکەیەتی و وەك کۆکردنەوەی کلیمەی بڕواداران و جێگایەکە وە پەناگەیەکە بۆ ئیسلام و خەڵکەکەی، لەبەر ئەمەیە لە فەرموودەی ڕاستدا هاتووە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**صلاةٌ في مَسجِدِ قُبَاءٍ كَعُمْرَةٍ**)[1]. واتە: نوێژێك لە مزگەوتی قوباء دا وەکو عومرەیەك وایە. وە لە صەحیحدا هاتووە: بێگومان پێغەمبەر ﷺ زیارەتی مزگەوتی قوبائی دەکرد بە سواری و بە پێی[2].

---

(١)أخرجه الترمذي في الصلاة (٣٢٤)، وابن ماجه في الصلاة (١٤١١)، وصححه لغيره الشيخ الألباني في الصحيح الترغيب (١١٨٠).

(٢)أخرجه البخاري في فضل الصلاة في مسجد مكة ومدينة (١١٩٤) فتح، ومسلم في الحج (١٣٩٩) عبد الباقي.

کۆمەڵێك لە زانایانی پێشین بە ڕوونی باسی ئەوەیان کردوە، ئەو مەزگەوتەی کە لە ئایەتەکەی پێشودا باسکرا مزگەوتی قوبائە، لەوانە ئیبنوعەباس و عوروەو شەعبی و حەسەن و جگە لەوانیش.

وتم: پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکات فەرمایشتی خوا ﷻ لە ئایەتەکەدا ﴿ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا ﴾ وە تراوە: ئەوە مزگەوتی پێغەمبەری خوایە ﷺ لەبەر فەرموودەی ئەبی سەعید وتی: دوو پیاو مشت ومڕیان کرد دەربارەی ئەو مزگەوتەی کە لەسەر خواناسی و تەقوا بونیاد نراوە لە یەکەم ڕۆژەوە، یەکێکیان وتی: ئەوە مزگەوتی قوبائە، ئەوی دیکەش وتی: ئەوە مزگەوتی پێغەمبەرە ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**هو مسجدي هذا**) ئەوە ئەم مزگەوتەی منە[1]. موسلیم گێڕاویەتیەوە، ئەویش قسەی عومەرو کوڕەکەی و زەیدی کوڕی **ثابیت** و جگە لەوانیشە.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: ئەمە ڕاستە، هیچ دەژیەکێك لەنێوان ئایەت و فەرموودەکەدا نیە، چونکە ئەگەر مزگەوتی قوباء لە یەکەم ڕۆژەوە بونیاد نرابوو لەسەر تەقوا، ئەوە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لەپێشترە، ئەمەش بە پێچەوانەی مزگەوتی (**الضرار**)، کە بونیاد نراوە لەسەر سەرپێچی وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ ۚ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ ۖ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾ **التوبة** (واتە: وە لە ناپاکان ئەوانەی مزگەوتێکیان دروست کرد بۆ زیان گەیاندن بە موسڵمانان و خوانەناسان و جیاوازی خستنە نێوان ئیمانداران و بۆ چاوەڕوانی کردنی کەسانێك کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەیان کردوە لەوەو پێش، بێگومان سوێند دەخۆن دەڵێن تەنها چاکەمان ویستووە بەڵام خوا شایەتی دەدات کە بەڕاستی ئەوانە درۆزنن).

جا لەبەر ئەم کارانە خوا قەدەغەی کردوە لە پێغەمبەرەکەی نوێژی تێدا بکات، ئەوانەی دروستیان کردبوو هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی دەربچێت بۆ غەزای تەبووك، داوایان لێی کرد نوێژی تێدا بکات، وتیان ئێمە لەبەر لاوازو پیرو پەککەوتەکان دروستمان کردوە لە شەوە زۆر زستانیەکان، فەرموویی: (**إنَّا عَلى سَفَرٍ، ولَكِنْ إذا رَجَعْنَا إن شاءَ اللهُ**) واتە:من ئێستە لەسەر سەفەرم بەڵام ئەگەر گەڕامەوە(**إن شاءَ اللهُ**) کاتێ کە کاروانی ڕێخست و گەڕایەوە بۆ مەدینە، لەنێوانی ئەوو لەنێوان ئەو مزگەوتەدا تەنها یەك ڕۆژ ڕێگا مابوو یان کەمتر لە ڕۆژێ، وەحی بۆ دابەزی سەبارەت بە هەواڵی مزگەوتەکە، نێردراوی نارد ڕوخاندی پێش ئەوەی بگات بە مەدینە(٢٢).

وە ڕووی گونجانی ئایەتەکە لەگەڵ باسەکەدا: ئەو جێگایەی ئامادەکراوە بۆ سەربڕین بۆ غەیری خوا پێویستە لەو شوێنە دوربکەوینەوە لە سەربڕین، وەك چۆن ئەم مزگەوتەی بۆ سەرپێچی کردنی خوا دروستکرابوو، بووبە جێگای توڕەیی خەشم و قین، لەبەر ئەوە دروست نیە نوێژی تێدا بکرێ بۆ خوا، ئەمەش قیاسێکی ڕاستە فەرموودەکەی ثابیت پشتیوانی لێ دەکات کە دێت.

---

(١)أخرجه مسلم في الحج (١٣٩٨) عبد الباقي، والترمذي في التفسير (٣٠٩٩)، والنسائي في المساجد (٦٩٧) أبو غدة، واللفظ لهما.

(٢)أنظر تفسير الحافظ ابن كثير عند الآية.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا﴾ گێڕاویانەتەوە ئیمامی ئەحمەدو ئیبنو خوزەیمەو جگە لەوانیش لە عووەیم کوڕی ساعیدەی ئەنصاری بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ هات بۆ لایان لە مزگەوتی قوباء فەرمووی: (**إِنَّ اللهَ قد أَحْسَنَ عَلَيْكُمُ الثَّنَاءَ في الطُّهُورِ في قِصَّةِ مَسْجِدِكُمْ، فما هذا الطُّهُورُ الذي تَطَّهَّرُونَ بِهِ؟**) واتە: خوا جوان ستایشی کردوون لەبارەی پاك و خاوینی لە چیرۆکی مزگەوتەکەتاندا، ئەو پاك و خاوێنیە چیە خۆتانی پێ پاك دەکەنەوە؟) وتیان: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ نازانین تەنها ئەوە نەبێ دراوسێی جولەکەمان هەبوو کاتێ لە سەرئاویان بکردایە پاش خۆیان بە ئاو دەشۆرد، ئێمەش وەکو ئەوان خۆمان پاك دەکردەوە[1]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە لە جابرو ئەنەس: (**هو ذاكَ فَعَلَيْكُمُوهُ**) [2] واتە: ئەوە ئەو خۆپاکەوەکردنەیە لەسەری بەردەوام بن) ئیبنو ماجە و ئیبنو ئەبی حاتەم و دارەقوطنی و حاکم ڕیوایەتیان کردوە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ﴾ ئەبو عالیە دەڵێ: بەراستی خۆپاککردنەوە بە ئاو زۆر چاکە، بەڵام ئەوان پاك دەکردەوە لە گوناهەکان، ئەمە چەسپاندنی سیفەتی خۆشویستنی خوای تێدایە بە پێچەوانەی ئەشعەریەکان و وێنەی ئەوانیش.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن ثَابِتِ بن الضَّحَّاكِ قال: نَذَرَ رَجُلٌ ﷺ أَنْ يَنْحَرَ إِبِلاً بِبُوَانَةَ، فَسأَلَ النَّبِيَّ ﷺ فقالَ: (هل كان فيها وَثَنٌ من أَوْثَانِ الْجَاهِلِيَّةِ يُعْبَدُ؟) قالوا: لَا. قال: (فهل كان فيها عِيدٌ من أَعْيَادِهِمْ) قالوا: لَا. قال رسول اللَّهِ ﷺ أَوْفِ بِنَذْرِكَ، فإنه لَا وَفَاءَ لِنَذْرٍ في مَعْصِيَةِ اللَّهِ ولافيما لَا يَمْلِكُ بن آدَمَ)[3]. رواه أبو داود وإسناده على شرطهما.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت: لە ثابیتی کوڕی ضهحاکەوە وتی: پیاوێك نەزری کرد کە حوشترێك سەربڕێت لە شوێنێك بەناو (بوانە)، جا پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، فەرمووی: (ئایا بتێکی تێدایە لە بتەکانی سەردەمی نەفامی بپەرسترێ؟) وتیان: نەخێر. فەرمووی: (ئایا جەژنێك لە جەژنەکانی ئەوانی تێدا کراوە؟) وتیان: نەخێر. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (وەفا بە نەزرەکەت بکە، چونکە بێگومان وەفاکردن نیە بۆ نەزر لە سەرپێچیکردندا، وە وەفا کردن نیە لەوەشدا نەوەکانی ئادەم لەتوانایاندا نەبێت) ئەبو داوود گێڕاویەتیەوە سەنەدەکەشی لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیمە.

.....

وتەی: (**عن ثَابِتِ بن الضَّحَّاكِ**) کوڕی خولەیفەی ئەشهەلیە، هاوەڵێکی بەناوبانگە، ئەبو قیلابە ڕیوایەتی لێیەوە کردوە، جگە لە ئەویش، لە سااڵی سەشت و چوار مردووە.

وتەی: (**بِبُوَانَةَ**) بە (**ضم**)ی (**باء**) وتراوە: بە (**فتح**)ەی. بەغەوی دەڵێ: جێگایەکە لە خوار مەککە لە خوار (یلملم). ئەبو سەعادات دەڵێ: تەپۆڵکەیەکە لە پشتی (ینبع).

---

(١)أخرجه أحمد (١٥٤٨٥)، وابن خزيمة (٨٣)، وله شواهد وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (٣٤) ط غراس.

(٢)أخرجه ابن ماجه في الطهارة (٣٥٥)، وانظر الضعيفة (١٠٣١).

(٣) أخرجه أبو داود في الأيمان والنذور (٣٣١٣)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود.

وتەی: (**هل كان فيها وَثَنٌ من أَوْثَانِ الْجَاهِلِيَّةِ يُعْبَدُ؟**) رێگری کردنی تێدایە لە جێبەجێکردنی نەزر ئەگەر لە شوێنەکەدا بت و پەیکەر هەبوو، ئەگەر چی دوای لابردنی بت و پەیکەرەکانیش بێت (هەر دروست نیە نەزر لەو شوێنەدا بکرێ)، دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەمەی وتووە.

وتەی: (**فهل كان فيها عِيدٌ من أَعْيَادِهِمْ**) شێخی ئیسلام دەڵێ[1]: (العيد) جەژن: ناوێکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەی گشتی لەسەر شێوەیەکی ڕاهاتوو کە دووبارە دەبێتەوە، یان بە گەڕانەوەی ساڵ یان بە گەڕانەوەی هەفتە یان مانگ یان وێنەی ئەوانە. لێرەدا مەبەست پێی کۆبوونەوەی خوو پێوەگیراوە لە کۆبوونەوەکانی خەڵکی سەردەمی نەفامی. جا (العيد) جەژن: چەند شتێك لەخۆ دەگرێت، لەوانە ڕۆژێکی گەڕاوەو دووبارە بوو، وەك: وەك ڕۆژی خواردن و خواردنەوە (جەژنی ڕەمەزان) و ڕۆژی هەینی، لەوانە: کۆبوونەوە تیایدا، لەوانە: کۆمەڵە کردەوەیەك شوێنی ئەوانە دەکەوێت لە پەرستشەکان و داب و نەریتەکان، هەندێ جار (العيد) جەژن تایبەت دەبێت بەشوێنێکی دیاریکراو، هەندێ جاریش بە ڕەهایی دەبێت، هەریەك لەم کاروبارانە هەندێ جار پێی دەوترێ جەژن. جا نموونەی کات وەك فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕۆژی هەینی (**إِنَّ هَذا يَومٌ قَدْ جَعَلَهُ اللهُ لِلمُسلِمينَ عِيداً**)[2]. بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکە خوا کردویەتی بە جەژن بۆ موسڵمانان. وە نموونەی کۆبوونەوەو کردەوەکان وەك وتەی ئیبنوعەباس: (**شَهِدْتُ العيدَ معَ رسولِ اللهِ ﷺ**) [3]. واتە: ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ. وە نموونەی جێگا وەك فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**لا تتخذوا قبري عيداً**)[4]. واتە: گۆڕەکەم مەکەن بە جێگای جەژن. هەندێ جار وشەی (العيد) بەکار دێت بۆ هەموو ڕۆژەکەو کردەوەکان تێیدا ئەوەش زۆرترو زاڵترە، وەك وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**دَعْهُما يَا أَبَا بَكر فَإِنَّ لِكُلِّ قَومٍ عِيداً**) [5]. واتە: واز لەو دوانە بهێنە ئەی ئەبو بەکر بێگومان بۆ هەموو گەلێك جەژنێك هەیە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه اسْتِفصَالُ المُفتِي والمَنعُ مِن الوفاءِ بِالنُذر بِمَكانِ عيدِ الجاهليةِ ولَو بعد زوالِه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئەوەی تێدایە کە دەبێ موفتی بەتێروتەسەلی لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە و ڕێگری بکات لەوەی نەزر لە شوێنی جەژنی سەردەمی نەفامی جێبەجێ بکات ئەگەرچی دوای نەمانیشی بێت.

•••••••••••••••••••••

وتم: داخستنی هۆکارەکان و وازهێنان لە خۆ شوبهاندن بە هاوبەشدارانی تێدایە، وە ڕێگری کردن لەوەی دەبێتە هۆکار بۆ ئەو کارە خراپە.

---

(١) في كتاب إقتضاء الصراط المستقيم.

(٢)أخرجه ابن ماجه في الصلاة (١٠٩٨)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٧٠٧).

(٣)أخرجه البخاري في العيدين (٩٦٢) فتح، ومسلم في صلاة العيدين (٨٨٤) عبد الباقي.

(٤)أخرجه أبو داود في المناسك (٢٠٤٢)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (١٧٨٠)

(٥)أخرجه البخاري في المناقب (٣٩٣١) فتح، ومسلم في صلاة العيدين (٨٨٤) عبد الباقي.

وتەی: (**أَوْفِ بِنَذْرِكَ**) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سەربڕین بۆ خوا لەو شوێنەی کە هاوبەشدانەران سەربڕینیان تیایدا ئەنجامدا بۆ غەیری خوا، یان لە شوێنی جەژنەکانیان، سەرپێچیە، چونکە وتەی: (**أَوْفِ بِنَذْرِكَ**) (فاء) بۆ شوێن کەوتنە کە یەکسەر باسی حوکمەکە دەکات لە دوای (**وصف**)ەکە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بێگومان وەسفەکە هۆکارێکە بۆ حوکم و بڕیاردان. جا وای لێدێت هۆکاری فەرمانکردن بە بەوەفاکردن بە نەزر بەتاڵ بوونیتی لەم دوو وەسفە. کاتێ کە وتیان: (لا) نەخێر، فەرمووی: (**أَوْفِ بِنَذْرِكَ**) ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە خودی ئەو جێگایە شوێنێکە بۆ جەژنەکانیان، یان بتێك لە بتەکانی ئەوانی تێدایە: ڕێگریکارە لە قوربانی تیایدا ئەگەر چی نەزری کردبێت. شێخێی ئیسلام ئەمەی وتووە.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**فإنه لَا وَفَاءَ لِنَذْرٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ**) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمە نەزرکردنی سەرپێچیە ئەگەر لەو شوێنەدا هەندێ ڕێگری و بەربەست ببینرێ. ئەوەشی لە نەزری سەرپێچیە ئەوە بە یەکدەنگی زانایان دروست نیە وەفای پێ بکات و بەجێی بهێنێ، وە جیاوازیان هەیە ئایا کەفارەتی سوێندی تێدا پێویست دەبێت؟ لەسەر دوو بۆچوون، ئەوانیش دوو ڕیوایەتن لە ئەحمەدەوە.

یەکەم: کەفارەت پێویست دەبێت وە ئەوەش خودی مەزهەبی (أحمد)ە، ڕیوایەت کراوە لە ئیبنومەسعود و ئیبنوعەباس. وە ئەبو حەنیفەو هاوەڵانی هەر ئەوە دەڵێن، لەبەر فەرموودەی عائیشە بەمەرفوعی: (**لا نَذرَ في مَعصِيةٍ، وكَفارَتُهُ كَفارةُ يَمينٍ**) [1]. واتە: نەزر نیە لە سەرپێچیکردندا، کەفارەتیشی کەفارەتی سوێند خواردنە. ئەحمەدو ئەهلی سونەن گێڕاویانەتەوە، ئەحمەدو ئیسحاقیش کردویانە بە بەڵگە.

دووەم: کەفارەتی لەسەر نیە، ئەویش ڕیوایەت کراوە لە مەسروق و شەعبی و شافعی، فەرموودەی بەشەکەیان کردوە بە بەڵگە، وە باسی کەفارەتی تێدا نیەو نەکراوە. وەڵامەکەشی ئەوەیە باسی کەفارەتی کردوە لەفەرموودەکەی پێشوودا، ڕەهاش (**مطلق**) دەخرێتە سەر (مقید).

وتەی: (**ولافيما لَا يَمْلِكُ بن آدَمَ**) لە (شرح المصابیح) وتویەتی: ئەگەر نەزرەکەی بداتە پاڵ شتێکی دیاریکراو لە توانایدا نەبێت، بەوەی بڵێ: ئەگەر خوا شیفای نەخۆشەکەمی دا، دەبێت کۆیلەی فلانەکەس ئازاد بکەم، وە وێنەی ئەوە، بەڵام ئەگەر شتێکی لە گەردنیدا پەیوەیست کرد، بەوەی بڵێ: ئەگەر نەخۆشەکەم چاك بوویەوە، دەبێت بەندەیەك ڕزگار بکەم، ئەو لەو کاتەدا نە کویلەیەکی هەبێت نە نرخەکەی، جا ئەگەر نەخۆشەکەی چاك بوویەوە ئەو شتە لە گەردنیدا جێگیر دەبێت.

وتەی: (**رواه أبو داود وإسناده على شرطهما**) واتە: بوخاری و موسلیم.

ئەبو داوود: ناوی سولەیمانی کوڕی ئەشعەثی کوڕی ئیسحاقی کوڕی بەشیری کوڕی شەدادی (**الأزدي السجستاني**) هاوەڵی ئیمام ئەحمەد بووە، وە دانەری کتێبی (السنن)و (المراسیل)و جگە

---

(١)أخرجه أبو داود في الإيمان والنذور (٣٢٩٠)، والترمذي في النذور والإيمان (١٥٢٤) وابن ماجه في الكفارات (٢١٢٥)، وصححه الشيخ الألباني في الإرواء (٢٥٩٠).

لەوانە، متمانە پێکراوە، ئیمامە، (**حافظ**)ە، لە گەورە زاناکانە، لە ساڵی دووسەدو حەفتاو پێنج مردووە. ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری فەرموودەی خوا ﷻ: ﴿ لَا نَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ﴿١٠٨﴾ ﴾**التوبة.**

دووەم: هەندێ جار گوناە و تاوان و سەرپێچی کاریگەری لە زەوی دەکات، بەهەمان شێوە گوێڕایەڵی کردنیش.

سێیەم: گەڕاندنەوەی مەسەلەیەکی ئاڵۆز بۆ لای مەسەلەیەکی ڕوون، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیەکەی نەمێنێت.

چوارەم: پرسیار کردنی موفتی لەو کەسەی پرسیاری کردوە، ئەگەر پێویستی کرد (پرسیارەکەی بە وردی ڕوون بکاتەوە).

پێنجەم: دیاریکردنی شوێنێك بە نەزر ئاساییە ئەگەر هیچ بەربەستێك لە پێشیدا نەبوو.

شەشەم: ڕێگریکردن لە نەزرو سەربڕین ئەگەر بتێك لە بتەکانی جاهیلیەتی تێدا بێت، ئەگەر دوای نەمانیشی بێت.

حەوتەم: ڕێگریکردن لە سەربڕینو نەزر ئەگەر شوێنی جەژنێك لە جەژنەکانیان بێت، ئەگەر چی دوای نەمانیشی بێت.

هەشتەم: دروستە نیە لەو شوێنەدا نەزر بەجێبهێنرێت، چونکە ئەو نەزرە سەرپێچیە.

نۆیەم: ئاگادار بوون لە خۆشوبهاندن بە هاوبەشدانەران لە جەژنەکانیاندا ئەگەر چی مەبەستیشی نەبێت.

دەیەم: نەزر لە سەرپێچیکردن دا نیە.

یازدە: نەوەی ئادەم نەزری لەسەر نیە لەوەی لە توانایدا نەبێت.



بەشی ١١

نەزرکردن بۆ غەیری خوا هاوبەشدانانە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (باب من الشرك النذر لغير الله تعالى)

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی نەزر بۆ غەیری خوا لە هاوبەش دانانە.

.....

واتە: لەبەر ئەوەی پەرستشە پێویستە بەجێ بهێنرێت ئەگەر نەزری کرد بۆ خوا. ئەوکات نەزر کردن بۆ غەیری خوا دەبێتە هاوبەشدانان لە پەرستشدا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا ﴿٧﴾ ﴾الإنسان.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: وەفا بە نەزر دەکەن وە لە ڕۆژێکیش دەترسن کە بەدی و سەختی یەخەی هەمووان دەگرێتەوە) ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی بەجێهێنان و وەفا بوون بە نەزر کردن و پیاهەڵدانی ئەوکەسەی ئەو کارە ئەنجام دەدات وەکو گوێڕایەڵی خواو بەوەفا بوون بەوەی نزیك دەبێتەوە پێی لە خوا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ ۗ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾ ﴾البقرة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: ئەوەی بەختتان کردبێ لە چاکە یان نەزرێکتان بڕیار دابێت ئەوە بێگومان خوا ئاگای لێیەتی، وە هیچ یارمەتی دەرێك نیە بۆ ستەمکاران).

.....

ئیبنو کەثیر دەڵێ: خوا هەواڵ دەدات کە ئەو زانایە بەهەموو ئەوەی فەرمانبەرداران دەی کەن لە چاکە: لە نەفەقەو بەنەزر کراوەکان، ئەوەش پاداشتی خوای لە خۆ گرتووە بە زۆرترین پاداشت بۆ هەموو فەرمان بەردارێك کە کاری پێ بکات بە مەبەستی خوابوون.

ئەگەر ئەوەت زانی: ئا ئەم نەزرانەی کە ڕووەدەن لەوانەی کە گۆڕەکان دەپەرستن، بۆ ئەوەی لێیان نزیك ببنەوە و پێویستیەکانیان بۆ بەجێ بگەیەنن و تکایان بۆ بکەن، هەموو ئەوانە هاوبەشدانانن لە پەرستشدا بەبێ گومان، هەر وەکو خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا فَقَالُوا۟ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمْ ۗ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿١٣٦﴾﴾**الأنعام**. (واتە: وە بڕیاریاندا بۆ خوا لەوەی کە دروستی کردو دای هێنا بەشێك لە کشت و کاڵ و ئاژەڵ و مالآت جا بە گومانی خۆیان وتیان ئەمە بۆ خوایە، وە ئەوەش بۆ هاوبەشەکانمان، جا ئەوەی بۆ هاوبەشەکانیانە ئەوە بە خوا ناگات، وە ئەوەش بۆ خوایە ئەوە دەگات بە هاوبەشەکانیان، چ خراپە ئەوەی بڕیاری دەدەن).

شێخی ئیسلام دەڵێ: ئەوەی کراوە بە نەزر بۆ غەیری خوا وەك نەزر کردنە بۆ بتەکان و خۆرو مانگ و گۆڕەکان و وێنەی ئەوانە، ئەوە لەپلەی سوێند خواردن دایە بە غەیری خوا لە بەدیهێنراوەکان. سوێند خۆر بە بەدیهێنراوەکان نە بەجێهێنان و وەفا کردنی لەسەرە نە کەفارەت، بەهەمان شێوە نەزرکار بۆ بەدیهێنراوەکانیش، چونکە هەردوکیان هاوبەشدانانن، وە هاوبەشدانان حەرام بوونی(گوناهەکانی) بۆ نیە لە ڕووی حوکمەوە، بەڵکو دەبێ خاوەنەکەی داوای لێخۆش بوونی بۆ بکات، وە ئەوە بڵێیت کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**من حَلَفَ فقال في حَلِفِهِ: وَاللَّاتِ وَالْعُزَّى فَلْيَقُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**)[1]. واتە: هەرکەسێك سوێند بخوات و لەسوێندەکەیدا بڵێت: بە لات و عوززا، جا بابڵێت: (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**).

وە وتویەتی دەربارەی ئەوەی نەزر بۆ گۆڕەکان دەکات، یان وێنەی ئەوانە بۆ ئەوەی ڕوناکی لێ وەربگیرێت، دەڵێ: نەزر وەردەگیرێ وەکو چۆن هەندێ لە گومڕاکان وتویانە: ئەم نەزرە سەرپێچیە بە کۆدەنگی موسڵمانان، دروست نیە بەجێ بگەیەنرێ، بەهەمان شێوە ئەگەر مااڵێ بکاتە نەزر بۆ خزمەتکار و مجێورەکان کە ماونەتەوە لەو شوێنەدا. چونکە تێیاندایە لێکچوونیان تێدایە بەو خزمەتکارانەی کە لەلای لات و عوززاو مەنات بوون، مااڵی خەڵکی دەخۆن بە ناحەق و ڕێگری خەڵکی دەکەن لەڕێگای خوا، مجێورەکانی ئەوێ لەوانە دەچن کە ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾﴾**الأنبياء**. (واتە: ئا ئەم پەیکەرو بتانە چیە کە ئێوە دەیانپەرستن و بەلایانەوە ماونەتەوە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ۚ ﴿١٣٨﴾﴾**الأعراف**. (واتە: ئینجا نەوەی ئیسرائیلمان لەو دەریا پەڕاندەوە (فیرعەون و گەلەکەیمان تێدا خنکاند) ئینجا تووشی خەڵکانێك بوون بەردەوام خەریکی پەرستنی بتەکانیان بوون).

جا نەزر بۆ ئەو خزمەتکارو مجێورانەی کەلەو شوێنەدان نەزرێکی سەرپێچیە، وە لە نەزری خزمەتکاری لەخاچدراوان و مجێورانی دەچێت، یان لە خزمەتکاری بتەکانی هیندو مجێورەکانی لای ئەو.

---

(١) أخرجه البخاري، ومسلم وأبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه، عن أبي هريرة.

(الأذرعي) لە (شرح المنهاج)دا دەڵێ: بەڵام نەزر کردن بۆ شوێنە دیارەکان لەسەر گۆڕی وەلیەك یان شێخێك، یان لەسەر ناوی یەکێ لە دۆستانی خوا کە جێگەی گرتۆتەوە و ماوەتەوە و هاتووچۆی پێدا کردووە، بێگومان مەبەستی نەزرکار لەوەدا بەزۆری بە مەزندانانی ئەو شوێن و جێگایەیە، یان بە مەزندانانی ئەو کەسەیە کە تێیدا شاردراوەتەوە، یان دراوەتە پاڵی، یان خانوو دروستکراوە لەسەر ناوەکەی، ئا ئەمە نەزرێکی ناڕاست و پووچەو دانامەزرێت، چونکە ئەوان بڕوایان وایە ئەم جێگایانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، وە وادەبینن ئەوانە لەو شتانەیە کە بەلآی پێ دەفع دەکرێ و نازونیعمەتی پێ دەهێنرێ، وە داوای شیفا دەکرێ بە نەزر کردن بۆی لە نەخۆشی و نارەحەتیەکان، تەنانەت ئەوان نەزر دەکەن بۆ هەندێ لە بەردەکان کاتێ پێیان وتراوە: ئەوە پیاوچاکێك پاڵی پێوە داوە، وە نەزر دەکەن بۆ هەندێ گۆڕ بە چراو مۆم و زەیت، وە دەڵێن گۆڕی فلآن کەس یان فلآن شوێن نەزر وەردەگرێت، مەبەستیان ئەوەیە لەوێدا ئاواتەکان بەدی دێن، لەچارەسەر کردنی نەخۆشی یان هاتنی کەسێکی نادیار، یان سەلامەتی ماڵ و دارایی و وێنەی ئەوانە لە جۆرەکانی نەزر کردن، جا ئەم نەزر کردنە بەم شێوەیە بێگومان پووچە، بەڵکو نەزر کردن بە زەیت و مۆم و وێنەی ئەوانەش بۆ گۆڕەکان بە ڕەهایی پووچە.

وە لەوانە نەزر کردنی ئەو مۆمە زۆرانەو جگە لەوانیش لەلای گۆڕی ئیبراهیمی خۆشەویست علیه السلام، وە لەلای گۆڕی جگە لەویش لە پێغەمبەران و دۆستانی خوا. چونکە بێگومان ئەو کەسەی کە نەزر دەکات مەبەستی لەو داگیرساندنەدا لەسەر گۆڕ نیە، مەگەر بۆ تەبەروك و بەمەزندانانی بێ، وادەزانێ ئەوە نزیك بونەوەیە، ئەمەش هیچ گومانێکی تێدا نیە لە پووچی و بەتاڵێتی، ئەو داگیرساندنەیشی کە باسکرا قەدەغە کراوە، جا یەکسانە کەسێك لەوێدا سوودی لێ وەربگرێ یان نا.

قاسمی (الحنفی) لە شەرحی (درر البحار)دا وتویەتی: ئەو نەزرەی کە زۆربەی نەفامەکان ئەنجامی دەدەن لەوەی کە دیارەو دەبینرێت وەکو ئەوەی کەسێك کەسێکی نەخۆش بێت، یان نادیار یان پێویستیەکی هەبێت، دێت بۆلای گۆڕی هەندێ لە پیاو چاکان شتێك دەدات بەسەری خۆیداو دەڵێ: ئەی گەورەم، ئەی فلآن کەس ئەگەر خوا ﷻ نەخۆشەکەی بۆ چارەسەر کردم و نادیارەکەی بۆم گەڕاندەوە، یان پێویستیەکەمی بۆم بەجێ هێنا، ئەوە ئەوەندە زێڕ پێشکەش بەتۆ دەکەم، یان ئەوەندە زیو، یان ئەوەندە خواردن یان ئەوەندە ئاو یان ئەوەندە مۆم و زەیت. بەڕاستی ئەم نەزرە بە یەکدەنگی زانایان پووچ و بەتاڵە. لەچەند ڕوویەکەوە:

لەوانە: بێگومان ئەوە نەزرە بۆ بەدیهێنراو، نەزر کردنیش بۆ بەدیهێنراو دروست نیە چونکە پەرستشە، پەرستشیش بۆ بەدیهێنراو ڕەوا نیە.

لەوانە: نەزر بۆ کراو مردووە، مردویش هیچ دەسەلآتێکی نیە.

لەوانە: ئەو پێی وایە مردوو کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنێ لەجیاتی خوا، بڕوابونیش بەوە کوفرە.

تا ئەوەی وتویەتی: ئەگەر ئەمەت زانی ئەوە بێگومان ئەوەی وەردەگیرێ لە پارەو مۆم و زەیت و جگە لەوانیش، وە دەگوازرێنەوە بۆ سەرگۆڕی پیاو چاکان بۆئەوەی نزیك ببنەوە لێیان، ئەوە بەیەکدەنگی موسڵمانان حەرامە.

ئیبنو نەجیم گواستویەتیەوە لە (البحر الرائق)، وە مورشدی لە کتێبی (تذكرة)دا جگە لەوانیش لە ئەوەوە گواستویانەتەوە، وە ئەوەیشی زیاد کردوە: خەڵکی بەمە تاقی کراونەتەوە، بەتایبەت لە لەدایك بوونی (البدوی).

شێخی (صنع الله)ی حەلەبی حەنەفی لە بەرپەرچدانەوەی ئەوەی کە ڕێگەی داوە بە سەربڕین و نەزر کردن بۆ پیاو چاکان دەڵێ: بەڕاستی ئەم سەربڕین و نەزر کردنە ئەگەر لەسەر ناوی فلان کەس بوو ئەوە بۆ غەیری خوایە و پووچ و بەتاڵە، لە قورئاندا هاتووە: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ ﴿١٢١﴾ ﴾الأنعام. (واتە: لەو سەربڕاوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە). وە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ ﴾الأنعام. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ بێگومان نوێژو قوربانی و ژیان و مردنم هەر بۆخوای پەروەردگاری هەموو جیهانیانە* هیچ هاوبەشێکی نیە) وە نەزر کردن بۆ غەیری خوا هاوبەشدانانە لەگەڵ خوادا، وەك سەربڕین وایە بۆ غەیری ئەو.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح عن عَائِشَةَ (رضي الله عنها) أنَّ رسَولَ اللهِ ﷺ قال: من نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِي اللهَ فلا يَعْصِهِ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت: لە صەحیحدا هاتووە، لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت): بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرکەسێك نەزری کرد لەسەر خۆی کە گوێڕایەڵی خوا بکات، با گوێڕایەڵی بکات، وە هەرکەسێك نەزری کرد کە سەرپێچی خوا بکات، ئەوە با سەرپێچی نەکات.

وتەی: (**وفي الصحيح**) واتە: بوخاری و موسلیم.

وتەی: (**عن عَائِشَةَ**) دایکی ئیمانداران، خێزانی پێغەمبەر ﷺ، کچی ئەبو بەکر، پێغەمبەر ﷺ ماڕەی کرد لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، وە گواستیەوە لە تەمەنی نۆ ساڵی، ئەو تێگەیشتوو ترینی ناو ئافرەتان بوو، وە چاکترینی ژنی ناو خێزانەکانی بوو جگە لە خەدیجە، لەمەدا خیلاف هەیە. لە ساڵی پەنجاو حەوت کۆچی کرد لەسەر بۆچوونی ڕاست.

وتەی: (**من نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ**) با ئەنجامی بدات ئەو نەزرەی کردویەتی لە گوێڕایەڵی خوا، زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك نەزری شەرعی بکات بۆ بە جێ هێنانی شتێك ئومێدی پێی هەبێت، وەك ئەوەی بڵێت: ئەگەر خوا شیفای نەخۆشیەکەمیدا ئەوە لەسەر خۆم پێویست دەکەم ئەو شتە بکەم بە خێرو صەئایەتە، وە وێنەی ئەوەش، ئەوکات پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات، ئەگەر ئەوەی نەزری بۆ کردوە دەستەبەر بوو بۆی، گێڕدراوەتەوە لە ئەبو حەنیفەوە دەڵێ: بێگومان لەسەری پێویست نیە وەفا بە نەزرەکەی بکات، مەگەر بەوەی ڕەگەزی

(١)أخرجه البخاري في الإيمان والنذور (٦٦٩٦) فتح.

شتەکە پێویست(واجب) بێت لە بنچینەی شەرعدا، وەک ڕۆژوو، بەڵام ئەوەی بەو شێوە نیە وەک ئیعتیکاف ئەوە پێویست نیە لەسەری وەفای پێوە بکات.

وتەی: (**وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَ الله فلا يَعْصِهِ**) طەحاوی ئەمەی زیاد کردوە: (**وَلْيُكَفِّرَ عَن يَمينِهِ**)[1]. واتە: با کەفارەتی سوێندەکەی بدات. بێگومان زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی دروست نیە وەفا کردن بە نەزری سەرپێچی.

(**الحافظ**) دەڵێ: یەکدەنگن لەسەر قەدەغەکردنی نەزرکردن لە سەرپێچیدا، وە جیاوازیان هەیە: ئایا کەفارەت دادەمەزرێ یان نا؟ ئەوەش لەپێشەوە باس کرا.

دەکرێت فەرموودەکە بکرێت بە بەڵگە لەسەر ڕاستی نەزر لە شتی ڕەوادا، ئەوەش مەزهەبی ئەحمەدو جگە لەویشە، ئەو فەرموودەیە پشتیوانی لێ دەکات کە ئەبو داوود گێڕاویەتیەوە لە عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیرەیەوە، وە ئەحمەد و ترمزی و لە بورەیدەوە گێڕاویانەتەوە: ئافرەتێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من نەزرم کردوە لەسەر سەرت دەف لێبدەم، فەرمووی: (**أَوْفِ بِنَذْرِكَ**)[2]. واتە: وەفا بکە بە نەزرەکەت. بەڵام نەزری سەرکەشی و دژایەتی کردن و توڕەبوون بەلای ئیمام ئەحمەد سوێندە، ئازادە لە نێوان ئەنجامدانی و کەفارەتی سوێندەکەی، لەبەر فەرموودەی عیمرانی کوڕی حوصەین بە مەرفوعی: (**لا نَذرَ فِي غَضَبٍ، وَكَفارتُهُ كَفارةُ يَمينٍ**) [3]. واتە: نەزر لە توڕەییدا نیە، کەفارەتەکەشی کەفارەتی سوێند خواردنە. سەعیدی کوڕی مەنصور و ئەحمەد و نەسائی گێڕاویانەتەوە. ئەگەر نەزری کەراهەتی کرد وەک **طەلآق چاکتر** وایە کەفارەتی بدات نەزرەکەی بەجێنەهێنێت.

---

(١)شرح مشكل الآثار (٢١٤٤)، وصحيح هذه الزيادة الشيخ الألباني في الإرواء ٢١٧/٨.

(٢)أخرجه أبو داود في الإيمان والنذور (٣٣١٢)، وصححه الشيخ الألباني في الإراواء (٢٥٨٨).

(٣)أخرجه النسائي في الأيمان والنذور (٣٨٤٢) أبو غدة. وضعفه الشيخ الألباني في الإراواء (٢٥٨٧).



بەشی ١٣ داوای پەنادان بە غەیری خوا لە هاوبەشدانانە

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (باب: من الشرك الاستعاذة بغير الله).

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: داوای پەنادان بە غەیری خوا لە هاوبەشدانانە.

(الإستعاذة): داوای پەنادان، لەبەر ئەمەیە پەنا بۆ براو پێی دەوترێ: **(مَعاذ)** پەناگە، جا پەنابەر بەخوا لەوە ڕادەکات کە ئازاری دەدات یان لەناوی دەبات بۆ لای پەروەردگاری و خاوەنی، وە پەنای بۆ لای دەبات داوای پەنای لێ دەکات، ئەمەش نیشاندانی نموونەیە، ئەگەرنا ئەوەی بە دڵ پێی هەڵدەستێ لە پەنابردن بۆ لای خوا و خۆ فڕێدانە بەردەستی خوا و خۆبەکەم دانان لە حوزوریدا و زەلیل بوون بۆی، کارێکە بەدەربڕین دەور نادرێ، ئیبنو لقەییم ئەمەی وتووە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

ئیبنو کەثیر دەڵێ: **(الإستعاذة)**: بریتیە لە پەنابردن بۆ لای خۆ دانە لای ئەو لە شەڕی هەموو خاوەن شەڕێك. **(والعياذ)** بۆ لابردنی شەڕو خراپە دەبێت، وە **(اللياذ)**: بۆ داواکردنی خێر دەبێت.

وتم: پەنابردن بریتیە لەو پەرستشانەی کە خوا فەرمانی پێ کردوە بە بەندەکانی، هەروەك خوا ﷻ: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٦﴾ ﴾ **فصلت**.(واتە: وە ئەگەر لە شەیتانەوە تووشی خەتەرەو خەیاڵی نادروست بوویت ئەوە پەنا بگرە بەخوا چونکە بەڕاستی هەر ئەو بیسەری زانایە) وە وێنەی ئەوە لە قورئاندا زۆرە وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴿١﴾ ﴾ **الفلق**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: پەنادەگرم بە دروستکەری بوونەوەر واتە: بەرەبەیان) وە ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ ﴾ **الناس**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی) ئەوەی پەرستش بێت بۆ خوا بۆ جگە لەخوا ئەنجام بدرێت هاوبەشدانانە لە پەرستشدا.

جا هەرکەسێك شتێك لەم پەرستشانە بۆ غەیری خوا ئەنجام بدات، ئەوە ئەو شتەی کردوەتە هاوبەش بۆ خوا لە پەرستشیدا، وە بەرامبەرکێ ی خوای کردوە لە پەرستراوێتیدا هەر وەك چۆن ئەوەی نوێژ بۆ خوا و نوێژ بۆ غەیری خوا بکات دەبێتە بەندە بۆ غەیری خوا، هیچ جیاوازیەك نیە، وەك لەم نزیکانە باسی دەکەین.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقول الله تعالى: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ۝٦﴾ **الجن.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەڕاستی پیاوانێك لە ئادەمی پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە جنۆكە كەچی زۆرتر ماندویان دەكردن)

.....

ئیبنو كەثیر دەڵێ: واتە: ئێمە وامان دەبینی كە فەزڵ و چاكەمان هەیە لەسەر ئادەمیزاد، چونكە ئەوان پەنایان بۆ دەبردین، واتە: ئەگەر دابەزینایە ناو شیوێك یان شوێنێكی ترسناك لە دەشت و بیابان و جگە لەویش، هەروەك داب و نەریتی كۆنی عەرەب وابوو لە نەفامیاندا پەنایان دەبردە بەر گەورەی ئەو شوێنە لە جنۆكەكان كە تووشیان نەكەن بەشتێك خراپ بێ بۆیان، هەروەك چۆن یەكێكیان دەچووە وڵاتی دوژمنەكەیەوە لە پەنای پیاوێكی گەورەو ئەستۆو زەمانەتی ئەو دەمایەوە.

جا كاتێ جنۆكەكان ئادەمیان بینی پەنایان بۆ دەبردن لە ترسانیان لێیان، زیاتر تووشی ترس و تۆقینیان دەكردن (رهقاً) واتە: ترس و تۆقین، تا ئادەمیەكان زیاتر لێیان بترسن و پەنایان بۆ ببەن هەتا ئەوەی ئەبو لعالیەو ڕەبیع و زەیدی كوڕی ئەسلەم وتیان: (رهقاً) واتە: ترس. عەوفی لە ئیبنوعەباس وتویەتی: (فزادوهم رهقاً) واتە: گوناە، بەهەمان شێوە قەتادە ئەوەی وتووە.

ئەوەش بێگومان پیاوێك لە عەرەب ئەگەر لە دۆڵێكی چۆڵدا بمایەتەوە و لە نەفسی خۆی بترسایەت دەیووت: پەنا دەگرم بە گەورەی ئەم شیوە لە هەڵەو هەرزەكانی گەلەكەی، مەبەستی گەورەی جنۆكەكان بوو، بێگومان زانایان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی داوای پەنادان بە غەیری خوا دروست نیە.

(مُلا علي قاري) حەنەفی وتویەتی: داوای پەنادان بە جنۆكە دروست نیە، بێگومان خوا ﷻ بێبڕوایانی سەركۆنە كردوە لەسەر ئەوە، ئینجا ئایەتەكەی باس كردوە دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ ۖ وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ۝١٢٨﴾ **الأنعام.** (واتە: وە ڕۆژێك خوا تێكڕا كۆیان دەكاتەوەو دەفەرموێ ئەی دەستەو كۆمەڵی جنۆكە بێگومان ئێوە زۆر كەستان لە ئادەمیەكان گومڕا كرد، وە دۆستەكانیان لە ئادەمی دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان هەندێكمان سوودو كەڵكمان لە هەندێكمان وەرگرت، وە بەو كاتەو مۆڵەتە گەیشتین كە بۆت دیاری كردبووین، خوا فەرمووی ئاگر شوێنتانە بە هەمیشەیی و بێ بڕانەوە دەمێننەوە تیایدا جگە لەو كاتەی كە خوا بیەوێ بەڕاستی پەروەردگارت كاردروستی زانایە).

جا چێژ وەرگرتنی ئادەمیەك لە جنیەك لە جێ بەجێ كردنی پێویستیەكانی و جێبەجێكردنی فەرمانەكانی و هەوڵدانی پێی لە بەشتێك لەوانەی غەیب و پەنهانن، وە سوود وەرگرتنی جنیەك لە ئادەمیەك، بە مەزندانان و پەنا بۆ بردن و ملكەچبوونیەتی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: فيه: أن كَونَ الشيءِ يَحصُلُ بِهِ مَنفَعَةٌ دُنيَويَّةٌ لا يدُلُ عَلى أنَّه لَيسَ مِن الشِّركِ.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەوەشی تێدایە: بەڕاستی شتێك کە سوودی دنیایی پێ بەدەست بێت، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی لە هاوبەشدانان نیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعَن خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيم قَالَتْ: سمعت رَسُولَ اللَّه ﷺ يقول: (من نَزَلَ مَنْزِلًا فَقالَ: أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ من شَرِّ ما خَلَقَ، لم يَضُرَّهُ شَيْءٌ حتى يَرْتَحِلَ من مَنْزِلِهِ ذلك)[1]. رواه مسلم.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە خەولەی کچی حەکیم وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: هەرکەسێك دابەزێتە شوێنێك بڵێت: پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە خراپەی هەموو بەدیهێنراوێك(شەڕو خراپەی تێدا بێت)، ئەوە هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت هەتا ئەو شوێنە بەجێ دێڵێت.

•••••••••••••••••••

خەولە: خەولەی کچی حەکیمی کوڕی ئومەییەی سوللەمیە، پێی دەوترێ دایکی شەریك، وە پێی دەوترێ ئەو ئافرەتەیە کە خوێ بەخشی بە پێغەمبەر ﷺ، پێشتر ژنی عوسمانی کوڕی مەظعوون بوو.

ئیبنو (عبد البَر) دەڵێ: ئافرەتێکی چاکەخوازو بەڕێز بووە.

وتەی: (**أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ**) خوا ﷻ کردوویەتی بە شەریعەت بۆ موسڵمان کە پەنای بۆ ببەن لە جیاتی ئەوەی نەفامەکان ئەنجامی دەدەن لە پەنا بردن بە جنۆکە، جا خوا پێویستی کردوە لەسەر موسڵمانان پەنا بگرن بە ناوو سیفاتەکانی لە هەموو خراپەك.

قورطوبی دەڵێ: وتراوە: ماناکەی: ئەو وتە تەواوانەی کە کەم و کوڕی و عەیبی بە دواوە نیە وەك چۆن قسەی ئادەمیزاد ناتەواوی بەدوادا دێت، وە وتراوە: بە مانای سارێژکەرو بەس دێت، وە وتراوە: (الكلمات) وشەکانی لێرەدا بریتیە لە قورئان. چونکە بێگومان خوا هەواڵی داوە دەربارەی بەوەی: ﴿هُدًى وَشِفَآءٌ﴾ **فصلت.** (واتە: هیدایەت و چارەسەرە). ئەم شتەش لە ڕووی ڕێنمایی کردنەوەیە بۆ ئەو شتەی ئازاری پێ دووردەخرێتەوە.

جا کاتێ داوای پەنادان بەسیفاتەکانی خوای بەرزو مەزن کارێکی گەورە و پەسندە بێت، حەقی خۆیەتی ئەو کەسەی پەنا بۆ خوا دەبات یان بە ناوو سیفاتەکانی ڕاست بکات لە پەنابردنی بۆ لای، لەوەشدا پشتی پێ ببەستێت، وە لە دڵیدا ئەوە ئامادە بکات، جا هەرکاتێ ئەوەی کرد، دەگات بە ئەوپەڕی داواکاریەکەی و لێخۆشبوونی گوناهەکانی.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: پێشەوایان جەختیان کردوەتەوە وەك ئەحمەدو غەیری ئەویش لەسەر ئەوەی پەناگرتن بە دروستکراو دروست نیە. ئەمە یەکێکە لەوانەی کە

---

(١)أخرجه مسلم في الذكر والدعاء (٢٧٠٨) عبد الباقي.

کردویانە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی وتەی خوا دروست کراو نیە وتیان: چونکە جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە ئەو پەنای گرتووە بە وشەکانی خوا و فەرمانی پێ کردوە، ئا لەبەر ئەمەیە زانایان ڕێگریان کردوە لە هەر شتێ پەنای پێ بگیرێ کە ماناکەی زانراو نەبێ، لە ترسی ئەوەی نەوەك هاوبەشدانانی تێدا هەبێ.

ئیبنو لقەییم دەڵێ: هەرکەسێ شتێ سەربەڕێ بۆ شەیتان و داوای لێ بکات، وە پەنای بۆ ببات و خۆی لێی نزیك بکاتەوە بەوەی پێی خۆشە ئەوە بێگومان پەرستویەتی، ئەگەر ناوی پەرستشیشی لێ نەنات، ناوی بنات بەکارهێنان، ڕاستەکات چونکە ئەوە بەکارهێنانی ئەوە لەلایەن شەیتان وە دەبێتە یەکێ لە خزمەتکاران و بەندەکانی شەیتان، ئا بەو شێوەیە شەیتان خزمەتی دەکات، بەڵام خزمەتکردنی شەیتان خزمەتکردنی پەرستش نیە، چونکە بێگومان شەیتان ملکەچ نابێت بۆ ئەوو نایشی پەرستێت وەك چۆن ئەو پێی دەیکات.

وتەی: (**من شَرِّ ما خَلَقَ**) ئیبنولقەییم دەڵێ: واتە: لە هەموو شەڕێك لەناو هەر دروستکراوێکدا شەڕو خراپەی هەبێت: لە گیان لەبەر یان غەیری ئەو، ئادەمی بێت یان جنۆکە یان هەموو ئەوانەی کە ژەهریان هەیە، یان ئاژەڵ، یان با یا خود هەورە بروسکە، یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی بەڵاو ناڕەحەتی لە دنیاو دواڕۆژدا.

وە (ما) لێرەدا (موصولە)یە و هیچی تر مەبەست پێی گشتگیری ڕەها نیە، بەڵکو مەبەست پێی بەندکردنی وەسفیە، مانای ئەوەیە: لە شەڕو خراپەی هەموو دروستکراوێك شەڕو خراپەی تێدا بێت، نەك لە شەڕی هەموو ئەوانەی خوا دروستی کردوون، چونکە بێگومان بەهەشت و فریشتەکان و پێغەمبەران شەڕو خراپەیان نیە، شەڕ بۆ دوو شت دەوترێ: لەسەر ئێش و ئازار، وە لەسەر هەر شتێ سەربکێشێ بۆ ئازار.

وتەی: (**لم يَضُرَّهُ شَيْءٌ حتى يَرْتَحِلَ من مَنْزِلِهِ ذلك**) قورطوبی دەڵێ: ئەمە هەواڵ و وتەیەکی ڕاستە، ڕاستیەکەیمان زانیوە بە بەڵگەو ئەزموون، من خۆم لەوکاتەی ئەم هەواڵەم بیست کارم پێکرد، هیچ شتێك زیانی پێنەگەیاندم تا وازم لێ هێنا، دووپشکێك دای پێمەوە لە (**المهدية**) بە شەو، بیرم لێ کردەوە لە دڵی خۆمدا، بۆم دەرکەوت بیرم چوو بوو پەنا بگرم بەو وشانە.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری ئایەتی سورەتی (الجن).

دووەم: خودی پەناگرتن بە غەیری خوا جۆرێکە لە هاوبەشدانان.

سێیەم: بەڵگە هێنانەوە لەسەری بە فەرموودەکە، چونکە زانایان دەیکەن بە بەڵگە لەسەر ئەوەی وشەکانی خوا دروستکراو نین. وتیان: چونکە پەنا گرتن بە دروستکراو هاوبەشە دانانە.

چوارەم: چاکەو گەورەیی ئەم پارانەوەیە لەوەدایە کورت و پڕ مانایە.

پێنجەم: هەر شتێ شتێك سوودو کەڵکی دنیایی تێدا بەدی بێ لە لابردنی خراپەو هێنانی سوود، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی ئەو کارە لە هاوبەش دانان نیە.



بەشی ١٣

داوای فریاد ڕەسی لەغەیری خوا یان پاڕانەوە لە لەغەیری خوا جۆرێکە لە هاوبەش دانان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب، من الشرك أنْ يَستغِيثَ بِغيرِ اللهِ أوْ يَدعوَ غيره.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشێك، داوای فریاد ڕەسی لەغەیری خوا یان پاڕانەوە لە لەغەیری خوا جۆرێکە لە هاوبەش دانان.

.....

شێخی ئیسلام دەڵێ: (**الإستغاثة**): بریتیە لە داواکردنی یارمەتی و بەهاناوە چوون، ئەویش لا بردنی سەختی و ناخۆشیە، وەك (الإستنصار): داواکردنی سەرکەوتن. (**والإستعانة طلب العون**)جگە لەویش وتویەتی: جیاوازی لە نێوان (**الإستغاثة**) داوای فریاد ڕەسی و (**الدعاء**) پاڕانەوە: بێگومان (**الإستغاثة**) نابێت مەگەر لە کاتی بەڵاو ناڕەحەتی، (**الدعاء**)یش فراوانترە لە (**الإستغاثة**)، چونکە لە کەسی ناڕەحەت و جگە لەویش دەردەچێ، جا (**عطف**) کردنی (**الدعاء**) لە سەر (**الإستغاثة**) لە (**عطف**) کردنی گشتیە بۆ سەر تایبەت، جا لەنێوانی ئەو دوانەدا گشتگیری و تایبەت مەندی ڕەها هەیە، لەشتێکدا کۆدەبنەوە، وە (**الإستغاثة**) جیادەبێتەوە لێی لە شتێکدا، کەواتە هەموو (**الإستغاثة**) یەك (**الدعاء**)ە، بەڵام هەموو(**الدعاء**)یەك (**الإستغاثة**) نیە.

وتەی: (**أوْ يَدعوَ غيره**) چاك بزانە بەڕاستی (**الدعاء**)پاڕانەوە دوو جۆرە: پاڕانەوەی پەرستش(**دعاء عبادة**) وە پاڕانەوەی داواکردن (**دعاء مسألة**) مەبەستی پێی جارێك لە قورئاندا ئەمەیەو جارێکی دیکە ئەوی دی، وە مەبەستی پێی کۆی هەردووکیانە، جا پاڕانەوەی داواکاری(**دعاء المسألة**): بریتیە لە داواکردنی ئەو شتەی سوود بە داواکار دەگەیەنێت یان زیانی لەسەر لادەبات، ئا لەبەر ئەمەیە خوا نکوڵی کردوە لەو کەسەی داوا لە کەسێکی دیکە دەکات لەجیاتی ئەو، لەوەی نە زیانی بەدەستەو نە قازانج، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٦﴾ ﴾**المائدة**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ئایا ئێوە بێجگە لەخوا شتێك دەپەرستن؟ کە هیچ زەرەرو سوودێکی نیە بۆتان وە خوا هەر خۆی بیسەری زانایە) وە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ۗ قُلْ إِنَّ

هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ ﴾**الأنعام**. (واتە: بڵێ ئایا بێجگە لەخوا هاوار بکەین و بپەرستین شتێك کە نەسودمان پێدەگەیەنێ و نە زیان وە بەرەو دوا بگەڕێنەوە لەپاش ئەوەی کە خوا ڕێنموونی کردین بۆ ڕێگای ڕاست بەوێنەی ئەو کەسەی کە شەیتانەکان سەریان لێ شێواندبێ لەزەویدا سەرگەردان بێ، وە چەند هاوڕێیەکی هەبێت بانگی بکەن بۆ ڕێگەی ڕاست بڵێن وەرە بۆلای ئێمە کەچی بە گوێیان نەکات بڵێ بەڕاستی هەر ڕێنموونی خوا ڕێنموونی ڕاستە، وە فەرمانمان پێ دراوە کە ملکەچ و گوێڕایەڵ بین بۆ پەروەردگاری جیهانیان) وە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ یونس. (واتە: هاوار مەکە بێجگە لەخوا شتێك نە سوودت پێ دەگەیەنێت نە زیانت لێ دەدات جا ئەگەر وات کرد ئەوە بێ گومان ئەو کاتە تۆ لە ستەمکارانی).

شێخی ئیسلام دەڵێ: هەموو پاڕانەوەیەك پەرستشە داخوازە بۆ پاڕانەوەی داواکردن(**دعاء المسألة**) وە هەموو پاڕانەوەیەکی داواکردن پاڕانەوەی پەرستش لەخۆدەگرێت، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ٱدْعُوا۟ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾**الأعراف**. (واتە: دوعاو نزا لە پەروەردگارتان بکەن بە زەلیلی و کروزانەوەو بە نهێنی بێگومان خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ ﴾**الأنعام**.(واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ هەواڵم پێ بدەن ئەگەر سزای خواتان بۆ بێت یان ڕۆژی دوایی یەخەتان بگرێت ئایا هاوار دەکەنە هیچ شتێك بێجگە لەخوا ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن* بەڵکو تەنها بانگ و هاوار لەخوا دەکەن ئەویش ئەگەر ویستی ئەوەی هاواری لەدەست ئەکەن نایهێڵێ و ئەو شتانەتان لەبیر دەچێتەوە کە دەتانکردن بە هاوبەش بۆ خوا) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾الجن. (واتە: بێگومان مزگەوتان تایبەتی خوان کەواتە لەگەڵ خوادا هاوار لەکەسی تر مەکەن) ﴿ لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ ۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ ﴿١٤﴾ ﴾**الرعد**. (واتە: نزاو پاڕانەوەی حەقیش هەر بۆ خوایە ئەوانەش نزاو لاڵە لە غەیر خوا دەکەن هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە نایەن بە هاواریانەوە مەگەر وەك کەسێك کە تینووی بێت لە دورەوە هەردوو مشتی خۆی بۆلای ئاو درێژ کردبێ بۆ ئەوەی ئاو بگاتە دەمی بەڵام نایگاتێ نزاو دوعای بێ بڕوایان لە بتەکانیان هیچ نیە جگە لە گومڕایی و سەرلێشێوان).

وێنەی ئەمەش لە قورئاندا دەربارەی پاڕانەوەی داواکردن زۆرترە لەوەی بژمێردرێت، هەروەها پاڕانەوەی داواکردن پاڕانەوەی پەرستش لەخۆدەگرێت، چونکە داواکار داواکەی پوخت کردۆتەوە بۆ خوا، ئەویش لە چاکترینی پەرستشەکانە، بەهەمان شێوە ئەو کەسەی کە یادی خوا دەکات و قورئان دەخوێنێ و وێنەی ئەوانەش، لە ناوەڕۆکدا هەر داوای ئەوە دەکات، جا ئەو کات دەبێتە داواکارێکی پەرستشکار.

ئا بەم شێوەیە وتەی شێخی ئیسلام ڕوون بوویەوە: کە بەڕاستی پاڕانەوەی پەرستش داخوازە بۆ پاڕانەوەی داواکردن، هەروەك چۆن پاڕانەوەی داواکردن پاڕانەوەی پەرستش لەخۆدەگرێت.

وە خوا ﷻ دەربارەی خەلیلەکەی فەرموویەتی: ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا ٱعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴿٤٩﴾﴾مریم. (واتە: وە دورە پەڕێز دەبم لەئێوەو ئەو پەرستشانەش دەیپەرستن جگە لەخوا تەنها پەروەردگارم دەپەرستم ئومێدەوارم لە پەرستن و نزای پەروەردگارمدا بێ هیواو نائومێد نەبم وەکو ئێوە* جا کاتێك ئیبراهیم دوور کەوتەوە لێیان لە گەلە بت پەرستەکەی و لەو شتانەش ئەوان دەیانپەرست جگە لەخوای گەورە ئێمە ئیسحاق و لە ئیسحاقیش یەعقوبمان پێ بەخشی وە هەر یەك لەوانیشمان کرد بە پێغەمبەر) جا پاڕانەوە بوو بە یەکێك لەجۆرەکانی پەرستش، چونکە بێگومان فەرمایشتی خوا:﴿وَأَدْعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾﴾ وەك قسەی زەکەریا: ﴿إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا ﴿٤﴾﴾مریم. (واتە: بەڕاستی من ئیسکم لاواز بووە لەبەر پیری مووی سەرم بریقە دەداتەوە پەروەردگارم هەرگیز لە پاڕانەوەم لێت بێ هیوا نەبووم)..

بێگومان خوا فەرمانی پێ کردوە لەچەندین شوێن لە کتێبەکەیدا، وەك فەرموویەتی: ﴿ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفْسِدُواْ فِي ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾﴾الأعراف. (واتە: بپاڕێنەوەو داوا لە پەروەردگارتان بکەن بە زەلیلی و کڕوزانەوەو بە نهێنی بێ گومان خوا دەستدرێژی کارانی خۆش ناوێت* خراپەکاری مەکەن لە زەویدا پاش ئەوەی کە خوا چاکی کردووە وە هاوارو نزا بەرن بۆ خوا بە ترس و ئومێدەوە بەڕاستی میهرەبانی خوا لە چاکەکارانەوە نزیکە) ئەمیش پاڕانەوەی داواکردنە کە پاڕانەوەی پەرستش لەخۆدەگرێت، چونکە بێگومان داواکار ڕووەدەکاتە داوا لێکراو و ملکەچی دەبێت.

وە ڕێکخەری ئەمە: بێگومان هەر کارێك خوا بەشەریعەت داینابێت بۆ بەندەکانی و فەرمانی پێ کردبن ئەوە ئەنجامدانی بۆ خوا پەرستنە، جا ئەگەر شتێك لەو پەرستنەی بۆ غەیری خوا ئەنجامدا ئەوە هاوبەشدانەرەو دژی ئەوە وەستاوەتەوە کە خوا پێغەمبەرەکەی پێ ناردووە، لەوەی کە فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِي ﴿١٤﴾﴾الزمر. (واتە: بڵێ من هەر خوا دەپەرستم بە پاکی و تەنها هەر بۆ ئەو ملکەچم) بۆ ئەمەش لە داهاتوودا ڕووبکردنەوەی زیاتر دێ خوا بیەوێ.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (**الرسالة السنية**)دا دەڵێ: جا ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ کەسانێك هەبوو بێت لەوانە درابێتە پاڵ ئیسلام و لێی دەرچوو بێت لەگەڵ پەرستشی زۆریشدا با پێی ڕابگەیەنرێ ئەوەی دەدرێتە پاڵ ئیسلام و سوننەت لەم سەردەمەدا لەوانەیە لە ئیسلام دەربچێت لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە هەندێ لە شێخەکان، بەڵکو ڕۆچوون لە عەلی کوڕی ئەبو **طالیب**، بەڵکو لە مەسیح، هەرکەسێك زیادەڕەوی بکات لە پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێکدا، وە جۆرێ لە پەرستراوێتی بۆ دابنات بۆ نموونە بڵێت: ئەی گەورەم فڵانکەس سەرم بخە، یان فریام کەوە، یاخود ڕزق و ڕۆزی، یان من تۆم بەسە، وە وێنەی ئەم قسانە، هەموو ئەمانە هاوبەشدانان و گومڕایین، خاوەنەکەی داوای تەوبەی لێدەکرێت، جا ئەگەر تەوبەی کرد ئەوە چاکە ئەگەرنا دەکوژرێت. بێگومان خوا ﷻ لەبەر ئەوە پێغەمبەرانی ناردووە و کتێبەکانی

دابەزاندووە، بۆ ئەوەی بەتاك و تەنها بیپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن، نابێت لەگەڵ ئەودا داوا لە پەرستراوێکی دیکە بکرێت. ئەوانەی لەگەڵ خوادا داوا لە پەرستراوانێکی دیکە دەکەن وەك مەسیح و فریشتەکان و بتەکان، بڕوایان وانەبووە کە ئەوانە دروستکراوەکانیان بەدیهێناوە، یان باران دەبارێنن، یان ڕووەك و گژوگیا سەوز دەکەن، بەڵکو دەیانپەرستن، یان گوڕەکانیان دەپەرستن، یان وێنەکانیان دەپەرستن، دەڵێن: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ٣﴾الزمر. (واتە: تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین نزیکمان بکەنەوە لە خوا). ﴿وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ١٨﴾یونس. (واتە: وە دەڵێن ئەو بتانە تکاکارمانن لە لای خوا).

خوا ﷻ پێغەمبەرەکانی ناردووە و قەدەغەی کردوە لەوەی داوا لە غەیری ئەو بکرێت، نە داواکردنی پەرستش و نە داواکردنی فریاد ڕەسی.

هەروەها دەڵێ: هەرکەسێك لەنیوان خواو بەندەکانیدا شتانێك دابنات و بیانکات بە نێوەندگیر و پشتیان پێ ببەستێ و داوایان لێ بکات، ئەوە کافر بووە بە یەکدەنگی زانایان.

گواستویەتیەوە لێیەوە هەریەکە لە خاوەنی (الفروع) و خاوەنی (الإنصاف)و خاوەنی (الإقناع) و جگە لەوانیش، شێخی ئیسلامیش باسی کردوە، وە گواستمەوە لێیەوە لە بەرپەرچدانەوەی ئیبنوجەرجیس لە (**مسئلة الوسائط**).

ئیبنولقەییم دەڵێ: لە جۆرەکانی هاوبەشدانان داواکردنی پێویستیەکانە لە مردووەکان و داوای فریاد کەوتن و ڕووتێکردنیانە، ئەمەش بنچینەی هاوبەشدانانی جیهانە. چونکە بێگومان مردوو کردەوەکانی دەپچڕێ، ئەو هیچی بە دەست نیە بۆ خۆی نە سوود نە زیان، جا چ جای ئەوەی داوای یارمەتی لێ دەکات یان داوای ئەوەی لێ دەکات شەفاعەتی بۆ بکات لە لای خوا، ئەمەش لە نەفامیەتیە بە شەفاعەتکارو شەفاعەت لاکراو، بەم نزیکانە تەواوی قسەکانی دەخەینە ڕوو لە بەشی شەفاعەت ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت.

(**الحافظ**) موحەممەدی کوڕی (عبدالهادی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە بەرپەرچدانەوەی (السبکی) کە تویەتی: زیادەڕەوی لە بەمەزندانانی پێغەمبەر ﷺ واجب و پێویستە.

ئەگەر مەبەستی لە زیادەڕەوی ئەوە بێت هەرکەسێك بە پێی ئەوەی دەیبینێ بە مەزنی دابنات، تا دەگاتە ئاستی حەج کردن بۆ لای گۆڕەکەی و سوژدە بردن بۆی و طەواف کردن و سوڕانەوە بە دەوریدا، بڕوای وابێت کە پێغەمبەر ﷺ لە غەیب و پەنهان دەزانێت، وە ئەو دەبەخشێ و ڕێگری دەکات وە بۆ هەرکەسێ کە داوای فریاد کەوتنی لێ دەکات سودو زیانی بەدەستە لەبری خوا، وە چارەسەری پێویستی داواکاران دەکات و دەروی خێر دەکاتەوە بۆ ئەوانەی لە ناخۆشیدا دەژین، تکا و شەفاعەت دەکات بە ویستی خۆی بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت، هەرکەسێکیشی بوێ بە ویستی خۆی دەیخاتە بەهەشتەوە، جا بانگەشەکردنی زیادەڕەوی بەم جۆرە زیادەڕەویە لە هاوبەشدانان و دەرچوونە لە ئاین بەگشتی.

وە لە فەتاواکانی (**البزازية**) لە کتێبەکانی (**الحنفية**): زانایانمان دەڵێن: هەرکەسێك بڵێت ڕۆحی پێشەواکانمان ئامادەیەو دەزانێ: بێبڕوا دەبێت.

(بەرپەرچدانەوەی ئەوکەسەی کە پێی وایە پیاوچاکان توانای بەرێوەبردن و هەڵسوڕانیان هەیە).

شێخ (صنع الله)ی حەنەفی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبەکەی، بەرپەرچدانەوەی ئەوکەسەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە پیاوچاکان توانای هەڵسوڕاندن و بەرێوەبردنیان بۆ هەیە لە ژیان و دوای مردنیش، ئەمیش وەک کەرامەتێک، دەڵێ: بەڕاستی ئیستا لەناو موسڵمانانداو چەندین کۆمەڵ و دەستە دەرکەوتوون بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پیاوچاکان توانای بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنیان هەیە لە ژیانیان و دوای مردنیشیان، لە کاتی سەختی و ناخۆشی و بەلاکاندا داوای یارمەتیان لێ دەکرێ، وە بەهیمەتی ئەوان شتە بایەخدارەکان ئاشکرا دەبن، دێن بۆ لای گۆڕەکانیان هاواریان لێدەکەن بۆ بەدەستهێنانی پێویستیەکانیان، پێیان وایە ئەوە کەرامەتە و دەڵێن: لەناو پیاوچاکاندا پیاوی واهەیە (إبدال)ە[1] هەیە (أوتاد)ە[2] هەیە (نجباء)ە[3]، هەیە حەفتا وە حەوتە، هەیە چل وە چوارە، **قوطب**: لە لای ئەوان بریتیە لە پەناگەی خەڵک، ئەو جەمسەرە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ تێک بچێ، قوربانی و نەزرکردنیان بە ڕەوا داناوە بۆیان، پاداشتیان لەسەر ئەو دووانە چەسپاندوە، دەڵێ: قسەیەکە زیادەڕەوی تێدایە بەڵکو لەناوچوونی هەمیشەیی و سزای هەتاهەتایی تێدایە، لەبەرئەوەی بۆن و بەرامی هاوبەشدانانی ڕاستەقینەو دژایەتی قورئانی پیرۆزی بەڕاست دانراوی تێدایە، وە پێچەوانەی بیروباوەڕی پێشەوایانە و ئەوەشی کە ئوممەت لەسەری یەکدەنگە، وەک لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾**النساء**. (واتە: وە هەرکەسێک دژایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بویەوە و شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێ بێجگە لە ڕێگای بڕوادارانی، ڕووی وەردەگێڕین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردووە، وە دەیخەینە دۆزەخ، ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە).

پاشان دەڵێ: بەڵام قسەی ئەوان: کە دەڵێن پیاوچاکان و دۆستانی خوا بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنیان بۆ هەیە لەژیان و دوای مردنیشیان، فەرمایشتی خوا بەرپەرچی دەداتەوە وەک دەفەرموێ: ﴿أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِۚ ٦١﴾**النمل**. (واتە: ئایا هیچ پەرستراوێک هەیە لەگەڵ خوا؟). ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ ٥٤﴾**الأعراف**. (واتە: بێداربن کە بەدی هێنان و فەرماندان هەر بۆ خوایە). ﴿لِّلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ٤٩﴾**الشورى**. (واتە: هەر بۆ خوایە پاشایەتی ئاسمانەکان و زەوی). وە وێنەی ئەوانەش لەو ئایەتانەی کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی خوا تاک و تەنهایە بە دروستکردن و بەڕێوەبردن و دەسەڵات، هیچ کەس دەسەڵاتی لە شتێک لەوانەدا نیە بەجۆرێ لە جۆرەکان، ئەوان لەژێر موڵک و زاڵیتی و دەسەڵاتی خوادان لەڕووی تەسەڕوف و خاوەندارێتی، بە ژیاندن و مردن و دروستکردن، پەروەردگار ستایشی خۆی دەکات بەوەی تاک و تەنهایە بە موڵکی لە چەندین ئایەت لە کتێبەکەیدا وەک فەرموویەتی: ﴿هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ ٣﴾**فاطر**. (واتە: ئایا بێجگە لەخوا

---

(١) مەبەست لەم وشە ئەوەیە ئەگەر یەکێکیان بمرێ پیاوچاکێکی تر شوێنی دەگرێتەوە، ئەمانە زەواج ناکەن یان زۆر بەکەمی زەواج دەکەن، وە نیشتەجێی شامن.

(٢) سێیەم چینی پیاوانی غەیبە کە بە حیساب بەشێک لە چوار چینی ئاسمانیان بەدەستە.

(٣) بەحیساب پیاوانێکی هەڵبژاردە و سەخاوەتن کە داوایان لێ بکرێ داواکار بێبەش ناکەن، ئەمانە زەواج دەکەن و منداڵ دەخەنەوە هەندێ دەڵین: ئەمانە لە میسر دەژین.

دروستکەرێکی تر هەیە). ﴿وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ۝١٣ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ۝١٤﴾ **فاطر**. (واتە: ئەوانەی ئێوە هاواری لێدەکەن بێجگە لە خوا خاوەنی تۆپکلّە سپیەکەی ناوکی خورماش نین* ئەگەر هاوار لە بتەکان بکەن هاوارەکەتان نابیستن، وە ئەگەر بیشی بیستن وەلّامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێبڕوا دەبن بە هاوبەشدانانەکەتان و بە درۆتان دەخەنەوە، وە دڵنیابە کەس وەک خوای ئاگادار ئاگادارت ناکات). وە چەندین ئایەتی تری باس کردوە بەم مانایە.

پاشان دەڵێ: فەرمایشتی خوا لە هەموو ئایەتەکاندا ﴿مِن دُونِهِۦ﴾ واتە: لە غەیری خوا، ئەوە گشتگیرە دەچێتە ناوبەوە هەموو ئەوانەی بڕوات پێ کردووە، لە دۆستی خواو شەیتان کە داوای کۆمەکی لێ دەکەن، چونکە بێگومان ئەو توانای نەبێت لەسەر سەرخستنی نەفسی خۆی چۆن دەتوانێ یارمەتی غەیری خۆی بدات؟

تا دەگات بەوەی کە دەڵێ: بەڕاستی ئەمە قسەیەکی قەڵب و خراپەو شیرکێکی گەورەیە، تا ئەوەی دەڵێ: بەڵام وتە دەربارەی بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندن لە دوای مردن ئەوە زۆر ناشرینترەو داهێنراوترە لە ژیاندا، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٞ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ۝٣٠﴾ الزمر. (واتە: ئەی موحەممەد بەڕاستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن) ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا وَٱلَّتِي لَمۡ تَمُتۡ فِي مَنَامِهَاۖ فَيُمۡسِكُ ٱلَّتِي قَضَىٰ عَلَيۡهَا ٱلۡمَوۡتَ وَيُرۡسِلُ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمًّىۚ ۝٤٢﴾ الزمر. (واتە: خوا گیانەکان دەکێشێ لەکاتی مردنیاندا وە ئەوەی نەمردبێت لە کاتی خەوتنیدا، ئینجا ئەو گیانانە ڕادەگرێ بڕیاری مردنی داوە، وە ئەوانی تر بەرەڵآ دەکات تا ماوەیەکی دیاریکراو). ﴿كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۗ ۝١٨٥﴾ **آل عمران**. (واتە: هەموو خاوەن گیانێك مردن دەچێژێت) ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ۝٣٨﴾ **المدثر**. (واتە: هەموو کەسێك بارمتەی کردەوەی خۆیەتی) وە لە فەرموودەدا هاتووە: (**إِذَا مَاتَ ابن آدَمَ انْقَطَعَ عَمَلُهُ إلا مِنْ ثَلاثٍ**)[1]. واتە: ئەگەر نەوەی ئادەم مرد کردەوەکەی دەپچڕێ مەگەر لە سێ دانە. جا هەموو ئەوانە وە ئەوەیشی وەکو ئەوانە بێ بەڵگەن لەسەر پچڕاندنی هەستەوەرەکان و جوڵە لە مردوو، بێگومان ڕۆحەکانیان گیراونەتەوە و کردەوەکانیشیان پچڕاوە لە زیادە یان ناتەواوی، ئەوەش بەڵگەیە کە مردوو هیچ بەڕێوەبردنێکی بۆ خۆی بەدەست نیە چ جای غەیری خۆی. جا ئەگەر دەستەوسان بوو لە جوڵەی نەفسی خۆی، چۆن دەتوانێت غەیری خۆی هەڵبسوڕێنێت؟ خوای پاك و بێگەرد هەواڵ دەدات کە بێگومان ڕۆحەکان لە لای ئەون، ئەو مولحیدانەش دەڵێن: ڕۆحەکان بەردراون و هەڵس و کەوت دەکەن ﴿قُلۡ ءَأَنتُمۡ أَعۡلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ ۝١٤٠﴾ **البقرة**. (واتە: بڵێ ئایا ئێوە دەزانن یان خوا).

وتی: بەڵام بڕوابونیان بەوەی ئەم بەڕێوەبردنانە بەشێکن لە کەرامەتی پیاوچاکان، ئەوە کارێکی هەڵەیە، چونکە کەرامەت شتێکە لە لایەن خواوە ڕێزی پێ دەنێ لە دۆستانی، ئەوان مەبەست و بەرامبەرکێ و تواناو زانستێکیان تێدا نیە، وەك چۆن لە چیرۆکی مەریەمی کچی عیمران و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و ئەبی موسلیمی خەوڵانی هاتووە.

---

(١)أخرجه مسلم في الوصية (١٦٣١) عبد الباقي.

دەڵێ: بەڵام ئەوەی کە دەیڵێن: داوای فریاکەوتن لە پیاوچاکان و دۆستانی خوا دەکرێت لە کاتی سەختی و تەنگانەدا، ئەمە لەوەی پێشتر ناشرینترە و داهێنراوترێکە لەگەڵ پێکدادانی لەگەڵ فەرمایشتەکەی: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ ﴿٦٢﴾ ﴾النمل (واتە: ئایا زاتێك کە دێت بە هاواری ناچارو داماوەوە کاتێ هاواری لێ دەکات، وە ناخۆشی و بەڵاکان لادەبات، وە دەتانکاتە جێنشینی گەلانی تری سەر زەوی، ئایا پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا، بەڵام زۆر کەم بیر دەکەنەوە). ﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾الأنعام. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: کێ ئێوە ڕزگار دەکات لە تاریکیەکانی ووشکانی و دەریا کە هاوار و نزای لێدەکەن بە ئاشکراو نهێنێ، ئەڵێن سوێند بەخوا ئەگەر لەم مەترسیە ڕزگارمان بکات، ئەوە بێگومان لە سوپاسکارانی خوا دەبین* بڵێ: هەر خوا ئێوە ڕزگار دەکات لەو مەترسیە و لە هەموو ناڕەحەتی و خەم و پەژارەیەك، پاشان ئێوە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن). وە باسی چەندین ئایەتی دیکەی کردوە لەم مانایە، پاشان دەڵێ: ئەو زاتە ناوی شکۆو بەرز بێت بڕیاری داوە تەنها ئەو بەڵاو ناخۆشیەکان لادەبات نەك غەیری ئەو، تەنها ئەو زاتە وەڵامی ناچارەکان دەداتەوە، تەنها ئەو فریاد ڕەسە بۆ هەموو ئەوانە، تەنها ئەو بەدەسەڵاتە لەسەر لابردنی زیانەکان، بەتوانایە لەسەر گەیاندنی خێر، ئەو زاتە تاکە بەوە، جا ئەگەر خوا خۆی دیاری کرد(کە خۆم ئەوانە دەکەم)، جگە لە ئەو لێی دەردەچێت لە پاشاو پێغەمبەرو پیاوچاك.

دەڵێ: داوای فریاکەوتن دروستە لەو هۆکارانەی کە دیارو ئاساییں لە کاروبارە هەستەوەریەکان لە کوشتار، یان گەیشتن بە دوژمن یان درندە یان وێنەی ئەوە، وەك ئەوەی دەیڵێن: ئەی زەید، ئەی موسڵمانان، بە پێی ئەو هۆکارانەی کە دیارن بەڕاستی.

بەڵام داوای فریاکەوتن بە هێزو کاریگەری لەو کاروبارە مەعنەویەکان لە کاتی سەختیدا، وەك نەخۆشی و مەترسی نوقمبوون و تەنگانە و هەژاری و داواکردنی ڕزق و ڕۆزی و وێنەی ئەوانە، لە تایبەتمەندی خوان داوا ناکرێ لە غەیری خوا.

دەڵێ: بەڵام لەو ڕووەی کە پێیان وایە پیاوچاکان و دۆستان کاریگەریان هەیە لە جێبەجێ کردنی داواکاریەکانیان هەر وەك چۆن نەفامیەتی عەرەب ئەنجامی دەدەن وە سۆفیە نەفامەکانیش، وە هاواریان لێ دەکەن و داوای ڕزگاریان لێ دەکەن، ئەمە لە خراپەکانە. هەرکەسێ بڕوای وابێت غەیری خوا لە پێغەمبەر، یان پیاوچاك، یان هەر ڕۆحێك، یان جگە لەوانەش توانای هەیە بەڵاو نەهامەتی لابدات یان پێویستی جێ بەجێ بکات لەڕووی کاریگەربوون: ئەوە بێگومان کەوتۆتە ناو شیوی نەفامیەکی ترسناکەوە، ئەو لەسەر لێواری کەندەلآنێکە لە ئاگر، بەڵام ئەوەی ئەوان پێیان وایە ئەمە کەرامەتە، پاك و بێگەردی بۆ خوا دۆستانی خوا لەم ئاستەدا بن، ئەمە گومانی بت پەرستانە، بەهەمان شێوە خوای ڕەحمان هەواڵی داوە: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴿١٨﴾ ﴾یونس. (واتە: ئەو بتانە تکاکارمانن) ﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾الزمر. (واتە: دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین نزیکمان بکەنەوە لە خوا) ﴿ ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ ﴾یس. (واتە: ئایا بێجگە لەو (خوا) پەرستراوانێك بۆ خۆم

بڕیار بدەم ئەگەر خوای میهرەبان زیانی بۆ من بوێ تکای ئەوان هیچ سودێك بەمن ناگەیەنێ و (له سزای خوا) رزگار نابم) بێگومان باسکردنی ئەوەی له توانایدا نیه سوود بگەیەنێ و زیان لاببات -له پێغەمبەرو پیاوچاك و جگه لەویش- له ڕووی کۆمەکی لێ وەرگرتنی: هاوبەشدانانه لەگەڵ خوا، چونکه هیچ کەس توانای لابردنی زیانی نیه بێجگه له خوا، وه هیچ خێرو چاکەیەکیش نیه جگه له خێری ئەو.

دەڵێ: بەڵام ئەوانه که دەڵێن: لەناو دۆستان و پیاوچاکاندا کەسانێك هەن: (إبدال)و[1] و (نُقباء) و(أوتاد) و[2] (نجباء)ن[3]، وه حەفتا وه حەوتە، وه چل وه چوارە، وه قوطب: له لای ئەوان بریتیه له فریاد ڕەسی خەڵك. ئەمەش لەو دانراوانەدا که هەڵیان واسیوە، وەك چۆن (القاضي المحدث) ئیبنو لعەرەبی له (سراج المريدين) باسی کردوە، وه ئیبنولجوزی و ئیبنوتەیمیەش.

مەبەست ئەوەیە زانایان بەردەوام نکوڵی لەو کارە هاوبەشدانەرانه دەکەن که بوونەتە مایەی کارەسات، وه ئەوانەشی شوێنی هەواو ئارەزوو کەوتوون و بڕوای پێدەکەن، ئەگەر شوێن وتەی ئەو زانایانه بکەوتینایە که نکوڵی ئەو کارە هاوبەشدانەرانەیان دەکرد، ئەوە کتێبەکە درێژەی دەکێشا. کەسی تێگەیشتوو بەرچاو ڕوون هەست بە حەق دەکات له یەکەم بەڵگەیەوە، وه ئەوەی قسەیەك بکات بە بێ بەڵگه ئەوە قسەکەی بەڕواڵەت پووچە، پێچەوانەی ئەوەیە که شوێنکەوتوانی حەق و ئیمان لەسەری دەڕۆن، وه ئەوانەشی دەستیان گرتووە بە موحکەمی قورئانەوە و بەدەم بانگخوازی حەق و ئیمانەوە دەچن. داوای یارمەتی له خوا دەکەین و پشت بە ئەو دەبەستێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾**یونس.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (هاوار مەکەو مەپەرستە بێجگه له خوا شتێ نه سوودت پێدەگەیەنێ و نه زیانت لێ دەدات جا ئەگەر کردت ئەوە بێگومان ئەوکاتە تۆ له ستەمکارانی* وە ئەگەر خوا زیانێ بە تۆ بگەیەنێت هیچ لا دەرێك نی یە بۆ ئەو زیانە بێجگه له خوا وە ئەگەر خێرو خۆشیەکی بۆی بوێت ئەوە هیچ بەرگری کەرێك نی یە بۆ چاکەی خوا بەهرەمەندی دەکات ئەو کەسەی خۆی بیەوێ له بەندەکانی وە هەر ئەو لێبوردەی بە بەزەیی یە.

---

(١) مەبەست لەم وشە ئەوەیە ئەگەر یەکێکیان بمرێ پیاوچاکێکی تر شوێنی دەگرێتەوە، ئەمانە زەواج ناکەن یان زۆر بەکەمی زەواج دەکەن، وە نیشتەجێی شامن.

(٢) سێیەم چینی پیاوانی غەیبە کە بە حیساب بەشێك لە چوار چینی ئاسمانیان بەدەستە.

(٣) بەحیساب پیاوانێکی هەڵبژاردە و سەخاوەتن کە داوایان لێ بکرێ داواکار بێبەش ناکەن، ئەمانە زەواج دەکەن و منداڵ دەخەنەوە هەندێ دەڵین: ئەمانە لە میسر دەژین.

ئیبنو عەطیە دەڵێ: ماناکەی: پێم وتراوە: ﴿ وَلَا تَدْعُ ﴾ (عطف)ە لەسەر ﴿ أَقِمْ ﴾ ئەم فەرمانەو دواندنە بۆ پێغەمبەرە ﷺ. جا ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئەوە لەپێشترە غەیری ئەو خۆی بپارێزێ لەوە. دواندنەکە شوێنی دەرچوونی تایبەتە بەڵام گشتگیرە بۆ هەموو ئوممەت.

ئیبنوجەریر لەم لەبارەی ئەم ئایەتە وتویەتی: خوا دەفەرموێ: ئەی موحەممەد داوای شتێ مەکە لە غەیری پەرستراوو بەدیهێنراوەکەت سوودی نیە بۆت نە لە دنیاو نە لە دواڕۆژدا، وە زیانت پێ ناگەیەنێ نە لە دین و نە لە دنیا، مەبەستی پێی: پەرستراوو بتەکانە، دەڵێ: مەیان پەرستە بە ئومێدی سوودو قازانج یان لە ترسی زیانیان، بێگومان ئەوانە نە سوود دەگەیەنێ نە زیان. ئەگەر ئەوەت کرد و داوات لە غەیری خوا کرد ﴿ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ لە موشریکان و ئەوەی ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە.

وتم: ئەم ئایەتە هاوتای زۆرە وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾ ﴾الشعراء. (واتە: کەواتە هیچ پەرستراوێکی تر نەپەرستی لەگەڵ خوادا ئەگینا لە سزا دراوان دەبی). وە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴿٨٨﴾ ﴾القصص. (واتە: وە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی تر مەپەرستە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لەخوا) لەم ئایەتانەدا ڕووونکردنەوەیەک هەیە کە بەڕاستی هەر هاوارلێکراوێ و بانگ کراوێک دەبێتە پەرستراو، پەرستراوێتیش مافی خوایە هیچ شتێ لەوە ناگونجێ بۆ غەیری ئەو. بۆیە فەرموویەتی: ﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ هەر وەک فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾ ﴾الحج. (واتە: ئەمە لەبەر ئەوەیە بەڕاستی هەر خوا هەق و ڕاستە وە بێگومان ئەوەی جگە لەخوا هاواری لێ دەکەن و دەیپەرستن هەر ئەوە بەتاڵ و ناڕاستە، وە بەڕاستی خوا هەر خۆی بەرزو بڵندو گەورەیە).ئەمە ئەو یەکتاپەرستیەیە کە خوا پێغەمبەرەکەی پێ ناردووە و کتێبەکەی بۆ دابەزاندووە، هەروەکو فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴿٥﴾ ﴾البينة. (واتە: لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیان پێنەدرابوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بەدڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن). (الدين): هەموو ئەوانەی دینداری پێ دەکرێ لە پەرستشە ئاشکراو نهێنیەکان، وە ئیبنوجەریر تەفسیری کردوە بە (الدعاء) پاڕانەوە، ئەویش تاکێکە لە تاکەکانی پەرستش، لەسەر عادەت و نەریتی سەلەف و پێشین لە تەفسیرکردندا، ئایەتەکە تەفسیر دەکەن بەیەکێک لە ماناکانی، جا هەرکەسێک شتێک لەو پەرستشە ئەنجام بدات بۆ گۆڕێک یان بتێک یان پەیکەرێک یان جگە لەوە، ئەوە کردویەتی بە پەرستراو هاوبەش بۆ خوا لە پەرستراوێتیدا کە تەنها شیاوی خوایە هەر وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾المؤمنون. (واتە: هەر کەس پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوادا بپەرستێ هیچ بەڵگەیەکی نەبێ لەسەر ئەو پەرستنە ئەوە بەڕاستی لێپرسینەوەی تەنها لای پەروەردگارێتی بێگومان کافران ڕزگار نابن) جا بەم ئایەتە و وێنەی ئەمە ڕوون بوویەوە کە داوا کردن لە غەیری خوا بێبڕوایی و هاوبەشدانان و گومڕاییە.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ﴿١٠٧﴾ ﴾يونس. (واتە: وە ئەگەر خوا زیانێک بەتۆ بگەیەنێت هیچ لادەرێک نیە بۆ ئەو

زیانە، بێجگە لە خوا وە ئەگەر خێرو خۆشیەکی بوێ بۆت ئەوە هیچ بەرگری کەرێك نیە بۆ چاکەی خوا، بێگومان ئەو زاتە تاك و تەنهایە بە مولّك و دەسەلّات و زالّیتی و بەخشین و گرتنەوەو سوودو زیان، کەواتە لەوەدا ئەوە پێویست دەبێت تەنها ئەو زاتە داوا لێ کراو بێت و تەنها ئەو پەرستراو بێت، چونکە پەرستش شیاو نیە مەگەر بۆ خاوەنی سوود و زیان نەك غەیری ئەو، هیچ کەسێك شتێکی کەمی لەوانەی بەدەست نیە غەیری خوا، ئەو زاتە شایستەی پەرستشە بەتاك و تەنها، جگە لەو نە سوودی بە دەستە نە زیان.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ ۚ قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾الزمر. (واتە: بڵێ دەی پێم بڵێن ئەوانەی دەیانپەرستن جگە لە خوا، ئەگەر خوا ویستی زیانێکم پێبگەیەنێت، ئایا ئەو پەرستراوانە دەتوانن ئازارو زیانی ئەوم لێ لادەن؟ یان ئەگەر ویستی بەهرەیەك و نیعمەتێکم پێبدات ئایا ئەوانە دەتوانن بەهرەو میهرەبانی ئەوم لێ بگرنەوە، بڵێ: من هەر خوام بەسە، خۆسپێران تەنها پشت بەو دەبەستن). وە فەرموویەتی: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾ ﴾فاطر. (واتە: خوا هەر بەهرەو چاکەیەك بۆ خەڵك بەرەڵآ بکات و بیکاتەوە ئیتر بەرگری کەرێکی بۆ نیە، وە خوا هەر بەهرەیەك بگرێتەوە ئیتر لەپاش گرتنەوەی خوا بەرەڵاکەر و نێرەری بۆ نیە وە خوا زاڵی کار دروستە) ئەمە ئەوەیە کە خوا هەواڵی پێداوە لە کتێبەکەیدا لە تاك و تەنهایی لە پەرستراوی و پەروەردگارێتیدا، بەڵگەشی بۆ ئەوە داناوە، گۆڕپەرستان و ئەوانەی شوێنە دیارەکان دەپەرستن بیروبڕوایان پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا هەواڵی پێداوە، وە کردویانن بە هابەش و شەریك لەگەڵ خوا لە هێنانی سوودەکان و دورخستنەوەی ناخۆشیەکان، بە داواکردن لێیان و پەنا بۆبردنیان بە حەزو ترس و لاڵانەوە، وە جگە لەوەش لەو پەرستشانەی شیاو نیە مەگەر بۆ خوا، وە کردونیان بە هاوبەش و شەریك بۆ خوا لە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتیدا، ئەمەش لەسەرووی هاوبەشدانانی بێبڕوایانی عەرەب بوو ئەوانەی دەیانووت: ﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾الزمر. (واتە: دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیان پەرستین نزیکمان بکەنەوە لە خوا) وە خوا فەرموویەتی: ﴿ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴿١٨﴾ ﴾یونس. (واتە: ئەو بتانە تکاکارمانن لە لای خوا). بێگومان ئەوانە داوایان لێ دەکەن بۆ ئەوەی تکایان بۆ بکەن لە لای خوا و نزیکیان بکەنەوە لێی. لە (**تلبية**)ەکەیاندا دەیانووت: (**لبيك، لاشريك لك، إلا شريكاً هو لك، تملكه وما ملك**) واتە: سەرم لەرێتە، هیچ هاوبەشت نیە، مەگەر هاوبەشێك خۆت داتناوە، دەسەلّاتت هەیە بەسەریدا، وە بەسەر ئەوەشی کە ئەو هەیەتی.

بەڵام ئەو هاوبەشدانەرانە بڕوایان وابوو لەبارەی خاوەن گۆڕەکان و شوێنە دیارەکان مەزنتر لەوەی (هاوبەشدانەرانی عەرەب دەیانپەرستن). جا بەشێکیان بۆیان دانا لە هەڵسوڕاندن و بەرێوەبردن، وە کردنیان بە پەناگە لە حەزو ترسەکانیاندا ﴿ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾**الطور**. (واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایە لەوەی هاوبەشی بۆ دادەنێن).

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ واتە: (خوا لێخۆشبوو بەبەزەییە) بۆ ئەو کەسەی داوای لێخۆشبوونی لێ کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ فَٱبْتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُواْ لَهُۥٓ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾العنكبوت.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (کەواتە داوای ڕۆزی لەخوا بکەن، وە ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکە تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە لە قیامەتدا).

.....

خوا ﷻ فەرمان بە بەندەکانی دەکات تەنها داوای ڕزق و ڕۆزی لە ئەو بکەن، لە جیاتی ئەو داوا لەوە مەکەن کە هیچی بەدەست نیە لە ڕزق و ڕۆزی لە ئاسمانەکان و زەوی، جا پێشخستنی (**الظرف**) تایبەتمەندی دەگەیەنێ.

وە فەرموودەی خوا ﷻ: ﴿ وَٱعْبُدُوهُ ﴾ لە (**عطف**) کردنی گشتیە لەسەر تایبەتی، بێگومان داواکردنی ڕزق و ڕۆزی لە خوا لەو پەرستشەیە کە فەرمانی پێ کردوە.

ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت: ﴿ فَٱبْتَغُواْ ﴾ واتە: داوا بکەن ﴿ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ ﴾ واتە: نەك لە لای جگە لە ئەو، چونکە خاوەنێتی، جگە لە خوا هیچ شتێکی لەوە بەدەست نیە ﴿ وَٱعْبُدُوهُ ﴾ واتە: بە پوختی عیبادەتی بۆ بکەن بە تەنهاو بێ هاوبەش ﴿ وَٱشْكُرُواْ لَهُۥٓ ﴾ واتە: سوپاسگوزاری ئەو زاتە بکەن لەسەر ئەوەی نازو نیعمەتی بۆ ڕشتوون ﴿ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ واتە: لە ڕۆژی دواییدا پاداشتی هەموو کەسێك دەدرێتەوە بە پێی کردەوەی خۆی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾ ﴾ الاحقاف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: (کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خوا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی وە ئەو هاوار لێکراوانە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان* کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە لە قیامەت پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان وە پەرستراوەکان بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن).

خوا ﷻ ڕەتی کردۆتەوە کە هیچ کەسێ گومڕاتر نیە لەو کەسەی داوا لە غەیری خوا دەکات، وە هەواڵیداوە کە داوا لێکراو لە ڕۆژی دواییدا وەڵامی داواکار ناداتەوە، ئایەتەکەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەجیاتی خوا داوایان لێ دەکرێ و لێیان دەپاڕێردرێتەوە، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُلِ ٱدْعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ ﴾الإسراء. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ بێ باوەڕان هاوار بکەن لە ئەوانەی کە ئێوە بە خواتان دەزانین بێجگە لەخوا جا ئەوانە دەسەڵاتیان نیە بەڵاو زیانتان لەسەر لابەن وە دەسەڵاتی گۆڕانیشیان نیە) وە لەم ئایەتەدا هەواڵیداوە کە داوا لێکراو وەڵام ناداتەوەو بێ ئاگایە لەو کەسەی داوای لێ کردوە ﴿ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴾ ئەم ئایەتە هەموو داواکارو داوا لێکراوێکی گرتۆتەوە.

ئەبو جەعفەر ئیبنو جەریر دەڵێ: دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً ﴾ دەڵێ: خوای گەورە فەرموویەتی: ئەگەر خەڵکی کۆکرانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە وێستگەی لێپرسینەوە، ئەوە هەموو ئەو پەرستراوانە کە لە دنیادا لێیان دەپارانەوەو داوایان لێ دەکردن دەبن بە دوژمنیان، چونکە خۆیان بەری دەکەن لێیان ﴿ وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴾ خوا ﷻ دەفەرموێ: پەرستراوەکانیان کە لە دنیادا هاواریان پێ دەکردن، نکوولّی پەرستنیان دەکەن، چونکە لە ڕۆژی دواییدا دەڵێن: فەرمانمان پێ نەکردوون بە پەرستنمان، وە هەستمان نەکردوە بەوەی ئەوان ئێمەیان پەرستووە، ئەی پەروەردگارمان ئێمە بەری بوونی خۆمان لەوانە لای تۆ دەکەین.

هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ ﴾الفرقان. (واتە: وە لەو ڕۆژەدا خوا ئەو بت پەرستانە کۆدەکاتەوە لەگەڵ ئەو پەرستراوانەی پەرستونیان جگە لە خوا ئینجا خوا بە پەرستراوەکان دەڵێ ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد یا خۆیان ڕێگای ڕاستیان ونکردو گومڕا بوون* پەرستراوەکان دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ بۆ ئێمە شایستە نەبووە کە بێجگە لەتۆ پەرستراوێك بۆ خۆمان دا بنێین بەڵام نازوو نیعمەتت دا بە ئەوان و باوو باپیرانیان هەتا وایان لێهات یادی تۆیان لە بیر چوو).

ئیبنوجەریر دەڵێ: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ لە فریشتەکان و مرۆڤەکان و جنۆکەکان، وە بەسەنەدی خۆی هێناویەتی لە موجاهیدەوە دەڵێ: عیساو عوزەیر و فریشتەکان.

پاشان دەڵێ: خوا ﷻ فەرموویەتی: ئەو فریشتانەی هاوبەشدانەران دەیانپەرستن لەجیاتی خوا، هەروەها عیسا دەڵێ: پاك و بێگەردی و بەری بوون بۆ تۆ ئەی پەروەردگارمان لەوەی ئەو هاوبەشدانەرانە داویانەتە پاڵت ﴿ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ ﴾ پشتوانیان لێ بکەین ﴿ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِمْ ﴾ (واتە: تەنها تۆ گەورەی ئێمەی نەك ئەوان).

وتم: بە زۆری (الدعاء) لە قورئان و سوونەت و زمانەوانی زاری هاوەڵان و لە دوای ئەوانیش لە زانایان بەکاردێت لە داواکردن، وەك چۆن زانایان لە ئەهلی زمانەوانی و جگە لەوانیش وتویانە: (الصلاة) لە زمانەواندا واتە: (الدعاء)، بێگومان خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾ ﴾ فاطر. (واتە: ئەوانەی ئێوە هاواری لێ دەکەن بێجگە لە خوا خاوەنی تۆپکلّە سپیەکەی ناوکی خورماش نین* ئەگەر هاوار لە بتەکان بکەن هاوارەکەتان نابیستن، وە ئەگەر بیشی بیستن وەڵامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێبڕوا دەبن بە هاوبەشدانانەکەتان و بە درۆتان دەخەنەوە، وە دڵنیابە کەس وەك خوای ئاگادار ئاگادارت ناکات). وە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ﴿٦٣﴾ ﴾الأنعام. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: کێ ئێوە ڕزگار دەکات لە تاریکیەکانی ووشکانی و دەریا کە هاوار و نزای لێ دەکەن بە ئاشکراو نهێنێ). وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ

قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا ﴿١٢﴾ ﴾یونس. (واتە: وە کاتێ ئادەمی زیانێکی لێ بکەوێت، بە ڕاکشان یان بە دانیشتن یان بە پێوە لێمان دەپاڕێتەوە) ﴿ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴿٥١﴾ ﴾فصلت. (واتە: بەڵام کاتێ ناخۆشی تووش بێت ئەوە نزاو هاواری زۆر دەکات) ﴿ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ ﴿٤٩﴾ ﴾فصلت. (واتە: ئادەمی ماندوو نابێ لە داواکردنی خێرو خۆشی، وە ئەگەر ناخۆشیەك دووچاری ببێت، ئەوە بێ هیواو نا ئومێد دەبێت) ﴿ إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ ﴿٩﴾ ﴾الأنفال. (واتە: بیر بکەنەوە کاتێك لە بەدردا هاناتان بۆ پەروەردگارتان دەبرد خواش هات بەهاناتانەوە).

وە لە فەرموودەی ئەنەسدا هاتووە بە مەرفوعی: (**الدعاءُ مُخُّ العِبادَةِ**)[1]. واتە: پاڕانەوە کڕۆکی پەرستنە. وە لە فەرموودەیەکی ڕاستدا هاتووە: (**أُدعُوا اللهَ وأنْتُم مُوقِنُونَ بالإجابَةِ**) [2]. واتە: بپاڕێنەوە لە خوا، وە ئێوە دڵنیابن لە وەرگرتنی پاڕانەوەکەتان.

وە لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: (**من لم يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عليه**)[3]. واتە: ئەوەی داوا لەخوا نەکات خوا خەشم و قینی لێدەگرێ. وە فەرموودەی: (**ليسَ شيءٌ أكرمَ عَلى اللهِ مِن الدُّعاءِ**) [4]. واتە: هیچ شتێك لە لای خوا بەڕێز تر نیە لە دوعاو پاڕانەوە. ئەحمەدو ترمزی و ئیبنوماجە و ئیبنوحیبان گێڕاویانەتەوەو حاکم بەڕاستی داناوە. وە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**الدُّعاءُ سِلاحُ المؤمِنِ وَعِمادُ الدِّينِ ونُورُ السمواتِ والأرضِ**) [5]. واتە: پاڕانەوە چەکی بڕوادارە، وە کۆڵەکەی ئاینە و ڕوناکی ئاسمانەکان و زەویە. حاکم گێڕاویەتیەوە و بەڕاستی داناوە. وە فەرموودەی: (**سَلُوا اللهَ كُلَّ شَيءٍ حَتى الشِسعَ إذا انقطعَ**)[6]. واتە: (داوای هەموو شتێك لە خوا بکەن تەنانەت قەیتانی نەعلەکان ئەگەر بڕا) ئیبنوعەباس دەڵێ: چاکترین پەرستش پاڕانەوەیە، وە خوێندیەوە: ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴿٦٠﴾ ﴾غافر. (واتە: وە پەروەردگارتان فەرمووی لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە). (**ابن المنذر**)و حاکم گێڕاویانەتەوەو بە صەحیحی داناوە. وە فەرموودەی: (**اللهم إني أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لك الْحَمْدَ لَا إِلَهَ إلا أنت الْمَنَّانُ.....**) [7]. واتە: خوایە من داوا لە تۆ دەکەم بەوەی تۆ خاوەن ستایشی، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە تۆی (**الْمَنَّانُ**) خاوەن منەت ....). وە فەرموودەی: (**اللهم إني**

---

(١) تقدم أنَّ هذا اللفظ أخرجه الترمذي في الدعوات (٣٣٧١)، وهو ضعيف، والثابت هو حديث النعمان بن بشير (رضي الله عنه) بلفظ: (الدعاء هو العبادة). أخرجه أبو داود (١٤٧٩)، والترمذي (٣٣٧٢)، وابن ماجه (٣٨٢٨).

(٢)أخرجه الترمذي في الدعوات (٣٣٧١)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في الصحيحة (٥٩٥).

(٣) أخرجه الترمذي في الدعوات (٣٣٧٣)، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٢٨)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٦٥٤).

(٤) أخرجه الترمذي في الدعوات (٣٣٧٠)، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٢٩)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (١٦٢٩).

(٥) أخرجه أبو يعلى (٤٣٩)، والحاكم ١/ ٤٩٢، وقال الشيخ الألباني: موضوع. الضعيفة (١٧٩).

(٦) أخرجه الترمذي في الدعوات باب ليسأل الحاجة مهما صغرت (٣٩٧٣)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (١٣٦٢).

(٧) أخرجه أبو داود في الصلاة (١٤٩٥)، والترمذي في الدعوات (٣٥٤٤)، والنسائي في السهو (١٣٠٠) أبو غدة، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٥٨)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (١٣٤٢) ط غراس.

أَسْأَلُكَ بِأَنَّكَ أنت الله لَا إِلَهَ إلا أنت الْأَحَدُ الصَّمَدُ الذي لم يَلِدْ ولم يُولَدْ ولم يَكُنْ له كُفُوًا أَحَدٌ) [1]. واتە: خوایە من داوات لێ دەکەم بەوەی کە بێگومان تۆ خوای هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە تۆی تاك و تەنهای بێ نیاز کە کەسی لێ نەبووە و لە کەس نەبووە، وە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە و هاوتای نیە. نموونەی ئەمەش لە قورئان و سوونەتدا زۆرترە لەوەی بژمێردرێ دەربارەی (**الدعاء**) کە بریتیە لە پاڕانەوەو داوا کردن، جا هەرکەسێ نکوڵی بکات لەوەی کە پاڕانەوەو داواکردن بریتین لە پەرستش، ئەوە بێگومان بەرپەرچی ئایەتەکانی داوەتەوەو پێچەوانەی ڕێگای پێشین و پاشینی ئوممەت وەستاوەتەوەو پێچەوانەی زمانی عەرەبی کردووە.

بەڵام ئەوەی پێش کەوت لە وتەی شێخی ئیسلام، ئیبنولقەییمیش شوێنی ئەو کەوتووە لەوەی کە (**الدعاء**) پاڕانەوە دوو جۆرە: پاڕانەوەی پەرستش(**دعاء العبادة**) وە پاڕانەوەی داواکردن (**دعاء المسألة**). وە ئەوەشی باسی کردوە لە نێوانیان لە وابەستەبوون و لەخۆ گرتنی یەکێکیان بۆ ئەوی دیکە. ئەویش بە پێی حاڵی ئەو کەسەی یاد دەکاتەوەو قورئان هەخوێنێ و نوێژ دەکات و قوربانی بۆ خوا سەر دەبڕێ بۆ ئەوەی خۆی نزیك بکاتەوە لێی جگە لەوەش کە بەدوای مانادا دەگەڕێ، بەم شێوەیە دەچێتە ناوەڕۆکی پاڕانەوەوە، بێگومان خوای گەورە لە نوێژی شەرعیدا پاڕانەوەی داواکردنی شەرعاندووە کە نوێژ ناگونجێ مەگەر بەوە نەبێ، هەروەك لە سورەتی فاتیحەو نێوان دوو سەجدەکە و شایەتماندا هاتووە، ئەویش پەرستشە وەکو کڕنووش و سوژدە، کەواتە سەرنجی ئەم پلەو پایە بدە نەفامی نەفامانت بۆ دەردەکەوێ بە یەکتاپەرستی.

ئەوەشی ئەم پلەو پایە ڕوون دەکاتەوە. وتەی ئیبنولقەییمە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قُلِ ٱدْعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُواْ ٱلرَّحْمَٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ ﴿١١٠﴾ ﴾**الإسراء**. (واتە: بڵێ نزاو هاوار لەخوا بکەن یان هاوار لە ڕەحمان بکەن یەکسانە، بەهەرکامیان نزاو هاوار بکەن چونکە هەر بۆ خوایە هەموو ناوە هەرەجوانەکان). ئەم پاڕانەوە بەناوبانگە پاڕانەوەی داواکردنە. وتیان: پێغەمبەر ﷺ دەپاڕایەوە لە پەروەردگاری و جارێك دەیفەرمو: (یاالله) وە جارێك (یارحمن) هاوبەشدانەران وا گومانیان دەبرد ئەو داوا لە دوو پەرستراو دەکات، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند. ئەمەی باس کراوە لە ئیبنوعەباس (خوای لێیان ڕازی بێت)(٢١). وە وتراوە: بەڕاستی ئەم پاڕانەوەیە لێرەدا بە مانای ناوهێنان دێت، مانای ئەوەیە: هەر ناوێك ناوتان برد لە ناوەکانی خوا، جا(الله) بێت یان (الرحمن)، هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوانەکان، ئەمەش شتێکی دانەبراوی مانای ئایەتەکەیە، بەڵام ئەوە خودی مەبەست نیە. بەڵکو مەبەست لە پاڕانەوە مانا زانراوە زانراوە ڕێکخراوەکەیە کە لە قورئاندایە، ئەویش پاڕانەوەی داواکردن و پاڕانەوەی ستایش کردنە.

پاشان فەرمووی: ئەگەر ئەمەی زانی، جا فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ ٱدْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً ۚ ﴿٥٥﴾ ﴾ **الأعراف**. (واتە: دوعاو نزا لە پەروەردگارتان بکەن بە زەلیلی و کروزانەوەو بە نهێنی) هەردوو جۆرە پاڕانەوەکە لەخۆ دەگرێ، بەڵام ڕوالەتەکەی پاڕانەوەی داواکردنە، پاڕانەوەی پەرستشیش لەخۆ

---

(١) أخرجه أبو داود في الصلاة (١٤٩٣)، والترمذي في الدعوات (٣٤٧٥)، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٥٨) وصححه الشيخ الألباني في المصدر السابق (١٣٤٢) ط غراس.

(٢)أخرجه الطبري ١٧ / ٥٨٠، وإسناده ضعيف.

دەگرێ، لەبەر ئەمە فەرمانی کردووە بە شاردنەوەی پارانەوە. حەسەن دەڵێ: لە نێوان پارانەوەی نهێنی و پارانەوەی ئاشکرا حەفتا ئەوەندە هەیە. بێگومان موسڵمانان کۆششیان دەکرد لە پارانەوە دەنگیان لێ نەدەبیسترا مەگەر بە ئەسپایی لەنێوانی خۆیان و پەروەردگاریان. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ﴿١٨٦﴾ ﴾البقرە. (واتە: هەر دەمێ بەندەکانی من پرسیاریان لێ کردیت دەربارەی من، ئەوە بێگومان من لێیانەوە نزیکم نزای نزاکاران گیرا دەکەم هەر کاتێك هاوارو نزام لێ بکەن) هەردوو جۆرە پارانەوەکە لەخۆ دەگرێ، ئایەتەکەش ڕاڤەکراوە بەهەر یەکێك لەو دوانە، وتراوە: (**أعطيه إذا سألني**) واتە: ئەگەر داوای لێ کردم پێی دەدەم، وە وتراوە: (**أثيبه إذا عبدني**) پاداشتی دەدەمەوە ئەگەر پەرستمی، ئەمەش بەکارهێنان وشە نیە لە حەقیقەت و مەجازدا، بەڵکو ئەمە بەکارهێنانیەتی لە تاکە حەقیقەتەکەیدا کە بە پێکەوە دوو شتی لەخۆ گرتووە. ئەمەش لە مەسەلەی نوێژدا باس دەکرێت، وە ئایا لە مانا زمانەوانیەکەوە گوازراوەتەوە بووە بە حەقیقەتێکی شەرعی، یان لەم پەرستشەدا بە مەجازی بەکار هێنراوە لەبەر پەیوەندیەك لە نێوان ئەوو لە نێوان ناونراوی زمانەوانی، یان لەسەر بارە زمانەوانیەکە دەمێنێتەوە، وە چەندین پایەو مەرج دەدرێنە پاڵی، جا لەسەر ئەوەی جێگیرمان کرد پێویست بە شتێك لەوانە ناکات، چونکە بێگومان نوێژکەر لە سەرەتای نوێژیەوە تا کۆتایی لە دوعاو پارانەوە دانابڕێ: یان پارانەوەی پەرستش و ستایشە، یان پارانەوەی داوایە، ئەو لەو دوو حاڵەتەدا دەپارێتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾ **النمل.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا: (ئایا زاتێك کە دێت بە هاواری ناچارو داماوەوە کاتێ هاواری لێ دەکات، وە ناخۆشی و بەلآکان لادەبات، وە دەتان کاتە جێنشینی گەلانی تری سەر زەوی، ئایا پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا، بەڵام زۆر کەم بیر دەکەنەوە).

.....

خوا ڕوونی کردوەتەوە کە بەڕاستی هاوبەشدانەرنی عەرەب و وێنەی ئەوان زانیویانە کە هیچ کەسێك بە دەم ناچارو داماوەوە ناچێت و بەڵاو ناڕەحەتی لانابات جگە لە خوا، خوا ئەوەی باس کردوە تا ببێتە بەڵگەیەك بەسەریانەوە لەوەی شتانێکیان کردوەتە تکاکار لە جیاتی خوا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ﴿٦١﴾ ﴾النمل. (واتە: ئایا هیچ پەرستراوێك هەیە لەگەڵ خوا؟). واتە: ئەوەی پێ بکرێ.

جا ئەگەر پەرستراوەکانیان وەڵامیان نادەنەوە لە حاڵەتی ناچاریدا ئەوە ناگونجێ بیکەن بە هاوبەش بۆ ئەو خوایەی کە بەدەم ناچارەوە دەچێت ئەگەر لێی پارایەوە و بە تەنها ناڕەحەتی لادەبات. ئەمەش دروستریني ئەوەیە کە ئەم ئایەتەی پێ تەفسیر کرابێ وەك پێش خۆی لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ

ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾ أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِىَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾ ﴾النمل. (واتە: ئایا زاتێك کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لە ئاسمانەوە بارانی بۆ باراندون، ئینجا بەو بارانە چەند باخچەیەکی خاوەن جوانیمان پێواند کە ئێوە نەتان دەتوانی درەخت و پرواوی ئەو باخچە بڕوێنن ئایا هیچ پەرستراوی تر لەگەڵ خوادا هەیە نەخێر نیە بەڵام ئەوانە گەلێکن لادەدەن لە ڕێگای ڕاست* ئایا زاتێ کە زەوی کردۆتە جێگای ئارامی و نیشتەجێ بوون، وە لە ناو زەوی دا چەند ڕووباری بەدی هێناوە وە چەند چیای گەورەی بۆ زەوی داناوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن ئایا هیچ پەرستراوی تر هەیە لەگەڵ خوادا نەخێر نیە بەڵام زۆربەیان نازانن) تا فەرموویەتی: ﴿ أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦٓ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٢﴾ أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾النمل. (واتە: ئایا زاتێ کە ڕێنموونیی ئێوە دەکات بە ئەستێرە و شتی تر لە تاریکی یەکانی وشکانی و دەریادا لە شەودا و زاتێك کە با دەنێرێت بە موژدەدەر پێش بارانی ڕەحمەتی، ئایا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا، خوا بەرزو بڵندترە لەوەی بتپەرستان دەیکەنە هاوبەشی* ئایا زاتێ کە لە سەرەتاوە بونەوەر بەدی دێنێت پاشان دوای مردنی جارێکی تر دروستی دەکاتەوە وە زاتێ لە ئاسمان و زەوی یەوە ڕزق و ڕۆزیتان دەدات، ئایا هیچ پەرستراوێکی تر هەیە لەگەڵ خوادا نەخێر نیە، ئەی موحەممەد بڵێ بەڵگەتان بێنن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن).

سەرنجی ئەم ئایەتە بدە بۆت ڕوون دەبێتەوە خوا بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر هاوبەشدانەران بەوەی دانیان پێدا ناوە لەسەر ئەوەی نکوڵیان کردوە: لە کورتهەڵهێنانی پەرستشەکان بەگشتی بۆ ئەو، وەك لە سورەتی فاتیحەدا هاتووە: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾الفاتحە. (واتە: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها پشت بەتۆ دەبەستین).

ئەبو جەعفەر ئیبنو جەریر دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴾ تا فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ خوای گەورە دەفەرموێ: ئایا ئەوەی دەیکەنە هاوبەشی خوا باشترە، یان ئەو زاتەی وەڵامی ناچار دەداتەوە کاتێ لێی دەپاڕێتەوە و ئەو ناڕەحەتیە لا دەبات کە تووشی بووە؟ وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ﴾ دەڵێ: لە دوای پێشەواکانتان لەسەر زەویدا کەسانێك لە ئێوە دەکاتە جێنشین لە کاتێکدا ئەوان هێشتا زیندوون، وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ﴾ ئایا پەرستراوێك هەیە جگە لە خوا ئەم کارانەتان بۆ بکات و نازو نیعمەت بڕێژێ بەسەرتاندا بەم نازو نیعمەتانە؟ وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ دەڵێ بیرکردنەوەیەکی کەم لە مەزنی خواو فەزڵ و چاکەکانی بەسەرتانەوە، بەڵگەکانی خواش بەسەرتانەوە بە کەم دەزانن، لەبەر ئەوە هاوبەشتان داناوە بۆ خوا لە پەرستشدا.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وروى الطبراني بإسناده أَنَّهُ كَانَ في زَمَنِ النَّبِيِّ ﷺ مُنافِقٌ يُؤذي المؤمنينَ. فقالَ بَعضُهم: قُومُوا بِنا نَستَغِيثُ بِرسولِ اللهِ مِن هَذا المُنافِقِ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: (لايُسْتَغَاثُ بِي، وإنَّما يُستَغاثُ باللهِ)(١).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: طەبەرانی گێڕاویەتیەوە بە ئیسنادی خۆی کە بێگومان لەسەر دەمی پێغەمبەر ﷺ دووڕوویەك هەبوو ئازاری بڕوادارانی دەدا. هەندێکیان وتیان: با پێکەوە هەستین داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەر ﷺ بکەین لەم دوو ڕووە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: داوای یارمەتی و پشتگیری لەمن ناکرێ، بەڵکو داوای فریاد ڕەسی لە خوا دەکرێ).

.....

(الطبراني) ئیمامی (الحافظ) سولەیمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەیوبی لەخمی **طەبەرانی**، خاوەن هەر سێ (معجم)ەکە و جگە لەوانیشە، لە نەسائی و ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی دەیری و خەڵکێکی زۆرەوە ڕیواتی کردوە، لە ساڵی سێ سەدو شەست کۆچی دوایی کردوە، ئەم فەرموودەی لە عوبادەی کوڕی صامیت گێڕاوەتەوە.

وتەی: **(أَنَّهُ كَانَ في زَمَنِ النَّبِيِّ ﷺ مُنافِقٌ يُؤذي المؤمنينَ)** نەگەیشتووم بە ناوی ئەم دووڕوە.

وتم: ئەوە (عبد الله)ی کوڕی ئوبەی بوو هەر وەك ئیبنوئەبی حاتەم بە ڕوونی باسی کردوە لە ڕیوایەتەکەیدا(٢١).

وتەی: **(فقالَ بَعضُهم)** واتە: هاوەڵان، ئەویش ئەبو بەکر بوو.

وتەی: **(قُومُوا بِنا نَستَغِيثُ بِرسولِ اللهِ مِن هَذا المُنافِقِ)** چونکە پێغەمبەر صص دەی توانی ئازاردانی لاببا.

وتەی: **(إنه لايُسْتَغَاثُ بِي، وإنَّما يُستَغاثُ باللهِ)** بەڵگەی تێدایە کە نە پشت بە پێغەمبەر ﷺ دەبەسترێ، وە نە بە خوار ئەوەوە. پێغەمبەر پێی ناخۆش بووە ئەم وشەیە لەئاستی ئەودا بوترێ، ئەگەر چی لە تواناشیدا بووە لە ژیانیدا، وەك پاراستنی لایەنی یەکتاپەرستی و داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکانی هاوبەشدانان، وە لەبەر ئەدەب و خۆبەکەم زانینی بۆ پەروەردگاری، وە ئاگادارکردنەوەی ئوممەت لە هۆکارەکانی هاوبەشدانان لە گوفتارو کردارداً. جا ئەمە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ لە توانایدا بووە و لە ژیانیدا، دەی ئیتر چۆن دەبێ داوای فریاکەوتنی لێ بکرێت و پشتی پێ ببەسرێت لە دوای مردنی، وە داوای چەند شتێکی لێ بکرێت لە توانای ئەودا نەبێت مەگەر خوا ﷻ؟ وەك چۆن لەسەر زاری زۆرێك لە شاعیران هاتووە، وەك: بوصیری و بورەعی وێنەی ئەوانیش، لە داواکردنی فریاکەوتن و پشتبەستن بەوەی کە هیچی بەدەست نیە بۆ خۆی، نە سوود و نە زیان، نەمردن و نە ژیان و نە زیندووبونەوە، وە پشت دەکەن لە داوا کردنی یارمەتی لە پەروەردگاری مەزنی بە توانا بەسەر هەموو شتێکدا، ئەو زاتەی کە دروست کردن و فەرمانی

---

(١)بنحوه أخرجه أحمد (٢٢٧٠٦)، واسناده ضعيف كما في مجمع الزوائد ٨ / ٨١.

(٢)أخرجه ابن أبي حاتم (١٤٤٦٧)، وذكره ابن كثير ٥ / ٣٣٣، وقال: وهذا الحديث غريب جداً.

بەدەستە بە تاك و تەنها، وە خاوەنی موڵك و دەسەڵاتە بەتەنها، هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە غەیری ئەو، هیچ پەروەردگارێکیش نیە جگە لە ئەو، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ﴿١٨٨﴾﴾الأعراف. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: من خاوەنی هیچ سوودو زیانێك نیم بۆ خۆم مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ). ﴿قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ﴿٢١﴾﴾الجن. (واتە: بڵێ: بەڕاستی من نەزیان نە ڕێنموویی ئێوەم بەدەست نیە).

ئەوانە پشتیان کرد لە قورئان بڕوایان بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە هەبوو کە بەڵگەی ئایەتە موحکەمەکانی قورئانی لەسەر هاتووە، لەسەر ئەو گومڕاییەش خەڵکێکی زۆرو بێ شومار شوێنیان کەوتوون بڕوایان وابوو هاوبەش بۆ خوا دانان دینە، ڕێنمایی و هیدایەتیش گومڕاییە، جا ئێمە موڵکی خواین و هەر ئێمەش بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، ئای چەندە مەزنە ئەو موسیبەتەی بەهۆیەوە خەڵکی تووشی بەڵا بوون، نکوڵی ئەهلی یەکتاپەرستیان کردوە و تەبدیعی ئەهلی تەجریدیان[1] کردوە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: بێگومان **(عطف)**کردنی پاڕانەوە **(الدعاء)** لەسەر داوای فریاکەوتن **(الإستغاثة)**: لە **(عطف)** ی گشتیە لەسەر تایبەتی.

دووەم: تەفسیری فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَا تَدۡعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ﴿١٠٦﴾﴾ یونس. (واتە: هاوار مەکە شتێ بێجگە لە خوا نە سوودت پێدەگەیەنێت و نەزیانت لێ دەدات)

سێیەم: بەڕاستی داواکردن لە غەیری خوا هاوبەشدانانی گەورەیە.

چوارەم: بێگومان ئەگەر چاکترینی ناو خەڵکی داوا بکات لە غەیری خواوەك ڕازی کردنێ بۆ غەیری خوا، دەبێتە یەکێك لە ستەمکاران.

پێنجەم: ڕاڤەکردنی ئەو ئەو ئایەتەی کە دوای ئەو دێت. (واتە: دووەم ئایەت).

شەشەم: خودی ئەو هاوارکردنە سوودی نابێت لە دنیادا، لەگەڵ ئەوەدا کوفرو بێبڕواییە.

حەوتەم: ڕاڤەکردنی ئایەتی سێیەم. ﴿فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿١٧﴾﴾العنکبوت. (واتە: کەواتە داوای ڕۆزی لەخوا بکەن، وە ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکە تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە لە قیامەتدا).

هەشتەم: نابێت داوای ڕزق و ڕۆزی لەکەس بکرێت جگە لە خوا، وەك چۆن بەهەشت تەنها لەخوا داوا دەکرێت.

نۆیەم: ڕاڤەی ئایەتی چوارەم. (﴿وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ﴾ **الاحقاف**. (واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خوا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی وە ئەو هاوار لێکراوانە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان).

---

(١) واتە: نەفسی خۆیان پاڵفتە کردوە و وازیان لە هەموو ئەو شتانە هێناوە کە دڵیان سەرقاڵ دەکات لە پەرستش.

دەیەم: بێگومان لەوکەسە گومڕاتر نیە کە داوا لە غەیری خوا دەکات.

یازدەیەم: بێگومان (داوا لێکراو) بێ ئاگایە لە داوای داواکار، هیچیش دەربارەی نازانێت.

دوازدە: بێگومان ئەو داواکردنە هۆکارە بۆ ڕق لێبوونەوەی داوا لێکراو لە داواکار و دژایەتی کردنی.

سیازدە: ناونانی ئەو داواکردنە بە پەرستش کردن بۆ داوا لێکراو.

چواردە: ئەوکەسەی داوای لێ دەکرێ لە ڕۆژی قیامەتدا بەری بوونی خۆی ڕادەگەیەنی لەو پەرستشە.

پازدە: ئەم شتانە هۆکارێکە بۆ بوونی بە گومڕاترینی خەڵکی.

شازدە: ڕاڤەکردنی ئایەتی پێنجەم. ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾﴾.

حەڤدە: شتە سەرسوڕهێنەرەکە: ئەویش دانپێدانانی بتپەرستانە کە بێگومان هیچ وەڵامی ناچار ناداتەوە مەگەر خوا، وە لەبەر ئەمە لەکاتی ناڕەحەتیدا زۆر بە دڵسۆزیەوە داوای لێ دەکەن.

هەژدە: پێغەمبەر ﷺ سنورەکانی یەکتاپەرستی خوای پاراستووە وە بە ئەدەب بوونی لەگەڵ خوا پاراستووە.



بەشی ١٤

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾ ﴾الأعراف.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: ئایا شتانێك دەکەن بە هاوبەشی خوا کە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن لە کاتێکدا خۆشیان دروستکراون* وە نە ئەو بت و پەرستراوانە ناتوانن هیچ یارمەتی یەکیان بدەن هەروەها ناتوانن یارمەتی خۆشیان بدەن).

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَيُشْرِكُونَ ﴾ واتە: ئایا هاوبەش دادەنێن لە پەرستشدا. ڕاڤە زانان دەڵێن: لەم ئایەتەدا سەرزەنشت کردنی هاوبەشدانەرانی تێدایە کە شتێك لەگەڵ خوادا دەپەرستن، کە هیچی دروست نەکردوە و خۆشی دروستکراوە، دروستکراویش نابێتە هاوبەش لەگەڵ دروستکەردا لەو پەرستشەی کە لەو پێناوەدا دروستی کردوون، وە ڕوونی کردوەتەوە بۆیان کە ئەوان نەدەتوانن سەریان بخەن، نە دەتوانن خۆیانیش سەربخەن، دەی چۆن شتانێك دەکەن بە هاوبەش کە نەدەتوانێ ئەوانە سەربخات پەرستشی بۆ دەکەن نە خۆی؟ ئەمەش بەڵگەو چەسپاندنێکی ئاشکرایە لەسەر پووچی ئەوەی دەیپەرستن لە جیاتی خوا، ئەمەش وەسفی هەموو دروستکراوێکە، تەنانەت فریشتەکان و پێغەمبەران و پیاوچاکان. وە بەڕێزترینی بەدیهێنراو موحەممەدە ﷺ بێگومان ئەو داوای سەرکەوتنی لە پەروەردگاری دەکرد بەسەر هاوبەشدانەراندا و دەیووت: (**اللهم أنت عَضُدِي وَنَصِيرِي بِكَ أَجُولُ وَبِكَ أَصُولُ وَبِكَ أُقَاتِلُ**)[1]. واتە: خوایە گیان پشت بەتۆ دەبەستم و بەتۆوە دەجوڵێم و بەتۆوە زاڵ دەبم بەسەر دوژمندا و بە تۆوە جەنگ دەکەم.

ئەمیش وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾ ﴾الفرقان. (واتە: بێجگە

(١)أخرجه أبو داود في الجهاد (٢٦٣٢)، والترمذي في الدعوات (٣٥٨٤)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (٢٣٦٦)، ط غراس.

لەخوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان بڕیارداوە کە هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو خۆشیان دروست کراون دەسەڵاتیان نیە بۆ خۆیان نەزیان نە سوود و قازانج بگەیەنن، هەروەها مردن و ژیان و زیندوو بوونەوەی خۆیان بەدەست نیە). ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ١٨٨﴾ **الأعراف**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: من خاوەن هیچ سوودو زیانێك نیم بۆ خۆم، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، ئەگەر من نادیارەکانم بزانیایە خێرو خۆشی زۆرم بەدەست دەهێنا، وە هیچ خراپەو زیانێکم پێ نەدەگەیی من تەنها ترسێنەرو مژدەدەرم بۆ خەڵکانێك کە بڕوا دەهێنن). وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ٢١ قُلۡ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ ٱللَّهِ أَحَدٞ وَلَنۡ أَجِدَ مِن دُونِهِۦ مُلۡتَحَدًا ٢٢ إِلَّا بَلَٰغٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِسَٰلَٰتِهِۦۚ ٢٣﴾الجن. (واتە: بڵێ بەڕاستی من نەزیان نە ڕێنمایی ئێوەم بەدەست نیە* بڵێ: بێگومان کەسانێك نیە کە من بپارێزێ لە سزای خوا وە بێجگە لەو پەناگەیەك شك نابەم* وە هیچم بەدەست نیە ڕاگەیاندن نەبێ لە خواوە و گەیاندنی پەیمانی ئەو نەبێ).

ئەم ئایەتانە بەسن وەك بەڵگەیەك لەسەر پووچی داکردن لە غەیری خوا هەرکەسێك بێت، جا ئەگەر پێغەمبەر بێت یان پیاو چاك ئەوە خوا شەرەفداری کردووە بە پوخت کردنی عیبادەت بۆ خوا و ڕازی بوون پێی وەك پەروەردگارو پەرستراوی چۆن ئەبێ خواپەرست بکاتە پەرستراو، لەگەڵ ئەوەشدا دوێنراوە بە قەدەغەکردنی ئەم هاوبەشدانانە هەر وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥۚ لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ٨٨﴾القصص. (واتە: وە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی دیکە مەپەرستە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لە خوا، هەموو شتێك لەناو دەچێ جگە لە خوا، بڕیارو حوکم تایبەتی خوایە و تەنها بۆ لای ئەویش دەگەڕێنرێنەوە) وە فەرموویەتی: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ٤٠﴾یوسف. بێگومان خوا فەرمانی کردوە بە بەندەکانی لە پێغەمبەران و پیاوچاکان و غەیری ئەوان بە پوخت کردنی عیبادەت بۆی بەتەنها، وە قەدەغەی لێ کردوون لەگەڵ ئەودا شتێکی تر بپەرستن، ئەمەش ئاینەکەیەتی کە پێغەمبەرانی پێ ناردوە و کتێبەکانی پێ دابەزاندووە، وە ڕازی بووە بۆ بەندەکانی، ئەویش ئاینی ئیسلامە، هەر وەك بوخاری گێڕاویەتیەوە لە ئەبو هورەیرەوە لە پرسیاری جبریل ﷺ وتی ئەی پێغەمبەری خوا، ئیسلام چیە؟ فەرمووی: (الإسلام **أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ ولا تُشْرِكَ بِهِ شيئا وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ**)[1]. واتە: ئیسلام ئەوەیە پەرستشی خوا بکەیت و هاوبەشی بۆ دانەنێیت، وە نوێژەکانت بکەیت و زەکاتی ئەو ماڵەو سامانەت دەربکەیت کە فەرز کراوە لەسەرت، وە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو ببیت.

---

(١)أخرجه البخاري في الإيمان (٥٠) فتح، ومسلم في الإيمان (٩) عبد الباقي.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقوله: ﴿وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ۝١٣ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثۡلُ خَبِيرٖ ۝١٤﴾ **فاطر.**

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانەی ئێوە هاواری لێ دەکەن بێجگە لە خوا خاوەنی تۆپکلّە سپیەکەی ناوکی خورماش نین* ئەگەر هاوار لە بتەکان بکەن هاوارەکەتان نابیستن، وە ئەگەر بیشی بیستن وەڵامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێبڕوا دەبن بە هاوبەشدانانەکەتان و بە درۆتان دەخەنەوە، وە دڵنیابە کەس وەک خوای ئاگادار ئاگادارت ناکات).

خوا ﷻ هەواڵ دەربارەی حاڵی ئەوانە دەدا کە داوایان لێ دەکرێ لە فریشتەکان و پێغەمبەران و بتەکان و جگە لەوانیش، بەوەی کە بەڵگەیە لەسەر دەستەوسانی و لاوازیان، بێگومان ئەوان هەموو ئەو هۆکارانەیان لەدەستداوە کە لە داوا لێکراودا بەدی دەکرێت، ئەویش دەسەڵات و بیستنی پارانەوەیە، وە توانا لەسەر وەڵامدانەوەی، جا هەرکاتێ ئەم مەرجانە بە تەواوی نەهاتنە جێ، ئەوە داواو پارانەوەکەی پووچ دەبێتەوە، دەی چی دەوترێ ئەگەر بە گشتی نەیەتە بوون؟ خوا ﷻ توانا و دەسەڵاتی لە ئەوان زەت کردوەتەوە بە فەرمایشتی خۆی: ﴿مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ﴾ ئیبنوعەباس و موجاهید و عیکریمە و عەطاء و حەسەن و قەتادە وتویانە: **(القطمير)**: ئەو پارچە ناسکەیە کە دەوری ناوکی خورمای داوە وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَهُمۡ رِزۡقٗا مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ ۝٧٣﴾ **النحل.** (واتە ئەوان لە جیاتی خوا شتانێ دەپەرستن کە خاوەنی هیچ ڕزق و ڕۆزیەکی ئەوان نین نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەوی و ناشتوانن ڕۆزیان بدەن) وە دەفەرموێ: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِۖ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ۝٢٢ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ ۝٢٣﴾ **سبأ.** (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: هاوار بکەن لەوانەی کە بێجگە لە خوا بە پەرستراوتان دەزانین بەقەدەر هەرە وردیلەیەکیان بەدەست نیە، نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا، وە ئەو پەرستراوانە هاوبەشی خوا نەبوون لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەویدا و هیچ یەک لەوان یارمەتی دەری خوا نەبوون* وە تکا کردن لای خوا سوودی نیە مەگەر بۆ کەسێ ئەو ڕێگەی بدات)، وە بیستنی داواکردن و پارانەوەشی لێ قەدەغەکردوون بە فەرمایشتی خۆی: ﴿إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ﴾ چونکە داوالێکراوان لە نێوان مردوو وە نادیاردان لەوانەوە، یان مردوون یان نادیارن لە پێش چاویان، سەرقاڵن بەوەی بۆی دروست کراون، ڕامهێنراون بەوەی فەرمانیان پێکراوە وەک فریشتەکان.

پاشان فەرمووی: ﴿وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡ﴾ چونکە ئەوە بۆ ئەوان نیە، بێگومان خوا مۆڵەتی بە هیچ یەکێک لە بەندەکانی نەداوە بۆ وەڵامدانەوەی پارانەوەی یەکێک لە ئەوان، نە بە نە بە سەربەخۆیی نە بە نێوەندگیری، وەک چۆن هەندێ بەڵگە لە پێشەوە لەو بارەیەوە باس کرا.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ﴾ بەم جۆرە ڕوون بوویەوە کە بێگومان داواکردن لە غەیری خوا هاوبەشدانانە.

پاشان خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّا ۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾ ﴾مریم. (واتە: ئەوانە بێجگە لەخوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان بڕیاریان داوە بۆ ئەوەی ئەو پەرستراوانە ببنە یارمەتیدەر و تکاکار بۆیان* نەخێر وانیە بەڵکو پەرستراوەکان لە قیامەتدا ئینکاری پەرستنەکەی ئەوان دەکەن، وە دەبنە دژیان و بەرپەرچیان دەدەنەوە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ﴾ ئیبنوکەثیر دەڵێ: خۆیان بەری دەکەن لێتان، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾ ﴾**الأحقاف**. (واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی کە هاوار لە غەیری خوا بکات کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی دوایی، وە ئەو هاوار لێکراوانە لە هاواری ئەوان بێ ئاگان* کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە لە قیامەت پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان وە بە پەرستنەکەیان باوەڕ ناکەن).

وتی: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴾ واتە: هەواڵت پێ نادات بە دەرنجامی کارەکان وەك خوای ئاگادار. قەتادە دەڵێ: مەبەستی خوایە (عزوجل)، بێگومان خوا هەواڵی لەبارەی واقیع داوە نەك شتێکی مەحاڵ.

وتم: هاوبەشدانەران ملکەچی خوای زانای ئاگادار نەبوون لەوەی هەواڵی پێدان دەربارەی پەرستراوەکانیان، جا وتیان: دەسەڵاتی بەدەستەو دەبیستێت و وەڵام دەداتەوەو شەفاعەت دەکات بۆ ئەو کەسەی داوای لێ دەکات و لێی دەپارێتەوە، وە لایان نەکردوەتەوە بۆ لای ئەوەی خوا هەواڵی پێداوە لەوەی کە هەموو پەرستراوێك لە ڕۆژی دوایی دژی پەرستراوەکەی دەبێتەوە و خۆی بەری دەکات لێی، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَآؤُكُمْ ۚ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ ۖ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ ﴿٢٨﴾ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًۢا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَٰفِلِينَ ﴿٢٩﴾ هُنَالِكَ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ ۚ وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾یونس. (واتە: ئەو ڕۆژەی هەموویان کۆدەکەینەوە ئینجا دەڵێین بەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە لە شوێنی خۆتاندا نەجوڵێن خۆتان و بت و پەرستراوەکانتان ئینجا لەیەکتر جیایان دەکەینەوە، پەرستراوەکانیان دەڵێن: ئێوە ئێمەتان نەدەپەرست* جا خوا بەسە بە شایەت لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، بێگومان ئێمە بێ ئاگا بووین لە بەندایەتی کردنتان بۆ ئێمە* لەوێدا دەردەکەوێ هەموو کەسێك چی پێش خۆی خستووە، وە هەموو دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خوا کە کۆمەککەرو پەروەردگاری حەق و ڕاستیانە وە لێیان ون دەبێ ئەو پەرستراوە درۆیانەی هەڵیان بەستوون).

ئیبنوجەریر دەگێڕێتەوە لە ئیبنوجورەیجەوە وتی: موجاهید وتی: ﴿ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَٰفِلِينَ ﴾ وتی: هەموو شتێك پەرستراوێت لە غەیری خوا ئەو قسەیە دەڵێ.

ژیرو وشیار ئەم ئایەتانە وەردەگرێت کە بەڵگەو ڕوناکی و چەسپاندنن دەربارەی ئیمان و وەرگرتن و کارکردن، کردەوەکانی تەنهاو تەنها بۆ خوا ئەنجام دەدات نەك غەیر ئەو لەوەی هیچی بەدەست نیە نەسوودو نە دوورخستنەوەی (خراپە) بۆ نەفسی خۆی چ جای غەیری خۆی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح عن أنس قال: شُجَّ النَّبِيَّ ﷺ يوم أُحُد وكسرت رَباعيَته. فقال: (كَيْفَ يُفْلِحُ قَوْمٌ شَجُّوا نَبِيَّهُمْ؟) فَنَزَلَتْ: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾آل عمران.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحدا هاتووە لە ئەنەسەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی ئوحود سەری بریندار کراو چوار لە ددانەکانی پێشەوەی لای خوارەوەی شکێندرا، فەرمووی: (گەلێك چۆن سەرفراز دەبێت پێغەمبەرەکەیان سەر شکاندبێت؟) ئینجا ئەم ئایەتە دابەزیە خوارەوە: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾آل عمران.

.....

وتەی دانەر: لە (الصحیح) واتە: بوخاری و موسلیم، بخاری بە (معلق) هەڵواسراوی هێناویەتی لە (حمید)ەوە، وتی: وە حومەید و ثابیت وتیان لە ئەنەسەوە. وە ئەحمەدو ترمزی و نەسائی لە حومەید لە ئەنەس بە (موصول) هێناویانە. وە موسلیم لە **ثابیتەوە** بە (موصول) هێناویەتی، ئەویش لە ئەنەسەوە.

ئیبنوئیسحاق لە مەغازی وتویەتی: حومەیدی (**الطویل**) بۆمانی باس کرد لە ئەنەسەوە وتی: ددانەکانی پێشەوەی پێغەمبەر ﷺ شکێنرا لە جەنگی ئوحود، وە ڕومەتیشی بریندار کرا، خوێن بە ڕوومەتیدا دەهاتە خوارەوە، بەدەم خوێن سڕینەوە دەیفەرموو: (**كَيفَ يُفلِحُ قَومٌ خَضَبُوا وَجْهَ نَبيِّهم وهو يَدعوهم الى رَبِّهم؟**)[1]. واتە: چۆن گەلێ سەرفراز دەبێ ڕوومەتی پێغەمبەرەکەیان خوێناوی بکەن، لەکاتێکدا ئەو بانگیان دەکات بۆ لای پەروەردگاریان؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

وتەی: (**شُجَّ النَّبِيّ ﷺ**) ئەبو سەعادات دەڵێ: (الشج) لە بنچینەدا تایبەتی بریندار بوونی سەرە، ئەویش ئەوەیە بەشتێك لێی بدات و بریندارى بکات، پاشان بۆ ئەندامەکانی دیکەی جەستەش بەکار هێنراوە.

ئیبنو هیشام لە فەرموودەی ئەبی سەعیدی خودری باسی کردوە عوتبەی کوڕی ئەبی وەقاص ددانەکانی خوارەوەی پێغەمبەری شکاند و لێوی خوارەوەیشی بریندار کرد.

(عبدالله)ی کوڕی شیهابی زوهری دەم و چاوی پێغەمبەری بریندار کرد، (عبد الله)ی کوڕی قەمئە بریندارى کردوە لە ڕوومەتیدا، دوو ئەڵقە لە ئەڵقەکان ژێری خودەکەی چوو بە کوڵمی موبارەکیدا، مالیکی کوڕی سینان خوێنی سەر ڕوومەتی پێغەمبەری مژی و قوتیدا، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (**لَن تَمَسَّكَ النارُ**) هەرگیز ئاگرت بەرناکەوێ.

---

(١)صحیح: سیرة ابن هشام.

قورطوبی دەڵێ: (الرَّباعيّة) بریتیە لەو ددانانەی دەکەونە دوای دوو دانەکەی پێشەوەی.

نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئینسان چوار ددانی پێشەوەی هەیە.

(الحافظ) دەڵێ: مەبەست ئەوەیە ددانەکانی شکێنران، پارچەیەکی لێ ڕۆیی نەك لەبنچینە هەڵکنرابێ.

نەوەوی دەڵێ: لەمەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە پێغەمبەران تووشی نەخۆشی و بەڵاو موسیبەت دەبن، بۆ ئەوەی پاداشتی بێپایان بە دەست بهێنن، وە بۆ ئەوەی ئوممەتەکان بزانن بەوەی تووشی پێغەمبەران بووەو شوێنیان بکەون.

(القاضي) دەڵێ: با بزانرێ ئەوان مرۆڤن بەڵاو ناخۆشیەکانی دنیایان تووش دەبێت، ئەوەی بەسەر جستەی ئادەمیدا دێت بەسەر جەستەی ئەوانیشدا دێت، وە با یەقین هەبێ کە بێگومان ئەوانیش ئادەمین و ژیربارن، وە با کەس تووشی فیتنە نەبێت بەو موعجیزانەی لەسەر دەستیان ڕووەدات، شەیتان کاروبارەکانیان لەلا تێکەڵ بکات، وەك چۆن گاورەکان بەو دەردە ڕۆیشتن.

وتم: مەبەستی لە ڕۆچون و زیادەڕەوی و پەرستشە.

وتەی: (يوم أُحُدٍ) ئوحود دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری مەدینە. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (أُحُد جَبَلٌ يُحِبُنا ونُحِبُهُ). واتە: ئوحود کێوێکە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێ. ئەویش کێوێکی بەناوبانگە کە لەوێ جەنگە بەناوبانگەکە ڕوویدا، بۆیە دراوەتە پاڵی.

وتەی: (كَيْفَ يُفْلِحُ قَوْمٌ شَجُّوا نَبِيَّهُمْ؟) موسلیم زیادی کردوە: (كَسَروا رَباعيَتَهُ وأَدْمُوا وجهَهُ) واتە: ددانەکانی پێشەوەیان شکاند و ڕوخسایان خوێناوی کرد.

وتەی: خوا دایبەزاند ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ ئیبنوعەطیە دەڵێ: وەك ئەوە وایە پێغەمبەر ﷺ لەوحاڵەتەدا بێئومێد بوو بێت لە سەرفرازبوونی(بۆ بڕواهێنان) بێبڕوایانی قورەیش، بەهۆی ئەوەوە پێی وترا ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ واتە: دەرەنجامی کارەکان بە دەستی خوایە، لەسەر کارەکەی خۆت بڕۆ و بەردەوامبە لەسەر پارانەوە لە پەروەردگارت.

ئیبنوئیسحاق دەڵێ: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ لە کاروباری بەندەکانم مەگەر خۆم فەرمانم پێکردبیت لەو بارەیەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه عَن ابنِ عُمَرَ أَنَّهُ سمِع رسُول الله يَقولُ إذا رَفعَ رأسَهُ مِن الرُّكوعِ في الركعةِ الأخيرةِ مِن الفجرِ: (اللهم الْعن فُلاناً وفُلاناً) بَعدمَا يَقولُ: سمِع اللهُ لِمَنْ حمدَهُ، رَبَّنا ولَك الحَمدُ. فأنْزلَ اللهُ ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾[1]. وفي رواية يَدعُو عَلى صَفْوَانَ بن أُمَيَّةَ، وسُهَيل بن عمرو، والحارث بن هِشام فَنَزَلَتْ: ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەروەها لە بوخاریەوە لە ئیبنوعومەرەوە بێگومان ئەو بیستی پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو کاتێك سەری بەرز بکردایەتەوە لە کرنووش لە کۆتا ڕکاتی نوێژی بەیانی: (خوایە نەفرین بکە لە فلانەکەس و فلانەکەس) دوای ئەوەی دەیفەرموو: خوا ستایشی ئەوکەسەی بیست کە ستایشی کرد، پەروەردگارمان هەموو ستایش بۆ تۆ. خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ وە لە گێڕانەوەیەکی تردا، دوعای لە صەفوانی کوڕی ئومەیە و سوهەیلی کوڕی عەمرو حارثی کوڕی هیشام دەکرد.

.....

وتەی: **(وفيه)** واتە: لە صەحیحی بوخاری. وە نەسائیش گێڕاویەتیەوە.

وتەی: **(عَن ابنِ عُمَرَ)** ئەو (عبد الله)ی کوڕی عومەری کوڕی خەطابە، هاوەڵێکی گەورەیە، پێغەمبەر ﷺ شایەتی چاکەی بۆی داوە، لە ساڵی حەفتاو سێ کۆچی دوایی کردوە لە کۆتای یان لەسەرەتای ئەو ساڵەی کە بەدوایدا دێت.

وتەی: **(أَنَّهُ سمِع رسُول اللهِ)** ئەم قونوتە لەسەر ئەو کەسانە دوای ئەوە بوو سەری موبارەکی و ددانەکانی پێشەوەی شکێنرا لە جەنگی ئوحود.

وتەی: **(اللهم الْعَن فُلاناً وفُلاناً)** ئەبو سەعادات دەڵێ: بنچینەی (اللعن): دەرکردن و دورخستنەوەیە لە خوا، وە لەناو خەڵکیشدا سەرزەنشت و دوعا کردنە لێی. وتەی شێخی ئیسلام لەسەر ئەمە لەپێشەوە باسکرا.

وتەی: **(فُلاناً وفُلاناً)** واتە: صەفوانی کوڕی ئومەیە و سوهەیلی کوڕی عەمرو حارثی کوڕی هیشام، وەك ڕونی کردوەتەوە لەو گێڕانەوەی کە دێ.

ئەمەش بەڵگەی دروستی دوعا کردنی تێدایە لە ناو نوێژدا لە هاوبەشدانەران بەدیاری کراوی، بێگومان ئەوە زیان ناگەیەنێت بە نوێژ.

وتەی: **(بَعدمَا يَقولُ: سمِع اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)** ئەبو سەعادات: واتە: وەڵامی ستایشەکەی داوەتەوەو قبوڵی کردووە. سوهەیلی دەڵێ: (مفعول)ی (سمع) لابراوە، چونکە بیستن پەیوەستە بە قسەکان و دەنگەکان جگە لە غەیری خۆیان جا (اللام)، لە (لمن) مۆڵەت دەدات، بەمانای زیادە دێت، ئەویش بەدەمەوە هاتنی بیستنە، جا لەو وشەیەدا کۆبووەتەوە، کورت کردنەوەو بوون بەبەڵگە لەسەر زیادە، ئەویش وەڵامدانەوەی ئەو کەسەیە ستایشی کردوە.

---

(١) أخرجه البخاري في المغازي (٤٠٧٠) فتح.

ئیبنولقەییم شتێ دەڵێ کە ئەوە ماناکەیەتی: (**سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ**) کراوەتە (مُتعدی) بەڵام مانای (**استجاب له**) لەخۆ دەگرێ، جا هیچ (**حذف**)یکی تێدا نیە، بەڵکو شتێکی (**ضمني**)یە.

وتەی: (**رَبَّنا ولَك الحَمدُ**) لە هەندێ لە ڕیوایەتەکانی بوخاریدا هاتووە بە لا بردنی (الواو). ئیبنوئایەتیق دەڵێ: جێگیر کردنی (الواو) بەڵگەیە لەسەر مانایەکی زیادە، چونکە بەم شێوە ئەندازە دەکرێت بە: خوایە وەری بگرە، وە ستایش بۆ تۆ. مانای پاڕانەوەو مانای هەواڵ لەخۆ دەگرێ.

شێخی ئیسلام دەڵێ: (الحمد) ستایش پێچەوانەی سەرزەنشت کردنە (**الذم**)، (الحمد) ستایش لەسەر چاکەکانی ستایش کراو دەکرێت لەگەڵ خۆشویستنی. هەر وەك چۆن سەرزەنشت لەسەر خراپەی خراپەکارە لەگەڵ ڕق لێبوونەوەی.

بەهەمان شێوە ئیبنولقەییمیش ئەوەی وتووە: وە جیاوازی کردوە لە نێوان (الحمد) ستایش و (المدح) پیاهەڵداندا، بەوەی هەواڵ دانە دەربارەی چاکەکانی کەسێکی تر، یان هەواڵێکە ڕووتە لە خۆشەویستی و ئیرادە، یان گرێدراوە بە خۆشویستنی و ئیرادەیەوە. جا ئەگەر یەکەم بوو، ئەوە (المدح) پیاهەڵدانە، وە ئەگەر دووەم بوو ئەوە (الحمد) ستایش کردن. جا ستایش کردن هەواڵدانە دەربارەی چاکەی ستایش کراو لەگەڵ خۆشویستنی و بە گەورە دانانی. بۆیە ئەوە (خبر) هەواڵێکە (**الإنشاء**)[1] لەخۆ دەگرێ بە پێچەوانەی (المدح) پیاهەڵدان. کەواتە ئەگەر بڵێ: (الحمد لله) یان بڵێ: (**رَبَّنا ولَك الحمد**) ئەو وتەیە هەواڵدان لەخۆ دەگرێ دەربارەی هەموو ئەوانەی ستایشی خوای لەسەر دەکرێ بەناوێکی کۆکەرەوە هەموو تاکەکانی ڕستەی (**محققة**) یان (**مُقدرة**)ی لەخۆ گرتووە، ئەویش چەسپاندنی هەموو تەواوێك لەخۆ دەگرێت شایستە بێت بەخوا، بۆیە (الحمد) نابێ بۆ هیچ شتێك بەکار بهێنرێ مەگەر بۆ کەسێك ئەمە پلەو پایەی بێت، ئەویش ئەو زاتە ستایشکراوو شکۆمەندە.

وە تیایدایە: پێویستە ئیمام (سمع الله لمن حمده) و (ربنا ولك الحمد) پێکەوە کۆ بکاتەوە، ئەویش وتەی شافعی و ئەحمەدە، ئیمامی مالیك و ئەبو حەنیفە پێچەوانەی ئەوەن و وتویانە: کورتی دەکاتەوە لەسەر (**سمع الله لمن حمده**).

وتەی: (**وفي رواية يَدعُو عَلى صَفْوَانَ بن أُمَيَّةَ، وسُهَيل بن عمرو، والحارِث بن هِشام**) ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەوان پێشەواو سەرمەشقی هاوبەشدانەران بوون لە جەنگی ئوحدا، ئەوان و ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب، پێغەمبەر ﷺ پاڕانەوەکەی لێ وەرنەگیرا دەربارەی ئەوان، بەڵکو خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ ﴿١٢٨﴾ ﴾ ئینجا خوا لێیان خۆش بوو، بەچاکی موسڵمان بوون.

وە لەهەموو ئەمانەی مانای شایەتیدانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) کە هەموو فەرمانەکان بە گشتی لەلای ئەوە، ڕێنمایی هەرکەسێك دەکات کە خۆی بیەوێت بە چاکەو ڕەحمەتی خۆی. وە هەرکەسێك کە خۆی بیەوێ گومڕای دەکات بە دادپەروەری و حیکمەتی خۆی، تەنها ئەو زاتە شیاوی پەرستنە.

---

(١) (کلام) یان (خبر)ە یان (إنشاء)ە، جا خەبەر هەواڵدانە یان لە ڕابردوو یان لە داهاتوو، دەگونجێ بەخاوەنەکەی بوترێ ڕاستگۆیە یان درۆزنە، بەڵام (إنشاء): پێچەوانەی خەبەرە.

ئا لەمەدا چەندین بەڵگە بەدی دەکرێت: کە پووچی بیرو بڕوای گۆڕپەرستانی تێدایە کە دەربارەی پیاوچاکان و دۆستانی خوا هەیانە. بەڵکو دەربارەی **طاغووتانیش** لەوەی کە سوود دەگەیەنن بە ئەوانەی داوایان لێ دەکەن، وە ئەوەی بچێتە پەنایان دەپارێزن. پاکی بۆ ئەو زاتەی بەربەستی دروست کردوە لە نێوان ئەوان و تێگەیشتن لە قورئان. ئەویش دادپەروەری ئەو زاتەیە، هەر ئەویش بەربەست دادەنێ لە نێوان ئادەمیزاد و دڵیدا، وە هێزو توانا هەر لە لای ئەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه عَن هُرَيْرَةَ قال: قام رسول اللَّه ﷺ حين أَنْزِلَ اللهُ عليه ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾الشعراء. فَقَالَ: (يا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ -أو كلمة نحوها- اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ لَا أُغْنِي عَنْكُمْ من اللَّهِ شيئا. يا عَبَّاسَ بن عبد الْمُطَّلِبِ لَا أُغْنِي عَنْكَ من اللَّهِ شيئا. يا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رسول اللَّهِ، لَا أُغْنِي عَنْكِ من اللَّهِ شيئا. يا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَلِينِي مِن مالي ما شِئْتِ لَا أُغْنِي عَنْكِ من اللَّهِ شيئا) (١).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحی بوخاریەوە لە ئەبی هورەیرەوە وتی: کاتێ خوا ئەم ئایەتەی بۆ سەر دابەزاند (خزم و کەسە زۆر نزیکەکانت بترسێنە) هەستا فەرمووی: (ئەی دەستەو کۆمەڵی قورەیش -یان وشەیەك وێنەی ئەوە- نەفسەکانتان بکڕنەوە من بێ نیازتان ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك، ئەی عەباسی کوڕی (عبدالمطلب) من بێ نیازت ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك، ئەی صەفیەی پوری پێغەمبەر ﷺ من بێنیازت ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك، ئەی فاطیمەی کچی موحەممەد ﷺ من بێ نیازت ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك، چیت دەوێت لە ماڵەکەم داوای بکە، من بێ نیازت ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك).

.....

وتەی: (**وفيه**) لە صەحیحی بوخاری.

وتەی: (**عَن أبي هُرَيْرَةَ**) ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیە دەبارەی ناوەکەی. ئیمامی نەوەویی جەختی کردوەتەوە کە ناوی: (عبد الرحمن)ی کوڕی صەخر، هەر وەك حاکم هێناویەتی لە (المستدرك) لە ئەبو هورەیرەوە وتی: من ناوم لە سەردەمی نەفامیدا (عبد شمس)ی کوڕی صەخر بوو، لە ئیسلامدا ناوم نرا بە (عبد الرحمن)(٢). وە دولابی بە سەنەدی خۆی هێناویەتی لە ئەبو هورەیرەوە کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ ناوی لێنا (عبد الله) (٣).

وە ئەو (**دوسي**)یە لە هاوەڵە بەڕێزەکان و شارەزاترینیان بوو لە فەرموودەدا، لە پێغەمبەرەوە ئەوەندە فەرموودەی لەبەر کردوە زیاتر لە غەیری خۆی، لە پەنجاو حەوت یان هەشت یان نۆ کۆچی دوایی کرد، تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵ بوو.

---

(١)أخرجه البخاري في الوصايا (٢٧٥٣) فتح، ومسلم في الإيمان (٢٠٦) عبد الباقي.

(٢)أخرجه الحاكم ٥٠٧/٣، وإسناده ضعيف.

(٣)أنظر الإصابة ترجمة أبي هريرة ٤٢٧/٧.

وتەی: (**قام رسول اللَّهِ ﷺ**) لە صەحیحدا هاتووە لە ڕیوایەتی ئیبنوعەباس پێغەمبەر ﷺ سەرکەوت بەسەر صەفادا[1].

وتەی: (**حين أَنْزَلَ اللهُ عليه** ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾**الشعراء.**) عەشیرەتی کەسێك: بریتیە لە نەوە نەزیکەکانی باوکی، یان هۆزو تیرەکەی. چونکە ئەوان شیاوترینی کەسن بە چاکەکردنت لەگەڵیاندا لە ڕووی دینی و دنیاییدا، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ ﴿٦﴾ ﴾التحريم. (واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە خۆتان و کەس و کارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی ئادەمی و بەردە).

هەروەها خوا ﷻ فەرمانی پێ کردوە بە ترساندنی گشتی، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ لِّتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٦﴾ ﴾یس (واتە: بۆ ئەوەی گەلێ بترسێ لە سزا کە باوو باپیرانیان نەترسێنرابوون بۆیە ئەوان بێ ئاگا بوون). ﴿ وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ ﴿٤٤﴾ ﴾إبراهيم. (واتە: وە خەڵکی ئاگادار بکە و بترسێنە لەو ڕۆژەی کە سزایان بۆ دێت).

وتەی: (**يا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ**) (المعشر) کۆمەڵ.

وتەی: (**أو كلمة نحوها**) بە (نصب)ی (**كلمة**) وەکو (**عطف**) کردن لەسەر پێش خۆی.

وتەی: (**اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ**) واتە: (نەفسی خۆتان بکڕن) بەیەکتاپەرستی خواو دڵسۆزی پەرستش بۆی، بەتاك و تەنهاو بەبێ هاوبەشدانان، وە گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی پێ کردوەو وازهێنان لەوەی قەدەغەی کردوە. بێگومان ئەوە رزگاری دەکات لە سزای خوا نەك پشبەستن بە ڕەچەڵەك و هۆزو تیرەکان، بێگومان ئەوە هیچ سوودێکی نیە لە لای پەروەردگاری بەندەکان.

وتەی: (**لَا أُغْنِي عَنْكُمْ من اللَّهِ شيئا**) بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەو کەسەی خۆی هەڵدەواسێت بە پێغەمبەران و پیاوچاکان، وە ڕووی تێدەکات بۆ ئەوەی شەفاعەت و تکای بۆ بکەن و سوودیان هەبێت بۆی، یان بەڵآی لەسەر لابەن، بێگومان ئەوە ئەو هاوبەشدانانەیە کە خوا قەدەغەی کردووە، پێغەمبەرەکەشی ڕاسپاردوە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە لێی، وەك خوا ﷻ هەواڵی داوە دەربارەی هاوبەشدانەران ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾**الزمر.** (واتە: کەسانێك جگە لەخوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان داناوە، دەڵێن تەنها لەبەر ئەوە دەیانپەرستین نزیکمان بکەنەوە لەخوا) ﴿ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴿١٨﴾ ﴾یونس. (واتە: وە دەڵێن ئەو بتانە تکاکارمانن لە لای خوا). خوا ئەوەی پووچ کردەوەو خۆی پاك ڕاگرت لەم هاوبەشدانانە، وە دواتر باسی مەقامی شەفاعەت دەکەین (إن شا و الله).

وە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە: (**يا بَنِي عبد مَنَافٍ لَا أُغْنِي عَنْكُمْ من اللَّهِ شيئا**)[2]. واتە: ئەی نەوەکانی (عبد مناف) من بێنیازتان ناکەم لە لای خوا بە هیچ شتێك.

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٧٧٠) فتح، ومسلم في الإيمان (٢٠٨) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في الوصايا (٢٧٥٣) فتح، ومسلم في الإيمان (٢٠٤) عبد الباقي.

وتەی: (**يا عَبَّاسَ بن عبد الْمُطَّلِبِ**) بە (نصب)ی (ابن) وە دروستە لە (عباس)دا (الرفع والنصب). بەهەمان شێوە لە وتەی: (**يا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رسول اللَّهِ**)، (**يا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ**).

وتەی: (**سَلِينِي مِن مالِي ما شِئْتِ**) پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردوەتەوە کە بێگومان ڕزگاری نابێت لە سزای خوا جگە لە ئیمان و کردەوەی چاك.

وە تێبینیە: بێگومان دروست نیە بەندە داوای لێ بکرێت مەگەر شتێك لە توانایدا هەبێت لە کاروباری دنیا. بەڵام میهرەبانی و لێخۆشبوون و بەهەشت و ڕزگار بوون لە ئاگر و وێنەی ئەوانە لە هەموو ئەوانەی کە لە توانای کەسدا نیە جگە لەخوا، ئەوە نابێ داوا بکرێت تەنها لە خوا نەبێت، بێگومان ئەوەی لە لای خوایە بەدەست نایەت مەگەر بە یەکتاپەرستیەکی ڕاستەقینە و دڵسۆز بوون بۆی و بەوەی کردویەتی بە شەریعەت و پێی ڕازی بووە بۆ بەندەکانی کە بەهۆیەوە خۆیان لەخوا نزیك بکەنەوە، جا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ سوود بە کچەکەی و مامی و پوری و نزیکەکانی نەگەیەنی مەگەر بەیەکتاپەرستی و شوێنکەوتن، ئەوە جگە لە ئەوان لە پێشترە، وە لە چیرۆکی ئەبو طالیبی مامی پەندی تێدایە.

کەواتە تەماشای واقیعی ئێستا بکە دەبینی زۆربەی خەڵکی پەنا دەبن بۆ لای مردوان و ڕوویان تێدەکەن و پەنایان بۆ دەبەن بە حەزو ترسەوە، لەکاتێکدا ئەوان دەستەوسانن هیچیان بەدەست نیە بۆ نەفسی خۆیان نە سوود نە زیان، ئیتر بۆ جگە لە خۆیان چ سوودو زیانێکیان هەیە، ئەوکاتە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان لەسەر هیچ بەرنامەیەك نین چونکە ﴿**إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلشَّيَـٰطِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٣٠﴾**﴾**الأعراف**. (واتە: بەڕاستی ئەوانە شەیتانەکانیان کرد بە دۆست و پشتیوانی خۆیان لە جیاتی خوا، وە واگومان دەبەن کە ڕێنمایی کراوون) شەیتان هاوبەشدانانی بۆ دەرخستن لە چوارچێوەی خۆشویستنی پیاوچاکان، هەموو چاکەخوازێك بەریە لە لای خوا لەم هاوبەشدانانە لە دنیاو لەو ڕۆژەش شەیەتەکان هەڵدەسنەوە (کە ڕۆژی قیامەتە)، گومانی تێدا نیە خۆشویستنی پیاوچاکان بەوە دەبێت ڕێبازی ئەوان بگریتەبەر لەسەر ئاین، وە شوێنیان بکەوێت لە گوێڕایەڵی پەروەردگاری جیهانیان، نەك کردنیان بە هاوبەش لە غەیری خوا، خۆشیان بوێن وەك چۆن برواداران خوایان خۆش دەوێ، ئەوە هاوبەشدانان بۆ خوا و پەرستشی غەیری خوایە، وە دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی و پیاوچاکانە لە بەندەکانی، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿**وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِى كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾**﴾**المائدة**. (واتە: وە بیر بکەرەوە کاتێ خوا دەفەرموێ لە ڕۆژی دواییدا ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا تۆ وتووتە بە خەڵکی کە من و دایکم بەدوو پەرستراو دابنێن و بمانپەرستن لە جیاتی خوا؟ عیسا وتی: پاك و بێ گەردی بۆ تۆ ئەی خوایە نابێ و ناگونجێ بۆ من شتێ بڵێم کە بە هیچ شێوەیەك مافی من نی یە، ئەگەر من ئەو قسەیەم کردبێ ئەوە بەڕاستی تۆ ئاگات لێ یە چونکە تۆ ئەوەی لە ناخم دایە دەیزانی بەڵام من نازانم و بێ ئاگام لەوەی کە لە ناخی تۆدایە بەڕاستی تەنها تۆ زانای تەواوی بە

هەموو نهێنی یەك* هیچم پێ نەوتوون بێجگە لەوە نەبێت کە تۆ فەرمانت پێ داوم کە بەندایەتی خوا بکەن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە و من شایەت و چاودێر بوون بە سەریانەوە تا لە ناویاندا بووم ئینجا کاتێ تۆ منت بردەوە و بەرزت کردمەوە بۆ ئاسمان هەر خۆت چاودێر بووی بەسەریانەوە، وە خۆت ئاگادار و شایەتی بەسەر هەموو شتێکەوە).

ئیبنولقەییم رەحمەتی خوای لێ بێت لەبارەی ئەم ئایەتەوە ئایەتەدا دەڵێ دوای قسەیەك کە لە پێشەوە هات: پاشان نەفی کردوە کە پێیان بڵێ جگە لەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، ئەویش کڕۆکی یەکتاپەرستیە، جا دەڵێ: ﴿ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ ﴾ پاشان هەواڵی داوە شایەتی دانی لەسەریان ماوەی مانەوەی بووە تیایاندا، وە لەدوای مردن ئاگاداریان نەبووە، تەنها خوا خۆی لە دوای مردنی پێیانی زانیوە، جا فەرمووی: ﴿ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴾ خوا وەسفی شایەتیدانی خۆی کردوە بەوەی شایەتیدانی لەسەرووی هەموو شایەتیدانێکەوەیە و گشتگیر تریشە.

وتم: لەمەدا ڕوونکردنەوە هەیە کە بەڕاستی هاوبەشدانەران پێچەوانەی ئەوە بوون کە خوا فەرمانی کردوە بە پێغەمبەرانی: لەو یەکتاپەرستیەی کە ئاینیانە و لەسەری یەکدەنگ بوون و بانگی خەڵکیان کردوە بۆ لای، وە لەو پێناوەدا لێیان جیابوونەتەوە مەگەر کەسێ بڕوای هێنابێت، جا چۆن بەکەسێك دەوترێ (مەبەستی پێغەمبەرە ﷺ) دینداری کردوە بە پێی ئاینەکەیان و گوێڕایەڵی کردوون لەوەی فەرمانیان پێ کردوە لە ئیخڵاص و دڵسۆزی پەرستش بۆ خوا بەتاك و تەنها، ئەو هەندێ جار بەم یەکتاپەرستیەی کە گوێڕایەڵی خوای پێ کردوە کاری ئەوان هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە شوێنی سەرجەم پێغەمبەران کەووە و خوای بە پاك و بێگەرد ڕاگرتووە لە هاوبەشدانان کە لەناوبەری یەکتاپەرستی پەروەردگارێتی و بەکەم سەیر کردنی یەکتاپەرستی پەرستراوێتیە، وە گومانی خراپ بردنە بە پەروەردگاری جیهانیان.

هاوبەشدانەران دوژمنی پێغەمبەرانن لە دنیاو دوارۆژدا، وە دایانناوە بۆ شوێنکەوتوانیان کە خۆیان بەری بکەن لە هەموو هاوبەشدانەرێك و بێبروا بن پێی و دژایەتی بکەن و ڕق و کینەی لێ هەڵبگرن لەبەر پەروەردگاریان ﴿ قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ ۖ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ ﴾**الأنعام**. (واتە: بڵێ دەی کەواتە بەڵگەی بەهێز هەر بۆ خوایە).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری دوو ئایەتەکەی پێشوو: (﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴾، (﴿ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴾)

دووەم: چیرۆکی نوحود.

سێیەم: قونوتی پێشەوای پێغەمبەران ﷺ، وە لە پشتیەوە گەورەی دۆستانی خوا ئامینیان بۆی دەکرد لە نوێژدا.

چوارەم: ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ دوعای لێ کردن بێبڕوا بوون

پێنجەم: ئەوان شتانێکیان کرد زۆربەی بێبڕوایان ئەوەیان نەکرد، لەوانە بریندارکردنی سەری پێغەمبەرەکەیان سوورببوونیان لەسەر کوشتنی، لەوانەش شێواندنی کوژراو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامۆزایان بوون.

شەشەم: خوا ﷻ لەو بارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاند خوارەوە ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾.

حەوتەم: فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ ﴿١٢٨﴾ ﴾ خوا تەوبەی لێ وەرگرتن ئینجا ئەوانیش بڕوایان هێنا.

هەشتەم: خوێندنی قنووت لە کاتی دابەزینی ناخۆشی و بەلاّدا.

نۆیەم: ناوهێنانی دوعا لێکراوان لە نوێژدا بەناوی خۆیان و باوکیان.

دەیەم: نەفرین کردنی کەسی دیاریکراو لە قنووت.

یازدەیەم: چیرۆکی پێغەمبەر ﷺ کاتێ دابەزیە سەری: ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾

دوازدەیەم: سوورببوونی پێغەمبەر ﷺ لەسەر بانگەواز کردنیان هەتا بەو هۆیە شێتیان داوە پاڵی، بەهەمان شێوە ئەگەر موسڵمانێکیش ئیستا وەکو پێغەمبەر ﷺ بکات شێتی دەدەنە پاڵی.

سیازدەیەم: وتەی پێغەمبەر ﷺ بۆ دوورو نزیك: (**لَا أُغْنِي عَنْكَ من اللَّهِ شيئا**) تەنانەت فەرمووی: (**يا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ لَا أُغْنِي عَنْكِ من اللَّهِ شيئا**)، جا ئەگەر بێغەمبەر ﷺ پێشەوای سەرجەم پێغەمبەران بە ڕاشکاویی بە گەورەی ئافرەتانی جیهانیانی وتبێت: من بێ نیازت ناکەم، مرۆڤیش بڕوای وابێت کە ئەو ﷺ تەنها حەق دەڵێ، پاشان کە تەماشای دڵی تایبەترینی ناو خەڵکی ئەمڕۆ کرد، یەکتاپەرستی و غەریبی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت.



بەشی ١٥

باب قول الله ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾ .

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾سبأ.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (هەتا کاتێ ترس و بیم لە دڵی تکاکاران لادەبرێ بە هۆی ڕێگەپێدانی شەفاعەت، بەیەکتر دەڵێن: پەروەردگارتان چ بڕیارێکی فەرموو، دەڵێن: وتەی ڕاستەکەی فەرموو، تەنها خوا بەرزو بڵندو گەورەیە).

.....

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ ﴾ واتە: ترس و ناڕەحەتیان لەسەر لاچوو. **ئیبنوعەباس** و ئیبنوعومەرو ئەبو (**عبدالرحمن السلمي**) و شەعبی و حەسن و غەیری ئەوانیش ئەمەیان وتووە.

ئیبنوجەریر دەڵێ: هەندێکیان وتویانە: ئەوانەی ترس و بیم لەسەر دڵیان لابراوە، فریشتەکانن وتیان: ترس و بیم لەسەر دڵیان لابراوە بەهۆی داپۆشینێك توشیان دەبێت لەکاتی بیستی فەرمایشتی خوا بە وەحی.

ئیبنوعە**طیە** دەڵێ: لە ڕستەکەدا (**حذف**) لابردن هەیە، ڕوالەتەکەی بەڵگەیە لەسەری، وەکو ئەوەی بڵێیت: نە ئەوان تکاکارنین وەك ئەوەی ئێوە پێتان وایە، بەڵکو ئەوان بەندە و ملکەچن بۆ خوا بە هەمیشەیی، واتە: ملکەچن، هەتا کاتێ ترس و بیم لەسەر دڵیان نامێنێت، مەبەست پێی فریشتەکانە وەك ئیبنوجەریر و غەیری ئەویش ئەمەیان پەسەند کردوە.

ئیبنوکە**ثیر** دەڵێ: ئەوە حەقەیە کە هیچ گومان و دوو دڵیەکی تێدا نیە، لەبەر ڕاستی ئەو فەرموودە و ئەسەرانەی لەوبارەیەوە هاتوون.

ئەبو حەییان دەڵێ: فەرموودەکان لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە هاتوون پشتگیری یەکتر دەکەن دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ ﴾ کە ئەوە فریشتەکانە کاتێ وەحی دەبیستن بۆ لای جبریل خوا فەرمانی پێ دەکات پێی، دەبیستن وەك دەنگی زرەی زنجیرێکی ئاسن

وایە بەسەر بەردی لووسدا ڕابکێشرێت، لەوکاتەدا ترس و بیم دایاندەگرێ بەهۆی بە مەزندانان و شکۆمەندیەوە. دەڵێ: وە بەم مانایە -لەباسکردنی فریشتە لە سەرەتای ئایەتەکە- ئەم ئایەتە هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ یەکەم، وە ئەوەشی هەست نەکات کە فریشتەکان ئامادەیان بۆ کراوە لە سەرەتای فەرمایشتی خوا ﴿ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم﴾ سبأ. ناتوانێ ئەم ئایەتە گرێ بدات بە پێشی خۆیەوە.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ﴾ نەیفەرموو پەروەردگارمان چی دروست کرد؟ جا ئەگەر فەرمایشتی خوا دروستکراو بوایە ئەوە دەیانووت: چی دروست کردوە؟ کۆتایی هات لە شەرحی (سنن ابن ماجه).

وە وێنەی ئەوەش ئەم فەرموودەیە (**ماذا قال ربنا یا جبریل**)[1]. واتە: ئەی جبریل پەروەردگارمان چی فەرموو. نموونەی ئەمەش لە قورئان و سوونەتدا زۆرن.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿قَالُواْ ٱلْحَقَّ﴾ واتە: خوا حەق و ڕاستی فەرموو. ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوان ئەگەر فەرمایشتی خوایان ببیستایە لەهۆش خۆیان دەچوون و دەترسان پاشان ئەگەر بەهۆش بهاتایەن دەستیان دەکردە پرسیار کردن، دەیانوت: پەروەردگارتان چ فەرمووە؟ دەیانووت: حەق و ڕاستی فەرموە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ﴾ شکۆی بەرزو بڵندە، زاڵیتی بەرزە، زاتی بەرزە، بەرزی تەواوی بۆ هەیە لە هەموو ڕووەکانەوە، هەر وەکو (عبد الله)ی کوڕی موبارەك وتی: کاتێ پێی وترا: بەچی پەروەردگارمان بناسین؟ وتی: بەوەی لەسەر عەرشەکەیەتی جیایە لە دروستکراوەکانی، وەك دەستگرتنی بە قورئان لەبەر فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ۝٥﴾ طه. (واتە: خوای میهرەبان بەرز بووە سەر عەرش) ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱلرَّحْمَٰنُ ۝٥٩﴾ الفرقان. (واتە: پاشان بەرز بوویەوە بۆ سەر عەرش خوای میهرەبان) لە حەوت شوێنی قورئاندا هاتووە. (**الأعراف: ٥٣**)، (**یونس: ٣**)، (**إبراهیم: ٢**)، (**السجدة:٤**)، (**الحدید: ٤**).

وتەی: **خوا** ﷻ: ﴿ٱلْكَبِيرُ﴾ واتە: ئەو زاتەی کە لە ئەو گەورەتر نیە و لە ئەویش مەزنتر نیە.

---

(١)يأتي قريباً

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح عن أبي هُرَيْرَةَ عن النَّبِيِّ ﷺ قال: (إذا قَضَى الله الْأَمْرَ في السَّمَاءِ ضَرَبَتْ الْمَلَائِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا خُضْعَانًا لِقَوْلِهِ، كَأَنَّهُ سِلْسِلَةٌ على صَفْوَانٍ، ينفذهم ذلك، حتى إذا فُزِّعَ عن قُلُوبِهِمْ قالوا: مَاذَا قال رَبُّكُمْ؟ قَالُوا: الْحَقَّ وهو الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ، فَيَسْمَعُهَا مُسْتَرِقُ السَّمْعِ وَمُسْتَرِقُ السَّمْعِ هَكَذَا بَعْضُهُ فَوْقَ بَعْضٍ - وَصَفَهُ سُفْيَانُ بِكَفِّهِ فَحَرَّفَهَا وَبَدَّدَ بين أَصَابِعِهِ- فَيَسْمَعُ الْكَلِمَةَ فَيُلْقِيهَا إلى من تَحْتَهُ، ثُمَّ يُلْقِيهَا الْآخَرُ إلى من تَحْتَهُ، حتى يُلْقِيَهَا على لِسَانِ السَّاحِرِ أو الْكَاهِنِ، فَرُبَّمَا أَدْرَكَ الشِّهَابُ قبل أَنْ يُلْقِيَهَا، وَرُبَّمَا أَلْقَاهَا قبل أَنْ يُدْرِكَهُ، فَيَكْذِبُ مَعَهَا مِائَةَ كَذْبَةٍ، فَيُقَالُ أَلَيْسَ قد قال لنا يوم كَذَا وَكَذَا: كَذَا وَكَذَا؟ فَيُصَدَّقُ بِتِلْكَ الْكَلِمَةِ التي سمعت من السَّمَاءِ[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صحیحدا هاتووە لە ئەبی هورەیرە لە پێغەمبەر ﷺ: فەرمووی: (ئەگەر خوا لە ئاسماندا بڕیاری کارێ بدات فریشتەکان بە باڵەکانیان دەدەن بەیەکتری بۆ دەربڕینی ملکەچ بوون بۆ وتەکەی، (ترسەکەیان لە فەرمایشتی خوادا) وەکو ترسی کەسێکە لە زنجیرێك بەسەر تاشەبەردی لووسدا کێش بکرێت، ئەو دەنگە کار دەکاتە سەر دڵی فریشتەکان و لە ترسا لەهۆش دەچن. کاتێ ئەو ترسە لەسەریان لابرا لە ناو خۆیاندا بەیەکتری دەڵێن: پەروەردگارتان چی فەرموو؟ هەر خۆیان دەڵێن: حەقی فەرموو، ئەو زاتە بەرزو بڵند و گەورەیە، پاشان ئەو شەیتانەی گوێی هەڵخستووە گوێبیستی وتەی فریشتەکان، وە گوێ هەڵخەر بەم شێوەیە هەندێکیان لەسەر هەندێکی دیکەن -ئینجا سوفیان بە لەپی دەستی وەسفی کردن کە چۆن دەچنە سەر یەکتر، پەنجەکانی بلاوە دەکرد و لەسەر یەکتر دادەنا، ئەوەی سەرەوە کە گوێبیستی وشەیەك دەبێت، فڕێی دەدا بۆ خوار خۆی، پاشان ئەوی دیکەش فڕێی دەدا بۆ خواری خۆی، تا فڕێی دەداتە سەر زمانی جادوگەر یان فاڵچی، جا هەندێ جار گڕو ئاگر پێی دەگات و دەیسوتێنێت پێش ئەوەی هەواڵەکە بگەیەنێت، هەندێ جاریش دەیگەیەنێت پێش ئەوەی گڕی ئاگرەکە پێی بگات، جادوگەریش تێکەڵی دەکات لەگەڵ سەد درۆ، جا پێی دەوترێ: ئەوە نەبوو فلانە ڕۆژ وای وتوو ئاوای وت؟ بەهۆی ئەو وشەیەی کە لە ئاسمان بیستراوە بەڕاست دادەنرێت.

وتەی: (**وفي الصحيح**) واتە: صەحیح بوخاری.

وتەی: (**إذا قَضَى الله الْأَمْرَ في السَّمَاءِ**) ئەگەر خوا بە وتەی خۆی فەرمان بدات کە وەحی دەکات بۆ جبریل بەوەی ویستویەتی، وەك لە فەرموودەکەدا بە ڕاشکاوی هاتووە، وە وەك سەعیدی کوڕی مەنصورو ئەبو داودو ئیبنوجەریر گێڕوایانەتەوە لە ئیبنومەسعود: (**إذا تَكَلَّمَ الله بِالْوَحْيِ سمع أَهْلُ السَّمَاوَاتِ صَلْصَلَةً كَجَرِّ السِّلْسِلَةِ على الصَّفوان**) (٢١). واتە: ئەگەر خوا بە وتەی خۆی بەوەحی فەرمان بدات، هەرچی لە ئاسمانەکاندایە زڕە زرێ دەبیستن وەك ڕاکێشانی زنجیری ئاسن بەسەر تاشە بەردی لووس.

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٧٠١) فتح.

(٢) أخرجه أبو داود في السنة (٤٧٣٨)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٢٩٢).

ئیبنوئەبی حاتەم و ئیبنومەردەوەیهی گێڕاویانەتەوە لە ئیبن عەباسەوە وتی: کاتێ خوا وەحی نارد بۆ موحەممەد ﷺ نێردراوی بانگ کرد لە فریشتەکان بۆ ئەوەی وەحی پێدا بنێرێ، فریشتەکان دەنگی خوایان بیست کە قسەی لەگەڵ دەکردن بەوەحی. کاتێ ترس و بیم لەسەر دڵەکانیان نەما، پرسیاریان کرد دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ. وتیان: حەقی فەرمووە. وە زانیان خوا هیچ نایەژێت مەگەر حەق[1].

وتەی: (**ضَرَبَتْ الْمَلَائِكَةُ بِأَجْنِحَتِهَا خَضَعَانًا لِقَوْلِهِ**) واتە: لەبەر فەرمایشتی خوا ، (**الحافظ**) دەڵێ: (**خضعاناً**) بە (فتح)ەی یەکەم پیت و دووەم پیت لە (**الخضوع**) وەرگیراوە، وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە بە (**ضم**)ەی سەرەتاکەی وە (سکون)ی دووەم پیتی(**خُضْعَانًا**). ئەویش (مصدر) بە مانای (**خاضعين**).

وتەی: (**كَأَنَّهُ سِلْسِلَةٌ على صَفْوَانٍ**) ئەو دەنگە بیستراوە وەک زرپە زرێی زنجیر وایە بەسەر تاشە بەردی لووسدا بهێنرێت.

وتەی: (**يَنْفُذُهُم ذلك**) بە (فتح)ەی (**ياء**)و (سکون)ی (نون) و (**ضم**)ی (**فاء**) و (**ذال**) (**ذلك**) واتە: قسەکە، وە (**الضمير**) لە (**يَنْفُذُهُم**) بۆ فریشتەکان دەگەڕێتەوە، واتە: ئەو فەرمایشتەی خوا لە دەرونیاندا دێت و دەچێ یان لەناویاندا جێبەجێ دەکات تا ترس و بیم دایان دەگرێ لێی، وە لە لای ئیبنومەردەوەیە لە فەرموودەی ئیبنوعەباس: (**فلا ينزل على أهل سماء إلا صعقوا**)[2]. واتە: دانابەزێت بۆسەر خەڵکی هەرئاسمانێك ئیللا بێهۆش دەبن.

وە لە لای ئەبو داوود و غەیری ئەو بە مەرفوعی هاتووە: (**إذا تَكَلَّمَ الله بِالْوَحْيِ سمع أَهْلُ السَّمَاءِ لِلسَّمَاءِ صَلْصَلَةٌ كَجَرِّ السِّلْسِلَةِ على الصَّفَا فَيُصْعَقُونَ فلا يَزَالُونَ كَذَلِكَ حتى يَأْتِيَهُمْ جِبْرِيلُ**)(٣٢). واتە: ئەگەر خوا بە وتەی خۆی بەوەحی فەرمان بدات، هەرچی لە ئاسمانداید زرپە زرێ دەیبیستن وەک ڕاکێشانی زنجیر لەسەر بەردی لووس، ئینجا بێهۆش دەبن، بەردەوام بەوشێوەیەن تا جبریل دێت بۆ لایان... فەرموودەکە.

وتەی: (**حتى إذا فُزِّعَ عن قُلُوبِهِمْ**) ماناکەی لە پێشەوە باس کرا.

وتەی: (**قالوا: مَاذَا قال رَبُّكُمْ؟ قالوا: الْحَقَّ**) واتە: وتیان: خوا حەقی فەرموو، دەزانن خوا هیچ نافەرموێ مەگەر حەق نەبێت.

وتەی: (**فَيَسْمَعُهَا مُسْتَرِقُ السَّمْعِ**) واتە: گوێبیستی وشەکە دەبێت کە خوا بڕیاری داوە، ئەوانیش شەیتانەکانن، هەندێکیان ئەکەون بەسەر هەندێکیاندا.

وە لە (صەحیحی بوخاریدا هاتووە) لە عائیشەوە بە مەرفوعی: (**إِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَنْزِلُ في الْعَنَانِ -وهو السَّحَابُ- فَتَذْكُرُ الْأَمْرَ قُضِيَ في السَّمَاءِ فَتَسْتَرِقُ الشَّيَاطِينُ السَّمْعَ، فَتَسْمَعُهُ فَتُوحِيهِ إلى الْكُهَّانِ**)[4].

---

(١)أخرجه الطبراني ٢٠/ ٣٩٨، وإسناده مسلسل بالضعفاء في عائلة واحدة.

(٢)أخرجه البيهقي في دلائل النبوة ٢/٢٤٠).

(٣)تقدم تخريجه قريباً جداً.

(٤)أخرجه البخاري في بدء الخلق (٣٢١٠) فتح. ومسلم في السلام (٢٢٢٨) عبد الباقي.

واتە: فریشتەکان لەناو هەورەوە دادەبەزن و لەو فەرمانەی خوای گەورە دەدوێن کە لە ئاسماندا بڕیاری لەسەر داوە، جا شەیتانەکان گوێ هەڵدەخەن و ئەو باسە دەقۆزنەوە و وەحی بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە گوایە لە نهێنی و شاراوەکان شارەزان.

وتەی: (وَمُسْتَرِقُ السَّمْعِ هَكَذَا بَعْضُهُ فَوْقَ بَعْضٍ - وَصَفَه سُفْيَانُ بِكَفِّهِ) واتە: وسفی کردون چۆن دەکەون بەسەریەکدا.

وە (سفیان) کوڕی عویەینەیە، باوکی موحەممەد (الهلالي) کوفی پاشان لە مەککە دانیشتووە، (ثقة، حافظ، فقيه إمام حجة) لە ساڵی سەدو نەوەد و هەشت کۆچی کردوە نەوەدو یەك ساڵ تەمەنی کردوە.

وتەی: (فَحَرَّفَهَا) بە (فتح)ەی (حاء)و (شدة)ەی (الراء).

وتەی: (وَبَدَّدَ) واتە: پەنجەکانی لەیەکتر جیاکردەوە.

وتەی: (فَيَسْمَعُ الْكَلِمَةَ فَيُلْقِيهَا إلى من تَحْتَهُ) ئەوەی سەرەوە وشەیەك دەبیستێت دەیدات بەوەی خوار خۆی، پاشان ئەویش دەیداتە خوار خۆی تا دەیخاتە سەر زاری جادوگەر یا فاڵچی.

وتەی: (فَرُبَّمَا أَدْرَكَ الشِّهَابُ قبل أَنْ يُلْقِيَهَا) (الشهاب) ئەویش ئەستێرەیەکە شەیتانی پێی دەهاوێژرێ، واتە: هەندێ جار ئەو ئەستێرە ئاگرینە کەسی گوێهەڵخەر دەپێکێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو هاوێشتنە پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ بوونی هەبووە، ئیمام ئەحمەد و جگە لەویش گێڕاویەتیەوە لە ڕێگای مەعمەر: زوهری بۆی باس کردین لە عەلی کوڕی حوسەین لە ئیبن عەباس وتی: پێغەمبەر ﷺ دانیشتبوو لەناو کۆمەڵێك لە هاوەڵانی، (عبدالرزاق) دەڵێ: لە ئەنصارەکان، وتی: ا ئەستێرەیەکی مەزن هاوێژرا، ڕووناك بوویەوە، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: (مَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ إِذَا كان مِثْل هَذَا) واتە: ئێوە چیتان دەووت ئەگەر شتێکی وەهاتان ببینایەت لەسەردەمی نەفامی؟ وتی: ئێمە دەمانووت: لەوەیە منداڵێکی مەزن بێتە دنیاوە یان پیاوێکی مەزن لە دنیا دەرچوو بێت، بە زوهریم وت: ئایا لەسەردەمی نەفامیشدا دەهاوێژرا؟ وتی: بەڵێ، بەڵام کاتێ پێغەمبەر ﷺ نێردرا تۆند تر بوو، فەرمووی: (فَإِنَّهَا لَا يُرْمَى بها لِمَوْتِ أَحَدٍ ولا لِحَيَاتِهِ، وَلَكِنْ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى اسْمُهُ إذا قَضَى أَمْرًا سَبَّحَ حَمَلَةُ الْعَرْشِ، ثُمَّ سَبَّحَ أَهْلُ السَّمَاءَ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثم الذين يلونهم حتى يَبْلُغَ التَّسْبِيحُ هذه السَّمَاءَ الدُّنْيَا. ثم يستخبر أهل السماء الَّذِينَ يَلُونَ حَمَلَةَ الْعَرْشِ، فيقولُ الذين يلون حملة العرش لحَمَلَةِ الْعَرْشِ: مَاذَا قال رَبُّكُمْ؟ فَيُخْبِرُونَهُمْ، ويخبر أهل كل سماء سماء حتى ينتهي الْخَبَرُ الى هذه السَّمَاءَ، وتَخْطَفُ الْجِنُّ السَّمْعَ فيرمون، فما جاؤوا بِهِ على وَجْهِهِ فَهُوَ حَقٌّ، وَلَكِنَّهُمْ يَقْرِفُونَ فيه وَيَزِيدُونَ)[1]. واتە: بێگومان نە بۆ مردنی کەسێك دەهاوێژرێ نە بۆ هاتنە دنیای، بەڵام پەروەردگاری ئێمە بەرز و بڵندە ناوی ئەگەر فەرمانێك بدات هەڵگرانی عەرش تەسبیحاتی دەکەن، پاشان خەڵکی ئاسمانەکان تەسبیحاتی دەکەن، ئەوانەی بەدوایاندا دێن پاشان ئەوانەی بەدوای ئەواندا دێن، تا تەسبیحات دەگاتە هەموو خەڵکی ئاسمانی دنیا. پاشان خەڵکی ئاسمان ئەوانەی لەدوای هەڵگرانی عەرشەوەن، پرسیار دەکەن لە هەڵگرانی عەرش: پەروەردگارتان

---

(١)أخرجه مسلم في السلام (٢٢٢٩) عبد الباقي.

چی فەرموو؟ ئەوانیش هەواڵیان پێ دەدەن، ئینجا هەر ئاسمانێك هەواڵ دەدات بە ئاسمانەکەی دیکە، تا لە کۆتاییدا هەواڵ دەگاتە ئەم ئاسمانە، جنۆکەکانیش هەواڵەکە دەبیستن و دەیبەن ئینجا دەهاوێژرێن بە ئاگر، جا ئەوەی هێناویانە وەکو خۆی ئەوە حەق و ڕاستە، بەڵام ئەوان تێکەڵی دەکەن بە درۆ، لێی زیاد دەکەن. (عبدالله) وتی: باکم وتی: (عبد الرزاق) وتی: (**ویخطف الجن ویرمون**) واتە: جنۆکەکان هەواڵەکە دەڕفێنن و دەهاوێژرێن. وە لە گێڕانەوەیەکی دیکەیدا هاتووە: (**لکنهم یَزیدونَ فِیهِ ویَقرِفُونَ ویَنقُصون**) واتە: بەڵام لێی زیاد دەکەن و تێکەڵی دەکەن لەگەڵ درۆو کەمی دەکەن.

وتەی: (**فَیَکْذِبُ مَعَهَا مِائَةَ کَذْبَةٍ**) واتە: فاڵچی یان جادوگەر. وە (**کَذْبَةٍ**) بە (فتح)ەی (الکاف)و (سکون)ی (ذال).

وتەی: (**فَیُقَالُ: أَلَیْسَ قد قال لنا یوم کَذَا وَکَذَا: کَذَا وَکَذَا؟**) ئەمە لە لەبەرگیراوەیەکدا بە نووسینی دانەر، وە لەگەڵ صەحیحی بوخاری پڕاو پڕ.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالی: وفیه قبول النفوس للباطل، کیف یتعلقون بواحدةٍ ولا یعتبرون بمائة کذبة؟.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە تێیدایە، وەرگرتنی نەفسەکان بۆ شتی پووچ، چۆن خۆیان هەڵدەواسن بەیەك شت و پەند لە سەد درۆ وەرناگرن؟

وە تێیدایە: ئەگەر شتێك هەندێ شتی حەقی تێدا بوو بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی هەمووی حەقە، جا بە زۆری گومڕایان حەق تێکەڵ بە پووچ دەکەن بۆ ئەوەی لەپاڵ حەقەکەدا پووچەکەیان لێ وەربگیرێت، خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَلْبِسُواْ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَٰطِلِ وَتَكْتُمُواْ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾ **البقرة**. (واتە: وە ڕاست و ڕەوا تێکەڵ مەکەن بە ناڕەواو درۆ، حەق و ڕاستی مەشارنەوە لە کاتێکدا کە خۆتان ئەمە دەزانن).

لەم فەرموودانەو ئەوانەشی دوای ئەو دێت و ئەوانەشی ئەو مانایەیان هەیە: چەسپاندنی بەرزو بڵندی خوای تێدایە بەسەر بەدیهێنراوەکانی بەو شێوەی شیاوە بە مەزنی و گەورەیی خوا. وە خوا بەردەوام قسەکەرە، ئەگەر بیەوێت قسە بکات فریشتەکان دەیبیستن، ئەمەش وتەی ئەهلی سوننەیە بە گشتی پێشین و دواییین. بە پێچەوانەی ئەشعەریەکان و جەهمیەکان و ڕەتکەرەوانی موعتەزیلە، دەخیلە ڕوو نەکەیتە لای ئەوانەی ئەهەلی (**تعطیل**) ڕازاندوویانەتەوە. خوامان بەسە چاکترین وەکیلە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وعن النواس بن سمعان قال : قال رسول الله ﷺ: (إذا أراد الله تعالى أن يوحي بالأمر تكلم بالوحي أخذت السمواتِ منه رجفةٌ ـ أو قال رعدةٌ ـ شديدةٌ خوفاً من الله ﷻ. فإذا سمع ذلك أهل السموات صعقوا وخروا لله سجداً فيكون أول من يرفع رأسه جبريل ، فيكلمه الله من وحيه بما أراد ، ثم يمَر جبريل على الملائكة ، كلما مرَّ بِسماءٍ سألَه مَلائكتُها : ماذا قال ربنا يا جبريل ؟ فيقول جبريلُ : قال الحق، وهو العلي الكبير. فيقولون كلهم مثل ما قال جبريل، فينتهي جبريل بالوحي إلى حيث أمره الله)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە نەواسی کوڕی سیمعان وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر خوا بیەوێت وەحی بە فەرمانێ بکات بە وەحیەکەی قسە دەکات ئاسمانەکان بەهۆی قسەکەی تووشی لەرینەوەیەکی بە تین -یان وتی: ڕاچەڵەکین و لەرزینێکی- سەخت دەبن، لە ترسی خوا ﷻ. جا ئەگەر خەڵکی ئاسمانەکان ئەوەیان بیست بێهۆش دەبن و سوژدە دەبەن، ئەوجا یەکەمین کەس سەری بەرز دەکاتەوە جبریل دەبێت، خوا بە وەحی خۆی قسەی لەگەڵ دەکات بەوەی دەیەوێت، پاشان جبریل بەسەر فریشتەکاندا تێ دەپەڕێت، هەرکە بە ئاسمانێکدا تێ دەپەڕێ فریشتەکانی پرسیاری لێ دەکەن: ئەی جبریل پەروەردگارمان چی فەرموو؟ جبریل دەڵێ: حەقی فەرموو، وە تەنها ئەو بەرزو بڵندو گەورەیە. هەموویان ئەوە دەڵێن کە جبریل وتویەتی، جبریل وەحیەکە دەبات تا ئەو شوێنەی خوا فەرمانی پێ کردوە.

.....

ئەم فەرموودەیە ئیبنوئەبی حاتەم بە سەنەدی خۆی گێڕاویەتیەوە وەک چۆن ئیبنوکەثیر لە تەفسیرەکەیدا باسی کردوە.

(النواس بن سمعان) - بە (کسر)ەی (سین) کوڕی خالیدی کیلابی، پێی دەوترێ: ئەنصاری، صەحابی بووە. وە دەوترێ: باوکیشی صەحابی بووە.

وتەی: (**إذا أراد الله تعالى أن يوحي بالأمر**) تا کۆتاییەکەی. بەڵگەی ڕونی تێدایە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی خوا بە وەحی کردن قسە دەکات. ئەمەش لە بەڵگەی ئەهلی سوننەیە لەسەر ڕەتکەرەوان. وتویانە: بەردەوام خوا قسەکەرە ئەگەر بیەوێت.

وتەی: (**أخذت السمواتِ منه رجفةٌ**) (السموات) (مفعول)ەو پێشکەوتووە، (فاعل)یش (**رجفة**)یە، ئاسمانەکان بە هۆی قسەی خوای مەزن تووشی لەرزین بوون، ئەوەش ڕون و ڕاشکاوە لەوەی ئاسمانەکان قسەی خوا دەبیستن، وەک ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە لە عیکریمەوە وتی: ئەگەر خوا بڕیاری کارێک بدات قسە دەکات، ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان دێنە لەرزین، وە فریشتەکانیش بەگشتی دەچنە سوژدە.

وتەی: (**أو قال: رعدةٌ شديدةٌ**) گومان هەیە لە لایەن گێڕەوەکەوە. ئایا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**رجفة**) یان فەرموویەتی: (**رعدة**). لە هەردووکیاندا (راء) (**مفتوحة**).

---

(١)أخرجه الطبري ٢٠/ ٣٩٧، وذكره ابن كثير إسناد ابن أبي حاتم ٦/ ٥١٦.

وتەی: (**خوفاً من الله**) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاسمانەکان لە خوا دەترسن، بەوەی خوا هەستێکی بۆیان داناوە بەدیهێنەرەکەیان دەناسن. بێگومان خوا ﷻ هەواڵی داوە: ئەم بەدیهێنراوە مەزنانە یادو تەسبیحی دەکەن وەك فەرموویەتی: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤﴾**الإسراء**. (واتە: ستایشی خوا دەکەن هەر حەوت ئاسمانەکان وە زەوی و هەرچی لەناویاندایە وە هیچ شتێك نیە کە بە سوپاسی ئەو تەسبیحات نەکات، بەڵام ئێوە تێ ناگەن لە تەسبیحاتەکەیان، بەڕاستی خوا هەمیشە لەسەرخۆو لێبوردەیە). وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِنۡهُ وَتَنشَقُّ ٱلۡأَرۡضُ وَتَخِرُّ ٱلۡجِبَالُ هَدًّا ٩٠﴾مریم. (واتە: نزیکە ئاسمانەکان لەت لەت و پارە پارە ببن لەبەر ئەو قسەیە و نزیکە زەویش شەق بەرێت و بقلێشێ و نزیکە شاخ و چیاکان بەیەك جار بڕوخێن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّ مِنۡهَا لَمَا يَهۡبِطُ مِنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۗ ٧٤﴾**البقرة**. (واتە: وە بەڕاستی بەردی وایان هەیە لە ترسی خوا لە لوتکەی شاخەکان بەر ئەبێتەوە) ئیبنولقەییم چەسپاندویەتی بێگومان ئەم دروستکراوانە یادو تەسبیحاتی خوا دەکەن بە حەقیقەت، ئەم ئایەتانەی کردوە بە بەڵگە، وە ئەوەشی لەماناکانیان وەردەگیرێ.

وە لە بوخاریدا هاتووە لە ئیبن مەسعوود وتی: ئێمە یادو تەسبیحی خواردنمانەکانمان دەبیست لەو کاتەی دەخوران[1]. ولە فەرموودەی ئەبی زەرەوە (بێگومان پێغەمبەر ﷺ چەند وردە بەردێکی گردە دەستەوە تەسبیحیان دەبیسترا) [2].

وە لە صەحیحدا هاتووە لە چیرۆکی تامەرزرۆیی و پەرۆشی قەدی ئەو دارخورمایەی پێغەمبەر ﷺ وتار لەسەری دەدا پێش دانانی مینبەر[3]. نموونەی ئەمەش زۆرە.

وتەی: (**صعقوا وخروا لله سجداً**) (الصعوق) بریتیە لە بێهۆش بوون، لەگەڵ سوژدەبردن.

وتەی: (**فيكون أولَ من يرفع رأسُه جبريل**) بە (نصب)ی وشەی (أول) (خبر)ی پێشکەوتووە بەسەر ناوەکەیدا، وە پێچەوانەکەشی دروستە. مانای (جبریل): (عبد الله)یە، وەك ئیبنوجەریر غەیری ئەویش گێڕاویەتیەوە لە عەلی کوڕی حوسەین وتی: ناوی (جبریل): (عبد الله) بوو، ناوی (میکائیل): (عبید الله) بوو، ناوی (إسرافیل): (عبد الرحمن)بوو. هەموو شتێ گەڕاوەتەوە بۆ (إیل) ئەویش بە بەندەکراوی خوایە[4].

وە فەزڵ و چاکەی جیبریلی تێدایە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَقَوۡلُ رَسُولٖ كَرِيمٖ ١٩ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي ٱلۡعَرۡشِ مَكِينٖ ٢٠ مُّطَاعٖ ثَمَّ أَمِينٖ ٢١﴾**التكوير**. (واتە: بێگومان ئەو قورئانە گوفتاری ڕەوانەکراوێکی پایە بەرزە* بەهێزە لای خاوەنی عەرش (خوای گەورە) خاوەن پایەیە* قسەی ڕەوایە و گوێ لێ گیراوە لەناو فریشتەدا، دەست پاکە).

---

(١)أخرجه البخاري في المناقب (٣٥٧٩) فتح.

(٢)أخرجه البزار (٤٠٤٤)، والطبراني في الأوسط (١٢٤٤-٤٠٩٧)، والبيهقي في دلائل النبوة (٦/ ٦٤)، واسناده لا تخلو من ضعف، وانظر مجمع الزوائد ٥/ ٣٢٧، ٥٢٧/٨.

(٣)أخرجه البخاري في المناقب (٣٥٨٤)فتح.

(٤)تفسير الطبري ١ / ٤٣٧.

ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بەڕاستی ئەم قورئانە ڕاگەیاندنی ڕەوانەکراوێکی بەخشندەیە. ئەبو صالح دەربارەی ئایەتەکە وتی: جبریل دەچێتە ناو حەفتا حیجاب و پەردەوە لە نوور بەبێ مۆڵەت.

وە ئیمام ئەحمەد هێناویەتی بە سەنەدێکی ڕاست لە ئیبنومەسعوود وتی: پێغەمبەر ﷺ جبریلی بینی لە شێوەی خۆی شەش سەد باڵی هەبوو، هەر باڵێکی ئاسۆی داخستبوو، لە باڵەکانی شتی ڕازاوە و گەوهەر و مرواری و یاقووت دەهاتنە خوارەوە تەنها خوا خۆی پێی زانایە[1].

جا ئەگەر ئەمە مەزنی ئەم بەدیهێنراوانە بێت بەدیهێنەرەکەی مەزنترو گەورەترە، ئیتر چۆن غەیری خۆی لە پەرستشدا یەکسان دەکرێ بە خۆی: بە پارانەوەو ترس و ئومێدو پشتبەستن و جگە لەویش لە پەرستشەکان کە تەنها خوا شایستەیەتی؟ تەماشای حاڵی فریشتەکان بکە، وە ئەوپەڕی ترسانیان لەخوا، بێگومان خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۚ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ ٢٦ لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ٢٧ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ٢٨ وَمَن يَقُلۡ مِنۡهُمۡ إِنِّيٓ إِلَٰهٞ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجۡزِيهِ جَهَنَّمَۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٩ ﴾الأنبياء. (واتە: وە بێبڕوایان وتیان خوای میهرەبان منداڵی بۆ خۆی بڕیارداوە کە فریشتەکانن پاك و بێگەردە خوا لەم شتانە بەڵکو ئەوانە بەندەی ڕێزگیراوی خوان* پێش خوا ناکەون بە قسەو وتە، وە ئەوان بە فەرمانی خوا کار دەکەن* خوا دەزانێ و ئاگادارە بە ئەوەی لە دنیا لەبەر دەستیاندایە وە بە ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا بۆیان ئامادە کراوە، وە فریشتەکان تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێ خوا ڕازی بێ تکای بۆ بکرێت، وە فریشتەکان لە ترس و هەیبەتی خوا زۆر دەترسن* وە هەرکام لە فریشتەکان بڵێت بێگومان منیش پەرستراوم جگە لەخوا ئەوە بە ئاگری دۆزەخ تۆڵەی لێ دەسەنین هەر بەو جۆرە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە).

وتەی: (**فينتهي جبريل بالوحي إلى حيث أمره الله من السماء والأرض**). ئەمەش تەواوی فەرموودەکەیە.

ئەو ئایەتانەی لەم بەشەدا باسکراون لەگەڵ فەرموودەکاندا یەکتاپەرستی خوا دەچەسپێنن کە ئەوە ناوەڕۆکی مانای شایەتیدانە بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بێگومان فریشتەکان لە ترس و سامی وتەکانی خوای مەزن بێهۆش دەبن، ، بەدیهێنراوەکانیش لەبەر قسەکانی دەکەونە لەرزین، چونکە ئەو خوا تەواوە لە زات و سیفات و زانست و تواناو موڵك و عیززەتی، وە بێ نیازە لە هەموو دروستکراوەکانی، هەموویان هەژارن لە ئاستیداو پێویستیان پێیەتی، کاروبارو دەسەڵاتی خۆی تیایاندا جێبەجێ دەکات، لەبەر زانست و حیکمەتی، دروست نیە نە لە ڕووی شەرعەوە نە بە عەقڵیش هاوبەشێك بۆ خوا دابنرێت لەوانەی دروستی کردوە لە پەرستنیدا کە ئەوە تەنها مافی خوایە، جا ئیتر چۆن دەبێت ژیربار خراو بکرێت بە پەروەردگار، بەندەش بکرێت بە پەرستراو؟ عەقڵی هاوبەشدانەران بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەن بە هاوبەش.

---

(١)أخرجه أحمد (٣٧٤٨)، وإسناده ضعيف كما في الصحيحة (٣٤٨٥). وأخرج شطره الأول البخاري في (بدء الخلق (٣٢٣٢)فتح، ومسلم في الإيمان (١٧٣) عبد الباقي.

وە خوا فەرموویەتی: ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ لَّقَدْ أَحْصَىٰهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا ﴿٩٤﴾ وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فَرْدًا ﴿٩٥﴾ ﴾مریم. (واتە: هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان بە بەندەیی دێنە لای خوای میهرەبان* سوێند بەخوا بەڕاستی هەموویانی سەرژمێری کردووە بە ژمارەن* هەر هەموویان بە تاک و تەنها دێنەوە بۆ لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا). جا ئەگەر هەمووان بەندەن ئیتر بۆچی هەندێکیان هەندێکی دیکە دەپەرستن بەبێ بەڵگە و بەبێ چەسپاندن، بەڵکو تەنها بە بۆچوون و داهێنان ئەمە دەکەن؟ پاشان خوا هەموو پێغەمبەرەکانی ناردووە لە یەکەمینیانەوە بۆ دواهەمینیان قەدەغەی لێ کردوون لەو هاوبەشدانانە و ڕێگریشی لێکردوون لە پەرستشی غەیری خوا. شەرحی ئیبنوماجە لێرە کۆتایی هات.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: لەیەکدانەوەی ئایەتەکە (﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾).

دووەم: (ئەو دوو ئایەتەی سورەتی (سبأ) بەڵگەی تەواوی تێدایە لەسەر پووچ کردنەوەی هاوبەشدانان، بەتایبەت ئەوەی هەڵواسراوە بە پیاوچاکانەوە، ئەویش ئەو ئایەتەیە کە دەربارەی وتراوە: ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشدانان لە دڵ دەردەکات.

سێیەم: لەیەکدانەوەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾

چوارەم: هۆکاری پرسیار کردنیان دەربارەی ئەوە.

پێنجەم: بێگومان جبریل دوای ئەوە وەڵامی دانەوە بە وتەی خۆی: (کذا وکذا).

شەشەم: باسی کردوە یەکەم کەس کە سەری بەرز دەکاتەوە جبریلە.

حەوتەم: بێگومان ئەو بە خەڵکی هەموو ئاسمانەکان دەڵێ، چونکە پرسیاری لێ دەکەن.

هەشتەم: بێهۆش بوون هەموو ئاسمانەکان دەگرێتەوە.

نۆیەم: لەرزینی ئاسمانەکان بە فەرمایشتی خوا .

دەیەم: تەنها جبریل خۆی وەحی دەبات تا ئەو شوێنەی خوا فەرمانی پێ کردوە.

یازدەیەم: باسی گوێهەڵخستنی شەیتانەکانی کردوە.

دوازدەیەم: سیفاتی کەوتنی هەندێك لە شەیتانەکان بەسەر هەندێکی تریان بەسەر یەکدا.

سیازدەیەم: ناردنی ئاستێرەی ئاگرین (نەیزەك).

چواردەیەم: هەندێ جار گڕی ئەستێرەی ئاگرین شەیتانەکان دەپێکیت پێش ئەوەی بیگەیەنێت، وە هەندێ جار دەیخاتە گوێی دۆستەکەی لە ئادەمیزاد پێش ئەوەی پێی بگات.

پازدەیەم: جادوگەرو فاڵچی هەندێ جار ڕاست دەکەن.

شازدەیەم: جادوگەر فاڵچی سەد درۆ تێکەڵی ڕاستیەکە دەکەن.

حەڤدەیەم: بڕوا بە درۆکانی ناکرێت مەگەر بەو وشە ڕاستەی کە لە ئاسمانەوە بیستراوە.

هەژدەیەم: وەرگرتنی نەفسەکان بۆ شتی پووچ، چۆن دڵیان دەبەستنەوە بە یەك وتەی ڕاست و پەند لە سەد درۆ وەرناگرن.

نۆزدەیەم: هەندێکیان ئەو وشەیە لەیەکتری وەردەگرن و پارێزگاری لێ دەکەن دەیکەن بە بەڵگە بۆ خۆیان.

بیست: چەسپاندنی سیفاتەکان، بە پێچەوانەی ئەشعەریەو موعەتیلەکان.

بیست و یەك: ئەو لەرزین و بیهۆش بوونەی فریشتەکان لە ترسی خوادا بوو.

بیست و دوو: ئەوان دەکەونە سوژدە بۆ خوا.



بەشی ١٦ شەفاعەت کردن

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب الشفاعة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی شەفاعەت و تکاکردن.

.....

واتە: ڕووبەڕووکردنەوەی ئەوەی قورئان چەسپاندوویەتی و ئەوەشی ڕەتیکردوەتەوە، وە حەقیقەتی ئەوەی قورئان دەڵالەتی کردوە لەسەر چەسپاندنی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله ﷻ: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ ﴾الأنعام. والإنذار: هو الإعلام بأسباب المخافة والتحذير منها.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەم قورئانە بترسێنە ئەوانەی دەترسن لەوەی کە کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان لە کاتێکدا بێجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەرو تکا کارێکیان نیە بەڵکو بترسن و خۆیان بپارێزن) وە (الإنذار): بریتیە لە زانیاری بە هۆکارەکانی ترس و ئاگادار بوون لێی.

.....

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ بِهِ ﴾ ئیبنوعەباس وتی: بە قورئان ﴿ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ﴾ ئەوانیش بڕوادارانن. وە لە فوضەیلی کوڕی عیاض هاتووە: هەموو بەدیهێنراوەکانی سەرزەنشت نە کردوە بەڵکو ئەوانەی سەرزەنشت کردوە کە عاقڵیان هەیە و ژیرن، جا فەرموویەتی: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ﴾ ئەوانیش بڕوادارن و خاوەن عەقڵە هۆشیارەکانن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ ﴾ زەجاج وتی: جێگای (لیس) (نصب) کراوە لەسەر ئەوەی (حال)ە، وەکو ئەوە وایە وتبێتی: بەتاڵن لە هەموو دۆست و تکاکارێك. کارتێکەر تیایدا (یخافون)ە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ واتە: لەم دنیایەدا کردەوەیەك دەکەن خوا بە هۆیەوە ڕزگاریان دەکات لە سزای ڕۆژی دوایی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: قال تعالى: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ﴿٤٤﴾﴾ الزمر.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا فەرموویەتی: (بڵێ: تکا هەمووی هەر بۆ خوایە).

.....

وە پێش ئەو ئایەتەش ﴿أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾﴾ الزمر. (واتە: ئاخۆ جگە لە خوا تکاکارانێکیان بۆ خۆیان داناوە بڵێ گەرچی ئەوانە نە هیچ شتێکیان بەدەستە وە نەتێش دەگەن) ئەمەش وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٨﴾﴾ يونس. (واتە: ئەوانە بێجگە لە خوا شتانێك دەپەرستن کە نە زیانیان پێ دەگەیەنن نە سوود و قازانج وە دەڵێن ئەو بتانە تکاکارمانن لای خوا، ئەی موحەممەد بەوانە بڵێ ئایا ئێوە هەواڵ دەدەن بە خوا بە شتێك کە بێ ئاگایە لێی لە ئاسمانەکان و زەوی دا خوا پاك و بێگەردو بڵندە لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی) خوا لەم ئایەتانەو وێنەی ئەمانەش ڕوونی کردوەتەوە کە ڕودانی شەفاعەت بەم جۆرە ڕەتکراوەو گونجاو نیە، وە دانانی تکاکار هاوبەشدانانە، خوا لەو کارەدا خۆی بە پاك ڕادەگرێت، وە بێگومان فەرموویەتی: ﴿فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةً ۖ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾﴾ الأحقاف. (واتە: دەی بۆچی یارمەتی نەدان ئەوانەی جگە لەخوا بۆ نزیك بونەوە لەخوا کردبونیانە پەرستراو بەڵکو گومیش بوون لێیان ئەوە بوو درۆکەیان و ئەو درۆیانەی هەڵیان دەبەستن) خوا ﷻ ڕوونی کردەوە کە بانگەشەیان بەوەی کە گوایە پەرستراوەکانیان شەفاعەتیان بۆ دەکەن بە پەرستشیان بۆیان، ئەوە لە ئەوانەوە درۆو هەڵبەستن بوو.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا﴾ واتە: خوا خۆی خاوەنی تکاو شەفاعەتە، بۆ ئەوکەسە نیە کە داوای شتێ لە شەفاعەتی لێ دەکرێ، بەڵکو داوای تکا دەکرێت لەو زاتەی کە خاوەنێتی، چونکە ئەوە پەرستشە شیاو نیە مەگەر بۆ خوا.

بەیزاوی دەڵێ: پێدەچێ ڕەتکردنەوەیەك بێت بۆ ئەوەی کە لەوانەیە وەڵامی پێ بدەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە تکاکاران خەڵکانی نزیکن، وە فەرمایشتی خوا ﴿لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ دان پێدانانە بە پووچی دانانی تکاکاران لە غەیری خوا، چونکە ئەو زاتە خاوەنی هەموو مووڵك و سامانەکانە، مووڵك و دەسەڵات و شەفاعەتیش هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەوە، جا ئەگەر خوا خۆی خاوەنی بێت ئەوە نابێ لە کەسێك داوا بکرێت کە خاوەندارێتی ئەوەی بۆ نیە ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴿٢٥٥﴾﴾ البقرة. (واتە: کێ یە ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بکات)

﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴿٢٨﴾﴾ الأنبياء. (واتە: وە فریشتەکان تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت خوا ڕازی بێ تکای بۆ بکرێت).

ئیبنوجەریر دەڵێ: ئایەتەکە دابەزی کاتێ بێ باوەڕان وتیان: تێمە بتەکانمان ناپەرستین مەگەر بۆ ئەوە لەخوا نزیکمان بکەنەوە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٤٤﴾﴾الزمر. (واتە: مولکی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە پاشان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴿٢٥٥﴾﴾

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: کێ یە ئەو کەسەی لەو ڕۆژەدا بتوانێ تکای لەلا بکات مەگەر بە مۆڵەتی ئەو).

.....

بێگومان ڕوون بوویەوە لەو ئایەتانەی پێشکەوت کە بەڕاستی ئەو شەفاعەت و تکاکردنەی کە قورئان ڕەتی کردۆتەوە ئەوەیە داوا دەکرێ لە غەیری خوا، وە لەم ئایەتەشدا ڕوون کردنەوە هەیە کە بەڕاستی شەفاعەت لە ڕۆژی دواییدا ڕوودەدا بەمۆڵەتی خوا، هەروەك خوا فەرموویەتی:﴿يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾﴾طه. (واتە: ئا لەو ڕۆژەدا تکا کردن سوودی نیە مەگەر کەسێك خوای میهرەبان ڕێگای بدات وە لە وتەکەیشی ڕازی بێت) جا ڕوونی کردۆتەوە کە شەفاعەت نابێت مەگەر بە دوو مەرج، مۆڵەتدانی پەروەردگار بۆ تکاکار کە تکا بکات، وە ڕازی بوونی بۆ ئەو کەسەی تکای بۆ دەکرێت، خوا ڕازی نابێت لەو گوفتارو کردارانەی کە بە ڕواڵەت و لە ناخەوە ئەنجام دەدرێن، مەگەر تەنها مەبەست پێی خوا بێت، وە بەندەکەیش بگات بەخوا بە ئەنجامدانی ئەو کردەوە بە دڵسۆزیەوە بۆی بەبێ هیچ گومان و دوو دڵیەك، وەك چۆن فەرموودەی ڕاست لەو بارەیەوە هاتووەو بەڵگەیە لەسەری، کە لە داهاتوودا دێت لە قسەی (شێخ الإسلام).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾النجم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە چەندەها فریشتە کە لە ئاسمانەکاندا هەن تکاو شەفاعەتیان هیچ سوودی نیە مەگەر دوای ئەوەی کە خوا مۆڵەت بدات بۆ کەسێ کە خۆی بیەوێ و ڕازی بێت).

.....

ئیبنوکەثیر دەڵێ: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾ وەك فەرمایشتی خوایە ﷻ: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾، ﴿يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ﴾ جا ئەگەر ئەمە لە حەقی فریشتە نزیکەکان بێت ئیتر ئەی نەفامەکان چۆن ئومێدی تکاو شەفاعەت دەکەن لەم بتانە لەلای خوا، کە خوا ڕێگەی نەداوە بە پەرستشیان، وە مۆڵەتیشی نەداوە بە شەفاعەت کردنیان، بەڵکو لەسەر زمانی سەرجەم پێغەمبەران ئەوەی قەدەغە کردوە، وە لە سەرجەم کتێبەکانیدا قەدەغە کردنی ئەوەی دابەزاندوە؟

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقوله تعالى: ﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۖ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ ﴿٢٣﴾ ﴾سبأ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ هاوار بکەن لەوانەی کە بێجگە لە خوا بە پەرستراوتان دەزانین بە قەدەر هەرە وردیلەیەکیان بەدەست نیە نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا، وە ئەو پەرستراوانە هاوبەشی خوا نەبوون لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و هیچ یەک لەوان یارمەتی دەری نەبوون* وە تکاو شەفاعەت لای ئەو سوود ناگەیەنێ مەگەر بەکەسێ کە مۆڵەتی پێداوە).

.....

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ئەم ئایەتانە وتویەتی: بێگومان خوا ئەو هۆکارانەی بڕیوە کە هاوبەشدانەران خۆیان پێوە هەڵدەواسن، جا هاوبەشدانەر لەبەر ئەوە بە پەرستراوی دادەنات بۆ ئەوەی سوودی پێ بگەیەنێ، سوودگەیاندنیش نابێ مەگەر لە کەسێ یەکێ لەم چوار سیفاتەی تێدا بێت: یان ئەوەیە خاوەنی ئەوەبێ کە بەندەکەی داوای لێ دەکات، جا ئەگەر خاوەندار نەبوو هاوبەش و شەریکی خاوەندار بێت، خۆ ئەگەر هاوبەشیشی نەبوو یارمەتی دەرو پشتیوانی بێت، جا ئەگەر یارمەتیدەرو پشتیوانی نەبوو تکاکار بێت لە لای. خوا ئەم چوار پلەو پایەی ڕەتکردوەتەوە بە ڕەتکردنێکی تەرتیبی، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، جا خاوەنداری و دەسەڵات و هابەشی و پشتیوانی و تکاو شەفاعەتی لێی ڕەتکردوەتەوە کە هاوبەشدانەر داوای دەکات، تکاو شەفاعەتێکی چەسپاندووە هیچ بەشێکی تێدا نیە بۆ هاوبەشدانەر، ئەویش تکا کردنە بە مۆڵەتی خۆی. ئەم ئایەتە بەسە بۆ ڕوونکردنەوەو چەسپاندنی یەکتاپەرستیە، وە پچڕاندنی ئوصول و بنەماکانی هاوبەشدانان و وردەکاریەکانی بۆ کەسێک عەقڵی بەکار بهێنێت. قورئان پڕە لە وێنەو هاوشێوەی ئەمە، بەڵام زۆربەی خەڵکی هەست ناکەن بەوەی کە واقیعی ئێستاش دەچێتە ژێر هەمان شت، وە هەمان شتی لەخۆ گرتووە، وە گومان دەبەن ئەوە لە جۆرێکی ترو قەومێکی ترداید کە ڕابودون و هیچ میراتگرێکیان جێ نەهێشتووە، ئا ئەمەیە بەربەست دروست دەکات لە نێوان دڵ و نێوان تێگەیشتن لە قورئان. سوێند بەخوا، ئەوانەی کە ڕابوردون ئەوە لە جێی ئەوان کەسانێک بوون بە میراتگریان وەک ئەوان یان خراپتر لە ئەوان یان لە خوار ئەوان، وە قورئان هەمان وەسفی لەخۆ گرتووە بۆیان هەروەک ئەوانەی پێش خۆیان

پاشان وتی: وە لە جۆرەکانی هاوبەشدانان داواکردنی کەمو کوڕی و پێویستیەکانە لە مردوو، ئەمەش بنەمای هاوبەشدانانی جیهانە. چونکە بێگومان مردوو کردەوەکانی پچڕاوە ئەو هیچی بەدەست نیە بۆ نەفسی خۆی نە سوود و نە زیان، سەڕای ئەوەی کەسێک داوای یارمەتی لێ بکات، یان داوای تکای لێ بکات لە لای خوا. ئەمەش لە نەفامیەتی بە تکاکارو تکا لا کراو (کە خوایە)، بێگومان کەس ناتوانێت تکا بکات لە لای خوا مەگەر بە مۆڵەتی خۆی، خواش داوای فریادڕەسی و پاڕانەوەی نەکردوەتە هۆکارێک بۆ مۆڵەت پێدانی، بەڵکو هۆکاری ڕاستەقینە تەواوی یەکتاپەرستیە،

جا ئەم هاوبەشدانەرە بە هۆکارێکەوە هاتووە ڕێگری لە مۆڵەتدان دەکات، وەک ئەوە وایە کەسێک داوای یارمەتی بکات بۆ پێویستیەکی بەوەی دەبێتە ڕێگر لە بەدەستهێنانی، ئەمەش دۆخی هەموو هاوبەشدانەرێکە، جا کۆیان کردەوە لە نێوان موشریک بوون بە پەرستراوەکەی و گۆڕینی ئاینەکەی، وە دژایەتی یەکتاپەرستان، وە ئەهلی تەوحید دەدەنە پاڵ ئەوەی کە مردوەکان بەکەم دەزانن، لەکاتێکدا خۆیان بە هۆی هاوشدانانیان هەم خوای بەدیهێنەریان بەکەم دانا، هەم دۆستە یەکتاپەرستەکانیشی، سەرزەنشتیان دەکردن و کەم و کوڕیان دەداوە پاڵیان و دژایەتیان دەکردن، ئەوانەشیان بەکەم دانا کە کردنیان بە هاوبەش، چونکە واگومانیان دەبرد ئەوان بەمە ڕازین و ئەوان فەرمانیان بەمە پێ کردوون و پشتیوانیان لێ کردوون لەسەری، بەڕاستی ئەوان دوژمنی پێغەمبەرانن لە هەموو کات و شوێنێکدا، ئای چەندە خەڵکی زۆر دەچن بە دەمیانەوە، وە کەس رزگاری نەبووە کە ئەم هاوبەشدانانە گەورەیەی ئەنجام دابێ مەگەر کەسێک یەکتاپەرستیەکەی یەکلا کردبێتەوە تەنها بۆ خوا و دژایەتی هاوبەشدانەرانی کردبێت لە پێناو خوا، وە نزیک ببێتەوە لە خوا بە ڕق لێ بوونیان، تەنها خوای کردبێ بە دۆست و پشتیوان و پەرستراوی، خۆشویستن و ترسی تەنها لەبەر خوا بووبێت، وە ئومێدی بەخوا بێت و زەلیلی و ملکەچی ئەو بێ، تەنها پشتی بەخوا بەستبێت و داوای کۆمەکی لە ئەو کردبێ و پەنای بۆ لای ئەو بردبێ و داوای یارمەتی لە ئەو کردبێ، مەبەستی تەنها خوا بێت شوێنی فەرمانی ئەو کەوتبێت داوای ڕەزامەندی لە ئەو کردبێت، ئەگەر داواش بکات تەنها داوا لە خوا بکات، ئەگەر پشت ببەستێت پشت بەخوا ببەستێت، ئەگەر کردەوەیەک بکات تەنها لەبەر خوا بێت، ئەوە بۆ خوایە و لەبەر خوایە و لەگەڵ خوایە، قسەکەی تەواو بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

ئەمەی کە ئەم پێشەوایە باسی کرد لە مانای ئەم ئایەتەدا بریتیە لە حەقیقەتی ئاینی ئیسلام، هەر وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ ﴾النساء. (واتە: کێ ئاینی چاکترو جوانترە لە کەسێک کە ڕووی خۆی یەکلا کردبێتەوە بۆ خوا لە هەمان کاتدا ئەو کەسە چاکەکار بێت و شوێنی ئاینی ئیبراهیم کەوتبێ بەڕاستی و پاکی).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال أبو العباس: نفى الله عما سواه كل ما يتعلق به المشركون ، فنفى أن يكون لغيره ملك أو قسط منه ، أو يكون عوناً لله. لم يبق إلا الشفاعة. فبين أنها لا تنفع إلا لمن أذن له الرب، كما قال تعالى: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ ﴿٢٨﴾﴾ الأنبياء. فهذه الشفاعة التي يظنها المشركون هي منتفية يوم القيامة كما نفاها القرآن، وأخبر النَّبِيُّ ﷺ أنه يأتي فيسجد لربه ويحمده، لا يبدأ بالشفاعة أولاً. ثم يقال له: (ارْفَعْ رأسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ وَسَلْ تُعْطَهْ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ)[1].

وقال له أبو هُرَيْرَةَ: مَن أَسْعَدُ الناس بِشَفَاعَتِكَ؟ قال: (من قال لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله خَالِصًا من قِبَلِهِ) [2]. فتلك الشفاعة لأهل الإخلاص بإذن الله، ولا تكون لمن أشرك بالله، وحقيقتها: أن الله ﷻ هو الذي يتفضل على أهل الإخلاص ، فيغفر لهم بواسطة دعاء من أذن له أن يشفع ليكرمه وينال المقام المحمود. فالشفاعة التي نفاها القرآن ما كان فيها شرك ، ولهذا أثبت الشفاعة بإذنه في مواضع ، وقد بين النَّبِيُّ ﷺ أنها لا تكون إلا لأهل التوحيد والإخلاص. انتهى كلامه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەبو لەعباس وتی: خوا هەموو ئەو شتانەی ڕەت کردوەتەوە کە هاوبەشدانەران خۆیان پێیدا هەڵدەواسن لە غەیری خۆی، ڕەتی کردوەتەوە کە غەیری خوا مولّك و دەسەڵات و خاوەندارى هەبێت یان بەشێك لە مولّك و دەسەڵاتى هەبێت، یان ببێتە یارمەتى دەرى خوا. هیچ نەمایەوە جگە لە شەفاعەت و تکاکردن، جا ڕوونى کردەوە شەفاعەت و تکا سوود بە هیچ ناگەیەنێ مەگەر ئەوەى پەروەردگار مۆڵەتى پێدا بێت، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتى: (وە فریشتەکان تکا ناکەن تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێ خوا ڕازى بێت تکاى بۆ بکرێ) جا ئەم تکاکردنەى کە هاوبەشدانەران گومانى بۆ دەبەن لە ڕۆژى دواییدا ڕەتکراوەیە، وەك چۆن قورئان ڕەتى کردوەتەوە، پێغەمبەر ﷺ هەوالّى داوە بێگومان ئەو دەچێت و سوژدە بۆ پەروەردگارى دەبات و ستایشى دەکات، سەرەتا بە تکاکردن دەست پێ ناکات، پاشان پێى دەوترێ: (سەرت بەرز بکەرەوە و قسە بکە گوێت لێ دەگیرێ و پرسیار بکە پێت دەدرێ و تکا بکە تکات وەردەگیرێت).

ئەبو هورەیرە بە پێغەمبەرى وت: کێ بەختەوەرترین کەسە بە تکاکردنت؟ فەرموو: هەرکەسێك بڵێت: (هیچ کەس شیاوى پەرستن نیە جگە لە خوا لە ناخى دڵیەوە بە دڵسۆزى) بەڕاستى ئەوە تکاکردنە بۆ ئەهلى ئیخلاص و دڵسۆز بە مۆڵەتى خوا، بۆ کەسێك نیە هاوبەش بۆ خوا دابنێت، حەقیقەتەکەشى: ئەوەیە کە بێگومان خوا فەزڵ و چاکەى خۆى دەبارێنى بەسەر ئەهلّى ئیخلاصدا، لێیان خۆش دەبێ بە هۆى داواکردنى ئەو کەسەى کە خوا مۆڵەتى تکاکردنى پێداوە، بۆ ئەوەى ڕێزى لێ بنات و پلەو پایەى (محمود) بەدەست بێنێ. جا ئەو تکاکردنەى کە قورئان ڕەتى کردوەتەوە، ئەوەیە کە هاوبەشدانانى تێدایە، لەبەر ئەمەیە لە چەند شوێندا تکاکردنى چەسپاندوە بە مۆڵەتى خۆى، بێگومان پێغەمبەر ﷺ ڕوونى کردوەتەوە کە شەفاعەت نابێت مەگەر بۆ ئەهلى یەکتاپەرستى و دڵسۆزى. وتەکەى تەواو بوو.

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٤٧٦)، ومسلم في الإيمان (١٩٣) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في العلم (٩٩) فتح.

وتەی: (**قال أبو العباس**) ئەمە نازنای شێخی ئیسلامە ئەحمەدی کوڕی (عبد الحلیم)ی کوڕی (عبد السلام)ی ئیبنوتەیمیەی حەڕانی پێشەوای موسڵمانان. ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

وتەی: (**وقال له أبو هُرَيْرَةَ**) تا کۆتاییەکەی، ئەم فەرموودەیە بوخاری و نەسائی لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە.

ئەحمەد گێڕاویەتیەوەو ئیبنوحیبانیش بە صەحیحی داناوە، وە تێیدایە: (**وشفاعتي لِمَنْ شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله مُخْلِصاً، يُصَدِّقُ قَلْبُهُ لِسَانَهُ وَلِسَانُهُ قَلْبَهُ**) واتە: شەفاعەت و تکای من بۆ ئەو کەسەیە شایەتی داوە بە دڵسۆزیەوە کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە خوا، دڵی بەڕاست دانەری زمانی بێت، زمانیشی بەڕاست دانەری دڵی بێت.

شاهیدی ئەوە لە صەحیحی موسلیمیشدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ، فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ، وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لِأُمَّتِي يوم الْقِيَامَةِ. فَهِيَ نَائِلَةٌ إن شَاءَ الله من مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شيئا**)[1]. واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێك نزایەکی وەرگیراو هەیە، هەموو پێغەمبەرێك پەلەی کردوەو نزاکەی خۆی پێشخستووە، بێگومان من نزاکەم هەڵگرتووە تا بیکەم بە تکاکردن بۆ ئوممەتەکەم لە ڕۆژی دواییدا، ئەگەر خوا بیەوێت دەگاتە لای ئەو کەسەی کە دەمرێ و هاوبەش بۆ خوا دانانێت.

لێرەدا دانەر وتەی شێخی ئیسلامی هێناوە، جا هەم لە بری شیکردنەوەو هەم لەبری ڕاڤەکردن هاتووە بۆ ئەو ئایەتانەی کە لەم بابەتەدا هاتوون ئەوە بەسە بە تەحقیق و کورت کردنەوە. خوا زاناترە.

وە (الإخلاص) دڵسۆزی پێناسە کردوە بە پێناسەکردنێکی جوان، جا وتویەتی: ئیخڵاص بریتیە لە خۆشویستنی خوا بە تاك و تەنهاو مەبەست بوونی ئەو.

ئیبنولقەییم لە مانای فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەدا وتویەتی: سەرنج بدە و ڕابمێنە لەم فەرموودەیە کە چۆن مەزنترین هۆکاری بەدەستهێنانی شەفاعەت و تکاکردنی بەستوەتەوە بە یەکتاپەرستی ڕاستەقینە، بە پێچەوانەی ئەوەی لە لای هاوبەشدانەرانە کە پێیان وایە شەفاعەت و تکاکردن بەوە بە دەست دێت بیانکەن بە تکاکارو بیانپەرستن و پشتیوانیان لێ بکەن، جا پێغەمبەر ﷺ بۆچوونە درۆینەکانیانی هەڵگێڕایەوە، وە هەواڵیدا هۆکاری تکاکردن بریتیە لە یەکتاپەرستی ڕاستەقینە، جا ئەو کاتە خوا مۆڵەت دەدا بە تکاکار کە تکا بکات، لە نەفامی هاوبەشدانەر ئەوەیە کە بڕوای وایە ئەوەی دەیکاتە دۆست و پشتیوان یان بە تکاکار ئەوە تکای بۆ دەکات و سوودی بۆی دەبێت لە لای خوا، وەك چۆن پاشا دەسەڵاتدارەکان سوود دەگەیەنن بە لایەنگرانیان لەوانەی پشتیوانیان لێ دەکەن، نەیانزانیوە کە بەڕاستی کەس ناتوانێ لە لای خوا تکا بۆ کەس بکات مەگەر بە مۆڵەتی ئەو، وە مۆڵەت نادات بە تکاکردن مەگەر بۆ کەسێ ڕازی بێت بە وتەی و کردەوەی، وەك لە بەشی یەکەمدا فەرمووی: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴿٢٥٥﴾﴾**البقرة**. وە لە بەشی دووەم ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴿٢٨﴾﴾**الأنبياء**. وە تەنها بەشی سێیەم ماوە، ئەویش ئەوەیە

---

(١) أخرجه البخاري في الدعوات (٦٣٠٤) فتح، ومسلم في الإيمان (١٩٩) عبد الباقي.

خوا ڕازی نابێت لە وتەو کردەوە مەگەر بە یەکتاپەرستی ئەوو شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەی ﷺ. ئا ئەمە سێ بەشە ڕەگی درەختی هاوبەشدانان لەبن دەردەهێنێ لە دڵی ئەو کەسەی عەقڵی پێبشکێ و لێی تێ بگات.

هەروەها ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی کردوە کە بەڕاستی شەفاعەت و تکاکردن شەش جۆرە:

یەکەم: تکاکردنی گەورە کە پێغەمبەرانی خاوەن عەزمیش لێی دوادەکەون تا دەگاتە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (أنا لها)[1] واتە: من بۆ ئەو تکاکردنەم، ئەویش کاتێك کە خەڵکی دەچن بۆ لای پێغەمبەران بۆ ئەوەی تکایان بۆ بکەن لە لای پەروەردگاریان، تا ئاسودەیان بکەن لەوێستگەی مەحشەر. وە ئەم تکاکردنە تایبەتە بە پێغەمبەر ﷺ هیچ کەس بەشدار نابێت تیایدا.

دووەم: تکاکردنی بۆ خەڵکی بەهەشت لە چوونە ژورەوەیان. ئەبو هورەیرە لە فەرموودە دوورو درێژەکەیدا باسی کردوە کە یەکدەنگی لەسەرە[2].

سێیەم: تکاکردنی بۆ کۆمەڵێك لە سەرپێچیکاران لە ئوممەتەکەی کە بێگومان شیاوی دۆزەخن بە هۆی گوناهەکانیان، جا تکایان بۆ دەکات نەچنە ناویەوە.

چوارەم: تکاکردنی بۆ سەرپێچیکاران لە یەکتاپەرستان، ئەوانەی بەهۆی گوناهەکانیانەوە دەچنە دۆزەخ، فەرمودەکانیش لەو بوارەوە بە (متواتر) هاتوون لە پێغەمبەرەوە ﷺ، وە هاوەڵان و ئەهلی سوننە بەگشتی یەکدەنگن لەسەر ئەوە، وە ئەوەیشی نکوڵی کردبێ بە بیدەعەچی لە قەڵەمیان داوە.

پێنجەم: تکاکردنی بۆ کۆمەڵێك لە خەڵکانی بەهەشت، بۆ زیادکردنی پاداشتیان و بەرزکردنەوەی پلەو پایەکانیان، ئەمەش هیچ کەس مشت و مڕی لەسەر نەکردوە.

وە هەموو ئەوانە تایبەتن بە یەکتاپەرستان ئەوانەی لە غەیری خوا پشتیوان و تکاکاریان دانەناوە، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٥١﴾ ﴾**الأنعام**. (واتە: بەم قورئانە ئەوانە بترسێنە کە دەترسن لەوەی کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان لە کاتێکدا بیجگە لە خوا هیچ یارمەتیدەرو تکاکارێکیان نیە بەڵکو بترسن و خۆپارێز بن).

شەشەم: تکاکردنی بۆ هەندێ لە کەسوکارە بێباوەڕەکانی، تا سزای لەسەر سووك بکرێت، ئەمەش تایبەتە بە ئەبو طالیب بە تەنها.

---

(١) أخرجه البخاري في التوحيد (٧٥١٠) فتح، ومسلم في الإيمان (١٩٣) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري (٣٣٤٠، ٣٣٦١، ٤٧١٢)، ومسلم (١٩٤).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکان.

دووەم: چۆنیەتی تکاکردنی ڕەتکراوە. (واتە: ئەو تکاکردنەی لە قورئاندا ڕەتکراوەتەوە)

سێیەم: چۆنیەتی ئەو تکاکردنەی چەسپیوە.

چوارەم: باسکردنی تکاکردنی گەورە، ئەویش پلەو پایەی مەحموودە.

پێنجەم: چۆنیەتی تکاکردنی پێغەمبەر ﷺ، بێگومان ئەو ڕاستەوخۆ بە تکاکردن دەست پێ ناکات، بەڵکو سوژدە دەبات، ئەگەر مۆڵەتی پێدرا ئینجا تکا دەکات.

شەشەم: ئەو کەسەی کە بەختەوەرترینی خەڵکی دەبێت بە تکاکردن (تەنها ئەهلی ئیخڵاص و یەکتاپەرستیە).

حەوتەم: بێگومان تکاکردن بۆ کەسێك نیە هاوبەشی بۆ خوا دانابێت.

هەشتەم: ڕووبەڕووبونەوەی حەقیقەتی تکاکردن.



بەشی ١٧

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾القصص.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەڕاستی ئەی موحەممەد ﷺ تۆ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت بوێ هیدایەتی بدەیت بەڵام خوا هەر کەسی بوێ هیدایەتی دەدات وە ئەو خوایە زاناترە بەوانەی ڕێنمایی وەردەگرن).

.....

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە مردنی ئەبو **طالیب** بوو لەسەر میللەتی (**عبدالمطلب**) وەک چۆن لە داهاتوودا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە لە فەرمودەی ئەم بەشەدا.

ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: تۆ ئەی موحەممەد ﴿ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾ واتە: ئەوە لەسەر تۆ نیە بەڵکو ڕاگەیاندن لەسەر تۆیە، بەڵام خوا هەر کەسی بوێ هیدایەتی دەدات، وە خاوەنی ئەوپەڕی کار دروستی و حیکمەت و بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە، هەروەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ ﴿٢٧٢﴾ ﴾**البقرة.** (واتە: لەسەر تۆ نیە ئەی موحەممەد ﷺ ڕێنمایی و موسڵمان کردنی خەڵکی بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات) ﴿ وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾**یوسف.** (واتە: وە زۆربەی خەڵکی هەر چەند تۆ سووربیت لەسەر باوەڕهێنانیان نابنە ئیماندار)

وتم: ڕەتکراوە لێرەدا هیدایەتی سەرفراز کردن و وەرگرتنە[1]، بێگومان کاروباری هیدایەت دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، تەنها ئەو زاتە دەسەڵاتدارە بەسەریدا، بەڵام ڕێنمایی باسکراو لە فەرمایشتی خوا: ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾**الشوری.** (واتە: بەڕاستی تۆ خەڵک ڕێنمایی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست) بێگومان ئەوە ڕێنمایی بەڵگەو ڕوونکردنەوەیە، ئا ئەوە ڕوونکەرەوەیە لە لایەن خواوە، وە بەڵگەیە لەسەر ئاین و شەریعەتەکەی.

---

(١) (هدایة التوفیق) ئەو هیدایەتەیە کە خاوەنەکەی شایەنی ئەوەیە خوا هیدایەتی بدات.

فەرموودەی: (ابن المسيب) دەربارەی مردنی (أبو طالب)

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح (عن بن الْمُسَيَّبِ عن أبيه قال: لَمَّا حَضَرَتْ أَبَا طَالِبٍ الْوَفَاةُ جاءه رسول الله ﷺ وَعِنْدَهُ عبد الله بن أبي أمية وأبو جَهْلٍ، فقال له: (يا عَمِّ قُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله، كَلِمَةً أُحَاجُّ لك بها عِنْدَ اللَّه) فقالا له: أَتَرْغَبُ عن مِلَّةِ عبد الْمُطَّلِبِ؟ فأعاد عليه النَّبِيَّ ﷺ فأعادا. فكان آخر ما قال: هو على ملة عبد المطلب. وأبى أن يقول لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله. فقال النَّبِيَّ ﷺ: (لَأَسْتَغْفِرَنَّ لك ما لم أُنْهَ عنك). فأنزل الله ﷻ: ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِى قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾ التوبة. وأنزل الله في أَبي طالب: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴿٥٦﴾ ﴾[1].القصص.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئیبنولموسەییبەوە لە باوکیەوە وتی: کاتێ ئەبو طالیب مەرگی نزیك بوویەوە، پێغەمبەر ﷺ هات بۆ لای، (عبد الله)ی کوڕی ئەبی ئومەیەو ئەبو جەهل لە لای دانیشتبوون، پێی فەرموو: (ئەی مامم بڵێ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)، وشەیەکە ئەیکەمە بەڵگە بۆت لە لای خوا (لە ڕۆژی قیامەت)). پێیان وت: ئایا واز دەهێنیت لە ئایینی (عبد المطلب)؟ پێغەمبەر ﷺ ئەوەی دووبارە کردوە، ئەوانیش دووبارەیان کردەوە. جا کۆتا وشەی کە وتی: ئەو لەسەر ئایینی (عبد المطلب). وە ملی نەدا کە بڵێ: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله). پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (سوێند بێت هەر داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم مادام ڕێگریم لێ نەکرێ). خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند: (ڕەواو شایستە نیە بۆ پێغەمبەرو بڕواداران کە داوای لێبوردن بکەن بۆ هاوبەش پەیداکەران با خزمی نزیکیشیان بن لە پاش ئەوەی کە بۆیان دەرکەوتووە کە بێگومان ئەو هاوبەش دانەرانە هاوەڵ و پێڕی دۆزەخن). وە خوا دەربارەی ئەبو طالیب ئەم ئایەتەی دابەزاند: (بەڕاستی تۆ ئەی موحەممەد ﷺ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت بوێ هیدایەتی بدەی، بەڵام خوا هەرکەسی بوێ هیدایەتی دەدات).

••••••

وتەی ئەو: (**لَمَّا حَضَرَتْ أَبَا طَالِبٍ الْوَفَاةُ**) واتە: نیشانەکانی مردن و سەرەتاکانی.

وتەی ئەو: (**جاءه رسول الله ﷺ**) دەگونجێت موسەییب لەگەڵ دوو کەسدا بووبێت (أبو جەهل و عبد الله) ئەو دوانەش لە (بنی مخزوم) بوو بن، ئەویش هەر مەخزومی بوو، ئەو سیانە ئەوکات بێبڕوا بوون، ئەبو جەهل کوژرا ئەو دوانەش موسڵمان بوون.

وتەی: (**يا عَمِّ**) (عم) (**منادى مضاف**) چەسپاندنی (**ياء**) و لابردنی دروستە، لێرەدا (ياء) لابراوە و (کسر)ە ماوەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە لەسەر لابردنی (ياء).

وتەی: (**قُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) فەرمانی پێکرد شایەتمان بڵێت، چونکە ئەبو **طالیب** دەیزانی ئەو شایەتمانە ڕەتکردنەوەی هاوبەشدانان و پوخت کردنی پەرستش بۆ خوا بە تەنها لە خۆ دەگرێت، جا بێگومان هەرکەسێك شایەتی بدات بە زانست و یەقین و دڵنیایی ئەوە بەری بووە لە هاوبەشدانان و هاوبەشدانەران و چووەتە ناو ئیسلامەوە، چونکە دەیانزانی شەیەتیدان بەڵگەیە لەسەری، جا لەو کاتەدا لە مەککە کەس نەبوو مەگەر موسڵمان یان بێبڕوا، جا کەس شایەتی نەدەدا مەگەر کەسێك وازی لە هاوبەشدانان بهێنایەت و بەری بوایەت لێیان، وە کاتی پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە لەگەڵ هاوەڵانی، موسڵمانانی یەکتاپەرست و دوورەوەکانی تێدا بوون ئەوانەی شایەتمانیان دەهێنا بە زمانیان لەکاتێکدا ماناکەیان دەزانی، بەڵام بڕوایان پێی نەبوو، چونکە لە دڵیاندا دژایەتی و گومان و دوودڵی هەبوو، جا ئەوان لەگەڵ موسڵمانانداا بوون بە ڕواڵەتی کردەوەکان جگە لە ناوەڕۆکیان، وە هەروەها جولەکەشی تێدا بوو، پێغەمبەر ﷺ کاتێ کۆچی کرد جێگیری کردن، وە پەیمانی لێ وەرگرتن کە خیانەتی لێ نەکەن و پشتگیری هیچ دوژمنێك نەکەن لە دژی وەك چۆن لە کتێبەکانی فەرموودەو ژیاننامەدا باسی لێوە کراوە.

وتەی: (**كَلِمَةً**) **قورطوبی** وتی: بە (نصب) هاتووە لەسەر ئەوەی (بدل) بۆ (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) وە (الرفع)یش دروستە لەسەر ئەوەی (خبر)ە بۆ (مبتدأ)یکی لابراو.

وتەی: (**أُحَاجُّ لك بها عِنْدَ اللَّهِ**) بە (تشديد)ی (جيم) لە (**المحاجة**) هاتووە، مەبەست پێی ئەوەیە شایەتمانی دەکرد بە بەڵگە بۆی ئەگەر لەو حاڵەتەدا بیوتایەت. بەڵگەشی تێدایە کە کردەوەکان بە دەرنجام و کۆتایەکەیەتی، چونکە ئەگەر لەو حاڵەتەدا شایەتمانی بهێنایە و بڕواشی بەوە بوایە کە دەلالەت دەکاتە سەری لە ڕوی نەفی و ئیسپات (واتە: نەفی هەموو پەرستراوەکانی بکردایە و دانی بنایە بەتاك و تەنهایی خوا، ئەوە سوودی پێدەگەیاند.

وتەی ئەوان: (**فقالا له: أَتَرْغَبُ عن مِلَّةِ عبد الْمُطَّلِبِ؟**) ئەو دووانە ئەو بەڵگە نەفرین لێکراوەیان بیر خستەوە کە هاوبەشدانەران دەیانکردە بەڵگە لەسەر پێغەمبەران، وەك قسەی فیرعەون بە موسا عليه السلام: ﴿قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾﴾**طه**. (واتە: ئەی خەڵکانی سەردەمی پێشووەکان حاڵیان چییە و چۆنە لە پاش مردنیان) وە وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾﴾الزخرف. (واتە: هەروەها پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە لە شارێکدا مەگەر خۆشگوزرانەکان وتویانە بەڕاستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئایینێك دیووە، وە بەڕاستی ئێمە لەسەر ئاینی ئەوان دەڕۆین)

وتەی: (**فأعاد عليه النَّبِيّ ﷺ فأعادا**) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەوان لە مانای (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) تێگەیشتوون، چونکە ئەوان زانیویانە کە ئەبو **طالیب** ئەگەر شایەتمانی بهێنایەت بەری دەبوو لە میللەتی (**عبد المطلب**)، چونکە بەڕاستی ئاینی (**عبد المطلب**) هاوبەشدانان بوو بۆ خوا لە پەرستراوێتی. بەڵام هەموویان دانیان نابوو بە پەروەردگارێتی خوا وەك لە پێشەوە باس کرا، (**عبد المطلب**) بە ئەبرەهەی وت: من خاوەنی ئەو حوشترانەم، مااڵی پیرۆزیش خاوەنی خۆی هەیە ڕێگریت لێ دەکات.

ئەم وتەیەی ئەوان لە کاتێکدا بوو کە پێغەمبەر ﷺ بە مامی فەرموو: (**قل لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) خۆیان بە گەورە زانی لەوەی کار بکەن بە ناوەڕۆکی، هەروەك خوا ﷻ دەربارەی ئەو دوانەو دەربارەی وێنەی ئەوان لەو هاوبەشدانەرانە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ﴿٣٦﴾ ﴾ واتە: بەڕاستی هەر کاتێ بەوانە بوترایە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لەخوا خۆیان بە گەورە دەزانی و ملکەچی نەدەبوون* وە دەیانووت ئایا ئێمە پەرستراوەکانمان واز لێ بێنین لەبەر شاعیرێکی شێت) خوا ﷻ بەرپەرچی دانەوە بە فەرمایشتی خۆی: ﴿ بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾**الصافات**. (واتە: بەڵکو ئەو پێغەمبەرە حەقی هێناوەو باوەڕی بە پێغەمبەرانی پێشوو هەیە) خوا ڕوونی کردەوە کە بەڕاستی لووت بەرزیان لە ئاستی وتنی (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) لەبەر ئەوە بووە کە شایەتمان پەرستنی هەموو پەرستراوەکانیان ڕەت دەکردەوە کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، چونکە بەڕاستی وشەی شایتمان بەڵگەیە لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو بتانەی ئەوان دەیان پەرستن بە بەڵگە لە خۆگرتن (**تضمُن**)، وە بەڵگەیە لەسەری و لەسەر ئیخڵاصیش بە دەلالەتی هاوتا بوون (**مطابقة**).

وە لە حیکمەتی خوای گەورە لە هیدایەت نەدانی (**أبو طالب**) بۆ لای ئیسلام لەبەر ئەوە بووە تا بۆ بەندەکانی ڕوون بکاتەوە کە هیدایەت لای خۆیەتی و لەژێر دەسەلاتی ئەودایە، جا ئەگەر هیدایەتی دڵەکان و لابردنی نارەحەتیەکان و لێخۆشبوونی گوناهەکان و ڕزگار بوون لە سزاو وێنەی ئەوانە، لە دەسەڵاتی پێغەمبەردا بوایە، کە بێگومان ئەو چاکترینی دروستکراوەکانێتی، ئەوە مامی لە پێشترین کەس بوو بەوەی هیدایەتی بدات، چونکە ئەو پارێزگاری لێدەکردو یارمەتی دەداو سەری دەخست و پەنای دەدا، پاکی بۆ حیکمەتی ئەو خوایەی کە عەقڵەکانی ڕۆشن کردوە، وە ڕێنمایی بەندەکانی کردوە بۆ ناسینی یەکتاپەرستی و ئەنجامدانی کردەوە بە دڵسۆزی بۆ ئەو.

وتەی ئەو: (**فكان آخر ما قال**) چاکتر وایە (مرفوع) بکرێت، تا ببێتە ئیسمی (کان)، وە ڕستەی (هو) و دوای ئەو دەبن بە (خبر).

وتەی: (**هو على ملة عبد المطلب**) ئەوەی ئاشکرایە (**أبا طالب**) وتی: (أنا) جا گێڕەری فەرموودەکە گۆڕیویەتی چونکە دەستەواژەی باسکراوی ناو فەرموودەکەی بە ناشیاو داناوە، ئەویش لە هەڵس و کەوتە جوانەکانە (**الحافظ**) ئەمەی وتووە.

وتەی: (**وأبى أن يقول لا إله الا الله**) (**الحافظ**) وتویەتی: ئەمە جەختکردنەوەیە لە لایەن گێڕەری فەرموودەکەوە کە (**أبو طالب**) شایەتمانی نەهێناوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه الرد على من زعم إسلام عبدالمطلب وأسلافه ومضرة أصحاب السوء على الإنسان، ومضرة تعظيم الأسلاف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە تێیدایە بەرپەرچدانەوەی ئەوەی پێی وایە (عبدالمطلب)و پێشینەکانی موسڵمانن، وە زیانی هاوڕێی خراپ لەسەر ئادەمیزاد، وە زیانی بە مەزندانانی پێشینەکان.

واتە: ئەگەر زیاتر بوو لە سنووری شەرع بەوەی وتەکانیان بکات بە بەڵگەو لەکاتی مشت و مڕدا بگەڕێتەوە بۆلایان.

وتەی: (**لَأَسْتَغْفِرَنَّ لك ما لم أُنْهَ عنك**) نەوەوی وتوێتی: ڕەوایەتی و دروستی سوێند خواردنی تێدایە بەبێ داوا لێکردن، وە سوێند خواردنیش لێرەدا بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر داوای لێخۆشبوون، وەك پێخۆشبوونی بۆ نەفس و دەرونی ئەبو طالیب.

مردنی (**أبو طالب**) لە مەککە بوو پێش کۆچکردنی پێغەمبەر بە ماوەیەکی کەم.٥٥

ئیبنوفارس وتوێتی: (**أبو طالب**) کۆچی دوایی کرد لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ تەمەنی چل و نۆ ساڵ و هەشت مانگ و یازدە ڕۆژ بوو. وە خەدیجەش هەشت ڕۆژ دوای ئەو کۆچی دوایی کرد.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ ﴾ بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەوان ڕەوا نیە بپارێنەوە بۆ هاوبەشدانەران، ئەویش هەواڵە (خبر) بە واتای قەدەغە کردن (**النهي**) دێت، دیارە ئەم ئایەتە دەربارەی (**أبو طالب**) دابەزیوە، چونکە هێنانی (**الفاء**) بۆ ڕێکخستنە لە وتەی دانەر (فأنزل الله) لە دوای فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ: (**لَأَسْتَغْفِرَنَّ لك ما لم أُنْهَ عنك**) ئەوە دەگەیەنێ.

بێگومان زانایان هۆکاری دیکەیان باس کردوە لەسەر دابەزینی ئەم دقە، هیچ دژایەتیەك لە نێوانیان نیە، چونکە هۆکارەکانی دابەزین زۆرن. (**الحافظ**) دەڵێ: جا دابەزینی ئایەتی دووەم ڕوونە لەبارەی چیرۆکی ئەبو طالیبەوە هاتووە، بەڵام دابەزینی ئەو ئایەتەی پێشەوەی تێڕوانینی تێدایە، وادەردەکەوێت ئەو ئایەتەی پەیوەستە بە داوای لێخۆشبوون ماوەیەك لە دوای ئەبو طالیب دابەزیبێ، ئەو ئایەتە گشتگیرە بۆ ئەوو بۆ غەیری ئەویش، وە ئەوەی لە ڕاقەکەدا دێت ڕونی دەکاتەوە.

دوای ئەوە خوا ﷻ ئەوەی دابەزاند: ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ ﴾ وە دەربارەی ئەبو طالبیش ئەمەی دابەزاند: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾ هەموو ئەوانە بەڵگەی ڕوونن کە ئەبو طالیب لەسەر غەیری ئیسلام مردوە. وە ئەوەی (**السُهيلي**) باسی کردوە کە لە هەندێ لە کتێبەکانی (**المسعودي**) ڕیوایەت کراوە موسڵمان بووە، بەلاواز دانراوە، چونکە وێنەی ئەو ڕیوایەتە ناتوانێت بەرانبەر فەرموودەی صەحیح بوەستێتەوە.

وە قەدەغەکردنی داوای لێخۆشبوونی تێدایە بۆ هاوبەشدانەران و پشتیوانی کردنیان و خۆشویستنیان، چونکە بێگومان ئەگەر داوای لێخۆشبوون بۆیان قەدەغە بێت ئەوە دۆستایەتی و خۆشویستنیان لە پێشترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ ﴿٥٦﴾ ﴾.

دووەم: ڕاڤەکردنی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرْبَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ ﴾.

سێیەم: ئەویش مەسەلەیەکی گەورەیە، کە بە مامی وت: (قل لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کەسانێك لێی حاڵی بوون و بانگەشەی زانستیان کردوە.

چوارەم: ئەبو جەهل و ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون لە مەبەستی پێغەمبەر ﷺ تێدەگەیشتن کاتێ بە کەسێکی دەوت: (قل لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله). خوا ڕووی ئەو کەسە ناشرین بکات ئەبو جەهل لەو شارەزاتر بێت لە ئەصلی ئیسلام.

پێنجەم: سووربون و جەختکردنەوەی زۆری پێغەمبەر ﷺ لە موسڵمان بوونی مامی.

شەشەم: ئەم باسە بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی تێدایە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن (عبد المطلب)و پێشینەکانی (لە باو باپیرانیان) موسڵمان بوون.

حەوتەم: خودی پێغەمبەر ﷺ داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد خوا لێی خۆش نەبوو، بەڵگو قەدەغەی لێکرا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات.

هەشتەم: زەرەرو زیانی هاوەڵی خراپ لەسەر مرۆڤ.

نۆیەم: زەرەرو زیانی بە مەزندانانی پێشینەکان و گەورەکان (لە باو باپیرانیان).

دەیەم: جاهیل و نەفامەکان پێشینانی خۆیان لە باوباپیرانیان دەکەنە بەڵگە بۆ خۆیان، وەك چۆن ئەبو جەهل ئەوەی کرد.

یازدەیەم: ئەم باسە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کارو کردەوە دەرنجام و کۆتاییەکەی حیسابە، چونکە ئەگەر ئەبو طالیب لە سەرمەرگدا شایەتمانی بهێنایەت سوودی پێ دەگەیاند.

دوازدە: سەرنجدان و تێڕامان لە گەورەیی ئەو شوبهەیە لە دڵی گومڕاکاندا، چونکە لە باسەکەدا ئەوان مشت ومریان لەگەڵ نەکردوە تەنها بەوە نەبێت، لەگەڵ سوور بوونی پێغەمبەر ﷺ لەسەری و چەند بارە کردنەوەی بۆیان، جا لەبەر مەزنی و ڕوونی شایەتمان لە لایان، تەنها ئەو وەڵامەیان دەدایەوە کە باو باپیرانیان دەیدا.



بەشی ١٨

هۆکاری بێبڕوایی نەوەکانی ئادەم و وازهێنانیان لە ئایینەکەیان بریتی بوو لە ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە پیاوچاکان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاءَ أنَّ سَبَبَ كُفرِ بني آدَم وتركِهِم دينَهُم هُو الغُلو في الصالحين.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە کە بەڕاستی هۆکاری بێبڕوایی نەوەکانی ئادەم و وازهێنانیان لە ئایینەکەیان بریتی بوو لە ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە پیاوچاکان.

وتەی: (**وتركِهِم**) بە (الجر) (**عطف**) کراوە بۆسەر (**المضاف إليه**). دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ویستویەتی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ڕۆچوون لە پیاوچاکاندا چ سەرئەنجامێکی دەبێ لە هاوبەشدانان بۆ خوا لە پەرستراوێتیدا، کە ئەوە گەورەترین تاوانە سەرپێچی خوای پێ کرابێت، ئەوە پێچەوانەی ئەو یەکتاپەرستیەیە کە وشەی ئیخڵاص دەلالەت دەکات لەسەری، ئەویش بریتیە لە شایەتی دان بە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله ﷻ: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُ ﴿١٧١﴾﴾ **النساء.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەی خاوەن پەڕاوە ئاسمانیەکان زیادە ڕەوی مەکەن لە ئایینەکەتاندا، وە مەڵێن لە بارەی خواوە بێجگە لە ڕاستی بێگومان مەسیح عیسای کوڕی مەریەم تەنها پێغەمبەری خوایە، (دروستی کردوە) بە وتەی خۆی بە جبریلدا ناردی بۆ مەریەم و عیسا گیانێکە لە لایەن خواوە بەخشراوە.

(الغلو) بریتیە لە زیادەڕەوی لە مەزن دانان بە وتەو بیروبڕوا، واتە: دروستکراو بەرز مەکەنەوە زیاتر لە پلەو پایەی خۆی کە خوا پێی بەخشیوە، بەجۆرێ پلەو پایەیەکی پێ بدەن کە شیاو نیە مەگەر بۆ خوا.

جا دواندنەکە ئەگەر چی بۆ خاوەن کتێبەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گشتگیرە هەموو ئوممەت دەگرێتەوە، وەک ترساندن و هۆشیارکردنەوەیەک نەوەک هەمان کار لەگەڵ پێغەمبەرەکەیان ﷺ بکەن کە گاورەکان لەگەڵ عیسا علیه السلام کردیان، وە جولەکەکان لەگەڵ عوزەیر کردیان، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿١٦﴾﴾ **الحديد**. (واتە: ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە بۆ بڕوادارانی کە دڵیان ملکەچ بێ بۆ ئامۆژگاری خوا و ئەو قورئانەی کە ناردوویەتێ خوارەوە، وەک ئەو کەسانە جوولەکەو گاور نەبن کە لەمەو پێش کتێبی ئاسمانیان پێدرا، وە ماوەیەکی دوورو درێژیان بەسەردا تێپەڕی ئینجا دڵیان ڕەق بوو، وە زۆربەیان یاخی و لە سنوور دەردەچوون) لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَا تُطْرُونِي كما أَطْرَتْ النَّصَارَى بن مَرْيَمَ**) (١١). واتە: زیادە ڕەوی مەکەن لە مەدح و ستایش کردنمدا وەک چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەمدا.

جا هەرکەسێک داوا لە پێغەمبەرێک یان پیاوچاکێک بکات لە جیاتی خوا ئەوە کردوویەتی بە پەرستراو، ئەوە خۆی چواندوە بە گاورەکان لە شیرکەکەیان، هەروەها بە جولەکەش لە کەمتەرخەمیاندا، بێگومان گاورەکان ڕۆچوون و زیادەڕەویان کرد لە عیسادا علیه السلام، جولەکەکانیش دژایەتیان دەکردو جنێویان پێدەداو بەکەمیان دەزانی، جا گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە عیسادا کە پێویست نەبوو بیکەن، جولەکەکانیش کەم تەرخەمیان کرد دەربارەی عیسا، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿مَّا ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلَانِ ٱلطَّعَامَ ﴿٧٥﴾﴾ **المائدة**. (واتە: مەسیحی کوڕی مەریەم هیچ نیە جگە لە پێغەمبەری خوا بێگومان لە پێش ئەوەوە چەندەها پێغەمبەر ڕۆشتن، دایکیشی ئافرەتێکی زۆر ڕاست گۆیە هەردوکیان خواردنیان دەخوارد) لەم ئایەتە و وێنەی ئەم ئایەتەش بەڕپەرچدانەوە جولەکە و گاورەکانی تێدایە.

شێخی ئیسلام دەڵێ: هەرکەسێ لەم ئوممەتە خۆی بشوبهێنێ بە جولەکەو گاورەکان، وە ڕۆبچێت لە ئایندا بە زیادەڕەوی کردن تیایدا یان کەم تەرخەمی ئەوە بێگومان خۆی شوبهاندووە بە ئەوان. وتی: ئیمام عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) زیادەڕەوانی سوتاند لە (**رافضة**)ەکان، جا فەرمانی کرد چەندین چاڵیان بۆ کەندرا لە لای (**باب كندة**) (لە کوفە) فرێی دانە ناویەوە(٢١). هاوەڵان یەکدەنگ بوون لەسەر کوشتنیان، بەڵام ئیبنوعەباس پێی وابوو بە شمشێر بکوژرێن نەک بە سوتاندن، ئەویش بۆچوونی زۆربەی زانایانە.

---

(١)أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٤٥) فتح.

(٢)أخرجه البخاري في التفسير (٤٩٢٠) فتح.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في الصحيح عن ابن عباس في قول الله ﷻ: ﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾﴾نوح. قال: هذه أسماءُ رجالٍ صالحينَ من قومِ نوحٍ، فلما هلكُوا أوْحَى الشيطانُ إلى قومِهِم: أن انْصِبُوا إلى مَجَالِسِهِم التِي كَانُوا يَجْلِسونَ فِيهَا أنْصَاباً وَسَمُّوهَا بِأسْمَائِهِم ، فَفَعَلُوا، وَلَم تُعْبَد، حَتَّى إذا هَلَكَ أُولَئِكَ وَنُسِيَ العلمُ عُبِدتْ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحدا هاتووە لە ئیبنوعەباسەوە لە فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە وتیان: دەست هەڵ نەگرن لە بت و پەرستراوەکانتان، وە دەست هەڵ نەگرن لە پەرستنی ود و سواع و یەغوس و یەعوق و نەسر) وتی: ئەمە ناوی پیاوچاکانی گەلی نووح بوو، کاتێ مردن شەیتانەکان ختورەیان خستە دڵی گەلەکەیانەوە: کە پەیکەریان بۆ دروست بکەن لە کۆڕو مەجلیسەکانیان بەناوی ئەوانەوە ناویان لێ بنێن، ئەوانیش ئەوەیان کرد، نەپەرستران تا ئەوانەش مردن و لە دنیا دەرچوون و زانستی یەکتاپەرستی لە بیر چوویەوەو سەرەنجام پەیکەرەکان پەرستران.

وتەی: لە (الصحیح) واتە: صەحیح بوخاری.

ئەم شوێنەوارە دانەر کورتی کردوەتەوە، ئەو شێوەی لە بوخاریدا هاتووە: لە ئیبن عەباس وتی: ئەو بت و پەرستراوانەی لە گەلی نووح بوون، دواتر لەناو عەرەب زۆر بوون، جا (ود) پەرستراوی نەوەکانی (کلب) بوو لە (**دومة الجندل**). بەڵام (سواع) هی (**هُذیل**) بوو. وە (**یغوث**)**یش** هی (مراد) بوو پاشان نەوەکانی (**غطیف**) لە (الجرف) لە لای (سبأ). وە (یعوق)یش هی (همدان) بوو. بەڵام (نسر) هی (حمیر) بوو بنەماڵەی (**ذي الکلاع**): ئەو ناوانە ناوی پیاوچاکانی گەلی نووح بوون..... تا کۆتایی.

عیکریمەو ضەحاك لە ئیبن عەباسەوە بە وێنەی ئەمە گێڕاویانەتەوە.

ئیبنوجەریر وتی: ئیبن حەمید بۆی باس کردین وتی: مەهران بۆی باس کردین لە سوفیان لە موسا لە موحەممەدی کوڕی قەیس: یەغوث و یەعوق و نەسر پیاوچاك بوون لە نەوەکانی ئادەم، شوێنکەوتوویان هەبوو پەیڕەویانیان دەکرد، کاتێ مردن هاوەڵەکانیان وتیان: ئەگەر وێنەیان بکێشین و پەیکەریان بۆ بتاشن ئەوە تامەزرۆدارترەبۆ پەرستش کردن، جا وێنایان کێشان، کاتێ کە مردن و نەوەکانی دوای ئەوان هاتنە دنیا، ئیبلیس ختورەی بۆ دروستکردن و پێی وتن: بەڕاستی باو باپیرانی ئێوە ئەمانەیان دەپەرست، بەهۆی ئەوانەوە بارانیان بۆ بارێنرا، ئینجا ئەوانیش پەرستنیان.

وتەی: (**أن انْصِبُوا**) ئەوە بە (کسر)ەی (صاد)ە.

وتەی: (**أنْصَاباً**) کۆی (نُصب)ە، مەبەست پێی لێرەدا پەیکەرە دروستکراوەکانە لەسەر وێنەی ئەو پیاو چاکانەی کە لە کۆڕو مەجلیسەکانیاندا دایاننابوون و بەناوی ئەوانەوە ناویان لێ نابوون، وە لە سیاقی فەرموودەی ئیبن عەباسدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (**الأصنام**) ناو براوە بە (**أوثان**). جا ناوی (**الوثن**) هەموو پەرستراوێك دەگرێتەوە لە جیاتی خوا، یەکسانە ئەو پەرستراوە گۆڕ بێت یان مەزارگە، یان وێنە یان پەیکەر، یان جگە لەوانە.

وتەی: (**حَتَّى إذا هَلَكَ أُولَئِكَ**) ئەوانەی وێنای ئەو بتانەیان کێشا.

وتەی: (وَنُسِيَ العلمُ) وە ڕیوایەتی بوخاری (وینسخ) وە لە لای (الكشميهني) (ونسخ العلم) واتە: بەمردنی زانایان شوێنەواری سڕاوە، نەفامی بڵاو بوویەوە تا وایان لێهات جیاوازیان نەدەکرد لە نێوان یەکتاپەرستی و هاوبەشدانان، جا کەوتنە ناو هاوبەشدانانەوە گومانیان وابوو ئەوە سوودیان پێ دەگەیەنێت لە لای خوا.

وتەی: (عُبِدتْ) کاتێ ئیبلیس پێی وتن: پێشینی ئێوە دەیانپەرستن و بەهۆی ئەوانەوە بارانیان بۆ دەبارێنرا، ئەوە بوو پەرستنی بتەکانی لەلایان جوان کرد و فەرمانی پێ کردن بە پەرستنیان، ئینجا شەیتان بووە پەرستراویان لە حەقیقەتدا، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ۖ أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ ﴿٦٢﴾﴾ یس. (واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم ئایا وەسێتم بۆ نەکردن کە شەیتان نەپەرستن چونکە بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە* وە ئایا وەسێتم بۆ نەکرد کە من بپەرستن ئەمە ڕێگای ڕاستە* سوێند بەخوا بێگومان شەیتان خەڵکێکی زۆری لە ئێوە گومڕا کرد دەی ئایا بۆ ژیر نابن) ئەمە مانای ترسان لە زیادەڕەوی و ئامرازەکانی هاوبەشدانان دەبەخشێ، ئەگەر چی مەبەستیش پێی چاك بێت، چونکە بێگومان شەیتان ئەوانی خستە ناو هاوبەشدانان لە ڕووی زیادەڕەوی کردن لە پیاوچاکان و خۆشویستنیان، هەر وەك چۆن وێنەی ئەوە لەم ئوممەتەدا ڕووی داوە: زیادەڕەوی و بیدعەی بۆیان ئاشکرا کرد لە چوارچێوەی بە مەزندانانی پیاوچاکان و خۆشویستنیان، بۆ ئەوەی بیان خەنەناو بە گەورەتر لەوە، لە پەرستشیان بۆیان لە جیاتی خوا.

وە لە ڕیوایەتێکدا ئەوان وتیان: پێشینانی ئێمە ئەو پیاوانەیان بەگەورە نەزانیوە مەگەر بە ئومێدی تکا بۆ کردنیان لە لای خوا، واتە: ئەوان هیوای شەفاعەتی ئەو پیاوچاکانەیان دەخواست کە ئەو بت و پەیکەرانەیان لەسەر وێنەیان کێشابوون بەناوی ئەوانیش ناویان نابوون، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت دانانی تکاکاران و ئومێدی تکاکردنیان لەلایەن ئەوانەوە بەداواکردنیان هاوبەش دانانە بۆ خوا، وەك پێشتر باسکرا لە ئایەتە موحکەمەکاندا.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال ابنُ القيِّم رحمهُ الله: قالَ غَيرُ وَاحدٍ مِن السَّلفِ: لما مَاتوا، عَكفُوا عَلى قُبُورِهِم، ثُمَّ صَوَّرُوا تَمَاثِيلَهُم، ثُمَّ طَالَ عَليهِم الأمَدُ فَعَبَدُوهُم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: زۆرێك لە پێشین وتویانە: کاتێ مردن، لەسەر گۆڕەکانیان دەمانەوە، پاشان پەیکەری بتەکانیان دەکێشان، پاشان ماوەیەکی دوورو درێژیان بەسەردا تێپەڕی، ئینجا پەرستنیان.

•••

وتەی: (**وقال ابنُ القيِّم رحمهُ الله**) زانای پایە بەرز موحەممەدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەیوبی زرعی دیمەشقیە، ناسراوە بە ئیبنولقەییمی جەوزی، پێشەوا سەخاوی لە وەسفیدا دەڵێ: (**العلامة، الحجة**) خاوەن زانستێکی فراوانە و شارەزایە بە جیاوازیەکان و زمانی بەهێزە لە دەربڕیندا،

یەکدەنگی لەسەرە لەناو زانایاندا، خاوەن چەندین بەرهەمی بە پێزە، ساڵی حەودسەدو پەنجاو یەك کۆچی دوایی کردوە

وتەی:(**قَالَ غَيرُ وَاحِدٍ مِن السَّلفِ**) ئەوە بە مانای ئەوەیە کە بوخاری و ئیبنوجەریر باسیان کردوە تەنها ئەوە نەبێت ئەم باسی مانەوەیانی کردوە لەسەر گۆڕەکانیان پێش ئەوەی وێنای پەیکەرەکانیان بکێشن. ئەویش لە ئامرازەکانی هاوبەشدانانە بەڵکو ئەوە خودی هاوبەشدانانە، چونکە مانەوە بۆ خوا لە مزگەوتەکاندا پەرستشە، جا ئەگەر مانەوە لەسەر گۆڕەکان، ئەوە مانەوەیان لەبەر بە مەزندانان و خۆشویستنە، ئەویش پەرستنە بۆ ئەو گەڕانەوە.

وتەی:(**ثُمَّ طَالَ عَلَيهِم الأَمَدُ فَعَبَدُوهُم**) ماوەیەکی دوورو درێژیان بەسەردا تێپەڕی. هۆکاری ئەو پەرستنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانێك لە پێشین بە مەزنیان داناون بە مانەوە لەسەر گۆڕەکانیان و وێنایان کێشاون لە کۆڕو مەجلیسەکانیاندا، ئا بەوشێوەیە بوون بە بتانێك لە جیاتی خوا دەپەرستران، وەك چۆن دانەر باسی کردوە، بێگومان ئەوان بەو هۆیەوە وازیان لەو ئیسلامە هێنا کە پێشینیان لەسەری بوون، پێش دروستبوونی هۆکارەکانی ئەم هاوبەشدانانە، ئەوانەی پێشین بێبروا بوون بە پەرستشی ئەو وێنانەو کردنیان بە تکاکار. ئەمە یەکەم هاوبەشدانان بوو لەسەر زەوی ڕوویدا.

قورطوبی وتویەتی: پێشینەکانیان بۆیە ئەو وێنانەیان کێشا بۆ ئەوەی شوێنیان بکەون و پەند لە کارو کردەوە چاکەکانیان وەربگرن، تا وەکو ئەوان کۆشش بکەن وەکو کۆششی ئەوان و خوا بپەرستن لە لای گۆڕەکانیان. پاشان دوای ئەوان خەڵکانێك هاتن لە مەبەستیان تێنەگەیشتن، شەیتان ختورەی خستە دڵیانەوە بەوەی کە گوایە پێشینەکانیان ئەم وێنانەیان دەپەرست و بە مەزنیان دادەنان.

ئیبنولقەییم وتویەتی: بەردەوام شەیتان وەحی بۆ گۆڕپەرستان دەکات و ئەوە دەخاتە دڵیانەوە کە بە دروستی کردنی خانوو لەسەر گۆڕەکان و مانەوە لەسەریان لەبەر خۆشەویستی خاوەن گۆڕەکانە لە پێغەمبەران و پیاوچاکان، وەپاڕانەوەش لە لای گۆڕەکان قبووڵ کراوە، پاشان لەم قۆناغەوە دەیانگوازێتەوە بۆ پاڕانەوە بەهۆیانەوە، وە سوێند خواردن لەسەر خوا پێیان، بێگومان پلەو پایەی خوا مەزنترە لەوەی سوێندی لەسەر بخورێ یان داوای لێ بکرێ بەیەکێك لە دروستکراوەکانی.

جا ئەگەر ئەمە چەسپاو جێگیر بوو لایان دەیانگوازێتەوە بۆ داواکردن لە گۆڕەکان و پەرستشیان و داواکردنی تکاکردن لە جیاتی خوا، وە کردنی گۆڕەکەی بە بتێك مۆم تێدا دادەنرێ و پەڕۆو پەتکی پێدا هەڵدەواسرێ و سوڕانەوە دەکرێ بە دەوریداو دەستی لێ دەدرێ و ماچ دەکرێ و حەجی لەلا دەکرێ، قوربانی لەلا سەردەبڕێ، جا ئەگەر ئەوەش چەسپا دەیانگوازێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بانگ بکەن بۆ پەرستشی و کردنی بە جەژن و شوێنی سەربڕینی قوربانی، وا دەبینن ئەوە چاکترە بۆیان لە دین و دنیایان، هەموو ئەمانە لە ئایینی ئیسلامدا زانراوە کە بەڕاستی دژی ئەو پەیامەیە کە خوا بۆ پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ ناردوویەتی لە تازەکردنەوەی یەکتاپەرستی کە نابێ هیچ شتێك بپەرسترێ جگە لەخوا.

جا ئەگەر ئەوەش چەسپا لە لایان دەیانگوازێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرکەسێك ڕێگری لەو هاوبەشدانانە بکات ئەوە ڕێزی ئەو خاوەن پلەو پایانە کەم ئەنرخێنێت و لە پلەو پایەی خۆیان

دایاندەبەزێنی، وە پێی وایە ئەوانە هیچ ڕێزو قەدرێك لە پێشنی چاکی خۆیان ناگرن، هاوبەشدانەران تورە دەبن و دڵەکانیان تێك دەچێت وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحْدَهُ ٱشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾الزمر. (واتە: وە کاتێك یادی خوا بکرێ بە تاك و تەنها تێکدەچێ و بێزار دەبێ دڵی کەسانێ کە بڕوایان نیە بە ڕۆژی دوایی کەچی کاتێك ناوی پەرستراوانی بێجگە لە خوا ببرێت یەکسەر شادو ڕووخۆش دەبن). ئەوەش لە نەفس و دەروونی زۆرێك لە نەفام و گێلەکان جێگیر دەبێت، وە زۆرێکیش لەوانەی دەدرێنە پاڵ زانست و ئایندارى، تا وایان لێ دێت دژایەتی یەکتاپەرستان دەکەن و تۆمەتباریان دەکەن بە تاوانی مەزن و خەڵکیان لێ دور دەخەنەوە، وە پشتیوانی هاوبەشدانەران دەکەن و بە مەزنیان دەزانن، پێیان وایە ئەوانە دۆستی خوان و سەرخەری ئاین و پێغەمبەرەکەین، خواش ئەوەی ناوێ ﴿ وَمَا كَانُوٓا۟ أَوْلِيَآءَهُۥٓ ۚ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾الأنفال. (واتە: لەکاتێکدا ئەوان خۆشەویست و سەرپەرشتیاری ئەو مزگەوتە نین، بەڕاستی سەرپەرشتیارو خۆشەویستی ئەو مزگەوتە خوا ناسان و پارێزکارانن) وتەی ئیبنولقەییمە ڕەحمەتی خوای لێ بێت کۆتایی پێ هات.

لەم چیرۆکەدا چەندین سوودو وەدەست هاتوو هەیە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی کردوە.

یەکەم: بێگومان هەرکەسێك لەم باسە تێگەیشتبێ، وە ئەو باسەیشی کە لەدوایەوە هاتووە غەریبی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت، وە تواناو دەسەڵاتی خوای بۆ دەردەکەوێت لە گۆڕینی دڵەکان و چەندین شتی سەرسووڕهێنەری دیکە.

دووەم: بێگومان یەکەم هاوبەشدانانێ لەسەر زەویدا ڕوویدا هۆکارەکەی خۆشویستنی پیاوچاکان بوو. واتە: ئەو خۆشویستنەی کە زیادەڕەوی تێدایە.

سێیەم: ناسینی یەکەم شتێ کە ئاینی پێغەمبەرانی پێ گۆڕا.

چوارم: ناسینی هۆکاری وەرگرتنی بیدعەو داهێنان، لەگەڵ ئەوەی کە شەریعەتەکان و سروشتی ئادەمی ڕەتی دەکەنەوە، هۆکاری هەموو ئەوانە تێکەڵکردنی حەق بوو بە ناحەق بە دوو شت: یەکەم: خۆشویستنی پیاو چاکان. دووەم: کاری هەندێ لە زانایان و خواناسان شتێکیان کردوە مەبەستیان پێی خێر و چاکە بووە، خەڵکانێك لە دوای ئەوان هاتن گومانیان وابوو کە مەبەستێکی دیکەیان هەبووبێت.

پێنجەم: ناسینی سروشتی مرۆڤ کە خودی حەق لە دڵیدا کەم دەبێت و پووچیش زیاد دەکات. واتە: بەزۆری.

شەشەم: ئەمە بەڵگەی تێدایە بۆ ئەوەی کە لە هەندێ لە پێشینەوە گوازراوەتەوە: کە بیدعە هۆکاری بێ بڕواییە، وە ئەوە خۆشەویستر لەلای ئیبلیس لە سەرپێچی کردن، چونکە هەندێ جار سەرپێچی تەوبەی لێ دەکرێت، بەڵام بیدعە تەوبەی لێ ناکرێت.

حەوتەم: شەیتان دەزانێت کە سەرئەنجامی بیدعە بەرەو کوێ دەڕوات، ئەگەرچی بکەریش مەبەستی باش بێت.

هەشتەم: ناسینی یاسای گشتی، ئەویش بریتیە لە قەدەغەکردن لە زیادەڕەوی، وە زانینی دەرئەنجامەکەیشی کە بەرەو کوێ دەچێت. واتە: لە هاوبەشدانان.

نۆیەم: قەدەغەکردن لە دانانی بتەکان و حیکمەت لە لابردنیان.

دەیەم: زانینی قەدرو ڕێزی ئەم چیرۆکە، وە ئەوپەڕی پێویست بوون پێی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی لێی بێ ئاگان.

یازدە: ئەوە عەجیب و سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە ئەو هاوبەشدانەرانە لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرمودەدا هەموو ئەوانە دەخوێننەوەو لە ماناکەیشی دەزانن، خواش ﷻ بەربەستی دروست کردوە لەنێوان دڵەکانیاندا، تا بڕوایان وابووە کە بێگومان کرداری گەلی نوح چاکترین عیبادەتە، وە بڕوایان وابووە کە قەدەغەکردنی خواو پێغەمبەرەکەی کوفری حەڵاڵ کەری خوێن و ماڵە. واتە: ئەگەر کەسێ ڕێگریان لێ بکات بەوەی خوا ڕێگری کردوە لە هاوبەشدانان، ئەوە تەکفیری دەکەن و خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکەن.

دوازدە: ئاشکراکردنی ئەوەی کە هاوبەشدانەران هیچ مەبەستێکیان نەبووە لە پەرستنی غەیری خوا جگە لە شەفاعەت.

سیازدە: گومانیان وابوو ئەو زانایانەی کە ئەو وێنانەیان کێشا، تەنها مەبەستیان ئەوە بوو بپەرستڕێن و بکرێن بە تکاکار.

چواردە: ئاشکراکردنی ئەوەی کە پەیکەرەکان نەپەرستران، تا زانستی یەکتاپەرستی لە بیر چوبەوە. جا تێبدایە: هەر لەو چیرۆکەدا ناسینی ڕێزو حورمەتی زانستی شەرعی و زیانی لە دەستدانی.

پازدە: هۆکاری نەبوونی زانست مردنی زانایانە.

شازدە: بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانەی کە ئەهلی کەلام بە عەقڵ ناویان بردوە، وە ئەوەشی قورئان و سوننەت پێی هاتوون بەوە بەرپەرچ دەدەنەوە، لە یەکتاپەرستی سیفات، وە چەسپاندنیان بەو شێوەی کە شایستەیە بە گەورەیی و مەزنی خوا.

حەڤدە: زیانی چاولێکەری و لاسایی کردنەوە.

هەژدە: پێویستی ئوممەت بەوەی پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی لە ڕووی زانست و کردارەوە، بەوەی کە قورئان و سوننەت بەڵگەن لە سەری، چونکە بێگومان ناچاری بەندە بۆ ئەوە لەسەرووی هەموو ناچاریەکانەوەیە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن عمر (رضي الله عنه) أن رسول الله ﷺ قال:(لَا تُطْرُونِي كما أَطْرَتْ النَّصَارَى بن مَرْيَمَ إِنَّمَا أنا عَبْد فَقُولُوا: عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ)[1]**. أخراجاه.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە عومەرەوە خوای لێ ڕازی بێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: زیادە ڕەویی مەکەن لە مەدح و ستایش کردنمدا وەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەمدا. بەڵکو من بەندەم، بڵێن: بەندەی خوا و پێغەمبەرەکەی.

وتەی:(عن عمر) کوڕی خەطاب کوڕی نوفەیلی عەدەوی ئەمیری بڕواداران و چاکترینی هاوەڵان لە دوای ئەبو بەکر، دە ساڵ و نیو خەلافەتی ئیسلامی بەڕێوە بردووە، دنیا پڕ بوو لە دادپەروەری، لەسەردەمی ئەودا دەسەڵاتەکانی ژێر دەستی کیسراو قەیسەر ئازاد کران، لە **(ذي الحجة)** ساڵی بیست و سێ شەهید کرا.

وتەی: **(لَا تُطْرُونِي كما أَطْرَتْ النَّصَارَى بن مَرْيَمَ)** **(الإطراء)** لە سنوور دەرچوونە لە پیاهەڵدان و درۆ کردن لە سەری. ئەبو سەعادات ئەمەی وتووە: جگە لە ویش وتویەتی: مەدح و پیاهەڵدانم مەکەن بە شتی پووچ، وە لە پیاهەڵدانیشمدا لە سنور دەرمەچن.

وتەی: **(إِنَّمَا أنا عَبْدٌ فَقُولُوا: عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ)** واتە: زیادەڕەوی لە پیاهەڵدانمدا مەکەن، وەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە عیسادا عليه السلام، بانگەشەی پەرستراوێتیان بۆ کرد، بەڵکو من بەندەو پێغەمبەری خوام، بەو شێوەیە وەسفم بکەن وەك چۆن پەروەردگار وەسفی کردووم، بڵێن بەندەی خواو پێغەمبەرێتی، هاوبەشدانەران یاخی بوون و پێچەوانەی فەرمانی ئەو جوڵانەوەو قەدەغەکراوەکانیان جێبەجێ کرد، وە بە مەزنیان دانا بەوەی قەدەغەی لێ کردن، پێچەوانەی جوڵانەوە بە مەزنترین پێچەوانە، هەروەکو چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کردو هاوبەشیان داناو کەوتنە ناو مەترسیەکانەوە، وە لە ڕۆچوونیاندا شیعر و پەخشانیان هەڵبەست کە ژمارەی درێژە دەخایەنێ، چەندین کتێبیان لەو بارەیەوە نووسی.

شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە باسی هەندێ لەو خەڵکانەی کردوە لە سەردەمی خۆیدا: ئەوانە ڕێگەیان دابوو بە داوای فریاکەوتن لە پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ئەوانەی کە تەنها داوای فریاکەوتن لەخوا دەکرێ تیایدا، لەو بوارەیشەوە کتێبێکی نوسیوە بەڕپەرچی داونەتەوە، سوپاس بۆ خوا ئەو کتێبە ئێستە لەبەردەستدایە ئەویش کتێبی **(الرد على البكري)** دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کلیلی هەموو ئەو نهێنیانە دەزانێت کە کەس نایزانێ جگە لە خوا، وە شتی دیکەیشی باسکردوە لێیانەوە هەر لەم جۆرە، پەنا دەگرین بە خوا لە کوێری بینایی.

لە هۆنراوە و هەڵبەستی بوصەیریدا ئەم وتەیە ناوی دەرکرد:

يا أكرم الخلق ما لي من الوذ به سواك عند حدوث الحادث العمم

---

(١)أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٤٥) فتح.

وە ئەوەیشی لە دوای ئەم دێرە هۆنراوەوە دێ لە هۆنراوەکانی دیکەی، ناوەڕۆکەکەی پوخت کردنی پاڕانەوەو پەنا بردن و ئومێد بوون و پشت بەستنی تێدایە لە تەنگانەترین کاتەکاندا، وە گەورەترین ناچاربوون بۆ لای غەیری خوا، جا پێچەوانەی پێغەمبەر ﷺ جوڵانەوە بە ئەنجامدانی ئەوەی قەدەغەی کردوە بەمەزنترین پێچەوانە، وە دژایەتی خواو پێغەمبەریان کرد بە گەورەترین دژایەتی کردن، ئەویش شەیتان ئەم هاوبەشدانانە مەزنەی لە پێش چاویان جوان کرد، لە چوارچێوەی خۆشویستنی پێغەمبەرو بە مەزندانانی، وە ئەو یەکتاپەرستی و دڵسۆزیەی کە خوا پێغەمبەرەکەی پێ ناردوە لەپێش چاویان بە ناتەواو نیشاندان، ئا ئەو هاوبەشدانەرانە خۆیان بێ نرخ و هیچن، زیادەڕەویان کرد لە بە گەورەدانانی پێغەمبەر ﷺ بەوەی کە قەدەغەی کردبوو لێیان بە تووندترین قەدەغە، وە کەم تەرخەم بوون لە شوێنکەوتنیدا، گرنگیان نەدا بە گوفتار و ڕەفتارەکانی، ڕازی نەبوون بە حوکم و بڕیاری و ملکەچی نەبوون. بێگومان بە مەزندانانی پێغەمبەر ﷺ لەکاتێکدا بەدەست دێت فەرمان و قەدەغەکراو بە گەورە دابنرێ، وە هەروەها شوێنی ڕێنمایی و سوننەتەکانی بکەوێ، وە بانگەشە بکات بۆ ئاینەکەی و سەریبخات، پشتیوانی ئەوە بکات کە کاری پێ دەکات، دژایەتی ئەوەش بکات پێچەوانەی دەجوڵێتەوە، ئەو هاوبەشدانەرانە پێچەوانەی ئەوە جوڵانەوە کە خواو پێغەمبەرەکەی دەیانەوێ بە زانست و کردەوە، وە هەرچی خواو پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردوە ئەوان ئەنجامیانداوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال: قال رسول الله ﷺ: (إِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ من كان قَبْلَكُمْ الْغُلُوُّ)(١).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەکەن زیادەڕەوی بکەن لە ئایندا، چونکە ئوممەتەکانی پێش ئێوە بە زیادەڕەوی لەناو چوون.

••••••

شێخی ئیسلام وتوێەتی: ئەمە گشتگیرە لە هەموو جۆرەکانی زیادەڕەوی لە بیروبڕواکان و کردەوەکان، وە هۆکاری ئەم دەستەواژە گشتیە رەجم کردنی شەیتانە (الجمار)، ئەویش دەچێتە ناوێەوە، وەك ڕەجم کردن بە بەردی گەورە، لەو ڕووەی کاریگەرترە لە بەردی بچووك. پاشان هۆکاری بەوە هێناوەتەوە کە دورکەوتنەوەی ڕێبازی ئەوەی لە پێش خۆمانە داخواز دەکات، بۆ ئەوەی دورمان بخاتەوە لە کەوتنە ناو ئەوەی بەهۆیەوە تیاچوون، چونکە ئەوکەسەی بەشدار بووە لەگەڵیان لە هەندێ لە ڕێنماییەکانیان مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولِمُسْلِمٍ عَن ابنِ مَسعُودٍ أنَّ رَسولَ اللهِ ﷺ قَالَ: (هَلَكَ المُتَنَطِّعُونَ) قَالَهَا ثَلَاثًا[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە موسلیمەوە لە ئیبن مەسعود بێگومان پێغەمبەر ﷺ سێ جار فەرمووی: لەناو چوون ئەوانە کە زۆر قووڵ دەبنەوە لە وتەو کردەوەکانیان (بە ڕادەیەك لە ڕێگای دەردەچن).

•••••••••••••••

خەطابی وتوێەتی: (**المُتنَطِع**): ڕۆچوونە لە شتێکدا کە زۆر لە خۆی دەکات، لەسەر مەزهەبی ئەهلی کەلام کە ڕۆچوون لە بواریکدا پەیوەندی بە ئەوانەوە نیە، قوڵبوونەتەوە لە شتێکدا عەقڵیان دەرکی پێ ناکات.

وە لە (**التنطع**): خۆگرتنەوە لە موباح بە ڕەهایی، وەك کەسێك ڕێگری لە نەفسی خۆی بکات لە خواردنی گۆشت نان و واز لە جلوبەرگی کەتان و لۆکە بهێنێت، تەنها خوری لەبەر بکات، وە ڕێگری لە نەفسی خۆی بکات لە زەواج کردن، وا گومان ببات ئەمە لە زوهدی چاك و پەسەندە. (تقی الدین) وتوێەتی: ئەمە کەسێکی نەفام و گومڕایە.

ئیبنولقەییمیش وتوێەتی: غەزالی وتوێەتی: ئەوانەی قووڵ دەبنەوەو زیادەڕەوی دەکەن لە بەدواداچوون و بەشوێندا گەڕان.

ئەبو سەعادات وتوێەتی: (**التنطع**) ئەوانەی زۆر قووڵ بوونەتەوەو زیادەڕەویان کردوە لە قسەکردندا، ئەوانەشی قسە دەکەن بە ئەوپەڕی قورگیان، لە (**النطع**) وەرگیراوە، ئەویش بریتیە بۆشایی سەرەوە لەناو دەم، پاشان بەکار هێنراوە بۆ هەموو کەسێك قووڵ دەبێتەوە لە گوفتارو کرداردا.

نەوەوی وتوێەتی: کەراهەتی قوڵبوونەوەی تێدایە لە قسەکردن بە دەم پان کردنەوەو زۆر لە خۆ کردن بۆ ئەوەی بە ڕەوان بێژی قسە بکات و وشە نامۆو غەریبەکان بەکار بهێنێت لە کاتی قسە کردنی لەگەڵ نەفام و عەوامەکان و جگە لەوانیش.

---

(١)أخرجه مسلم في العلم (٢٦٧٠) عبد الباقي.

وتەی: (**قَالَهَا ثَلَاثًا**) ئەم وشەیەی سێ جار دووبارە کردەوە، وەك زیادەڕەوی لە فێرکردن و گەیاندندا، بێگومان زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی گەیاندی، دروود و سەلامی خوای لەسەر بێت، وە لەسەر هاوەڵانی و هەموو شوێنکەوتوانی (تا ڕۆژی دوایی) بە گشتی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: بێگومان هەرکەسێك لەم باسە و دوو باسەکەی دواتر تێگەیشتبێ، غەریبی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێت، وە تواناو دەسەڵاتی خوای بۆ دەردەکەوێت لە گۆڕینی دڵەکان و چەندین شتی سەرسووڕهێنەری دیکە.

دووەم: زانینی یەکەم هاوبەشدانان کە لەسەر زەویدا ڕوویدا ئەو گومانە بوو کە بە هۆی پیاووچاکانەوە دروست بوو.

سێیەم: ناسینی یەکەم شتێ کە ئاینی پێغەمبەرانی پێ گۆڕدرا، وە ئەوەشی کە بووبە هۆکاری، سەرەڕای زانینی ئەوەی کە خوا ناردونی.

چوارم: قبوڵکردنی بیدعەو داهێنان، لەگەڵ ئەوەی شەریعەتەکان و سروشتی ئادەمی ڕەتی دەکەنەوە.

پێنجەم: هۆکاری هەموو ئەوانە تێکەڵکردنی حەق بوو بە ناحەق بە دوو شت: یەکەم: خۆشویستنی پیاو چاکان. دووەم: کاری هەندێ لە زانایان و خواناسان، مەبەستیان پێی خێر و چاکە بوو، خەڵکانێك لە دوای ئەوان هاتن گومانیان وابوو کە مەبەستێکی دیکەیان هەبووبێت.

شەشەم: ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتەی کە لە سورەتی نووحدا هاتووە.

حەوتەم: ناسینی سروشتی مرۆڤ لەو ڕووەی کە خودی حەق لە دڵیدا کەم دەبێت و پووچیش زیاد دەکات.

هەشتەم: ئەمە بەڵگەی تێدایە لەوەی گوازراوەتەوە لە پێشین: کە بیدعە هۆکاری بێ بڕوایيە.

نۆیەم: شەیتان دەزانێت کە سەرئەنجامی بیدعە بەرەو کوێ دەڕوات، ئەگەرچی مەبەستی بکەریش باش بێت.

دەیەم: ناسینی یاسای گشتی، ئەویش بریتیە لە قەدەغەکردن لە زیادەڕەوی، وە زانینی دەرئەنجامەکەیشی کە بەرەو کوێ دەچێت. (واتە: بەرەو هاوبەشدانان).

یازدەیەم: زیانی مانەوە لەسەر گۆڕ بە نیازی کردەوەی چاك.

دوازدەیەم: زانینی قەدەغەکردن لە دانانی بتەکان و حیکمەت لە لابردنیان.

سیازدە: زانینی قەدرو ڕێزی ئەم چیرۆکە، وە ئەوپەڕی پێویست بوون پێی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی لێی بێ ئاگان.

چواردە: ئەوە عەجیب و سەرسوڕهێنەرە کە ئەو هاوبەشدانەرانە لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرمودەدا هەموو ئەوانە دەخوێننەوەو لە ماناکەیشی تێدەگەن، بەڵام خوا ﷻ بەربەستی دروست کردوە لەنێوان خۆیان و دڵەکانیاندا، تا بڕوایان وابووە کە بێگومان کرداری گەلی نوح چاکترین عیبادەتە، وە بڕوایان وابووە ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕێگریان لێ کردوە ئەوە کوفرە و حەڵاڵ کەری خوێن و ماڵە. (واتە: ئەگەر کەسێ ڕێگریان لێ بکات بەوەی خوا ڕێگری کردوە لە هاوبەشدانان، ئەوە تەکفیری دەکەن و خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکەن).

پازدە: ئاشکراکردنی ئەوەی هاوبەشدانەران هیچ مەبەستێکیان نەبووە لە پەرستنی غەیری خوا جگە لە شەفاعەت و تکاکردن بۆیان.

شازدە: گومانیان وابوو ئەو زانایانەی کە ئەو وێنانەیان کێشا، تەنها مەبەستیان ئەوە بوو بپەرستڕێن و بکرێن بە تکاکار.

حەڤدە: ڕوون کردنەوەی مەزن لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ:(لَا تُطْرُونِي كما أَطْرَتْ النَّصَارَى بن مَرْيَمَ) دروودو سەلام لەسەر ئەو زاتەی کە گەیاندویەتی بە گەیاندنێکی ڕوون.

هەژدە: ئاموژگاری پێغەمبەر ﷺ بە لەناو چوون لەوانەی زۆر قووڵدەبنەوە.

نۆزدە: ئاشکراکردنی ئەوەی کە (پەیکەرەکان) نەپەرستران، تا زانستی یەکتاپەرستی لە بیر چویەوە. جا هەر لە باسەکەدا ڕون کردنەوەی ڕێزو حورمەتی زانستی شەرعی و زیانی لە دەستدانی تێدایە.

بیست: هۆکاری نەمانی زانستی شەرعی بریتیە لە مردنی زانایان.



بەشی ١٩

ئەوەی هاتووە لە هەڕەشە تونده دەربارەی ئەو کەسەی پەرستشی خوا دەکات لە لای گۆڕێ پیاو چاکێکدا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: بابُ ما جاءَ مِنَ التَّغليظِ فِيمَن عبَدَ اللهَ عِنْدَ قَبرِ رَجُلٍ صالِح، فَكَيْفَ إذا عَبَدَهُ؟!

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەوەی هاتووە لە بەڵگەی تونڈ لەبارەی ئەو کەسەی پەرستشی خوا دەکات لە لای گۆڕێ پیاو چاکێکدا، جا ئەگەر بپیەرستێت دەبێ چۆن بێت؟

.....

واتە: پیاو چاکەکە، بێگومان پەرستشی پیاو چاك هاوبەشدانانی گەورەیە، وە پەرستشی خوا لە لای گوڕی پیاو چاك هۆکارێکە بۆ پەرستشی، هۆکارەکانی هاوبەشدانانیش قەدەغەکراوە، چونکە سەرئەکێشێ بۆ هاوبەشدانانی گەورە ئەویش مەزنترین گوناهە.

فەرموودەی دایکی سەلەمە لە کەنیسەی حەبەشە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في الصحيح: عن عَائِشَةَ أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتْ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ وما فيها من الصُّوَرِ. فقال ﷺ:(أُولَئِكَ إذا مَاتَ فِيهِمْ الرَّجُلُ الصَّالِحُ أَوْالْعَبْدُ الصَّالِحُ، بَنَوْا على قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فيه تِلْكَ الصُّوَرَ أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ)[1]. فهؤلاء جمعوا بين الفتنتين: فتنة القبور وفتنة التماثيل.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحدا هاتووە لە عائشەوە بێگومان دایکی سەلەمە باسی کەنیسەیەکی کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ بینی بووی لە زەوی حەبەشە، وە ئەوەشی تێدایە لە وێنە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەوانە ئەگەر پیاوێکی چاك یان بەندەیەکی چاك لەناویاندا بمردایە، لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان دروست دەکرد، وە وێنەی ئەو پیاو چاکانەیان تێیدا دەکێشا، ئا ئەوانە خراپترین و بەدبەختریني ناو خەڵکین لە لای خوا) ئا ئەوانە دوو فیتنەیان پێکەوە کۆکردەوە: فیتنەی گۆڕەکان و فیتنەی بت و پەیکەرەکان.

.....

---

(١)أخرجه البخاري في الصلاة (٤٢٧) فتح، ومسلم في المساجد (٥٢٨) عبد الباقي.

وتەی: (**في الصحيح**) واتە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا.

وتەی: (**أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ**) ئەویش هندی کچی ئەبی ئومەییەی کوڕی موغیرەی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی عەمری کوڕی مەخزومی (**القرشي المخزومي**)یە، پێغەمبەری خوا ﷺ زەواجی لەگەڵدا کرد لە دوای باوکی سەلەمە لە ساڵی چوارەم، وە وتراوە لە ساڵی سێیەم، دایکی سەلەمە لەگەڵ باوکی سەلەمە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لە ساڵی شەست و دوو کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**ذَكَرَتْ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ**) وە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە دایکی حەبیبەو دایکی سەلەمە بۆ پێغەمبەریان باسکردوە، وە (**الكنيسة**) پەرستگای گاورەکانە.

وتەی: (**أُولَئِكِ**) بە (کسر)ەی (کاف) دواندنە لەگەڵ ئافرەت.

وتەی: (**إذا مَاتَ فِيهِمْ الرَّجُلُ الصَّالِحُ أَوْالْعَبْدُ الصَّالِحُ**) ئەمە گومانە لە لایەن هەندێ لە گێڕەرەوەکانی فەرموودە (مەبەستی لەو دوو دەستەواژەیە (**الرَّجُلُ الصَّالِحُ أَوْالْعَبْدُ الصَّالِحُ**) گومانیان هەبوو کامەیانی فەرموودە) خوا زاناترە: ئایا پێغەمبەر ﷺ ئەمەی فەرموودە یان ئەوەی فەرموودە؟ ئەمەش پشکنین و وردبوونەوەیە لە گێڕانەوەدا، وە دروستی و ڕێگەپێدانی گێڕانەوەیە بە مانا (الروایه بالمعنی).

وتەی: (**وَصَوَّرُوا فيه تِلْكَ الصُّوَرَ**) ئاماژە کردنە بەوەی کە دایکی سەلەمەو دایکی حەبیبە باسی ئەو وێنانەیان کردوە کە لەناو کەنیسەکەدایە.

وتەی: (**أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ**) ئەمەش قەدەغەکردنی دروستکردنی مزگەوت دەخوازێ لەسەر گۆڕەکان، پێغەمبەر ﷺ نەفرینی کردوە لەوەی ئەو کارەی کردوە، وەك لە داهاتوویەکی نزیکدا باسی لێوە دەکرێت.

بەیزاوی وتویەتی: کاتێ کە جولەکەو گاورەکان سوژدەیان دەبرد بۆ گۆڕی پێغەمبەرەکانیان وەك گەورە دانانێ بۆ پلەو پایەیان، وە دەیانکردن بە قیبلەو ڕووگە لە نوێژەکانیاندا ڕوویان تێ دەکردن، وە کردونیان بە بتانێك نەفرینی خوایان لێ بێت.

قورطوبی وتویەتی: لە بەر ئەوە پێشینیان ئەو وێنانەیان کێشاوە بۆ ئەوەی شوێنیان بکەون و بیر لە کردەوە چاکەکانیان بکەنەوە، تا وەکو ئەوان کۆشش و کردەوەی چاك بکەن، وە پەرستشی خوایان دەکرد لەلای گۆڕەکانیان، پاشان لە دوای ئەوان خەڵکانێکی دیکە هاتن لە مەبەستی پێشینی خۆیان تێنەگەیشتن، شەیتان ختورەی بۆ کردن کە گوایە پێشینیان ئەو وێنانەیان دەپەرست و بە مەزنیان دادەنا، جا پێغەمبەر ﷺ مەترسیداو لە دووبارە بوونەوەی هاوشێوەی ئەو کارە، ئەمیش وەك داخستنی هۆکارێك کە دەیبات بەرەو لای پەرستن و هاوبەشدانان بۆ غەیری خوا.

وتەی: (**فهؤلاء جمعوا بين الفتنتين: فتنة القبور وفتنة التماثيل**) ئەمەش لە وتەی شێخی ئیسلامە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وەك ئاگادار کردنەوەیەك لەسەر ئەوەی ڕوویداوە لە سەختی فیتنە بەهۆی گۆڕەکان و پەیکەرەکان، چونکە بێگومان توش بوونی فیتنە بە گۆڕەکان وەك توش بوونی فیتنە وایە بە بت و پەیکەرەکان، یان سەختتر لەوە.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: ئەمە ئەو هۆکارەیە کە لەپێناویدا پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوە کە مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست بکرێت، چونکە ئەوە زۆرێك لە ئوممەتەکانی خستە ناو: یان لە هاوبەشدانانی گەورە، یان لە هاوبەشدانانێك لەخواری ئەوەوە، بێگومان نەفس و دەروونەکان هاوبەشیان دانا بەهۆی پەیکەری پیاوچاکان، وە پەیکەرانێ کە پێیان وابوو ئەوانە تەڵەسومی ئەستێرەکانن، وە وێنەی ئەوانەش، جا هاوبەشدانان بە گۆڕی پیاوێك کە بڕوای وابێ پیاوێکی چاکە نزیکترە بەلای دەرونەکانەوە لە هاوبەشدانان بەدارێ یان بە بەردێ.

ئا لەبەر ئەمەیە دەبینی هاوبەشدانەران لەلای گۆڕەکاندا دەڵاڵێنەوە و ملکەچی و خۆبەکەمزانینیان بۆ دەنوێنن، بەجۆرێ پەرستش ئەنجام دەدەن کە نە لەماڵەکانی خوا نە لەکاتی بەرە بەیاندا ئەنجامی نادەن، بەڵکو تیایاندا هەیە سوژدە بۆ گۆڕەکان دەبات، زۆربەیشیان پێیان وایە نوێژ کردن و پاڕانەوە لەو شوێنانەدا بەرەکەتی هەیە، کە لە مزگەوتەکاندا وا هیوا ناخوازن، جا لەبەر ئەم زیانە پێغەمبەر ﷺ ئەوەی یەکلا کردۆتەوە، تەنانەت نوێژ کردنی لە گۆڕستاندا بەڕەهایی قەدەغە کردوە، ئەگەرچی نوێژکەر مەبەستی پیرۆزی ئەو شوێنە نەبێ لە نوێژ کردنیدا، هەر وەك چۆن لە نوێژەکەیدا مەبەستی پیرۆزی و بەرەکەتی مزگەوتەکانە، هەر وەك چۆن لەکاتی خۆرهەڵهاتن و خۆرئاوابووندا نوێژی قەدەغە کردوە، چونکە لەو کاتانە هاوبەشدانەران نوێژ بۆ خۆر دەکەن، لەو کاتانەدا نوێژی قەدەغە کردوە لە ئوممەتەکەی، ئەگەرچی مەبەستیش لەو نوێژەدا ئەوە نەبێ کە هاوبەشدانەران ئەنجامی دەدەن، ئەمیش وەك داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکان. بەڵام ئەگەر کەسێك مەبەستی لە نوێژ کردن لەلای گۆڕەکان ئەوە بێ کە پیرۆزی و تەبەروك وەربگرێ بە نوێژەکەی لەو شوێنەدا ئەمە خودی دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، وە پێچەوانەی ئاینەکەیشێتی، وە داهێنانی ئاینێکە کە خوا ﷻ مۆڵەتی پێ نەداوە. بێگومان موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە زانیویانە لە ئاینی پێغەمبەر ﷺ : نوێژ کردن لە لای گۆڕەکان قەدەغەی لێکراوە، وە پێغەمبەر نەفرینی کردوە لەو کەسەی مزگەوتی لەسەر دروست دەکات، جا لەگەورەترین داهێنانەکان و هۆکاری هاوبەشدانان: نوێژ کردنە لە لای گۆڕەکانیان و کردنیانە بە مزگەوت، وە دروستکردنی مزگەوتە لەسەریان. ئایەتەکان بە تەواوتور هاتن لە پێغەمبەرەوە بە قەدەغەکردن لەو کارەو جەختکردنەوە لە سەری، سەرجەم دەستە و کۆمەڵەکانیش بە ڕاشکاوی ڕای خۆیان وتووە بە قەدەغەکردنی دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان، ئەمیش وەك شوێنکەوتنێکیان بۆ سوننەتی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ، وە هاوەڵانی ئەحمەدو غەیری ئەوانیش لە هاوەڵانی مالیك و شافعی ئەو کارەیان قەدەغە کردوە بەڕاشکاوی، وە دەستەیەکیش ئەوەیان بە کەراهەت زانیوە، وە ئەوەیشی پێویستە ئەوە بەکەراهەتی تەحریم لە قەڵەم بدرێ، ئەمیش وەك گومان باش بردن بە زانایان، وە لەبەر ئەوەی وا گومان نەبرێ پێیان کە ئەوان مۆڵەتیان بەکارێك داوە کە بە تەواتور لەلایەن پێغەمبەرەوە هاتووە بە نەفرین کردن لە بکەرەکەی و قەدەغەکردن لێی.

فەرموودەی عائیشە: نەفرینی خوا لە جولەکەو گاورەکان گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما عنهما أي عن عَائِشَةَ قالت: لَمَّا نُزِلَ بِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً له على وَجْهِه، فإذا اغْتَمَّ بها كَشَفَهَا فقال وهو كَذَلِكَ: (لَعْنَ اللَّهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ) يُحَذِّرُ ما صَنَعُوا. ولَوْلَا ذلك أُبْرِزَ قَبْرُهُ، غير أَنَّهُ خشِيَ أَنْ يُتَّخَذَ مَسْجِدًا[1].أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە بوخاری و موسلیمەوە لە عائیشەو (ئیبن عەباسەوە)، لە عائیشەوە وتی: کاتێ پێغەمبەر ﷺ لە سەرەمەرگدا بوو، پارچەیەکی خەت خەتی دەدا بەسەر ڕوخساریدا، کاتێ تەنگە نەفەس ببوایەت لای دەبرد، جا بەو حاڵە ناخۆشەوە فەرمووی: (نەفرینی خوا لە جولەکەو گاورەکان گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت) موسڵمانانی ئاگادار کردەوە لەوە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە گۆڕەکەی دەکرا بە مەزارگە و شتی تر لە دەرەوە دەنێژرا، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ترسا گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت. بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

.....

وتەی: (**ولهما**) واتە: بوخاری و موسلیم. ئەوەندە بەسە کە لە کۆتاییدا نوسیویەتی گێڕاویانەتەوە.

وتەی: (**لَمَّا نُزِلَ**) بە (**ضم**)ی (نون)و (کسر)ی (**زاي**). واتە: فریشتەی ڕۆحکێشان و فریشتە بەڕێزەکان دابەزێنران (بۆ ڕۆح کێشانی).

وتەی: (**طَفِقَ**) بە (کسر)و بە (فتح)ەی (**فاء**)، (کسر)ە پاراوترە، بەوشێوەش لە قورئاندا هاتووە، ماناکەشی بریتیە لە: داینـاوە، یان دەیکرد،

وتەی:(**خَمِيصَةً**) بە (فتح)ەی (خاء)و (صاد) پارچە قوماشێکی خەت خەتە، یان نیشانەدارە.

وتەی: (**فإذا اغْتَمَّ بها كَشَفَهَا**) واتە: لە ڕوخساری.

وتەی: (**لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ**).) ڕوونی دەکاتەوە هەرکەسێك کارێکی لەو جۆرە بکات نەفرین دایدەگرێ وەك چۆن جولەکەو گاورەکانی داگرت.

وتەی: (**يُحَذِّرُ ما صَنَعُوا**) بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ ئەمە قسەی عائیشە بێت، چونکە تێگەیشت لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ کە ئاگادار کردنەوەی ئوممەتەکەبەمەبەستە لەو ڕەفتارەی کە جولەکەو گاورەکان لەسەر گۆڕی پێغەمبەرەکانیان ئەنجامیان دەدا، بێگومان ئەوە زیادەڕەویە لە پێغەمبەراندا و لە مەزنترین ئامرازەکانە بۆ هاوبەشدانان، لە غەریبی ئیسلام ئەوەیە کە بەڕاستی ئەو ڕەفتارەی کە پێغەمبەر ﷺ نەفرینی لە بکەرەکانی کردوە و ئوممەتەکەی لێ ئاگادار کردۆتەوە کە کاری لەو جۆرە نەکەن، لەگەڵ پێغەمبەران و پیاو چاکانی ئوممەتەکەیاندا، بێگومان خەڵکێکی زۆر لە کۆتایی ئەم ئوممەتە ئەوەیان کردوە، وە بڕوایان وا بووە ئەوە نزیك بونەوەیە لە خوا ﷻ، بێگومان ئەوە لە مەزنترینی گوناهو تاوانەکانە، ئەوان هەستیان بەوە نەکردوە کە ئەو کارە دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی.

---

(١)أخرجه البخاري في الصلاة (٤٣٥ و ٤٣٦) فتح، ومسلم في المساجد (٥٣١) عبد الباقي.

قورطوبی لە مانای فەرمودەکەدا وتویەتی: هەموو ئەوانە بۆ بڕین و نەهێشتنی ئەو هۆکارەیە کە دەیبات بۆ لای پەرستنی ئەوەی لەناو گۆڕەکاندایە، هەروەکو چۆن هۆکارێك بوو بۆ پەرستنی بت و پەیکەرەکان.

چونکە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان پەرستنی گۆڕو ئەوەی تێیدایەو پەرستنی بت و پەیکەر، سەرنجی فەرمایشتی خوا ﷻ بدە دەربارەی پێغەمبەرەکەی یوسفی کوڕی یەعقوب کاتێ فەرمووی: ﴿وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ﴿٣٨﴾﴾ یوسف. (واتە: وە شوێنی ئاینی باوو باپیرانم کەوتووم کە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبن ڕەواو شیاو نیە بۆمان کە هیچ شتێ بکەین بە هاوبەش بۆ خوا) نەناسراوە لە سیاقی نەفیدا هاتووە، ئەمەش هەموو هاوبەشدانانێ دەگرێتەوە.

وتەی عائیشە: (**لَوْلَا ذلك**) واتە: ئەگەر هۆشیاری نەدرایە لەوەی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بکرێ بە مزگەوت، ئەوە لە دەرەوەی ماڵی عائیشە دەنێژرا لەگەڵ گۆڕی هاوەڵاندا کە گۆڕستانەکەیان لێ بەقیع بوو.

وتەی عائیشە: (**غير أَنَّهُ خشِيَ أَنَّ يُتَّخَذَ مَسْجِدًا**) ڕیوایەت کراوە بە (فتح)ەو (ضم)ەی (خاء)، جا لەسەر (فتح)ە مانای ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ خۆی ترساوە لەوەو فەرمانی پێ کردوون لەو شوێنەدا بینێژن کە تێیدا کۆچی کردوە. وە لەسەر ڕیوایەتی (ضم) پێ دەچێ هاوەڵان لەوە ترسابێتن کە ئەو ڕەفتارە لەهەندێ لە ئوممەت ڕووبدات، بۆیە لە ماڵی عائیشە ناشتویانە، لە مەترسی ئەوەی کە هەندێ لە ئوممەت توشی زیادەڕەوی و بەمەزنداناان نەبن، بەوەی قەدەغەکراوەو نەفرین لە بکەرەکەی کراوە.

قورطوبی وتویەتی: وە لەبەر ئەمە موسڵمانان جەختیان کردۆتەوە لە داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکان لەبارەی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دیواری تەنیشت گۆڕەکەیان بەرز کردۆتەوە، وە دەرگای چوونە ژورەوە بۆلایان داخستووە، وە گۆڕەکەیان بە دیوار تەنیوە، پاشان ترساون لەوەی جێگای گۆڕەکەی بکرێ بە قیبلەو ڕووگە، ئەگەر ڕووی لە نوێژکەران بوایە، ئەوە وێنای نوێژ دەکرا بۆی بە وێنەی عیبادەت، بۆیە دوو دیواریان دروست کرد لەلای هەردوو پایەی باشوری گۆڕەکە، وە خستویانەتە کەنار تا گەشتوون بەیەك لەسەر سوچێکی سێ گۆشە لە لای باشورەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێك نەتوانێ ڕوو لە گۆڕەکەی بکات.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە دەربارەی ئەو کەسەی مزگەوتێکی دروست کردوە لەسەر گوڕی پیاوچاکێك عیبادەتی خوای تێدا دەکرێ، ئەگەر چی نیەتی بکەریش چاك بێت.

دووەم: قەدەغەکردنی پەیکەرەکان بە توند کردنەوەی فەرمان.

سێیەم: ڕێگری کردنی پێغەمبەر ﷺ لەو کارە لە لای گۆڕەکەی، پێش ئەوەی گۆڕەکەی بوونی هەبێت.

چوارەم: ئەو کارە لە ڕێگاو ڕێبازەکانی جولەکەو گاورەکانە دەربارەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان.

پێنجەم: نەفرین کردنی پێغەمبەر ﷺ لێیان لەسەر ئەو کارە.

شەشەم: مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بوو ئێمە ئاگادار بکاتەوە لە گۆڕەکەی.

حەوتەم: ئەوە هۆکاری دەرنەخستنی گۆڕەکەی بوو.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولمسلم عَن جُنْدَبٌ بن عبد الله قال سمعت النَّبِيَّ ﷺ قبل أَنْ يمُوتَ بِخَمْسٍ، وهو يقول: (إني أَبْرَأُ إلى اللَّهِ أَنْ يَكُونَ لي مِنكُمْ خَلِيلٌ. فإن اللَّهَ قد اتَّخَذَنِي خَلِيلاً، كما اتَّخَذَ إبراهيم خَلِيلاً وَلَوْ كنت مُتَّخِذًا من أُمَّتِي خَلِيلاً لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلاً، ألا وَإِنَّ من كان قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، ألا فَلا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ، إني أَنْهَاكُمْ عن ذلك) [1].

فقد نَهَى عَنْهُ فِي آخِرِ حَيَاتِهِ.

ثمَّ إِنَّهُ لَعَنَ -وهو في السِّياق- مَنْ فَعَلَهُ. والصلاة عندها من ذلك، وإن لم يبن مسجد. وهو معنى قولها: خشي أن يتخذ مسجداً، فإن الصحابة لم يكونوا ليَبْنُوا حَول قبرِهِ مَسجِداً. وكل موضع قصدت الصلاة فيه فقد اتخذ مسجداً، بل كل موضع يُصلى فيه يسمى مسجداً، كما قال ﷺ: (جُعِلَتْ لي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت: جوندوبی کوڕی (عبد الله) وتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێ، دەیفەرموو: (من خۆم بەری دەکەم لای خوا لەوەی یەکێك لە ئێوە بکەم بە خەلیلی خۆم). بەڕاستی خوا منی کردوە بە خەلیل، وەك ئیبراهیمی کرد بە خەلیل، ئەگەر من کەسێکم لە ئوممەتەکەم بکردایەتە خەلیلی خۆم، ئەوە ئەبو بەکرم دەکرد بە خەلیل، ئاگادار بن ئەوانەی لە پێش ئێوە بوون گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، ئاگادار بن گۆڕەکان مەکەن بە مزگەوت، چونکە من قەدەغەی ئەوەتان لێ دەکەم).

لە کۆتایی ژیانیدا ئەو کارەی قەدەغە کرد.

پاشان پێغەمبەر ﷺ نەفرینی کردوە لەو کەسەی ئەو کارە دەکات (کاتێك لە سەرمەرگدا بووە) نوێژ کردنیش لە پاڵیدا هەمان شتە، ئەگەر چی مزگەوتیشی لەسەر دروست نەکرابێت، ئەویش مانای وتەکەی عائیشەیە کە وتی: (ترسا لەوەی بکرێتە مزگەوت) بێگومان هاوەڵان لە دەوری گۆڕەکەی مزگەوتیان بونیاد نەدەنا، هەر جێگایەك مەبەست نوێژ کردن بێت تێدا، ئەوە کراوە بە

---

(١) مسلم (٥٣٢)

(٢)البخاري (٣٣٥)، ومسلم (٥٢١) من حديث جابر.

مزگەوت، بەڵکو هەموو جێگایەك نوێژی تێدا بکرێت، ناو دەبرێت بە مزگەوت، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت و پاککەرەوەش).

••

وتەی: (**عَن جُنْدُب بن عبد الله**) واتە: کوڕی سوفیانی بەجەلی، دەدرێتە پاڵ باپیرەی، هاوەڵێکی بەناوبانگ بووە، لە دوای شەست ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (**إني أَبْرَأُ إلى اللَّهِ أَنْ يَكُونَ لي مِنْكُمْ خَلِيلٌ**) واتە: خۆم دەگرمەوە لەوەی کە بۆ من دروست نیە ئەنجامی بدەم، (**الخُلة**) لەسەروی خۆشەویستیەوەیە(**المحبة**) (الخليل)یش خۆشویستراوە بە ئەوپەڕی خۆشویستی، لە (**الخَلة**) وەرگیراوە بە (فتح)ەی (**خاء**) ئەویش چوونی تەواوی خۆشەویستیە بۆ ناو دڵ (هەروەك چۆن ئاو تەواوی جەستە دابگرێ) وەك شاعر وتویەتی:

قد تخللت مسلك الروح مني ..... وبذا سمى الخليل خليلاً

ئەمە مانای تەواوێتی یە وەك چۆن شێخی ئیسلام و ئیبنولقەییم و ئیبنو**کثیر** جگە لەوانیش باسیان کردوە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

قور**طوبی** وتویەتی: لەبەر ئەوە بەو شێوەیەیە، چونکە دڵی پێغەمبەر ﷺ پڕ بووە لە خۆشویستنی خوا و بە مەزندانانی و ناسینی جێی خۆشەویستێکی تری تێدا نابێتەوە جگە لە خوا.

وتەی: (**فإن اللَّهَ قد اتَّخَذَنِي خَلِيلًا**) بەڕوونی ئەوە دەگەیەنێت کە (**الخُلة**) لەسەروی خۆشەویستی یە.

ئیبنولقەییەم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بەڵام ئەوەی هەندێ لە هەڵەکاران گومانی بۆ دەبەن کە دەڵێن خۆشەویستی (**المحبة**) تەواو تری لە (**الخُلة**) ئیبراهیمیش خەلیلی خوایە، موحەمەدیش (حبیب) خۆشەویستی خوایە، ئەوە لە نەفامیانەوەیە، چونکە (**المحبة**) خۆشەویستی گشتگیرە، وە (**الخُلة**) تایبەتیە، بریتیە لە ئەوپەڕی خۆشەویستی، بێگومان پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە کە بەڕاستی خوا کردوویەتی بە خەلیلی خۆی، وە ڕەتی کردوەتەوە کە خەلیلی هەبێت جگە لە پەروەردگاری، لەگەڵ ئەوەی هەواڵی داوە بە (حب) و خۆشویستنی عائیشە و باوکی و عومەری کوڕی خەطاب و موعازی کوڕی جەبل و جگە لەوانیش. هەروەها خوا تەوبەکارانی خۆش دەوێت، وە پاکانی خۆش دەوێت، ئارامگرانیشی خۆش دەوێت، وە (**الخُلة**) تایبەتە تایبەتە بەو دووانە.

وتەی: (**وَلَوْ كنت مُتَّخِذًا من أُمَّتِي خَلِيلًا لَاتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلًا**) ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەبو بەکر چاکترینی ناو هاوەڵانە.

ئەو باسە بەرپەرچدانەوەی تێدایە لەسەر ڕ**افیضە** و جەهمیەکان ئەو دووانە خراپترینی ناو بیدعەکارانن، هەندێ لە زانایانی پێشین لە حەفتاو دوو دەستەکە دەریان هێناون، وە بە هۆی ڕ**افیضەوە** هاوبەشدانان و پەرستنی گۆڕەکان ڕویدا، ئەوان یەکەم کەس بوون مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکان دروست کرد، دانەر ئەمەی وتووە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، هەروەکو ئەوەیە کە وتویەتی بێ گومان.

وە ئاماژەی تێدایە لەسەر خەلافەتی ئەبو بەکر، چونکە هەرکەس خۆشەویستیەکەی زیاتر بوو بۆ کەسێ، ئەوە ئەو لە پێشترە بۆی وەك لە غەیری ئەو، بێگومان لە پێش نوێژیشدا کردی بە جێنشینی خۆی، وە پێغەمبەرﷺ تووڕە بوو کاتێك وترا عومەر پێش نوێژیان بۆ دەکات ئەویش کاتی ئەو نەخۆشیەی بوو کە بە هۆیەوە کۆچی دوایی کرد ﷺ[1].

ناوی (أبو بكر) (عبد الله)ی کوڕی عوسمانی کوڕی عامری کوڕی عەمری کوڕی کەعبی کوڕی سەعدی کوڕی تەمیمی کوڕی موڕەی ڕاستگۆی هەرگەورەیە، جێنشینی پێغەمبەرە ﷺ و چاکترینی ناو هاوەڵانێتی بە یەکدەنگی ئەوانەی گوێ لە قسەیان دەگیرێت لە زانایان، لە جەمادی یەکەم کۆچی دوایی کرد لە ساڵی سیازە، تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو خوای لێ ڕازی بێت.

وتەی: (ألا) پیتی دەستپێکردنە (بۆ جەختکردنەوەیە) (**ألا وَإِنَّ من كان قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ.....**) فەرموودەکە.

خەلخالی وتوێەتی: نکوڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ لە ڕەفتاری ئەوان لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: ئەوان سوژدەیان بۆ گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەبرد وەك بەگەورە دانانیان.

دووەم: ئەوان نوێژیان بە ڕەوا دەبینی لە لای گۆڕی پێغەمبەران و ڕوو تێکردنی لە کاتی نوێژدا، وایان دەزانی بەو کارە خوا پەرستی ئەنجام دەدەن، بەڵام زیادەڕەویان کرد لە بەمەزندانانی پێغەمبەران. یەکەمینیان: هاوبەشدانانی ئاشکرایە. دووەمینیان: هاوبەشدانانی شاراوەیە، ئا لەبەر ئەمەیە شیاوی نەفرین لێکردن بوون.

وتەی: (**فَقد نَهَى عَنْهُ فِي آخِر حَيَاتِهِ**) واتە: وەك لە فەرموودەی جوندوبدا هاتووە، ئەمەش لە وتەی شێخی ئیسلامە، بەهەمان شێوە دوای ئەو.

وتەی: (**ثم إنه لعن -وهو في السياق- مَنْ فَعلَهُ**) وەك لە فەرموودەی عائیشەدا هاتووە. (السياق) واتە: لە کاتی مردن).

وتم: چۆن دەگونجێت لە دوای ئەم جەخت کردنەوەیە لە لایەن پێشەوای پێغەمبەران گۆڕەکان بە مەزن دابنرێن و خانوویان لەسەر دروست بکرێت و نوێژیان لە لادا بکرێ، وە بۆ بکرێ؟ ئەمە مەزنترین دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ئەگەر ئەوان عاقڵ بن.

وتەی: (**والصلاة عندها من ذلك، وإن لم يبن مسجد**) واتە: لە کردنی بە مزگەوت کە بکەرەکەی نەفرینی لێکراوە.

ئەمەش قەدەغەکردنی نوێژ لە خۆ دەگرێت لە لای گۆڕەکان، وە بۆیان.

وە لە ئەبی سەعیدی خودریەوە هاتووە بە مەرفوعی: (**الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إلا الْمَقْبَرَةَ وَالْحَمَّامَ**) [2]. (واتە: زەوی هەمووی مزگەوتە جگە گۆڕستان و حەمام) ئیمامی ئەحمەد و خاوەنانی کتێبەکانی (السنن) گێڕاویانەتەوە، ئیبنوحیبان و حاکمیش بە صەحیحیان داناوە.

---

(١)أخرجه البخاري في الأذان (٧١٣) فتح، ومسلم في الصلاة (٤١٨) عبد الباقي.

(٢)أخرجه أبو داود في الصلاة (٤٩٢)، والترمذي في الصلاة (٣١٧)، وابن ماجه في المساجد.

ئیبنولقەییم وتویەتی: وە بەگشتی هەرکەسێك زانیاری هەبێت بە هاوبەشدانان و هۆکارەکانی و تێگەیشتبێ لە مەبەستەکانی پێغەمبەر ﷺ، بەجۆرێك یەکلا دەبێتەوە هیچ گومانێك هەڵناگرێ کە ئەم جەختکردنەوەو نەفرینەو قەدەغەکردنە بە دەستەواژەی (**لا تَفْعَلوا**) وە دەستەواژەی (**إني أنهاكم عن ذلك**) لە پێناو ئەوەدا نیە گۆڕستان پیسە، بەڵکو ئەوە لەبەر پیسی ئەو هاوبەشدانانەیە کە تووشی ئەو کەسە دەبێت سەرپێچی کردوە و کارێکی ئەنجامداوە خوا قەدەغەی لێکردوە، وە شوێنی هەواو هەوەسی خۆی کەوتووە، لە پەروەردگاری نەترساوە، بەشی کەمە یان هەر نیە لە (**لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله**) بێگومان ئەم قەدەغە کردنە و وێنەکانی لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ پاراستنی سنوری یەکتاپەرستی یە تا هاوبەشدانان پێوە نەنووسێ و داینەپۆشێ، وە خۆداڕنینە بۆی و تورە بوونە لەبەر پەروەردگاری کە غەیری ئەو هاوتا بکرێت لەگەڵیدا، هاوبەشدانەران جگە لە سەرپێچی فەرمانەکانی و ئەنجامدانی قەدەغەکراوەنی هیچی تریان نەویست، شەیتانیش فریویدان بەوەی ئەم کارە بە مەزندانانی گۆڕی مەشایخ و پیاوچاکانە، هەر کاتێ ئێوە زیاتر بە مەزنیان دابنێن و زیادەڕەوی لە بەمەزندانانیاندا بکەن ئەوە بە نزیکیان بەختەوەر دەبن، وە لە دوژمنانیان بە دوورتر دەبن، سوێند بە خوا، لەم دەرگایەوە شەیتان چووە ژوورەوە بۆ لای ئەوانەی یەغوث و یەعوق و نەسریان پەرست، وە چووە ژورەوە بۆ لای ئەوانەی پەیکەرو بتەکانیان دەپەرست لەو کاتەوە کە بوون تا ڕۆژی دوایی، هاوبەشدانەران کۆ کردنەوەیان کرد لە نێوان زیادەڕەوی تیایاندا و تانەدان لە ڕێگاکەیان، خوا هیدایەتی یەکتاپەرستانی دا بۆ گرتنەبەری ڕێگای پیاوچاکان لەو پلەو پایەدا دایانان کە خوا تیایدا دایانبوو لە بەندایەتی کردن و داڕنینی تایبەتمەندیەکانی پەرستراوێتی لێیان.

ڕاڤەکەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: وە لەوانەی بە ترسانی تووش بوون بە شیرك هۆکاریان هێناوەتەوە: ئیمامی شافیعی و ئەبو بەکری ئەثرەم و ئەبو موحەممەدی مەقدیسی و شێخی ئیسلام و غەیری ئەوانیش ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، ئەوەش ئەو حەقەیە کە هیچ گومانێکی تێدا نیە.

وتەی: (**فإن الصحابة لم يكونوا ليبنوا حول قبره مسجداً**) واتە: کاتێ زانیان پێغەمبەر ﷺ جەختیکردوەتەوەو بە سەختی ئەو کارەی قەدەغە کردوە، نەفرینیشی کردوە لە بکەرەکەی.

وتەی: (**وكل موضع قصدت الصلاة فيه فقد اتخذ مسجداً**) واتە: ئەگەر چی مزگەوتیش بونیاد نەنرابێ، بەڵکو هەر شوێنێ نوێژی تێدا بکرێ پێی دەوترێ مزگەوت، واتە: ئەگەر مەبەستیشی ئەوە نەبێ، وەك چۆن ئەگەر کەسێك کاتی نوێژ هات نوێژەکەی خستە ئەو شوێنەی کە کاتی نوێژ هاتووە بە بێ ئەوەی مەبەستی ئەو شوێنە بێت بەتایبەتی کە نوێژی تێدا کردوە، ئەوە تەنها بە ئەنجامدانی نوێژ تیایدا ئەو شوێنە دەبێت بە مزگەوت.

وتەی: (**كما قال ﷺ: (جُعِلَتْ لِي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا)**[1]. واتە: زەوی ناو ناوە مزگەوت، دروستە نوێژ کردن لە هەموو بەشێکیدا جگە لەو شوێنەی کە دروست نیە نوێژی تێدا بکرێ، وەك گۆڕستان و وێنەی ئەوانە.

---

(١)أخرجه البخاري في التيمم (٣٣٥)فتح، ومسلم في المساجد (٥٢١) عبد الباقي.

بەغەوی لە (شرح السنة) وتویەتی: مەبەستی ئەوەیە خاوەن کتێبەکان نوێژیان بۆ ڕەوا نەبووە جگە لە پەرستگاکانیان، خوا بە ڕەوای بینیوە بۆ ئەم ئوممەتە لە هەرکوێ بوون، ئەمیش وەک ئاسانکاریەک و سوککردن وایە بۆیان، پاشان لە هەموو جێگاکان حەمام و گۆڕستان و شوێنی پیسی تایبەت کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولأحمد بسند جيد عن ابن مسعود مرفوعاً (إنَّ مِن شِرَارِ الناس مَن تُدْرِكُهُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاءٌ، والذِينَ يَتَّخِذُونَ القُبُورَ مَسَاجِد)[1]. ورواه أبو حاتم ابن حبان في (صَحيحه).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئەحمەد بە سەنەدێکی چاک هێناویەتی لە ئیبن مەسعودەوە بە مەرفوعی: (بەڕاستی لە بەدترینی خەڵکی ئەو کەسانەن کە قیامەتیان بەسەردا دێت لەکاتێکدا زیندوون، وە ئەو کەسانەش گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت و پەرستگا) ئەبو حاتەمی ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی.

•••••••••••••••••••••••••••

وتەی: (**إنَّ مِن شِرَارِ الناس**) بە(کسر)ەی (شین) کۆی (**شِرِّیر**).

وتەی: (**مَن تُدْرِكُهُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاءٌ**) واتە: سەرەتای ڕۆژی دوایی، وەک دەرچوونی گیان لەبەر و هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، دوای ئەوەش فوو دەکرێ بە صوڕدا بە فوکردنێکی ترس و تۆقین.

وتەی: (**والذِينَ يَتَّخِذُونَ القُبُورَ مَسَاجِد**) (**عطف**) کراوە لەسەر (خبر)ی (إن) لە (محل نصب) دا، لەسەر نیەتی دوبارە بوونەوەی کارتێکەر، واتە: بێگومان لە بەدترینی خەڵکی ئەوانەن کە گۆڕەکان دەکەن بە مزگەوت و پەرستگا، واتە بە نوێژ کردن لایان و بۆیان دروستکردنی مزگەوت لەسەریان، وە لە فەرموودە ڕاستەکاندا لە پێشەوە باس کرا کە بەڕاستی ئەمە لە کار و ڕەفتاری جولەکەو گاورەکانە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردوە لێیان لەسەر ئەو کارە، ئەمیش وەک ئاگادار کردنەوەیەک بۆ ئوممەتەکەی کاری وا نەکەن لەگەڵ پێغەمبەروﷺ پیاوچاکانیاندا، وەک چۆن جولەکەو گاورەکان کردیان، کەچی زۆربەیان بەو نەهیە سەربەرز نەبوون، بەڵکو بڕوایان وابوو ئەم کارە لەخوا ﷻ نزیکیان دەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەوە لەو شتانەیە دووریان دەکاتەوە لە خواو دەریان دەکات لە میهرەبانی و لێخۆشبوونی ئەو، سەرسووڕمان لەوەدایە زۆرێك لەوانەی کە بانگەشەی زانست دەکەن لەم ئوممەتەدا نکوڵی لەو کارە ناکەن، بەڵکو هەندێ جار بە چاکی دەزانن یەکتر هاندەدەن لەسەر ئەنجامدانی، بەڕاستی غەریبی ئیسلام بە تەواوەتی دەرکەوتووەو چاکە بووە بە خراپەو خراپەش بووە بە چاکە، سوننەت بووە بە بیدعەو بیدعەیش بووە بە سوننەت، خەڵکی بچووك لەسەر ئەمە گەشەی کردوەو پیاوی گەورەش لەسەری پیربووە

---

(١)أخرجه أحمد (٣٨٤٤-٤١٤٣)، وابن خزيمة (٧٨٩)، وابن حبان (٦٨٤٧)، والطبراني في الكبير ١٠/ ١٨٨، (١٠٤١٣)، وقال الشيخ الألباني (حسن صحيح) و(التعليقات الحسان) (٦٨٠٨) وأخرج شطره الأول البخاري في الفتن/ ٧٠٦٧/ فتح، ومسلم في الفتن ٢٩٤٩.

شێخی ئیسلام وتوێەتی: بەڵام دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان هەموو دەستە و کۆمەڵەکان بە ڕاشکاوی دەریان بڕیوە کە ئەوە کارێکی قەدەغەکراوە، ئەمەش وەک شوێن کەوتنی فەرموودە ڕاستەکان، وە هاوەڵانی ئێمەو غەیری ئەوانیش لە هاوەڵانی مالیك و شافعی بەڕاشکاوی بە حەرامیان داناوە، وتی: هیچ گومانێك نیە لە قەدەغەکردنی، پاشان چەند فەرمودەیەکی باسکردوە لەو بارەوە تا وتوێەتی: ئەو مزگەوتانەی دروست کراون لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان، یان دەسەڵاتداران و غەیری ئەوانیش پێویستە لا ببرێن بە ڕوخاندن بێت یان بەهەر شێوەیەکی دیکە، پێم وایە لەمەدا هیچ بۆچوونێکی جیاواز لە نێوان زانا بەناوبانگەکاندا نیە.

وە ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: پێویستە ئەو گومەزانەی دروستکراون لەسەر گۆڕەکان بڕوخێنرێن، چونکە لەسەر سەرپێچی پێغەمبەر ﷺ بونیات نراون، بێگومان کۆمەڵێك لە شافعیەکان فتوایان داوە بە ڕوخاندنی ئەو شتانەی لەسەر گۆڕەکان بەرز دەکرێنەوە لەوانەش (ابن الجميزی **والظهير** والترمينی) وە جگە لەوانیش.

وە (**القاضي ابن كج**) وتوێەتی: دروست نیە گۆڕەکان گەچ بکرێن و گومەزو غەیری گومەزیان لەسەر دروست بکرێ، وە وەسیەت کردنیش بەوانە پووچە.

(**الأذرعي**) وتوێەتی: بەڵام وەسیەت کردنی پووچ و بێ مانا بە دروست کردنی گومەزو جگە لەویش خانوو خەرجکردنی ماڵ و سامانێکی زۆر هیچ گومانێك لە قەدەغە کردنیدا نیە.

قورطوبی لە فەرموودەی جابر وتوێەتی: گەچ کردنی گۆڕی قەدەغە کردوە، یان دروست کردنی خانوو لە سەری، وە بەڕواڵەتی ئەم فەرموودە مالیك وتوێەتی: دروستکردنی خانوو لەسەر گۆڕ و گەچ کردنی کەراهەتی هەیە، غەیری ئەویش ڕێگەیان پێداوە، ئەم فەرمودەیەش بەڵگەیە لەسەری.

ئیبنوروشد وتوێەتی: مالیك بونیاد نانی لەسەر گۆڕ بە کەراهەت داناوە، وە دانانی ئەو تاشەبەردەش لەسەری دەنوسرێ لە بیدەعەی خەڵککانی لووت بەرز هەوس بازە، ئەمانەیان داهێنا بە مەبەستی شانازی و خۆهەڵکێشان و ناوبانگ، ئەوە لەوانەیە کە هیچ جیاوازیەکی تێدا نیە.

زەیلەعی لە (شرح الكنز)دا وتوێەتی: بونیاد نانی خانوو لەسەر گۆڕ کەراهەتی هەیە، (**قاضي** خان) باسی کردوە: نابێت گۆڕەکان گەچ بکرێن و خانوویان لەسەر دروست بکرێت، وەك ڕیوایەت کراوە لە ئەبو حەنیفەوە لە پێغەمبەر ﷺ ئەو ڕێگری کردوە لە گەچ کردن و خانوو دروست کردن لەسەر گۆڕ، مەبەستیش لە کەراهەت -لای ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کەراهەتی حەرامکردنە، ئیبنونەجیمیش لە (شرح الكنز)دا باسی کردوە.

شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: بەکەراهەتی دەزانم دروستکراوێك بە گەورە دابنرێت، بەڕادەیەك گۆڕەکەی بکرێت بە مزگەوت و پەرستگا، ئەمەش لەترسی فیتنە لەسەری و لەسەر دوای ئەویش لە خەڵکی. وە لە قسەی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕوون دەبێتەوە کە مەبەستی لە کەراهەت کەراهەتی حەرام کردنە.

ڕاڤەکەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: نەوەوی جەختی کردوەتەوە لە شەرحی (**مُهذب**) بە قەدەغەکردنی خانوو لەسەر گۆڕ بە ڕەهایی، هەروەها لە شەرحی (مسلم)یشدا قەدەغەی کردوە.

ئەبو موحەممەد (عبد الله)ی کوڕی ئەحمەدی کوڕی قودامە پێشەوای حەنبەلیەکان خاوەنی کتێبە گەورەکان وەک (المغنی) و (الکافی) و جگە لەو دوانەش وتویەتی: دروست نیە بونیادنانی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان. چونکە پێغەمبەر فەرموویەتی: (**لَعَن اللهُ اليهودَ والنصارى.....**) واتە: نەفرینی خوا لە جولەکە و گاورەکان بێت.....) بێگومان ڕیوایەتمان کرد سەرەتای پەرستنی بتەکان: بە مەزندانانی مردوەکان و دانانی وێنەکانیان بوو، وە دەست پیاهێنانیان و نوێژ کردن بوو لە لایان.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بەڵام هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان گۆڕستانی تازە یان کۆنەدا، خۆڵەکەی هەڵگەڕابێتەوە یان هەڵنەگەڕابێتەوە، وە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان گۆڕەکەو زەویدا بەربەستێک هەبێت یا نا، لەبەر گشتگیری ناوەکەو گشتگیری هۆکارەکە، وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نەفرینی کردوە لەوانەی گۆڕی پێغەمبەرانیان کردوە بە مزگەوت و پەرستگا، وە زانراوە گۆڕی پێغەمبەران پیس نابن.

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی قەدەغەکردنی نوێژ لە گۆڕستان لەبەر پیسی خۆڵەکەی نیە بەتایبەتی، بێگومان ئەوە لە مەبەستی پێغەمبەرەوە دوورە، پاشان ئەکرێ گوڕێ هەبێ و مزگەوتێکی لەسەر دروست کرابێ جا نوێژ لەو مزگەوتەدا ناکرێ، یەکسانە ئەگەر لەپشتی گۆڕەکە نوێژ بکات یان لە پێشی بە بێ جیاوازی لە مەزهەبدا: چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إنَّ من كان قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ ألا فلا تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ إني أَنْهَاكُمْ عن ذلك**)[1]. واتە: بێگومان خەڵکانێک لە پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرانیان و پیاوچاکانیان دەکرد بە مزگەوت، ئاگادار بن گۆڕەکان مەکەن بە مزگەوت، بەڕاستی من قەدەغەی ئەوەتان لێ دەکەم. گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانی تایبەت کردوە چونکە مانەوەی خەڵکی لەسەر گۆڕەکانیان مەزنترە، وە کردنیان بە مزگەت توندترە، بەهەمان شێوە ئەگەر چی مزگەوتیشی لەسەر دروست نەکرابێ، ئەمە حەقیقەتی خراپەکەی ئەنجامداوە کە قەدەغەکردنی نوێژ لە لای گۆڕەکان لەو پێناوەدا بوو، چونکە هەر شوێنێک نوێژی تێدا بکرێت ناودەبرێ بە مزگەوت، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**جُعِلَتْ لي الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا**)[2]. واتە: (زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت و پاککەرەوەش). ئەگەر جێگای گۆڕێک یان دوو گۆڕ بێت.

هەندێ لە هاوەڵانمان وتویانە: ڕێگری ناکرێ لە نوێژ کردن تیایدا چونکە ناوی گۆڕستان لە خۆ ناگرێت، نە لە وتەی ئەحمەد و نە لە وتەی هەندێ لە هاوەڵانیدا ئەم جیاوازیە نیە، بەڵکو گشتگیری وتەکانیان ڕێگری کردنی نوێژ دەخوازێت لە لای هەموو گۆڕستانێک.

وله عەلیەوە لە پێشەوە باسی لێوە کرا کە وتویەتی : نە لە حەمامدا نوێژ دەکەم نە لەلای گۆڕ.

---

(١)أخرجه أحمد (٣٨٤٤-٤١٤٣)، وابن خزيمة (٧٨٩)، وابن حبان (٦٨٤٧)، والطبراني في الكبير ١٠/ ١٨٨، (١٠٤١٣)، وقال الشيخ الألباني (حسن صحيح) و(التعليقات الحسان) (٦٨٠٨) وأخرج شطره الأول البخاري في الفتن/ ٧٠٦٧/ فتح، ومسلم في الفتن(٢٩٤٩)عبدالباقي.

(٢)أخرجه البخاري في التيمم (٣٣٥)فتح، ومسلم في المساجد (٥٢١) عبد الباقي.

جا لەسەر ئەمە پێویستە قەدەغەکردنەکە حەرامکردنی گۆڕ و پانتایی دەوریشی لە خۆ بگرێت، دروست نیە نوێژ کردن لە مزگەوتێکدا لەناو گۆڕستاندا دروست کرابێت، جا یەکسانە ئەگەر بە دیوار جیاکرابێتەوەو ببێتە بەربەست لە نێوان مزگەوت و گۆڕەکان یان جیانەکرابێتەوە و دیار بن.

لە ڕیوایەتی (الأثرم)دا وتویەتی: ئەگەر مزگەوتەکە لەناو گۆڕەکاندا بوو نوێژی فەرزی تێدا نەدەکرا، ئەگەر لە نێوانی ئەوو مزگەوتەکەدا بەربەستێك هەبێت، ڕوخسەت دراوە کە نوێژی جەنازەی تێدا بکرێت، نوێژی تێدا ناکرێ لە غەیری نوێژی جەنازە. وە باسی فەرموودەی ئەبی مەرثەدی کردوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ: (**لا تُصَلُّوا إلى القُبُورِ**)[1]. واتە: نوێژ مەکەن لەلای گۆڕەکان. وتویەتی سەنەدەکەی چاکە.

ئەگەر لەم بارەیەوە بە شوێن وتەی زانایاندا بڕۆین و بیانگوازینەوە چەندین پەڕە لە خۆ دەگرێت، بەم شێوەیە ڕوون بوویەوە بێگومان زانایان ڕوونیان کردوەتەوە کە هۆکاری قەدەغەکردن دەگەڕێتەوە بۆ زیادەڕەوی تیایدا و پەرستنی گۆڕەکان لە جیاتی خوا وەك چۆن ئەوە ڕاستیەکەیەتی. خوا پشتیوان بێت.

لەدوای ئەو زانایانەی پەیڕەویان دەکرێت و قسەیان گوێی لێ دەگیرێ، خەڵکانێکی دیکە پەیدا بوون لە بابەتەکانی زانستی یەکتاپەرستی تێکەڵ و پێکەڵی زۆریان هەبووله ناسینی ئەوەی خوا پێغەمبەرەکەی پێ ناردوە لە هیدایەت و زانست بەربەستیان دروست کردوە، قورئان و سوننەتیان بەند کردوە بە بەچەندین بەندکردن و بە هۆیەوە مەبەستی پێغەمبەریان لەو قەدەغەکردنە گۆڕیوە. هەندێکیان وتویانە: قەدەغەکردنی خانوو لەسەر گۆڕەکان تایبەتە بەو گۆڕستانەی کە وەقف کراوە، هەندێکی دیکەش وتویانە: قەدەغەکردنیش لە نوێژ کردن تیایدا لەبەر پیسیەتی بە کێم و زوخاوی مردوەکانە، هەموو ئەمانەش پووچن لە چەندین ڕووەوە:

لەوانە: ئەوە قسە کردنە لەسەر خوا بەبێ زانست، ئەویش بە ئایەتی قورئان حەرامە.

لەوانە: ئەوەی ئەوان وتویانە (کە گوایە پێغەمبەرﷺ لەبەر پیسی گۆڕستان قەدەغەی کردوە نوێژی تێدا بکرێ) نە نەفرین لە خاوەنەکەی دەگرێتەوە، نە توند کردن لەسەریشی، هیچ ڕێگریەکیش هەیە بۆی کە بڵێت: هەرکەسێك نوێژ لە شوێنێکی پیسدا بکات نەفرینی خوای لەسەرە. ئەوەی ئەوان وتویانە ئەوە دەگەیەنێت کە پێغەمبەر ﷺ هۆکارەکەی ڕوون نەکردوەتەوە، ڕوون کردنەوەی جێهێشتووە بۆ ئوممەتەکەی کە لەدوای ئەوەوە ﷺ دێن، وە لەدوای ئەو سەدە بەڕێزانەی پێشین، بەڕاستی ئەمە پووچ و ناڕاستە هەم بە عەقڵ و هەم بەشەرع، ناگونجێ پێغەمبەر ﷺ دەستەوسان بووبێ لە ڕوون کردنەوە یان کەمتەرخەم بووبێ لە گەیاندنی پەیامی خوا، ئەمەش لە ئەوپەڕی پووچی و بێ مانایی دایە، چونکە پێغەمبەر ﷺ گەیاندویەتی بە گەیاندنی ڕوون، وە توانای لە ڕوونکردنەوەدا لەسەرووی توانای هەموو کەسێکەوەیە، جا ئەگەر پەیوستکەر (لازم) پووچ بوو، ئەوا پەیوستکراو (ملزوم) پووچ دەبێ.

---

(١)أخرجه مسلم في الجنائز (٩٧٢) عبد الباقي.

هەروەها دەوترێ: ئەم نەفرین و توند کردنەوەیە تەنها بۆ ئەو کەسەیە گۆڕی پێغەمبەرانی کردبێت بە مزگەوت، وە لە هەندێ ئایەتی دیکەدا هاتووە پێغەمبەران بە گشتی دەگرێتەوە لە گەڵ غەیری ئەوانیش، جا ئەگەر ئەمە عیللەو هۆکار بوایەت ئەوە لەگۆڕی پێغەمبەراندا بوونی نەدەبوو، چونکە جەستەکانیان پاك و بێگەرد و تازەیە هیچ کێم و زوخاوێکی نیە ڕێگری بکات لە نوێژ کردن لە لای گۆڕەکانیان، جا ئەگەر قەدەغەکردن لە دروستکردنی مزگەوت لە لای گۆڕەکان گۆڕی پێغەمبەران بگرێتەوە بە ئایەت، ئەوا دەزانرێ ئەوەی ئەو زانایانە باسیان کردوە کە وتەکانیان بۆ ئێمە گوازراوەتەوە هەر ئەو هۆکارەیە.

سوپاس و ستایش بۆ خوا لەسەر دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی بەڵگە، ستایش بۆ ئەو خوایەی هیدایەتی داوین بۆ ئەم ڕێگا ڕاستە، هەرگیز ئێمە هیدایەتمان وەرنەدەگرت ئەگەر خوا هیدایەتی نەدابنایە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ باسی کردوە دەربارەی ئەو کەسەی مزگەوتێکی دروست کردوە لەسەر گۆڕی پیاوچاکێك عیبادەتی خوای تێدا دەکرێ، ئەگەر چی نیەتی بکەریش چاك بێت.

دووەم: قەدەغەکردنی پەیکەرەکان وە توند کردنەوەی فەرمان لەوەدا.

سێیەم: پەندو ئامۆژگاری لە جەختکردنەوەی پێغەمبەر ﷺ لە (دروستکردنی خانوو نوێژ کردن لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان)، کە چۆن بۆیانی ڕوون کردەوە یەکەمجار، پاشان پێنج ڕۆژ پێش مردنی جارێکی تر هەمان فەرمانی دووبارە کردەوە، پاشان لە کاتی لەسەرەمەگدا: ئەوەی پێشووی پێ بەس نەبوو.

چوارەم: ڕێگری کردنی پێغەمبەر ﷺ لەو کارە لە لای گۆڕەکەی، پێش ئەوەی گۆڕەکەی بوونی هەبێت.

پێنجەم: ئەو کارە لە ڕێگاو ڕێبازەکانی جولەکەو گاورەکانە دەربارەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان.

شەشەم: نەفرین کردنی پێغەمبەر ﷺ لێیان لەسەر ئەو کارە.

حەوتەم: مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بوو ئێمە ئاگادار بکاتەوە لەوەی گۆڕەکەی نەپەرستڕێ.

هەشتەم:. هۆکار لە دەرنەخستنی گۆڕەکەی.

نۆیەم: لە مانای کردنیان بە مزگەوت و پەرستگا.

دەیەم: پێغەمبەر ﷺ نێوانی ئەو کۆمەڵەی دەیکاتە مزگەوت هاوتا کردوە بە نێوانی: ئەوانەی ڕۆژی قیامەتیان بەسەردادێت و هێشتا زیندوون، ئینجا باسی هۆکاری بەرو شیرك چوونی کردوە پێش ڕوودانی لەگەڵ کۆتاییەکەی.

یازدەم: لە پێنج رۆژ پێش مردنی لە وتارەکەیدا باسی کردوە: بەرپەرچدانەوەی ئەو دوو دەستەیەی تێدایە کە خراپترینی ئەهلی بیدعەن، بەڵکو هەندێ لە زانایان لە حەفتاو دوو کۆمەڵەکە دایاننناون هێناون، ئەوانیش: ڕافیضەکان و جەهمیەکانن. وە بە هۆی ڕافیضەوە هاوبەشدانان و پەرستشی گۆڕەکان دروست بووە، ئەوان یەکەم کەس بوون مزگەوتیان لەسەر گۆڕ دروست کرد.

دوازدەیەم: ئەوەی کە پێغەمبەری ﷺ پێ تاقی کرایەوە سەختی گیان کێشان بوو.

سیازدەیەم: ڕێزو حورمەتی زۆری لێ نراوە کە پلەی خەلیلیە.

چواردە: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە خەلیل بەرزترە لە پلەی (المحبة) خۆشەویستی.

پازدەیەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەبو بەکر چاکترینی ناو هاوەڵانە.

شازدەیەم: ئاماژە بۆ خەلافەتەکەی.



بەشی ٢٠ زیادەڕەوی کردن لە گۆڕی پیاوچاکان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ماجاء أن الغلو في قبور الصالحين يصيرها أوثاناً تعبد من دون الله.

روى مالك في الموطأ أن رسول الله ﷺ قال: (اللَّهُمَّ لاَ تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ، اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ على قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُورَ انبيائهم مَسَاجِدَ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی بێگومان زیادەڕەوی کردن لە گۆڕی پیاوچاکان دەگۆڕدرێت بۆ بتانێك بپەرسترێ لە غەیری خوا.

ئیمامی مالیك لە کتێبی (الموطأ) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (خوایە گۆڕەکەم نەکەی بە بتێك بپەرسترێ، غەزەب و خەشم و قینی خوا توند بوویەوە لەسەر گەلێك گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت).

.....

ئەم فەرموودەیە مالیك گێڕاویەتیەوە بە (مرسل) لە زەیدی کوڕی ئەسلەم لە عەطائی کوڕی یەسار: بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (.....) فەرموودەکە. وە ئیبنوئەبی شەیبە لە (مصنف) ەکەیدا گێڕاویەتیەوە لە ئیبن عجلان لە زەیدی کوڕی ئەسلەم (.....) فەرموودەکە. باسی عەطائی نەکردوە، وە بەزار گێڕاویەتیەوە لە زەیدی کوڕی عەطاء لە ئەبی سەعیدی خودری بە مەرفوعی.

وە شاهیدی هەیە لە لای ئیمامی ئەحمەد بە سەندی خۆی لە سوهەیلی کوڕی ئەبی صاڵەح لە باوکیەوە لە ئەبو هورەیرەوە بەمەرفوعی: (**اللَّهُمَّ لاَ تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا، لعن الله قوماً اتَّخَذُوا قُبُورَ أنبيائهم مَسَاجِدَ**)[2].. واتە: خوایە گۆڕەکەم مەکە بە بتێك، نەفرینی خوا لەو گەلەی گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت.

---

(١)أخرجه مالك في النداء للصلاة (٤١٦)، مرسلًا، ويشهد له مابعده، وصححه الشيخ الألباني في أحكام الجنائز (٢١٧) وفي تحذير الساجد.

(٢)أخرجه أحمد (٧٣٥٨)، وصححه الشيخ الألباني في المصدرين السابقين.

وتەی (**روى مالك في الموطأ**) مالیکی کوڕی ئەنەس کوڕی ئەبی عامری کوڕی عەمری (**الأصبحي**)، باوکی (عبد الله)ی مەدنی، ئیمامی دارو لهیجرە و یەکێکە لە چوار پێشەواکە، وە یەکێکە لەوانەی زۆر وردو شارەزا بوون لە فەرموودەدا، تا بوخاری دەرباەوی وتویەتی: تەواوترینی سەنەدەکان مالیك لە نافیع لە ئیبنوعومەر، لە ساڵی سەدو حەفتاو نۆ کۆچی دوایی کرد، لەدایك بوونیشی لە ساڵی نەوەدو سێ بووە، وتراوە نەوەدو چوار، واقیدی وتویەتی: تەمەنی گەیشتووەتە نەوەد ساڵ.

وتەی: (**اللَّهُمَّ لاَ تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ**) خوا نزاکەی لێی وەرگرت وەك ئیبنولقەییەم دەڵێ:

فأجاب رب العالمين دعاءه وأحاطـــه بثلاثة الجداران

حتى غدت أرجاؤه بدعائه في عـــــزة وحماية وصيان

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بپەرستراپەت دەبوو بە بت، بەڵام خوا پاراستی بەوەی بەربەستی دروست کردوە لەنێوانی ئەوو لە نێوان خەڵکیدا کەس پێی ناگات، فەرموودەکە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بت بریتیە لەوەی پەرستکەر دەست دەساوێ بە گۆڕەکان و ئەوانەشی دروست کراون لەسەر گۆڕەکان. بێگومان بەڵاو فیتنەکان گەورە کراون بەهۆی گۆڕەکان و بە مەزندانانیان و پەرستشیان، وەك (عبد الله)ی کوڕی مەسعوود خوای لێ ڕازی بێت وتویەتی: ئێوە ئەبێ حاڵتان چۆن بێ ئەگەر فیتنە و بەڵایەکتان تووش ببێت گەورە تیایدا پیر ببێ و بچووکیش تیایدا گەشە بکات، ڕۆژگارێك بەسەر خەڵکدا دێت ئەوان دەیکەن بە سوننەت، ئەگەر بگۆڕدرێت، دەوترێ: سوونەت گۆڕا[1].

ئیبنووضاح وتویەتی: گوێم لە عیسای کوڕی یونس بوو دەیوت: عومەری کوڕی خەطاب فەرمانی دا بە بڕینی ئەو دارەی کە لە ژێرێدا بەیعەت درا بە پێغەمبەر ﷺ بڕیەوە، چونکە خەڵکی دەچوون نوێژیان دەکرد لە ژێرێدا ترسا لەوەی تووشی فیتنە ببن[2].

مەعروری کوڕی سوەیەد وتی: لە ڕێگای مەککە نوێژی بەیانیم لەگەڵ عومەری کوڕی خەطابدا کرد، پاشان خەڵکی بینی هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتن، فەرمووی: ئەمانە بۆ کوێ دەچن؟ وترا: ئەی ئەمیری بڕواداران، بۆ مزگەوتێك دەچن پێغەمبەر ﷺ نوێژی تێدا کردوە ئەوانیش نوێژی تێدا دەکەن، فەرمووی: بەڕاستی ئەوانەی پێش ئێوە بە وێنەی ئەم کارە تیاچوون، ئەوان شوێنی شوێنەوارەکانی پێغەمبەرەکانیان دەکەوتن و دەیانکرد بە کەنیسە و پەرستگا، جا هەرکەسێك گەیشتە ئەو مزگەوتانە و کاتی نوێژ هات با نوێژ بکات، ئەگەرنا با بڕواو بەتایبەت نەچێت بۆ نوێژ کردن تیایدا[3].

---

(١)صحيح: الدارمي ٦٠/١، والحاكم ٤/ ٥١٤.

(٢)صحيح: ابن وضاح في البدع والنهي عنها (٤٢) وانظر فتح الباري ٧ / ٤٤٨.

(٣)صحيح: ابن أبي شيبة في المصنف ٢/ ٣٧٦، وابن وضاح في البدع والنهى عنها (٤٢).

موسڵمانان دانیاڵیان دۆزیەوە کاتێك تەستەریان ئازاد کرد

لە (مغازی) ئیبنوئیسحاقدا هاتووە لە زیادکردەکانی یونسی کوڕی بوکەیر لە ئەبی خەلدەی خالیدی کوری دینار. ئەبو لعالیە بۆمانی باسکرد وتی: کاتێ (تستر)مان رزگار کرد، لە بەیتو لمالی هورموزاندا جێگایەکمان بینی پیاوێکی مردووی لەسەر درێژ کرابوو، پەرتووکێك لەلا سەریەوە بوو، کتێبەکەمان برد بۆ لای عومەر، ئەویش کەعبی بۆ بانگ کرد وەری گێڕا بۆ عەرەبی، من یەکەمین کەس بووم لەناو عەرەبدا ئەو کتێبەم خوێندەوە، خوێندمەوە وەك چۆن قورئان دەخوێنمەوە. بە ئەبی لعالیەم وت: ئەو کتێبە چی تێدایە؟ وتی: ژیاننامەتان و کاروبارەکانتان و شێوەی قسەکردنتان و ئەوەشی دوای ئەوە ڕوودەدات. وتم: چیتان لەو پیاوە کرد؟ وتی: بە ڕۆژ سیانزە گۆڕمان بۆ هەڵکەند بە جیا جیا، کاتێ شەو هات شاردمانەوەو گۆڕەکانمان ڕێك کردەوە تا لەپێش چاوی خەڵکی بیشارینەوە نەك هەڵبدنەوە، وتم: ئومێدی چییان لێدەکرد؟ وتی: کاتێ بارانی ئاسمانیان لێ بگیرایەتەوە دەریان دەخەست بە ڕاخەرەکەی، بارانیان بۆ دەباری، وتم: گومانتان وابوو ئەو پیاوە کێ بێت؟ وتی: پیاوێك پێی دەوترا دانیاڵ. وتم: چەند ساڵ پێش ئیستا مردوە؟ وتی: سێ سەد ساڵ، وتم: هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبوو؟ وتی: نەخێر تەنها چەند مویەکی ورد نەبێ لەسەر پشتی، گۆشتی پێغەمبەران زەوی نایان ڕزێنێ[1].

ئیبنولقەییم دەڵێ: لەم چیرۆکەدا و ئەوەشی بۆمان دەردەکەوێت لەوەی کۆچکەران و پشتیوانان ئەنجامیانداوە لە شاردنەوەی گۆڕەکەی، بۆ ئەوەی کەس تووشی فیتنە نەبێت بە هۆیەوە، وە گۆڕەکەیان دەرنەخست تا خەڵکی لەلایدا نەپارێنەوە و تەبەڕوکی پێ وەرنەگرن، ئەگەر دەستی دواین بکەوتایەت شەڕیان لەسەری دەکرد و دەیانپەرست لە غەیری خوا.

شێخی ئیسلام وتویەتی: ئەوە نکوڵی کردنی ئەوان بوو لەو کارە، جا هەرکەسێك جێگایەك دیاری بکات ئومێدی خێر بەو جێگایە بکات، خوا ئەو جێگایەی پەسەند نەکردبێت ئەوە لە کارە خراپەکانە، هەندێکیشی لە هەندێکی توند تڕە، جا یەکسانە مەبەستی ئەوە بێت نوێژی لە لا بکات یان لە پاڵیدا بپارێتەوە یان لە لایدا قورئان بخوێنێت یان لە لایدا یادی خوای بکات، یان لە لای سەربڕێت، بەجۆرێ ئەو جێگایە تایبەت بکات بە جۆرێ لە پەرستش کە تایبەتکردنی پێی نەشەرعێنراوە نە لە ڕووی جۆر (نوع) نە خود (عین)، تەنها ئەوە دروستە بە حوکمی یەکدەنگی نەك بە مەبەستی نزا کردن تیایدا، وەك کەسێك سەردانی بکات سڵاوی لێ بکات، داوای لێخۆشبوون بۆ ئەوو هەموو مردوەکان بکات، وەك لە سوننەتدا هاتووە، بەڵام پارانەوە لە لای بەوەی وا هەست بکات پارانەوە لەوێدا چاکتر وەردەگیرێت وەك لە شوێنێکی دیکە، ئەمە قەدەغە کراوە.

وتەی: (**اشْتَدَّ غَضَبُ اللهِ على قَوْمٍ اتَّخَذُوا قُبُورَ انبيائهم مَسَاجِدَ**) قەدەغەکردنی دروستکردنی خانووی تێدایە لەسەر گۆڕەکان، وە قەدەغە کردنی نوێژ لە لایاندا، بێگومان ئەوە لە تاوانە گەورەکانە.

---

(١)ذكرها الطبري ٤/ ٢٢٠).

وە طەبەری هێناویەتی لە کتێبی (القری) لە هاوەڵانی مالیك لە مالیکەوە کە بێگومان ئەو پێی باش نەبووە بڵێ: زیارەتی گۆڕی پێغەمبەرم کرد، بەڵگەشی هێناوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (اللَّهُمَّ لاَ تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا يُعْبَدُ) فەرموودە. پێی باش نەبووە وشەی زیارەت بداتە پاڵ گۆڕ، لەبەر ئەوەی لێکچواندن ڕوونەدات بە کردەوەی ئەوانە، ئەمیش وەك داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازە خراپەکان.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: مالیك گەیشتووە بە تابعیەکان، ئەوانیش زاناترین کەس بوونە بەم بابەتە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وشەی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ لەلای ئەوان شتێکی ناسراو نەبووە، وە باسی هۆکارەکانی کەراهەتی ئەوەی کردوە، وەك بڵێ زیارەتی گۆڕی پێغەمبەرم کرد، چونکە ئەم دەستەواژەیە زۆرێك لە خەڵکی مەبەستیان پێی زیارەت کردنی بیدعەو خورافیاتە، ئەویش مەبەستی پاڕانەوەو داواکردنە لە لای مردوو، وە ئارەزوو کردنی ئەوەی پێویستیەکانی جێبەجێ بێت، وە وێنەی ئەوەش لەوەی زۆرێ لە خەڵکی دەیکەن، ئەوان مەبەستیان لە دەستەواژەی زیارەت وێنەی ئەمەیە، ئەمەش ڕێگەپێدراو نیە بە یەکدەنگی ئوممەت، ئیمامی مالیك پێی باش نەبووە وشەیەکی کورت بەکاربهێنرێت بەڵگەبێ لەسەر مانایەکی خراپ، بە پێچەوانەی سەڵات و سەلام لەسەری، چونکە ئەمە لەوانەیە کە خوا ﷻ فەرمانی پێ کردوە، بەڵام دەستەواژەی زیارەت لە سەرجەم گۆڕەکاندا ئەو تێگەیشتنەی لێ وەرناگیرێ وەك ئەم مانایە. ئایا ناڕوانی بۆ فەرمودەکەی: (فَزُورُوَا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُكُمُ الأخرة) [1]. واتە: (زیارەتی گۆڕەکان بکەن بێگومان ئەوە ڕۆژی دواییتان بیر دەخاتەوە) لەگەڵ سەردانی کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆلای گۆڕی دایکی[2]. ئەمە گۆڕی بێ بڕوایان لەخۆ دەگرێ، ئەوەی لێ وەرناگیرێ سەردانی مردوو بکرێ بۆ داواکردن لێی و بەهۆیەوە داوای فریاد ڕەسی بکرێ، وە وێنەی ئەوەش لەوانەی کە هاوبەشدانەران و بیدعەکاران دەیکەن، بەپێچەوانەی ئەوەی کە ئەگەر زیارەتکراو مەزن بێ لە ئایندا وەك پێغەمبەران و پیاو چاکان، چونکە زۆرێ لە خەڵکی مەبەستیان لە زیارەتکردنی گۆڕی ئەواندا کاری بیدعەو هاوبەشدانانە، ئا لەبەر ئەمەیە مالیك وێنەی ئەو کارەی بە کەراهەت زانیوە، ئەگەرچی لە جێگەیەکی تردا پێی مەکروە نەبووبێ، کە ئەم مەفسەدەی تیا نەبێ.

ئەوەشی تێدایە کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ پەنای نەبردووە مەگەر لە شتێکدا مەترسی ڕوودانی هەبووبێ. دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی کردوە.

---

(١) أخرجه المسلم في الكتاب الجنائز(٩٧٦)عبدالباقي، وأبو داود في الجنائز(٣٢٣٤)، والنسائي في الجنائز (٢٠٣٤)أبو غدة، وابن ماجه في الجنائز(١٥٦٩)، واللفظ له.

(٢) أنظر التخريج السابق.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: و لابن جرير بسنده عن سُفيان عن منصور عن مجاهد: ﴿أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾﴾النجم. قال: كان يَلُتُّ لهم السَّويق، فمَات فَعَكَفُوا على قَبْرِه[1].

وكذا قال أبو الجوزاء عن ابن عباس قال: يَلُتُّ السَّويق للحاج[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن جەریرەوە بە سەنەدی خۆی هێناویەتی لە سوفیان لە مەنصور لە موجاهید: (دەی پێم بڵێن ئایا لات و عوززاتان بینیوە کە دوو بتن) وتی: لات جۆرە خواردنێکی بۆ حاجیەکان دروست دەکرد (لە ئاردی گەنم یان جۆ لەگەڵ ئاو یان ڕۆندا تێکەڵی دەکرد بۆیان، پێیانی دەدا) کاتێ کە مرد لەلای گۆڕەکەی مانەوە.

بەهەمان شێوە ئەبو جەوزاء لە ئیبن عەباسەوە وتی: لات جۆرە خواردنێکی بۆ حاجیەکان دروست دەکرد (لە ئاردی گەنم یان جۆ لەگەڵ ئاو یان ڕۆندا تێکەڵی دەکرد بۆیان).

.....

وتەی: (**ولابن جرير**) ئیمامی (**الحافظ**) مەحەممەدی کوڕی جریر کوڕی یەزیدی **طەبەری**، خاوەن تەفسیر و مێژوو ئەحکام و جگە لەوانیش. ئیبنوخوزەیمە وتویەتی: لەسەر زەویدا کەسێك بەدی ناکەم لە موحەممەدی کوڕی جەریر زاناتر بێت، یەکێك بووە لە موجتەهیدەکان لاسایی هیچ کەسێکی نەکردۆتەوە. وە چەندین هاوەڵی هەبووە خۆیان فێری فیقە دەکرد لەسەر مەزهەبی ئەوو قسەکانی ئەویان وەرگرتووە، لە ساڵی دوسەدو بیست و چوار لە دایك بووە، وە دوو ڕۆژی مابوو لە شەوال لە ساڵی سێ سەدو دە کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**عن سفيان**) سوفیانی کوڕی سەعید کوڕی مەسروقی (**الثوري**) باوکی (عبدالله) (**الكوفي ثقة، حافظ**) ئیمامێکی خواپەرست و موجتەهید بووە، شوێن کەوتووی هەبووە لەسەر مەزهەبەکەی ڕۆیشتوون، لە ساڵی سەدو شەست و یەك مردوە، شەست و چوار ساڵ ژیاوە.

وتەی: (**عن منصور**) کوڕی موعتەمەر کوڕی (عبدالله)ی سولەمی (**ثقة، ثبت، فقيه**). لە ساڵی سەدو سی و دوو کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (**عن مجاهد**) کوڕی جەبر ئەبو حەجاجی مەخزومی مەولای ئەوان، مەککەیە،(**ثقة**)ەیە ئیمامە لە تەفسیر، لە ئیبن عەباس و جگە لەویش وەریگرتووە. لە ساڵی سەد و چوار مردوە، یەحیای قەطان ئەمەی وتووە، ئیبنوحیبان دەڵێ: لە سەدو دوو یان سێ مردووە لە سوژدەدا، لە ساڵی بیست و یەك لە خەلافەتی عومەر لەدایك بووە.

وتەی: (**كان يلت لهم السويق، فمات فعكفوا على قبره**) لە ڕیوایەتێکی تردا: خواردنی دەدا بە هەرکەسێك تێبپەڕیبایەت بەو شوێنەدا، کاتێ کە مرد پەرستیان، وە وتویانە: ئەو پیاوە (لات) بووە، سەعیدی کوڕی مەنصور ڕیوایەتی کردوە.

---

(١) تفسير الطبري ٥٨/٢٧.

(٢) تفسير الطبري ٥٩/٢٧.

گونجان و جووت بوونی ئەم لەگەڵ باسەکەدا: ئەوان زیادەڕەویان تێدا کردوە لەبەر چاکی، تا پەرستیان و گۆڕەکەی بووبە بتێك لە بتەکانی هاوبەشدانەران.

وتەی: (**وكذا قال أبو الجوزاء**) ناوی ئەوسی کوڕی (عبد الله)ی ڕەبەعیە، لە سالّی هەشتاو سێ کۆچی دوایی کرد.

بوخاری وتویەتی: موسلیمی کوڕی ئیبراهیم بۆی باس کردین، باوکی ئەشهەب بۆی باس کردین، ئەبو جەوزاء بۆی باس کردین لە ئیبنوعەباس وتی: لات پیاوێك بوو جۆرە خواردنێکی بۆ حاجیەکان دروست دەکرد لە ئاردی گەنم یان جۆ لەگەڵ ئاو یان ڕۆندا تێکەڵی دەکرد بۆیان(پێیانی دەدا)[1].

ئیبنوخوزەیمە وتویەتی: بە هەمان شێوە (العزی)ش، دارێك بوو خانوویەکی لەسەر بونیاد نرابوو لە (**نخلة**) لە نێوان مەککە و **طائفدا** بوو، قورەیشیەکان بە گەورەیان دەزانی، وەك ئەبو سوفیان لە جەنگی ئوحود وتی: ئێمە عوزامان هەیەو ئێوە عوزاتان نیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعَن ابن عَبَّاسٍ قال: لَعَنَ رسول اللَّهِ ﷺ زَائِرَاتِ الْقُبُورِ وَالْمُتَّخِذِينَ عليها الْمَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ) رواه أهل السنن[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن عەباس وتی: پێغەمبەر ﷺ نەفرینی کرد لەوانەی زیارەتی گۆڕستانەکان دەکەن و ئەوانەشی مزگەوتیان لەسەر دروست دەکەن و لەوانەش چراو ڕووناکی لەسەر گۆڕەکان دادەگیرسێنن.

.....

وتم: وە لەم بابەتەدا فەرموودەی ئەبو هورەیرەو فەرموودەی حەسانی کوڕی ثابت هاتووە. بەڵام فەرموودەی ئەبو هورەیرە ئیمامی ئەحمەد گێڕاویەتیەوەو ترمزی بە صەحیحی داناوە[3]. وە فەرموودەی حەسان ئیبنوماجە هێناویەتی لە ڕیوایەتی (عبد الرحمن)ی کوڕی حەسانی کوڕی ثابت لە باکیەوە وتی: (**لَعَنَ رسول اللَّهِ ﷺ زوارات الْقُبُورِ**)[4].

فەرموودەکەی ئیبن عەباس کە دانەر هێناویەتی لە سەنەدەکەیدا ئەبو صالحی مەولای (أم هانئ) تێدایە، هەندێکیان بە لاوازیان داناوەو هەندێکیشیان بە سیقە و متمانە پێکراو، عەلی کوڕی مەدینی وتویەتی: لە یەحیای قەطانەوە: کەسێکم نەبینیوە لە هاوەڵانمان وازی لە ئەبو صالحی

---

(١) البخاري (٤٨٥٩).

(٢) أخرجه أبو داود في الجنائز (٣٢٣٦)، والترمذي في الصلاة (٣٢٠)، والنسائي في الجنائز (٢٠٤٢) أبو غدة، وهو بهذا السياق ضعيف كما في الإرواء (٧٦١)، وقد أخرجه أيضاً من حديث ابن عباس، ابن ماجه في الجنائز (١٥٧٥) بلفظ (زورات) وهو الثابت.

(٣) أخرجه الترمذي في الجنائز (١٠٥٦)، وابن ماجه في الجنائز (١٥٧٦)، بلفظ (زوارات القبور) على صيغة المبالغة. وصححه الشيخ الألباني في الإرواء (٧٧٤).

(٤) أخرجه ابن ماجه في الجنائز (١٥٧٥)، وصححه الشيخ الألباني في المصدر السابق.

مەولای (أم هانئ) هێنا بێت. وە نەمبیستووە لە کەسێکەوە لە خەڵکی شتێکی دەربارەی وتبێت، نە شوعبە وازی لێ هێناوە، نە زائدە و نە (عبد الله)ی کوڕی عوسمانیش. ئیبنومەعین وتویەتی: هیچ گرفتێکی نیە، لەبەر ئەمە (ابن السكن) لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی. کۆتایی هات. لە (**الذهب الإبريز**) لە (**الحافظ المزي**).

شێخی ئیسلام وتویەتی: ئەم فەرموودەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە دوو ڕێگا هاتووە: جا لە ئەبو هورەیرەوە: (**أنَّ رسول اللَّهِ ﷺ لَعَنَ زوارات الْقُبُورِ**). وە باسی فەرموودەی ئیبنوعەباسی کردوە. پاشان فەرموویەتی: پیاوانی ئەم سەنەدە وەك پیاوانی ئەو سەنەدە نیە. یەکێکیان لەوی دیکە وەری نەگرتووە. لە هەردوو سەنەدەکەدا کەسێکی تێدا نیە تۆمەتبار کرا بێت بە درۆ. وێنەی ئەمەش بەڵگەیە بە بێ گومان و دوودڵی. ئەمەش لە چاکترینی فەرموودەی حەسەنە کە ترمزی بە مەرج داینناوە، بێگومان ئەو حەسەنی داناوە بەوەی ڕێگاکانی زۆر بێت کەسێکی تێدا نەبێت تۆمەتبار کرابێت بە درۆ، وە (**شاذ**)یش نەبێت، واتە: پێچەوانەی ئەو فەرموودە نەبێت کە جێگیر بووە لە لای متمانە پێکراوان، ئەم فەرموودەیەش ڕێگاکانی زۆر بوون، وە کەسێکی تێدا نیە تۆمەتبار کرابێت، وە کەس لە متمانە پێکراوان موخالەفەی نەکردوە، ئەمە ئەگەر لە یەك هاوەڵەوە بێت، جا چۆن ئەگەر ئەمە لە هاوڵێکەوە ڕوایەتی کردبێ و ئەویش لە هاوەڵێکی دیکە؟ هەموو ئەمانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەم فەرموودەیە لە ئەصڵدا بوونی هەیە.

ئەوانەی ڕوخصەت و مۆڵەتیان داوە بە زیارەت کردنی گۆڕستان پشتیان بەوە بەستووە کە ڕیوایەت کراوە لە عائیشەوە، ئەو زیارەتی گۆڕی براکەی (عبد الرحمن)ی کرد وتی: (لو شهدتُك ما زرتك)[1]. ئەگەر ئامادەی مردنت بوایەم زیارەتم نەدەکردی. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زیارەت بۆ ئافرەتان پەسەند نیە وەك چۆن پەسەندە بۆ پیاوان. ئەگەر بەوشێوە بوایە ئەوە زیارەت کردنی پەسەند دەبوو یەکسانە ئامادەی بوایە یان نا.

وتم: لەسەر ئەمە ئەوەی دەڵێ ڕوخصەت و مۆڵەت دراوە بە ئافرەتان بۆ سەردانی گۆڕستان هیچ بەڵگەیەکی نیە.

سیاقی فەرموودەکەی عائیشە ترمزی گێڕاویەتیەوە لە ڕیوایەتی (عبد الله) کوڕی ئەبی مولەیکە لە عائیشەوە، ئەوە پێچەوانەی سیاقی فەرموودەکەی (**الأثرم**)ە هەر لە (عبد الله) کوڕی ئەبی مولەیکە: ڕۆژێك عائیشە لە گۆڕستان گەڕایەوە پێم وت: ئەی دایکی ئیمانداران، ئایا پێغەمبەر ﷺ زیارەتی گۆڕستانی قەدەغە نەکردوە؟ وتی: بەڵێ زیارەتی گۆڕستانی قەدەغە کرد، پاشان فەرمانی کرد بە زیارەت کردنی[2].

شێخی ئیسلام وەڵامی ئەمەی داوەتەوەو وتویەتی: هیچ بەڵگەیەك نیە لە فەرموودەکەی عائیشە بێگومان ئەوەی بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەو مەسەلە بەڵگەی بە ڕێگری گشتی هێناوەتەوە، ئا

---

(١) أخرجه الترمذي في الجنائز (١٠٥٥)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترمذي، وفي أحكام الجنائز (١٨١-١٨٢)

(٢) أخرجه الحاكم ١/ ٣٧٦، ومن طريقه البيهقي ٤/ ٧٨، وصححه الشيخ الألباني في أحكام الجنائز ١٨١.

ئەوەش هۆکار بووە بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێگریەکە، چونکە ئەوەی بەڵگەی هێناوەتەوە ڕێگری کردنی تایبەتی باس نەکردوە بەو ئافرەتانەی کە نەفرین کردنی تێدایە بۆیان لەسەر سەردانی گۆڕستان، ئەوەش وتەکەی عائیشە ڕوون دەکاتەوە: (قد أمر بزيارتها) واتە: بێگومان ئەمری کردوە بە زیارەت کردنی، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە زیارەت کردن کردوە بە فەرمانێك پەسەند بوون دەخوازێ، پەسەند بوونیش بەتایبەت بۆ پیاوان جێگیر بووە، ئەگەر عائیشە بڕوای وابوایە کە ئافرەتان فەرمانیان پێکراوە بە زیارەتی گۆڕەکان ئەوە وەك چۆن پیاوان زیارەتیان دەکرد ئەویش دەیکرد و بە براکەی نەدەوت: (لما زرتك) [1]. نەفرین کردنیش بە ڕاشکاوی هاتوە لە قەدەغەکردندا، دواندنیش بە مۆڵەتدان لە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (فزوروها) ئافرەتانی نەگرتوەتەوە ناچنە ژێر حوکمی هەڵوەشێنەر (الناسخ)، وە گشتیش (العام) ئەگەر زانرا لە دوای تایبەتەوە(الخاص) هاتووە، ئەوە نابێت بە هەڵوەشێنەری تایبەت کە لە لای زۆرینەی زانایان، ئەویش مەزهەبی شافعی و ئەحمەدە لە دیارترینی ئەو دوو ڕیوایەتە لێیەوە، ئەوەش شتێکی زانراوە لە لای هاوەڵانی، جا چۆن ئەگەر نەزانرا کە ئەم گشتیە لە دوای تایبەتە؟ ڕەنگە فەرموودەی: **(لَعَنَ اللَّهِ زوارات الْقُبُورِ)**[2] دوای مۆڵەت دانی بێ بۆ پیاوان لە زیارەت کردن. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ لەعنەتەکەی (کە لە زیارت کاری ئافرەتی کردوە) گرێداوە بەوانەی کە مزگەوتی لەسەر دادەنێن و بە چرا ڕووناکی دەکەنەوە، وە زانراوە دانانی مزگەوت و چراخان قەدەغە کراوە بە بەڵگەی موحکەم، وەك چۆن فەرموودە ڕاستەکان بەڵگەن لەسەری.

بۆچوونی تەواو ئەوەیە: ئافرەتان نەچونەتە ناو مۆڵەتی سەردانیکردنی گۆڕەکان لە چەند ڕووەوە:

یەکەم: بێگومان وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**فَزوروها**) دەستەواژەیە بۆ نێرینە، هەروەها ئافرەتانیش دەگرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام ئەمە دوو قسەی تێدایە، وتراوە: زیارەت کردنی ئافرەتان پێویستی بە بەڵگەیەکی جیاکەرەوە هەیە، ئەوکاتە گرتنەوەی ئەوە بۆ ئافرەتان پێویستی بە بەڵگەی جیاکەرەوە هەیە، وە وتراوە: ئەوە لەکاتێدا ئافرەتانیش دەگرێتەوە بە ڕەهایی هاتبێت و تایبەت نەکرابێت. لەسەر ئەمەش چوونە ناوەوەی ئافرەتان بەڕێگەی گشتی لاوازە، گشتیش (العام) ناتوانێت ڕووبەڕووی تایبەتی (الخاص) ببێتەوە، ناشتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە و نەسخی بکاتەوە لە لای زۆرینەی زانایان، ئەگەر ئافرەتان لەناو ئەم دواندنەدا بوونایەت ئەوە سەردانی گۆڕستانیان بۆ ڕەوا بوو، زانیاریمان نیە یەکیك لە زانایان ڕێگەی دابێت بە ئافرەتان بە زیارەت کردنی گۆڕستان، وە نە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خەلیفەکانی ڕاشیدیندا ئافرەتان دەرنەئەچوون بۆ سەردانی گۆڕەکان.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوە ڕێگای بە پیاوان داوە چونکە ئەو سەردانیکردنە: (**يُذَكِّرُ المَوتَ، ويُرِقُّ الْقَلْبَ وتَدْمَعُ الْعَيْنَ**)[3]. واتە: یادی مردن دەخاتەوە و دڵ نەرم دەکات و فرمێسك لە چاو دەبارێنێت. بەم شێوەیە لە (مسند)دا هاتووە. مەعلومە ئەگەر ئافرەت ئەم دەرگای ڕەوایەتی دان

---

(١) تقدم تخريجه وهو ضعيف.

(٢) تقدم أن هذا اللفظ هو الثابت، وهو على صيغة المبالغة، أي الممنوع هو المبالغة،أما مجرد الزيارة فلا يفيد هذا اللفظ المنع، وانظر للأهمية (أحكام الجنائز) ١٨٧،١٨٦.

(٣)أخرجه أحمد (١٣٤٨٧)، والحاكم ٣٧٦/١، وحسنه الشيخ الألباني في أحكام الجنائز (١٨٠).

بە سەردانی گۆڕستانی بەڕوودا بکرێتەوە، بەرەو ناڕەحەتی سنگ دادڕین و هاوارو قیژە دەیبات، چونکە لاوازە و ئارام گرتنی کەمە، جا ئەگەر سەردان و زیارەتی ئافرەتان سەربکێشێ بۆ شتی قەدەغەکراو ببێتە هۆکارێك بۆی، ئەوە ناکرێ سنورو ئەندازەیەکی بۆ دیاری بکرێت کە نەیبات بەرەو کاری ناشەرعی، وە ناکرێت جیاکاری لە نێوان جۆرێ سەردانی بۆ جۆرێکی دیکە بکرێت، وە لە بنەماکانی شەریعەت: ئەگەر حیکمەت شاراوە بوو یان بەربڵاو بوو ئەوە حوکم و بڕیار بەوە دەبەسترێتەوە کە گومانی ڕودانی ئەو شتەی لێ دەکرێت، کردنەوەی ئەم دەرگا حەرامە بێت وەك داخستن و نەهێشتنی هۆکارو دەروازەی خراپەکان (**سد الذرائع**) وەك چۆن تەماشا کردن بۆ جوانی شاراوە حەرام کراوە، وە وەك چۆن مانەوە لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا بەتەنها قەدەغە کراوە، جگە لەویش، لەمەدا بەرژەوەندیەك نیە بەرهەڵستی ئەم خراپەیە بکاتەوە، بێگومان لەو سەردانیەدا هیچ نیە مەگەر پارانەوە بۆ مردوو ئەویش لەماڵدا دەکرێت.

هەندێ لە زانایان وتویانە بە هەمان شێوە لەگەڵ مردوو ڕۆشتن بۆ گۆڕستان بەوشێوەیە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**ارْجِعْنَ مَأْزُورَاتٍ غير مَأْجُورَاتٍ، فإنَّكُنَّ تُفتِنَّ الحيَّ وتؤذِينَ الميت**)[1]. واتە: بگەڕێنەوە تاوانباری بە بێ پاداشت، بێگومان ئێوە زیندوو تووشی فیتنە دەکەن و مردووش ئازار دەدەن. وە وتەی پێغەمبەر ﷺ بۆ فاتیمە: (**لَوْ بَلَغْتِ مَعَهُمُ الْكُدَى مَا لم تدخلي الْجَنَّةَ**)[2]. واتە: ئەگەر لەگەڵیاندا بگەشتایەیتە گۆڕستان هەرگیز نەدەچوویە بەهەشتەوە.

وە ئەوەی لە صەحیحی بوخاری و موسلیم جێگیر بووە پشتیوانی لەم فەرموودەیە دەکات کە بێگومان پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوە لە ئافرەتان شوێنی جەنازە بکەون[3]. وە زانراوە کە وتەی پێغەمبەر ﷺ: (**مَن صَلى عَلى جَنَازَةٍ فَلَهُ قِيرَاطٌ وَمَنْ اتَّبَعَهَا حتى تُدفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ**)[4]. واتە: ئەو کەسەی نوێژ لەسەر جەنازەیەك بکات ئەوە قیراتێکی بۆ هەیە، ئەوەشی شوێنی بکەوێت تا دەخرێتە ناو گۆڕ دوو قیراتی بۆ هەیە) ئەوە بەڵگەیە لەسەر گشتگیری بە سیغەی (**مذكر**)، چونکە وشەی (**مَن**) پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە بە یەکدەنگی زانایان، بێگومان ئەوەی زانراوە لە فەرموودە ڕاستەکان کە ئەم گشتگیریە ئافرەتان لە خۆ ناگرێت لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوە ئافرەتان شوێنی جەنازە بکەون، جا ئەگەر نەچنە ناو ئەم گشتێتیە بەهەمان شێوە لەوەدا لەپێشترە (واتە: لە سەردانی کردن).

وتم: مۆڵەتدان بە سەردانیکردنی گۆڕستان تایبەتە بە پیاوان، پێغەمبەر ﷺ بەفەرموودە تایبەتی کردوە وەك فەرموویەتی: (**لَعَنَ اللهُ زوارات الْقُبُورِ.....**) ئەوە دەبێتەگشتیەکی تایبەت کراو. (العام المخصوص).

---

(١)أخرجه ابن ماجه في الجنائز (١٥٧٨)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٢٧٤٢).

(٢)أخرجه أبو داود في الجنائز (٣١٢٣)، النسائي في الجنائز (١٨٨٠) أبو غدة، وقال الشيخ الألباني: (منكر). ضعيف أبو داود (٥٦٠).

(٣)أخرجه البخاري في الجنائز (١٢٧٨) فتح، ومسلم في الجنائز (٩٣٨) عبد الباقي. وفيه: (ولم يعزم علينا) أي: لم يؤكد النهي.

(٤)أخرجه البخاري في الجنائز (١٣٢٥) فتح، ومسلم في الجنائز (٩٤٥) عبد الباقي.

وە ئەوانەشی بەڵگەیان هێناوەتەوە بە نەسخ بە چەندین شێوە وەڵام دەدرێنەوە:

یەکەم: ئەوەی باسیان کردوە دەربارەی عائیشە و فاتیمە دژی ئەوەیە لێیانەوە ڕیوایەت کراوە لەم بابەتەدا، ئەوەش هەڵوەشانەوەو نەسخی پێ ناچەسپێت.

دووەم: وتەی صەحابە و کرداری نابێتە بەڵگە لەسەر فەرموودە بەبێ جیاوازی، بەڵام فێرکردنی عائیشە چۆن دەڵێ: ئەگەر سەردانی گۆڕستانی کردو وێنەی ئەوەش، ئەوە بەڵگە نیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی ئەو سێ فەرموودە بەڵگەن لەسەری لە نەفرین کردن لە زیارەتکارانی گۆڕستان، چونکە پێ دەچێت ئەوە پێش ئەم قەدەغەکردنە دووپات کراوە بێت. خوا زانا تر.

موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی صەنعانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (**تطهير الإعتقاد**) دەڵێ: بێگومان ئەم گومەزانە و شوێنە بەناوبانگانە بوون بە مەزنترین هۆکار بۆ هاوبەشدانان و گومڕایی و گەورەترین وەسیلە بۆ لەناو بردنی ئیسلام و ڕوخاندنی بنچینەکانی: بەڵکو زۆربەی ئەوانەی ئاوەدانیان دەکەونەوە بریتین لە پاشاکان و دەسەڵاتداران و دەست ڕۆیشتووەکان، یان بۆ کەسێکی نزیکی خۆیان، یان بۆ کەسێك گومانی باشی بۆ دەبەن لە پیاو چاکێ یان زانایەك یان سۆفیەك یان هەژارێك یان شێخێکی گەورە، خەڵکیش سەردانی دەکەن ئەوانەی دەیناسن هەروەك سەردانی مردووان سەردانی دەکەن بە بێ ئەوەی بیانکەن بە وەسیلەو هۆکار، وە بێ ئەوەی ناویان بێنن، بەڵکو داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن تا (ڕۆژگار دێت و دەڕوا) ئەوانەی کە ئادابی سەردانیکردن دەزانن نامێنن یان زۆربەیان دەمرن، دوای ئەوان خەڵکانێك دێن تەماشا دەکەن ئەم گۆڕە دەور دراوەو خانووی لەسەر دروستکراوە و چراو مۆمی تێدا هەڵگیرساوەو فەرشی گرانبەهای تێدا ڕاخراوە، وە پەردەی پیا شۆڕکراوەتەوە و ڕازاوەتەوە، وادەزانێ ئەوە بۆ بەدەستهێنانی سوودە یان دورخستنەوەی زیان، خزمەتکارەکانیش دێن بۆ لای درۆ بەدەم مردوەکەوە دەکەن بەوەی کە ئەو وای کردو ئاوای کرد، فلانەکەسی تووشی زیان کردو سوودیشی گەیاند بە فلانکەس. تا لە سروشتیدا هەموو شتێکی پڕو پووچ دەچەسپێنن، وە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا چەسپیوە لە نەفرین کردن لەو کەسەی چرا لەسەر گۆڕەکان دادەگیرسێنێت و لەسەریان دەنووسێت و خانوویان لەسەر دروست دەکات. فەرموودەکانیش لەوبارەیەوە زۆرو ناسراون، چونکە ئەوە لە خودی خۆیدا قەدەغەی لێکراوە، پاشان ئەوە هۆکارە بۆ خراپەیەکی مەزن.

لێردا فەرموودەکە دێتەوە لەگەڵ باسەکەدا، خوا زاناترە.

وتەی: (**وَالْمُتَّخِذِينَ عليها الْمَسَاجِدَ**) لە پێشەوە باسی لێوە کرا.

وتەی: (**وَالسُّرُجَ**) ئەبو موحەممەدی مەقدیسی وتویەتی: ئەگەر داگیرسانی چراو مۆمەکان بەڕەوا دابنرێت ئەوە ئەو کەسەی ئەنجامی دەدا نەفرینی لێ نەدەکرا، چونکە ئەمە بەزایەدانی مالّی تێدایە بەبێ هیچ سودێك، وە زیادەڕەوی کردن لە بەگەورە دانانی گۆڕەکان لە هەموو شتێ زیاتر لە بەگەورە دانانی بتەکان دەچێ.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتویەتی: کردنی گۆڕەکان بە مزگەوت و داگیرسانی چراو ڕووناك کردنەوەیان لە گوناهە گەورەکانە.

وتەی: (**رواه أهل السنن**) واتە: ئەبو داودو ترمزی و ئیبنوماجە بەتەنها، نەسائی ئەوەی ڕیوایەت نەکردوە[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی (الأوثان) بتەکان.

دووەم: ڕاڤەکردنی پەرستش.

سێیەم: پێغەمبەر ﷺ پەنای نەگرتووە مەگەر لە شتێ ترسابێ ڕووبدات.

چوارەم: پارانەوەی بەستوەتەوە بەوەی گۆڕی پێغەمبەران نەکرێت بە مزگەوت.

پێنجەم: باس کردنی تووندی خەشم و قین و غەزەبی خوا.

شەشەم: - ئەوە لە گرنگترینیانە - کە بریتیە لە ناسینی سیفەتی پەرستنی لات کە گەورەترینی بتەکانە.

حەوتەم: ناسینی ئەوەی کە بێگومان ئەو گۆڕە گۆڕی پیاو چاکێکە. (کە خەڵکی پەرستنیان).

هەشتەم: لات ناوی خاوەن گۆڕەکەیە، وە باسی مانای ناوەکەی کراوە.

نۆیەم: نەفرین کردنی پێغەمبەر ﷺ لەو ژنانەی زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن.

دەیەم: نەفرین کردنی پێغەمبەر ﷺ لەو کەسانەی کە چراو ڕووناکی لەسەر گۆڕەکان دادەگیرسێنن.

---

(١)بل رواه النسائي ٩٤،٩٥/٤. كما سبق تخريجه.



بەشی ٢١

پێغەمبەر ﷺ یەکتاپەرستی پاراستوەو هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە سەرئەکێشی بۆ هاوبەشدانان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في حماية المصطفى ﷺ جناب التوحيد وسده كل طريق يوصل إلى الشرك.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لایەنی یەکتاپەرستی پاراستوەو هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە سەرئەکێشێ بۆ هاوبەشدانان.

.....

(الجناب) بریتیە لە **(الجانب)**. مەبەستی پاراستنێتی لەوەی لێی نزیك ببێتەوە یان تێکەڵ بێت لە هاوبەشدانان و هۆکارەکانی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾﴾ **التوبة.**

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (سوێند بەخوا بەڕاستی بۆتان هاتووە پێغەمبەرێك لەخۆتان قورس و گرانە بەلایەوە ناڕەحەتی و ناخۆشی ئێوە زۆر سوورە لەسەر بڕواهێنانتان بۆ بڕواداران دڵسۆزو میهرەبانە* جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو گوێیان پێ نەدایت ئەوسا بڵێ من تەنها خوام بەسە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لە ئەو تەنها پشت بە ئەو دەبەستم ئەویش پەروەردگاری عەرشی گەورەیە).

.....

ئیبنوکەثیر وتویەتی: خوا ﷻ دەفەرموێ و منەت دەکات بەسەر بڕوادارانداا، بەوەی پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون لە نەفسی خۆیان لە ڕەگەزو زمانیان، هەروەك ئیبراهیم فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴿١٢٩﴾﴾ **البقرة:** (واتە: خوایە لەناو نەوەکانمدا پێغەمبەرێك بنێرە لەخۆیان) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴿١٦٤﴾﴾ **آل عمران:** (واتە:

سوێند بێ بێگومان خوا چاکەو منەتی کردوە بەسەر بڕوادارانداکاتێ کە ڕەوانەی کرد لەناویاندا پێغەمبەرو نێردراوێك لە نەفسی خۆیان) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ ﴾ واتە: لە ئێوە، وەك جەعفەری کوڕی ئەبی طالب بە نەجاشی وت[1] وە موغیرەی کوڕی شوعبە بە نێردراوەکەی کیسرا[2]: خوای گەورە نێردراوێکی ناردوە بۆ ناومان هەر لەخۆمانە، سیفەت و ڕەچەڵەك و جێگای دەرچوون و هاتنە ناوەوەی و ڕاستی و دەستپاکی دەناسین. وە باسی فەرموودەکەی کرد، سوفیانی کوڕی عویەینە لە جەعفەری کوڕی موحەممەد لە باوکیەوە لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ ﴾ وتی: هیچ شتێکی توش نەبووە لە لەدایك بوونی جاهیلیدا[3].

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ ﴾ واتە: قورس و گرانە بەلایەوە ناڕەحەتی و ناخۆشی تووشی ئوممەتەکەی بێت.

لەبەر ئەمەیە لە فەرموودەی ڕیوایەتکراودا هاتووە لە چەندین ڕێگاوە لێیەوە کە ئەو ﷺ فەرموویەتی: (**بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ**)[4]. واتە: نێردراوم بە حەنەفیەتی ئیبراهیمی ئاسان.

وە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە: (**إِنَّ هَذا الدِّين يُسرٌ**)[5]. واتە: بەڕاستی ئەم ئاینە ئاسانە. شەریعەتەکەی هەمووی پڕە لە چاوپۆشی و لێبوردەیی و ئاسانکاری تەواو، ئاسانە بۆ ئەو کەسەی خوا بۆی ئاسان کردوە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ حَرِيصٌ عَلَيْكُم ﴾ واتە: سوورە لەسەر ڕێنمایی کردنتان و گەیاندنی سوودی دنیایی و دواڕۆژ بۆتان، لە ئەبو زەڕەوە[6] وتی: پێغەمبەری خوا بەجێ هێشتین بالّندەیەك نەما بەئاسماندا باڵەکانی ئەم دیو ئەو دیو پی بکا ئیللا دەربارەی ئەوە زانستی پێداین. طەبەرانی دەرهێناوە، وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**ما بَقِيَ شَيْءٌ يُقَرِّبُ مِنَ الْجَنَّةِ ويُبَاعِدُ مِنَ النَّارِ إلا وقد بُيِّنَ لَكُمْ**) [7]. واتە: شتێك نەماوە لەبەهەشت نزیك بکاتەوە و لە ئاگریش دور بخاتەوە مەگەر بۆتانم ڕوون کردوەتەوە).

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ﴾**الشعراء**. (واتە: وە باڵی بەزەیی و نەرمو نیانیت ڕاخە بۆ ئەو بڕوادارانەی کە شوێنت

---

(١) حسن أحمد: ٢٠١/١-٢٠٣. من حديث أم سلمة.

(٢) الطبري في التاريخ ٥٢٣/٣.

(٣) تفسير الطبري ٧٦/١١، البيهقي ١٩٠/٧.

(٤)أخرجه أحمد (٢٢٢٩١)، وصححه الشيخ الألباني بشواهده في الصحيحة (٢٩٢٤).

(٥)أخرجه البخاري في الإيمان (٣٩) فتح.

(٦)ساق ابن كثير سند الطبراني إلى أبي ذر.

(٧)أخرجه البزار (٣٨٩٧)، وابن حبان (٦٥)، والطبراني في الكبير ٢ / ١٥٥، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٨٠٣).

کەوتوون* ئینجا ئەگەر سەرپێچیان کردی ئەوسا پێیان بڵێ: بەڕاستی من بەریم لەوەی ئێوە دەیکەن* وە پشت بەو خوایە ببەستە کە زاڵ و بەبەزەییە) بەو شێوەیە خوا فەرمانی پێ کردوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەویش فەرمایشتی خوایە: ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ ﴾ واتە: ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا لەوەی بۆم هێناون لەو شەریعەتە مەزنە پاك و تەواوو گشتگیرە ﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾التوبة. (واتە: جا ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو گوێیان پێ نەدایت ئەوسا بڵێ من تەنها خوام بەسە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لە ئەو تەنها پشت بە ئەو دەبەستم ئەویش پەروەردگاری عەرشی گەورەیە).

وتم: ئەم وەسفانە کە پێغەمبەری ﷺ پێ وەسف کراوە لە مافی ئوممەتەکەی ئەمانەی لەخۆ گرتووە: کە ئاگاداری کردونەتەوەو ترساندوونی لەو هاوبەشدانانەی کە مەزنترین تاوانە، وە ئەو هۆکارانەشی ڕوون کردوەتەوە بۆیان کە پێی دەگەن، زۆر جەختی کردوەتەوە لە ڕێگریکردنیان لێی، لەوانەش بە مەزندانانی گۆڕەکان و زیادەڕەوی تیایاندا، وە نوێژ کردن لە تەنیشتیان، وە بۆیان، وێنەی ئەوانەش کە دەیگەیەنێت بە پەرستنیان، وەك لە پێشەوە باس کرا، وە هەروەك دێت لە فەرموودەکانی ئەم بابەتەدا.

گۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی کۆبوونەوە و جەژن و لەهەر شوێنێك بوون صەڵاوات و درووم لەسەر بدەن

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي هريرة قال: قال رسول الله: (لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا ولا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا وَصَلُّوا عَلَيَّ فإن صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ)[1]. رواه أبو داود بإسناد حسن. رواته ثقات.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبی هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وە گۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی کۆبوونەوە و جەژن و لەهەر شوێنێك بوون صەڵاوات و درووم لەسەر بدەن، چونکە صەلاوات دانتان پیم دەگات لەهەر شوێنێك بن. ئەبو داود بە سەنەدێکی حەسەن گێڕاویەتیەوە، گێڕەرەوەکانی متمانە پێکراون.

.....

وتەی: (**لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا**) شێخی ئیسلام وتی: ماڵەکانتان پەك نەخەن لە نوێژ کردن تیایدا و پارانەوە و قورئان خوێندن، دەرئەنجام وەکو گۆڕستانی لێ دێت، بۆیە فەرمانی کردوە بە ئەنجامدانی پەرستش لە ماڵەکان و ڕێگری کردوە لە لای گۆڕەکان، پێچەوانەی ئەوەی هاوبەشدانەران ئەنجامی دەدەن لە گاورەکان و ئەوانەش خۆیان چواندووە پێیان لەم ئوممەتە.

---

(١)أخرجه أبو داود في المناسك (٢٠٤٢)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (١٧٨٠)

لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە ئیبنوعومەرەوە بە مەرفوعی: (**اجْعَلُوا من صَلَاتِكُمْ في بُيُوتِكُمْ ولا تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا**)[1]. واتە: هەندێ لە نوێژەکانتان ببنەوە بۆ ماڵەوە مەیکەن بە گۆڕستان.

وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە بە مەرفوعی لە ئیبنوعومەرەوە: (**لاَ تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ فإن الشَّيْطَانَ يَفِرُّ مِنَ الْبَيْتِ الذي يَسمعُ سُورَةُ الْبَقَرَةِ تُقْرَأُ فيه**)[2]. واتە: ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان چونکە بەڕاستی شەیتان لەو ماڵە هەڵدێت سورەتی بەقەرەی تێدا دەخوێنرێ.

وتەی: (**ولا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا**) شێخی ئیسلام وتویەتی: (العيد) ناوێکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی گشتی لەسەر شێوەیەکی خوپێوەگیراو: یان بە گەڕانەوەی ساڵ یان بە گەڕانەوەی هەفتە یان مانگ و وێنەی ئەوانە.

ئیبنولقەییم وتویەتی: (العيد) بریتیە لەوەی گەڕانەوە و مەبەستی دووبارە دەبێتەوە لە شوێن و کاتدا، لە (**المعاودة**)ەو (**الإعتياد**) لە گەڕانەوەو ڕاهاتن وەرگیراوە. جا ئەگەر ناو بێت بۆ شوێن ئەوە مەبەست ئەو شوێنەیە کە تێیدا کۆ دەبنەوە و دەیکەن بە شوێنی پەرستش و غەیری ئەویش، هەر وەك چۆن مزگەوتی حەرام و مینا و موزدەلیفە و عەرەفە و دروشمەکانی دیکە خوا کردویەتی بە شوێنی کۆبوونەوە و پاداشت بۆ یەکتاپەرستان، وەك چۆن ڕۆژەکانی پەرستشی تێیدا کردوە بە جەژن. هاوبەشدانەران چەندین جەژنی هەبووە هەم جەژنی کاتی و هەم جەژنی شوێنی، کاتێ خوا ئیسلامی هێنا پووچی کردەوە و لەبری ئەوە جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و ڕۆژەکانی مینای بۆ گەردن کەچان دانا، وەك چۆن قەربووی کردنەوە لە جەژنەکانی هاوبەشدانەران لە شوێنەکان، لە کەعبە و میناو موزدەلیفەو عەرەفەو دروشمەکان.

وتەی: (**وَصَلُّوا عَلَيَّ فإن صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ**) شێخی ئیسلام دەڵێ: بەو فەرموودەیە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە ئەو صەڵات و سەلامەی ئێوە دەیدەن پێم دەگات دوور بن یان نزیك لە گۆڕەکەم، هیچ پێویستتان بەوە نیە بیکەن بە (عيد) جەژن و شوێنی کۆبوونەوە.

وتەی: (**لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا**) وتەی شێخی ئیسلام پێشکەوت دەربارەی مانای فەرموودەکە.

---

(١)أخرجه البخاري في الصلاة (٤٣٢) فتح، ومسلم في صلاة المسافرين (٧٧٧) عبد الباقي.

(٢)أخرجه مسلم في صلاة المسافرين (٧٨٠) عبد الباقي. ولنكه من حديث أبي هريرة.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن علي بن الحسين (رضي الله عنه): (أنه رأى رجلاً يجيء إلى فرجة كانت عند قبر النَّبِيِّ ﷺ فيدخل فيها فيدعو، فنهاه وقال: ألا أحدثكم حديثاً سمعته من أبي عن جدي عن رسول الله ﷺ؟ قال: (لا تتخذوا قبري عيداً، ولا بيوتكم قبوراً، وصلوا علي فإن تسليمكم يبلغني أين كنتم) رواه في المختارة[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عەلی کوڕی حوسین (خوای لێ ڕازی بێت): بێگومان ئەو پیاوێکی بینی دەهات بۆ لای تاقێك لە لای گۆڕەکەی پێغەمبەر ﷺ سەری دەکرد بەناویدا و ئینجا دەپاڕایەوە لەخوا، ئەویش ڕێگری لێ کرد و وتی: ئایا فەرموودەیەکتان بۆ باس نەکەم لە باوکمەوە بیستوومە لە باپیرەمەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ؟ فەرمووی: (گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی کۆبوونەوە و ماڵەکانیشتان مەکەن بە گۆڕستان، صەڵاوات دروود بنێرن بۆم، بێگومان لە هەر کوێ بن سەلامەکەتان دەگاتە من) ڕیوایەتی کردوە لە (المختارة).

.....

ئەم فەرموودەو ئەوەی پێش ئەو سەندەکەیان باش و چاکە.

یەکەم: ئەبو داوود و غەیری ئەو گێڕاویانەتەوە لە فەرموودەی (عبد الله) کوڕی نافیعی صائیغ وتی: ئیبنوئەبی زیئیب هەواڵی پێدام لە سەعیدی مەقبوری لە ئەبی هورەیرەوە ئەویش باسی کرد، وە گێڕەرەوەکانی کەسانی متمانە پێکراوە بە ناوبانگن، بەڵام (عبد الله)ی کوڕی نافیع وتی: ئەبو حاتەم دەربارەی وتویەتی: (**حافظ**) نیە، ڕیوایەتەکانی دەناسرێ و ناناسرێ. ئیبنومەعین وتویەتی: ئەو (**ثقة**)یە، واتە: متمانە پێکراوە، ئەبو زورعە وتویەتی: (لا بأس به) واتە: هیچ گرفتێکی نیە، شێخی ئیسلام وتویەتی: وێنەی ئەم پیاوە ئەگەر بۆ فەرموودەکە شایەت و بەڵگە هەبێت ئەوە(**محفوظ**) واتە: پارێزراوە، ئەمەش شایەت و بەڵگەی فرەی هەیە. (**الحافظ**)ی موحەممەدی کوڕی عبد الهادی وتویەتی: ئەو فەرموودە (حسن)ە و سەنەدی باشە، وە شاهیدی هەیە لە ڕێگای ترەوە کە فەرموودەکە بەرز دەکاتەوە بۆ پلەی (**صحة**).

دووەم: ئەبو یەعلا و قازی ئیسماعیل و (**ضياء الدين**) موحەممەدی کوڕی (عبد الواحد)ی مەقدیسی لە کتێبی (**المختارة**) ڕیواتیان کردوە.

شێخی ئیسلام دەڵێ: تەماشای ئەم سوننەتە بکە دەرچوونی چۆن بووە لە لای خەڵکی مەدینە و ئال و بەیت ئەوانەی نزیکیەکیان هەیە لە پێغەمبەرەوەو لە ڕەچەڵەك و لە شوێن، چونکە ئەوان زیاتر پێویستیان بەوە بووە لە غەیری خۆیان، بۆیە ئەوان زەبت تر بوونە بۆ فەرموودە.

سەعیدی کوڕی مەنصور لە (السنن)ەکەیدا وتویەتی: عەبدولعەزیزی کوڕی موحەممەد بۆمانی باس کرد، سوهەیلی کوڕی ئەبی سوهەیل هەواڵی پێمدا، وتی: حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو **طالیب** منی بینی لە لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ، بانگی کردم، ئەو لە ماڵی فاتیمە

---

(١)أخرجه ابن أبي شيبة ٢ / ٣٧٥، وأيضاً أبو يعلى، والضياء في (المختارة) (٤٢٨)، وقواه الألباني في تحذير الساجد (٩٥، ٩٦) وانظر أيضاً أحكام الجنائز (٢١٩،٢٢٠).

بوو نانی شێوانی دەخوارد،جا وتی: فەرمووی لێ کردم بۆ خواردنی نانی شێوان، منیش وتم: نان ناخۆم، وتی: ئەوە چیە ئەڵێی لەسەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ تۆم بینی؟ وتم: سڵاوم لە پێغەمبەری خوا کرد. وتی: ئەگەر چوێتە مزگەوتەوە سەلآوی لێ بکە، پاشان وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لا تتخذوا قبري عيداً، ولا تتخذوا بيوتكم مقابر، وصلوا عليَّ فإن صلاتكم تبلغني حيثما كنتم، لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد**)[1]. (واتە: گۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی کۆبونەوەو یادەوەری، وە ماڵەکانیشتان مەکەن بە گۆڕستان، وە سەلآواتم لەسەر لێ بدەن، چونکە بەڕاستی سەلآواتی ئێوە دەگات بەمن لەهەر کوێیەك بن. نەفرینی خوا لە جولەکەو گاورەکان، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت و پەرستگا) ئێوەو خەڵکی ئەندەلوس لەمەدا وەك یەك وان.

هەروەها سەعید وتویەتی: حیبانی کوڕی عەلی بۆمانی باسکردوە، مەحەمەدی کوڕی عەجلان بۆمانی باس کردوە، لە ئەبی سەعیدی مەولای مەهری وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لا تتخذوا قبري عيداً، ولا بيوتكم قبوراً، وصلوا علي فإن صلاتكم تبلغني**)[2]. واتە: گۆڕەکەم مەکەنە شوێنی کۆبوونەوە و ماڵەکانیشتان مەکەن بە گۆڕستان، صەڵاوات دروود بنێرن بۆم، بێگومان لە هەر کوێ بن صەڵاتەکەتان دەگاتە من).

شێخی ئیسلام وتویەتی: ئەم دوو فەرموودە (المرسل) لەم دوو ڕوە جیاوازەوە بەڵگەن لەسەر جێگیر بوونی فەرمودەکە، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی فەرموودەکەی بە(المرسل) داناوە کاری پێ کردوە، ئەوەش جێگیربوونی دەخوازێ لای ئەو، ئەگەر ڕیوایەتیش نەکرابێ لە ڕوی سەنەدەوە لە غەیری ئەم دوو ڕێگایە، ئەی ئەبێ چۆن بێت کە پێشتر بە موسنەدی هێنامان.

وتەی دانەر عەلی کوڕی حوسەین کوڕی عەلی کوڕی ئەبی **طالیب**، ناسراو بە (زین العابدین) چاکترین و زاناترینی ناو تابعیەکان لەناو ئال و بەیتی پێغەمبەر بووە، زوهری وتویەتی: قوڕەیشیەکم نەبینیوە لەو چاکتر بێت لەسالّی نەوەدو سێ کۆچی دوایی کردوە، باوکیشی حوسەینە، کچەزای پێغەمبەری خواو ڕەیحانەکەیەتی، لە پێغەمبەرەوە شتی وەرگرتووە لە ڕۆژی عاشورا شەهید کرا، لەسالّی شەست و یەك، پەنجاو شەش سالّ تەمەنی کردوە.

وتەی دانەر: (**أنه رأى رجلاً يجيء إلى فرجة**) بە (**ضم**)ەی (**فاء**) و (سکون)ی (**الراء**)، ئەویش بریتیە تاقێك لەناو دیوارو وێنەی ئەوە.

وتەیش: (**فيدخل فيها فيدعو، فنهاه**) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر قەدەغەکردنی ڕوکردنە گۆڕەکان و مەزارگەکان لەبەر پارانەوەو نوێژ کردن لە لایان.

شێخی ئیسلام وتویەتی: کەسێکم نەبینیوە ڕوخسەتی پێ بدات، چونکە ئەوە جۆرێکە لەوەی بکرێت بە شوێنی کۆبوونەوە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر مەبەستی سەردانی گۆڕ بوو بۆ سەلام لێ کردنی، وە ڕۆشتە ناو مزگەوتەوە بۆ ئەوەی نوێژی تێدا بکات، ڕێگە لێگیراوە، چونکە ئەوە ڕێگە پێ نەدراوە، ئیمامی مالیك بە کەراهەتی زانیوە بۆ خەڵکی مەدینە هەر کاتێ کەسێکیان

---

(١)أنظر المصدرين السابقين.

(٢) أنظر المصدرين السابقين.

بچێتە ناو مزگەوتەوە بچێت بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ، چونکە سەلەف و پێشین ئەو کارەیان نەدەکرد، دەڵێ: کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك ناکات مەگەر ئەوەی سەرەتاکەی چاککرد. هاوەڵان و تابعیەکان دەهاتن بۆ مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ نوێژیان دەکرد، ئەگەر نوێژیان تەواو بکردایەت دادەنیشتن یان دەردەچوون، هەرگیز نەدەچوون بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بۆ سڵاو کردن، چونکە دەیانزانی صەڵات و سەلام لەسەر دانی لە ناو نوێژدا تەواو ترو چاکترە، بەڵام چوونە ژورەوەیان بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بۆ صەڵات و سەلام لەسەر دانی لەوێ، یان بۆ نوێژ و پاڕانەوە ڕێگای پێیان نەداوە، بەڵکو قەدەغەی لێ کردوون لە فەرموودەی: (**ولا تتخذوا قبري عيدا، وصلوا عليَّ فإن صلاتكم تبلغني**) پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردۆتەوە کە صەڵاوات پێی دەگات لە دوای خۆی، بەهەمان شێوە سەلامیش، وە نەفرینی کردوە لەو کەسانەی گۆڕی پێغەمبەرانیان کردوە بە مزگەوت. ژورەکەی لە سەردەمی ئەواندا لە هەموو دەرگایەکەوە دەتوانرا بچێتە ژورەوە چونکە عائیشەی تێدا بوو، وە دوای ئەوەش تا دیواڕێکی تر دروست کرا، ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا دەیانتوانی بە ئاسانی بگەن بە گۆڕەکەی، بەڵام نەدەچوون بۆ لای، نە بۆ سەلام کردن و نەبۆ نوێژ کردن و نە بۆ پاڕانەوە بۆ خۆیان و نە بۆ غەیری خۆیان، نە بۆ پرسیار دەربارەی فەرموودەیەك یان زانستێ، شەیتانیش تەماحی ئەوەی پێ نەدەکردن تا شتێك بدات بە گوێیاندا، ئەوانیش وا گومان ببەن ئەوە پێغەمبەری خوایە قسەی بۆ کردون و فتوای بۆ داون، وە فەرموودەی بۆ ڕونکردونەتەوە، یان ئەو وەڵامی سەلامەکەیانی دابێتەوە بە دەنگێك لە دەرەوە ببیستری، وەك چۆن شەیتان تەماحی هەبوو لە غەیری ئەواندا گومڕای کردن لەلای گۆڕەکەی و گۆڕی جگە لەویش، تا وا گومانیان برد کە خاوەن گۆڕ فەرمانیان پێ دەکات و ڕێگریان لێ دەکاو فتوایان بۆ دەداو بە ڕواڵەت قسەیان لەگەڵدا دەکات، وە ئەو لە گۆڕ دەردەچێ و لەدەرەوەی گۆڕەکە دەیبینن، وە وا گومان دەبەن خودی جەستەی مردوەکە دەرچوەو قسەیان لەگەڵدا دەکات، وە ڕوحی مردوەکە کراوە بە بەری جەستەدا ئەوان دەیبینن وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ لە شەوی میعراجدا بینینی.

مەبەست ئەوەیە کە بەڕاستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وا ڕانەهاتبوون صەڵات و سەلامی لەسەر لێ بدەن لە لای گۆڕەکەی، وەك چۆن خەڵکانێك لەدوای ئەوان لە پاشینەکان ئەوەیان ئەنجام دەدا، بەڵکو ئەگەر کەسێکیان لەگەشت بگەڕایەتەوە سەلامی لێ دەکرد هەر لە دەرەوە وەکو چۆن ئیبنوعومەر دەیکرد، عوبەیدوللای کوڕی عومەر لە نافیعەوە وتویەتی: ئیبنوعومەر ئەگەر لەگەشت بگەڕایەتەوە دەهات بۆلای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ دەیوت: سەلامی خوات لەسەر ئەی پێغەمبەری خوا، سەلامی خوات لەسەر ئەی ئەبو بەکر، سەلامی خوات لەسەر ئەی باوکم، پاشان دەڕۆیشت[1]. (عبیدالله) وتی: کەسێکمان پێ نەزانیوە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەو کارە بکات جگە لە ئیبنوعومەر[2] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بێگومان بۆی نیە بوەستێ لەسەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ بۆ دوعاو نزا کردن ئەگەر سڵاوی کرد وەك چۆن خەڵکێکی زۆر ئەوە دەکەن.

---

(١) صحيح رواه بنحوه مالك في الموطأ ١٦٦/١.

(٢) أخرجه عبدالرزاق(٦٧٢٤)، وابن ابي شيبة(٣٤١/٣)، والبهقي٥/ ٢٤٥، وصححه الشيخ الألباني في فضل الصلاة على النبي ﷺ ولإسماعيل القاضي(١٠٠).

شێخی ئیسلام دەڵێ: چونکە ئەوە لە هیچ یەکێك لە هاوەڵانەوە نەگوازراوەتەوە، بۆیە بیدعەیەکی تەواوە، وە لە (**المبسوط**)دا هاتووە مالیك وتویەتی: پێم وانیە کەسێك لەسەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ وەستابێ، بەڵام سڵاوی دەکردو دەڕۆیشت. وە ئەحمەد دەڵێ: ڕوودەکاتە قیبلەو ژورەکە دەخاتە لای چەپی خۆی بۆ ئەوەی پشتی تێ نەکات.

بە گشتی: بێگومان زانایان یەکدەنگن کە ئەگەر پاڕایەوە ڕوو نابێت ڕوو بکاتە گۆڕەکە، وە جیاوازیان هەیە ئایا لەکاتی سەلآودا ڕووی تێ دەکات یان نا؟

وە لەم فەرموودەدا بەڵگەی تێدایە لەسەر ڕێگری کردن لە خۆ ئامادە کردن بە کەل و پەلی پێویستەوە، وە زۆر چوون بۆ لای گۆڕی پێغەمبەر ﷺ، وە بۆ لای غەیری ئەویش لە گۆڕ و مەزارگەکانی دیکە، چونکە ئەمە کردنیەتی بە شوێنی بۆنە و کۆبونەوە، بەڵکو لە مەزنترین هۆکارەکانی هاوبەشدانانە، ئەمیش ئەو مەسەلەیە کە شێخی ئیسلام فتوای پێ داوە - مەبەستم ئەوەیە کەسێك گەشت بکات تەنها بۆ سەردانی کردنی گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان- وە جیاوازی زانایانی لەو بارەوە گواستۆتەوە، هەندێکیان ڕێگەیان بەوە داوە، وەك غزالی و ئەبو موحەممەدی مەقدیسی، وە هەندێکی دیکە ڕێگری ئەوەیان کردوە، وەك: ئیبنوبە**طە** و ئیبنوعەقیل و ئەبو موحەممەدی جوینی و **قاضي عياض**، ئەوەش بۆچوونی زۆربەی زانایانە، ئیمام مالیك هێناویەتی و هیچ کەسێك لە زانایان پێچەوانەیان نەکردوە، ئەوەش بۆچوونی تەواوە لەبەر ئەوەی لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، لە ئەبی سەعید لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَا تُشَدُّ الرِّحَالُ إلا إلى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَمَسْجِدِي هذا، وَمَسْجِدِ الْأَقْصَى**) [1] واتە: خۆتان ئامادە مەکەن بۆ گەشت کردن مەگەر بۆ سێ مزگەوت: مزگەوتی حەرام، مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ، مزگەوتی ئەقصا.

خۆئامادە کردن بۆ سەردانی گۆڕستان و مەزارگەکان دەچێتە ناو ئەم ڕێگریەوە، جا یان (لا) بۆ نەهی کردنە، یان بۆ نەفی کردنە، وە لە ڕیوایەتێکدا بە دەستەواژەی نەهی هاتووە بۆیە نەهی یە، هاوەڵانیش هەر بە ڕێگری کردن لێی تێگەیشتوون، وەك لە (**الموطأ والمسند والسنن**)دا هاتووە، لە بەصرەی کوڕی ئەبی بەصرەی غیفاری ئەو بە ئەبو هورەیرەی وت کاتێ ڕووی کردبووە (**الطور**)و دەڕۆیشت: ئەگەر بتمبینایە پێش ئەوەی دەربچی بۆلای ئەوە من دەرنەدەچووم: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (**لَا تُعْمَلُ الْمَطِيُّ إلا إلى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَمَسْجِدِي هذا، وَمَسْجِدِ الْأَقْصَى**) [2] واتە: کەر بەکار ناهێنرێ مەگەر بۆ سێ مزگەوت: مزگەوتی حەرام، مزگەوتی پێغەمبەر، مزگەوتی ئەقصا.

وە ئیمامی ئەحمەدو عومەری کوڕی شەبە لە کتێبی (**أخبار المدينة**)دا بە سەنەدێکی باش لە قەزەعەوە وتی: هاتم بۆلای ئیبنوعومەر وتم: من دەمەوێ بچم بۆ سەر کێوی(**طور**) ئەویش وتی: خۆ ئامادە کردن تەنها بۆ سێ مزگەوتە: مزگەوتی حەرام، مزگەوتی مەدینە، مزگەوتی ئەقصا. واز لە (**طور**) بهێنەو مەڕۆ بۆ لای[3].

---

(١) أخرجه البخاري في (فضل الصلاة في مسجدي مكة والمدينة ١١٩٧/ فتح، ومسلم في (الحج ٨٢٧ عبدالباقي).

(٢) أخرجه النسائي في الجمعة (١٤٣٠) أبو غدة، وصححه الشيخ الألباني في الإرواء ٣/ ٢٢٨.

(٣) أيضاً أخرجه عبد الرزاق (٩١٧١)، وصححه الشيخ الألباني في أحكام الجنائز (٢٢٦).

جا ئیبنوعومەرو بەصرەی کوڕی ئەبی بەصرە کێوی گوریان خستە ڕیزی ئەو شوێنانەی کە نەهی لێ کراوە بەتایبەت کۆچی بۆ بکرێ، چونکە ئەو دەستە واژەی بەکاریان هێناوە قەدەغەکردنی تێدایە بۆ خۆمادەکردن بۆ غەیری ئەو سێ مزگەوتە، لەوەی کە مەبەست پێی نزیك بوونەوەیە، بۆیە زانراوە (**المستثنى منه**) گشتیە بۆ هەموو مزگەوتەکان و جگە لەوانیش، وە ڕێگری کردنیش تەنها تایبەت نیە بە مزگەوتەکانەوە، بۆیە ئەو دووانە ڕێگریان کردوە لە خۆ ئامادە کردن بۆ لای (**طور**) بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە. خەڵکیش ئەوانەی گەشت دەکەن بۆ لای (**طور**) لەبەر گەورەیی ئەو شوێنەیە، چونکە خوا ناوی ناوە بە (الوادی المقدس) وە (**البقعة المباركة**) لەوێدا خوا لەگەڵ دوێنراوی خۆی مووسا ﷺ قسەی کرد، ئەمەش ئەوەیە کە هەر چوار زانا پایە بەرزەکە و زۆربەی زانایان لەسەرین، هەر کەسێك دەیەوێت بە تیرو تەسەلی لێی تێبگات و وەڵامی ئەوە بداتەوە کە دژیەتی، ئەوە پێویستە بگەڕیتەوە بۆ وەڵامدانەوەی شێخی ئیسلام لە بەرانبەر (**ابن الأخنائي**) بەوەی دژی وەستاوەتەوە بە فەرموودە ڕاستەکان، زانایانیش وەریاگرتووە بە قیاسی لە پێشتر، چونکە خراپە لەوەدا ئاشکرایە.

بەڵام قەدەغەکردن لە سەردانی جگە لە سێ مزگەوتەکە مەبەستە لەوەی تێی دایە: هیچ بەرژەوەندیەك نیە ئەوە پێویست بکات، وە هیچ تایبەتمەندیەکی تێدا نیە نیە بانگمان بکات بۆ لای، موحەممەدی کوڕی عبد الهادی بە فراوانی باسی کردوە لە کتێبەکەی (**الصارم المنكي في رده على السبكي**)، وە باسی عیللەتی ئەو فەرموودانەی تێدا کردوە کە دەربارەی گۆڕی پێغەمبەر ﷺ هاتوون، ئەوو شێخی ئیسلامیش ڕەحمەتی خوایان لێ بێت باسیان کردوە کە فەرمودەیەکی ڕاست لە ناو ئەوانەدا نیە لە پێغەمبەرەوە، وە نە لە هاوەڵەکانیشیەوە، سەرەڕای ئەوەش دەلالەت ناکاتە سەر ئەوەی کە جێگەی ناکۆکی بێ، چونکە هیچی تێدا نیە تەنها سەردانی ڕەها نەبێت، ئەویش کەس نکوڵی لێ ناکات بە بێ خۆ ئامادەکردن بە تایبەت، ئەوەش سەردانیەکی شەرعیە هیچ هاوبەشدانان و بیدعەیەکی تێدا نیە بۆیە حەمل ئەکرێتە سەری.

وتەی: (**رواه في المختارة**) (**المختارة**): کتێبێکە نووسەرەکەی فەرموودە باشەکانی کۆ کردوەتەوە کە زیادە لەسەر هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیم.

دانەرەکەی: باوکی (عبد الله) موحەممەدی کوڕی (عبد الواحد)ی مەقدیسی (**حافظ ضياء الدين الحنبلي**) یەکێکە لە زانا دیارەکان، تەمەنی لەم بوارەدا تەرخان کردوە لەگەڵ ئایندارییەکی بەتین و وەرع و چاکەی تەواو، خوا ڕەحمی پێ بکات و لێی ڕازی بێت.

شێخی ئیسلام وتویەتی: ئەو فەرموودانەی ئەو بەڕاستی داناوە لە کتێبەکەیدا چاکترە لە بەڕاستدانی حاکم لە کتێبەکەی بەبێ گومان و دوو دڵی. لە سااڵی شەش سەدو چل و سێ کۆچی دوایی کردوە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (براءة).

دووەم: دوور خستنەوەی ئوممەتەکەی لەم سنوورە بە ئەوپەری دوورخستنەوە.

سێیەم: باسی سوربوونی پێغەمبەر ﷺ لەسەر سوودی ئێمە و سۆزو بەزەیی و میهرەبانی بۆمان.

چوارەم: ڕێگری کردنی لە سەردانی کردنی گۆڕەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی، لەگەڵ ئەوەی سەردانی کردنی لە چاکترین کردەوەکانە.

پێنجەم: پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لەوەی زۆر سەردانی گۆڕەکەی بکرێت.

شەشەم: جەختکردنەوەی لەسەر ئەنجامدانی نوێژی سوننەت لەماڵدا.

حەوتەم: نابێت هیچ کەس نیە نوێژ لە گۆڕستان بکات، ئەمەش لە لای هاوەڵان چەسپیوە و جێگیر بووە، وە پاش ئەوانیش لەلای تابعین.

هەشتەم: هۆکاری سەردانی نەکردنی دیاری کردوە، بەوەی هەرکەسێك صەلات و سەلام بدات لەسەری پێی دەگات ئەگەر چی دوریش بێت، کەواتە هیچ پێویست ناکات کەسێك بیەوێت نزیك ببێتەوە لە گۆڕەکەی.

نۆیەم: پێغەمبەر ﷺ حاڵی وایە لە بەرزەخدا کردەوەکانی ئوممەتەکەی لە صەلات و سەلام پیشان دەدرێت.



بەشی ٢٢

ئەوەی هاتووە کە هەندێ لەم ئوممەتە جگە لە خوا دەپەرستن

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: باب ما جاء أن بعض هذه الأمة يعبد الأوثان. وقول الله تعالى: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴿٥١﴾ ﴾النساء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە کە هەندێ لەم ئوممەتە جگە لە خوا دەپەرستن. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی بەشێك لە نامەی خواییان پێدراوە بڕوا ئەهێنن بە شتی بێ نرخ و بەرنامەی غەیری خوا (بە جادوگەران و بە شەیتان).

(**الوثن**) بەهەر شتێ دەوترێ کە ڕوی تێ بکرێ لە جۆرێ لە جۆرەکانی عیبادەت لە جیاتی خوا، لە گۆڕەکان و شوێنە پیرۆزەکان و جگە لەوانیش لەبەر وتەی ئیبراهیمی خەلیل ﷺ: ﴿ إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا ﴿١٧﴾ ﴾العنكبوت. (واتە: بەڕاستی ئێوە لە جیاتی خوا بتانێك دەپەرستن، وە ئێوە درۆیەکی گەورە هەڵدەبەستن) لەگەڵ فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَالُوا۟ نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ ﴾**الشعراء**. (واتە: وتیان بتانێك دەپەرستین ئینجا بەردەوام بەندایەتیان دەکەین) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾الصافات. (واتە: ئایا ئێوە بتانێك دەپەرستن کە خۆتان دەیتاشن و دروستی دەکەن؟) ئا بەو شێوەیە دەزانرێت بەڕاستی (**الوثن**) بەکار دەهێنرێت بۆ بتەکان و جگە لەوانیش لەوانەی دەپەرسترێن لە غەیری خوا، وەك لە پێشەوە لە فەرموودەکەدا هات.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾ ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە لە عیکریمە وتی: حوێەی کوڕی ئەخطەب و کەعبی کوڕی ئەشرەف هاتن بۆ لای خەڵکی مەککە، ئەوانیش پێیان وتن: ئێوە خاوەن کتێب و زانستن، هەواڵمان بدەنێ دەربارەی ئێمە و موحەممەد ﷺ. وتیان: ئێوە چین و موحەممەد چیە؟ وتیان: ئێمە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دێنین و حوشتری گەورە سەر دەبڕین و ئاو دەدەین بەسەر شیرداو کۆیلە ئازاد دەکەین و ئاو دەدەین بە حاجیان، موحەممەدیش نە برای هەیە و نەمندااڵی کوڕو نە پشتیوان مەبەست پێی دار خورمایەکە تاکە و جیا بوەتەوە لەهەموو دارخورماکانی دیکە، وە پەیوەندی خزمایەتیمانی پچڕاندوە، خەڵکانێك

شوێنی کەوتوون دزی دەکەن لە حاجیان لە هۆزی(غیفار) ئایا ئێمە باشترین یان ئەو؟ وتیان: ئێوە باشترن و ڕێگاکەشتان ڕێنماترە لە ئەو، خواش ئەم ئایەتەی داگرتە خوارەوە: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ سَبِيلًا ﴿٥١﴾ ﴾النساء. (ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە لەوانەی بەشێك لە نامەی خواییان پێدراوە بڕوا ئەهێنن بە شتی بێ نرخ و بەرنامەی غەیری خوا (بە جادوگەران و بە شەیتان) وە ئەڵێن بەوانەی کە بێ بڕوان ئەوانە ڕێبازیان ڕاسترە لەوانەی کە بڕوایان هێناوە).

وە لە (مسند)ی ئەحمەد لە ئیبن عەباس بە وێنەی ئەو هاتووە.

مانای (الجبت) وە (الطاغوت)

عومەری کوڕی خەطاب وتویەتی: (الجبت) جادووە، (الطاغوت)یش: شەیتانە. بە هەمان شێوە ئیبنوعەباس و ئەبو لعالیەو موجاهید و حەسەن و جگە لەوانیش وتویانە. وە لە ئیبنوعەباسەوە لە عیکریمە و ئەبی مالیك هاتووە: (الجبت) شەیتانە، ئیبنوعەباس ئەوەشی زیاد کردوە: لە (الحبشية).

هەروەها لە ئیبن عەباسەوە: (الجبت) هاوبەشدانانە. هەر لەوەوە (الجبت): بتەکانە. هەر لەوەوە (الجبت): حوێەی کوڕی ئەخطەبە. وە لە شەعبیەوە (الجبت): جادوگەری عەرەبە، یان فاڵچیە. وە لە موجاهیدەوە (الجبت): کەعبی کوڕی ئەشرەفە.

جەوهەری وتویەتی: (الجبت): وشەیەکە بۆ بت و فاڵچی و جادوگەرو وێنەی ئەوانە بەکار دێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه معرفة الإيمان بالجبت والطاغوت في هذا الموضع هل هو اعتقاد قلب، أو هو موافقة أصحابها، مع بغضها ومعرفة بطلانها؟.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: زانینی بڕوا بوونی تێدایە بە (الجبت والطاغوت) لەم جێگەیەدا ئایا ئەوە بڕوا بوونی دڵە، یان هاوڕابوونی هاوەڵانێتی، لەگەڵ ڕق لێبوونەوە لێیان و زانینی ناڕاستیان؟

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ ﴿٦٠﴾ ﴾المائدة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ کێ شوێن و پاداشتی خراپترە لای خوا لەوە ئەوە کەسێکە خوا نەفرەتی لێ کردبێ و خەشمی لێگرتبێ وە هەندێکی لێ کردبن بە مەیموون و بەراز وە بت و طاغووتی پەرستبێ)

.....

خوا ﷻ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ دەفەرموێ: ئەی موحەممەد تۆ بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ بە خراپترین پاداشتی خوایی لە ڕۆژی دواییدا لەو سزایەی کە ئێوە بە گومانی خۆتان پێمانی دەبەن (کە ئاواو ئاوایە)؟ ئەوانیش ئێوەن ئەی ئەو کەسانەی وەسف کراون بەم سیفاتانە، وەك خوا

ﷻ فەرمویەتی: ﴿ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ﴾ واتە: دووری خستۆتەوە لە ڕەحمەتی خۆی ﴿ وَغَضِبَ عَلَيْهِ ﴾ واتە: خەشم و قینێکی لێ گرتووە هەرگیز دوای ئەوە لێی ڕازی نابێ ﴿ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ ﴾.

ئەوری وتویەتی لە عەلقەمەی کوڕی مەرثەد لە موغیرەی کوڕی (عبدالله)ی یەشکوری لە مەعروری کوڕی سوەید ئیبن مەسعود وتی: پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی (**القردة والخنازير**) مەیمون و بەراز، ئایا ئەوە لەوەیە کە خوا شێوەیانی گۆڕی؟ فەرمووی: (**ان اللّٰهَ لم يُهْلِكْ قَوْماً - أو قال يمسخ قوما- فَجعَلَ لهم نَسْلاً وَلاَ عقباً، وان الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ كانت قبل ذلك**)[1]. واتە: خوا قەومێکی لەناو نەبردوە -یان وتی: شێوەیانی نەگۆڕیوە- ئینجا وەچەو نەوەی بۆ دانابن (واتە: ئەوانەی شێوەیان گۆڕدرا نەوە و وەچەیان نەبوو) بەڵکو مەیمون و بەراز پێش ئەوە هەبوون.

بەغەوی لە تەفسیری ﴿ قُلْ ﴾ ئەی موحەممەد ﷺ ﴿ هَلْ أُنَبِّئُكُم ﴾ هەواڵتان بدەمێ ﴿ بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ ﴾ ئەوەی باستان کرد، واتە: ئەوەی وتیان، کەسێك نابینین لە ئەهلی دین بەشی لە ئێوە کەمتر بێ لە دنیاو دواڕۆژدا، وە ئاینێکیشمان نەبینیوە لە ئاینەکەی ئێوە خراپتر بێ، باسی وەڵامدانەوەی کردوە بە وشەی (**الإبتداء**) (واتە: باسی (النار)ی کردوە بە وشەی (مبتدأ) ئەگەرچی (**مبتدأ**) شەڕو خراپ نیە، وەك خوا ﷻ فەرمویەتی: ﴿ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ ٱلنَّارُ ﴿٧٢﴾ ﴾**الحج**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ بە خراپتر لەو ڕوگرژی و توڕەییەی ئێوە چیە ئاگرە)﴿ مَثُوبَةً ﴾ سزا، (نصب) دانراوە لە سەر تەفسیر ﴿ عِندَ ٱللَّهِ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ﴾ واتە: ئەوەی خوا نەفرینی لێکردووەو خەشم و قینی بەسەردا باراندووە واتە جولەکە ﴿ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ ﴾ جا مەیموون هاوەڵانی ڕۆژی شەممەیە، بەرازیش ئەوانەن بێبڕوایان کرد بە سفرەکەی عیسا. لە عەلی کوڕی ئەبی **طەلحە** لە ئیبنوعەباس: ئەوانەی شێوەیان گۆڕا هەردوکیان لە هاوەڵانی ڕۆژی شەممە بوون، گەنجەکانیان شێویندران بە مەیموون پیرەکانیشیان شێوێندران بە بەراز.

﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ واتە: هەندێکی کردن بە بەندەی طاغووت، گوێڕایەڵی شەیتانی کرد لەوەی بۆی ڕازاندەوە، ئیبنومەسعوود خوێندویەتیەوە بە (**عبدوا الطاغوت**) وە حەمزە خوێندویەتیەوە بە (عبُد) بە (**ضم**)ەی (باء) وە (**الطاغوتِ**) بە (کسر)ەی (التاء) مەبەستی بەندەیە. ئەوانیش دوو شێوەی زاراوەن: (**عبْد**) بە (سکون)ی (باء) وە (**عَبُد**) بە (**ضم**)ەی (باء) وەك (**سبْع**) وە (سبُع) وە حەسەن خوێندویەتیەوە (**عبْد الطاغوت**) لەسەر تاك.

وە لە تەفسیری (**الطبرسي**) حەمزە بە تەنها خوێندویەتیەوە بە (**وعبُد الطاغوتِ**) بە (**ضم**)ەی (**الباء**) و (**جر**)ی (**التاء**) ئەوانی دیکەش بە ﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ بە (نصب)ی (**الباء**) و (فتح)ی (**التاء**). ئیبنوعەباس و ئیبنومەسعوود و ئیبراهیمی نەخەعی و ئەعمەش و ئەبانی کوڕی تەغلیب خوێندوویانەتەوە بە(**عُبُدَ الطاغوتِ**) بە (**ضم**)ەی (العین) و (**الباء**) و (فتح)ی (الدال)و (**خفض**)ەی (**التاء**) وتی: بەڵگەی حەمزە لە خوێندنەوەی و(**وعبُد الطاغوتِ**) حەملی ئەکاتە سەر ئەوەی کاری تێکردوە (**وَجعلَ**) وەك ئەوە وایە: (**وجَعل منْهم عَبُد الطاغوت**). واتە: داینواوە لەناو ئەواندا بەندەی **طاغووت**. (**جَعَلَ**)ەش بەمانی دروستی کرد. وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ

---

(١) رواه مسلم في كتاب القدر (٢٦٦٣)

وَٱلنُّورَ ﴿١﴾ ﴾ **الأنعام**. (واتە: وە تاریکیەکان و ڕووناکی دروست کردوە) (**عَبْد**) دەستەواژەی کۆ نیە، چونکە لە بنچینەی (کۆکان) شتێك نیە لەسەر ئەم (**بناء**)ە، بەڵام بە تاك هاتووە و مەبەست پێی کۆیە، ئایا نابینی لەو ناوە تاکانەی کە دراوەنەتە پاڵ ناسراو (**المفردة المضافة الى المعارف**)، بەمانای کۆ دێن کەچی لەفزەکەی بۆ تاکە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ﴿٣٤﴾ ﴾**إبراهيم**. (واتە: خۆ ئەگەر بەهرەو نیعمەتەکانی خوا بژمێرن بۆتان ناژمێر درێت) چونکە بنائی (**فَعْل**) مەبەست پێی زۆریە وەك (**يَقْظ ودَنُس**) تەقدیرەکەی بەم شێوەیە: ئەو بە تەواوی مەزهەبەوە ڕوی کردۆتە پەرستشی بتەکان.

بەڵام ئەوەی بە (فتح) خوێندویەتیەوە وتویەتی: ﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ ئەوە (**عطف**)ی کردوە لەسەر (بناء)ی (**ماضي**) کە لە (**الصلة**) دایە، ئەویش وتەی خوایە ﴿ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ﴾ وە بە تاك دانانی ڕاناو لە (عبد) ئەگەر چی ماناکەشی زۆری لەخۆ دەگرێت، چونکە ڕستەکە حەمل کراوە لەسەر بێژەکەی نەك ماناکەی، بکەرەکەشی ڕاناوی (**مَن**) وەك چۆن بکەری ئەو نموونانەی ڕاناوی (**مَن**) (**عطف**) کراوە لەسەریان، بەتاك هێنراوە لەبەر ئەوەی هەموویان حەمل بکرێتە سەر دەستەواژەکە. بەڵام فەرمایشتی خوا ﷻ: (**عُبُدْ الطاغوت**) ئەوە کۆی (**عَبَدَ**)ەیە.

ئەحمەدی کوڕی یەحیا وتویەتی: (**عُبُدْ**) کۆی (عابد)، وەك: (**بازِل وبُزُل، وشارِف وشُرُف**) بە هەمان شێوە (**عُبَّدْ**) کۆی (عابِد)، وینەی ئەوەش (**عِباد وعُبَّاد**).

شێخی ئیسلام وتویەتی لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ بۆچوونی تەواو ئەوەیە کە ئەو (**عطف**) کراوە لەسەر پێش خۆی لە فیعلەکان، واتە: ئەوەی خوا نەفرینی لێ کردبێت و غەزەبی لێ گرتبێت، وە لێیانی کردوە بە مەیموون و بەراز، وە کەسانێکیش کە بەندایەتی طاغووت دەکەن. وتویەتی: فیعلەکانی پێشوو (**لَعَنَ، غَضِبَ، جَعَلَ**) بکەر تیایدا ناوی خوایە بەناو دیار، یان بە ڕاناو. بەڵام لێرەدا بکەر ناوی (**مَن**) لە (**عبد الطاغوت**). هەر ئەویش ڕاناوە لە (عبد) خوا ﷻ (**مَن**) ی دووبارە نەکردوەتەوە چونکە ئەو کارانەی کردوە بە سیفەتێك بۆ دەستەیەك ئەوانیش جولەکەن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾**المائدة**. لەوەی ئێوە گومانمان پێ دەبەن ﴿ وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ ﴾ ئەمەش لە بابی بەکارهێنانی (**أفعل**)ی (**اسم التفضيل**)ە لەوەدا کە لە لایەنەکەی تردا بەشدار بووی نیە وەك خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا ﴿٢٤﴾ ﴾**الفرقان**. (واتە: بەهەشتیەکان لەو ڕۆژەدا لە چاکترین جێگادان وە لە باشترین شوێنی حەسانەوەی نیوەڕواندان) ئیبنوکەثیر لە تەفسرەکەیدا وتویەتی: ئەوە دیاور ئاشکرایە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا ﴿٢١﴾﴾ الكهف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانەی کە زاڵ بوون بەسەر کارووباری ئەو کۆمەڵەدا ووتیان بێگومان مزگەوتێکیان بەسەرەوە دروست دەکەین).

.....

مەبەست ئەوەیە: ئەوان لە دوای مردنی ئەو لاوانە کارێکیان کرد کە بکەرەکەی سەرزەنشت دەکرێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(لَعْنَ اللَّهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وصالحيهم مَسَاجِدَ)**[1]. (واتە: نەفرینی خوا لە جولەکەو گاورەکان گۆڕی پێغەمبەرەکانیان پیاوچاکەکانیان دەکرد بە مزگەوت) دەیەوێت ئوممەتەکەی بیدار بکاتەوە نەکەن کارێ بکەن وەک ئەوان کردیان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (عن أبي سَعِيدٍ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قال: لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ من كان قَبْلَكُمْ حذو القذة بالقذة، حتى لو دخلوا جُحْرَ ضَب لَدخلتموه) قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قال (فَمَنْ ؟) أخرجاه[2] وهذا سياق مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی سەعیدەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (سوێند بەخوا شوێنی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، وەک چۆن پەڕەی تیر لە پەڕەی تیرەکەی دیکە دەچێت، تەنانەت ئەگەر بچنە کونی بزنە مژەوە ئێوەش بە دوایاندا دەچنە ژورەوە) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا مەبەستت جولەکەو گاورەکانە؟ فەرموو: (جگە لەوان کەس هەیە؟) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، ئەمەش سیاقی موسلیمە.

.....

وتەی: (سَنَنَ) بە (فتح)ەی (سین)، واتە: ڕێگای ئەوانەی پێش ئێوە. موهەللەب وتویەتی: (الفتح) لە پێشترە.

وتەی: (**حذوَ القُذة بالقُذة**) بە (نصب)ی (**حذو**) لەسەر (مصدر). وە (**القذة**) بە (**ضم**)ەی (القاف) تاکی (**القذذ**)ە، ئەویش پەڕەی تیرە. واتە: شوێنی ڕێگاکانیان دەکەون لە هەموو ئەوانەی ئەنجامیانداوە، وە خۆتان ئەشوبهێنن بە ئەوان وەک چۆن پەڕەی تیر لە پەڕەی تیرەکەی تر دەچێت. ئا بەم شێوەیە بابەتەکان دەگونجێن لەگەڵ باسەکەدا، وەک چۆن هەواڵی دا هاتە دی، ئەویش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی.

وتەی: (**حتى لو دخلوا جُحْرَ ضَب لَدخلتموه**) لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: **(حَتَّى لَو كَانَ فِيهِم مَن يَأْتِي أُمَّهُ عَلانِيةً لَكَانَ فِي أُمَّتِي مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ)**[3] واتە: تەنانەت ئەگەر یەکێک لە ئەوان بچێتە لای

---

(١)تقدم تخريجه.

(٢) أخرجه البخاري في (أحاديث الأنبياء ٣٤٥٦/ فتح)، ومسلم في (العلم ٢٦٦٩/ عبدالباقي).

(٣) أخرجه الترمذي في (الإيمان/ ٢٦٤١) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترمذي) وانظره في الصحيحة (١٣٤٨).

دایکیەوە بە ئاشکرا ئەوە لە ئومەتەکەی منیشدا کەسێك دەبێ ئەو ڕەفتارە بکات.

پێغەمبەر ﷺ مەبەستی ئەوە بوو ئوممەتەکەی واز لە شتێك ناهێنێ کە جولەکەو گاورەکان کردویانە، مەگەر هەمووی جێ بەجێ دەکات وەك ئەوان هیچی لێ بە جێ ناهێڵێ، ئا لەبەر ئەمەیە سوفیانی کوڕی عویەینە وتویەتی: هەر کەسێك خراپ ببێ لە زانایانمان ئەوە شوبهاندنێکی جولەکەی تێدایە، هەر کەسێکیش خراپ ببێ لە خواپەرستان ئەوە خۆشوبهاندنێکی لە گاورەکان تێدایە.

وتم: ئای ئەم دوو دەستەیە چەندە زۆرە، بەڵام لە ڕەحمەت و میهرەبانی و نیعمەتی خواوەیە ئەم ئوممەتەی گێڕاوەی بەوەی لەسەر گومڕایی کۆنەبنەوە، وەك لە فەرموودەکەی ثەوباندا هاتووە کە لەدوای ئەمە دێت.

وتەی: (**قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قال (فَمَنْ ؟)** ئەویش بە (مرفوع)کردنی (اليهود) دەبێتە (خبر) بۆ (مبتدأ)یکی لابراوە، واتە: ئایا ئەوانە جولەکەو گاورەکانن کە ئێمە شوێنی ڕێگاکانیان دەکەوین؟ وە دروستە (نصب)کردنی بە فعلێکی لابراوە، ئەندازە دەکرێ بە: مەبەستت.

وتەی: (**قال فَمَنْ ؟**) ئیستیفهامێکی ئینکاریە. واتە: ئەوانە کێن غەیری جولەکەو گاورەکان؟

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولمسلم عن ثَوْبَانَ أن رسول اللَّهِ ﷺ قال: (إِنَّ اللَّهَ زَوَى لي الْأَرْضَ فَرَأَيْتُ مَشَارِقَهَا وَمَغَارِبَهَا، وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا ما زوى لي منها. وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ: الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ. وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ، وَأَنْ لَا يُسَلِّطَ عليهم عَدُوًّا من سِوَى أَنْفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ وَإِنَّ رَبِّي قال يا محمد إذا قَضَيْتُ قَضَاءً فإنه لَا يُرَدُّ، وَإِنِّي أَعْطَيْتُكَ لِأُمَّتِكَ أَنْ لَا أُهْلِكَهُمْ بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ. وَأَنْ لَا أُسَلِّطَ عليهم عَدُوًّا من سِوَى أَنْفُسِهِمْ يَسْتَبِيحُ بَيْضَتَهُمْ، وَلَوْ اجْتَمَعَ عليهم من بِأَقْطَارِهَا، حتى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا وَيَسْبِي بَعْضُهُمْ بَعْضًا[1].

ورواه البرقاني في صحيحه، وزاد (وَإِنَّمَا أَخَافُ على أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ. وإذا وقع عليهم السَّيْفُ لم يُرْفَعْ إلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ولا تَقُومُ السَّاعَةُ حتى يَلْحَقَ حي من أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ وَحَتَّى تَعْبُدَ فِئام من أُمَّتِي الْأَوْثَانَ. وَإِنَّهُ سَيَكُونُ في أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ، كلهم يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، وأنا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، ولا تَزَالُ طَائِفَةٌ من أُمَّتِي على الْحَقِّ منصورة لَا يَضُرُّهُمْ من خذلهم ولا من خَالَفَهُمْ حتى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّه تبارك وتعالى) [2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە موسلیم هێناویەتی لە ثەوبان (خوای لێ ڕازی بێ) پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوا ﷻ زەوی هێناوەیەك بۆم خۆرهەڵاتی خۆرنشینیم بینی، بێگومان ئوممەتەکەم دەسەڵاتی دەگاتە ئەو شوێنانەی کە بۆم هێنراوەیەك نیشانم دراوە، وە هەردوو

---

(١) أخرجه مسلم في الفتن (٢٨٨٩) عبدالباقي.

(٢) هذه الزيادة أيضاً عند أبي داود في الفتن (٤٢٥٢)، وابن ماجه في الفتن(٣٩٥٢)، وهو في(صحيح أبي داود).

گەنجینەکەیشم پێدراوە، گەنجینەی سور و سپی. وە من داوام کرد لە پەروەردگارم کە گەلەکەم بە هۆی قات و قڕی و برسێتی لەناو نەبات، وە دوژمنێك زاڵ نەکات بەسەریاندا جگە لەخۆیان، دەست نەگرن بەسەر وڵاتیاندا، بێگومان پەروەردگارم فەرمووی: ئەی موحەممەد ئەگەر من بڕیارێکمدا ئەوە ڕەت ناکرێتەوە، وە من بەخشیم بە ئوممەتەکەت کە بەهۆی قات و قڕیەوە لەناو نەچن. وە دوژمنیش زاڵ نەکەم بەسەریاندا جگە لە نەفسی خۆیان تا دەست نەگرن بەسەر وڵاتیاندا، ئەگەرچی هەرچی لەسەر زەویشدا هەیە کۆببێتەوە لە دژیان، تا هەندێکیان هەندێکی دیکەیان لەناو دەباو هەندێکیان هەندێکی دیکەیان دەکات بە بەندەو کۆیلە.

وە بەرقانی ڕیوایەتی کردوە لە صەحیحەکەیدا، ئەوەیشی زیاد کردوە: (بەڕاستی من تەنها لە پێشەوا گومڕاکان دەترسم لەسەر ئوممەتەکەم، وە کاتێکیش جەنگ و کوشتار کەوتە نێوانیان لاناچێ تا ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دوایش نایەت تا چەندین کۆمەڵ و خێڵ لە ئوممەتەکەم پەیوەندی دەکەن بە هاوبەشدانەران، وە تا بەشێك لە ئوممەتەکەم بتەکان دەپەرستن. وە بێگومان لە ئوممەتەکەمدا سی کەسی درۆزن دێنە دنیاوە هەموویان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆیان دەکەن، بەڕاستی من کۆتای پێغەمبەرانم، هیچ پێغەمبەرێك لەدوای من نایەت، بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەقن و سەر خراون، زیانیان پێ ناگەیەنێت ئەوەی واز لە پشتیوانی و یارمەتیان دەهێنێ، وە ئەوەش پێچەوانەیان دەجولێتەوە تا فەرمانی خوای بەرزو مەزن دێت بە بەرپابوونی قیامەت.

ئەم فەرمودەیە ئەبوو داوود و ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە بەو زیادەی کە دانەر باسی کردوە[1].

وتەی: (**عن ثَوْبَانَ**) مەولای پێغەمبەر ﷺ، هاوەڵێتی کردوەو بەردەوام لەگەڵیدا بووە، لەدوای ئەو دابەزیەتە شام و لە حیمص مردوە ساڵی پەنجاو چوار.

وتەی: (**زَوَى لِي الْأَرْضَ**) (التوربشتی) وتویەتی: (زویتُ الشئ) واتە: کۆمکردەوەو گرتم، مەبەستی نزیك کردنەوەی دورە، تا بۆی ڕوانی وەك ڕوانینی لە نزیکەوە، بە کورتی خوا ﷻ زەوی بۆ هێناوە یەك کردی بە کۆمەڵ وەك شێوەی لەپی دەستێ لە ئاوێنەیەکدا سەیری بکات. **طەیبی** وتویەتی: خوا ﷻ بۆی کۆ کردمەوە تا دەسەڵاتی ئوممەتەکەمم بینی لەوپەڕی خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

وتەی: (**وَإِنَّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ مُلْكُهَا ما زوى لي منها**) قورطوبی وتویەتی: ئەم هەواڵە ڕاستیەکەی بینرا وەك چۆن فەرمووی: ئەویش لە نیشانەی پێغەمبەرایەتی بوو، چونکە دەسەڵاتی ئوممەتەکەی بەرفراوان بوو بەسەر زەویدا تا گەیشتە ئەوپەڕی (**طنجة**)، کە ئەوە ئەوپەڕی خۆرئاوایە، وە تا ئەوپەڕی هەلآت، کە ئەویش دەکەوێتە پشتی خوراسان و ڕوبارەکە، وە زۆرێك لە وڵاتەکانی سندو هندستان و سغد، وە لەڕوی باکورو باشورەوە بەو شێوەیە فراوان نەبوو، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ باسی نەکرد کە نیشانی دراوە، هەروەها هەواڵی نەدا دەسەڵاتی ئوممەتەکەی دەگاتە ئەو ناوچانە.

وتەی: (**زوى لي منها**) دەگونجێ ئەوە (مبنی للمعلوم) بێت، یان (مبنی للمجهول).

---

(١) صحيح: سنن أبي داود في الفتن (٤٢٥٢)، وابن ماجه (٣٩٥٢)، أحمد ٥/ ٢٧٨،٢٨٤.

وتەی: (**وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ: الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ**) قورطوبی وتویەتی: مەبەست پێی گەنجینەی کیسرایە، ئەویش پاشای فارسەکان بوو، وە گەنجینەی قەیصەرە، ئەویش پاشای ڕۆمەکان بوو، کۆشکوو ولاتیان. وە فەرموویەتی: (**وَالَّذِي نَفْسِي بيده لَتُنْفَقَنَّ كُنُوزُهُمَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ**) واتە: سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە گەنجینەکان دەبەخشرێ لە پێناوی خوادا، بە (**أحمر**) گوزارشتی لە گەنجینەکانی قەیسەر کردوە، چونکە زۆربەی زێر بوو، وە بە (**أبيض**) گوزارشتی لە گەنجینەکانی کیسرا کردوە، چونکە زۆرینەی گەنجینەکانی کیسرا جەوهەرو زیوو بوون، ئەوەش لە خەلافەتی عومەردا بینرا. تاجی کیسراو بازنەکانی و هەموو سەروەت و سامانەکەیان هێنا بۆ عومەر، وە هەموو ئەوانەی لە ژێر دەسەلاتی ئەودا بوون، بەهەمان شێوە خوا ئەوەشی بەسەر قەیصەردا هێنا، (**الأبيضَ والأحمرَ**) بە (منصوب)ی هاتوون لەسەر (بدل).

وتەی: (**وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بعَامَّةٍ**) ئا بەم شێوە دانەر هێناویەتی (**بعَامَّةٍ**) بە (**الباء**) ئەویش ڕیوایەتێکی تەواوە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، وە لە هەندێ ڕیوایەتی تردا بە لابردنی هاتووە. قورطوبی وتویەتی: (**الباء**) وەکو زیادەیەوایە، چونکە (**عامة**): سیفەیە بۆ (**السنة**)، وە (**السنة**): ئەو قات و قڕی و وشکە ساڵیەیە کە خەڵکی پێ لەناو دەچێت بە گشتی، کۆ دەکریتەوە بە (سنین) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ ﴿١٣٠﴾ ﴾**الأعراف**. (واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە داروودەستەی فیرعەونمان سزادا بە وشکە ساڵی قات و قڕی) واتە: وشکە ساڵی بەدوای یەك.

وتەی: (**من سِوَى أَنْفُسِهِمْ**) لە غەیری ئەوان لە بێبڕوایان لە لەناو چوونی هەندێکیان بە هەندێکی دیکە و بە کۆیلە کردنی هەندێکیان بە هەندێکی دیکە، وەك چۆن لە مێژوودا بە دورو درێژی هاتووە، وە لەم سەردەمەشماندا، داوای لێبوردن و سەلامەتی لەخوا دەکەین.

وتەی: (**فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ**) الجوهری دەڵێ: مەبەست لە (**بيضة**)ی هەموو شتێ سنورو ناوچەکەیەتی، وە (**بيضة**)ی هەموو گەلێك گۆڕەپانەکەیەتی، لەسەر ئەمە مانای بەم شێوە دەبێت: خوا دوژمن زاڵ ناکات بەسەر هەموو موسڵمانانداتا دەست بگرن بەسەر هەموو ئەوانەی لەژێر دەستیاندایە لە خاك و ولات، ئەگەر چی هەرچی لەسەر زەویدا هەیە لێیان کۆ ببێتەوە، وە لاکانی زەوی، وە وتراوە: (**بَيْضَتَهُمْ**) واتە: زۆرینەیان و کۆمەڵیان ئەگەرچی کەمیش بن.

وتەی: (**حتى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا وَيَسْبِي بَعْضُهُمْ بَعْضًا**) بە ڕواڵەت (حتى) (**عطف**) دەکات، یان بۆ کۆتایی مەبەستە، واتە: کاری ئوممەت کۆتایی دێت تا هەندێکیان هەندێکیان لەناو دەبەن، خوا هەندێکیانی زاڵ کرد بەسەر هەندێکی دیکەدا وەك بینراوەو دیارە، ئەویش بە هۆی زۆری جیاوازیان و بەش بەش بوونیان.

وتەی: (**وَإِنَّ رَبِّي قال يا محمد إذا قَضَيْتُ قَضَاءً فإنه لَا يُرَدُّ**) هەندێکیان وتیان: ئەگەر بڕیارێکم دا بەهیچ شێوەیەك ڕەتکردنەوەی بۆ نیە و هیچ کەس ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**ولا رادَّ لِما قضيتَ**)[1]. واتە: هیچ ڕەتکەرەوەیەك نیە بۆ بڕیاری تۆ.

---

(١) أنظر الضعيفة (٥٥٩٨).

وتەی: (**ورواه البرقاني في صحيحه**) زانای (**الحافظ**)ی گەورە ئەبو بەکری ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی غالیبی خەوارزمی شافیعی. لە سێ سەدو سی و شەش لە دایك بووە، لە ساڵی چوار سەدو بیست و پێنج کۆچی دوای کردوە، (**الخطيب**) وتویەتی: کەسێکی چەسپیوو خۆبەکەم زان و دنیا نەویست بووە، لە شێخەکانمان کەسێکمان نەبینیوە چەسپیوتر بێت لە ئەو، شارەزا بووە لە فیقە و نووسینی زۆری هەبووە.(مسند)یکی نووسیوە کە صەحیحی بوخاری و موسلیمی لە خۆ گرتووە، فەرموودەکانی **ئەوری** و شوعبە و کۆمەڵێکی تری کۆ کردوەتەوە.

ئەم فەرموودەیە ئەبو داوود بە تەواوی گێڕاویەتیەوە بە سەنەدی خۆی تا ئەبو قیلابە لە ئەبی ئەسماء لە ثەوبان وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**إِنَّ اللَّهَ -أو قال: إِنَّ رَبِّي- زَوَى لي الْأَرْضَ فَأَرَيْتُ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا وَإِنَّ مُلْكَ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ ما زُوِيَ لي منها. وَأُعْطِيتُ الْكَنْزَيْنِ: الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ. وَإِنِّي سَأَلْتُ رَبي لِأُمَّتِي أَنْ لَا يُهْلِكَهَا بِسَنَةٍ بِعَامَّةٍ ولا يُسَلِّطَ عليهم عَدُوًّا سِوَى أَنْفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ. وَإِنَّ رَبِّي قال لي: يا محمد إني إذا قَضَيْتُ قَضَاءً فإنه لَا يُرَدُّ، ولا أُهْلِكُهُمْ بِسَنَةٍ عَامَّةٍ، ولا أُسَلِّطُ عليهم عَدُوًّا من سِوَى أَنْفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ. ولو اجْتَمَعَ عليهم من بَيْنِ أَقْطَارِهَا- أو قال: بِأَقْطَارِهَا- حتى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهْلِكُ بَعْضًا، وَحَتَّى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يَسْبِي بَعْضًا. وَإِنَّمَا أَخَافُ على أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ. وإذا وُضِعَ السَّيْفُ في أُمَّتِي لم يُرْفَعْ عنها إلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ. ولا تَقُومُ السَّاعَةُ حتى تَلْحَقَ قَبَائِلُ من أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ، وَحَتَّى تَعْبُدَ قَبَائِلُ من أُمَّتِي الْأَوْثَانَ وَإِنَّهُ سَيَكُونُ في أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ كلهم يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، وأنا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، ولا تَزَالُ طَائِفَةٌ من أُمَّتِي على الْحَقِّ -قال ابن عِيسَى: ظَاهِرِينَ ثُمَّ اتَّفَقَا- لَا يَضُرُّهُمْ من خَالَفَهُمْ حتى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ تعالى**) [1].

هەروەها ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە (عبدالله)ی کوڕی مەسعودەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمویەتی: (**تَدُورُ رحى الْإِسْلَامِ لِخَمْسٍ وَثَلَاثِينَ، أو سِت وَثَلَاثِينَ أو سَبْعٍ وَثَلَاثِينَ، فَإِنْ يَهْلَكُوا فَسَبِيلُ من هَلَكَ، وَإِنْ يَقُمْ لهم دِينُهُمْ يَقُمْ سَبْعِينَ عَامًا، قلت: أَمِمَّا بَقِيَ أو مِمَّا مضى؟ قال: (مِمَّا مضى)**[2]. واتە: دەستارِی ئیسلام دەخولێتەوە بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ یان سی و شەش یان سی و حەوت، ئەگەر لەناو چوون ئەوە ڕێگای ئەوەیە کە لەناو چووە (لە ئوممەتەکانی پێشوو)، وە ئەگەر ئاینەکەیان بەرپا بێت حەفتا ساڵ بۆیان دەبێ، وتم: لەوەی کە ماوە یان لەوەی کە تێپەڕیوە؟ فەرمووی: لەوەی کە تێپەڕیوە.

هەروەها لە (سنن)ەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە ئەبو هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**يَتَقَارَبُ الزَّمَانُ وَيَنْقُصُ العلم، وَتَظْهَرُ الْفِتَنُ، وَيُلْقَى الشُّحُّ، وَيَكْثُرُ الْهَرْجُ**) **قيل: يا رَسُولَ اللَّهِ أيما هو؟ قال: (الْقَتْلُ الْقَتْلُ)**[3] واتە: (کات و زەمان نزیك دەبێتەوەو زانست کەم دەکات، فیتنەو بەڵا دەردەکەوێ، ڕەزیلیش بڵاو دەبێتەوەو هەرەجیش زۆر دەبێت) وتیان هەرەج چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (کوشتنە کوشتن).

---

(١) صحيح: سنن أبي داود (٤٢٥٤)، احمد ١/ ٣٩٠، ٣٩٣.

(٢) أخرجه ابو داود في الفتن (٤٢٥٤) وهو في الصحيحة (٩٧٦).

(٣) وأيضا اخرجه البخاري في الفتن (٤٢٥٤) وهو في الصحيحة (٩٧٦).

وتەی: (وَإِنَّمَا أَخَافُ على أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ) واتە: دەسەلاتداران و زانایان و خواپەرستان حوکم لەناویاندا بەبێ زانست و گومڕایان دەکەن وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ ﴾الأحزاب. (واتە: وە دەڵێن ئەی پەروەردگارمان بەڕاستی ئێمە بە گوێی سەران و گەورەکانمان کرد ئیتر لە ڕێگای ڕاست گومڕایان کردین) هەندێ لەوانە بە هاوەڵەکانیان دەوت: هەرکەسێك لە ئێوە هەر پێویستیەکی هەبوو با بێ بۆ لای گۆڕەکەم من بۆی جێ بەجێ دەکەم، خێر لە کەسێکدا نیە باڵێ خۆڵ ببێتە بەربەست لەنێوان ئەوو دۆستەکانیدا، وە وێنەی ئەوە، بەڕاستی ئەمە گومڕاییەکی زۆر دورە داوا لە هاوڕێکانی دەکات لەجیاتی خوا بیپەرستن و داوای شتانێکی لێ بکەن کە لە توانای ئەودا نیە نە پێویستیەکانیان پڕ بکاتەوەو نە خەم و ناخۆشیەکانیان لەسەر لاببات، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٢﴾ يَدْعُوا۟ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ ۖ لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ ﴿١٣﴾ ﴾ الحج. (واتە: ئەو دەپارێتەوە دەپەرستێ جگە لەخوا شتێ نە زیانی پێ دەگەیەنێ وە نە سودو قازانجیشی پێ دەگەیەنێ تەنها ئەوەیە لە ڕێ لادانی گومڕایی زۆر دور لە ڕاستی* ئەو هاوار دەکات دەپەرستێ لە کەسێ کە زیانی لە سودی نزیکترە چ پشتیوانێکی خراپە وە چ هاوڕێ و هاوەدەمێکی خراپە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی ﴿ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾ ﴾الفرقان. (واتە: بێجگە لەخوا چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان بڕیار داوە کە هیچ شتێك دروست ناکەن بەڵکو خۆیشیان دروست کراون دەسەلاتیان نیە بۆ خۆیان نە زیان نە سوودو قازانج بگەیەنن هەروەها مردن و ژیان و زیندوبوونەوەی خۆیان بەدەست نیە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ ۖ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١٧﴾ ﴾العنكبوت. (واتە: بەڕاستی ئێوە لەجیاتی خوا بتانێك دەپەرستن وە ئێوە درۆیەکی گەورە هەڵدەبەستن بەڕاستی ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لەخوا ناتوانن ڕزق و ڕۆزی ئێوە بدەن کەواتە داوای ڕزق و ڕۆزی لە خوا بکەن وە ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکەن تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە لە قیامەتدا) وێنەی ئەمە لە قورئاندا زۆرە، خوا ﷻ هیدایەتی پێ ڕوون دەکاتەوە لە گومڕایی.

لەم جۆرەش: کەسانێك وا گومان دەبەن کە لەگەڵ خوادا دەگات بە حاڵەتێك ئەرکەکانیان لەسەر شان دەکەوێ، تیایاندا هەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە دۆستەکانی خوا داوایان لێدەکرێ و پشتیان پێدەبەسترێ لە حاڵەتی ژیانیان و مردنیان، وە ئەوان سوود دەبەخشن و زیانیش لادەبەن، کاروبارەکانیش بەڕێوە دەبەن چونکە کەرامەتیان هەیە، ئاگاداریشن بەسەر (اللوح المحفوظ) دا، ئاگایان لە نهێنیەکانی خەڵکە و ئەوەش لە ناخیاندایە، پێیان وایە دروستە مزگەوت لەسەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان دروست بکرێت و ڕووناك بکرێنەوە بە چرا، وە وێنەی ئەوانەش لە زیادەڕەوی و پەرستشی غەیری خوا، ئای چەندە زۆرە گەمژەیی و بێبڕوایی و دژایەتی کردنی خوا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی.

وتەی: (**وَإِنَّمَا أَخَافُ على أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ**) (**إنما**)ی هێناوە کە مانای حەصرو کورتهەڵهێنان دێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوپەڕی ترسانی لەسەر ئوممەتەکەی لەبەر پێشەوا گومڕاکان، هیچ شتێ لەوانەش نەکەوتوەتە سەر دڵ و دەرونی پێغەمبەر ﷺ ئیللا خوا ئاگاداری کردوەتەوە لە هەندێ لە غەیب و پەنهان کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، وەك ئەوەی لە پێشەوە باسی کرد (**لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ من كان قَبْلَكُمْ**).

وە لە ئەبی (الدرداء) وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إن أخوَفَ ما أَخَافُ على أمتي الأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ**)[1] واتە: بەڕاستی مەترسیدار ترین شت کە دەترسم ئوممەتەکەم توشی ببێ پێشەوا گومڕاکارانە. ئەبو داود (**الطيالسي**) گێڕاویەتیەوە لە ثەوبان ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: (**وَإِنَّمَا أَخَافُ على أُمَّتِي الْأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ**)[2] **رواه الدارمي**. واتە: بەڕاستی ئەوەی لێی دەترسم لەسەر ئوممەتەکەم پێشەوا گومڕاکارانە.

بێگومان خوا ﷻ ڕێگا ڕاستەکەی ڕوون کردۆتەوە لە کتێبەکەیدا، کە ئەوە ڕێگای بڕوادارانە، جا هەرکەسێك شتێك دابهێنێ نە لە کتێبی خوادا هەبێ و نە لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا ئەوە نەفرین لێکراوەو داهێنانەکەشی وەرنەگیراوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**مَنْ أَحْدَثَ حَدَثًا أو آوَى مُحْدِثًا فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ لَا يَقْبَلُ الله منه يوم الْقِيَامَةِ صَرْفًا ولا عَدْلًا**)[3] واتە: هەرکەسێك شتێك دابهێنێ، یان پەنای تاوانبارێك بدات لەوەی تۆڵەی لێ بکرێتەوە، ئەوە نەفرینی خواو فریشتەکان و خەڵکی بەگشتی لەسەر بێ، خوا لە ڕۆژی دواییدا هیچی لێوەرناگرێ کە سزای پێ لەخوا دور بخاتەوە، یاخود سەری بخات پێی، وە فەرموویەتی: (**من أَحْدَثَ في أَمْرِنَا هذا ما ليس منه فَهُوَ رَدٌّ**) [4] واتە: هەرکەسێك شتێك لەم ئاینەدا دابهێنێ تیایدا نەبێ ئەوە ڕەتکراوەیە. وە فەرموویەتی: (**كُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ**)[5]واتە: هەموو داهێنراوێك بیدعەیەو هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە. ئەم فەرموودانە ڕاستن و خولگەی بنەماکانی ئیسلام و ئەحکامەکانی لەسەر ئەم فەرموودانەو وێنەی ئەمانە وەستاون، خوا ﷻ ئەم بنەمایەی ڕوون کردۆتەوە لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا، وەك فەرموویەتی: ﴿ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾**الأعراف**. (واتە: پەیڕەوی ئەوە بکەن کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە بۆتان وە بێجگە لەخوا شوێن هیچ پەرستراوێکی تر مەکەون ئێوە زۆر کەم بیر دەکەنەوە) پاشان خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾**الجاثية**. (واتە: لە پاشان تۆمان خستە سەر شەریعەتێك لەبارەی ئاینەوە تۆش شوێنی بکەوە وە شوێنی هەواو ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن) وێنەی ئەمانەش لە قورئاندا زۆر زۆرە.

---

(١) هذا الحديث ورد عن ستة من أصحاب النبي ﷺ وصححه بشواهده الشيخ الألباني في الصحيحة (١٥٨٢).

(٢) أيضا اخرجه ابو داود في الفتن(٤٢٥٢)، وقد تقدم قريبا وهو في صحيح ابي داود.

(٣) وأيضا اخرجه البخاري في الحج(١٨٧٠) فتح، ومسلم في الحج (١٣٧٠) عبدالباقي.

(٤) أخرجه البخاري في الصلح(٢٦٩٧) فتح، ومسلم في الأقضية (١٧١٨) عبدالباقي.

(٥) بنحوه أخرجه مسلم في الجمعة (٨٦٧) عبدالباقي، وانظر ايضا خطبة الحاجة للشيخ الالباني.

لە زیادی کوڕی حەدەیرەوە وتی: عومەر خوای لێ ڕازی بێت پێی وتم: ئایا دەزانی چی ئیسلام دەڕوخێنێ؟ وتم: نەخێر، وتی: هەڵخلیسکانی زانا، دەمە دەمێی دوو ڕوو بە قورئان، بڕیاری پێشەوا گومڕاکەرەکان دەیڕوخێنێ. داریمی ڕیوایەتی کردوە[1].

لە یەزیدی کوڕی عومەیرەوە وتی: موعازی کوڕی جەبەل لە هیچ کۆڕو مەجلیسێکدا بۆ یادی خوا دانەدەنیشت ئیللا دەیوت: خوا بڕیاردەرێکی دادپەروەرە: ئەوانەی گومانیان هەیە لەناو چوون، ئاگاداری لادانی پیاوی ژیرو دانابن، چونکە بێگومان هەندێ جار شەیتان قسەی گومڕایی لەسەر زمانی کەسانی زاناو دانا دەڵێ، هەندێ جاریش دوو ڕوو قسەی حەق دەکات. بە موعازم وت: من چۆن بزانم پیاوی داناو زانا هەندێ جار قسەی گومڕایی دەکات، دوو ڕووش هەندێ جار قسەی ڕاست دەکات؟ وتی: دوور بکەوەرەوە لە قسەی گوماناوی پیاوی داناو زانا کە خەڵك دەڵێ: ئەمە چیە؟ با ئەوە لات نەدا لە ڕێگای ڕاست، پێدەچێ ئەو بەخۆیدا بچێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای حەق، تۆش حەق وەربگرە ئەگەر بیستت، چونکە لەسەر حەق ڕووناکی هەیە (ئەو ڕوناکیەش نیشانەکەیەتی) ئەبو داودو غەیری ئەویش گێڕاویانەتەوە[2].

وتەی: (**وإذا وقع عليهم السَّيْفُ لم يُرْفَعْ إلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ**) بەهەمان شێوە ڕوویدا. چونکە بەڕاستی کاتێ کە شمشێر عوسمانی پێ شەهید کرا جارێکی تر هەڵنەگیرا، بەهەمان شێوە تا ڕۆژی دوایی بەو شێوەیە دەبێ، بەڵام هەندێ جار کەم دەکات و هەندێ جار زۆر دەبێ، لە شوێنێك دەبێ و لە شوێنێکی دیکە بەرز دەبێتەوە.

وتەی: (**ولا تَقُومُ السَّاعَةُ حتى يَلْحَقَ حي من أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ**) (**الحي**) واتە: تاکی (**الاحياء**) ئەویش بریتیە لە هۆزەکان: وە لە ڕیوایەتی ئەبو داودا هاتووە: (**حَتَّى يَلْحَقَ قَبَائِلُ مِنَ أُمَّتِي بِالْمُشْرِكِينَ**) مانای ئەوەیە: ئەوان لەگەڵ بێ بڕوایاندا دەبن و بە حەزوو ئارەزووی خۆیان لە ئاینی ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە و پەیوەندی دەکەن بە هاوبەشدانەران.

وتەی: (**وَحَتَّى تَعْبُدَ فئام من أُمَّتِي الْأَوْثَانَ**) (الفئام) بە (کسر)ەی (**الفاء**)، واتە: کۆمەڵەو دەستەیەکی زۆر، ئەبو سەعادات ئەمەی وتووە.

وە لە ڕیوایەتی ئەبی داودا هاتووە: (**وَحَتَّى تَعْبُدَ فئام من أُمَّتِي الْأَوْثَانَ**). واتە: تا چەندین دەستە لە ئوممەتەکەم بت و پەیکەرەکان دەپەرستن.

ئەمەش مەبەستی باسەکەیە، ئەمە بەرپەرچدانەوەی تێدایە لەسەر ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەمەیان وتووە، لە گۆڕپەرستە نکوڵی کارەکان، لەوەی تووشی بوون لە هاوبەشدانان بۆ خوا ﷻ، بەهۆی ئەوەی بتەکانیان دەپەرست، ئەویش بەهۆی نەفامیانە بە حەقیقەتی یەکتاپەرستی و ئەوەیشی هەڵی دەوەشێنێتەوە لە هاوبەشدانان و پەرستنی غەیری خوا، جا یەکتاپەرستی مەزنترینی داواکاریەکانەو هاوبەشدانانیش گەورەترین گوناهە.

---

(١) صحيح: الدارمي ١/ ٧١.

(٢) صحيح: سنن ابي داود(٤٦١١)، والآجري في الشريعة (٤٧).

وە لەمانای فەرمودەکەدا هاتووە: ئەوەی لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدایە لە ئەبو هورەیرەوە بە مەرفوعی: (**لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حتى تَضْطَرِبَ أَلَيَاتُ نِسَاءِ دَوْسٍ على ذِي الْخَلَصَةِ**) (واتە: قیامەت نایەت تا ئافرەتانی دەوس (بەهۆی قەرەبالّغیەوە) ئەکێشن بەیەکدا لەسەر بتەکەی (**ذِي الْخَلَصَةِ**) وتی: (**ذو الخلصة**) بتەکەی دەوسە، کە لەسەردەمی نەفامیدا دەپەرسترا[1]. ئیبنوحیبان ریوایەتی کردوە لە مەعمەرەوە وتی: لە ئێستادا مالّێکی دروستکراوی داخراوی بەسەرەوەیە[2].

ئیبنولقەییم لە چیرۆکی ڕوخاندنی (اللات) وتویەتی: دوای ئەوەی خەلّکی (**ثقيف**) موسلّمان بوون، (وە دوای ئەوەی موسلّمانان دەسەلّاتیان بەسەر ناوچەکەدا هەبوو) دروست نیە شوێنەوارەکانی هاوبەشدانان و طاغووتەکان بوونیان بمێنێ. پێویستە بڕوخێندرێن و پووچ بکرێنەوە، ، بەهەمان شێوە ئەو مەزارەکانەی لەسەر گۆڕەکان دروست کراون، ئەوانەش کە کروان بە بت و دەپەرستڕێن لە جیاتی خوا، هەروەها ئەو بەردانەش کە ڕویان تێدەکرێ بۆ تەبەڕوک و پیرۆزی و نەزر کردن دروست نیە شتێك لەوانە لەسەر زەویدا بهێڵرێ، بەمەرجێ دەسەلّات هەبێ بەسەر لابردنیاندا، زۆرێك لەو گۆڕانە لە ئاستی لات و غووززاو مەناتن، ئەو هاوبەشدانانەی لەلای گۆڕەکان دەکرێ زۆر گەورەترە، ئەوانە شوێنی ڕێگاکانی پێش خۆیان کەوتن، وە ڕێگای ئەوانیان گرتەبەر وەك پەڕی تیر چۆن لە پەڕی تیرەکەی تر دەچێ، زانست زاڵ بوو بەسەر زۆرێك لەنەفس و دەروونەکاندا، بەهۆی دەرکەوتنی نەفامی و شاراوەیی هاوبەشدانان، چاك بوو بەخراپ و خراپیش بوو بە چاك، سوننەتیش بوو بە بیدعەو بیدعەیش بوو بە سوننەت، مەشخەلّەکانیش سڕانەوەو غەریبی ئیسلام زیاتر دەرکەوت، زانایان کەم بوون و نەفام و گەمژەکان زاڵبوون و خراپەش زیادتر بوو، فەسادو خراپەکاریش لە وشکانی و دەریادا بەدیار کەوت، بەهۆی گوناهی خەلّکیەوە، بەلّام بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتی موحەممەد ﷺ هەن لەسەر حەقن و پێی هەلّدەستن، بەرانبەر بە هاوبەشدانەران و بیدعەکاران تێکۆشەرو موجاهیدن، تا خوا ﷻ میراتگری زەوی دەباو ئەوەش لە سەریەتی، وە ئەو چاکترینی میراتگرانە.

وتم: جا ئەگەر ئەمە لەسەدەی حەوت و پێش حەوتدا بووبێ، دوای ئەو ئەبێ فەسادو خراپەکاری چەندە زۆر بووبێ، وە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**وَإِنَّهُ سَيَكُونُ في أُمَّتِي كَذَّابُونَ ثَلَاثُونَ، كلهم يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ**) قورطوبی وتویەتی: ژمارەکەیان بەدیاری کراوی لە فەرموودەی حوزەیفەدا هاتووە، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**يَكون في أُمَّتِي كَذَّابُونَ دَجَّالُونَ سَبْعَةٌ وَعِشْرُونَ، منهمْ أَرْبَعُ نِسْوَةٍ**) [3]. ئەبو نوعەیم دەریهێناوە، وە وتویەتی: ئەمە فەرموودەیەکی (غریب)[4].

فەرموودەکەی **ثەوبان** تەواوترە لەم فەرموودەیە.

قاضي عياض وتویەتی: ئەوانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان کردوە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ تا ئێستا ژمێردراون، ئەوانەی ناوبانگیان دەرکەوت خەلّکیش شوێنیان دەکەوتن لەسەر گومڕایی، ئەو ژمارەش تیایاندا بینرا، هەر کەسێکیش کتێبی مێژوو بخوێنێتەوە ئەم ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت.

---

(١) أخرجه البخاري في الفتن (٧١١٦) فتح، ومسلم في الفتن (٢٩٠٦) عبدالباقي.

(٢) صحيح: ابن حبان ٢٦٤/٨.

(٣) وأيضا أخرجه أحمد (٢٣٣٥٨)، وصححه الشيخ الآلباني في صحيح الجامع(٤٢٥٨).

(٤) حسن: أبو نعيم في الحلية ١٧٩/٤، أحمد ٣٩٦/٥.

(**الحافظ**) وتویەتی: ڕاستی ئەمە لەسەردەمی پێغەمبەردا دەرکەوتووە، موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامە، ئەسوەدی عەنسی لە یەمەن، وە لە خەلافەتی ئەبو بەکردا **طولەیحەی** کوڕی خوەیلد، لە بەنی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە وە سەجاح لە بەنی تەمیم، ئەسوەدی عەنسی کوژرا پێش مردنی پێغەمبەر ﷺ، موسەیلەمەی درۆزنیش لە خەلافەتی ئەبو بەکردا کوژرا بەدەستی ئەو وەحشیەی کە لەجەنگی ئوحودا حەمزەی شەهید کرد، پیاوێك لە ئەنصارەکان بەژدار بوو لەگەڵ وەحشی لە کوشتنی موسەیلەمەدا لە ڕۆژی یەمامە، **طولەیحەش** تەوبەی کردو لەسەر ئیسلامەتی مرد لەسەردەمی خەلافەتی عومەردا، وە گوازراوەتەوە کە سەجاحیش تەوبەی کردوە، پاشان موختاری کوڕی ئەبو عوبەیدی سەقەفی دەرچوو دەستی گرت بەسەر کوفەدا لەسەرەتای خەلافەتی ئیبنوزوبەیر، وە خۆشەویستی خۆی ئاشکرا کرد بۆ ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ، خەڵکیشی بانگکرد بۆ داواکردنی بکوژانی حوسەین، خەڵکێکی زۆر شوێنی بکوژانی حوسەین کەوت زۆرێکی لێ کوشتن، بۆیە خەڵکی خۆشیان ویست، پاشان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردو پێی وابوو کە جبریل دێت بۆلای. وە لەوانەش (**الحارث**)ی درۆزن لە خیلافەتی عەبولمەلیکی کوڕی مەرواندا دەرکەوت و پاشان کوژرا، وە لەخەلافەتی نەوەکانی عەباسیشدا کۆمەڵێك دەرکەوتن.

مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەکەدا ئەوە نیە کە هەرکەسێك بە ڕەهایی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردبێ، چونکە ئەوانە لە ژمارە نایەن لەبەر ئەوەی زۆربەیان بانگەوازەکەیان لە شێتی یان لە نەخۆشیەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵکو مەبەست لە فەرموودەکە ئەو کەسانەیە کە هێزو توانایەکیان هەیەو شەك و گومانێکیان هەیە وەك ئەوانەی باسمان کرد، بێگومان خوا ﷻ هەموو ئەوانەی لەناوبرد کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان کرد، ئەوەیشی کە ماوەتەوە سەرئەنجام دەگات بە هاوەڵانی، کۆتاهەمینیان دەجالی گەورەیە.

وتەی: (**وأنا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ**) حەسەن وتویەتی: (الخاتم) ئەوەیە کۆتایی پێهێنرابێ، واتە: ئەو کۆتا پێغەمبەرانە، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾**الأحزاب**. (واتە: مەحەممەد ﷺ باوکی هیچ یەك لە پیاوەکانتان نیە بەڵکو ئەو نێردراوی خواو کۆتاهەمینی پێغەمبەرانە وە خوا بەهەموو شتێك زانایە) بێگومان عیسای کوڕی مەریەم لەکۆتایی زەماندا دادەبەزێ وەکو دادوەرێك بە شەریعەتی پێغەمبەرو ڕووەکاتە قیبلەی ئەو هەروەکو یەکێك لە ئومەتەکەی وایە، بەڵکو ئەو چاکترینی ئەم ئوممەتەیە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**والذي نَفْسِي بِيَدِهِ لَيَنْزِلَنَّ فيكم بن مَرْيَمَ حَكَمًا مُقسطاً فَلَيَكْسِرَنَّ الصَّلِيبَ وَلَيَقْتُلَنَّ الْخِنْزِيرَ وَلَيَضَعَنَّ الْجِزْيَةَ**)[1]. واتە: سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە عیسای کوڕی مەریەم دادەبەزێت بۆ ناوتان وەك حاکمێکی دادپەروەر، صەلیب دەشکێنێت و بەرازیش دەکوژێت و جزیەو سەرانەش دادەنات.

وتەی: (**ولا تَزَالُ طَائِفَةٌ من أُمَّتِي على الْحَقِّ منصورة لَا يَضُرُّهُمْ من خذلهم ولا من خَالَفَهُمْ**) یەزیدی کوڕی هارون و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وتویانە: ئەگەر ئەو دەستەیە ئەهلی فەرموودە نەبن نازانم ئیتر کێن؟[2].

---

(١) أخرجه البخاري في البيوع (٢٢٢٢) فتح، ومسلم في الإيمان (١٥٥) عبد الباقي.

(٢) الخطيب البغدادي في شرف أصحاب الحديث (٤٦-٤٨) بإسناد صحيح.

ئیبنولمبارەك و عەلی کوڕی مەدینی و ئەحمەدی کوڕی سینان و بوخاری و جگە لەوانیش وتویەتی: ئەوانە ئەهلی فەرموودەن[1]. وە لە عەلی کوڕی مەدینی ریوایەتێك هەیە (ئەوان عەرەبن) ئەو ڕیوایەتەی کردوە بە بەڵگە کە دەڵێ (هم أهل الغرب) واتە: ئەوان ئەهلی (الغرب)بن[2] ئەوەشی لەیەکداوەتەوە بە دۆڵەچەی گەورە، چونکە عەرەب لەناو دۆڵەچەی گەورە ئاو دەگرنەوە.

نەوەوی وتویەتی: دەگونجێ (**طائفة**) چەند کۆمەڵەیەکی جیاجیا بن لە ئیمانداران لە نێوان بوێر و شارەزا لە جەنگ، وە فقیە و فەرموودەناس و ڕاهەکار، وە جێبەجێکاری فەرمان بەچاکە و ڕێگریکار لە خراپە بن، دنیا نەویست و خواناس بن، مەرج نیە هەموویان لە وڵاتێکدا کۆکرابێتنەوە، بەڵکو دروستە لە یەك ناوچەدا بن و دروستیشە جیاجیاش بن لە چەندین ناوچەی زەوی، دەشگونجێت لە یەك وڵاتدا کۆ ببنەوە و لە چەند وڵاتێکیش بن جگە لە هەندێکی وڵات، هەروەها دروستە یەکەم جار زەوی چۆڵ بێت لە هەندێ لەم دەستەیە تا هیچ نامێنی تەنها یەك دەستە نەبێت لە یەك وڵاتدا، جا ئەگەر ئەو دەستەش نەما فەرمانی خوا دێت بە هاتنی ڕۆژی دوایی. ئەمە بە کورتی بوو لەگەڵ هەندێ زیادە تیایدا، (**الحافظ**) وتویەتی.

قورطوبی وتویەتی: بەڵگەی تێدایە کە یەکدەنگی بەڵگەیە چونکە ئوممەت کاتێ کۆبوونەوە دەستەی سەرخراویش (**الطائفة المنصورة**) چووەتە ناویانەوە (مەبەست پێی یەکدەنگی هەموو ئەوانەیە لەم ئومەتەدا کە گوێ بۆ قسەیان دەگیرێت).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وفيه: الآية العظيمة: أنهم مع قِلَّتِهم لا يضرهم من خذلهم ولا من خالفهم. وفيه البشارة بأن الحق لايزول بالكلية.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە تێیدایە: نیشانە گەورەکە: ئەو دەستەیە لەگەڵ ئەوەی کەمینەن زیانیان پێ ناگەیەنێت ئەوەی واز لە پشتیوانی و یارمەتیان دەهێنێ، وە ئەوەش پێچەوانەیان دەجوڵێتەوە. مژدەشی تێدایە کە بەڕاستی حەق بەیەکجاری لاناچێت

.....

وتم: ئیمام ئەحمەد ئەمەی کردوەتە بەڵگە کە ئیجتهاد نابڕێتەوە مادام ئەم دەستەیە بوونی هەیە.

وتەی: (**حتى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّه تعالى**) ئەوەی دیارە مەبەست لەمەدا ئەوەیە کە ڕیوایەت کراوە لەبارەی مراندنی ئەو بڕوادارانەی کە ماون بە بایەکی پاك، وە ڕوودانی نیشانە گەورەکانی ڕۆژی قیامەت، پاشان کەس نامێنێتەوە تەنها خراپەکاران نەبێت، وەك (الحاكم) گێڕاویەتیەوە کە (عبد الله) ی کوڕی عەمر وتی: قیامەت نایەت مەگەر بەسەر خراپترینی بەدیهێنراوەکان، ئەوانەش خراپترینی خەڵکانی نەفامین، عوقبەی کوڕی عامر بە (عبد الله)ی وت: دەزانم چی دەڵێیت، بەڵام من گوێم

---

(١) الخطيب البغدادي في شرف أصحاب الحديث (٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١).

(٢) الخطيب البغدادي في شرف أصحاب الحديث (٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١).

لێ بوو پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: (**لَا تَزَالُ عِصَابَةٌ من أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ على أَمْرِ اللَّهِ ظَاهِرِينَ لَا يَضُرُّهُمْ من خَالَفَهُمْ حتى تَأْتِيَهُمْ السَّاعَةُ وَهُمْ على ذلك**)[1] واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئومەتەکەم دەجەنگن لەسەر فەرمانی خوا دەرکەوتوون، وە سەرکەوتوون، زیانیان پێ ناگەیەنێت ئەوەی پێچەوانەیان دەجوڵێتەوە تا ڕۆژی دوایی دێت ئەوان لەسەر ئەوەن) (عبد الله) وتی: خوا بایەك دەنێرێت بۆنی میسکە، بەرکەوتنی وەکو بەرکەوتنی حەریرە، هەرکەسێك بەقەد مسقاڵە زەرەیەك ئیمان لەدڵیدا بێت ئیللا وازی لێ ناهێنێ و دەیمرێنێ، پاشان خراپترینی ناو خەڵکی دەمێنێتەوە ڕۆژی دوایی لەسەر ئەوان بەرپا دەبێت.

وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە: (**لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حتى لَا يُقَالَ في الأرض الله الله**)[2] واتە: قیامەت نایەت تا لەسەر زەویدا ناوی خوا ناوترێ.

وە لەسەر ئەمە: مەبەست لە وتەی پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەی عوقبە و ئەوەشی لەو فەرموودە دەچێت (**حتى تَأْتِيَهُمْ السَّاعَةُ**) قیامەتی ئەوان کاتی مردنیانە بە هەڵکردنی با. (**الحافظ**) باسی کردوە.

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی شوێنی ئەم دەستەیە:

ئیبنوبەطال وتویەتی: ئەوە لە (بیت المقدس) دەبێت، وەك **طە**بەرانی لە فەرموودەی ئەبی ئومامەدا هێناویەتی وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوان لە کوێن؟ فەرمووی: (ببیت المقدس)[3] واتە: لە (بیت المقدس)ن.

موعازی کوڕی جەبەل وتویەتی: ئەوان لە شامن[4].

لە قسەکانی **طە**بەری ئەوەی تێدایە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێ ئەوانە لە شام بن یان لە (بیت المقدس) بە بەردەوامی. بەڵکو دەکرێ لە جێگایەکی تر بن لە هەندێ کاتدا.

وتم: واقیع و حاڵی ئەهلی شام و ئەهلی (بیت المقدس) شایەتی بۆ ئەمە دەدەن، چونکە لە ماوەیەکی دورودرێژەوە نەزانراوە کەسێك لە ئەوان بەم فەرمانە هەستابێت لە دوای شێخی ئیسلام و هاوەڵەکانی لە سەدەی حەوت و سەرەتای سەدەی هەشتەم، بێگومان ئەوان لەسەردەمی خۆیان لەسەر حەق بوون و بانگەشەیان بۆ دەکرد و مشت و مڕیان لەسەر دەکرد و لە پێناویدا جیهادیان دەکرد، لەوانەیە لە دوای ئەوان کەسانێك بێن لە جێگای ئەوان هەستن بە بانگەواز کردن بۆ لای حەق و دەست گرتن بە سوننەتەوە. خوا بە دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا.

وە ئەوەی پشتگیری ئەمە دەکات، بێگومان ئەهلی حەق و سوننەیە لە سەردەمی چوار پێشەواکەدا، وە بوونی زانایان لەو سەردەمەدا، وە پێش و پاش ئەو سەردەمەش لەیەك شوێن نەبوون، بەڵکو لە زۆرێکی وڵاتان بوون، تیایاندا بوو لە حیجاز و میسرو عیراق و یەمەن و شام،

---

(١) أيضاً أخرجه مسلم في الإمارة (١٩٢٤) عبد الباقي.

(٢) أخرجه مسلم في الإيمان (١٤٨) عبد الباقي.

(٣) أخرجه أحمد (٢٢٣٢٠)، وهذا اللفظ ضعفه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٩٥٧).

(٤) أخرجه البخاري في المناقب (٣٦٤١) فتح.

هەموویان لەسەر حەق بوون لەو پێناوەدا جیهادی بیدعەکارانیان دەکرد، نووسینی زۆریان هەبوو ئەو نووسینانە بوونە نیشانە بۆ ئەهلی سوننە و بوونە بەڵگەش لەسەر هەموو بیدعەکاران.

ئا لەسەر ئەمە، ئەم دەستەیە هەندێ جار کۆ دەبێتەوە هەندێ جار جیاجیا دەبێت، لەوانەیە لە شام بێت، لەوانەشە لە غەیری شام بێت، چونکە فەرموودەکەی ئەبی ئومامە و قسەکەی موعاز، تەنها لە شامدا کورتهەڵناهێنرێت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت هەندێ جار لە شامە نەك لە هەموو کاتەکاندا.

هەر ڕستەیە لەم فەرموودە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی، چونکە بێگومان هەموو ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پێداوە لە فەرموود کە وەکو خۆی ڕوویداوە.

وتەی: (**تبارك وتعالى**) ئیبنولقەییم وتویەتی: بەرەکەت دوو جۆرە:

یەکەم: (**بَرَكَة**) لەسەر وەزنی (**فَعَلَة**) فیعلەکەشی (**بارك**)ەیە، جارێك خودی خۆی دەبێتە (**متعد**) ی جارێکیش بە هۆی ئامرازی (على)، جارێکیش بە ئامرازی (**في**)، ئیسمی مەفعولەکەشی (**مُبَارك**)ە. چونکە (**مُبَارك**) پیرۆزە لەبەر ئەوە خوا داینناوە.

دووەم: بەرەکەت و پیرۆزی دەدرێتە پاڵی خوا ﷻ بە دانە پاڵی ڕەحمەت و عیززەت، فیعلەکەشی (تبارك)، بۆیە ئەمە بۆ غەیری خوا بەکار ناهێنرێ، ناشگونجێ مەگەر تەنها بۆ خوا، ئەو زاتە پاك و بێگەردە (المتبارك)، بەندەو پێغەمبەرەکەشی (المبارك)، وەك مەسیح عليه السلام وتویەتی: ﴿وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ ﴿٣١﴾﴾مریم. (واتە: وە پیرۆزی کردوم لەهەر جێگایەکدا بم) جا هەرکەس خوا بەرەکەتی تێ بکا، وە بەسەریدا بڕێژێ ئەوە (المبارك).

بەڵام سیفەتی (تبارك) تایبەتە بەخواوە، وەك چۆن بۆ خۆی بەکاریهێناوە: ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾**الأعراف**. (واتە: پاك و بێگەردە خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان) ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾﴾**الملك**. (واتە: گەورەو پیرۆزە ئەو زاتەی کە هەرچی دەسەڵات و پاشایی هەیە بەدەستی ئەوە، وە بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایە) ئایا نەتبینیوە کە چۆن لە قورئاندا بەڕێکی ئەچێتە سەر ناوی خوا و بۆ غەیری ئەو بەکارناهێنرێ؟ وە هاتووە لەسەر بینای فراوانی و زۆری وەك (**تعالى وتعاظم**) وێنەی ئەوانەش، جا بینای ﴿تَبَارَكَ﴾ لەسەر بینای ﴿تَعَٰلَىٰ﴾ هاتووە، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر تەواوی بەرزی و کۆتاییەکەی، بەهەمان شێوە (تبارك) بەڵگەیە لەسەر تەواوی بەرەکەتی و مەزنی و فراوانیەکەی، ئەمەش مانای وتەی ئەوانەیە لە پێشین کە وتویانە ﴿تَبَارَكَ﴾ بەمانای (**تعاظم**) دێت، ئیبنوعەباس وتویەتی: هەرچی بەرەکەتە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی..

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی النساء.

دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی المائدە.

سێیەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی الكهف.

چوارەم: -ئەویش گرنگترینیانە- مانای بڕواهێنان بە جیبت و طاغووت چیە؟ ئایا ئەوە بڕوابوونە بەدڵ، یان ئەوە هاوڕابوونە لەگەڵ جیبت و طاغووتدا ئەگەرچی ڕقیشی لێیان بێ و بزانێت پووچن.

پێنجەم: وتەی ئەوان: ئەو بێ بڕوایانەی کە بێ بڕوایی خۆیان دەناسن ئەوانە ڕێنمایی کراوترن لە ئیمانداران (مەبەستی ئەو بڕوادارانەیە کە لە مانای (لا إله الا الله) تێنەگەیشتوون و دەکەونە هاوبەشدانانەوە.

شەشەم: -ئەوەش مەبەستە لەم باسەدا- کە بێگومان ئەم کارە هەر دەبێ لەم ئوممەتەدا بوونی هەبێ هەروەك لە فەرمودەکەی ئەبو سەعیدا جێگیر بوو.

حەوتەم: پێغەمبەر ﷺ بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەو کارە ڕوودەدات، واتە: پەرستنی جگە لە خوا، لەم ئوممەتەدا لەناو کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر.

هەشتەم: سەرسوڕهێنەری لەوەدایە کەسانێك دەردەچن بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، وەك موختارو، لەگەڵ ئەوەدا شایەتمانی هێناوە و دانی بەوەدا ناوە کە یەکێکە لەم ئوممەتە، بێگومان پێغەمبەریش حەق و ڕاستە و قورئانیش حەقە، ئەوەشی تێدایە کە موحەممەد کۆتای پێغەمبەرانە لە هەموو ئەمانەدا بەڕاست دادەنرێ سەرەڕای دژایەتیە ڕوونەکەی، موختار لە کۆتایی سەردەمی هاوەڵان دەرکەوت خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن.

نۆیەم: مژدەدان بەوەی حەق بە تەواوی لەناوناچێ وەك ئەوەی ڕابود (لە سەردەمی جاهیلی) بەڵکو هەمیشە کۆمەڵێ لەسەری دەبن بە بەردەوامی.

دەیەم: نیشانەی مەزن: ئەوان لەگەڵ ئەوەی کەمینەن زیانیان پێ ناگەیەنێت ئەوەی واز لە پشتیوانی و یارمەتیان دەهێنێ، وە ئەوەش پێچەوانەیان دەجوڵێتەوە.

یازدەیەم: بێگومان ئەو نیشانەیە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دەبێت.

دوازدەیەم: ئەوەی لە فەرموودەکاندا هاتووە لە نیشانە گەورەکان (الآيات العظيمة):

- هەواڵدانی بەوەی خوا خۆرهەڵات و خۆرنشینی بۆ هێناوە یەك، هەواڵیشی دا بەواتاکەی، وەك چۆن هەواڵی دا ڕوویدا، بە پێچەوانەی باکور و باشوور.

- هەواڵدانی بەوەی هەردوو گەنجینەکەی پێ دەدرێ.

- هەواڵدانی بەوەی خوا ﷻ دووان لە نزاکانی لێ وەرگرت.

- هەواڵدانی بەوەی ڕێگری لێ کرا لە سێیەم نزای.

- هەواڵدانی بە ڕاکێشانی شمشێر، بێگومان ئەگەر ڕاکێشرا بەرز ناکرێتەوە.

- هەواڵدانی بەوەی هەندێکیان هەندێکی دیکەیان لەناو دەبەن، وە هەندێکیان هەندێکی دیکەیان دەکەن بە کۆیلە، وە ترسانی لە ئوممەتەکەی لە پێشەوا گومڕاکارەکان.

- هەواڵدانی بە دەرکەوتنی ئەوانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن لەم ئوممەتە.

- هەواڵدانی بەمانەوەی دەستەی سەرخراو(**الطائفة المنصورة**).

هەموو ئەمانە ڕوویدا هەروەک چۆن هەواڵی پێدا، لەگەڵ ئەوەی هەریەک لەم دوانە بە مەزندەکردنی عەقڵ ڕوودانی دووڕە.

سیازدە: کورتهەڵهێنانی ترس لەسەر ئوممەتەکەی لە پێشەوا گومڕاکان.

چواردە: ئاگادار کردنەوە لەسەر مانای پەرستشی بتەکان.



بەشی ٢٣

ئەوەی دەربارەی جادو هاتووە

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في السحر

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی دەربارەی سیحر و جادو هاتووە.

واتە: جادوگەر. (السحر) لە زمانەوانیدا پێکهاتووە لەو شتەی هۆکارەکەی شاراوەیە یان وردە، لەبەر ئەمەیشە لەفەرموودەدا هاتووە: (**إنَّ من الْبَيَانِ لَسِحْرًا**)[1] واتە: بەڕاستی جۆرێ لە قسەکردن کە ڕەوان بێژیەکی ئەوتۆی تێدایە جادووە. بۆیە(السحر) ناونرا بە(سحر) چونکە لە کۆتایی شەودا بە شاراوەیی ڕوودەدات.

ئەبو مەحەممەدی مەقدسی لە کتێبی (الکافی) وتویەتی: سیحر و جادو بریتیە لە نوشتەو گرێدانێك کاریگەری لەدڵ و جەستەکان دەکات، جادوولێکراو نەخۆش دەکات و دەیکوژێ و ژن و پیاو لەیەك جیادەکاتەوە. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ ﴿١٠٢﴾﴾**البقرة**. (واتە: ئینجا فێری جادووی وادەبوون لێیانەوە کە ژن و مێردی پێ لەیەك بکەن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾﴾**الفلق**. (واتە: وە لە شەڕو خراپەی ئەو کەسانەی کە جادو دەکەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فووی پیا دەکەن) واتە: ئەو جادوگەرە ژافرەتانەی کە لەجادوەکانیاندا دەزوو گرێ دەدەن و فوو بە گرێکانیاندا دەکەن. جا ئەگەر سیحر و جادو حەقیقەتی نەبوایە ئەوە خوا ﷻ فەرمانی نەدەکرد بە پەنا گرتن لێی.

لە عائیشەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ جادووی لێکرا تەنانەت ئەو وایدەزانی شتێکی کردوە لەکاتێکدا نەیکردبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان وتی بە عائیشە: (**أَتَانِي ملكان، فَجَلَسَ أَحَدُهُمَا عِنْدَ رَأْسِي وَالْآخَرُ عِنْدَ رِجْلَيَّ، فقال: ما وَجَعُ الرَّجُلِ؟ قال: مَطْبُوبٌ. قال: ومن طَبَّهُ؟ قال: لَبِيدُ بن الْأَعْصَمِ في مُشْطٍ**

---

(١) أخرجه البخاري في النكاح (٥١٤٦)فتح، من حديث ابن عمر . ومسلم في الجمعة(٨٦٩) عبدالباقي، من حديث عمار بن ياسر.

وَمُشَاطَةٍ وَفي جُفِّ طَلْعَةِ ذَكَرٍ[1] **و في بِئْرِ ذَرْوَانَ)** [2]. **رواه البخاري.** (واتە: دوو فریشتە هاتن بۆلام یەکێکیان لە لای سەرم دانیشت و ئەوی دیکەیان لەلای قاچم، وتی: ئازاری ئەم پیاوە چیە؟ وتی: جادووی لێ کراوە، وتی: کێ جادووی لێ کردووە؟ وتی: لەبیدی کوڕی ئەعصەم لە دەنکە شانە و ئەو موەی لەسەر دەکەوێتە خوار، وە لە پەردەی نۆبەرەی خورمای نێرە، وە لە ناو بیری زەروانە) **رواه البخاري.**

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ **البقرة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە خوا فەرموویەتی: (بێگومان زانیان هەرکەسێ جادو بکڕێ لە ڕۆژی دواییدا بێ بەش دەبێ بەڕاستی زۆر بەدە ئەو شتەی کە بڕوای خۆیانیان پێ فرۆشت ئەگەر بیان زانیایە).

.....

ئیبنوعەباس وتویەتی: ﴿مِنْ خَلَٰقٍ﴾ هیچ بەشێکی نیە، قەتادەش وتویەتی: خاوەن کتێبەکان زانیویانە بەوەی خوا پەیمانی پێیانداوە: جادوگەر هیچ بەشێکی نیە لە دوارۆژدا. حەسەنیش وتویەتی: هیچ ئاینێکی نیە.

ئایەتەکە دەبێتە بەڵگە لەسەر قەدەغەکردنی جادوو، بەهەمان شێوە ئەوە قەدەغەکراوە لە هەموو ئاینی پێغەمبەرەکاندا سەلامی خوایان لەسەر بێت، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾﴾ **طه.** (واتە: جادو بازیش سەرکەوتوو نابێ لەهەر کوێوە هاتبێ(هەرچی بکات) بێگومان هاوەڵانی ئەحمەد وتویانە بە فێربوون و فێرکردنی بێبڕوا دەبێت.

(عبد الرزاق) گێڕاویەتیەوە لە صەفوانی کوڕی سولەیم وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(من تعلم شيئاً من السحر قليلا أو كثيرا كان آخر عهده من الله)**[3]. **وهذا** مرسل. واتە: هەرکەسێك شتێك فێر ببێت لە سیحرو جادو کەم بێت یان زۆر ئەوە کۆتا پەیمانی لە لای خوایە. ئەم فەرموودیە (مرسل)ە.

زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی جادوگەر: ئایا کافر دەبێت بە جادو کردن یان نا؟ دەستەیەك لە پێشین پێیان وایە کافر دەبێت پێی، وە مالیك و ئەبو حەنیفەو ئەحمەدیش هەمان قسەیان کردوە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. هاوەڵەکانی وتویانە: مەگەر جادووەکەی بە دەرمان و دوکەڵ کردن بێت و خواردنەوەشی زیانی نەبێت ئەوە کافر نابێت.

شافعی وتویەتی: ئەگەر فێری جادو بوو پێی دەڵێین: وەسفی جادووەکەتمان بۆ بکە، جا ئەگەر وەسفەکەی کوفر پێویست بکات، وەك ئەوەی ئەهلی بابل بڕوایان وابوو لە حەوت ئەستێرەکە

---

(١) هو الغشاء الذي يكون على الطلع. فتح الباري ٢٢٩/١٠. الفريان.

(٢) أخرجه البخاري في بدء الخلق (٣٢٦٨) فتح. ومسلم في السلام (٢١٩٨) عبدالباقي.

(٣) أخرجه عبد الرزاق (١٨٧٥٣)، وهو مرسل ضعيف جداً.

نزیك دەبنەوە، هەرچی لەو ئەستێرانە بخوازێ جێ بەجێی دەکات، ئەوە کافرە، وە ئەگەر کارەکەی کوفر پێویست نەکات پێی وابوو ئەوە کارێکی ڕەوایە پێی کافر دەبێت.

خوا ﷻ جادووی بە کوفر ناو بردووە وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴿١٠٢﴾﴾البقرە. (واتە: ئێمە هەر تاقیکەرەوەی ئادەمیزادین کەواتە بێبڕوا مەبن) وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟﴾ (واتە: سولەیمان بێبڕوا نەبوو بەڵام شەیتانەکان بێبڕوا بوون) ئیبنوعەباس وتوێەتی لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴿١٠٢﴾﴾ بێگومان ئەوە دوو زانستی خێرو شەڕە، وە بێبڕوایی و ئیمانە، بۆیە زانیان بێگومان جادو لە کوفرە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴿٥١﴾﴾النساء. تقدم الكلام عليهما في الباب قبله. وفيه أن السحر من الجبت. قاله المصنف رحمه الله.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە خوا ﷻ فەرموویەتی: (بڕوا ئەهێنن بە شتی بێنرخ و بەرنامەی غەیری خوا(بە جادو و بە شەیتان) قسە لەسەر ئەم دووانە کرا لە بابەتەکەی پێشەوە، ئەوەشی تێدایە کە بەراستی جادو لە (الجبت)ە. دانەر وتوێەتی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال عمر: الجبت: السحر. الطاغوت: الشيطان. هذا الأثر رواه ابن أبي حاتم وغيره.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: عومەر وتوێەتی: (الجبت): جادووە. طاغووتیش: شەیتانە. ئەم شوێنەوارە ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە، وە غەیری ئەویش.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال جابر: الطواغيت: كُهَّان كان ينزل عليهم الشيطان، في كل حي واحد.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: جابر وتوێەتی: طاغووتەکان: فاڵگرەکانن، شەیتان دادەبەزێت بۆ سەریان لەهەر خێڵێك دانەیەك.

.....

ئەم شوێنەوارە ئیبنوئەبی حاتەم بە درێژی گێڕاویەتیەوە لە وەهبی کوڕی مەنەبیەوە وتی: پرسیارم کرد لە جابری کوڕی (عبد الله) دەربارەی ئەو طاغووتانەی کێشەکان دەبران بۆ لایان، وتی: بەڕاستی لە خێڵی جوهەینە دانەیەك هەیە، لە ئەسلەمیش دانەیەك هەیە، لە هیلالیش دانەیەك، لە هەموو خێڵێك یەکیك هەیە، ئەوانیش فاڵگرەوەکانن شەیتانەکان دادەبەزنە بۆ سەریان.

وتەی: (**قال جابر**) کوڕی (عبد الله)ی کوڕی عەمری کوڕی حەڕامی ئەنصاریە.

وتەی: (**الطواغيت: كهان**) مەبەستی ئەوەیە فاڵگرەکان لە **طاغووتەکانن**: ئەوەش یەکێکە لە ماناکانی **طاغووت**.

وتەی: (**كان ينزل عليهم الشيطان**) مەبەستی ڕەگەزە نەك خودی شەیتان کە ئیبلیسە بە تایبەت، بەڵکو شەیتانەکان دادەبەزن بۆ سەریان و دەیاندوێنن و هەواڵیان پێدەدەن بەوەی لە گوێهەڵخستن بیستوویانە، جارێك ڕاست دەکەن سەد جار درۆ دەکەن.

وتەی: (**في كل حي واحد**) (الحی) تاکی (**الأحياء**)، ئەوانیش خێڵەکانن، واتە: لە هەموو خێڵێکدا فاڵگرەوەیەك هەیە حوکم و بڕیار دەبەن بۆ لای و پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی غەیب و پەنهان، بەهەمان شێوە ئەم کارە لە پێش ناردنی پێغەمبەر ﷺ بوو، خوا پووچی کردەوە بە ئایینی ئیسلام ئاسمانەکانیش پارێزران بە پاسەوانی بەهێزو ئەستێرەی کلکداری زۆر.

قَالَ الْمُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي هريرة قال: قال سول الله الله ﷺ (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ) قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ وما هُنَّ؟ قال: الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ التي حَرَّمَ الله إلا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يوم الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبو هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (خۆتان لەو حەوت شتە بە دوور بگرن کە لەناوبەرن) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە چین؟ فەرمووی: هاوەڵ بۆخوا پەیدا کردن، سیحرو جادوکردن ، کوشتنی کەسێك کە خوای گەورە قەدەغەی کردوە مەگەر بە حەق و ڕاستی، خواردنی ڕیبا، خواردنی ماڵی هەتیوو، پشت هەڵکردن لە کاتی ڕوبەڕووبوونەوە، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاك و بێ ئاگای ئیماندار.

.....

دانەر ئەم فەمووەی هێناوە بەبێ ئەوەی بیداتە پاڵ هیچ شتێك، بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە.

وتەی: (**اجْتَنِبُوا**) واتە: دوور بکەونەوە، ئەوە کاریگەرترە لەوەی بێژێت: (دعوا واترکوا) وازی لێبهێنن و دەستی لێ هەڵبگرن، چونکە قەدەغەکردن لە نزیکبوونەوەی کاریگەرترە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ ﴿١٥١﴾﴾**الأنعام**. (واتە: وە نزیکی گوناهو کردەوە زۆر بەدەکان مەکەونەوە، ئەوەی کە بە ئاشکرا دەکرێ لەو (خراپانە)ش بە پەنهان دەکرێ).

وتەی: (**الْمُوبِقَاتِ**) واتە: لەناوبەرەکان. بۆیە ناو نراوە بە لەناوبەرەکان چونکە بکەرەکەی لە دنیادا لەناو دەبات بەوەی بەدوایدا دێت لە تۆڵەکان (عقوبات)، وە لە دواڕۆژیشدا سزا (**عذاب**) دەدرێت.

وە لە فەرموودەی ئیبنوعومەر هاتووە لە لای بوخاری لە (**الأدب المفرد**) **طه**بەریش لە تەفسیرەکەیدا و، (عبد الرزاق)یش بە مرفووعی و مەقووفی هێناویەتی، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**الكبائر تِسعٌ**)

---

(١) أخرجه البخاري في الوصايا(٢٧٦٦) فتح، ومسلم في الإيمان(٨٩) عبد الباقي.

تاوانەگەورەکان نۆ دانەیە - باسی ئەو حەوت باسکراوەی کردوە و ئەمەی زیاد کردوە-: (**الإلحادُ في الحَرَمِ، وَعُقوقُ الوالِدَيْنِ**)[١]. واتە: گوناهی گەورە لەناو حەرەمدا، وە سەرپێچی کردنی دایک و باوک.

وە ئیبنوئەبی حاتەم هێناویەتی لە عەلیەوە وتی: تاوانەگەورەکان -باسی ئەو حەوت دانەی پێشووەی کرد- جگە لە مالّی یەتیم، وە بۆی زیاد کردوە: ئازاردانی دایک و باوک، خۆ بە دەشتەکی کردنەوە لەدوای کۆچکردن بۆ مەدینە[٢]، و جیابوونەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان و شکاندنی پەیمان.

(**الحافظ**) وتویەتی: لەلای من ئەمە پێویستی بە وەڵامێک هەیە دەبارەی حیکمەتی کورت کردنەوە لەسەر حەوت دانە.

وەڵام دەدرێتەوە: بەوەی مەفهوومی ژمارە نابێتە بەڵگە، ئەوە لاوازە، یان ئەو یەکەم جار ئەوانەی ڕاگەیاندوە کە باس کراون، پاشان ئەوەی ڕاگەیاندوە کە زیادی کردوە، کەواتە پێویستە زیادەکە وەربگیرێت، یان کورتکردنەوەکە بە پێی شوێنەکە بووە بە نیسبەتی پەرسیاکەر.

طەبەری و ئیسماعیلی قاضي هێناویانە لە ئیبن عەباس پێی وترا: تاوانە گەورەکان حەوتن، وتی: ئەوانە زۆرترن لە حەوت و حەوت، وە لە ڕیوایەتێکدا وتویەتی: نزیکەی حەفتا دانە دەبن. لە ڕیوایەتێکی تردا وتویەتی: تا حەود سەت دانە دەبێت

وتەی: (**قال: الشِّرْكُ بِاللَّهِ**) ئەویش ئەوەیە پەرستراوێکی دیکە دابنات لە جیاتی خوا داوای لێ بکات و هیوای پێی بێت، وەک چۆن لە خوا دەترسێت، پێغەمبەر ﷺ بەمە دەستی پێکرد چونکە، مەزنترین تاوانە سەرپێچی خوای پێ کرابێت؟ وەک لە صەحیحی بوخاری موسلیمدا هاتووە لە ئیبنومەسعوود وتی: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ چ تاوانێک گەورەیە لە لای خوا؟ فەرمووی: (**أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وهو خَلَقَكَ**) واتە: بۆ خوادا شتێک بە هاوبەش دابنەیت، لەکاتێکدا ئەو دروستی کردویت[٣].

ترمزی بە سەنەدی خۆی هێناویەتی لە صەفوانی کوڕی عەسال وتی: جولەکەیەک بە هاوەڵەکەی وت: بڕۆ با بچین بۆ لای ئەم پێغەمبەرە ﷺ، هاوەڵەکەشی پێی وت: مەڵێ پێغەمبەر ﷺ، بێگومان ئەگەر ئەمەت لێ ببیستێ چوار چاو دەبێ، هاتن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پرسیاری نۆ نیشانەی ڕوونیان لێ کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شيئاً، ولا تَسْرِقُوا، ولا تَزْنُوا، ولا تَقْتُلُوا النَّفْسَ التي حَرَّمَ الله إلا بِالْحَقِّ، ولا تَمْشُوا بِبَرِيءٍ إلى ذِي سُلْطَانٍ لِيَقْتُلَهُ، ولا تَسْحَرُوا، ولا تَأْكُلُوا الرِّبَا، ولا تَقْذِفُوا مُحْصَنَةً، ولا تُوَلُّوا لِلْفِرَارِ يوم الزَّحْفِ، وَعَلَيْكُمْ خَاصَّةً الْيَهُودَ أَنْ لَا تَعْدُوا في السَّبْتِ**)(٤١). قال: حسن صحيح. واتە: هاوبەش بۆ خوا دامەنێن، دزی مەکەن، زینا مەکەن، هیچ نەفسێک مەکوژن کە خوا قەدەغەی کردوە مەگەر بە حەق، کەسی بێ تاوان مەبەن بۆ لای دەسەڵاتدار بۆ ئەوەی بیکوژێت، جادو

---

(١) أخرجه البخاري في الأدب المفرد (٨)، والطبري ٨ / ٢٣٩، وحسنه الشيخ الألباني في الإرواء (٦٩٠).

(٢) انظر الصحيحة (٢٢٤٤).

(٣) أخرجه البخاري في التفسير (٤٤٧٧)، ومسلم في الإيمان (٨٦) عبد الباقي.

(٤) أخرجه الترمذي في التفسير (٣١٤٤)، وأخرجه منه ابن ماجه في الأدب (٣٧٠٥)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترمذي.

مەکەن، مالّی ڕیبا مەخۆن، ئافرەتی داوێن پاك تۆمەتبار مەکەن بە فاحیشە، پشت هەڵمەکەن لە کاتی جەنگدا، لەسەرتانە ئەی جولەکەکان لە ڕۆژی شەممەدا ستەم نەکەن.

وتەی: (**وَالسِّحْرُ**) ماناکەی لەپێشەوە باس کرا. ئەمەش ڕوی گونجاندنی فەرموودەکەیە لەگەڵ باسەکە.

وتەی: (**وَقَتْلُ النَّفْسِ التي حَرَّمَ الله**) خوا قەدەغەی کردووە نەفسی کەسێکی موسڵمانی بێتاوان بکوژرێت.

وتەی: (**إلا بِالْحَقِّ**) واتە: کارێك بکات کوشتنی پێویست بکات، وەك هاوبەشدانان و کوشتنی نەفسێکی تر، زینا کردن لە دوای هاوسەرگیری، هەروەها کوشتنی کەسێك پەیمانی لێ وەرگیرابێت، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە: (**من قَتَلَ مُعَاهَدًا لم يَرِحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ**)[1]. واتە: هەرکەسێك پەیمان پێدراوێك بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکات).

زانایان بۆ چوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی کەسێك موسڵمانێك بە ئەنقەست بیکوژێت، ئایا ئەمە تەوبەی بۆ هەیە یان نا؟ ئیبنوعەباس و ئەبو هورەیرەو غەیری ئەوانیش بۆچوونیان وایە تەوبەی بۆ نیە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا ﴿٩٣﴾ ﴾**النساء**. (واتە: وە هەرکەسێك ئیماندارێك بەدەست ئەنقەست بکوژێت ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە بە هەمیشەیی تیایدا دەمێنێتەوە). ئیبنوعەباس وتویەتی: ئەم ئایەتە کۆتا ئایەتە کە دابەزیوە هیچ شتێك هەڵینەوەشاندوەتەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا: ئەم ئایەتە کۆتا ئایەت بوو دابەزی، هیچ شتێك نەسخی نەکردوەتەوە تا پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد هیچ وەحیەك دانەبەزی[2].

وە لەو بارەوە لە چەندین شوێنەوار ڕیوایەت کراوە بەڵگەن لەسەر ئەو بۆچوونەی ئەوان، وەك ئەو فەرموودەی لە لای ئیمام ئەحمەدو نەسائی و ئیبنولمونزیر لە معاویە وتی: بیستم پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (**كُلُّ ذَنْبٍ عَسَى الله ان يَغْفِرَهُ الا الرَّجُلُ يَمُوتُ كَافِراً أَوِ الرَّجُلُ يَقْتُلُ مُؤْمِناً مُتَعَمِّداً**)(٣١). واتە: هەموو تاوانێك ئومێد هەیە خوا لێی خۆش ببێت مەگەر کەسێك بە بێبڕوایی بمرێت یان پیاوێك بڕوادارێك بکوژێت بە ئەنقست.

زۆرینەی ئەم ئوممەتە بە پێشین و پاشین پێیان وایە بکوژ تەوبەو داوای لێخۆشبوونی بۆ هەیە لە نێوان خۆی و خوادا، ئەگەر تەوبەی کرد و گەڕایەوە و کردەوەی چاکی ئەنجامدا، خوا خراپەکانی بۆ دەکات بە چاکە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفْ لَهُ ٱلْعَذَابُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ

---

(١) أخرجه البخاري في الجزية (٣١٦٦) فتح.

(٢)أخرجه البخاري في التفسير (٤٥٩٠) فتح، ومسلم في التفسير (٣٠٢٣) عبد الباقي.

(٣)أخرجه أحمد (١٦٩٠٧)، والنسائي في تحريم الدم (٣٩٨٤) أبو غدة، وأيضاً أخرجه أبو داود في الفتن (٤٢٧٠) من حديث أبي الدرداء، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٥١١).

وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابًا ﴿٧١﴾﴾الفرقان. (واتە: وە کەسانێکن کە لەگەڵ خوادا ناپەرستن هیچ پەرستراوێکی تر و ناکوژن هیچ کەسێ کە خوا کوشتنی ئەوی یاساغ (حەرام) کردوە بە هەق و ڕەوا نەبێ وە زیناو داوێن پیسی ناکەن وە هەرکەس ئەو تاوانانە بکات کە باسکران تووشی تۆڵەکەی دێت* سزای بۆ چەند بارە دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا و بێ بڕانەوە بەبێ ڕێزو ڕیسوایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە* بێجگە لە کەسێ تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ کارو کردەوەی چاکیشی کردبێت ئا ئەوانە خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە وە خوا هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە* وە هەرکەس تەوبەی کردو کردەوەی چاکی کرد ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە بۆلای خوا بە گەڕانەوەیەکی تەواو).

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴾ ئەبو هورەیرە و جگە لە ئەو وتویانە: ئەمە پاداشتێتی ئەگەر پاداشتی بداتەوە.

وە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە کە ڕێك دێتەوە لەگەڵ زۆرینەی زانایان، جا عەبدی کوڕی حومەید و نەحاس لە سەعیدی کوڕی عوبادەوە گێڕاویانەتەوە ئیبنوعەباس دەیووت: ئەگەر کەسێك کەسێك بکوژێت تەوبەی بۆ هەیە. بەهەمان شێوە ئیبنوعومەریش هەر وای دەووت. وە ڕیوایەت کراوە بە مەرفوعی: (**أن جزاءهُ جهنم إن جازاه**)[1]. واتە: پاداشتی دۆزەخە ئەگەر پاداشتی بداتەوە.

وتەی: (**وَأَكْلُ الرِّبَا**) واتە: مالّی ڕیبای خواردبێ بە هەر جۆرێك بێت، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا۟ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ﴿٢٧٥﴾﴾**البقرة**. (واتە: ئەوانەی کە ڕیبا و سوود دەخۆن ڕاست نابنەوە لە گۆڕەکانیاندا مەگەر چۆن کەسێ ڕاست دەبێتەوە کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ(وە تووشی فێ بووبێ). ئیبنو دەقیق (العید) وتویەتی: ئەوە تاقیکراوەتەوە بە ئەزموون کە (ئەوکەسەی ڕیبا دەخوا) چ دەرنجامێکی خراپی بووە. پەنا دەگرین بەخوا لەو کارە.

وتەی: (**وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ**) واتە: خواردنی مالّی هەتیوو بە زیادە ڕەوی تیایدا، بە خواردن دەربڕیوە چونکە گشتگیر ترین ڕووەکانی سوود وەرگرتنە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾**النساء**. (واتە: بەڕاستی ئەو کەسانەی کە مالّی هەتیوەکان دەخۆن بە ستەم و ناڕەوا بەڕاستی ئەوانە بەس لە سکی خۆیان ئاگر دەخۆن وە لەمەو پاش دەچنە ئاگرێکی بەتین و هەڵگیرساوەوە)

وتەی: (**وَالتَّوَلِّي يوم الزَّحْفِ**) پشت هەڵکردنە لە بێباوەڕان لەکاتی پیا هەڵگژاندا، دەبێتە کەبیرە، لەکاتێکدا نەبێ بچێت بۆ لای دەستەیەك بۆ پاڵپشتی، یاخود جێ گۆڕکێ بۆ لای دەستەیەکی تر، وەك چۆن ئایەتەکە بەندی کردوە.

---

(١)أخرجه الطبراني في الأوسط (٨٦٠٦)، وضعفه الهيثمي في المجمع ٧ / ٦٥، من أجل محمد ابن جامع العطار.

وتەی: (**وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ**) بە (فتح)ەی (صاد): ئەو ئافرەتانەی داوێن پاك و پارێزراون لە زینا، وە بە (کسر)ەی (صاد) بە مانای ئەوە دێ ئەو ئافرەتانەن کە داوێنی خۆیان پاراستووە لە زینا، مەبەست پێی ئافرەتە داوێن پاکەکانە، وە مەبەست ئەوەیە تۆمەتبار بکرێن بە زینا یان لیواطە. وە (الغافلات): واتە: لەو فاحیشانەو لەوانەش تۆمەتبار کراون پێی. ئەوە کینایەیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەرین، چونکە بێ ئاگا بەریە لەو بوختانەی کە دەدرێتە پاڵی. وە (**المؤمنات**): واتە: ئەو ئافرەتانەی بڕوایان بەخوا هەیە وەك پارێزێ لە تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی بێ بڕوا.

قَالَ الْمُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وعن جُنْدُبٍ مَرْفُوعًا (حَدُّ السَّاحِرِ ضَرْبَةٌ بِالسَّيْفِ)[1] رواه الترمذي وقال: الصحيح أنه موقوف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە جوندوبەوە بە مەرفوعی هاتووە(سزای جادوگەر لێدانێکە بە شمشێر) ترمزی گێڕاویەتیەوەو وتویەتی: بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە ئەم فەرمودەیە مەوقوفە.

.....

وتەی دانەر: (**عن جُنْدُبٍ**) ئەمەش ڕواڵەتی کاری **طەبەرانیە** لە کتێبی (الکبیر)دا، کە بێگومان ئەو جوندوبی کوڕی (عبدالله)ی بەجلیە. نەك جوندوبی (الخیر)ی ئەزدی بکوژی جادوگەرەکە، چونکە ئەو ڕیوایەتی کردوە لە ژیاننامەی جوندوبی بەجەلی، لەڕێگای خالدی (العبد) لە حەسەن لە جوندوب لە پێغەمبەر ﷺ. وە خالدی (العبد) لاوازە. (**الحافظ**) وتویەتی: بۆچوونی تەواو ئەوەیە کە ئەو جوندوبە غەیری ئەو جوندوبەیە. ئیبنوقانع و حەسەنی کوڕی سوفیان ڕیوایەتیان کردوە لە دوو ڕێگاوە لە حەسەن لە جوندوب(الخیر): هاتووە بۆلای جادوگەرێ بە شمشێر لێیدا تا مرد، وە وتویەتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو- ئینجا باسی فەرمودەکەی کرد.

وە جوندوب(الخیر): ناوی جوندوبی کوڕی کەعبە، وە وتراوە جوندوبی کوڕی زوهەیر، وە وتراوە ئەو دووانە یەکێکن وەك ئیبنوحیبان وتویەتی: ئەبو(عبدالله)ی ئەزدی غامدی، هاوەڵی پێغەمبەرە ﷺ، ئیبنوسەکەن ڕیوایەتی کردوە لە فەرموودەی بورەیدە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**یضرب ضربة واحدة فیکون أمة وحده**)[2] واتە: لە گەردنی (جادوگەر) دەدات بە لێدانێك، ئینجا دەبێت بە ئوممەتێك[3].

وتەی: (**حَدُّ السَّاحِرِ ضَرْبَةٌ بِالسَّيْفِ**) ڕیوایەت کراوە بە (**الهاء**) وە (**التاء**)، هەردووکیان تەواون، ئەم فەرموودەیە مالیك و ئەحمەدو ئەبو حەنیفە کاریان پێ کردوە وتویانە: جادوگەر دەکوژرێ. ئەمە ڕیوایەت کراوە لە عومەرو عوسمان و ئیبنوعومەرو حەفصەو جوندوبی کوڕی (عبدالله)

---

(١) أخرجه الترمزي في الحدود (١٤٦٠) وصَحَّح وَقْفه، وانظره أيضا في الضعيفة (١٤٤٦).

(٢) ذكره بسنده الحافظ في الإصابة (١/ ٥١٢) وإسناده ضعيف.

(٣) زانایان دەڵێن: ئەوکەسەی هەڵدەستی بە نکوڵی ناشەرعی و جێبەجێ کردنی سنوری خوا، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا وەکو ئوممەتێك زیندو دەکرێتەوە، چونکە بە فەرمانێك هەستاوە غەیر ئەو پێی هەڵنەستاوە لەو جێگایەدا.

و جوندوبی کوڕی کەعب و قەیسی کوڕی سەعدو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، شافعی پێی وانیە بکوژرێ تەنها بە جادووکردن، مەگەر جادووەکەی بیباتە ناو کوفرەوە، ئیبنو(المنذري)یش ئەوەی وتووە، ئەوەش ڕیوایەتێکە لە ئەحمەدەوە یەکەمینیان لە پێشترە، لەبەر فەرموودەکە و شوێنەوارەکەی عومەر، وە خەلافەتی ئەودا خەڵك کاری پێ کردوە بەبێ نکوڵی.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي (صحيح البخاري) عن بَجَالَةَ بن عبدة قال: كَتَبَ عُمَرُ بن الخطاب ان اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ وَسَاحِرَةٍ: قال: فَقَتَلْنَا ثلاث سَوَاحِرَ[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە بەجالەی کوڕی عەبەدە وتی: عومەری کوڕی خەطاب نوسراوێکی نوسی لە نوسراوەکەدا هاتبوو هەموو جادوگەرێکی پیاوو ژن بکوژێ. وتی: ئێمەش سێ جادوگەرمان کوشت.

•••••••••••••••••••••••••••••••••

ئەم شوێنەوارە بوخاری گێڕاویەتیەوە وەك چۆن دانەر باسی کردوە، بەڵام باسی کوشتنی جادوگەرانی نەکردوە

وتەی دانەر: (عن بَجَالَةَ) کوڕی عەبەدە، تەمیمی عەنبەری بەصری، متمانە پێکراو.

وتەی: (كَتَبَ إلينا عُمَرَ بن الخطاب ان اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ وَسَاحِرَةٍ) بەڕواڵەت وادەردەکەوێ جادوگەر دەکوژرێ بەبێ ئەوەی داوای تەوبەی لێ بکرێ، ئەویش بەهەمان شێوە لە بۆچوونە دیارەکانی ئەحمەدە، مالیکیش ئەوەی وتووە، چونکە زانستی جادو بەتەوبەکردن لاناچێ، وە لە ئەحمەدە ڕیوایەت کراوە داوای تەوبەی لێ دەکرێ، ئەگەر تەوبەی کرد تەوبەکەی وەردەگیرێ، شافعیش هەر بەو شێوە وتویەتی، چونکە گوناهەکەی زیاتر نیە لە هاوبەشدانان، هاوبەشدانەریش داوای تەوبەی لێ دەکرێ و تەوبەکەی لێ وەردەگیرێ، بۆیە بڕواهێنان و تەوبەکردنی جادوگەرەکانی سەردەمی فیرعەون دروست بوو.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وصح عن حفصة رضي الله عنها أنها أمرت بقتل جارية لها سحرَتها فقتلت[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بە صەحیحی هاتووە لە حەفصەوە ئەو فەرمانی کرد بە کوشتنی کەنیزەکێکی خۆی کە جادووی لێ کردبوو، ئینجا کوژرا.

•••••••••••••••••••••••••••••••••

ئەم شوێنەوارە مالیك لە (الموطأ)دا هێناویەتی.

---

(١) هذا الأثر أخرجه البخاري في الجزية(٣١٥٧) فتح، دون ذكر الشاهد هنا بقتل الساحر، وانظر كلام الحافظ في الفتح. وأخرجه أبو داود في الخراج(٣٠٤٣)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح أبي داود).

(٢) أخرجه مالك في العقول (١٥٦٢)، بلاغا، وهو موصول عند عبدالرزاق (١٨٧٤٧)، وابن ابي شيبة (٩/ ٤١٦)، (١٣٥/١٠)، من حديث ابن عمر وإسناده صحيح.

وە حەفصە دایکی ئیمانداران کچی عومەری کوڕی خەطاب، پێغەمبەر زەواجی لەگەڵدا کرد لەدوای خونەیسی کوڕی حوزافە لە سالّی چل و پێنج کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**وكذلك صح عن جندب**) دانەر ئاماژە بەوە دەکات کە جوندوب جادووکەری کوشتووە، وەك چۆن بوخاری لە کتێبی مێژووەکەیدا هێناویەتی، لە باوکی عوسمانی نەهدی وتی: پیاوێك لەلای وەلید بوو یاری دەکرد کەسێکی سەربڕی و جیای کردەوە لەلاشەی و سەری خستەوە جێگای خۆی، جوندوبی ئەزدی هات و کوشتی[1].

وە بەیهەقی گێڕاویەتیەوە لە (الدلائل) بە دورو درێژی. ئەوەشی تێدایە وەلید فەرمانی پێکرد زیندانی کرا. باسی چیرۆکەکەی کرد بە تەواوی، وە چەندین رێگای هەیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال أحمد عن ثلاثة من أصحاب النَّبِيِّ ﷺ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەحمەد وتویەتی لە سێ کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر ئەمە هاتووە.

.....

(أحمد) ئیمام ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنبەلە.

وتەی (**عن ثلاثة**) واتە: ڕیوایەتی کوشتنی جادوگەر بە صەحیحی هاتووە لە سێ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ، واتە: لە عومەرو حەفصەو جوندوب. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (البقرة).

دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (النساء).

سێیەم: لەیەکدانەوەی مانای (الجبت) و طاغووت، وە جیاوازیش لە نێوانیان.

چوارەم: هەندێ جار طاغووت لە جنۆکەیە، هەندێ جاریش لە ئادەمی.

پێنجەم: شارەزابوون لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکە کە بە تایبەت قەدەغە کراوە.


شەشەم: جادوگەر بێبڕوا دەبێت بە جادو کردن.

حەوتەم: جادوگەر دەکوژرێت و داوای تەوبەی لێ ناکرێت.

هەشتەم: بوونی سیحرو جادو لەناو موسڵمانان لە سەردەمی عومەر، ئەی لە دوای ئەو چۆن بێ؟

---

(١) أخرجه البخاري في التاريخ الكبير ٢ / ٢٢٢.



بەشی ٢٤

ڕوون کردنەوەی شتێ لە جۆرەکانی جادوو

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب بيان شيء من أنواع السحر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: باسی ڕوون کردنەوەی بەشێك لە جۆرەکانی جادوو.

وتم: ڕاڤەکار ڕەحمەتی خوای لێ بێت لێرەدا باسی هەندێ شتی لە عادەت بەدەرو کەراماتی پیاوچاکان کردوە، وە باسی ئەوەشی کردوە کە زۆرێ لە خەڵکی پێی خەڵەتاون و فرویان خواردوە لەو بارودۆخە شەیتانیانەی کە زۆرێ لە خەڵکی عەوام و نەفامی فریوداوە، گومانیان وابووە ئەوە بەڵگەیە لەسەر پشتگیری خوا، ئەو کارانە لەسەر دەستی ڕوویداوە لە کاتێکدا ئەوە لە دۆستەکانی شەیتانە نەك دۆستی خوای میهرەبان، پاشان وتویەتی: شێخی ئیسلام کتێبێکی هەیە بەناو (**الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان**) بگەڕێرەوە بۆی.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال أحمد: حدثنا محمد بن جعفر. حدثنا عوف عن حيان بن العلاء، حدثنا قطن بن قبيصة عن أبيه أنه سمع النَّبيَّ ﷺ قال: (إنَّ الْعِيَافَةَ، وَالطَّرْقَ، وَالطِّيَرَةَ من الْجِبْت)[1]. قال عَوْفٌ: الْعِيَافَةُ زَجْرُ الطَّيْرِ، وَالطَّرْقُ الْخَطُّ يُخَطُّ في الأرض، والجبت: قال الحسن: رَنَّةُ الشيطان، إسناده جيد. ولأبي داود والنسائي وابن حبان في صحيحه: المسند منه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەحمەد وتی: بەسەندی خۆی قەبیصە گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (بێگومان هەڵفڕاندنی باڵندە و خەتکێشان لەسەر زەوی بە مەبەستی بەخت کردنەوە و شومی و ڕەشبینی جۆرێکن لە جبت). (عەوف زانایەکی زمانەوانیە) دەڵێ: (الْعِيَافَةُ) هەڵفڕاندنی باڵندەیە، وە (الطَّرْقُ) خەتێکە دەکێشرێ لەسەر زەوی بە مەبەستی بەخت گرتنەوە، (الجبت): حەسەن وتویەتی: دەنگی شەیتانە، سەنەدەکەی چاکە. وە ئەبوو داودو نەسائی

---

(١)أخرجه أبو داود في الطب (٣٩٠٧)، والنسائي في الكبرى (١١١٠٨)، وأحمد (١٥٩١٥- ٢٠٦٠-٢٠٦٠٤) وابن حبان (٦١٣١)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود.

هێناویانە، ئیبنوحیبانیش لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی. (ئەوانە فەموودەکەیان گێڕاوەتەوە و تەنها بە مەرفوعی هێناویانە باسی ئەو شیکردنەوەیان نەکردوە کە عەوف شیکردوەتەوە).

وتەی دانەر: (**قال أحمد**) ئیمامی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنبەل.

وە موحەممەدی کوڕی جەعفەر بەناوبانگە بە غوندەری هوزلی بەصری، متمانە پێکراوێکی بەناوبانگ بووە، لە ساڵی دووسەدو شەش کۆچی دوایی کردوە.

وە (عوف): کوڕی ئەبی جەمیلە، (العبدی) خەڵکی بەسرە بووە، ناسراوە بە عەوفی ئەعرابی، متمانە پێکراوە لە ساڵی چل و شەش یان حەوت کۆچی دوایی کردوە، هەشتاو شەش ساڵ تەمەنی کردوە.

وە (حیانی کوڕی عەلاء): پێی وتراوە: حەیانی کوڕی موخاریق، باوکی عەلاء، خەڵکی بەسرەیە، (مقبول)ە.

وە (**قَطَن**) ئەبو سەهل، خەڵکی بەصرەیە (صدوق).

وتەی: (**عن أبيه**) باوکیشی قەبیصەیە کوڕی موخاریقە، باوکی (عبد الله) هیلالیە، هاوەڵە، دابەزیەتە بەصرە.

وتەی: (**إنَّ الْعِيَافَةَ، وَالطَّرْقَ، وَالطِّيَرَةَ من الْجِبْتِ**) عەوف وتی: (**الْعِيَافَةَ**) هەڵفڕاندنی باڵندەیە گەشبین بوونە بە ناوەکەی و دەنگەکەی و شوێنی تێپەڕینی، ئەویش لە دابوو نەریتی عەرەب بوو، وە زۆر بووە لەناو شیعرەکانیان، دەوترا: (عاف یعیفُ عیفاً)، ئەگەر هەڵیفڕاندایەت و پەی پێ ببردایە و گومانی ببردایەت.

وتەی: (**الطَّرْقُ الْخَطُّ يُخَطُّ في الأرض**) بەهەمان شێوە عەوف شیکردوەتەوە، ئەویش بەوشێوەیە.

ئەبو سەعادات وتویەتی: بریتیە لە لێدان، وە هەڵدانی بەرد کە ئافرەتان ئەنجامی دەدەن، بەڵام (**الطِّيَرَةَ**) لە بەشی تایبەت بە خۆی باسی دەکەین.

وتەی: (**من الْجِبْتِ**) واتە: جادوو. **قاضي** وتویەتی: (**الْجِبْت**) لە بنچینەدا بریتیە لەو سەرنەکەوتنەی کە هیچ خێرێکی تێدا نیە، پاشان خوازرا بۆ پەرستن لە جیاتی خوا، بۆ جادوگەر و جادوو.

وتەی: (**قال الحسن: رنة الشيطان**) وتم: ئیبراهیمی کوڕی موحەممەد کوڕی موفلیح باسی کردوە: لە تەفسیری بەقی کوڕی مەخلەد: ئیبلیس چوار دەنگی دەرکردوە: دەنگێك کاتێك نەفرینی لێکراوە، دەنگێك کاتێك دابەزێنراوە خوارەوە، دەنگێك کاتێ پێغەمبەر ﷺ لەدایك بووە، دەنگێك کاتێ سورەتی فاتیحە دابەزی.

سەعیدی کوڕی جوبەیر وتویەتی: کاتێ خوا نەفرینی کرد لە ئیبلیس شێوەی گۆڕا لەسەر شێوە فریشتەکان نەما، دەنگێکی لێوە هات، هەر دەنگێك لەو دەنگانە تا ڕۆژی دوایی یە. ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە.

وە لە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبنوعەباس وتی: کاتێ پێغەمبەر فەتحی مەککەی کرد ئیبلیس دەنگێکی دەرکرد هەموو سەربازەکانی لە دەوری کۆبوونەوە[1]. (الحافظ الضياء) فی (المختاره) گێڕاویەتیوە.

(الرنين): دەنگە، ئا بەم شێوەیە مانای وتەی حەسەن دەرکەوت ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

وتەی دانەر: (ولأبي داود والنسائي وابن حبان في صحيحه: المسند منه) باسی ئەو ڕونکردنەوەی نەکردوە کە عەوف پێی ڕون کردوەتەوە. ئەبو داود بەو شیکردنەوەی باسکرا بەبێ وتەی حەسەن گێڕاویەتیەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن ابن عباس قال: قال رسول الله ﷺ: (من اقْتَبَسَ شُعبَةً من النُّجُومِ، فقد اقْتَبَسَ شُعْبَةً من السِّحْرِ، زَادَ ما زَادَ)[2]. رواه أبو داود بإسناد صحيح.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەرکەس بەشێك وەربگرێ لە زانستی ئەستێرەناسی (ئەوەی بۆ سیحرو جادوو بەکار دێت) ئەوە بێگومان بەشێکی وەرگرتووە لە جادوو، چەند زیاتر وەربگرێ زیاتر تاوانبارە. ئەبو داود گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی ڕاست.

وتەی: (من اقْتَبَسَ) ئەبو سەعادات وتویەتی: (قبستُ العلمَ) واتە: زانستێکم وەرگرت.

وتەی: (شُعبَةً) واتە: کۆمەڵێك لە زانستی ئەستێرە، (الشعبة) واتە: دەستە، کۆمەڵ، بەش، وێنەی ئەوەش فەرموودەی (الحياءُ شُعبَةٌ مِنَ الإيمانِ) واتە: شەرم کردن بەشێکە لە ئیمان.

وتەی: (فقد اقْتَبَسَ شُعْبَةً من السِّحْرِ) فێربوونی قەدەغە کراو بێ.

شێخی ئیسلام وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ بە ڕاشکاوی باسی کردوە کە زانستی ئەستێرە ناسی لە جادو کردنە، وە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾﴾طه. (واتە: جادوگەر سەرکەوتوو نابێت لەهەر کوێ و هاتبێ و هەرچی بکات).

وتەی: (زَادَ ما زَادَ) تا زانستی ئەستێرە ناسی زیاتر فێر بێ زیاتر تاوانبار دەبێت بە زیاد کردنی هەر بەشێ، چونکە ئەوەی بڕوای پێ یەتی لە کاریگەری ئەستێرە ناسی پووچ و بێ بنەمایە، وەك چۆن کاریگەری جادو پووچە. (مەبەستی زانستی فەلەك ناسی نیە چونکە ئەوە زانستێکە بەهۆی ئەستێرەکانەوە کاتەکانی شەو لەیەك دەدرێتەوە، یان زانستی دوورو نزیکی ئەستێرەکان و قەبارەیان لە ڕووی زانستیەوە، بەڵکو مەبەستی زانیاری ڕۆحانی کاریگەریەکەیەتی لەسەر زەوی وەك نەخۆشی جەنگ و ناڕەحەتی و ژیان و مردن و خۆشبەختی و بەدبەختی نێوان ژن و مێردو .....تا دوایی).

---

(١)أخرجه الدارقطني في الكبير ١٢ / ١١، (١٢٣١٨)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٣٤٦٧).

(٢)أخرجه أبو داود في الطب (٣٩٠٥)، وابن ماجه في الأدب (٣٧٢٦)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٧٩٣).

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وللنسائي من حديث أبي هريرة: (من عَقَدَ عُقْدَةً ثُمَّ نَفَثَ فيها فَقَدْ سَحَرَ، وَمَنْ سَحَرَ فَقَدْ أَشْرَكَ، وَمَنْ تَعَلَّقَ شيئا وُكِلَ إليه)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە نەسائی لە فەرموودەی ئەبی هورەیرە: هەرکەسێك شتێك گرێ بدات پاشان فووی پێدا بکات ئەوە بێگومان سیحرو جادووی کردوە. وە هەرکەسێك جادو بکات ئەوە هاوبەشی داناوە، هەرکەسێ شتێك هەڵبواسێت (بۆ ئەوەی بەڵایەکی لەسەر لابدات یان سوودێکی پێبگەیەنێت) دەدرێتە دەستی ئەو شتەوە.

.....

ئەمەیە دانەر باسی کردوە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە و داویەتیە پاڵ نەسائی ئەویش بە مەرفوعی گێڕاویەتیەوە، ئیبنوموفەلەحیش بە حەسەنی داناوە.

وتەی: (**وللنسائي**) پێشەوای (**الحافظ**) ئەحمەدی کوڕی شوعەیبی کوڕی عەلی کوڕی سینان کوڕی بەحر کوڕی دینار باوکی (عبد الرحمن) خاوەن (السنن) و جگە لەویش، گێڕاویەتیەوە لە موحەممەدی کوڕی موسەنا و ئیبن بەشارو قوتەیبە و خەڵکێکی زۆر، لەزانستی (**علل الحديث**) شارەزاییەکی زۆری هەبوو، لە ساڵی سێ سەدو سێ ی کۆچی دوایی کردوە، هەشتا و هەشت ساڵ تەمەنی کردوە.

وتەی: (**من عَقَدَ عُقْدَةً ثُمَّ نَفَثَ فيها فَقَدْ سَحَرَ**) بزانە کە بێگومان جادوگەران ئەگەر بیانەوێ جادو بکەن دەزووەکان گرێ دەدەن، لەسەر هەموو دەزوویەك فووی پێدا دەکەن، تا هەموو ئەوەی دەیانەوێ بەهۆی جادوەکەوە گرێ دەخواو دەبەسترێ، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤﴾ **الفلق**. (واتە: وە لە شەڕو زیانی ئەوانەی فوو دەکەن بە گرێکاندا) واتە: ئەو جادوگەرانەی کە ئەو کارە دەکەن، وە (**النفث**): بریتیە فوویەك تفی لەگەڵدا بێ، لەهەمان کاتدا تفیش نیە. وە (**النفث**) کاری جادوگەرە، جا ئەگەر نەفسەکەی جۆر بوو لەگەڵ ئەو شەڕو خراپەی کە دەیەوێت تووشی جادوولێکراوی بکات، وە پشت ببەستێ بە ڕۆحە پیسەکان لە دژی، فوو دەکات بەو گرێیانەدا فوو کردنێك تفی لەگەڵدا بێت. لە نەفسە پیسەکەیەوە فوویەکی پیسی تێکەڵ کراو بە شەڕو خراپە دەردەچێ هاوشانە لەگەڵ ئەو لیکەی کە تێکەڵ دەبێ بەوە، ئەوکاتە ئەوەو ڕۆحی شەیتانی یارمەتیدەری یەك دەبن لەسەر ئازاردانی جادوولێکراو، جا بەمۆڵەتی خوا ﷻ گەردوونی قەدەری نەك شەرعی تووشی دەبێ، ئیبنولقەییم ئەمەی وتووە.

وتەی: (**وَمَنْ سَحَرَ فَقَدْ أَشْرَكَ**) بەڕوونی هێناویەتی کە جادوگەر هاوبەشدانەرە، چونکە سیحر و جادو دروست نابێت بەبێ هاوبەشدانان، وە (**الحافظ**) لە هەندێکیانەوە گێڕاویەتیەوە.

وتەی: (**وَمَنْ تَعَلَّقَ شيئا وُكِلَ إليه**) واتە: هەرکەسێ دڵی بە شتێکەوە هەڵواسرا بەجۆرێ پشتی پێ ببەستێ و ئومێدی پێ بکات خوا ﷻ دەسپێرێ بەو شتە، جا هەرکەسێك دڵی هەڵبواسێ بە

---

(١)أخرجه النسائي في تحريم الدم (٤٠٧٩) أبو غدة، وضعفه الشيخ الألباني دون شطره الأخير فهو ثابت. ضعيف النسائي.

پەروەردگاری و پەرستراوی گەورە و پشتیوانی، پەروەردگاری هەموو شتێ و خاوەنی هەموو شتێ، ئەوە ئەوی بەسەو دەیپارێزێ و پشتیوانی دەکات لە هەموو بەڵایەك، بەڕاستی باشترین پشتیوان و باشترین یارمەتیدەرە سەرخەرە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴿٣٦﴾ ﴾الزمر. (واتە: ئایا خوا بۆ بەندەی خۆی بەس نیە ؟) وە هەرکەسێك خۆی هەڵبواسێ بە جادوگەرو شەیتانەکان و غەیری ئەوانیش لەدروستکراوەکان، خوا ﷻ دەیدا بەدەستی ئەوەی خۆی پێی هەڵواسیوە، سەرئەنجام لەناو دەچێ، جا هەر کەسێك سەرنج بدات لەبارووددۆخی خەڵکی بەچاوی سەرو بە چاوی دڵێ ئەوە دەبینێ، بەچاوی خۆی ئەمەش لە وشە کورت و پڕ لەماناکانی پێغەمبەرە ﷺ، خوا زاناترە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وعن عبد اللَّهِ بن مَسْعُودٍ أَنَّ رسول الله ﷺ قال: (ألا هل أُنَبِّئُكُمْ ما العَضْهُ؟ هِيَ النَّمِيمَةُ، الْقَالَةُ بين الناس)[1]. رواه مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن مەسعودەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئایا ئاگادارتان بکەمەوە جادو چیە؟ بریتیە لە قسە هێنان و قسە بردن لەنێوان خەڵکیدا)

وتەی: (**ألا هل أُنَبِّئُكُمْ**) هەواڵتان بدەمێ، وە (**العَضْهُ**) بە (فتح)ەی (العین) وە (سکون)ی (**الضاد**)، ئەبو سەعادات وتویەتی: بەوشێوەیە ڕیوایەت کراوە لە کتێبەکانی فەرموودە، ئەوەش لە کتێبەکانی (الغریب) هاتووە: (**ألا أُنَبِّئُكُمْ ما العِضَهُ**) بە (کسر)ەی (العین) و (فتح)ەی (**الضاد**).

زمەخشەری وتویەتی: بنچینەی (**العَضْهُ**) لە (**العِضْهَة**) وەرگیراوە، (**فعلة**) لە (**العَضْهُ**) بە مانای بوختان، (لام)ەکەی لابراوە (لام الوزن) وەك چۆن لە (**السنة والشفة**) لابراوە، وە کۆ دەکرێتەوە لەسەر (**عضين**) پاشان شی کردوەتەوە بە وتەی خۆی ﷺ: (**هِيَ النَّمِيمَةُ، الْقَالَةُ بين الناس**)، ناوی (**العَضْهُ**) لێناوە، چونکە لە درۆو بوختان جیانابێتەوە. قورطوبی باسی کردوە.

ئیبنو(**عبد البر**) لە یەحیای کوڕی ئەبی کەثیر وتی: ئەوەی قسەهێنەر و قسەبەرو درۆزن تێکی دەدەن لە ساتێکدا جادوگەر لە ساڵێکدا تێکی نادات، ئەبو خەطاب لە (**عیون المسائل**) وتویەتی: قسەهێنان و قسەبردن و تێکدانی نێوانی خەڵك جۆرێکە لەجۆرەکانی جادوو، وە لە (الفروع)دا وتویەتی: بۆیە لە جادو کردن دەچێ چونکە مەبەستی ئەوەیە بە قسەو کردەوەکانی ئازار بەخەڵکی بگەیەنێ بە فرت و فێڵ کردن، ئەمەش بەپێی داب و نەریت هەمان کاریگەری و دەرئەنجامی سیحری دەبێ یان زیاتر، ئەو کات حوکمەکەی یەکسانە لەنێوان دوو هاوشێوەدا یان نزیکتر لەیەك. بەڵام بە جادوگەر دەوترێ بێبڕوا لەبەر وەسفی جادووەکەی، ئەوەش کارێکی تایبەتەو بەڵگەکەیشی تایبەتە، قسەهێنان و قسەبردنیش جادو نیە بەڵکو کردەوەکە هەمان ئەو کاریگەریەی دەبێ، تەنها لەوەدا نەبێ کە تایبەتە بە جادو کردن، لەبێ بڕوابوون و وەرنەگرتنی تەوبە.

---

(١)أخرجه مسلم في البر والصلة(٢٦٠٦) عبدالباقي.

بەو شێوەیە لێکچوونی فەرمودەکە لەگەڵ باسەکەدا دەردەکەوێ، ئەویش بەڵگەیە لەسەر قەدەغەکردنی قسەهێنان و بردن، کە ئەویش یەکدەنگی زانایانی لەسەرە، ئیبنوحەزم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: زانایان یەکدەنگن لەسەر قەدەغەکردنی غەیبەت کردن و قسەهێنان و بردن لە غەیری ئامۆژگاری پێویست، وە بەڵگەی تێدایە قسە هێنان و قسە بردن یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.

وە تەی: (**الْقَالَةُ بين الناس**) ئەبو سەعادات وتویەتی: واتە: قسەکردنی زۆرو کێشەو گیرو گرفت خستنە ناو خەڵکی، وە بەهەمان شێوە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووە: (**فشَت الْقَالَةُ بين الناس**)[1] واتە: قسەهێنان و بردن زۆر بڵاو بوویەوە لەناو خەڵکیدا.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما عن ابن عُمَرَ أن رسول الله ﷺ قال: (إِنَّ من الْبَيَانِ لَسِحْرًا)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لەهەردوکیانەوە لە ئیبن عومەر پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بەڕاستی جۆرێ لە قسەکردن کە ڕەوان بێژیەکی ئەوتۆی تێدایە جادووە).

(البيان): ڕەوان بێژی و زمان پاراوەیی صەعصەعەی کوڕی صەوحان وتویەتی پێغەمبەر ڕاستی فەرموو، بێگومان کەسی واهەیە حەق و مافی لەسەرە بەڵام زیرەکتر و بەتواناترە لە بەڵگەهێنانەوە بەرانبەر بەخاوەن حەق، بۆیە جادو لە خەڵکەکە دەکات بەڕەوان بێژی و زمان پاراوەیی، حەقەکەیش بۆ خۆی دەبات، ئیبنو(عبد البر) وتویەتی: کۆمەڵێك لە زانایان وشەی (البيان)یان بە سەرزەنشتکردن لەیەك داوەتەوە، چونکە جادو کردن سەرزەنشتکراوە، بەڵام زۆرینەی ئەهلی عیلم و ئەهلی ئەدەب لەیەکیان داوەتەوە بە پیاهەڵدان، چونکە خوا ﷻ پیاهەڵدانی (البيان)ی کردوە. وتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە پیاوێکی وت کاتێ داوایی پێویستیەکی لێ کرد، بە چاکترین شێوە داوای لێ کرد ئەویش سەری سوڕما بە قسەکەی وتی: سوێند بەخوا ئەمە جادووی حەڵاڵە. یەکەمینیان تەواوە، مەبەست پێی ئەو ڕەوان بێژی و زمان پاراوەییەیە کە جۆرێ لە ساختەکردن و شاردنەوەی تێدایە لەسەر بیسەر، وەك هەندێکیان وتویانە:

في زخرفِ القول تزيين لباطله ... والحقُّ قد يعتريه سوء تعبيرِ

واتە: لە ڕازاندنەوەی قسەکەیدا جوانکردنی پووچی تێدایە ... دەڕیڕینی حەقیش خراپ زاڵ ئەبێ بەسەریا.

وەرگیراوە لە وتەی شاعیر:

تقول: هذا مُجاجُ النحل، تمدحهُ ... وإن تشأ قلت: ذا قَيْءُ الزنابير

---

(١)أخرجه مسلم في البر والصلة(٢٦٠٦) عبدالباقي.

(٢)أخرجه البخاري في الشركة (٢٥٠٥-٢٥٠٦) فتح.

واتە: جا دەڵێی ئەمە لیك و هەنگوینی هەنگە و مەدحی ئەکەن.... ئەگەریش بتەوێ دەڵێی ئەوە ڕشانەوەی زەردەوالّەیە.

مدحاً وذماً وما جاوزتَ وصفَهما والحقُّ قد يعتريه سوء تعبير

واتە: یەکەم مەدحە و دووەم زەم ئەگەر ئەم دوو وەسفەت تێپەڕاند.... ئەوە لەوانەیە حەق دەبڕینی خراپ زاڵبێ بە سەریدا.

وتەی: (**إنَّ من الْبَيَانِ لَسِحْرًا**) ئەمە ئەو پەڕی ڕەوانبێژیە لە تەشبیهدا، چونکە ئەمە کاری جادو ئەنجام ئەدات، حەق دەخاتە چوارچێوەی پووچ، پوچیش دەخاتە چوارچێوەی حەق، دڵی نەفامانی پێ ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا، تا پووچ وەربگرن و نکوولّی حەق بکەن، داوای جێگیری و بەردەوامی لەخوا دەکەین لەسەر ڕێنمایی.

بەڵام (البيان) ئەو ڕەوانبێژییەی کە حەق ڕوون دەکاتەوەو دەیچەسپێنێ خراپەو بەتاڵیش پووچ و ئاشکرا دەکات ئەوە ستایش کراوە، پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیشی هەر بەو شێوەیە بوون، ئا لەبەر ئەمەیە پلەو پایەیان بەرز بوویەوە و چاکەکانیان مەزن بوو.

بەشێوەیەکی گشتی بەڕاستی (البيان) ستایش دەکرێ بەمەرجێ نەگاتە ئاستی درێژکردنەوەو خۆهەڵکێشان و داپۆشینی حەق و جوانکردنی پووچ و بەتاڵ، جا ئەگەر گەیشتە ئەو ئاستە ئەوە سەرزەنشتکراوە فەرموودەی بابەتەکەیش بەڵگەن لەسەر ئەمە، وەك لەفەرموودەیەکی دیکەشدا هاتووە: (**إنَّ اللَّهَ يُبْغِضُ الْبَلِيغَ من الرِّجَالِ الذي يَتَخَلَّلُ بِلِسَانِهِ كما تَتَخَلَّلُ الْبَقَرَةُ بلسانها**)[1] رواه أحمد وابو داود. واتە: خوا ڕقی لە کەسێکی ڕەوان بێژ دەبێتەوە لە پیاوان کاتێ قسە دەکات زمانی با دەدات وەك چۆن مانگا زمانی با دەدات.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: بەڕاستی هەڵفڕاندنی باڵندەو فاڵ گرتنەوەو ڕەشبینی و شوومی جۆرێکە لە (الجبت) واتە: جادوو.

دووەم: ڕاڤەکردنی وشەی (الْعِيَافَة، وَالطَّرْق).

سێیەم: بێگومان زانستی ئەستێرەناسی جۆرێکە لە جادوو.

چوارەم: گرێدانی پەت و دەزوو لەگەڵ فووکردن پیایدا جۆرێکە لە جادوو.

پێنجەم: قسەهێنان و بردن جۆرێکە جادوو.

شەشەم: هەندێ لە زمان پاراوەیی جۆرێکە لەجادوو.

---

(١)أخرجه أبو داود في الأدب (٥٠٠٥) ، والترمذي في الأدب (٢٨٥٣)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٨٨٠).



بەشی ٢٥

ئەوەی هاتووە دەربارەی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في الكهان ونحوهم.

ئەوەی هاتووە دەربارەی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان.

(الكاهن): بریتیە لەو کەسەی شت وەردەگرێ لەو شەیتانانەی کە گوێ هەڵدەخەن، ئەوانە پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ زۆر بوون. بەڵام دوای هاتنی پێغەمبەر ﷺ کەم بوونەوە، چونکە خوا ئاسمانەکانی تەنی بوو بە ئەستێرە ئاگرینەکان، زۆرێك لەوانەی پووو دەدەن لەم ئوممەتەدا بریتین لەوەی جنۆکەکان هەواڵی پێ دەدەن بە دۆستەکانیان لە ئادەمی دەربارەی ئەو شتانەی کە نادیارن بەوەی لەسەر زەوی پوودەدات، کەسی نەفام وا تێ دەگات ئەوە کەرامەت و کەشفی ئەولیایە، زۆرێك لە خەڵکی هەڵخەڵەتاون بەوە وا گومان دەبەن ئەوەی هەواڵیان پێدەدا بەو شتە لە جنۆکەوە، ئەوە دۆستی خوایە، نەخێر ئەوە لە وەلی و دۆستەکانی شەیتانە، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُمْ مِنَ الْإِنْسِ ۖ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُمْ مِنَ الْإِنْسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾ **الأنعام.** (واتە: وە ڕۆژێك خوا تێکڕا کۆیان دەکاتەوە(وە دەفەرموێ) ئەی دەستەو کۆمەڵی جنۆکە. بێگومان ئێوە زۆر کەستان لە ئادەمیەکان گومڕا کرد وە دۆستەکانیان لە ئادەمی دەڵێن هەندێکمان سوودو کەڵکمان لەهەندێکمان وەرگرت وە بەو کات و مۆڵەتە گەیشتین کە بۆت دیاری کردبووین خوا فەرمووی ئاگر شوێنتانە بە هەمیشەیی و بێ بڕانەوە دەمێننەوە تیایدا جگە لەو کاتەی کە خوا بیەوێ بەڕاستی پەروەردگارت کار دروستی زانایە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: روى مسلم في (صحيحه) عن بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ عن النَّبِيِّ ﷺ قال: (من أتى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عن شَيْءٍ، فصدقه بما يقول، لم تُقْبَلْ له صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ يوماً)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: موسلیم لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە لە یەکێ لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ، لە پێغەمبەرەوە فەرمووی: (هەرکەسێك بچێ بۆلای فاڵگرەوەیەك پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك، بەڕاستی بزانێ ئەوەی کە دەیڵێ، ئەوە چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێ).

وتەی: (**عن بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ**) ئەویش حەفصەیە، ئەبو مەسعودی سەقەفی باسی کردوە چونکە ئەم فەرمودەیەی باس کردوە لە (**الأطراف**) لە موسنەدەکەیدا.

وتەی: (**من أتى عَرَّافًا**) بەم نزیکانە باس لە (العراف) دەکەین بە ویستی خوا. ڕواڵەتی ئەم فەرموودە ئەوە دەگەیەنێ هەڕەشە دانراوە بۆ ئەو کەسەی دەچێ بۆلای و پرسیاری لێ دەکات، جا یەکسانە بەڕاستی بزانێ یان گومانی هەبێ لەوەی دەیڵێ، چونکە لەهەندێ ڕیوایەتی فەرموودە ڕاستەکاندا هاتووە: (**من أتى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عن شَيْءٍ،لم تُقْبَلْ له صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ ليلةً**)(٢٢). (واتە: هەرکەسێك بچێ بۆلای فاڵگرەوەیەك پرسیاری لێ بکات دەربارەی شتێك، ئەوە چل ڕۆژ نوێژی لێ وەرناگیرێ).

وتەی: (**لم تُقْبَلْ له صَلَاةٌ**) ئەمە ئەگەر حاڵی پرسیارکەر بێت دەبێ حاڵی پرسیار لێکراو چۆن بێ؟ نەوەوی و غەیری ئەویش وتویەتی: مانای ئەوەیە ئەو کەسە هیچ پاداشتێکی بۆ نابێ لە نوێژەکەیدا، ئەگەرچی نوێژەکەی دروستە و فەرزەکەی لەسەر لادەچێت، بێگومان هەردەبێ ئەم فەرموودەیە بەو شێوەیە لەیەك بدرێتەوە، چونکە زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی دەچێ بۆلای فاڵگرەوە گێڕانەوەی نویژی ئەو چل ڕۆژەی لەسەر نیە.

(ڕاڤەکار ئەڵێ): وە لە فەرموودەکەدا هاتووە: قەدەغەکردنی ڕۆیشتن بۆلای کاهین و وێنەی ئەویش، قورطوبی وتویەتی: پێویستە لەسەر ئەو کەسەی توانای هەیە بەسەر قەدەغەکردندا نکوڵی لێ بکات بە ئەوپەڕی نکوڵی کردن، وە نکووڵی لەو کەسانەش بکات کە دەچن بۆ لایان، با فریو نەخوات بەڕاستگۆییان لەهەندێ کارووباردا، یان زۆربەی ئەو کەسانەی دەچن بۆلای لەوانەی دەدرێنە پاڵ زانست، چونکە ئەوانە قووڵ نەبوونەتەوە لە زانستدا، بەڵکو کەسانێکی نەفامن بەوەی دەچن بۆلای شتێ کە قەدەغەکراوە.

---

(١)أخرجه مسلم في السلام(٢٢٣٠) عبدالباقي، دون قوله: (فصدقه)، وقد أخرجه أحمد (١٦٦٣٨).

(٢)أنظر تخريج مسلم السابق.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن أبي هُرَيْرَةَ عن النَّبِيِّ ﷺ قال: (من أتى كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يقول فَقَدْ كَفَرَ بما أنزِلَ على مُحَمَّد ﷺ)[1] رواه أبو داود.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی هورەیرە لە پێغەمبەرەوە فەرموویەتی: هەرکەسێ بچێ بۆلای کاهینێ بەڕاستی بزانێ لەوەی کە دەیڵێ، ئەوە بێ بڕوا بووە بەوەی دابەزیوە بۆ سەر موحەممەد ﷺ. ئەبو داود گێڕاویەتیەوە.

.....

لە ڕیوایەتەکەی دیکەی ئەبو داودا هاتووە: **(أو أتى امْرَأَةً- قال مسدد: امْرَأَتَه حائضاً- أو أتى امْرَأَةً- قال مسدد: إمرأته في دبرها- فَقَدْ بَرِئَ مِمَّا أُنْزِلَ على مُحَمَّدٍ)** واتە: (یان بچێتە لای ژنێکەوە- موسەدید وتویەتی: ژنەکەی لە سوڕی مانگانەدا بێ- یان ژنێك -موسەدەد وتویەتی: ژنەکەی لە دواوە- ئەوە بەریە لەوەی بۆ موحەممەد ﷺ دابەزیوە) گوێزەرەوەی ئەم فەرموودە لە سونەندا ئەم ڕستەیەی لابردووە، تەنها ئەوەی باسکردوە کە لەگەڵ باسەکەدا دەگونجێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وللأربعة والحاكم وقال: صحيح على شرطهما عن... (من أتى عَرَّافًا أو كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يقول فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ على مُحَمَّدٍ ﷺ).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە خاوەنی چوار سونەنەکە گێڕاویانەتەوەو حاکمیش وتویەتی: فەرموودەیەکی ڕاستە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم لە.... (هەرکەسێ بچێ بۆلای فاڵگرەوەیەك یان کاهینێك، وە بەڕاستی بزانێ لەوەی کە دەیڵێ، ئەوە بێ بڕوا بووە بەوەی دابەزیوە بۆ سەر موحەممەد ﷺ) ئا بەم شێوەیە دانەر سپی کردۆتەوە بۆناوی گێڕەرەوە، بێگومان ئەحمەدو بەیهەقی و حاکم گێڕاویانەتەوە لە ئەبو هورەیرە بە مەرفوعی.

.....

وتەی: **(من أتى كَاهِنًا)** هەندێکیان وتویانە: هیچ دژیەکێك نیە لەنێوان ئەم فەرموودەو لەنێوان فەرموودەی: **(من أتى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عن شَيْءٍ،لم تُقْبَلْ له صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ ليلةً)** ئەمە لەسەر وتەی ئەوە کە دەڵێ: ئەوە کوفرە جگە لە کوفری گەورە، بەڵام لەسەر قسەی ئەو کەسەی کە بەڕواڵەتی فەرموودەکە قسەی کردوە ئەوە پرسیاری کۆکردنەوەی لێ دەکرێ لەنێوان ئەو دوو فەرموودەدا.

ڕواڵەتی فەرموودەکە: ئەو کەسە بێ بڕوا دەبێ کاتێ بڕوای وابێ ڕاستە، بەهەر جۆرێ بێ، وە زۆربەی کاهینەکان پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ ئەو شتانەیان لە شەیتانەکانەوە وەردەگرت.

وتەی: **(فَقَدْ كَفَرَ بما أنزِلَ على مُحَمَّد)** قورطوبی وتویەتی: مەبەست لە دابەزێنراوەکە: قورئان و سونەتە، وە ئایا کوفر لەم شوێنەدا بە مانای بێبڕوایی بچووك دێت و لە میللەتی ئیسلام دەرناچێت،

---

(١)أخرجه أبو داود في الطب(٣٩٠٤)، والترمذي في الطهارة(١٣٥)، وابن ماجه في الطهارة (٦٣٩)، وصححه الشيخ الألبان في صحيح أبي داود، وانظره أيضا في الصحيحة (٣٣٨٧).

یان لەسەر حوکمەکەی ڕادەوستین، ناوترێ دەرچووە لە میللەتی ئیسلام یان دەرنەچووە؟ ئەمە بەناوبانگترینی ئەو دوو ڕیوایەتەیە لە ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولأبي يعلى بسند جيد عن ابن مسعود مثله مرفوعاً[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی یەعلا بە سەنەدێکی باش هێناویەتی لە ئیبنومەسعود وەك ئەو بە مەرفوعی.

•••••••••••••••••••••••

(أبو يعلى) ناوی ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی موسەننای موصلی یە، خاوەنی کتێبی (المسند) و غەیری ئەویشە، ڕیوایەتی کردوە لە یەحیای کوڕی مەعین و ئەبی خەیثەمە و ئەبی بەکری کوڕی ئەبی شەیبە و خەڵکێکی دیکە. یەکێك بووە لە پێشەواکان، لە ساڵی سێ سەدو حەوت کۆچی دوایی کردوە، هەروەها ئەم شوێنەوارە بەزاریش هێناویەتی بەم شێوەیە: (**من أتى كَاهِنًا أو ساحراً فَصَدَّقَهُ بِمَا يقول فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ على مُحَمَّدٍ ﷺ**)[2]. واتە: هەرکەسێ بچێ بۆلای کاهینێك یان جادوگەرێك، وە بەڕاستی بزانێ لەوەی کە دەیڵێ، ئەوە بێ بڕوا بووە بەوەی دابەزێنراوە بۆ سەر موحەممەد ﷺ.

بەڵگەی تێدایە لەسەر کوفری کاهین و جادوگەرو چونکە ئەو دوانە بانگەشەی زانستی غەیب دەکەن ئەویش کوفرە، هەروەها ئەوەشی بەڕاستیان دادەنێت بڕوای پێی هەیە و پێی ڕازیە بەهەمان شێوە کوفرە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن عمران بن حصين مرفوعاً: (ليسَ مِنَّا مَنْ تَطَيَّرَّ أو تُطُيِّرَّ لَه، أو تَكَهَّنَ أو تُكُهِّنَ لَه، أوْ سَحَرَ أو سُحِرَ لَه. ومَنْ أتَىَ كَاهِناً فَصَدَّقَهُ بِمَا يقول فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ على مُحَمَّدٍ ﷺ)[3]. رواه البزار بإسناد جيد. ورواه الطبراني في الأوسط بإسناد حسن من حديث ابن عباس دون قوله: ومن أتى كاهناً .... الحديث)[4].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە عیمرانی کوڕی حوصەین بە مەرفوعی گێڕاویەتیەوە: (ئەو کەسە لە ئێمە نیە کە شومی دەکات لە باڵندە (واتە: دەیکاتە مایەی نەگبەتی) باڵندە

---

(١)أخرجه أبو يعلى(٥٤٠٨)، وأبو داود الطيالسي(٣٨١)، وابن أبي شيبة ٥ / ٤٢، والبزار (١٨٧٣-١٩٣١)، والطبراني في الكبير ١٠/ ٧٦، (١٠٠٠٥)، وفي الأوسط (١٤٥٣)، والبيهقي ٨/ ٢٣٣، وإسناده قوي، وقد صح مرفوعاً كما تقدم قريبا جداً.

(٢)أخرجه البزار (٣٥٧٨)، وأخرج أيضاً شطره الأول في الكبير (٣٥٥)، وصححه الشيخ الألباني بشاهد في التالي عن ابن عباس، والصحيحة (٢١٩٥-٢٦٥٠).

(٣)أخرجه البزار (٣٥٧٨)، وأخرج أيضاً شطره الأول في الكبير (٣٥٥)، وصححه الشيخ الألباني بشاهد في التالي عن ابن عباس، والصحيحة (٢١٩٥-٢٦٥٠).

(٤)أخرجه الدارقطني في الأوسط (٤٢٦٢)، وصححه الشيخ الألباني كما في الحاشية السابقة.

هەڵبفڕێنێ یان بۆی هەڵبفڕێنن بۆ ئەوەی بزانێت فڵان کار خێری پێوەیە یان نا، یان ئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان فاڵی بۆ بگرنەوە، یان جادو بکات یان جادووی بۆ بکەن، وە هەرکەسێ بچێ بۆلای کاهینێك، وەبەڕاستی بزانێ لەوەی کە دەیڵێ، ئەوە بێبڕوا بووە بەوەی دابەزیوە بۆ سەر موحەممەد ﷺ. بەزار ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدێکی باش.

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

هەروەها **طەبەرانیش** گێڕاویەتیەوە لە (**الأوسط**) بە سەنەدێکی باش لە فەرموودەی ئیبنوعەباس بەبێ وتەی: (**ومن أتى كاهناً.....**) تا کۆتاییەکەی.

وتەی: (**ليسَ مِنَّا**) هەڕەشەی تووندی تێدایە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم نیشانە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، لە پێشەوە باس کرا کە فاڵ گرتنەوەو جادو کوفرن.

وتەی: (**مَنْ تَطَيَّرَ**) کاری هەڵفڕاندن یان (**تُطُيِّرَ لَه**) قسەی ئەو کەسەی وەرگرتبێ کە هەڵیدەفڕێنی، وە هاوڕای بێ و پشتگیری بکا، بەهەمان شێوە مانای (**أو تَكَهَّنَ أو تُكُهِّنَ لَه**) وەك کەسێك بچێت بۆ لای فاڵ گرەوەیەك بەڕاستی بزانێت و هاوڕای بێ، بەهەمان شێوە ئەوکەسەش کە جادوگەر جادووی بۆ دەکات.

هەرکەس ئەم کاروبارانە وەربگرێت لەو کەسانەی کە ئالودەی بوون ئەوە پێغەمبەر ﷺ بەریە لێی، چونکە ئەو کارانە یان هاوبەشدانانە، وەك هەڵفڕاندنی باڵندە بۆ هاتنە دی ئاوات، یان بێبڕواییە، وەك فاڵ گرتنەوەو جادوو، جا هەرکەسێك ڕازی بێت بەوەو لەسەری بڕوات ئەوە وەکو بکەرەکە وایە، چونکە پووچی وەرگرتووەو شوێنیشی کەوتووە.

وتەی: (**رواه البزار**) ناوی ئەحمەدی کوڕی عومەر کوڕی (عبد الخالق)ە، ئەبو بەکری بەزار، خەڵکی بەصرەیە خاوەن (المسند الكبير)ە، لە ئیبنوبەشارو ئیبنوموسەننا و خەڵکێکی زۆر ڕیوایەتی کردوە، لە ساڵی دووسەدو نەوەدو دوو کۆچی دوایی کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال البَغَوي: العرَّاف: الذي يدَّعي مَعرفةَ الأمورِ بمُقدماتٍ يُستَدلُّ بها على المسروقِ ومكانِ الضَّالةِ. ونحو ذلك).

وقيل هو الكاهِنُ. والكاهِنُ: هو الذي يخبر عن المُغَيَّباتِ في المستقبَلِ.

وقيل: الذي يخبر عما في الضمير.

وقال أبو العباس ابن تيمية: العرَّاف: اسم للكاهن، والمُنَجِّمِ والرَّمَّال ونحوهم، ممن يتكلَّمُ في معرفةِ الأمورِ بهذه الطُّرُقِ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەغەوی وتویەتی: (العرَّاف): ئەوکەسەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە لە شتە پەنهانەکان دەزانێت بە چەند پێشەکیەك (وەك بەرد هەڵدان یان خەت لێدان) شتی دزراو شوێنەکەشی لە کوێیە دەیدۆزێتەوە، وێنەی ئەوەش)

وە وتراوە: ئەو کەسە: بریتیە لە (الکاهن) فاڵ گرەوە، کاهینیش ئەوکەسەیە هەواڵ دەدات دەربارەی غەیب و پەنهانەکان لە داهاتوو. وە وتراوە: ئەوکەسەیە هەواڵ دەدات بەوەی لە دڵدایە.

ئەبولعباس ئیبنوتەیمیە وتویەتی: (العرَّاف): ناوە بۆ فاڵ گرو ئەستێرەناس ڕەمڵ لێدەر و وێنەی ئەوانە، لەوانەی قسە دەکەن لە زانیاری دەربارەی کاروبارەکان بەم ڕێگایانە.

(**البَغَوي**) ناوی حوسەینی کوڕی مەسعودی فەڕائی شافیعیە، خاوەن چەندین نووسینە و زانای خەڵکی خوراسانە، کەسێکی متمانە پێکراوو شارەزا و خۆبەکەم زان بووە، لە شەوال لە ساڵی پێنج سەدو شازدە کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (**العرَّاف: الذي يدَّعي مَعرفةَ الأمورِ**) ئەوەی دیارە: (العرَّاف): ئەوکەسەیە کە هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو شتەی ڕوویداوە، وەك ئەوکەسەی دزی کردوەو ئەوەشی ونبووە جێگاکەشی لە کوێی.

شێخی ئیسلام وتویەتی: (العرَّاف): ناوە بۆ کاهین و ئەستێرەناس و ڕەمڵ لێدەرو وێنەی ئەوانە، وەك ئەو کەسەی بانگەشەی زانینی غەیب و پەنهان دەکات، یان بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو شتێ دەدۆزێتەوە.

.....

هەروەها وتویەتی: ئەستێرەناس دەچێتە چوارچێوەی (العرَّاف)، وە هەندێکیان پێیان وایە واتاکەی لە خودی وشەکە خۆی دایە.

هەروەها وتویەتی: ئەستێرەناس دەچێتە چوارچێوەی کاهین لە لای خەطابی و غەیری ئەویش لە زانایان، ئەوەش لە عەرەب گێڕاوەتەوە. لە لای کۆمەڵێکی دیکە ئەوە لە ڕەگەزی کاهینە، بەڵکو حاڵی لەو خراپترە، لە ڕووی ماناوە دەکرێتە پاشکۆی.

ئیمام ئەحمەد وتویەتی: (**العِرافة**) بەشێکە لە جادوو، جادوگەر پیسترە.

ئەبو سەعادات وتویەتی: (العرَّاف): ئەستێرە ناسە، (الحازر): ئەوکەسەیە بانگەشەی زانستی غەیب دەکات کە تەنها خوا زانایە پێی.

ئیبنولقەییم وتویەتی: هەرکەس ناوبانگی دەرکردبێ لەلایان بەوەی چاك تەخمینی شتەکان دەکات ناویان ناوە بـ (**عائِف**) یان (**عَراف**).

وە مەبەست لەمەدا ئەوەیە: ئەوەیە هەرکەس بانگەشەی شتێك بکات لە زانستی غەیب و پەنهان، ئەوە یان لە چوارچێوەی ناوی کاهین دایە، یان بەشدارە لەگەڵیدا لە مانادا و دوای دەکەوێ. ئەویش ئەوەیە کە هەندێ جار هەواڵدەر قسەکەی ڕاست دەردەچێت دەربارەی کاروباری غەیب و نادیار بە (کشف) دەبێ. هەندێ جاریش لە شەیتانەکانەوەیە، وە بە گەشبینی و خەملآندن و هەڵفڕاندنی باڵندە و لێدان بە بەرد و خەت کێشان لە زەویداو ئەستێرەناسی و فاڵ گرتنەوەو جادوو، وێنەی ئەمانەش لە زانستەکانی نەفامی، مەبەستمان لە مانای نەفامی (جاهیلی): هەموو ئەوانەیە شوێنکەوتووی پێغەمبەران نەبوون، وەك فەلسفەزانەکان و فاڵگرەکان و ئەستێرەناسەکان،

وە نەفامی عەرەبیش کە پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ بوون، بێگومان ئەمانە زانستی گەلانێك بوون زانستیان نەبوو بەوەی پێغەمبەران هێنابوویان، هەریەك لەمانە بە خاوەنەکەی دەوترێ کاهین یان (العرّاف) یان هەر وشەیەك مانای ئەوانە لەخۆ بگرێت، هەرکەسێك بچێت بۆ لایان و بەڕاستیان بزانێت لەوەی دەیڵێن تووشی هەڕەشەی خوایی دەبێت، ئەم زانستانە گەلانێ بە میرات لێیان بردن، بەو هۆیەوە بانگەشەی غەیب و پەنهانیان دەکرد کە کەس نایزانێت جگە لەخوا، بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە گوایە ئەوان ئەولیای خوان و ئەوەش کەرامەتێکە لە لایەن خواوە بۆیان.

گومانی تێدا نیە هەرکەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە وەلی و دۆستی خوایە و بەڵگەش بهێنێتەوە و هەواڵ بدات بە هەندێ لە نهێنیەکان ئەوە بێگومان لە دۆستەکانی شەیتانە نەك دۆستی خوای میهرەبان، چونکە کەرامەت کارێکە خوا لەسەر دەستی بەندەیەکی بڕواداری خۆپارێزی لەخوا ترس دەیهێنێتە جێ: یان بەهۆی پارانەوەیەك، یان کردەوەیەکی چاك کە هیچ دەستی پیاوچاکی تێدا نیە، تواناشی نیە بەسەریدا، بە پێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکات کە دۆستی خوایە و بەخەڵکی دەڵێ: بزانن بەڕاستی من غەیب و پەنهانەکان دەزانم، بێگومان وێنەی ئەم کارانە هەندێ جار بەهۆی هۆکارەکانەوە دەستەبەر دەبن، وەك باسمان کرد، ئەگەرچی هۆکارەکانیش قەدەغەکراوو درۆ بێت بە زۆری.

لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ﷺ لە وەسفی فاڵ گرەوەکاندا فەرموویەتی: (فَيَكْذِبُون مَعَهَا مِائَةَ كَذْبَةٍ)[1]. واتە: سەد درۆی تێکەڵ دەکەن، جا ڕوونی کردوە ئەوان یەك جار ڕاست دەکەن و سەد جار درۆ دەکەن، ئا بەم شێوەیە حاڵی ئەو کەسەی ڕێگای کاهین و فاڵ گرەوەکان دەگرێتەبەر، لەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەولیاو دۆستی خوای گەورەیە، وە بانگەشەی ئەوەش دەکات کە هەرچی لە دڵی خەڵکیدا هەیە دەیزانێ، لەگەڵ ئەوەی خودی بانگەشەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی درۆ دەکات، چونکە لە بانگەشەکەی بۆ دۆستایەتی خواو خۆ بە بەپاك زانین پشگیری نەفسی تێایە کە قەدەغەی لێکراوە لە فەرمایشتی خوادا ﷻ: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ٣٢﴾ النجم. (واتە: کەواتە خۆتان بە چاك و پاك دامەنێن) ئەمە کاری ئەولیا و دۆستەکان نیە، بێگومان ئەوان نەفس و دەروونی خۆیان دەشکێننەوەو کەم و کوڕیەکانی دەردەخەن و لە پەروەردگاریان دەترسن، ئیتر چۆن دێن بۆلای خەڵك و دەڵێن: خەڵکینە بزانن ئێمە دۆست و ئەولیای خواین و لە غەیب و پەنهان دەزانین؟ وە لەچوارچێوەی ئەوەشدا داواکردنی پلەو پایە لەدڵی خەڵکیداو مەبەست بوونی دنیا لەم کاروبارانە. وە حاڵی هاوەڵان و تابعینەکانت بەسە خوایان لێ ڕازی بێت، کە ئەوان پێشەوای دۆست و ئەولیاکان بوون، ئایا ئەم بانگەشەو شتە تێکەڵ و پێکەلآنەیان دەکرد؟ نەخێر سوێند بەخوا بەڵکو ئەگەر کەسێکیان قورئانی بخوێندایە نەیدەتوانی جلّەوی نەفسی بکات ئەوەندە دەگریا، وەکو ئەبو بەکر، عومەری کوڕی خەطاب قوڵپەی گریانی دەبیسترا لە نوێژدا لەدوای ڕیزەکانەوە،وە شەوان لە ویردەکانیدا بەسەر هەر ئایەتێکدا بڕۆشتایە چەندین شەو بەهۆیەوە نەخۆش دەکەوت و سەردانیان دەکرد، هەروەها تەمیمی داریش شەو تا بەیانی لەسەر جێگاکەی ئەمدیو ئەودیوی دەکردو نەیدەتوانی بخەوێ مەگەر کەمێ نەبێ، چونکە دەترسا لە ئاگر، پاشان هەڵدەستا بۆ

---

(١) أخرجه البخاري في بدء الخلق (٣٢١٠)، ومسلم في السلام (٢٢٢٨) عبد الباقي.

وێژەکەی، ئەوەندەت بەسە شارەزا بی دەربارەی سیفاتی دۆست و ئەولیاکان کە خوا ﷻ لە قورئاندا وەسفی کردوون لە سورەتی (**الرعد، والمؤمنون، والفرقان، والذاريات، والطور**)دا،

جا ئەوانەی وەسف کراون بەو سیفاتانە ئەوانەن دۆست و ئەولیا و پاڵفتەکان، نەک ئەوانەی خەریکی بانگەشەکردنی درۆینەو دژایەتی کردنی پەروەردگاری جیهانیانن لەوەی کە تایبەتە پێیەوە نە گەورەیی و مەزنی زانستی پەنهان، بەڵکو خودی بانگەشەکەی کە گوایە زانستی پەنهان دەزانێ بێ بڕوایە، ئیتر چۆن دەبێ ئەو کەسە ببێ بەدۆست و وەلی خوا؟ بەڕاستی ئەوانە زەرەرو زیانی مەزنیان کرد، کە زانستیان وەک میرات وەرگرت لەهاوبەشدانەران، وە کردیانە بەریان و دڵەکانیان بێ ئاودا، داوای سەلامەتی و لێخۆشبوون لەخوا ﷻ دەکەین لە دنیا و دواڕۆژدا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال ابن عباس- في قوم يكتبون أبا جاد، ويَنْظُرونَ في النُّجومِ-: مَا أرى مَن فَعَلَ ذلك لَهُ عِنْدَ اللهِ مِنْ خَلاق[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئیبن عەباس- دەربارەی گەلێك ئەبجەد(٢١) دەنوسنەوە، لە هەمانکاتدا تەماشای ئەستێرەکان دەکەن بڕوایان وایە کاریگەری هەیە-: نابینم کەسێ کارێکی لەو جۆرە بکات لەلای خوا هیچ بەشێکی هەبێت.

.....

ئەم شوێنەوارە طەبەرانی لە ئیبنوعەباسەوە بە مەرفوعی گێڕاویەتیەوە، سەنەدەکەیشی لاوازە شێوەکەیشی بەم جۆرەیە: (**رُبَّ مُعَلِّمِ حُرُوفِ أبي جَادٍ دَارِسٍ فِي النُّجُومِ لَيس له عِنْدَ اللَّهِ خَلاقٌ يوم الْقِيَامَةِ**)[3]. واتە: زۆرکەس فێری پیتە ئەنجەدیەکان دەبێ تەڵەسومی پێ دەکات لە ڕۆژی دوایی لەلای خوا هیچ بەشێکی نیە.

حومەیدی کوڕی زەنجەوەیهی گێڕاویەتیەوە بە شێوەی: (**رَبَّ ناظر فِي النُّجُومِ مُتَعَلِّمِ حُرُوفِ أبي جَادٍ لَيس لَهُ عِنْدَ اللَّهِ خَلاقٌ يوم الْقِيَامَةِ**)[4]. واتە: ئەی پەروەردگار، ئەوەی تەماشای ئەستێرەکان دەکات و خۆی فێری پیتەکانی ئەبجەد دەکات بە مەبەستی فاڵ گرتنەوە، لەلای خوا هیچ بەشێکی نیە.

وتەی: (**مَا أرى**) دروستە (الهمزه) (مفتوح) بکرێت، بەمانای: نازانم، وە دروستە(**ضم**) بکرێ، بەمانای: گومان نابەم، وە نوسینی(**أبي جَادٍ**) وە فێربوونی بۆ ئەو کەسەی بانگەشەی زانستی

---

(١) أخرجه الدارقطني في الكبير (١٠٩٨٠)، وقال الهيثمي في المجمعي ٢٠٠/٥، وفيه خالد بن يزيد العمري وهو كذاب، وقال الشيخ الألباني: موضوع (الضعيفة) (٤١٧) ..

(٢) مەبەست لە (أبي جاد) ئەمانەن: (أبجد هوَّز حطي كَلِمَن سعَفَص قرَشَت ثخِذْ ضَظِغ) عەرەب هەر پیتێکی ئەم پیتانەی دانابوو بەرانبەر بە ژمارەیەك، تەڵەسومیان پێ دەکرد.

(٣) أخرجه الدارقطني في الكبير (١٠٩٨٠)، وقال الهيثمي في المجمعي ٢٠٠/٥، وفيه خالد بن يزيد العمري وهو كذاب، وقال الشيخ الألباني: موضوع (الضعيفة) (٤١٧) ..

(٤) أخرجه الدارقطني في الكبير (١٠٩٨٠)، وقال الهيثمي في المجمعي ٢٠٠/٥، وفيه خالد بن يزيد العمري وهو كذاب، وقال الشيخ الألباني: موضوع (الضعيفة) (٤١٧) ..

پەنهانی پێ دەکات، ئەوە پێی دەوترێ زانستی پیت، لەو بارەوە هەڕەشەی خوایی هاتووە، بەڵام هەرکەسێ فێربێ بۆ ژماردن و فێربوونی ئاسایی هیچ کێشەیەکی تێدا نیە.

وتەی: (**ويَنْظُرونَ في النُّجومِ**) واتە: بڕوایان وایە ئەو ئەستێرانە کاریگەریان هەیە، وەك لە بەشی ئەستێرەناسی باسی لێ دەکەین. چەندین سوودیشی تێدایە، فریو نەخواردن بەوەی دراوە بە ئەهلی پووچ و ناحەق، لە زانست و زانیاریان وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَرِحُوا۟ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾**غافر**. (واتە: جا کاتێ پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگە ڕونەکانەوە هاتنە لایان دڵخۆش بوون بەو زانینەی هەیانبوو ئەو سزای گاڵتەیان پێ دەکرد چوار دەوریدان)

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: بەڕاستدانانی فاڵ گرەوە لەگەڵ بڕوابوون بە قورئان پێکەوە کۆنابنەوە.

دووەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە فاڵ گرتنەوە کوفرە.


سێیەم: باسکردنی ئەوەی فاڵی بۆ دەگیرێتەوە.

چوارەم: باسکردنی ئەو کەسەی کە باڵندەی بۆ هەڵدەفڕدرێت. (واتە: بەختی بۆ دەگیرێتەوە).

پێنجەم: باسی ئەوکەسەی جادوی بۆ دەکرێ.

شەشەم: باسی ئەو کەسەی کە فێری نووسینی ئەبجەد دەبێت.

حەوتەم: باسی جیاوازی لەنێوان (الکاهن) وە (العراف).



بەشی ٢٦ | ئەوەی هاتووە دەربارەی بەتاڵکردنەوەی نوشتە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ماجاء في النُّشْرَةِ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی چارەسەرکردنی بەتاڵکردنەوەی نوشتە.

.....

(**النُّشْرَةِ**)بە (**ضم**)ەی (النون) وەك لە کتێبی (القاموس)دا هاتووە، ئەبو سەعادات وتویەتی: (**النُّشْرَةِ**) جۆرێکە لە چارەسەرکردن و نوشتە، چارەسەری ئەو کەسەی پێی دەکرێ کە گومانی ئەوەی لێ بکرێ تووشی دەس لێوەشاندنی جنۆکە بووە، لەبەر ئەوەش ناونراوە بە(**النُّشْرَةِ**) چونکە نوشتەی پێ دەکرێ بۆ ئەوەی نەخۆشیەکەی چارەسەر ببێ.

حەسەن وتویەتی: (**النُّشْرَةِ**) جۆرێکە لە جادوو، دەڵێ: (**نَشَّرتُ له تنشيراً**) واتە: لێم لابرد، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**فَلَعَلَّ طَبًّا أَصَابَه**) واتە: لەوەیە سیحرێکی تووش بووبێ. پاشان لای برد بە ڕوقیە بە: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١﴾**الناس**. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگاری ئادەمی).

ئیبنوجەوزی وتویەتی: (**النُّشْرَةِ**) هەڵوەشاندنەوەی جادوە لەسەر جادو لێکراو، لەوانەشە کەس دەسەڵاتی بەسەریدا نەبێ، تەنها ئەو کەسە نەبێ لە جادو دەزانێ.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن جَابِرِ بن عبد اللَّهِ أن رسول الله ﷺ سُئِلَ عن النُّشْرَةِ؟ فقال: هي من الشَّيْطَانِ)[1]. رواه أحمد بسند جيد. وأبو داود قال: سئل أحمد عنها فقال: ابن مسعود يكره هذا كله.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە جابری کوڕی (عبدالله) وتی: پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی نوشتە؟ فەرمووی: (ئەوە لە شەیتانەوەیە). ئەحمەد بە سەنەدێکی باش ڕیوایەتی

---

(١) أخرجه أبو داود في الطب (٣٨٦٨)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٧٦٠).

کردوە، هەروەها ئەبو داودیش وتویەتی: پرسیار کرا لە ئەحمەد دەربارەی نوشتە (النشرة) وتی: ئیبنومەسعود هەموو ئەوانەی پێ مەکروە بووە.

.....

ئەم فەرمودەیە ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە، ئەبو داودیش هەر لە ئەحمەدەوە ڕیوایەتی کردوە لە (السنن)دا، وە فەزڵی کوڕی زیادیش لە کتێبی (المسائل) لە (عبدالرزاق) لە عوقەیلی کوڕی مەعقیل کوڕی مونەبیە لە جابرەوە ئەوەی باس کردوە، ئیبنوموفلیح وتویەتی: سەنەدەکەی باشە، (الحافظ)یش سەنەدەکەی بەچاك داناوە.

وتەی: (سُئِلَ عن النُّشْرَةِ) (الألف واللام) لە (النُّشْرَةِ)دا بۆ (العهد)ە ، واتە: ئەو نوشتەیەی کە هەبووە لە نەفامیداو ئەنجامیان داوە، ئەوە لەکاری شەیتانە.

وتەی: (وقال: سئل أحمد عنها فقال: ابن مسعود يكره هذا كله) مەبەستی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئیبنومەسعود ئەو نوشتەیەی(نشرة) پێ حەرام بووە کە لەکاری شەیتانە، وەك چۆن هەڵواسینی نوشتەی پێ حەرام بووە بە ڕەهایی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وللبخاري عن قَتَادَة: قلت لابن الْمُسَيَّب رَجُلٌ بِهِ طِبٌّ أو يُؤَخَّذُ عن امْرَأَتِهِ أَيُحَلُّ عنه، أو يُنَشَّرُ؟ قال: لَا بَأْسَ بِهِ: إنما يُرِيدُونَ بِهِ الْإِصْلَاحَ فَأَمَّا ما يَنْفَعُ الناس فلم يُنْهَ عنه)[1].

دانە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە بوخاری هێناویەتی لە قەتادە: وتم بە ئیبنولموسییب پیاوێك جادوی لێ کراوە، یان لە خێزانەکەی بەستراوە، ئایا دروستە جادوەکەی بۆ بەتاڵ بکرێتەوە؟ وتی: هیچ گرفتێکی تێدا نیە: ئەوان مەبەستیان پێی چاکسازیە، هەرشتێك سوودی هەبێت ڕێگری لێ نەکراوە.

.....

وتەی: (عن قَتَادَةُ) کوڕی دیعامەی دووسی، متمانە پێکراو شارەزاترینی ناو تابعیەکان، وتیان: ئەو بە زیگماکی کوێر بووە، لە ساڵی سەدو دەو ئەوەندە مردووە.

وتەی: (رَجُلٌ بِهِ طِبٌّ) بە (کسر)ەی (الطاء) واتە: سیحر، دەوترێت: (طُبَّ رَجلٌ) بە (ضم)ی (الطاء) ئەگەر جادوی لێ بکرێت. وە دەوترێ: لە بری جادو بە کینایە وشەی (الطِب) چاکبوونیان داناوە، وەك گەشبینی، وەك بە (لدیغ) پێوەدراو دەوترێ: (سلیم) سەلامەتە.

ئیبنولئەنباری وتویەتی: (الطِب) چاکبوون لە دژەکانە. دەوترێ: بۆ چارەسەری نەخۆشی دەوترێ (طب)، جادوش یەکێکە لە نەخۆشیەکان، وە بە جادوو دەترێ (طِب).

---

(١) علقه بصيغة الجزم البخاري في الطب (باب هل يستخرج السحر؟ وصححه الشيخ الالبانى في الصحيحة (٢٧٦٠).

وتەی: (يُؤَخَّذُ) بە (فتح)ەی (الواو) (مهموز)ە وە شەددەی (الغاء)، واتە: لە خێزانەکەی بەستراوە و ناتوانێت بچێتە لایەوەو جیماعی لەگەڵ بکات.

وتەی: (أُيُحَلُّ) فیعلێکی (مبنی للمفعول)ە

وتەی: (أو يُنَشَّرُ) بە شەددەی (الشین).

وتەی: (لَا بَأْسَ بِهِ) واتە: نوشتە هیچ گرفتێکی تێدا نیە چونکە مەبەستیان پێی چاکسازیە، واتە: لابردنی جادو، ڕێگری نەکراوە لەوەی مەبەست پێی چاکسازیە، ئەمەش لە ئیبنولموسییب حەمل دەکرێتە سەر جۆرێ لە نوشتە (نُشرة)، کە ئەوە جادو نیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وروى عن الْحَسَنِ أنه قال: لَا يَحُلُّ السِّحْرَ إِلَّا سَاحِرٌ[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە حەسەنەوە وتی: بێگومان هیچ کەس ناتوانێ جادو بەتاڵ بکاتەوە جگە لە جادوگەر.

.....

ئەم شوێنەوارە ئیبنولجوزی باسی کردوە لە (جامع المسانید).

(الحسن) کوڕی ئەبی الحسن، ناوی یەسار، ڕەچەڵەکی خەڵکی بەصرەیە، ئەنصاریە، مەولای ئەوانە. متمانە پێکراوە شارەزایە، پێشەوایە لە چاکترینی ناو تابعیەکانە. لە ساڵی سەدو دە کۆچی دوایی کردوە، نزیکەی نەوەد ساڵ تەمەنی کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال ابن القيم: النُشرة حلُّ السحرِ عن المسحور، وهي نوعان:

أحدهما: حل بسحر مثله، وهو الذي من عمل الشيطان. وعليه يحمل قول الحسن، فيتقرب الناشر والمنتشر إلى الشيطان بما يحب، فيبطل عمله عن المسحور.

والثاني: النُشرة بالرقية والتعوذات والأودية والدعوات المباحة. فهذا جائز.

ئەوە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئیبنولقەییم وتویەتی: (النشرة): بریتیە لە بەتاڵ کردنەوە جادو لە جادو لێکراو، ئەویش دوو جۆرە:

یەکەم: بەتاڵ کردنەوەی جادوە بە جادویەکی وەک خۆی، ئەویش لە کارەکانی شەیتانە، وتەکەی حەسەن مەبەست پێی ئەم جۆرەیە، ئەوکەسەی جادوەکە دەکات ئەوەش جادوەکەی بۆ بەتاڵ دەکرێتەوە لە شەیتان نزیك دەبنەوە بەوەی پێی خۆشە، ئیتر کارەکەی بەتاڵ دەبێتەوە لە جادولێکراو.

دووەم: بەتاڵ کردنەوە جادو بە نوشتە(روقية) وە (التعوذات) و بەکارهێنانی چارەسەرو پاڕانەوە ڕێگەپێدراوەکان. ئەمە دروستە.

.....

(١) أنظر فتح الباري ١٠ / ٢٣٣.

ئەوەی هاتووە دەربارەی بەتاڵ کردنەوەی جادو کە دروستە: ئیبنوئەبی حاتەم و ئەبو شێخ گێراویانەتەوە لە لەیثی کوڕی ئەبی سولەیم وتی: پێم گەیشتووە کە بەڕاستی ئەو ئایەتانە شیفا و چارەسەرن بۆ جادو بە ویستی خوا، دەخوێنرێنەوە بەسەر قاپێ ئاوی تێدا بێ، پاشان دەکرێت بەسەر سەری جادو لێکراو: ئەو ئایەتەی کە لە سورەتی یونس هاتووە: ﴿ فَلَمَّآ أَلْقَوْاْ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨١﴾ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾یونس. (واتە: ئینجا کاتێ جادوەکانیان فڕی دا مووسا وتی: هەرچی ئێوە هێناوتانە جادوە بێگومان خوا بە زووبی پوچەڵی دەکاتەوە چونکە بە ڕاستی خوا چاکی ناکات کردەوەی خراپەکاران* خوا حەق و ڕاستی سەردەخات بە فەرمان و بەڵێنەکانی با تاوانبارانیش پێیان ناخۆش بێت) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ ﴾**الأعراف**. (واتە: ئیتر ڕاستی دەرکەوت و ڕوون بوویەوە ئەوانیش هەرچی جادویان کردبوو پووچەڵ بوویەوە) تا کۆتایی ئەم چوار ئایەتە. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّمَا صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾ ﴾**طه**. (واتە: بێگومان ئەوەی ئەوانە کردویانە تەنها فڕوفێڵی جادو بازە، جادو کاریش سەرکەوتوو نابێ لە هەرکوێوە هاتبێ و هەرچی بکات).

ئیبن بەطال لە کتێبی (**وهب بن منبه**): وتویەتی: حەوت گەلآی سەوز لە داری کنار یا مۆرد دەکاتەوە لە نیوان دوو بەرد دەیهەنجنێت پاشان ئاو دەکات بەسەریدا و ئایەتی (الکرسی) ئەو سورەتانەی بە (قل) دەستی پێکردوە (سورەتی: الکافرون، والإخلاص، والفلق، والناس) بەسەردا دەخوێنێت، پاشان سێ قومی لێی دەخواتەوە، پاشان خۆی پێ دەشوات، هەرچی تووشی بووە دەڕواو نامێنێت، ئەوە چاکە بۆ ئەو پیاوەی کە لە خێزانەکەی بەستراوە(١١).

وتم: وتەی زاناو پێشەوا ئیبنولقەییم: (**والثاني: النُشرة بالرقية والتعوذات والأودية والدعوات المباحة. فهذا جائز**) ئاماژە دەکات بەوێنەی ئەمە، وە قسەی ئەو زانایانەش کە ڕێگەیانداوە بە بەتاڵکردنەوەی جادو هەڵدەگیرێتە سەر ئەمە.

بە پوختی: هەر جادوێك بە جادو چارەسەر بکرێ ئەوە حەرامە، وە ئەوەیشی بە قورئان و نزاکان و چارەسەری ڕەواو پەسەند ئەنجام بدرێ ئەوە دروستە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: قەدەغەکردن لە بەتاڵکردنەوەی جادو بە جادوو.

دووەم: جیاوازی لەنێوان جادوی قەدەغە لێکراوو ڕێگە پێدراو، ئەم جیاکردنەوەش ئاڵۆزی لەنێوان فەرمودەکەدا لادەبات.

---

(١) أنظر فتح الباري ١٠ / ٢٣٣.



بەشی ٣٧ | ئەوەی هاتووە دەربارەی شومی و ڕەشبینی

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في التطير[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی شومی و ڕەشبینی.

واتە: لە قەدەغەکردن و هەڕەشەکردن لێی، سەرچاوەی (**تَطَير يَتطير**) وە (**الطيرة**) بە (کسر) ەی (**الطاء**) وە (فتح)ەی (**الياء**) هەندێ جاریش (ساکن) دەبێت، ناوی چاوگە (اسم المصدر) لە (**تَطير طِيرة**) وەک وتراوە: (**تَخَير خِيرة**) شتێك نەهاتووە لە سەرچاوەکاندا لە سەر ئەم وەزنە جگە لەم دووانە، وە بنچینەکەی لەوەوە وەرگیراوە کە بەلای ڕاست و چەپدا تێدەپەڕێ لە باڵندەو ئاسك و جگە لەوانیش، ئەوەش ڕێگری لێ دەکردن لە گەیشتن بە مەبەستەکانیان بۆیە خوا ﷻ ڕەتی کردۆتەوەو بە پووچی داناوە، هەواڵیشی داوە ئەوە هیچ کاریگەریەکی نیە لەبەدەستهێنانی سوودو دوورخستنەوەی زیان.

(المدائینی) وتویەتی: پرسیارم لە ڕوئبەی کوڕی عەجاج کرد وتم: (السانح) چیە؟ وتی: ئەو شتەیە بەلای ڕاستدا تێپەڕ دەبێ (بۆ نموونە لەسەردەمی نەفامی ئەگەر کەروێشك بەلای ڕاستدا تێپەر ببوایەت دەیانووت خێری تێدایە)، وتم: (البارح) چیە؟ وتی: ئەوەی بەلای چەپتدا تێپەڕ دەبێ، (وە ئەگەر بەلای چەپیشدا تێپەر ببوایە دەیانووت شەڕ دێتە ڕێگەمان دەگەڕانەوە سەفەرەکەیان نەدەکرد) وە ئەوەیشی لە پێشتدا تێپەڕ دەبێ، ئەوەیشی لە پێشتەوە دێ ئەوە قۆچ لێدەرە، وە ئەوەیشی لە پشتتەوە دێ ئەوە دانیشتووە.

کاتێ کە بە شووم دانان لەو هاوبەشدانانەیە کە ڕەتکەرەوەیە بۆ تەواوێتی یەکتاپەرستیە، لەبەر ئەوەی شەیتان دیخاتە دڵی مرۆڤ و دەیترسێنێ و وەسوەسە و ختورەی بۆ دروست دەکات (ئەویش بەو جۆرەی کە دڵی پێیەوە هەڵدەواسێ بەترساندن و ئومێد بوون پێی، وە پشتبەستن بەخوا ڕەت دەکاتەوە). دانەر لە کتێبی تەوحیدا باسی کردوە، وەك ئاگادار کردنەوەیەك لەوەی تەواوێتی یەکتاپەرستی واجب ڕەت دەکاتەوە.

---

(١) أنظر فتح الباري ١٠ / ٢٣٣.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٣١﴾ الأعراف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: بێدار بن بێگومان ئەو نەخۆشیانەی بەلایانەوە شوم و خراپە لەلایەن خواوەیە نەك مووساو ئیمانداران بەڵام زۆربەیان بێ ئاگان و نازانن).

.....

خوا ﷻ ئەوەی لەمیانەی ئەم ئایەتەدا هێناوە: ﴿فَإِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبۡهُمۡ سَيِّئَةٞ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ ١٣١﴾ الأعراف. (واتە: جا کاتێ چاکەیان بۆ بهاتایە لەسەرووت و بەرووبووم دەیانوت: ئەمە هەر هی ئێمەیە بەڵام کاتێ تووشی بەڵاو خراپە بوونایە دەیانووت بەهۆی شومی مووساو شوێنکەوتوانیەوەیە) مانای ئەوەیە گەلەکەی فیرعەون ئەگەر خۆشی و هەرزانی و لەشساغیان بۆ ببوایە - وەك چۆن موجاهیدو غەیری ئەو ڕاڤەیان کردوە- دەیانوت: ئەمە هەر بۆ ئێمەیەو ئێمە شایستەی ئەم نازوو نیعمەتەین، وە ئەگەر تووشی بەڵاو قات و قڕی و گرانی بونایە دەیانوت: ئەمە بەهۆی شومی و نەگبەتی مووساو هاوەڵەکانیەوەیەتی کە ئێمەیشی تووش کردوە، جا خوا ﷻ فەرمووی: ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ﴾ ئیبنوعەباس وتویەتی: **(طائرهم)** ئەوەی خوا ﷻ بڕیاریداوە لەسەریان و دیاری کردوە، وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا: شومی و نەگبەتی ئەوان لەلای خوایە و لەلایەن ئەوەوەیە، واتە: شومی ئەوان بەهۆی بێ بڕوایی و بەدرۆ دانانیان بوو بە ئایەتەکانی خواو پێغەمبەرانی ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٣١﴾ واتە: بەڵام زۆربەیان نەفامن و هیچ نازانن، خۆ ئەگەر تێبگەیشتایەن و عەقڵیان بخستایەتە کار ئەوە دەیانزانی ئەوەی لەلایەن مووساوە هاتووە بۆ ئەوان تەنها خێر و بەرەکەت و خۆشبەختی و سەرفرازیە بۆیان،

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡۚ أَئِن ذُكِّرۡتُم بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ ١٩﴾ يس.

ئەوە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: پێغەمبەرەکان وتیان شومی ئێوە بەخۆتانەوەیە چونکە ئێوە ئەگەر ئامۆژگاری بکرێن هەست بە شومی دەکەن نەخێر وانیە بەڵکو ئێوە گەلێکی لەسنوور دەرچوون).

.....

مانای ئەوەیە خوا زاناترە، بەشی ئێوە، وە ئەوەشی توشتان بووە لەو شەڕەی کە لەگەڵتاندایە بەهۆی کردەوە خراپەکانتان و بێ بڕوایی و سەرپێچیکردنی ئامۆژگاریکارانە، ئەوە لەبەر ئێمە نیە بەهۆی ئێمەیشەوە نیە، بەڵکو بەهۆی کەللەڕەقی و دوژمن کاری خۆتانەوەیە، جا شوومی کەسی لە سنوور دەرچوو ستەمکار لەگەڵ خۆیدایە، ئەو شەڕەی کە تووشی دەبێ تەنها خۆی هۆکارێتی، وە خۆی بەسەر خۆیدا هێناویەتی، دیارە ئەویش هەر بە قەزاو قەدەرو حیکمەت و دادپەروەری

خوایە، وەك فەرموویەتی: ﴿أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾﴾ **القلم**. (واتە: چۆن ئێمە موسڵمان و بەدکارانوەك یەك لێ دەکەین* ئەوە چیتانە چۆن بڕیارێك دەدەن).

وە پێدەچێ مانای: (**طائركم معكم**) واتە: شومی خۆتان دەگەڕێتەوە بۆ سەرتان، جا ئەو شومیەی کە کە لە ناختاندا دروست بووە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆتان، ئەمەش لە بەشی (القصاص)ە لە قسەکردندا، وە وێنەی ئەویش فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ: (**إذا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ أَهْلُ الْكِتَابِ فَقُولُوا: وَعَلَيْكُمْ**)[1] واتە: ئەگەر ئەهلی کیتاب سەلامی لێ کردن بڵێن: وە لە سەر خۆتان، ئیبنولقەییم باسی کردوە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَئِن ذُكِّرْتُم﴾ واتە: لەپێناو ئەوەی ئێمە یادمان خستنەوەو فەرمانمان پێکردن بە یەکتاپەرستی خوا، ئێوە بەم وتەیە بەرامبەرمان بوونەوە: ﴿بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾ قەتادە وتویەتی: ئەگەر یادتان بخەینەوە بە یەکتاپەرستی خوا ﷻ ئێوە ڕەشبین ئەبن بە ئێمە.

گونجانی دوو ئایەتەکە لەگەڵ باسەکەدا: بێگومان شومی و ڕەشبینی لە کردەوەی ئەهلی جاهلیەت و هاوبەشدانەرانە، بێگومان خوا ﷻ سەرزەنشتی کردون و خەشم و قینی لێ گرتوون بەهۆیەوە، وە بێگومان پێغەمبەر ﷺ شومی قەدەغە کردوەو هەواڵیداوە کە ئەوە هاوبەشدانانە، وەك لە فەرموودەی ئەم بابەتەدا باسی لێوە دەکرێ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أَبِي هُرَيْرَةَ قال: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قال: (لَا عَدْوَى ولا طِيرة ولا هَامَةَ ولا صَفَرَ) أخرجاه. زاد مسلم: (ولا نَوْءَ ولا غُولَ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبو هورەیرەوە وتی: بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (گواستنەوەی نەخۆشی نیە، شومی و نەگبەتیش نیە، بەیانقوشیش (کونده پەپو) گاریگەری نیە، مانگی (صفر)یش شوم نیە، بوخاری و موسلیم ڕیواتیان کردوە، موسلیم ئەمەشی زیاد کردوە: (ئەستێرە کاریگەری نیە، (لەسەر ژیانی خەڵکی سەر زەوی) دێوو درنج زیانی نیە).

•••••••

مُمْرِضٌ على مُصِحّ)[1]. واتە: با نەخۆش نەبرێ بۆلای ساغ، یان خۆی نەچێ بۆ لای، پاشان ئەبو هورەیرە کورتی هەڵهێنا لەسەر فەرمودەی: **(لَا يُورِدُ مُمْرِضٌ على مُصِحّ)** وە دەستی هەڵگرت لە فەرمودەی: **(لَا عَدْوَى)** جا گەڕانەوە بۆلای، وتیان: بیستوومانە تۆ ئەو فەرمودەیەت باسکردوە، بەڵام نەیویست دانی پێدابنا، ئەبو مەسلەمە ئەو پیاوەی فەرموودەکەی لە ئەبو هورەیرە گێڕاوەتەوە وتی: نازانم ئەبو هورەیرە ئەم فەرمودەی بیربرایەوە یان یەکێکیان ئەوی دیکەی نەسخ کردوە[2].؟

فەرموودەی: **(لَا عَدْوَى)** کۆمەڵێك لەهاوەڵان گێڕاویانەتەوە لەوانە: ئەنەسی کوڕی مالیك، جابری کوڕی (عبدالله) سائیبی کوڕی یەزید، ئیبنوعومەرو جگە لەوانیش، لە هەندێ ڕیوایەتی ئەم فەرموودەدا **(فِرَّ مِنَ الْمَجْذُومِ كَما تفر مِنَ الأَسَدِ)** واتە: ڕابکە لە کەسی گەڕ وەك چۆن ڕادەکەی لە شێر.

زانایان لەوبارەوە جیاوازیان هەیە، وە چاکترینی ئەوەی لەبارەیەوە وتراوە: وتەی بەیهەقیە، وە ئیبنو صەلاح و ئیبنولقەییم و ئیبنو ڕەجەب و ئیبنو موفلیح و جگە لەوان شوێنی کەوتوون: کە (لا عدوی) لەسەر ئەو ڕووەی خەڵکی سەردەمی جاهیلی بڕوایان پێ ی بووە، لە دانەپاڵی کارەکەیە بۆ لای غەیری خوا، وە (بڵێ ی) ئەم شتانە هەر بە سروشتی خۆی دەگوازرێتەوە گەرنا لەوانەیە (الله) بە ویستی خۆی تێکەڵی کەسێکی تەندروست لەگەڵ کەسێك کە شتێکی لە نەخۆشیەکان تێدا بێ بکاتە هۆکارێ بۆ ڕوودانی ئەوە، وە لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی: **(فِر من المجذوم كما تفر من الأسدِ)**، وە فەرموویەتی: **(لَا يُورِدُ مُمْرِضٌ على مُصِحّ)** وە دەربارەی تاعون و پەتا فەرموویەتی: **(من سمع به في أرض فلا يقدم عليه)** [3] واتە: هەرکەسێك بیستی ئەو تاعوونە لەزەویەکدا بڵاو بوەتەوە ئەوە با نەچێ بۆ ئەو شوێنە. هەموو ئەوانە بە قەزاو قەدەری خوایە، ئەحمەدو ترمزی لە ئیبن مەسعود بە مەرفوعی هێناویانە: **(لَا يُعْدِي شَيْءٌ شيئا)** واتە: هیچ شتێك شتێکی دیکەوە ناگوازێتەوە. سێ جار ئەمەی فەرموو، دەشتەکیەك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی یەکەم شت کە لە گەڕی دەرئەکەوێ لەسەر لەوسی وشترە، یان کلکێتی دواتر تەواوی لاشەی وشترەکە گەڕ ئەکا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(فَمَنْ أَجْرَبَ الْأَوَّلَ ؟ لَا عَدْوَى ولا طِيَرَةَ ولا هَامَةَ ولا صَفَرَ خَلَقَ الله كُلَّ نَفْسٍ وَكَتَبَ حَيَاتَهَا وَرِزْقَهَا وَمَصَائِبَهَا)**[4]. واتە: دەی کێ یەکەم جێگای گەڕ کرد؟ گواستنەوەی نەخۆشی نیە، شومی و نەگبەتیش نیە، بەیان قوشیش (کونەپەوو) گاریگەری نیە، مانگی (صفر)یش شوم نیە، خوا هەموو نەفسێکی دروست کردوەو ژیان و بەڵاو موسیبەتەکان و ڕزق و ڕۆزی نوسیوە.

پێغەمبەر ﷺ هەواڵیداوە هەموو ئەوانە بە قەزاو قەدەری خوا ﷻ ڕووەدەن، بەندەش فەرمانی پێکراوە خۆی بپارێزی لە هۆکارەکانی شەڕو خراپە، ئەگەر لە لەشساغیدا بوو، وەك چۆن فەرمانی پێکراوە کە نەفسی خۆی نەخاتە ناو دەریا یان ئاگر، بەوەی کە دەبێتە مایەی لەناوچوون یان زیان بە نەفس و دەروونی، بەهەمان شێوە دوورکەوتنەوە لە نزیك بوونەوەی نەخۆش وەکو گەڕی و

---

(١) أخرجه البخاري في الطب (٥٧٧١) فتح، ومسلم في السلام (٢٢٢١) عبدالباقي.

(٢) مسلم (٢٢٢١).

(٣) البخاري (٥٧٢٨)، ومسلم (٢٢١٨) من حديث أسامة بن زيد.

(٤) أخرجه الترمذي في القدر (٢١٤٣) وهو في الصحيحة (١١٥٢).

ڕۆیشتن بۆ شارێك كە تاعون و پەتای تێدا بڵاو بووبێتەوە هەموو ئەمانە هۆكارن بۆ نەخۆشی و لەناوچوون، لەكاتێكدا خوا ﷻ خۆی بەدیهێنەری هۆكارەكان و ئەو شتانەیشیە كە دەبن بەهۆكار، جگە لەو هیچ بەدیهێنەرێكی تر نیە، وە هیچ كەسێكی تریش نیە جگە لە ئەندازە گیری بكات، بەڵام ئەگەر پشتبەستن بەخوا بەهێز بوو وە بڕوابوونیش بە قەزاو قەدەری خوا ئەوە نەفس و دەروونیش بەهێز دەبێ، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی هەندێ لەو هۆكارانە، ئەمیش وەك پشتبەستن لەسەر خواو ئومێد بوون پێی كە زیانی توش نەبێ، ئا لەم حاڵەتەدا دروستە نزیك بوونەوە لێی، بەتایبەتی ئەگەر بەرژەوەندیەكی گشتی یان تایبەتی تێدا بوو، وە هەڵدەگیرێتە سەر ئەمە ئەو فەرمودەی كە ئەبو داودو ترمزی ڕیوایەتیان كردوە: پێغەمبەر ﷺ دەستی پیاوێكی گەڕی گرت و لەگەڵ خۆیدا داینا، لەسەر ئەو قاپەی كە نان تێگوشەی تێدا بوو، پاشان فەرمووی: (**كُلْ بِسْمِ اللَّهِ ثِقَةً بِاللَّهِ وَتَوَكُّلًا عليه**)[1]. واتە: بەناوی خوا بخۆ متمانە بەخوا بكەو پشت بەئەو ببەستە) ئەم فەرموودەیە ئیمامی ئەحمەد كاری پێكردوە. وە ڕیوایەت كراوە لە ئیبنوعومەرو كوڕەكەی و سەلمان[2].

وێنەی ئەمەش ڕیوایەت كراوە خالدی كوڕی وەلید ژەهری خواردووە[3]. وە هەروەها سەعدی كوڕی ئەبو وەقاص و ئەبو موسلیمی خەوڵانی بەسەر پشتی دەریادا ڕێیان كردوە، ئیبنوڕەجەب ئەمەی وتووە.

وتەی: (**ولا طِيَرَةَ**) ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: دەگونجێ (لا) نەفی بێ یان نەهی، واتە: (**لا تطيروا**) بەڵام فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (**لَا عَدْوَى ولا صَفَرَ ولا هَامَةَ**) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست پێی نەفی و ڕەتكردنەوەیە، وە پوچ كردنەوەی ئەو كاروبارانەیە كە سەردەمی نەفامی بەدەستیانەوە دەیان نالآند، نەفی كردنیش لێرەدا بەهێزترە لە نەهی كردن، چونكە نەفی بەڵگەیە لەسەر پووچ كردنەوەی ئەو شتەو نەبوونی كاریگەری، بەڵام نەهی كردن بەڵگەیە لەسەر ڕێگری كردن لەو كارە.

وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە موعاویەی كوڕی حەكەم كە ئەو بە پێغەمبەری فەرمووە: خەڵكانێك لە ئێمە هەیە كاری (**طيرة**) دەكەن، فەرمووی: (**ذَلِكَ شَيْءٌ يَجِدُهُ أحدكم في نَفْسِهِ فلا يَصُدَّنَّكُمْ**)[4]. واتە: ئەوە شتێكە كەسێك لەئێوە لە نەفس و دەروونیدا دەیبینێ با ئەو شتە نەبێتە ڕێگر لەبەردەمتاندا.

جا هەواڵیداوە كە ئازارخواردنی و ڕەشبینی بە (**طيرة**) ئەوە لەنەفس و دەروون و بیر و بڕوایدایە، نەك لەوەی ڕەشبینیەكەی پێ دەكرێ، جا دڵەڕاوكێ و ترسان و بەشداری پێكردنی تەنها ئەوە تووشی شومی و ڕێگری دەكات نەك ئەوەی بینویەتی و بیستویەتی، ئەم كارەی بۆ ئومەتەكەی ڕوون كروەتەوە، خراپی (**طيرة**)ی بۆیان ئاشكرا كردوە، بۆ ئەوەی بزانن بەڕاستی خوا ﷻ نیشانەو

---

(١) أخرجه أبو داود في الطب(٣٩٢٥)، والترمذي في الأطعمة (١٨١٧)، وإبن ماجه في الطب (٣٥٤٢)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة(١١٤٤).

(٢) أنظر مصنف عبدالرزاق ٤٠٥/١٠، ومصنف إبن أبي شيبة ٨/ ٣١٧.

(٣) أخرجه أحمد في فضائل الصحابة(١٠٤٨١).

(٤) أخرجه مسلم في المساجد(٥٣٥) عبدالباقي، وفي السلام/ باب تحريم: الكهانة وإتيان الكهان)

بەڵگەیەکی لەسەر دانەناوە، وە ڕێنیشاندەریشی تێ نەکردوە بەهۆکارێ بۆ ئەوەی لێی دەترسن و خۆیانی لێ دەپارێزن، وە بۆ ئەوەی دڵیان ئارام بێ و نەفس و دەرونیان جێگیر بێ بە تاك و تەنهایی ئەو خوایەی کە پێغەمبەرانی پێ ناردووەو کتێبەکانی پێ دابەزاندووە، وە لەو پێناوەشدا ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوەو بەهەشت و دۆزەخیشی دروست کردوە بەهۆی یەکتاپەرستی، جا دەماری هاوبەشدانانی لەدڵیاندا پچڕاندووە، لەبەر ئەوەی هیچ بەنەیەك لەدڵیاندا نەمێنێ، وە لەبەر ئەوەی تێکەڵ بەهیچ کردەوەیەك نەبن لە کردەوەکانی ئەهلی دۆزەخ بە قەطعی، جا هەر کەسێك دەست بگرێ بە قوڵفی بەهێزی یەکتاپەرستی و پشت بەخوا ببەستێ، بیرو چپەکەری شومی بڕیوەتەوە پێش ئەوەی جێگیر بێ و لە دڵیدا بچەسپێت، وە پێش بیرۆکە خراپەکانی کەوت پێش کامڵ بونیان، عیکریمە وتویەتی: ئێمە دانشتبووین لەلای ئیبنوعەباس باڵندەیەك تێپەڕی بەلامانداە دەنگێکی لێوە هات، پیاوێ لەناو خەڵکەکە وتی: خێر بێ خێر بێ، ئیبنوعەباس وتی: نە خێر و نە شەڕ[1]. خێرا نکوڵی ئەو وتەیەی لێ کرد، لەبەر ئەوەی وانەزانێ ئەوە کاریگەری هەیە لەخێر و شەڕدا.

وە طاوس لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانیا دەرچوو بۆ گەشت کردن قەلە ڕەشێ دەنگی لێوەهات، پیاوەکە وتی: خێر بێ، طاوسیش وتی: چ خێرێك لەمەدا هەیە؟ بڕۆ هاوڕێیەتیم مەکە[2].

هەندێ فەرموودە هاتووە کۆمەڵێ لە خەڵکی پێیان وایە ئەوە بەڵگەیە لەسەر دروستی و ڕەوایەتی شومی، وەك فەرموویەتی: (**وَالشُّؤْمُ فِي ثَلَاثٍ: فِي الْمَرْأَةِ، وَالدَّابَّةِ، وَالدَّارِ**)[3]. واتە: شومی لە سێ شتدایە: لە ئافرەت و لە ئاژەڵ و لە ماڵدا.

ئیبنولقەییم وتویەتی: هەواڵی پێغەمبەر ﷺ بە شومی ئەم سێ دانە جێگیر کردنی ئەو شومیەی تێدا نیە کە خوا ﷻ ڕەتی کردۆتەوە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە خوا ﷻ هەندێ جار شتانێك دروست دەکات لەخودی خۆیاندا ئەو شتانە شوم و نەگبەتن بۆ ئەو کەسەی نزیکی دەبێتەوە یان تێیدا دادەنیشێ، وە شتانێکی دیکەی دروست کردوە لەخودی خۆیاندا پیرۆزو بەفەڕن، ئەوەی کە نزیکیان دەکەوێتەوە تووشی شوم و خراپە نابێت، ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە چۆن خوا ﷻ منداڵێکی پیرۆز دەدا بەدایك و باوکێك خێر و چاکە لەناو چاویدا دەبینن، وە منداڵێکی دیکەش دەدا بە غەیری ئەوان شومی و خراپە لە ڕوخساریدا دەبینن، بەهەمان شێوە ئەوەی خوا ﷻ دەیدا بە بەندە لە دەسەڵات و جگە لەویش، بەهەمان شێوە ماڵ و ئافرەت و ئەسپ هەروەکو ئەوانە وایە، خوا ﷻ خۆی بەدیهێناوە هەرکەسێکیش لە نزیکیان بێ خۆشبەخت دەبێ و بەرەکەت و پیرۆزی بۆ دەبێ، هەندێکیشیانی بە چارە ڕەش و نەگبەت دروست کردوە، هەرکەسێك نزیکیان بێ بەدبەخت دەبێ، هەموو ئەوانە بە قەزاو قەدەری خۆیەتی، وەکو چۆن سەرجەم هۆکارەکانی دروست کردوەو گرێ ی داوە بە هۆکارە دژ یەکەکانەوە، وەك چۆن میسك و جگە لەویشی دروست کردوە لە ڕۆحە پاکەکان، هەرکەسێکیش لە نزیکیان بڕی چێژیان لێ وەردەگرێ، وە دژەکەیشی

---

(١) انظر فتح الباري ١٠/ ٢١٥.

(٢) مصنف عبدالرزاق ١٠/ ٤٠٦.

(٣) أخرجه البخاري في الجهاد (٢٨٥٨) فتح، ومسلم في السلام (٢٢٢٥) عبدالباقيز

دروست کردوەو کردویەتی بە هۆکارێ بۆ ئازاری ئەو کەسەی نزیکی دەبێتەوە، جیاوازی لەنێوانی ئەم دووانەدا هەستی پێ دەکرێ، بەهەمان شێوە ماڵەکان و ژنەکان و ئەسپەکانیش، ئەمە جۆرێکەو شومی هاوبەشدانانیش جۆرێکی دیکەیە.

وتەی: (**ولا هَامَةَ**) فەڕا وتویەتی: (**الهامة**) باڵندەیەکە لە باڵندەکانی شەو، مەبەستی پێی کونە پەپووە، ئیبنوئەعرابی وتویەتی: خەڵکی پێی ڕەشبین دەبوون ئەگەر لەسەر ماڵێ بیخوێندایە، کەسێکیان دەیوت: ئەوە بەسەر منداً دەخوێنێ یان بەسەر یەکێ لە خانەوادەکەم بۆ هەواڵی مردن، فەرموودەش لەم بارەیەوە هات بە ڕەتکردنەوەی ئەم کارە.

وتەی: (**ولا صَفَرَ**) ئەبو عوبەیدە لە (**غريب الحديث**)دا لە ڕوئبەوە، وتویەتی: بریتیە لەو مارەی کە لەناو سکدایەو تووشی ئازەڵ و خەڵك دەبێ، ئەمە گوازراوترە لە گەڕی لەلای عەرەب، وە لەسەر ئەمە مەبەست لە ڕەتکردنەوەی ئەوەیە کە ئەوان بڕوایان وابوو یەکێکە لە هۆکارەکانی گەیاندنی نەخۆشی لەکەسێکەوە بۆ کەسێ، ئەوەیشی ئەمەی وتووە سوفیانی کوڕی عویەینەو ئیمامی ئەحمدو بوخاری و ئیبنوجەریرە.

هەندێکی دیکە وتویانە: مەبەست پێی مانگی صەفەرە، وە ڕەتکردنەوە لەوەیە کە نەفامەکان ئەنجامیان دەدا لە دواخستنی مانگەکان، مانگی (**مُحرَّم**) یان بە حەڵاڵ دادەناو مانگی صەفەریش بە حەرام لە جێگای مانگی موحەڕەم، ئەوەش قسەی مالیکە.

ئەبو داود گێڕاویەتیەوە لە موحەممەدی کوڕی ڕاشد لەوەی گوێ ی لێ بووە دەڵێ: خەڵکانی سەردەمی نەفامی لەکۆندا مانگی صەفەریان بە شوم دادەنا، وە دەیانووت: ئەو مانگە شوومە، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی پووچ کردەوە[1].

ئیبنوڕەجەب وتویەتی: دەگونجێ ئەم بۆچوونە لێکچوترین وتەکان بێ بە مانای فەرموودەکە، وە ڕەشبینی بە مانگی صەفەر لە جنسی ئەو شومیەیە کە قەدەغەی لێکراوە، بەهەمان شێوە ڕەشبینی بە ڕۆژێ لە ڕۆژەکان، وەك ڕۆژی چوارشەممە، وە ڕەشبینی نەفامەکان بە مانگی شەوال لەوەی زەواجی تێدا بکرێ بە تایبەت.

وتەی: (**ولا نَوْءَ**) (**النَوء**) تاکی (**الأنواء**)، قسەی لەسەر دەکەین لەبەشی خۆیدا. ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت.

وتەی: (**ولا غُولَ**) بە (**ضم**)ەی غەینەکە، کۆ دەکرێت بە (أغوال وغيلان)، مەبەست لێرەدا ئەوەیە.

ئەبو سەعادات وتویەتی: (**الغُول**) تاکی (الغيلان)، ئەویش ڕەگەزێکە لە جنۆکە و شەیتانەکان عەرەبەکان وایان دەزانی کە (الغُول) جۆرە جنۆکە و شەیتانێکە لە دەشت و چۆڵەوانیدا، خۆیان نیشانی خەڵکی دەدەن لەسەر شێوەی چەندین گیانلەبەری جۆاروجۆر ڕەنگی خۆیان دەگۆڕن، لە ڕێگا لایان دەدەن و لەناویان دەبەن، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی ڕەتکردەوەو پووچیشی کردەوەتەوە.

---

(١) أخرجه أبو داود في الطب (٣٩١٥)، وقال الشيخ الألباني : صحيح مقطوع. (صحيح أبي داود).

ئەگەر بوترێ: مانای ڕەتکردنەوە و نەفی کردن چیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**وإذا تَغَوَّلَتِ الْغِيلَانُ فَنَادُوا بالأذان**)[1]. واتە: ئەگەر جنۆکە خۆی دەرخست و شێوەی خۆی گۆڕی بە شێوەی جیاواز ئێوەش بانگ بدەن.

وەڵام دەدرێتەوە بەوەی: بێگومان ئەوە لەسەرەتا بوو پاشان خوا لەسەر بەندەکانی خۆی لایبرد. یان دەوترێ: ڕەتکراو بوونی (الغُول) جنۆکەی دەشت نیە، بەڵکو ئەوەی ڕەتکراوە بۆچوونی عەرەبە دەربارەی جنۆکەی دەشت، یان مانای (لا غُول) ئەوەیە، جنۆکە ناتوانێت کەسێك گومڕا بکات یادی خوا بکات و پشتی پێ ببەستێت، فەرموودەیەکی دیکە شایەتی بۆ ئەو بۆچوونە دەدات (**لا غُولَ ولَكنَّ السَعَالى سَحَرةُ الجِنِّ**)(٢٢). واتە: جنۆکە زەرەرو زیانی نیە بەڵام (**السَعالى**) جنۆکە جادوگەرەکانە. واتە: بەڵام لەناو جنۆکە جادوگەر هەیە ڕاستیەکان دەشارنەوەو ئاڵۆزی دەکەن.

وە هەروەها فەرموودەی: (**وإذا تَغَوَّلَتِ الْغِيلَانُ فَنَادُوا بالأذان**) واتە: شەڕو خراپەی دوربخەنەوە بە یادی خوا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما عن أَنَسٍ قال: قال رسول الله ﷺ: (لَا عَدْوَى ولا طِيَرَةَ، وَيُعْجِبُنِي الْفَأْلُ)، قالوا: وما الْفَأْلُ؟ قال: (الكَلِمَةُ الطَيِّبَةُ) [3].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە هەردووکیانەوە لە ئەنەسەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:(گواستنەوەی نەخۆشی نیە، شومی و نەگبەتیش نیە، گەشبینیم پێخۆشە، وتیان گەشبینی چیە؟ فەرمووی: قسەیەکی چاك و پاك و شیرینە).

••••••

لەو بارەیشەوە فەرموودە هاتووە: پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ وترا: ئەی پێغەمبەری خوا گەشبینی چیە؟ فەرمووی: قسەیەکی جوانە و باشە.

وتەی: (قالوا: وما الْفَأْلُ؟ قال: الكَلِمَةُ الطَيِّبَةُ) پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە کە ئەو حەزی لە گەشبینیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو گەشبینە جۆرێك نیە لەو شومیەی کە قەدەغەی لێ کراوە.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: موعجەب بوون بە گەشبینی و پێ خۆشبوونی شتێك لە هاوبەشدانان نیە، بەڵکو ئەوە دەرخستنی داخوازی سروشت و ناخی ئینسانە، کە حەزی لەوەیە لەگەڵیدا دەگونجێ و ڕێك دەبێتەوە، وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ هەواڵیداوە کە بەڕاستی لەدنیادا دوو شت خۆشەویست کراوە لەلای ئافرەتان و بۆنی خۆش[1]. وە حەزی لە حەڵواو هەنگوێن بووە[2]. وە حەزی لە دەنگی خۆش بووە لە قورئان خوێندن و بانگداندا و گوێی لێیان دەگرت[3]. حەزی لە ڕەوشتە جوان و بەرزەکان بووە[4]. بەگشتی حەزی لەهەموو ئەو شتانە بووە کە ئادەمی بەرەو لای خێر و چاکە دەبات، خوا ﷻ لە غەریزەو سروشتی مرۆڤدا ئەوەی چاندووە، کە حەزیان لە بیستنی ناوی چاکە و نەفس و دەروونیان بۆلای دەڕوات، بەهەمان شێوە جۆرێ لەئارامی و مژدەدان و دڵخۆشی و سەرفرازی و سەرکەوتن و ئاشتی و پیرۆزبایی وێنەی ئەوانەی لەناو نەفسەکان داناوە، جا ئەگەر گوێیەکان ئەو ناوە خۆشانە ببیستن دڵ و دەروونیان پێی دەکرێتەوەو بەهێز دەبێت، وە ئەگەر پێچەوانەکەیشی ببیستن دڵ و دەروونیان پێچەوانەی ئەو دۆخە دەبێت، ترس و ڕەشبینی و دڵتەنگی دایاندەگرێت، تووشی زیان دەبێ لەدنیا و ئیمان و بڕوایشی ناتەواو دەبێ و دەکەوێتە ناو هاوبەشدانان.

حەلیمی وتویەتی: بۆیە پێغەمبەر ﷺ حەزی لە گەشبینی کردوە، چونکە ڕەشبینی گومانی خراپ بردنە بە خوا ﷻ بەبێ هۆکارێکی چەسپێنەر، گەشبینیش گومانی باش بردنە بۆی، کەسی بڕوادار فەرمانی پێ کراوە بە گومان بردن بە خوا لەهەموو کاتێکدا.

---

(١) صحيح: النسائي(٦١/٧)، أحمد (١٢٨،١٩٩،٢٨٥/٣) من حديث أنس.

(٢) البخاري (٥٤٣١)، مسلم (١٤٧٤) من حديث عائشة.

(٣) البخاري (٥٠٤٩)، مسلم (٨٠٠) من حديث ابن مسعود.

(٤) البخاري (٣٨٦١)، مسلم (٢٤٧٤) من حديث أبي ذر.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولأبي داود بسند صحيح عن عقبة بن عامر قال: ذُكِرَتِ الطِّيَرَةُ عِنْدَ رسول الله ﷺ فقال: (أَحْسَنُهَا الْفَأْلُ، ولا تَرُدُّ مُسْلِمًا، فإذا رَأَى أحدكم ما يَكْرَهُ فَلْيَقُلْ: اللهم لَا يَأْتِي بِالْحَسَنَاتِ إلا أنت، ولا يَدْفَعُ السَّيِّئَاتِ إلا أنت ولاحول ولاقوة إلا بِكَ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: ئەبو داود بە سەنەدێکی صەحیح هێناویەتی لە عوقبەی کوڕی عامر وتی: باسی شومی کرا لەلای پێغەمبەر ﷺ ئەویش فەرمووی: (چاکترینیان گەشبینیە، (الطیرة) کەسی موسڵمان ناگێڕێتەوە، جا ئەگەر یەکێک لە ئێوە بینی شتێکی پێی ناخۆشە با بڵێ: خوایە هیچ کەس ناتوانێ چاکە بەدەست بهێنێ مەگەر لەتۆوە، وە هیچ کەس ناتوانێ خراپە ڕەت بکاتەوە جگە لەتۆ، هیچ هێزو توانایەک نیە مەگەر لە تۆوە).

•••••••

وتەی: (**ولا تَرُدُّ مُسْلِمًا**) **طەیبی** وتویەتی: ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بێبڕوا پێچەوانەیەتی بە شێوەی (**تعریض**).

وتەی: (**اللهم لَا يَأْتِي بِالْحَسَنَاتِ إلا أنت، ولا يَدْفَعُ السَّيِّئَاتِ إلا أنت**) واتە: (**الطيرة**) چاکە ناهێنێ و خراپەش لا نابات، بەڵکو تەنها تۆ بێ هاوبەشی چاکە دەهێنی و خراپە لا دەبەیت، لێرەدا (**الْحَسَنَاتِ**) چاکەکان، هەموو نازوو نیعمەتەکان لەخۆ دەگرێ، (**السَّيِّئَاتِ**) خراپەکانیش بەڵاو ناڕەحەتیەکان دەگرێتەوە، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا۟ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ ﴿٧٩﴾﴾ **النساء**. (واتە: وە ئەگەر ناپاکان خۆشی و چاکە هاتە ڕێیان دەڵێن ئەمە لەلایەن خواوەیە وە ئەگەر تووشی ناخۆشی و خراپەیەک هاتن دەڵێن ئەمە لەلایەن تۆوەیە ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: هەمووی لەلایەن خواوەیە ئەوە ئەو خەڵکە چیانە؟ وەکو لە هیچ قسەیەک تێنەگەن وایە* هەر چاکەیەکت تووش بوو ئەوە لەخواوەیە وە هەر خراپەیەکت تووش بوو ئەوە لەخۆتەوەیە).

ئەمەش ڕەتکردنەوەی پەیوەست بوونی دڵی تێدایە بە غەیری خوا لە بەدەستهێنانی سوود، یان دوورخستنەوەی زیان، ئا ئەمەیە یەکتاپەرستی، ئەویش پارانەوەیەکی گونجاوە بۆ ئەو کەسی شتێ لە ڕەشبینی کەوتۆتە دڵی، وە ڕونکردنەوەو ڕاگەیاندنە بەوەی ڕەشبینی نە سوود دەگەیەنێ و نە زیان لادەبات، هەرکەسێکیش بڕوای پێی هەبێت بە گەمژەو گێل و هاوبەشدانەر دادەنرێ.

وتەی: (**ولاحول ولاقوة إلا بِكَ**) داوای یارمەتی کردنی تێدایە لە خوا و لانەکردنەوەیە بەلای ڕەشبینی، کە هەندێ جار دەبێتە هۆی تووش بوونی ناخۆشی، وەک تۆڵەیەک بۆ بکەرەکەی، ئەو پارانەوەش لە حەقیقەتی ئەو پشت بەستنەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەهێزترینی هۆکارەکانە لە بەدەستهێنانی خێر و چاکەکان و دوورخستنەوەی زیانەکان.

(والحول) گواستنەوەیە لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکە، وە (**القوة**) هێزو توانا لەسەر ئەوە بە خوای تاک و تەنهای بێ هاوەڵ، ئەمەش خۆبەری کردنی تێدایە لەهەوڵ و هێزو توانا و ویست لە غەیری خوا، ئەمەش پێی دەوترێ یەکتاپەرستی لە پەروەردگارێتی، ئەویش بەڵگەیە لەسەر یەکتاپەرستی پەرستراوێتی کە بریتیە لە بەتاک دانانی خوا بەهەموو جۆرەکانی پەرستش، ئەویش یەکتاپەرستی مەبەست و ئیرادەیە، سوپاس بۆ خوا لەپێشەوە ئەمە ڕوون کرایەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن مَسعُودٍ مرفوعاً: (الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ). وما مِنَّا إلا، وَلَكِنَّ اللَّهَ يُذْهِبُهُ بِالتَّوَكُّلِ)[1]. رواه أبو داود والترمذي وصححه. وجعل آخره من قول ابن مسعود.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن مەسعودەوە بە مەرفوعی هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ڕەشبینی هاوبەشدانانە، ڕەشبینی هاوبەشدانانە) وە کەسێك نیە لە ئێمە شتێکی وانەیەت بە دڵیدا، بەڵام خوا بە پشبەستن لایدەبات). ئەبو داود ڕیوایەتی کردووەو ترمزی بە تەواوی داناوە. کۆتایەکەی بە وتەی ئیبنومەسعود داناوە.

.....

ئیبنوماجە و ئیبنوحیبان ڕیوایەتیان کردوە، فەردووەکەی ئەبو داود بەم شێوەیە: (**الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ**) سێ جار، ئەمە زۆر ڕاشکاوە لە قەدەغەکردنی ڕەشبینی، بێگومان ئەوە لە هاوبەشدانانە چونکە دڵ دەبەستێتەوە بە غەیری خوا.

ئیبنوحەمدان دەڵێ: ڕەشبینی کەراهەتی هەیە، بە هەمان شێوە غەیری ئەویش ئەمەی وتووە لە هاوەڵانی ئەحمەد (کەراهەتی تەحریم).

ئیبنوموفلیح وتویەتی: بۆچوونی یەکلاکەرەوە قەدەغەکردنی ڕەشبینیە، چونکە هاوبەشدانانە، چۆن دەبێ هاوبەشدانان کەراهەتی هەبێ بە کەراهەتی زاراوەیی؟ (بەڵکو گەورەترینی تاوانەکانە)؟

لە شەرحی (السنن)دا وتویەتی: بۆیە ڕەشبینی بە هاوبەشدانان دانراوە چونکە ئەوان بڕوایان وابوو، ڕەشبینی سوودیان بۆ دێنێ یان زیانیان لێ دور دەخاتەوە، ئەگەر کار بە ناوەڕۆکەکەی بکەن، وەکو ئەوە وایە لەگەڵ خوادا هاوبەشیان دانابێت.

وتەی: (**وما مِنَّا إلا**) ئەبو قاسمی ئەصبەهانی و (**المنذري**) وتویانە: لە فەرموودەکەدا ڕاناوێك هەیە ئەندازە دەکرێت بە: هیچ کەس لە ئێمە نیە ئیللا شتێکی لەو جۆرە دێت بە دڵیدا.

خەلخالی وتویەتی: (**المستثنى**)ی لابردوە، لەبەر ئەو حاڵەتە ناخۆشەی کە لەخۆی دەگرێ ئەمەش لە ئەدەبی قسەکردنە.

وتەی: (**وَلَكِنَّ اللَّهَ يُذْهِبُهُ بِالتَّوَكُّلِ**) واتە: بەڵام کاتێ پشتمان بەخوا بەست لە بەدەستهێنانی سوود و دورخستنەوەی زیان، خوا بەڵای ڕەشبینمان لێ لادەدات لەبەر ئەوەی تەنها پشتمان بە ئەو بەستووە.

وتەی: (**وجعل آخره من قول ابن مسعود**) ئیبنولقەییم وتویەتی: ئەوەش تەواوە، بێگومان ڕەشبینی و بە شوم دانان جۆرێکە لە هاوبەشدانان.

---

(١) أخرجه أبو داود في الطب(٣٩١٠)، والترمذي في السير (١٦١٤)، وابن ماجه في الطب (٣٥٣٨)، وصححه بتهامه الشيخ الآلباني كما في (الصحيحة).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولأحمد من حديث ابن عمرو: (ومن رَدَّتْهُ الطِّيَرَةُ عن حَاجَتِهِ فَقَدْ أَشْرَكَ) قالوا يا رَسُولَ اللَّهِ فما كَفَّارَةُ ذلك؟ قال: ان تَقُولَ: (اللهم لاَ خَيْرَ الا خَيْرُكَ، وَلاَ طَيْرَ الا طَيْرُكَ، وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ) [1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئەحمەد هێناویەتی لە فەرموودەی ئیبنوعەمر: (هەر کەسێك (طيرة) بیگێڕێتەوە لە کارەکەی ئەوە بێگومان هاوبەشی داناوە) وتیان کەفارەتی ئەوە چیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەوەی بڵێیت: (خوایە هیچ خێرو چاکەیەك نیە مەگەر خێرو چاکەی تۆ، وەهیچ شومیەك نیە جگە لەوەی لە لای تۆوە دێت، هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لە تۆ)

••••••

سۆزو بەزەیی و چاکەکانی، هیچ خێر و چاکەیەك نیە ئەوە بێگومان لەلای ئەوەوەیە، تەنها ئەو زاتە ڕێگری لە شەڕو خراپە دەکات لە بەندەکەی، جا هەر شتێکی تووش بوو ئەوە دیارە بەهۆی گوناهەکانیەوەیە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ﴿٧٩﴾﴾ **النساء**. (واتە: هەر چاکەیەکت تووش بوو ئەوە لەخواوەیە وە هەر خراپەیەکت تووش بوو ئەوە لەخۆتەوەیە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وله من حديث الفَضْلِ بن عَبَّاسٍ: (إنما الطِّيَرَةُ ما أَمْضَاكَ أو رَدَّكَ) [1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە هەر لە ئەحمەدەوە لە فەرموودەی فەزڵی کوڕی عەباس: شومی و ڕەشبینی (الطيرة) ئەوەیە کە هاندەرت بێ بۆ کارێ یان پەشیمانت بکاتەوە لێی.

•••••••

چوارەم: ڕەتکردنەوەی (هَامَةَ) واتە: خوێندنی بەیانقوش یان بووم یان کونە پەپوو.

پێنجەم: ڕەتکردنەوەی مانگی (الصَفَرَ) شوم نیە، یان ئەوەی مار لەسکدا هەبێ.

شەشەم: گەشبینی لەوە نیە. بەڵکو پەسەندە (واتە: شومی نیە).

حەوتەم: ڕاڤەکردنی (الْفَأْلُ) گەشبینی.

هەشتەم: ئەوەی لە دڵیدایە لە ڕەشبینی -لەگەڵ پێ ناخۆش بوونی- زیانی نیە، بەڵکو خوا بە پشتبەستن لای دەبات.

نۆیەم: باسکردنی ئەوەی هەرکەسێك شتێ لەو جۆرە هات بە دڵیدا چی بڵێت.

دەیەم: ڕاشکاوی بەوەی کە (ڕەشبینی شومی) هاوبەشدانانە.

یازدە: ڕاڤەکردنی (الطيرة)ەی سەرزەنشتکراو.



بەشی ٢٨ | ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەستێرەناسی

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في التنجيم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: بەشێك لەوەی هاتووە دەربارەی ئەستێرەناسی.

•••••••

شەیتانەکان، وە بۆ ئەوەی بکرێن بە نیشانە کاروانچی و گەشتیار ڕێگەی خۆیان پێ بدۆزنەوە، جا هەرکەسێك بە غەیری یەکێك لەم سیانە لەیەکی بداتەوە هەڵەی کردووەو بەشی خۆی لەدەستداوە، ئەرکێکی خستۆتە سەر شانی کە هیچ زانیاریەکی لە بارەیەوە نیە.

••••••

رجیم)[1]. واتە: بەڵام ئاسمانی دنیا بێگومان خوا ﷻ لە دوکەڵ دروستی کردوە، وە داینناوە تایبدا ڕووناکی و مانگێکی ڕووناککەرەوە بۆ زەوی، وە ڕازاندویەتیەوە بە ئەستێرەکان و کردوونی بە ڕەجم بۆ شەیتانەکان، وە پارێزەر لەهەموو شەیتانێکی نەفرین لێکراو.

وتەی قەتادە: (وَعَلَامَاتٍ) ڕێنیشاندەری ئاراستەکان (**يُهْتَدَى بها**) بە هۆیانەوە خەڵکی ڕێگەی پێ دەدۆزنەوە وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُوا۟ بِهَا فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ الأنعام. (واتە: وە هەر خوایە کە ئەستێرەی داناوە بۆتان بۆ ئەوەی ڕێیان پێ دەرکەن لە تاریکیەکانی وشکانی و دەریادا) واتە: بۆ ئەوەی شوێنی مەبەستتانی پێ بناسنەوە.

مەبەست ئەوە نیە ڕێگای غەیب و پەنهانی پێ بدۆزرێتەوە، وەک چۆن ئەستێرەناسەکان بڕوایان وایە، لەپێشەوە باسی پووچی ئەمە کرا، بێگومان هیچ حەقیقەتێکی نیە وەک قەتادە وتویەتی: (**فَمَنْ تَأَوَّلَ فيها غَيْرِ ذلك**) پێی وابێت جگە لەم سیانەی خوا باسی کردوە لە کتێبەکەیدا (**فَقَد أَخْطَأَ**) چونکە بڕوای بە شتێ هەبووە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەری نەناردوەتە خوارەوە، خۆی بێبەش کردوە لە هەموو خێرێک، چونکە نەفسی خۆی سەرقاڵ کردوە بە شتێکەوە زیانی لەسەر لانابات و سوودیشی پێ ناگەیەنێ، ئەگەر وترا: هەندێ جار ئەستێرەناس ڕاست دەکات؟ دەوترێ: ڕاست کردنی ئەویش وەکو ڕاست کردنی جادوگەرو فاڵ گرەوە وایە، لەیەک شتدا ڕاست دەکات و لە سەد شتدا درۆ دەکات، ڕاستیەکە لە زانستەوە نیە، بەڵکو بە قەدەری خوا وادەردەچێ، ئینجا دەبێتە فیتنە و بەڵا بۆ ئەوکەسەی بەڕاستی داناوە.

وە لە ئیبنوعەباسەوە خوای لێ ڕازی بێت لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَأَلْقَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَٰرًا وَسُبُلًا لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥﴾ وَعَلَٰمَٰتٍ ۚ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ **النحل**. (واتە: وە خوا لە زەویدا چەند شاخێکی دامەزراوی داناوە بۆ ئەوەی تاسەو لەرە لەرتان پێ نەکات وە چەم و ڕووباری تیادا داناوە هەروەها ڕێگای زۆری بەدیهێناوە بۆ ئەوەی ئێوە ڕێی پێ دەرکەن* هەروەها نیشانەی زۆری داناوەو بە ئەستێرەش خەڵکی ڕێ دەرئەکەن لە شەودا).

جا فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَعَلَٰمَٰتٍ ﴾ (**عطف**) کراوە بەسەر پێش خۆی لەوەی باسی کردوە دەربارەی زەوی، پاشان بە دوایدا فەرموویەتی: ﴿ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ ﴾ ئیبنوجەیر لە ئیبنوعەباس باسیان کردوە بە واتای.

فەرموودەکان لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوون بە پووچ کردنەوەی زانستی ئەستێرەناسی، وەک فەرموویەتی: (**من اقْتَبَسَ شُعْبَةً من النُّجُومِ قد اقْتَبَسَ شُعْبَةً من السِّحْرِ، زَادَ ما زَادَ**)[2]. واتە: هەرکەسێک بەشێک وەربگرێ لە زانستی ئەستێرەناسی ئەوە بێگومان بەشێکی وەرگرتووە لە جادو، هەرچەندە زیاتر وەرگرێ زیاتری بەردەکەوێ.

---

(١) لم أقف على إسناده، فإن تفسير ابن مردويه مفقود.

(٢) رواه أحمد(٢٠٠٠) وأبو داود(٣٩٠٥) وابن ماجه(٣٧٢٦) عن ابن عباس.

وە لە رەجائی کوڕی حەیوە هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إنَّ مما أخاف على أمتي التصديق بالنجوم، والتكذيب بالقدر وحيف الأئمة**) (واتە: بەڕاستی ئەوەی دەترسم ئومەتەکەم تووشی ببێت بەڕاست دانانی ئەستێرەکان، وە بە درۆدانانی قەزاو قەدەرە، وە لادانی پێشەواکانی دین لە ڕێگای ڕاست). عەبدی کوڕی حەمید گێڕاویەتیەوە، وە لە ئەبی میحجەنەوە بە مەرفوعی هاتووە: (**أخاف على أمتي ثلاثا: حيف الأئمة، وإيماناً بالنجوم، وتكذيباً بالقدر**) (هەمان واتای کەی پێشەوەی هەیە) ئیبنوعەساکیر گێڕاویەتیەوەو سیوطیش بە حەسەنی داناوە.

وە لە ئەنەسەوە بە مەرفوعی هاتووە: (**أخاف على أمتي بعدي خصلتين: تكذيباً بالقدر، وإيماناً بالنجوم**) (واتە: بەڕاستی ئەوەی دەترسم ئومەتەکەم تووشی ببێت لە دوای خۆم دوو خەصڵەتە: بەدرۆدانانی قەزاو قەدەر، بڕوابوون بە ئەستێرەناسەکان) ئەبو یەعلا و ئیبنوعەدی، وە خەطیبیش گێڕاویەتیەوە لە (کتاب النجوم) هەروەها سیوطیش بە چاکی داناوە، ئەو فەرموودانەی لەبارەی سەرزەنشتکردنی ئەستێرەناسی و وریایی دان لێی هاتوون زۆرن.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وكره قتادة تعلم منازل القمر. ولم يرخص ابن عيينة فيه، ذكره حرب عنهما. ورخص في تعلم المنازل أحمد وإسحاق.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: قەتادە فێربوونی خولگەکانی مانگی بە کەراهەت داناوە، ئیبنوعویەینەش مۆڵەتی پێنەداوە، حەرب باسی کردوە لە هەردوکیانەوە. بەڵام ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاق مۆڵەتیان پێداوە (بۆ زانینی کاتەکان).

.....

خەطابی وتویەتی: بەڵام زانستی ئەستێرەکان کە لە ڕێگای بینین و ئەزموونەوە هەستی پێدەکرێ، کە لادانی خۆری پێدەناسرێ بۆ دوای نێوەڕۆ و ڕووی قیبلەی پێ دەزانرێ، ئەوە لە چوارچێوەی ڕێگری لێکراو نیە، لەبەر ئەوەی زانینی چاودێری کردنی سێبەر، شتێکی زیاتر نیە لەوەی مادام سێبەر کەم بووەتەوە دیارە خۆریش بەرز دەبێتەوە بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان لە ئاسۆی خۆرهەڵات، ئەگەر بەردەوام بێت دەبینیت خۆر دادەبەزێ لە ناوڕاستی ئاسمانەوە بەرەو ئاسۆی خۆرنشین، ئەمەش زانستێکە بە بینین دەزانرێت، بەڵام ئەهلی ئەم پیشەیە ڕێکیان خستووە لە ڕێگای چەندین کەرەستەوە کە پێویست ناکات بینەر چاودێری کاتەکەی بکات. بەڵام ئەو ئەستێرانە دەکرێن بە بەڵگە بۆ ڕوو کردنە قیبلە، بێگومان ئەوانە چەند ئەستێرەیەکن خەڵکی شارەزا لەو بوارەدا چاودێریان کردوە لەو پێشەوایانەی کە هیچ گومانێکمان نیە لە گرنگیدانیان بەکاروباری ئاین و شارەزاییان لێی و ڕاستگۆییان لەوەی هەواڵیان پێداوە دەربارەی، وەك ئەوەی ئەستێرەکەی نیشان بدات لە پاڵ کەعبە، وە نیشانیشی بدات لە جێگایەك کەعبە نەبینرێ، جا پێگەیشتنی ئەوان بەڵگەیە لەسەر بینین، پێگەیشتنی ئیمەش بۆ ئەوە بەوەرگرتنی هەواڵەکەیانە ئەگەر تۆمەتبار نەبن لە ئاینەکەیان و کەمتەرخەم نەبن لە شارەزاییان لەلای ئیمە.

ئیبنولمونزیر ڕیوایەتی کردوە لە موجاهید، کە ئەو فێربوونی خولگەکانی مانگی بە شتێکی ئاسایی داناوە. وە لە ئیبراهیمەوە گێڕدراوەتەوە: ئەو بە شتێکی ئاسایی داناوە کە ئادەمی شتێك فێر ببێت لە زانستی ئەستێرەکان بۆ ڕێنیشاندان.

ئیبنوڕەجەب وتویەتی: ڕێگەپێدراو لە فێربوونی زانستی خستنە سەر ڕێ دۆزینەوەی ئەستێرەکان (علم التسيير) (بۆ ئەوەی بکرێن بە نیشانە کاروانچی و گەشتیار ڕێگەی خۆیان پێ بدۆزنەوە) نەك زانستی کاریگەری (**علم التأثير**) (واتە: کاریگەری ئەستێرەکان لەسەر ژیانی خەڵك) چونکە ئەوە پووچ و قەدەغەکراوە، کەم بێت یان زۆر، بەڵام زانستی دۆزینەوە (علم التسيير) ئەوەندە فێر دەبێت کە پێویستی پێی هەیە بۆ ڕێنیشاندان و زانینی قیبلە و ڕێگاوبانەکان، ئەمەش دروستە لەلای زۆرینەی زانایان.

وتەی: (**ذكره حرب عنهما**) ئەویش زانای (**الحافظ**) حەربی کوڕی ئیسماعیل باوکی موحەممەدی کرمانی شارەزاو لە تایبەترینی هاوەڵانی ئیمام ئەحمەد بووە. ڕیوایەتی کردوە لە ئەحمەدو ئیسحاق و ئیبنولمەدینی ئیبنومەعین و جگە لەوانیش. خاوەن کتێبی (المسائل) کە پرسیاری لە ئیمام ئەحمەد و جگە لە ئەویش کردوە، لە ساڵی دووسەدو هەشتا کۆچی دوایی کردوە.

بەڵام ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم کوڕی موخەلەد، ئەبو ئەیوبی (**الحنظلي النيسابوري**)یە، ئەم زانایە بە ئیبنوڕاهەوەیهی ناوبانگی دەرکردوە، ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنولمبارك و ئەبی ئوسامەو ئیبنوعویەینە و چینەکەی ئەوان. ئەحمەد وتویەتی: ئیسحاق لەلای ئێمە پێشەوایەکە لە پێشەواکانی ئیسلام، ڕیوایەتی کردوە ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ئەبو داود و جگە لەوانیش لێیەوە ڕیوایەتیان کردوە، وە ئەویش لە ئەحمەدەوە ڕیوایەتی کردوە. لە ساڵی دووسەدو سی و نۆ کۆچی دوایی کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي مُوسَى قال: قال رسول الله ﷺ: (ثَلاَثَةٌ لاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: مُدْمِنُ الخَمْرِ، وَقَاطِعُ الرَحِمِ، وَمُصَدِّقٌ بِالسِّحْرِ)[1]. رواه أحمد وابن حبان في (صحيحه)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبی مووسا وتی: پێغەمبەر ﷺ فەمووی: سێ کەس ناچنە بەهەشتەوە: کەسێك بەردەوام بێت لەسەر مەی خواردنەوە، کەسێك پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێنێت، کەسێك جادو بەڕاست بزانێت.

.....

ئەم فەرموودەیە **طه**بەرانی و حاکمیش گێڕاویانەتەوە، وە وتویەتی: فەرموودەیەکی ڕاستە. زەهەبیش چەسپاندویەتی، بەتەواوی بەم شێوەیە (**وَمَنْ مَاتَ وَهو يُدْمِنُ الْخَمْرَ سَقَاهُ الله من نَهْرِ**

---

(١) أخرجه أحمد (١٩٥٦٩)، وابن حبان (٥٣٤٦)، والحاكم ٤/ ١٤٦، وصححه لغيره الشيخ الألباني كما في صحيح الترغيب (٢٥٣) والحديث له زيادة، وهي التالية في الشرح ضعفها الشيخ الألباني في الضعيفة (١٤٦٣).

الْغُوطَةِ: نَهْرٌ يجري من فُرُوجِ الْمُومِسَاتِ، يؤذي أَهْلَ النَّارِ رِيحُ فُرُوجِهِمْ)[1]. واتە: وە هەرکەسێك بمرێ و بەردەوام بێت لەسەر مەی خواردنەوە خوا لە ڕووباری (**الْغُوطَةِ**) ئاوی پێ دەدات: ئاوێکە لە داوێنی ئافرەتە زیناکارەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆنی داوێنیان خەڵکانی ناو ئاگر ئازار دەدات.

وتەی: (**وعن أبي مُوسَى**) (عبد الله)ی کوڕی قەیس کوڕی سەلیم کوڕی (**حَضَّار**)، ئەبو مووسای ئەشعەری، هاوەڵێکی گەورەیە، لە سااڵی پەنجا کۆچی دوایی کرد.

وتەی: (**ثَلَاثَةٌ لاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ**) ئەمە لەئایەتەکانی هەڕەشەیە کە پێشین لەیەکدانەوەیان بە کەراهەت داناوە. وتویانە: تێی پەڕێنن هەرچۆن هاتووە، هەرکەس تەئویلی بکات ئەوە لەسەر مەترسیە لە قسەکردن بەناوەی خواوە بەبێ زانست، چاکترینی ئەوەی دەوترێ: هەموو کردەوەیەك لە خوار هاوبەشدانان و بێبڕواییەوە بێت کە خاوەنەکەی دەردەکات لە میللەتی ئیسلام، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ویستی خوا، جا ئەگەر سزای دا ئەوە سزای لەسەر پێویست دەبێت، ئەگەر لێی خۆش بوو ئەوە لە فەزڵ و لێبوردن و ڕەحمەتی خوایە.

وتەی: (**مُدْمِنُ الخَمْرِ**) واتە: ئەوکەسەی بەردەوامە لەسەر مەی خواردنەوە.

وتەی: (**وَقَاطِعُ الرَحِمِ**) مەبەست پچڕاندنی پەیوەندی خزمەکانە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ ﴾محمد. (واتە: جا ئایا ئێوە بەتەمان ئەی ناپاکان ئەگەر پشت هەڵکەن لە ئیسلام و جیهاد لە زەویدا ئاژاوە و خراپە بەرپا بکەن، وە هەرچی پەیوەندی خزمایەتی یە بیپچڕێنن).

واتە: (**وَمُصَدِّقٌ بِالسِّحْرِ**) واتە: بەڕەهایی. لەوانەش ئەستێرەناسی، لەبەر ئەوەی لە پێشەوە باسی لێوە کرا، ئەمەش ڕووی هاوجووتی فەرموودەکەیە لەگەڵ باسەکەدا.

زەهەبی لە کتێبی (الکبائر) وتویەتی: وە فێربوونی (السیمیا) و کار پێکردنی دەچێتە چوار چێوەی فێربوونی جادو، هەروەها بەستنی پیاو لە ژنەکەی، وە خوشەویست کردنی پیاو بۆ ئافرەت، وە ڕق لێ بوونەوەی وێنەی ئەوانەش، بە چەندین وشەی نادیار. وتی: زۆرێك لە تاوانە گەورەکان - بەڵکو گشتیان مەگەر کەمێکیان- خەڵکێك لە ئومەت بێ ئاگان لەوەی قەدەغەکراوە، نە سەرزەنشتکرنی کەسی پێگەیشتووە نە هەڕەشە لەسەری.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: حیکمەت لە دروستکردنی ئەستێرەکان.

دووەم: بەڕپەرچدانەوەی ئەوکەسەی بانگەشە بۆ شتێکی دیکە دەکات جگە لەو سیانە.

دووەم: باسکردنی جیاوازی لە نێوان زانایان دەربارەی فێربوونی خولگەکانی ئەستێرەکان.

چوارەم: هەڕەشەکردن لەو کەسەی شتێ لە جادو بەڕاست بزانێ، ئەگەر چیش بزانێت ئەوە پووچە.

---

(١) هذه الزيادة ضعيفة كما في الحاشية السابقة.



بەشی ٢٩ داواکردنی باران بەهۆی (جولّەی) ئەستێرەکان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في الآستسقاء بالأنواء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە لە بارەی هەڕەشە کردن بە داواکردنی باران بەهۆی جولّەی ئەستێرەکان.

.....

واتە: لە هەڕەشەکردن مەبەست پێی دانەپاڵی بارین و بارانە بۆلای (الأنواء) خولگەکانی مانگ، وە (الأنواء) کۆی (نوء)ە واتە: خولگەکانی مانگ. ئەبو سەعادات وتویەتی: بریتین لە بیست و هەشت خولگە، هەموو شەوێك مانگ دادەبەزێ بۆ یەکێك لەو خولگانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ ﴿٣٩﴾ ﴾ **یس.** (واتە: وە بۆ مانگیش چەند قۆناغێکمان داناوە) لە خۆرئاوا وون دەبێ هەموو سیازدە شەوێك، دەچێت بۆ جێگای هەڵهاتنی بەرە بەیان، لە بەرامبەردا لە خۆرهەڵات ئەوی تر دێتە دەرەوە، هەموویان تەواو دەبن لەگەڵ تەواو بوونی ساڵ، عەرەب پێی وابوو لەگەڵ کەوتنی جێگاکەی و دەرکەوتنی بەرانبەرەکەی باران دەباری، وە دەیانداوە پاڵی و دەیانووت: **(مطرنا بنوء كذا وكذا)** بارانمان بۆ باری بەهۆی نەوئی ئەوەو ئەوەوە، لەبەر ئەوە ناونراوە بە (نوء) چونکە ئەگەر لە خۆرئاوا ئەستێرەکە ئاوا ببێ (بەرانبەرەکەی) لە ڕۆژهەڵات هەڵدێ لە هەمان کاتدا. باران ببارێ کەسێك دەڵێ: بەهۆی دەرچوونی لە خۆرهەڵات بارانمان بۆ باریوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله تعالى: ﴿ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الواقعة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: خوا ﷻ دەفەرموێت: (واتە: وە لەجیاتی سوپاسگوزاری لەسەر ڕۆزیتان ئێوە باوەڕ ناهێنن).

.....

ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردوەو ترمزیش بە حەسەنی داناوە، هەروەها ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبی حاتەم و ضیاء لە کتێبی (المختارة)دا هێناویانە لە عەلی خوای لێ ڕازی بێ وتی: پێغەمبەر ﷺ

فەرمووی: ﴿ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ ﴾ دەڵێ: هاوبەشدانانتان ﴿ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ واتە: تێوە دەیڵێن: بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەوەو ئەوەوە بەهۆی ئەو ئەستێرەو ئەو ئەستێرەوە[1]. ئەمە لە پێشترە ئایەتەکەی پێ ڕاڤە بکرێ، ئەوەش ڕیوایەت کراوە لە عەلی و ئیبنوعەباس و قەتادەو ضەحاك و عەطائی خوراسانی و جگە لەوانیش، ئەوە قسەی زۆربەی ڕاڤەزانانی قورئانە، ئا بەو شێوەیە شێوەی بەڵگەهێنانەوەی دانەر دەردەکەوێ بە ئایەتەکە.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: واتە: لە بری سوپاس گوزاریتان لەم ڕزق و ڕۆزیەی کە ژیانتانی پێوە بەندە تەنها بێبڕوایی بەشی تێوەیە، مەبەست پێی قورئانە. حەسەن دەڵێ: لەبری سوپاس گوزاری کردنتان لەو بەشەی پێتان دراوە لە قورئان تێوە بڕوای پێ ناهێنن، وتی: بەندەیەك زیان مەندە کە بەشی نەبێ لە قورئان جگە لە بەدرۆدانان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أَبِيَ مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ أَنَّ رسول الله ﷺ قال: (أَرْبَعٌ في أُمَّتِي من أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ في الْأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ في الْأَنْسَابِ، وَالْاسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ وَالنِّيَاحَةُ) وقال النَّائِحَةُ إذا لم تَتُبْ قبل مَوْتِهَا تُقَامُ يوم الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ من قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ من جَرَبٍ) [2]. رواه مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبی مالیکی الأشعری پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: چوار شت لە ئومەتەکەمدا لە کاری نەفامیە وازی لێناهێنن: شانازی بە باوباپیران، تانەدان لە ڕەچەڵەکەکان، بڕوابوون بەوەی جۆڵەی ئەستێرەکان بەڵگەن لەسەر باران بارین) وە شیوەن کردن: وتویەتی: ئەوەی کە هات و هاوارو شیوەن دەکات بەسەر مردوودا ئەگەر داوای لێخۆشبوون نەکات پێش مردنی لە ڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێتەوە شەروالێکی لە پێدایە لە مس و زرێ یەکی لەبەردایە هەموو لەشی دادەپۆشێ.

.....

ئەبو مالیك ناوی (الحارث)ی کوڕی (الحارث)ە، خەڵکی شام بووە. یەکێك بووە لە هاوەڵان، ئەبو سەلام بە تەنها لێیەوە ڕیوایەتی کردوە، وە لەناو هاوەڵانیشدا ئەبو مالیکی ئەشعەری دوو دانە هەبووە جگە لە ئەم، وتەی: (أَرْبَعٌ في أُمَّتِي من أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَتْرُكُونَهُنَّ) ئەم ئوممەتە ئەو کارە دەکەن، یان دەزانن قەدەغە کراوە، یان نازانن، لەگەڵ ئەوەدا یەکێکە لە کردەوە سەرزەنشتکراوە قەدەغەکراوەکانی سەردەمی نەفامی، مەبەستیش لە (الجاهلیه) لێرەدا پێش هاتنی پێغەمبەرە ﷺ، لەبەر ئەوەی ناونراوە بە جاهلیەت، چونکە لە پێشدا ئەوپەڕی نەفامیدا بوو، وە هەر شتێك پێچەوانەی پەیامی خوا بێت بۆ پێغەمبەرەکەی ئەوە لە کاری نەفامیە، بێگومان پێغەمبەر ﷺ پێچەوانەیان جۆڵاوەتەوە لە زۆرێك لە کارووبارەکانیان، ئەویش بە سەرنجدانی قورئان و شارەزایی لە سوننەت دەزانرێ، وە شێخمان ڕەحمەتی خوای لێ بێت

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٢٩٥)، وأحمد (١٠٨٧)، وضعفه الشيخ الألباني في (ضعيف الترمذي).

(٢) أخرجه مسلم في الجنائز (٩٣٤) عبدالباقي.

کتێبێکی جوانی هەیە باسی هەموو ئەوانەی کردوە کە پێغەمبەر ﷺ پێچەوانەی نەفامەکان جولاوەتەوە، دەگاتە سەدو بیست مەسەلە.

شێخی ئیسلام وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ هەوالێداوە کە هەندێ شتی نەفامی هەیە خەڵکی وازی لێ ناهێنن، ئەمە وەکو سەرزەنشت کردنە بۆ ئەو کەسانەی کە وازی لێ ناهێنێن، بۆمەش ئەوە دەخوازێ هەموو کاروو کردەوەیەکی نەفامی لە ئیسلامدا سەرکۆنە کراوە، ئەگەرنا دانەپاڵی ئەم خراپەکاریانە بۆ لای نەفامی سەرزەنشت نەدەکرا، شتێکی ڕوونە دانەپاڵی بۆلای نەفامی لە چوارچێوەی سەرزەنشت کردندایە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ وَأَقِمْنَ﴾ **الأحزاب**. (واتە: وە زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن لەناو خەڵکی نامەحرەمدا وەکو خۆدەرخستنی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی یەکەم پێش ئیسلام) بێگومان لەوەدا سەرزەنشتکردنی خۆ جوانکردنەوەی تێدایە، وە سەرزەنشتیشە بۆ حاڵی سەردەمی نەفامی یەکەم، ئەویش ڕێگری کردن دەخوازێ لە خۆ پێ شوبهاندنیان بە شێوەیەکی گشتی.

وتەی: (**الْفَخْرُ بِالْأَحْسَابِ**) واتە: خۆبەگەورە کردن بەسەر خەڵکیەوە بەهۆی باووباپیران و شوێن و پێگەیان، ئەوەیش نەفامیەکی مەزنە، چونکە هیچ ڕیزو حورمەتێ نیە مەگەر بە تەقواو خواناسی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾ **الحجرات**. (واتە: بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا پارێزگار ترینتانە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُم بِٱلَّتِى تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَىٰٓ إِلَّا مَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ جَزَآءُ ٱلضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا۟ وَهُمْ فِى ٱلْغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾ **سبأ**. (واتە: وە سامان و منداڵتان شتێك نین لای ئێمە پلەو پایەتان نزیك بکەنەوە مەگەر ئەوەی باوەڕی هێنابێ و کردەوەی چاکی کردبێ بۆ ئەوانە پاداشتی دوو بەرامبەر هەیە بەهۆی ئەو چاکانەی کە کردوویانە ئەوانە لەناو ژورە ڕازاوەکاندا دڵنیان) ئەبو داود لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردوە بە مەرفوعی: (**إِنَّ اللَّهَ قد أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَفَخْرَهَا بِالْآبَاءِ، إنما هو مُؤْمِنٌ تَقِيٌّ، أو فَاجِرٌ شَقِيٌّ، الناس بَنُو آدَمَ، وَآدَمُ من تُرَابٍ، لَيَدَعَنَّ رِجَالٌ فَخْرَهُمْ بِأَقْوَامٍ إنما هُمْ فَحْمٌ من فَحْمِ جَهَنَّمَ، أو لَيَكُونُنَّ أَهْوَنَ على اللَّهِ من الْجِعْلَانِ**)[1]. (واتە: بێگومان خوا ﷻ خۆبەگەورە زانینی سەردەمی نەفامی و شانازی بە باووباپیرانەوە لەسەر ئێوە لابردووە، بێگومان ئەو کەسە یان بڕوادارێکی خۆپارێزە، یان تاوانبارێکی بەدبەختە، خەڵك نەوەی ئادەمن، ئادەمیش لە خۆڵە، با خەڵکانێك وازبهێنن لە شانازیکردنیان بە گەل و نەتەوەکانیان، بەڕاستی ئەوان خەڵوزێکن لە خەڵوزەکانی دۆزەخ، یان سوکترن لە لای خوا ﷻ لە قۆلانجەی ڕەش) مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەو قۆلانجە ڕەشانەیە کە پیسی کۆدەکەنەوەو دەیبەن بۆ ناو ماڵەکانیان)

وتەی: (**وَالطَّعْنُ فِي الْأَنْسَابِ**) واتە: تانەدان لێی بە کەم و کوڕی دانەپاڵی و کەم تەماشا کردنی، کاتێ کە ئەبو زەرِ تانەی لە پیاوێکدا بەهۆی دایکیەوە (چونکە دایکی ڕەش بوو) پێغەمبەر ﷺ

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب (٥١١٦)، أخرجه الترمذي في المناقب (٣٩٥٥٩، وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الترغيب) (٢٩٦٥).

قەرمووی: (**أَعَيَّرْتَهُ بِأُمِّهِ؟ إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّةٌ**)[1]. **متفق عليه.** واتە: ئایا تۆمەتبارت کرد بەهۆی دایکیەوە؟ بەڕاستی تۆ کەسێکی هێشتا نەفامیت تێدایە. بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی تانەدان لە ڕەچەڵك کاری نەفامی و جاهلیەتە، موسڵمانیش دەکرێ شتێکی لە خەصڵەتی نەفامی و گاورو جولەکەی تێدا بێ، ئەمەش نابێتە مایەی بێبڕوابوون و فاسق بوونی، شێخی ئیسلام ئەمەی وتووە.

وتەی: (**وَالْاسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ**) واتە: دانەپاڵی باران بۆلای کەوتنی ئەستێرە، وەك ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوجەریر دەریان هێناوە، لە جابری(السوائی) وتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (**أخاف على أمتي ثلاثا: استسقاء بالنجوم، وحيف السلطان، وتكذيباً بالقدر**)(٢٢). واتە: ئەوەی دەترسم لەسەر ئومەتەکەم (تووشی ببێت) سێ دانەیە: داوای بارانکردن بە هەڵهاتنی ئەستێرەکان، لادانی پێشەواکانە لە ڕێگای ڕاست، بە درۆدانانی قەزاو قەدەر)

ئەگەر کەسێکیان بڵێ: بارانمان بۆ باری بەهۆی فلان ئەستێرە ئەوە بەدەر نیە لە: یان بڕوای وایە ئەوە کاریگەری هەیە لەسەر باراندنی باران، ئەمەش هاوبەشدانان و کوفرە، ئەهلی جاهیلیەت بڕوایان پێی هەبوو، وەك بڕوا بوونیان بەوەی پارانەوەیان لە مردوو نادیار سودیان بۆ ڕادەکێشێ یان زیانیان لەسەر لادەبات، یان شەفاعەتیان بۆ دەکات، ئەمەش ئەو هاوبەشدانانەیە کە خوا پێغەمبەرەکەی پێناردوە بە قەدەغە کردن لێی و جەنگ کردن لەگەڵ ئەو کەسەی کردویەتی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴿٣٩﴾ ﴾**الأنفال.** (واتە: باوەڕداران جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا هەتا ناڕاوە (بێ باوەڕی و بت پەرستی) نامێنێت وە ئاین و ملکەچی هەمووی بۆ خوا دەبێت) (**الفتنة**) لێرەدا بە واتای هاوبەشدانان هاتووە، یان دەڵێ بارانمان بۆ باری بەهۆی فلان شتەوە، بەڵام بڕوای وایە کاریگەر تەنها خوایە، بەڵام عادەت وابووە لەکاتی کەوتنی ئەو ئەستێرە باران باریوە، بۆچوونی ڕاست: حەرام کراوە دانە پاڵی باران بۆ لای ئەستێرە، ئەگەر چی بە مەجازیش بێت، ئیبنولموفلیح بە ڕاشکاوی هێناویەتی لە کتێبی (الفروع): بەوەی حەرامە وتەی: (**مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا**) واتە: (بارانمان بۆ باری بەهۆی ئەوەوە) وە لە کتێبی (**الإنصاف**)دا جەختی کردۆتەوە لەسەر قەدەغەکردنی ئەگەر چی بە مەجازیش بێت، باسی جیاوازیشی نەکردوە، ئەویش ئەوەیە ئەوکەسەی ئەوەی وتووە شتێك کە کاری خوایە دایەتیە پاڵ ئەو دروستکراوەی کە خۆی کە هیچ لەتوانایدا نیە لە دروستکردن و ڕامهێنان، نە دەتوانێ سوود بگەیەنێ نە زیان، دەسەڵاتیشی نیە بەسەر هیچ شتێکدا، ئەوەش دەبێتە هاوبەشدانانی بچووك.

وتەی: (**وَالنِّيَاحَة**) واتە: دەنگ بەرز کردنەوەو هاوار بەسەر مردوود بەلاواندنەوە، چونکە ئەو کارە ناڕەزایی دەگرێتەوە لە قەزاو قەدەری خواو پێچەوانەی ئارامگرتنی پێویستە، ئەویش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە هەڕەشەو سزای سەختی لەسەر هاتووە.

---

(١) أخرجه البخاري في الإيمان(٣٠) فتح، ومسلم في الإيمان (١٦٦١) عبدالباقي.

(٢) أخرجه أحمد (٢٠٨٣٢)، وله شواهد يصح بها كما تقدم في (الصحيحة) (١١٢٧).

وتەی: (**النَّائِحَةُ إذا لم تَتُبْ قبل مَوْتِهَا**) ئاگادار کردنەوەی تێدایە کە تەوبەو داوای لێخۆشبوون دەبێتە کەفارەتی گوناە ئەگەرچی مەزنیش بێت، ئەمەش یەکدەنگی زانایانی لەسەرە، هەروەها دەبێتە کەفارەتی بەڵاو موسیبەتەکان، وە پاڕانەوەی موسڵمانان هەندێکیان بۆ هەندێکی دیکە، وە بەشەفاعەت و تکا کردن بە مۆڵەتی خوا ﷻ، وە لێبوردنی خوا لە ئەو کەسەی کە هاوبەشی بۆ دانەناوە بە ویستی خۆی، وە لە فەرمودەدا هاتووە لە ئیبن عومەرەوە بە مەرفوعی: (**إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ**)[1]. واتە: بەڕاستی خوا ﷻ تەوبەی بەندە وەردەگرێ تا نەگاتە سەرە مەرگ. ئیمام ئەحمەدو ترمزی و ئیبن ماجەو ئیبنوحیبان گێڕاویانەتەوە.

وتەی: (**تُقَامُ يوم الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ من قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ من جَرَبٍ**) قورطوبی وتویەتی: (السربال) تاکی (السرابیل)ە، ئەویش بریتیە لە پۆشاک، واتە: ئەوان دادەپۆشرێن بە پۆشاکی مسی تواوە، بەشێوەی کراس دایاندەپۆشێ، لەبەر ئەوەی جەستەیان بە تەواوەتی گڕ بگرێ و بۆگەن تر بێ، ئازاریشیان بەهۆی (جرب) گەڕ بوونەکەوە زیاتر بێت، لە ئیبنوعەباس ڕیوایەت کراوە بێگومان (**القطران**) بریتیە لە مسی تواوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: ولهما عن زَيْدِ بن خَالِدٍ قَالَ: صلى لنا رسول اللَّهِ ﷺ صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ على إِثْرِ سَمَاءٍ كانت من اللَّيْلِ، فلما انْصَرَفَ أَقْبَلَ على الناس فقال:(اتَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ؟) قالوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قال: أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا من قال: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا من قال: مطِرنا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا فَذَلِكَ كَافِرٌ بي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە بوخاری و موسلیمەوە لە زەیدی کوڕی خالدی جوهەینی وتی: پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەیانی لە حودەیبیە بۆ کردین، لە دوای بارانێ کە لە شەودا باریبوو، جا کاتێ لە نوێژەکە بوبەوە ڕووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە؟) وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: (هەندێ لە بەندەکانم بەیانیان بەسەردا هات و بڕوایان بە من هێنا، هەندێکیشیان بێ بڕوا بوون، جا ئەوەی کە ووتی: بارانمان بۆ باری بە فەزڵ و میهرەبانی خوا، ئەوە بڕوای بەمن هێناوەو بێبڕوا بووە بە ئەستێرەکان، بەڵام ئەوەی وتی: بارانمان بۆ باری بەهۆی هەلاتن یان ئاوابوونی ئەستێرەکان، ئەوە بێبڕوا بووە بە من و باوەرداڕە بە ئەستێرەکان.

.....

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی هاوەڵێکی بەناو بانگ بووە، لە ساڵی شەست و هەشت کۆچی دوایی کردوە، جگە لەوەش وتراوە، هەشتاو پێنج ساڵ تەمەنی کردوە.

---

(١) أخرجه الترمذي في الدعوات(٣٥٣٧)، وابن ماجه في الزهد (٤٢٥٣)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٣١٤٣).

(٢) أخرجه البخاري في الأذان (٨٤٦) فتح، ومسلم في الإيمان (٧١) عبدالباقي.

وتەی: (**صلى لنا رسول اللَّهِ ﷺ**) واتە: نوێژی بۆمان کرد، (لام) بە مانای (**الباء**) دێت، (**الحافظ**) وتوێەتی: ئەوەشی تێدایە دروستە ئەوە بە بوترێت وەك مەجاز، ئەگەرنا نوێژ تەنها بۆ خوایە.

وتەی: (**بِالْحُدَيْبِيَةِ**) بە (**ضم**)ەی (**الحاء**) و سوك خوێندنەوەی (**الياء**)

وتەی: (**على إِثْرِ سَمَاءٍ كانت من اللَّيْلَ**) ئاسمانێك لە شەودا، بە (کسر)ەی (**الهمزة**) و (سکون)ی (**الثاء**) لەسەر بۆچوونی دیار، ئەویش بریتیە لەوەی بەدوای شتێکدا دێت.

وتەی: (**سَمَاءٍ**) واتە: باران، چونکە لە هەورەکانەوە دادەبەزێت، (**السماء**) بەکار دەهێنرێ بۆ هەر شتێ کە بەرز بێتەوە.

وتەی: (**فلما انْصَرَفَ**) لە نوێژەکەی بوویەوە، ڕووی کردە نوێژ خوێنەکان، وەك چۆن لە فەرموودەکەدا هاتووە: (**أَقْبَلَ على الناس**) دەبێتە بەڵگە لەسەری، دەگونجێ مەبەستی پێی سڵاو کردن بێ.

وتەی: (**هل تَدْرُونَ**) وشەی ئیستفام بە مانای (**تنبيه**) ئاگادارکردنەوە هاتووە. وە لە نەسائی هێناویەتی: (**أَلَم تَسْمَعُوا ما قالَ رِبُّكُم الليلة**)[1]. واتە: ئایا نەتان بیستووە ئەم شەو پەروەردگارتان چی فەرموو؟ ئەمەش لە فەرموودە قودوسیەکانە، ئەوەی تێدایە: زانا مەسەلەیەك بخاتە ڕوو بۆ خوێندکارەکانی بۆ ئەوەی تاقیان بکاتەوە.

وتەی: (**قالوا: الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ**) ڕەوشت و ڕێزگرتنی جوانی تێدایە لەگەڵ پرسیار لێکراو ئەگەر پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەوەی نایزانێت، زانستەکە بداتە دەست زاناکەی، ئەوەش واجبە.

وتەی: (**أَصْبَحَ من عِبَادِي**) دانەپاڵ لێرەدا بۆ گشتاندنە بە بەڵگەی دابەش کردنی بۆ موسڵمان و بێبڕوا، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ ۚ﴾ **التغابن**. (واتە: خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە ئینجا هەندێکتان بێ باوەڕو هەندێکی تریشتان باوەڕدارن).

وتەی: (**مُؤْمِنٌ بي وَكَافِرٌ**) ئەگەر بڕوای وابێت هەلاآتن و ئاوابوونی ئەستێرە کاریگەری هەیە بۆ دابەزاندنی باران ئەوە بێبڕواییە، چونکە هاوبەشی بۆ خوا داناوە لە پەروەردگاریتی, هاوبەشدانەریش بێبڕوایە، ئەگەر بڕوای وانەبوو ئەوە لە هاوبەشدانانی بچووکە، چونکە نیعمەتی خوای داوەتە پاڵ غەیری خوا، وە لەبەر ئەوەی خوا هەلآتن و ئاوابوونی ئەستێرەی نەکردوەتە هۆکار بۆ دابەزاندنی باران، بەڵکو ئەوە فەزڵ و میهرەبانیە لە لایەن خواوە، ئەگەر وێستی دەیگرێتەوە و ئەگەر وێستی دایدەبەزێنێ.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بۆ هیچ کەسێك دروست نیە کاری خوا بداتە پاڵ غەیری خوا ئەگەر لەبەر مەجازیش بێت، هەروەها (**الباء**) چەند مانایەك لەخۆ دەگرێت، هیچیان بۆ ئەم دەربڕینە ناگونجێ، نە بۆ (**السببية**)ە نە بۆ (**الإستعانة**)، دوای ئەوەی زانیوتە ئەمە پووچە، هەروەها ناگونجێت بۆ (**المصاحبة**)ش هاتبێت، چونکە هەندێ جار باران لەم کاتەدا دەبارێت، هەندێ جار لەم کاتەدا نابارێت، بەڵکو باران لە کاتێکدا دەبارێ خوا وێستی لەسەر هەبێت بە

---

(١) أخرجه النسائي في الإستسقاء (١٥٢٥) أبو غدة.

ڕەحمەت و حیکمەت و چاکەی خۆی، هەر مانایەکی قەدەغەکراو دابنرێت بۆ (الباء) ئەوە پووچە، بۆیە وا دەردەکەوێت ئەم دەبڕینە بە ڕەهایی قەدەغە کراوە چونکە ماناکەی پووچە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه التفطن للإيمان في هذا الموضع. يشير أنه الإخلاص.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەمە تێگەیشتن لە چۆنیەتی بڕواهێنانی تیدایە لەم جێگایەدا. ئاماژە دەکات بەوەی کە باوەڕ بریتیە لە دڵسۆزی.

.....

وتەی: (**فَأَمَّا من قال: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ**) فەزڵ و ڕەحمەت دوو سیفەتی خوای گەورەن، مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە: ئەوەی خوا وەسفی خۆی پێ کردوە، وە پێغەمبەرەکەشی وەسفی کردوە لە سیفاتی (**الذات**) خود: وەك ژیان و زانست و سیفاتی کردەوەکان، وەك ئەو ڕەحمەتەی ڕەحم بە بەندەکانی دەکات پێی، هەموو ئەو سیفەتانە تایبەتن بە زاتی خوا، تایبەت نین بە غەیری ئەو، لەمە چاك تێبگە، چونکە چەندین دەستە هەڵەیان تێدا کردوە.

لەم فەرموودەدا: بێگومان نیعمەتەکانی خوا دروست نیە بدرێتە پاڵ هیچ کەس جگە لە خوا، تەنها ئەو زاتە ستایشی لەسەر دەکرێت، ئەمەش حاڵی ئەهلی یەکتاپەرستیە.

وتەی: (**وَأَمَّا من قال: مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا**) تا کۆتاییەکەی، ئەوەی پەیوەندی بە ئەمەوە هەبوو باس کرا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه التطفن للكفر في هذا الموضع.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: تێگەیشتنی تێدایە لە بێبڕوا بوون لەم جێگایەدا.

.....

ئاماژە بەوە دەکات دانەپاڵی نیعمەت بۆ لای غەیری خوا کوفرە، لەبەر ئەمەیە هەندێ لە زانایان قەدەغەکردنیان یەکلا کردوەتەوە، ئەگەر چی بڕوای بە کاریگەری هەڵاتن و ئاوابوونی ئەستێرەش نەبێت بە دابەزینی باران، ئەوکات دەبێتە کوفری نیعمەت، چونکە نایداتە پاڵ ئەو زاتەی کە ئەو نیعمەتەی بەخشیوە، بەڵکو دەیداتە پاڵ غەیری ئەو، وەك لە فەرمایشتی خوادا هاتووە: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴿٨٣﴾ ﴾النحل. (واتە: ئەوانە بەهرەکانی خوا دەناسن و دەزانن پاشان ئینکاری دەکەن)

قورطوبی لە شەرحی فەرموودەی زەیدی کوڕی خالید وتویەتی: عەرەب ئەگەر ئەستێرەیەك لە خورهەڵآت دەربکەوتایەت و ئەستێرەیەکیش لە خۆر نشین ئاوا بوایەت، لەوکاتەدا باران بباریایە یا با هەڵیبکردایە، هەندێکیان دەیانداوە پاڵ ئەو ئەستێرەی دەرکەوتبوو، هەندێکیشیان دەیانداوە پاڵ ئەو ئەستێرەیەی ئاوا بوو بوو دانەپاڵی هێنانە بوون (واتە: بە بۆنەی ئەوەوە پەیدا بووە)، وە

ئەو قسەیان بەکار دەهێنا کە لە فەرموودەکەدا هاتووە. خوا بەکار هێنانی ئەوەی قەدەغە کرد بۆ ئەوەی کەس ئەو بڕوایەی ئەوانی نەبێت و خۆی نەشبوهێنێت پێیان لە قسەکردنیدا.

وتەی قورطوبی: هەندێکیان دەیانداوە پاڵی دانەپاڵی هێنانە بوون (نسبة إيجاد)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەندێکیان بڕوایان بەوە نەبووە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٣﴾﴾ العنكبوت. (واتە: وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێ ئەنجا بەو بارانە زەوی مردوو زیندوو دەکاتەوە بێگومان دەڵێن خوا، ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ هەموو سوپاس هەر بۆ خوایە بەڵام زۆربەیان ژیریان بەکارناهێنن) بەڵگەی لەسەر ئەوەی کە بێگومان لەناو ئەواندا کەسانێك هەبووە زانیێتی و دانی بەوەدا نابێت کە خوا بەدیهێنەری بارانە، هەندێ جار ئەوانە بڕوایان وابووە کە هەڵاتن و ئاوابوون کاریگەریەکی هەبووە، قورطوبی لە شەرحی فەرموودەکەدا بە ڕاشکاوی باسی نەکردوە کە عەرەب هەموویان ئەو بیرو باوەڕەیان هەبوو بێت کە باسی کرد، بۆیە هیچ ڕەخنەیەکی لێ ناگیرێ بە ئایەتەکە، لەبەر ئەو ئەگەرەی باسکرا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما من حديث ابن عباس معناه، وفيه: قال بعضهم: لقد صدق نوء كذا وكذا، فأنزل الله هذه الآيات: ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ ﴿٧٦﴾ إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ ﴿٧٧﴾ فِى كِتَٰبٍ مَّكْنُونٍ ﴿٧٨﴾ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴿٧٩﴾ تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ أَفَبِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ ﴿٨١﴾ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾﴾ الواقعة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لای بوخاری و موسلیم بە واتاکەی هاتووە لە ئیبنوعەباسەوە، ئەوەیشی تێدایە: کە هەندێکیان وتیان: بەڕاستی جوڵەی فلان ئەستێرەو فلان ئەستێرە ڕاست دەڕچوو، ئینجا خوا ﷻ ئەم ئایەتانەی دابەزاند: (جا سوێند بێ بە شوێنی هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەستێرەکان* بەڕاستی ئەم سوێندە ئەگەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە* بێگومان ئەوە قورئانێکی گەورەو بەڕێزە* لەناو کتێبێکی شاراوەدایە کە (لەوحو لمەحفوزە)* جگە لە فریشتەی پاکەکان کەس دەستی لێ نادات* نێردراوەتە خوارەوە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە* دەی ئایا ئێوە بەم قورئانە باوەڕ ناکەن* وە لەجیاتی سوپاس گوزاری لەسەر ڕۆزیتان ئێوە باوەڕ ناهێنن)

وە بەو شێوەیە لە ئیبن عەباسەوە وتی: لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ باران بۆ خەڵکی باری، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەندێ لە خەڵکی بەیانیان بەسەردا هاتوو سوپاس گوزار بوون، وە هەندێکی دیکەیان سپڵە بوون. وتیان: ئەمە ڕەحمەتی خوایە، هەندێکی دیکەیان وتیان: بەڕاستی جوڵەی فلان ئەستێرەو فلان ئەستێرە ڕاست دەڕچوو، وتویەتی: ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿فَلَآ أُقْسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ﴾[1] ئەمە سوێند خواردنێکە لەلایەن خواوە بەهەر شتێ ویستی لەسەربێ سوێند دەخوا، وەڵامی سوێندەکەش: ﴿إِنَّهُۥ لَقُرْءَانٌ كَرِيمٌ﴾ (لا) دەبێتە (صلة) بۆ دووپاتکردنەوەی

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (٧٣) عبدالباقي، ولم يخرجه البخاري.

نەفی، جا ئەندازەی قسەکە بەم شێوەیە دەبێ: شتەکە بەو شێوەیە نیە کە ئێوە پێتان وایە قورئانی پیرۆز سیحر و جادوە، یان کاری فاڵ گرەوەیە، بەڵکو ئەوە قورئانی پیرۆزە. ئیبنوجەریر وتویەتی: هەندێ لە شارەزایانی زمانی عەرەبی وتویانە: مانای فەرمودەی خوا ﷻ: ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ ﴾ شتەکە بەو شێوەیە نیە کە ئێوە دەیڵێن، پاشان سوێندەکە بە شێوەی (استئناف) دووبارە بوەتەوە، وتراوە: سوێند ئەخۆم بە شوێن و خولگەی ئەستێرەکان، ئیبنوعەباس وتویەتی: واتە: مەبەستی ئەستێرەکانی قورئان، چونکە بێگومان بە یەکجار لەشەوی قەدردا دابەزی ل ئاسمانی سەرەوە بۆ ئاسمانی دنیا، ئیتر بە جیا جیا دابەزی بۆ ماوەی چەند ساڵێك، پاشان ئیبنوعەباس ئەم ئایەتەی خوێندەوە[1].

وە (مواقعها): دابەزینیانە بەرەبەرە، موجاهید وتویەتی: (مواقع النجوم) واتە: شوێنی دەرچوون و هەڵهاتنیان، ئیبنوجەریریش ئەمەی هەڵبژاردووە، وە لەسەر ئەمە گونجاندنێکی تەواو دەبێ لەنێوان سوێند پێخوراوو سوێند لەسەر خوراو، ئەویش قورئانە لەچەند ڕوویەکەوە:

یەکەم: خوا ﷻ ئەستێرەکانی کردوە بە ڕێدەرکەر لە تاریکاییەکانی دەشت و دەریا، ئایەتەکانی قورئانیشی کردوە بە ڕێنیشاندەر لەتاریکاییەکانی گومڕایی و نەفامی، ئەستێرەکان ڕێنیشاندەرن بۆ تاریکیە هەست پێکراوەکان، قورئانیش ڕێنیشاندەرە بۆ تاریکایی مەعنەویەکان، جا خوا ﷻ دوو هیدایەتی پێکەوە کۆکردۆتەوە سەرەڕای ئەوەی لە ئەستێرەکاندا جۆرێ لەجوانی ڕواڵەت بەدیدەکرێ، لە قورئانیشدا جوانی ناوەڕۆك، لە ئەستێرەکاندا ڕەجمی شەیتانەکان هەیە، لە قورئانیشدا ڕەجمکردنی شەیتانەکانی جنۆکەو ئادەمی هەیە، ئەستێرەکان ئایەت و بەڵگەکانیان دیار و ئاشکران و بەچاو دەبینرێن، بەڵگەو نیشانەکانی قورئانیش دەخوێنرێنەوەو دەبیسترێن، لەگەڵ کاتی ئاوا بوونی پەندو نیشانەی تێدایە لەسەر ئایەتەکانی قورئان، وە لەسەر جێگاو خولگەکانی لەکاتی دابەزین، ئیبنولقەییم ئەمەی باسکردوە، فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ ﴾ ئیبنوکەثیر وتویەتی: واتە: ئەم سوێندەی کە خواردومە پێ خواردوە سوێندێکی مەزنە ئەگەر بە گەورەییەکەی بزانن، ئەوە ئەو زاتە بە مەزن دەزانن کە سوێندی پێ خواردووە.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ٧٧ ﴾ ئەمە سوێند لەسەر خوراوە کە بریتیە لە قورئان، واتە: ئەو قورئانە وەحی و قسەی خوایەو لەلایەن ئەوەوە دابەزێنراوە، نەك وەك ئەوەی بێبڕواکان دەڵێن: ئەو قورئانە سیحرە، یان قسەی فاڵگرەوەیە یان شاعیر، بەڵکو ئەوە قورئانی مەزنە خێری زۆرە، چونکە فەرمایشتی خوایە، ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێ وتویەتی: جا وەسفی قورئانی کردوە بەوەی جوانی و زۆری خێر و سوودو گەورەیی دەخوازێ، چونکە (الكريم) بریتیە لە جوانی پڕ لە خێری مەزن، لەهەموو شتێ چاکترینیانە. وە خوا ﷻ وەسفی نەفسی خۆی کردوە بە (الكريم) وە وەسفی وتەی خۆیشی بەوە کردووە، بەهەمان شێوە وەسفی عەرشەکەیشی پێ کردووە، وە وەسفی ئەوەیشی پێ کردووە کە خێری زۆرەو دیمەنی جوانە، لە سەوزایی و غەیری ئەویش، ئا لەبەر ئەمەیە زانایانی پێشین (الكريم)یان بە جوان وەسف کردوە. (الأزهري) وتویەتی: (الكريم) ناوێکی گشتگیرە بۆ هەر شتێ ستایش بکرێ، وە خوا ﷻ کەریمەو کردارەکانی جوانن، قورئانی پیرۆزیش کەریمە ستایشکراوە لەبەر ئەوەی تیایدایە لەهیدایەت و ڕوونکردنەوەو زانست و حیکمەت.

---

(١) تفسير الطبري(٢٧/ ٢٠٣).

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ﴾ واتە: لە کتێبێکی مەزنی پارێزراوی بەڕێز، ئیبنوکەثیر ئەمەی وتووە. ئیبنولقەییم وتویەتی: زانایان بیر و ڕای جیاوازیان هەیە لەمەدا، وتراوە: بریتیە لە (**اللوح المحفوظ**) بەڵام بۆچوونی ڕاست ئەوەیە: بریتیە لەو کتێبەی کە بەدەستی فریشتەکانەوەیە، ئەوەش لە فەرمایشتی خوا باسکراوە: ﴿ فِي صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ ١٣ مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ ١٤ بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ ١٥ كِرَامِۭ بَرَرَةٖ ١٦ ﴾ **عبس.** (واتە: (کە ئەو ڕێ نمونەیی یانەش نوسراونەتەوە) لە چەند پەڕەیەکی هێژای* پایە بڵندی پاك* کە بەدەست نوێنەرانی* بەڕێزی خێر خواوەن) وە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمە ئەو کتێبەیە کە بەدەستی فریشتەکانەوەیە ئەم ئایەتەیە کە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کتێبە بەدەستی ئەوانەوەیەو دەستی لێ دەدەن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ ئیبنوعەباس وتویەتی: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ بریتیە لەو کتێبەی کە لەئاسمانە، وە لە ڕیوایەتێکی تردا: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ واتە: فریشتەکان، قەتادە وتویەتی: لەلای خوا کەس دەستی لێ نادات جگە لەوانەی کە پاکن، بەڵام لەدنیادا کەسی مەجوسی پیس و دوو ڕووی پیس دەستی لێ دەدەن، ئەم قسەیە زۆربەی زانایان هەڵیانبژاردووە، لەوانەش: ئیبنولقەییم پەسەندی کردووە، ئیبنوزەید وتویەتی: قوڕەیشیەکان پێی وابووە ئەم قورئانە شەیتانەکان دایانبەزاندووە، خوا ﷻ هەواڵیدا کە کەس دەس بەو قورئانەوە نادات جگە لەوانە نەبێ کە پاکن، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَمَا تَنَزَّلَتۡ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ ٢١٠ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُمۡ وَمَا يَسۡتَطِيعُونَ ٢١١ إِنَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّمۡعِ لَمَعۡزُولُونَ ٢١٢ ﴾ **الشعراء.** (واتە: شەیتانەکان ئەو قورئانەیان نەهێناوەتە خوارەوە* نە شیاوی ئەوەن و نە دەشتوانن، بەڕاستی شەیتانەکان لە گوێ گرتن(ی هەواڵی ئاسمان) دورخراونەتەوە).

ئیبنوکەثیر وتویەتی: ئەم بۆچوونە چاکە، ئەویش دەرناچێت لە وتەکەی پێش خۆی. بوخاری لە صەحیحەکەیدا دەربارەی ئەم ئایەتە وتویەتی: چێژی لێ وەرناگرێ مەگەر کەسێ بڕوای پێ بهێنێت.

ئیبنولقەییم وتویەتی: ئەمە ئاماژەی ئایەتەکەیەو ئاگادار کردنەوەیەتی، بێگومان کەس چێژو لەزەت لە خوێندنی قورئان و تێگەیشتن لێی و سەرنجدانی ماناکانی وەرناگرێ مەگەر کەسێك شایەتی بدات ئەو قورئانە وتەی خوایە بە حەقیقەت قسەی پێ کردوە، وە دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەی بە وەحی و نیگا، ماناکانی بەدەست ناهێنێ مەگەر کەسێك لە دڵیدا کەمترین ڕەخنە نەبێ دەربارەی بە جۆرێ لە جۆرەکان.

کۆمەڵێکی دیکە وتویانە: ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ واتە: لە لەشگرانی و بێ دەستنوێژی. وتویانە: ئاخاوتنی ئایەتەکە هەواڵە (خبر) ماناکەشی داخوازیە (**الطلب**). وتیان: مەبەست لە قورئان لێرەدا موصحەفە, بەڵگەشیان لەسەر ئەو قسەیە ئەو فەرموودەیەیە کە مالیك گێڕاویەتیەوە لە (عبد الله)ی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبی بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم: لەو نوسراوەیە کە پێغەمبەر ﷺ بۆ عەمری کوڕی حەزمی نووسی: (**أنْ لا يَمَسَّ القُرْآن إلاَّ طَاهِر**)[1]. واتە: کەس دەست نادات لە قورئان مەگەر کەسێکی پاك و خاوێن).

---

(١) هذا الحديث رواه طائفة من الصحابة، وطرقه لا تخلو من ضعف، ولكن يرتقي بمجموعها الى الصحة كما أفاد الشيخ الألباني في الإرواء (١٢٢) وانظر تفصيله هناك.

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ تَنزِيلٌ مِّنَ رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ ئیبنوکەثیر وتویەتی: ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە دابەزێنراوە، بەوشێوەیە نیە کە وتویانە ئەو قورئانە جادوە یان قسەی فاڵ گرەوەیە یان شیعرە، بەڵکو ئەو حەقەیە کە گومانی تێدا نیە، لەدوای ئەو حەقێکی بەسوود نیە، وە لەم ئایەتەدا: قورئان وتەی خوایە و قسەی پێکردوە.

ئیبنولقەییم وتویەتی: وە هاوشێوەکەی ﴿ وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى ﴿١٣﴾ ﴾السجدة. (واتە: بەڵام بەڵێنی من چەسپاوو جێگیرە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ قُلْ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ﴿١٠٢﴾ ﴾النحل. (واتە: بڵێ جوبرەئیل دایبەزاندووە لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕاستی) ئەویش چەسپاندنی بەرزو بڵندی خوایە لەسەر دروستکراوەکانی. بێگومان (النزول والتنزيل) دابەزین و دابەزاندن کە عەقڵەکان دەرکی پێ دەکەن و بە سروشت دەیزانن، بریتیە لە دابەزاندنی شتێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ئەم فەرمایشتەی خوا ﷻ بەرپەرچی ئەوانە ناداتەوە: ﴿ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ﴿٦﴾ ﴾ الزمر. (واتە: وە بۆ ئێوە هەشت جووتی نێرو مێی لە ئاژەڵ دایبەزاندووە) چونکە ئێمە دەڵێین: ئەو زاتە دایبەزاندووە لەسەروی ئاسمانەکانی. هەر بە فەرمانی خۆی دایبەزاندووە بۆمان.

ئیبنولقەییم وتویەتی: باسی دابەزاندنی کردوە لەپاڵ (ربوبية) پەروەردگارێتی خۆی بۆ هەموو جیهان، کە پێویستکەری دەسەڵاتێتی بەسەریانەوەو هەڵسوڕاندنی کارەکانیان وە بڕیاردانە بە سەریاندا، وە چاکەکردنە لەگەڵیان، جا ئەو زاتەی ئابەم جۆرە گرنگی بە دروستکراوەکانی بدا چۆن دەگونجێ لەگەڵ پەروەردەکردنی تەواویدا بۆیان بە هاوەنتە وازیان لێ بهێنێ و بەبێ سوود دروستیان بکات، نە فەرمانیان پێ بکات و نە قەدەغەیان لێ بکات، وە نە پاداشتیان بداتەوەو نە سزایان بدات؟ جا هەر کەسێ دانی بەوەدانا بەوەی خوا ﷻ پەروەردگاری جیهانیانە، ئەوە دانی بەوەداناوە کە قورئان دابەزێنراوی ئەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی، وە بەڵگە دەهێنێتەوە بەوەی پەروەردگاری جیهانیانە لەسەر چەسپاندنی پەیامی پێغەمبەرەکەی و ڕاستی ئەوەی هێناویەتی، جا ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بەهێزتر و چاکترە لەبەڵگەهێنانەوە بە موعجیزەکان، وە شتە لەیاسا بەدەرەکان (الخوارق) ئەگەرچی دەلالەتەکەی نزیکترە بۆ بیر و هۆشی خەڵکی بەگشتی. بێگومان ئەوەش بۆ ئەو کەسانەیە کە عەقڵ و ژیری بەکاردەهێنن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَفَبِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَنتُم مُّدْهِنُونَ ﴿٨١﴾ ﴾ موجاهید وتویەتی: ئایا دەتانەوێ(کاتێ کە ئەوان دەڵێن قورئان درۆیە یان جادووە) لەم قسەیەدا سازشیان بۆ بکەن و پاڵیان پێوە بدەن

ئیبنولقەییم وتویەتی: پاشان خوا ﷻ سەرزەنشتی کردن لەسەر ئەوەی مەرایی و سازش کردنەکەیان لەجێگای خۆی دانەناوە، ئەوان سازش لە شتێکدا دەکەن کە حەقی خۆیەتی ئاشکرا بکرێ، وە بیناسن و بە کاکیلەیان بەتوندی بیگرن و پەنجە توتەیان تێوە بئاڵێنن، بەدڵیش بڕوای پێ بهێنن، لەو پێناوەشدا بجەنگن و ئاشتیش بەرپا بکەن، لەو ڕاستە شەقامە لانەدەن، نە بەلای ڕاست نە بەلای چەپ، دڵیشیان لا نەکاتەوە بۆ هیچ شتێکی دیکە، حوکم و بڕیاریش نەبەن تەنها بۆ لای خوا نەبێ، وە هەموو ناکۆکیەکانی بۆ لابەرنەوە بێگومان ڕێنمایی و ڕێنیشاندان نیە بۆ بەدەستهێنانی ئاواتە بەرزەکان جگە لەنوری قورئان، شیفاو چارەسەریش نیە تەنها بەو نەبێ، بێگومان ئەو ڕوحی بوون و ژیانی جیهان و چەقی خۆشبەختی و پێشەوای سەرفرازی و ڕێگای ڕزگار بوون و بیلبیلەی

چاوەکانە، چۆن سازش دەکرێ لەسەر شتێ ئەمە پلەو پایەیەتی، وە دانەبەزیوە بۆ سازش کردنی، بێگومان بە حەق و بۆ حەق دابەزیوە، سازش تەنها لە شتێکی پووچدا دەبێت نەکرێ لاببرێ، یان بۆ حەق و ڕاستیەکی لاواز کە نەتوانرێ بەرپا بکرێ، وە ئەو کەسەی سازشی لەسەر دەکات هەندێ حەق واز لێ دێنێ و پابەندی هەندێ بەتاڵ ئەبێ، بەڵام ئەو حەقەی کە پڕە لە ڕاستی چۆن دەبێ بڕوای پێ نەهێنرێ؟

﴿ وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ لە سەرەتای بابەتەکە قسەی لەسەر کرا، خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەی ئایەتەکانی سورەتی (الواقعة).

دووەم: باسی ئەو چوار شتەی کە لەکاری جاهلیەتن.

سێیەم: باسکردنی ئەوەی کە هەندێ لەو چوار شتە کوفری تێدایە.

چوارەم: هەندێ لە کوفر هەیە لە ئیسلام پێی دەرناچێ.

پێنجەم: فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: (أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بي وَكَافِرٌ) بەهۆی دابەزینی نازوونیعمەت.

شەشەم: تێگەیشتن لە ئیمان لەم جێگایەدا.

حەوتەم: تێگەیشتن لە کوفر لەم جێگایەدا.

هەشتەم: تێگەیشتن لەوتەی: بێگومان جوڵەی فلان ئەستێرەو فلان ئەستێرە ڕاست دەرچوو.

نۆیەم: کەسی زانا بابەتێك دەخاتە بەردەستی خوێندکارەکانی پرسیاریان لێ دەکات بەشێوەی ئیستیفهام، وەك فەرموویەتی: أَتَدْرُونَ مَاذَا قال رَبُّكُمْ؟)

دەیەم: هەڕەشەکردن لەو ئافرەتانەی شیوەن دەکەن.



بەشی ٣٠

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾البقرة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە کەسانی وا هەیە لە خەڵکی کە هاوبەشی زۆر بۆ خودا پەیدا دەکەن خۆشیان دەوێن وەك خۆشویستنی ئیمانداران بۆ خوا).

.....

کاتێ کە خۆشەویستی ئەو بنچینەی دینی ئیسلامە کە جەمسەر دەسارەکەی دەستاڕی ئیسلام بە دەوری ئەو خۆشەویستیدا دەخولێتەوە، بە کامڵ بوونی کامڵ دەبێ، بە ناتەواو بوونی یەکتاپەرستی ئادەمیزاد ناتەواو دەبێ، دانەر ڕوونکردنەوەی داوە لەسەر ئەم باسە.

فەمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا ﴾ لە (شرح المنازل)دا وتویەتی: خوا هەواڵی داوە هەرکەسێ لە جیاتی خوا شتێکی خۆش بوێ وەك چۆن خوای خۆش ئەوێ ئەوە لەو کەسانەیە کە لە جیاتی خوا شتێکی کردوە بە هاوبەش، ئەمە هاوبەشدانانە لە خۆشەویستیدا نەك لە دروستکردن و پەروەردگاریتی، بێگومان هیچ یەکێك لەسەر زەوی ئەم هاوبەشدانانە ناچەسپێنێت ربوبیەتدا، بە پێچەوانەی هاوبەشدانانی خۆشەویستی، بەڕاستی زۆرێك لە خەڵکی سەرزەوی هاوبەشانێکیان داناوە بۆ خوا لە خۆشەویستی و بە مەزندانان.

پاشان خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾ (واتە: بەڵام ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێ) ئەندازەی ئایەتەکە دوو بۆچوون هەڵدەگرێ:

یەکەم: ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێ زیاتر لە هاوبەشدانەران بۆ هاوبەش و پەرستراوەکانیان کە خۆشیان دەوێن، وە بە مەزنی دادەنێن لە جیاتی خوا.

ئیبنوجەریر گێڕاویەتیەوە لە موجاهید لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾ شانازی و خۆهەڵکێشانی، ولێکچواندنی هاوکوفەکانی تێدایە بەخوای حەق ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾ لە بێبڕوایان بۆ بتەکانیان، پاشان لە ئیبنوزەیدەوە گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: ئەو

هاوبەشدانەرانە، بتەکانیان و پەرستراوەکانیانن کە لەگەڵ خوا پەرستوونیان خۆشیان دەوێن وەك چۆن بڕواداران خوایان خۆش دەوێ، ئەوانەی بڕوایان هێناوە زیاتر خوایان خۆش دەوی، زیاتر لەوەی ئەوان پەرستراوەکانی خۆیان خۆش دەوێ.

دووەم: ئەوانەی بڕوایان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێ زیاتر لەو خۆشەویستیەی کە هاوبەش دانەران هەیانە بۆ بتەکانیان، چونکە خۆشویستنی بڕواداران پاك و بێگەردە، خۆشویستنی هاوبەشدانەرانیش بەشێکی هاوبەشەکانیان بردویانە، بێگومان خۆشویستنی پاك و بێگەرد لەپێشترە لە خۆشویستنی تێکەڵاو، ئەو دوو وتەیەش ڕێکخراون لەسەر دوو ووتە لە وتەی خوا ﷻ: ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ هەروەها دوو وتەی تێدایە:

یەکەم: خۆشیان دەوێن وەك چۆن خوایان خۆش دەوێ، خۆشەویستی خوایان بۆ جێگیر کردوون، بەڵام خۆشەویستیەك لەگەڵ خوادا بتەکانیان تێدا کردوەتە هاوبەش.

دووەم: بێگومان مانای ئەوەیە بت و هاوبەشەکانیان خۆش دەوێ وەك چۆن بڕواداران خوایان خۆش دەوێ، پاشان خوا ڕوونی کردوەتەوە کە بەڕاستی خوشویستنی بڕواداران بۆ خوا زۆر زیاترە لە خۆشویستنی خاوەن بتەکان بۆ بتەکانیان.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت بۆچوونی یەکەمی پەسەند کردوە، وە وتویەتی: لەبەر ئەوە سەرزەنشتکراون چونکە هاوبەشیان داناوە لە نێوانی خواو نێوانی بتەکانیان لە خۆشەویستی، بە دڵسۆزی خوایان خۆش نەویستووە وەك خۆشویستنی بڕواداران بۆ خوا، ئەم یەکسانیەی باسکرا لە فەرمایشتی خوا دەربارەی ئەوانە، ئەوان لەناو ئاگردا بە پەرستراوو بتەکانیان دەڵێن، کاتێ لەگەڵیان ئامادەن لە سزادا: ﴿تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾﴾ **الشعراء.** (واتە: سوێند بەخوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوین* کاتێك ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە) شتێکی زانراوە ئەوان هاوبەشەکانیان یەکسان نەکردوە بە پەروەردگاری جیهان لە دروستکردن و پەروەردگاریتی، بەڵکو لە خۆشەویستی و بە مەزندانان یەکسانیان کردوون، هەروەها ئەمە دادپەروەریە لە فەرمایشتی خوادا باسکراوە وەك فەرموویەتی: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾﴾ **الأنعام.**(واتە: هەموو سوپاس و ستایشێ هەر بۆ ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە وە تاریکیەکان و ڕووناکی داناوە ئینجا ئەوانەی بێ باوەڕ بوون هاوتاو هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن) یەکسانی دەکەن پێ ی لەو پەرستشەی کە بریتیە لە خۆشەویستی و بەمەزنداناں.

وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ﴿٣١﴾﴾ **آل عمران.** (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت کەواتە دوای من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێت) ئەم ئایەتە پێی دەوترێ ئایەتی تاقی کردنەوە (**المحنة**). هەندێ لە زانایانی پێشین وتویانە: کۆمەڵێك بانگەشەی خۆشەویستی خوایان کرد، خواش ئایەتی تاقی کردنەوەی دابەزاند: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ﴿٣١﴾﴾ ئامازەیە بۆ بەڵگەی خۆشەویستی و بەرهەم و سوودەکانی، جا بەڵگەو نیشانەکەی: شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ، سوودو بەرهەمیشی:

خۆشویستنی خوایە بۆ ئێوە، ئەگەر ئێوە شوێنی نەکەون ئەوە خۆشویستیتان بۆ خوانابێ، هەروەها خواش خۆشەویستی بۆ ئێوە نابێ.

وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ ﴿٥٤﴾ ﴾**المائدة**.(واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کەس لەئێوە هەڵگەڕێتەوە لە ئاینەکەی ئەوە بەزوویی خوا لە باتی ئەوان گەل و کۆمەڵێکی تر ئەهێنێ خوا ئەوانی خۆش ئەوێ و ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێ بەسۆزو بەزەیین بەرانبەر بڕوادارەن بەهێزو تووندن بەرانبەر بێ بڕوایان تێ کۆشان دەکەن لە ڕێی خوادا و ناترسن لە سەرزەنشتی سەرزەنشت کاران)

خوای بەرزو مەزن چوار نیشانەیانی باس کردووە:

یەکەم: خۆیان بەکەم و زەلیل دەزانن لە ئاستی بڕوادارەن، وتراوە: واتە: دڵ نەرم و میهرەبان و بە بەزەیی و بەسۆزن بۆیان و خەمیان لێ دەخۆن، کاتی کە (**أذلة**) ئەم مانایانەی لە خۆ گرت، بە ئامرازی (على) کردیە (**متعدي**). عەطاء وتویەتی: وەک کوڕ وایە بۆ باوکی، وە وەک کۆیلە وایە بۆ گەورەکەی، بەرانبەر بێبڕواکانیش وەک شێر وایە بۆ نێچیرەکەی ﴿ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡ ﴿٢٩﴾ ﴾**الفتح**. (واتە: بەرانبەر بێ باوەڕان تووندو تیژن و لەنێوان خۆیاندا بە بەزەیین) [1].

سێیەم: لە پێناو خوادا کۆشش و جیهاد دەکەن بە نەفس و دەست و ماڵ و زمان. ئەویش بەجێهێنانی بانگەشەی خۆشەویستیە.

چوارەم: ئەوان لۆمەی لۆمەکاران نایان گرێ. ئەمەش نیشانەی ڕاستی و دروستی خۆشەویستیە. هەر خۆشەویست کارێ لۆمەی خەڵکی گرتیەوە لە خۆشەویستنی خۆش ویست کراوەکەی ئەوە بەڕاستی خۆشەویستەکەی خۆش نەویستووە. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴿٥٧﴾ ﴾**الإسراء**. (واتە: ئەوانەی کە ئەو نەفامانە هاواریان لێ دەکەن ئەوانە بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕێن کە نزیکیان کاتەوە لە پەروەردگاریان کامیان نزیکترە لە خواوە و پلەو پایەی بەرزترە و بەهیوا و ئومێدی ڕەحمی ئەون و لە سزایشی دەترسن) باسی هەرسێ پایەکەی کرد: خۆشەویستی (الحب). بریتیە لە ویستی نزیک بوونەوە لێی و بەکارهێنانی هۆکار بە کردەوە چاکەکان. وە (**الرجاء والخوف**) ئومێدو ترس بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گرتنە بەری هۆکار کارێکی زیادەیە لەسەر ئومێدی ڕەحمەت و ترسان لە سزا، ئەوەی زانراوەو یەکلابووەتەوە کەس کێبڕکێ ناکات مەگەر بۆ نزیك بوونەوە لەو کەسەی کە خۆشی بوێ و حەز بکات نزیك ببێتەوە لێی، پێ خۆش بوونی نزیك بوونەوەش شوێن کەوتەی خۆشویستنی زاتی خوایە، بەڵکو خۆشەویستی زاتی خوا پێ خۆش بوونی نزیکی پێویست کردووە. وە لە لای جەهمیەکان و موعەطیلەکان: ئەوانەی باس کرا هیچی بەو شێوە نیە وە هیچی ڕووندات، لای

---

(١) دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی نیشانەی دووەمی نەکردوە، بەڵام لەناو خاڵی یەکەم باسی کردوە بەوتەی خۆی: وە بەرانبەر بێبڕواکانیش وەک شێر وایە بۆ نێچیرەکەی.

ئەوان زاتی خوا لە هیچ شتێك نزیك نابێتەوە، هیچ شتێکیش لە زاتی خوا نزیك نابێتەوە، خۆش ناویسترێ وەکو زات، وە کەسیشی خۆش ناوێ، ئەوان نکوڵیان کردوە لە ژیانی دڵەکان و نازو نیعمەتی ڕۆحەکان خۆشی و شادی نەفسەکان، وە ڕوناکی چاوەکان و بەرزترین نازوو نیعمەتەکانی دنیاو دواڕۆژ. ئا لەبەر ئەوەیە دڵەکانیان ڕەق بووە و بەربەست کەوتووتە نێوان ئەوان و نێوان خوا لە ناسینی و خۆشویستنی، نە دەیناسن نە خۆشیان دەوێ و نە یادی دەکەن مەگەر کاتێ ناوو سیفاتەکانی پەك بخەن، جا یادکردنەوەیان گەورەترین تاوانە، بەڵکو سزای ئەوکەسە دەدەن یادی خوا دەکات بە ناوەکانی و سیفاتەکانی، تۆمەتباری دەکەن بە نەخۆشی کە ئەوان لە پێشترن پێ ی و ئەهلی ئەوەن، کەسی خاوەن تێگەیشتن و بەرچاو ڕوون و دڵی زیندوو ئەوەندەی بەسە کە لە قسەکردنیانا دەبینێ چەندە ڕەق و وشك و ڕاوونانی تێدایە لە خۆشەویستی و ناسینی و یەکتاپەرستی خوا.

هەروەها وتویەتی: خۆشەویستی پێناسە ناکرێ بە پێناسە کردنێکی ڕونتر لەوە، پێناسە هیچی بۆ زیاد ناکەن جگە لە شاردنەوە نەبێت. جا پێناسەی خۆشەویستی بوونێتی، خۆشەویستی وەسف ناکرێ بە وەسفێك ڕوونتر لە وشەی (**المحبة**). بەڵکو خەڵکی قسە دەربارەی هۆکار و داخوازی و نیشانە و بەرهەم و شاهیدەکانی و ئەحکامەکانی دەکەن، گشتگیر ترین وتە لەوبارەوە وترابێت، وتەی ئەبو بەکری (**الكتاني**) لە جونەیدەوە باسی کردوە.

ئەبو بەکر وتویەتی: مەسەلەیەك ڕوویدا دەبارەی خۆشەویستی لە مەککە، لە ڕۆژەکانی کاتی حەج کردن، زانایان قسەیان تێدا کرد، جونەیدیش منداڵترینیان بوو، وتیان: تۆش چیت هەیە باسی بکە ئەی عیراقی؟ سەری جوڵاندەوەو داخست فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە، پاشان وتی: بەندەیەك نەفس و دەروونی پشت گوێ خستووە، پەیوەست بووە بە یادی پەروەردگاری، مافەکانی جێ بەجێ کردووە، بە دڵی تێی ڕوانیووە، ڕووناکیەکانی هەیبەت و شکۆی دڵی سوتاندوە، ئاوی خواردوەتەوە لە پاك و خاوێنی پەرداخی خۆشەویستی ئەو، شەرم دەکات لەو زاتەی کە پەنهانە، جا ئەگەر قسە بکات لەبەر خوا دەیکات، وە ئەگەر بدوێ لەبەر ئەو دەدوێ، ئەگەر بجوڵێ بە فەرمانی خوا دەجوڵێت، وە ئەگەر بێدەنگ بوو لە خواوەیە، ئەو بۆ خوایەو لەبەر خوایە و لە پێناو خوا دایە، زانایان دەستیان کرد بە گریان و وتیان: لەمە زیاتر نیە، خوا یارمەتیت بدات و شکۆمەندت بکات ئەی تاجی خواناسان.

وە باسی ئەو هۆکارانەی کردووە کە خۆشەویستی ڕادەکێشن، ئەوانەش دە دانەن:

یەکەم: خوێندنەوەی قورئان بە تێڕامان و تێگەیشتن لە ماناکانی و ئەوەی مەبەستێتی.

دووەم: نزیك بوونەوە لە خوا ﷻ بە سونەتەکان لە دوای فەرزەکان.

سێیەم: بەردەوام یاد کردنی لە هەموو کاتێکدا: بە زمان و دڵ و کردەوەو حاڵ، جا پشکی لە خۆشەویستیدا بە ئەندازەی ئەمەیە.

چوارەم: پێشخستنی ئەوەی خوا ﷻ پێی خۆشە بەسەر ئەوەی خۆت پێت خۆشە لەکاتێکدا کە هەواو ئارەزووەکان زاڵن.

پێنجەم: کردنەوەی دڵ بۆ ناوو سیفاتەکانی، وە مانەوەی لە باخچەی ئەم ناسینەدا.

شەشەم: بینینی چاکەکانی و نازوونیعمەتە ئاشکراو نهێنیەکانی.

حەوتەم: شکاندنەوەی دڵ و خۆ بەکەم زانین لە خزمەتی ئەو زاتەدا، ئەوە لەسەر سوڕهێنەرترینە.

هەشتەم: خۆ تەنهاکردن (الخلوة) لەکاتی دابەزینی ئەو زاتەدا بۆ موناجات کردنی(ئەویش کاتێکە سێیەکی شەو تێپەڕ دەبێ وەك لە فەرمودەی دابەزیندا هاتووە) وە خوێندنەوەی قورئان، پاشان کۆتایی هێنانی ئەوانە بە داوای لێخۆشبوون و تەوبە.

نۆیەم: دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی خوایان خۆش دەوێ و ڕاستگۆن، هەڵگرتنەوەی پاکترینی بەرهەمی وتەکانیان، قسە مەکە مەگەر بەرژەوەندی قسەکە یەکلایی ببێتەوە، وە بزانی خێری زیاتری تێدایە بۆ خۆت، وە سودیش بۆ بەرامبەرەکەت.

دەیەم: دوور کەوتنەوە لەهەموو هۆکارێك کە دەبێتە بەربەست لەنێوان خواو دڵیدا.

جا بەو دە هۆکارە خۆشەویستان (**المُحِب**) دەگەن بە پلەکانی خۆشەویستی و دەچن بۆ لای خۆشەویست.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقول الله تعالى: ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ **التوبة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ: ئەگەر باوکانتان و کوڕانتان و برایانتان و هاوسەرانتان و خزم و عەشیرەتان و ماڵ و دارایی یەك بە زەحمەت پەیداتان کردووە و بازرگانیەك کە دەترسن بڕەوی نەبێ(بێ بازاڕ بێ) و خانوو بەرەیەك کە پێی ڕازین خۆشەویست تر لاتان لە خواو پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان لە ڕێگەکەیدا ئەوە چاوەڕوان بکەن هەتا خوا فەرمان و تۆڵەی خۆی دێنێ بۆتان (بە مراندنتان) وە خوا ڕێنموونی کەسانی تێپەڕ لە سنوور ناکات)

.....

خوا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردوە کە هەڕەشە بکات لەو کەسەی کە خۆشەویستی ماڵ و منداڵ و هۆزو تیرەو بازرگانی و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدات یان هەندێ لەوانە بەسەرکردنی ئەو فەرمانانەی کە خوا ﷻ کردویەتی و پێی خۆشەو لێی ڕازیە، وەك هیجرەت و جیهاد کردن و وێنەی ئەوانە.

ئیبنوکەثیر وتویەتی: واتە: ئەگەر ئەم شتانە ﴿ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ ﴾ واتە: چاوەڕوان بن کە چیتان بەسەردێ لە سزای خوا. ئیمام ئەحمەدو ئەبو

داودو گێڕاوياڵەتەوە لەفزەکەشی هی ئەبو داودە، لە فەرمودەی باوکی (عبدالرحمن)ی خوراسانی لە عەطائی خوراسانی لە نافیع لە ئیبن عومەر وتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (**إذا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمْ الْجِهَادَ سَلَّطَ الله عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حتى تَرْجِعُوا إلى دِينِكُمْ**)[1]. واتە: ئەگەر کڕین و فرۆشتنتان کرد بە نرخێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەک، پاشان بە نرخێکی کەمتر لێیتان کڕیەوە، وە دەستان گرت بە کلکی مانگاکان و سەرقاڵ بوون بە کشت و کاڵ و ڕازی بوون پێی، وە وازتان لە جیهاد هێنا، خوا سەرشۆڕیەک بەسەرتاندا دەهێنێت، لای نابات لەسەرتان تا دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینەکەتان.

پێویستە بەندە ئەوە پێش بخات کە خوا خۆشی دەوێ بەسەر ئەوەی خۆی حەزی لێ دەکات و دەیەوێ، ئەوەی خوا پێی خۆشە ئەوەی پێ خۆش بێ، وە ئەوەی خوا ڕقی لێیەتی ڕقی لێ بێتەوە، لەپێناوی ئەودا دۆستایەتی بکات و هەر لە پێناوی ئەویشدا دژایەتی بکات، وە شوێنی پێغەمبەرەکەی بکەوێ، وەک چۆن لە ئایەتی تاقیکردنەوە و (**المحنة**) ئایەتەکانی هاوشێوەی باسی لێوەکراوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أَنَسِ بن مَالِكٍ قال أن رسول اللَّهِ ﷺ قال: (لَا يُؤْمِنُ أحدكم حتى أَكُونَ أَحَبَّ إليه من وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[2]. أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەنەسی کوڕی مالیك وتی: بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هیچ کەس لەئێوە بڕوای تەواو نابێت تا خۆشەویستر نەبم لەلای لە کوڕیو باوکی و هەموو خەڵکی بە گشتی) بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە.

.....

وتەی: (**لَا يُؤْمِنُ أحدكم**) واتە: بڕواهێنانی پێویست، مەبەست پێی کامڵ بوونیەتی، تا بەندە پێغەمبەری خۆش بوێ زیاتر لە منداڵەکەی و باوکی و خەڵکی بە گشتی، بەڵکو ئەم کەماڵە نایەتە جێ تا پێغەمبەری لەخۆیشی زیاتر خۆش نەوێ، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە: عومەری کوڕی خەطاب وتی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ لەلای من خۆشەویستری لەهەموو شتێ جگە لە نەفسم، فەرمووی: (**وَالَّذِي نَفْسِي بيده حتى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ من نَفْسِكَ**) واتە: سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە ئیمانت تەواو نابێ تا منت لە نەفسی خۆت زیاتر خۆش نەوێ) عومەر وتی: ئێستا خۆشەویستری لەلام لە نەفسی خۆم، ئەویش فەرمووی: (**الْآنَ يا عُمَرُ**)[3]. واتە: ئێستا ئەی عومەر (واتە: ئێستە تەواوە) بوخاری ڕیوایەتی کردوە.

جا ئەوەی بڵێ: بێگومان نەفی کردنەکە (**المنفي**) بریتیە لە کەماڵ، جا ئەگەر مەبەستی پێی کەماڵی واجب بێ کە ئەو کەسەی وازی لێ دەهێنێ سەرزەنشت دەکرێ و ڕووبەڕوی سزا دەبێتەوە

---

(١)أخرجه أبو داود في البيوع (٣٤٦٢) وصححه الشيخ الألباني في الصحيحه (١).

(٢) أخرجه البخاري في الإيمان (١٥) فتح، ومسلم في الإيمان (٤٤) عبدالباقي.

(٣) أخرجه البخاري في الإيمان والنذور (٦٦٣٢) فتح.

ئەوە ڕاستە، وە ئەگەر مەبەستی لە نەفیکردنی کەماڵ و تەواوێتی موستەحەب بێ، بێگومان ئەمە لە فەرمایشتی خواو پێغەمبەرەکەیدا نەهاتووە، شێخی ئیسلام ئەمەی وتووە.

جا هەرکەسێ بانگەشەی خۆشەویستی پێغەمبەر بکات، بەبێ ئەوەی شوێنی بکەوێ و فەرمایشتی پێش بخات بەسەر قسەی غەیری ئەودا، ئەوە درۆی کردووە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾النور. (واتە: وە ئەوانەی دەڵێن بڕوامان هێناوە بەخواو بە پێغەمبەرو گوێڕایەڵیمان کردوە پاشان کۆمەڵێك لەوان پشتی هەڵدەکەن لەپاش ئەوەی وتیان بڕوامان هێناوە وە ئەوانە لەڕاستیدا ئیماندار نین). جا ئیمانی ڕەتکردوەتەوە لەو کەسەی پشتی کردوە لە گوێڕایەڵی پێغەمبەرﷺ، بەڵام هەموو موسڵمانێ خۆشەویستە بە قەد ئەو ئیسلامەتیەی کە هەیەتی، وە هەموو موسڵمانێ هەر دەبێ ئیماندار بێ ئەگەرچی ئیماندار نەبێ بە ئیمانێکی ڕەها (**الإيمان المطلق**)، چونکە ئەو خۆشەویستیە دەستەبەر نابێ مەگەر بۆ بڕوادارە تایبەتەکان.

شێخی ئیسلام وتویەتی: خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر موسڵمان بوون دوای بێ بڕوایی، یان لەسەر ئاینی ئیسلام لەدایك بوون و پابەند بوون بە یاساکانی و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بوون، ئەوانە موسڵمانن خاوەن پوختەی ئیمانن (ئەصڵی ئیمان) بەڵام چوونە ناوەوەی حەقیقەتی ئیمان بۆ ناو دڵەکانیان قۆناغ بە قۆناغ دەبێت، ئەگەر خوا ئەوەی پێ بەخشین، ئەگەرنا زۆرێك لە خەڵکی ناگەنە یەقین و دڵنیایی، وە ناگەنە پلەی جیهادو تێکۆشان، ئەگەر گومانیان بۆ بخرێتە ڕوو دەربارەی ئیسلام دەکەونە ناو گومانەوە، ئەگەر فەرمانیان پێ بکرێت بە جیهادو تێکۆشان ئەنجامی نادەن، چونکە ئەوەندە زانستی (علم اليقين) یەقین و دڵنیاییان نیە بەرگریان لێ بکات لە ئاستی گومانەکاندا، ئەوەندەش هێزی خۆشویستنی خواو پێغەمبەریان نیە تا پێشی بخەن بەسەر ماڵ و ساماندا، ئەگەر تووشی فیتنە نەبن و پاشان بمرن دەچنە بەهەشت، وە ئەگەر تووشی تاقیکردنەوە ببن بەکەسێ گومان و دوو دڵی بخاتە پێشیان، ئەوانیش گومان بکەن ئەگەر خوا نازو نیعمەتی خۆی نەبارێنی بەسەریاندا بەوەی گومان و دوودڵیەکەیان بڕەوێنێتەوە، ئەگەرنا بە دوو دڵی دەمێننەوە، وە دەگوازرێنەوە بۆ لای جۆرێ لە دووڕویی.

ئا لەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە: کە بەراستی کردەوەکان بەشێکن لە ئیمان، چونکە خۆشەویستی کردەوەی دڵە.

ئەوەشی تێدایە: کە بەڕاستی خۆشویستی پێغەمبەر ﷺ واجبە و شوێنی خۆشویستنی خوا کەوتووە و پەیوەستە پێیەوە، چونکە ئەوە خۆشویستنە بۆ خواو لە پێناو خوادا، زیاد دەکات بەزیاد کردنی خۆشەویستی لە دڵی بڕوادار کەمیش دەکات بە کەمکردنی، هەرکەس خوای خۆش بوێ، ئەوە بۆ خواو لە پێناویدا خۆشەویستی دەکات، وەك چۆن ئیمان و کردەوەی چاکی خۆش ئەوێ، ئەم خۆشەویستیە هیچ جۆرە پیسی و پۆخڵەواتی هاوبەشدانانی تێدا نیە، وەك پشتبەستن پێی و ئومێد بوون لە بەدەستهێنانی شتێکی حەز لێکراو یان ڕەتکردنەوەی شتێکی حەز لێنەکراو، جا ئەگەر ئەوەی تێدا بوو (شوائب) ئەوە خۆشویستنەکەی لەگەڵ خوادایە، لەبەر ئەوەی خۆهەڵواسینی تێدایە بە غەیری خوا و ڕوو تێکردنی لە جیاتی خوا، ئا بەمە جیاوازی دەکرێ لە نێوان خۆشەویستی

بۆ خواو لە پێناویدا کە بریتیە لە کەماڵی یەکتاپەرستی، وە لە نێوان خۆشویستن لەگەڵ خوا کە بریتیە لە خۆشویستنی پەرستراوەکان لە غەیری خوا، لەوەی پەیوەستە بە دڵی هاوبەشدانەران لە و پەرستراوێتیەی کە دروست نیە مەگەر بۆ خوا بە تەنها.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولهما عن أنس قال: قال رسول الله ﷺ: (ثَلَاثٌ من كُنَّ فيه وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ الله وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إليه مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إلا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ في الْكُفْرِ بعد إذ أنقذه الله منه كما يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ في النَّارِ)[1]. وفي روايةٍ: (لَا يَجِدُ أَحَدٌ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ حتى .....)[2]. الى آخره.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە بوخاری و موسلیم، لە ئەنەسەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: سێ سیفەت هەیە لە هەرکەسێکدا بوونی هەبێت بە هۆیەوە چێژی شرینی ئیمانی کردوە، خواو پێغەمبەرەکەی لە هەموو کەس زیاتر لای خۆشەویستتر بێ، وە کەسێکی خۆش بوێ تەنها لەبەر خوا، وە پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ بێبڕوایی وەك چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە) وە لە ڕیواتێکی تردا هاتووە هیچ کەسێك چێژی شرینی ئیمان ناکات تا.....) تا کۆتایی فەرموودەکە.

.....

وتەی: (**ثَلَاثٌ**) واتە: سێ سیفەت.

وتەی: (**من كُنَّ فيه**) واتە: بە تەواوەتی ئەم سیفەتانەی تێدا بێت.

وتەی: (**وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ**) (**الحلاوة**) لێرەدا: بریتیە لەوەی تەعبیری لێ دەکرێ بە چێژ وەرگرتن، بە هۆیەوە لەزەتی دڵ و خۆشی دەست دەکەوێ، ئەویش شتێکی هەستپێکراوە، ئەهلی ئیمان هەستی پێ دەکەن لە دڵیاندا.

سیوطی لە کتێبی (التوشیح)دا وتویەتی: (**وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ**) (**استعارة تخييلية**)ەی تێدایە، حەزی بڕواداری لە ئیماندا شوبهاندووە بە بەشێکی شیرین، ئەوەشی بۆی چەسپاندوەو داویەتێ پاڵی.

نەوەوی وتویەتی: مانای (**حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ**) لەزەت وەرگرتنە لە پەرستشەکان و ئارامگرتنە لەسەر ناڕەحەتیەکان، وە پێش خستنیانە بەسەر مەبەستەکانی ژیانی دنیا، وە خۆشویستنی بەندەیە بۆ خوا بە ئەنجامدانی پەرستشەکانی و وازهێنان لە سەرپێچیکردنی، بەهەمان شێوەش پێغەمبەر ﷺ.

یەحیای کوڕی موعاز وتویەتی: حەقیقەتی خۆشویستن لە پێناو خوادا: خۆش ویستنی بۆ خوا بەوە زیاد نەکات کاتێ زۆری پێ دەبەخشێ، وە بەوەش کەم نەکات کاتێ پێی نەبەخشێ.

---

(١) أخرجه البخاري في الإيمان (١٦) فتح، ومسلم في الإيمان (٤٣) عبدالباقي.

(٢) أخرجه البخاري في الأدب (٦٠٤١) فتح.

وتەی: (**أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إليه مِمَّا سِوَاهُمَا**) مەبەستی بە ئەداتی (**استثناء**) بە (سوی) ئەوەیە ئینسان خۆشی دەوێ بە شێوەی سروشتی خۆی وەك خۆشویستنی منداڵ و ماڵ و خێزان و وێنەی ئەوانیش، جا لێرەدا (**أَحَبَّ**)ەی لەسەر بەشی خۆی هاتووە.

خەطابی وتویەتی: مەبەست لە خۆشەویستی لێرەدا: خۆشەویستی هەڵبژاردنە (الإختيار) نەك خۆشەویستی سروشتی (**الطبع**)، بەو شێوەی وتووە.

بەڵام خۆشەویستی هاوبەشدانان کە لە پێشەوە ڕوون کرایەوە کەم و زۆری پێچەوانەی خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، لە هەندێ فەرموودەشدا هاتووە: (**أحبُّوا اللهَ بكلِ قُلُوبِكُم**)[1]. واتە: خواتان خۆش بوێ بە تەواوی دڵەکانتان. جا لە نیشانەکانی خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی: ئەوەیە هەرچی خوا خۆشی دەوێ ئەویش خۆشی بوێ هەرچیش خوا ڕقی لێیەتی ئەویش ڕقی لێی بێت، ڕازامەندی خوا پێش بخات بەسەر ڕەزامەندی غەیری خوا، هەرچی لە توانایدایە بەکاری بهێنێت بۆ ڕەزامەندی خوا، دوور بکەوێتەوە لەوەی خوا قەدەغەی کردوە، ڕقیشی لێ بێتەوە بە ئەوپەڕی ڕق لێبوونەوە، شوێنی پێغەمبەرەکەی بکەوێت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات و واز لە قەدەغەکراوەکانیشی بهێنێت، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ ﴿٨٠﴾﴾ **النساء**. (واتە: ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوە گوێڕایەڵی خوای کردوە).

جا هەرکەسێك فەرمانی غەیری خوا پێش بخات بەسەر فەرمانی خوادا و پێچەوانەی ئەوە بجوڵێتەوە کە خوا قەدەغەی کردوە، ئەوە نیشانەیەکە لەسەر نەبوونی خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، چونکە خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ وابەستەی خۆشویستنی خوایە، هەرکەس خوای خۆش بوێ و گوێڕایەڵی بکات، ئەوە پێغەمبەریشی خۆش دەوێ و گوێڕایەڵی دەکات. وە هەرکەسێ خوای خۆش نەوێ گوێڕایەڵی پێغەمبەریش ناکات، وەك لە ئایەتی تاقی کردنەوە (**المحنة**) هاوشێوەی ئەویش باس کراوە. خوا پشتیوان بێت.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە ئەم سیانە لە هەرکەسێکدا بێت ئەوە شیرینی ئیمانی چەشتووە. چونکە بوونی شرینی لە شتێکدا دوای خۆشەویستی دەکەوێ، هەرکەسێك شتێکی خۆش بوێ حەزی لێ دەکات و تامەزرۆی دەبێت، جا ئەگەر مەبەستەکەی دەستەبەر بوو ئەوە چێژو لەزەت و دڵخۆشی دەبینێ بەو شتە، لەزەت وەرگرتنیش کارێکە دەکەوێتە دوای هەستکردن بە خۆشەویستی، وتویەتی: جا چێژو شرینی ئیمان کە لەزەت و دڵخۆشی لە خۆ گرتووە بەدوای خۆشویستنی ڕاستەقینەی بەندە دێت بۆ خوا. ئەویش بە سێ شت: تەواوی و کامڵ بوونی ئەو خۆشەویستیە بۆ خواو بەتاڵ کردنەوەی لە خۆشەویستی خوادا، وە دورخستنەوەی. جا کامڵ کردنی ئەوەیە بەندە خواو پێغەمبەرەکەی لە هەموو شتێ زیاتر خۆش بوێ، چونکە خۆشویستنی خواو پێغەمبەرەکەی بە تەنها بە ئەصلی خۆشەویستی بەس نیە، بەڵکو دەبێ خواو پێغەمبەرەکەی لە هەموو شتێ زیاتر خۆشەویستتر بێ لای.

---

(١) أخرجه البيهقي في دلائل النبوة ٢/ ٥٢٥، وهو مرسل.

وتم: خۆشەویستی خوا، خۆشویستنی گوێڕایەڵی کردنی دەخوازێ، چونکە ئەو پێی خۆشە بەندەکەی گوێڕایەڵی بکات، ئەو کەسەی بانگەشەی خۆشەویستی دەکات هەر دەبێ ئەوەی خۆش بوێ کە خۆشویستراوەکەی خۆشی دەوێ.

یەکێکی تر لە داخوازیەکانی خۆشەویستی خوا: خۆشویستنی ئەو کەسانەیە کە گوێڕایەڵی خوا دەکەن، وەك خۆشویستنی پێغەمبەران و پیاوچاکان لە بەندەکانی، جا خۆشویستنی ئەو کەسەی کە خوا خۆشی دەوێ لە تەوای ئیمانەوەیە، وەك لە فەرموودەی ئیبنوعەباس کە ئێستا دێ.

وتی: بەتاڵ کردنەوەی. دەبێ بەندە تەنها لەبەر خوا خەڵکی خۆش بوێ، وتی: بەرپەرچدانەوەی پێچەوانەکەشی: ڕقی لەو شتە بێت کە دژی ئیمانە وەك چۆن حەز ناکات فڕێ بدرێتە ناو ئاگر.

وتەی: (**أَحَبَّ إليه مِمَّا سِوَاهُمَا**) کۆکردنەوەی ڕاناوی (**ضمير**)ی خواو پێغەمبەرەکەی تێدایە، وە دوو بۆچوونیشی تێدایە:

یەکەم: لێرەدا ڕاناوی بە (**مثنى**) هێناوە، وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەوەی ڕەچاوکراوە بریتیە لە خۆشویستی هەردوکیان پێکەوە، نەك هەر یەکێکیان، چونکە خۆشەویستی یەکدانەیان پووچە، وە لە فەرموودەی وتاربێژیشدا[1] فەرمانی کردوە بەتاك بهێنرێ وەك ئاگادار کردنەوەیەك بەوەی هەریەکێك لەو دوو سەرپێچیە سەربەخۆن بە پەیوەستکردنی گومڕایی لە ڕێگای ڕاست، (**عطف**) لێرەدا لە تەقدیر کردنی دووبارە بوونەوەیە (واتە: وتاربێژەکە لە تەقدیرکردنیدا مەبەستی دووبارە کردنەوە بووە) ئەصڵ وایە هەریەك لەو دوو (**عطف**)کراوە بەسەربەخۆیی بێن لە حوکم و بڕیاردا.

دووەم: هەڵگرتنی فەرموودەی وتاربێژەکە بۆ ئەدەبە و لە پێشترە ڕاناوەکان بکرێن بە ناوو جیابکرێنەوە، ئەمەش دروستە.

وەڵامی سێیەم: بێگومان ئەم فەرموودەیە لەسەر بنچینە هاتووە، فەرموودەی وتاریش گواستراوە، بۆیە ئەوە لە پێشترە.

وتەی: (**كما يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ في النَّارِ**) پێی ناخۆشە بگەڕێتەوە بۆ بێبڕوایی، وەك چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کردوە، واتە: هەردوکیانی وەکو یەکتر پێناخۆشە. ئەمەش بەرپەرچدانەوەی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی گومڕابوون، ئەوانە واخەیاڵ دەکەن ئەنجامدانی گوناهـ لە لایەن بەندەوە کەم تەرخەمی لە حەقی خوادا کردوە بە ڕەهایی ئەگەر چی تەوبەش بکات.

---

(١) موسلیم و ئەبو داود و نەسائی دەربارە هێناوە لە فەرموودەی عەدی کوڕی حاتەم : وتارخوێنێك لە لای پێغەمبەر وتاری خوێند وتی: (من يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ وَمَنْ يَعْصِهِمَا فَقَدْ غَوَى، فقال رسول اللَّهِ ﷺ: بِئْسَ الْخَطِيبُ أنت. قُلْ: وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ غَوِيَ) هەرکەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکات نەوە ژیر بووە، وە هەر کەسێکیش سەرپێچیان بکات ئەوە فریوی خواردوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خراپترین وتار خوێنی تۆی. بڵێ: هەرکەسێك سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە فریوی خواردوە.

بۆچوونی تەواو: ئەوەیە ئەگەر داوای لێخۆشبوون نەکات ئەوە کەمتەرخی کردوە لە حەقی خوادا، ئەگەر تەوبەی کرد نەخێر، بۆیە کۆچکەران و پشتیوانان چاکترینی ئەم ئوممەتەن لەگەڵ ئەوەی ئەوان لە بنچینەدا بێبڕوا بوون، خوا هیدایەتی دان و ڕێنمایی کردن بۆ ئیسلام، ئیسلامیش پێش خۆی دەسڕێتەوە، بەهەمان شێوە هیجرەتیش، وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە[1].

وتەی: (**وفي رواية: لَا يَجِدُ أَحَدٌ**)[2]. ئەم ڕیوایەتە بوخاری دەریهێناوە لە کتێبی ئەدەب لە صەحیحەکەیدا. بەم شێوەیە: (**لَا يَجِدُ أَحَدٌ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ حتى يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إلا لِلَّهِ، وَحَتَّى أَنْ يُقْذَفَ في النَّارِ أَحَبُّ إليه من أَنْ يَرْجِعَ إلى الْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْقَذَهُ الله منه، وَحَتَّى يَكُونَ الله وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إليه مِمَّا سِوَاهُمَا**) (هەمان واتای فەرموودەکەی پێشووی هەیە. خوا زاناترە).

بێگومان پێش کەوت خۆشەویستی لێرەدا بریتیە لەو تام و چێژو لەزەت و دڵخۆشی و بەشکۆمەندی و هەیبەتەی بڕوادار بەدەستی دێنێ، وە ئەوەشی پێوەی پەیوەستە، شاعیر دەڵێ:

أهابك إجلالاً. وما بكَ قدرةٌ علي، ولكن ملء عينٍ حبيبُها

واتە: لەبەر شکۆت لێت ئەترسم دەسەڵاتیشت بەسەمدا نیە.... بەڵام خۆشەویستیت چاوی پڕ کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن عباس قال: مَن أحب في الله، وأبغض في الله، ووالى في الله، وعادى في الله، فإنما تنال موالاة الله بذلك، ولن يجد عبد طعم الإيمان ولو كثرت صلاته، وصومه حتى يكون كذلك. ولقد صارت عامة مؤاخاة الناس على أمر الدنيا، وذلك لايجدي على أهله شيئاً[3]**. رواه ابن جرير.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنوعەباس وتویەتی: هەرکەسێك لە پێناوی خوادا ئیمانداری خۆش بوێ، هەرکەس لە پێناوی خوادا ڕقی لە بێبڕواو هاوبەشدانەران ببێتەوە، لەبەر خوا دۆستایەتی بڕواداران بکات، لەبەر خوا دژایەتی بێبڕوایان بکات، بێگومان بەوە پشتیوانی خوا بەدەست دەهێنێت، بەندە چێژ لە ئیمانەکەی وەرناگرێ ئەگەر چی نوێژو ڕۆژویشی زۆر بێت تا بەو شێوەیە نەبێت, ئەوەتا وای لێهاتووە برایەتی ئەم سەردەمە لەسەر شتە دنیاییەکانە، ئەمەش هیچ سوودێکی نیە بۆیان.

.....

ئیبنوئەبی شەیبە و ئیبنوحاتەم تەنها ڕستەی یەکەمیان دەرهێناوە.

وتەی: (**من أحب في الله**) واتە: ئەوەی ئەهلی ئیمان و گوێڕایەڵی خۆش بوێ لە پێناوی خوادا.

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (١٢١) عبد الباقي.

(٢) هذه الرواية تقدم تخريجها قريبا.

(٣) أخرجه ابن أبي شيبة ٣٦٨/١٣، والبيهقي في شعب الإيمان (٩٠٦٩)، وإسناده ضعيف من أجل ليث أبي سليم، وأيضا أخرجه الطبراني في الكبير ١٢/ ٤١٧ ، (١٣٥٣٧)، من حديث ابن عمر، وهو ضعيف لنفس العلة.

وتەی: (**وأبغض في الله**) واتە: ڕقی ببێتەوە لەوەی بێبڕوایی بەخوا دەکات و هاوبەشی بۆ دادەنات و لە فەرمانی دەردەچێت، چونکە ئەوەی ئەنجامیان داوە خوا تورە دەکات، ئەگەر نزیکترین کەس بن لێیەوە، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴿٢٢﴾﴾ **المجادلة**. (واتە: کەسانێك دەست ناکەوێ کە باوەڕیان هەبێت بەخواو بە ڕۆژی دوایی کە دۆستایەتی بکەن لەگەڵ ئەوانەی دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن).

وتەی: (**ووالى في الله**) ئەمەو ئەوەی پێشەوە لە پەیوەستیەکانی خۆشویستنی بەندەیە بۆ خوا، هەرکەسێك خوای خۆش بوێ، لەبەر ئەویشە ئیمانداری خۆش دەوێ و پشتیوانی دۆستەکانی دەکات و دژایەتی سەرپێچیکاران دەکات و ڕقی لێیان دەبێتەوە، جیهادی دوژمنەکانی دەکات و پشتیوانەکانی سەردەخات، تا بەندە خۆشویستنی خوا لە دڵیدا بەهێز بێت، ئەم کردەوانەش بەهێز دەبن، بە کەماڵ بوونی کاملّ دەبێ، لاوازیشی بە ئەندازەی لاوازی خۆشەویستی بەندەیە بۆ پەروەردگاری، جا هەیە کەمە و هەیە زۆرەو هەیە بێبەشە.

وتەی: (**فإنما تنال موالاة الله بذلك**) پشتیوانی خوا بۆ بەندەکەی. و(**وَلاية**) بە (فتح)ەی (الواو): واتە: برایەتی و خۆشەویستی سەرخستن، وە بە (کسر)ە بە مانای دەسەڵات دێت، لێرەدا مەبەست پێی یەکەمە.

ئەحمەدو **طه**بەرانی هێناویانە لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لاَ يَجِد الْعَبْدُ صَرِيحَ الإِيمَانِ حتى يُحِبَّ لِلَّهِ وَيُبْغِضُ لِلَّهِ. فإذا أَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ، فَقَدِ اسْتَحَقَّ الْوَلاَءَ للَّهِ**)[1] واتە: بەندە ئیمانی ڕوون و ڕاشکاو نابینێ تا لە بەر خوا خۆشی نەوێ و لەبەر خواش ڕقی لێ نەبێتەوە، جا ئەگەر لەبەر خوا خۆشی ویست و ڕقی لێ بویەوە، ئەوە شیاوی دۆستایەتی خوایە.

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (**ان أَوْثق عُرَى الإِيمَانِ الحبُّ في اللَّهِ، وَالبُغْضُ في اللَّهِ**)[2] واتە: بەهێزترین و قایمترین پەتی ئیمان خۆشویستنە لە پێناو خوا، وە ڕق لێبونەوەیە لەبەر خوا) **طه**بەرانی ڕیوایەتی کردوە.

وتەی: (**ولن يجد عبد طعم الإيمان**) تا کۆتاییەکەی. واتە: چێژو لەزەتی ئیمان بەدەست ناهێنێ ئەگەر چی نوێژو ڕۆژویشی زۆر بێت، تا بەو شێوە نەبێت، واتە: تا لەبەر خوا خۆشی دەوی و لەبەر خوا ڕقی لێ دەبێتەوەو، لەبەر خوا دژایەتی دەکات، لەبەر خوا پشتیوانی دەکات.

وە لە فەرموودەی ئەبی ئومامە بە مەرفوعی هاتووە: (**من أَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ وَأَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدْ اسْتَكْمَلَ الْإِيمَانَ**)[3] واتە: هەرکەسێك لەبەر خوا خۆشی بوێ و لەبەر خوا ڕقی لێ ببێتەوە و لەبەر خوا ببەخشێ و لەبەر خوا نەبەخشێ خۆی بگرێتەوە لە بەخشین ئەوە بێگومان ئیمانی کاملّ بووە. ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە.

---

(١) أخرجه أحمد (١٥٥٤٩)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٥٦٢١)، وانظر ايضا في (النافلة في الأحاديث الضعيفة والباطلة) (١٥٥).

(٢) هذا الحديث ورد من طائفة من الصحابة، وهو حسن بمجموع طرقه كما في (الصحيحة) (٩٨٨-١٧٢٨).

(٣) أخرجه أبو داود في السنة (٤٦٨١)، وصححه الشيخ الألباني بشاهد له كما في الصحيحة (٣٨٠).

وتەی: (**وقد صارت عامة مؤاخاة الناس على أمر الدنيا، وذلك لايجدي على أهله شيئاً**) واتە: سودیان پێناگەیەنێت، بەڵکو زیانیان پێ دەگەیەنێ هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾ **الزخرف**. (واتە: دۆست و خۆشەویستەکان لەو ڕۆژەدا دوژمنی یەکترن جگە لە پارێزکاران). جا ئەگەر ئەم کارەساتە لەسەردەم ئیبنوعەباس بڵاو بوبێتەوە کە چاکترینی سەدەکان بوون، دەبێ لە دوای ئەو چەندە سەخت بێت، تەنانەت پشتیوانی کراوە لەسەر هاوبەشدانان و بیدعە و خرپەکاری و سەرپێچی و دەرچوون لە سنوری خوا.

بێگومان هەروەك چۆن پێغەمبەرمان ﷺ هەواڵیدا ڕوویدا وەك فەرموویەتی: (**بَدَأَ الإِسْلاَمُ غَرِيباً وَسَيَعُودُ غَرِيباً كما بَدَأَ**)[1]. واتە: ئیسلام بە غەریبی دەستی پێکرد، وە بە غەریبیش دەگەڕێتەوە وەك چۆن دەستی پێکرد.

بێگومان هاوڵان لە کۆچکەران و پشتیوانان لە سەردەمی پێغەمبەر و سەردەمی ئەبو بەکرو عومەر هەندێکیان فەزڵ و چاکەی هەندێکی دیکەیان دەدا بەسەر خۆیاندا لەبەر خۆشەویستی خواو نزیك بوونەوە لێی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴿٩﴾ ﴾**الحشر**. (واتە: وە باوی ئەوان ئەدەن بەسەر خۆیاندا با خۆشیان زۆر پێویست بن پێی) وە لە ئیبن عومەر وتویەتی: هیچ کەس لە خۆمانم نەبینیوە لەسەردەمی پێغەمبەردا پێی وابێ ئەو لەپێشترە بەدینارو درهەمی لە برا موسڵمانەکەی[2]. ئیبن ماجە ڕیوایەتی کردوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال ابن عباس في قوله تعالى: ﴿ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ ﴾البقرة. (قال المودة).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئیبن عەباس وتویەتی، لە ڕاڤەکردنی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ ﴾ (واتە: وە هەموو پەیوەندیەکیان پچڕایەوە) وتویەتی: مەبەست پێی سۆزو خۆشەویستیە، ئەم شوێنەوارە عەبدی کوڕی حومەیدو ئیبنوجەریر و ئیبنولمونزیر و ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردوە، وە حاکمیش ڕیوایەتی کردوە و بەڕاستی داناوە.

وتەی: (**قال المودة**) واتە: ئەو خۆشەویستیەی کە لە نێوانیاندا بوو لەدنیادا خیانەتی لێ کردن، هیچ سوودێکی پێ نەگەیاندن و هەندێکیان خۆیان بەری کرد لە هەندێکی دیکەیان، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾ **العنكبوت**. (واتە: وە ئیبراهیم ووتی بێگومان ئەوەی ئێوە هەڵتان بژاردووە

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (١٤٦) عبدالباقي.

(٢) أخرجه ابن ابي شيبة(١٢١)، والزار (٥٩٦)، والبخاري في (الأدب المفرد) (١١١)، والبيهقي في شعب الإيمان (١٠٣٢٧)، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في (صحيح الأدب المفرد) (٨١) والحديث ليس عند ابن ماجه.

لەجیاتی خوا بتانێکن لەبەر خۆشەویستی نێوانتاندا لە ژیانی دنیادا دەیانپەرستن لەپاشان لە ڕۆژی دواییدا هەندێکتان بێزاری دەردەبڕن لە هەندێکی ترتان(دان نانێن بە یەکتریدا) وە نەفرین لە یەکتری دەکەن جێگاشتان ئاگری دۆزەخە وە هیچ یارمەتی دەرێکیشتان نیە).

ئیبنولقەییم وتوویەتی: دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُواْ مِنَّا كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾﴾ **البقرة.** (واتە: کاتێك کە پێشەواکان یەخە هەڵنەتەکێنن لەوانەی لەدنیادا دوایان کەوتوون وە سزایان(بەچاوی خۆیان) بینی وە هەموو پەیوەندیەکیان پچڕایەوە* وە ئەوانەی کە دوایان کەوتبوون وتیان خۆزگە ئێمە بگەڕاینایەتەوە بۆ دنیا تا یەخەمان لێ هەڵ بتەکاندنایە هەروەك ئەوان یەخەیان لە ئێمە هەڵتەکاند ئاوا خوا کردەوەکانیان نیشان ئەدات بە داخ لەسەر دڵیان وە ئەوان دەرچوونیان نیە لە ئاگر) ئەو پێشەواو شوێنکەوتراوانە لەسەر هیدایەت و ڕێنمایی بوون، شوێنکەوتووەکانیشیان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لەسەر ڕێگای ئەوانن و پەیڕەویان دەکەن، بەڵام پێچەوانەی ئەوان بوون و ڕێگایەکی دیکەیان گرتە بەر، پێیان وابوو خۆشەویستیان بۆ پێشەواکانیان سوودیان پێ دەگەیەنێ، لەگەڵ ئەوەی پێچەوانەی ئەوان دەجوڵان، بێگومان لەڕۆژی دواییدا پێشەواکانیان خۆیان بەری دەکەن لێیان، چونکە ئەوان پێشەواکانی خۆیانیان کرد بە پشتیوان لە جیاتی خوا، ئەمەش حاڵی هەر کەسێکە کە لەجیاتی خوا دۆست و پشتیوان بۆ خۆی دابنا و لەپێناویدا دژایەتی بکات و ڕازی بێ پێی و لەبەر ئەو تووڕە ببێ، بێگومان هەموو کردەوەکانی پووچ و بەتاڵە، لەڕۆژی دواییدا حەسرەت بۆ ئەو کردەوە زۆرانە دەخوا کە لەپێناویدا ماندوو بووە، چونکە دۆستایەتی و دژایەتی و خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەو سەرکەوتنی و پێشخستنی غەیری خۆی بەسەر خۆیدا تەنها بۆ خواو پێغەمبەرەکەی نەبووە، بۆیە خوا ﷻ هەموو ئەو کردەوانەی پووچ کردۆتەوە، وە هەموو ئەو سۆزو خۆشەویستیانەی پچڕاندووە، جا لەڕۆژی دواییدا هەموو هۆکارو پەیوەندی و خۆشەویستیەك دەپچڕێ کە لەپێناو غەیری خوادا بووە، تەنها هۆکارێکی گەیەنەر دەمێنێ لەنێوان بەندەو پەروەردگاری، ئەویش بەشێتی لە کۆچکردن بۆ لای خواو بۆ لای پێغەمبەرەکەی و پەرستشی تەنها بۆ خوایە، لەخۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە و بەخشین و نەبەخشین و دۆستایەتی و دژایەتی و نزیك کردنەوەو دوور خستنەوە، وە یەکلابوونەوە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ بە یەکلابوونەوەیەکی تەواو، دوور لەهەموو کەمو و کوڕی و لاکردنەوەیەك بۆلای غەیری ئەو، چ جای ئەوەی هاوبەش لە نێوان خواو غەیری خوادا دابنێ، وە چ جای پێشخستنی قسەی غەیری خوا بەسەر قسەی خوادا، ئا ئەم هۆکارە لە خاوەنەکەی جیانابێتەوەو ناپچڕێ، ئەمە ئەو خاڵە سەرەکیەیە لەنێوان بەندەو پەروەردگاری، ئەویش خاڵی پەرستشی یەکلاکەرەوەیە، ئەمەش ئەو قوڵفەیە کە کردەوە پیایدا هاتووچۆ دەکات سەرەنجامەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەوەش بەدەست نایەت مەگەر بە یەکلابوونەوەو شوێنکەوتنی پێغەمبەران، چونکە ئەم پەرستشە لەسەر زمانی ئەوان هاتووە، نازانرێ مەگەر لە ڕێگای ئەوانەوەو شوێنکەوتنیان، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُواْ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾﴾ **الفرقان.** (واتە: هاتین هەر کردەوەیەکیان کردبوو هەموویمان وەکو

تۆزی پەرش و بڵاو لێ کرد) ئەمە ئەو کردەوانەیە لەدنیادا لەسەر سوننەت و ڕێگای پێغەمبەران نەبووە، وە لەپێناوی غەیری خوادا ئەنجام دراون، خوا ﷻ دەیانکا بە تەپ و تۆزی پەرش و بڵاو، خاوەنەکەی هیچ سودێکیان لێ وەرناگرێ، ئەمەش بە مەزنترین ئاخ و حەسرەت دادەنرێت لەڕۆژی دواییدا، کاتێ کە مرۆڤ کۆششەکانی ببینێ پووچ بوونەتەوە، بێگومان بەختەوەر بوون ئەوانەی کۆششیان کردو کردەوەی چاکیان ئەنجامدا و سودمەند بوون بە کۆششەکانیان.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیر کردنی ئایەتەکەی سورەتی (البقرة).

دووەم: تەفسیر کردنی ئایەتەکەی سورەت (براءة).

سێیەم: خۆشویستنی پێغەمبەر پێویستەو دەبێ پێش بخرێ بەسەر نەفس و ماڵ و منداڵ.

چوارەم: نەفی کردنی ئیمان بەڵگە نیە لەسەر دەرچوون لە ئیسلام.

پێنجەم: بێگومان ئیمان تام و چێژی خۆی هەیە هەندێ جار مرۆڤ هەستی پێ دەکات و هەندێ جاریش هەستی پێ ناکات.

شەشەم: ئەو چوار کردەوەی دڵ، کە پشتیوانی خوا بەدەست نایەت مەگەر بە ئەنجامدانیان، وە هیچ کەسێك لەزەت لە ئیمان نابینێ مەگەر بەجێبەجێ کردنیان.

حەوتەم: تێگەیشتنی هاوەڵان لە واقیع کە زۆربەی برایەتی خەڵکی لەسەر کارووباری دنیایە.

هەشتەم: تەفسیر کردنی: ﴿وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ ١٦٦﴾.

نۆیەم: هەندێ لە هاوبەشدانەران هەن خوایان زۆر خۆش دەوێ.

دەیەم: هەڕەشە کردن لەسەر ئەو کەسەی کە ئەو هەشت دانەیە خۆشەویستر بێ لەلای لە ئاینەکەی.

یازدە: هەرکەسێك هاوبەشێك دابنا خۆشەویستیەکەی یەکسان بکات بەخۆشەویستی خوا، ئەوە هاوبەشدانانی گەورەیە.



بەشی ٣١

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾ آل عمران.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەڕاستی ئەوەی ئێوە سارد دەکاتەوە تەنها شەیتانە کە دۆست و برادەرانی خۆی دەترسێنێ جا ئێوە لێیان مەترسن وە لەمن بترسن ئەگەر ئێوە بڕوادارن).

.....

ترس (الخوف) لە چاکترین پایەکانی ئاین و گەورەترینیانە، وە گرنگترین جۆرەکانی پەرستشە کە پێویستە بە دڵسۆزی بۆ خوا ئەنجام بدرێت. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ **الأنبياء.** (واتە: وە ئەوان (فریشتەکان) لە ترس و هەیبەتی خوا زۆر دەترسن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ **النحل.** (واتە: لەلای پەروەردگاریان دەترسن کە لە سەرخۆیانەوەیە، هەر فەرمانێکیان پێ بکرێت جێبەجێی دەکەن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ ﴿٤٦﴾ ﴾ **الرحمن.** (واتە: وە بۆ ئەو کەسەی لە وێستانی بەردەمی پەروەردگاری بترسێ هەیە دوو باخی خۆش) وە فەرموویەتی: ﴿ فَإِيَّٰىَ فَٱرْهَبُونِ ﴿٥١﴾ ﴾ **النحل.** (واتە: کەواتە هەر لە من بترسن) وە خوای بەرز فەرموویەتی: ﴿ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ ﴿٤٤﴾ ﴾ **المائدة.** (واتە: کەواتە لە خەڵکی مەترسن بەڵکو تەنها لەمن بترسن) نموونەی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا زۆر زۆرن.

بەشەکانی تـــرس

ترس (الخوف) لەو ڕووەی کە هەیە دەبێتە سێ بەشەوە:

یەکەم: ترسی نهێنی، ئەویش ئەوەیە لە غەیری خوا بترسێ لە بتێك بێت یا طاغووتێك لەوەی تووشی نارەحەتیەکی بکات، وەك خوا ﷻ دەربارەی گەلی هود عليه السلام فەرموویەتی، ئەوان پێیان وت: ﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٥٤ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ٥٥﴾ هود. (واتە: ئێمە تەنها ئەوە بەتۆ دەڵێین هەندێ لە پەرستراوەکانمان تووشیان کردووی بە (شێتی) وتی: بەڕاستی من خوا دەکەم بە شایەت و ئێوەش شایەت بن کە بەڕاستی من بەریم و دوورم لەوەی کە ئێوە دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا* جگە لەخوا جا هەمووتان پیلانم لێ بگێڕن لە پاشان مۆڵەتیشم مەدەن و لێم مەوەستن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ ٣٦﴾ الزمر. (واتە: وە دەتترسێنن بەوانەی جگە لە خوان (کە بتەکانیانە)، ئەمە حەقیقەتی گۆڕپەرستەکان و وێنەی ئەوانە کە لە گۆڕەکان دەترسن، یەکتاپەرستانیشی پێ دەترسێنن، ئەگەر نکوڵی پەرستشی بتەکانیان لێ بکەن و فەرمانیان پێ بکەن بە پاڵفتەکردنی یەکتاپەرستی بۆ خوا، ئەمەش پێچەوانەی یەکتاپەرستیە.

دووەم: مرۆڤ واز لەوە بهێنێ کە پێویستە لەسەری لەترسی هەندێ لە خەڵکی، ئەمەش قەدەغەکراوە و جۆرێکە لە هاوبەشدانان بۆ خوا کە پێچەوانەی تەواوێتی یەکتاپەرستیە، ئەمە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەیە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ ١٧٣ فَٱنقَلَبُواْ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ لَّمۡ يَمۡسَسۡهُمۡ سُوٓءٞ وَٱتَّبَعُواْ رِضۡوَٰنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَظِيمٍ ١٧٤ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ١٧٥﴾ آل عمران. (واتە: ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەوتن بەڕاستی خەڵکی بێ باوەڕ لەشکرو کۆمەڵی زۆریان کۆکردۆتەوە لە دژتان کەواتە بترسن لێیان کەچی ئەوان (ئیمانداران) بەمە باوەڕیان زیاد بوو وە وتیان: هەر خوامان بەسە چەند پشت پێ بەستراوێکی چاکە* ئینجا گەڕانەوە بۆ مەدینە بە بەهرەی گەورەوە (کە سەلامەتیە) وە فەزڵ و پاداشت لەلایەن خواوەیە هیچ زیان و ناخۆشیەکیان تووش نەبوو ئەوان شوێنی ڕەزامەندی خوا کەوتن وە خوا خاوەنی بەهرەی گەورەیە* بەڕاستی ئەوەی ئێوە سارد دەکاتەوە تەنها شەیتانە کە دۆست و برادەرانی خۆی دەترسێنێ جا ئێوە لێیان مەترسن وە لەمن بترسن ئەگەر ئێوە بڕوادارن) وە لە فەرمودەدا هاتووە: **(إِنَّ اللَّهَ تعالى يَقُولُ لِلْعَبْدَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: مَا مَنَعَكَ إِذَا رَأَيْتَ الْمُنْكَرَ أَنْ لا تغيره؟ فيَقُولُ: رَبِّ خشية النَّاسِ، فيقول: إياى كُنت أحق أن تخشى)**[1]. واتە: خوا لە ڕۆژی دواییدا بە بەندەکەی دەڵێ: چی ڕێگری لێت کرد کاتێك تۆ خراپەیەکت دەبینی و ڕێگریت لێ نەدەکرد؟ دەڵێ: پەروەردگارم لە ترسی خەڵکی، خوا دەفەرموێ: حەق وابوو تۆ لە من بترسیایەی.

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الفتن (٤٠٠٨)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٦٨٧٢)، وانظر للأهمية (الصحيحة) (٩٢٩).

سێیەم: ترسی سروشتی، ئەویش ترسانە لە دوژمن یان درندە یا جگە لەوە. ئەمە سەرزەنشت ناکرێ. وەك خوا فەرموویەتی لە چیرۆکی مووسادا: ﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ ﴿٢١﴾﴾القصص. (واتە: ئەویش لەشار دەرچوو بە ترسەوە چاوەڕوانی دەکرد).

وە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ ﴿١٧٥﴾﴾ واتە: بە دۆستەکانی دەتان ترسێنێ ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ﴾ ئەمەش قەدەغەکردنێکە لە لایەن خواوە کە لە غەیری ئەو بترسن، وە فەرمانیشە بۆیان تەنها لە خوا بترسن، لەکەس نەترسن جگە لە ئەو. ئەمە بریتیە لەو دڵسۆزییەی کە خوا فەرمانی کردوە بە بەندەکانی و پێی ڕازی بووە. جا ئەگەر بە دڵسۆزی لێی بترسن و هەموو پەرستشەکانی بۆ ئەنجام بدەن بە پاکی، ئەوەی ئەوان ئومێدی دەکەن پێیان دەبەخشێ و ئەمینیان دەکات لە مەترسیەکانی دنیاو دواڕۆژ، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾﴾الزمر. (واتە: ئایا خوا بۆ بەندەی خۆی پێغەمبەر ﷺ بەس نیە؟ وە دەتترسێنن بەوانەی جگە لە خوان (بتەکان)، وەهەرکەس خوا لاڕێی بکات ئیتر هیچ کەس ناتوانێ ڕێبەری بێت).

ئیبنولقەییم دەڵێ: وە لە فێڵەکانی دوژمنی خوا: بڕوادارانی دەترسێنێ بە سەربازو دۆستەکانی شەیتان، بۆ ئەوەی جیهادیان نەکەن و فەرمانیان پێنەکەن بە چاکە و ڕێگریان نەکەن لە خراپە. خوا هەواڵی داوە بێگومان ئەمە لە فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان و ترساندنەکانیەتی. قەدەغەی لێ کردوین لێی بترسین. وتویەتی: لە لای هەموو ڕاڤەزانان مانای ئەوەیە: دەیانترسێنی بە دۆستەکانی. قەتادە وتویەتی: گەورەیان دەکەن لەناو دڵەکانتان. جا تا ئیمانی بەندە بەهێز تر بێت ترسی دوژمنانی شەیتان لە دڵیدا نامێنێ، وە تا ئیمانی لاواز بێت ترسی لە دۆستانی شەیتان بەهێز دەبێ، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دڵسۆزی ترس لە تەواوی مەرجەکانی ئیمانە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾﴾التوبة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەڕاستی مزگەوتەکانی خوا ئاوەدان دەکاتەوە کەسێك کە بڕوای هێنابێت بەخوا و بەڕۆژی دوایی و نوێژەکانی بەجێ هێنابێ و زەکاتی دابێ و لە کەس نەترسابێ بێجگە لە خوا جا بەڵکو ئەوانە لەو کەسانە بن کە ڕێنموونیی کراون).

•••••••

دەبێت، هاوبەشدانەریش ئەگەر چی کردەوەش بکات کردەوەکەی ﴿كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا﴾ **النور**. (واتە: وەکو سەرابێك وایە لە بیابانێکدا بریسکە بداتەوە کەسێکی زۆر تینوو بە ئاوی دەزانێ لە دورەوە بە پەلە دەڕوات بۆی کاتێ دەگاتە لای هیچ بەدی ناکات) وە ﴿كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ **إبراهيم**. (واتە: وەك خۆڵەمێشێك وایە بە توندی با لێی هەڵکردبێت لە ڕۆژێکی ڕەشەبای سەختدا) ئەو کردوەش بەو شێوەیە بوو ئەوە نەبوون چاکترە بۆی، مزگەوت ئاوەدان نابێتەوە مەگەر بە ئیمانێك کۆڵەکەکەی یەکتاپەرستی بێت لەگەڵ کردوەی چاك، پاك لە کەموکوڕی هاوبەشدانان و بیدعە، هەموو ئەوانەش لە ناوەڕۆکی بڕواهێنانی ڕەهایە لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ ئیبنوعەطیە وتویەتی: مەبەستی پێی ترسی بە مەزندانان و پەرستش و گوێڕایەڵیە، گومانی تێدا نیە مرۆڤ لە شتە مەترسیدارە دنیاییەکان دەترسێ، پێویستە لە هەموو ئەمانەدا قەزاو قەدەری خوا و هەڵسوڕاندنی لەبەرچاو بگیرێت.

ئیبنولقەییم وتویەتی: ترسان پەرستشی دڵە، ناگونجێ مەگەر بۆ خوا، وەك زەلیلی و گەڕاندنەوە و خۆشەویستی پشتبەستن و ئومێدو جگە لەوانیش لە پەرستشی دڵ.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ ئیبنوئەبی **طەلحە** لە ئیبنوعەباسەوە گێڕاویانەتەوە: دەڵێ: بێگومان ئەوانە ڕێنمایی کراون، هەر (عسی)یەك لە قورئاندا هاتبێ بۆ پێویست بوونە.

وە لە فەرموودەدا هاتووە: (**إذا رَأَيْتُمْ الرَّجُلَ يَعْتَادُ المسجد فَاشْهَدُوا له بِالْإِيمَانِ**)[1]. واتە: ئەگەر کەسێکتان بینی عادەتی گرتووە بە مزگەوتەوە و هاتوو چۆی دەکات ئەوە شایەتی ئیمانی بۆ بدەن) خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾ ئەحمەدو ترمزی و حاکم لە ئەبی سەعیدی خودری گێڕاویانەتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قوله: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ﴾ **العنكبوت.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (هەندێ لە خەڵکی دەڵێن بڕوامان بەخوا هێناوە، ئینجا کاتێ سزا بدرێ لە پێناو خوادا، ئازارو سزای خەڵکی وەکو ئازارو سزای خوا دادەنێ).

.....

ئیبنوکەثیر وتویەتی: خوا هەواڵ دەدا دەربارەی سیفاتی کۆمەڵێك لە بەدرۆخراوان کە بە زمانیان بانگەشەی ئیمان دەکەن، بەڵام لە دڵیاندا نەچەسپیوە: ئەوانە ئەگەر تووشی بەڵاو ناخۆشیەك ببن

---

(١) أخرجه الترمذي في الإيمان (٢٦١٧)، وفي التفسير (٣٠٩٣)، وابن ماجه في المساجد (٨٠٢)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترغيب (٢٠٣).

لە دنیادا، وادەزانن ئەوە تۆڵەسەندنێکە لە لایەن خوا، بۆیە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە. ئیبنوعەباس وتویەتی: مەبەست لە (فتنة) ئەوەیە هەڵدەگەڕێتەوە لە دینەکەی ئەگەر لە سزا بدرێ.

ئیبنولقەییم وتویەتی: خەڵکی ئەگەر پێغەمبەریان بۆ بنێردرێ لە نێوان دوو شت دان: یان یەکێکیان دەڵێ: بڕوامان هێنا، یان ئەوە نالێ، بەڵکو بەردەوام دەبێ لەسەر تاوان و بێ بڕوایی، جا هەرکەسێك وتی بڕوامان هێناوە خوا تاقی دەکاتەوە و تووشی بەڵاو ناڕەحەتی دەکات، بۆ ئەوەی ڕاستگۆ لە درۆزن جیابێتەوە، وە هەرکەسێك نەڵێ: بڕوامان هێناوە. با وانەزانێ خوا دەستەوسان دەبێ لە سزادانی و سزا نادرێ، جا هەرکەسێك بڕوا بە پێغەمبەران بهێنێ و گوێڕایەڵیان بکات دوژمنەکانیان دژایەتی دەکەن و سزاو ئازاری دەدەن، وە تاقی دەکرێتەوە بەوەی ئازاری دەدات، ئەوەشی بڕوایان پێنەهێنێ و گوێڕایەڵیان نەکات لە دنیاو دواڕۆژدا سزا دەدرێت و ئازاریش دەدرێت، جا ئەم ئێش و ئازارە مەزنتر و بەردەوامترە لە ئازاری شوێنکەوتووانی پێغەمبەران. هەموو نەفسێك هەر دەبێ ئازار بچێژێ، بڕوابهێنێ یان پشت بکات لە بڕواهێنان، بەڵام بڕوادار سەرەتا لە دنیادا تووشی ئازار و ناخۆشی دەبێ، پاشان سەرئەنجام هەر بۆ ئەو دەبێ لەدنیاو دواڕۆژ، ئەو کەسەیشی پشتی کردوە لە بڕواهێنان سەرەتا لەزەت و خۆشی دەبینێ، پاشان بەهەمیشەیی ئازار دەدرێ، وە مرۆڤ هەر دەبێ لەگەڵ خەڵکیدا بژی، خەڵکیش ئیرادەو ویست و ئارەزوویان هەیە، داوای ئەوەی لێ دەکەن کە لەگەڵیاندا دەگونجێ، جا ئەگەر لەگەڵیاندا نەگونجا ئازارو سزای دەدەن، وە ئەگەر لەگەڵیاندا گونجا هەندێ جار لەلایەن ئەوانەوە سزا دەدرێ، هەندێ جار لەلایەن غەیری ئەوانیشەوە، وەك کەسێك خاوەن ئاین و دینداری بێ و خۆ پارێز بێ و لەناو گەلێکی تاوانبارو ستەمکاردا بژی، بێ بەش نابێ لە ستەم و تاوانیان مەگەر بەگونجانی لەگەڵیاندا یان بێدەنگی لەئاستی تاوانەکانیان، جا ئەگەر گونجا لەگەڵیاندا یان بێدەنگ بوو لەئاستی تاوانەکانیان، ئەوە سەرەتا پارێزراو دەبێ لەشەڕو خراپەیان، پاشان زاڵ دەبن بەسەریدا بە ئیهانە کردن و ئازاردانی، چەند قات لەوەی سەرەتا لێی دەترسا، ئەگەر نکوڵیان بکردایە و پێچەوانەیان بجوڵایەتەوە، ئەگەر پارێزراو بوو لەشەڕیان ئەوە هەر دەبێ سەرزەنشت بکرێ و سزا بدرێ لەسەر دەستی کەسانی دیکە.

جا خۆڕاگربە لە دەست گرتن بەوەی دایکی ئیمانداران عائیشە بە موعاویەی وت: (**مَنْ أَرْضَى اللَّهَ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّه مُؤْنَةَ الناس. وَمَنْ أَرْضَى الناس بِسَخَطِ اللَّهِ لم يغنوا عنه الله شيئاً**)[1] واتە: هەرکەسێ خوا لەخۆی ڕازی بکات لەبەرانبەر ناڕەزایی خەڵکیدا ئەوە خوای بەسە لە یارمەتیدانی خەڵکی. وە هەر کەسێ خەڵکی ڕازی بکات لەبەرانبەر ناڕەزایی خوادا ئەوە هیچ سوودی پێ ناگەیەنن لەئاستی توڕەبوونی خوادا.

جا هەرکەسێك خوا هیدایەتی دابێ و ژیری و عاقڵی پێ بەخشیبێ و پاراستبێتی لەشەڕو خراپەی نەفس و دەروونی، ئەوە بەرهەڵستی کردوە لە بێدەنگ بوون و گونجان لەسەر کاری قەدەغە کراو، وە ئارامی گرتووە لەسەر دژایەتی کردنیان، پاشان دەرئەنجامی بۆ دەبێ لەدنیا و دواڕۆژدا، وەك چۆن پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیان دەرئەنجامی چاکیان بووە.

---

(١) أخرجه الترمذي في الزهد (٢٤١٤)،موقوفا ومرفوعا، وصححه الشيخ الألباني موقوفا، مرفوعا كما في الصحيحة (٢٣١١).

پاشان خوا ﷻ هەواڵیداوە دەربارەی حاڵی ئەو کەسەی بڕوادەهێنێ بەبێ بەرچاو ڕوونی، ئینجا کاتێ ئازار بدرێ لە پێناو خوادا، ئەو ئازاردانەی خەڵکیە وەك ئەوە سەیر دەکات و کە خوا سزای داوە (ئەوەندە بەلایەوە قورسە)، ئازارو سزای خەڵکی کە بریتیە لەو ئازارەی هەردەبی پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان لەسەر دەستی ستەمکاران بیچەژن، هەڵدێ لەو سزایە وەکو چۆن بڕوادارانی لە سزای خوا هەڵهاتوون بە بڕواهێنانیان.

جا بڕوادارانی بەهۆی کەماڵی بەرچاو ڕوونیان لەسزای خوا ڕایانکردوە بۆلای ئیمان، وە لەو پێناوەدا بەرگەی ئەو ئێش و ئازارە کاتیەیان گرتووە. ئەمەش بەهۆی لاوازی بەرچاو ڕوونیەوە ڕایکردوە لەئێش و ئازاری دوژمنانی پێغەمبەران بۆ بەگوێ کردن و شوێنکەوتنیان، جا لەئێش و ئازاری ئەوان ڕایکردوە بۆ لای سزای خوا، جا ئازاری فیتنەو بەلآی خەڵکی لە ڕاکردن لێی لەئاستی سزای خوا داناوە، جا بە تەواوی خەسارەت مەند بووە کاتێ کە پەنای بردە بەر شکاندنی تینوێتی بۆلای ئاگر، وە ڕای کرد لەسزای ساتێك بۆلای سزای هەمیشەیی، وە ئەگەر خوا ﷻ سەربازو دۆستانی خۆی سەربخات، پێیان دەڵێ من لەگەڵ ئێوە بووم، خوا ﷻ زاناترە بەو نیفاق و دوو ڕوویەی کە لەدڵیدایە.

وە ئایەتەکەدا بەڕەچدانەوەی (**المرجئة والكرامية**)ی تێدایە، وە ڕوەکەشی: وتەکەیان هیچ سوودێکی نەگەیاند کە وتیان: بڕوامان بەخوا هێناوە، لەگەڵ ئارام نەگرتنیان لەسەر ئازاردانی ئەو کەسانەی کە لەبەر باروەڕ بەخوا دژایەتیان دەکەن، جا وتەو بەڕاستدانان بەبێ کردەوە سوود ناگەیەنێ، ئیمانی ڕاستەقینە هیچ سوودێکی نابێ بۆ ئادەمی مەگەر بە کۆکردنەوەی ئەم سیانە: بەڕاستدانان بەدڵ و کردەوەی، وە وتنی بەزمان، وە کردەوە کردن بە ئەندامەکان. ئەمەش وتەی ئەهلی سوننەو جەماعەیە پێشین و پاشینیان، خوا زاناترە بەوە.

وە تێیدایە: کە ئەبێ بترسن لە ماستاوچێتی و سازش کردن بۆ خەڵکی، پاریزراویش ئەوکەسەیە خوا پاراستبێتی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عَن أبي سعيد مرفوعا: (إنَّ مِن ضَعف اليَقينِ أن ترضَى النَّاسَ بِسَخَطِ اللهِ، وأن تَحْمَدَهم على رزقِ اللهِ، و أنْ تَذُمَّهم عَلى مَا لم يُؤْتِكَ اللهُ، إن رِزْقَ اللهِ لا يَجُرُّهُ إِلَيْكَ حِرْصُ حَرِيصٍ، وَلا يردُّهُ كَرَاهِيَةُ كَارِهٍ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی سەعید بە مەرفوعی هاتووە: بێگومان لە لاوازی یەقین و دڵنیایی: ئەوەیە خەڵکی ڕازی بکەیت لەبەرانبەر ئەوەدا خودا لە خۆت ناڕازی بکەیت، ستایشی خەڵکی بکەیت لەسەر ئەوەی خوا ڕزقی داوی، سەرزەنشتی خەڵکی بکەیت لەسەر ئەوەی خوا شتێکی پێ نەخەشیوی، بێگومان ڕزق و ڕۆزی خوا کەسانی هەوڵدەر ناتوانن بۆتی ڕابکێشن، کەسانێکیش پێیان ناخۆش بێت ناتوانن ڕێگری بکەن.

---

(١) أخرجه أبو نعيم في الحلية ٥ / ١٠٦، والبيهقي في الشعب الإيمان (٢٠٣)، وقال الشيخ الألباني: موضوع، الضعيفة (١٤٨٢).

ئەم فەرموودەیە ئەبو نوعەیم لە کتێبی (الحلية) و بەیهەقی گێڕوایانەتەوە، بە هۆی موحەممەدی کوڕی مەروان لەسەنەدەکەیدا (تعليل)ی کردووە، وتویەتی: لاوازە، هەروەها عەطیەی عوفیشی تێدایە: ئیمامی زەهەبی لە ڕیزی لاوازەکاندا باسی کردوە، وە موسای کوڕی بیلال، ئەزدی وتویەتی: کەوتوو (ساقط)ە، مانای فەرموودەکەش ئەوەیە: (خوا بە حیکمەت و دانایی خۆی چێژ و خۆشی داناوە لە ڕەزامەندی و دڵنیایی، خەم و خەفەتیشی لە گومان و دوو دڵی و تورەییدا داناوە).

ئەگەرچی ئیسنادەکەی ئەوانەی تێدایە کە باسکرا بەڵام ماناکەی تەواوە.

وتەی: (إِنَّ مِن ضَعف اليَقينِ) (الضعف) لاوازی دژی بەهێز بوونە، بە (فتح)ەی (ضاد) بە مانای لاوازی دێت لە بۆچوونداء وە بە (ضم)ەی (ضاد) بە مانای لاوازی دێت لە جەستە. وە (اليقين) بە مانای کەمائی ئیمان دێت. ئیبنومەسعود وتویەتی: یەقین و دڵنیایی هەموو ئیمانە، ئارامگرتنیش نیوەی ئیمانە[1]. ئەبو نوعەیم لە کتێبی (الحلية)دا ڕیوایەتی کردوە، بەهەمان شێوە بەیهەقیش لە فەرموودەکەی بە مەرفوعی باسی کردوە.

وتویەتی: هێنانە جێ ی باوەڕیش هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەیە قەدەری پێشکەوتووە، وەك لە فەرموودەی ئیبنوعەباس بە مەرفوعی هاتووە: (**فإن استطعت أن تعمل بالرضى في اليقين فافعل، فإن لم تستطع فإن في الصبر على ما تكره خيرا كثيرا**)[2]. واتە: ئەگەر توانیت بە یەقینی کار بۆ ڕەزامەندی خوا بکەیت ئەوە بیکە، ئەگەر نەتوانی بێگومان ئارامگرتن لەسەر ئەوەی پێت ناخۆشە چاکەیەکی زۆری تێدایە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا چۆن کار بە یەقینی بکەم؟ فەرمووی: (**أَن تَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَأَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ**)[3]. واتە: (کە بزانە بەڕاستی ئەوەی تووشت بووە نەدەبوو تووشت نەبێت و نەیەت بەسەرتدا، ئەوەش کە تووشت نەبوەو نەهاتووە بە سەرتدا نەدەبوو تووشت ببێت و بەسەرتدا بێت).

وتەی: (**أن تُرضِيَ النَّاسَ بِسَخَطِ اللهِ**) واتە: ڕەزامەندی خەڵکی پێش بخەی بەسەر ڕەزامەندی خوا، ئەویش لەکاتێکدا دەبێ بە دڵی هەڵنەسابێ بە بەگەورەدانانی خواو لێ ترسانی کە ڕێگری لێ بکات لە ڕازی کردنی بەندە کە بەو هۆیە تورەیی و خەشم و قینی پەروەردگاری بۆ پێویست دەبێت، ئەو زاتەی دڵەکان هەڵدەسوڕێنێ و خەم و پەژارەکان دەڕەوێنێتەوەو لە گوناهەکان خۆش دەبێ.

وە بەم شێوەیە دەچێتە ناو جۆرێك لە هاوبەشدانان، چونکە ڕەزامەندی بەدیهێنراوی داوە بەسەر ڕەزامەندی خوا، وە خۆی نزیك کردوەتەوە لێی بەوەی خوای پێی ناڕازیە، ڕزگار نابێ لەمە مەگەر ئەوکەسەی خوا سەلامەتی کردبێ، وە سەرکەوتووی کردبێ بۆ ناسینی و ناسینی ئەوەی دروستە لەسەری بیزانێ لە چەسپاندنی سیفاتەکانی بەو جۆرەی شیاوە بە مەزنی و گەورەیی ئەو،

---

(١) علقه البخاري في الإيمان باب قول النبي ﷺ: بني الإسلام على خمس)، وهو موصول عند وكيع في الزهد (١٩٧)، وإسناده صحيح، وأيضاً عزاه الهيثمي ١ / ٢٢٠، للطبراني، وقد ورد مرفوعاً ولكنه لا يصح، والصحيح هو الموقوف كما في الضعيفة (٤٩٩).

(٢) أخرجه أبو نعيم في الحلية (٣١٤/١)، وإسناده ضعيف فيه مجهولان.

(٣) أخرجه الآجري في الشريعة (٤٢٣)، وإسناده ضعيف، وأيضا ضعفه ابن رجب في الجامع العلوم والحكم (١٩٤).

وە بە پاك ڕاگرتنی لە هەموو ئەوانەی پێچەوانەی کەماڵی خوایە، وە ناسینی یەکتاپەرستی خوا لە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی.

وتەی: (**وأن تَحْمَدَهم على رزقِ اللهِ**) واتە: ستایشیان بکەی لەسەر ئەو ڕزق و ڕۆزیەی لەسەر دەستی ئەوان پێت گەیشتووە، بەوەی بیدەیتە پاڵیان و ستایشیان بکەی لەسەری. چونکە لە ڕاستیدا خاوەن فەزڵ و چاکە خوای تاك و تەنهایە کە ئەندازەی ئەو ڕزق و ڕۆزیەی کردوە بۆ تۆو گەیاندویەتی پێت، خوا ئەگەر کارێکی بوێ هۆکاریشی بۆ ئامادە دەکات، ئەمەش پێچەوانەی ئەم فەرموودە نیە کە دەفەرموێ: (**مَن لَا يَشْكُرُ الناس لَا يَشْكُرُ اللَّهَ**)[1]. واتە: ئەوەی سوپاس گوزاری خەڵك نەکات سوپاس گوزاری خوا ناکات. چونکە سوپاس کردنی خەڵکی بە پارانەوە دەبێ بۆیان، لەبەر ئەوە خوا ﷻ لەسەر دەستی ئەوان ئەو ڕزق و ڕۆزیەی گەیاندووە، بۆیە بۆیان دەپارێتەوە یان پاداشتیان دەداتەوە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ فَادْعُوا لَهُ حَتَّى تَرَوَا أَنَّكُم قَدْ كَافَأْتُمُوهُ**)[2]. واتە: هەرکەسێك چاکەیەکی لەگەڵ کردن پاداشتی بدەنەوە، ئەگەر نەتانتوانی پاداشتی بدەنەوە ئەوە دوعای خێری بۆ بکەن تا وابببنن ئێوە پاداشتان داوەتەوە) جا دانەپاڵی چاکە بۆلایان لەبەر ئەوەیە ئەوان بونەتە هۆکاریێ بۆ گەیاندنی چاکە بە تۆ، ئەوەیشی ئەندازەی کردوەو ناردوویەتی تەنها خوایە.

وتەی: (**وأن تَذُمَّهم على ما لم يُؤْتِكَ الله**) چونکە ئەوەی داوات کردوە خوا ﷻ ئەندازەی نەکردوە بۆت لەسەر دەستی ئەوان، جا ئەگەر خوا ئەندازەی کردبایە ئەوە بێگومان دەگەیشت بە تۆ. جا هەرکەسێ بزانێ ئەوەی دەبەخشێ و ڕێگری دەکات تەنها خوایە، وە تەنها ئەو ڕزق و ڕۆزی بەندە دەدات بەهۆکارو بەبێ هۆکار، لەو ڕوەوە کە هەرگیز گومانی بۆ نەبردوە، ئەوە ستایشی هیچ بەدیهێنراوێك ناکات لەسەر پێدانی ڕزق و ڕۆزی، وە سەرزەنشتیشی ناکات لەسەر ڕێگریکردن، کاری خۆی دەداتە دەستی خوا و پشت بە ئەو دەبەستێ لەکارووباری دین و دنیای، بێگومان پێغەمبەر ﷺ ئەم مانایەی جێگیر کردوە وەك لە یەکێك لە فەرمودەکانیدا فەرموویەتی: (**إِن رِزْقَ اللهِ لا يَجُرُّهُ إِلَيْكَ حِرْصُ حَرِيصٍ، وَلا يردُّهُ كَرَاهِيَةُ كَارِهٍ**)[3]. (واتە: بێگومان ڕزق و ڕۆزی خوا کەسانی هەوڵدەر ناتوانن بۆتی ڕابکێشن، کەسانێکیش پێیان ناخۆش بێت ناتوانن ڕێگری بکەن.) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٢﴾ **فاطر**. (واتە: خوا هەر بەهرەو چاکەیەك بۆ خەڵك بەرەڵا بکات و بیکاتەوە ئیتر بەرگری کەرێکی بۆ نیە وە خوا هەر بەهرەیەك بگرێتەوە ئیتر لەپاش گرتنەوەی خوا بەرەڵآ کەرو نێرەری بۆ نیە وە خوا زاڵی کار دروستە).

شێخی ئیسلام دەڵێ: یەقین و دڵنیایی، دڵنیایی لەخۆ دەگرێ لە بەجێهێنانی فەرمانی خواو لەوەشی خوا پەیمانی داوە بە ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی دەکەن، هەروەها دڵنیایی لەخۆدەگرێ بە قەزاو قەدەری

---

(١) أخرجه ابو داود في الأدب (٤٨١١)، والترمذي في البر والصلة (١٩٥٤)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٤١٦).

(٢) أخرجه ابو داود في الأدب (٤٨١١)، والنسائي في الزكاة (٢٥٦٧) ابو غدة، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٥٤).

(٣) تقدم تخريجه قريبا من حديث أبي سعيد.

خواو دروستکردنی و بەڕێوەبردنی، جا ئەگەر تۆ خەڵکیت ڕازی کرد لەبەرانبەر تووڕەیی خوادا ئەوە تۆ کەسێکی خاوەن یەقین و دڵنیایی نیت، نە بەرانبەر بەڵێن و پەیمانی خوا، نە بەرانبەر ڕزق و ڕۆزی ئەو، چونکە ئەوەی وا لە ئادەمیزاد دەکات ئەو کارە بکات یان ئەوەیە حەزوو ویستی بۆلای ئەوە دەڕوا کە لەدەستی ئەواندایە، بۆیە واز لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوا دەهێنێ لەبەر ئەوان چونکە ئومێد خێر و چاکەیە پێیان، یان لەبەر ئەوەیە بەڕاستدانانی ئەوەی خوا بەڵێنی داوە بە ئەهلی ئیمان لاوازە هەر لەسەر خستن و پشتگیری لە یارمەتیدان و پشتگیری و پاداشتی دنیا و دواڕۆژ. جا بێگومان ئەگەر تۆ خوا ﷻ لەخۆت ڕازی بکەیت ئەوە یارمەتیت دەدات و ڕزق و ڕۆزیت پێ دەبەخشێ و بێ باکت دەکات لە ئەوان. وە ڕازی کردنی ئەوان بەوەی خوا پێی ناخۆشە تەنها لەبەر ترسانە لێیان و ئومێدبوونە پێیان، بەڕاستی ئەوەش لە لاوازی یەقین و دڵنیاییە، جا ئەگەر خوا ئەوەی پێ نەبەخشیت کەوا گومان دەبەیت ئەوان لەگەڵ تۆدا ئەنجامی بدەن، ئەوە ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆلای خوا نەک بۆلای ئەوان. چونکە خوا هەرشتێکی بوێ دەبێ، وە هەر شتێکیشی نەوێ نابێ، جا ئەگەر تۆ سەرزەنشتی ئەوانت کرد لەسەر ئەوەی خوا ئەندازەی نەکردوە بۆتۆ، ئەوە لە لاوازی یەقین و دڵنیایی تۆیە، کەواتە نە لێیان بترسە، نە ئومێدت پێیان هەبێ، نە لە هەواو هەوەسی خۆتەوە سەرزەنشتیان بکە، بەڵام هەرکەسێك لە ئەوان خوا و پێغەمبەرکەی ستایشی بکەن ئەوە ستایشکراوە، هەر کەسێکیش خواو پێغەمبەرەکەی سەرزەنشتی بکەن ئەوە سەرزەنشتکراوە، وە کاتێ کە یەکێ لە نێردراوانی بەنی تەمیم وتی: ئەی موحوممەد پێم ببەخشە. چونکە بەڕاستی ستایشکردنم جوانە سەرزەنشتکردنیشم ناشرینە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ذاك الله)[1] واتە: ئەوە خوایە.

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی ئیمان زیاد دەکات و کەمیش دەکات، کردەوەکانیش لەناوەڕۆکی ئیماندان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنهما أن رَسُولُ اللَّه ﷺ قَالَ: (مَنِ الْتَمَسَ رِضَى اللَّه بِسَخَطِ النَّاسِ رَضِيَ اللَّه عَنْهُ وَأَرْضَى النَّاسَ عَنْهُ، وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَى النَّاسِ بِسَخَطِ اللَّه سَخَطَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَسْخَطَ عَلَيْهِ النَّاسَ)[2]. رواه ابن حبان في (الصحيحة).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عائیشەوە بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: هەرکەسێك بەدوای ڕەزامەندی خوادا بگەڕێ لەبەرانبەر ئەوەدا خەڵکی لێ ناڕازی بێ و بڕەنجێ، ئەوە خوا لێی ڕازی بووەو خەڵکیشی لێ ڕازی دەکات، وە هەرکەسێك بەدوای ڕەزامەندی خەڵکدا بگەڕێ لەبەرانبەر ئەوەدا خوا لەخۆی تووڕە بکات، ئەوە خوای لێ تووڕە دەبێ، وە خەڵکیش لێی ناڕازی دەبن. ئیبنوحیبان لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە.

.....

ئەم فەرموودەیە ئیبنوحیبان بەم شێوەیە گێڕاویەتیەوە، وە ترمزیش گێڕاویەتیەوە لە پیاوێکی خەڵکی مەدینە، وتی: موعاویە نوسراوێکی نارد بۆ عائیشە، وتی: نوسراوێکم بۆ بنووسە ئامۆژگاریم

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٢٦٧)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي..

(٢) أخرجه ابن حبان (٢٧٦)، وصححه الشيخ الألباني في التعليقات الحسان، وانظر أيضا الحاشية التالية.

بکە تیایدا،وە زۆری مەکە لەسەرم، عائیشەش نوسراوێکی بۆ نووسی: بۆ موعاویە: سەلآوی خوات لەسەر، پاشان من گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (**مَنِ الْتَمَسَ رِضَى اللَّهِ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّهُ مَئونَة الناس، مَنِ الْتَمَسَ رِضَى الناس بِسَخَطِ اللَّهِ وكلَهُ اللهُ إلى الناسِ**) ئەم فەرموودەیە لە پێشەوە ڕاڤە کراوە). سلآوی خوات لەسەر بێت[1].ئەبو نوعەیم لە کتێبی (**الحلية**)دا ڕیوایەتی کردوە.

وتەی: (**مَنِ الْتَمَسَ**) واتە: داوا بکات.

شێخی ئیسلام وتوێەتی: عائیشە نوسراوێکی بۆ موعاویە نووسی، وە ڕیوایەت کراوە ئەوە مەرفوعە: (**مَنْ أَرْضَى اللَّهَ بِسَخَطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللَّهِ مَئونَة الناس. وَمَنْ أَرْضَى الناس بِسَخَطِ اللَّهِ لم يغنوا عنه الله شيئاً**) ئەمەش ئاخاوتنی ئەو فەرموودەیە کە بە مەرفوعی هاتووە. وە ئاخاوتنی مەوقوفەکەش بەم شێوەیە: (**مَنْ أَرْضَى اللَّهَ بِسَخَطِ النَّاسِ رَضِيَ اللَّهِ عَنْهُ، وَأَرْضَى النَّاسَ عَنْهُ، وَمَنْ أَرْضَى الناس بِسَخَطِ اللَّهِ عَادَ حَامِدُهُ مِنَ النَّاسِ لَهُ ذامّاً**) ئەمەش لە مەزنترین تێگەیشتنە لە ئایین، چونکە هەرکەسێ خوا لە خۆی ڕازی بکات لەبەرانبەر تورەیی خەڵکی، ئەوە لێی ترساوەو بەندەی چاکی خوایە،خواش پشتیوانی لە چاکان دەکات، تەنها خوا بەسە بۆ بەندەکەی: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ۝٢ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ ۝٣﴾ **الطلاق**. (واتە: هەرکەسێ خواناس بێت خوا دەروی خێری لێ دەکاتەوە، وە ڕزق و ڕۆزی دەدات لە لایەکەوە بەخەیاڵیدا نەهاتووە) بێگومان خوای بەسە، بەڵام ڕازی بوونی هەموو خەڵکی لێی هەندێ جار ئەمە بەدەست نایەت، بەڵام لێی ڕازی دەبن ئەگەر شوێن هەواو ئارەزوو نەکەون و دەرەنجامیان بۆ ڕوون بێتەوە. (**وَمَنْ أَرْضَى الناس بِسَخَطِ اللَّهِ لم يغنوا عنه من الله شيئاً**) وەك کەسی ستەمکار کە لە ڕۆژی دواییدا دەستەکانی دەگەزێ. بەڵام ئەوکەسەی ستایشی مرۆڤەکانی کردوە(لەبەرانبەر تورەبوونی خوادا) پێچەوانە دەبێتەوە بە سەرزەنشت کردنی، ئەمە بە زۆری ڕوو دەدات و لە دەرەنجامدا دەردەکەوێ، دەرئەنجامیش هەر بۆ تەقواو خواناسیە، ئەمەش سەرەتا ڕوو نادات بە پێی هەواو ئارەزوویان.

بەڕاستی ئەوکەسە جوانی وتووە:

إذا صح منك الود يا غاية المنى فكل الذي فوق التراب تراب

واتە: جا ئەگەر خۆشەویستی تۆ ڕاست بێ کە تەنها مەبەستت گەشتنە بە ئاواتەکانت... ئیتر هەرچی لەسەر خۆڵە هەر خۆڵە.

ئیبنورەجەب وتوێەتی: جا هەرکەسێك بۆی ئاشکرا بوو کە بەڕاستی هەموو بەدیهێنراوێك لەسەر خۆڵ دەژی بۆ خۆی هەر خۆڵە، دەی ئیتر چۆن گوێڕایەڵی کەسێك لەخۆڵ دروستکراوە پێش دەخات بەسەر پەروەردگاری بەدیهێنراوەکان؟ یان چۆن ڕازی دەبێ خۆڵ پێش بخات بەسەر تورە بوونی خوای بەخشندە؟ بەڕاستی ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە.

---

(١) أخرجه الترمذي في الزهد (٢٤١٤)،موقوفا ومرفوعا، وصححه الشيخ الألباني موقوفا، مرفوعا كما في الصحيحة (٢٣١١).

وە فەرموودەکە دەبێتە بەڵگە لەسەر: سزادانی ئەو کەسەی لە خەڵکی دەترسێ و ڕەزامەندی ئەوان دەدات بەسەر ڕەزامەندی خوادا، بێگومان هەندێ جار سزا لە ئایندایە. پەنا بەخوا لەو سزایە، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾التوبة. (واتە: ئینجا خواش سەرئەنجامی ئەوانی گێڕا بە دوو ڕوویی لە دڵیاندا هەتا ئەو ڕۆژەی بەدیداری خوا دەگەن، بە هۆی نەبردنە سەری ئەو بەڵێنەی کە دابوویان بە خوا و بە هۆی ئەوەشەوە درۆیان دەکرد).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە :

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (آل عمران).

دووەم: دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (براءة).

سێیەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (العنکبوت).

چوارەم: بەڕاستی یەقین لاواز دەبێت و بەهێزیش دەبێت.

پێنجەم: نیشانەی لاوازی یەقین و دڵنیایی. لەوانەش ئەم سێ دانەیە (کە لە فەرموودەکەی ئەبی سەعید هاتووە).

شەشەم: بەڕاستی پوختکردنی ترسان بۆ خوا یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی ئادەمی.

حەوتەم: هەشتەم: باسی پاداشتی ئەوکەسەی ئەو کارە دەکات تەنها لەبەر خوا.

هەشتەم: باسی سزادانی ئەوکەسەی کردوە کە وازی لێ دەهێنێ.



بەشی ٣٢

فەرمایشتی خوا ﷻ:

﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ المائدة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (تەنها پشت بەخوا ببەستن ئەگەر ئێوە بڕوادارن).

.....

ئەبو سەعادات وتویەتی: دەوترێ: (**توكل بالأمر**) ئەگەر گرنتی ئەنجامدانی بکات، (**ووكلتُ أمري إلي فلان**) واتە: ئەگەر پشتی پێ ببەستم، (ووکل فلانٌ فلاناً) ئەگەر کارەکەی بداتە دەستی و ئەوی پێ بەس بێت، یان دەستەوسان بێت لەوەی خۆی ئەنجامی بدات.

دانەر دەیەوێت لە هێنانی لە ئەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بەڕاستی پشتبەستن ئەرکێکە پێویستە بەدڵسۆزی بۆ خوا ئەنجام بدرێت، چونکە بەڕاستی پێشخستنی کارتێدا کراو بۆ کورت هەڵهێنانە. (مەبەستی پێشخستنی (على الله) بەسەر (فتوكلوا)) واتە: تەنها پشت بەخوا ببەستن نەك غەیری ئەو. پشتبەستن کۆکەرەوە ترینی هەموو جۆرەکانی پەرستش و مەزنترینیانە، زۆربەی کردەوە چاکەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ئەو ئەگەر پشتی بەخوا بەست لە هەموو کاروبارەکانی ئاینی و دنیاییدا بە تەنها، ئەوە دڵسۆزی و مامەڵەی لەگەڵ خوادا ڕاست و دروستە، ئەوەش لە گەورەترین پلەو پایەکانی ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴿٥﴾ ﴾**الفاتحة**. (واتە: خوایە تەنها تۆ دەپەرستم و تەنها پشت بە تۆ دەبەستم)، کەماڵی تەوحید بەدەست نایەت بە هەرسێ جۆرەکەوە مەگەر بە کەماڵی پشتبەستن لەسەر خوا، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە، وە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾یونس. (واتە: موسا وتی ئەی گەلەکەم گەر ئێوە بڕواتان بەخوا هێناوە ئەوە تەنها پشت بەخوا ببەستن ئەگەر ئێوە فەرمانبەرو ملکەچن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ﴿٩﴾ ﴾المزمل. (واتە: ئەو خوای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نیە تەنها

ئەو نەبێ کەوابوو بیکە بە بریکاری خۆت) ئەو ئایەتانەش هاتوون دەربارەی فەرمان کردن بە پشتبەستن زۆر زۆرن. ئیمام ئەحمەد وتویەتی: پشتبەستن کاری دڵە.

ئیبنولقەییم لە مانای ئایەتەکە وتویەتی: پشبەستن بە خوا مەرجە بۆ ئیمان، ئەویش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی ئیمان لەکاتی نەبوونی پشبەستندا، لە ئایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾یونس. (واتە: موسا بە گەلەکەی وت: ئەگەر ئێوە ئیمانتان بەخوا هێناوە ئەوە تەنها پشت بە ئەو ببەستن ئەگەر ئێوە موسڵمانن) پشت بەستنی کردوەتە بەڵگە لەسەر ڕاستی و دروستی ئیمان، جا تا ئیمانی بەندە بەهێزتر بێت پشتبەستنیشی بەهێزتر دەبێ، وە ئەگەر ئیمان لاواز بوو پشتبەستنیش لاواز دەبێت، وە ئەگەر پشتبەستن لاواز بوو ئەوە دەبێتە بەڵگە لەسەر لاوازی ئیمان، بێگومان هەر دەبێ وابێت، خوا ﷻ نێوانی هەموو ئەمانەی پێکەوە کۆ کردوەتەوە، نێوان پشتبەستن و پەرستش، نێوان پشبەستن و ئیمان، نێوان پشتبەستن و خۆپارێزی، نێوانپشتبەستن و ئیسلام، نێوان پشتبەستن و هیدایەت.

کەواتە دەرکەوت پشتبەستن بنەمایەکە بۆ هەموو پایەکانی ئیمان و ئیحسان، وە بۆ هەموو کردەوەکانی ئیسلام، بێگومان پلەو پایەی پشتبەستن لەچاو هەموو کردەوەکانی تر وەکو سەر وایە بۆ جەستە، وەك چۆن سەر ڕاگیر نابێ بەبێ جەستە، بەهەمان شێوە ئیمان و پایەکانی و کردەوەکانی ڕاگیر نابن لەسەر قەدو لاقی پشتبەستن نەبێ.

شێخی ئیسلام وتویەتی: هەرکەسێك پشتی بە دروستکراوێ بەستبێ و ئومێدی پێی هەبوبێ ئەوە هیوا بڕاو بووە، بێگومان هاوبەشی دانەرە: ﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴿٣١﴾ ﴾الحج. (واتە: جا هەر کەس هاوبەشی بۆ خوا دابنێ ئەوە وەك ئەوە وایە لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە ئینجا باڵندە لەهەوادا بە پەلە بیفڕێنێ پارچە پارچە بێت یا بایەکی تووند ببیات بۆ جێگایەکی زۆر دوور(چۆڵەوانی).

وتم: بەڵام پشت بەستن بە غەیری خوا دوو بەشە:

یەکەم: پشت بەستن لەو کارووبارانەدا کە لەتوانای کەسدا نیە جگە لەخوا، وەکو ئەوانەی پشت دەبەستن بە مردووەکان و طاغووتەکان، بە ئومێدی داواکاریەکانیان لە سەرخستن یان پاراستن یان ڕزق و ڕۆزی یان شەفاعەت و تکا، ئەمە هاوبەشدانانی گەورە.

دووەم: پشت بەستن لە هۆکارە ئاشکراکان، وەکو کەسێ پشت ببەستێ بە دەسەڵاتدارێ لە شتێکدا کە خوا دەسەڵاتی پێداوە بەسەریدا لەڕزق و ڕۆزی، یان لابردنی ئازارو ناڕەحەتی و وێنەی ئەوانەش، ئەوەش جۆرێکە لە هاوبەشدانانی بچووك. بریکاری دروست (الوكالة الجائزة) ئەوەیە مرۆڤ کەسێ بکاتە بریکار لەکارێکدا لەجیاتی خۆی، بەڵام نابێ ئیعتیماد بکاتە سەری لە بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە پشتی پێ بەستووە، بەڵکو پشت بەخوا دەبەستێ لە ئاسانکردنی ئەو کارووبارانەی کە خۆی داوای دەکات یان کەسێکی دیکە لەبری ئەو، ئەویش لەو هۆکارانەیە کە دروستە ئەنجامیان بدات، وە نابێ پشتیان پێ ببەستێ بەڵکو پشت بەو زاتە دەبەستێ کە هۆکارەکان و بەهۆکارکراو دێنێتە بوون.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقول الله تعالى: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢ ﴾ الأنفال.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: بێگومان بڕوادارانن تەنها کەسانێکن کە کاتێك کە باسی خوا کراو ناوی هێنرا دڵیان دەترسێت و ترسی لێ دەنیشێت کاتێکیش ئایەتەکانی خوا بخوێنرێتەوە بەسەریاندا بڕوایان زیاد دەبێت و هەر پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن).

.....

ئیبنوعەباس لەبارەی ئایەتەکە وتویەتی: دوو ڕووەکان کەمێکیش یادی خوا ناچێتە دڵیانەوە لەکاتی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان، وە بڕوایشیان نیە بە شتێك لە ئایەتەکانی خواو پشتیشی پێ نابەستن، کاتێ لەبەرچاو خەڵکی ون دەبن نوێژەکانیان ئەنجام نادەن و زەکاتی ماڵەکانیشیان دەرناکەن، جا خوا ﷻ هەواڵیداوە ئەوان بڕوادار نین، پاشان وەسفی بڕوادارانی کردووە و فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ فەرزەکانی جێ بەجێ دەکەن. ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردوە، ترسانی دڵ لەخوا ئەوە دەخوازێ فەرمانەکانی خوا جێ بەجێ بکەن و واز لە قەدەغەکراوەکانی بهێنن: سەدی وتویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ ئەو پیاوەیە کە دەیەوێ ستەم بکات، یان دەیەوێ سەرپێچیەك ئەنجام بدات، پێی دەوترێ: لە خوا بترسە، ئەویش دەستی لێ هەڵدەگرێ و بەدڵی دەترسێ، ئیبنوئەبی شەیبەو ئیبنوجەریر ڕیوایەتیان کردوە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا ۝٢ ﴾ هاوەڵان و تابعیەکان و ئەوانەیشی شوێنی ئەوان کەوتوون لە ئەهلی سوننە، ئەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتەیان کردوەتە بەڵگە لەسەر زیاد بوونی ئیمان و کەم بوونەوەی.

عومەیری کوڕی حەبیبی هاوەڵ وتویەتی: ئیمان زیاد دەکات و کەم دەکات، پێی وترا: چۆن زیاد دەکات و کەم دەکات؟ وتی: ئەگەر یادی خوامان کردو لێی ترساین ئەوە زیاد دەکات، وە ئەگەر بێ ئاگا بووین و لەبیرمان کردو پشت گوێمان خست ئەوە ئیمانەکە کەم دەکات، ئیبنوسەعد ڕیوایەتی کردووە[1].

موجاهید وتویەتی: ئیمان زیاد دەکاو کەم دەکات، ئەویش بریتیە لە وتەو کردەوە، ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە، وە شافعی و ئەحمەدو ئەبو عوبەیدو غەیری ئەوانیش بە ئیجماعیان داناوە.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢ ﴾ واتە: پشت بەخوا دەبەستن بەدڵەکانیان، کارووباریان دەدەنە لای ئەو، جگە لە خوا ئومێدیان بەکەس نیە، ڕوی مەبەستیان تەنها لە خوایە، وە حەزو ویستیان تەنها بۆلای ئەوە، دەزانن ئەوەی خوا ویستی لەسەر بووە ڕوویداوە، وە ئەوەیشی ویستی لەسەر نەبوبێ ڕوی نەداوە، تەنها ئەو زاتە هەڵسوڕێنەرە لەمواڵك و دەسەڵاتدا، تەنها

---

(١) رواه عبدالله بن أحمد في كتاب السنة رقم(٦٢٤-٦٨٠). ولم أجده في المطبوع من (طبقات ابن سعد)

پەرستش بۆ ئەو دەکرێ، هیچ هاوبەشێکی نیە. خوا لەئایەتەکەدا وەسفی بڕوادارانی ڕاستەقینەی کردووە بەسێ پایە لە پایەکانی ئیحسان ئەویش بریتیە لە: ترس و زیادکردنی ئیمان و پشت بەستن بەخوای تاك و تەنها، ئەم پایانە تەواوێتی ئیمان دەخوازێ لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەو کردەوانەی کە ئاشکراو نهێنین، نمونەی ئەوەش وەك نوێژ، جا هەرکەسێك نوێژ بکات و پابەند بێت پێیەوەو بیپارێزێ و زەکاتی ماڵەکەیشی دەربکات وەك چۆن خوا فەرمانی پێ کردوە، ئەو کردەوە پابەندی دەکات: کار بەوە بکات کە توانای کردنی هەیە لە ئەرکەکان و وازهێنان لەهەموو قەدەغەکراوەکان، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴿٤٥﴾﴾العنکبوت. (واتە: بێگومان نوێژ بەرگری نوێژگەر دەکات لەکاری ناشرین و ناپەسەندو(خراپە) وە زیکر و یادی خوا گەورەترە لەهەموو شتێك خواش بەهەر کارێك کە دەیکەن دەزانێ).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾الأنفال.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ خوات بەسە هەروەها ئەو بڕوادارانەش کە شوێنت کەوتوون خوایان بەسە).

.....

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: واتە: ئەی موحەممەد تەنها خوا بەسە بۆ تۆ، وە خوا بەسە بۆ شوێنکەوتوانت: ئێوە پێویستان بە کەسێکی دیکە نیە لەگەڵ خوا، ئەمە بۆچوونی شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیەیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

وتراوە: مانای ئەوەیە خوات بەسە، وە بڕوادارانیشت بەسە.

ئیبنولقەییم وتویەتی: ئەمە هەڵەیەکی تەواوە دروست نیە ئایەتەکە بەو شێوە مانا بکرێت، چونکە (**الحسب والکفایة**) تەنها بۆ خوای تاك و تەنها بەکار دەهێنرێت، وەك پشبەستن و خۆپارێزی و پەرستشیش، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَإِن يُرِيدُوٓا۟ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُ ۚ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾﴾**الأنفال**. (واتە: وە ئەگەر ویستیان فێڵت لێ بکەن ئەوە بەڕاستی خوات بەسە(پشت و پەنات بێ) خوا ئەو زاتەیە کە بەهێزی کردیت بە یارمەتی خۆی وە بڕواداران) جیاوازی کردوە لە نێوان (الحسب والتأیید) بەسبوون و پشتگیری، بەسبوونی تایبەت کردوە بە خۆیەوە، پشتگیریشی گشتگیر کردوە بۆ خۆی بەسەرخستن بۆ بەندەکانیشی، وە ستایشی یەکتاپەرستانی کردوە چونکە تایبەتیان کردوە بە بەسبوون (الحسب) بۆیە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ **آل عمران**. (واتە: ئەوانەی کە خەڵکی پێیان دەوتن بەڕاستی خەڵکی بێ باوەڕ لەشکرو کۆمەڵی زۆریان کۆکردۆتەوە لە دژتان کەواتە بترسن لێیان کەچی باوەڕداران بەمە باوەڕیان زیاد بوو وە وتیان هەر خوامان بەسە چەند پشت پێ بەسراوێکی چاکە). نەیان وت: خواو پێغەمبەرمان بەسە. وە هاوشێوەی ئەمەش فەرمایشتی خوای پاك و بێگەرد: ﴿وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ

رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ **التوبة**. (واتە: وە بیان ووتایە خوامان بەسە لەمەو پاش خوا پێمان دەبەخشێ لە فەزڵ و میهرەبانی خۆی هەروەها پێغەمبەرەکەیشی بەشمان دەدا بەڕاستی ئێمە بەسۆزو پەرۆشین بۆلای خوا) سەرنج بدە چۆن بەخشینی داوەتە پاڵ خواو پێغەمبەرەکەی، وە بەسبوون (الحسب)ی بە تەنها داوەتە پاڵ خۆی. نەیفەرموو: خواو پێغەمبەرمان بەسە، بەڵکو تایبەتی کرد بە خوا، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ داوا کردنی (**الرغبة**) خێرو ئومێد بوونی لێخۆشبوونی داوەتە پاڵ خوا بە تەنها، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَإِلَىٰ رَبِّكَ فَٱرۡغَب ﴿٨﴾ ﴾الشرح. (واتە: وە هەر لە پەروەردگارت بپارێرەوە بۆ کارەکانت) ئومێدو (**الرغبة**) پشبەستن و(التوكل) گەڕانەوەو (**الإنابة**) بەسبوونی (الحسب) داوەتە پاڵ خوای تاك و تەنها، وەك چۆن عیبادەت و خۆپارێزی و سوژدەو نەزرو سوێند خواردن تەنها بۆ خوا دەبێ.

بەم شێوەیە هاتنەوەی ئایەتەکە لەگەڵ ماناکردنەکەدا ڕون دەبێتەوە. جا ئەگەر خوا بەس بێت بۆ بەندەکەی، پێویستە لەسەری تەنها پشت بەخوا ببەستێ، هەر کاتێ بەندە بە دڵی ڕووی کردە غەیری خوا، ئەوە خوا دەیداتە دەستی ئەو شتەی ڕووی تێکردوە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**وَمَنْ تَعَلَّقَ شيئاً وُكِلَ إليه**)[1] واتە: هەرکەسێ شتێك هەڵبواسێت دەدرێتە دەستی ئەو شتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴿٣﴾ ﴾الطلاق.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (هەر کەسێ پشت بەخوا ببەستێ ئەوە خوای بەسە).

•••••••••••••••••

ئیبنولقەییم و جگە لەویش وتویەتی: واتە: خوای بەسە، هەرکەسێکیش خوای بەس بێ و پارێزەری بێت دوژمنانی هیچ تەماحێکیان پێی نابێ و ناشتوانن زیانی لێ بدەن مەگەر زیانێك کە هەر دەبێ ببێت، وەك گەرماو سەرماو برسێتی و تینوێتی. بەڵام بیەوێ زیانێکی لێ بدات ئاواتی پێی بێتە دی کە لێی دەخوازێ، هەرگیز ئەوە ڕوو نادات، وە جیاوازی کردوە لە نێوان ئەو ئازارەی کە بە ڕواڵەت ئازارە بەڵام لە حەقیقەتدا چاکەیە (بۆ ئازاردراو) و زیان گەیاندنە بە نەفسی خۆی (واتە: زیانگەیەنەرە)، وە لەنێوان ئەو زیانەی کە بەهۆیەوە ئۆخەیی و دڵخۆشی پێ وەردەگرێ. هەندێ لە زانایانی پێشین وتویانە: خوا بۆ هەموو کردەوەیەك پاداشتێکی داناوە لە خودی خۆیەوە، وە پاداشتی پشبەستنی بە بەسبوونی خۆی داناوە، جا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴿٣﴾ ﴾ نەیفەرموو: ئەوەندەو ئەوەندە پاداشتی بۆ هەیە، وەك لە پاداشتی کردەوەکاندا فەرموویەتی، بەڵکو نەفسی خۆی داناوە بەوەی بەس بێت و پارێزەر بێت بۆ ئەو بەندەی کە پشتی پێ بەستووە، جا ئەگەر بەندە پشت بەخوا ببەستی بە پشتبەستنی ڕاستەقینە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە و پیلانی بۆ دابنێن، ئەوە بێگومان خوا دەرووی لێ دەکاتەوەو ڕزق و ڕۆزی دەدات و سەری دەخات.

---

(١) أخرجه الترمذي في الطب (٢٠٧٢)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترمذي.

وە لە شوێنەواردا ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە کتێبی (الزهد) لە وەهەبی کوڕی مونەبیهەوە وتویەتی: خوا ﷻ لە هەندێ لە کتێبەکانیدا فەرموویەتی: بەعیزەت و دەسەڵاتم هەرکەس پەنام پێ ببات، ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی لەناویاندایە پیلانی بۆ دابنێن، ئەوە بێگومان من دەروی بۆ دەکەمەوە، هەرکەسیش پەنام پێ نەبات بێگومان من دەستەکانی دەبڕم لە هۆکارەکانی ئاسمان، لە ژێر پێیەکانی دەیبەم بەناو زەویدا، دەیکەم بە هەوادا، پاشان دەیدەم بەدەستی نەفسی خۆیەوە. من بەسم بۆ بەندەکەم لەسەرئەنجامدا. ئەگەر بەندەکەم گوێڕایەڵی من بکات، من پێی دەبەخشم پێش ئەوەی داوام لێ بکات، پارانەوەکەی لێ وەردەگرم پێش ئەوەی لێم بپارێتەوە. بێگومان من بە کەمو و کوڕی ئەو دەزانم کە داوای دەکات.

وە لە ئایەتەکەدا بەڵگە هەیە: لەسەر فەزڵ و چاکەی پشبەستن، بێگومان ئەوە مەزنترین هۆکارەکانە بۆ هێنانی سوود و دورخستنەوەی زیان، چونکە خوا ڕستەی کۆتایی ئایەتەکەی بەستوەتەوە بە یەکەمەوە، وەك بەستنەوەی پاداشت لەسەر مەرج. جا ناگونجێ بوونی مەرج وەك نەبوونی بێت، چونکە خوا حوکمەکەی ڕێکخستووە لەسەر وەسفێکی گونجاو بۆی، بۆیە زانرا کە پشبەستنی هۆکارە بۆ ئەوەی خوای بەس بێت.

وە وە ئاگادارکردنەوەی تێدایە لەسەر ئەوەی: کە پێویستە لەگەڵ پشتبەستندا هۆکارەکان بەکار بهێنرێن، چونکە خوا سەرەتا باسی تەقواو خۆپارێزی کردوە پاشان باسی پشتبەستنی کردوە، وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١١﴾المائدە. (واتە: وە لەخوا بترسن و خۆپارێز بن وە با بڕوادارانیش هەر پشت بەخوا ببەستن) خوا پشتبەستنی لەگەڵ تەقوا هێناوە کە بریتیە لە هەستان بەو هۆکارانەی فەرمانی پێکراوە، جا پشتبەستن بەبێ هەستان بەو هۆکارانەی فەرمانی پێکراوە دەستەوسانی تەواوە، ئەگەر چی تێکەڵ کرابێت بە جۆرێ لە پشتبەستن، نابێ بەندە پشتبەستنی بکاتە هۆی دەستەوسانی، وە نابێت دەستەوسانی خۆی بکات بە پشتبەستن، بەڵکو پشتبەستنی بە یەکێك لەو هۆکارانە دادەنێت کە مەبەستی تەواو بەدەست نایەت مەگەر بەو هۆکارانە نەبێت بەگشتی. ئیبنولقەییم ئەمەی باس کردوە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعَن ابنِ عباسٍ قَال: حَسْبُنَا الله وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، قَالَهَا إِبْرَاهِيمُ عليه السَّلَام حين أُلْقِيَ في النَّارِ وَقَالَهَا مُحَمَّدٌ ﷺ حِينَ قَالُوا: ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ رواه البخاري والنسائي[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنوعەباسەوە وتویەتی: خوامان بەسە و ئەو چاکترین کەسە کاروبارەکانمان بدەینە دەستی، ئیبراهیم کاتێ فڕی درایە ناو ئاگرەکەوە وتویەتی، وە موحەممەد ﷺ وتویەتی کاتێ پێیان وت: بەڕاستی خەڵکی لەشکرو کۆمەڵی زۆریان کۆکردوەتەوە لە دژتان کەواتە بترسن لێ یان، کەچی ئیمانداران بەمە بڕوایان زیاد بوو، وە وتیان: هەر خوامان بەسە چەند پشت پێ بەستراوێکی چاکە. بوخاری و نەسائی گێڕاویانەتەوە.

••••••

ئەی ئاگر سارد بەرەوەو بێ زیان بە بۆ ئیبراهیم* ئەوان ویستیان پیلان بگێڕن لە ئیبراهیم(بەسووتان لەناوی بەرن) بەڵام ئێمە ئەوانمان کردە زەرەرمەندترین و دۆڕاوترین کەس).

وتەی: (**وَقَالَهَا مُحَمَّدٌ ﷺ حِينَ قَالُوا لَهُ:**) ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ ئەویش دوای گەڕانەوەی قورەیش و حیزبەکان بوو لە جەنگی ئوحود، هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ ئەبو سوفیان و ئەوانەی لەگەڵیدان دەیانەوێت جارێکی تر هێرش بکەنە سەریان، پێغەمبەر ﷺ بە حەفتا سوارەوە دەرچوو بۆیان تا گەیشتە کۆتایی (**حمراء الأسد**) خوا ترسی خستە ناو دڵی ئەبو سوفیان، بۆیە گەڕایەوە بۆ مەککە بەوانەی کە لە گەڵیدا بوون، کاراونیەك لە (عبد القيس) تێپەڕین بەلایاندا، وتی بۆ کوێ دەڕۆن؟ وتیان بۆ مەدینە. وتی: ئایا ئێوە نامەیەکی من دەگەیەنن بە موحەممەد؟ وتیان بەڵێ. وتی: ئەگەر پێی گەیشتن هەواڵی بدەنێ ئێمە خۆمان ئامادە کردوە بۆ ئەوەی ئەوو ئەوەی ماوە لە هاوەڵەکانی لە ڕیشە دەربهێنین، کاروانیەکە تێپەڕین بەلای پێغەمبەردا لە (**حمراء الأسد**) هەواڵیان پێدا بەوەی ئەبو سوفیان وتبووی، ئەویش فەرمووی: (**حَسْبُنَا الله وَنِعْمَ الْوَكِيلُ**)[1].

لەم دوو چیرۆکەدا فەزڵ و مەزنی ئەم وشە مەزنەمان بۆ دەردەکەوێ، بێگومان ئەوە وتەی ئەو دوو خۆشەویستەیە لە کاتی سەختی و دژواریدا. وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**إذا وَقَعْتُم في الأَمْرِ العَظِيمِ فَقُولُوا: حَسْبُنَا الله وَنِعْمَ الْوَكِيلُ**)[2]. واتە: ئەگەر کەوتنە ناو کارێکی گەورەوە بڵێن: خوامان بەسە وە ئەو چاکترین پشتیوانە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: بەڕاستی پشتبەستن بەخوا یەکێکە لە ئەرکەکان.

دووەم: پشتبەستن یەکێکە لە مەرجەکانی ئیمان.

سێیەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (الأنفال).

چوارەم: ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتەی کە لە کۆتایی باسەکەدا هاتووە.

پێنجەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (الطلاق).

شەشەم: مەزنی پلەو پایەی (**حَسْبُنَا الله وَنِعْمَ الْوَكِيلُ**) بەڕاستی ئەمە وتەی ئیبراهیم و موحەممەد بووە لە کاتی سەختی و دژواریەکاندا.

---

(١) ذكر الحافظ ابن كثير إسناده ابن مردويه ١٢٠/٢، وقال: (هذا الحديث غريب من هذا الوجه) وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٧٠٠٢).

(٢) ضعيف: رواه ابن مردويه كما في تفسير ابن كثير ١ / ٤٤٦ عن أبي هريرة.



بەشی ٣٣

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾الأعراف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (جا ئایا لە مەکرو پیلانی خوا نەترسان و بێ باك بوون دەی کەس لە مەکرو پیلانی خوا دڵنیا نابێت جگە لەکەسانی زەرەرمەند).

دانەر مەبەستی ئەوەیە لەم ئایەتەدا ئاگادارکردنەوەیەك بدات کە بەڕاستی بێ باك بوون لە مەکرو پیلانی خوا لە گەورەترین گوناهەکانە. کەماڵی یەکتاپەرستی ڕەتدەکاتەوە، هەر وەك چۆن بێ ئومێد بوون لە ڕەحمەتی خواش بەوشێوەیە، ئەویش ڕێنمایی دەکات کە بەڕاستی بڕوادار لە نێوان ترس و ئومێد دایە دێت و دەچێ، وەك چۆن قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر ئەوە، پێشینی ئەم ئوممەتە و پێشەواکانی ڕێنمایی و ڕێبەریان بۆ ئەوە کردوە.

مانای ئایەتەکە: خوا ﷻ کاتێ باسی حاڵی خەڵکی شارەکانی کردوە ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، ڕوونی کردوەتەوە ئەوەی وای لێکردوون ئەو کارە بکەن بریتی بووە لە بێ باکبوون لە مەکرو پیلانی خوا و نەترسان لێی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾ ﴾الأعراف. (واتە: ئایا خەڵکی ئەو شارانە ترسیان نەبوو لەوەی سزای ئێمەیان بۆ بێت لە شەودا کاتێك ئەوان خەوتوون* وە ئایا خەڵکی ئەو شارانە ترسیان نەبوو لەوەی کە سزای ئێمەیان بۆ بێت لە چێشتنگاودا لەکاتێکدا یاری و گاڵتە دەکەن* جا ئایا لە مەکرو پیلانی خوا نەترسان و بێباك بوون دەی کەس لە مەکرو پیلانی خوا دڵنیا نابێت جگە لەکەسانی زەرەر مەند) (الخاسرون) واتە: لەناوچووان, ئەویش لەبەر ئەوە ئەوان بێباك بوون لە مەکرو پیلانی خوا کاتێ خۆشی و نازو نیعمەتی داباراند بەسەریاندا بۆ (استدراج)، بەدوریان زانی ئەوە مەکرو پیلان بێت. حەسەن ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: هەرکەسێك خوا نازو نیعمەت بڕێژێ بەسەریدا وانەزانی ئەو مەکرو پیلانە بۆی ئەوە بیرکردنەوەی نیە (واتە: چاوی بەصیرەتی تێکچووە).

قەتادە وتی: فەرمانی سزای خوا لەپڕ قەومەکەی داگرت،، هەرگیز خوا سزای گەلێکی نەداوە مەگەر لە کاتێ خۆشگوزەرانی و بێ ئاگایی و نیعمەت کەواتە کارێ مەکەن خوا بە بێ ئاگایی بتانگرێ.

وە لە فەرموودەدا هاتووە: (**إذا رَأَيْتَ اللَّهَ يعطي الْعَبْدَ مِنَ الدُّنْيَا على مَعَاصِيهِ ما يُحِبُّ فَإِنَّمَا هو اسْتِدْرَاجٌ**)[1]. واتە: ئەگەر بینیت خوا دنیای بەخشیە بەندەکەی لەوەی پێی خۆشە لەسەر سەرپێچیەکانی، ئەوە دڵنیابە ئەوە مۆڵەت پێدانیەتی (استدراج). ئەحمەدو ئیبنوجەریرو ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردوە.

ئیسماعیلی کوڕی ڕافیع وتویەتی: بەردەوام بوونی مرۆڤ لەسەر تاوان و ئومێد خواستن بۆ لێخۆشبوونی خوا لە ئەمین بوونە لەمەکرو سزای خوا. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە.

ئەمە ڕاڤەکردنی (المكر)ە لە وتەی هەندێ لە زانایانی پێشین: خوا مۆڵەتیان پێ دەدا بە نازو نیعمەت ئەگەر سەرپێچیان کرد، پاشان سزایان دەدات بە سزادانی خوای بە دەسەڵاتی بە توانا. ئەمە مانای مەکرو پیلانە، وە وێنەی ئەمانە. ئیبنوجەریر باسی کردوە بەواتاکەی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول اللهِ تعالى: ﴿وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾﴾ الحجر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (جا کێ لە میهرەبانی پەروەردگاری نا ئومێد دەبێ بێجگە لە گومڕایان).

.....

(**القنوط**): بە دوور دانانی دەرولێکرانەوە و بێ ئومێد بوونە لێی، ئەویش لە بەرانبەر بێ باك بوونە لە مەکر و پیلانی خوا ﷻ، هەردووکیان تاوانی مەزنن، وە لە پێشەوە باسکرا، کە پێچەوانەبوونی کەماڵی یەکتاپەرستی تێدایە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی ئەم ئایەتەی کردووە لەگەڵ ئایەتەکەی پێشی، وەك ئاگادار کردنەوەیەك لەسەر ئەوەی کە دروست نیە بۆ کەسێ لەخوا بترسێ بێ ئومێد بێ لە میهرەبانی خوا، بەڵکو دەبێ هەم لێی بترسێ و هەم ئومێدی پێی هەبێ، لە گوناهەکانی بترسێ و کردەوەی چاك ئەنجام بدات، وە ئومێدیشی بە میهرەبانی خوا هەبێ، هەروەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ﴿٩﴾﴾ الزمر. (واتە: هاوبەشدانەران چاکترن یان کەسێك ملکەچ و پەرستکارە بۆ خوا لەکاتەکانی شەودا بە سوژدە بردن و ڕاوەستان لەشەو نوێژدا کە لە سزای دوارۆژ دەترسێت و بەهیوای بەزەیی پەروەردگارێتی) وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢١٨﴾﴾ البقرة. (واتە: بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناو ئەوانەی کۆچیان کرد و تێکۆشان لەڕێی

---

(١) أخرجه أحمد (١٧٣١١)، والطبراني (١١ / ٣٦١)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٤١٣).

خوادا ئا ئەوانە چاوەڕوانی میهرەبانی خودان وە خوا لێ خۆش بوو میهرەبانە) جا ئومێد بوون لەگەڵ سەرپێچی کردن و وازهێنان لە گوێڕایەڵی خوا، ئەوە فریودانە لەلایەن شەیتانەوە، بۆ ئەوەی بەندە بخاتە ناو مەترسیەکانەوە لەگەڵ وازهێنان لە و هۆکارانەی ڕزگاری دەکات لە تیاچوون، بەپێچەوانەی حاڵی بڕوادارانە، ئەوانەی کە دەستیان گرتووە بەهۆکارەکانی ڕزگار بوونەوە لەترسی خوادا و ڕاکردن لە سزاکەی، وە بە تەماحی لێخۆشبوون و ئومێدی پاداشتی.

وە مانای ئەوەیە بێگومان خوا ﷻ باسی وتەی خۆشەویستی ئیبراهیمی گێڕاوەتەوە، کاتێ کە فریشتەکان مژدەیان پێدا بە بەخشینی ئیسحاقی کوڕی. ﴿ قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَىٰ أَن مَّسَّنِيَ ٱلْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الحجر. (واتە: وتی: ئایا مزگێنیم پێ دەدەن لەکاتێکدا کە پیر بووم ئیتر چی موژدەیەکم دەدەنێ) چونکە بەپێی داب و نەریت پیاو کاتێ تەمەنی گەورەبێ و خێزانەکەیشی بەهەمان شێوە ئەو بێ بەدوور دەزانرێ کە منداڵی لەو ژنە ببێ. وە خوا ﷻ بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، فریشتەکان وتیان: ﴿ بَشَّرْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ ﴿٥٥﴾ ﴾ **الحجر**. (واتە: ئەو مژدانەی داومانە پێت ڕاستە و) هیچ گومانێکی تێدا نیە، چونکە ئەگەر خوا شتێکی بوێ پێی دەڵێ ببە ئەویش دەبێ: ﴿ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْقَٰنِطِينَ ﴿٥٥﴾ ﴾ واتە: جا لە نائومێدان مەبە، ئیبراهیمیش ووتی: ﴿ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴾ جا کێ لە میهرەبانی پەروەردگاری نائومێد دەبێ بێجگە لە گومڕایان، چونکە ئیبراهیم علیه السلام توانای دەسەڵات و بەزەیی خوای زانیوە زیاتر و مەزنتر لەوە، بەڵام -خوا زاناترە- ئەو قسەیەی وت لەسەر شێوەی سەرسوڕمان.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ ﴿٥٦﴾ ﴾ الحجر. هەندێ لە زانایان وتویانە: جگە لەوانەی هەڵەیان کردوەو لەڕێگای ڕاست لایانداوە، یان جگە لەبێبڕوایان، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾ یوسف. (واتە: بەڕاستی نائومێدیش نابێ لە ڕەحم و میهرەبانی خوا جگە لەوانەی کە بێ بڕوان).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن عباس أن رسول الله ﷺ سئل عن الكبائر، فقال: (الشِّرْكُ بِاللهِ، واليَأسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ، والأمْنُ مِنْ مَكْرِ اللهِ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبن عەباسەوە پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی تاوانە گەورەکان، فەرمووی: (هاوبەشدانان بۆ خوا، نائومێد بوون لە ڕەحم و میهرەبانی خوا، وە بێ باك بوون لە مەکر و پیلانی خوا).

.....

ئەم فەرموودەیە بەزارو ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردوە، لەڕێگای شەبیبی کوڕی بیشر، لە عیکریمە لە ئیبن عەباس، وە پیاوەکانیشی متمانە پێکراون جگە لە شەبیبی کوڕی بیشر. ئیبنومەعین وتویەتی: کەسێکی متمانە پێکراوە، ئەبو حاتەمیش بە (لێن)ی داناوە (کەسێکە حیفزی باش نەبێ)، ئیبنوکەثیر وتویەتی: لە سەنەدەکەیدا تێڕوانین هەیە، زیاتر لەوە دەچێ مەوقوف بێ.

---

(١) ذكر الحافظ ابن كثير ٢/٢٧٨، إسناد ابن ابي حاتم، وكذلك إسناد البزار وقال: في إسناده نظر.

وتەی: (**الشِّرْكُ بِاللهِ**) گەورەترینی تاوانە گەورەکانە، ئیبنولقەییم وتویەتی: هاوبەشدانان مافی پەروەردگارێتی دەخواو کەم و کوڕی دانە پاڵ پەرستراوێتی یە، وە گومانی خراپیشە بە پەروەردگاری جیهانیان. بێگومان ڕاستی فەرموو ئامۆژگاری چاکی کرد. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ۝١﴾ **الأنعام**. (واتە: ئینجا ئەوانەی بێبڕوا بوون هاوتاو هاوبەش بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ۝١٣﴾ **لقمان**. (واتە: چونکە بەڕاستی هاوبەشدانان بۆ خوا ستەمێکی زۆر گەورەیە) ولەبەر ئەمە خوا لێی خۆش نابێ مەگەر بە تەوبە کردن لێی.

وتەی: (**واليَأْسُ مِنْ رَوْحِ اللهِ**) واتە: ئومێدو هیوا بڕینە لە خوا لەوەی لێی دەترسێ و ئومێدی پێ دەکات، ئەویش گومانی خراپ بردنە بەخوا و نەفامیە بە فراوانی ڕەحمەت و میهرەبانی و بەخشندەیی و لێبوردنی ئەو زاتە.

وتەی: (**والأَمْنُ مِنْ مَكْرِ اللهِ**) واتە: لە مۆڵەتی خوایە بۆ بەندەکەی، وە لێسەندنەوەی ئەوەیە کە لە ئیمان پێی بەخشیوە، پەنا دەگرین بەخوا لەوە. بەڕاستی ئەوە نەفامیە بەرانبەر بەخواو بەدەسەڵاتی، وە متمانەیە بە نەفس و سەرسام بوونە پێی.

بزانە بەڕاستی ئەم فەرمودەیە بۆ ئەوە نەهاتووە تاوانە گەورەکان لە سێ دانەدا کوورت بکاتەوە، بەڵکو تاوانە گەورەکان زۆرن، ئەم سێ دانەیەش لە گەورەترینی تاوانە گەورەکانە کە لەقورئان و سوننەتدا باسکراوە، ناسینەوەی ئەو گوناهە گەورانەش ئەوەیە کە زانایان باسیان کردووە: هەر تاوانێك خوا کۆتایی پێ هێنابێ بە ئاگر یان نەفرین یان غەزەب و خەشم و قین، یان سزا، شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە نەفی کردنی ئیمانیشی بۆ زیاد کردووە.

وتم: وە هەرکەسێ پێغەمبەر ﷺ لێی بەری بێ، یان بڵێ: (**لَيْسَ مِنَّا مَنْ فَعَلَ كَذا وكَذا**) واتە: لە ئێمە نیە ئەو کەسەی ئەوە بکا و ئەوە بکات.

وە لە ئیبنوعەباسەوە: تاوانە گەورەکان لە حەوت سەدەوە نزیکترن هەتا حەوت، لەگەڵ ئەوەی گوناهی گەورە نیە لەگەڵ داوای لێخۆشبوون، تاوانی بچوکیش نیە لەگەڵ بەردەوام بوون.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن مسعود قال: (أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ وَالأَمْنُ من مَكْرِ اللَّهِ وَالْقَنُوطُ من رَحْمَةِ اللَّهِ وَالْيَأْسُ من رَوْحِ اللَّهِ)[1]**. رواه عبد الرزاق.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنومەسعودەوە دەڵێ: گەورەترینی تاوانەکان هاوبەشدانانە بۆ خوا، وە بێباك بوونە لە مەکرو پیلانی خوا، وە ئەوپەڕی بێ ئومێد بوونە لە ڕەحمی خوا، وە بێ هیواییە لە میهرەبانی خوا.

.....

ئیبنوجەریر بە چەند سەنەدێکی ڕاست لە ئیبنومەسعود هێناویەتی.

---

(١) أخرجه الطبري ٨ / ٢٤٣) ٢٤٦ ، وعبد الرزاق (١٩٧٠١)، والطبراني في الكبير ٩ / ١٥٦، (٨٧٨٣)، والبيهقي في شعب الإيمان (١٠١٩)، وصححه الهيثمي في المجمع ١ / ٢٩٤ .

وتەی: (**أَكْبَرُ الْكَبَائِرِ الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ**) واتە: هاوبەشدانان لە پەروەردگاریێتیدا یان پەرستشی، ئەمەش بە یەکدەنگی زانایان.

وتەی: (**وَالْقَنُوطُ من رَحْمَةِ اللَّهِ**) ئەبو سەعادات وتویەتی: ئەوە (**القنوط**) ئەوپەڕی بێ ئومێدیە.

ئاگادار کردنەوەشی تێدایە لەسەر کۆ کردنەوەی نێوان ئومێدو ترس، جا ئەگەر ترسا با بێ ئومێدو بێ هیوا نەبێ، بەڵکو ئومێدی پەحمەتی خوا بکات، زانایانی پێشین پێیان چاك بووە لە کاتی لەش ساغیدا ئادەمیزاد زیاتر لە خوا بترسێ، وە لە کاتێ نەخۆشیشدا زیاتر گەشبین و بە ئومێد بێت، ئەمەش ڕێگای ئەبی سولەیمانی دارانی و غەیری ئەویشە. وتویەتی: پێویستە ترس بەسەر دڵدا زاڵ بێت، جا ئەگەر ئومێد زاڵ بوو بەسەر ترسدا دڵ خراپ دەبێ. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١٢﴾﴾ الملك. (واتە: ئەوانەی لە پەنهانان لەخوای خۆیان دەترسن لێ خۆشبوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە) وە فەرموویەتی: ﴿يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلْقُلُوبُ وَٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٣٧﴾﴾ النور. (واتە: لە ڕۆژێك دەترسن (ڕۆژی قیامەت) دڵ و چاوەکان تیایدا دەگۆڕێن و ئاوە ژوو دەبن) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا ءَاتَوا۟ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ وَهُمْ لَهَا سَٰبِقُونَ ﴿٦١﴾﴾ **المؤمنون**. (واتە: وە ئەو کەسانەی کە دەیبەخشن ئەوەی (لەزەکات و خێر دەبێ) بیبەخشن لەکاتێکدا دڵیان دەترسێ (دەلەرزێ) لەبەر ئەوەی دڵنیان بۆ لای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە* ئا ئەوانە (کە خاوەنی ئەو سیفاتانە بوون باسکران) پەلە دەکەن لە ئەنجامدانی چاکەکاندا وە ئەوان بۆ چاکە کردن لە پێشن) وە فەرموویەتی: ﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ﴿٩﴾﴾ **الزمر**. (واتە: هاوبەشدانەران چاکترن یان کەسێك ملکەچ و پەرست کارە بۆ خوا لەکاتەکانی شەودا بە سوژدە بردن و ڕاوەستان لەشەو نوێژدا کە لە سزای دواڕۆژ دەترسێت و بەهیوای بەزەیی پەروەردگارێتی).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (الأعراف).

دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (الحجر).

سێیەم: هەڕەشەی سەخت بۆ ئەو کەسەی بێباکە لە مەکرو پیلانی خوا.

چوارەم: هەڕەشەی توند لەبارەی بێ ئومێدی (القنوط).



بەشی ٣٤ ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خو

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: بابُ من الإيمان بالله، الصبر على أقدار الله.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خوا بەشێکە لە سیفاتەکانی ئیمان.

.....

ئیمام ئەحمەد وتویەتی: خوا لە نەوەد شوێن لە کتێبەکەیدا باسی ئارام گرتنی کردوە. وە لە فەرموودەی ڕاستیشدا هاتووە: (**الصَّبْرُ ضِياءٌ**)[1]. واتە: ئارامگرتن ڕووناکیە. ئیمامی ئەحمەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە

وە لە لای بوخاری و موسلیم هاتووە بە مەرفوعی: (**وما أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خَيْرًا وَأَوْسَعَ من الصَّبْرِ**)[2]. واتە: بەهیچ کەس نەبەخشراوە بەخشینێك چاکترو فراوانتر بێت لە ئارامگرتن.

عومەر خوای لێ ڕازی بێت وتویەتی: چاکترین ژیانی خۆمانمان لە ئارامگرتندا دەستکەوت(٣٣). بوخاری گێڕوایەتیەوە.

عەلی خوای لێ ڕازی بێت وتویەتی: ئارامگرتن لەچاو باوەڕ وەکو سەر وایە بۆ جەستە، پاشان دەنگی بەرز کردەوەو وتی: ئاگادار بن بێگومان ئەوەی ئارامی نەبێت ئیمانی نیە[4].

وە داتاشراوەکەی (اشتقاق) لە (صَبَرَ)ەوەیە: کاتێ بەندی بکات و ڕێگری بکات. وە (الصبر) بریتیە لە بەند کردنی نەفس لە شپرزەیی و بێ ئۆقرەیی، زمانیش لە سکالآو ناڕەزایی دەربڕین، جەستەش لە پیاکێشانی ڕوخسارو سنگ دادڕین و وێنەی ئەوانیش. ئیبنولقەییم باسی کردوە.

---

(١)أخرجه مسلم في الطهارة (٢٢٣) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في الزكاة (١٤٦٩) فتح، ومسلم في الزكاة (١٠٥٣) عبد الباقي

(٣) علقه البخاري في الرقاق باب الصبر عن محارم الله، وقال الحافظ: وصله أحمد في كتاب الزهد بسند صحيح....) وهو عند أحمد في (الزهد) (١١٧) وإسناده منقطع.

(٤) أخرجه ابن أبي شيبة ١١ / ٤٧ ، ومن طريقه البيهقي في شعب الإيمان (٤٠) وأيضاً (٩٢٦٧)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٣٧٩٣).

چاك بزانە ئارام گرتن سێ بەشە: ئارامگرتن لەسەر ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، ئارامگرتن لەسەر ئەوەی خوا قەدەغەی کردوە، ئارام گرتن لەسەر ئەوەی خوا ئەندازەی کردوە لە ناخۆشی و موسیبەتەکان.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾ ﴾ التغابن.

دانەر رەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: هەرکەسێك باوەڕ بهێنێ بەخوا، خوا ڕێنموونی دڵی دەکات، وە خوا بە هەموو شت زانایە.

.....

سەرەتای ئایەتەکە بەم شێوەیە: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ **التغابن.** (واتە: هیچ ناڕەحەتیەك تووشی خەڵك نابێت مەگەر بە فەرمانی خوا) واتە: بە ویست و ئیرادەو حیکمەت و کاربەجێی، وەك لە ئایەتێکی دیکەدا فەرموویەتی: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ ﴾ الحديد. (واتە: هیچ زیان و بەڵایەك ڕووی نەداوە نە لە زەوی و نەلە خودی خۆتاندا ئیللا لە (**لوح المحفوظ**)دا نوسراوە پێش ئەوەی بەدی بهێنین، بێگومان ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە) وەفەرموویەتی: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۟ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ **البقرة.** (واتە: سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بەهەندێك لە ترس و برسێتی و کەم بوونی ماڵ و دارایی و خەڵکی (کەس و کارتان) و بەڕووبووم جا مژدە بدە بە خۆڕاگران* ئەوانەی کە لەگەڵ دووچاری سەختیەك بوون دەڵێن ئێمە هەر هی خواین و هەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە* ئا ئەوانە دروودوو بەزەیی بەسەریاندا دەبارێ لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن هیدایەتیان وەرگرتووە).

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ ﴾ ئیبنوعەباس وتویەتی: دەربارەی وتەی ﴿ مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ مەگەر بە فەرمانی خوا. واتە: قەدەرو ویستی خوا ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ ﴾ واتە: هەرکەسێك تووشی موسیبەتێك بوو، دواتر زانی ئەوە بە قەزاو قەدەری خوا بووە، ئارامی گرت و ئومێدی پاداشتی هەبوو، وە تەسلیمی فەرمانی خوا بوو، خوا هیدایەتی دڵی دەدات و ئەوەی لە دەستی داوە لە دنیا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، بە هیدایەتێك کە دیخاتە دڵیەوە، وە بە یەقینی ڕاستەقینە، وە ئەوەشی لێی بردوە دەیخاتەوە شوێن خۆی، یان لەوە چاکتر.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾ ئاگادار کردنەوەی تێدایە کە ئەوە بە زانستی پڕ لە حیکمەتی خوا دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەری ئارام بگرێ و ڕازی بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال علقمة: هُو الرَّجلُ تُصِيبُهُ المُصِيبَةُ فَيَعْلَمُ أَنَّهَا مِن عِندِ اللهِ فَيَرضَى وَيُسلِّمُ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: عەلقەمە وتی: ئەوە کەسێکە تووشی بەڵاو موسیبەتێك دەبێت دەزانێ ئەوە لە لایەنی خواوە هاتووە، ڕازی دەبێت و ملکەچ دەبێ.

.....

ئەم شوێنەوارە ئیبنوجەریرو ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویانەتەوە[1].

عەلقەمە: کوڕی قەیس کوڕی (عبد الله)ی نەخەعی خەڵکی کوفەیە. لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ لەدایك بووە، لە ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان و عەلی و سەعدو ئیبنومەسعود و عائیشەو غەیری ئەوان بیستوویەتی ڕیوایەتی کردوە، یەکێکە لە زانا متمانە پێکراوو گەورەکانی ناو تابعین لە دوای شەست ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (**هُو الرَّجلُ تُصِيبُهُ المُصِيبَةُ**) تا کۆتایی. ئەم شوێنەوارە ئەعمەش لە ئەبی ظەبیان گێڕاویەتیەوە. وتی: ئێمە لە لای عەلقەمە بووین ئەم ئایەتە خوێندرایەوە بەسەریدا ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾ ئەویش وتی: ئەوە کەسێکە تووشی بەڵاو موسیبەتێك دەبێت دەزانێ ئەوە لە لایەنی خواوە هاتووە، ڕازی دەبێت و ملکەچ دەبێ.

لەمەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کردەوەکان لە ناوەڕۆکی ئیمانن.

سەعیدی کوڕی جوبەیر وتویەتی: ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾ واتە: دەیوت: (إنا لله وإنا إليه راجعون) واتە: ئێمە مووڵکی خواین هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە. وە لە ئایەتەکەدا ڕوون کردنەوە هەیە کە بەڕاستی ئارام گرتن هۆکارێکە بۆ هیدایەتی دڵ، بێگومان ئەویش لە پاداشتی ئارامگرانە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي (صحيح مسلم) عن أبي هُرَيْرَةَ أن رسول اللَّهِ ﷺ قال: (اثْنَتَانِ في الناس هُمَا بِهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ في النَّسَبِ، وَالنِّيَاحَةُ على الْمَيِّتِ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو هورەیرە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: دوو شت لەناو خەڵکیدا هەن کوفرن: تانەدان لە ڕەچەڵەك، شیوەن کردن لەسەر مردوو.

.....

واتە: ئەو دووانە کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن کوفرن، چونکە ئەو دووانە لە کردەوەی جاهیلیەتن، ئەو دووانە لەناو خەڵکیدا هەمیشە دەمێننەوە کەس ڕزگاری نابێت لێیان مەگەر

---

(١) تفسير الطبري ٢٨ / ١٢٣.

(٢) أخرجه مسلم في الإيمان (٦٧) عبدالباقي.

یەکێك خوا پاراستبێتی و ڕزق و ڕۆزی و زانست و ئیمانێکی پێدابێ کە پێی ڕووناك ببێتەوە، بەڵام هەرکەس لقێ لە لقەکانی کوفری تیابێتەجێ بە کافربوونی ڕەها کافر نابێ، وەك بێبڕوایی ڕەهایی. وەك چۆن کەسێك لقێك لە لقەکانی ئیمانی تیابێتەجێ پێی ناوترێ بڕوادار، بە بڕوابوونی ڕەها، بێگومان جیاوازی کردوە لەنێوان کوفرێ کە بە (ألف واللام) ناسرابێ، وەك لەم فەرموودەکەیدا هاتووە: (**لَيْسَ بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ الْكُفْرِ أو الشِّرْكِ إلا تَرْكُ الصَّلاةِ**) [1]. واتە: لەنێوانی بەندەو لەنێوانی بێبڕوایی یان هاوبەش دانان هیچ نیە جگە لەوازهێنان لە نوێژ. وە لەنێوان کوفرێ کە بە (**نكرة**) هاتووە لەکاتی نوسین یان دەربڕین.

وتەی: (**الطَّعْنُ في النَّسَبِ**) لەکەدار کردنی ڕەچەڵەك، دەچێتە ناویەوە ئەوەی دەوترێ: ئەمە کوڕی فلانەکەس نیە، لەگەڵ ئەوەی ڕەچەڵەکی جێگیر کراوە بە پێ ی شەرع.

وتەی: (**وَالنِّيَاحَةُ على الْمَيِّتِ**) دەنگ بەرز کردنەوە و ئاواز خوێندنی بەسەر مردودا بە باس کردنی چاکەکانی، ئەمە جۆرێ لە نارەزایی تێدایە کە پێچەوانەی ئارام گرتنە، وەك شیوەنکەر دەڵێ: وای پشت و پەنام، وای یارمەتیدەرم نەما، وێنەی ئەوانەش، وە بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی ئارامگرتن پێویستە، شیوەن کردنیش بەسەر مردودا جۆرێکە لەو کوفرەی پێی دەرناچێت لە میللەتی ئیسلام.

بەری بوونی پێغەمبەر ﷺ لەو کەسەی دەدات لە ڕوومەتی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: ولهما عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه مرفوعا: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە هەردووکیانەوە لە ئیبنومەسعود بە مەرفوعی هێناویەتی: (واتە: لە ئێمە نیە کەسێك بە ڕوومەتیا بکێشی و یەخەی خۆی دادڕێ وشین و شەپۆڕ و هات و هاواری سەردەمی نەفامی بکات).

•••••••••••••••••••••••••••••

ئەمە یەکێکە لەو ئایەتانەی هەڕەشەیان تێدایە، لە ئەحمەدو سوفیانی ئەوری گێڕدراوەتەوە کە ئەوان تەئویل کردنیان پێ مەکروە بووە، بۆ ئەوەی کاریگەر تر بێت لەسەر نەفس و دەرونەکان، وە کاریگەرتر بێت لە نەهی کردن، ئەویش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کردەوە کەماڵی ئیمانی پێویست ڕەتدەکاتەوە.

وتەی: (**مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ**) (**الحافظ**) وتویەتی: بۆیە ڕوومەتی تایبەت کردوە چونکە بەزۆری لەو شوێنە دەدرێت ئەگەرنا لێدانی شوێنەکانی تر وەکو ئەوە وایە.

وتەی: (**وَشَقَّ الْجُيُوبَ**) ئەو شوێنەیە سەری پێدا دەکرێ لە جل و بەرگ، ئەویش لە داب و نەریتی ئەهلی جاهیلیەت بووە کاتێ کە خەم و پەژارەیان دەربڕیوە بەسەر مردوو.

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (٨٢) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في الجنائز (١٢٩٧) فتح، ومسلم في الإيمان (١٠٣)عبدالباقي

وتەی: (**وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ**) شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: بریتیە لە شیوەن و زاری بەسەر مردودا. جگە لە ئەویش وتوێەتی: هاواری سزاو لەناوچوون و مردن دەکات. ئیبنولقەییم وتوێەتی: هاوارکردن بەهاواری سەردەمی نەفامی، وەک هاوار کردن بۆ لای هۆزو تیرە و خێڵ وایە، وێنەی ئەوەش دەمارگیری بۆ لای مەزهەب و دەستەو پێشەواکان و فەزڵ دانی هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەدا، بانگەش بۆ ئەوە بکات و لەپێناویدا پشتیوانی و دژایەتی بکات، هەموو ئەمانە لە بانگەشەی نەفامیە.

وە لە لای ئیبنوماجە هێناویەتی و ئیبنوحیبانیش بە صەحیحی داناوە لە ئەبی ئومامەوە: بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَعَنَ الْخَامِشَةَ وَجْهَهَا، وَالشَّاقَّةَ جَيْبَهَا، وَالدَّاعِيَةَ بِالْوَيْلِ وَالثُّبُورِ**) (١٣). واتە: نەفرینی کردوە لەو کەسەی دەموچاوی بریندار دەکات لە کاتی شیوەن کردن، وە سنگی دادەدڕێت، وە هاواری لەناوچوون و مردن دەکات.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کارانە لە تاوانە گەورەکانن، هەندێ جار دەبورێ لەو کەسەی شتێکی کەمی لێوە دەردەچێت بەمەرجێ ڕاست بێ نەک بەشێوەی شیوەن و ناڕەزایی دەربڕین، ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەڵگەی بۆ هێناوەتەوە، وەک ئەوەی ڕوویدا لە ئەبو بەکر و فاتیمە کاتێ پێغەمبەر ﷺ کۆچی دوایی کرد.

لەم فەرموودانەدا شتێکی تێدا نیە بەڵگە بێت لەسەر قەدەغەکردنی گریان، وەک لە صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ کاتێ ئیبراهیمی کوڕی مرد فەرمووی: (**تَدْمَعُ الْعَيْنُ وَيَحْزَنُ الْقَلْبُ، ولا نَقُولُ إلا ما يرْضَى الرَبُّ، و إنَّا بِكَ يا إبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ**)(٢١). واتە: فرمێسک لەچاو دێت و دڵ مەحزون دەبێ، شتێك ناڵێین مەگەر پەروەردگار پێی ڕازی بێت، بەڕاستی ئێمە خەمبارو مەحزونین بۆ تۆ ئەی ئیبراهیم. وە لە ئوسامەی کوڕی زەید پێغەمبەر ﷺ سەردانی یەکێك لە کچەکانی کرد منداڵێکی هەبوو لە سەرەمەرگدا بوو، تەماشای کرد گیانی تیا مابوو دەنگی دەرکرد وەکو قوڵپەی ئاو پێغەمبەر ﷺ فرمێسك بە چاویدا هاتە خوارەوە، سەعد وتی: ئەمە چیە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: (**هذه رَحْمَةٌ جَعَلَهَا الله في قُلُوبِ عِبَادِهِ، وَإِنَّمَا يَرْحَمُ الله من عِبَادِهِ الرُّحَمَاءَ**)(٣٢). واتە. ئەمە ڕەحمەتێکە خوا داینواە لە دڵی بەندەکانیدا، خوا ڕەحم لە بەندەیەك لە بەندەکانی دەکات بەڕەحم و بە بەزەیی بێت.

---

(١)أخرجه ابن ماجه في الجنائز (١٥٨٥)، وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢١٤٧)

(٢) أخرجه البخاري في الجنائز (١٣٠٣)فتح، ومسلم في الفضائل (٢٣١٥) عبدالباقي.

(٣) أخرجه البخاري في الجنائز (١٢٨٤) فتح، ومسلم في الجنائز(٩٢٣) عبدالباقي.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أَنَسٍ أن رسول اللَّه ﷺ قال: (إذا أَرَادَ الله بِعَبْدِهِ الْخَيْرَ عَجَّلَ له الْعُقُوبَةَ في الدُّنْيَا، وإذا أَرَادَ الله بِعَبْدِهِ الشَّرَّ أَمْسَكَ عنه بِذَنْبِهِ حتى يُوَافِيَ بِهِ يوم الْقِيَامَةِ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەنەسەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوا ئەگەر خێری بەندەکەی بوێت سزای بۆ پێش دەخات لە دنیادا، وە ئەگەر خوا خراپەی بەندەکەی بوێت ئەوە لێی دەگەڕێت بەگوناهەکانیەوە دەیهێڵێتەوە، تا بەو گوناهانەوە لە ڕۆژی دواییدا دەگات بە پەروەردگاری.

.....

ئەم فەرموودەیە ترمزی و حاکم گێڕاویانەتەوە، ترمزی بە حەسەنی داناوە، **طەبەرانی** و حاکم لە (عبد الله) کوڕی مەغەففەل دەریان هێناوە. ئیبنوعەدیش لە ئەبی هورەیرە دەریهێناوە، **طەبەرانیش** لە عەمماری کوڕی یاسر گێڕاویەتیەوە.

وتەی: **(إذا أَرَادَ الله بِعَبْدِهِ الْخَيْرَ عَجَّلَ له الْعُقُوبَةَ في الدُّنْيَا)** واتە: تووشی بەڵاو ناڕەحەتی دەکات بەهۆی گوناهەکانی، لێیان دەردەچێ تا هیچ تاوانێکی نامێنێ لەگەڵ خۆی ببیات بۆ قیامەت.

شێخی ئیسلام وتویەتی: بەڵاو موسیبەتەکان نیعمەتن، چونکە پاککەرەوەی گوناهەکانن، مرۆڤ بانگ دەکەن بۆ ئارام گرتن، وە پاداشت دەدرێتەوە لەسەری، گەڕانەوە دەخوازێ بۆ لای خوا و ملکەچی ئەو بێت، پشت بکات لە خەڵکی، جگە لەوەش لەو بەرژەوەندیە مەزنانەی کە تێیدایە، جا خودی بەڵاو ناڕەحەتی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکان. ئەمەش لە مەزنترین نیعمەتەکانە، جا بەڵاو موسیبەتەکان نیعمەتن بۆ هەموو خەڵکی بەگشتی، مەگەر خاوەنەکەی بە هۆیەوە بکەوێتە ناو تاوانێکەوە گەورەتر بێت لەوەی پێشوو، ئەوە دەبێتە شەڕ لەسەری لەو ڕووەی تووشی بووە لە ئاینەکەیدا، چونکە هەندێ لە خەڵکی هەیە ئەگەر تووشی بەڵاو ناڕەحەتی ببێت بەهۆی هەژاری یان نەخۆشی یان ئێش و ئازار ئەوە تووشی جۆرێ لە دوو ڕوویی و بێ ئارامی و شپرزەیی و نەخۆشی دڵ و بێبڕوایی بە ڕواڵەت و وازهێنان لە هەندێ لە ئەرکەکان و ئەنجامدانی هەندێ لە قەدەغەکراوەکان دەبێت کە دەبێتە مایەی زەرەرو زیان بۆ ئاینەکەی، ئەمە سەلامەتی بۆ ئەو باشترە لەو ڕووەی بەڵاو موسیبەت کە چ کاریگەریەکی لەسەر بەجێهێشتووە، نەك لە ڕووی خودی موسیبەت، وەك چۆن ئەوکەسەی بەڵاو موسیبەت بووەتە مایەی خۆڕاگری و گوێڕایەڵی بۆی، ئەوە بۆ ئەو نیعمەتێکی دینیە، ئەوە بە خودی خۆی کاری پەروەردگارە و ڕەحمەت و میهرەبانیە بۆ خەڵك، خوا ستایش کراوە لەسەری، جا هەرکەسێك تووشی بەڵاو ناڕەحەتیەك بوو، وە ئارامی گرت لەسەری، ئەوە ئارامگرتنەکە دەبێتە نیعمەتێك بۆ ئاینەکەی، وە دەبێتە ڕەحمەت بۆی دوای ئەوەی دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی، بە هۆی ستایشکردنی پەروەردگاری لەسەر ئەو بەڵاو موسیبەتە، خوای گەورە درووەی بۆ دەنێرێ، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ ﴿١٥٧﴾ ﴾ **البقرة**. (واتە: ئا ئەوانە درووەو بەزەیی بەسەر ئەواندا دەبارێ لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن هیدایەتیان وەرگرتووە).

---

(١) أخرجه الترمذي في الزهد (٢٣٩٦) وحسنه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٢٢٠).

وتەی: (**وإذا أَرَادَ الله بِعَبْدِهِ الشَّرَّ أَمْسَكَ عنه بِذَنْبِهِ**) واتە: سزای بۆ دوا دەخات (**حتى يُوَافِيَ بِهِ يوم الْقِيَامَةِ**) ئەویش بە (**ضمة**)ەی (**الياء**) وە (کسر)ەی (**الفاء**) (منصوب)ە بە (حتى) (**مبني للفاعل**)ە. ئەلعەزیزی وتویەتی: لە دنیادا بە هۆی تاوانەکەیەوە تۆڵەی لێ ناکاتەوە تا لە ڕۆژی دواییدا هەموو تاوانەکان هەڵدەگرێ، ئینجا ئەوەی شیاویەتی سزا دەدرێت لەسەری. ئەم ڕستەیە بریتیە لە کۆتایی فەرموودەکە.

بەڵام وتەی دانەر کە وتویەتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**وقال النَّبِيُّ ﷺ: إِنَّ عِظَمَ الْجَزَاءِ مع عِظَمِ الْبَلَاءِ**) تا کۆتاییەکەی ئەوە سەرەتای فەرموودەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەو دوو فەرموودەی ترمزی ڕیوایەتیانی کردوە بە یەک سەنەد و یەک هاوەڵ، دانەر وەک یەک فەرموودە داینواوە.

وە ئاگادار کردنەوەشی تێدایە لەسەر ئومێدی باش و گومانی باش بردن لەوەی خوا بڕیای داوە بۆت، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾﴾البقرة. (واتە: وە ئەگونجێ شتێکتان پێ ناخۆش بێت و باش بێ بۆتان وە ئەگونجێ شتێکتان پێ خۆش بێت و خراپ بێ بۆتان (وە خوا چاک و خراپی ئێوە) ئەزانێ و ئێوە نایزانن).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال النَّبِيُّ ﷺ: (إِنَّ عِظَمَ الْجَزَاءِ مع عِظَمِ الْبَلَاءِ. وَإِنَّ اللَّهَ تعالى إذا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ، فَمَنْ رضى فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ)[1]. حسنه الترمذي.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەڕاستی مەزنی پاداشت لەگەڵ مەزنی بەڵاو ناخۆشیدایە. بێگومان خوا ئەگەر گەلێکی خۆش بوێ تاقیان دەکاتەوە، جا هەرکەسێک ڕازی بوو ئەوە خوای لێ ڕازی دەبێت، هەرکەسێکیش ناڕازی بوو ئەوە خوا لێی ناڕازی دەبێت. ترمزی ڕیوایەتی کردوە.

•••••••

ئەم فەرموودەیە کەسێ دەیکاتە بەڵگە کە بڵێ: بەڕاستی بەڵاو موسیبەتەکان پاداشتیان لەسەر وەردەگێرێ لەگەڵ پاکبوونەوەی تاوانەکان، ئیبنولقەییم ئەوەی پەسەند کردوە کە پاداشتی تەنها پاك بوونەوەیە لە تاوانەکان،مەگەر کاتێ بیێتە هۆی کردەوەیەکی چاك وەك ئارامگرتن و ڕازی بوون و تەوبەو داوای لێخۆشبوون. ئەوە بێگومان پاداشت دەدرێتەوە لەسەر ئەو چاکەی کە بەهۆیەوە دروست بووە، وە لەسەر ئەمە لە مانای فەرموودەکەدا دەوترێ: بەڕاستی مەزنی پاداشت لەگەڵ مەزنی بەڵاو ناخۆشیدایە ئەگەر ئارامی گرت و ئومێدی پاداشتی هەبوو.

وتەی: (**وَإِنَّ اللَّهَ تعالى إذا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ**) وە لەبەر ئەمە لە فەرموودەی سەعدا هاتووە: پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ چ جۆرێك لە خەڵکی تووندترین و ناخۆشترین تاقی کردنەوەیان بۆ هەیە؟ فەرمووی: (**الأَنْبِيَاءُ، ثُمَّ الأَمْثَلُ فَالأَمْثَلُ، يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ، فَإِنْ كَانَ دِينُهُ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلاؤُهُ، وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى قَدْرِ دِينِهِ، فَمَا يَبْرَحُ الْبَلاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الأَرْضِ وَمَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ**)[1]. واتە: پێغەمبەران، پاشان چاکتر ئینجا چاکتر، پیاو بە پێی ئیمانەکەی تاقی دەکرێتەوە، جا ئەگەر بەهێزو پتەو بوو، ئەوە بەڵاو موسیبەتەکەی گەورەترە، وە ئەگەر ئیمانەکەی ناسك بوو، ئەوە بە ئەندازەی ئیمانەکەیەتی، بەردەوام بەڵاو موسیبەت لەگەڵ بەندە دایە تا وای لێ دێت بەسەر زەویدا دەڕوات هیچ تاوانێکی نامێنێ. داڕەمی و ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە ترمزیش بە ڕاستی داناوە.

ئەم فەرموودەو وێنەی ئەویش لە بەڵگەکانی یەکتاپەرستیە، جا ئەگەر بەندە ئەوەی زانی بەڕاستی پێغەمبەران و پیاوچاکان تووشی بەڵاو ناخۆشی دەبن لە نەفس و دەرونیان کە لە ڕاستیدا ڕەحمەتە بۆیان، کەس ناتوانێت لەسەریان هەڵبگرێت جگە لەخوا، دەزانێ ئەوان هیچیان بەدەست نیە لە سوود گەیاندن و لابردنی زیان بۆ نەفسی خۆیان، دیارە بۆ غەیری خۆیان لەپێشترە، کەواتە حەرامە ڕووتێکرنیان بە مەبەستی سوود گەیاندن یان لابردنی ناخۆشی، وە لە تووشبوونی پێغەمبەران و پیاوچاکان بە بەڵاو ناڕەحەتی چەندین نهێنی و حیکمەت و بەرژەوەندی و دەرنجامی چاکی تێدایە لە ژمارەن نایەت.

وتەی: (**فَمَنْ رضى فَلَهُ الرِّضَا**) واتە: لە لایەن خواوە ڕەزامەندی بۆ هەیە، وە (**الرضا**) ڕازی بوونیش خوا ﷻ وەسفی نەفسی خۆی پێ کردووە لە چەند جێگەیەك لە کتێبەکەی وەك فەرموویەتی: ﴿جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ﴾ البينة. (واتە: پاداشتی ئەوان لای پەروەردگاریان بەهەشتانێکە جێی دانیشتن و مانەوەی هەمیشەیی ڕووبارەکان بە ژێریاندا دەڕوات دەمێننەوە تێیدا بە ئێجگاری، خوا لێیان ڕازی بووە وە ئەوان لەخوا ڕازی بوون) مەزهەبی پێشین و شوێنکەوتوانیان لە ئەهلی سوننە: چەسپاندنی ئەو سیفاتانەیە کە خوا وەسفی خۆی پێ کردوە، وە پێغەمبەرەکەشی وەسفی پێ کردوە، لەوەی دەگونجێ لەگەڵ مەزنی گەورەیی ئەودا، سەلماندنێ بە بێ لێك چواندن، وە پاکڕاگرتنێ بە بێ پەك خستن (**بلا تمثيل ولا تعطيل**): جا ئەگەر خوا ڕازی بوو لێی هەموو خێرێکی بۆ دەستەبەر دەبێ و پارێزراو دەبێ لە هەموو خراپەیەك، (**والرضا**) ڕازیبوون: بریتیە لەوەی بەندە کاری خۆی بداتە دەستی خوا و گومانی

---

(١) أخرجه الترمذي في الزهد (٢٣٩٨)، وابن ماجه في الفتن (٤٠٢٣)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٤٣).

چاکی بۆ ببات و بەتەمای پاداشتی بێ، بێگومان لەوەدا حەوانەوەو کرانەوەو خۆشویستنی خواو متمانە بوون پێی بەدەست دێنێت، وەك ئیبنومەسعود دەڵێ: خوا بە دادپەروەری خۆی حەوانەوەو خۆشی لە دڵنیایی و ڕازیبوونداو داناوە، وە خەم و خەفەتی لە گومان و ڕازی نەبوونداو داناوە(١٢).

وتەی: (**وَمَنْ سَخِطَ**) بە (کسر)ەی (**الخاء**)، ئەبو سەعادات دەڵێ: (**السخط**) حەز نەکردن و ناڕازی بوونە لە شتێك، واتە: ئەوەی لەخوا ناڕازی بێت لەوەی بۆی داناوە ئەوە خوا لێی ناڕازی دەبێ، ئەوەندەش بەسە سزا بدرێت، هەندێ جار کراوەتە بەڵگە لەسەر واجب بوونی ڕازی بوون، ئەوەش هەڵبژاردەی ئیبنوعەقیلە. (**القاضي**) دەڵێ: واجب نەبوونی پەسەند کردووە، شێخی ئیسلام و ئیبنولقەیمیش پەسەندیان کردوە.

شێخی ئیسلام وتویەتی: فەرمان پێکردن بە ڕازی بوون نەهاتووە وەك چۆن فەرمانکردن بە ئارامگرتن هاتووە. بەڵکو ستایش کردن هاتووە لەسەر خاوەنەکانی. وتوش یەتی: بەڵام ئەوەی ڕیوایەت کراوە: ئەوەی ئارام نەگرێ لەسەر بەڵاو ناڕەحەتیەکانم، وە ڕازی نەبێت بە قەزاکانم، ئەوە با پەروەردگارێ لە جێی من دابنات(٢٣). ئەمە ئیسرائیلیە و لە پێغەمبەرەوە بە دروستی نەهاتووە.

شێخی ئیسلام وتویەتی: بەرزتر لە ڕازی بوون، ئەوەیە سوپاسی خوا بکات لەسەر بەڵاو موسیبەت لەبەرئەوەی دەبینێ خوا بەهۆیەوە نیعمەتی ڕژاندووە بە سەریدا، بەهۆی ئەو بەڵاو موسیبەتانەوە. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (التغابن).

دووەم: (ئارامگرتن لەسەر قەزاو قەدەرەکان) لە بڕوابوونە بەخوا.

سێیەم: تانەدان لە ڕەچەڵەك.

چوارەم: هەڕەشەی تووند لەسەر ئەو کەسەی شیوەن دەکات و لە ڕوومەتی خۆی دەدا و سنگی دادەڕنێ، وە بانگەوازی نەفامی دەکات.

پێنجەم: نیشانەی ئەوەی خوا خێری بۆ بەندەکەی بوێ.

شەشەم: نیشانەی ئەوەی خوا شەڕی بۆ بەندەکەی بوێ.

حەوتەم: نیشانەی خۆشویستنی خوا بۆ بەندەکەی.

هەشتەم: حەرام کردنی ناڕازی بوون بەکاری خوا.

نۆیەم: پاداشتی ڕازی بوون بە بەڵاو موسیبەت.

---

(١) رواه البيهقي في الشعب (٢٠٥).

(٢) قال الشيخ الألباني: (ضعيف جدا) الضعيفة (٥٠٥)، وانظر تفصيله هناك.



بەشی ٣٥

ئەوەی هاتووە دەربارەی ڕیایی و لەبەرچاوی

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب: ما جاء في الرياء.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: ئەوەی هاتووە لە بارەی ڕیایی و بەرچاوی.

واتە: لە قەدەغەکردن و ئاگادار کردنەوە. (**الحافظ**) وتویەتی: (**الرياء** لە) (**الرؤية**) بینین وەرگیراوە. مەبەست پێی: ئاشکراکردنی پەرستشە بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی ببینن و ستایشی خاوەنەکەی بکەن. وە جیاوازی لەنێوان ڕیایی و (**السمعة**) ناوبانگدا: ئەوەیە کە ڕیایی بۆ ئەوەیە کە کە دەبینرێ لە کردەوەکان وەک نوێژ کردن. وە (**السمعة**) لەوەدایە خەڵکی دەیبیستن وەک خوێندن و ئامۆژگاری و یادکردنەوە. وە قسەکردن و گێڕانەوەی ئەوەی کردویەتی هەر دەچێتە چوارچێوەی (**السمعة**).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ **الكهف.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: واتە: بڵێ بەو بێبڕوایانە بێگومان منیش تەنها ئادەمیزادێکم وەکو ئێوە* بەڵام سرووشم بۆ دێت بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە پەروەردگارێکی تاک و تەنیایە جا هەر کەس بە تەمایە بە خزمەت پەروەردگاری بگات(لە قیامەتدا) ئەوە با کردەوەی چاک بکات وە لە پەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بە هاوبەشی.

واتە: من هیچ بەشێکم نیە نە لەپەروەردگارێتی، نە لە پەرستراوێتی، بەڵکو هەموو ئەوانە بۆ خوایە بە تەنها وەحی بۆ کردووم ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ﴾ واتە: لێی بترسێ ﴿فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾، فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَحَدًۢا﴾ بە نەناسراوی هاتووە لە سیاقی (النهی) دا، گشتگیرە، ئەم گشتگیریە پێغەمبەران و فریشتەکان و پیاوچاکان و ئەولیا و هەموو دۆستانی خوا دەگرێتەوە.

شێخی ئیسلام وتوێەتی: بەڵام (اللقاء) چاوپێکەوتن دەستەیەك لە زانایانی پێشین و پاشین ڕاڤەیان کردوە بەوەی (بینین و چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێ)، وتویانە: گەشتن پێی بینینی لەخۆ دەگرێ لە ڕۆژی دواییدا، چەندین بەڵگەشیان بۆ ئەم مەبەستە هێناوەتەوە.

ئیبنولقەییم لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا وتوێەتی: وەك چۆن خوا تەنهایەو هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لەئەو بەهەمان شێوە وا پێویستە پەرستش تەنها بۆ ئەو بێ و هاوبەشی بۆ دانەنرێ، جا وەك چۆن تاك و تەنهایە بە پەرستراوێتی، بە هەمان شێوە بەتاك دابنرێ بە بەندایەتی بۆ کردن، (العمل الصالح) بریتیە لەو کردەوەی بەدڵسۆزی ئەنجام دەدرێ بۆ خوا دوور لە ڕیا و ڕووپامایی، وە بەندیش کراوە بە سوننەتەوە.

وە لە ئایەتەکەدا بەڵگە هەیە کە بنەمای ئەو ئاینەی خوا ﷻ پێغەمبەرەکەی پێ ناردووە، وە پێغەمبەرانی پێش ئەویش، بریتیە لە بەتاك کردنەوەی خوا لەهەموو جۆرەکانی پەرستش، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ الأنبياء. (واتە: وە ئێمە نەمان ناردووە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێك مەگەر نیگامان بۆ ناردووە بەوەی کە بێگومان جگە لەمن هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بم پەرستن) پێچەوانەی بنەمایەش لەم ئوممەتەدا چەند بەشێکە، یان طاغووتێکە ڕکابەری خوا دەکات لە پەروەردگاریتی و پەرستشیدا، خەڵکیش بانگ دەکات بۆ پەرستشی خۆی، یان طاغووتێکە خەڵکی بانگ دەکات بۆ پەرستشی بتەکان، یان هاوبەشدانەرێکە داوا لە غەیری خوا دەکات و لێی نزیك دەبێتەوە بە هەموو جۆرەکانی پەرستش یان بەهەندێکیان، یان کەسێکە گومانی لە یەکتاپەرستیدا هەیە: ئایا یەکتاپەرستی حەقە، یان دروستە بۆ خوا هاوبەشێك دابنرێ لە پەرستشیدا؟.

یان نەفامێکە بڕوای وایە هاوبەشدانان دینە لەخوا نزیکی دەکاتەوە، ئەمەش زاڵ و بەرچاوە لە لای خەڵکی عەوام بەهۆی نەفامیان و لاسایی کردنەوەی پێشینی خۆیان، ئەویش لەکاتێکدایە دین غەریب بوە و زانست و زانیاری دەربارەی دینی پێغەمبەران لەبیر چۆتەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن أبي هُرَيْرَةَ مرفوعا: (قال الله تَبَارَكَ وَتَعَالَىَ: أنا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عن الشِّرْكِ. من عَمِلَ عَمَلًا أَشْرَكَ مَعِي فيه غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ)[1]. رواه مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبو هورەیرەوە بە مەرفوعی هێناویەتی: (خوای گەورە فەرموویەتی: من بێ نیازترینی هاوبەشداەرەکانم لە هاوبەش، هەرکەسێك کردەوەیەك ئەنجام بدات کەسێکی تر لەگەڵ منداا بکات بە هاوبەش واز لە خۆی و ئەو کردەوەش دەهێنم کە کردویەتی بە هاوبەشم. موسلیم ڕیوایەتی کردوە.

•••••••

بريء وهو لِلَّذِي أَشْرَكَ)[1]. واتە: من بەریم، ئەو کارە بۆ ئەوکەسەیە کە کردوویەتی بە هاوبەشم. **طەیبی** وتویەتی: ڕاناوی (منصوب) لە فەرموودەی (**تَرَكْتُهُ**) دروستە بگەڕێتەوە بۆ کردەوەکە.

ئیبنوڕەجەب وتویەتی: چاك بزانە بەڕاستی کردەوە بۆ غەیری خوا چەند شتێکە: جارێك دەبێتە ڕیایی و ڕوبینی پەتی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿١٤٢﴾﴾**النساء**. (واتە: هەر کاتێکیش هەستن بۆ نوێژ بە تەمەڵی و سستی هەڵدەستن ڕوپامایی بۆ خەڵکی ئەکەن وە یادی خوا ناکەن کەمێك نەبێت). وە ئەم ڕیایی و ڕوبینیە پەتیە خەریکە لە بڕوادارەوە دەرنەچێ لە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان و ڕۆژوو گرتن. هەندێ جار لە زەکات و یان لە حەجی پێویست یان غەیری ئەوانە دەکرێت ڕووبدات لە کردەوە ئاشکراکان، یان ئەو کردەوانەی سوودی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە تێپەڕ دەبێ، بەڕاستی دڵسۆزی تیایدا زۆر کەمە، ئەم کردەوەش بڕوادار دەزانێت پوچ بوەتەوە، خاوەنەکەی شیاوی توڕەیی و سزایە لە لایەن خواوە.

وە هەندێ جار کردەوەکە بۆ خوایە، ڕیاییشی تێکەڵ دەبێ، ئەگەر ڕیایی تێکەڵی بوو لە بنچینەیدا ئەوە دەقە ڕاستەکان بەڵگەن لەسەر پووچێتی ئەو کارە، چەند فەرموودەیەکیشی هێناوە بەڵگەن لەسەر ئەوە، لەوانە: ئەم فەرموودەیەو فەرموودەکەی شەدادی کوڕی ئەوس بە مەرفوعی **(من صلى يرائي فَقَدْ أشرك، وَمَنْ صَامَ يرائي فَقَدْ أشرك ، وَمَنْ تَصَدَّقَ يرائي فَقَدْ أشرك ، ان اللَّهَ عز وجل يقول: انا خَيْرُ قَسِيمٍ لِمَنْ أشرك بي، فَمن أشرك بي شَيْئاً فإن جدة عَمَلِهِ قَلِيلُهُ وَكَثِيرُهُ لِشَرِيكِهِ الذي أشرك بِهِ. وأنا عنه غني)**[2].واتە: هەرکەسێك نوێژ بکات و ڕیایی تێدا بکات، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە، وە هەرکەسێك ڕۆژو بگرێت و ڕیایی تێدا بکات، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە، هەرکەسێك زەکات بدات و ڕیایی تێدا بکات، ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە، بەڕاستی خوا دەفەرموێ: من چاکترین دابەشکارم بۆ ئەوکەسەی هاوبەشی بۆ داناوم، جا هەرکەسێك هاوبەشی بۆم دانا، ئەوە بێگومان چاکترینی کردەوەکانی کەم و زۆری بۆ هاوبەشدانەرەکەیەتیە هاوبەشی بۆ داناوم، وە من لێی بێنیازم. ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە.

وە چەند فەرموودەیەکی دیکەی باس کردوە بە هەمان ئەم مانایە پاشان وتویەتی: ئەگەر لەگەڵ نیەتی جیهاد کردن نیەتێکی تری تێکەڵ کرد جگە لە ڕیایی، بۆ نموونە وەرگرتنی کرێ لەبری خزمەت کردن یان وەرگرتنی بەشێك لە غەنیمەت یان بازرگانی، بەهۆی ئەوانەوە پاداشتی جیهادەکەی کەم دەکات، بەڵام بەگشتی پاداشتەکەی بەتاڵ نابێتەوە.

ئیبنوڕەجەب وتویەتی: ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بازرگان و ئەوەی داوای کرێ دەکات پاداشتیان بە ئەندازەی دڵسۆزیانە لە نیەتەکانیان لە غەزا کردنیان، وەکو ئەوە نیە کەسێك بە نەفس و مالّی خۆی جیهاد بکات و هیچی تری تێکەڵ نەکات.

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الزهد (٤٢٠٢).

(٢) أخرجه أحمد (١٧١٤٠)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترغيب (١٩).

هەروەها دەربارەی ئەوکەسەی کە مالّ و سامان وەردەگرێ لە جیهاد کردندا وتویەتی: ئەگەر لە پێناو پارەو سامان دەرنەچوو بێت ئەوە هیچ تاوانێکی ناگات، چونکە لە پێناو ئاینەکەیدا دەرچووە ئەگەر شتێکی پێ بدرێ وەریدەگرێ.

وە لە (عبد الله)ی کوڕی عەمر ڕیوایەت کراوە وتویەتی خالّ بەندی: ئەگەر کەسێك لە ئێوە جیهادی کرد تەنها لە پێناو خوا، خوای گەورەش رزق و ڕۆزی بۆی قەرەبوو کردەوە ئەوە هیچ کێشەیەکی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر یەکێك لە ئێوە پارەو سامانی پێدرا جێهادی کرد، وە ئەگەر پێی نەدرا جیهادی نەکرد ئەوە هیچ خێرو پاداشتێکی تێدا نیە.

وە لە موجاهیدەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕیوایەت کراوە کە ئەو وتویەتی -دەربارەی حەج کردنی ئەو کەسە خاوەن وشترانە بۆ حەج، وە حەجی کرێکار و حەجی بازرگان-: ئەوە حەجێکی تەواوە هیچ لە پاداشتیان کەم ناکات، چونکە مەبەستی بنچینەییان حەجە نەك کەسابەت.

وتی: بەڵام ئەگەر بنچینەی کردەوەکەی بۆ خوا بوو پاشان نیەتی ڕیای بەسەردا هات، ئەگەر ئەو نیەتە ختورە بوو پاشان لای برد ئەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێ بەبێ جیاوازی لە نێوان زانایان، بەڵام ئەگەر لەگەڵیدا مایەوە، ئایا کردەوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە یان پاداشت دەدرێتەوە لەسەر بنەمای نیەتەکەی؟ لەوەدا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایانی پێشین، ئیمامی ئەحمەد و ئیبنوجەریر ئەمەیان وتووە و پەسەندیان کردوە، بێگومان کردەوەکەی بەتاڵ نابێتەوە بەوە، وە ئەو پاداشت دەدرێتەوە بە پێی نیەتی یەکەمی، ئەویش لە حەسەن و جگە لەویشەوە ڕیوایەت کراوە. وە لەم بارەیەوە فەرموودەی ئەبو زرِ هاتووە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا دەربارەی کەسێك کارێکی چاك دەکات خەڵکی ستایشی دەکەن لەسەر ئەو کارە چاکە، فەرمووی: (**تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ**)[1]. واتە: ئەوە مژدەی پێش خراوە بۆ بڕوادار. موسلیم ڕیوایەتی کردوە.

وتم: تەواوی ئەم پلەو پایە لە شەرحی فەرموودەی ئەبی سەعید ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت.

---

(١) أخرجه مسلم في البر والصلة (٢٦٤٢) عبدالباقي.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي سَعِيدٍ مرفوعا: (ألا أُخبِرُكُمْ بِمَا هو أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي من الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)؟ قالوا: بَلَى يا رسول الله. قال: (الشِّرْكُ الْخَفِيُّ: أن يَقُومَ الرَّجُلُ فيُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ لِمَا يَرَى من نَظَرِ رَجُلٍ)[1]. رواه أحمد.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئەبی سەعیدی خودریەوە بە مەرفوعی هاتووە: (ئایا هەواڵتان بدەمێ بەوەی مەترسی لای من زیاترە بۆ ئێوە لە مەسیحی دەجال)؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: هاوبەشدانانی شاراوە: پیاوێك هەڵدەستێت نوێژ دەکات نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کەسێك ببینێ. ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە.

.....

وە ئیبن خوزەیمە گێڕاویەتیەوە لە صەحیحەکەیدا لە مەحمودی کوڕی لەبیدەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ دەرچوو بۆ لامان فەرمووی: **(إِيَّها الناس، إِيَّاكُمْ وَشِرْكَ السَّرَائِرِ)** واتە: ئەی خەڵکینە، خۆتان بپارێزن لە هاوبەشدانانە شاراوەکان. وتیان: هاوبەشدانانە شاراوەکان چیە؟ فەرمووی: **(يَقُومُ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ لِمَا يَرَى من نَظَرِ رَجُل إِلَيْهِ. فَذَلِكَ شِرْكُ السَّرَائِرِ)**[2]. واتە: پیاوێك هەڵدەستێت نوێژ دەکات نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کەسێك ببینێ، ئا ئەوەیە هاوبەشدانانی شاراوە.

وتەی: **(عن أبي سَعِيدٍ)** خودری، لە پێشەوە باس کرا.

وتەی: **(الشِّرْكُ الْخَفِيُّ)** بەشاراوەیی ناوی بردوە، چونکە خاوەنەکەی بە ڕواڵەت وا دەریدەخات کردەوەکەی بۆ خوایە، بەڵام مەبەستی بۆ خوا نیە، هاوبەشی بۆ دادەنات بە جوانکرن و ڕازاندنەوەی نوێژەکەی لە پێناوی ئەودا. وە لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە وتویەتی: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕیاو ڕوپامایمان بە هاوبەشدانانی بچووك دادەنا(٣٤). ئیبن ئەبی دونیا گێڕاویەتیەوە لە کتێبی (الإخلاص)، وە ئیبنوجەریر لە کتێبی **(التهذيب)**، وە **طەبەرانی**، وە حاکمیش بە ڕاستی داناوە.

ئیبنولقەییم وتویەتی: بەڵام هاوبەشدانانی بچووك وەك ڕیاییەکی کەم، وە خۆ دەرخستن بۆ مەخلوقێك وەکو خۆی و سوێند خواردن بە غەیری خواو وتەی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە وەك دەڵێ: ئەوەی خواو تۆ بتانەوێ، ئەمەش لە لایەن خواو تۆوەوەیە، گیانم بەخواو بە تۆیە، کەسم نیە جگە لە خواو تۆ، من پشتم بەستووە بەخواو بە تۆ، ئەگەر خواو تۆ نەبوایە ئاواو ئاوا ڕووی نەدەدا. هەندێ جار ئەمە دەبێتە هاوبەشدانانی گەورە بە پێی حاڵ و مەبەستی ئەو کەسەی دەیڵێت (ئەگەر مەبەستی بەگەورەدانانلا کەسەکە یان شتەکە بوو).

گومانی تێدا نیە کە ئیخڵاص و دڵسۆزی مەرجە بۆ ڕاست و دروستی و وەرگرتنی کردەوە، بەهەمان شێوە شوێنکەوتنی سونەتیش، وەك فوضەیڵی کوڕی عیاض ڕەحمەتی خوای لێ بێت

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الزهد (٤٢٠٤)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٣٠).

(٢) أخرجه ابن خزيمة (٩٣٧)، وحسنه الشيخ الآلباني في صحيح الترغيب (٣١).

(٣) أخرجه البزار (٣٤٨١)، والطبراني في الكبير (٢٨٩/٧)، (٧١٦٠)، وفي الأوسط (١٩٦)، والحاكم ٣٢٩/٤)، والبيهقي في شعب الإيمان(٦٤٢٤:٦٤٢٦) وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٣٥).

دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ وتویەتی: ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۝٢﴾الملك. (واتە: تا تاقیتان بکاتەوە کە کردەوەی کامتان چاکترە). وتویەتی: (**أخلصه وأصوبه**) بەدڵسۆزی و بە پێی قورئان و سوننەت، وترا: ئەی باوکی عەلی، مانای: (**أخلصه وأصوبه**) چیە؟ وتی: کردەوە ئەگەر بە دڵسۆزی بۆ خوا بێت بەڵام بەپێی قورئان و سوننەت نەبێت وەرناگیرێت، وە ئەگەر بە پێی قورئان و سونەتیش بێت بە ئیخڵاص و دڵسۆزی ئەنجام نەدرێت وەرناگیرێت تا بەئیخڵاص و بە پێی قورئان و سوننەت نەبێ، (الخالص)ە، ئەوەیە بۆ خوا بێت، ئەوەشی بە (الصواب)ە، ئەوەیە بەپێی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێت.

لەم فەرموودەدا چەندین سوود بە دی دەکرێت: سۆزو میهرەبانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئوممەتەکەی و ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆیان، بێگومان ڕیاو ڕوپامایی مەترسیدارترە لەسەر پیاوچاکان لە فیتنەی دەجال. جا ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ترسابێ لەوەی پێشەوای پیاوچاکان و دۆستانی لەگەڵ ئەو ئیمان و زانستە بەهێزەیاندا تووشی ببن، جگە لە ئەوان لەوانەی لەخوار ئەوانەوەن بە چەندین پلەو پایە لەپێشترن بەوەی لێیان بترسێ تووشی هاوبەشدانانی بچووک و گەورە ببن.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (الکهف).

دووەم: شتەگەورەکە ئەوەیە کە هەر کردەوەیەکی چاك ئەگەر شتێکی خراپی تێکەڵ بووبێ بۆ غەیری خوا ڕەت دەکرێتەوە.

سێیەم: باسی هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەو کردەوانە، ئەویش تەواوی بێنیازی خوایە.

چوارەم: یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە: بێگومان خوا چاکترینی ناو هاوبەشەکانە و پێویستی بە هیچیان نیە.

پێنجەم: ترسانی پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئەوەی هاوەڵانی تووشی ڕیاییو ڕوپامایی ببن.

شەشەم: پێغەمبەر ﷺ ڕیایی و مەرایی بەوە ڕاڤە کردوە پیاوێك نوێژ بۆ خوا بکات، بەڵام لەبەر پیاوێکی تر نوێژەکەی بڕازێنێتەوە.



بەشی ٣٦

باسی جۆرێك لە هاوبەشدانان

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب من الشرك: إرادة الإنسان بعمله الدنيا

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: باسی جۆرێك لە هاوبەشدانان ئەوەیە کە مرۆڤ بیەوێت لەبەرانبەر کردەوە چاکەکانیدا دنیا بەدەست بهێنێت.

.....

ئەگەر بووترێ: جیاوازی لەنێوان ئەم باسەو باسەکەی پێش ئەمە چیە؟

وتم: لەنێوانیاندا گشتێتی و تایبەتمەندی ڕەها هەیە لە بابەتێکدا کۆدەبنەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بە کردەوەکانی خۆی بڕازێنێتەوە لە پێش چاوی خەڵکی، وە بۆ ئەوەی ستایش بکرێ ئەمە ڕیا و ڕووپامالییە، وەك لە پێشەوە ڕوون کرایەوە، نموونەش وەك حاڵی دوو ڕووەکان، وە هەروەها بریتیە لەوەی خۆی جوان بکات لەپێش چاوی خەڵکی بۆ ئەوەی ستایشی بکەن و ڕێزی لێ بگرن، یان بۆ بەدەستهێنانی دنیا بێ، وە جیادەبێتەوە لە ڕیاو ڕووپامایی بەوەی کردەوەیەکی چاك ئەنجام دەدات مەبەستی پێی بەشێکە لە دنیا، وەکو کەسێ جیهاد بکات بۆ ئەوەی ماڵ و سامانی دەست بکەوێ، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (تعس عبد الدينار)[1]. واتە: چارە ڕەش بوو، وە تیاچوو بەندەی دینار. یان جیهاد بکات بۆ غەنیمەت و یان جگە لەو شتانەی کە پێشەوامان ئیبنوعەباس و جگە لەویش لە ڕاڤەزانانی قورئان باسیان کردوە، لە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا ﴿١٥﴾ ﴾ هود. (واتە: هەر کەس جوانی و ڕازاوەیی و ژیانی دنیای بوێ).

دانەر ڕەحمەتی خوا لێ بێت لەم باسە و باسەکەی دواتر دەیەوێ بڵێ کردەوە لەپێناوی دونیادا هاوبەشدانانە، کەماڵی یەکتاپەرستی واجب هەڵدەوەشێنێ، کردەوەکانیش پووچ دەکاتەوە، ئەوە مەزنترە لە ڕیایی ڕوپامایی، چونکە ئەو کەسەی دنیای دەوێ هەندێ جار ویست و ئیرادەی زاڵ دەبێ بەسەر زۆرێ لە کردەوەکانیدا، بەڵام ڕیایی لە کردەوەیەکدا تووش دەبێ، وە لە کردەوەیەکی تر تووشی نابێ، بەردەوام لەگەڵیدا نامێنێتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی بڕوادار خۆی بپارێزێ لە هەردوکیان.

---

(١) أخرجه البخاري في الجهاد(٢٨٨٧) فتح.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ هود.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ، فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: هەرکەس دەیەوێت ژیانی دنیا و ڕازاوەو جوانی ئەو ئێمە بەرهەمی کردەوەکانیان بە تەواوی پێ دەدەین تیایدا وە ئەوان لەم ژیانەدا کەم و کوڕیان لەگەڵ ناکرێت* ئەوانە کەسانێکن بۆیان نیە لەڕۆژی دواییدا جگە لەئاگر وە ئەوەی کردیان تێیدا پووچ و بێ بەرهەم بووە وە هەرچیان کرد بەردەوام بوو بەهیچ)

.....

ئیبنوعەباس وتویەتی: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾ واتە: پاداشتی دنیا ﴿ وَزِينَتَهَا ﴾ مااڵ و سامانی ﴿ نُوَفِّ ﴾ واتە: ئامادەی دەکەین بۆیان پاداشتی کردەوەکانیان، بە لەشساغی و دڵخۆشی لەناو مااڵ و خێزان و منداڵدا ﴿ وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴾ کەم و کوڕیان لەگەڵ ناکرێت، پاشان ئەم ئایەتە نەسخی کردۆتەوە: ﴿ مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ﴿١٨﴾ ﴾ الإسراء. (واتە: هەرکەسێك تەنها ژیانی دنیای بوێ لەم دنیادا زوو پێی دەدەین ئەوەی بمانەوێ بۆ هەر کەسێك) ئەم دوو ئایەتە نەحاس لە کتێبی (الناسخ)دا هێناویەتی.

وتەی ئیبنوعەباس: **(ثم نسختها)** واتە: بەندی کردوەو دەقەکە بەڕەهایی نەماوەتەوە

قەتادە وتویەتی: هەرکەسێك دنیا ویست و داواو نیەتی بێ، خوا ﷻ پاداشتی دەداتەوە بە چاکەکانی لە دنیادا، پاشان لەڕۆژی دواییدا هیچ چاکەیەکی نامێنێ پاداشتی پێ بداتەوە، بەڵام بڕوادار پاداشت دەدرێتەوە بە چاکەکانی لەدنیادا، بەهەمان شێوە لە دواڕۆژیشدا پاداشت لەسەر کردەوە چاکەکانی وەردەگرێ. ئیبنوجەریر بە سەنەدی خۆی ئەمەی باسکردووە.

پاشان فەرموودەی ئەبو هورەیریەی هێناوە لە ئیبنوموبارەك لە حەیوەی کوڕی شورەیح وتی: وەلیدی کوڕی ئەبی وەلید باوکی عوسمان بۆی باس کردم، کە عوقبەی کوڕی موسلیم بۆی باس کردوە شوفیەی کوڕی ماتیعی ئەصبەحی بۆی باس کردووە ئەو چووە بۆ شاری مەدینە، پیاوێکی بینی خەڵکی بەدەوریدا کۆبوونەتەوە وتی: ئەم پیاوە کێیە؟ وتیان: ئەبو هورەیرەیە. وتی: لێی نزیك بوومەوە تا لەبەردەستیدا دانیشتم، ئەویش قسەی بۆ خەڵکی دەکرد، کاتێ کە بێدەنگ بوو کەسی لە چواردەور نەما، وتم: سوێندت دەدەم بەخوا ئایا فەرموودەیەکم بۆ باس ناکەیت لە پێغەمبەرەوە بیستبێتت و پەندو ئامۆژگاری و زانستت لێ وەرگرتبێ. وتی: ئەبو هورەیرە وتی: باشە، فەرموودەیەکت بۆ باس دەکەم پێغەمبەر ﷺ لەم ماڵەدا بۆی باس کردبێتم، کەسی تێدا نەبووە جگە لەمن و ئەو، پاشان هەناسەیەکی توندی هەڵکێشا خەریك بوو بێ هۆش بکەوێ، پاشان هاتە هۆشی خۆی و وتی: فەرموودەیەکت بۆ باس دەکەم پێغەمبەر ﷺ لەم ماڵەدا بۆی باس کردبێتم، کەسی تێدا نەبووە جگە لەمن و ئەو، پاشان جارێکی تر هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەسەر ڕوومەتی بە بێ هۆشی کەوت بۆ ماوەیەکی زۆر، پاشان هاتە هۆش و وتی: پێغەمبەر ﷺ بۆی باس کردم: بێگومان ئەگەر ڕۆژی دوایی هات خوا ﷻ دادەبەزێ بۆ ئەوەی دادوەری لەنێوان خەڵکیدا بکات،

هەموو خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ کەوتوون بەسەر ئەژنۆدا، جا یەکەم کەسێك بانگ دەکرێت پیاوێکە قورئانی کۆکردۆتەوە، وە پیاوێکە لەپێناوی خوادا کوژراوە، وە پیاوێکە خاوەن ماڵ و سامانێکی زۆرە، ئەو کەسەی کە قورئان خوێنە خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: ئایا فێرم نەکردی ئەوەی دامبەزاندوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەم؟ وتی: بەڵێ ئەی پەروەردگارم، فەرمووی: ئەی چیت کرد بەوەی کە فێری بووی؟ وتی: من بەدرێژایی شەو ڕۆژ کارم پێدەکرد. خوا ﷻ پێی دەفەموێ درۆت کرد، فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: بەڵکو مەبەستت ئەوە بوو پێت بوترێ: فلان کەس قورئان خوێنە، بێگومان پێت وترا، وە خاوەن ماڵ و سەروەت و سامانیش دەهێنن، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: ئایا ماڵ و سامانم پێ نەبەخشیت تا نەمهێشت پێویستیت بەهیچ کەسێك هەبێت؟ دەڵێ: بەڵێ ئەی پەروەردگار، فەرمووی: چیت بەو ماڵ و سامانە کرد کە پێتم بەخشی؟ وتی: من پەیوەندی خزمایەتیم پێی بەجێ دەهێناو خێر و چاکەم پێ دەکرد، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: درۆت کرد، فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: بەڵکو تۆ مەبەستت ئەوە بوو پێت بوترێ: فلانە کەس پیاوێکی بەخشندەیە، بێگومان پێت وترا. وە ئەو پیاوەش دەهێنن کە لەپێناوی خوادا کوژراوە کردوە جا پێی دەوترێ: لەبەرچی کوژرایت؟ ئەویش دەڵێ: فەرمانم پێکراوە بەجیهاد لەپێناوی تۆدا بۆیە منیش جەنگام تا کوژرام، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: درۆت کرد، فریشتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد، خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: بەڵکو تۆ مەبەستت ئەوە بوو پێت بووترێ: فلانە کەس پیاوێکی بوێرە بێگومان پێت وترا، پاشان پێغەمبەر ﷺ دای بەسەر چۆکمدا و فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە؟ ئەو سێ دەستەیە یەکەم دروستکراوی خوان لە ڕۆژی دواییدا ئاگریان پێ هەڵدەگیرسێنرێ[1].

پرسیار کرا لە پێشەوامان دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ئەم ئایەتە، وەڵامی دایەوە پوختەی وەڵامەکەشی ئەوە بوو: چەندین جۆر لەوانەی باس کردوە لە زانایانی پێشینەوە کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن و ماناکەی نازانن.

یەکەم: کردەوەی چاك کە زۆرینەی خەڵکی لە پێناو خوادا ئەنجامی دەدەن: لە بەخشین و نوێژو پەیوەندی خزمایەتی و چاکە لەگەڵ خەڵکی و وازهێنان لە ستەم و وێنەی ئەوانەش لەوەی ئادەمی ئەنجامی دەدات یان وازی لێ دەهێنێت بە تەنها لەبەر خوا، بەڵام پاداشتی ناوێت لە ڕۆژی دواییدا، بەڵکو دەیەوێت خوا پاداشتی بداتەوە بە پارستنی سەروەت و سامانی، وە گەشەکردنی یان پاراستنی خانەوادەو خێزانی، یان بەردەوام بوونی نازو نیعمەت بەسەریانەوە، هیچ هیمەتێکی نیە بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت و هەڵهاتن لە ئاگر، ئەمە پاداشتی کردەوەکەی دەدرێتەوە لە دنیادا و هیچ بەشێکی بۆ نیە لە ڕۆژی قیامەتدا. ئەم جۆرە ئیبنوعەباس باسی کردوە.

دووەم: ئەمە گەورەترە لە یەکەم و مەترسیدارترە، ئەمیش ئەوەیە کە موجاهید باسی کردوە لەبارەی ئایەتەکەدا: ئەو ئایەتە دەربارەی ئەو شتە دابەزیوە کە بریتیە لەوەی کارێکی چاك ئەنجام بدات و مەبەستی لەو کارە چاکە ڕیایی و ڕوپامایی بێت بۆ خەڵکی، نەك داواکردنی پاداشتی دواڕۆژ.

---

(١) أيضا أخرجه الترمذي في الزهد (٢٣٨٢)، وهو في صحيح الجامع، (١٧١٣)، وأخرجه أيضا مسلم مختصراً في الإمارة (١٩٠٥) عبدالباقي.

سێیەم: کردەوەی چاك بکات مەبەستی پێی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان بێت، وەك ئەوەی حەج بکات بۆ ئەوەی ماڵ و سامانێك بەدەست بهێنێت، یان کۆچ بکات بۆ دنیا یان لەبەر ئافرەتێ زەواجی لەگەڵ بکات، یان جیهاد بکات لەبەر غەنیمەت، هەروەها ئەم جۆرەی باس کردوە لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا، وە وەك کەسێك خۆی فێر زانست بکات بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی فێر بکات، یان بژێویان دابین بکات، یان بۆ ئەوەی پلەو پایەی پێ بەدەست بهێنێت، یان خۆی فێری قورئان بکات و بەردەوام بێت لەسەر نوێژ کردن لەپێناو پیشیەکی مزگەوتدا، وەك چۆن ئەوە حەقیقەتی زۆربەی خەڵکی.

چوارەم: کار بکات بە گوێڕایەڵی خوا بە دڵسۆزیەوە تەنها لەپێناو خوادا بەبێ هاوبەشدانان، بەڵام لەسەر کردەوەیەك کە بە هۆیەوە بێباوەڕ ببێ لە ئیسلام دەری بکات، وەك جولەکەو گاوەر، ئەگەر بەندایەتی خوا بکەن، یان ببەخشن یان لە پێناو خواو بەدەستهێنانی ڕۆژی دوایی ڕۆژوو بگرن، وە وەکو زۆرێك لەم ئوممەتە ئەوانەی کە کوفریان تێدایە یان هاوبەشدانانی گەورە لە ئیسلام دەریان دەکات بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر گوێڕایەڵی خوا بکەن بە دڵسۆزی و مەبەستیان پێی خواو بەدەستهێنانی پاداشتی خوا بێ لە ڕۆژی دوایی، بەڵام لەسەر چەند کردەوەیەك بن دەریان بکات لە ئیسلام و ببێتە ڕێگر لەبەردەم وەرگرتنی کردەوە چاکەکانیان، هەروەها ئەم جۆرەش باس کراوە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا لە ئەنەس و جگە لە ئەویش، پێشین زۆر لێی دەترسان، هەندێکیان وتویانە: ئەگەر بزانم خوا یەك سوژدەم لێ وەردەگرێت تەمەنام دەکرد بمردایەم، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾ **المائدة**. (واتە: بێگومان خوا کردەوە لە خۆپارێزان و لەخوا ترسان وەردەگرێ).

پاشان وتی: ئەوە ماوە بوترێ: ئەگەر کەسێك پێنج فەرزەی نوێژ و زەکات و ڕۆژوو حەج لە پێناو خوا ئەنجام بدات، بە مەبەستی پاداشتی دواڕۆژ، پاشان دوای ئەوە چەندین کردەوەی تری کرد مەبەستی پێی دنیا بوو، وەك ئەوەی حەجی فەرز بۆ خوا ئەنجام دەدات، پاشان دوای ئەوە حەج دەکات لە پێناو دنیادا وەك چۆن ئەوە لە واقیعدا بوونی هەیە، ئەوە کامیان زۆرتر لای مەبەست بوو بەوە ئەژمار دەکرێ. هەندێکیان وتویانە: قورئان زۆرجار باسی ئەهلی بەهەشت دەکات ئەوانەی پاڵفتەن، وە باسی ئەهلی دۆزەخیش دەکات، ئەوانەی پاڵفتەن، وە بێ دەنگ بووە لەوانەی تێکەڵیان کردوە، ئەویش ئەمەو وێنەی ئەمەیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في الصحيح عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: أنَّ رسول الله ﷺ قَالَ: تَعِسَ عبد الدِّينَارِ، تَعِسَ عبد الدِّرْهَمِ، تَعِسَ عبد الْخَمِيصَةِ، تَعِسَ عبد الخَمِيلَةِ، إن أُعْطِيَ رضي، وَإِنْ لم يُعْطَ سَخِطَ، تَعِسَ وَانْتَكَسَ وإذا شِيكَ فلا انْتَقَشَ. طُوبَىَ لِعَبْدٍ آخِذٍ بِعِنَانِ فَرَسِهِ في سَبِيلِ اللَّهِ أَشْعَثَ رَأْسُهُ، مُغْبَرَّةٍ قَدَمَاهُ، إن كان في الْحِرَاسَةِ كان في الْحِرَاسَةِ، وَإِنْ كان في السَّاقَةِ كان في السَّاقَةِ، إن اسْتَأْذَنَ لم يُؤْذَنْ له، وَإِنْ شَفَعَ لم يُشَفَّعْ) [1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: لەناوچێت بەندەی دینار، لەناوچێت بەندەی درهەم، لەناوچێت بەندەی (الْخَمِيصَةِ) (پۆشاکێکی ڕەشە لە خوری یان سووف دروست دەکرێ)، لەناوچێت بەندەی (الخَمِيلَةِ) (ئەو پۆشاکەیە کە پەراوێز یان تاڵەڕیشی بۆ دروست دەکرێ بۆ جوانی)، ئەگەر پێی بەخشرا ڕازی دەبێت، ئەگەر پێی نەبەخشرا ناڕازی دەبێت، لەناو بچێت و ملیشی بشکێت، وە سەراوژێر بێ، ئەگەر درك چەقی بە پێیدا نەتوانێ درکەکەی قاچی خۆی بە مەقاش دەربهێنێ، مژدە بۆ کەسێك دەستی گرتووە بە جلەوی ئەسپەکەیەوە لە پێناوی خوا، قژو سەری ئاڵۆزەو قاچەکانی خۆڵاوین، ئەگەر لە پاسەوانیدا دانرا کارەکەی بەجوانی ئەنجام دەدات بەبێ کەمتەرخەمی، وە ئەگەر لە خواری سوپاوە دانرا گوێی ناداتی هەر کاری خۆی دەکات، ئەگەر داوای مۆڵەت بکات بۆ بینینی بەرپرسان مۆڵەتی پێ نادرێ، وە ئەگەر تکا بکات بۆ کەسێ تکای وەرناگیرێ.

.....

وتەی: (**تَعِسَ**) بە(کسر)ەی (العین) دروستیشە بە(الفتح) واتە: مەبەست لێرەدا بەمانای لەناوچوون دێت. (**الحافظ**) ئەمەی وتووە، وە لە جێگایەکی تردا وتویەتی: دژی خۆشبەختیە. واتە: بەدبەخت بوو، ئەبوو سەعادات وتویەتی: بە مانای پێ هەڵخلیسکان و بە دەمدا کەوتن دێت، ئەویش دوعا کردنە لێی بە لەناوچوون.

وتەی: (**عَبد الدِّينَارِ**) ئەوە ناسراوە لە زێڕو زیو وەك مسقاڵە لە کێشانەدا.

وتەی: (**تَعِسَ عبد الدِّرْهَمِ**) درهەم لە زیو دروست دەکرێت: زانا فەقیهەکان ئەندازەیان کردووە بە جۆ لە ڕوی قورساییەوە، لەلای ئێمە درهەمێك هەیە لە درهەمی بەنی ئومەیە، ئەویش بریتیە لە کێشانەی پەنجاو دەنکە جۆو دوو لەسەر پێنجی دەنکێ، پێغەمبەر ﷺ ناوی ناوە بەندەی درهەم، چونکە مەبەستی ئەو درهەمەیە لە کردەوەکەیدا، جا هەر کەسێك مەبەستی غەیری خوا بێت ئەوە ئەو شتەی کردووە بە هاوبەش بۆ خوا لە پەرستشیدا وەکو چۆن ئەوە حاڵی زۆرینەی خەڵکیە.

وتەی: (**تَعِسَ عبد الْخَمِيصَةِ**) ئەبو سەعادات وتویەتی: بریتیە لە جل و بەرگی سووف یان حەریر، وتراوە: پێی ناوترێ (**خَمِيصَةِ**) مەگەر هێما داربێ، کۆ دەکرێت بە (خمائص). (**الخميلة**) ئەبو سەعادات وتویەتی: جلێکە ڕیشاڵی هەبێ لە هەر شتێك دروستێ کرابێت.

---

(١) أخرجه البخاري في الجهاد (٢٨٨٧) فتح.

وتەی: (تَعِسَ وَانْتَكَسَ) (الحافظ) وتوێەتی: نەخۆشیەکە دووبارە سەری لێ بداتەوە. ئەبو سەعادات وتوێەتی: واتە: سەراوژێر بێ، ئەویش نزاکردنە لێی بە دۆڕان و بێ ئومێدی. طەیبی وتوێەتی: نزا کردن لێی. وە (تعس) بە مانای کەوتن دێ بەسەر ڕووداو، وە (انتکس) کەوتنە بەسەر سەریدا دوای بەربوونەوەی.

فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (وإذا شِيكَ) ئەگەر دڕک چەقی بە پێیدا (فلا انْتَقَشَ) واتە: نەتوانێ دڕکەکەی قاچی خۆی بە مەقاش دەربهێنێ. ئەبو سەعادات ئەمەی وتووە.

وە مەبەست ئەوەیە: هەرکەسێ ئەمە حاڵی بێ شیاوی ئەوە نیە دوعای لێ بکرێ بەوەی زیانی پێ بگات لەسەر ئەنجامدا، وە هەرکەسێك ئەمە حاڵی بێ هەر دەبێ شوێنەواری ئەم دوعاو نزایانە ببینێ، لە کەوتنە ناو ئەوەی زیانی پێ دەگەیەنێ لە ژیانی دنیاو دواڕۆژدا.

شێخی ئیسلام وتوێەتی: پێغەمبەر ﷺ ناوی ناوە بە بەندەی دینار و درهەم و بەندەی جل و پۆشاکی جوان، وە فەرموودەکە نزاکردنە بەڵام بەشێوەی هەواڵ خێر هێناویەتی، ئەویش ئەوەیە کە فەرموویەتی: (تَعِسَ وَانْتَكَسَ وإذا شِيكَ فلا انْتَقَشَ).

ئەمە حاڵی ئەو کەسەیە کە تووشی شەڕو ناڕەحەتی دەبێ نە دەتوانێ لێی دەربچێ، نە ڕزگاریشی دەبێ، چونکە ئەو تیاچوە و سەراوژور بووە ئامانجەکەی بەدەست نەهێناوە، ڕزگاریشی نەبووە لە ناڕەحەتی، ئەمەش حاڵی ئەو کەسەیە بەندەی ماڵ و سامان بێ، بێگومان وەسف کراوە بەوەی (إِنْ أُعْطِيَ رَضِيَ وَإِنْ مُنِعَ سَخِطَ) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ فَإِنْ أُعْطُواْ مِنْهَا رَضُواْ وَإِن لَّمْ يُعْطَوْاْ مِنْهَآ إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ التوبه: (واتە: وە هەندێ کەس لەوانە ڕەخنەو توانجت لێ دەگرن لە دابەش کردنی خێرەکاندا خۆ ئەگەر لەو خێرو سەدەقەیان پێ بدرێ ڕازی دەبن وە ئەگەر پێیان نەدرێ لێی ئەو کاتە ئەوان تووڕەو ناڕازی دەبن).جا ئەوانە ڕازی بوونیان بۆ غەیری خوایە، تووڕە بوونیشیان بۆ غەیری خوایە، ئا بەوشێوەیە حاڵی ئەوکەسەی پەیوەستە بە دەسەڵات یان وێنەك هاوشێوەی ئەوەش لە هەواو نەفسی، ئەگەر بۆی دەستەبەر بوو ڕازی دەبێ، ئەگەر بۆی دەستەبەر نەبوو ڕازی نابێت، ئەمە بەندەیەکە بووە بە کۆیلەی ئەوەی دەیەوێ لە دنیا، لە حەقیقەتدا کوێلایەتی و بەندایەتی بریتیە لە کۆیلایەتی و بەندایەتی دڵ، جا هەرشتێ دڵ کۆیلایەتی و بەندایەتی بۆ بکات ئەوە خاوەنەکەی بەندەی ئەو شتەیە، تا ئەو جێگایەی وتوێەتی:

ئا بەو شێوەیە داواکاری سەروەت و سامانە، ئەوە بەندە و کۆیلەی ماڵ، ئەمانەش دوو جۆرەن:

یەکەم: ئەوەی کە بەندە پێویستی پێیەتی لە ماڵ و سامان، وەك چۆن پێویستی بە خواردن و خواردنەوەو ژن هێنان و شوێنی نیشتەجێ بوون هەیە، ئەمە داوا دەکات لە خوا هەوڵ و کۆششیشی بۆ دەدات، ئەوکاتە ئەبێتە خاوەن ماڵ و سامان و لە پێویستیەکانی بەکاری دێنێ وەکو چۆن سواری گوێدرێژەکەی دەبێ بەکاری دێنێ، یان هەروەکو چۆن ڕاخەرەکەی ژێری بەکار دێنێ بەبێ بەندایەتی بکات و تیا بچێت.

دووەم: بەندە پێویستی پێی نیە، لەم حاڵەتەدا پێویستە دڵی پێیەوە وابەست نەکات، جا ئەگەر دڵی پێیەوە وابەست کرد ئەوە دەبێتە بەندەی سەروەت سامان، هەندێ جار لەوەیە بێکات بە پەرستش و پشتی پێ ببەستێت لە غەیری خوا، ئەوکات نە حەقیقەتی پەرستشی بۆ خوا تیا دەمێنێ نە حەقیقەتی پشتبەستن پێی، بەڵکو بەشێکی پەرستشی بۆ غەیری خوا دەبێ و بەشێکی پشت بەستنیشی بە غەیری خوا دەبێ، ئەمەش شیاوترین کەسە ئەم فەرموودەی لەسەر جێبەجێ ببێت: (تَعِسَ عبد الدِّينَارِ، تَعِسَ عبد الدِّرْهَمِ، تَعِسَ عبد الْخَمِيصَةِ، تَعِسَ عبد الخَميلةِ) ئەمە کۆیلەی ئەم شتانەیە، ئەگەر داوای ئەوانە لە خوا بکات، ئەگەر خوا پێی ببەخشێت ڕازی دەبێت، ئەگەر پێی نەبەخشێت ناڕازی دەبێت ناشکوری دەکات، بەڵام بەندەی ڕاستەقینەی خوا ئەوکەسەیە ڕازی بێت بەوەی خوا پێی ڕازیە، ناڕازیش بێت بەو شتەی خوا پێی ناڕازیە، ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە پێی خۆش بێت، ئەوەشی خواو پێغەمبەرەکەی پێیان ناخۆشە پێی ناخۆش بێت، پشتیوانی لە دۆستەکانی بکات و دژایەتی دوژمنەکانی بکات، ئا ئەم کەسە ئیمانی تەواوە.

وتەی: (طُوبَى لِعَبْدٍ) ئەبو سەعادات وتویەتی: (طُوبَى) ناوی بەهەشتە، وە وتراوە دارێکە لەناو بەهەشتدا، پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکات ئەوەی ئیبنووەهەب هێناویەتی بە سەنەدی خۆی لە ئەبی سەعید وتی: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (طُوبَى) چیە؟ فەرمووی: (شَجَرَةٌ فِي الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ مِئَةِ سَنَةٍ ثِيَابُ أَهْلِ الْجَنَّةِ تَخْرُجُ مِنْ أَكْمَامِهَا) واتە: دارێکە لە بەهەشتدا ماوەی پێوانی ئەوە دارە سەد ساڵە، جلوبەرگی ئەهلی بەهەشت لە بەرگی ئەو دارەیە) وە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدی خۆی لە ئەبی سەعیدی خودری لە پێغەمبەر ﷺ پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەهەشت بۆ ئەو کەسەی تۆ دەبینێ و بڕوات پێ دەهێنێت، فەرمووی: (طُوبَى لِمَنْ رآني وَآمَنَ بي، وطُوبَى ثُمَّ طُوبَى ثُمَّ طُوبَى لمن آمَنَ بي ولم يرني) قال له رَجُلٌ وما طُوبَى؟ قال: (شَجَرَةٌ في الْجَنَّةِ مَسِيرَةُ مِائَةِ عَامٍ، ثِيَابُ أَهْلِ الْجَنَّةِ تَخْرُجُ من أَكْمَامِهَا)[1]. واتە: (طُوبَى) بۆ ئەوکەسەی دەمبینێ و بڕوام پێ دەهێنێ، (طُوبَى) پاشان (طُوبَى) پاشان (طُوبَى) بۆ ئەوکەسەی بڕوام پێ دەهێنێ و نەمی بینیوە) پیاوێك وتی: (طُوبَى) چیە؟ فەرمووی: دارێکە لە بەهەشتدا ماوەی پێوانی ئەو دارە سەد ساڵە، جلوبەرگی ئەهلی بەهەشت لە بەرگی ئەو دارەیە) ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری موسلم غەیری ئەوانیش بەڵگەی هەیە.

لێرەدا ئیبنوجەریر شوێنەوارێکی نامۆو سەرسوڕهێنەری گێڕاویەتیەوە لە وەهبی کوڕی مونەبیهەوە وەهەب ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: لە بەهەشتدا دارێك هەیە پێی دەوترێ (طُوبَى) سوار سەد ساڵ بە ژێر سێبەرەکەیدا تێدەپەڕێ نایبڕێت، دارێکی زۆر ناسك و سەرنج ڕاکێشە و دەدرەوشێتەوە، وە گەلاکانی تۆخ و تێر ئاون، کژو گیاکەشی لە عەنبەرە و زەوی و لمەکەی لە یاقووتە و خۆڵەکەشی لە کافورە و قوڕەکەشی لە میسکە، لە بنکی ئەو دارەوە خەمرو شیرو هەنگوین دەردەچێت، ئەو جێگایە کۆڕو مەجلیسی ئەهلی بەهەشتە، کاتێك دانیشتوون لە کۆڕو مەجلیسەکەیاندا، چەند فریشتەیك دێن بۆ لایان ئەسپ و ماینەکانی فیردەوس لێ دەخورن،

---

(١) أخرجه أحمد (١١٦٧٣)، وقواه الشيخ الألباني بما له من شواهد كما في الصحيحة (١٩٨٥) وانظر ايضا الصحيحة برقم (١٢٤١-٣٤٣٢).

لغاوکراون بە زنجیری ئاڵتون ڕوخساریان لە جوانیدا وەکو شەمعە ڕووناکە و جلوبەرگیان وەکو سووف یان خوری (مرعزي) وایە لە ناسکیدا، پێویستی سواریان لەسەرە لەوحەکانی لە یاقوتە، ئەوەی لەکاتی دابەزین بەکاردێ لە ئاڵتونە پۆشاکەکانیشی لە (سندس واستبرق)ە ئینجا یەخیان دەدەن و دەڵێن پەروەردگارمان ئێمەی ناردوە بە شوێنتاندا زیارەتی بکەن و سڵاوی لێ بکەن، وتی: ئەوانیش سوار وڵاخەکان دەبن، ئەو وڵاخانە لە باڵند تیژڕەوترن، ناسکتر لە پەپوولە، پێ دەدەن لە زەوی بەهەشت، هەرکەسەو لە نزیك براکەیەتی پێکەوە بۆ خۆیان گفتو گۆ دەکەن، یەخدانی هیچ کامێکیان پێش ئەوەی دیکە ناکەوێ، تەنانەت دارەکان لە ڕێگایاندا نامێنن بۆ ئەوەی لە ڕۆیشتندا لەیەکتر دانەبڕێن، وتی: دەچن بۆ لای خوای میهرەبان ڕووخساری پیرۆزی ئاشکرا دەکات بۆیان تا تەماشای دەکەن، کاتێ کە بینیان دەڵێن: خوایە تۆی سەلام و لەلایەن تۆوەوەیە سەلام، گەورەیی و شکۆمەندی تەنها بۆ تۆیە، ئەوکاتە خوا دەفەرموێ: من سەلامم و سەلامیش لە لایەن منەوەیە، ڕەحمەت و خۆشەویستیم بۆ ئێوە پێویست بوو، بەخێر بێن ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی بە غەیب و پەنهان لە من ترساون و گوێڕایەڵی فەرمانکانم بوون. وتی: ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئێمە وەك پێویست بەندایەتی تۆمان نەکردوەو ڕێزی تۆمان نەگرتووە ئەرکەکانی سەرشانمان جێ بەجێ نەکردوە، دەی ڕێگەمان بدە بابچینە سوژدە لە پێشی تۆ. وتی: خوا ﷻ دەفەرموێ: ئەم ژیانە ژیانی خۆماندو کردن و عیبادەت نیە، بەڵکو ژیانی موڵك و نازونیعمەتە، بێگومان من ماندوبوونی عیبادەتم لە سەر شانی ئێوە لادا، داوای چیم لێ دەکەن بە ویستی خۆتان بیکەن، هەر کەسەو بە پێی حەزو ویستی داوای لێ دەکات، تەنانەت کەمترینیان کە داوای کردوە دەڵێ: ئەی پەروەردگارم خەڵکی دنیا کێ بڕکێیان کردوە لە پێویستیەکانی ژیانی دنیایاندا، هەریەك تەنگی بەوی تر هەڵچنیبوو، ئەی پەروەردگارم پێم ببەخشە لە هەموو ئەو شتانەی ئەوان تێیدا بوون لەو ڕۆژەی دروستت کردووە تا کۆتایی دنیا، خواش پێی دەفەرموێ: بەڕاستی داواکاریەکانت زۆر کەمە، داوای شتێکت کردوە زۆر لە پلەو پایەی تۆ نزمترە، ئەمە لە لایەن منەوە بۆ تۆ، وە بە پلەو پایەی خۆم پێت دەبەخشم، چونکە لە بەخشینی مندا دەستکورتی و سنوور نیە، وتی: پاشان دەفەرموێ: بیخەنە ڕوو بۆ بەندەکانم ئەوەی حەزوو ئاواتەکانیان نەیگەشتووە و بە بای خەیاڵیاندا نەهاتووە. وتی: هەموو ئەوانەیان بۆ دەخەنە ڕوو هەتا ئەو ئاواتانەی لەناخیاندا بوو زۆر کەمتر بوو لەوەی پێیان دراوە، جا لەوانەی پێیان دەبەخشن چەند وڵاخێکە کە بەزنجیر بەسراونەتەوە پێکەوە، لەسەر هەر چوار دانەیەك تەختێك هەیە لە یەك یاقووتە، لەسەر هەر تەختێك دەواریکی زێڕین هەیە کە ئەسورو ناوپڕە، لە هەر دەواریك فەرشێك لە فەرشەکانی بەهەشت ڕاخراوە، لە ناو هەر دەواریك دوو حۆری چاوگەشی تێدایە، هەر حۆریەك دوو جلی لەبەر دایە لە جلوبەرگی بەهەشت. هیچ ڕەنگیك نیە لە بەهەشتتدا ئیللا لەو دوو جلەدا بەدی دەکرێ، هیچ بۆنێکی بەهەشتیش نیە ئیللا لێیانەوە بڵاو دەبێتەوە، جوانی و ڕووناکی ڕوخساریان ئەستوری دەوارەکە دەبڕێ. تەنانەت ئەوەی بیان بینێ وا دەزانێ لە دەرەوەی دەوارەکەیە، مۆخیان دەبینرێ لەسەر ڕووی قاچیان(یان لەناوئێسکیان)، وەکو چۆن پەتێکی سپی لەناو یاقوتێکی سوردا دەبینرێت. وا دەبینن فەزڵی مێردەکەیان بەسەر هاوڕێکانیەوە وەکو فەزڵی خۆر وایە بەسەر مانگەوە یا چاکتر. مێردەکەش هەر بەو جۆرە تەماشا دەکات، پاشان دەچێتە ژوورەوە بۆ لایان سڵاوی لێ دەکەن و ماچی دەکەن و لە ئامێزی دەگرن و

پێی دەڵێن: سوێند بەخوا گومانمان نەبردووە خوا کەسێکی لە وێنەی تۆ دروست کردبێ. پاشان خوا فەرمان بە فریشتەکان دەکات پێکەوە بەڕیزێك بەرەو بەهەشت بەڕێیان دەخەن، (هەموو کەسێك بەو شێوە جوانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ)، دەبرێ بۆ ئەو جێگایەی بۆی ئامادە کراوە.

ئیبنوئەبی حاتەم ئەم شوێنەوارەی گێڕاوەتەوە بە سەنەدی خۆی لە وەهەبی کوڕی مونەبیهەوە ئەوەشی زیاد کردوە بۆی: تەماشای بەخششەکانی پەروەردگارتان بکەن کە پێی بەخشیون، کاتێك دەبینن خوا چەندین دەواری بەرزو خانووی زۆر جوانی بۆ ئامادە کردوون بە گەوهەرو مەرجان، دەرگاکانیان لە ئاڵتوونە، سەرینەکانیان(یان قەنەفەکانیان) لە یاقووتە، فەرش و ڕاخەرەکانیان لە ئاوریشمی تەنك و ئەستوورە، وە مینبەرەکانیان لە نوورە لە دەرگاکانەوە پەیتا پەیتا نوور دەردەچێ وەکو تیشکی خۆر، جا لایەکی وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە ڕۆژێکی ڕووناك، وە چەند کۆشکێکی بەرزی تێدایە لە بەرزترینی شوێنەکان کە لە یاقوتەو بە ڕوناکیەکەی ڕۆشن دەبێتەوە، جا ئەگەر ئەوە ڕام نەهێنرابایە ئەوە تیشکی چاوەکانی دەبرد، وە هەر کۆشکێ کە لە یاقوتی سپی بێ، ئەوە بەهەمان شێوە حەریری سپی تێدا ڕاخراوە، وە ئەوەی تێیدایە لە یاقووتی سەوز ئەوە فەرش کراوە بە ئاوریشمی سەوز، ئەوەی تێیدایە لە یاقووتی زەرد، ئەوە ڕاخەری مەیلەو زەردی ئەرخەوانی تێدا ڕاخراوە، دەرگای بۆ کراوە بە زومردی سەوزو ئاڵتونی سوورو زیوی سپی، پایەی ئەو کۆشکانە لە گەوهەرن، دەواریشیان لە مروارین، بورجەکانیشی چەندین ژوری تێدایە لە مەرجان، کاتێك کە نزیك دەبنەوە لەوەی خوا پێی بەخشیوون، چەندین ئاژەڵی وەك ئەسپیان بۆ نزیك دەکەنەوە لە یاقووتی سپی و ڕوح بە بەریاندا کراوە، منداڵانی یەك تەمەن لەژێر ملیاندان، هەر منداڵێ ڕەشمەی ولآخێك لەو ولآخانەی بە دەستەوەیە، لغاوو پەتەکانیان لە زیوی سپیە، بە گەوهەرو یاقوت هۆنراوەتەوەوە تەختەکانی بە ئاوریشمی سوندوس و ئیستەبرەق چنراون، ئەو ولآخانە خێرا دەیانبەن، ئینجا تەماشای باخەکانی بەهەشت دەکەن، کاتێ دەگەن بە ماڵەکانیان فریشتەکان دەبینن لەسەر مینبەری نوورین دانیشتوون، چاوەڕێیان دەکەن بۆ ئەوەی بەخێرهاتنیان بکەن و تەوقەیان لەگەڵدا بکەن و پیرۆزبایی ئەو کەرامەتەی پەروەردگاریان لێ بکەن، کاتێ دەچنە کۆشکەکانیان دەبینن ئەوەی داوایان کردبوو ئاواتیان بۆ خواستبوو لە دنیادا بۆیان ئامادەیە، لەسەر دەرگای هەر کۆشکێ لەو کۆشکانە چوار باخی ڕازاوەو جوان هەیە، دوو باخی خاوەن لق و پۆپی بەرز، دوو باخەکەی دیکە ئەوەندە سەوزن ڕەش دەنوێنن، دوو سەرچاوەی تێدایە کە بەردەوام فەوارە دەکەن و هەڵ دەقوڵێن، لەناویاندا هەیە لە هەر میوەیەك دوو جۆر، حۆریانێ کە پەردە نشینی ناو دەوارن، کاتێ کە گەیشتن بە شوێنۆ جێگەی خۆیان و قەراریان گرت، پەروەردگاریان پێیان دەفەرموێ: ئایا پەیمانی ڕاستەقینەی خواتان بینی؟ دەڵێن: بەڵێ سوێند بە پەروەردگارمان، پێیان دەفەرموێ: ئایا ڕازین بە پاداشتی پەروەردگارتان؟ دەڵێن: خوایە ڕازی بووین تۆش لێمان ڕازیبە، ئەویش دەفەرموێ: بە ڕەزامەندی خۆم ئەو بەهەشتەم پێ بەخشیون و تەماشای ڕوخساری منتان کرد، جا لەو کاتەدا دەڵێن: ﴿وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَذْهَبَ عَنَّا ٱلْحَزَنَ ۖ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِىٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ ﴿٣٥﴾﴾ **فاطر**. (واتە: وە ئەوان دەڵێن هەموو سوپاس بۆ ئەو خوایە کە خەفەتی لابردین و نەیهێشت بەڕاستی پەروەردگارمان لێبوردەی شایستەی سوپاسە* ئەو خوایە کە بەچاکەو بەهرەی خۆی نیشتەجێی کردین لەماڵی

هەمیشەییدا لەوێدا نەهیچ ماندووبوونێکمان تووش دەبێ و نە هیچ ئەرك و زەحمەتێکمان دووچار دەبێ) ئەمەش سیاقێکی غەریب و شوێنەوارێکی سەرسووڕهێنەرە، لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا شایەت و بەڵگە هەیە بۆ هەندێکی.

خالیدی کوڕی مەعدان وتویەتی: لە بەهەشتدا داریك هەیە پێی دەوترێ (طُوبَى) گلاکانی گەورەیە، شیر دەدات بە منداڵانی ئەهلی بەهەشت، ئەگەر ئافرەتێك منداڵکەی لەبار بچێت لە ئاوێك لە ئاوەکانی بەهەشتدا دێت و دەچێ تا ڕۆژی قیامەت، کاتێ زیندوو دەکرێتەوە تەمەنی چل ساڵە، ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە.

وتەی: (**آخِذٍ بِعِنَانِ فَرَسِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ**) واتە: لە جەنگ دژ بە هاوبەشدانەران.

وتەی: (**أَشْعَثَ**) (مجرور) بە (فتح)، چونکە ناوێکە (ممنوع من الصرف)ە لەبەر ئەوەی هەم (**الوصفية**)، وە هەم (وزن الفعل)ە، وە (**رأسُهُ**) (مرفوع)ە چونکە بکەرە (فاعل)، قژی بژە، جیهاد سەرقاڵی کردوە لەوەی قژی نەرم بکات بە ڕۆن و شانەی بکات.

وتەی: (**مُغْبَرَّةٍ قَدَمَاهُ**) ئەویش بە (الجر) سیفەتی دووەمە بۆ ئەو بەندەیە.

وتەی: (**إن كان في الْحِرَاسَةِ كان في الْحِرَاسَةِ**) بە (کسر)ەی (**الحاء**)، واتە: پاسەوانی کردنی سوپا لەوەی دوژمن هێرش نەکاتە سەریان.

وتەی: (**كان في الْحِرَاسَةِ**) کەمتەرخەمی تێدا ناکات و بێ ئاگا نابێت، ئەم ئاخاوتنە بۆ کەسێك بەکار دەهێنرێ کارەکەی بەجوانی و بە چاکی ئەنجام بدات.

وتەی: (**وَإِنْ كان في السَّاقَةِ كان في السَّاقَةِ**) لە کۆتای سوپا، واتە: بەنەفسی خۆی خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی جیهاد دەکات، لەهەر پلەو پایەیەکدا بێت بە شەو بەڕۆژ کاری خۆی بە چاکی ڕادەپەڕێنێ، بە ئومێدی پاداشتی خواو داواکردنی ڕەزامەندی ئەوو حەز کردن لە گوێڕایەڵی کردنی.

ئیبنولجەوزی وتویەتی: ئەو پیاوە ناوی لە ناواندا نیە مەبەستیشی پلەی بەرزی دنیایی.

خەلخالی وتویەتی: مانای ئەوەی هەر ئەرکێکی پێ بسپێرن جێبەجێی دەکات، لە هەر شوێن و پلەو پۆستێکدا دایبنێن کەمتەرخی ناکات، لە شوێنەکەی ون نابێ، بۆیە باسی پاسەوانێتی و دانانی لە کۆتایی سوپا کرد، چونکە ئەو دووانە ناڕەحەترینیانە، وە فەزڵ و گەورەیی پاسەوانێتی تێدایە لە پێناو خوا.

وتەی: (**إن اسْتَأْذَنَ لم يُؤْذَنْ له**) واتە: ئەگەر داوای مۆڵەت بکات بۆ سەردانی کاربەدەستان و وێنەی ئەوان مۆڵەتی پێ نادرێ، چونکە هیچ پلەو پۆست و ناوبانگێکی نیە لە لای ئەوان، چونکە داوای پلەو پۆست ناکات و بەدوای ناکەوێ، بەڵکو داوای ئەوە دەکات کە لە لای خودا هەیە جگە لەوە هیچی تری ناوێت.

وتەی: (**وَإِنْ شَفَعَ**) بە (فتح)ەی (الشين)و (الفاء) (**لم يُشَفَّعْ**) بە (فتح)ەی (**الفاء المشددة**). واتە: ئەگەر حاڵی بگاتە ئەوە ناچار بێت لە کارێکدا تکا بکات کە خواو پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە، ئەوە تکاکەی وەرناگیرێ لە لای کاربەدەستان و وێنەی ئەوانیش.

ئیمامی ئەحمەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە لە ئەبی هورەیرەوە بە مرفووعی ڕیوایەتیان کردووە: (**رُبَّ أَشْعَثَ مَدْفُوعٍ بِالْأَبْوَابِ لو أَقْسَمَ على اللَّهِ لَأَبَرَّهُ**)[1]. واتە: هەندێ جار پێاوێکی قژ ئاڵۆسکاو لەبەر دەرگای کاربەدەستان دور دەخرێتەوە، ئەگەر سوێند لەسەر بخوا، خوا سوێندەکەی جێ بەجێ دەکات).

(**الحافظ**) وتویەتی: ئەم فەرموودەیە وازهێنانی تێدایە لە حەز کردنی دەسەڵات و ناوبانگ، وە فەزڵی خۆبەکەم زانینی تێدایە.

وە هەروەها ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە موصعەبی کوڕی ثابت کە (عبد الله) کوڕی زوبەیر وتویەتی: عوسمان وتاری دەدا لەسەر مینبەر وتی: من فەرموودەیەکتان بۆ باس دەکەم لە پێغەمبەرەوە بیستوومە، هیچ شتێ ڕێگری لێ نەدەکردم بۆتانی باس بکەم جگە لە چروکی(ضِن) نەبێ گومانم برد پێتان. گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: (**حَرَسُ لَيْلَةٍ في سَبِيلِ اللَّهِ أَفْضَلُ من أَلْفِ لَيْلَةٍ يُقَامُ لَيْلُهَا وَيُصَامُ نَهَارُهَا**)[2]. واتە: پاسەوانی شەوێك لە پیناو خوادا چاکترە لەوەی هەزار شەو بە شەوەکەی شەونوێژ بکرێ و بە ڕۆژیش ڕۆژوو بگیرێ.

(**الحافظ**) ئیبنوعەساکیر لە ژیاننامەی (عبد الله)ی کوڕی موبارك دەڵێ: (عبد الله)ی کوڕی موحەممەدی قازی نەصیبیەکان وتی: موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم کوڕی ئەبی سوکەینە، (عبد الله)ی کوڕی موبارەك ئەم کۆپلە شیعرانەی بۆی خوێندەوە لە **طەرطوس**، لە پەڕەیەکدا پێی دا بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی ببیا بۆ لای فوضەیلی کوڕی عیاض لە سالّی سەدو حەفتاو حەوت.

يا عابد الحرمين لو أبصرتنا لعلمت أنك في العبادة تلعب

ئەی خوا پەرستی ناو هەردوو حەرەم ئەگەر جوان ئێمە ببینی....ئەوسا دەزانی کە گاڵتە بە عیبادەت

من كان يخضب خده بدموعه فنحورنا بدمائنا تتخضب

ئەی ئەوەی کە ڕوومەتی بە فرمێسك بۆیە دەکات..... ئێمە گەردنمان بە خوێنمان ڕەنگ دەبێ

أو كان يتعب خيله في باطل فخيولهم يوم الصبيحة تتعب

یان ئەوەی ئەسپەکەی لە شتی پوچدا مانوو دەکات..... ئەسپی موجاهیدان لە ڕۆژی جیهاد مانوو دەبێ

ريح العبيد لكم، ونحن عبيرنا رهج السنابك والغبار الأطيب

بۆنی خۆشی تێکەڵاو هەر بۆخۆتان..... ئێمە بۆنی خۆشمان تۆزی سمی ئەسپەکانمانە وە تەپ و تۆز زۆر خۆشترە

ولقد أتانا من مقال نبينا قول صحيح صادق لا يكذب

---

(١) أخرجه مسلم في البر والصلة (٢٦٢٢) عبدالباقي.

(٢) أخرجه أحمد(٤٦٣)، وابن ماجه في الجهاد (٢٧٦٦)، وبنحوه الترمذي في فضائل الجهاد (١٦٦٧)، والنسائي في الجهاد (٣١٦٩- ٣١٧٠) أبو غدة، وحسنه لغيره الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (١٢٢٤).

بێگومان لە وتەی پێغەمبەرمان پێگەیشتووە..... وتەیەکی ڕاستی ڕاستگۆ کە درۆ ناکات

لا يستوي غبار خيل الله في أنف أمرئ ودخان نار تلهب

کە تەپ و تۆزی ئەسپی خوا لە ..... لوتی کەسێ وە دوکەڵی ئاگرێك کە کڵپە ئەسێنێ یەکسان نابن

هذا كتاب الله ينطق بيننا ليس الشهيد بميت لا يكذب

ئەمەش کتێبی خوایە کە دەدوێ لە نێوانمان..... کە (دەڵێ) شەهید نامرێ درۆ ناکا

وتی: گەیشتم بە فوضەیل و شیعرەکەی ئەوم پێ بوو لە مزگەوتی حەرام، کاتێ خوێندیەوە فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە، وتی: ئەبو (عبد الرحمن) ڕاستی کرد، وە ئامۆژگاریەکی جوانی کردم، پاشان وتی: تۆ لەو کەسانەی فەرموودە دەنوسن؟ وتم: بەڵێ، پێی وتم: ئەم فەرموودەیە بنووسە، فوضەیل کوڕی عیاض وتی: مەنصوری کوڕی موعتەمەر بۆی باس کردم لە ئەبی صالّح لە ئەبی هورەیرەوە: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا کردەوەیەکم فێر بکە پاداشتی موجاهیدەکانی لەپێناو خوا پێ بەدەست بهێنم، فەرمووی: (**هل تسطيع أن تصلي فلا تفتر، وتصوم فلا تفطر**) واتە: ئایا دەتوانیت بەردەوام بە بێ پشوو نوێژ بکەیت، وە بەردەوامیش بە ڕۆژوو بێت)؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لەوە لاواز ترم ئەو کارە بکەم، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**فوالذي نفسي بيده لو طوقت ذلك ما بلغت فضل المجاهدين في سبيل الله أما علمت أن فرس المجاهد ليستن في طوله فيكتب لصاحبه بذلك حسنات**)[1]. واتە: سوێند بەخوا ئەگەر ئەوەش بتوانیت ناگەیت بە فەزڵ و چاکەی ئەوانەی جیهاد دەکەن لە پێناو خوا، ئایا نەتزانیوە کە بەڕاستی ئەسپی موجاهیدەکان کاتێ ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە، پاداشت و چاکەی بۆ دەنوسرێ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: مرۆڤ لەبەرانبەر کردەوەی دواڕۆژدا داوای دنیا دەکات.

دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی هوود.

سێیەم: ناوانی ئینسانی موسڵمان بە بەندەی دیناو درهەم و پۆشاکی جوان.

چوارەم: ڕاڤەکردنی ئەوەش ئەوەیە هەر شتێکی پێبەخشرا ڕازی دەبێت، وە ئەگەر پێی نەبەخشرا ناڕازی دەبێت و ناشکوری دەکات.

پێنجەم: فەرموودەکە پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (لەناو بچێت و ملیشی بشکێت).

شەشەم: فەرموودەکەی: (ئەگەر درك چەقی بە پێیدا نەتوانێ دڕکەکەی قاچی خۆی بە مەقاش دەربهێنێ).

حەوتەم: ستایش کردنی ئەو موجاهیدەی وەسف کراوە بەو سیفاتانە.

---

(١) حديث أبي هريرة أخرجه البخاري في الجهاد (٢٧٨٥) فتح.



بەشی ٣٧

هەرکەس گوێڕایەڵی زانایان و کاربەدەستان بکات لە حەرام کردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە، یان حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب: من أطاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حرم الله، فقد اتخذهم أرباباً من دون الله.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی: هەرکەس گوێڕایەڵی زانایان و کاربەدەستان بکات لە حەرام کردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە، یان حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە، ئەوە ئەوانی کردوە بە پەرستراوی خۆی لە جیاتی خوا.

.....

چونکە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾التوبة. (واتە: زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش، لەکاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بیجگە لەوەی کە یەك خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە بێجگە لە ئەو پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوبەشی). ئەم ئایەتە ڕاڤە کرا لە لایەن دانەرەوە لە بەشێکی تایبەتدا کاتێ باسی فەرموودەکەی عەدی کوڕی حاتەم[1].

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال ابن عباس: (يُوشِكُ أن تنزل عليكم حجارة من السماء. أقول: قال رسول الله وتقولون: قال أبو بكر وعمر)؟[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە ئیبنوعەباس وتویەتی: نزیکە لە ئاسمانەوە بەرد دابباریێتە خوارەوە بۆ سەرتاندا. من دڵێم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، ئێوەش دەڵێن: ئەبو بەکر و عومەر وتویانە.

.....

(١) في باب: تفسير التوحيد وشهادة أن لا إله إلا الله.

(٢) بنحوه أخرجه أحمد (٣١٢١)، وفي إسناده ضعف، ومعناه صحيح.

وتەی: (**يُوشِكُ**) بە (**ضم**)ەی یەکەمەکەی و (کسر)ەی (الشين) واتە: نزیك دەبێتەوەو پەلە دەکات.

ئەم وتەی ئیبنوعەباس وەڵامە بۆ ئەو کەسەیە پێی وتووە: ئەبو بەکرو عومەر پێیان وانیە (التمتع) باشتر بێ (واتە: ئیحرام بە عومرە ببەستێ بە تەنها، ئینجا بۆ حەجی ببەستێ) وە پێیان وایە (إفراد) کردنی حەج چاکترە (واتە: بەتەنها ئیحرام بە حەج ببەستێ و بەس)، یان بە مانای ئەوە، ئیبنوعەباس پێی وایە ئیحرام بەستن بە عومرە بۆ حەج پێویستە، وە دەڵێ: ئەگەر تەوافی ماڵی خوای کرد وە سەعی کرد لە نێوان صەفا و مەروە حەوت جار، ئەوە ئیحرامی عومرەکەی شکاندوە پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، لەبەر فەرموودەکەی سوراقەی کوڕی مالیك کاتێ پێغەمبەر فەرمانی پێکردن بیکەن بە عومرە، وە ئیحرام بشکێنن ئەگەر تەوافیان کرد و سەعی نێوان سەفاو مەروەیان کرد، سوراقە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئایا تەنها بۆ ئەم ساڵە یان بۆ هەتا هەتایە؟ وتی: (**بل للأبد**)[1]. واتە: بەڵکو بۆ هەتا هەتایە.

کەواتە: هیچ بیانویەك نیە بۆ ئەوکەسەی داوای فتوای لێ دەکرێ تا تەماشای مەزهەبی زانایان بکات، وە ئەوەشی هەر زانایەك بۆ خۆی کردویەتی بە بەڵگە، وە قسەکانیان وەربگرێ ئەوەی بەڵگەی لەسەرە، ئەمە ئەگەر خۆی بەهرەو توانایەکی هەبوو لەسەر ئەوە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ **النساء**. (واتە: ئەی کەسانێك کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن وە پاشانیش گوێڕایەڵی کار بەدەستە عادیلەکانی خۆتان بن جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆلای خواو پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخوا و بەڕۆژی دوایی ئەوە باشترە وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە).

وە بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش هێناویانە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لو اسْتَقْبَلْتُ من أَمْرِي ما اسْتَدْبَرْتُ ما أَهْدَيْتُ وَلَوْلَا أَنَّ مَعِي الْهَدْيَ لَأَحْلَلْتُ**)[2]. واتە: ئەوەی ئیستا دەیزانم ئەوسا بمزانیایە، حەیوانی قوربانیم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا، ئەگەر ئێستەش حەیوانی قوربانیم پێ نەبوایە ئیحرامم دەشکاند. وە لە فەرموودەکەی جابر بەم شێوە هاتووە: (**افْعَلُوا ما أَمَرْتُكُمْ به فَلَوْلَا أَنِّي سُقْتُ الْهَدْيَ لَفَعَلْتُ مِثْلَ الذي أَمَرْتُكُمْ**)[3]. واتە: ئەوەی فەرمانم پێکردن ئەنجامی بدەن، ئەگەر حەیوانی قوربانیم پێ نەبوایە، ئەوە ئەوەم دەکرد کە فەرمانم پێ کردون. چەندین فەرموودە هەیە پشتیوانی لە بۆچوونەکەی ئیبنوعەباس دەکات.

بە کورتی: ئا لەبەر ئەمەیە کاتێ کە فەرموودەکەیان بەرپەرچ دایەوە و بۆچوونی ئەبو بەکرو عومەریان پەسەند کرد وتی: (نزیکە لە ئاسمانەوە بەرد دابباریێتە خوارەوە بە سەرتاندا.....).

---

(١) أخرجه البخاري في الحج (١٧٨٥) فتح، ومسلم في الحج (١٢١٦) عبد الباقي من حديث جابر.

(٢) انظر التخريج السابق. وحديث عائشة أخرجه البخاري في التمني (٧٢٢٩) فتح، ومسلم في الحج (١٢١١) عبد الباقي.

(٣) هذا اللفظ أخرجه البخاري في الحج (١٥٦٨) فتح.

ئیمام شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی هەرکەسێك سوننەتی بۆ یەکلا بوویەوە بۆی نیە وازی لێ بهێنێت لەبەر قسەی کەسێکی دیکە.

ئیمام مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هیچ کەس لە ئێمە نیە ئیللا قسە ڕەت دەکاتەوە و قسەشی ڕەت دەکرێتەوە، جگە لە خاوەنی ئەم گۆڕە ﷺ.

قسەی پێشەوایان لەم بارەیەوە زۆرن.

بەردەوام زانایان ئیجتهاد دەکەن لە ڕوداوە تازەکاندا ئەوەی بیپێکێت لە ئەوان دوو پاداشتی هەیە، ئەوەشی هەڵە بکات یەك پاداشتی بۆ هەیە، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە[1]، ئەگەر بەڵگەیان بۆ ڕون و یەکلا بوەوە کاری پێدەکەن و واز لە ئیجتهادەکەیان دەهێنن. بەڵام ئەگەر فەرموودەیان لەوبارەیەوە پێنەگەیشت یان فەرموودەیەکی راستیان لە لا جێگیر نەبوو لەوبارەیەوە، یان فەرموودەی ڕاستیان لەلا جێگیر بوو بەڵام فەرموودەی دیکە پێچەوانەی بوو، یان فەرموودەی دیکە تایبەتی کردبوو، وە وێنەی ئەوانە، ئەوکات پێشەوا دەتوانێ لەوبارەیەوە ئیجتهاد بکات، وە لە سەردەمی چوار پێشەواکەدا ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، خواستنی فەرموودە لەوکەسەی کە فەرموودەی لابوو، بە گەیشتن بەیەکترو بیستن بوو، پیاوێك چەندین ساڵ گەشتی دەکرد بۆ شارو وڵاتەکان بۆ وەرگرتنی فەرموودە. پاشان زانایان گرنگیان دا بە نووسین و فەرموودەکانیان لەناو کتێبدا جێگیر کرد، وە ڕیوایەتیان کرد بە سەنەدەکانیان، ئینجا فەرموودە ڕاستەکانیان لە فەرموودە چاك و لاوازەکان جیا کردەوە، فەقیهەکانیش لە هەموو مەزهەبێك کتێبیان نووسی و باسی بەڵگەی موجتەهیدەکانیان کرد. کاری ئاسان کردوە لەسەر فێرخوازی زانست، هەموو زانایەك باسی حوکمی دەکرد بە پێی ئەو بەڵگەی لەلای بوو، وە لە وتەکەی ئیبنوعەباس بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك بەڵگەی پێ بگات و کاری پێنەکات لە بری ئەوە پەیڕەوی پێشەواکەی بکات، ئەوە پێویستە نکوڵی لێ بکرێت بە تۆندی، چونکە پێچەوانەی بەڵگە جوڵاوەتەوە.

ئیمامی ئەحمەد وتوێەتی: ئەحمەدی کوڕی عەمری بەزار بۆی باس کردین، زیادی کوڕی ئەیوب بۆی باس کردین، عوبەیدەی حەداد لە مالیکی کوڕی دینار لە عیکریمە لە ئیبنوعەباس وتی: هەر کەس لە ئێمە قسەی لێ وەردەگیرێ و ڕەت دەکرێتەوە جگە لە پێغەمبەر ﷺ[2].

وە لەسەر ئەمەی باسکرا: پێویستە نکوڵی لەوکەسە بکرێ کە واز لە بەڵگە دێنێ بۆ وتەی یەکێ لە زانایان، جا هەرکەس بێ، ئەمە دەقی وتەی پێشەواکانە، وە لاساییکردنەوە (تقلید) دروست نیە مەگەر لە مەسەلە ئیجتهادیەکاندا کە بەڵگەی لەبارەوە نەهاتووە لە قورئان و سوننەت بگەڕێنەوە بۆی، مەبەستیان لەمە بووە کە هەندێ لە زانایان وتویانە نکوڵی (انکار) لە مەسەلە ئیجتیهادیەکاندا نیە، بەڵام ئەو ڕایەی کە پێچەوانەی قورئان و سوننەتە پێویستە وەڵام بدرێتەوە، وەکو ئیبنوعەباس،

---

(١) أخرجه البخاري في الإعتصام (٧٣٥٢) فتح، ومسلم في الأقضية (١٧١٦) عبد الباقي.

(٢) قلت: هذا الأثر لم يروه الإمام أحمد، وهل روى الإمام أحمد عن البزار؟! وإنما هو شيخ الطبراني، وقد رواه في المعجم الكبير ١١ / ٣٣٩، (١١٤١) ورفعه، وقال الهيثمي في المجمع ١/ ٤٣٠، رجاله موثوقون.

قلت: في إسناده انقطاع بين أبي عبيد الحداد ومالك بن دينار، ومعناه صحيح.

وە شافعی و مالیك و ئەحمەد ڕەحمەتی خوایان لێ بێت وتویانە، وە ئەوەش یەکدەنگی لەسەرە، وە لە پێشەوە لە قسەی پێشەوا شافعی هاتووە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقال الإمام أحمد: عَجِبتُ لِقَومٍ عَرَفُوا الإسْنادَ وصحَّتَهُ ويَذهَبُونَ إلى رأيِ سُفيانَ. والله تعالى يقول: ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ النور. أتدري ما الفتنة؟ الفتنة الشرك، لَعَلَّهُ إذا رَدَّ بَعضَ قولِهِ أن يَقعَ في قلبِهِ شيءٌ مِن الزيغِ فَيَهْلِكَ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دڵێت: ئیمام ئەحمەد وتویەتی: سەرم سوڕماوە لە خەڵکانێك سەنەدو ڕاستی یەکەی دەزانن، شوێن بۆچوونی سوفیان دەکەون، وە خوا ﷻ دەفەرموێ: (جا بابترسن ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە لەدنیادا فیتنە و تاقیکردنەوەیەکیان تووش ببێ یا سزایەکی سەختیان تووش ببێ لە دواڕۆژدا). ئایا تۆ دەزانی فیتنە چیە؟ فیتنە: هاوبەشدانانە، لەوەی هەندێ لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ڕەتبکاتەوە بەو هۆیەوە هەندێك لادان لە دڵیدا ڕووبدات و ببێتە مایەی لەناوچوون.

.....

ئەم قسەیەی ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت، فەزڵی کوڕی زیادو ئەبو طالیب لێیەوە گێڕاویانەتەوە. فەزڵ لە ئەحمەدەوە دەڵێ: تەماشای قورئانم کرد بینیم لە سی و سێ شوێندا باس لە گوێڕایەڵی پێغەمبەر دەکات، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ ﴾ ئینجا باسی وتەی ئیمام ئەحمەدی کرد کە وتی: فیتنە هاوبەشدانانە، تا ئەو شوێنەی..... فیهلك. دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾النساء. (واتە: نەخێر وانیە کە خۆیان بە بڕوادار نیشیان دەدەن سوێند بە پەروەردگارت بڕوادار نین تا تۆ نەکەنە دادوەر لەهەر ئاژاوەو دووبەرەکیەکی نێوانیان لە پاشان هەست نەکەن لە دەروونیاندا بەهیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی تۆ داوتە و مل کەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو). وە ئەبو طالیب -لە ئەحمەدەوە-، وە پێی وتر: خەڵکێك هەیە بانگەشەی فەرموودە دەکەن شوێنی بۆچوونی سوفیان و غەیری ئەو دەکەون، وتی: سەرم سوڕماوە لە خەڵکانێك فەرموودە دەبیستن و سەنەد و ڕاستی سەنەد دەزانن، شوێن بۆچوونی سوفیان و غەیری ئەو دەکەون، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾ ﴾ ئایا دەزانی فیتنە چیە؟ فیتنە: کوفرە. خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ﴿٢١٧﴾ ﴾البقرة. (واتە: فیتنە گەورە تر لە کوشتن) بانگەشەی فەرموودە دەکەن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، هەواو نەفسیان زاڵە بەسەریاندا بۆ لای بۆچوون دەینبات. شێخی ئیسلام ئەمەی لێیەوە باس کردوە.

وتەی: (**عَرَفُوا الإسْنادَ**) واتە: سەنەدی فەرموودەو ڕاستێتی، جا ئەگەر سەنەدی فەرموودە ڕاست بوو، ئەوە فەرموودەکە ڕاستە لە لای ئەهلی حەدیث و غەیری ئەوانیش لە زانایان.

سوفیان: ئەو سوفیانی ثەوریە، زانای دنیا بەکەم گرو خواپەرست متمانە پێکراو شارەزاو فەقیە، کۆمەڵە هاوەڵێکی هەبووە لەوەوە زانستیان وەرگرتووە، مەزهەبەکەشی بەناوبانگە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لەو کتێبانەی باسی مەزهەبی چوار پێشەواکەیان کردوە لەپاڵیدا باسی مەزهەبی ئەویشیان کردوە، وەك کتێبی (التمهيد) وە (الإستذكار) هی ئیبنو(ابن عبد البر)، وە کتێبی (الأشراف على مذاهب الأشراف) هی ئیبنولمونزیر، وە (المُحلی) هی ئیبنوحەزم، وە (المُغنی) هی ئەبی موحەممەدی (عبد الله) کوڕی ئەحمەد کوڕی قودامەی حەنبەلی. جگە لەوانەش.

جا وتەی ئیمام ئەحمەد: (سەرم سوڕماوە لە خەڵکانێك سەنەدو ڕاستی سەنەد دەزانن..... تا کۆتایی) نکوڵی کردنێتی لەو کارە. کە سەرئەنجامەکەی لادانی دڵە بە جۆرێ مرۆڤ پێی بێباوەڕ دەبێ، بەڕاستی ئەم خراپەیە بڵاو بووەتەوە لەناو خەڵکیدا بەتایبەت ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ زانست، بۆسەیان داناوە بۆ ڕێگری کردن لەوەرگرتنی قورئان و سوننەت، وە بەرهەڵستی شوێنکەوتنی پێغەمبەرو بەمەزندانانی فەرمان و قەدەغەکراوەکانی یان کردوە، لە وتەکانیان: نابێت کەس بەڵگە بە قورئان و سوننەت بێنێتەوە جگە لە موجتەهید. ئیجتیهادیش کۆتایی پێهاتووە. ئەو کەسەی کە تەقلیدو پەیڕەوی زانایەك دەکات دەڵێ: ئەو زانای من تەقلیدی دەکەم لە تۆ بە فەرموودە و بەوەش نەسخ دەکات و بەوەش نەسخ کراوە زاناترە، وە وێنەی ئەم قسانە کە مەبەست تیایدا وازهێنانە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﷺ کە لە خۆیەوە بە هەواو ئارەزوو قسە ناکات، وە پشت دەبەستێت بە قسەی کەسێك کە هەڵە بەسەریدا تێپەڕ دەبێ، وە غەیری ئەویش لە زانایان پێچەوانەین، ڕێگری لە وتەکەی دەکەن بە بەڵگە، هەموو زانایەك هەندێ لە زانستی پێیە نەك هەمووی. پێویستە لەسەر هەموو ئەرك پێسپێردراوێك ئەگەر بەڵگەی پێگەیشت لە قورئان و سوننەت و لەمانەکەی تێ گەشت، کاری پێ بکات بە بێ دوودڵی، با خەڵك بۆ خۆیان پێچەوانەی بکەن، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾الأعراف. (واتە: پەیڕەوی ئەوە بکەن کە لە لایەن پەروەردگارتانەوە دابەزێنراوەتە خوارەوە بۆتان، بێجگە لە خوا شوێنی هیچ پەرستروێکی تر مەکەون، ئێوە زۆر کەم بیر دەکەنەوە) وە فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ ﴾العنكبوت. (واتە: ئایا بۆ ئەوان بەس نیە کە ئێمە قورئانمان ناردوەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ دەخوێندرێتەوە بەسەریاندا بەڕاستی لەم قورئانەدا بەزەیی و پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ بڕواداران). بێگومان لەپێشەوە یەکدەنگی زانایان لەوبارەیەوە باس کرا، ڕوون کرایەوە کە بەڕاستی تەقلید کەر لە ئەهلی عیلم نیە، هەروەها ئەبو عومەری کوڕی (عبد البر) و غەیری ئەویش باسی یەکدەنگی زانایانیان کردوە لەوبارەیەوە.

وتم: کەس پێچەوانەی ئەوە ناکات مەگەر ئەو نەفامانەی هەر دەزانن تەقلید بکەن، ئەویش بەهۆی نەفامیان بە قورئان و سوننەت و لادانیان لێی، ئەوانە ئەگەر چی گومانی ئەوە ببەن شوێنی پێشەواکان کەوتوون لە ڕاستیدا پێچەوانەیان جوڵاونەتەوە و شوێنی ڕێگایەکی دیکە کەوتوون جگە لە ڕێگای ئەوان، وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد لە وتەی مالیك و شافعی و ئەحمەد، بەڵام لە وتەکەی ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئاماژەی تێدایە کە تەقلید کردن پێش

ئەوەی بەڵگە دەست بکەوێت سەرزەنشت کراو نیە، بەڵکو ئەو کارە سەرزەنشت کراوە ئەگەر بەڵگە دەست بکەوێت و ڕەتی بکاتەوە لەبەر وتەی پێشەوایەك یان زانایەك، ئەویش بە هۆی پشت کردنە لە سەرنجدانی قورئان و سوننەت، وە پێشوازی کردن لەو کتێبانە و بێ نیاز بوون لە هەردوو وەحیەکە، ئەمەش لەوە دەچی کە خاوەن کتێبەکان ڕوی داوە، ئەوانەی خوا دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾**التوبة**. (واتە: زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا) وەك لە باسی فەرموودەی عەدی کوڕی حاتەم بەم نزیکانە باس دەکرێت.

بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسەی ئامۆژگاری نەفسی خۆی کردوە ئەگەر کتێبی زانایانی خۆێندبێتەوەو سەرنجی دابێ و شارەزای وتەکانیان بوو بێت، براوردی دەکات لەگەڵ ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، چونکە هەر موجتەهیدێك لە زانایان و ئەوەشی شوێنی کەوتبێ و خۆی دابێتە پاڵ مەزهەبەکی هەر دەبێ باسی بەڵگەکەی بکات، حەقیش لە مەسەلەکەدا یەك دانەیانە، پێشەوایان پاداشت دەدرێنەوە لەسەر ئیجتیهادەکانیان، جا کەسی بە ویژدان ئەو کەسەیە بڕوانێتە قسەکانیان و بیکات بە ڕێگایەك بۆ ناسینی بابەتەکان و جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە بەو بەڵگەی باسی دەکەن و دەهێننەوە، کەسێك بەوە دەزانێ کە بەختەوەرترین کەس بێ بە بەڵگە لەلایەن زانایانەوە، وە شوێنی بکەوێ، بەڵگەش لەسەر ئەم بنەمایە لە کتێبی خوادا زۆرترە لەوەی دەوربدرێت، بەهەمان شێوە لە سوننەتیشدا، وەك ئەبو داوود دەریهێناوە بە سەنەدی خۆی لە خەڵکانێکەوە لە هاوەڵانی موعاز: پێغەمبەر ﷺ کاتێ ویستی موعاز بنێرێت بۆ یەمەن فەرمووی: (**كَيْفَ تَقْضِي إذا عَرَضَ لك قَضَاءٌ**)؟ واتە: چۆن دادوەری دەکەیت ئەگەر دادوەری کردنێك هاتە پێشت؟. وتی: دادوەری دەکەم بە کتێبی خوا، فەرمووی: (**فَإِنْ لم تَجِدْ في كِتَابِ اللَّهِ**)؟ واتە: ئەگەر لە کتێبی خوادا نەتبینی؟ وتی: بە سوننەتی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: (**فَإِنْ لم تَجِدْ في سُنَّةِ رسول اللَّهِ ﷺ ولا في كِتَابِ اللَّهِ**) واتە: ئەگەر نەتبینی نە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و نە لە کتێبی خوادا؟ وتی: بە بۆچوونی خۆم ئیجتیهاد دەکەم و لە سنوور دەرناچم، وتی: پێغەمبەر ﷺ دای بەسنگیدا و فەرمووی: (**الْحَمْدُ لِلَّهِ الذي وَفَّقَ رَسُولَ رسول اللَّهِ لِمَا يُرْضِي رَسُولَ اللَّهِ**)[1]. واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی نێردراوی پێغەمبەری خوای سەرکەوتوو کرد بۆ ئەوەی پێغەمبەرەکەی ڕازی کرد. وە بە سەنەدی خۆی لە حارثی کوڕی عەمرەوە لە کەسانێکەوە لە هاوەڵانی موعازی کوڕی جەبەل: بێگومان پێغەمبەر ﷺ کاتێ ناردی بۆ یەمەن - بەمانای ئەو فەرموودەیە هێناویەتی.

زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت کەمتەرخەمیان نەکردوە لە ڕوونکردنەوەدا، بەڵکو ڕێگریان کردوە لە تەقلید کردنیان ئەگەر سوننەت ڕوون بوویەوە، چونکە زانیویانە لە زانستدا شتێك هەیە دەکرێ ئەوان نەیانزانی بێت، غەیری ئەوان بەو زانستە گەیشتبێ، ئەویش زۆرە وەك شاراوە نیە لە لای کەسێ بیر بکاتەوە لە وتەی زانایان.

---

(١) أخرجه أبو داود في الأقضية (٣٥٩٢)، وأخرجه الترمذي في الأحكام (١٣٢٧)، وقال الشيخ الألباني: منكر. ثم بين وجه نكارته في بحث ماتع في الضعيفة (٨٨١)، فانظره هناك.

ئەبو حەنیفە وتویەتی: ئەگەر فەرموودەیەك هات لە لایەن پێغەمبەرەوە ئەوە لەسەر سەرو چاومان، ئەگەر لە لایەن هاوەڵانیشەوە هات لەسەر سەرو چاومان، بەڵام ئەگەر لە تابعینەوە هات ئەوە ئێمە پیاوین و ئەوانیش پیاون.

وە وتویەتی: ئەگەر قسەیەکم کرد پێچەوانەی کتێبی خوا بوو، واز لە قسەکەی من بهێنن کار بە وتەی خوا بکەن. وترا: ئەگەر فەرموودەی پێغەمبەر پێچەوانەی بوویەوە؟ وتویەتی: واز لە قسەی من بهێنن کار بە فەرموودەی پێغەمبەر بکەن. وترا: ئەگەر وتەی هاوەڵ پێچەوانەی بوویەوە؟ وتی: واز لە قسەی من بهێنن کار بە وتەی هاوەڵەکە بکەن.

(الربیع) وتویەتی: گوێم لە شافعی بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەیووت: ئەگەر بینیتان شتێك لە کتێبەکەمدا هەیە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ، ئەوە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وەربگرن و واز لە وتەی من بهێنن.

وە وتویەتی: ئەگەر فەرموودەیەکی ڕاست پێچەوانەی وتەی من بوو، وتەکەی من بدەن بە دیواردا.

مالیك وتویەتی: هەموو کەسێك قسەی لێ وەردەگیرێت و واز لە قسەی دەهێنرێت جگە لە پێغەمبەر ﷺ.

کەواتە ئیتر تەقلیدکەر هیچ بیانویەکی بۆ نیە لە دوای ئەمە، ئەگەر لە قسەی زانایان بکۆڵینەوە لەم بوارەدا بە تێرو تەسەلی، ئەوە دەردەچین لەوەی کە بڕیارمان دابوو بە کورتی باسی بکەین، جا ئەوەی باسمان کرد بەسە بۆ کەسێك بەدوای هیدایەتدا بگەڕێت.

وتەی: (**لَعَلَّهُ إذا رَدَّ بَعضَ قولِهِ**) واتە: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (**أن يَقعَ في قلبِهِ شيءٌ مِن الزيغِ فَيَهْلِكَ**) ئیمام ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئاگاداری داوە کە ڕتکردنەوەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هۆکارێکە بۆ لادانی دڵ، ئەو لەناو چوونەش لە دنیاو دواڕۆژ دایە وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥﴾الصف. (واتە: جا کاتێك لایان دا لە حەق، خواش دڵی وەرگێڕان، وە خوا ڕێنموونی گەلی لەڕێ دەرچوو ناکات).

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ ٦٣﴾النور. وتویەتی: جا ئەگەر ئەو کەسەی پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بووە، ئاگادار کرابێتەوە لە کوفرو هاوبەشدانان، یان سزای بە ئێش، ئەوە دەلالەتە لەسەر ئەوەی هەندێ جار دەیگەیەنێت بە کوفرو سزای بە ئێش، زانراویشە گەیاندنی بە سزای بە ئێش تەنها بریتیە لە سەرپێچی کردن، جا گەیاندنیشی بە بێبڕوایی لەبەر بەکەم دانانی فەرمانی خوایە، وەك ئیبلیس کردی نەفرینی خوای لێ بێت.

ئەبو جەعفەری ئیبنوجەریر لە ضەحاکەوە دەڵێ: ﴿فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ ٦٣﴾النور. مۆر دەنێت بەسەر دڵیدا ئیتر پاڕێزراو نابێ لەوەی کوفریش بەزمانی دەربڕێ و لەگەردنی بدرێ

ئەبو جەعفەری ئیبنوجەریر دەڵێ: (عن) خراوەتە ناو ڕستە، چونکە مانای ڕستەکە: با بترسن ئەوانەی پشت لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەکەن.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿أَوْ يُصِيبَهُمْ﴾ سزایەکی بەئێش لە لایەن خواوە لە دنیادا لەسەر پێچەوانە کردنیان لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عَن عَدِيّ بنِ حَاتم أنه سمع النَّبِيَّ ﷺ يقرأ هذه الآية: ﴿اتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ٣١﴾التوبة. فقلت له: إنا لسنا نعبدهم. قال: (أليسَ يُحَرِّمُونَ مَا أَحَلَّ اللهُ فَتُحَرِّمُونَهُ، ويُحِلُّونَ مَا حَرمَ اللهُ فَتُحِلُّونَهُ)؟ فقلت: بلى، قال: (فتلك عبادتهم)[1]. رواه أحمد والترمذي وحسنه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە عەدی کوڕی حاتەم خوای لێ ڕازی بێت، ئەو گوێی لە پێغەمبەر بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: (زاناو عابیدەکانیان کردوە بە پەروەردگار لەجیاتی خوا هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیش لەکاتێکدا فەرمانیان پێ نەدراوە بێجگە لەوەی کە یەك خوا بپەرستن کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە بێجگە لە ئەو پاك و بێگەردی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوبەش). پێم وت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆ ئێمە نایانپەرستین. فەرمووی: (ئایا ئەوەی خوا حەلاڵی کردوە بۆتان حەرامی ناکەن، ئێوەش بە حەرامی دادەنێن، وە وە ئەوەی خوا حەرامی کردوە بۆتان حەلاڵی ناکەن، ئێوەیش بە حەلاڵی دادەنێن؟) وتی: بەڵێ. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە پەرستشیانە.

•••••••••••

ئەم فەرموودەیە لە چەندین ڕێگاوە ڕیوایەت کراوە، ئیبنوسەعدو عەبدی کوڕی حومەیدو ئیبنولمونزیرو ئیبنوجەریر و ئیبنوئەبی حاتەم و طەبەرانی و ئەبو شێخ و ئیبنومەردەوەیهی و بەیهەقی ڕیوایەتیان کردوە.

وتەی: (عَن عَدِيّ بنِ حَاتم) واتە: طائی کەسایەتیەکی بەناو بانگە. حاتەم کوڕی (عبد الله)ی کوڕی سەعدی کوڕی حەشرەجە، بەناوبانگ بووە بە سەخێتی و بەخشندەیی. عەدی لە شەعبانی ساڵی نۆیەمی کۆچی هات بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ، موسڵمان بوو، سەدو بیست ساڵ ژیا.

فەرموودەکە بەڵگەیە تێدایە لەسەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی کردنی زانا و عابیدەکانیان لە سەرپێچی خوادا پەرستشە بۆیان لە جیاتی خوا، وە لە هاوبەشدانانی گەورەیە کە خوا لێی خۆش نابێت لەبەر ئەوەی خوا لە کۆتایی ئایەتەکەدا فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ٣١﴾ وە هاوشێوەی ئەوەش ئەم فەرمایشتەیە: ﴿وَلَا تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ وَإِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٠٩٥)، وهو في الصحيحة (٣٢٩٣)

أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾الأنعام. (واتە: لەو سەر بڕاوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە کاتی سەربڕین بێگومان خواردنی ئەوە تاوان و لەسنوور دەرچوونە وە بێگومان شەیتانەکان بەنهێنی شت بە دۆستانیان دەڵێن بۆ ئەوەی موجادەلەو دەمە دەمێتان لەگەڵ بکەن جا ئەگەر بە گوێیان بکەن ئەوە بێ گومان لە هاوبەشدانەران دەبن).

ئەمە زۆرێك لە خەڵکی تێی کەوتوون لەگەڵ ئەوانەی تەقلیدیان دەکەن، لەبەر بایەخ نەدانیان بە بەڵگە ئەگەر بەڵگەکە پێچەوانەی تەقلیدکەر بوو، ئەوەش لەم هاوبەش دانانەیە کە باسکرا. وە تیایاندا هەیە ڕۆدەچێت لەوەداو بڕوای وایە وەرگرتنی بەڵگە کەراهەتی هەیە، یان حەرامە، بۆیە فیتنەکە مەزن و گەورە تر بووە. وە دەڵێ: ئەوان لە ئێمە زاناترن بە بەڵگە، نابێ کەس بەڵگە وەربگرێ جگە لە موجتەهید، هەندێ جار سەرزەنشتی ئەوکەسەش دەکەن کە کار بە بەڵگە دەکات، گومانی تێدا نیە ئەمە لە غەریبی ئیسلامە وەك شێخمان ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (المسائل)دا وتویەتی: بارودۆخەکان گۆڕاون، تا ئەو ڕادەی زۆربەی خەڵکی وای لێ هات پەرستنی عابیدەکان(الرهبان) بریتی بوو لە چاکترینی کردەوەکان، ناویشیان لێنا دۆستایەتی (الولایه)، وە پەرستشی **(الأحبار) زاناکان بریتي بوو** زانست و فیقە. پاشان بارودۆخ گۆڕا گەیشتە ئەوەی خەڵکانێك دەپەرستران لە پیاوچاکانیش نەبوون، بە واتایەکی تر خەڵکانێ دەپەرستران لە ئەوپەڕی نەفامید بوون.

بەڵام هەرچی گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستان و شوێنکەوتنیان لەوەی پێچەوانەی ئەو شەریعەتەیە خواو پێغەمبەرەکەی دایان ناوە، خەڵکێکی زۆر لە کۆن و تازەدا لەناو کاربەدەستان لە دوای خەلیفە ڕاشیدەکان گیرۆدەبوون هەتا دوایی پێیدا بڕۆ لەمانە دەبینی و بەو شێوە بەردەوام دەبێت. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾القصص. (واتە: ئینجا ئەگەر بەگوێیان نەکردی و وەڵامیان نەدایتەوە ئەوە بزانە کە تەنها شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون وە کێ لەو کەسە گومڕاترە کە شوێن ئارەزووی خۆی بکەوێت بێ ڕێنموونی لەلایەن خواوە بێگومان خوا ڕێنموونی گەلی ستەمکار ناکات).

لە زیادی کوڕی حودەیر وتی: عومەر خوای لێ ڕازی بێت پێی وتم: ئایا دەزانی چی ئیسلام دەڕوخێنێ؟ وتم: نەخێر، وتی: هەڵخلیسکانی زانا، دەمە دەمێی دوو ڕوو بە قورئان، بڕیارو دەسەڵاتی پێشەوا گومڕاکان دەیڕوخێنێ. داڕەمی ڕیوایەتی کردوە[1].

خوای گەورە ئێمەو ئێوەش بکات بە یەکێك لەوانە ڕێنمایی بە حەق دەکەن و دادگەریشی پێدەکەن.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (النور).

دووەم: ڕاڤەکردنی ئایەتەکەی سورەتی (براءة)

---

(١) صحيح: الدارمي (١/ ٧١).

سێیەم: ئاگادار کردنەوە لە مانای ئەو پەرستشەی کە عەدی نکولّی لێ دەکرد.

چوارەم: ئیبنوعەباس ئەبو بەکرو عومەری کرد بە نموونە، ئیمامی ئەحمەدیش سوفیانی ثهوری کرد بە نموونە.

پێنجەم: گۆڕانی بارودۆخەکان گەشتوونەتە ئەو ڕادەی زۆربەی خەڵکی وای لێ هات پەرستنی عابیدەکان(الرهبان) بریتی بوو لە چاکترینی کردەوەکان، ناویشیان لێنا دۆستایەتی (الولایه)، وە پەرستشی (الأحبار) زاناکان بریتي بوو زانست و فیقه. پاشان بارودۆخ گۆڕا گەیشتە ئەوەی خەڵکانێك دەپەرستران لە پیاوچاکانیش نەبوون، بە واتایەکی تر خەڵکانێ دەپەرستران لە ئەوپەڕی نەفامید بوون.



بەشی ٣٨

چۆنیەتی بڕوا هێنان بە پێغەمبەر ﷺ

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾﴾ النساء.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئایا ئاوڕێکت نەداوەتەوە بەلای ئەوانەی وا خۆیان نیشان دەدەن کە بەڕاستی ئەوان بڕوایان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆ تۆ کە (قورئانە) و بەوەش کە پێش تۆ دابەزیوە کە (تەوراتە) دەیانەوێت کە داد بەرن بۆلای یەکێك کە حوکم بە بەرنامەی خوا ناکات لەکاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە کە بڕوایان پێی نەبێت وە شەیتان دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور لە ڕاستی* وە ئەگەر پێیان بووترێ وەرن بۆلای ئەوەی خوا ناردویەتیە خوارەوە وە بۆلای پێغەمبەر دەبینی ئەی موحەممەد ﷺ دوو ڕووەکان ڕووت لێ وەردەگێڕن بە وەرگەڕانێکی تەواو* ئایا حاڵیان چۆن ئەبێت کاتێك بەسەرهاتێکی ناخۆشیان تووش بێت؟ بەهۆی ئەوەی دەسیان پێشی خستووە (کردوویانە) پاشان دێنەوە بۆلات و سوێند دەخۆن بەخوا تەنها نیازی چاکەو یەکخستنەوەمان بووە کاتێك کە حوکم دەبەین بۆلای غەیری خوا).

.....

ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: دەقەکە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکات لە قورئان و سوننەت لایداوە، وە حوکم و داد دەبات بۆ لای ئەوانەی کە پووچن غەیری قورئان و سوننەت، ئەوە مەبەستی **طاغووتە** لێرەدا.

لە پێشەوە ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی پێناسەی **طاغووتی** کرد، بریتیە لە هەموو ئەوانەی بەندە سنووری خۆی پێ تێپەڕاندبێ لە پەرستراوو یان شوێنکەوتوو یان گوێڕایەڵی کراوە، جا هەر کەسێك کە حوکم و بڕیار دەبات بۆ لای غەیری کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئەوە حوکم و بڕیاری بردوە بۆ لای ئەو **طاغووتەی** کە خوا فەرمانی بە بەندە بڕوادارەکانی کردوە بێبڕوا بن پێی، چونکە بێگومان حوکم و بڕیار بردن نابێ بۆ لای هیچ شتێ ببرێت جگە بۆ لای کتێبی خواو

سوننەتی پێغەمبەرەکەی، ئەوەشی حوکمیان پێ دەکات، جا هەرکەسێك حوکم و بڕیار بەبات بۆ لای غەیری ئەوان ئەوە ئەوە لە سنووری خۆی دەرچووە، وە دەرچووە لەوەش کە خواو پێغەمبەر ﷺ کردویان بە شەریعەت، لە پلەو پایەیەك داینناوە شیاوی نیە بە ئەو، بەهەمان شێوە هەرکسێك شتێك بپەرستێ لە جیاتی خوا ئەوە طاغووتی پەرستووە، جا ئەگەر پەرستراو پیاو چاك بوو، ئەوە پەرستشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەیتانەی کە فەرمانی پێکردوە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَاؤُكُمْ ۚ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ ۖ وَقَالَ شُرَكَاؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ ﴿٢٨﴾ فَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ ﴿٢٩﴾ هُنَالِكَ تَبْلُوا كُلُّ نَفْسٍ مَّا أَسْلَفَتْ ۚ وَرُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾يونس. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ باسی بکە بۆیان ئەو ڕۆژەی هەموویان کۆدەکەینەوە ئینجا دەڵێین بەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە لەشوێنی خۆتاندا نەجوڵێن(ڕاوەستن) خۆتان و بت و پەرستراوەکانتان ئینجا لێکیان جیادەکەینەوە پەرساراوەکانیان دەڵێن ئێوە ئێمەتان نەدەپەرست* جا خوا بەسە بە شایەت لەنێوان ئێمەو ئیوەدا بێگومان ئێمە بێ ئاگا بووین لە بەندایەتی کردنتان بۆ ئێمە* لەوێدا دەردەکەوێ هەموو کەسێ چی پێش خۆی خستووە وە هەموو دەگەڕێنرێنەوە بۆلای خوا کە کۆمەکی کەرو پەروەردگاری حەق و ڕاستیانە وە لێیان وون دەبێ ئەو (پەرستراوە درۆیانەی) هەڵیان بەستبوون) وە وەك فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَائِكَةِ أَهَٰؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِمْ ۖ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ ﴾ سبأ. (واتە: وە ڕۆژێ خوا هەموویان کۆدەکاتەوە پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێ ئایا ئەوانە لەدنیا ئێوەیان دەپەرست* (فریشتەکان) دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ تەنیا تۆ گەورەی ئێمەی نەك ئەوان بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست زۆربەیان باوەڕیان بە بەوان هەبوو) وە ئەگەر لەوانە بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد نەفسی بپەرستێ یان داریك یان بەردێك یان گۆڕێك، جگە لەوانەش لەوانەی هاوبەشدانەران بتیان تاشیوە بۆیان لەسەر شێوەی پیاوچاکان و فریشتەکان و غەیری ئەوانیش، ئەمەش لەو جۆرە طاغووتەیە کە خوا فەرمانی بە بەندەکانی کردوە بێبڕوا بن بە پەرستشی و بەری بن لێی، وە لە پەرستشی هەموو پەرستراوێك جگە لەخوا هەرکەسێك بێت، هەموو ئەمانە لە کردەوەو ڕازاندنەوەی شەیتانن، شەیتان بانگەشە دەکات بۆ هەموو پووچێك جوانی دەکات بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات، ئەمەش پێچەوانەی ئەو یەکتاپەرستییە کە بریتیە لە مانای (لَا إِلَهَ إلا الله).

یەکتاپەرستی بریتیە: لە بێبڕوا بوون بە هەموو طاغووتێك پەرستشکەران پەرستوویانە لە جیاتی خوا وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ ۚ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَآءُ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ ﴿٤﴾ ﴾الممتحنة. (واتە: بەڕاستی بۆ ئێوە هەیە سەرمەشقێکی جوان و چاك لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کە بە گەلەکەی خۆیانیان وت بەڕاستی ئێمە بێزار بەرین لەئێوە وە لەو شتانەش کە دەیانپەرستن لەجیاتی خوا ئێمە باوەڕمان نیە بە ئاینی ئێوە وە پەیدا بوو لەنێوان ئێمەو ئێوەدا دوژمنایەتی و کینە بۆ هەمیشە تا کاتێك بڕوا بەخوای تەنیا دێنن) جا هەرکەسێك غەیری خوا بپەرستێ ئەوە سنووری تێپەڕاندووە، وە پەرستشی شتێکی کردوە کە شیاوی نیە.

مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: طاغووت ئەوەیە کە لە غەیری خوا بپەرسترێ.

بەهەمان شێوە هەرکەسێك بانگەشەی حوکم کردن بە غەیری بەرنامەی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە وازی لەو پەیامە هێناوە کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی وە پشتی تێکردووەو هاوبەشی بۆ خوا داناوە لە گوێڕایەڵی کردندا، وە پێچەوانەی ئەوە بووەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی لەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ ﴿٤٩﴾ ﴾ المائدة. (واتە: وە (فەرمانمان پێ کردی) کە حوکم بکە لەنێوانیاندا بەوەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە و شوێن حەزوو ئارەزوویان نەکەوی وە وریا بە لێیان لەوەی بترازێنن لە هەندێ لەوەی خوا ناردویەتیە خوارەوە بۆت) ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴿٦٥﴾ ﴾ النساء. (واتە: نەخێر وانیە (کە خۆیان بە باوەڕدار نیشان دەدەن) سوێند بە پەروەردگارت بڕوادار نین تا تۆ نەکەنە دادوەر لەهەر ئاژاوەو دوبەرەکیەکی نێوانیاندا لەپاشان هەست نەکەن لە دەروونیاندا بەهیچ بێزاریەك لەو بڕیارەی کە تۆ داوتە وە ملکەچ نەکەن بە ملکەچیەکی تەواو).

هەرکەسێك پێچەوانەی ئەوە بجوڵێتەوە کە خوا فەرمانی پێ کردوە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەوەی حوکم دادوەری بکات لەنێوان خەڵکی بە جگە لەوەی خوا دایبەزاندووە، یان داوای ئەوە بکات و شوێن هەواو ئارەزووی خۆی کەوتبێت، ئەوە بێگومان حەبلی ئیسلامەتی و ئیمانی لە گەردنی دارنیوە، ئەگەر چی خۆی بە بڕوادارێش بزانێت، بێگومان خوا ئینکاری کردوە لەو کەسەی ئەوە مەبەستی بێ وە پاڵی داون بەلای درۆوە، وە بە درۆی خستونەتەوە لەوەی وا خۆیان نیشان دەدەن کە بەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ يَزۡعُمُونَ ﴾ لە ڕەتکردنەوەی ئیمانەکەیان، چونکە ﴿ يَزۡعُمُونَ ﴾ بەزۆری بەوە دەوترێ بانگەشە بۆ شتێك دەکات و درۆی تێدا دەکات، وە بە کردەوە پێچەوانەی دەجوڵێتەوە، فەرمایشتی خوا جەخت لەوە دەکاتەوە وەك فەرموویەتی: ﴿ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ ﴾ چونکە کوفر بە طاغووت پایەی یەکتاپەرستیە، وەك لە ئایەتەکەی بەقەرەدا هاتووە، جا ئەگەر ئەم پایەیەی بەدەست نەهێنا ئەوە یەکتاپەرست نیە، یەکتاپەرستیش بناغەی ئەو ئیمانەیە کە سەرجەم کردەوەکانی پێ چاك دەبێت، وە خراپیش دەبێت بە نەبوونی. وەك چۆن ئەوەی ڕوونە لە فەرمایشتی خۆی: ﴿ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة. (واتە: ئینجا هەر کەس لە ڕێی بێ بڕوایی بگەڕێتەوە (بێبڕوا بێ بەهەر پەرستراوێك جگە لەخوا) وە بڕوابهێنێ بەخوا ئەوە بێگومان بەتووندی دەستی گرتووە بەدەستە گیرەییەکی قایمی بەهێزی وا (کە ئیسلام یان ئیمانەکەیەتی). بۆیە وایە چونکە حوکم بردن بۆ لای طاغووت بڕوابوونە پێی.

وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ﴾ خوا لەم ئایەتەدا ڕوونی کردوەتەوە حوکم بردن بۆ لای طاغووت لەوەیە کە شەیتان فەرمانی پێ دەکات و دەیڕازێنێتەوە بۆ ئەوکەسەی گوێڕایەڵی دەکات: وە ڕوونی دەکاتەوە ئەوە لەو شتانەیە کە شەیتان خەڵکی پێ گومڕا کردوە، وە جەختی کردوەتەوە بە (المصدر)، وە وەسفی کردوە بە دووری. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حوکم بردن بۆ لای طاغووت لە مەزنترین گومڕایی و دورترینیانە لە هیدایەت.

لەم ئایەتەدا چوار شت هەیە:

یەکەم: حوکم بردن بۆ لای طاغووت ویست و ئیرادەی شەیتانە.

دووەم: بێگومان ئەو کارە گومڕاییە.

سێیەم: جەختی کردوەتەوە بە (المصدر).

چوارەم: وەسفی کردوە بە دوری لە ڕێگای ڕاست و ڕێنمایی.

پاکی و بێگەردی بۆ خوا چەندە مەزنە ئەم قورئانە، چەند کاریگەرە، بەوەی وتەی پەروەردگاری جیهانیانە، وەحی کردوە بۆ پێغەمبەرە بەخشندەکەی، ئەویش بە جوانترین و تەواوترین شێوە گەیاندویەتی، درووی سەلامی خوایان لێ بێت.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ ﴾ خوا ﷻ ڕوونی کردوەتەوە ئەمە سیفەتی دوو ڕووەکانە، وە هەرکەسێك حوکم و دادوەری بە جگە لە قورئان و سوننەت بکات یان داوای بکات، ئەگەر چی بانگەشەی ئیمانیش بکات، ئەوە لە ئەوپەڕی دوریدایە لە ئیمان.

ئیبنولقەییم وتویەتی: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێك بانگ بکرێت بۆ حوکم و دادوەری کردن بە قورئان و سوننەت ئەویش نکوڵی بکات ئەوە یەکێکە لە دوو ڕووەکان.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يَصُدُّونَ ﴾ فیعلێکی (لازم)ە بە مانای ئەوە هاتووە ڕوویان وەرگێڕاوە، چونکە (مصدر)ەکەی (صدوداً) ئای چەندە زۆرن ئەوانەی وەسف کراون بەم وەسفە، بەتایبەت ئەوانەی بانگەشەی زانست دەکەن، بێگومان ئەوان پشتیان هەڵکردوە لەو بەڵگانەی کە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر واجبی دەکەن، لەبەر قسەی کەسانێك هەڵە زۆر دەکەن، جا لەوانەی دراونەتە پاڵ چوار پێشەواکە لە تەقلید کردنیان بۆ کەسانێ دروست نیە تەقلید بکرێ، وە پشتبەستنیان لەسەر قسەی کەسانێ کە دروست نیە پشت بە قسەی ببەستڕێ، وە قسەی ئەو کەسەی کە پێچەوانەی ئایەتێکی قورئان و سوننەت و یاساکانی شەریعەتە دەکەنە پشت پێ بەستراو(پشتی پێ دەبەستن)، بەجۆرێ بەلایانەوە فەتوا تەنها بەوە دەدرێ، ئەوکات شوێنکەوتووی قورئان و سوننەت لە نێوان ئەوکەسانەدا غەریب و نامۆیە، وەك چۆن لە بەشی پێشوو باسی لێوە کرا.

جا سەرنجی ئەم ئایەتانەو دوای ئەم ئایەتانە بدە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی خەڵکی چۆن پشتیان لە حەق کردوە و وازیان هێناوە لە کارکردن پێی لە زۆربەی کاروبارەکاندا.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾ ﴾ البقرة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (کاتێ پێیان بوترێ گێرەشێوێنی و خراپەکاری دروست مەکەن لەسەر زەویدا، دەڵێن بەڵکو ئێمە هەر چاکسازو ڕێکخەری کاری چاکین)

ئەبو لعالیە لە بارەی ئایەتەکە وتویەتی: واتە سەرپێچی خوا مەکەن لەسەر زەویدا. چونکە هەرکەسێك سەرپێچی خوا بکات لەسەر زەویدا یان فەرمان بە سەرپێچی کردن بدات ئەوە خراپەی لەسەر زەیدا بەرپا کردوە، چونکە چاکبوونی زەوی و ئاسمان بە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دەبێ. بێگومان خوا هەواڵی داوە دەربارەی براکانی یوسف لە فەرمایشتی خۆیدا: ﴿ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾یوسف. واتە: پاشان جارچیەك جارِی دا ئەی کاروانەکە بەڕاستی ئێوە دزن. هەتا فەرمایشتی: ﴿ قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ ﴿٧٣﴾ ﴾یوسف. (واتە: وتیان سوێند بەخوا بەڕاستی ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین بۆ ئەوەی خراپە بکەین لە وڵاتدا وە ئێمە پێشتر دز نەبووین) ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو سەرپێچیەك بەرپا کردنی خراپەکاریە لەسەر زەویدا.

گونجانی ئایەتەکە لەگەڵ باسەکەدا ئەوەیە: حوکم بردن بۆ لای غەیری خوا و پێغەمبەرەکەی لە ڕەفتاری دوو ڕووەکانە، ئەو کارە لە بەرپاکردنی خراپەکاریە لەسەر زەویدا.

لە ئایەتەکەدا ئاگادارکردنەوە هەیە لەسەر فریو نەخواردن بە وتەکانی هەواو هەوەس بازان ئەگەرچی بیرازێننەوە بە بانگەشە.

وە مەترسی فریو خواردنیشی تێدایە بە بیروڕاو بۆچوون (الرأی) ئەگەر پشت ڕاست نەکرابێتەوە بە بەڵگەیەك لە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، چەندە زۆرن ئەوانەی درۆ بەڕاست دەزانن و ڕاستیش بە درۆ دەزانن ئەگەر پێیان بگات، ئەمەش لە فەسادو خراپەکاریە لەسەر زەوی، وەلەسەر ئەو خراپەکاریە چەندین کار بونیاد دەنرێت خاوەنەکەی لە ڕاستی لادەدات و دەیخاتە ناو پووچی. داوا دەکەین لە خوا لێمان ببوڕێ و سەلامەتمان بکات لە ئاین و دنیاو دواڕۆژ.

چاك بڕوانەو سەرنج بدە ئەوە دەبینی لە حاڵی زۆرینەدا مەگەر کەسێك خوا پاراستبێتی و منەتی کردبێ بەسەریدا بەهێزی پاڵنەری ئیمان، وە عەقڵێکی تەواوی پێ دابێت لە کاتی هاتنی ئارەزووەکاندا، وە بینایی و بەرچاوڕونیەکی تیژی پێ دابێت لە کاتی هاتنی گومانەکاند، ئەوەش فەزڵ و چاکەی خوایە دەیبەخشێ بەوەی خۆی دەیەوێت، وە خوا خاوەن فەزڵی مەزنە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله: ﴿ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾الأعراف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە خراپەکاری مەکەن لەسەر زەویدا پاش ئەوەی خوا چاکی کردوە وە هاوارو نزا بەرن بۆ خوا بە ترس و ئومێدەوە بەڕاستی میهرەبانی خوا لە چاکەکارانەوە نزیکە).

.....

ئەبو بەکری کوڕی عیاش دەربارەی ئایەتەکە وتویەتی: خوا کاتێ موحەممەدی ﷺ نارد بۆ خەڵکی سەر زەوی ئەوان لە ناو خراپەکاریدا بوون، خوا چاکی کردن بە هۆی موحەممەد ﷺ، هەرکەسێك بانگەشە بکات بۆ پێچەوانەی ئەو پەیامەی ئەو پێی هاتووە، ئەوە یەکێکە لە خراپەکاران.

ئیبنولقەییم وتویەتی: زۆربەی ڕاڤەزانانی قورئان وتویانە: لە زەویدا خراپەکاری و گێرەشێوێنی دروست مەکەن بەهۆی سەرپێچی کردن و بانگ کردن بۆ گوێڕایەڵی کردنی غەیری خوا دوای ئەوەی خوا چاکی کردوە بەهۆی ناردنی پێغەمبەرانەوە، شەریعەتەکەشی ڕوون کردوەتەوە بانگی کردوە بۆ لای گوێڕایەڵی خوا، چونکە بەڕاستی پەرستشی غەیری خوا و بانگەشەکردن بۆ لای غەیری ئەوو هاوبەشدانان بۆی مەزنترین خراپەکاریە لەسەر زەویدا، بەڵکو لە حەقیقەتدا فەسادو خراپەکاری بریتیە لە هاوبەشدانان و سەرپێچیکرنی فەرمانی خوا، جا هاوبەشدانان و بانگ کردن بۆ لای غەیری بەرنامەی خوا و دانانی پەرستراوێك جگە لە خوا، وە گوێڕایەڵی کردن و شوێنکەوتنی جگە لە پێغەمبەر ﷺ گەورەترین خراپەکاریە لەسەر زەویدا، نە زەوی نە خەڵکەکەی چاك نابن تا خوا نەپەرستن و گوێڕایەڵی نەکەن، وە تەنها بانگی خوا بکرێ نەك غەیری ئەو، گوێڕایەڵی و شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەر ﷺ بێت نەك بۆ کەسێکی دیکە، جگە لەو لەکاتێکدا پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت ئەگەر فەرمانی کرد بە گوێڕاڵی کردنی پێغەمبەر ﷺ. جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچیکردنی ئەو کرد و پێچەوانەی شەریعەتەکەی جولآیەوە ئەوە نە گوێی بۆ دەگیرێ و نە گوێڕایەڵی دەکرێ. هەرکەسێك سەرنجی بارودۆخی جیهان بدات دەبینێت هەموو چاکسازیەك لەسەر زەویدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکتاپەرستی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی، وە هەموو شەڕو خراپەکاری و فیتنەو بەڵاو برسێتی و قات و قڕی و زاڵ بوونی دۆژمن و جگە لەوانەش لە جیهاندا هۆکارەکەی بۆ سەپێچیکردنی پێغەمبەرو ﷺ بانگ کردنە بۆ لای جگە لە بەرنامەی خواو پێغەمبەرەکەی.

وە ڕوی هاتنەوەی ئەم ئایەتە بۆ باسەکە ئەوەیە: حوکم و دادوەری بردن بۆ لای غەیری خواو پێغەمبەرەکەی لە مەزنترین خراپەکاری و گێرەشێوێنیە لەسەر زەویدا، زەوی چاك نابێت تەنها حوکم کردن بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی نەبێت، تەنها ئەوە ڕاستە ڕێگای بڕوادارانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾ النساء. (واتە: وە هەر کەسێك دژایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات پاش ئەوەی کە ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بوویەوە و شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێ بێجگە لەڕێگای بڕواداران ڕووی وەردەگێڕین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردووە وە دەیخەینە دۆزەخ ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقوله ﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾المائدة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە خوا فەرموویەتی: (ئایا ئەوان داوای حوکمی نەفامیان دەوێ؟ ئایا کێ حوکم و بڕیاری لە هی خوا جوان و چاکترە؟ بۆ کەسانێك کە بڕوای تەواویان هەیە).

ئیبنوکەثیر وتویەتی: خوا نکوڵی دەکات لەسەر ئەوکەسەی لە حوکم و بڕیاری خوا دەردەچێت کە هەموو خێر و خۆشیەکی لە خۆ گرتووە، هەموو شەڕو خراپەیەکیشی قەدەغەکردوە، وە لا دەدات بۆ لای غەیری حوکمی خوا لە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونەکان و ئەو زاراوانەی کە مرۆڤ داینناوە بە بێ ئەوەی پشت ببەستێت بە بەڵگەیەك لە شەریعەتی خوا، وەك خەڵکی سەردەمی نەفامی حوکمیان پێ دەکرد لە نەفامی و گومڕاییەکان، وەك چۆن تەتارەکان حوکمیان بەو سیاسەتە وەرگیراوانە دەکرد لە جەنگیز خانەوە داینابوو بۆیان بەناو (الیاسق) ئەویش بریتی بوو لە کتێبێکی ئەحکام لە چەند شەریعەتێکی جیاوە وەریگرتبوو، لە شەریعەتی جولەکە و نەصرانی و میللەتی ئیسلامی، وە زۆرێك لەو حوکمانەی تێدایە لە بۆچوون و هەواو ئارەزووی خۆیەوە وەریگرتووە. وە کردی بە شەریعەت بۆیان ئەوانیش پێشیان خست بەسەر حوکمی قورئان و سوننەتدا، هەرکەسێك ئەوە بکات ئەوە بێبڕوایە و پێویستە جەنگی لە دژ بکرێت تا دەگەڕێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی، وە نابێ حوکم بە غەیری قورئان و سوننەت بکات نە لە کەم و نە لە زۆردا.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴾ ئیستفهامێکی ئینکاریە، واتە: هیچ حوکم و بڕیارێك چاکتر نیە لە حوکم و بڕیاری خوا. ئەمیش لە بابی بەکار هێنانی (أفعل)ە کە بۆ (التفضيل) لە شتێکدا کە لە لایەنەکەی تر هاوبەشی تێدا نیە، واتە: کێ لە خوا دادپەروەرترە بۆ کەسێ عەقڵی بە شەریعەتی خوا بشکێ و بڕوا بهێنێ و دڵنیاش بێت خوا دادپەروەرترینی دادپەروەرانە و بەبەزەیی تڕە بۆ بەندەکانی لە دایکی بۆ منداڵەکەی، زانایە بە بەرژەوەندیەکانی بەندەکانی بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا، کاربەجێی یە لە قسەو وتەکانی و شەرعەکەی و قەزاو قەدەرێدا؟

لە ئایەتەکەدا ترساندن و ئاگادار کردنەوەی تێدایە لە حوکمی نەفامی و هەڵبژاردنی بەسەر حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی، جا هەرکەسێك ئەوە بکات ئەوە پشتی کردوە لە چاکترین شت کە حەقە بۆ لای دژەکەی کە پووچە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن عبدالله بن عمرو: أن رسول الله قال: (لا يُؤمِنُ أحَدُكُم حتى يَكُونَ هواهُ تَبَعَاً لِما جِئتُ بِهِ)[1]. قال النووي: حديث صحيح رويناه في كتاب (الحجة) بإسناد صحيح.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە (عبد الله)ی کوڕی عومەر: بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بڕوای نیە یەکێك لە ئێوە تا هەواو هەوەسی شوێنی ئەوە نەکەوێت کە من هێناومە) نەوەوی وتی: فەرموودەیەکی صەحیحە لە کتێبی (الحجة)دا بە سەنەدێکی صەحیح ڕیوایەتمان کردوە.

.....

ئەم فەرموودە شێخ ئەبو لفەتح نەصری کوڕی ئیبراهیمی مەقدیسی شافعی لە کتێبی: (**الحجة على تارك المحجَّة**) ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدێکی صەحیح وەك دانەر وتویەتی لە نەوەوییەوە.

وە **طەبەرانی** و ئەبو بەکری کوڕی عاصم ڕیوایەتیان کردوە، وە ئەبو نوعەیمیش لە کتێبی (**الأربعين**) کە مەرجی داناوە ئەو فەرموودانە لە فەرموودە صەحیحەکان بن[2]، وە شایەتیشی هەیە لە قورئانی پیرۆز لە فەمایشتی خوا ﷻ: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴿٦٥﴾ ﴾ **النساء**. (واتە: نەخێر سوێند بە پەروەردگارت بڕوا دارنین تا تۆ نەکەنە دادوەر لەهەر ئاژاوە و دووبەرەکی یەکی نێوانیاندا) وە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ﴿٣٦﴾ ﴾**الأحزاب**. (واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی بڕوادار نیە، کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری هەر کارێکیان دا بۆیان نیە سەرپشك بن لەکارەکانیاندا) وە فەرموویەتی: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ﴿٥٠﴾ ﴾القصص. (واتە: ئینجا ئەگەر بە گوێیان نەکردی و وەڵامیان نەدایتەوە ئەوە بزانە کە تەنها شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون) وە وێنەی ئەم ئایەتانەش.

وتەی: (**لا يُؤمِنُ أحَدُكُم**) واتە: نابنە خاوەن ئەو ئیمانەی کە خوا پەیمانی بە خەڵکەکەی داوە بە چوونە ناوەوەی بەهەشت و ڕزگار بوون لە ئاگر لەسەر ئەو ئیمانە هەندێ جار دەگاتە پلەی خەڵکی خراپەکارو سەرپێچیکار لە ئەهلی ئیسلام.

وتەی: (**حتى يَكُونَ هواهُ تَبَعَاً لِما جِئتُ بِهِ**) واتە: ئەوەی هەواو ئارەزووی حەزی لێ دەکات و پێی خۆشە و مەیلی بۆ لای دەڕوات، جا ئەگەر ئەوەی حەزی لێ دەکات و هەواو ئارەزووی بۆ لای دەجوڵێت شوێنی کەوتەی ئەوە بێ پێغەمبەرەکەی هێناویەتی و لێ ی دەرنەچێ بۆ پێچەوانەکەی، ئەمە سیفەتی ئەهلی ئیمانە بە ڕەهایی(**الإيمان المطلق**)، وە ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بوو بە تەواوەتی، یان هەندێ جار یان زۆر جار ئەوە کەماڵی پێویستی ئیمانی نەفی کردووە، وەك لە

---

(١) هذا الحديث صحيح المعنى ضعيف المبني، أخرجه ابن أبي عاصم في السنة (١٥)، وضعفه وبين علله الحافظ ابن رجب في (جامع العلوم والحكم) وهو حديث رقم (٤١).

(٢) ضعيف: (مختصر الحجة على تارك المحجة) (٢٥)، وابن أبي عاصم في (السنة) (١٥)، وانظر (جامع العلوم والحكم) ٢ / ٢٦٨، ٢٦٩ .

فەرموودەی ئەبی هورەیرەدا هاتووە: (**لَا يَزْنِي الزَّانِي حين يَزْنِي وهو مُؤْمِنٌ، ولا يَسْرِقُ السَّارِقُ حين يَسْرِقُ وهو مُؤْمِنٌ**)[1] . واتە: زیناکەر زینا ناکات لە کاتی زینا کردنەکەدا بڕوادار بێت، وە دز دزی ناکات لە کاتی دزیکردنەکەیدا باوەڕداربێت. مانای ئەوەیە ئەوکەسە بە سەرپێچی کردن کەماڵی ئیمانی پێویستی لێ ڕەتدەکرێتەوە، پلەو پایەی لە ئیسلامەتی دادەبەزێت و ئیمانی کەم دەکات، بەڕەهایی ئیمان نادرێتە پاڵی مەگەر لەگەڵ بەستنەوەی بە سەرپێچی، یان تاوان و گوناە، یێی دەوترێ: بڕوادارێکی سەرپێچیکارە، یان دەوترێ: بڕوادارە بە ئیمانەکەی تاوانباریشە بە سەرپێچی کردنی، ئەوکات ئەسڵی ئیمان(**مطلق الإيمان**)ی لەگەڵدایە کە ئیسلامەتیەکەی ڕاست و دروست نابێت بەو ئیمانە نەبێت، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴿٩٢﴾﴾**النساء**. واتە: (جا ئازادکردنی بەندەیەکی بڕوادار) وە بەڵگەکان لەسەر ئەوەی پێشینی ئوممەت و پێشەواکانی لەسەری بوون کە: بەڕاستی ئیمان بریتیە لە وتە و کردەوە و نیەت، بە گوێرایەڵی زیاد دەکات بەسەرپێچیش کەم دەکات، ئەمەش لە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی زۆرترە لەوەی لە ژماردن بێت، جا لەوانەش فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ﴿١٤٣﴾﴾**البقرة**. واتە: خوا ئەو نوێژانەتان بە زایە نادات کە ڕووتان کردوەتە بەیت و لمقدیس پێش ئەوەی قیبلە و ڕووگە بگۆڕی بۆ کەعبە، وە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بە نێردراوی (عبد القيس): (**آمُرُكُمْ بِالْإِيمَانِ بِاللَّهِ وَحْدَهُ، أَتَدْرُونَ ما الْإِيمَانُ بِاللَّهِ وَحْدَهُ؟ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله**)[2]. واتە: فەرمانتان پێ دەکەم بە باوەڕهێنان، ئایا دەزانن ئیمان بەخوای تاك و تەنها چیە؟ شایەتیدانە بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەخوا. ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، وە لە کتێبەکانی (السنن)یشدا.

وە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئیمان زیاد دەکات فەرمایشتی خوایە کە فەرموویەتی: ﴿وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنًا ﴿٣١﴾﴾**المدثر**.(واتە: وە بڕواداڕەکان بڕواکەیان زیاد بکات) وە فەرموویەتی: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا ﴿١٢٤﴾﴾**التوبة**. (واتە: جا ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ئەمە ئیمانیان زیاد دەکات) پێچەوانەی ئەوەی وتویەتی: ئیمان بریتیە لە وتە (القول)، ئەوانەش مورجیئەن، وە ئەوەشی وتویەتی: ئیمان بریتیە بەڕاستدانان (التصديق) وەك ئەشعەریەکان. ئەوەی کە زانراوە بە پێی عەقڵ و شەرع بەڕاستی نیەتی حەق بەڕاستدانانە، کار کردنیش پێی بەڕاستدانانە، وتەی حەقیش بەڕاستدانانە، سوپاس بۆ خوا ئەوەی ئەهلی بیدعەکان هێناویانە بۆچوونی ئەهلی سوننە و جەماعە ڕەتناکاتەوە.

خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ (واتە: چاکە ئەوە نیە کە ڕوو بکەنە بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵکو چاکە ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوای ببێ بە خوا و ڕۆژی دوایی) تا کۆتایی ئایەتەکە: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ ﴿١٧٧﴾﴾**البقرة**. (واتە: هەر ئەوانەن کە ڕاستیا کرد). واتە: لەوەی کاریان پێ کردوە لەم ئایەتەدا لەو کردارانەی دیارو نادیارن، وە بەڵگەشی هەیە لە وتەی عەربدا وەك وتویانە: (**حملة صادقة**) واتە: هەڵگرتن و هەڵمەتێکی ڕاستگۆیانە.

---

(١) البخاري(٢٤٧٥)، ومسلم(٥٧) .

(٢) أخرجه البخاري في الإيمان (٥٣) فتح، ومسلم في الإيمان (١٧) عبد الباقي.

بێگومان خوا ئەو هەواو هەوەسەی کە پێچەوانەی شەریعەتە ناو ناوە پەرستراو، وەك فەرموویەتی: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴿٢٣﴾ ﴾الفرقان. (واتە: ئایا دیت ئەوکەسەی هەواو ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی) هەندێ لە ڕاڤەزانان وتویانە: مرۆڤی ئارەزوو پەرست ئارەزووی هەر شتێك بکات ئەو شتە سوار کۆڵی دەبێت (یان ئارەزووی هەر شتێ بکات هەر دەبێ بیکات).

ئیبنوڕەجەب وتویەتی: بەڵام مانای فەرموودەکە: مرۆڤ نابێتە بڕواداری ڕاستەقینە و خاوەن کەمالی ئیمانی پێویست تا حەزو ئارەزووی شوێنی ئەوە نەکەوێت کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی لە فەرمان و قەدەغەکراوەکان و جگە لەوانیش. ئەوەی فەرمانی پێ کراوە پێی خۆش بێت، وە ئەوەی لێ ی قەدەغە کراوە ڕقی لێ ی بێت، لە قورئانی پیرۆزدا وێنەی ئەمە هاتووە لە زیاد لە شوێنێکدا، خوا ﷻ سەرکۆنەی ئەو کەسەی کردوە کە ڕقی لەوەیە خوا پێی خۆشە یان ئەوەی پێ خۆشە کە خوا پێی ناخۆشە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُوا۟ مَآ أَسْخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُوا۟ رِضْوَٰنَهُۥ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٢٨﴾ ﴾محمد. (واتە: ئەو (جۆرە گیان کێشانە) لەبەر ئەوەیە کە بێگومان ئەوانە شوێن شتانێ کەوتوون کە خوای تورە کردبوو ڕەزامەندی خواشیان پێ ناخۆش بوو خواش کردەوەکانیانی پووچەڵ کردەوە). پێویستە لەسەر هەموو بڕوادارێك ئەوەی خوا پێی خۆشە ئەویش پێی خۆش بێت، پێ خۆش بونێ ببێتە مایەی ئەوەی ڕەفتار بەوانە بکات کە پێویستی کردوە لەسەری، ئەگەر خۆشەویستیەکە زیاد بوو ئەوە ئەوەی پەسند و سوننەتە ئەنجامی دەدات ئەویش دەبێتە فەزڵ بۆی، وە ئەوەشی خوا پێی ناخۆشە ئەمیش پێی ناخۆش بێت، ئەو پێ ناخۆش بوونە ببێتە هۆی دەستهەڵگرتنی لەوەی خوا قەدەغەی کردوە لێی، ئەگەر پێ ناخۆش بوونەکە زیادی کرد ئەوە دەست لەوەش هەڵدەگرێ کەراهەتی هەیە و باش نیە، ئەوەشی بۆ دەبێتە فەزڵ. جا هەرکەسێك بەڕاستی لە دڵەوە خواو پێغەمبەری خۆش بوێ، ئەوە پێویستی دەکات لەسەری ئەوەی خواو پێغەمبەر ﷺ پێیان خۆشە ئەویش پێی خۆش بێت بە دڵی، ئەوەشی خواو پێغەمبەر ﷺ پێیان ناخۆشە ئەویش پێی ناخۆش بێت بە دڵی، ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی پێی ڕازین ئەویش پێی ڕازی بێت، ئەوەشی خواو پێغەمبەرەکەی پێی ناڕازین ئەویش پێی ناڕازی بێت، وە بە ئەندامەکانی جەستەی کار بە ناوەڕۆکی ئەم خۆشەویستی و ڕق لێ بوونەوەیە بکات، ئەگەر بە ئەندامەکانی جەستەی شتێکی کرد پێچەوانەی ئەوە بوو، بەوەی هەندێ لەوانەی خواو پێغەمبەرەکەی پێیان ناخۆشە ئەنجامی دا، وە وازی هێنا لە هەندێك لەوانەی خوا و پێغەمبەر ﷺ پێی خۆشە، لەگەڵ ئەوەی کە واجبە و توانای هەبووە لەسەر ئەنجامدانی، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ناتەواوی خۆشویستنی پێویست، بۆیە پێویستە لەسەری تەوبە لەو کارە بکات و بگەڕێتەوە بۆ تەواو کردنی خۆشویستنی پێویست کە خۆشویستن ڕوکن و پایەی پەرستشە ئەگەر کامڵ بوو، جا هەموو گوناهەکان سەچاوەیان گرتووە لە پێشخستنی هەواو ئارەزوو بەسەر خۆشویستنی خواو پێغەمبەرەکەی. بێگومان خوا وەسفی هاوبەشدانەرانی کردوە بەوەی ئەوان شوێنی هەواو ئارەزوویان کەوتوون لە چەند شوێنی کتێبەکەیدا، جا فەرموویەتی: ﴿ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكَ فَٱعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَآءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥٠﴾ ﴾القصص. (واتە: ئینجا ئەگەر بە گوێیان نەکردی و وەڵامیان نەدایتەوە ئەوە بزانە کە تەنها شوێن هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەون،

وە کێ لەوکەسە گومڕا تر‌ە کە شوێن ئار‌ەزووی خۆی بکەوێت بی ڕێنمایی لە لایەن خواوە بێگوما خوا ڕێنمایی گەلی ستەمکار ناکات).

وە بەهەمان شێوە بیدعەش لەکاتێکدا دروست دەبێت هەواو ئار‌ەزوو پێش بخرێت بەسەر شەریعەتدا، لەبەر ئەمەیە بیدەچیەکانی ناو ناوە بە ئەهلی هەواو ئار‌ەزووەکان، بەهەمان شێوە سەرپێچیکردن لە کاتێکدا دروست دەبێت هەواو ئار‌ەزوو پێش بخرێت بەسەر خۆشویستنی خوا و خۆشویستنی ئەوەی خوا پێی خۆشە، بەهەمان شیوە خۆشویستنی کەسەکان: پێویستە ئەو خۆشەویستیەش بە پێی ئەوە بێت پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی، بۆیە پێویستە لەسەر بڕوادار هەرکەسێ خوا خۆشی دەوێت لە فریشتەکان و پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدەکان و پیاوچاکان بە گشتی ئەویش خۆشی بۆی، لەبەر ئەمەیە یەکێك نیشانەکانی دەستکەوتنی چێژی شرینی ئیمان: ئەوەیە مرۆڤ هەرچی خۆش ویست لەبەر خوا بێ[1]، جا حەرامە دۆستایەتی کردنی دوژمنانی خوا، وە ئەوەشی خوا پێی خۆش نەبێ دۆستایەتی بکرێ بە گشتی، ئا بەم شێوە ئایندار‌ی هەر دەبێ بۆ خوا بێت. وە هەرکەسێك لەبەر خوا خۆشی بوێ و لەبەر خوا ڕقی ببێتەوە و لەبەر خوا ببەخشێ و لەبەر خوا خۆی بگرێتەوە لە بەخشین ئەوە بێگومان ئیمانی کاملّ بووە[2]. وە هەرکەسێك خۆشویستن و ڕق لێبوونەوەو بەخشین و ڕێگریکردنی لە بەخشین لەبەر هەواو ئارزووی خۆی بوو، ئەوە ئیمانی پێویستی ناتەواوە. بۆیە پێویستە تەوبە بکات لەو کارە.

وە گونجانی فەرموودەکە بۆ باسەکە: ڕوونکردنەوەی تێدایە بە جیوازی کردن لە نێوان ئەهلی ئیمان و دوو ڕووەکان و سەرپێچیکاران لە قسەکانیان و ڕەفتارو ئیرادەیان.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقَالَ الشَّعْبِيُّ: كان بين رجل من المنافقين ورجلٌ من اليهودِ خصومةٌ، فقال اليهودي: نتحاكم إلى محمد، لأنه عَرِفَ أنه لا يأخذ الرِّشْوةَ. وقال المنافق: نتحاكم إلى اليهود، لعلمه أنهم يأخذون الرِّشْوةَ. فاتَّفَقَا أن يأتِيا كاهِناً في جُهَينة فيتحاكما إليهِ، فنزلت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ﴾[3].

وقيل: نزلت في رجلين اختصما، فقال أحدهما: نترافع إلى النَّبِيِّ ﷺ وقال الآخر: إلى كعب بن الأشرف. ثم ترافعا إلى عمر بن الخطاب، فذكر له أحدهما القصة. فقال للذي لم يرض برسول الله ﷺ أكذلك؟ قال: نعم، فضربه بالسيف فقتله)[4].

---

(١) أخرجه البخاري (١٦،٢١)، ومسلم (٤٣) من حديث أنس.

(٢) أخرجه أبو داود في السنة (٤٦٨١)، وصححه الشيخ الألباني بشاهد له كما في الصحيحة (٣٨٠).

(٣) أخرجه ابن جرير ٨ / ٥٠٨، وهو مرسل كما هو ظاهر.

(٤) أخرجه ابن أبي حاتم ٣ / ٩٩٤، وقال الحافظ ابن كثير ٢/ ٣٥١: غريب جداً. ثم ضعفه بالإرسال وابن لهيعة، وكذلك ضعفه السيوطي في (اللباب)، والزيعلي في (تخريج الأحاديث والآثار الواقعة في الكشاف ١ / ٣٣٠.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لەئێوان پیاوێك لە دوو ڕووەکان و پیاوێکی جولەکە ناکۆکیەك هەبوو، کابرای جولەکە وتی: حوکم و داد دەبین بۆ لای موحەممەد، چونکە دەیزانی ئەو بەرتیل وەرناگرێ. کابرای دوو ڕووش وتی: حوکم و داد دەبەین بۆ لای جولەکە، چونکە دەیزانی ئەوان بەرتیل وەردەگرن. هەردووکیان ڕێك کەوتن بچن بۆ لای فاڵ گرەوەیەك لە جوهەینە، حوکمی خۆیان ببەن بۆ لای، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ﴾.

وە وتراوە: ئایەتەکە دەربارەی دوو پیاو دابەزیوە کە کێشەیان لە نێواندا هەبوو، یەکێکیان وتی: کێشەکەمان دەبەین بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، ئەوی دیکەیان وتی: بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف. پاشان کێشەکەیان برد بۆ لای عومەری کوڕی خەطاب، یەکێکیان بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، عومەریش بەوەیانی وت کە ڕازی نەبوو بە پێغەمبەر ﷺ: ئایا مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو؟ ئەویش وتی: بەڵێ، بە شمشێرەکەی لێی داو کوشتی.

.....

وتەی: (قَالَ الشَّعْبِيُّ) ناوی عامری کوڕی شەراحیل خەڵکی کوفەیە، زانای سەردەمی خۆی بووە، وە (الحافظ) بوو، دەیووت: پەڕەی سپیم ڕەشنەکردوەتەوە، (واتە: لەبەرکردنی زۆر بەهێز بووە و پێویستی بە نووسین نەبووە) بە خەڵکێکی زۆر گەشتووە لە هاوەڵان، هەشتاو ئەوەندە ساڵ ژیاوە. زەهەبی وتویەتی.

وە ئەوەی شەعبی وتویەتی ڕوونی دەکاتەوە کە دوو ڕوو حوکم و بڕیاری خواو پێغەمبەرەکە پێ ناخۆشترە لە حوکم و بڕیاری جولەکە و گاور. وە لەوان زیاتر ڕقیان لە ئەهلی ئیمانە، وەك چۆن ئەوە ڕاستیەکی ڕوونە لەم سەردەمە و سەردەمەکانی پێشوو کە هاوکاری دوژمنیان کردوە لە دژی موسڵمانان. وە سوربوونیان لەسەر کوژاندنەوەی ڕووناکی ئیسلام و ئیمان، هەرکەسێك قوڵ ببێتەوە لە مێژوودا و ئەوەی ڕووی داوە لە ئەوان دەزانێ ئەمە حاڵی دوو ڕووەکانە لە کۆن و لە ئێستادا، بێگومان خوا پێغەمبەرەکەی ئاگادار کردوەتەوە لە گوێڕایەڵی کردنیان و نزیك بوونەوە لێیان، وە هانی داوە لەسەر جیهاد کردنیان لە چەندین شوێنی قورئانەکەیدا، وەك فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۝٩﴾ التحريم.(واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بجەنگە لە دژ بێبڕوایان و دوو ڕووەکان، وە تووندو تیژ بە لەگەڵیاندا).

وە لە بەسەرهاتەکەی عومەرو کوشتنی ئەو دوو ڕووەی کە داوای کرد دادگەری ببەن بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف، بەڵگەیە لەسەر کوشتنی ئەو کەسەی کوفرو دوو ڕووی ئاشکرا دەکات، بێگومان کەعبی کوڕی ئەشرەف زۆر بە سەختی و بە ئاشکرا دژایەتی پێغەمبەری دەکرد و ئازاری دەدا، بەهۆیەوە پەیمانەکەی هەڵوەشایەوە و حەڵاڵ بوو.

موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە صەحیحەکەیدا لە عەمرەوە: گوێم لە جابر بوو دەیوت: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (من لِكَعْبِ بن الْأَشْرَفِ فإنه آذَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ) واتە: کێ هەیە بۆ کەعبی کوڕی ئەشرەف (واتە: چاری دەکات)، چونکە ئەو ئازاری خواو پێغەمبەرەکەی داوە)، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا حەز دەکەی بیکوژم؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: ڕێگەم بدە (دەربارەی

خۆم و تۆ) قسە بکەم، ئەویش فەرمووی: بڵێ، پرۆیشت بۆ لای کەعب پێی وت: باس ئەوەی کرد لەنێوانیانداو وتی: ئەم پیاوە دەیەوێت زەکاتمان لێ وەربگرێت بەڕاستی ماندووی کردوین. کاتێ کەعب ئەمەی بیست وتی: سوێند بەخوا لێی بێزار دەبن، وتی: ئێمە ئێستا شوێنی کەوتوین، حەز ناکەین وازی لێ بهێنین تا بزانین دەرەنجامی کارەکەی چی دەبێ، وتی: دەمەوێت سەلەفێکم پێ بدەیت (واتە: شتێکم بە قەرز پێ بدەیت)، وتی: تۆ چیم بۆ دەکەیت بە ڕەهن؟ وتی: چیت دەوێت. وتی: ژنەکانتان بکەن بە ڕەهن بۆم؟ وتی: ئەی تۆ جوانترین پیاوی ناو عەرەبیت، ئایا ژنەکانمان بکەین بە ڕەهن بۆت؟ وتی: منداڵەکانتان بکەن بە ڕەهن بۆم؟ وتی: تا کوڕی یەکێکمان تانەی لێبدرێ پێی بوترێ: کراوەتە ڕەهن بە دوو زەمبیلە خورما. بەڵام چەکەکانمان دەکەین بە ڕەهن، وتی: باشە: وە پەیمانی پێدا حارس و ئەبی عەبسی کوڕی جەبر و عەبادی کوڕی بیشر لەگەڵ خۆی بهێنێت. وتی: جا هاتن بە شەو بانگیان کرد، ئەویش ڕۆیشت بۆ لایان، سوفیان وتی: جگە لە عەمر وتی: ژنەکەی پێی وت: من دەنگێك دەبیستم وەك دەنگی خوێن ڕێژ وایە، وتی: بێگومان ئەمە موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و برا شیریەکەیەتی ئەبو نائیلەیە، پیاوی بەڕێز و بوێر ئەگەر لە شەودا بانگ بکرێت بۆ کوشتنیش دەبێت بچێتە دەمیەوە، موحەممەد وتی: ئەگەر هات من دەستم درێژ ئەکەم بۆ سەری، ئەگەر دەستم پێی گەیشت ئێوەش بیگرن، وتی: کاتێ دابەزی وەك دڕندە وابوو. وتیان: بۆنێکی خۆشت لێوە دێت، وتی: بەڵێ، جوانترین ئافرەتی عەرەب لە لامە، وتی: ڕێگەم بدە بۆنی سەرت بکەم؟ وتی: بەڵێ بۆنی بکە، داچەمی و بۆنی کرد، پاشان وتی، ئایا ڕێم دەدەیت جارێکی تر بۆنی بکەم؟ وتی: سەری گرت. پاشان وتی: بیگرن، (هێرشیان کردە سەری). وتی: کوشتیان[1].

لە بەسەرهاتەکەی عومەر ئەوە ڕوون دەبێتەوە بێگومان دوو ڕووی نوقم بوو لە دووڕوویی، ئەگەر دوو ڕوویی خۆی ئاشکرا کرد دەکوژرێت، وەك لە صەحیحی بوخاری و موسلیم و غەیری ئەواندا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوە ئەو دوو ڕووانەی نەکوشت کە دوو ڕوویی خۆیان ئاشکرا کردبوو، لەبەر ڕاکێشانی دڵی خەڵکی، چونکە فەرموویەتی: (**لَا يَتَحَدَّثُ الناس أَنَّ مُحَمَّدًا يَقْتُلُ أَصْحَابَهُ**) (٢١). واتە: تا خەڵکی نەڵێن موحەممەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێت، صەلأت و سەلامی خوای لێ بێ.

---

(١) أخرجه البخاري في المغزي (٤٠٣٧) فتح، ومسلم في الجهاد (١٨٠١) عبد الباقي.

(٢) أخرجه البخاري في التفسير (٤٩٠٥) فتح، ومسلم في البر والصلة (٢٥٨٤) عبد الباقي.



بەشی ٣٩

بەشی ئەو کەسەی ئینکاری و کەللەڕەقی و نکوڵی هەندێ لە ناوو سیفاتەکانی خوا دەکات.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: باب من جحد شيئاً من الأسماء والصفات، وقول الله تعالى: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ ۚ قُلْ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ ﴿٣٠﴾﴾ **الرعد.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەو کەسەی (ئینکاری و) نکوڵی هەندێ لە ناوو سیفاتەکانی خوا دەکات، وە خوا ﷻ فەرموویەتی: (ئەوان حاڵیان وایە بڕوا ناهێنن بە خوای میهرەبان بڵێ ئەو پەروەردگاری منە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق بێجگە لەو پشتم هەر بەو بەستووە گەڕانەوەشم هەر بۆ لای ئەوە).

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ڕوون و ئاشکرایە و باسکراوە لە کتێبەکانی تەفسیر و غەیری ئەوانیشدا. ئەویش ئەوەیە هاوبەشدانەرانی عەرەب ئینکاری و کەلەڕەقیان دەکرد لە ناوی (الرَّحْمن)، خوا ﷻ فەرمووی: ﴿قُلِ ٱدْعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدْعُواْ ٱلرَّحْمَٰنَ ۖ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴿١١٠﴾﴾ **الإسراء.** (واتە: بڵێ نزاو هاوار لەخوا بکەن یان هاوار لە ڕەحمان بکەن یەکسانە بەهەرکامیان نزاو هاواری بکەن چونکە هەر بۆ خوایە هەموو ناوە هەرەجوانەکان). (الرحمن) ناوو سیفەتی خوایە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەحمەت سیفەتی خوای پاك و بێگەردە، ئەویش یەکێکە لە سیفاتەکانی کەماڵی خوا.

جا ئەگەر هاوبەشدانەران ئینکاریان لە ناوێك لە ناوەکانی خوا کرد، ئەو ناوەش یەکێك بوو لەو ناوانەی کە بەڵگەن لەسەر کەماڵی ئەو زاتە پاك بێگەردە، ئینکاری کردنی مانای ئەم ناوە و وێنەی ئەمە لە ناوە جوانەکانی هەر بەو شێوەیەیە، چونکە جەهمی کوڕی صەفوان و ئەوانەشی شوێنی کەوتبوون پێیان وابوو، سیفەتی (الرحمن) ڕەحمەت سیفەتێکی جێگیر نیە بۆ خوا. لەسەر ئەو بنەمایە چەندین دەستە لە موعتەزیلە و ئەشعەریەکان و غەیری ئەوانیش شوێنی کەوتبوون. لەبەر ئەمە زۆرێك لە ئەهلی سوننە تەکفیری کردن.

ئیبنولقەییم وتویەتی:

ولقد تقلد كفرهم خمسون في عشر من العلماء في البلدان

ئەوانەی وتیان قورئان مەخلوقی خوایە پێنج سەد زانا لە زانایانی موسڵمانان تەکفیری کردون

اللالكائي الإمام حكاه عنـــ هم بل حكاه قبله الطبراني

وە ئیمامی لالەکائی لەبارەیانەوە قسەیان کردوە، بەڵکو **طه**بەرانیش پێش ئەو قسەی کردوە

چونکە ئەو جەهمیانەو ئەوانەش هاوڕابوون لەگەڵیان لەسەر پەکستن (**تعطيل**) کردن، نکوڵی و ئینکاری ئەو ناوو سیفاتانەی خوایان دەکرد کە وەسفی خۆی پی کردبوو، وە پێغەمبەرەکەی وەسفی پێ کردبوو لە سیفاتەکانی کەماڵ، وە ئەو پەخستنیان (**تعطيل**) بونیادنا لەسەر بناغەیەکی پووچ لەناخی خۆیاندا دایاننابوو، وتیان: ئەم سیفاتانە بریتین لە سیفاتەکانی جەستە. بۆیە چەسپاندنیان وادەخوازێ خوا جەستە بێت، ئەمە دەستپێکی گومڕا بوونی عەقڵەکانیان بوو، لە سیفاتەکانی خوا تێنەگەیشتبوون، هاوتایان دەکرد لەگەڵ سیفاتی بە دیهێراوەکان، بۆیە سەرەتا بە بۆچوون خۆیان خوایان شوبهاند بە دروستکراوەکانی پاشان سیفاتەکانی کەماڵ تەواوی خوایان پەکخست، وە شوبهاندیان بە ناتەواوەکان و بێ گیانەکان و ئەوانەی بوونیان نەبوو، سەرەتا شوبهاندیان، دووەم جار پەکیان خستن، سێیەم جار شوبهاندیان بە هەموو ناتەواوێکی نەبوو، وازیان هێنا لەوەی قورئان و سوننە بوون بە بەڵگە بۆی لە چەسپاندنی ئەوەی خوا وەسفی خۆی پێ کردود و پێغەمبەرەکەشی وەسفی کردوە بەوشێوەی شیاوە بە مەزنی ئەو زاتە، پێشینی ئوممەت لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان لەسەر ئەمەن، بێگومان ئەوان ئەوەیان بۆ خوا جێگیر کردوە کە خۆی بۆ خۆی چەسپاندویەتی و پێغەمبەرەکەشی بۆی چەسپاندووە، چەسپاندنێکی بی پێك چواندن (**تمثيل**)، بەپاك ڕاگرتنێکی بێ پەکخستن (**تعطيل**)، چونکە قسەکردن دەربارەی سیفاتەکان لقێکە لە قسەکردن دەربارەی زات و خود هوتەربن، بەشوێنی ئەودا دەڕوات، وەك چۆن ئەو پەکخەرانە (**المعطلة**) خودێك بۆ خوا جێگیر دەکەن بە هیچ یەکێك لە خودەکان ناشوبهێ، جا ئەهلی سوننەش ئەوە دەڵێن و ئەوەش دەچەسپێنن ئەوەی خوا وەسفی نەفسی خۆی پێ کردوەو پێغەمبەرەکەشی وەسفی پێ کردوە لە سیفاتەکانی کەماڵ و گەورەیی، سیفاتەکانی خوا بەهیچ جۆرێك ناشوبهێنن بە سیفاتی دروستکراوەکانی، چونکە ئەوان بڕوایان بە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی هێناوە و بۆچوونی هاودژیان نیە، وە ئەو پەکخەرانە (**المعطلة**)کان بێبڕوا بوون بەوەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە لەو شتانە و هاودژیان کردوە.

سوپاس و ستایش بۆ خوا وتەی پەکخەرەکان پووچ بوویەوە بە پێی عەقڵ و نەقڵ، وە بە پێیەکدەنگی ئەهلی سوننە لە هاوەڵان و تابعیەکان و شوێنکەوتوانیان و پێشەوایانی موسڵمانان.

زانایان چەندین کتێب و پەرتوکیان نووسیوە لە بەرپەرچدانەوەی جەهمیە و موعەطیلە و موعتەزیلە و ئەشعەریەکان و جگە لەوانیش، لە پووچ کردنەوەی ئەم بیدعەیە و ئەوەشی تیایدایە لە هاودژی کردن: وەك ئیمامی ئەحمەد لە بەرپەرچدانەوە دیارەکەی لە پەرتووکی (**السنة**) هی (عبد الله)ی کوڕی، وە خاوەنی کتێبی (**الحيدة**) (عبد العزيز)ی کەتانی لە بەرپەرچدانەوەی بیشری مەریسی، وە پەرتووکی (**السنة**) کە هی ئەبو عەبدولآی مەروەزی، وە ڕەتدانەوەی عوسمانی کوڕی سەعید لەسەر کافری ئینکارو کەللەڕەق، کە ئەویش بیشری مەریسیە، وە (کتاب التوحيد) هی

پێشەوا موحەممەدی کوڕی خوزەیمەی شافعی، وە پەرتووکی (السنة) هی ئەبو بەکری خەلال، وە ئەبی عوسمانی صابوونی شافعی و شێخی ئیسلامی ئەنصاری و ئەبی عومەری کوڕی (عبد البر) نەمری، وە خەڵکێکی زۆر لە هاوەڵانی هەر چوار مەزهەبەکە و شوێنکەوتوانیان، وە زانایانی فەرموودە ناسیش، وە لە دواینەکان ئەبو موحەممەدی (عبد الله)ی کوڕی ئەحمەدی کوڕی قودامە و شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە و هاوەڵەکانی و غەیری ئەوانیش ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. سوپاس و ستایش بۆ خوا لەسەر مانەوەی ئەهلی سوننە و خەڵکەکەی سەرەڕای پارچە پارچە بوونی هەواو ئارەزوەکان و پەلپەلبونی بۆچونەکان. خوا زاناترە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي صحيح البخاري قال علي: (حَدِّثُوا الناس بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُرِيدُونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللهُ وَرَسُولُهُ)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عەلیەوە وتویەتی: قسە بۆ خەڵکی بکەن بەوەی لێی تێبگەن و عەقڵیان پیا بشکێت، ئایا دەتانەوێت خواو پێغەمبەرﷺ بە درۆ بزانرێ).

•••

(عەلی) ئەمیری ئیماندارانە، باوکی حەسەن عەلی کوڕی ئەبی **طالیب**، یەکێکە لە خەلیفەکانی ڕاشیدین. هۆکاری ئەم وتەیەش ئەوە بووە لە خەلافەتی ئەودا خەڵکێکی زۆر ڕویان کردبوو لە فەرموودە، وە ئامۆژگاری کار زۆر بوو بوو. لە بەسەرهاتەکانیاندا فەرموودەیان دەگێڕایەوە بەبێ ئەوەی سەرچاوەکەی بزانن، (هەر بەم هۆیەوە زانستی (الجرح والتعديل) دروست بوو)، هەندێ جار هەندێ لە خەڵکی نکوڵیان دەکرد، جا هەندێ لەو فەرموودانە ئەصل و بنەمایان هەبوو یان ماناکەی تەواو بوو، بۆیە هەندی مەفسەدەو خراپە بەو هۆیەوە پەیدا دەبوو، ئەمیری بڕوادارانیش ڕێنمایی کردن قسە بۆ خەڵکی نەکەن مەگەر قسانێك کە زانراوبن و سوودیان پێ بگەیەنێت لە ئەصلی دینەکەیان، لە ڕوون کردنەوەی حەڵاڵ و حەرام کە ئەرکە لەسەریان شارەزای ببن و کاری پێ بکەن، بەبێ ئەوەی خۆیان سەرقاڵ بکەن بە شتانێکەوە دەبێتە مایەی ئەوەی حەق و ڕاستی پێ بەرپەرچ بدرێتەوەو قەبوڵ نەکرێ، ئینجا بیانبات بەرەو لای بەدرۆدانان، بەتایبەتیش جیاوازی خەڵکیش لەو سەردەمی ئەودا و زۆری ڕۆچوون و مشت و مر کردنیان.

پێشەوامان دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت حەزی نەدەکرد شتێك بەسەر خەڵکیدا بخوێنرێتەوە جگە لەوە نەبێ سوودی بۆیان هەیە لە دین و پەرستش و مامەڵەکانیان کە هەردەبێ بیزانن، وە ڕێگری لێ دەکردن لە خوێندنەوەی وێنەی کتێبەکانی ئیبنولجەوزی: وەك (المنعش)و (المرعش) و (**التبصرة**) چونکە لەوانەدا جۆرێ لە پشت هەڵکردنی تێدایە لەوەی پێویست و بەسوود تر، وە شتانێکی تێدایە مەگەر خوا خۆی بیزانێت کە پێویست ناکات بڕوای پێی هەبێت، پارێزراو ئەو کەسەیە خوا پاراستبێتی.

---

(١) أخرجه البخاري في العلم (١٢٧) فتح.

معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ڕێگری دەکرد لە چیرۆك باسەکان لە گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهات، چونکە لە چیرۆکەکانیاندا جۆرێ لە نامۆیی و ئاسانکاری تێدا بوو لە گواستنەوەدا، دەیوت: با کەس بەسەرهات باس نەکات جگە لە ئەمیر یان فەرمان پێکراو[1].

هەموو ئەمانە لە پێناو پارێزگاری لە پابەند بوونە لەسەر ڕێگای ڕاست لە ڕوی زانست و کردەوەو نیەت و مەبەست، وە وازهێنان لە هەموو ئەوانەی دەبنە ئامراز بۆ دەرچوون لێی و چونە ناو بیدعەو ئامرازەکانی، خوا یارمەتیدەرە بۆ ڕێگای ڕاست، هیچ هەوڵ و تواناو هێزێك نیە بەهۆی خواوە نەبێ هەمووی لای ئەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ورَوَى عَبدُ الرَّزَّاقِ عَن مَعْمرٍ عَن ابنِ طَاوسٍ عَن أبيهِ عَن ابنِ عباسٍ: أنَّهُ رَأى رَجُلاً انْتَفَضَ لما سَمِعَ حَدِيثاً عَن النَّبِيِّ ﷺ في الصفات ـ اسْتِنْكَاراً لذلك ـ فَقالَ: مَا فَرقُ هؤلاءِ ؟ يَجِدونَ رِقَةً عِندَ مُحكمِهِ، وَيَهلِكُونَ عِندَ مُتَشابِهِهِ[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: (عبد الرزاق) ڕیوایەتی کردوە لە مەعمەر لە ئیبنوطاووس لە باوکی لە ئیبن عەباس: ئەو پیاوێکی بینی کاتێ گوێبیستی فەرموودەی پێغەمبەر بوو دەربارەی سیفاتەکانی خوا، ئەو پیاوە کەوتە لەرزین و ڕاپەڕی(وەك ئەوەی ئینکاری لێ بکات) ئیبنوعەباس وتی: ئەوە بۆچی دەترسن کاتێ باسی ئەو سیفەتانەی خوا دەکرێ کە ماناکانی لایان ڕوونە، نەرمی دەنوێنن، ئەو سیفەتانەش کە چۆنیەتیەکەی لایان ڕوون نیە و عەقڵیان وەریناگری و لەناو دەچن.

وتەی: (**ورَوَى عَبدُ الرَّزَّاقِ**) کوڕی هومامی صەنعانیە، فەرموودە زانی یەمەنە خاوەن دانراوە، بەزۆری لە مەعمەری کوڕی ڕاشید هاوەڵی زوهریەوە ڕیوایەتی کردوە، وە شێخی (عبد الرزاق) بوو، فەرموودەی زۆری لێ یەوە گێڕاوەتەوە.

(**مَعمر**) بە (فتح)ەی هەردوو (میم) و (سکون)ی (العین) باوکی عوروە کوڕی ئەبی عەمری ڕاشید، ئەزدی حەڕانی پاشان یەمانی، یەکێك لە زانا ناوداڕەکان، هاوەڵی موحەمەدی کوڕی شیهابی زوهری بووە، فەرموودەی زۆری لێیەوە ڕیوایەت کردوە.

وتەی: (**عَن ابنِ طَاوسٍ**) ناوی (عبد الله)ی کوڕی **طاووسی** یەمانیە. مەعمەر وتویەتی: لە شارەزاترینی کەس بووە بە زمانی عەرەبی، ئیبنوعویەینە وتی: لەساڵی سەدو سی و دوو کۆچی دوایی کردوە.

وتەی: (**عَن أبيهِ**) **طاووسی** کوڕی کەیسان (**الجَنَدي**) زانای پایە بەرز، وتراوە ناوی **ذکوان** بووە، ئیبنولجەوزی ئەوەی وتووە.

---

(١) هذا الأثر ورد مرفوعاً من حديث عوف بن مالك أخرجه أبو داود في العلم (٣٦٦٥)، ومن حديث عبد الله بن عمرو أخرجه ابن ماجة في الأدب (٣٧٥٣)، وهو في صحيح الجامع (٧٧٥٣).

(٢) أخرجه عبد الرزاق (٢٠٨٩٥)، وابن أبي عاصم في (السنة) (٤٨٥)، وصححه الشيخ الألباني.

وتم: **طاووس** لە پێشەوایانی تەفسیرو کانیاوی زانستە، لە (**تهذيب الكمال**) وتویەتی: لە وەلیدی موققەری لە زوهریەوە وتی: ڕۆیشتم بۆ لای عبدولمەلیکی کوڕی مەروان وتی: لە کوێوە هاتووی ئەی زوهری؟ وتی: وتم: لە مەککە، وتی: کێت بەجێ هێشت پێشەوایەتیان بکات؟ وتم: عەطائی کوڕی ئەبی ڕەباح، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتم لە مەوالیەکانە، وتی: بەچی پێشەوایەتیان دەکات؟ وتم: بە دینداری و گێڕانەوە. وتی: بێگومان خەڵکانی دیندار و گێڕانەوە پێویستە پێشەوایەتی بکەن. وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی یەمەن دەکات؟ وتم: **طاووسی** کوڕی کەیسان، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە، وتی: بەچی پێشەوایەتیان دەکات؟ وتم: بەوەی عەطاء پێشەوایەتیان دەکات. وتی: بێگومان هەر دەبێ وابێت. وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی میسر دەکات؟ وتم: یەزیدی کوڕی ئەبو حەبیب، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە، وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی شام دەکات؟ وتم: مەکحول، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە، بەندەیەکی خاوەن پلەو پایە بووە ئافرەتێك لە هوزیل ئازادی کردوە. وتی: ئەی کێ پێشەوایەتی خەڵکی جەزیرە دەکات؟ وتم: مەیمونی کوڕی میهران، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە. وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی خوراسان دەکات؟ وتی: وتم: وتم: ضەحاکی کوڕی موزاحیم، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە، وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی بەسرە دەکات؟ وتی: وتم: حەسەنی بەصری، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە مەوالیەکانە. وتی: وای بۆ تۆ، وتی: کێ پێشەوایەتی خەڵکی کوفە دەکات؟ وتم: وتم: ئیبراهیمی نەخەعی، وتی: لە عەرەبە یا لە مەوالیەکانە؟ وتی: وتم: لە عەرەبە. وای بۆ تۆ ئەی زوهری دەروت لێ کردمەوە، سوێند بەخوا مەوالّی دەبێت بە پێشەوای عەرەب لەم وڵاتەدا تا لەسەر مینبەر وتار دەخوێنن و عەرەبیش گوێیان بۆ دەگرێ. وتی: وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران، بێگومان ئەوە ئاینە ئەوەی پارێزگاری لێ بکات دەبێتە پێشەوا ئەوەشی وازی لێ بهێنێت دەکەوێت[1].

وتەی: (**عَن ابنِ عباسٍ**) ئیبنوعەباس زانای ئوممەتە و ڕاڤەکاری قورئانە، پێغەمبەر ﷺ دوعای بۆ کردوەو فەرموویەتی: (**اللهم فَقِّهْهُ في الدِّينِ وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ**) واتە: خوایە شارەزای بکە لە ئایندا، وە فێری لەیەکدانەوەی بکە. پێشەوایانی تەفسیر ڕیوایەتیان کردوە لێ یەوە: وەك موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عەطائی کوڕی ئەبی ڕەباح و **طاوس** و غەیری ئەوانیش.

وتەی ئیبنوعەباس (**مَا فَرقُ هؤلاءِ**) پرسیار لە هاوەڵانی ئەکات ئاماژە بۆ خەڵکانێك دەکات لە کۆڕو مەجلیسیدا ئامادە بوون لە خەڵکی ئاسایی، ئەگەر شتێکیان ببیستایەت لە مانای ئایەتە ڕوونەکانی قورئان دەترسان، وە ئەگەر فەرموودەیەکیان ببیستایە لە بارەی سیفاتەوە دەکەوتنە لەرزین هەڵچون وەك ئەوەی نکوڵی لێ بکەن، ئەو باوەڕە پێویستە (**الإيمان الواجب**) بەدەست نەهێناوە کە خوا پێویستی کردوە لەسەر بڕوادارانی.

---

(١) تهذيب الكمال: ٢٠ / ٨١.

زەهەبی وتی: وەکیع لە ئیسرائیلەوە فەرموودەیەکی باس کرد: ئەگەر خوا لەسەر کورسی دانیشت[1]. پیاوێك لە لای بوو گرژ بوو بە هۆی قسەکەیەوە. وەکیع تورە بوو، وە وتی: گەشتوین بە ئەعمەش و سوفیان ئەم باسانەیان دەکرد کەس ئینکاری لێ نەدەکردن. (عبد الله)ی کوڕی ئەحمەد دەریهێناوە لە کتێبی (**الرد على الجهمية**) [2].

وە لەوەیە وەرنەگرتنیان بووبێتە مایەی وازهێنان لەوەی پێویستە بڕوای پێ بهێنرێت، بۆیە حاڵیان هەر وەکو حاڵی ئەوکەسانە وایە خوا دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ﴿٨٥﴾﴾**البقرة**. (واتە: جا ئایا بڕوا دەهێنن بە هەندێك لە تەوراتو بێبڕوا دەبن بە هەندێکی تری) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ مِنْهُ ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُ ۘ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٧﴾﴾ **آل عمران**. (واتە: ئەو خوایە ناردوویەتیە خوارەوە بۆت قورئان هێندێکی ئایاتی موحکەمن (مەبەستەکانیان ڕۆشنن) ئەو ئایاتانە بنەڕەتی قورئانن وە ئەوانی تر (ئایەتانێکن کە مەبەستەکانیان) ڕۆشن نین ئینجا ئەوانەی کە لەدڵیاندا لادان و چەوتی هەیە دوای ئەو ئایەتانە دەکەون کە لە قورئاندا موتەشابهن (هاوشێوەن) بەمەبەستی تێکدانی بیروو بڕوای موسڵمانان وە بۆ ڕاڤەکردنی بە ئارەزووی ناپاکی خۆیان لە حاڵەتێکدا کەس ڕاڤەکردنی نازانێ تەنیا خوا نەبێ وە دامەزراوان لە زانیندا ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە بە (متشابه) هەمووی لە پەروەردگارمانەوەن بیر لە قورئان ناکەنەوە تەنها خاوەنانی ژیری و بیر نەبێ).

ئەوانەی ئیبنوعەباس باسی کردوون وازیان هێنا لەوەی پێسویستە لەسەریان لە ئیمان بوون بەوەی ماناکەیان نەدەزانی لە قورئاندا، ئەوەش حەقە کەسی بڕوادار دوو دڵ نابێ تیایدا، هەندێکیان بەو شێوەیە لێی تێناگەن کە خوا مەبەستێتی بۆیە دەیبەن بۆ لای مانایەکی دیکە، وەك چۆن لە بیدعەکاران ئەمە ڕوویدا نموونەش وەك خەواریجەکان و ڕافیزەکان و قەدەریەکان، وێنەی ئەوانیش لەوەی کە هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانیان لەیەکدەداتەوە لەسەر ئەو بیدعەیەی لەسەری ڕۆیشتوون، بێگومان بیدعە و داهێنان و دەرچوون لەسەر ڕێگای ڕاست لێیانەوە ڕوویدا، بەڕاستی حەقیقەتی بیدعەکاران و تەحریف کردنیان بۆ مانای ئایەتەکان و واتای قسەکەی (ئیبنوعەباس) ڕون دەکاتەوە.

هۆکاری ئەم بیدعە و داهێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەفامی خەڵکەکەی و کەمی تێگەیشتنیان، هەروەها وەرنەگرتنی زانستە شەرعیەکان وەکو خۆی لەسەر دەستی شارەزایان و ئەوانەی خوا سەرکەوتووی کردوون لە تێگەیشتن لە مانای پێویست و گونجاندن لە نێوان ئایەتەکاندا، دەڵنیایی دانەوەش بەوەی کە هەندێ لە ئایەتەکان پێچەوانەی هەندێکی دیکە نین، وە گەڕاندنەوەی ئەو ئایەتانەی ڕۆشن نین (**المتشابه**) بۆ لای ئەوانەی کە ڕۆشنن (**المحكم**). ئەمەش ڕێگای ئەهلی سوننە و جەماعەیە لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا، ستایش بۆ ئەو خوایەی پیاهەڵدانی لە ژماردن نایەت.

---

(١) ضعفه الشيخ الألباني في مختصر العلو، وفي الضعيفة (٦٣٢٩).

(٢) عبد الله بن أحمد في السنة ١ / ٣٠٢ (٥٨٧). (قول وكيع صحيح، وحديث الجلوس ضعيف).

باسکردنی ئەوەی لە زانایانی پێشینەوە هاتووە دەربارەی (المتشابه).

لە کتێبی (الدر المنثور)دا دەڵێ: حاکم دەرهێناوە و بەڕاستی داناوە لە ئیبنومەسعودەوە لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (كَانَ الْكِتَابُ الأَوَّلُ يَنْزِلُ مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَعَلَى حَرْفٍ وَاحِدٍ، فَنَزَلَ الْقُرْآنُ مِنْ سَبْعَةِ أَبْوَابٍ عَلَى سَبْعَةِ أَحْرُفٍ: زَجِرٌ وَأَمِرٌ، وَحَلالٌ، وَحَرَامٌ، وَمُحْكَمٌ وَمُتَشَابِهٌ، وَأَمْثَالٌ. فَأَحِلُّوا حَلالَهُ، وَحَرِّمُوا حَرَامَهُ، وَافْعَلُوا مَا أُمِرْتُمْ بِهِ، وَانْتَهُوا عَمَّا نُهِيتُمْ عَنْهُ، وَاعْتَبِرُوا بِأَمْثَالِهِ وَاعْمَلُوا بِمُحْكَمِهِ، وَآمِنُوا بِمُتَشَابِهِهِ، وَقُولُوا آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا)[1]. واتە: یەکەم کتێب لە یەک بەش دابەزی و لەسەر یەک پیت، قورئانیش لە حەوت بەش و لەسەر حەوت پیت: سەرزەنشت کردن، فەرمان، حەڵاڵ، حەرام، ڕۆشن و نا ڕۆشن، پەندو ئامۆژگاری. ئەوەی حەڵاڵە بە حەڵاڵی بزانن و ئەوەی حەرامە بە حەرامی بزانن، ئەوەی فەرمانتان پێکرا کاری پێبکەن، واز لەوەش بهێنن کە قەدەغەتان لێ کراوە، ئامۆژگاری لە پەندەکانی وەربگرن و کار بە ئایەتە ڕۆشنەکان بکەن و بڕواش بە ئایەتە نارۆشنەکان بهێنن، وە بڵێن بڕوامان پێی هێناوە هەمووی لە لایەن پەروەردگارمانەوەیە.

وتویەتی: عەبدی کوڕی حومەید دەریهێناوە لە قەتادە دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنْهُ﴾آل عمران. (واتە: ئینجا ئەوانەی کە لەدڵیاندا لادان و چەوتی هەیە دوای ئەو ئایەتانە دەکەون کە لە قورئاندا موتەشابهن(هاوشێوەن) خەڵکی ئەو ئایەتانەیان تەئویل کرد کە ڕۆشنن بۆیە هەڵەیان کردوو تووشی فیتنە بوون، وە ئەو ئایەتانەشیان تەئویل کرد کە نارۆشنن بۆیە لەو نێوانەدا تیاچوون.

وە عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنوجەریرو ئیبنوئەبی حاتەم لە ئیبنوعەباس دەریانهێناوە لە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ءَايَٰتٌ مُّحْكَمَٰتٌ﴾ وتی: لەو ئایەتانەش ئەم فەرمایشتەی خوایە ﷻ: ﴿قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ﴿١٥١﴾﴾الأنعام. (واتە: ئەی موحەممەد ﷺ بڵێ وەرن با بخوێنمەوە بۆتان ئەوەی پەروەردگارتان یاساغی کردووە لەسەرتان) (١٥١-١٥٣) هەتا سێ ئایەت، وە لەوانەش: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ﴿٢٣﴾﴾ الإسراء. (واتە: وە پەروەردگارت بڕیاری داوە کە هیچ شتێ نەپەرستن بێجگە لە ئەو).

ئیبنوجەریر هێناویەتی لە ڕێگای ئەبی مالیك لە ئەبی صاڵەح لە ئیبنوعەباس، وە لە موڕرە لە ئیبنومەسعوود و خەڵکێکی تر لە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت): ئایەتە موحکەمە ڕۆشنەکان: ئەو ئایەتە نەسخکەرانن کە کاریان پێ دەکرێ، ئەو ئایەتانەش کە نا ڕۆشنن (المتشابهات): ئەوانەن کە نەسخ کراون.

وە عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنوجەریرو ئیبنوئەبی حاتەم لە ئیبنوئیسحاقی کوڕی سوەید بێگومان یەحیای کوڕی یەعمەر و ئەبو فاخیتە بەسەر ئەم ئایەتەدا ڕۆیشتن ﴿هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ﴾ ئەبو فاخیتە ووتی: ئەوانە سەرەتای دەسپێکی سورەتەکانن، قورئان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ: ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ﴾ لەوانەوە بەقەرە دەرچووە ﴿الٓمٓ ﴿١﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾آل عمران. (واتە:

---

(١) أخرجه أحمد (٤٢٥٢)، وابن حبان(٧٤٥)، والطبراني في الكبير ٢٦/٩، (٨٢٩٦)، والحاكم ٥٥٣/١. وهو في الصحيحة (٥٨٧).

خوا ئەو خوایەیە کە هیچ پەرستراوێکی ڕاست نیە جگە لەخوا) لەوانەوە ئالی عیمران دەرچووە. یەحیا وتی: ئەوانە ئەو ئایەتانەن فەرزەکانیان تێدایە، وە فەرمان و قەدەغەکردن و حەڵاڵ و حەرام و سنورەکان و کۆڵەکەکانی ئاین

وە ئیبن جەریر لە موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی زوبەیر وتی: ئایەتە ڕۆشنەکان بەڵگەی پەروەردگارو پارێزراوی بەندەکانی تێدایە، وە بەڕەچدانەوەی دژایەتی و پووچی تێدایە، هیچ گۆڕین و لادانێکی تێدا نیە لەوەی لەسەری دانراوە ﴿وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ﴾ لە ڕاستگۆییدا، گۆڕان و لادان و تەئویلی تێدایە، خوا بەهۆیەوە بەندەکانی تاقیکردوەتەوە، وەك چۆن بە حەڵاڵ و حەرام تاقیکردونەتەوە، نە دەگۆڕدرێن بۆ لای پووچ و نە لادەدرێن لە حەق (واتە: خوا بەهۆیانەوە ڕاستگۆیی بڕوادار تاقی دەکاتەوە)..

ئیبنوئەبی حاتەم دەریهێناوە لە موقاتیلی کوڕی حەیان وتی: لەبەر ئەوە فەرموویەتی ﴿هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَٰبِ﴾ چونکە لە خەڵکی دیندارەا نیە کە پێیان ڕازی نەبن: ﴿وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٌ﴾ واتە ئەوەی پێمان گەیشتووە لە ﴿الٓمٓ ۝١﴾ وە ﴿الٓمٓصٓ ۝١﴾ الأعراف. وە ﴿الٓمٓرٰ ۝١﴾ الرعد.

وتم: لەم شوێنەوارانەو وێنەی ئەوانەشدا شتێ نیە ئەوەهەستەمان بداتێ بەوەی ناوەکانی خواو سیفاتەکانی لە ناڕۆشنەکان بن، ئەوەشی ڕەتکەرەوانی ناوەکانی خوا وتویانە لە ناڕۆشنەکانە بانگەشەیەکی بێ بنەماو بێ بەڵگەیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولما سمعت قريش رسول الله ﷺ يذكر (الرَّحْمن) أنكروا ذلك فأنزل الله فيهم: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ ۚ ۝٣٠﴾ الرعد.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: کاتێ قورەیش بیستیان پێغەمبەر ﷺ باسی (الرَّحْمن)ی دەکرد نکوڵی ئەوەیان کرد، پاشان خوا ئەم ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند: (واتە: لە کاتێکدا ئەوانە بڕوا ناهێنن بەناوی (الرحمن).

.....

ئیبن جەریر گێڕاویەتیەوە لە قەتادەوە: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ ۝٣٠﴾ باسمان بۆ کراوە پێغەمبەر ﷺ لە سەردەمی حودەیبیە کاتێ ئاشتەوایی لەگەڵ قورەیشدا کرد نووسی: (ئەمە ئەوەیە موحەممەد پێغەمبەری خوا ئاشتەوایی لەسەر دەکات)، هاوبەشدانەران وتیان: ئەگەر تۆ پێغەمبەری خوا بوویتایە و پاشان ئێمە جەنگمان لە دژت بکردایە بێگومان ستەممان لێ دەکردی، بەڵام بنووسە: ئەمە ئەو ئاشتەواییەیە کە موحەممەدی کوڕی (عبد الله) سوڵحی لەسەر کردوە. هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ڕێگەمان بدە بجەنگین لە دژیان. ئەویش فەرمووی: (نەخێر. بنووسن چۆن ئەوان دەیانەوێ: من موحەممەدی کوڕی (عبد الله)م، کاتێ نووسەر نووسی: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ واتە: بەناوی خوای بەڕەحم و بە بەزەیی، قورەیش وتیان: هەرچی ناوی ڕەحمانە ئێمە ناینناسین. نەفامەکان دەیانووسی: (باسمك اللهم) خوایە بە ناوی تۆ.

هاوەڵەکانی وتیان: ڕێگەمان بدە بجەنگین لە دژیان. فەرمووی: نەخێر. بەڵام بنووسن وەك چۆن ئەوان دەیانەوێت)[1].

هەروەها ڕیوایەتی کردوە لە موجاهیدەوە وتی: فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿كَذَٰلِكَ أَرۡسَلۡنَٰكَ فِيٓ أُمَّةٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهَآ أُمَمٞ لِّتَتۡلُوَاْ عَلَيۡهِمُ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ ٣٠﴾ الرعد. (واتە: هەر بەشێوەی پێغەمبەرانی تر تۆمان ڕەوانە کردوە لەناو گەل و ئۆممەتێکدا کە لە پێش ئەوانەوە گەل و ئۆممەتی تر هاتوون و چوون بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بەسەریاندا ئەوەی نیگامان کردوە بۆت لەکاتێکدا ئەوانە بڕوا ناهێنن بەناوی (الرحمن) بڵێ ئەو پەروەردگاری منە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق بێجگە لەو پشتم هەر بەو بەستووە گەڕانەوەیشم هەر بۆلای ئەوە) فەرمووی: (ئەمە ئەوەیە موحەممەد پێغەمبەری خوا لەسەری ڕێککەوتووە لەگەڵ قورەیشدا لە حودەیبیبە بە نوسین، نووسی: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ وتیان: ئێمە (الرَّحْمن) نانووسین، نازانین ڕەحمان کێ یە؟ جگە لە (بسمك اللهم) هیچی تر نانوسین. خوا ﷻ فەرمووی: ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِ ٣٠﴾[2].

هەروەها لە ئیبنوعەباس ڕیوایەتی کردوە وتی: پێغەمبەر لە سوژدەدا دەپاڕایەوەو دەیووت: (یا رحمن یارحیم). هاوبەشدانەران وتیان: ئەمە پێی وایە لە یەك کەس دەپاڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەو دوو دوو بانگ دەکات. خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ ١١٠﴾ الإسراء (واتە: بڵێ نزاو هاوار لەخوا بکەن یان هاوار لە ڕەحمان بکەن(یەکسانە) بە هەر کامیان نزاو هاواری بکەن چونکە هەر بۆ خوایە هەموو ناوە هەرە جوانەکان)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: ئینکاری کردن لە بەشێك لە ناوەکانی خوا مرۆڤی پێ بێ ئیمان دەبێت.

دووەم: تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الرعد).

سێیەم: نابێت فەرموودەیەك باس بکرێت گوێگر لێی تێ نەگات، یان بە خراپی لێی تێ بگات.

چوارەم: باسی هۆکاری ئەوەی کە بۆچی نابێت هەندێ شت باس بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی بەدرۆ دانانی خواو پێغەمبەرەکەی، ئەگەر چی نکوڵی کار مەبەستیشی نەبێ.

پێنجەم: وتەکەی ئیبنوعەباس دەربارەی ئەو کەسەی ئینکاری لە بەشێك لە سیفاتەکانی خوا کرد، بەتیاچوو ئەژمار کرد.

---

(١) أخرجه الطبري ١٦ / ٤٤٥- ٤٤٦، مرسلًا، وانظر ماأخرجه البخاري في الشروط (٢٧٣٤) فتح.

(٢) أخرجه الطبري ١٦ / ٤٤٦، وهو مرسل ضعيف.



بەشی ٤٠

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾النحل.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانە بەهرەکانیَ خوا دەناسن و دەزانن پاشان ئینکاری دەکەن وە زۆربەی ئەوانە هەر بێبڕوان)

.....

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت باسی ئەوەی کردوە کە هەندێ لە زانایان لە واتاکەیدا باسیان کردوە[1].

ئیبنوجەریر وتویەتی: زانایانی تەئویل بیرو ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی مانای (**النعمة**). باسی کردوە لە سوفیانەوە لە سەدی: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴾ وتویەتی: (**النعمة**) مەبەست پێی موحەممەدە ﷺ. کۆمەڵێکی دیکە وتویانە: بەڵکو مانای ئەوە ئەوان دەزانن ئەوەی خوا ژمارەویەتی لەم سورەتەدا لەلایەن خواوەیە، بەڕاستی تەنها خۆی نازو نیعمەتەکان دەبەخشێت، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە دەکەن، پێیان وایە ئەوان ئەو نازو نیعمەتەیان لە باوباپیرانیانەوە بۆ ماوەتەوە.

وە دەربهێناوە لە موجاهیدەوە: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴾ وتویەتی: بریتیە لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاژەڵەکان و ئەو پۆشاکانەی لە ئاسنن بۆ کاتی جەنگ و ئەو جل و بەرگانەش دەیپۆشن، بێبڕوایان قورەیش ئەمەیان دەزانی و ئینکاریان لێ دەکرد، بەوەی دەیانوت: ئەمە هی باوباپیرانمان بوو بۆ ئێمەیان بەجێهێشت. کۆمەڵێکی دیکە دەیانوت: مانای ئەوە بێبڕوایان ئەگەر پێیان بوترایەت: کێ ڕزق و ڕۆزی ئێوەی داوە؟ دانیان بەوەدا دەنا کە خوا ڕزق و ڕۆزی پێداون پاشان ئینکاریان لێ دەکردو دەیانوت: ڕزق و ڕۆزیمان پێدراوە بەهۆی شەفاعەتی پەرستراوەکانمانەوە[2].

---

(١) أخرجه الطبري ١٧-٥٨٠، بإسناد ضعيف.

(٢) تفسير الطبري ١٤/ ١٥٧.

دانەر وێنەی ئەمەی باس کردوە لە قوتەیبە، ئەویش ئەبو موحەممەدە، ناوی: (عبد الله)ی کوڕی موسلیم کوڕی قوتەیبەی دەینوریە دادوەری میسر بووە، زانایەکی نەحوی زمانەوانی بووە، خاوەن کتێبیی ناوازە و چاك و بەسوودە چەندین زانستی لەخۆ گرتووە، لە بەغدا سەرقاڵ بووە بەزانستەوە، گوێبیستی فەرموودە بووە لە ئیسحاقی کوڕی ڕاهەویهی و چینەکەی ئەو، لە ساڵی دووسەدو حەفتاو شەش کۆچی دوایی کردوە.

ئەوانی دیکە وتویانە: ئەوەی دانەر باسی کردوە لە ئیبنوعەونی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی عوتبەی کوڕی مەسعوود هوزەلی. باوکی (عبد الله) خەڵکی کووفە بووە، پیاوێکی دنیا بەکەم گربووە، لە باوکی و لە عائیشەو لە ئیبنوعەباس گێڕاویەتیەوە، وە ڕیوایەتیان کردوە لێیەوە هەریەکە لە قەتادە و باوکی زوبەیرو زوهری، ئیمامی ئەحمەد و ئیبنومەعین بە متمانە پێکراو دایاننناوە، بوخاری وتویەتی: لە دوای سەدو بیست کۆچی دوایی کردوە ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴾ وتویەتی: نکوڵی کردنیان لێی ئەوەیە کەسێك بێژێت: ئەگەر فلانەکەس نەبوایە ئەوە فلانە شت نەدەبوو[1]. وە ئەگەر فلانەکەس نەبوایە تووشی فلانە شت و فلانە شت نەدەبووم. ئیبنوجەریر وتەی یەکەمی پەسەند کردوە، جگە لە ئەویش ئەوەی هەڵبژاردووە کە ئایەتەکە ئەوانە دەگرێتەوە کە زانایان لە واتاکانیدا هێناویانە. ئەویش تەواوە، خوا زاناترە.

وتەی: (قال مجاهد): مامۆستای تەفسیرو زانای خواناسە، ناوی موجاهیدی کوڕی جەبرە، خەڵکی مەککە بووە، مەولای نەوەکانی مەخزووم بووە. فەزلی کوڕی مەیموون وتویەتی: گوێم لێ بوو موجاهید دەیوت: چەندین جار هەموو قورئانم خستووەتە پێش چاوی ئیبنوعەباس (بە خوێندن و تەفسیر)، لەسەر هەر ئایەتێك وەستاندوومەو پرسیارم لێکردوە: دەربارەی چی دابەزیوە؟ چۆن دابەزیوە؟ ماناکەی چۆنی یە؟ لە ساڵی سەدو دوو کۆچی دوایی کردوە. هەشتاو سێ ساڵ تەمەنی کردوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

وتەی: (وقال أبو العباس) لە دوای فەرموودەی زەیدی کوڕی خالید کە تێیدایە: بێگومان خوا فەرموویەتی: (**أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بي وَكَافِرٌ**) فەرموودەکە. ئەم فەرموودەیە لە پێشەوە باس کرا، وێنەی ئەمە زۆرە لە قورئان و سوننەتدا، خوا سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە نیعمەتەکانی دەدەنە پاڵ غەیری خواو دەیانکەن بە هاوبەش لەگەڵ خوا.

هەندێ لە پێشین وتویانە: ئەویش وەکو ئەو وتانەیان وایە: باکە نەرم و خۆش بوو دەریاوانەکەش زۆر شارەزا بوو. (بۆیە ڕزگارمان بوو)، وە وێنەی ئەوەش لەوانەی بەسەر زمانی زۆرێك لە خەڵکیدا دێن.

وتەی: (وقال أبو العباس) ئەو شێخی ئیسلامە ئەحمەدی کوڕی (عبد الحليم) کوڕی (عبد السلام) کوڕی تەیمیە، پێشەوای گەورە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە دوای فەرموودەی زەیدی کوڕی خالید، ئەو فەرموودەیەش لە پێشەوە لە بەشی (**الإستسقاء بالأنواء**) واتە: داواکردنی باران بەهۆی جۆڵەی ئەستێرەکان باسکرا. وتویەتی: ئەمەش زۆرە لە قورئان و سوننەتدا، خوا سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە بەخشینی نیعمەتەکانی دەدەنە پاڵ غەیری ئەوو هاوبەشی بۆ دادەنێن.

---

(١) تەفسيري الطبري ١٤/ ١٥٨.

هەندێ لە پێشین وتویانە: ئەویش وەکو ئەو وتانەیان وایە: باکە نەرم و خۆش بوو دەریاوانەکەش زۆر شارەزا بوو. (بۆیە ڕزگارمان بوو)، وە وێنەی ئەوەش لەوانەی بەسەر زمانی زۆرێك لە خەڵکیدا دێن (ئەمە دووبارەیە، چۆن لە کتێبەکەدا هاتووە گواستومانەتەوە).

وە وتەی شێخی ئیسلام بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حوکمی ئەم ئایەتە گشتگیرە دەربارەی ئەوانەی نیعمەت دەدەنە پاڵ غەیری ئەو خوایەی کە نازو نیعمەتی ڕشتووە بەسەریاندا، وەکو وتەی ڕاڤەکارانی قورئان کە هەندێکی لێرەدا باسکراوە.

دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە.

یەکەم: تەفسیری ناسینی نیعمەتەکانی خواو ئینکاری کردنیان.

دووەم: زانینی ئەوەی ئەم ئینکاری کردنی نیعمەتانە بەسەر زمانی زۆرێك لە خەڵکیدا دێت.

سێیەم: ناونانی ئەم جۆرە قسانە ئینکاری کردنە لە نیعمەتەکانی خوا.

چوارەم: کۆبونەوەی دوو دژەکە لە دڵێکدا. (واتە: ئیمان و کوفر لە دڵێکدا کۆ نابنەوە).



بەشی ٤١

فەرمایشتی خوا ﷻ:

﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾البقرة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (کەواتە هاوبەش بۆ خوا پەیدا مەکەن کە ئێوە خۆتان دەزانن بێ هاوبەشە).

.....

(النِّد): وێنە و هاوشانە. دانانی هاوتا بۆ خوا: بریتیە لە ئەنجامدانی جۆرەکانی پەرستش یان شتێ لەوان بۆ غەیری خوا، وەک حاڵی بتپەرستان ئەوانەی بڕوایان وایە ئەوکەسانەی داوای لێدەکەن و ئومێدیان لەسەر هەڵدەچنن ئەوانە سوودیان پێ دەگەیەنن و زیانیان لێ دوردەخەنەوە و تکایان بۆ دەکەن لە لای خوا.

وە ئەم ئایەتە لە میانەی فەرمایشتی خوادایە ﷻ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾البقرة. (واتە: ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست کردوە بەڵکو بەو پەستشە خۆتان بپارێزن* ئەو خوایەی زەوی بۆ ڕاخستوون و ئاسمانی بۆ کردوون بە کۆشک، وە ئاوی بارانی لە ئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە ئینجا دەریهێناوە بەو ئاوە هەموو جۆرە میوەو بەرێك بۆ ڕۆزی ئێوە کەواتا هاوبەش بۆ خوا دامەنێن کە ئێوە خۆتان دەزانن بێ هاوبەشە).

ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیرەکەیدا وتویەتی: ئەبو لعالیە وتی: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا ﴾ واتە: هاوتاو هاوبەش. بەهەمان شێوە ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و قەتادە و سەدی و ئەبو مالیك و ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خاڵدیش هەر ئەوەیان وتووە.

ئیبنوعەباس دەڵێ: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾واتە: هاوبەش بۆ خوا دامەنێن لەو هاوتاو هاوشانانەی کە نە سوود دەگەیەنن و نە زیان لا دەبەن، وە ئێوەش دەزانن ئەو خوایە

پەروەردگارتانە هیچ پەروەردگارێکتان نیە جگە لە ئەو، بێگومان زانیوتانە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات بۆ لای لە یەکتاپەرستی خوا ئەوە حەقەیە کە هیچ گومانێکی تێدا نیە. بەهەمان شێوە قەتادە وتویەتی: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا ﴾ واتە: خەڵکانێك هەر وەك خۆتانن بە گوێبان دەکەن لە سەرپێچی کردنی خوادا. ئیبنوزەید وتویەتی: (الأنداد) بریتیە لەو پەرستراوانەی کە لەگەڵ خوادا پەرستونیان و کردونیان بە هاوبەشی خوا، وە ئەوەی بۆ خوایان کردوە بۆ ئەوانیشیان کردوە. وە لە ئیبنوعەباسەوە: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا ﴾ هاوشێوەکان. موجاهید وتویەتی: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ دەزانن خوا پەرستراوێکی تاك و تەنهایە لە تەورات و ئینجیلدا.

وە فەرموودەیەکیشی باس کردوە لە مانای ئەم ئایەتەدا، ئەویش ئەوەیە کە لە موسنەدی ئەحمەددا هاتووە لە حارسی ئەشعەریەوە وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ أَمَرَ يحيى بن زَكَرِيَّا بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ أَنْ يَعْمَلَ بهن وأن يَأْمُرَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يَعْمَلُوا بهن، وَإِنَّهُ كَادَ أَنْ يُبْطِئَ بها. فقال عِيسَى عليه السلام: إِنَّ اللَّهَ أَمَرَكَ بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ أن تَعْمَلَ بهن وَتَأْمُرَ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنْ يَعْمَلُوا بهن فَإِمَّا أَنْ تُبَلِّغهنَ وَإِمَّا أنا أبلغهن، فقال: يا أخي، إني أَخْشَى إن سَبَقْتَنِي أن أُعَذَّبَ أو يُخْسَفَ بِي. قال: فَجَمَعَ يحيى بن زَكَرِيَّا بَنِي إِسْرَائِيلَ في بَيْتِ الْمَقْدِسِ، حتى امْتَلَأَ الْمَسْجِدُ وَقعد على الشُّرَفِ. فحمد الله وأثنى عليه ثم قال: إِنَّ اللَّهَ أَمَرَنِي بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ أَنْ أَعْمَلَ بِهِنَّ وَآمُرَكُمْ أَنْ تَعْمَلُوا بِهِنَّ: أَولاهُنَّ أَنْ تَعْبُدُوا اللَّهَ ولا تُشْرِكُوا بِهِ شيئا: وَإِنَّ مَثَلَ من أَشْرَكَ بِاللَّهِ كَمَثَلِ رَجُلٍ اشْتَرَى عَبْدًا من خَالِصِ مَالِهِ بِذَهَبٍ أو وَرِقٍ، فجعل يَعْمَلُ وَيُؤَدِّي غلته إلى غَيْرِ سَيِّدِهِ، فَأَيُّكُمْ يسره أَنْ يَكُونَ عَبْدُهُ كَذَلِكَ ؟ وَإِنَّ اللَّهَ خلقكم ورزقكم فاعبدوه ولا تشركوا به شيئا. وَآمُرُكُمْ بِالصَّلَاةِ فإن اللَّهَ يَنْصِبُ وَجْهَهُ لِوَجْهِ عَبْدِهِ في صَلَاتِهِ ما لم يَلْتَفِتْ.فإذا صَلَيتُم فلا تَلتفتوا. وَآمُرُكُمْ بِالصِّيَامِ، فإن مَثَلَ ذلك كَمَثَلِ رَجُلٍ في عِصَابَةٍ معه صُرَّةٌ من مِسْكٍ في عصابة كُلُّهُمْ يجد ريح المِسْكِ. وَإِنَّ خلوف فم الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ من رِيحِ الْمِسْكِ. وَآمُرُكُمْ بِالصَّدَقَةِ. فإن مَثَلَ ذلك كَمَثَلِ رَجُلٍ أَسَرَهُ الْعَدُوُّ فَشدُّوا يَدَيه إلى عُنُقِهِ، وَقَدَّمُوهُ لِيَضْرِبُوا عُنُقَهُ. فقال لهم: هَل لكم أن أَفْتَدِي نفسي مِنْكُمْ؟ فجعلَ يفتدي بِالْقَلِيلِ وَالْكَثِيرِ حَتى فَك نَفْسَهُ. وَآمُرُكُمْ بذكر اللَّهَ كثيرا: فإن مَثَلَ ذلك كَمَثَلِ رَجُلٍ طَلَبَهُ الْعَدُوُّ سِرَاعًا في أَثَرِهِ، فأتى حِصْناً حَصِيناً فَتَحصنَ فيه، و إِنَّ الْعَبْدَ أحصنَ ما يكون من الشَّيْطَانِ إذا كان في ذِكْرِ اللَّهِ).

قال: وَ قال النَّبِيُّ ﷺ: (وأنا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ الله أَمَرَنِي بِهِنَّ: اَلْجَمَاعَةُ، والسَّمْعُ وَالطَّاعَةُ،و الْهِجْرَة وَالْجِهَادُ في سبيل الله، فإنه من خرج من الْجَمَاعَةِ قِيدَ شِبْرٍ فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الْإِسْلَامِ من عُنُقِهِ إلا أَنْ يَرْجِعَ وَمَنْ دعا بدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ فإنه من جُثا جَهَنَّمَ) قال: رَجُلٌ يا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنْ صلى وَصَامَ؟ فقال (وَإِنْ صلى وَصَامَ وزعم إنه مسلم، فَادْعُوا الْمُسْلِمِينَ بأسمائهم بما سماهُم الله: الْمُسْلِمِينَ الْمُؤْمِنِينَ عِبَادَ اللَّهِ)[1].

واتە: خوا فەرمانی کرد بە یەحیای کوڕی زەکریا بە پێنج وشە، خۆی کاریان پێ بکات فەرمانیش بکات بە نەوەکانی ئیسرائیل کاری پێ بکەن، ئەو خەریك بوو خاوەخاوی تێدا بکات. عیسا عليه السلام پێی وت: خوا فەرمانی پێکردوی بە پێنج وشە، سەرەتا خۆت کاریان پێ بکەیت پاشان فەرمان بە نەوەکانی ئیسرائیل بکەیت کاری پێ بکەن، یان ئەوەیە تۆ پێیان ڕابگەیەنە یان من پێیان

---

(١) أخرجه الترمذي في الأمثال (٢٨٦٣)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٥٥٢).

ڕادەگەیەنم، ئەویش وتی: ئەی براکەم، من دەترسم لەوەی ئەگەر تۆ پێشم بکەویت سزا بدرێم یان نوغرۆ بکرێم، وتی: یەحیای کوڕی زەکەریا نەوەکانی ئیسرائیلی لە بەیت و لمەقدیس کۆ کردەوە، تا مزگەوتەکە پڕ بوو، ئینجا لەسەر شوێنی دانیشتن دانیش. سوپاس و ستایشی خوای کرد پاشان وتی: خوا فەرمانی پێکردوم بە پێنج وشە سەرەتا خۆم کاریان پێ بکەم ئینجا فەرمانی پێ بکەم بە ئێوە: یەکەمینیان: خوا بپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن: نموونەی ئەو کەسەی هاوبەش بۆ خوا دادەنێ وەکو کەسێك وایە بەندەیەکی کڕی بێت بە پارەی خۆی بە زێر بێت یان زیو، ئەو بەندەش کار بکات و پارەی کارەکەی ببات بۆ کەسێکی دیکە، کێ لە ئێوە حەز دەکات بەندەکەی بەو شێوەیە بێت؟ بێگومان خوا ئێوەی دروستکردووەو ڕزق و ڕۆزیتان دەدات ئێوەش بپەرستن و هاوبەشی بۆ دامەنێن. وە فەرمانتان پێ دەکەم بە نوێژ کردن، چونکە خوا بە ڕوخساری ڕوو دەکاتە ڕوخساری بەندەکە هەتا لا ناکاتەوە بەملاو بەولادا. جا ئەگەر نوێژتان کرد لا مەکەن بەملاو بەولادا. وە فەرمانتان پێ دەکەم بە ڕۆژوو گرتن، چونکە نموونەی ئەوە وەکو نموونەی کەسێك وایە تورەکەیە میسکی لەلا بێت لەناو کۆمەڵێك لە خەڵکی هەموویان بۆنی میسکەکە بکەن. بێگومان گۆڕانی بۆنی دەمی بەڕۆژووان لە لای خوا خۆشترە لە بۆنی میسك. وە فەرمانتان پێ دەکەم بە بەخشین. چونکە نموونەی ئەوە وەکو نموونەی کەسێك وایە دوژمن بەدیلی گرتبێت دەستەکانیان بەستبێتەوە تا گەردنی، بیهێنن بۆ ئەوەی بدەن لە گەردنی. پێیان بێژێت: ئایا ئەتوانم نەفسی خۆم ڕزگار بکەم لێتان؟ جا بە کەم و زۆر ببەخشێت تا نەفسی خۆی ڕزگار دەکات. وە فەرمانتان پێ دەکەم بەوەی زۆر یادو زیکری خوا بکەن: چونکە نموونەی ئەوە وەکو کەسێك وایە دوژمن بگەڕێت بە شوێنیدا بەخێرایی ئەویش پەنا ببات لای پەناگەیەکی پارێزراو لە پەنایدا بمێنێتەوە، بێگومان پارێزراوە لەوەی لە شەیتانەوەیە ئەگەر لە یادو زیکری خوادا بێت).

وتی: وە پێغەمبەر ﷺ فەمووی: (منیش فەرمانتان پێ دەکەم بە پێنج شت خوا فەرمانی پێکردووم: کۆمەڵ، بیستن و گوێڕایەڵی، هیجرەت و کۆچ کردن، جیهاد کردن لە پێناو خوا، هەرکەسێك لە کۆمەڵی موسڵمانان دەربچێت بەقەد بستێك ئەوە گرێی ئیسلامەتی لە گردنی خۆی کردوەتەوە مەگەر بگەڕێتەوە، هەرکەسێکیش بانگ بکات بۆ کاروباری سەردەمی نەفامی ئەوە لە کۆمەڵی تاقمی دۆزەخە). وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر نوێژ بکات و ڕۆژووش بگرێت؟ فەرمووی: (بەڵێ ئەگەر نوێژ بکات و ڕۆژووش بگرێت و پێی وابێت ئەو موسڵمانە، بانگی موسڵمانان بکەن بەو ناوەی خۆیان کە خوا ناوی لێناون: موسڵمانان بڕوادارانِ بەندەکانی خوا).

ئەمە فەرموودەیەکی چاکە (حسن) مەبەست لەوە ئەوەیە کەلەناوِ ئایەتەکەدایە کە فەرمووی: **(وَإِنَّ اللَّهَ خلقكم ورزقكم فاعبدوه ولا تشركوا به شيئا)** ئایەتەکەش بەڵگەیە لەسەر یەکتاپەستی خوا بە پەرستش کردنی بە تەنها و بێ هاوبەش. زۆرێك لە ڕاڤەزانان ئەمەیان کردوەتە بەڵگە لەسەر بوونی بەدیهێنەر، ئەو ئایەتانەش زۆرن کە دەبن بە بەڵگە بۆ ئەم مەبەستە. پرسیار کرا لە ئەبو نەواس دەربارەی ئەوە

تأمل فی نبات الارض وانظر الی آثار ما صنع المليك

بیر لە ڕووەکەکانی زەوی بکەرەوە و سەرنج بدە... شوێنەوارێك کە پاشای بەدەسەڵات دروستی کردوە

عيون من لجين ناظرات باحداق هي الذهب السبيك

چاوانی لە زیوون و سەیر دەکەن.... بە گلێنەیەك وەك ئاڵتوونی داڕێژراوە

على قضب الزبرجد شاهدات..... بان الله ليس له شريك

لەسەر پارچە بوردی بەنرخ..... ..شاهێدی دەدەن کە خوا هاوەڵی نیە

وە ئیبنوموعتەز وتویەتی:

فيا عجبا، كيف يعصى الإل ه أم كيف يجحده الجاحد؟

جێگەی سەرسوڕمانە چۆن سەرپێچی خوا دەکرێ... و نکوڵی کار نکوڵی لێ بوونی دەکات

وفي كل شيء له آية تدل على أنه واحد

لە کاتێکدا لە هەموو شتێکدا نیشانەیەك هەیە.... لەسەر ئەوەی کە ئەو تاك و تەنهایە

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن عباس في الآية: الانداد هو الشرك، أخفى من دبيب النمل على صفاة سوداء في ظلمة الليل، وهو ان تقول: والله، وحياتك يا فلانة. وحياتي، وتقول: لولا كليبة هذا لاتانا اللصوص. ولولا البط في الدار لاتانا اللصوص. وقول الرجل لصاحبه: ما شاء الله وشئت وقول الرجل: لولا الله وفلان. لا تجعل فيها فلاناً فان هذا كله به شرك. رواه ابن أبي حاتم(١).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنوعەباسەوە لە تەفسیر کردنی ئایەتەکەدا دەڵێ: (الأنداد) بریتیە لە هاوبەشدانان، ئەویش شاراوەترە لە تەپەی پێی مێروو لەسەر بەردێکی لووسی ڕەش لە تاریکی شەودا. ئەویش ئەوەیە کە بڵێیت: سوێند بەخواو بە ژیانی تۆ ئەی فلانەکەس. یان سوێند بە ژیانم. یان بێژێت: ئەگەر سەگەکە نەبوایە دزەکان دەهاتنە سەرمان. ئەگەر مراویەکان نەبوایە لە ماڵەکەدا دزەکان دەهاتنە سەرمان. وە کەسێك بە هاوڕێیەکەی بڵێت: ئەگەر خوا ویستی و تۆش ویستت، وە قسەی کەسێك: ئەگەر خواو فلانەکەس نەبوایە. نەکەی ناوی فلان بخەیتە ناو وتەکە. هەموو ئەمانە هاوبەشدانانە. ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە.

.....

ئیبنوعەباس ڕوونی کردوەتەوە کە هەموو ئەمانە هاوشدانانە، ئەوەش حەقیقەتێکە لە ئەمڕۆدا ڕووەدا لەسەر زمانی زۆرێك لە خەڵکی لەوانەی نە هیچ لە یەکتاپەرستی دەزانن نە لە هاوبەشدانان: کەواتە ئاگاداری ئەم کاروبارانە بە. چونکە ئەوانە لەو گوناهە مەزنانەیە کە پێویستە

---

(١) حسن: تفسير ابن أبي حاتم (٢٣٠).

بە توندی قەدەغەی لێ بکرێت، چونکە لە گەورەترینی گوناهە گەورەکانە. ئەمە لە ئیبنوعەباسەوە ئاگادارکردنەوەیەکە لە هاوبەشدانانی بچووک، لەسەر هاوبەش دانانی گەورە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن عمر أن رسول الله ﷺ قال: (من حَلَفَ بِغَيْرِ اللَّهِ فَقَدْ كَفَرَ أو أَشْرَكَ)[1]. رواه الترمذي وحسنه وصححه الحاكم[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە عومەرەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوە بێگومان کوفری کردوە یان هاوبەشی داناوە. ترمزی ڕیوایەتی کردوەو بە حەسەنی داناوە، وە حاکمیش بە صەحیحی داناوە.

.....

وتەی: (فَقَدْ كَفَرَ أو أَشْرَكَ) دەگونجی گێڕەرەوەی فەرموودەکە گومانی هەبوو بێت (بۆیە (أو)ی بەکار هێناوە)، وە دەگونجێ (أو) بە مانای (الواو) هاتبێت، ئەوکات ماناکەی بەم شێوەی لێ دێت: بێبڕوا بووە و هاوبەشی داناوە. ئەو کوفرەش کوفری بچووکە نەك گەورە. وەك چۆن(ڕوونە) لە هاوبەشدانانی بچووکە. وە وێنەی ئەمەش لە ئیبنومەسعودەوە هاتووە بەم شێوەیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: (لَأَنْ أَحْلِفَ بِاَللَّهِ كَاذِبًا أَحَبُّ إلى من أَنْ أَحْلِفَ بِغَيْرِهِ صَادِقًا)[3].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ ئیبنومەسعود وتویەتی: ئەگەر سوێند بە درۆ بخۆم بەخوا پێم خۆشترە لەوەی سوێند بە غەیری خوا بخۆم بەڕاستی.

.....

بێگومان زانراوە سوێند خواردن بەخوا بە درۆ یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، بەڵام هاوبەشدانان گەورەترە لە هەموو تاوانە گەورەکان، ئەگەر چی بچووکیش بێت وەك چۆن لەپێشەوە ڕوون کرایەوە، جا ئەگەر ئەمە حاڵی هاوبەشدانانی بچووك بێت دەبێت حاڵی هاوبەشدانانی گەورە چۆن بێت کە دەبێتە مایەی مانەوەی هەمیشەیی لەناو ئاگردا؟ وەك داواکردن لە غەیری خواو داوای فریاد ڕەسی لێ ی و ڕوو تێکردنی و ئومێدی پڕکردنەوەی پێویستیەکان، وەك چۆن ئەوە حاڵی زۆرینەی ئەم ئوممەتەیە لەم سەدەمە و پێش ئەم سەردەمە: لە بەمەزندانانی گۆڕەکان و کردنیان بە بتانێك و خانوویان لەسەر دروست کردوون و کردوویانە بە مزگەوت، وە مەزارگەیان لەسەر دروست کردووە بەناو مردوەکەوە بۆ پەرستش و بەمەزندانانی ئەوکەسەی بەناوی ئەوەوە ناو نراوە، پاشان

---

(١) أخرجه أبو داود في الأيمان والنذور (٣٢٥١)، والترمذي في النذور والأيمان (١٥٣٥)، وهو من حديث ابن عمر، وصححه الشيخ الألباني في الإرواء (٢٥٦١).

(٢) صحيح: الترمذي (١٥٣٩)، سنن أبي داود (٣٢٥١)، أحمد ٢/ ٣٤، الحاكم ١/١٨، ٤/ ٢٩٧.

(٣) أخرجه عبدارزاق (١٥٩٢٩)، وابن أبي شيبة ٣/٤١٦، وصححه الشيخ الألباني في الأرواء (٢٥٦٢).

ڕوو تێکردنیان بە دڵەکان و بە وتەو کردارەکان. بەڕاستی بەڵا زۆرو گەورە بووە بەم هاوبەشدانانە گەورەیە کە خوا لێی خۆش نابێت، وە وازیان هێناوە لەوەی قوڕئانی پیرۆز بەڵگەیە لەسەری لە قەدەغەکردن لەم هاوبەشدانانە و ئەوەشی پێی دەگەیەنێ. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِهِۦٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوٓا۟ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾الأعراف. (واتە: جا کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵبەستێ یان بێبڕوا بێ بە ئایەتەکانی خوا ئەوانە ئەو بەشەی بۆیان نووسراوە دووچاریان دەبێت هەتا ئەو کاتەی نێردراوەکانمان (بۆ گیان کێشان) دێن بۆیان دەیانمرێنن، پێیان دەڵێن: ئەوانەی لەجیاتی خوا ئێوە هاوارو نزاتان لێ ئەکردن لە کوێن لە (وەڵامدا) دەڵێن: دیار نین و وون بوون لێمان وە شایەتی دەدەن لەسەر خۆیان کە بێگومان ئەوانە لە دنیادا بێبڕوا بوون) خوا بە کافری داناون بەوەی لە جیاتی ئەو داوا لە شتێکی دیکە دەکەن لە دنیادا. بەڕاستی خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَـٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾ ﴾ الجن. (واتە: بێگومان مزگەوتان تایبەتی خوان کەواتە لەگەڵ خوادا هاوار لەکەسی تر مەکەن) وە فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَدْعُوا۟ رَبِّى وَلَآ أُشْرِكُ بِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٠﴾ قُلْ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ ﴾ الجن. (واتە: بڵێ: دڵنیابن من هەر خوای خۆم دەپەرستم وە کەس ناکەم بە هاوبەشی* بڵێ: بەڕاستی من نە زیان نە ڕێنموونی ئێوەم بەدەست نیە) ئەو هاوبەشدانەرانە کارەکەیان پێچەوانە کردەوە پێچەوانەی ئەوە بوون کە پێغەمبەر ﷺ گەیاندوویەتیە ئومەت و هەواڵی پێداوە دەربارەی نەفسی خۆی، جا بە جۆرێ جوڵانەوە کە خوا قەدەغەی کردبوو لێیان لە هاوبەشدانان بۆ خواو پەیوەست بوون بە غەیری خوا تەنانەت تیایاندا هەبووە وتویەتی:

يا أكرم الخلق ما لي من ألوذ به سواك عند حلول الحادث العمم

ئەی باشترین خەلق کێم هەیە پەنای پێ بگرم... جگە لەتۆ لە کاتی داکەوتنی ڕوداوە ناخۆش و گشتگیرەکان

إن لم تكن في معادي آخذاً بيدي فضلاً، وإلا فقل: يا زلة القدم

ئەگەر لە گەڕانەوەم(مردنم) دەستم نەگرێ... بە فەزڵ و گەورەیی خۆت ئەوکاتە بڵێ: پێت هەڵەخلیسکێ

فإن من جودك الدنيا وضرتها ومن علومك علم اللوح والقلم

لە بەخشندەیی تۆیە دنیا و پێویستیەکانی... وە لەزانستەکانی تۆیە زانستی لەوحولمەحفوزو و قەڵەم

جا تەماشای ئەم نەفامیە گەورەیە بکە کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردووە لە فەرمودەی: **(لا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ، إِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)**[1]. **رواه مالك وغيره.** واتە: زیادە ڕەویی مەکەن لە مەدح و ستایش کردنمدا وەک چۆن گاورەکان زیادەڕەویان

---

(١) أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٤٥) فتح.

کرد لە کوڕی مەریەمدا. بەڵکو من بەندەم، بڵێن: بەندەی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی. وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ ﴿٥٠﴾ ﴾الأنعام. (واتە: ئەی موحەممەد بڵێ من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منە وە شتی نهێنیش نازانم وە پێتان ناڵێم بێگومان من فریشتەم).

جا تەماشای ئەم بەرهەڵستیە مەزنە بکە بەرانبەر بە قورئان و سوننەت و دژایەتی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی. ئەمەی ئەم شاعیرە دەیڵێت، ئەوە لە نەفس و دەروونی زۆرێکدایە بەتایبەت ئەوانەی کە بانگەشەی زانست و زانیاری دەکەن. بۆ ئەو مەبەستە خوێندنی ئەم هۆنراوەو هاوشێوەی و گەورەکردنیان لە نزیك بونەوە لە خوا تەماشا کردووە، بێگومان هەر بۆ خواین و تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن حُذَيْفَةَ عن النَّبِي ﷺ قال: (لَا تَقُولُوا ما شَاءَ الله وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا ما شَاءَ الله ثُمَّ شَاءَ فُلَانٌ)[1]. رواه أبو داود بسند صحيح.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە حوزەیفەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە فەرموویەتی: مەڵێن ئەگەر خوا ویستی و فلانەکەس ویستی، بەڵکو بڵێن ئەگەر خوا ویستی و پاشان فلانەکەس ویستی. ئەبو داوود ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدێکی ڕاست.

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

ئەویش لەبەر ئەوە (**معطوف**) کراو بە (الواو) یەکسانە لەگەڵ (**معطوف عليه**) لەسەر کراو، چونکە (الواو) بۆ ئەسڵی کۆکردنەوە دانراوە. نە ڕێکخستن (ترتيب) دەخوازێت نە شوێنکەوتن (تعقيب) دەخوازێت. یەکسان کردنی بەدیهێنراو بە بەدیهێنەر هاوبەشدانانە، ئەگەر هاوبەشدانانی بچووك بوو وەك ئەمە ئەوە بچووکە، وە ئەگەر گەورە بوو ئەوە گەورەیە. هەروەك خوا ﷻ دەربارەیان لە ڕۆژی دواییدا فەرموویەتی: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾الشعراء. (واتە: سوێند بەخوا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین* کاتێك ئێوەمان دەبردە ڕیزی پەروەردگاری جیهانیانەوە) بە پێچەوانەی (**عطف**) کراو بە (**ثم**) چونکە (**عطف**) کراو بە (**ثم**) بۆ (تراخی)یەو دوا دەکەوێ لە (**معطوف عليه**) بە ماوەیەك. ئەوکات هیچ مەترسیەکی نامێنێ چونکە بۆتە شوێن کەوتە.

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب (٤٩٨٠)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٣٧).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: (وعن إبراهيم النَخَعي: أنه يكره أن يقول الرجل أعوذ بالله وبك. ويجوز أن يقول: بالله ثم بك. قال ويقول: لولا الله ثم فلان. لا تقولوا: لولا الله وفلان)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە: ئەو بە کەراهەتی زانیوە کەسێك بێژێت: پەنا دەگرم بە خواو بە تۆ. بە دروستی داناوە بێژێت: پەنا دەگرم بە خوا پاشان بە تۆ. دەڵێ: ئەگەر خواو پاشان فلانەکەس نەبوایە، نابێ بێژێت: ئەگەر خواو فلانەکەس نەبوایە.

••••••

نەزانی دەردێکی کوشندەیەو شیفای.... دوو شتەکە لە خستنە پاڵ یەك یەکانگیرن

نص من القرآن ، أو من سنة وطبيب ذاك العالم الرباني

ئایەتێ لە قورئان یان لە سوننەت.... جا دکتۆرەکەشی زانایەکی خواناسە

والعلم أقسام ثلاث ، ما لها من رابع ، والحق ذو تبيان

زانست سێ بەشە، چوارەمی نیە..... حەقیش خۆی خاوەنی ڕونکردنەوەیە

علم بأوصاف الإله وفعله وكذلك الأسماء للرحمن

جا زانست بە صیفاتی خوا و ئەفعالەکانی، بەهەمان شێوە بە ناوەکانی **(الأسماء والصفات والأفعال)**

والأمر والنهي الذي هو دينه وجزاؤه يوم المعاد الثاني

وە زانستی **(الأمر والنهي)** کە ئەویش دینەکەیەتی... وە **(علم الجزاء والمعاد)** دووەمە

والكل في القرآن والسنن التي جاءت عن المبعوث بالقرآن

هەموو شتێ لە قورئان و سوننەتدایە... کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووەو لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە

والله ما قال امرؤ متحذلق بسواهما إلا من الهذيان

سوێند بەخوا هەرکەسێ کە خۆی بە زیرەك دابنێ.... و غەیری ئەو دوانە بڵێ ئیللا وڕێنەی کردوە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:


یەکەم: ڕاڤەی ئایەتەکەی سورەتی بەقەرە لەبارەی (الأنداد) هاوبەشدانان.

دووەم: هاوەڵان ئەو ئایەتەی دەربارەی هاوبەشدانانی گەورەوە دابەزیوە، ڕاڤەی دەکەن بەوەی هاوبەشدانانی بچووکیش دەگرێتەوە.

سێیەم: سوێند خواردن بە غەیری خوا هاوبەشدانانە.

چوارەم: ئەگەر کەسێك سوێند بە غەیری خوا بخوات بەڕاستی، ئەوە گەورەترە لەوەی کەسێك سوێند بەخوا بخوات بە درۆ، کە خاوەنەکەی غەرقی دۆزەخ بکات.

پێنجەم: جیاوازی نێوان (الواو) وە (ثم) لە دەربڕیندا.



بەشی ٤٣

کەسێك قەناعەت بە سوێند خواردن بەخوا نەکات

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء فيمن لم يقنع بالحلف بالله.

عن ابن عُمَرَ أنَّ رسول الله قال: ﷺ (لَا تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ. من حَلَفَ بِاللَّهِ فَلْيَصْدُقْ. وَمَنْ حُلِفَ له بِاللَّهِ فَلْيَرْضَ. وَمَنْ لم يَرْضَ فَلَيْسَ من اللَّهِ)[1]. رواه ابن ماجه بسند حسن.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی کەسێك قەناعەت بە سوێند خواردن بە خوا نەکات.

لە ئیبنوعومەرەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: سوێند مەخۆن بە باوباپیرانتان. هەرکەسێك لە ئێوە سوێندی خوارد بەخوا با ڕاست بکات. وە هەرکەسێك سوێندی بۆ خورا بەخوا با ڕازی بێت. هەرکەسێکیش ڕازی نەبێت بە سوێند خواردن بەخوا ئەوە خوا لەو کەسە بەرییە.

•••••••

هەبێ) تا فەرمایشتی ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾البقرة. (واتە: ئا ئەوانەن کە ڕاستیان کرد وە هەر ئەوانەن پارێزکاران).

وتەی: (**وَمَنْ حُلِفَ له بِاللَّهِ فَلْيَرْضَ. وَمَنْ لم يَرْضَ فَلَيْسَ من اللَّهِ**) بەڵام ئەگەر هیچ حوکمێکی بەدەستەوە نەبوو لە شەریعەت لەسەر نەیارەکەی جگە لە سوێند خواردن، ئەوە بێ گومان سوێندی دەدا، پێویستە لەسەری ڕازی بێت بە سوێندەکەی. بەڵام ئەگەر لەو شتانە بوو کە لەنێوان خەڵکیدا ڕوو دەدەن لەوانەی کە هەندێ جار داوای لێ بوردن لەیەکتر دەکەن، ئەمە پێویستە موسڵمان سوێندی برا موسڵمانەکەی قەبووڵ بکات، ئەگەر بیانووی لێ بوردنی کرد، یان خۆی بەری کرد لە تۆمەتێك، ئەوەش پێویستە لەسەری: گومانی باشی پێ ببات ئەگەر پێچەوانەکەی بۆ دەرنەکەوت، وەکو لە شوێنەوارێکدا هاتووە لە عومەرەوە: گومانی خراپ مەبەن کاتێك قسەیەك لە دەمی موسڵمانێکەوە دەردەچێت بەخراپە، لەکاتێکدا دەتوانیت بەچەندین شێوەی چاك لەیەکی بدەیتەوە.

وە تێیدایە: خۆ بەکەم دانان و پەیوەندی بەهێزو خۆشەویستی جگە لەوانەش لەو بەرژەوەندیانەی خوا خۆشی دەوێ و شاراوە نیە بۆ کەسێك تێ بگات، وە ئەو لە هۆکارەکانی کۆبونەوەی دڵانە لەسەر گوێڕایەڵی خوا، پاشان ئاکارە دەچێتە ناو خوڕەوشتی جوانەوە (حسن الخلق) کە قورسترین شتە لە ترازووی بەندەدا دادەنرێ، وەك لە فەرموودەدا هاتووە، ئەوەش لە ئاکارە جوانەکانە.

دەی سەرنج بدە ئەی ئەوکەسەی دڵسۆزی خۆتی ئەوەی دەگونجێ لەگەڵ خوادا بیکەیت لە بەجێهێنانی مافەکانی و مافی بەندەکانی، وە خۆشی خستنە ناو دڵی موسڵمانان و وازهێنان لە کرژبوون لەگەڵیان و خۆبەگەورە زانین بەسەریانەوە. بەڕاستی ئەوەندە زیانی تێدایە بە بای خەیاڵدا نایەت، وردو درشتی و فراوانی ئەم بابەتە لە (کتێبەکانی ئەدەبدا) باسی لێوە کراوە، جا هەرکەسێك خوا یارمەتی بدات کار بەوە بکات کە پێویستە کاری پێ بکرێ و واز لەوە بهێنێ کە پێویستە لەسەری وازی لێ بیهێنێ، بەڵگەیە لەسەر تەواوی ئاینەکەی و کەماڵ و تەواوی عەقڵی. خوا یارمەتی دەرو پشتیوانی بەندە لاوازە هەژارەکەی بێ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگری کردن لە سوێند خواردن بە باوباپیران.

دووەم: فەرمان کراوە بەوکەسەی سوێندی بۆ خوراوە ڕازی بێت بە سوێندەکە.

سێیەم: هەرشە لەو کەسە کراوە کە ڕازی نابێت.



بەشی ٤٣ وتنی: خـــواو تـــۆ بتـانەوەیت

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول: ماشاء الله وشئت.

عَن قُتَيْلَةٍ: أن يهودياً أتى النَّبِيَّ فقال: إنكم تشركون. تقولون: ما شاء الله وشئت، وتقولون: والكعبة. فأمرهم النَّبِيُّ ﷺ إذا أرادوا أن يحلفوا أن يقولوا: ورب الكعبة. وأن يقولوا: ما شاء الله ثم شئت[1]. رواه النسائي وصححه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی وتنی: ئەوەی خواو تۆ بتانەوەیت.

لە قوتەیلەوە: جولەکەیەك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئێوە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن. دەڵێن: خواو تۆ بتانەوەیت. دەشڵێن سوێند بە کەعبە. پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردن ئەگەر ویستیان سوێند بخۆن با بڵێن: سوێند بە خوای کەعبە. وە با بڵێن: خواو تۆ بتانەوەیت. نەسائی ڕیوایەتی کردووەو بە ڕاستی داناوە.

.....

وتەی: (عَن قُتَيْلَةٍ) کچی صیفی ئەنصاری هاوەڵێکە لەو ئافرەتانەی کۆچکردوە، فەرموودەیەکی هەیە لە (السنن النسائی) ئەو فەرموودەش باس کراوە لەم بەشەدا. (عبد الله)ی کوڕی یەساری جەعفی ڕیوایەتی کردوە لێیەوە.

تێیدایە: وەرگرتنی حەق لە هەرکەسێکەوە بێت. وە تێیدایە: ڕووبەڕووبونەوەی قەدەغەکردنی سوێند خواردن بە کەعبە، لەگەڵ ئەوەی ماڵی خوایە کە حەج کردن و بۆی فەرزە، ئەمەش ئەوە دەردەخات قەدەغەکردنی هاوبەشدانان گشتگیرە هیچ شتێکی لێ تایبەت نەکراوە نە فریشتەیەکی نزیك نە پێغەمبەرێکی نێردراو، نە کەعبەش کە ماڵی خوایە و لە زەوی خوادایە، تۆ دەبینی ئەمڕۆ خەڵکی چۆن سوێند بە کەعبە دەخۆن و داوای شتانێکی لێ دەکەن تەنها لە تواناو دەسەڵاتی خوادایە. ئەوەی زانراوە ئەوەیە کەعبە نە زیان دەدات و نەسوود دەگەیەنێت. بەڵکو خوا تەنها تەواف کردنی شەرعاندوە، وە عیبادەت کردن لە پاڵیدا، وە کردویەتی بە قیبلەو ڕووگە بۆ ئوممەت، جا تەواف کردنی دروستە، سوێندخواردن پێی و پارانەوە لێی قەدەغەکراوە. کەواتە ئەی ئەرك پێسپێردراو جیای بکەرەوە لە نێوان ئەوەی ڕێگەپێدراوەو ئەوەشی قەدەغەکراوە، ئەگەر چی

---

(١) أخرجه النسائي في الإيمان والنذور (٣٧٧٣) أبو غدة، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٣٦).

خەڵکانی نەفام پێچەوانەت بجوڵێنەوە ئەوانەی وەکو ئاژەڵ وان، بەڵگو وێڵ ترو گومڕا تریشن لە ئاژەڵ.

وتەی: (**إنكم تشركون. تقولون: ما شاء الله وشئت**) بەندە ئەگەر چی ویستی هەبێت، ویستی ئەو شوێنی ویستی خوا کەوتووە، هیچ توانایەکی نیە بەسەر ویستنی شتێکدا مەگەر خوا ویستی لەسەر بێت، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمۡ أَن يَسۡتَقِيمَ ٢٨ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٩﴾التكوير. (واتە: بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێ بە ڕێی ڕاستدا بڕۆن لە ئێوە* ئێوە ئارەزووی ڕێی ڕاست ناکەن مەگەر کاتێك کە پەروەردگاری هەمووان بیەوێت و ناچارتان بکات پێی) وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا ٢٩ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ٣٠﴾الإنسان. (واتە: ئەم سورەتە ئامۆژگاری و پەندە ئینجا هەر کەسێك بیەوێت ڕێگایەك دەگرێتە بەر بۆ لای پەروەردگاری* وە ئێوە ناتانەوێ مەگەر کاتێك کە خوا بیەوێ بێگومان خوا دانای دروست کردارە).

لەم ئایەت و فەرموودانەدا: بەرپەرچدانەوەی قەدەری و موعتەزیلەکانی تێدایە، (ئەوانەی قەزاو قەدەر نەفی دەکەن)، پێیان وایە بەندە ویست و ئارەزوو دەکات (**مشيئة**) بە پێچەوانەی ئەوەی خوا ویستی دەکات بۆ بەندەکەی و دەیەوێ، لە داهاتوویەکی نزیکدا پووچی بۆچوونەکانیان دەخەینە ڕوو لە بەشی (**ما جاء في منكري القدر**) واتە: ئەوەی هاتووە لەبارەی نکوڵی کارانی قەدەرەوە. ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت، ئەوانە مەجووسی ئەم ئوممەتەن.

بەڵام ئەهلی سوننەو جەماعە لەم بابەتە و جگە لەم بابەتەش دەستیان گرتووە بە قورئان و سوننەتەوە. وە پێیان وایە ویستی (**مشيئة**) بەندە شوێنی ویستی خوا کەوتووە لە هەموو شتێکدا، لەوەی دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی خوا شەرعاندویەتی و ئەوەشی پێچەوانەیەتی، لە کردەوەی بەندەکان و وتەکانیان. هەموو بە ویست و ئیرادەی خوایە. هەرچی دەگونجێ لەگەڵ شەریعەتەکەی پێی ڕازیەو خۆشی دەوێت، هەرچیش پێچەوانەی شەریعەتەکەیەتی حەزی لێ ناکات و ڕقی لێیەتی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمۡۖ وَلَا يَرۡضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلۡكُفۡرَۖ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡ ٧﴾الزمر. (واتە: ئەگەر ئێوە بێبڕوا بن ئەوە بێگومان خوا بێ نیازە لە ئێوە و ڕازی نیە بە بێبڕوایی بۆ بەندەکانی، وە ئەگەر سوپاسی خوا بکەن لێتان ڕازی دەبێت).

وە ڕونکردنەوەی تێدایە: سوێند خواردن بە کەعبە هاوبەشدانانە. چونکە پێغەمبەر ﷺ قسەی کابرای یەهودی دانپیانا کە وتی: ئێوە هاوبەشی دادەنێن.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وله أيضاً عن ابن عباس أن رجلاً قال للنَّبِي ﷺ ما شاء الله وشئت، قال: أجعلتني لله نداً؟ بل ما شاء الله وحده[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەروەها لە ئەوەوە لە ئیبنوعەباسەوە پیاوێك بە پێغەمبەری وت: خواو تۆ بتانەوێت. فەرمووی: ئایا منت کرد بە هاوبەش بۆ خوا؟ بەڵکو بڵێ ئەوەی خوا بەتاك و تەنها ویستی.

.....

ئەمە جەخت لەوەی پێشووە دەکاتەوە کە هاوبەشدانانە، لەبەر بوونی یەکسانی لە کاتی (**عطف**) کردن بە (الواو).

وتەی: (**أجعلتني لله نداً؟**) ڕوونکردنەوەی تێدایە لەوەی هەرکەسێك بەندە یەکسان بکات بەخوا ئەگەر چی لە هاوبەشدانانی بچوکیش بێت، ئەوە کردویەتی بە هاوبەش بۆ خوا، بیەوێ یان نەیەوێ، پێچەوانەی ئەوەی نەفامەکان دەیڵێن، لەوەی تایبەتە بەخوا لە پەرستش، ئەوەشی پێویستە قەدەغەی لێ بکرێت لە هەردوو جۆرەکەی هاوبەشدانان. خوا خێرو چاکەی هەرکەسێکی بوێ شارەزای دەکات لە ئایندا[2].

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولابن ماجه: عن الطُفَيْلِ أخي عَائِشَةَ لأُمِّهَا قال: رَأَيت فِيمَا يَرَى النَّائِمُ كَأَنِّي أتيتُ على نفر مِنَ الْيَهُود، فقلت: من أَنْتُمْ؟ قالوا: نَحْنُ الْيَهُود، قلت: إِنَّكُمْ لأَنْتُمُ الْقَوْمُ، لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقولونَ: إن عُزَيْراً بن اللَّهِ.قَالوا: وأنكم لأَنْتُمُ الْقَوْمُ، لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: ما شَاءَ الله وَشَاءَ مُحَمَّدٌ. ثُمَّ مَرَرتُ بنفر مِنَ النَّصَارَى. فقلت: من أَنْتُمْ؟ قالوا: نَحْنُ النَّصَارَى. قلت: إِنَّكُمْ أَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: الْمَسِيحُ ابن اللَّهِ، قالوا: وإنكم لأنتم الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ: ما شَاءَ الله وشَاءَ مُحَمَّدٌ، فلما أَصْبَحْتُ أَخْبَرْتُ بها من أَخْبَرْتُ ثُمَّ أتى النَّبِيَّ ﷺ فَأَخْبَرْتُهُ، فقال: (هل أَخْبَرْتَ بها أَحَداً؟) قلت: نعم. قال: فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عليه. ثُمَّ قال: (أما بعد فإنَ طُفَيْلاً رَأَى رُؤْيَا أَخْبَرَ بها من أَخْبَرَ مِنكُمْ، وَإِنَّكُمْ قُلتُم كَلِمَةً كان يمنعني كذا وكذا إن أَنْهَاكُمْ عنها. فلاَ تَقُولُوا: ما شَاءَ الله وما شاء مُحَمَّدٌ، ولكن قولوا: ما شاء الله وحدهُ)[3].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە تۆفەیل برای عائیشە لە دایکیەوە، وتی: لە خەومدا بینیم بەلای کۆمەڵێك لە جولەکەدا تێپەڕیم، وتم: ئێوە کێن؟ وتیان: ئێمە جولەکەین، وتم: ئێوە خەڵکێکی باشن ئەگەر نەتانوتایە: عوزەیر کوڕی خوایە. وتیان: ئێوەش خەڵکێکی چاکن، ئەگەر نەتانوتایە: ئەوەی خوا ویستی لەسەرە و موحەممەد ویستی لەسەرە. پاشان تێپەڕیم بەلای کومەڵێك لە گاورەکان وتم: ئێوە کێن؟ وتیان: ئێمە گاورین. وتم: ئێوە خەڵکێکی چاکن ئەگەر

---

(١) أخرجه ابن ماجه في الكفارات (٢١١٧)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٣٩-١٠٩٣).

(٢) أخرجه البخاري في العلم (٧١) فتح، ومسلم في الزكاة (١٠٣٧) عبد الباقي.

(٣) أخرجه احمد (٢٠٦٩٤)، وابن ماجه في الكفارات (٢١١٨) وهو في الصحيحة (١٣٧-١٣٨).

نەتانوتایە: مەسیح کوڕی خوایە، وتیان: ئێوەش خەڵکێکی چاکن ئەگەر نەتانوتایە: ئەوەی خوا ویستی موحەممەد ویستی، کاتێ کە ڕۆژ بوویەوە هەواڵم دا بەوەی هەواڵم پێدا پاشان ڕۆیشتم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و هەواڵم پێدا، فەرمووی: (ئایا هەواڵت داوە بە کەسی تر؟) وتم: بەڵێ. وتی: ستایشی خوای کرد. پاشان فەرمووی: (توفەیل خەوێکی بینیوە بۆ هەندێکتانی باس کردوە، ئێوە وتەیەکتان وت، شتێکی ئاواو ئاوا ڕێگری کرد لێم لێتان قەدەغە بکەم. کەواتە مەڵێن: ئەوەی خوا ویستی و موحەممەد ویستی، بەڵکو بڵێن: ئەوەی خوا ویستی بەتاك و تەنها.

.....

وتەی: (**عن طُفَيْلِ أخي عَائِشَةَ لأُمِّهَا**) ناوی توفەیلی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی سەخبەرەیە، برای عائیشەیە لە دایکیەوە، هاوەڵێکە فەرموودەی هەیە لە لای ئیبنوماجە، ئەویش ئەو فەرموودەیە دانەر لەم بەشەدا باسی کردوە.

ئەم خەوە ڕاستە پێغەمبەر ﷺ دانی پێدا ناوەو کاری بە ناوەڕۆکەکەی کردوە، ڕێگری لێ کردن لەوەی بڵێن، ئەوەی خوا ویستی و موحەممەد ویستی، فەرمانیشی پێکردن بڵێن: ئەوەی خوا ویستی لەسەرە بەتاك و تەنها.

ئەم فەرموودەو فەرموودەکەی پێشەوە فەرمانیان پێ دەکات بڵێن: (**ماشاء الله وحده**) واتە: ئەوەی تەنها خوا دەیەوێت. گومانی تێدا نیە ئەمە تەواوترە لە ئیخڵاص و دڵسۆزیدا و دورترە لە هاوبەشدانانەوە لەوەی بڵێن: پاشان فلانەکەس وتی، چونکە ڕاشکاوی تێدایە لەو یەکتاپەرستیەی ڕەتکەرەوە هاوبەشدانانە لە هەموو ڕوویەکەوە. کەسی ژیرو بەرچاو ڕوون بەرزترین پلەو پایەی کەماڵ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت لە یەکتاپەرستی و دڵسۆزیدا.

وتەی: (**كان يمنعني كذا وكذا إن أَنْهَاكُمْ عنها**) لە هەندێ ڕێگاوە هاتووە: پێغەمبەر ﷺ شەرمکردن ڕێگری لێ دەکرد پێیان بڵێت، بەڵام دوای ئەم خەوەی توفەیل گێڕایەوە، وتاری بۆ دان ئەو کارەی قەدەغە کرد بە قەدەغەکردنێکی تەواو، بەردەوام پێی ڕادەگەیاندن تا خوا ئاینەکەی بۆی تەواو کرد و نازو نیعمەتی خۆی داباراند بەسەریدا، پەیامی خوای بە ڕوونی گەیاند، درود و سەلامی خوای لەسەر بێت، وە لەسەر ئال و بەیت و یارو یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی.

وە مانای ئەو فەرموودەی پێغەمبەری ﷺ تێدایە کە فەرموویەتی: (**الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ جُزْءٌ من سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا من النُّبُوَّةِ**)[1]. واتە: خەوی چاك بەشێکە لە چل و شەشە بەش لە پێغەمبەرایەتی.

وتم: ئەگەر چی خەو بینین لە خەودا دەبێت لەهەمان کاتدا ئەوە وەحی و سروشە، ئەوەی بە وەحی دەچەسپێت لە فەرمان و قەدەغەکردن بە خەویش دەچەسپێت. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: جوولەکە لە هاوبەشدانانی بچووك شارەزا بوون.

---

(١) أخرجه البخاري في التعبير (٦٩٨٩) فتح، من حديث أبي سعيد، واللفظ له، مسلم ٨/ ٢٢٦٣ من حديث أبي هريرة.

دووەم: مرۆڤ ئەگەر حەز بکات لە شتێك تێ بگات لێی تێ دەگات

سێیەم: فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: (أجعلتني لله نداً) واتە: (ئایا منت کرد بە هاوبەشی خوا) ئەی دەبێت ئەوە چۆن بێت کە دەربارەی پێغەمبەر ﷺ وتویەتی: (هیچ کەسم نیە جگە لە تۆ پەنای بۆ ببەم) ئەو دوو درێژە شیعرەکەی دوای ئەویش؟!

چوارەم: وتەی (ئەگەر خواو تۆ بتانەوێت) لە هاوبەشدانانی گەورە نیە، لەبەر وتەی: ئەوەو ئەوە ڕێگری لێ کردم کە پێتان بڵێم.

پێنجەم: خەوی ڕاست یەکێکە لە بەشەکانی وەحی.

شەشەم: هەندێ جار خەو بووەتە دامەزراندنی هەندێ ئەحکام و یاسا.



بەشی ٤٤

هەرکەسێك جنێو بدات بە زەمانە ئەوە ئەزیەتی خوای داوە

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: باب من سب الدهر فقد آذى الله.

وقول الله تعالى: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٢٤﴾ ﴾الجاثية. في الصحيح عن أبي هريرة عن النَّبِيِّ قال: (قال الله تَعَالَى: يُؤْذِينِي بن آدَمَ، يَسُبُّ الدَّهْرَ وأنا الدَّهْرُ، أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی هەرکەسێك جنێو بدات بە زەمانە ئەوە ئەزیەتی خوای داوە

وە فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە وتیان هیچ نیە جگە لە ژیانی دونیامان دەمرین و دەژین جگە لە ڕۆژگار هیچ شتێك ئێمە لەناو نابات ئەوانە بەو قسانە هیچ زانیاریان نیە تەنها گومان دەبەن) لە صەحیحیشدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ فەرموویەتی: خوا ﷻ فەرموویەتی: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدات بەوەی جنێو دەدات بە زەمانە، زەمانەش خۆمم و شەوو ڕۆژ بەسەر یەکدا دەهێنم).

.....

ئیبنوکەثیر لە تەفسیرەکەیدا وتویەتی: خوا هەواڵ دەدات دەربارەی ئەو بێبڕوایانەی کە بڕوایان بە زەمانەو ڕۆژگار هەبووە (الدهرية)، وە ئەوەشی شوێنیان کەوتبوو لە هاوبەشدانەرانی عەرەب دەربارەی نکوڵی کردنی زیندووبوونەوە: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ﴾ ژیان نیە جگە لەم ژیانە نەبێت، خەڵکێك دەمرێ و خەڵکێك دێتە ناو ژیانەوە، شتێك نیە ناوی گەڕانەوەو قیامەت بێت.

ئەمەش هاوبەشدانەرانی عەرەب دەیانوت، ئەوانەی ئینکاری زیندووبوونەوەیان دەکرد، بەهەمان شێوە فەیلەسوفە ئیلاهیەکانیش[1] وتویانە، جا هەندێ لەوان ئینکاری سەرەتای بوونەوەرو گەڕانەوە دەکەن. وە فیلەسوفە دەهریەکان لەوانەی کە بڕوایان بە دروستەکەر نیە، بڕوایان وایە

---

(١) ئەم دەستەیە بێ گوێدانە هیچ شتێك لە خواو تەواوی شتەکان دەکۆڵێتەوە وەکو مەوجودێك.

لە هەموو سی و شەش هەزار سالّ جارێك هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنچینەکانیان. پێیان وایە ئەمە چەندین جار دووبارەوە بووەتەوە بێ کۆتایی، ئەمانە بەرنگاری عەقڵ بوونەتەوەو نەقڵیشیان بە درۆ خستوەتەوە، لەبەر ئەمەیە وتویانە: ﴿ وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ﴾ خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴾ واتە: خەوەن خەیاڵیان دەکرد.

بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە خاوەنی دوو صەحیحەکە دەریان هێناوە، وە ئەبو داودو نەسائی دەریانهێناوە لە ڕیوایەتی سوفیانی کوڕی عویەینە لە زوهری لە سەعیدەی کوڕی موسەییب لە ئەبو هورەیرە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(يقول الله تَعَالَى: يُؤْذِينِي بن آدَمَ، يَسُبُّ الدَّهْرَ وأنا الدَّهْرُ، بِيَدِي الْأَمْرُ، أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ)**[1]. (واتە: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدا، جنێو بە زەمانە دەدا، زەمانەش منم، کاروبارەکان بە دەستی منە، شەوو ڕۆژ دەگۆڕم) وە لە ڕیوایەتێکی تردا: **(لا تسبوا الدهر فإنِّي أنا الدهر)** (٢٢). واتە: جنێو مەدەن بە زەمانە چونکە بەڕاستی زەمانەش خۆمم. وە لە ڕیوایەتێکی تردا: **(لا يَقُل ابن آدَمَ: يا خَيْبَةَ الدَّهْرِ، فَإِنِّي أنا الدَّهْرُ، أُرسل اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ فإذا شِئْتُ قَبَضْتُهُمَا)** [2]. واتە: با نەوەی ئادەم نەڵێت: ئەی نا ئومێدی زەمانە، چونکە بەڕاستی زەمانەش خۆمم، شەوو ڕۆژ دەهێنم و دەبەم، ئەگەر ویستم دەیانگرمەوە.

لە **(شرح السنة)**دا وتویەتی: فەرموودەیەکە یەکدەنگن لەسەر ڕاستێتی بوخاری و موسلیم لە ڕێگای مەعمەر هێناویانە لە چەندین ڕووەوە لە ئەبی هورەیرەوە وتی: مانای ئەوەیە عەرەب سروشتیان وابوو سەرزەنشتی ڕۆژگارو زەمانەیان دەکرد لەکاتی دابەزینی بەڵاو ناخۆشی، چونکە ئەوان ناخۆشی و بەڵاکانیان دەداوە پاڵی زەمانە و دەیانوت: تووشی ناخۆشیەکانی ڕۆژگارو زەمانە بوون و زەمانە لەناوی بردن، جا ئەگەر ناخۆشیەکانیان بدایەتە پاڵ زەمانە جنێویان بە بکەرەکەی دەدا، بۆیە سەرچاوەی جنێوەکانیان دەگەڕایەوە بۆ خوا، چونکە لە ڕاستیدا خوا بکەری ئەو کارانەیە ئەوان ئەنجامی دەدەن، بۆیە ڕێگری کران لە جنێودان بەزەمانە.

ئیبنوجەریر هیناویەتی بە سەنەدی خۆی بەشێوەیەکی زۆر نامۆو غەریب بەم ڕێگایەی پێشەوە. وتی: خەڵکانی سەردەمی نەفامی دەیانوت: بەڕاستی شەوو ڕۆژ لەناومان دەدا، زەمانە دەمانمرێنێ و دەمانژێنێ، خوا لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ﴾

جنێوّ بە ڕۆژگارو زەمانە دەدەن. خوا فەرمووی: **(يُؤْذِينِي بن آدَمَ، يَسُبُّ الدَّهْرَ وأنا الدَّهْرُ، بِيَدِي الْأَمْرُ، أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ)** واتە: نەوەی ئادەم ئەزیەتم دەدا، جنێو بە زەمانە دەدا، زەمانەش منم، کاروبارەکان بە دەستی منە، شەوو ڕۆژ دەگۆڕم.

بەهەمان شێوە ئیبنوئەبی حاتەم لە ئەحمەدی کوڕی مەنصور لە نوسخەیەکدا شورەیحی کوڕی نوعمان لە ئیبنوعویەینەوە وەك ئەوە ڕیوایەتی کردوە.

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٨٢٦) فتح، ومسلم في الألفاظ من الأدب (٢٢٤٦) عبدالباقي.

(٢) أنظر تخريج مسلم السابق.

(٣) أنظر أيضا تخريج مسلم السابق.

پاشان ڕیوایەتی کردوە لە یونس لە ئیبنووەهەب لە زوهری لە ئەبی سەلەمە لە ئەبی هورەیرە: بیستم پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: خوا ﷻ فەرموویەتی: (**يَسُبُّ ابن آدَمَ الدَّهْرَ وأنا الدَّهْرُ، بِيَدِيَ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ**) وە خاوەنی هەردوو صەحیح دەریانهێناوە، بەهەمان شێوە نەسائیش لە فەرموودەی یونسی کوڕی یزید.

وە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتویەتی لە عەلائی کوڕی (عبد الرحمن) لە باوکیەوە لە ئەبو هورەیرەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوا ﷻ فەرموویەتی: (**اسْتَقْرَضْتُ عبدي فلم يُعطني، ويسبني عبدي، يقول: وا دهراه، وأنا الدَّهْرُ**)[1]. واتە: داوای قەرزم کرد لە بەندەکەم پێمی نەبەخشی، بەندەکەم جنێویشم پێ دەدا، دەڵێ: ئەی هاوار لە زەمانە و ڕۆژگار(چی بەسەر هێنام)، زەمانەش منم.

شافعی و ئەبو عوبەیدەوە غیری ئەوانیش لە ڕاڤەکردنی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ: (**لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ فإن اللَّهَ هو الدَّهْرُ**) وتویانە: عەرەب لەسەردەمی نەفامیاندا ئەگەر تووشی ناخۆشی یان بەڵاو موسیبەتێك ببوایەن دەیانوت: نائومێدی بۆ زەمانە، ئەو کردارانەیان دەداوە پاڵ زەمانە و جنێویان پێ دەدا، بکەری ئەوانەش تەنها خوایە، هەروەکو ئەوە وایە جنێویان بەخوا دابێت، چونکە لە حەقیقەتدا خوا بکەری ئەو شتانەیە، ئا لەبەر ئەمەیە ڕێگری کردوە لە جنێودان بە زەمانە بەم شێوەیە، چونکە خوا خۆی ئەو زەمانەیە کە ئەوان مەبەستیانە و ئەو کردەوانە دەدەنە پاڵی. ئەمەش چاکترین شتە وتراوبێت لە تەفسیری زەمانەدا -وە ئەوەش مەبەستەکەیە- خوا زاناترە.

بێگومان ئیبنوحەزم و ئەوانەش شوێنی کەوتوون لە (**الظاهرية**)کان هەڵەیان کردوە لەوەی (الدهر)یان داناوە بە یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوا، چونکە لەم فەرموودە وەریان گرتووە.

بەراستی ماناکەی ڕوون کردۆتەوە لە فەرموودەدا بەوەی فەرموویەتی: (**أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ**) واتە: خوا بەڕێوەی دەبات و هەڵی دەسوڕێنێ بەوەی خەڵکی پێیان خۆشەو پێیان ناخۆشە.

لە فەرموودەکەدا زیادەیەك هەیە دانەر باسی نەکردوە ئەویش ئەمەیە: (**بِيدِي الأَمْرُ**).

وەتەی: (وفی روایە: (**لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ فإن اللَّهَ هو الدَّهْرُ**).

مانای ئەم ڕیوایەتە: ئەوەیە فەرموودەکە بە ڕاشکاوی هێناویەتی لە فەرموودەی: (**وأنا الدَّهْرُ، أُقَلِّبُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ**) واتە: ئەوەی تیایاندا ڕوودەدات لە خێرو لە شەڕ بە ویست و ئیرادەی خوایە، بە زانست و حیکمەت و کاردروستی ئەوە، لەوەدا غەیری خۆی بەشدار نیە. هەر شتێ ئەو زاتە بیەوێت دەبێت و هەرشتێکیش ئەو نەیەوێت نابێت، پێویستە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ستایشی بکرێت و گومانی باشی بۆ ببرێت پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتە، وە بگەڕێینەوە بۆ لای بە تەوبەو گەردن کەچی. وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾﴾**الأعراف**. (واتە: وە تاقیمان کردنەوە بە چەندەها چاکەو خۆشی و چەندەها خراپەو ناخۆشی بە ئومێدی

---

(١) أخرجه أحمد (٧٩٨٨)، وابن خزيمة (٢٤٧٩)، والبزار (٨٣٢١)، والحاكم ١/ ٤١٨ وقد عنعن بن إسحاق وهو مدلس، وقد تابعه إبراهيم بن طهمان وغيره كما في الصحيحة (٣٤٧٧).

ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لای خوا) وە فەرموویەتی: ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾﴾ **الأنبياء.** (واتە: وە ئێمە تاقیتان دەکەینەوە بە خراپەو ناخۆشی وە بە چاکەو خۆشی تا دەرکەوێ (چاك و خراپ) وە هەر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە).

دانەپاڵی کردار بۆ لای زەمانە وە جنێودان پێ ی زۆرە، وەك لە داهێنەرو نوێخوازەکانی وەکو شیعرەکانی ئیبنولموعتەزو موتەنەبی و جگە لەوانیشدا هاتووە. وەسفی ساڵانی تێدا نەکراوە بە سەختی و ناڕەحەتی، وێنەی ئەوەش وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ ﴿٤٨﴾﴾یوسف. (واتە: ئینجا لە پاش ئەو حەوت ساڵە حەوت ساڵی تر دێت کە سەختی و قات و قڕیە) وە یەکێ لە شاعیرەکان وتویەتی:

إن الليالي من الزمان مهولة تطوى وتنشر بينها الأعمار

شەوەکانی زەمانە ترساکن..... تەمەنەکان لەنێوانیان دەپێچرێتەوەو بلاوەدەکرێتەوە

فقصارهن مع الهموم طويلة وطوالهن مع السرور قصار

جا کورتەکانیان لەکاتی بونی خەفەت درێژن... وە درێژەکانیان لەکاتی دڵخۆشی کورتن

وە ئەبو تەمام وتویەتی:

أعوام وصل كاد ينسى طيبها ذكر النوى، فكأنها أيام

ساڵانی پێگەیشتن خەریك بوو باسی سەفەر خۆشیەکەی بیر باتەوە... هەروەك چەند ڕۆژێ بێ

ثم انبرت أيام هجر أعقبت نحوي أسى، فكأنها أعوام

پاشان ڕۆژانێ دورکەوتنەوە دەرکەوت و....خەمێکی بەڕومدا جێهێشت هەر ئەڵێ ی چەند ساڵێکە

ثم انقضت تلك السنون وأهلها فكأنها وكأنهم احلام

پاشان ئەو ساڵانە و خەڵکەکەشی بەسەرچوون... هەروەك خەون بوون

و دانەر ڕحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگریکردن لە جنێودان بە ساڵ.

دووەم: ئەو کارە ناونراوە بە ئەزیەتدانی خوا.

سێیەم: سەرنجدان لە فەرموودەکە: (**فإن اللَّهَ هو الدَّهْرُ**) واتە: چونکە خوا هەر خۆی زەمانەیە. (ماناى ئەوەیە خوا خۆی زەمانەی دروست کردوە، وە خۆی هەڵیاندەسوڕێنێ).

چوارەم: هەندێ جار مرۆڤ جنێو دەدات، ئەگەر چی لە دەڵەوە مەبەستی ئەوە نەبێت کە جنێو بدات.



بەشی ٤٥

باسی ناونان بە قازی فازیەکان و هاوشێوەکانی

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب التَّسَمِّي بقاضي القُضاةِ ونحوه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: باسی ناونان بە قازی فازیەکان و هاوشێوەکانی.

•••••••

ئەگەر چاك بێت بە چاکە ئەگەر خراپیش بێت بە خراپە. هەروەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**اللهم لك الحمد كله ولك الملك كله وبيدك الخير كله. وإليك يرجع الأمر كله. أسألك من الخير كله، وأعوذ بك من الشر كله**)[1]. واتە: هەموو ستایش هەر شایستەی تۆیە، هەموو دەسەڵاتیش هەر بۆ تۆیە. هەموو خێرێك بەدەستی تۆیە. هەموو کاروبارەکان تەنها بۆ لای تۆ دەگەڕێنەوە. داوات لێ دەکەم لە هەموو خێرێك، پەنات پێ دەگرم لە هەموو شەڕو خراپەیەك.

وتەی: (**قال سفيان يعني ابن عيينة مثل شاهنشاه**)[2]. واتە: سوفیانی کوڕی عویەینە لە شیکردنەوەی فەرموودەکەدا وتی: وەك شای شاکان لە لای جگە لە عەرەب، لەبری وشەی (**ملك الأملاك**) بەکار دێت. بۆیە سوفیان نموونەی پێ هیناوەتەوە چونکە بە زمانی جگە لە عەرەب دەری بڕیوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي رواية: أَغْيَظُ رَجُلٍ على اللَّهِ وَأَخْبَثُهُ)[3].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: خەشم لێگیراوترین و پیسترین کەس لە لای خوا.

.....

وتەی: (**أَغْيَظُ**) لە (**الغيظ**) وەرگیراوە، ئەویش وەك توڕەیی و ڕق لێبوونەوە. ئەوکەسە لەلای خوا ڕق لێبوەوەو خەشم لێگیراو دەبێ. خوا زاناترە.

وتەی: (**وَأَخْبَثُهُ**) هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کەسە پیسە لە لای خوا، جا هەموو ئەمانەی تێدا کۆبوونەتەوە چونکە خۆی بە گەورە دەزانێ و خەڵکیش بەهۆی ئەم وشەیەوە بە گەورەی دەزانن کە گەوۆترین بە گەورەدانانە، جا بەگەورەدانانی لە خودی خۆیداو بە مەزندانانی لە لایەن خەڵکی لەکاتێکدایە ئەو شیاوی ئەو بەگەورە دانانە نیە، خوا لە ڕۆژی دواییدا نزمی دەکاتەوە. وە دەبێتە پیسترینی ناو خەڵکی و بێزراوترین و بێ نرختریت کەس لە لای خوا، چونکە کەسی پیس و خەشم لێگیراو لە لای خوا لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە بێ نرخترین و بێزراوترینی ناو بەدیهێنراوەکان، چونکە لە ناخی خۆیدا خۆی بە مەزن دادەنێت بەسەر دروستکراوەکانی خوا بە هۆی نیعمەتەکانی.

وتەی: (**أَخْنَعَ: يعني: أوضع**) مانای (أخنع) لە پێشەوە لە مانای (**أغيظ**)دا باس کرا، ئەوکەسە بێ نرخ و بێزراو دەبێ لە لای خوا.

وە ئاگادارکردنەوەی تێدایە لە هەموو ئەو شتانەی کە خۆ بەگەورەزانین لە خۆ دەگرێ. وەك ئەبو داود لە ئەبی میجلەزەوە دەڵێ: موعاویە دەرچوو بۆ لای ئیبنوزوبەیر و ئیبنوعامر. ئیبنوعامر

---

(١) أخرجه البيهقي في شعب الإيمان (٤٠٨٨)، وقال الشيخ الألباني: موضوع. الضعيفة (٥١٣٨).

(٢) قال الحافظ ابن كثير في البداية والنهاية ١٢/٤٣: في حوادث سنة ٤٢٩: وفي رمضان منها لقب جلال الدولة- السلجوقي- شاهنشاه الأعظم، ملك الملوك بأمر الخليفة القائم لله.

(٣) أخرجه مسلم في الآداب (٢١٤٣) عبدالباقي.

هاستا ئیبنوزوبەیر هەڵنەسا. موعاویە بە ئیبنوعامری وت: دابنیشە، بەڕاستی من بیستم پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: (**من أحب أَنْ يَتَمَثَّلَ له الرِّجَالُ قِيَامًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ من النَّارِ**)[1]. واتە: هەر کەسێك حەز بکات پیاوەکان لەبەر پێی هەستن ئەوە با جێگایەك بۆ خۆی دیاری بکات لەناو ئاگردا. هەروەها ترمزیش دەریهێناوەو وتویەتی: فەرموودەیەکی حەسەنە.

وە لە ئەبی ئومامەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ دەرچوو بۆ لامان خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا، ئێمەش لەبەر پێی هەستاین. فەرمووی: (**لَا تَقُومُوا كما تَقُومُ الْأَعَاجِمُ يُعَظِّمُ بَعْضُهَا بَعْضًا**)[2]. واتە: هەڵمەسن وەك چۆن عەجەمەکان هەڵدەستن، هەندێکیان هەندێکی دیکەیان گەورە دەکەن. ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە.

وتەی: (**أَغْيَظُ رَجُلٍ**) ئەمە لەو سیفاتانەیە کە تێدەپەڕێنرێ وەکو چۆن هاتووە، شتێك نیە لەوە لە قورئان و سوننەتدا هاتبێ ئیللا شوێنکەوتنیان لەو شتەدا پێویستە جێگیری بکات بە جۆرێ شیاوی مەزنی خواو گەورەیی ئەو بێت، چەسپاندنێك بە بێ پێکچوون (**تمثيل**) بە پاك ڕاگرتنێکیش(**تنزيه**) یك بەبێ پەکخستن (**تعطيل**) وەك لەپێشەوە باس کرا. هەموو بەشەکەش یەکێکە. ئەمە وتەی ئەهلی سوننەو جەماعەیە لە هاوەڵان و تابعیەکان و دوای ئەوانیش لە دەستە ڕزگاربووەکان لەو حەفتاو سێ دەستەیە. ئەم بەش بەش بوون و جیاوازیەش لە کۆتایی سەدەی سێیەم و دوای ئەویش ڕوویدا، وەك شاراوە نیە لە لای ئەوانەی شارەزاییان هەیە بەوەی لەم ئوممەتەدا ڕوویدا لە بەش بەش بوون و جیاوازی و دەرچوون لە ڕێگای ڕاست. خوا یارمەتیدەر بێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگری کردن لەوەی هەرکەسێك ناوی خۆی بنێت بە پاشای پاشاکان.

دووەم: مانای ئەو ناوە بەهەر زمانێك بێت هەمان حوکمی هەیە وەکو سوفیان وتی.

سێیەم: ئاگادار بوون لەوەی کە ئەمەو هاوشێوەکانی حوکمی توندیان هەیە، لەگەڵ دڵنیا بوون لەوەی لە دڵەوە مەبەستی ئەوە نەبووە.

چوارەم: ئاگادار بوون لەوەی ئەم قەدەغەکردنە لە پێناو بەگەورە دانان و شکۆمەندی خوایە

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب (٥٢٢٩)، والترمذي في الأدب (٢٧٥٥)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (٢٧١٧).

(٢) أخرجه أبو داود في الأدب (٥٢٣٠)، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٣٦)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٣٤٦)، وصحح معناه.



بەشی ٤٦

ڕێز گرتن لە ناوەکانی خوا و گۆڕانی ناویش لەو پێناوەدا

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب إحترام أسماء الله تعالى وتغيير الإسم لأجل ذلك. عَن أبي شُرَيْح: أَنَّهُ كان يُكنَّى أَبا الْحَكَم. فقال له النَّبِيُّ ﷺ: (إِنَّ اللَّهَ هو الْحَكَمُ. وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ)، فقال إِنَّ قَوْمِي إِذا اخْتَلَفُوا في شَيْءٍ أَتَوْنِي فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ فَرَضِيَ كِلَا الْفَرِيقَيْنِ، فقال رسول اللَّه ﷺ: (ما أَحْسَنَ هذا. فما لك من الْوَلَدِ؟) قلتُ: شُرَيْحٌ وَمُسْلِمٌ وَعَبْدُ اللَّهِ. قال: (فَمَنْ أَكْبَرُهُمْ؟) قلت: شُرَيْحٌ. قال: فَأَنْتَ أبو شُرَيْحٍ[1]. رواه أبو داود وغيره.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ڕێز گرتن لە ناوەکانی خوا و گۆڕینی ناویش لەو پێناوەدا. لە ئەبی شورەیح: دەگێڕنەوە کە بە کونیەی (أبو الحكم) بانگ دەکرا. پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (بەڕاستی تەنها خوا خۆی حەکەم و بڕیاردەرە و حوکم و بڕیاریش هەر بۆ لای ئەوە)، ئەویش وتی: قەومەکەی من ئەگەر لە شتێکدا ناکۆکیان تێ بکەوتایە، دەهاتن بۆ لام و منیش حوکم و دادوەریم دەکرد لە نێوانیاندا هەردوو کۆمەڵەکە ڕازی دەبوون. فەرمووی: (ئای ئەمە چەندە چاکە. تۆ چەند منداڵت هەیە؟) وتم: شورەیح و موسلیم و (عبد الله). فەرمووی: (کامە گەورەکەیانە؟) وتم: شورەیح. فەرمووی: (تۆ ئەبو شورەیحیت). ئەبو داود و غەیری ئەویش گێڕاویەتیەوە.

••••••

وتەی: (**إِنَّ اللَّهَ هو الْحَكَمُ. وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ**) خوا ﷻ لە دنیاو دواڕۆژ (حَكَمَ)ە دادوەرە، حوکم لە نێوان بەدیهێنراوەکانی دەکات لە دنیادا بەو وەحی و سروشەی دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکانی، هیچ کێشەیەك نیە ئیللا خوا حوکم و بڕیاری هەیە لەبارەیەوە بەوەی دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی لە قورئان و حیکمەت، خوا شارەزابوونی ئاسان کردوە بۆ زۆربەی زانایانی ئەم ئوممەتە، هەرگیز لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە، زانایان ئەگەرچی ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەبێت لە هەندێ لە حوکم و بڕیارەکان هەر دەبێ یەکێکیان پێکابێتی، هەرکەسێك خوا توانای تێگەیشتنی پێ دابێت و بەهرەشی پێبەخشی بێت بۆ تێگەشتنی ڕاست لە وتەکانی زانایان خوا بە فەزڵ و چاکەو منەتی خۆی ئەوەی بۆ ئاسان کردوە، ئای چەندە بەخشێکی مەزنە، لە خوا داوا دەکەین لە فەزڵی خۆیمان پێ ببەخشێ.

وتەی: (**وَإِلَيْهِ الْحُكْمُ في الدنيا والآخرة**) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ﴿١٠﴾ ﴾**الشورى**. (واتە: وە هەر شتێك کە تێیدا جیاواز بوون ئەوە بڕیارەکەی بۆلای خوا دەگەڕێتەوە) وە فەرموویەتی: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾ ﴾**النساء**. (واتە: جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆلای خواو پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخوا و بەڕۆژی دوایی ئەوە باشترە وە ئاکام و ئەنجامی چاکترە) جا حوکم و بڕیار بۆ لای خوا: بریتیە لە حوکم و بڕیار بۆ لای کتێبەکەی، حوکم و بڕیاریش بۆ لای پێغەمبەرەکەی حوکم بردنە بۆ لای لە ژیانیدا، وە بۆ لای سوننەتەکەی دوای مردنی.

پێغەمبەر ﷺ بە موعازی فەرموو کاتێ ناردی بۆ یەمەن: (بم تحكم؟) واتە: بەچی حوکم دەکەی؟ وتی: بە کتێبی خوا: فەرمووی: (فإن لم تجد؟) واتە: ئەگەر دەستت نەکەوت؟ وتی: بە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ. فەرمووی: (فإن لم تجد ؟) واتە: ئەگەر دەستت نەکەوت؟ وتی: کۆشش دەکەم و بە بۆچوونی خۆم. فەرمووی: (**الْحَمْدُ لِلَّهِ الذي وَفَّقَ رَسُولَ رسول اللَّهِ لِمَا يُرْضِي رَسُولَ اللَّهِ**)[1]. واتە: ستایش بۆ ئەو خوایەی نێردراوی پێغەمبەری خوای سەرکەوتوو کرد لەوەی پێغەمبەرەکەی ڕازی دەکات.

جا موعازی کوڕی جەبەل لە دیارترینی هاوەڵان بوو لە زانینی ئەحکامەکان و شارەزایی لە حەڵاڵ و حەرام، وە شارەزابوون لە ئەحکامەکانی قورئان و سوننەت. لەبەر ئەمەیە بۆی دروست بوو ئیجتهاد بکات ئەگەر لە بابەتەکەدا حوکمێکی نەبینیبایە نە لە قورئان نە لە سوننەت، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ، وە پێش ئەمڕۆش ڕوودەدات لەو کەسانەی ڕۆچوون لە ئەحکامەکان بە بێ ئەوەی شارەزاییان بێت لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، وا گومانە بات کە دروستە بۆی ئیجتیهاد بکات سەرەڕای نەزانی بە حوکمەکانی قورئان و سوننەت، ئەمە زۆر دورە.

بەڵام ڕۆژی دوایی کەس حوکم ناکات لەنێوان دروستکراوەکاندا جگە لە خوا کاتێ دادەبەزێ بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیار لە نێوان بەندەکانی، حوکم و دادوەری دەکات لە نێوان دروستکراوەکانی

---

(١) أخرجه أبو داود في الأقضية (٣٥٩٢)، وأخرجه الترمذي في الأحكام (١٣٢٧)، وقال الشيخ الألباني: منكر. ثم بين وجه نكارته في بحث ماتع في الضعيفة (٨٨١)، فانظره هناك.

بە زانستی خۆی، ئەو زاتەیە هیچ شتێکی لێ شاراوە نیە لە کردەوەی دروستکراوەکانی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٤٠﴾﴾النساء. (واتە: بەڕاستی خوا بە ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم ناکات وە ئەگەر چاکەیەک هەبێت خودا چەند دانەی دەکاتەوە و لە لایەن خۆیەوە پاداشتێکی گەورە دەبەخشێت). حوکمیش لە ڕۆژی دواییدا بە پێی چاکەکان و خراپەکان دەبێت، چاکەی کەسی ستەمکار وەردەگیرێ بۆ ستەم لێکراو بەئەندازەی ئەو ستەمەی کردویەتی، ئەگەر چاکەی هەبوو، ئەگەر چاکەشی نەبوو لەتاوان و گوناهی ستەم لێکراو وەردەگیرێ و دەخرێتە سەر تاوانەکانی ستەمکار، هیچ شتێك بەناحەق بۆ کەس زیاد و کەم ناکرێ.

وتەی: (**فإنَّ قَوْمِي إذا اخْتَلَفُوا في شَيْءٍ أَتَوْنِي فَحَكَمْتُ بَيْنَهُمْ فَرَضِيَ كِلَا الْفَرِيقَيْنِ، فقال رسول اللَّهِ** ﷺ: (**ما أَحْسَنَ هذا**) مانای ئەوەیە -خوا زاناترە- ئەبو شورەیح کاتێ قەومەکەی زانیان پیاوێکی بە ویژدانە و هەوڵدەدات هەردوو لا ڕازی بکات و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا بکات بە دادپەروەری، بۆیە لایان بووبە کەسێکی جێگای متمانە و ڕازیبوون، ئائەمەیە ئاشتەوایی: چونکە خولگەی لە دەوری ڕازیبوون دەسوڕێتەوە نەك بەزۆرو ناچارکردن. وە نەك لەسەر جادوگەرو فاڵ گرەوەکان و خاوەن کتێبەکان لە جولەکەو گاورەکان، نەك لەسەر پاڵپشتی بە لای یاسا دەستکردەکانی ئەهلی جاهیلیەت لە حوکمی گەوەرکانیان و پێشینەکانیان کە پێچەوانەی حوکمی قورئان و سوننەتە. وەك چۆن بە زۆری لە ئەمڕۆدا هەیە، وەك حاڵی **طاغووتەکان** ئەوانەی لاناکەنەوە نە بۆ لای حوکمی خواو نە بۆ لای حوکمی پێغەمبەرەکەی. بەڵکو ئەوە گرنگە لە لایان کە بە پێی هەواو ئارەزوویان حوکم بکەن.

هەندێ جار هەندێ کەسی لاسایی کەر(تەقلید) بۆ کەسێ کە لاسایی کردنەوەی دروست نیە دەبنە پاشکۆ، پشت بە قسەی ئەوکەسە دەبەستێ کە تەقلیدی کردوە و واز لەوە دەهێنێ کە پێویستە و ڕاستە و ڕێکاو ڕێك دێتەوە لەگەڵ بنەماکانی قورئان و سوننەت.

وتەی: (**فما لك من الْوَلَدِ؟) قلتُ: شُرَيْحٌ وَمُسْلِمٌ وَعَبْدُ اللَّهِ. قال: (فَمَنْ أَكْبَرُهُمْ؟) قلت: شُرَيْحٌ. قال: فَأَنْتَ أبو شُرَيْحٍ**) پێشخستنی منداڵی گەورەی تێدایە لە کونیە و جگە لەویش بە زۆری. ئەم مانایە هاتووە لە فەرموودەیەکدا. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێز گرتن لە ناوو سیفاتەکانی خوا، تەنانەت ئەگەر لەناونانە هەڵەکەشدا ماناکەی مەبەست نەبێت.

دووەم: گۆڕینی ناو لەپێناو ئەوەدا (پێویستە).

سێیەم: هەڵبژاردنی منداڵی گەورە بۆ نازناو کونیە.



بەشی ٤٧

ئەوەی گاڵتە بکات بە شتێك کە ناوی خوا، یان قورئان، یان پێغەمبەری تێدا بێت.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب من هزل بشيء فيه ذكر الله أو القرآن أو الرسول.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی گاڵتە بکات بە شتێك کە ناوی خوا، یان قورئان، یان پێغەمبەری تێدا بێت.

واتە: بێبڕوا بووە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾**التوبة.**

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (سوێند بێ ئەگەر پرسیاریان لێ کردیت بەڕاستی دەڵێن دڵنیابە ئێمە هەر دەمە تەقێ و گاڵتە دەکەین تۆش بڵێ: ئایا بە خواو بەڵگەکانی و پێغەمبەرەکەی ئێوە گاڵتەو لاقرتیتان دەکرد؟)

.....

وعَن ابن عمر، ومحمد بن كعب، وزيد بن أسلم،- وقتادة دخل حديث بعضهم في بعض- أنه قال رجل في غزوة تبوك: ما رأينا مثل قرائنا هؤلاء أرغب بطونا، ولا أكذب ألسنا، ولا أجبن عند اللقاء، يعني رسول الله ﷺ وأصحابه القراء، فقال له عوف بن مالك: كذبت ولكنك منافق، لأخبرن رسول الله ﷺ: فذهب عوف الى رسول الله ﷺ ليخبره، فوجد القرآن قد سبقه، فجاء ذلك الرجل إلى رسول الله ﷺ وقد ارتحل وركب ناقته، فقال يا رسول الله إنما كنا نخوض ونلعب ونتحدث حديث الركب، نقطع به عنا الطريق. قال ابن عمر: كأني أنظر إليه متعلقا بنسعة ناقة رسول الله ﷺ وإن الحجارة تنكب رجليه، وهو يقول: إنما كنا نخوض ونلعب. فيقول له رسول الله ﷺ: ﴿ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۚ ﴿٦٦﴾ ﴾ **التوبة.**

(لە ئیبنوعومەرو موحەممەدی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی ئەسەلەم و قەتادە گێڕاویانەتەوە -فەرموودەی هەندێکیان تێکەڵ بە هەندێکی تر بووە- بەم جۆرەیە: پیاوێك لە غەزای تەبووکدا وتی: کەسمان نەبینیوە وەکو ئەم قورئان خوێنانەمان ورگ شۆڕ و درۆزن و ترسنۆك بن لە جەنگدا،

مەبەستی پێغەمبەری خواو هاوەڵە قورئان خوێنەکانی بوو، عەوفی کوڕی مالیك وتی: درۆت کرد بەڵکو تۆ کەسێکی دوو ڕووی، سوێند بێت دەڕۆم بۆ پێغەمبەری باس دەکەم، ئینجا عەوف ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە، تەماشا دەکات قورئان پێشی کەوتووە و لەو بارەیەوە دابەزیوە. پیاوەکەش ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر ﷺ دەبینێ شوێنەکەی خۆی بەجێهێشتوەو سواری وشترەکەی بووە، جا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە ئەو قسانەمان تەنها بۆ خۆشی و گاڵتە و گەپ کردوە ماندوو بوونی ڕێگامانی پێ دەبڕینەوە. ئیبنوعومەر وتی: لە پێش چاومە ئەو پیاوە چۆن خۆی بە قایشی ژێرسکی وشترەکەی پێغەمبەرەوە هەڵواسیبوو، بەدەم ڕێگاوە قاچەکانی بەناو بەردەلآندا هەڵدەکەوت و دەیوت: (بەڕاستی ئێمە کاتمان بەو قسانە بەسەر دەبرد. پێغەمبەریش دەیفەرموو: ئایا بە خواو بە بەڵگەکانی و پێغەمبەرەکەی ئێوە گاڵتەو لاقرتیتان دەکرد؟ * بەهانە مەهێنەوە بەڕاستی ئێوە بێ بڕوا بوونەوە). نە ڕووی تێدەکرد، نە لەوە زیاتری دەکرد بۆی[1].

ئیبنوکەثیر لە تەفسیرەکەیدا وتی: ئەبو مەعشەری مەدەنی وتی لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزی و جگە لەویش وتیان: پیاوێك لە دوو ڕووەکان ..... تا کۆتایی فەرموودەکە). هەر وەکو ئەوەی پێشوو.

وە (عبد الله)ی کوڕی وەهب وتی: هیشامی کوڕی سەعد هەواڵی پێدام لە زەیدی کوڕی ئەسلەم لە (عبد الله)ی کوڕی عومەر وتی: پیاوێك لەناو کۆڕو کۆمەڵێکدا لە غەزای تەبووك وتی: ..... فەرموودەکە).

ئیبنوئیسحاق دەڵێ: کۆمەڵێك لە دوو ڕووەکان تیایاندا وەدیعەی کوڕی ثابت برای نەوەکانی ئوممەیە کوڕی زەید لە نەوەکانی عەمری کوڕی عەوف، وە پیاوێك لە زیرەکترین و بوێرترین پیاوەکانی بەنی سەلەمە پێی دەوترا: مەخشی کوڕی حومەیر، ئاماژەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ دەکرد لەکاتێکدا ئەو بەڕەو تەبووك دەچوو، هەندێکیان بە هەندێکی دیکەی وت: ئایا پێتان وایە جەنگی زۆران بازانی نەوەکانی (الأصفر) (مەبەستیان پێی ڕۆمەکان بوون) وەکو جەنگی عەرەب هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان وابێ؟ سوێند بە خوا وەکو ئەوە وایە سبەینێ بە کۆت و زنجیر بکرێین وەکو ترساندن و تۆقاندنێ بۆ بڕواداران مەخشی کوڕی حومەیر وتی: سوێند بەخوا حەزم دەکرد هەریەکێك لە ئێمە بەو بۆنەیەوە سەد داری لێ بدرێ، من گومان دەبەم لەبەر ئەم قسەیەتان ئایەتێك دابەزێت.

پێغەمبەر ﷺ بە عەماری کوڕی یاسری وت: (**أدرك القوم فإنهم قد احترقوا فَسَلْهم عما قالوا فإن أنكروا فقل بلى قلتم كذا وكذا**) واتە: بڕۆ بۆ لای ئەو قەومە چونکە ئەوان سوتان، پرسیاریان لێ بکە لەوەی وتویانە، ئەگەر نکوڵیان کرد بڵێ: بەڵکو واتان وتو واتان وت. عەمار ڕۆیشت بۆ لایان ئەوەی پێ وتن، ئەوانیش هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ عوزریان دەهێنایەوە. وەدیعەی کوڕی ثابت وتی: -لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ لەسەر وشترەکەی بوو- ئەویش دەستی گرتبوو بە قایشی ژێر سکی وشترەکەی دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی ئێمە بۆ خۆمان گەمە و گاڵتەمان دەکرد کاتمان

---

(١) تفسير الطبري(١٠/١١٩-١٢٠). وهو حسن.

بەو قسانە بەسەر دەبرد. مەخشی کوڕی حومەیر وتی: ئەی پێغەمبەر ناوی من و باوکمی لێ دەر بکە، هەروەک ئەوەی ئایەتەکە ئەوەی مەبەست بێ، وەک فەرموویەتی: ﴿إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً﴾ لەم ئایەتەدا مەخشی کوڕی حومەیری تێدایە ناونرا بە (عبدالرحمن)، داواشی لەخوا کرد بەشەهید بکوژرێ و کەس جێگاکەی نەزانێ، جا لە ڕۆژی یەمامەدا کوژراو هیچ شوێنەوارێکی نەدۆزرایەوە[1].

عیکریمە لە ڕاڤەکردنی ئەم ئایەتەدا وتویەتی: مەخشی یەکێک بوو لەوکەسانەی (إن شاء الله) خوا لێی خۆش بوو، دەیوت: خوایە من گوێبیستی ئایەتێک دەبم و پەیوەستە پێمەوە پێستەکان تەزوویان پێدا دێت و دڵەکان ترسیان لێ دەنشێ. خوایە مردنم بگێڕی بە کوشتن لە پێناوی تۆدا، تا کەسێک نەڵێت من شۆردم، من کفنم کرد، من ناشتم. لە جەنگی یەمامەدا لێی درا، کەسێک لە موسڵمانان نەبوو هەمویان دۆزراونەوە ئەو نەبێ.

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴾ واتە: بەم وتەی کە گاڵتەتان پێ دەکرد ﴿إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ ﴾ واتە مەخشی کوڕی حومەیر ﴿ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً ﴾ واتە: لە هەموتان خۆش نابێ، هەر دەبێ هەندێکتان سزا بدات ﴿ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴾ واتە: بە هۆی ئەم قسە نابەجێیەیەوە تاوانبارن.

شێخی ئیسلام وتویەتی: بێگومان خوا ﷻ فەرمانیداوە بە پێغەمبەرەکەی پێیان بڵێ: ﴿ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴾ وە (واتە: ئێوە بێبڕوا بوون دوای ئیمان هێنانتان) وتەی ئەوەی وتویەتی: ئەوان بێبڕوا بوون لە دوای بڕواهێنانیان بە زمانیان لەگەڵ ئەوەی یەکەم جار بەدڵیان بێبڕوا بوون: ڕەوا نیە، چونکە بڕواهێنان بە زمان لەگەڵ بێبڕایی دڵ ئەوە کوفری لەگەڵدایە، ناوتڕێ: ﴿ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴾ (واتە: ئێوە بێبڕوا بوون دوای ئیمان هێنانتان)، چونکە ئەوان لە هەمان کاتتدا بێبڕوا بوون، ئەگەر چی مەبەستیش ئەوە بێت ئێوە بێبڕواییتان ئاشکرا کردوە دوای ئەوەی ئیمانتان ئاشکرا کرد. چونکە ئەوان بێبڕواییان ئاشکرا نەکردبوو بۆ خەڵکی مەگەر بۆ هەندێک تایبەت بە خۆیان نەبێ، ئەوان لەگەڵ کەسانی تایبەت بەردەوام بەو شێوەیە بوون، دەستەواژەکە ئەوە ناگەیەنێت ئەوان بەردەوام دوو ڕوو بوون.

وە لە جێگایەکی دیکەدا وتویەتی: خوا هەواڵی داوە ئەوان بێبڕوا بوون دوای بڕوابوونیان سەرڕای ئەوەی وتیان: ئێمە قسەی کوفرەمان کردوە بەبێ ئەوەی لەناخمانەوە دەربچێ و بڕوامان پێی هەبێ، بەڵکو بەراستی ئێمە بۆ خۆمان گەمە و گاڵتەمان دەکرد کاتمان بەو قسانە بەسەر دەبرد، خوا ئاشکرای کردوە کە گاڵتە کردن بە ئایەتەکانی کوفرە. ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت کەسەکە دڵی بۆ کوفر کرابێتەوە، ئەگەر ئیمان لەدڵیدا ببوایەت ئەوە ڕێگری دەکرد ئەو جۆرە قسانە بکات، قورئانیش ڕوونی دەکاتەوە کە بەڕاستی ئیمانی دڵ ئەوە دەخوازێ کەسەکە بە کردەوەی ڕواڵەتیش ئیمان دار بێت بەپێی ئیمانەکەی، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی ﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (واتە: دوو ڕووەکان تەنها بە زمان دەڵێن: ئێمەش بڕوامان

---

(١) سيرة ابن هشام ٢/ ٥٢٤.

هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر و فەرمان بەرداریشین کە چی لە دوای ئەوە دەستەیەکیان ڕوو وەردەگێڕن و درۆ دەکەن) تا فەرمایشتی: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٥١﴾﴾ النور. (واتە: قسەی ئیمانداران تەنها ئەمەیە کاتێ بانگ بکرێن بۆلای بەرنامەی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەنێوانیاندا دەڵێن بیستمان و گوێڕایەڵین وە هەر ئەوانەن ڕزگار بووان). خوا ئیمانی نەفی کردوە لەو کەسەی ڕوو وەردەگێڕی لە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ، وە هەواڵی داوە بڕوادارانی کاتێ بانگ بکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی بۆ ئەوەی حوکم و دادپەروەری بکات لە نێوانیان، گوێبیستی دەبن و گوێڕایەڵی دەکەن، بۆیە ڕوونی کردوە کە ئەمە لە پێویستیەکانی ئیمانە.

وە تیایدایە: ڕوونکردنەوە، بێگومان مرۆڤ هەندێ جا بێبڕوا دەبێت بەهۆی وشەیەکەوە بەقسە دەیکات یان بە کردار ئەنجامی دەدات. تراسناکترینیان ویستی دڵە. ئەویش وەکو دەڕیایەکی بێ کەنار وایە. هەروەها ترساندنیشی تێدایە لە دوو ڕوویی گەورە. چونکە ئەوانەی بە ئیماندار داناوە پێش ئەوەی ئەو قسە بکەن کە کردیان، وەکو ئیبنوئەبی موڵەیکە دەڵێ: گەیشتم بە سی (٣٠) کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەموویان لە دوو ڕوویی دەترسان لە نەفسی خۆیان. داوای سەلامەتی و لێبوردەیی و لێخۆشبوون لە خوا دەکەین لە دنیاو دواڕۆژدا[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: گاڵتە کردن بە قورئان خوێنی پێغەمبەر ﷺ مەسەلەیەکی مەزنە، ئەوەی گاڵتە بکات بەمانە ئەوە کافر دەبێت.

دووەم: ئەمەش ڕاڤەی ئایەتەکەیە دەربارەی هەرکەسێك ئەمانە بکات، جا هەرکەس بێت.

سێیەم: جیاوازی لە نێوان قسە هێنان و قسەبردن و لە نێوان ئامۆژگاری بۆ خواو پێغەمبەرەکەی.

چوارەم: جیاوازی لە نێوان ئەو لێبوردنەی کە خوا پێی خۆشە و لە نێوان ڕەقی نوانن بەرانبەر دوژمنانی خوا.

پێنجەم: هەندێ بیانوو هێنانەوە هەیە نابێت وەربگیرێ.

---

(١) علقه البخاري في الإيمان باب خوف المؤمن من أن يحبط عمله. وانظر تعليق الحافظ عليه في الفتح.



بەشی ٤٨

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِنَّا ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِنَّا مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّي إِنَّ لِي عِندَهُ لَلْحُسْنَىٰ فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِمَا عَمِلُوا وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ ﴾ فصلت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە ئەگەر پێمان بەخشی میهرەبانیەك لەلایەن خۆمانەوە لە پاش زیانێك لێی کەوتووە دەڵێ: ئەمە هی خۆمە، وە گومان نابەم ڕۆژی دوایی بەرپا بێت، وە ئەگەر گەڕێندرامەوە بۆلای پەروەردگارم بێگومان لای خوا پاداشتی چاکترم هەیە جا سوێند بەخوا هەواڵ دەدەین بەوانەی بێ باوەڕ بوون بەوەی کردوویانە لە دونیا، وە سوێند بەخوا پێیان دەچەژین سزایەکی بەهێزو بەتین).

.....

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی کردوە لە ئیبنوعەباس و جگە لە ئەویشەوە لە ڕاڤەزانان لە مانای ئەم ئایەتەو ئەوەشی لە دوای ئەم ئایەتە دێت کەبەسە بۆ ماناو چارەسەریشە (بۆ تێگەیشتن).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال مجاهد: هذا بعملي وأنا محقوق به. وقال ابن عباس: يريد من عندي. وقوله: ﴿ قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي ﴿٧٨﴾ ﴾ القصص: قال قتادة: على علم مني بوجوه المكاسب: وقال آخرون: على علم من الله أني له أهل وهذا معنى قول مجاهد: أوتيته على شرف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: موجاهید وتویەتی: ئەمە بەهۆی کارو کەسابەتی خۆمەوە دەستم کەوتووە هەرخۆشم شیاوی ئەم نیعمەتانەم. ئیبنوعەباس دەڵێ: لە لایەن خۆمەوە بەدەستم هێناوە. دانەر دەڵێ: ﴿ قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي ﴿٧٨﴾ ﴾ **القصص.** قەتادە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێ: لەبەر ئەوە خوا ئەم نیعمەتانەی پێداوم بەهۆی زانیاری خۆمەوە و شارەزابوونم لە جۆرەها شێوە کەسابەت کردن. هەندێکی دیکە لە زانایانی پێشین وتویانە: لەبەر ئەوە خوا زانستی هەبووە کە من شیاوی ئەو نیعمەتەم، ئەمەش مانای وتەکەی موجاهیدە: لەبەر ئەوە پێم دراوە چونکە من خاوەن پلە و پایە و ڕێزم.

ئیبن کەثیر وتویەتی: لە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَٰهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍۚ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ ﴿٤٩﴾ ﴾الزمر. (واتە: لە پاشان هەرکاتێ بەهرەیەکمان پێدا دەڵێ: بەڕاستی ئەم بەهرەیەم پێ دراوە بەهۆی لێزانی خۆمەوە (وا نیە) بەڵکو ئەوە ئەزمون و تاقیکردنەوەیە). خوا هەواڵ دەدات بەڕاستی ئادەمیزاد لە حاڵەتی ناخۆشیدا پەنا دەباتە لای خوا و ملکەچی دەبێت و لێی دەپاڕێتەوە، پاشان ئەگەر نیعمەتێکی پێدا یاخی دەبێ و سنوور دەبەزێنێ و ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ ﴿٤٩﴾ ﴾ (واتە: دەڵێ: خوا دەزانێ من شیاوی ئەو نیعمەتەم، ئەگەر من لەلای خوا خاوەن بەختی چاك نەبوایەم خوا بەو شێوە ئەمەی پێم نەدەبەخشی. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ ﴿٤٩﴾ ﴾ واتە: نەخێر بەو شێوە نیە کە ئەم بیری لێدەکاتەوە بەڵکو ئەم نیعمەتەمان پێبەخشیوە بۆ ئەوەی تاقی بکەینەوە بزان گوێڕایەڵی دەکات یان سەرپێچی؟ لەگەڵ ئەوەی پێشتر زانیاریمان هەبووە بەوە ﴿ بَلْ هِىَ فِتْنَةٌ ﴾ واتە: تاقیکردنەوەیە ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ لەبەر ئەم نەفامیەیە ئەو دەڵێن کە دەیڵێن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەیکەن: ﴿ قَدْ قَالَهَا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ واتە: بێگومان ئەم قسەیەی کە کردویانە و ئەم پێوابوونەی کە پێیان وابوە و ئەم بانگەشەیەی کە بانگەشەیان بۆ کردوە قسەی زۆرێك لە ئوممەتەکانی پێش ئەمانیشە ﴿ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾ واتە: قسەکانیان ڕاست دەرنەچوو دەستە و کۆمەڵیشیان وە ئەوەشی بەدەستیان هێنا سوودی پێنەگەیاندن. وەك خوا دەربارەی قاروون هەواڵیداوە و فەرموویەتی: ﴿ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ۚ أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِۦ مِنَ ٱلْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا ۚ وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٧٨﴾ ﴾القصص. (واتە: کاتێ ئیماندارانی گەلەکەی پێیان وت دڵخۆش مەبە بەو سامانە بێگومان خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ دڵخۆشن و لە خۆبایی بوون بە سەروەت و سامانەوە* وە لەو گەنجینە و سامانەی خوا پێی داوی ئەو دنیای پێ بەدەست بێنە وە بەشی خۆیشت لەم دنیایە لەبیر نەچێ وە چاکە بکە لەگەڵ خەڵکدا هەر چۆنێ خوا چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووە وە لەسەر زەویدا بە شوێن خراپەدا مەگەڕێ بەڕاستی خوا خراپەکارانی خۆش ناوێ* قاروون وتی بێگومان ئەم سامانەم پێ دراوە بەهۆی زانیاریەکەوە کە هەمە ئایا قاروون نەیزانیوە کە بەڕاستی خوا لە چەرخەکانی پێش ئەمدا کەسانی وەهای لەناو بردووە کە لە قاروون بەهێزتر بوون کۆڕو کۆمەڵیشیان لەو زۆر تر بووە کاتێ سزای خوا هات پرسیار ناکرێ لە تاوانەکانی ئەم تاوانبارانە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُوا۟ نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾سبأ. (واتە: وە وتیان ئێمە سامان و منداڵمان زۆرترە لە ئێوە وە ئێمە قەت سزا نادرێین).

فەرموودەی هەرسێ کابرای بەڵەکاوی کەچەڵ و کوێر :

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن أبي هريرة أنه سمع رسول الله يقول: (إنَّ ثَلَاثَةً في بَنِي إسْرَائِيلَ: أبْرَصَ وَأقْرَعَ، وَأعْمَى. فأراد اللهُ أنْ يَبْتَلِيَهُمْ، فَبَعَثَ إلَيْهِمْ مَلَكًا. فَأتَى الأبْرَصَ، فقال: أيُّ شَيْءٍ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال: لَوْنٌ حَسَنٌ، وَجِلْدٌ حَسَنٌ، ويذهب عني الذي قد قَذِرَني الناس به، قال: فَمَسَحَهُ فَذَهَبَ عنه قذره، فَأُعْطِيَ لَوْنًا حَسَنًا وَجِلْدًا حَسَنًا. قال: أيُّ الْمَالِ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال: الإبِلُ أو قال البَقَرُ- شَكَّ إسحاق- فَأُعْطِيَ نَاقَةً عُشَرَاءَ، فقال: بارَكَ الله لك فيها. قال: فأتَى الأقْرَعَ، فقال: أيُّ شَيْءٍ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال شَعَرٌ حَسَنٌ، وَيَذْهَبُ عَنِّي هذا الذي قد قَذِرَني الناس به، فَمَسَحَهُ، فَذَهَبَ عنه، وَأُعْطِيَ شَعَرًا حَسَنًا. قال: أيُّ المَالِ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال: البَقَرُ أو الإبل، قال فَأعْطَاهُ بَقَرَةً حَامِلًا، فقال بارَكَ الله لك فيها. فأتَى الأعْمَى، فقال أيُّ شَيْءٍ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال: أن يَرُدَّ الله إليَّ بَصَرِي، فَأُبْصِرُ به الناس، قالَ فَمَسَحَهُ. فَرَدَّ الله إليه بَصَرَهُ، قال: فَأيُّ المَالِ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قال: الْغَنَمُ، فَأعْطَى شَاةً وَالِدًا فَأُنْتِجَ هَذَانِ، وَوَلَّدَ هذا. فَكَانَ لِهَذَا وَادٍ من الإبِلِ، وَلِهَذَا وَادٍ من بَقَرٍ، وَلِهَذَا وَادٍ من الغنم، قال: ثُمَّ إنه أتى الأبْرَصَ في صُورَتِهِ وَهَيْئَتِه، فقال: رَجُلٌ مسكينٌ وابن السبيل، قد انقَطَّعَتْ بيَ الْحِبَالُ في سَفَرِي هذا، فلا بَلَاغَ اليَوْمَ إلا بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ، أسْأَلُكَ بِالَّذِي أعْطَاكَ اللَّوْنَ الحَسَنَ وَالْجِلْدَ الْحَسَنَ وَالمَالَ بَعِيرًا أتَبَلَّغُ بي في سَفَرِي، فقال: الحُقُوقُ كَثِيرَةٌ، فقال له: كَأنِّي أعْرِفُكَ، أَلَمْ تَكُنْ أبْرَصَ يَقْذَرُكَ الناس، فَقِيرًا، فَأعْطَاكَ الله المال؟ فقال: إنما وَرِثْتُ هذا المال كَابِراً عن كَابِرٍ، فقال: إن كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ الله إلى ما كُنْتَ. قال: وَأتَى الأقْرَعَ في صُورَتِهِ وَهَيْئَتِه، فقال له مِثْلَ ما قال لِهَذَا، فَرَدَّ عليه مِثْلَ ما رَدَّ عليه هذا، فقال له: إن كُنْتَ كَاذِبًا فَصَيَّرَكَ الله إلى ما كُنْتَ، قال: وَأتَى الأعْمَى في صُورَتِهِ وَهَيْئَتِه، فقال: رَجُلٌ مسكينٌ وابن سَبِيلٍ. قَدِ انقَطَّعَتْ بيَ الْحِبَالُ في سَفَرِي. فلا بَلَاغَ لي اليَوْمَ إلا بِاللَّهِ ثُمَّ بِكَ. أسْأَلُكَ بِالَّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شَاةً أتَبَلَّغُ بها في سَفَرِي، فقال: قد كنت أعْمَى فَرَدَّ الله بَصَرِي فَخُذْ ما شِئْتَ، ودع ماشئت، فَوَاللَّهِ لَا أجْهَدُكَ اليَوْمَ بِشَيْءٍ أخَذْتَهُ لِلَّهِ. فقال: أمْسِكْ مَالَكَ فَإنَّمَا ابْتُلِيتُمْ، فَقَدْ رضي الله عَنْكَ وَسَخِطَ على صَاحِبَيْكَ) [1]. أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبو هورەیرەوە گوێبیستی پێغەمبەر بوو دەیفەرموو: سێ کەس هەبوون لە نەوەکانی ئیسرائیل، بەڵەکاوێك و کەچەڵێك و کوێرێك، خوا ویستی تاقیان بکاتەوە فریشتەیەکی نارد بۆ لایان، (سەرەتا) ڕۆیشت بۆ لای بەڵەکاوێکە، وتی: چ شتێك لەلای تۆ خۆشەویستە؟ وتی: ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوان، ئەم نەخۆشیەشم لەسەر لابێت کە بەهۆیەوە خەڵکی قیزم لێ دەکەنەوە، ئینجا فریشتەکە دەستی هێنا بە گیانیدا گەڕیەکەی نەماو پێستێکی جوان و ڕەنگێکی جوانی پێبەخشرا. فریشتەکە وتی: حەزت لە چ مالێکە، ئەویش وشتری وت یان مانگا -ئیسحاق گومانی هەبوو کامیانی وت- ئینجا وشترێکی ئاوسی پێدرا، وتی: خوا بەرەکەتی تێ بخا بۆت. دواتر فریشتەکە ڕۆیشت بۆ لای پیاوە کەچەڵەکە وتی: چ شتێك لەلای تۆ خۆشەویستە؟

---

(١) أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٦٤) فتح، ومسلم في الزهد (٢٩٦٤) عبدالباقي.

وتی: قژێکی جوان، ئەم نەخۆشیەشم لەسەر لابات کە بەهۆیەوە خەڵکی قیزم لێ دەکەنەوە، ئینجا فریشتەکە دەستی هێنا بە سەریدا نەخۆشی پێستەکەی نەماو قژێکی جوانی پێدرا، فریشتەکە وتی: حەزت لە چ مااڵێکە، ئەویش وتی: مانگا. ئینجا مانگایەکی ئاوسی پێدرا، وتی: خوا بەرەکەتی تێ بخا بۆت. دواتر فریشتەکە ڕۆیشت بۆ لای پیاوە کوێرەکە، وتی: چ شتێك لەلای تۆ خۆشەویستە؟ وتی: خوا هەردوو چاوم پێبداتەوەو خەڵکی پێ ببینم، ئینجا فریشتەکە دەستی هێنا بە سەر چاویدا، خوا چاوی بۆی گێڕایەوە. فریشتەکە وتی: حەزت لە چ مااڵێکە؟ ئەویش وتی: مەڕ، ئەوجا مەڕێکی ئاوسی پێدرا، دواتر وشترو مانگا و مەڕەکان کەوتنە زاو زێ، هەر یەکێکیان بوون بە خاوەنی دۆاڵێك وشتر، ئەوی دیکەشیان بوو بە خاوەن دۆاڵێك مانگا، ئەوی دیکەشیان بوو بە خاوەن دۆاڵێك مەڕ. پاشان فریشتەکە ڕۆیشت بۆ لای پیاوە بەڵەکاویەکە لەسەر شێوە و شکڵی جارانی ئەو پیاوە گەڕە، جا وتی: پیاوێکی هەژار و دوور لە وڵاتم، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم، هۆکارەکانی کەسابەتم لێ پچڕاوە مەگەر خوا یارمەتیم بدات پاشان تۆ، داوات لێ دەکەم لەبەر ئەو خوایەی ڕەنگی جوان و پێستی جوان و مااڵی جوانی پێ بەخشیوی، وشترێکم پێ بدەیت تا پێی بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم، پیاوەکەش وتی: حەق و مافەکان زۆرن لەسەرم. ئەویش وتی: دەتناسمەوە ئەی تۆ گەڕو گول نەبووی خەڵکی قیزیان لێ دەکردیتەوە، خوا مااڵ و سامانی پێ بەخشیت؟! ئەویش وتی: ئەم مااڵ و سامانەم لە باوباپیرە گەورەکانمەوە بۆ ماوەتەوە، ئەویش وتی: ئەگەر درۆ دەکەیت لە پێشدا چۆن بویت خوا وەك ئەوسات لێ بکاتەوە. پاشان فریشتەکە ڕۆیشت بۆ لای پیاوە کەچەڵەکە لەسەر شێوە و شکڵی جارانی ئەو پیاوە کەچەڵە، ئەوەی پێ وت کە بە پیاوە گەڕەکەی وت، ئەویش هەمان وەاڵمی پیاوە گەڕەکەی دایەوە، ئەویش وتی: ئەگەر درۆ دەکەیت لە پێشدا چۆن بویت خوا وەکو ئەوسات لێ بکاتەوە. پاشان فریشتەکە ڕۆیشت بۆ لای پیاوە کوێرەکە لەسەر شێوە و شکڵی جارانی ئەو پیاوە کوێرە، جا وتی: پیاوێکی هەژار و ڕیبوارو دوور لە وڵاتم، ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم، مەگەر خوا یارمەتیم بدات پاشان تۆ، داوات لێ دەکەم لەبەر ئەو خوایەی کە چاوی پێت بەخشیەوە مەڕێکم پێ بدەیت تا لە گەشتەکەمدا بەکاری بهێنم و بگەڕێمەوە شوێنی خۆم. پیاوەکە وتی: من کوێر بووم. خوا چاوی پێم بەخشیەوە، چیت دەوێت ببە. سوێند بەخوا هەرچی ببەیت کەم یان زۆر ڕێگریت لێ ناکەم. فریشتەکەش پێی وت: دەست بگرە بە مااڵی خۆتەوە، ئێوە تاقی کراونەوە ئەوە خوا لە تۆ ڕازی بوو، خەشم و قینیشی گرت لە دوو هاوەڵەکەت.

.....

وتەی: (**أخرجاه**) واتە: بوخاری و موسلیم. (**والناقة العُشَراء**) واتە: حوشتری ئاوس.

وتەی: (أنتج) لە ڕیوایەتێکی تردا (**فَنَتَّجَ**) واتە: بەدوای یەکدا بەچکەی بوو، وە (الناتج) بۆ حوشتر بەکار دێت، وەك چۆن (القابلة) بۆ ئافرەت بەکار دێت.

وتەی: (**وَلَّدَ هذا**) واتە: بێچوی بوو، ئەویش هەر بەمانای (**أنتَجَ**) دێت لە حوشتردا، جا (**المولد ء الناتجء القابلة**) هەر سێکیان بە یەك واتا دێن، بەاڵم ئەمەیان بۆ ئاژەاڵەو ئەوی تریان بۆ غەیری ئەوە.

وتەی: (**انقَطَّعَتْ بِيَ الْحِبَالُ**) هۆکارەکانم لێ پچڕا.

وتەی: (**لَا أَجْهَدُكَ**) مانای ئەوەیە لەسەرتی قورس ناکەم لە هەر شتێك کە بیبەی، یان داوای مالّ و سامانم لێ بکەی. نەوەوی باسی کردوە.

ئەمە فەرمودەیەکی مەزنە و پەندو ئامۆژگاری تێدایە، بێگومان دوانەکەی پێشوو ئینکاری نیعمەتی خوایان کردو دانیان پێدا نەناو ئەو نیعمەت و بەهرەیان نەداوە پاڵ ئەو زاتەی پێی بەخشیون، هەروەها مافی خواشیان تێدا نەدا، بۆیە خەشم و تووڕەیی خوا دایگرتن. بەڵام کابرای کوێر دانی بە نیعمەتی خوادا نا، وە دایە پاڵی ئەو زاتەی کە پێی بەخشیوەو حەق و مافەکانی خوایشی تێدا جێ بەجێ کرد، بۆیە شیاوی ڕەزامەندی خوا بوو بەهۆی بەجێهێنانی سوپاسگوزاری کردنی ئەو نازوو نیعمەتەی پێی بەخشیوە، وە هەر سێ پایەکانی سوپاسگوزاری بەجێهێنا، کە سوپاس گوزاری بەجێ ناهێنرێ بەوە نەبێ، ئەویش دان پێدانانە بە نیعمەت و دانەپاڵی ئەو زاتەیە کە بەخشیویەتی، وە بەکارهێنانێتی لەوەی پێی خۆشە.

ئیبنولقەییم وتویەتی: بنچینەی سوپاسگوزاری بریتیە لە دان پێدانان بە نیعمەتی ئەو زاتەی کە بەخشیویەتی، بەشێوەی ملکەچبوون بۆی و زەلیل بوون و خۆشەویستی، جا هەر کەسێ بە نیعمەت نەزانێ ئەوە نەفامەو سوپاسگوزاری خوای نەکردوە، هەر کەسێکیش نیعمەت بزانێ و ئەو زاتە نەناسێ کە پێی بەخشیوە ئەوە سوپاسگوزاری نەکردوە، وە هەر کەسێ نیعمەت بزانێ و ئەو زاتەیش بناسێ کە پێی بەخشیوە، بەڵام نکوولّی لێ بکات وەك چۆن کەسێك نکوولّی لە نیعمەتی ئەو زاتە دەکات کە پێی بەخشیوە، ئەوە سپڵەیی کردوە پێی، هەر کەسێکیش نیعمەت بزانێ و ئەو زاتەیش بناسێ کە پێی بەخشیوەو دانی پێدا بناو نکوولّی نەکات، بەڵام ملکەچی نەبێ و خۆشی نەوێ و پێی ڕازی نەبێ ئەوە سوپاسگوزاری ئەو زاتەی نەکردوە، وە هەرکەسێ نیعمەت بزانێ و ئەو زاتە بناسێ کە پێی بەخشیوەو دانی پێدا بنا و ملکەچی بەخشەری ئەو نیعمەتە بێ، وە خۆشی بوێ و لێی ڕازی بێ، نیعمەتەکانیشی پێخۆش بوون و گوێڕایەڵی ئەودا بەکارهێنا بێ، ئەمە سوپاسگوزارکەری ئەو زاتەیە، هەر دەبێ سوپاسگوزاری کردنیش لە زانستی دڵەوە بێت، کردەوەش شوێنی ئەو زانستە کەوتبێ ئەویش ڕووکردنە ئەو زاتەیە کە نازوونیعمەتی پێ بەخشیوە، وە خۆشویستنێتی و ملکەچبوونێتی بۆی.

وتەی: (**قَذِرَنِي الناس**) خەڵکی هەرکات بیان بینیایە قیزیان لێ دەکردەوەو لێی نزیك نەدەبوونەوە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری ئایەتەکە.

دووەم: مانای: ﴿لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي ۝٥٠﴾ .

سێیەم: مانای :﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ ۝٧٨﴾.

چوارەم: لەم چیرۆکە سەرسووڕهێنەرەدا چەندین پەندو ئامۆژگاری گەورەی تێدایە.



بەشی ٤٩

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٩٠﴾﴾الأعراف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (بەڵام کاتێك منداڵێکی چاکی پێدان چەند هاوبەشێکیان بۆ خوا دانا لەوەی کە پێی دابوون خوا لەوە بەرزو بڵندترە کە هاوبەشی بۆ دابنێن).

.....

ئیمامی ئەحمەد لە مانای ئایەتەکەدا وتی: (عبد الصمد) بۆمانی باس کرد عومەری کوڕی ئیبراهیم بۆمانی باس کرد قەتادە بۆمانی باس کرد لە حەسەن لە سەمورە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمووی: کاتێ حەوا منداڵی بوو ئیبلیس تەوافی کرد منداڵیان نەدەمایەوە جا وتی: ناوی بنێ بە (**عبد الحارث**) دەمێنێتەوە، ئەویش ناوی نا (**عبد الحارث**) ئینجا مایەوە. ئەوەش لە سروش و فەرمانی شەیتان بوو[1]. بەوشێوەیە ئیبنوجەریر لە موحەممەدی کوڕی بەشاری بوندار لە (عبد الصمد)ی کوڕی (**عبد الوارث**) هێناویەتی بە هەمان شێوە. وە ترمزی ڕیوایەتی کردوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە موحەممەدی کوڕی موسەننا لە (عبد الصمد) هێناویەتی بە هەمان شێوە. وتی: ئەمە فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە، نایزانین مەگەر لە فەرموودەی عومەری کوڕی ئیبراهیم، وە هەندێکیان لە (عبد الصمد)ەوە ڕیوایەتیان کردوە بەبێ ئەوەی ڕەفعی بکەن. حاکمیش ڕیوایەتی کردوە لە (مستدرك)ەکەیدا لە فەرموودەی (عبد الصمد) بە (مرفوع)، وتویەتی: ئەمە فەرموودەیەکە سەنەدەکەی صەحیحە بوخاری و موسلیم دەریان نەهێناوە. وە پێشەوا ئەبو موحەممەدی کوڕی ئەبی حاتەم لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی لە ئەبو زورعەی ڕازی لە هیلالی کوڕی فەییاز لە عومەری کوڕی ئیبراهیمەوە هێناویەتی بە مەرفوعی.

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٠٧٧)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٣٤٢)، والثابت هو تفسير الحسن رحمه الله، وهذا هو اللائق،

ئیبن جەریر وتویەتی: ئیبنووەکیع بۆمانی باس کردوە، سەهلی کوڕی یوسف لە عەمر لە حەسەنەوە ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ﴿١٩٠﴾﴾ وتی: ئەمە لەبارەی هەندی میللەتی دیکەوە بووە نەك ئادەم.

وە بیشری کوڕی موعاز بۆمانی باس کرد وتی: یەزید بۆمی باس کرد، سەعید بۆمانی باس کرد لە قەتادەوە وتی: حەسەن دەیوت: ئەوانە جولەکەو گاور بوون، خوا ڕزق و ڕۆزی دان بە منداڵ ئینجا کردنیان بە جولەکە و گاور[1]. ئەمە سەنەدێکی تەواوە لە حەسەنەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەیدا وتویەتی: بەڵام شوێنەوارەکان: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتویەتی لە داوودی کوڕی حوصەین لە عیکریمە لە ئیبنوعەباس وتی: حەوا چەند منداڵێکی بوو لە ئادەم ناویانی دەنا بە (عبد الله)و (عبيد الله) وێنەی ئەوانەش دواتر دەمردن، ئیبلیس هات بۆ لایان وتی: بەڵام ئێوە ئەگەر ناوی بگۆڕن بۆ ناوێکی دیکە ئەوە دەژی و نامرێت، دواتر منداڵی بوو ناوی نا بە (**عبد الحارث**)، لەوبارەوە خوا ئەمەی دابەزاند: ﴿**هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ** ﴿١٨٩﴾﴾**الأعراف**. (واتە: خوا ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردوە لە یەك کەس کە ئادەمە).

وە عەوفی وتویەتی لە ئیبن عەباسەوە: شەیتان هات بۆلایان و وتی: ئایا دەزانن منداڵێکی چۆنتان لە دایك دەبێت؟ ئایا دەزانن ئاژەڵە یان نا؟ شتی پڕوپووچی بۆیان جوان و ڕازاوە کرد، بەڕاستی شەیتان فریودەرێکی دیارو ئاشکرایە، پێش ئەوە دوو منداڵیان بوو هەردووکیان مردن، شەیتان پێی وتن: ئەگەر بەناوی منەوە ناوی لێ نەنێن ئەوە سەلامەت دەرناچێت، دەمرێت هەروەکو چۆن یەکەمین دوو منداڵتان مرد. ئەوانیش ناوی منداڵەکەیان نا بەناوی (**عبد الحارث**) ئەویش فەرمایشتی خوا بوو: ﴿**فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٩٠﴾**﴾.

لە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبنوعەباس وێنەی ئەوەی باس کردوە. وە ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە، ئەم شوێنەوارە کۆمەڵێك لە ئیبنوعەباسەوە وەریان گرتووە لە هاوەڵەکانی، لەوانە وەك موجاهید و عیکریمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو، لە چینی دووەمیش: قەتادە و سەدی و خەڵکانێك لە پاش ئەوان، هەروەها لە ڕاڤەزانانی موتەئخیرینیش کۆمەڵێکی زۆر لە ئەژمار نایەن. ئیبنوکەثیر وتویەتی: پێدەچێ بنچینەی ئەم باسە لە خاوەن کتێبەکانەوە وەرگیرابێت.

وتم: ئەمە زۆر دوورە.

---

(١) تفسير الطبري (١٥٥٢٦، ١٥٥٢٨).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال ابن حزم: اتفقوا على تحريم كل اسم مُعَبَّد لغير الله كعبدِ عمرو وعبدِ الكعبةِ، وما أشبه ذلك، حاشى عبدالمطلب[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتوێەتی: ئیبنوحەزم دەڵێ: زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرامکردنی هەر ناوێك پەرستشی پێوە بێت بۆ غەیری خوا وەکو: (عبد عمرو) بەندەی عەمرو (عبد الكعبة) بەندەی کەعبە جگە لە (عبد المطلب) بەندەی داواکەر.

.....

(ابن حزم): زانای ئەندەلوس، باوکی موحەممەد عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی سەعید کوڕی حەزمی قورطوبی **(الظاهري)** خاوەنی چەندین پەرتووکە، ساڵی چوارسەدو پەنجاو شەش کۆچی دوایی کردوە، حەفتاو دوو ساڵ ژیاوە..

(عبد المطلب) ئەم پیاوە: باپیری پێغەمبەر ﷺ بووە. کوڕی **(هَاشِم)**ی کوڕی **(عبد مَنَافِ)**ی کوڕی **(قُصَيٌّ)**ی کوڕی **(كِلَابِ)**ی کوڕی **(مُرَّةَ)**ی کوڕی**(كَعبِ)**ی کوڕی **(لُؤَيٌّ)**ی کوڕی **(غالِبِ)**ی کوڕی **(فِهْرِ)**ی کوڕی **(مَالِكِ)**ی کوڕی **(النَّضْرِ)**ی کوڕی **(كِنَانَةَ)**ی کوڕی **(خُزَيْمَةَ)**ی کوڕی **(مُدْرِكَةَ)**ی کوڕی **(إِلْيَاسَ)**ی کوڕی **(مُضَرٌ)**ی کوڕی **(نِزَار)**ی کوڕی **(مَعَدٌ)**ی کوڕی (عدنان)، ئەوەی لە سەروی عەدنانەوەیە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی. گومانی تێدا نیە ئەوان لە وەچەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلن، سەلامی خوایان لێ بێ.

ئیبنوحەزم باسی یەکدەنگی زانایانی کردوە دەربارەی قەدەغەکردنی هەر ناوێك پەرستشی پێوە بێت بۆ غەیری خوا، چونکە هاوبەشدانانە لە یەکتاپەرستی پەروەردگاریێتی پەرستراوێتیدا**(توحيد الربوبية والألوهية)**، چونکە بەشێکیان پەروەردگاریێتی هەموویان موڵك و بەندەی خوان، داوای لێ کردوون بە تەنها ئەو بپەرستن، لە یەکتاپەرستی پەروەردگاریێتی و پەرستراوێتیدا **(توحيد الربوبية والألوهية)**، هەندێکیان خوایان پەرستووە و بە تاکی داناوە لە پەروەردگاریێتی و پەرستراوێتیدا**(توحيد الربوبية والألوهية)**، هەندێکیشیان هاوبەشی بۆی داناوە لە پەرستراوێتیدا **(توحيد الإلهية)**، بەڵام دانی ناوە بە پەروەردگاریێتی و ناوو سیفاتەکانی **(توحيد الأسماء والصفات)**، وە بڕیارو حوکمە قەدەریەکانی هەردەبی جێبەجێ ببێت بەسەریاندا، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ ﴾ مریم. (واتە: هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان بە بەندەی دێنە لای خوای میهرەبان(هیچ کەسێ لەوانە نیە بەندەی خوای میهرەبان نەبێ) ئەمە بەندایەتی کردنی گشتگیرە.

بەڵام بەندایەتی تایبەت ئەوە تایبەتە بە ئەهلی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ﴿٣٦﴾ ﴾ الزمر. (واتە: ئایا خوا بۆ بەندەی خۆی پێغەمبەر ﷺ بەس نیە؟) وێنەی ئەمەش.

---

(١) انظر للأهمية في التعقيب عليه (معجم المناهي اللفظية) (ص ٣٨٠) وما بعدها.

وتەی: (**حاشی عبدالمطلب**) ئەمە جیاکردنەوەیە لە گشتیەك کە لە (کل) وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی ناونانی پێی مەترسیەکی تێدا نیە، چونکە بنچینەی ئەوە لە کۆێلایەتیەوە هاتووە، ئەویش ئەوەیە (**المطلب**) برای هاشم بووە گەورە بوو، هاتوەتە مەدینە، برازاکەی ئەم (**شيبة**) لە لای خاڵوانی (بەنی نەجارِ) لە خەزرەج گەشەی کردوە، چونکە هاشم ژنێکی لە ئەوان خواست و ئەم منداڵەی لێ بوو، کاتێ لە لای خاڵوانی پێگەیشت و گەنج بوو گەیشتە تەمەنی جیاکردنەوەی چاك و خراپ لە یەکتری، (**عبد المطلب**) لەگەڵ خۆی بردی بۆ مەککە شاری باوباپیرانی و هۆزەکە.

لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ مەککە، خەڵکی مەککە لە پشتی خۆی سەری خست بینیان ڕەنگی گۆڕاوە بە هۆی گەشتکردنەوە، وایان زانی بەندەی (**عبد المطلب**)ە، وتیان: ئەمە (**عبد المطلب**)، ئەو ناوە پەیوەست بوو پێیەوە، بۆیە هەر بەو شێوەیە بانگ دەکراو دەناسرا، (بەڵام خۆی ناوی (**شيبة الحمد**)، بۆیە مانای مەبەست بۆ ناوە ئەصلەکە نەمایەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**أنا ابن عبد المطلب**)[1]. لەناو قورەیش و عەرەبدا بووبە پیاوێکی گەورەو بەڕێز، پێشەواو گەورەی قورەیش بووە لەسەردەمی نەفامێتیاندا، ئەو چاڵی زەمزەمی کەند و بووبە مایەی ئاودانی حاجیان بۆ نەوەکانی لە دوای خۆی.

(عبد الله) باوکی پێغەمبەرە ﷺ یەکێك بوو لە کوڕەکانی (**عبد المطلب**)، لەژیانی باوکیدا کۆچی دوایی کرد. (**الحافظ صلاح الدين العلائي**) لە کتێبی (**الدرة السنية في مولد خير البرية**)دا وتویەتی: تەمەنی (عبد الله)ی باوکی پێغەمبەر ﷺ کاتێ ئامینە دووگیان بوو بە پێغەمبەر ﷺ لێی لە دەوری هەژدە ساڵیدا بوو، پاشان ڕۆیشت بۆ مەدینە بۆ ئەوەی خورما بۆ ماڵەوەی بهێنێتەوە، لەوێ لە لای خاڵوانی نەوەکانی عەدی کوڕی نەجار کۆچی دوایی کرد، پێغەمبەریش ئەو کات لەسکی دایکیدا بوو. لەسەر بۆچوونی ڕاست.

وتم: کەوابوو پێغەمبەر ﷺ -کاتێ دایکی داینا- لە ژێر کەفالەتی باپیرەیدا بوو (**عبد المطلب**).

زەهەبی وتویەتی: کاتێ باوکی پێغەمبەر ﷺ (عبد الله) کۆچی دوایی کرد، پێغەمبەر تەمەنی بیست و هەشت مانگ بوو، وتراوە کەمتر لەوە، وتراویشە لە سکی دایکدا بووە، لە مەدینە کۆچی کرد، بۆیە ڕۆیشت بۆ مەدینە خورمای تازە لەگەڵ خۆی بهێنێت، وتراوە: بەڵکو لە شام گەڕاوەتەوە و پێیدا تێپەڕیوە بیست و پێنج ساڵ تەمەنی کردوە. واقیدی وتویەتی: ئەوە چەسپاوترینی وتەکانە لە دیاریکردنی تەمەنی و مردنیدا. دایکی ئامینە لە (**الأبواء**) کۆچی دوایی کرد، کاتێ لەگەڵ خۆی دەیهێنایەوە بۆ مەککە لەسەردانیکردنی خاڵوانی باوکی نەوەکانی نەجارِ، ئەو ئەوکات تەمەنی شەش ساڵ و سەد ڕۆژ بوو، وتراوە تەمەنی چوار ساڵ بوو، کاتێ دایکی مرد ئوم ئەیمەن خزمەتکاری بردیەوە بۆ لای باپیرەی، ئەو لە کەفالەتی باپیرەیدا مایەوە تا کۆچی کرد، ئەوکات پێغەمبەر ﷺ تەمەنی هەشت ساڵ بوو وەسیەتی بۆ مامی (ئەبو **طالیب**) کرد بیگرێتە خۆی.

---

(١) أخرجه البخاري في الجهاد (٢٨٦٤) فتح، ومسلم في الجهاد (١٧٧٦) عبد الباقي.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن ابن عباس في الآية: قال: لما تَغشَّاها آدم حملت، فأتاهما إبليس. فقال: إني صاحبكما الذي أخرجتكما من الجنة، لتُطيعُنَّني أو لأجعلنَّ له قَرْني أيْلٍ، فيخرج من بطنك فَيَشقّه .ولأفعلنَّ ولأفعلنَّ، يخوِّفهما، سمِّياهُ عبد الحارث. فأبيا أن يُطيعاه، فخرج ميتاً. ثم حملت، فأتاهما. فقال مثل قوله، فأبيا أن يطيعاه، فخرج ميتاً، ثم حملت فأتاهما، فذكر لهما، فأدركهما حُبُّ الولد، فسمياه عبد الحارث، فذلك قوله: ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾ رواه ابن أبي حاتم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنوعەباسەوە لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا وتی: کاتێ ئادەم حەوای داپۆشی، ئیبلیس ڕۆیشت بۆ لایان. وتی: من هاوڕێکەی خۆتانم کە لە بەهەشت بە دەرکردنم دان، جا بەگوێم دەکەن یان دوو شاخی بزنە کێوی بۆ منداڵەکەتان دروست دەکەم، ئەوجا لە سکتەوە بێتەدەر سکت هەڵبدڕێت. ئەوە و ئەوە دەکەم، دەیترساندن، وتی ناوی بنێن بە (**عبد الحارث**). ئەوانیش بە گوێیان نەکرد، بۆیە بە مردوویی لەدایك بوو. پاشان جارێکی تر دووگیان بوو، هاتەوە بۆ لایان. هەمان قسەی پێشووی بۆ دووبارە کردنەوە، ئەوانیش گوێڕایەڵیان نەکرد، بۆیە بە مردوویی لەدایك بوو، پاشان جارێکی تر دووگیان بوو، جارێکی تر هات بۆلایان، هەمان وشەی بۆیان باس کرد. خۆشەویستی منداڵ چووە دڵیانەوە، بۆیە ناویان نا (**عبد الحارث**) ئەمەش ڕاڤەی ئەو ئایەتەیە﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾الاعراف. (واتە: چەند هاوبەشێکیان بۆ خوا دانا لەوەی کە پێی دابوون) ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە.

وتەی: (**وعن ابن عباس في الآية**) لە پێشەوە هاوشێوەمان هێنا لە ئیبنوعەباسەوە لە ڕووی ماناوە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولَهُ بسند صحيح عن قتادة قال: شركاء في طاعته ولم يكن في عبادته. وله بسند صحيح، عن مجاهد- في قوله: ﴿لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا﴾ قال: أشفقا أن لا يكون إنسانا. وذكر معناه عن الحسن، وسعيد، وغيرهما.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە ئیبنوئەبی حاتەمەوە بە سەنەدێکی ڕاست هاتووە لە قەتادەوە وتی: هاوبەشیان داناوە لە گوێڕایەڵی دا نەك لە پەرستشی. وە لە ئیبنوئەبی حاتەمەوە بە سەنەدێکی ڕاست هاتووە لە موجاهیدەوە -لە ڕاڤەی ﴿لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا﴾ **الأعراف**. (ئەگەر منداڵێکی چاك و تەواومان پێ ببەخشی) وتی: لەوە دەترسان منداڵەکەیان مرۆڤ نەبێت. واتای ئەوەش باسکراوە لە حەسەن و سەعید و جگە لەوانیش. وە مانای باسکراوە لە حەسەن و سەعیدو جگە لەوانیش.

.....

مامۆستامان ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: ئەم هاوبەشدانانە تەنها لەناوانداید مەبەست تیایدا ئەو حەقیقەتە نیە کە ئیبلیس مەبەستێتی، ئەویش هەڵگرتنێکی چاکە ڕوونی دەکاتەوە ئەوەی ڕوویداوە لە باوك و دایکیەوە لەوەی ناوی منداڵەکەیان ناوە بە (**عبد الحارث**) ئەوە تەنها ناونانێك بووە مەبەستیان پێی بە بەندەکردنی بۆ غەیری خوا نەبووە، ئەمەش مانای وتەکەی قەتادەیە کە وتویەتی: (**شركاء في طاعته ولم يكن في عبادته**) واتە: هاوبەشیان داناوە لە گوێڕایەڵی دا نەك لە پەرستشی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: قەدەغەکردنی هەر ناوێك پەرستشی تێدا بێت بۆ غەیری خوا.

دووەم: ڕاڤەی ئایەتەکە.﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿١٩٠﴾﴾.

سێیەم: ئەم هاوبەشدانانە تەنها لە ناونانی منداڵەکەدایە مەبەست پێی حەقیقەتی ناونانەکە نەبووە. (واتە: مەبەستیان ئەوە نەبووە کە منداڵەکەیان بە بەندەی شەیتان بزانن).

چوارەم: ئەگەر خوا کچێکی ساغ و سەلامەتی دا بە مرۆڤ ئەوە بەخششێکی گەورەیە.

پێنجەم: زانایانی پێشین باسی جیاوازی نێوان هاوبەشدانان لە گوێڕایەڵی و هاوبەشدانان لە عیبادەتدا کردوە.



بەشی ٥٠

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ الأعراف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: هەر بۆ خوایە جوانترین و چاکترینی ناوەکان جا ئێوەش بەو ناوانە بانگ و هاواری لێ بکەن واز بهێنن و نرخ دامەنێن بۆ ئەوانەی که له ناوەکانی خوادا گۆڕان و لادان دەکەن(دەیکەنە ناو بۆ بتەکانیان) بە زووبی تۆڵەی ئەوەی دەیانکرد لێیان دەسەنرێت).

.....

له ئەبی هورەیرەوە دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ إِسْمًا، مِائَةً إلا وَاحِدًا، من أَحْصَاهَا دخل الْجَنَّةَ، وهو وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ)**[1]. واتە: خوا نەوەد و نۆ ناوی هەیە، سەد ناوە جگە له یەک دانە، هەرکەسێك بیان ژمێرێت دەچێتە بەهەشتەوە، ئەو تاکەو تاکی خۆش دەوێ. بوخاری و موسلیم هێناویانە له فەرموودەی سوفیانی کوڕی عویەینە.

وە بوخاری گێڕاویەتیەوە له ئەبی یەمان له ئەبی زیناد له ئەعرەجەوە لێیەوە[2].

وە ترمزی دەریهێناوە له جامیعەکەیدا له[3] ئەلجەوزەجانی له صەفوانی کوڕی صاڵحەوە له وەلیدی کوڕی موسلم له شوعەیبەوە به سەنەدی خۆی وەك ئەو فەرموودە، وە له دوای **(يُحِبُّ الْوِتْرَ)** ئەمەشی زیاد کردوە: **(هُوَ اللَّهُ الَّذِي لا إِلَهَ إلا هُوَ، الرَّحْمَنُ، الرَّحِيمُ، الْمَلِكُ، الْقُدُّوسُ، السَّلامُ، الْمُؤْمِنُ، الْمُهَيْمِنُ، الْعَزِيزُ، الْجَبَّارُ، الْمُتَكَبِّرُ، الْخَالِقُ، الْبَارِئُ، الْمُصَوِّرُ، الْغَفَّارُ، الْقَهَّارُ، الْوَهَّابُ، الرَّزَّاقُ، الْفَتَّاحُ، الْعَلِيمُ، الْقَابِضُ، الْبَاسِطُ، الْخَافِضُ، الرَّافِعُ، الْمُعِزُّ، الْمُذِلُّ، السَّمِيعُ، الْبَصِيرُ، الْحَكَمُ، الْعَدْلُ، اللَّطِيفُ، الْخَبِيرُ، الْحَلِيمُ، الْعَظِيمُ، الْغَفُورُ، الشَّكُورُ، الْعَلِيُّ، الْكَبِيرُ، الْحَفِيظُ، الْمُقِيتُ، الْحَسِيبُ، الْجَلِيلُ، الْكَرِيمُ، الرَّقِيبُ، الْمُجِيبُ، الْوَاسِعُ، الْحَكِيمُ، الْوَدُودُ، الْمَجِيدُ، الْبَاعِثُ، الشَّهِيدُ، الْحَقُّ، الْوَكِيلُ، الْقَوِيُّ، الْمَتِينُ، الْوَلِيُّ،**

---

(١) أخرجه البخاري في الدعوات (٦٤١٠) فتح، ومسلم في الذكر (٢٦٧٧) عبدالباقي.

(٢) أخرجه البخاري في التوحيد (٧٣٩٢) فتح، وهو عن أبي اليمان عن شعيب بن أبي حمزة عن أبي الزناد به.

(٣) استدراك من تفيسر ابن كثير (٢٩٨/٢).

الْحَمِيدُ، الْمُحْصِي، الْمُبْدِئُ، الْمُعِيدُ، الْمُحْيِي، الْمُمِيتُ، الْحَيُّ، الْقَيُّومُ، الْوَاجِدُ، الْمَاجِدُ، الْوَاحِدُ، الأَحَدُ، الفرد، الصَّمَدُ، الْقَادِرُ، الْمُقْتَدِرُ، الْمُقَدِّمُ، الْمُؤَخِّرُ، الأَوَّلُ، الآخِرُ، الظَّاهِرُ، الْبَاطِنُ،الْوَالِي، الْمُتَعَالِي، الْبَرُّ، التَّوَّابُ، الْمُنْتَقِمُ، الْعَفُوُّ، الرَّءُوفُ، مَالِكُ الْمُلْكِ، ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ، الْمُقْسِطُ، الْجَامِعُ، الْغَنِيُّ، الْمُغْنِي، الْمُعْطِي، الْمَانِعُ، الضَّار، النافع، النُّورُ، الْهَادِي، الْبَدِيعُ، الْبَاقِي، الْوَارِثُ، الرَّشِيدُ، الصَّبُورُ) [1]. پاشان ترمزی وتی: ئەمە فەرموودەیەکی غەریبە. بێگومان ڕیوایەتکراوە لە چەندین ڕووەوە لە ئەبو هورەیرە، نازانین لە زۆربەی ڕیوایەتەکاندا باسی ناوەکان کرابێ مەگەر لەم فەرموودەیەدا.

ئەوەی کۆمەڵێك لە شارەزایان پشتیان پێ بەستووە بێگومان گێرنەوەی ناوەکان لەم فەرموودەیەدا (مدرج)ی تێدایە.

ئەویش وەك ئەوەی ڕیوایەتی کردوە وەلیدی کوڕی موسلیم و عەبدولمەلیکی کوڕی مەحەممەدی صەنعانی لە زوهەیری کوڕی موحەممەد کە پێی گەیشتووە لە چەندین کەس لە زانایانەوە ئەوانیش هەر ئەوەیان وتووە، واتە: ئەوان کۆیان کردۆتەوە لە قورئاندا، وەك چۆن ڕیوایەت کراوە لە جەعفەری کوڕی مەحەممەدو سوفیان و ئەبو زەیدی (اللغوی). خوا زاناترە.

ئەمە ئەوەیە کە ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەیدا باسی کردوە. پاشان وتویەتی: بۆ ئەوەی بزانرێ کە ناوە جوانەکانی خوا ﷻ کورت هەڵنەهێنراوە لە نەوەدو نۆ ناودا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی ئەحمەد لە یەزیدی کوڕی هارووون گێڕاویەتیەوە لە فوزەیلی کوڕی مەرزوق، لە ئەبی سەلەمەی جوهەنی لە قاسمی کوڕی کوڕی (عبدالرحمن) ئەویش لە باوکیەوە لە (عبدالله)ی کوڕی مەسعود لە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: **(مَا أَصَابَ أحداً قَطُّ هَمٌّ ولا حَزَنٌ فقال: اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ، ابْنُ عَبْدِكَ. ابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِي حُكْمُكَ. عَدْلٌ فِي قَضَاؤُكَ. أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ. سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ. أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ. أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ. أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ. أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صدري وَجِلاءَ حُزْنِي. وَذَهَابَ هَمِّي وغمي. إلا أَذْهَبَ اللَّهُ هَمَّهُ و حُزْنه. وَأَبْدَلَهُ مَكَانَ حُزْنِهِ فَرَحًا) فقيل يَا رَسُولَ اللَّهِ: ألا نتعلمها؟ فقال: (بلى.يَنْبَغِي لِمَنْ سَمِعَهَا أَنْ يَتَعَلَّمَها)** [2] واتە: هیچ کەسێك نیە تووشی خەم و پەژارەو بێ تاقەتی بووبێ پاشان بڵێ: خوایە من بەندەی تۆم، کوڕی بەندەی تۆم، کۆڕی کەنیزەکی تۆم. پێشەسەرم بە دەستی تۆیە، بڕیاری من لەلای تۆ ڕابردوە، بڕیاری تۆ لەبارەی من پڕە لە دادپەروەری، خوایە داوات لێ دەکەم بە هەر ناوێك کە هی تۆیە، ناوت لە خۆت ناوە پێی، یان لە کتێبەکەتدا داتبەزاندووە، یان کەسێکت لە بەدیهێنراوەکان فێر کردوە، یان تەنها خۆت دەیزانی لە زانستی پەنهان هەڵتگرتووە، قورئانی مەزن بکەیتە بارانی دڵم و ڕووناکی سنگ و دەروونم، وە دوور خستنەوەی ناخۆشیەکانم و لابردنی خەم و خەفەتم، ئیللا خوا ﷻ خەم و خەفەت و پەژارەی لەسەر لادەبات، لە جێگای ئەوەدا خۆشی پێ دەبەخشێ) وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئایا فێری نەبین؟ ئەویش فەرمووی: (بەڵێ. پێویستە لەسەر ئەو کەسەی گوێبیستی دەبێ فێریشی ببێ).

---

(١) أخرجه الترمذي في الدعوات (٣٥٠٧) وابن ماجه في الدعاء (٣٨٦٢)، وهو ضعيف بذكر الأسماء، وهي مدرجة في الحديث كما ذكر الشارح رحمه الله.

(٢) أخرجه أحمد ٣٩١/١، وابن حبان(٩٧٢)، والحاكم ١/ ٥٠٩-٥١٠، وصححه شيخ الإسلام وتلميذه ابن القيم وكذلك الشيخ أحمد شاكر، والشيخ الألباني كما في الصحيحة (١٩٩).

مانای لادانیان لە ناوەکانی خوا :

عەوفی لە ئیبن عەباس وتویەتی لە تەفسیری فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ ﴿١٨٠﴾﴾ وتی: لادانی بێ دینان لەوەدایە: (اللات)یان بە یەکێك لە ناوەکانی خوا داناوە. ئیبنوجورەیج لە موجاهیدەوە وتویەتی: ﴿وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ ﴿١٨٠﴾﴾ وتی: (اللات) یان لە ناوی (الله)ەوە داتاشیوە، وە (العزی)یان لە ناوی (العزیز)ەوە وەرگرتووە.

قەتادە وتویەتی: (یلحدون): واتە: هاوبەشیان دادەنا، عەلی کوڕی ئەبی **طەلحە** لە ئیبن عەباسەوە وتویەتی: (الإلحاد) بریتیە لە بەدرودانان، وە بنچینەی (الإلحاد) لە زمانی عەرەبدا: لادانە لە مەبەست. لادان و ستەم و دەرچوونە. هەر لەوەشەوەی هاتووە ناوی گۆڕیان ناوە بە (اللحد)، چونکە بە ئاراستەی قیبلەدا بنکەنی بۆ دەکرێ.

ئیبنوقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی:

وحقيقة الالحاد فيها الميل بالاشراك والتعطيل والنكران

وە حەقیقەتی (الحاد) لادانە بە شەریك دانان و پەکخستن و نکوڵی.

وە ناوەکانی خوای گەورە هەموویان ناو و وەسفن خوایان پێ دەناسرێ و بەڵگەن لەسەر تەواوێتی ئەو زاتە.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: (الإلحاد) لادان لە ناوەکانی خوا، یان بەهۆی ئینکاری کردن و نکووڵی کردنیانە، یان بە ئینکاری کردنی ماناکانیان و پەکخستنیانە، یان بە لادانیانە لە صەواب و دەرکردنیەتی لە حەقیقەتی خۆیان بە تەئویلەکان، یان ناوەکان دەکات بە ناوی بەدیهێنراوەکان وەکو ئیلحادو لادانی (**أهل الإتحاد**). بێگومان ئەوان ناوەکانی خوایان کردوە بەناوی ئەم گەردوونە ستایشکراوو لۆمەکراوی، تا پێشەواکەیان وتویەتی: ئەو زاتە ناونراوە بە هەموو ناوێکی ستایش کراو بە عەقڵ و شەرع و داب و نەریت، وە بە هەموو ناوێکی سەرزەنشتکراو بە عەقڵ و شەرع و داب و نەریت، بەرزی و بڵندی بۆ خوا لەوەی کە دەیڵێن بە بەرزی و بڵندیەکی بێ وێنە.

وتم: ئەوەی ئەهلی سوننەو جەماعە بەگشتی لە سەریەتی پێشین و دواییەنیان بریتیە لە جێگیر کردنی ئەو سیفاتانەی خوا کە وەسفی نەفسی خۆی پێی کردوەو پێغەمبەرەکەیشی وەسفی پێ کردووە، لەوەی شیاوە بە گەورەیی و مەزنی خوا، جێگیر کردنێ بەبێ پێکچواندن (**بلا تمثيل**)، وە پاکڕاگرتنێ بەبێ پەکخستن(**بلا تعطيل**)، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾الشوری. (واتە: هیچ شتێك بە وێنەی خوا نیە ئەو بیسەری بینایە). بێگومان قسەکردن لە سیفاتەکاندا بەشێکە لە قسەکردن لە زاتی خوادا، هەر بە شوێنی ئەودا دەڕوات، وەك چۆن پێویستە مرۆڤ بزانێ بەوەی زاتی خوا لە هیچ شتێکی بەدیهێنراوەکان ناچێ، بە هەمان شێوە ئەو زاتە سیفاتەکانیشی لە سیفاتی بەدیهێنراوەکان ناچن، جا هەر کەسێ ئینکاری بکات لەشتێ لەوانەی خوا ﷻ وەسفی نەفسی خۆی پێ کردوە، یان پێغەمبەرەکەی ﷺ وەسفی پێ کردووە، یان لەیەکی داوەتەوە لەسەر غەیری ئەوەی لەماناکەیدا دەردەکەوێ، ئەوە کەسێکی جەهمیەو

شوێنی ڕێگای ئیمانداران نەکەوتووە، وەکو خوا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ النساء. (واتە: هەرکەسێك دژایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات دوای ئەوەی ڕێبازی ڕاستی بۆ ڕوون بووبێتەوە و شوێنی ڕێگایەکی تر بکەوێت بێجگە لە ڕێگای بڕوادارانی ڕووی وەردەگێڕین بۆ ئەو ڕێبازەی کە هەڵیبژاردووە و دەیخەینە دۆزەخ ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە)

هەروەها ئیبنولقەییم وتوویەتی: سودێکی گەورەیە

ئەوەی دەبێتە سیفەت یان هەواڵێك بۆ پەروەردگار چەندین بەشە:

یەکەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی زات، وەك ئەوەی بڵێی: (ذات وموجود) خودێکەو بوونی هەیە (وشەی (موجود) لێرەدا سیفەتە).

دووەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سیفاتەکانی، وەك (العليم، والقدير، والسميع والبصير)

سێیەم: ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کردارەکانی، وەك (الخالق، والرازق).

چوارەم: بەپاك ڕاگرتنی پوخت و پەتی. لەخۆگرتنی ئەبێ لە ڕوی جێگیریەوە بێ، چونکە تەواوی (کمال) لە نەبوونی پەتیدا (المحض) نیە. وەکو (القدوس والسلام).

پێنجەم: ناوێکە بەڵگەیە لەسەر کۆمەڵە سیفاتێك تایبەت نیە بە سیفەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر کۆمەڵە مانایەك، وەکو: (**المجيد العظيم الصمد**) چونکە (المجيد): ئەو زاتەیە وەسف کراوە بە کۆمەڵە سیفاتێکی زۆر لە سیفاتەکانی کەماڵێتی، ئاخاوتنەکەشی بەڵگەیە لەسەر ئەمە. ئەم ناوە دانراوە بۆ فراوانی و زیادەو زۆری، لەوانەش: (استمجد المرخ والعفار) واتە: ئەوەندە ئاگریان وەرگرت کە بەسیان بێ، وە (**أمجد الناقة**) ئالیکی زۆری دا بە حوشترەکە. وە لەوەش ﴿ذُو ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡمَجِيدُ ١٥﴾ **البروج**. (واتە: خاوەنی عەرشی بەرزو بەشکۆ) سیفەتی عەرشە لەبەر فراوانی و مەزنی و ڕێزو شکۆی. سەرنجدە ئەم ناوە چۆن گرێ دراوە بە داواکردنی صەلات لە لەیەن خواوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ فێری کردووین، چونکە لە پایەی داواکردنی زیاترە بۆ فراوانی بەخشین و زۆری و بەردەوام بوونی. جا لەم داواکاریەدا ناوێکی هێناوە کە داخوازیەتی، وەك دەڵێیت: لێم خۆش ببەو ڕەحمم لێ بکە بەڕاستی تۆ لێبوردەو بە ڕەحمی، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پاڕانەوە لێی بە هۆی ناووو سیفاتەکانی، ئەوە لە نزیکترین هۆکارەکان و خۆشەویست ترینیانە لە لای خوا. لەوانەش ئەو فەرموودەی کە لە موسنەدو ترمزیدا هاتووە: (**أَلِظُّوا بياذا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ**)[1]. واتە: وابەستە بن و بەزۆری بڵێن ئەی خاوەن گەورەیی و ڕێز. لەوانەش: (**اللهم إني أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لك الْحَمْدُ لَا إِلَهَ إلا أنت الْمَنَّانُ بَدِيعُ السماوات وَالْأَرْضِ يا ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ**)[2]. واتە: خوایە من

---

(١) أخرجه الترمذي في الدعواتى(٣٥٢٤).

(٢) أخرجه أبو داود في الصلاة (١٤٩٥)، والترمذي في الدعوات (٣٥٤٤)، والنسائي في السهو (١٣٠٠) أبو غدة، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٥٨)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبو داود (١٣٤٢)، ط غراس، الصحيحة (٣٤١١).

داوات لێ دەکەم بەوەی تۆ شایستەی ستایشیت و هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لە تۆی منەتکار نەبێت، داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ئەی خاوەن گەورەیی و ڕێز. ئەمە داواکردنە لێی و گرتنەبەری هۆکارە بۆ لای بە ستایشی و بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگە لەو زاتە منەتکارە. ئەو هۆکاری گرتوەتەبەر بە ناوو سیفاتەکانی. ئای ئەوە چەندە شیاوی وەرگرتنە لەلای داوالێکراو پێگەکەی چەند گەورەیە. ئەمە بەشێکی گەورەیە لە بەشەکانی یەکتاپەرستی.

شەشەم: سیفەتێکە بەدەسن دێت لە گەیشتنی یەکێك لەو دوو ناوو وەسفە بەوی تر، (جا هاتنیان پێکەوە) ئەندازەیەکی زیاتر مانا دەبەخشن وەك لەوەی بەتەنها بێن، وەکو (**الغني الحميد، الغفور القدير، الحميد المجيد**) بەو شێوەیە هەموو ئەو سیفاتانەی پێکەوە هاتوون و ئەو ناوانەی بە جووت هاتوون لە قورئاندا. چونکە (**الغني**) سیفەتی کەماڵە و (الحمد) بە هەمان شێوە، جا هاتنی (**الغني**) لەگەڵ (الحميد) کەماڵێکی دیکەی دەبەخشێ، ئەو زاتە ستایشکراوە لە بێ نیازی و ستایش کراوە لە ستایشکردنی (حمد)ی، وە ستایشکراوە لە پێکەوە هاتنی (الغنى والحميد)، بەهەمان شێوەش (الغفور القدير، والحميد المجيد، والعزيز الحكيم)، جوان سەرنجی بدە بەڕاستی ئەوە بەڕێزترینی زانیاریەکانە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: چەسپاندنی ناوەکانی خوا.

دووەم: ناوەکانی خوا هەموویان لە ئەوپەڕی جوانیدان.

سێیەم: فەرمان کراوە بەو ناوانەوە داوا لە خوا بکەین.

چوارەم: وازهێنان لەو کەسانەی بەرهەڵستی ناوەکانی خوا دەکەن لە نەفامەکان و بێ دینان.

پێنجەم: ڕاڤەکردنی (الإلحاد) لادان لە ناوەکانی خوا.

شەشەم: هەڕەشە لەو کەسانەی کە لادەدەن لەو ناوانە.



بەشی ٥١

نابێت بوترێت: سەلام لەسەر خوا

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: لا يقال السلام على الله.

عن ابن مسعود قال: (كنا إذا كُنَّا مَع النَّبِيِّ ﷺ في الصَّلَاةِ، قُلْنَا: السَّلَامُ على اللَّهِ من عِبَادِهِ، السَّلَامُ على فُلَانٍ وَفُلَانٍ، فقال النَّبِيُّ ﷺ لَا تَقُولُوا: السَّلَامُ على اللَّهِ، فإن اللَّهَ هو السَّلَامُ)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی نابێت بوترێت: سەلام لەسەر خوا.

لە صەحیحیدا لە ئیبنومەسعوودەوە وتی: ئێمە ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەر ببوایەن لەناو نوێژ، دەمانوت: سەلام لەسەر خوا لە لایەن بەندەکانی، سەلام لە فلان و فلانکەس، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (مەڵێن سەلام لەسەر خوا، چونکە خوا هەر خۆی سەلامە).

.....

ئەم فەرموودەیە بوخاری و موسلیم و ئەبو داوود و نەسائی و ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەی شەقیقی کوڕی سەلەمە لە (عبد الله)ی کوڕی مەسعوود وتی: ئێمە ئەگەر لەناو نوێژدا دابنیشتایەین لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەمانوت: سەلام لەسەر خوا پێش بەندەکانی، سەلام لە فلان و فلانەکەس ... فەرموودەکە[1]. لە کۆتایەکەشیدا باسی شایەتمانی کردوە لە تەحیاتی کۆتاییدا.

ترمزی ڕیوایەتی کردوە لە فەرموودەی ئەسوەدی کوڕی یەزید لە ئیبنومەسعوود. هۆکاری قەدەغەکردنەکەشی لە فەرموودەکەدا باس کردوە وەك فەرموویەتی: **(فإن اللَّهَ هو السَّلَامُ ومنه السلام)**[2].

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لە نوێژی فەرز ببوایەتەوە سێ جار (استغفر الله)ی دەکرد و دەیوت: **(اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ تَبَارَكْتَ يَا ذَا الْجَلَالِ وَالإِكْرَامِ)**[3]. واتە: خوایە تۆ سەلامیت، سەلامیش هەر لە لایەن تۆوەیە، مەزنی بۆ تۆ ئەی خاوەن گەورەیی و ڕێز. لە فەرموودەدا هاتووە ئەمە سڵاوی ئەهلی

---

(١) أخرجه البخاري في الأذان (٨٣٥) فتح، ومسلم في الصلاة (٤٠٢) عبد الباقي.

(٢) هذا اللفظ ليس عند الترمذي، وإنما شطره الأول عند مسلم كما في التخريجي السابق.

(٣) أخرجه مسلم في المساجد (٥٩١) عبد الباقي.

بەهەشتە بۆ پەروەردگاریان[1]. وە لە قورئانیشدا هاتووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پەروەردگار سڵاویان لێ دەکات لە بەهەشتدا. وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ﴿٥٨﴾ ﴾یس. (واتە: سەلامیان لێ دەکرێ بە وتەیەك لە لایەن پەروەردگاریانەوە).

مانای وتەی: **(إن اللَّهَ هو السَّلَامُ)** خوا سەلامەتە لە هەمو و ناتەواویەك، وە لە هەموو پێك چواندنێك **(التمثيل)**. ئەو وەسفکراوە بە هەموو کەماڵ، پاکڕاگیراوە لە هەموو ناتەواوی و کەموکوڕیەك.

ئیبنولقەییم لە (بدائع الفوائد)دا دەڵێ: (السلام) ناوی چاوگە (اسم المصدر). لە دەستەواژەکانی پاڕانەوەیە. بنیادنان و هەواڵ **(الإنشاء والإخبار)** لەخۆ دەگرێت، لایەنی هەواڵی **(الخبرية)** پێچەوانەی لایەنی **(الإنشائی)** نابێتەوە. ئەویش مانای ئەو سەلامەیە کە پێویستە لەکاتی سەلام کردن. دوو بۆچوونی بەناوبانگی لەسەرە:

یەکەم: وشەی (السلام) لێرەدا واتە: خوا ﷻ، مانای قسەکەش. بەرەکەتی خوا دابەزی بۆ سەرتان وێنەی ئەوەش. ناوی (السلام) لەناو ناوەکانی خوا هەڵبژێردراوە بۆ ئەم واتەیە جگە لە ناوەکانی دیکە.

دووەم: وشەی (السلام) چاوگە بە مانای سەلامەتی دێت. ئەوەش داواکراوو مەبەستە لەکاتی سەلام کردندا، لە بەڵگەکانی خاوەنی ئەم وتەیە: وشەی (السلام) بە نەناسراوی دێت، موسڵمان دەڵێ: (سلام علیکم) ئەگەر ناوێك بوایە لە ناوەکانی خوا بەوشێوەیە بەکار نەدەهێنرا. یەکێکی تر لە بەڵگەکانیان ئەوەیە مەبەست لە سەلام ئەم مانا نیە، بەڵکو مەبەست پێی ڕاگەیاندنی سەلامەتی یە هەواڵ و بە پاڕانەوەش.

ئیبنولقەییم وتویەتی: وتەی یەکلاکەرەوە ئەمەیە کە بوترێ: حەق لە کۆ کراوەی ئەو دوو بۆچوونە دایە. هەریەکەیان هەندێ حەقیان لە لایە، ڕاستیش لە کۆ کراوەی هەردوکیاندایە. ئەوەش ڕوون دەبێتەوە بە یاسایەك. ئەویش ئەوەیە: ئەوکەسەی بە ناوە جوانەکانی خوا دەپاڕێتەوە حەقی خۆیەتی بە هەموو شێوەیەك داوا بکات و بە کام ناو ئەوە دەخوازی و گونجاوە لەگەڵ پاڕانەوەکەیدا بپاڕێتەوە و تکای پێ بکات بۆ لای خوا، جا ئەگەر وتی: **(رب اغفر لي وتب علي إنك أنت التواب الغفور)** واتە: پەروەردگارم لێم خۆشبە و تەوبەم لێ وەربگرە بەڕاستی تۆ تەوبەوەرگرو لێبوردەی. لەم کاتەدا داوای دوو شتی کردوەو تکای کردوە بە هۆی دوو ناو لە ناوەکانی، ئەو دوو ناوە مەبەستەکەی دەخوازن. ئەبو بەکر پرسیاری کرد لە پێغەمبەر چۆن بپاڕێتەوە ئەویش فەرمووی: **(قُل اللهم إني ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا ولا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إلا أنت فَاغْفِرْ لي مَغْفِرَةً من عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّك أنت الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)**[2]. واتە: خوایە بەڕاستی من ستەمم لە نەفسی خۆم کرد ستەمێکی زۆر، کەس لە گوناهەکانیش خۆش نابێت جگە لە تۆ، دەی تۆش لێم خۆشبە بە لێخۆشبونێك لە لایەن خۆتەوە، ڕەحمیشم پێ بکە بەڕاستی تۆ لێبوردەو بەبەزەییت. لەبەر ئەوە جێگاکە جێگای

---

(١) رواه ابن أبي الدنيا وأبو نعيم معضلًا، ورفعه منكر كما قال المنذري في الترغيب والترهيب ٤ / ٢٧١.

(٢) أخرجه البخاري في الأذان (٨٣٤) فتح، ومسلم في (الذكر والدعاء) (٢٧٠٥) عبد الباقي.

داوا کردنی سەلامەتیە کە گرنگترین شتە لەلای بەندە، بۆیە لە داواکردنەکەیدا ناوێك لە ناوەکانی خوای بەکارهێناوە ئەویش (السلام) کە داوای سەلامەتی لێ دەکرێ. جا وشەی سەلام دوو مانا لەخۆ دەگرێ:

یەکەم: زیکرو یادی خوا.

دووەم: داواکردنی سەلامەتی. ئەوەش مەبەستی موسڵمانە. جا (سلام علیکم) ناوێك لە ناوەکانی خوای لەخۆ گرتووە وە داوای سەلامەتی لە ئەو. سەرنجی ئەم سوودە بدە. وە حەقیقەتەکەی بریتیە لە: بەریبوون و دڵسۆزی و پزگاربوونە لە شەرو خراپە و لە ناتەواویەکان، جا (تصریف) ەکانی لەسەر ئەم واتایە دەخولێتەوە، لەوانەش: (سلمك الله) واتە: خوا سەلامەتت بکات، لەوانەش پاڕانەوەی بڕوادارن لەسەر پردی سیراط: (رب سلم سلم)[1]. واتە: خوایە سەلامەتی بکەیت خوایە سەلامەتی بکەیت، لەوانەش: (**سلم الشيء لفلان**)، واتە: تەنها بەوی بدە. خوا فەرموویەتی: ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ ﴿٢٩﴾ ﴾الزمر. (واتە: خوا نموونەی هێناوەتەوە بە پیاوێکی بەندە هی چەند کەسێکە ناڕاوەیانە لەسەر ئەو بەندە، وە پیاوێکیش کە تەنها بەندەی پیاوێکە) واتە: بە تایبەت هی ئەوە کەس لەگەڵیدا خاوەنی نیە، لەوانەش: (**السلم ضد الحرب**) ناشتی دژی جەنگە: چونکە هەریەکە لەو دوو شەڕکەرە ڕزگاریان دەبێ و سەلامەت دەبی لەوی دیکە، لەبەر ئەمەیە لەسەر (**المفاعلة**) بونیاد نراوە، وتراوە (**المسالمة**) وەکو (**المشاركة**). لەوانەش: (القلب السليم) ئەو دڵەی پاکە لە ناپاکی و کەموکوڕی. حەقیقەتیشی: ئەوەیە تەسلیمی خوا بووە بە تەنها بۆیە ڕزگاری بووە لە پیسی هاوبەشدانان و پیسی گوناهەکان، ئەو دامەزراوو بەردەوامە لەسەر خۆشەویستی ڕاستەقینەی و جوانی مامەڵەکردنی. ئەمە گرنتی ڕزگاربوونی پێداوە لە سزای خوا و سەرفرازبوونی بە ڕێزو شکۆی. لەوانەش، هەر لەوەوە (إسلام) وەرگیراوە، بێگومان ئەو لەم (**المادة**)یە، چونکە تەسلیم بوون و ملکەچ بوونە بۆ خوا، وە خۆپاڵفتە کردنە لە خراپی هاوبەشدانان، تەسلیمی پەروەردگاری بووە و خۆی بۆی پاڵفتە کردوە، وەکو ئەو بەندەی وایە کە بە تەنها تەسلیمی گەورەکەی بووە، کە شەریکی تری نیە ناکۆك بن لەسەری. لەبەر ئەمە خوا ئەو دوو نموونەی هێناوەتەوە بۆ موسڵمانێکی دڵسۆز بۆ پەروەردگاری و بۆ ئەوەش هاوبەشی بۆ دادەنێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی (السلام).

دووەم: ئەو (السلام) سڵاو کردنێکە

سێیەم: سەلام کردن لە خوا دروست نیە و نابەجێیە.

چوارەم: هۆکاری نەگونجانی سەلام کردن.

پێنجەم: پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی فێر کرد کە چ جۆرە تەحیاتێك بەکار بهێنن.

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (١٩٥) عبد الباقي.



بەشی ٥٢

وتەی: خوایە لێم خۆشبە ئەگەر ئەتەوێ

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول: اللهم اغفر لي إن شئت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی وتەی: خوایە لێم خۆشبە ئەگەر ئەتەوێ.

.....

مانای ئەوەیە بەکار هێنانی ئەم وتەیە دروست نیە لەبەر ئەوە لەفەرموودەی بەشەکەدا نەهی لێکراوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في الصحيح عن أبي هُرَيْرَةَ ان رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قال: (لاَ يَقُل أَحَدُكُمُ: اللهم اغفر لي ان شِئْتَ، اللهم ارحمني ان شِئْتَ، لِيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ فإنَ الله لاَ مُكْرِهَ له)[1].

ولمسلم: (وَلْيُعَظِّمِ الرَّغْبَةَ، فإن اللَّهَ لَا يَتَعَاظَمُهُ شَيْءٌ أَعْطَاهُ) [2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە صەحیحدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (با یەکێك لە ئێوە نەڵێت: خوایە لێم خۆشبە ئەگەر ئەتەوێ، خوایە ڕەحم و بەزەییت پێمدا بێتەوە ئەگەر ئەتەوێ، با پاڕانەوەکەی بە چاکی و بەگەرمی بکات چونکە کەس ناتوانێ زۆر لە خوا بکات و کەسیش ناتوانێ ناچاری بکات).

وە لە موسلیمەوە : (با لە پاڕانەوەکەیدا داوای شتێکی گەورە بکات، چونکە بەڕاستی خوا هیچ شتێك لای گەورە نیە ئەگەر بیبەخشێت.

.....

بەپێچەوانەی بەندە، هەندێ جار ئەوەی داواکار دەیەوێت پێی دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی پێویستی پێیەتی، یان لێی دەترسێ، یان ئومێدی لەسەر هەڵچنیووە، داواکاری بەندەکەی جێبەجێ دەکات و پێویستیەکەی پڕ دەکاتەوە لە هەمان کاتیشدا پێی ناخۆشە، جا ئەوەی گونجاوە بۆ داواکار

---

(١) أخرجه البخاري في الدعوات (٦٣٣٩) فتح، ومسلم في الذكر والدعاء (٢٦٧٩) عبدالباقي.

(٢) مسلم (٨/ ٢٦٧٩).

کە داوای دەکات لە بەدیهێنراوۆێکی وەکو خۆی ئەوەیە پێویستیەکانی پەیوەست بکات بە ویستی داوا لێکراو، لە ترسی ئەوەی نەوەك پێی ببەخشێ و پێی ناخۆش بێ، بە پێچەوانەی پەروەردگاری جیهانیان، بێگومان ئەوە شیاو نیە بەو زاتە، لە بەر تەواوی دەوڵەمەندی و بێ نیازی لەهەموو دروستکراوەکان و تەواوی بەخشندەیی، هەموو بەدیهێنراوەکان پێویستیان بە ئەوەو بێ نیاز نابن لە پەروەردگاریان بە قەد چاو تروکانێك.

وە لە فەرموودەدا هاتووە: (**يَمِينُ اللَّهِ مَلْأَى لَا يَغِيضُهَا نَفَقَةٌ، سَحَّاءُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ. أَرَأَيْتُمْ ما أَنْفَقَ مُنْذُ خَلَقَ السماوات وَالْأَرْضَ؟ فإنه لم يَغِضْ ما في يَمِينِهِ، وَفي يَدِهِ الْأُخْرَى الْقِسط يَخْفِضُه وَيَرْفَعُه**)[1]. واتە: (دەستی ڕاستی خوا پڕە و بەخشین کەمی ناکاتەوە، بەشەوو بەڕۆژ دەبەخشێ پڕە. ئایا نەتانبینیوە لەو کاتەی ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە دەبەخشێ؟ بێگومان ئەوەی لە ڕاستیدایە کەمی نەکردوە، وە لە دەستەکەی دیکەی دادپەروەری هەیە (هەرکەسی بوێ) دایدەبەزێنێ، (هەرکەسیشی بوێ) بەرزی دەکاتەوە) خوا بە حیکمەتی خۆی دەبەخشێ و بە حیکمەتی خۆی ڕێگری دەکات، ئەو زاتە کاربەجێ و شارەزایە. ئەوەی گونجاوە بۆ ئەوکەسەی لەخوا دەپارێتەوە بەگەرمی و بە عەزمەوە داوای لێ بکات، چونکە خوا نە هیچ شتێك بە پێ ناخۆش بوونەوە دەبەخشێ بە بەندەکەی نە لەبەر گەورەیی داواکردنەکەیە.

هەندێ لە شاعیرەکان لە ستایشکردنیدا وتویانە:

ويعظم في عين الصغير صغارها ويصغر في عين العظيم العظائم

لەچاوی بچوك داوای بچوکیش گەورەیە... وە لە چاوی گەورەدا گەورەکانیش بچوکن.

ئەمە بە پێی ئەوەی لە نەفس و دەروونی خەڵکی دنیاییدا هەیە ئەگەر نا بەندە جارێك دەبەخشێ و جارێك ڕێگری دەکات و جارێکیش بە پێ ناخۆش بوون دەبەخشێ، چروکی زاڵترە بەسەریدا، جا بە نیسبەتی ئەم حاڵەتەی بەخشینەکەی گەورە نیە، بەڵام ئەوەی خوا دەیبەخشێ بە بەندەکانی ئەوە بەردەوامە، پێش ئەوەی بەندە داوا بکات خوا بە بەخشندەیی خۆی پێی دەبەخشێ لەو کاتەی کە دڵۆپە ئاوەکە لە پزدان (ڕەحم)دا دانراوە، بەخششی خوا لەو قۆناغەی لە سکی دایکیدایە زۆر بەردەوامە، بە جوانترین شێوە (ڕێکی دەخات) و پەروەردەی دەکات، ئەگەر لەدایك بوو سۆزی دایك بۆی دەجوڵێنێت بە نیعمەتی خۆی پەروەردەی دەکات تا دەگاتە تەمەنی ژیری، لە هەموو تەمەنیدا لەنازو نیعمەتی خوادا دێت و دەچێ، جا ئەگەر ژیانی لەسەر ئیمان و تەقوا بێت ئەوە نیعمەتی خوا بۆی زیاد دەکات، ئەگەر بیمرێنێ چەندین قات بۆی زیاد دەکات لەوەی لە دنیا پێی بەخشیوە لە نازوو نیعمەتەکان، کە بە هیچ کەس ئەندازە ناکرێت مەگەر خوا نەبێ، لەوەی ئامادەی کردوە بۆ بەندە بڕواداره خواناسەکانی. هەموو ئەوانەی بەندە بەدەستی دێنێ لە دنیادا لە نیعمەتەکان ئەگەر چی هەندێکیان لەسەر دەستی بەدیهێنراوێك بێت، ئەوە بە ویست و مۆڵەت و چاکەی خوا بووە بۆ بەندەکەی، خوا ستایشکراوە لەسەر هەموو نیعمەتەکان بە گشتی، ئەو زاتە ویستویەتی و بڕیاری لەسەری داوە، وە بەردەوامی کردوە بە فەزڵ و چاکەی

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٦٨٤) فتح، ومسلم في الزكاة (٩٩٣) عبدالباقي.

خۆی، نازو نیعمەت هی ئەوە، فەزڵ و چاکەش هی ئەوە، ستایشی جوانیش تەنها شیاوە بە ئەو. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾النحل. (واتە: وە هەر چاکەو بەهرەیەکتان هەبێ ئەوە هەمووی لە خواوەیە پاشان کاتێك دووچاری زیان و ناڕەحەتیەك ببن ئەوە پەناو هاوار هەر بۆلای ئەو دەبەن).

هەندێ جار ئەگەر بەندە داوای شتێ لەخوا بکات، پێی نابەخشێ لەبەر حیکمەتێك، وەلە بەر ئەوەی خوا دەزانێ چی بۆ بەندەکەی گونجاوە لە بەخشین و ڕێگری کردن، هەندێ لەوەی داوای دەکات دوا دەکەوێت بۆ ئەو کاتەی ئەندازەی کردوە، یان لەبەر ئەوەی زیاتر لەوەی پێببەخشێ. گەورەیی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.

وتەی: (ولمسلم: **وَلْيُعَظِّمِ الرَّغْبَةَ**)[1] واتە: لە داواکردنی لە خوا بۆ پێویستیەکانی، چونکە بەڕاستی خوا شتە گەورەو مەزنەکان دەبەخشێ بە بەخشندەیی میهرەبانی و چاکەی خۆی (**فإن اللَّهَ لَا يَتَعَاظَمُهُ شَيْءٌ أَعْطَاهُ**) هیچ شتێ لای خوا زۆر نیە، ئەگەر چی لەنەفسی دروستکراودا گەورە بێ. چونکە ئەوکەسەی داوا لە بەدیهێنراو دەکات، داوا ناکات مەگەر شتێ کە بەخشینی ئاسان بێ، بەپێچەوانەی داواکردن لە خوا، چونکە بەخشینی خوا قسەیە ﴿ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ ﴾یس. (واتە: بەڕاستی کاری ئەو خوایە ئەمەیە هەرکاتێ بیەوێ شتێك بەدی بێت پێی دەڵێ: ببە دەست بەجێ ئەو شتە دەبێت). پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە بەدیهێنراو ناتوانێت ئەندازەی بکات، هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە غەیری ئەو نەبێ، هیچ پەروەردگارێکیش بەحەق نیە جگە لە ئەو.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: قەدەغەکردن لە جیاکردنەوە (الإستثناء) لە نزاو پاڕانەوەدا.

دووەم: ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو قەدەغەکردنە.

سێیەم: وتەی: (**لِيَعْزِمِ الْمَسْأَلَةَ**) با بەگەرمی و عەزیمەتەوە بپاڕێتەوە.

چوارەم: با ویست و حەزی گەورە بێت لە پاڕانەوەدا.

پێنجەم: ڕوونکردنەوە هۆکاری ئەم کارە.

---

(١) أخرجه مسلم في الذكر والدعاء (٢٦٧٩) عبدالباقي.



بەشی ٥٣

نابێت بڵێت بەندە و کەنیزەکی من

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب لا يقول: عبدي وأمتي.

في الصحيح: عن أَبِيَ هُرَيْرَةَ أن النَّبِيَّ ﷺ قال: (لَا يَقُولَنَّ احدكم: أَطْعِمْ رَبَّكَ. وَضِّئْ رَبَّكَ. وَلْيَقُلْ: سَيِّدِي ومَوْلَايَ. ولا يَقُلْ أحدكم: عَبْدِي وَ أَمَتِي، وَلْيَقُلْ: فَتَايَ وَفَتَاتِي وَغُلَامِي)[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی نابێت بڵێت بەندە و کەنیزەکی من.

لە صەحیحدا هاتووە لە ئەبی هورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموویەتی: (با کەس لە ئێوە نەڵێ: خواردن بدە بە (رب)ەکەت، یان ئاوی دەستنوێژ بێنە بۆ (رب)ەکەت. با بڵێت: گەورەم. با یەکێك لە ئێوەش نەڵێت: بەندە و کەنیزەکەکەم، با بڵێت: کوڕە گەنجەکەم وە خانمە بەدەستەکەم)

•••••••

فەرموویەتی: ﴿إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾﴾مریم. (واتە: هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان بە بەندەیی دێنە لای خوای میهرەبان (هیچ کەسێ لەوانە نیە بەندەی خوای میهرەبان نەبێ)

جا لە بەکار هێنانی ئەم دوو وشەیە بۆ غەیری خوا هاوبەشی پێ کردنە لە وشەو دەربڕیندا، لەبەر مەزنی و گەورەیی خواو بە ئەدەب بوون لەگەڵیدا و دورکەوتنەوە لە هاوبەشدانان و چەسپاندنی یەکتاپەرستی ئەمەی لێ قەدەغەکردوون، ڕێنماییشی کردن کە بڵێن: (**فَتَايَ وَفَتَاتِي وَغُلَامِي**) واتە: کوڕە گەنجەکەم وە خانمە بەدەستەکەم.

ئەمە لە بەشی پاراستنی یەکتاپەرستیە لە لایەن پێغەمبەرەوە، بێگومان ئەوەی خێری تێدایە گەیاندویەتی بە ئوممەتەکەی، ڕێگریشی لێ کردوون لە هەموو ئەوانەی ناتەواوی ئاینەکەیانی تێدایە. هیچ چاکەیەك نەماوە ئیللا ڕێنمایی کردوون بۆ لای، بەتایبەتی بۆ چەسپاندنی یەکتاپەرستی، هیچ شەڕو خراپەیەکیش نیە ئیللا ترساندوونی و ئاگاداری کردونەتەوە لێی، بەتایبەتی ئەوەی لە هاوبەشدانان نزیکیان دەکاتەوە لە ڕوی لەفزەوە، ئەگەرچی مەبەستیش ئەوەی نەبووبێ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگری کردن لە وتنی (**عَبْدِي وَ أَمَتِي**). واتە: بەندەکەم و کەنیزەکەکەم.

دووەم: با بەندە بە گەورەکەی نەڵێ: (**رَبِّي**)، وە با نەوترێ: (**أَطْعِمْ رَبَّكَ**) واتە: خواردن بدە بە (**ربّ**) ەکەت.

سێیەم: فێرکردنی یەکەم لەجیاتی ئەوەی بڵێت: بەندەکەم، با بڵێت: (**فَتَايَ، وَفَتَاتِي، وَغُلَامِي**) کارەکەرەکەم یان خزمەتکارەکەم.

چوارەم: فێرکردنی دووەم لە جیاتی ئەوەی بڵێت: (**رَبِّي**) با بڵێت: (**سَيِّدِي ومَوْلَايَ**) گەورەم.

پێنجەم: ئاگادارکردنەوە لەمەبەستەکە، بریتیە بەجێهێنانی لە یەکتاپەرستی تەنانەت لە دەربڕینەکاندا.



بەشی ٥٤

هەرکەسێك بەناوەی خواوە داوا بکات نابێت داواکەی ڕەت بکرێتەوە، (واتە: ئەگەر بڵێ لە بەر خوا فلان شتم پێ ببەخشە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب لا يرد من سأل بالله.

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: (مَنْ سَأَلَ بِاللَّهِ فَأَعْطُوهُ، وَمَنْ اسْتَعَاذَ بِاللَّهِ فَأَعِيذُوهُ، وَمَنْ دَعَاكُمْ فَأَجِيبُوهُ، وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ فَادْعُوا اللَّهَ لَهُ حَتَّى تُرَوَا أَنَّكم قَدْ كَافَأْتُمُوهُ)[1]. رواه أبو داود والنسائي بسند صحيح.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: هەرکەسێك بەناوەی خواوە داوا بکات نابێت داواکەی ڕەت بکرێتەوە.

لە ئیبن عومەرەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك بەناوەی خواوە داوای لێ کردن، پێی ببەخشن، هەرکەسێکیش پەنای گرت بەخوا پەنای بدەن، هەرکەسێکیش دەعوەتی کردن بچن بەدەم دەعوەتەکەیەوە، هەرکەسێکیش چاکەی لەگەڵ کردن پاداشتی بدەنەوە ئەگەر نەتانتوانی ئەوەندە دوعای خێری بۆ بکەن تا واهەست بکەن پاداشتتان داوەتەوە. ئەبو داوود و نەسائی بەسەنەدێکی ڕاست و دروست ڕیوایەتیان کردوە.

.....

ڕواڵەتی فەرموودەکە ڕێگرتنی تێدایە لە ڕەتکردنەوەی ئەو کەسەی داوا دەکات، ئەگەر داوای کرد بەناوەی خواوە، بەڵام ئەم گشتگیریە پێویستی بە درێژە پێدان هەیە بە پێی ئەوەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، پێویستە ئەگەر داواکەر داوای شتێکی کرد لە شتێکدا مافی خۆی تێدا بوو، وەك(بیت المال) دارایی وڵات، وەڵامی بدرێتەوەو بەو ئەندازەی شیاوێتی و پێویستی پێیەتی پێی بدرێ، بەهەمان شێوە ئەگەر هەژارێك داوای لە کەسێك کرد شتێك لە ماڵە زیادەکەی پێ بدات، ئەوە پێویستە لە سەری شتێك لەو ماڵەی پێ بدات بە پێی توانا و ئەوەی داوای کردووە، بەڵام ئەگەر داوا لە کەسێك بکات ئەو کەسە ماڵی زیادەی لە لا نەبێ، وا چاکترە بە ئەندازەی حاڵی داوالێکراو پێی ببەخشێ، بەجۆرێ نە زیان بە خۆی بگا و نە بە خانەوادەکەی، بەڵام ئەگەر داواکار ناچار بوو ئەوە پێویستە بە ئەندازەی ئەوەی ناتەواویەکەی پڕ دەکاتەوە پێی ببەخشێ.

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب (٥١٠٩)، والنسائي في الزكاة (٢٥٦٧) أبو غدة، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (٢٥٤)، و(الأرواء) (١٦١٧).

دیارە پلەو پایەی بەخشین لە بەرێزترین پلەو پایەکانی ئیسلامە، خەڵکیش جیاوازیان تێدا هەیە بە پێی ئەوەی کە لە سەری دروستکراون، لە بەخشندەیی و پێچەوانەکەی، لە چرووکی و خۆ گرتنەوە، جا بەخشندەیی: قورئان و سوننەت ستایشی کردوە، چرووکی و ڕەزیلیش لە ناو قورئان و سوننەتەوە سەرزەنشت کراوە. بێگومان خوا ﷻ هانی بەندەکانی داوە لەسەر بەخشین تا سوودو پاداشتی زۆر بێ، وە هەتا بگاتە خەڵکی تر خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾ ٱلشَّيْطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ ﴾**البقرة**. (واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە بەخت بکەن لە پاکترینی ئەو سامانەی پەیداتان کردوە وە لەوەی کە بۆمان دەرهێناون (ڕواندوون) لە زەوی مەڕۆن لەوە ببەخشن کە خراپە لە کاتێکدا خۆتان ئەو شتە خراپە وەرناگرن(ئەگەر بتاندرێتێ) مەگەر چاوی لێ بپۆشن وە چاك بزانن کە خوا بێ نیازێکی شایستەی ستایشە* شەیتان دەتان ترسێنێ بە هەژاری وە فەرمانتان پێ دەدات بە خراپە وە خوا بەڵێنی لێ خۆشبوون و چاکەتان پێ دەدات خوا میهرەبانی و زانستی فراوانە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۖ ﴿٧﴾ ﴾**الحديد**. (واتە: ببەخشن لەو سامانەی کە خوا ئێوەی کردوە بە جێنشینی پێشینان تیایدا) ئەو بەخشینەش یەکێکە لە نیشانەکانی ئەو چاکەیەی باسکراوە وەك لە وتەی خوادا ﷻ هاتووە: ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُواْ ۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ ﴾ **البقرة**. (واتە: چاکە ئەوە نیە کە ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا بەڵکو چاکە ئەوەیە کە مرۆڤ بڕوای ببێ بەخوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و دارایی خۆی ببەخشێ لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی دەوێت بە خزمان و هەتیوان و بێ نەوایان(هەژاران) ڕێبوارانی کەم دەست و سوالکەران و لە ڕێی ئازاد کردنی کۆیلەکاندا، وە نوێژی بە چاکی کردبێت و زەکاتی دابێت و پەیمان بەجێهێنەران کاتێ کە پەیمانیان دابێت و خۆڕاگران لە کاتی تەنگە دەستی و نەخۆشی و لە کاتی جەنگدا ئا ئەوانەن کە ڕاستیان کرد وە هەر ئەوانەن پارێزکاران)

جا باسی بەخشینی کردوە دوای باسکردنی بنەماکانی ئیمان و پێش باسکردنی نوێژ، ئەویش - خوا زاناترە- لە بەر بلاوبونەوەی سوودو قازانجێتی، خوا ﷻ لە ڕیزی ئەو کردەوانە باسی کردوە کە فەرمانی کردوە بە بەندەکانی، وە کردونیەتە بەندە بەهۆیەوە و بەڵێنیشی پێ داون بە پاداشتێکی مەزن، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّآئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾ ﴾**الأحزاب**. (واتە: بەڕاستی پیاوە

موسڵمانەکان و ئافرەتە موسڵمانەکان وە پیاوە بڕوادارەکان و ئافرەتە بڕوادارەکان و پیاوانی هەمیشە گوێڕایەڵ و ئافرەتانی هەمیشە گوێڕایەڵ وە پیاوە ڕاست گۆکان و ئافرەتە ڕاست گۆکان و پیاوان و ئافرەتانی خۆگر و بە ئارام وە پیاوانی لە خوا ترس و ژنانی لە خوا ترس و پیاوان و ئافرەتانی بەخشندەو پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژوەوان و پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاك و پیاوانێ کە زۆر یادی خوا دەکەن و ئافرەتانێ کە زۆر یادی خوا دەکەن خوا ئامادەی کردوە بۆ هەموویان لێ خۆشبوون و پاداشتی گەورە) پێغەمبەر ﷺ هانی هاوەڵانی دەدا لەسەر صەدەقەو بەخشین، تەنانەت ئافرەتانیش، وەکو ئامۆژگاریەك بۆ ئوممەت و هاندان لە سەر ئەوەی سوودیان پێ دەگەیەنێ لە ئێستاو لە داهاتوودا (دنیاو دواڕۆژ)، خوای گەورە ستایشی پشتیوانانی کردوە بە پێشخستنی براکانیان، جا فەرموویەتی: ﴿وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحشر. (واتە: وە باوی ئەوان ئەدەن بەسەر خۆیاندا با خۆشیان زۆر پێویست بن پێی وە ئەو کەسەی خۆی لە ڕژدی دەروونی بپارێزێت بەڕاستی هەر ئەوانن سەرفرازان) وە پێشخستن لە چاکترینی نیشانەکانی بڕوادارن، وەك چۆن ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی پێ دەکات، خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾﴾الإنسان. (واتە: وە خواردەمەنی بە هەژاران و هەتیوان و دیلان دەدەن با حەزیشیان لێی بێت* دەڵێن بەڕاستی ئێمە خواردەمەنیتان دەدەینێ هەر لەبەر خوا چاوەڕوانی ناکەین لە ئێوە نە پاداشت و نە سوپاس).

ئایەت و فەرموودەکان دەربارەی فەزڵ و چاکەی بەخشین زۆر زۆرن، هەرکەسێك کۆششی بۆ دواڕۆژ بێت حەزو ئارەزووی بۆ خێرو چاکە دەجوڵێت و خەڵکیشی بۆ هاندەدا.

وتەی: (**وَمَنْ دَعَاكُمْ فَأَجِيبُوهُ**) ئەمە لە مافی موسڵمانانە هەندێکیان بەسەر هەندێکی دیکەیان، وەڵامدانەوەی دەعوەتی موسڵمان، یەکێکە لە هۆکارەکانی هۆگربوون و پەیوەندی برایەتی و خۆشەویستی لەنێوان موسڵماناندا.

وتەی: (**وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ**) هانیداون لە سەر پاداشت دانەوە لە بەرانبەر کاری چاکە، چونکە پاداشت دانەوە لە بەرانبەر کاری چاکەدا لەو مرۆڤایەتی و پیاوەتیەیە کە خواو پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێ، وەك چۆن ئەم فەرموودە ئاماژەی پێ کردوە، پاداشت دانەوە لە سەر کاری چاکە پشت گوێ ناخات، مەگەر کەسانی بێ ڕێزو سپڵە و چروك، هەندێ لەوانەش لە بەرانبەر چاکەدا خراپە دەنوێنن، وەك چۆن بە زۆری لە هەندێکیاندا ڕووەدات، داوای سەلامەتی و لێ بووردن لە خوا دەکەین لە دنیاو دواڕۆژدا، بە پێچەوانەی حاڵی خەڵکانی بڕوادارو خۆپارێز، چونکە ئەوان وەڵامی خراپە بە چاکە دەدەنەوە، ئەمەش وەك گوێڕایەڵی کردنی خواو خۆشویستنی ئەوەی خوا خۆشی دەوێ بۆیان و پێی ڕازیە، هەر وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ ۚ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ ﴿٩٨﴾﴾ **المؤمنون:** (واتە: بە چاکترین و جوانترین شێوە ڕێگری بکە لە خراپەکان کە قورەیش دەیکات تا بڕوا بێنن ئەمەش لە سەرەتای ئیسلامەوە بووە ئێمە ئاگادار ترین بەوەی ئەوان دەیڵێن (بەخۆت و ئاینەکەت)* وە بڵێ ئەی پەروەردگارم پەنا دەگرم بە تۆ لە خەتەرە(و

پاڵنەر) و وەسوەسەی شەیتانەکان* وە پەنات پێ دەگرم لەوەی شەیتانەکان ئامادەبن لام (سەرم لێ بشێوێنن) ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ٣٤ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ٣٥﴾ **فصلت**. (واتە: بە چاکترین شێوە وەڵامی خراپە بدەرەوە ئەوسا کەسێ لەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی هەیە وەک دۆستێکی دڵسۆزو گیانی بە گیانی لێ دێت* بەم ئاستە ناگات کەسانێ نەبێ کە خۆڕادەگرن و بە ئارامن وە پێی ناگات مەگەر کەسێ خاوەنی بەشی هەرە گەورە بێت (لە پاداشت) ئەو بڕوادارانە خۆشبەختی و بەختەوەریان لەلایەن خواوە بۆ پێشکەوتووە.

وتەی: (**فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ فَادْعُوا اللَّهَ لَهُ**) پێغەمبەر ﷺ ڕێنمایی کردوون کە پاڕانەوەو دوعا کردن بۆ ئەو کەسانەی کە خەلآت و بەخششیان دەست ناکەوێ، دوعا کردن ئەبێتە خەلآت و بەخشش بۆیان، بۆیە بە پێی کارە چاکەکەی دوعای بۆ دەکات و بۆی دەپاڕێتەوە.

وتەی: (**تَرَوَا- بضم التاء: تظنوا- أَنْكُم قَدْ كَافَأْتُمُوهُ**) واتە: (**ترَوَا**) بە (ضم)ەی (تاء) واتە: گومانتان برد، وە پێدەچێ (**تَرَوَا**) (مفتوح) بێت، بە مانای دەزانن، پشتیوانی لەمە دەکات ئەوەی لە سونەنی ئەبو داودا هاتووە لە فەرموودەی عومەر: (حتى تعلموا) [1]. هەروەک دووەم بۆ ڕونکردنەوەی بێ. وە تێبیدایە: (**مَنْ سَأَلَكُمْ بِاللَّهِ فَأَجِيبُوهُ**) واتە: (هەرکەسێک داوای شتێکی لێ کردن وتی لەبەر خوا بمدەرێ) وەڵامی داواکاریەکەی بدەنەوە، ئەویش بە مانای ئەوە دێت: پێی ببەخشن، وە لە ڕیوایەتی ئەبی داوودا هاتووە لە ئەبی نوهەیکەوە لە ئیبنوعەباس: (**مَنْ سَأَلَكُمْ بِوَجْهِ اللَّهِ فَأَعْطُوهُ**)[2]. واتە: هەر کەسێ داوای شتێکی لێ کردن وتی لەبەر خوا ئەوە پێی ببەخشن، وە لە ڕیوایەتی (عبید الله) قەواریریدا هاتووە (**مَنْ سَأَلَكُمْ بِاللَّهِ**)[3]. وەک لە فەرموودەی ئیبن عومەردا هاتووە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: پەنادانی ئەو کەسەی کە داوای پەناگرتن دەکات بەخوا.

دووەم: بەخشین بەو کەسەی بە ناوەی خواوە داوا دەکات. (واتە: دەڵێ لەبەر خوا فلآن شتم پێ ببەخشە).

سێیەم: وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی دەعوەتی دەکات.

چوارەم: پاداشتدانەوە لە سەر کاری چاکە.

پێنجەم: پاڕانەوەش پاداشتدانەوەیە بۆ کەسێک نەتوانێ پاداشتی چاکەی بەرانبەر بداتەوە.

شەشەم: وتەی: (**حَتَّى تَرَوَا أَنْ قَدْ كَافَأْتُمُوهُ**). واتە: تا دەبینن ئێوە پاداشتان داوەتەوە.

---

(١) انظر تخريج ابي داود السابق.

(٢) صحيح: سنن أبي داود (٥١٠٨)، أحمد ١ / ٢٥٠، واللفظ له.

(٣) أخرجه أبو داود في الأدب (٥١٠٨)، وانظر التخريج السابق.



بەشی ٥٥

بەڕوی خوا داوا ناکرێ جگە لە بەهەشت

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب لا يُسْأَلُ بوجهِ الله إلا الجنَّةَ.

عن جَابِرٍ، قال: قال رسول اللَّهِ ﷺ: (لَا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللَّهِ إلا الْجَنَّةُ). رواه أبو داود.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی بەڕوی خوا داوا ناکرێ جگە لە بەهەشت.

لە جابرەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بەڕوی خوا داوا ناکرێ جگە لە بەهەشت). ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە.

.....

فەرموودەی جابری باسکردوە لەم بەشەدا، کە ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە لە جابرەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(لَا يُسْأَلُ بِوَجْهِ اللَّهِ إلا الْجَنَّةُ)** [1].

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێش ئەویش ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ کاتێ خەڵکی **طائیف**، وە ئەوانەی خەڵکی مەککە بوون لە **طائیف** بە درۆیان دانا و لەوێ گەڕایەوە ئەم دوعایەی خوێند وەك لە شوێنەواردا هاتووە: **(اللهم إليك أشكو ضعف قوتي، وقلة حيلتي، وهواني على الناس. أنت رب المستضعفين وأنت ربي إلى من تكلني؟ ألى بعيد يتجهمني، أو إلى عدو ملكته أمري، إن لم يكن بك علي غضب فلا أبالي، غير إن عافيتك أوسع لي) وفي آخره (أعوذ بنور وجهك الكريم الذي أشرقت له الظلمات وصلح عليه أمر الأولين والآخرين أن ينزل بي غضبك أو يحل علي سخطك لك العتبى حتى ترضى ولا حول ولا قوة إلا بك)**(٢٢). واتە: ئەی خودایە! تەنها سکاڵای کەم هێزی خۆم لای تۆ دەکەم، سکاڵای بێ چارەییم لای تۆ دەکەم، سکاڵای بێ ڕێزبو سوکایەتی لای خەڵکی بێبڕوا (کە ڕێزم لێ ناگرن) دەهێنمە لای تۆ، تۆ پەروەردگاری چەوسێندراوانی، وە پەروەردگاری منیشی! بۆ لای کێم دەسپێری؟ بۆ لای کەسێکی دور(کە خزم و کەسم نیە) کە لە ڕوومدا هەڵ بشاخێت، یان بۆ لای دوژمنێکم دەسپێری کە کاری منت خستوەتە دەستی ئەو، ئەگەر تۆ لێم توڕە نەبیت گوێی نادەمێ و بەخەیاڵمدا،

---

(١) أخرجه أبو داود في الزكاة (١٦٧١)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود (٢٩٨)، ط غراس، وصحح معناه في الصحيحة (٢٥٥).

(٢) هذا الدعاء معناه حسن جداً، ولكنه ضعيف الإسناد كما في الضعيفة (٢٩٣٣).

بەڵام سەلامەتیت بۆ من باشترو فراوانترە)، وە لە کۆتاییەکەیدا (پەنا دەبەمە بەر ڕوناکی تۆ کە تاریکیەکان ڕادەماڵێت، کارو باری دنیاو دواڕۆژی پێ چاك دەبێت، پەنا دەبەمە لای تۆ، کە تووڕەییت دابەزێتە سەرم، یان لێم بڕەنجێیت، داوای لێبوردن لەتۆ دەکەم هەتا تۆ ڕازی دەبیت، هێزیش و تواناش نیە مەگەر تۆ نەبێ. ئەو فەرموودەش هاتووە لە زیکرەکاندا: (**اللهم أنت أحق من ذكر وأحق من عبد -وفي آخره- أعوذ بنور وجهك الذي أشرقت له السموات والأرض**)[1]. واتە: خوایە تۆ شیاوترینی کە یادت بکرێ، وە شیاوترینی پەرستشت بۆ بکرێ -لە کۆتایەکەشیدا- خوایە پەنا دەگرم بەنووری ڕوخسارت کە ئاسمانەکان و زەوی لەبەر ئەو ڕوناك بۆتەوە.

لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: (**أعوذ بوجه الله الكريم، وباسم الله العظيم وبكلماته التامة من شر السامة واللامة، ومن شر ما خلقت، أي رب، ومن شر هذا اليوم ومن شر ما بعده، ومن شر الدنيا والآخرة**)[2]. واتە: پەنا دەگرم بە ڕوخساری جوان و بەڕێزی خوا، وە بەناوی مەزنی خوا، وە بە وشە تەواوەکانی لە شەڕو خراپەی هەر ئاژەڵێکی ژەهراوی و هەموو چاوپیسێك و هەموو ئەوەی مەترسی لە شەڕی دەکرێ. وە لە شەڕو خراپەی ئەم ڕۆژە و دوای ئەمەش، وە لە شەڕی دنیاو دواڕۆژ. وێنەی ئەوەش زۆرە لە فەرموودە مەرفوعەکان بە چەندین سەنەدی ڕاست یان چاك.

جا وەڵام ئەوەیە: ئەوەی هاتووە دەربارەی ڕوخساری خوا لە داواکردنی ئەو شتە دایە کە نزیکی دەکاتەوە لە بەهەشت یان ڕێگری لێ دەکات لەوکارانەی لە بەهەشت دوردەخەنەوە، ئەوکات وای لێ دێت داوای ئەوەی کردوە بە ڕوخساری خوا و بە نوری ڕوخساری کە نزیکی دەکاتەوە لە بەهەشت، وەك لە فەرموودەی ڕاستتدا هاتووە: (**اللهم إني أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وما قَرَّبَ إِلَيْهَا من قَوْلٍ أو عَمَلٍ، وَأَعُوذُ بِكَ من النَّارِ وما قَرَّبَ إِلَيْهَا من قَوْلٍ أو عَمَلٍ**)[3]. واتە: خوایە من داوای بەهەشتت لێ دەکەم ئەوەشی نزیکم دەکاتەوە لێی لە وتە و کردەوە، وە پەنا دەگرم بەتۆ لە ئاگر، ئەوەشی نزیکم دەکاتەوە لێی لە وتە و کردەوە.

بە پێچەوانەی داواکردنی ئەو شتەی تایبەتە بە دنیا، وەك داواکردنی ماڵ و سامان و ڕزق و ڕۆزی و فراوانی لە ژیانداو حەز کردن لە دنیا، ئەگەرچی بەهۆی ئەوەوە شتێکی ویستبێ یارمەتی بدات لەسەر کردەوەی ڕۆژی دوایی. گومانی تێدا نیە فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ڕێگریکردن لەوەی داوای پێویستیەکانی دنیای بکات بە ڕوخساری خوا (وەك بڵێیت خوایە لەبەر ڕوخساری خۆت دەوڵەمەندم بکەی). لەسەر ئەمە هیچ دژیەکێك لە نێوان فەرموودەکاندا نیە، وەك ئاشکرایە.

فەرموودەی ئەم بەشە یەکێکە لە بەڵگە (**المتواترة**)کان کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون لەسەر چەسپاندنی ڕوخسار بۆ خوا. چونکە بەڕاستی ئەوە سیفەتی کەماڵە: داڕنینی ئەوپەڕی ناتەواویە و لەیەکچواندنە بە دروستکراوە ناتەواوەکان. وەك داڕنینی هەموو سیفاتەکان یان هەندێکیان.

---

(١) أخرجه الدارقطني في الكبير ٨ / ٢٦٤، (٨٠٢٧)، وضعفه الهيثمي في المجمع ١٠/ ١٥٨، من أجل فضال بن جبير، وضعفه جداً الشيخ الألباني في الضعيفة (٦٢٥٣).

(٢) أخرجه ابن أبي شيبة ٩ / ٧٩، من كلام سعيد بن المسيب.

(٣) أخرجه ابن ماجه في الدعاء (٣٨٤٦)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٥٤٢).

کەوتنە ناو گەورەتر لەوەی پایان کرد لێی. بەرزی بۆ خوا لەوەی ستەمکاران دەیڵێن بەرزیەکی گەورە. ڕێگای ئەهلی سوننە و جەماعە بە پێشین و پاشینەوە. بڕوابوونە بەوەی خوا وەسفی نەفسی خۆی پێ کردوە لە کتێبەکەیدا، وە پێغەمبەرەکەشی وەسفی پێ کردوە لە سوننەتەکەیدا، لەوەی گونجاوە بە گەورەیی و مەزنی خوا، ئەوەی خۆی لە کتێبەکەیدا سەلماندویەتی و پێغەمبەریش لە سوننەتەکەیدا بۆی دەسەلمێنێ، ئەوانیش دەیسلمێنن لەیەکچواندن و تەشبیە کردنی بە دروستکراوەکان ڕەتدەکەنەوە. هەر وەك چۆن زاتی پەروەردگار ناشوبهێتە هیچ شتێك بەهەمان شێوە سیفاتەکانیشی ناشوبهێن بە سیفاتەکانی تر، جا هەرکەسێ ڕەتی بکاتەوە ئەوە کەماڵی لەخوا داڕنیوە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگری کردن لەوەی داوا بکرێ بە ڕووخساری خوا جگە لە گەورەترین داواکاری کە بەهەشتە.

دووەم: ئیسپات کردنی سیفەتی ڕووخسار بۆ خوا.



بەشی ٥٦

ئەوەی هاتووە دەربارەی بەکارهێنانی ئەگەر (لو)

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في اللَّوِّ.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەوەی هاتووە دەربارەی بەکارهێنانی ئەگەر (لو).

•••

واتە: بەکار هێنانی وشەی (ئەگەر) لەکاتی ڕووداوی ناخۆش و دەڵتەزیندا هەڕەشەی لێکراوە و قەدەغەشی کراوە، ئەگەر قەزاو قەدەری خوای لەسەر بووبێت، چونکە هەستکردن بە ئارام نەگرتن و خەم و خەفەت خواردنی تێدایە لەوەی ڕابردووە، کە کەس نەیدەتوانی پێش ئەو ڕووداوە هەستی پێ بکات، وە پێ ی ڕابگات، بۆیە پێویستە تەسلیمی قەدەری خوا بێت، وە هەستێت بەو پەرستشەی پێویستە لەسەری، ئەویش ئارامگرتنە لەسەر ئەو بەڵاو ناخۆشیەی تووشی بەندە بووە لەوەی پێی ناخۆشە. بڕوابوونیش بە قەزاو قەدەر کە یەکێکە لە شەش بنەماکەی ئیمان، دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئامرازی ناساندنی (أداه التعريف) خستووەتە سەر وشەی (لو) ئەویش وەکو هاوشێوەکانی لەم شوێنەدا بۆ ناساندن (تعريف) نیە، چونکە مەبەستەکە ئەم وشەیە وەك شاعیر وتویەتی:

رأيت الوليد بن اليزيد مباركاً شديداً بأعباء الخلافة كأهله

شاهید لەم شیعرەدا ئەوەیە کە یەزید ئەلیف و لامی وەرگرتووە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا﴾ آل عمران.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (دەڵێن ئەگەر شتێك لەم کارەدا بە دەست ئێمە بوایە ئەوە لێرەدا نەدەکوژراین).

••••••••••••••••••••••••••••••

لەجەنگی ئوحود هەندێ لە دوو ڕووەکان ئەم قسەیان وت: بەهۆی ترس و بێ ئۆقرەیی و لاوازی و بێ هێزیان.

ئیبن ئیسحاق وتویەتی: یەحیای کوڕی عەباد کوڕی (عبد الله)ی کوڕی زوبەیر لە باوکیەوە لە (عبد الله)ی کوڕی زوبەیر وتی: زوبەیر وتی: من لەگەڵ پێغەمبەردا بووم کاتێ ترس زۆری بۆ هێناین خوا خەوێکی بەسەردا هێناین. هیچ کەس لە ئێمە نەمایەوە ئیللا چەناکەی کەوتبووە سەر سنگی، وتی: سوێند بەخوا من قسەی موعەتیبی کوڕی قوشەیرم بیست هەروەکو خەو وابوو دەیوت: ئەگەر شتێك لەم کارەدا بە دەست ئێمە بوایە ئەوە لێرەدا نەدەکوژراین. وەکو خۆی قسەکەیم لەبەر کرد، خوا لەو بارەیەوە ئەم ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە: ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا﴾ ئیبنوئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە[1].

خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ﴾(واتە: بڵێ ئەگەر ئێوە لە ماڵەکانی خۆشتاندا بوونایە هەر دەردەچوون ئەوانەی کە کوژرانیان لە سەر نووسرابوو) واتە: ئەمە قەدەرێکی دیاری کراوە لە لایەن خواوە و حوکمێکی حەتمیە هیچ لادانێکی تێدا نیە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى: وقوله: ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ﴾ آل عمران.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (ئەوانەی کە دەربارەی براکانیان وتیان لە کاتێکدا خۆیان دانیشتبوون و دەرنەچوون، ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵی ئێمە بوونایە نەدەکوژران).

ئیبن کەثیر وتویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟﴾ واتە: ئەگەر ئەوان بە گوێی ئێمەیان بکردایە کاتێ وتمان دانیشن نەدەکوژران لەگەڵ ئەوانەی کە کوژران. خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾(واتە: بڵێ کەواتە بەرگری مردن لە خۆتان بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن) واتە: ئەگەر دانیشتن دەبێتە هۆی سەلامەتی کەسێك لە کوشتن و مردن، کەواتە دەبێ ئێوە نەمرن، مردنیش هەر دەبێ تووشتان ببێت، ئەگەر چی لەناو قەلآو کۆشکی قایمیشدا بن، کەواتە بەرگری مردن لە خۆتان بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن.

موجاهید وتویەتی لە جابیری کوڕی (عبد الله): ئەم ئایەتە دەربارەی (عبد الله)ی کوڕی ئوبەی و هاوەڵەکانی دابەزیوە. واتە: ئەو خۆی ئەوەی وتووە. بەیهەقی دەریهێناوە لە ئەنەسەوە ئەبو طەلحە وتویەتی: لە ڕۆژی ئوحودا خەوە نوچکەمان لێ کەوت، کاتێ لە ڕیزەکانماندا بووین شمشێرەکە لەدەستم دەکەوتە خوارەوەو دەمگرتەوە. وتی: دەستەیەکی تر لە دوو ڕووەکان هیچ خەمێکیان نەبوو تەنها نەفسی خۆیان نەبێ، ترسنۆکترینی ناو قەومەکە بوون، پشتی حەقیان

---

(١) أخرجه ابن أبي حاتم ٣-٧٠٥، وإسناده حسن من أجل إبن اسحاق وقد صرح بالسماع. وانظر الصحيح المسند من اسباب النزول. (ص٥٠-٥١).

بەردەدا ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ﴾ (واتە: گومانی ناڕاست و ناحەقیان بەخوا برد وەك گومانی نەفامێتی) بەڵکو ئەوانە ئەهلی گومان و دووددڵین بەخوا[1].

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ﴾ (واتە: بەڕاستی هەر خۆیان مەبەست بوو) واتە: دوو ڕووەکان خەوەنووچەکە نەیبردنەوە لەبەر گومان و دوو دڵیبان و ترس و تۆقینیان: ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ﴾.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: کاتێ باسی ئەوەی کرد کە ڕوویدا لە (عبد الله)ی کوڕی ئوبەی لە جەنگی ئوحوددا وتی: کاتێ لە جەنگی ئوحود کەناری گرت و وتی: واز لە بۆچوونی من و خۆی دەهێنێ بۆچوونی منداڵەکان وەردەگرێ و کاری پێ دەکات؟ خەڵکێکی زۆر لەگەڵیدا کەناریان گرت، زۆربەی ئەوانەی کەناریان گرت پێش ئەوە دووڕوو نەبوون، ئەوانە موسڵمان بوون و ئیمانیان لەگەڵدا بوو، ئەویش ئەو ڕووناکیەیە کە خوا نموونەی پێ هێناوەتەوە، ئەگەر پێش ئەو میحنەت و دوو ڕوویی بمردنایە ئەوە لەسەر ئیسلام دەمردن، ئەوانە لەو بڕوادارە ڕاستەقینانە نەبوون ئەوانەی تاقیکرانەوەو چەسپاو بوون لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە، لەو دوو ڕووانە نەبوون کە لە ئیسلام هەڵەگڕانەوە بە هۆی بەڵاو ناڕەحەتی. ئەمە حاڵی زۆینەی خەڵکی ئەم سەردەمەیە ئەگەر تووشی بەڵاو ناخۆشی ببن کە ئەهلی ئیمان تیایدا زەلیل و کەم دەبێت و ئیمانی زۆربەیان لاواز دەبێت و زۆربەشیان دوو ڕوو دەبن. هەندێکیان ئەگەر دوژمن زاڵ بوو مورتەد بوونەوەو هەڵگەڕانەوەی خۆی لە ئیسلام ئاشکرا دەکات، بێگومان ئێمە ئەوەمان بینیوە جگە لە ئێمەش ئەوەی بینیوە کە پەندو عیبرەتی تێدایە. یان ئەگەر موسڵمانان زاڵ بوون لەگەڵ موسڵمانان دەبێت، یان لەکاتی خۆشی و سەلامەتی، ئەوانە بڕوایان بە پێغەمبەران هەیە بە ئاشکراو نهێنی بەڵام بڕوابوونێك لەسەر بەڵاو ناڕەحەتی چەسپاویان ناکات، لەبەر ئەوە زۆرێك لەوانە واز لە فەرزەکان دەهێنن و سنورەکان دەشکێنن، ئەوانە لەو کەسانەن کە وتیان: بڕوامان هێنا، پێیان وترا: ﴿لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡۖ﴾ **الحجرات**. (واتە: بڕواتان نەهێناوە بەڵکو بڵێن موسڵمان بووین بە سەر زارەکی چونکە هێشتا بڕوا نەچوەتە نێو دڵەکانتانەوە) واتە: ئیمانی ڕەها (**الإيمان المطلق**)ئەو ئیمان و بڕوا ڕەهایەی کە خاوەنەکەی بەڕاستی بڕوادارە، بەڕاستی ئەمە ئیمانە ئەگەر لە کتێبی خودا بە ڕەهایی باس بکرێت، وەك چۆن قورئان و سوننەت ئاماژەی پێ دەکەن، هیچ گومان و دوو دڵیەکیان تووش نابێت کە ئیمان لە ناو دڵدا تێك دەدات.

وتەی: ئیمە ئەمەمان بینیوە، جگە لە ئێمەش ئەمەی بینیوە بەڕاستی پەندو ئامۆژگاری تێدایە.

وتم: ئیمەش بەهەمان شێوە ئەمەمان بینیوە لەکاتێکدا کە دوژمن زاڵ دەبێت، بەڕاستی پەندو عیبرەتی تێدایە، لەوەی یارمەتی دوژمن دەدەن و تانە لە ئاین دەدەن، دژایەتیشیان ئاشکرا دەکەن و لاوازی موسڵمانیان پێ خۆشە، تواناکانیان دەخەنە کار بۆ کوژاندنەوەی نوری ئیسلام و نەهێشتنی شوێنکەوانی، جگە لەوانەش لەوەی باسکردنیان درێژە دەخایەنێت.

---

(١) أنظر فتح الباري ١٠

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: في الصحيح عن أبي هريرة أن رسول الله ﷺ قال: (احْرِصْ على ما يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ ولا تَعْجِزَنْ. وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فلا تَقُلْ: لو أَنِّي فَعَلْتُ كذا لكان كَذَا وكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ: قَدَرُ اللَّهِ وما شَاءَ فَعَلَ، فإن لو تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی هورەیرەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: سووربە لەسەر ئەوەی سوودت پێ دەگەیەنێت، پشت بەخوا ببەستە و دەستەوسان مەبە. ئەگەر شتێکت تووش بوو (پێت ناخۆش بوو) مەڵێ: ئەگەر ئاواو ئاوام بکردایەت، ئەوە ئاواو ئاوا دەبوو، بەڵام بڵێ: ئەوە قەدەری خوایە، خوا چی ویست بیکات هەر ئەوە دەکات، چونکە (ئەگەر) (لو) دەرگای شەیتان دەکاتەوە.

.....

وتەی: (**في الصحيح**) واتە: صەحیحی موسلیم لە ئەبی هورەیرەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سووربە .....) فەرموودەکە[1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم فەرموودەی کورت کردوەتەوە، تەواوی ئەم فەرموودە بەم شێوەیە: لە پێغەمبەرەوە فەرمووی: (**الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَي اللَّهِ من الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وفي كُلٍّ خَيْرٌ احْرِصْ على ما يَنْفَعُكَ**) واتە: بڕواداری بەهێز چاکتر و خۆشەویستترە لەلای خوا لە بڕواداری لاواز، لەهەموویاندا خێرو چاکەیە هەیە. سووربە لەسەر ئەوەی سوودی هەیە بۆت). واتە: بۆ ژیانی دنیا و دواڕۆژت. مەبەست پێی سوور بوونە لەسەر بەکار هێنانی هۆکارەکان کە سوود دەگەیەنێت بە بەندە لە ژیانی دنیا و دواڕۆژی لەوەی خوا داینناوە بۆ بەندەکانی لەو هۆکارانەی پێویست و پەسەندو ڕەوان، بەندەش لەکاتی بەکار هێنانی هۆکارەکاندا تەنهاو تەنها پشت بەخوا دەبەستێ بۆ ئەوەی هۆکارەکەی بۆ بێتەجێ و سوودی پێ بگەیەنێت. لەوەدا پشت بەخوا دەبەستێ، چونکە خوا خۆی هۆکارو ئەوەشی دەبێتە هۆکار دروست کردوە، هۆکار سوودی پێ ناگەیەنێت مەگەر خوا بە هۆیەوە سوودی پێ بگەیەنێ، ئەوکات پشتبەستنی لە بەکارهێنانی هۆکاردا تەنها لەسەر خوا دەبێت. جا بەکارهێنانی هۆکار سوننەتە، پشتبەستن بە خواش یەکتاپەرستیە. ئەگەر هەردوکیان پێکەوە کۆ بکاتەوە مەبەستەکەی بۆ دەستەبەر دەبێت بە ئیزنی خوا.

وتەی: (**ولا تَعْجِزَنْ**) (النون) نوونی (**التأكيد الخفيفة**)یە. پێغەمبەر ﷺ لاوازی و بێ هێزی قەدەغەو سەرکۆنە کردوە، بێ هێزیش سەرزەنشت کراوە بە پێی شەرع و بەپێی عەقڵ، لە فەرموودەشدا هاتووە: (**الْكَيِّسُ من دَانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، وَالْعَاجِزُ من اتبع نَفْسَهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى على اللَّهِ الأماني**)[2]. واتە: ژیر و زیرەک ئەو کەسەیە نەفسی خۆی سەرزەنشت بکات بۆ دوای مردن، بێ هێزو لاوازیش ئەو کەسەیە شوێنی هەواو نەفسی کەوتووە و گوناە ئەنجام دەدات و تەمەنی بەهەشت دەکات بەبێ ئەوەی تەوبەو داوای لێخۆشبوون بکات.

---

(١) أخرجه مسلم في القدر (٢٦٦٤) عبد الباقي.

(٢) أخرجه الترمذي في صفة القيامة (٢٤٥٩)، وابن ماجه في الزهد (٤٢٦٠)، وضعفه الألباني في الضعيفة (٥٣١٩)، ومعناه في غاية الصحة.

لەم فەرموودەدا ڕێنمایی دەکات ئەگەر تووشی ناخۆشیەك بوو نەڵێت: ئەگەر من ئاوام بکردایە ئاواو ئاوا دەبوو، بەڵکو بڵێت: قەزاو قەدەری خوایە ئەوەی خوا بیەوێ هەر ئەوە ڕوو دەدات، ئەمە قەدەری خوا بووە، ئەوەشی پێویستە دەبێ تەسلیمی قەدەر بێت و پێی ڕازی بێت و چاوەڕوانی پاداشت بکات لەسەری.

وتەی: (**فإن لو تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ**) واتە: لە ئاخ هەڵکێشان لەوەی لەدەستی چووە و خەمو خەفەت خواردن و سەرزەنشتکردنی قەزاو قەدەری تێدایە، ئەوانەش پێچەوانەی ئارامگرتن و ڕازی بوونە وە ئارامگرتن پێویستە، بڕوا بوون بە قەزاو قەدەریش فەرزە، خوا فەرموویەتی: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾الحديد. (واتە: هیچ زیان و ڕووی نەداوە نە لەزەوی و نە لەخودی خۆتاندا ئیللا لە (لوح **المحفوظ**)دا نوسراوە پێش ئەوەی بەدی بهێنین بێگومان ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە* تا خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی لەدەستتان چووە و دڵخۆش و یاخی نەبن بەوەی کە پێی داون، خوا هیچ خۆ بەزل زانێکی شانازی کەری خۆش ناوێت) ئەمیری بڕواداران عەلی کوڕی ئەبو طالیب خوای لێ ڕازی بێت وتویەتی: ئارام گرتن بۆ ئیمان وەکو سەر وایە بۆ لاشە. ئیمام ئەحمەد دەڵێ: خوا لە نەوەد شوێنی قورئاندا باسی ئارامگرتنی کردوە.

شێخی ئیسلام فەرموودەکەی بە تەواوی هێناوە پاشان لە ماناکەیدا وتویەتی: بێ توانا و بێ هێز مەبە لەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، وە شیرزەو بێ ئارام و پەست مەبە لەوەی ڕوویداوە، هەندێك لە خەڵکی هەن هەردوو ئەم خراپەیە پێکەوە کۆدەکەنەوە، جا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە سوور بوون لەسەر ئەوەی سوود بەخشە، وە پشتیش بەخوا ببەستێت، فەرمانیش پێویست بوون دەخوازێت، ئەگەرنا پەسەندی و چاکە دەخوازێ، ڕێگریشی کردوە لە لاوازی و بێ دەسەڵاتی، فەرموویەتی: (**إن الله يَلومُ على العِجز**)[1]. (واتە: خوا سەرزەنشتی مرۆڤ دەکات لەسەر بێ توانایی) لاوازو بێ دەسەڵاتیش دژی ئەوانەن کە ﴿هُمْ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾﴾**الشورى**..(واتە: سەر داناخەن و بەرگری لە خۆیان دەکەن) جا فەرمان کردن بە خۆڕاگرتن و ڕێگری کردن لە لاوازی و بێ دەسەڵاتی لە چەندین شوێنی زۆردا فەرمانی پێ کراوە، چونکە مرۆڤ لە نێوان دوو شتدایە: فەرمانێك فەرمانی پێ کراوە بە ئەنجامدانی، ئەمە پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات و سوور بێ لە سەری و پشت بەخوا ببەستێ و دەستەوسان و لاواز نەبێ، وە فەرمانێك تووشی بووەو بەبێ ئەوەی خۆی ئەنجامی دابێ، پێویستە لەسەری ئارامی لەسەر بگرێ و پەست و بێزار نەبێ، وە لە بەر ئەمە هەندێ لە کەسە ژیرو عاقڵەکان وەکو ئیبنولموقەفیع و غەیری ئەویش وتویەتی: کاروبارەکان دوو شتن: کاروبارێك لە توانای مرۆڤدایە، کەواتە لاوازو بێ دەسەڵات مەبە لێی، وە کاروبارێك لە توانای مرۆڤدا نیە، کەواتە پەست و بێ ئارام مەبە، ئەمەش لە هەموو کاروبارەکانە، بەڵام لە لای بڕوادار: ئەوەی لە توانایدایە بریتیە لەوەی خوا ﷻ فەرمانی پێ کردوە و پێی خۆشە بۆی ببێ، جا خوا فەرمانی بە شتێك کردوە لە توانای ئەودا بێ، چونکە خوا ئەرکێ ناخاتە سەر ئادەمی کە لە توانایدا

---

(١) أخرجه أبو داود في الأقضية (٣٦٢٧)، وهو ضعيف أبي داود.

نەبێ، بێگومان فەرمانی پێکردوە بە هەر شتێك لە تواناو دەسەڵاتی ئەودا بێت، ئەوەشی لە توانای ئەودا نیە تووشی دەبێ بەبێ ئەوەی کردبێتی. وە ناوی چاکەکان و خراپەکان دوو بەش دەگرێتەوە:

یەکەم: کردەوەکان وەکو وتەی خوا ﷻ: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ﴿١٦٠﴾ ﴾**الأنعام**. (واتە: هەر کەسێك چاکە بکات ئەوە لە پۆژی دواییدا دە ئەوەندەی چاکەکەی پاداشتی بۆ هەیە وە هەرکەسێك خراپە بکات ئەوە تۆڵەی لێ ناسەنرێ تەنها بە وێنەی خۆی نەبێ) وە وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ ۖ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا ﴿٧﴾ ﴾ **الإسراء**. (واتە: ئەگەر ئێوە چاکە بکەن ئەوە چاکە بۆ خۆتان دەکەن وە ئەگەر خراپەش بکەن ئەوا سزاکەی هەر بۆ خۆتانە) وە وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا ﴿٤٠﴾ ﴾ الشوری. (واتە: وە تۆڵەی هەر خراپەیەك خراپەیەکە بە وێنەی خۆی) وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ ﴿٨١﴾ ﴾**البقرة**. (واتە: نەخێر وانیە هەر کەسێك خراپە بکات وە تاوانەکەی خۆی دەوری دابێ و دایگرێتەوە) لەگەڵ چەند ئایەتێکی زۆر لەم بوارەدا. خوا زاناترە.

دووەم: ئەوەی بەسەر بەندەدا دێت بەبێ کردەوەی خۆی لە خۆشی و ناخۆشیەکان. وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ﴿٧٩﴾ ﴾ **النساء**. (واتە: هەر چاکەیەکت تووش بوو ئەوە لە خواوەیە وە هەر خراپەیەکت تووش بوو ئەوە لە خۆتەوەیە) ئایەتەکەی پێش ئەویش، چاکە (**الحسنة**) لەم دوو ئایەتەدا بەواتای: بەخشش و نیعمەت دێت، (**السیئة**)ش بە مانای: بەڵاو موسیبەت هاتووە، ئەمە دووەمی دوو بەشەکەیە.

گومان دەبەم شێخی ئیسلام لەم شوێنەدا باسی کردبێت، پێ دەچێت ئەوکەسەی کە لەبەری گرتووەتەوە لای دابێت، خوا زاناترە.

پاشان ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: بەڕاستی ئادەمیزاد فەرمانی پێ نەکراوە تەماشای قەدەر بکات کاتێ فەرمانی پێ دەکرێ کردەوە ئەنجام بدات، بەڵام کاتێ بەڵاو موسیبەتی بەسەردا دێت هیچ دەسەڵاتی ئەوی تێدا نیە لە ڕەتکردنەوەی، جا ئەوەی تووشت دەبێت بەهۆی کردەوەی مرۆڤەکانەوە یان بەبێ کردەوەی ئەوان ئارامی لەسەر بگرەو پێی ڕازی بە ملکەچ بە. خوا فەرموویەتی: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ﴿١١﴾ ﴾التغابن. (واتە: هیچ نارەحەتیەك تووشی خەڵك نابێت مەگەر بە فەرمانی خوا هەرکەس بڕوا بەخوا بهێنێ ڕێنموونی دڵی دەکات) لەبەر ئەمە ئادەم بە مووسای فەرموو: (**أَتَلُومُنِي على أَمْرٍ قَدَّرَهُ الله عَلَيَّ قبل أَنْ أخلُقَ بأربعين سنة؟ فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى**) واتە: لەسەرکارێك لۆمەو سەرکۆنەم دەکەی خوا بە قەزاو قەدەر داینابوە لەسەرم پێش ئەوەی دروست بکرێم بە چل ساڵ؟ ئادەم بەمە وەڵامی مووسای دایەوە) چونکە مووسا پێی وت: (**لِمَاذا أَخْرَجْتَنا ونَفْسَكَ مِن الجَنَّةِ**)[1]. واتە: بۆچی ئێمە و نەفسی خۆتت دەرهێنا لە بەهەشت. لۆمەو سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەو موسیبەتەی بەهۆی کردەوەی ئەوەوە تووشیان بووە، نەك لەبەر گوناهەکە. لەگەڵ ئەوەدا چەند دەستەیەك لە خەڵکی وادەزانن لەبەر گوناهەکەی بووە، بەڵام مەبەست لە فەرموودەکەدا ئەوە نیە، چونکە ئادەم تەوبەی کرد لەسەر

---

(١) أخرجه البخاري في القدر (٦٦١٤) فتح، ومسلم في القدر (٢٦٥٢) عبد الباقي.

گوناهەکە، تەوبەکاریش لە گوناە وەکو ئەوە وایە گوناهی نەبێت. دروست نیە لۆمەی تەوبەکار بکرێت لەسەر ئەو گوناهەی تەوبەی لەسەری کردوە. بە کۆ دەنگی.

ئیبنولقەییم وتویەتی: ئەم فەرموودەیە چەندین بنەمای مەزن لە خۆ دەگرێ لە بنەماکانی ئیمان:

یەکەم: خوا وەسفکراوە بە خۆشەویستی، خوا بەڕاستی سیفەتی خۆشویستنی هەیە.

دووەم: خوا ناوەڕۆکی ناوو سیفاتەکانی خۆش دەوێت و ئەوەشی گونجاوە لەگەڵیان، ئەو بەهێزە و بڕوادارى بەهێزیشی خۆش دەوێ، ئەو زاتە تاکە تاکیشی خۆشەوێ، جوانە و جوانیشی خۆشەوێ، زانایە و زاناشی خۆشەوێ، پاکەو پاکیشی خۆشەوێ، ناوی (**المؤمن**) ئیماندارانیشی خۆش دەوێ، چاکە خوازەو چاکەکارانیشی خۆش دەوێ، ئارامگرەو ئارامگرانیشی خۆش دەوێ، سوپاسگوزارە سوپاسگوزارانیشی خۆش دەوێ.

سێیەم: خۆشەویستی خوا بۆ بڕوادارانە پلە بە پلە زیاد دەکات، هەندێکیانی لە هەندێکی دیکەیان زیاتر خۆش دەوێ.

چوارەم: بێگومان بەختەوەری و خۆشی ئادەمیزاد لە سوورببوونیدایە، لەسەر ئەوەی سوودی هەیە بۆی لە ژیانی دنیاو دواڕۆژ، مانای (الحرص) سوور بوونیش بریتیە لە بەکارهێنانی هەموو تواناو کۆششەکان، جا ئەگەر ئەو کەسە سوور بوو لەسەر ئەوەی سوودی هەیە بۆی، ئەوە سوور بوونەکەی ستایش کراوە، وە تەواوێتی ئەو سوور بوونە لە کۆی ئەم دوو کارەدایە: دەبێ سووربێ و سوور بوونیشی لە سەر ئەوە بێ سوودی لێ دەبینێ، جا ئەگەر سوور بوو لە سەر ئەوەی سوودی نیە بۆی، یان شتێکی سوود بەخشی ئەنجامدا بە بێ سوور بوون لە سەری، ئەوە کەماڵ و تەواوی لەدەست دەدات بە ئەندازەی لە دەستدانی ئەو سوور بوونە، جا هەموو خێر و چاکەیەك لە سوور بووندایە لەوەی سوودی هەیە.

کاتێ سوور بوونی ئادەمیزادو کارکردنی تەنها بە یارمەتی و ویست و سەرخستنی خوایە بۆ بەندەکەی، فەرمانی کردووە پشت بەخوا ببەستێ بۆ ئەوەی پلەو پایەی: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥﴾ **الفاتحة** دەست بکەوێ. چونکە سوور بوونی لەسەر ئەوەی سوودی هەیە بۆی پەرستشە بۆ خوا، ئەو پەرستشەش بەدەست نایەت بە یارمەتی خوا نەبێت، بۆیە فەرمانی پێ کردوە بپەرستێ و پشتی پێ ببەستێ، جا ئەوەی سووڕە لەسەر ئەو شتەی سوودی هەیە بۆی پشت بەخوا دەبەستێ، پێچەوانەی کەسی بێ هێزو بێ دەسەڵاتە، جا ئەمە ڕێنمایی کردنیەتی بۆ ئەوەی کە لەگەورەترینی هۆکارەکانی بەدەستهێنانیەتی پێش ڕوودانی قەدەرەکە، ئەویش بریتیە لە سوور بوون لە سەری لەگەڵ پشت بەستن بەو زاتەی چەمکی کاروبارەکان بەدەستێتی، سەرچاوەکەیشی هەر لە ئەوەیەو گەڕانەوەیشی هەر بۆ لای ئەوە.

جا ئەگەر ئەو شتەی لەدەستدا کەبۆی تەقدیر نەکراوە ئەوە دوو حاڵەتی بۆ هەیە: یەکەم: بێ توانایی و دەستەوسانی (عجز) ئەویش کلیلی کاری شەیتانە، بێ هێزی و لاوازی تووشی

بەکارهێنانی وشەی ئەگەر (لو)ی دەکات، هیچ سوودێکیش لە بەکارهێنانی ئەگەردا نیە لێرەدا، بەڵکو ئەوە کلیلی سەرزەنشتی و بێ توانایی و ناڕازی بوون و خەم و پەژارەو حەسرەتە، هەموو ئەوانەش لە کردەوەکانی شەیتانن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردوە ئەگەر بەکاربهێنرێ لە دەستپێکی کارەکەی، وە فەرمانی پێ کردوە بە حاڵەتی دووەم: ئەویش سەرنجدانی قەزاو قەدەرە، ئەگەر خوا ﷻ ویستی لەسەر بوایە لە دەستی نەدەچوو، هیچ کەسێکیش زاڵ نەدەبوو بەسەریدا، لێرەدا هیچ شتێکی بۆ نەماوەتەوە بە سوودتر بێ لە توشبوون و ڕودانی قەدەرەکە، وە ویستی جێبەجێ بووی پەروەردگار کە بوونی قەزاو قەدەرەکان پێویست دەکات، خۆ ئەگەر ویستی خوا نەبوو ئەویش بوونی نیە، لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی: (**فإن غَلَبك أمر فَلا تقل: لو أَنِّي فَعَلْتُ كذا لكان كَذَا وَكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ: قَدَرُ اللَّهِ وما شَاءَ فَعَلَ**) ڕێنمایی کردوە بۆ ئەوەی کە سوودی هەیە بۆی لەم دوو حاڵەتەدا: حاڵەتی بەدەستهێنانی داواکراو، وە حاڵەتی لە دەستدانی، لەبەر ئەمەیە ئەم فەرموودەیە بەندە هەرگیز لێی بێ نیاز نابێ، بەڵکو زۆر پێویستی پێیەتی، ئەویش جێگیر کردنی قەزاو قەدەرو بەدەستهێنان و ویست و هەڵبژاردن و هەستان بە پەرستش بە ئاشکراو نهێنی لەخۆدەگرێ، لەهەر دوو حاڵەتی بەدەستهێنانی داخوازی و لەدەستدانی، خوا یارمەتی دەر بێت.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی دوو ئایەتەکەی آل عمران.

دووەم: قەدەغەکردنەکە ڕونە لە بەکارهێناوی وشەی ئەگەر، ئەگەر تووشی بەڵاو ناخۆشیەك بوو.

سێیەم: هۆکاری مەسەلەیەش ئەوەیە ئەو وشەیە دەرگای شەیتان دەکاتەوە.

چوارەم: ڕێنمایی کردن بۆ بەکارهێنانی وشەی جوان.

پێنجەم: فەرمان کردن بە سوور بوون لەسەر ئەوەی سوود دەگەیەنێ لەگەڵ پشت بەستن بەخوا.

شەشەم: ڕێگری کراوە لە پێچەوانەکەی ئەویش بێ توانایی و لاوازیە.



بەشی ٥٧

قەدەغەکردنی جونێودان بە با

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب النهي عن سب الريح.

عن أُبيِّ بن كَعْبٍ قال: قال رسول اللَّهِ ﷺ: (لَا تَسُبُّوا الرِّيحَ فإذا رَأَيْتُمْ ما تَكْرَهُونَ فَقُولُوا: اللهم إِنَّا نَسْأَلُكَ من خَيْرِ هذه الرِّيحِ وَخَيْرِ ما فيها، وَخَيْرِ ما أُمِرَتْ بِهِ، وَنَعُوذُ بِكَ من شَرِّ هذه الرِّيحِ وَشَرِّ ما فيها وَشَرِّ ما أُمِرَتْ بِهِ)[1]. صححه الترمذي.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی قەدەغەکردنی جونێودان بە با

لە ئوبەی کوڕی کەعب وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (جنێو مەدەن بە با ئەگەر شتێکتان بینی و پێتان ناخۆش بوو بڵێن: خوایە داوای خێری ئەم بایەت لێ دەکەین و خێری ئەوەی تیایدایە، وە خێری ئەو بایەی فەرمانی پێ دراوە کە بیکات، پەنا دەگرین بەتۆ لە شەڕو خراپەی ئەم بایە و شەڕو خراپەی ئەوەی تێیدایە، وە شەڕو خراپەی هەر شتێك کە فەرمانی پێ دراوە بیکات).

.....

چونکە ئەو بایە بە فەرمانی خوا هەڵدەکاو دروستکراوی ئەوە، جا هەر کەسێ جنێوی پێ بدات ئەوە جنێوی بە بکەرەکەی داوە ئەویش خوایە، وەك لە پێشەوە باسی قەدەغەکردنی جنێودان بە زەمانە کرا، ئەمەش هەر وەکو ئەوە وایە، کەس ئەم کارە ناکات مەگەر خەڵکانێکی نەفام بە خواو ئاینەکەی و ئەوەی داینارە بۆ بەندەکانی.

پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە ئەهلی ئیمان لەوەی نەفام و نەزانەکان دەیڵێن و ڕێنمایی کردون بۆ ئەوەی کە چی پێویستە لەکاتی هەڵکردنی بادا بوترێ، جا فەرموویەتی: (**إذا رَأَيْتُمْ ما تَكْرَهُونَ فَقُولُوا: اللهم إِنَّا نَسْأَلُكَ من خَيْرِ هذه الرِّيحِ وَخَيْرِ ما فيها، وَخَيْرِ ما أُمِرَتْ بِهِ**) ئەگەر شتێکتان بینی لە با پێتان ناخۆش بوو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بە یەکتاپەرستی و بڵێن: (**اللهم إِنَّا نَسْأَلُكَ من خَيْرِ هذه الرِّيحِ وَخَيْرِ ما فيها، وَخَيْرِ ما أُمِرَتْ بِهِ، وَنَعُوذُ بِكَ من شَرِّ هذه الرِّيحِ وَشَرِّ ما فيها وَشَرِّ ما أُمِرَتْ بِهِ**) ئا لەمەدا بەندایەتی خوای تێدایە لەگەڵ گوێڕایەڵی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە داواکردنی دور خستەوەی شەڕو خراپەی، لەگەڵ بەبیر هێنانەوەی چاکەو بەخششەکانی، ئەمە حاڵی یەکتاپەرستان

---

(١) أخرجه الترمذي في الفتن (٢٢٥٢)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة(٢٧٥٦).

و بڕوادارانە، بە پێچەوانەی حاڵی گوناهباران و سەرپێچیکاران، ئەوانەی بێبەش بوون لە چێژی ئەو یەکتاپەرستیەی کە بریتیە لە حەقیقەتی ئیمان.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕێگریکردن لە جنێودان بە با.

دووەم: ڕێنمایی بۆ قسەی بەسوود، ئەگەر مرۆڤ شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو.

سێیەم: ڕێنمایی کردن بەوەی دەبێت موسڵمان بزانێت ئەو با فەرمانی پێکراوە.

چوارەم: هەندێ جار با فەرمانی بە خێر پێ دەکرێ و هەندێ جاریش بە شەڕ.



بەشی ٥٨

فەرمایشتی خوا ﷻ:

﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ١٥٤ ﴾آل عمران.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (گومانی ناڕاست و ناهەق بەخوا دەبەن وەك گومانی نەفامێتی ئەڵێن ئایا لەم کارەدا هیچ هەڵبژاردەیەکمان بۆ هەیە، بڵێ بێگومان کاروبار هەمووی بەدەست خوایە دەیشارنەوە لە دەروونیاندا ئەوەی کە دەری نابڕن بۆت دەڵێن ئەگەر شتێك لەم کارەدا بەدەست ئێمە بوایە لە هەڵبژاردن، ئێمە لێرەدا نەدەکوژرایین بڵێ ئەگەر ئێوە لەماڵەکانی خۆشتاندا بوونایە هەر دەردەچوون ئەوانەی کە کوژرانیان لەسەر نووسرابوو بۆ جێگای کوژرانیان بۆ ئەوەی خوا تاقی بکاتەوە ئەوەی کە لە سنگتاندایە، وە بۆ ئەوەی پاڵفتە و پاکی بکاتەوە ئەو (بروایە)ی کە لە دڵتاندایە وە خوا زانایە بەوەی لە سینە و دەرونەکاندایە) وە فەرموویەتی: ﴿ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۖ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ٦ ﴾الفتح. (واتە: گومان بەرانی خراپ دەربارەی خوا ئەو خراپ (لەناو چوونەی چاوەڕوانی دەکەن بۆ ئیمانداران) هەر بەسەر خۆیاندا دێت، وە خوا خەشمی لێ گرتوون و نەفرینی لێ کردون دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون ئای چ سەرئەنجامێکی خراپە).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: قال ابن القيم في الآية الأولى: (فُسِّرَ هذا الظنُّ بأنه سبحانه لا يَنْصُر رسوله وأن أمره سيضمحلُّ وفسر بأن ما أصابه لم يكن بقَدَر الله وحكمته ففسر بإنكار الحكمة وإنكار القدر وإنكار أن يتم أمرُ رسوله وأن يظهره الله على الدين كله وهذا هو ظنُّ السّوء الذي ظن المنافقون والمشركون في سورة الفتح وإنما كان هذا الظن السوء لأنه ظن غير ما يليقُ به سبحانه وما يليقُ بحكمته وحمده ووعده الصادق فمن ظن أنه يُديلُ الباطلَ على الحقِّ إدالةً مستقرة يضمحلُّ معها الحق أو أنكر أن يكونَ ما جَرَى بقضائه وقدره أو أنكر أن يكون قَدَرُه لحكمةٍ بالغة يستحق عليها الحمد بل زَعَم أن ذلك لمشيئةٍ مجرَّدة فذلك ظن

الذين كفروا فويلٌ للذين كفروا من النار وأكثر الناس يظنون بالله ظَنَّ السّوء فيما يختصُّ بهم وفيما يَفْعله بغيرهم و لا يَسْلَمُ من ذلك إلا مَنْ عَرَف الله وأسماءه وصفاته وموجبَ حِكمته وحمده فَلْيَعْتنَ اللبيبُ الناصحُ لنفسه بهذا وَلْيَتُبْ إلى الله وَلْيَسْتَغْفِرْه من ظنه بربه ظَنَّ السوء ولو فَتّشتَ مَنْ فَتّشتَ لرأيت عنده تَعَنُّتاً على القَدَر وملامةً له وأنه كان ينبغي أن يكون كذا وكذا فمُسْتَقِلٌّ ومستكثر وفَتِّشْ نفسك هل أنت سالم؟!

فإن تَنْج منها تَنْج من ذي عظيمةٍ وإلا فإني لا إخالُك ناجياً.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ دەربارەی ئایەتەکەی یەکەم وتوێەتی: ئەم گومانە ڕاڤەکراوە بەوەی خوا پێغەمبەرەکەی سەرناخات، بێگومان بانگەوازەکەشی دەپوکێتەوە، ڕاڤەش کراوە بەوەی کە ئەو شتەی تووشی پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵەکانی بوو بە قەزاو قەدەرو حیکمەتی خوا نەبوو. ڕاڤەش کراوە بەوەی ئەوان نکوڵی حیکمەت و نکوڵی قەدەری خوایان کردووە، نکوڵی ئەوەشیان کردوە کە خوا کاری پێغەمبەرەکەی تەواو بکات و سەربیخات بەسەر هەموو ئاینەکاندا. ئەمەش ئەو گومانە خراپەیە کە دوور ڕووەکان و هاوبەشدانەران بوویان کە لە سورەتی فەتحدا باسکراوە، بێگومان ئەمە گومانی خراپە، چونکە گومانێکە شیاو نیە بەخوای پاك و بێگەرد، وە ئەو گومانە شیاو نیە بە حیکمەت و ستایش و پەیمانی ڕاستەقینەی خوا. جا هەرکەسێك گومانی وابێت خوا ناحەق زاڵ دەکات بەسەر حەقدا بەشێوەیەکی بەردەوام و لەو نێوەندەشدا حەق دەپوکێتەوە، یان نکوڵی ئەوە بکات کە هەرچی ڕوویداوە بە قەزاو قەدەری خوا بوو بێت، یان نکوڵی ئەوە بکات ئەوەی ڕوو دەدات بە حیکمەتی خوایەو هەردەبێ ببێ و شیاوی ئەوەیە ستایش بکرێت، بەڵکو بانگەشەی ئەوە بکات ئەوەی ڕوو دەدات بە ئیرادەیەکی ڕووتە بە بێ هۆکارەو حیکمەتی تێدا نیە. ئەوە گومانی بێبڕوایانە وای بۆ بێبڕوایان لە ئاگری دۆزەخ، زۆربەی خەڵکی گومانی خراپ بەخوا دەبەن لەوانەی تایبەتە بە خۆیان و لەوەشدا کە خوا چ کارێ بە خەڵکی دیکە دەکات، هیچ کەس لەم گومانە خراپانە سەلامەت نابێت مەگەر کەسێك خوای ناسیبێ لەگەڵ ناوەکانی و سیفاتەکانی، وە پێویستکەری حیکمەتی و ستایشی ناسیبێ. جا با مرۆڤی ژێرو تێگەیشتوو گرنگی بدات بەم مەسەلەیە بۆ نەفسی خۆی، با تەوبەش بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، داوای لێخۆشبوونیش بکات لەوەی گومانی خراپی بردوە بە پەروەردگاری، ئەگەر پشکنین بۆ هەر کەسێك بکەیت و لێی ورد ببیتەوە دەبینیت جۆرێ ناڕەزایی تێدایە لە قەدەرو سەزەنشت و لۆمەی دەکات، دەڵێ دەبوایە ئاواو ئاوا بوایە، هەیە ئەو سیفەتەی بەکەمی تێدایە و هەیشە بەزۆری تێیدایە، جا تۆش پشکنینی خۆت بکە بزانە: ئایا لەو بەڵای ناڕازی بوونە سەلامەتی یان نا؟!

جا ئەگەر لەو فیتنەیە ڕزگارت بوو ئەوە ڕزگارت بووە لە بەڵایەکی گەورە ئەگەر نا وانابینم ڕزگارت ببێت.

.....

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ مِن شَىْءٍ قُلْ إِنَّ ٱلْأَمْرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ ﴿١٥٤﴾ ﴾ آل عمران .

ئەم ئایەتە خوا باسی کردوە لە میانەی باسکردنی ڕووداوی ئوحود وەك فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنۢ بَعْدِ ٱلْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَىٰ طَآئِفَةً مِّنكُمْ ﴿١٥٤﴾ ﴾ (واتە: پاشان دایبەزاند بەسەرتاندا لە پاش ئەو غەمەی کە چەشتتان ئارامیی کە وەنەوزێك بوو بەسەر دەستەیەك لە ئێوەدا هات) واتە: ئەهلی ئیمان و ئەوانەی چەسپیو بوون و بەڕاستی پشتیان تەنها بەخوا بەست، ئەوانە دڵنیا بوون لەوەی خوا پێغەمبەرەکەی سەردەخات و ئاواتەکەی بەجێ دێنی، بۆیە فەرمووی: ﴿ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ ﴿١٥٤﴾ ﴾ (واتە: بەڵام دەستەو تاقمێکی دیکەتان بەڕاستی هەر خۆیان مەبەست بوو) خەوەنوچکەیان لێ نەدەکەوت بەهۆی خەم و خەفەت و دوو دڵی و ترسەوە ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ﴾. وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ ٱلرَّسُولُ وَٱلْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰٓ أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِى قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ وَكُنتُمْ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٢﴾ ﴾ الفتح. (واتە: بەڵکو وا گومانتان دەبرد پێغەمبەرو ئیمانداران ناگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کاری خۆیان بە ئێجگاری و (شەهید دەبن) ئەو گومانە لە دڵتاندا ڕازێنرابوویەوە) وە گومانی خراپتان دەبرد و بەڕاستی ئێوە گەلێکن لەناو دەچن).

بەم شێوەیە ئەو کەسانە بڕوایان وابوو کە هاوبەشدانەران کاتێ سەرکەوتن لەو ساتەدا گومانیان برد ئەوە دواساتەکانی ئیسلام و موسڵمانانە، وە یەکلاکەرەوەیە و ئیسلام و خەڵکەکەی تیادەچن، ئەمەش پیشەی ئەوانەیە بەگومان و دوودڵن لە ئیسلام کاتێ ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو دەدات ئەوانیش تووشی ئەو کارە خراپە دەبن.

لە ئیبن جورەیجەوە وتی: بە (عبدالله)ی کوڕی ئوبەی وترا: بەنو خەزرەج لەم ڕۆژەدا کوژرا؟ ئەویش وتی: ئایا لەم کارەدا شتێك هەیە لە دەستی ئێمەدا؟

وتەی ئیبنولقەییم: دەربارەی گومان بردنی خراپ بە خوا

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: لەوەی کە جەنگی ئوحود لە خۆی گرتووە: ئەم گومانە ڕاڤەکراوە بەوەی شیاوی خوای گەورە نیە کە پێغەمبەرەکەی سەر نەخات و بانگەوازەکەشی بپوکێتەوە و ڕادەستی دوژمنی بکات بۆ کوشتن، ڕاڤەش کراوە بەوەی کە ئەو شتەی تووشی پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵەکانی بوو بە قەزاو قەدەرو حیکمەتی خوا نەبوو. ڕاڤەش کراوە بەوەی ئەوان نکوڵی حیکمەت و نکوڵی قەدەری خوایان کردووە، نکوڵی ئەوەشیان کردوە کە خوا کاری پێغەمبەرەکەی تەواو بکات و سەربخات بەسەر هەموو ئاینەکاندا. ئەمەش ئەو گومانە خراپەیە کە دووڕ ڕووەکان و هاوبەشدانەران بوویان کە لە سورەتی فەتحدا باسکراوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾ ﴾ الفتح. (واتە: وە سزای بدات پیاوان و ئافرەتانی ناپاك و پیاوان و ئافرەتانی هاوبەش پەیداکەری گومان بەرانی خراپ دەربارەی خوا ئەو خراپە (لەناو چوونەی چاوەڕوانی دەکەن بۆ ئیمانداران) هەر بەسەر خۆیاندا دێت وە خوا خەشمی لێ گرتوون و نەفرینی لێ کردوون و دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون ئای چ سەرئەنجامێکی خراپە). بێگومان ئەمە گومانی خراپ و جاهلیەت و نەفامی بوو، ئەوەش دراوەتە پاڵ نەفامان و ئەوانەی

گومانی خراپ دەبەن، چونکە گومانی بردوە بەوەی شیاو نیە بەناوە جوانەکانی خواو سیفاتە بەرزەکانی و ئەو زاتە پاکەی کە بێگەردە لەهەموو کەم و کوڕیەك، پێچەوانەی ئەوە جولّانەوە کە شیاوە بە حیکمەت و ستایشی و تاك و تەنهایی بە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی، وە ئەوەشی شیاوە بەو بەڵێنە ڕاستەقینەی کە نایشکێنێ، وە گومانیان برد بە وشەکانی کە پێش کەوتووە بۆ سەرجەم پێغەمبەران بەوەی سەریان دەخات و پشتیان بەرنادات. وە بۆ سەربازانی کە بەڕاستی ئەوان سەرکەوتوون، جا هەر کەسێك وا گومان ببات بەوەی خوا ﷻ پێغەمبەرەکەی سەر ناخات و کارووباری بۆ تەواو ناکات و پشتیوانی لێ ناکا، وە ئاین و کتێبەکەی سەرناخا و هاوبەشدانان سەر دەخات بە سەر یەکتاپەرستاندا، وە ناحەقیش بەسەر حەقدا، بە سەرخستنێکی بەردەوام یەکتاپەرستی تیایدا دەپوکێتەوە و حەق و ڕاستی ون بێ، وە هەرگیز جارێکی تر ناکەوێتە سەر پێی خۆی، بەڕاستی ئەوە گومانی خراپی بۆ خوا بردوە و شتانێکی داوەتە پاڵی پێچەوانەی گەورەیی و تەواوی و سیفاتەکانێتی، چونکە بەڕاستی ستایش و عیزەت و حیکمەتی خوا وە پەرستراوێتی، نکوولّی لەوە دەکات، وە نکوڵی دەکات کە حیزب و سەربازانی زەلیل بکات، وە سەرکەوتنی بەردەوام ببەخشێ بە دوژمنە هاوبەشدانەرەکانی، ئەوانەی شتی تریان یەکسان کردوە بەخوا. جا هەر کەسێ گومانی لەو جۆرە بە خوا ببات، ئەوە نە خوای ناسیوە، نە ناوەکانی ناسیوە، وە نە سیفاتە بەرزو پیرۆزەکانی، وە نەکەماڵی خوای ناسیوە، بە هەمان شێوەش ئەوەی نکوولّی بکات لەوەی کە ئەو کارە بە قەزاو قەدەری خوا نەبووە، ئەوە نە خوای ناسیوە، نە پەروەردگارێتی، وە نە مەزنی ئەوی ناسیووە، بەهەمان شێوەی ئەوەی نکوولّی ئەوە بکات قەدەری خوا وەك ئەوەی لە جەنگی ئوحودا ڕوویدا لەبەر حیکمەتی تەواوی خۆی بووبێت و وە لەبەر مەبەستێکی سوپاسکراو بووبێت کە شایستەی ئەوە بێت کە لە قەدەرەکانیدا ستایش بکرێت، بەڵکو بانگەشەی ئەوە بکات هەرچی ڕوویدابێت تەنها بە پێی ئیرادەیەکی داماڵراو لە حیکمەت و مەبەستێکی خوازراو بوبێ کە خۆشەویستر لەلای لە نەمانی، وە ئەو هۆکارە ناخۆشانەی کە دەبنە مایەی شکست لە حیکمەت و دانایی خوا دەرناچن، هەتا بچێ بەرەو ئەوەی کە خۆی پێ ی خۆشە، ئەگەر چی ئەو قەدەرە بەلای ئەوەوە ناخۆش بێ کە بەسەری هاتووە جا نە ئەوەی خوا قەدەری کردوە لە خۆرایە، نە ئەوەی ویستوویەتی بە هاوەنتەیە، وە نە ئەوەی دروستی کردوە پووچە ﴿ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَوَيۡلٞ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ ﴾ ص. (واتە: ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێ بڕوا بوون سا هاوار بۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لە ئاگری دۆزەخ).

زۆربەی خەڵکی گومان بەخوا دەبەن بەناحەق بە گومانی خراپ لەوەی تایبەتە بە خۆیان، لەوەشی خوا لەگەڵ غەیری ئەوان دەیکات لە خەڵکی، هیچ کەس لەم بەد گومانیە ڕزگاری نابێت مەگەر کەسێك خوای ناسیبێت و ناوە جوانەکانی و سیفاتەکانیشی ناسیبێت، وە بزانێت تەنها خوا خاوەن حیکمەت و ستایشە. هەرکەسێك بێ هیوا بێت لە ڕەحمەتی خوا ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردووە. هەرکەسێك ئەوە بە ڕەوا بزانێت بۆ خوا بەوەی سزای دۆست و ئەولیاکانی دەدات لەگەڵ چاکەکردن و دڵسۆزیان جیاوازی ناکات لە نێوانیاندا و لە نێوان دوژمنەکانیدا ئەوە گومانی خراپی پێ بردوە. وە هەرکەسێ گومان ببات کە خوا ﷻ واز لە بەندەکانی دەهێنێ بە بێ ئەوەی فەرمانیان پێ بکات و ڕێگریان لێ بکات، نە پێغەمبەریان بۆ بنێرێ و نە کتێبیان بۆ دابەزێنێ، بەڵکو هەر

وەکو ئاژەڵ بەرەڵایان بکات، ئەوە گومانی خراپی بە خوا بردوە، هەر کەسێکیش گومانی وا بێ کە خوا ﷻ بەندەکانی کۆ ناکاتەوە لە دوای مردنیان بۆ پاداشتدانەوەو سزادانیان، لەو ماڵەی پاداشتی چاکەکاری تێدا دەداتەوە بە چاکەی خۆی، خراپەکاریش بە خراپەی خۆی، ڕوونیشی ناکاتەوە بۆ بەندەکانی حەقیقەتی ئەو جیاوازیەی کە هەیانبووە، بۆ هەموو جیهانیانیشی دەرناخات ڕاستگۆیی خۆی و ڕاستگۆیی پێغەمبەرانی، وە دوژمنانیشی درۆزن بوونە، ئەوە گومانی خراپی بە خوا بردوە، وە هەرکەسێکیش گومان ببات بە خوا کە ئەو کردەوە چاکەکانی کە لەپێناوی خوادا بە دڵسۆزی و لەسەر فەرمانی ئەنجامی داوە بەفیڕۆی دەدات، بەبێ هیچ هۆکارێك لە لایەن بەندەوە پووچی دەکاتەوە، وە سزای دەدات بەوەی کە نە دەستی ئەوی تێدایەو نە هەڵیبژاردوەو نە توانای بە سەریدا هەیەو نە ویست و ئیرادەی لە ڕودانیدا هەبووە، بەڵکو خوا ﷻ لەخۆیەوە سزای دەدات، یان گومان ببات دروستە بۆ خوا پشتیوانی لە لەو دوژمنانەی بکات کە درۆی بۆ هەڵدەبەستن بەهەمان ئەو موعجیزانەی کە پشتگیری پێغەمبەرانی پێ کردووە، وە لەسەر دەستی ئەوان تێ ی دەپەڕێنێ، بۆ ئەوەی بەندەکانی خوای پێ گومڕا بکەن، وە هەموو شتێکیشی بەلاوە هەر چاکەیە، تەنانەت سزادانی کەسێك هەموو تەمەنی لە گوێڕایەڵی و پەرستشی ئەودا ئەنجام دابێت، بۆ هەمیشەیی بیخاتە دۆزەخەوە و لە خواری خوارەوەی دۆزەخیان دابینات، بەخشش و نیعمەتیش بە سەر کەسێکدا دابباریێنێ کە تەمەنی لە دژایەتی خواو پێغەمبەرانی و ئایینەکەیدا بەکارهێنابێت، وە بەرزی بکاتەوە بۆ بەرزترینی پلەو پایەکان، ئەم دوو کارەش لە چاکیدا لە لای خوا ﷻ وەکو یەك وابن، وە نازانرێ ڕێگری کردن لە یەکێکیان و ڕوودانی ئەوی دیکەیان مەگەر بە هەواڵێکی ڕاست، ئەگەر نا عەقڵ بڕیار نادات بە خراپی یەکێکیان و چاکەی ئەوی دیکەیان، ئەوە گومانی خراپی بە خوا بردوە.

وە هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا هەواڵی داوە دەربارەی نەفسی خۆی و سیفاتەکانی و کردارەکانی بە جۆرێ ڕواڵەتەکەی پووچ و لەیەك چوون و پێکچواندنی (تمثیل) تێدا بێت، وازیش لە حەق بهێنێ و هەواڵی پێ نەدا، بەڵکو ئاماژەی پێ بکات بە ئاماژەکردنێکی دوور لە ڕاستی و بە پێچ و پەنا و نادیاری ئاماژەی پێ کردبێ بە ڕاشکاوی دەرینەبڕیبێ، بەڵکو بە شێوەی لەیەکچوون و پێکچواندن (تمثیل) و پووچ دەربڕیبێ، مەبەستیشی ئەوە بێت دروستکراوەکانی بیرو هزرو توانایان ماندوو بکەن لە لادان و ترازاندنی قسەکانی لە جێگای خۆی و لەیەکی بدەنەوە بە لەیەکدانەوەیەکی ناڕاست و دوور لە مەبەست، وە بەدوای هەندێ ڕووی ئەگەری ناخۆش و خراپ بگەڕێن بۆی، بەدوای ئەو تەئویلاتانەدا بگەڕێن کە بە ئەلغازو بەڵگەهێنانەوەیەکی ناڕوون دەچێ زیاتر لەوەی لە تەفسیر بچێ، وە لە ناسینی ناوو سیفات لایان بدەن بە پێ ی عەقڵ و بیر و بۆچوونی خۆیان نەك لەسەر کتێبەکەی خوا، بەڵکو ئەوەیان لێیان ویستووە کە فەرمایشتی خوا هەڵبگرنە سەر ئەوەی خۆیان دەیزانن لە خیتاب و زمانی خۆیاندا، لەگەڵ ئەوەی خۆی توانای ئەوەی هەیە بەئاشکرا حەقیان بۆ ڕوون بکات کە پێویستە بە ڕاشکاوی دەربببڕدرێت، وە ئاسوودەییان پێ ببەخشێ لەو لەفزانەی کە دەیانخاتە ناو بیروبڕوایەکی پووچ ئەوەش نەکات، بەڵکو ڕێگایان پێ بگرێتە بەر بە پێچەوانەی ڕێگای هیدایەت و ڕوون کردنەوە، ئەوە گومانی پێ بردوە بە گومانێکی خراپ، چونکە ئەگەر ئەو پێی وابوو خوا توانای ئەوەی نیە بە ڕاشکاوی حەق دەربببڕێت، لابدات لە

ڕوونکردنەوە و ڕاشکاوی بە حەق بۆ لای ئەوەی گوماناویە، بەڵکو بیخاتە ناوو مەحاڵ و بیروبڕوای خراپ. ئەوە گومانی بە حیکمەت و ڕەحمەتی خوا بردووە بە گومانێکی خراپ.

هەرکەسێك وا گومان ببات ئەوو پێشینەکانی تەعبیریان لە حەق کردوە بە ڕاشکاوی جگە لە خواو پێغەمبەرەکەی، هیدایەت و حەقیش لە وتەو عیباراتەکانی ئەواندایە، بەڵام وتەکانی خوا لە ڕواڵەتەکەیدا لێك چواندن و پێك چواندن و گومڕایی وەردەگیرێ، وە ڕواڵەتی وتەی سەرگەردانەکان و سەرلێشێواوان بریتیە لە هیدایەت و حەق، بەڕاستی ئەمە خراپترین گومانە بەخوا.

هەموو ئەوانە لەوکەسانەن گومانی خراپیان بەخوا بردووە، وە لەوانەن گومانیان بەخوا بردووە بەخوا بەناحەق بە گومانی جاهیلی و نەفامی.

هەرکەسێك گومان بەخوا ببات لەوەی شتێك لە مووڵکی ئەودا هەبێ بەبێ ویست و ئیرادەی ئەو توانای هێنانەدی و دروستکردنی نیە، ئەوە گومانی خراپی بە خوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات خوا لە پێشیندا و بۆ هەتاتایە دەستەوسان بووە لەوەی بتوانێ کارێك بکات، بۆیە وەسف ناکرێت بەوەی تواناو دەسەڵاتی هەیە لەسەر کارو کردوە پاشان دوای ئەو بێ توانایە تواناى هەبووە, ئەوە گومانی پێ بردووە بە گومانێکی خراپ.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا نە دەبیستێ و نە دەبینێ و نە دەزانی بە بەدیهێنراوەکان، وە نە بە ژمارەی ئاسمانەکان و نە ئەستێرەکان و نە جوڵە و کردەوەی نەوەکانی ئادەم، نە شتێك دەزانێت لە دروستکراوەکان، ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا نە بیستنی هەیە و نە بینین و نە زانست و نە ویست و ئیرادەو نە قسەکردن قسەی پێ بکات، وە نەقسەی لەگەڵ دروستکراوێکدا کردوەو نە قسە دەکات بە هەمیشەیی، نە فەرموویەتی و نە دەفەرموێ، نە فەرمان دەکات و نە قەدەغەش دەکات، ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە.

هەرکسێك گومان ببات خوا لەسەرووی ئاسمانەکانی نیە و لەسر عەرشەکەی جیا نیە لە دروستکراوەکانی، بەلایەوە دانەپاڵی زاتی ئەو بۆ لای عەرشەکەی وەکو دانەپاڵی خوا وابێت بۆ لای نزمترین شوێنە نزمەکان، وەك دانە پاڵی ئەو شوێن و جێگایانەی کە شیاوی باسکردن نین، پێی وابێ خوا لە نزمیە وەکو چۆن بەرزە، هەرکەسێکیش بڵێت: (**سبحان ربي الأسفل**) وەکو ئەوەیە وتبێتی: (**سبحان ربي الأعلى**)، ئەوە خراپترین و ناشرین ترین گومانی بەخوا بردوە.

هەرکەسێ گومان ببات بەوەی خوا کوفرو گوناە و تاوانی پێ خۆشە، حەزیشی لە فەساد و خراپەکاری هەیە وەکو چۆن حەزی لە ئیمان و چاکەو گوێڕایەڵی چاکسازی هەیە: ئەوە گومانی خراپی بردوە بەخوا.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا نە سۆزو خۆشەویستی هەیە و نە ڕازی دەبێ، نە توڕە دەبێ و نە خەشم و قینی هەیە، نە دۆستایەتی دەکات و نە دژایەتی، نە نزیك دەبێتەوە لە یەکێك لە دروستکراوەکانی، کەسێکیش ناتوانێت لەو نزیك ببێتەوە. نزیکبوونەوەی شەیتانەکان لێی وەکو

نزیکبوونەوەی فریشتە نزیکەکان و دۆستە سەرکەوتوەکانێتی لە ئادەمیزاد. ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا یەکسانی دەکات لە نێوان دوو دژیەك، یان جیاوازی دەکات لە نێوان دوو یەکسان لە هەموو ڕوویەکەوە، یان عیبادەتی تەمەنێکی دوورو درێژ پووچ دەکاتەوە کە خالیص بۆ خواو لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێ (**الخالصة والصواب**)بە گوناهێکی گەورە کە دوای ئەوە کردویەتی، بکەری ئەو هەموو عیبادەتە بە هەمیشەیی لە ئاگردا دەهێڵێتەوە بۆ هەتا هەتایە بە هۆی ئەو تاوانە گەورەوە، وە سەرجەم چاکەکانی بە هۆیەوە پووچ دەبێتەوە و بەهەمیشەیی لە ئاگردا سزا دەدرێت وەکو مانەوەی کەسێك بە هەمیشەیی لە ئاگردا بەقەد چاوتروکانێك بڕوای نەهێنابێت و سەرجەم کاتەکانی تەمەنی لە تورەیی خواو دژایەتیکردنی ئاین و پێغەمبەرەکەی و دینەکەی بەسەربردبێت، ئەوە گومانی خواپی بەخوا بردوە.

وە هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا منداڵی هەیە یان هاوبەش، یان یەکێك لە دروستکراوەکانی بەبێ مۆڵەتی ئەو تکا دەکات، یان لە نێوانی ئەوو دروستکراوەکانیدا کەسانێکی نێوەند (**وسیط**) هەبن پێویستیەکانی خەڵکی بەرز بکەنەوە بۆ لای خوا، یان خوا ئەولیاو پیاوچاکانی دانابێ بەهۆی ئەوانەوە لە خوا نزیك ببنەوە و ببنە نێوەند لە نێوان خواو بەندەکانیدا، جا داوایان لێ بکەن و خۆشیان بوێن و لێیان بترسن و ئومێدیان لەسەر هەڵبچنن، ئەوە ناشرین ترین و خراپترین گومانی بەخوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات ئەوەی خوا بە هۆی گوێڕایەڵیەوە پێی دەبەخشی بەهەمان شێوە ئەگەر سەرپێچیشی بکات هەر ئەوەی پێدەبەخشێ، بەڕاستی ئەوکەسە گومانی بەخوا بردوە بە پێچەوانەی حیکمەت و پێچەوانەی داخوازی ناوو سیفاتەکانی ئەوەش گومانی خراپە.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی ئەگەر لەبەر خوا واز لە شتێ بهێنێت خوا لەوە چاکتر قەرەبووی ناکاتەوە، یان لەبەر خوا شتێ بکات خوا لەوە چاکتری پێ نابەخشێت، ئەوە خراپترین گومانی بەخوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی خوا لەبەندەکەی تورە دەبێ و سزای دەدات و بێبەشی دەکات بەبێ تاوان و بە بێ هۆکار لە لایەن بەندەوە، بەڵکو بە ویست و ئیرادەی خۆی دەیکات، ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە.

هەرکەسێك گومان ببات بەوەی ئەگەر لەگەڵ خوا ڕاست بکات لە خۆشی و ناخۆشیدا لە کاتی ئاسایی و ترسدا، وە ملکەچی بێت و لێی بپارێتەوەو پشتی پێببەستێ، خوا ڕەنجەڕۆی دەکات و ئەوەشی داوای دەکات پێی نابەخشێت، ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە. گومانی پێ بردوە پێچەوانەی ئەوەی خوا داوای کردوە لێی.

هەرکەسێ گومان بەخوا ببات پاداشتی دەداتەوە ئەگەر چی سەرپێچیش بکات هەروەك کاتێ کە گوێڕایەڵی بکات وە داوای ئەوەی لێ بکات لە دوعاکانیدا، ئەوە گومانی بە خوا بردوە بە پێچەوانەی ئەوەی حیکمەت و ستایشی خوا دەیخوازێت، وە پێچەوانەی ئەوەی خوا ئەهلە بۆی و

ئەوەشی نایکات.

هەرکەسێك گومان ببات ئەگەر خوا تورە و ناڕازی بکات و سەرپێچی بکات، پاشان لە جێگای خوا دۆستانێك بۆ خۆی دابنات و لە جیاتی ئەو داوایان لێ بکات، جا فریشتە بێ یان ئادەمی یان زیندوو یان مردوو، ئومێد بەو پاڕانەوەیە ئەوە بێت سوودی پێ بگەیەنێت لەلای پەروەردگاری و ڕزگاری بکات لە سزای، ئەوە گومانی خراپی بەخوا بردوە، ئەوەش زیادەیەکە لە دووربونی لەخوا، وە زیادەیەکە لە سزا.

زۆربەی خەڵکی بەڵکو هەموویان جگە لەوەی خوا ویستی لەسەر بووبێت گومانی نابەجێ و ناحەق بەخوا دەبەن، چونکە زۆرینەی نەوەکانی ئادەم پێی وایە بەختی کەمی نیە لەم دنیایەدا و شیاوی زۆرترە لەوەی خوا پێی بەخشیوە. زمانی حاڵی دەڵێ: پەروەردگارم ستەمی لێ کردم و ڕێگری کردم لەوەی شیاوی منە، نەفس و دەروونی شایەتی لەسەر ئەو ڕاستیە دەدەن لەسەری، ئەو بە زمانی نکوڵی دەکات بەڵام بە ڕاشکاوی نایڵێت. هەرکەسێك پشکنینی نەفسی خۆی بکات و بچێتەوە بەناو ئەوەی شاراوەیە تیایدا ئەوە دەبینێ خۆی حەشارداوە تیایدا وەکو خۆحەشاردانی باروو لەسەر دەنکە شخارتە، جا هەرکەسێکت ویست دەنکە شقارتەکەی داگیرسێنە بڵێسەکەی هەواڵت لەبارەیەوە دەداتێ، ئەگەر پشکنین بکەی بۆ ئەوەی خۆت دەتەوێت جۆرێ لە ناڕەزایی گەلیی و گازندە دەبینی لەسەر قەدەر وەك سەرزەنشتێ، وە شتانێك پێشنیار دەکات پێچەوانەی ئەوەیە کە هەیە، دەبوایە ئەو ئاواو ئاوا بوایە، هەیە ئەو سیفەتەی بە کەمی تێدایە و هەیشە بەزۆری تیایدایە.تۆش پشکنینی نەفسی خۆت بکە بزانە ئایا تۆ سەلامەتی لەو بەلآیە یان نا؟

فإن تَنْج منها تَنْج من ذي عظيمةٍ وإلا فإني لا إخالُك ناجياً.

جا ئەگەر لەو فیتنەیە ڕزگارت بوو ئەوە ڕزگارت بووە لە بەڵایەکی گەورە

ئـــەگەر نـــا وا نـــابیـــنم رزگارت ببێـــــــت.

جا با پیاوی ژیرو تێگەیشتوو بۆخۆی گرنگی بدات بەمە و تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا و لەهەموو کاتێکدا داوای لێخۆشبوون بکات لەوەی گومانی خراپی بردووە بە پەروەردگاری، وە با گومانی خراپ بە نەفسی خۆی ببات کە ماددەو سەرچاوەی هەموو خراپەیەکە وە پڕ و تێکەڵە لە نەفامی و ستەم، ئەو لەپێشتر بە گومانی خراپ لەو خوایەی کە دادپەروەرترینی دادپەروەرەکانە و بەبەزەیی ترینی بەبەزەییەکانە، دەوڵەمەندی ستایشکراوە، ئەو زاتەی خاوەن دەوڵەمەندی تەواوو ستایشی تەواوو حیکمەتی تەواوە، پاك و بێگەردە لە هەموو خراپەیەك لە زات و سیفاتی و ناوو کارو بارەکانی، جا زات و خودی کەمالّی ڕەهای هەیە لە گشت ڕوویەکەوە، بەهەمان شێوە سیفاتەکانی و کارەکانیشی بە گشتی پڕن لە حیکمەت و بەرژەوەندی و ڕەحمەت و دادپەروەری، ناوەکانیشی هەموویان جوانن.

فلا تظنن بربك ظن سـوء فإن الله أولى بالجميـــــل

گومانی خراپ بە پەروەردگارت مەبە .... چونکە بەڕاستی خوا لە پێشترە بەگشت جوانی

ولا تظنن بنفسك قط خيرا فكيف بظالم جان جهـــول

گومانی باشیش بە نەفست مەبە.... ئەی ئەبێ چۆن بێ تاوانباری پڕ لە نەزانی

وقل: يا نفس مأوى كل سوء أترجوا الخير من ميت بخيل

وە بڵێ: ئەی نەفس لانکەی گشت خراپەیە.... ڕەجای خێرەکەی لە مردوی بەخیل دەکەی

وظن بنفسك السوأى تجدها كذاك وخيرها كالمستحيـل

گومانی خراپ بە نەفست ببە.... بەهەمان شێوە خێریشی وەکو موستەحیلە

ومابك من تقي فيها وخير فتلك مواهب الرب الجليـــل

هەر نەفسێ تەقواو خێری تێدابێ.... ئەوە بەخششی پەروەردگاری جەلیلە

وليس لها ولا منها ولكن من الرحمن فاشكر للدليـــل

نە هی خۆیەتی نە لە خۆیەتی بەڵام..... لە ڕەحمانەوەیە جا سوپاسی کە بۆ دەلیلی

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلظَّـآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ ۝٦﴾ ئیبن جەریر لە تەفسیرەکەیدا وتویەتی: ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّـآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ﴾ ئەوانەی گومانیان بەخوا دەبرد پێیان وابوو خوا هەرگیز تۆ سەرناخات لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان هێناوە لەگەڵتدا بەسەر دوژمنەکانت، وە هەرگیز وشەی خۆی سەرناخات و بەرزی ناکاتەوە بەسەر وشەی کافراندا ئەوەش خراپەیە لەو گومانانەی خوای بەرز لەم شوێنەدا باسی کردووە، خوا فەرموویەتی: ئەوانەی ئەم گومانە خراپەیان برد لە پیاوان و ژنانی دوو ڕوو هاوبەشدانەرەکان سزای سەختیان بۆ لەسەرە.

قورئان خوێنان بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی خوێندنەوەی ئەوە: سەرجەم قورئان خوێنەکانی کوفە ئاوا خوێندویانەتەوە ﴿دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِ﴾ بە (فتح)ەی سین. وە هەندێك لە قورئان خوێنەکانی بەصرەش خوێندویانەتەوە ﴿دَائِرَةُ السُّوءِ﴾ بە (ضم)ە، فەرائیش دەڵێ: خوێندنەوەی بە (الفتح) بلاوترە لە (السین)دا. ئەوە بڵێ کە عەرەب دەیڵێ: ﴿دَائِرَةُ السُّوءِ﴾ بە (ضم)ەی (السین).

فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَلَعَنَهُمۡ﴾ واتە: خوا خەشم و قینیان لێ دەگرێ و نەفرینیان لێ دەکات. دەڵێ: دووری خستنەوە لە میهرەبانی خۆی ﴿وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَهَنَّمَ﴾ دەڵێ: دۆزەخی بۆ ئامادە کردون لە ڕۆژی دواییدا دەچنە ناویەوە ﴿وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾ دەڵێ: جەهەنەم دەبێتە خراپترین مەنزڵگا بۆ پیاوان و ژنانی دووڕوو، وە بۆ پیاوان و ژنانی هاوبەشدانەر.

ئیبنوکە ثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: ﴿وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلۡمُشۡرِكِينَ وَٱلۡمُشۡرِكَٰتِ ٱلظَّـآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ﴾ واتە: گومان بەخوا دەبەن لە حوکم و بڕیاریدا، وە گومان دەبەن بە پێغەمبەرو هاوەڵانی کە دەکوژرێن و بە هەمیشەیی کۆتاییان پێ دێت. لە بەر ئەمەیە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِ﴾ وە لە مانای ئایەتێکی تردا باسی کردوە وێنەی ئەمەی ئیبنوجەریر باسی کردوە.

وتەی: (**قال ابن القيم رحمه الله**) ئەوەی دانەر باسی کردوە پێشم خست چونکە لە میانەی ئەوەدایە کە هێنام لەسەرەتاوە تا کۆتایی.

دانەر پەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تەفسیری ئایەتەکەی آل عمران.

دووەم: تەفسیری ئایەتەکەی الفتح.

سێیەم: هەواڵی داوە بەوەی کە ئەو بەد گومانیە جۆرەکانی زۆرن و لە ژماردن نایەن.

چوارەم: هیچ کەس لەم بەلآیە ڕزگاری نابێ، مەگەر کەسێك ناوو سیفاتەکانی خوای ناسیبێت، وە خۆیشی بناسێت.



بەشی ٥٩

ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەوانەی ئینکاری قەدەر دەکەن

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في منكري القدر.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەوانەی ئینکاری قەدەر دەکەن

.....

واتە: لە هەڕەشەی توندو وێنەی ئەوەش.

ئەبو داود دەریهێناوە لە عەبدولعەزیزی کوڕی ئەبو حازم لە باوکیەوە لە ئیبنوعومەر لە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**الْقَدَرِيَّةُ مَجُوسُ هذه الْأُمَّةِ، إن مَرِضُوا فلا تَعُودُوهُمْ. وَإِنْ مَاتُوا فلا تَشْهَدُوهُمْ**)[1]. واتە: قەدەریەکان مەجوسی ئەم ئومەتەن، ئەگەر نەخۆش کەوتن سەردانیان مەکەن. ئەگەر مردن ئامادەی تەرمەکەیان مەبن).

لە عومەری مەولای (**غُفرة**) لە پیاوێك لە ئەنصارەوە لە حوزەیفەی کوری یەمان وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لِكُلِّ أُمَّةٍ مَجُوسٌ، وَمَجُوسُ هذه الْأُمَّةِ الَّذِينَ يَقُولُونَ: لاقدر، من مَاتَ منهم فلا تَشْهَدُوا جَنَازَتَهُ وَمَنْ مَرِضَ منهم فلا تَعُودُوهُ، وَهُمْ شِيعَةُ الدَّجَّالِ، وَحَقٌّ على اللَّهِ أَنْ يُلْحِقَهُمْ بِالدَّجَّالِ**)[2]. واتە: هەموو ئومەتێك مەجوسێکی هەیە، مەجوسی ئەم ئوممەتەش ئەوانەن کە دەڵێن: قەدەر نیە، هەرکەسێك لە ئەوان مرد ئامادەی تەرمەکەی مەبن، هەرکەسێکیشیان لێ نەخۆش کەوت سەردانی مەکەن، ئەوانە دەستە و تاقمی دەجالن، حەقی خۆیەتی خوا بیانگەیەنێت بە دەجال.

---

(١) أخرجه أبو داود في السنة (٤٦٩١)، وحسنه الشيخ الألباني في صحيح الجامع (٤٤٤٢).

(٢) أخرجه أبو داود في السنة (٤٦٩٢)، وقال الشيخ الألباني: منكر بهذا التمام. الضعيفة (٥٧١٤)، وتقدم أن شطره الأول حسن.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقالَ ابن عمر: وَالَّذِي نفسُ بن عُمَرَ بيده لو كانَ لِأَحَدِهِمْ مِثْلُ أُحُدٍ ذَهَبًا، ثمَ أَنْفَقَهُ في سَبِيلِ اللَّه ما قَبِلَهُ الله منه، حتى يُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ. ثُمَّ استدلَ بقول النَّبِيِّ ﷺ: (الْإِيمَانِ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)[1]. رواه مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: سوێند بەو زاتەی نەفسی ئیبنوعومەری بەدەستە ئەگەر هەر یەکێکیان بەقەد کێوی ئوحود زێڕی هەبێ، پاشان لە پێناوی خوادا ببەخشێت خوا لێی وەرناگرێ، تا ئیمان بەقەدەر دەهێنێ. پاشان بەڵگەی هێنایەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: ئیمان بریتیە لەوەی بڕوا بەخوا بێنیت، وە بە فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی، وە ئیمان بێنیت بە قەدەر بە خێری و بەشەڕی.

•••••••••••••••••••••••••••••

ئەم فەرموودەی ئیبنوعومەرە موسلیم و ئەبو داود و ترمزی و نەسائی و ئیبنوماجە دەریان هێناوە لە یەحیای کوڕی یەعمەر وتی: یەکەمین کەس قسەی دەربارەی قەدەر کرد لە بەسرە مەعبەدی جوهەنی بوو، من و حومەیدی کوڕی (عبد الرحمن)ی حومەیری ڕۆیشتین بۆ حەج یان عومرە، وتمان خۆزگە بگەشتایەین بە یەکیك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ پرسیارمان لێ بکردایە لەوەی ئەوانە دەربارەی قەدەر دەیڵێن؟ خوا (عبد الله)ی کوڕی عومەری بۆمان ڕەخساند لەناو مزگەوتی حەرامدا، من و هاوڕێیەکەم ڕۆیشتینە لای دانیشتین، گومانم برد هاوڕێکەم قسەکردن ئەسپێرێ بە من جا وتم: ئەی باوکی (عبد الرحمن)م، خەڵکانێك هەڵکەوتوون لەلای ئێمە قورئان دەخوێنن و بەدوای زانستدا دەگەڕێن پێیان وایە قەدەر نیە، ئەوەش کارێکی نەشیاوە، ئیبنوعومەر وتی: ئەگەر گەیشتیت بە ئەوان پێیان بڵێ من بەریم لێیان، ئەوانیش لە من بەرین. سوێند بەوەی (عبد الله)ی کوڕی عومەر سوێندی پێ دەخوا ئەگەر هەر یەکێکیان بەقەد کێوی ئوحود زێڕی هەبێ، پاشان لە پێناوی خوادا ببەخشێت خوا لێی وەرناگرێ، تا ئیمان بەقەدەر دەهێنێ. پاشان وتی: عومەری کوڕی خەطاب بۆی باس کردم وتی: لە کاتێکدا ئێمە دانیشتبوین لە لای پێغەمبەر ﷺ لە ناکاو پیاوێکی جل سپی و قژ ڕەش دەرکەوت، شوێنەواری گەشتی پێوە دیار نەبوو، کەس لە ئێمە نەیدەناسی. تا دانیشت لە لای پێغەمبەر ﷺ ئەژنۆی نا بە بە ئەژنۆیەوە، ناو دەستیشی لەسەر ڕانی دانا و وتی: ئەی موحەممەد هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیسلام فەرمووی: **(الْإِسْلَامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ ﷺ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إن اسْتَطَعْتَ إليه سَبِيلًا)** واتە: ئیسلام بریتیە لەوەی شایەتی بدەی بەوەی هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە جگە لەخوا موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، نوێژەکانت بەجێبهێنی، زەکات دەربکەیت، ڕۆژوی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانیت). وتی: ڕاستت کرد، ئێمەش سەرمان سووڕما لەوەی پرسیاری لێ دەکردو بەڕاستیشی دادەنا. وتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیمان؟ فەرمووی: **(أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)** واتە: (بریتیە

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (٨) عبدالباقي.

لەوەی بڕوا بەخوا بێنیت، وە بە فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی، وە ئیمان بێنیت بە قەدەر بە خێری و بەشەڕی) وتی: ڕاستت کرد. ئینجا وتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی ئیحسان و چاکە، فەرمووی: (**أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لم تَكُنْ تَرَاهُ فإنه يَرَاكَ**) واتە: (خوا بپەرستی وەکو ئەوەی دەیبینی، ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەوە بێگومان ئەو تۆ دەبینێ) وتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی ڕۆژی دوایی، فەرمووی: (**ما الْمَسْئُولُ عنها بِأَعْلَمَ من السَّائِلِ**) واتە: پەرسیار لێکراو شارەزاتر نیە لە پرسیارکەر لەبارەیەوە. وتی: هەواڵم بدەرێ دەربارەی نیشانەکانی، فەرمووی: (**أَنْ تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ في الْبُنْيَانِ**) واتە: کەنیزەك منداڵی دەبێت لە گەورەکەی (ئینجا منداڵەکە دەبێتە گەورەی دایکی بە نەمانی باوکی) وە دەبینی خەڵکی پێ پەتی و ڕووت و قووت و هەژارو شوانی مەڕو مالآت خانوو دروست دەکەن چین لەسەر چین؟) وتی، پاشان ڕۆیشت، لە ڕیوایەتێکی تردا بۆ ماوەیەکی زۆر مامەوە، پاشان فەرمووی: (**يا عُمَرُ أَتَدْرِي من السَّائِلُ**) واتە: (ئەی عومەر دەزانی ئەو کەسە کێ بوو پرسیاری کرد؟) وتم: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: (**فإنه جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ**)[1]. واتە: (بەڕاستی ئەوە جبریل بوو هات بۆ لاتان بۆ ئەوەی فێری ئاینەکەتان بکات).

لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت بڕوابوون بە قەزاو قەدەر لە شەش بنەماکەی ئیمانە، هەرکەسێ بڕوای نەبێ بە قەدەر بە خێر و بە شەڕی ئەوە وازی لە بنەمایەك لە بنەماکانی ئاین هێناوە و ڕەتی کردۆتەوە، جا بەوە دەشوبهێ کە خوا دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ﴾**البقرة**. (واتە: باشە چۆن ڕەوای هەقە باوەڕتان بە بەشێکی بەرنامەکەی تەورات هەبێ و بە بەشێکی تری کافر بن).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن عُبَادَةَ بن الصَّامت،أنه قال لابْنِه: يا بُنَيَّ، إِنَّكَ لَنْ تَجِدَ طَعْمَ حَقِيقَةِ الْإِيمَانِ، حتى تَعْلَمَ أَنَّ ما أَصَابَكَ لم يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وما أَخْطَأَكَ لم يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، سمعت رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يقول: (إِنَّ أَوَّلَ ما خَلَقَ الله الْقَلَمَ، فقال له: اكْتُبْ، فقال: رَبِّ وَمَاذَا أَكْتُبُ؟ قال: اكْتُبْ مَقَادِيرَ كل شَيْءٍ حتى تَقُومَ السَّاعَةُ) يا بُنَيَّ، إني سمعت رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يقول: (من مَاتَ على غَيْرِ هذا فَلَيْسَ مِنِّي).

وفي رواية لأحمد: (إِنَّ أَوَّلَ ما خَلَقَ الله تعالى الْقَلَمَ، فقال له: اكْتُبْ فَجَرَى في تلك الساعة بِمَا هو كَائِنٌ إلى يوم القيامة) .

وفي رواية لابن وهب، (فَمَن لم يُؤْمِنْ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ: أحرَقَهُ الله بالنار)[2].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە عوبادەی کوڕی صامتەوە بە کوڕەکەی وت: ئەی کوڕە شیرینەکەم، بەڕاستی چێژی ئیمان ناکەیت تا نەزانیت ئەوەی تووشت بووە نەدەبوو تووشت نەبێت و نەیەت بەسەرتدا، ئەوەش کە تووشت نەبوەو نەهاتووە بە سەرتدا نەدەبوو تووشت

---

(١) أخرجه مسلم في الإيمان (٨) عبدالباقي.

(٢) ابن وهب في القدر (٢٦)

ببێت و بەسەرتدا بێت، گوێبیستی پێغەمبەر بووم دەیفەرموو: (یەکەم شتێك خوا ﷻ دروستی کرد قەڵەم بوو، جا پێی فەرموو: بنووسە، ئەویش وتی: ئەی پەروەردگارم چی بنووسم؟ فەرمووی: ئەندازەی هەموو شتێك بنوسە هەتا ڕۆژی دوایی) ئەی کوڕی شیرینم گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بووم دەیفەرموو: (هەرکەسێك لە سەر غەیری ئەم ئیمانە بمرێ ئەوە لەمن نیە).

وە لە ڕیوایەتی ئەحمەددا هاتووە: یەکەم شتێ خوا دروستی کرد قەڵەم بوو، پێی فەرموو: بنووسە، هەر لەو کاتەدا قەڵەم دەستی کرد بە نووسین، هەرچی دەبێت و ڕوودەدات تا ڕۆژی قیامەت هەر هەمووی نووسی).

وە لە ڕیواتی ئیبنووەهەبدا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەر کەسێك بڕوای بە قەدەر نەبێ بە خێر و بە شەڕی: خوا بە ئاگر دەیسوتێنێ).

•••••••

کردوە فەرمانی خوا لە نێوانیاندا دادەبەزێت تا چاك بزانن کە خوا بە سەر هەموو شتێکدا بە توانایە وە بێگومان خوا بە زانین دەوری هەموو شتێکی داوە).

ئیمامی ئەحمەد کاتێ پرسیاری لێ کرا دەربارەی قەدەر وتی: قەدەر توانای خوای میهرەبانە، ئیبنوعەقیل ئەمەی پەسەند کردوە لە ئەحمەدەوە.

مانای ئەوەیە: هیچ شتێك ڕێگری ناکات لە تواناو قودرەتی خوا، ڕەتکەرەوانی قەدەریش نکوڵی کەماڵی قودەرەتی خوایان کردوە، لە ڕێگای ڕاست ترازاون.

هەندێ لە زانایانی پێشین وتویانە: مشت ومڕیان لەگەڵ بکەن بە زانست، ئەگەر دانیان پێدانا دژایەتی دەکرێن، وە ئەگەر نکوڵیان کرد بێبڕوا دەبن.

شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: خەڵکی لە بابەتی دروستکردن و فەرمانی پەروەردگاردا، وە بۆچی ئەوەی کردوە، دابەش دەبن بەسەر دوو جەمسەرو ناوەندێکدا: قەدەریە لە موعتەزیلەکان و جگە لەوانیش مەبەستیان بە مەزندانانی پەروەردگاری مەزن بووە، بە پاکڕاگرتنی لەوەی گومانیان بۆ بردوە ئەو کردەوە ناشرینانە بدرێنە پاڵ خوا(وەکو دروست کردنی دزی کردن، دواتر سزادانی دزەکە) جا نکووڵی گشتگیری قودرەت و ویست و مەشیئەتی خوایان کردوە، دایان نەناوە بە دروستکەر بۆ شتێك، وە نە ئەوەی ئەو دەیەوێ دەبێ، ئەوەیشی ئەو نایەوێ نابێ. بەڵکو وتویانە: ئەوەی دەیەوێ کە نابێ ، وە ئەوەیشی ئەو نایەوێ دەبێ(بۆ نموونە: خوا نایەوێ بەندەکەی دزی بکات، بەڵام بەندەکەی دەیکات بەبێ ئەوەی ئەو ڕەزامەندی لەسەر بێ)، پاشان ئەوان شەریعەت و یاسایەکیان بۆ پەروەردگاریان داناوە لەوەی پێویستە لەسەری، وە ئەوەشی قەدەغەیە لەسەری ئەویش بە قیاس لەسەر خۆیان، قسەیان کردوە لە قەزاو قەدەرو ڕەوایەتی تێدا، بەم قیاس و ئەندازە فاسیدە کە خوایان پێ شوبهاندووە بە دروستکراو، بۆیە هەم خۆیان گومڕا بوون هەم خەڵکیشیان گومڕا کردوە!!!

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي المسند والسنن، عن ابن الدَّيْلَمِيِّ، قال: أَتَيْتُ أُبيَّ بن كَعْبٍ، فقلت: في نَفْسي شَيْءٌ من القَدَرِ، فَحَدِّثْني بِشَيْءٍ لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يُذْهِبَهُ من قَلْبِي، فقال: لَوْ أَنْفَقْتَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا في سَبِيلِ اللَّهِ ما قَبِلَهُ الله مِنْكَ حتى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ، وَتَعْلَمَ أَنَّ ما أَصَابَكَ لم يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَأَنَّ ما أخطاك لم يَكُنْ لِيُصِيبَكَ. وَلَوْ مُتَّ على غَيْرِ هذا لَدَخَلْتَ النَّارَ، قال: فَأَتَيْتُ عَبْدَ اللَّهِ بن مَسْعُودٍ، وحُذَيْفَةَ بن الْيَمَانِ، وَزَيْدَ بن ثَابِتٍ، فَحَدَّثَنِي بِمِثْلِ ذلك عن النَّبِيِّ ﷺ حديث صحيح[1]. رواه الحاكم في الصحيحة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە (المسند) وە (السنن)دا هاتووە لە ئیبنودەیلەمی وتی: ڕۆیشتم بۆلای ئوبەی کوڕی کەعب، وتم: لە نەفسمدا شتێك هەیە دەربارەی قەزاو قەدەر، شتێکم بۆ باس بکە بەڵکو خوا لە دڵم دەریکرد، جا وتی: ئەگەر بە قەد کێوی ئوحود زێڕ ببەخشی خوا لێتی

---

(١) صحيح: أحمد (٥/ ١٨٢،١٨٥،١٨٩)، سنن أبي داود (٤٦٩٩)، ابن ماجه (٧٧).

وەرناگرێ، تا بڕوا بە قەدەر نەهێنی، وە بزانە بەڕاستی ئەوەی تووشت بووە نەدەبوو تووشت نەبێت و نەیەت بەسەرتدا، ئەوەش کە تووشت نەبوەو نەهاتووە بە سەرتدا نەدەبوو تووشت ببێت و بەسەرتدا بێت، وە ئەگەر لەسەر غەیری ئەم ئیمانە بمری ئەوە لە ئەهلی ئاگری، وتی: پاشان ڕۆیشتم بۆلای (عبدالله)ی کوڕی مەسعودو حوزەیفەی کوڕی یەمان و زەیدی کوڕی **ثابت**، هەموویان لە پێغەمبەرەوە ئەوەیان بۆ باسکردم. فەرموودەیەکی ڕاستەو حاکم لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی.

•••••••

وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ)[1]. واتە: بەڕاستی خوا ئەندازەی هەموو بەدیهێنراوەکانی نووسی پێش دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بە پەنجا هەزار ساڵ) ئیبنووەهب زیادی کردوە: (**وَكَانَ عَرْشُهُ على الْمَاءِ**)[2]. واتە: ئەو کات عەرشی لەسەر ئاو بوو. ترمزی ڕیوایەتی کردوەو وتویەتی: فەرموودەیەکی (حسن غريب).

هەموو ئەم فەرموودانە و ئەوەشی مانای وەکو ئەمانەیە، هەڕەشەی تووندی تێدایە لەسەر بڕوا نەبوون بە قەدەر، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕەتکەرەوانی قەدەر لە موعتەزیلەکان و غەیری ئەوانیش. لە مەزهەبیان: هێلآنەوەی سەرپێچیکارانە بە هەمیشەیی لە ئاگردا. ئەمەی کە ئەوان بڕوایان پێیەتی لە گەورەترینی گوناهە گەورەکان و مەزنترین سەرپێچیەکانە.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئیعتیباری پێویستبوونی بەڵگە و حوججە (**إقامة الحجة**) بکەین لەسەریان بەو ئایەتانەی قورئان و سوننەت کە بە (تواتر) هاتوون لە چەسپاندن و ئیسپات کردنی قەدەر، ئەوە ئەوان حوکم و بڕیاریان لەسەر نەفسی خۆیان داوە بە مانەوەی هەمیشەیی لە ئاگردا ئەگەر تەوبە نەکەن. ئەمە پەیوەستە بۆیان لەسەر ئەم مەزهەبەیان، بێگومان ئەوان پێچەوانەی ئەوە بوون کە بە (تواتر) بەڵگەی قورئان و سوننەتی لەسەر هاتووە لە چەسپاندنی قەدەرو نەهێلآنەوەی بە هەمیشەیی خاوەن تاوانە گەورەکان لە یەکتاپەرستان لەناو ئاگردا.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بڕوابوون بە قەزاو قەدەر.

دووەم: ڕوونکردنەوەی فەرزبوونی بڕوا بوون.

سێیەم: پووچ بوونەوەی کردەوەی ئەو کەسەی بڕوای بە قەدەر نیە.

چوارەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی هیچ کەسێك تامی ئیمان ناچەژێت هەتا بڕوا بەقەدەر نەهێنێت.

پێنجەم: باسکردنی یەکەم شت کە خوا دروستی کرد.

شەشەم: لەوکاتەوە قەڵەم دەستی کرد بە نووسینی هەموو شتێك تا ڕۆژی دوایی

حەوتەم: پێغەمبەر ﷺ خۆی بەری کرد لەوکەسەی کە بڕوای بە قەدەر نیە.

هەشتەم: پێشین عادەتیان وابووە بۆ لابردنی گومانەکانیان پرسیاریان لە زانایانی ئاینی کردوە.

نۆیەم: زانایانیش بە جۆرێ وەڵامیان داونەتەوە کە دوو دڵی و گومانیان لە دڵدا نەمێنێ، ئەوەش بەوەی تەنها قسەکەیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ.

---

(١) أخرجه مسلم في القدر (٢٦٥٣) عبد الباقي.

(٢) ينظر التخريج السابق.



بەشی ٦٠ ئەوەی هاتووە دەربارەی وێنەکێشەکان

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: بابُ مَا جاءَ في المُصَوِّرِين.

عَن أبي هُرَيْرَةَ، قال: سمعت رسول الله ﷺ يقول: قال الله تعالى: وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ كَخَلْقِي، فَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً، أو لِيَخْلُقُوا حَبَّةً، أو لِيَخْلُقُوا شَعِيرَةً)[1]. أخرجاه.

ولهما، عن عائشة: أنَّ رَسولَ اللهِ ﷺ قال: (أَشَدُّ الناس عَذَابًا يوم الْقِيَامَةِ الَّذِينَ يُضَاهُونَ بِخَلْقِ اللَّهِ)[2].

ولهما، عن ابن عباس: سمعت رسول الله ﷺ يقولُ: (كُلُّ مُصَوِّرٍ في النَّارِ يَجْعَلُ له بِكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَهَا نَفْسًا فَتُعَذِّبُهُ في جَهَنَّمَ)[3].

ولهما، عنه مرفوعاً: (من صَوَّرَ صُورَةً في الدُّنْيَا كُلِّفَ يوم الْقِيَامَةِ أَنْ يَنْفُخَ فيها الرُّوحَ وَلَيْسَ بِنَافِخٍ)[4].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی وێنەکێشەکان

لە ئەبی هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خوا ﷻ فەرموویەتی: کێ لەوکەسە ستەمکارترە وێنەیەك دروست دەکات وەکو ئەوەی من دروستم کردوە، با زەرەیەك دروست بکەن (واتە: مێرووەکی بچووك)، یان دەنکە گەنمێك یان دەنکە جۆیەك دروست بکەن. بوخاری و موسلیم دەریان هێناوە.

وە لە بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: سەختترین سزا بۆ کەسانێکە لە ڕۆژی دواییدا دروست کردنەکەیان ئەچوێنن بە دروستکردنی خوا.

---

(١) أخرجه البخاري في التوحيد (٧٥٥٩) فتح، ومسلم في اللباس (٢١١١) عبد الباقي

(٢) أخرجه البخاري في اللباس (٥٩٥٤) فتح.

(٣) أخرجه البخاري في البيوع (٢٢٢٥) فتح، ومسلم في اللباس (٢١١٠) عبد الباقي.

(٤) أخرجه البخاري في اللباس (٥٩٦٣) فتح. وانظر تخريج مسلم السابق.

وە لە بوخاری و موسلیم لە ئیبنوعەباس وتی: گوێبیستی پێغەمبەر بووم دەیفەرموو: هەموو وێنەکێشێك لە ئاگردایە، لەبری هەر وێنەیەك کە کێشاویەتی نەفسێکی بۆ دادەنرێت لە دۆزەخدا پێی سزا دەدرێت.

وە لە بوخاری و موسلیم لە ئیبنوعەباسەوە بە مەرفوعی هاتووە: هەرکەسێك وێنەیەك بکێشێت لە دنیادا، ئەوە لە قیامەتدا پادەسپێردرێ ڕۆح بکات بە بەریدا، ناشتوانێت ڕۆح بکات بە بەریدا.

وتەی: (**بابُ مَا جاءَ في المُصَوِّرِين**) واتە: لە گەورەیی و سزاو تۆڵەی خوا بۆیان.

پێغەمبەر ﷺ باسی هۆکاری قەدەغەکردنی وێنە کێشانی کردوە: ئەویش بریتیە لە لاسایی کردنەوەی خوا، چونکە خوا دروستکردن و فەرمانی بۆ هەیە، ئەو زاتە پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێکە، ئەو زاتە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، تەنها ئەو وێنەی هەموو دروستکراوەکان دەکێشێ، ئەو ڕۆحانەش بە بەریاندا دەکات کە بەهۆیانەوە ژیان بەبەری وێنەکێشراوەکەدا دەکرێت، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥۖ وَبَدَأَ خَلۡقَ ٱلۡإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ۝٧ ثُمَّ جَعَلَ نَسۡلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٖ مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ۝٨ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ۝٩ ﴾ **السجدة**. (واتە: زاتێکە هەموو شتێکی بە جوانترین شێوە دروست کردوە جا مرۆڤی لە سەرەتاوە لە قوڕ دروست کرد* لە پاشان نەوەی مرۆڤی لە پوختەیە لە ئاوی بێ نرخ و قیزەون دروست کردووە* لە پاشان ڕێك و پێکی کرد (لە شێوەی ئادەمی) و فوی کرد بە بەریدا لە ڕۆحێك کە خۆی دروستی کرد(دانە پاڵی ڕۆح بۆ لای خوا بۆ ڕێزو تەشریفە) گوێ و چاوو دڵی پێ بەخشیوون بەڵام زۆر کەم سوپاسی خوا دەکەن).

جا وێنەکێش کاتێ وێنە دەکێشێ لەسەر شێوەی ئەو شتەی خوا دروستی کردوە لە ئادەمی و ئاژەڵ، دروستکردنەکەی چواندوە بە دروستکردنی خوا. جا ئەو وێنەیەی کە کێشاویەتی دەبێتە سزا بۆی لە ڕۆژی دواییدا، تەکلیفیشی لێ دەکرێت ڕۆح بکات بە بەریدا، ناشتوانێت ڕۆح بە بەریدا بکات. ئەوە سەختترین سزای بۆ هەیە، چونکە تاوانەکەی لە گەورەترینی تاوانەکانە.

جا ئەمە ئەگەر دەربارەی کەسێك بێت وێنەیەکی کێشا بێت لەسەر شێوەی ئەوەی خوا دروستی کردوە لە گیاندار، دەبێ حاڵی ئەوکەسە چۆن بێت بەدیهێنراو یەکسان دەکات بە پەروەردگاری جیهانیان و دەیشوبهێنی بە دروستکراوەکانی، هەندێ لە پەرستشیشی بۆ ئەنجام دەدات کە خوا دروستکراوی دروست نەکردوە مەگەر بۆ ئەوەی بە تاك و تەنها بیپەرستن بەوەی جگە لە ئەو شیاوی ئەو پەرستشە نیە لە هەر کردەوەیەك خوا پێی خۆش بێت بۆ بەندەکەی و پێی ڕازی بێت؟ جا یەکسانکردنی بەدیهێنەراو بە بەدیهێنەر بە گۆڕینی حەقی بۆ کەسێك شیاوی نەبێت لە دروستکراوەکانی، وە کردنی بە هاوبەش بۆی لەوەی تایبەتە بە خوای بەرزو مەزن، ئەوە مەزنترین تاوانە سەرپێچی خوای پێ کرابێت، لەبەر ئەمەیە پێغەمبەرەکانی نارد‌وەو کتێبەکانی دابەزاندوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم هاوبەشدانانە و ڕێگری کردن لێی، وە ئەنجامدانی هەموو جۆرەکانی پەرستش بۆی بە دڵسۆزی. خوا پێغەمبەرەکانی و ئەوانەشی گوێڕایەڵیان کردوون ڕزگار کرد، ئەوەشی لەناو

برد کە نکوڵی لە یەکتاپەرستی کرد و بەردەوام بوو لەسەر هاوبەشدانان، ئای چەندە مەزنە ئەم تاوانە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ النساء. (واتە: بەڕاستی خوا خۆش نابێت گەر هاوبەشی بۆ دابنرێ، بێجگە لەوە خۆش ئەبێت لەهەر گوناهێکی تر بۆ هەر کەسێك کە بیەوێ) ﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴿٣١﴾ ﴾ الحج. (واتە: جا هەرکەس هاوبەشی بۆ خوا دابنێ ئەوە وەك ئەوە وایە لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە ئینجا بالّندە لەهەوادا بە پەلە بیفڕێنێ (پارچە پارچە بێت) یا بایەکی تووند بیبات بۆ جێگایەکی زۆر دوور (چۆڵەوانی).

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولمسلم، عن أبي الْهَيَّاجِ، قال: قال لي عليٌّ: ألا أبعَثُكَ عَلى ما بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ الله ﷺ؟ (أن لا تدعَ صُورَةً إلا طَمَسْتَهَا وَلا قَبراً مُشرِفا إلا سَوَّيْتَهُ).

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە موسلیم هێناویەتی لە ئەبی هەیاجەوە، وتی: عەلی پێمی وت: ئایا ڕەوانەت نەکەم بەوەی پێغەمبەر ﷺ ڕەوانەی کردووم؟ هەر وێنەیەکت بینی دەبێ لای ببەیت، وە گۆرێکی بەرزیشت بینی دەبێت تەختی بکەیت.

.....

وتەی: (**ولمسلم، عن أبي**) ئەسەدی، حەیانی کوڕی حەصین وتی: (**قال لي عليٌّ**) ئەویش ئەمیری ئیمانداران عەلی کوڕی ئەبی **طالیبە**. خوای لێ ڕازی بێت.

وتەی: (**ألا أبعَثُكَ عَلى ما بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ الله ﷺ؟ (أن لا تدعَ صُورَةً إلا طَمَسْتَهَا وَلا قَبراً مُشرِفا إلا سَوَّيْتَهُ**)[1]. (لەسەرەوە مانا کراوە)

ڕونکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەر ﷺ عەلی ناردوە بۆ ئەو مەبەستە. جا لابردنی وێنە لەبەر ئەوە بوو لە دروستکراوی خوا دەچێت. تەختکردنی گۆڕیش، چونکە لە بەرز کردنەوەیدا جۆرێ لە فیتنەی تێدایە بۆ خاوەنەکەی و بەمەزندانانی، ئەویش لە بیانوو هۆکارەکانی هاوبەشدانانە، بەکارهێنانی تواناو هیمەت و بۆ ئەم مەبەستە و وێنەی ئەمانە لە بەرژەوەندیەکانی ئاین و مەبەست و ئەرکەکانیەتی. هەرکاتێك ئاسانکاری لەمانەدا ڕووبدات شتی مەترسیدار ڕووەدات، فیتنە و بەڵاش گەورەتر دەبێت بەهۆی خاوەن گۆڕەکان و دەبێتە ویستگەی گەشتکردنی ئەوانەی دەپەرستن و بە مەزنی دادەنێن. گەورەترینی پەرستشەکانیان بۆ ئەنجام دەدەن: لە پاڕانەوەو پشتبەستن و داوای فریادڕەسی و لاڵانەوە بۆیان و سەربڕین لە پێناویانداو نەزر کردن بۆیان و جگە لەوانەش لە هەموو هاوبەشدانانێکی مەترسیدار.

ئیبنولقەییەم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ[2]: هەرکەسێك کۆی بکاتەوە لە نێوان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی گۆڕەکان، ئەوەی فەرمانی پێکردووەو ئەوەشی قەدەغەی لێ کردوە و وە

---

(١) أخرجه مسلم في الجنائز (٩٦٩) عبدالباقي.

(٢) إغاثة اللهفان الجزء الأول.

لە نێوان ئەوەشی هاوەڵەکانی لەسەری ڕۆیشتوون، وە لە نێوان ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ئەمڕۆ لەسەریەتی. دەبینێ یەکێکیان دژی ئەوی دیکەیە وە هەڵوەشێنەرەوەیەتی، بەجۆرێ پێچەوانەیەتی کە هەرگیز بەیەکەوە کۆ نابنەوە. پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە نوێژ کردن لە لای گۆڕەکان، ئەوانەش نوێژیان لە لا دەکەن و نوێژان بۆ دەکەن. ڕێگری کردوە لەوەی بکرێن بە مزگەوت، ئەوانە خانوو لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن و دەیکەن بە مزگەوت و ناوی لێ دەنێن بە مەزارگە هاوشێوەی ماڵی خوای لێ دەکەن. ڕێگری کردوە لەوەی چراو ڕووناکی تێدا دابگیرسێنن، بەڵام ئەوانە چرا و ڕوناکیان بەبەردەوامی تێدا داگیرساندوە. ڕێگری کردوە لەوەی بکرێن بە شوێنی کۆبونەوەی عیبادەت، ئەوانە دەیکەن بە شوێنی کۆبونەوەو شوێنی قوربانیکردن، کۆدەبنەوە بە دەوریدا وەکو کۆبوونەوەیان بۆ جەژن یان زیاتر لە جەژن، فەرمانی کردوە بە تەخت کردنی، وەك چۆن لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبی هەیاجی ئەسەدی- ئینجا باسی فەرموودەی بەشەکەی کرد- لەگەڵ فەرموودەی ئومامەی کوڕی شوفی هەروەها ئەوەش لە لای موسلیمە وتی: ئێمە لەگەڵ فوزالەی کوڕی عوبەید دا بووین لە زەوی ڕۆمەکاندا لە (رودس)، هاوەڵێکمان مرد، فوزالە فەرمانی کرد گۆڕەکەی تەخت کرا، پاشان وتی: گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بووم فەرمانی کرد بە تەختکردنی. ئەوانە زیادەڕەوی دەکەن لە پێچەوانەکردنی ئەم دوو فەرموودەدا، گۆڕەکانیان لە زەوی بەرز دەکەنەوە وەکو خانوو بەوەشەوە نەوەستان گومەزیان لەسەریان دروست کرد.

وە ڕێگری کردوە لە گەچکاری گۆڕو دروستکردنی خانوو لەسەری، وەك موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە صەحیحەکەیدا لە جابرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە گەچکاری کردنی قەبر و سەرگرتنی و دروست کردنی خانوو قوبە لەسەری[1]. وە ڕێگری کردوە لە نووسین لەسەری[2]. وەك چۆن ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە لە سونەنەکەیدا لە جابرەوە، پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە گەچکاری کردنی گۆڕەکان و نووسین لەسەریان، ترمزیش وتویەتی: فەرموودەیەکی(حسن صحیح) ە، ئەوانە دارو تەختە دەدەن بەسەر گۆڕەکانداو قورئان و جگە لەویش لەسەریان دەنووسن، وەڕێگری کردوە جگە لە خۆڵەکەی خۆی هیچی تری بۆ زیاد بکرێ، وەك چۆن ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە بەهەمان شێوە لە جابرەوە، پێغەمبەر ﷺ ڕێگری کردوە لە گەچکاری کردنی گۆڕ، یان نووسین لەسەری، یان شتێکی بۆ زیاد بکرێ[3]. وە ئەوانە خشتی سورو گەچ و بەردیان بۆ گۆڕەکان زیاد کردوە، ئیبراهیمی نەخەعی دەڵێ: پێشین پێیان باش نەبووە خشتی سورەوەکراو لە سەر گۆڕەکانیان دابنرێ.

مەبەست ئەوەیە: ئەوانەی گۆڕەکانیان بە مەزن داناوەو کردوویانەتە جەژن، ئەوانەی چراو ڕووناکی لەسەر گۆڕەکان دادەگیرسێنن و ئەوانەشی مزگەوت و گومەزیان لەسەر دروست دەکەن، پێچەوانەی ئەوەن کە پێغەمبەر فەرمانی پێ کردوە، ئەوانە دوژمنی ئەو پەیامەن کە هێناویەتی، مەزنترینی ئەو بەگەورەدانانە کردنیانە بە مزگەوت و جێگای کۆڕو کۆبوونەوەو داگیرساندنی

---

(١) أخرجه المسلم في الجنائز (٩٧٠) عبدالباقي.

(٢) أخرجه أبو داود في الجنائز (٣٢٢٦)، والترمذي في الجنائز (١٠٥٢).

(٣) أنظر التخريج السابق.

ڕووناکی لەسەریان، بەڕاستی ئەوە لە گوناهە گەورەکانە، فەقیهەکان لە هاوەڵانی ئەحمەد و غەیری ئەوانیش بە ڕاشکاوی بە حەرامیان داناوە.

ئەبو موحەممەدی مەقدسی وتوێەتی: ئەگەر دروست کردنی ڕووناکی لەسەر گۆڕەکان دروست بوایە، نەفرین نەدەکرا لە بکەرەکەی، وە لەبەر ئەوەی لەناودانی ماڵ و سامانی تێدایە بەبێ هیچ سوودیك و زیادە ڕەوی تێدایە لە بەگەورە دانانی گۆڕەکان، ئەمەش هەر لە بەگەورە دانانی بتەکان دەچێت، وتوێەتی: دروست نیە مزگەوت لەسەر گۆڕەکان دروست بکرێت لەبەر ئەم فەرمودەیە، وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَعْنَ اللَّهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ. يُحذِّر ما صَنَعوا**)[1]. (واتە: نەفرینی خوا لە جولەکەو گاورەکان گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت. مەترسیداوە لەوەی ئەوان کردوویانە).

وە لەبەر ئەوەی تایبەت کردنی گۆڕەکان بە نوێژ کردن لە تەنیشتیان لە بەگەورەدانانی بتەکان دەچێ، بە سوژدە بردن بۆیان و خۆ نزیك کردنەوە لێیان، بێگومان لە پێشەوە ڕیوایەتمان کرد کە سەرەتای دروست بوونی پەرستشی بتەکان لە بەمەزندانانی مردوەکانەوە سەرچاوەی گرت، وەك ئەوەی وێنایەکیان بۆ دەکێشا و دەستیان بەسەریدا دەهێناو نوێژیان لەلای دەکرد. کار گەیشتە ئەوەی ئەو هاوبەشدانەرانە حەج کردن لای گۆڕەکان بەڕەوا ببینن، وە قوربانیان بۆ دەکردن تەنانەت هەندێ لەوانەی ڕۆچوون تێیداو گومڕا بوون، تەنانەت لەو بارەشەوە کتێبیان نووسیوە بەناو (قوربانی کردن و عیبادەت کردن حەج کردن بۆلای مەزارگاو گۆڕی پیاو چاکان)، وەك شوبهاندنیان بە ماڵی پیرۆزی خوا، شاراوە نیە بەڕاستی ئەمە دەرچوونە لەدین و چوونە ناوەوەی ئاینی بت پەرستانە، جا تەماشای ئەم جیاوازیە گەورە بکە لە نێوان ئەوەی پێغەمبەری خوا داینناوە، وە مەبەستی بووە لە ڕێگری کردن لەوەی باسکرا دەربارەی گۆڕەکان، لە نەهی لێکردنی وە لە نێوان ئەوەی ئەوانە دایانناوەو مەبەستیان بووە، گومانی تێدا نیە مەفسەدەو خراپەکاریەکەی ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایەت.

لەوانە: بە مەزندانانی ئەو شوێنانە لە توشبوونە بە فیتنە یان(لە خۆشەویستیەوە سەرچاوەی گرتووە)

لەوانە: کردنیان بە شوێنی کۆبونەوە، وە جەژن تیاگێڕانی.

لەوانە: گەشتکردن بۆ لایان.

لەوانە: خۆشوبهاندن بە بت پەرستان، بەوەی لەلایاندا دەمێننەوەو دەچن بۆ لایان و پەردەیان پێدا هەڵدەواسن بۆ پیرۆزی و تەبەڕوك، وە خزمەتکاریشیان دەکەن، گۆڕپەرستەکان ڕۆیشتن بۆلای گۆڕو مەزارگاکان وەکو ڕۆیشتن بۆلای مزگەوتی حەرام تەماشا دەکەن، وە پێشیان وایە خزمەتکاری ئەو مەزارگانە چاکترن لە خزمەتکارانی مزگەوتەکان، بەدبەختی بۆ ئەوان ئەگەر شەوێك ڕووناکی لەسەر ئەو گۆڕانە بکوژێتەوە.

---

(١) أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٥٤) فتح، ومسلم في المساجد (٥٣١) عبدالباقي.

لەوانەش: نەزر کردن بۆیان و بۆ خزمەتکارەکانیشیان.

لەوانە: هاوبەشدانەران بڕوایان وایە بەهۆی ئەو گۆڕانە بەڵا لادەبرێ و سەرکەوتن بەسەر دوژمن دەستەبەر ئەبێ، بارانی ئاسمان دەبارێنرێ، نەخۆشی دەڕەوێنرێتەوە، وە پێویستیەکان جێ بەجێ دەکرێ و ستەم دیدەیش سەردەخرێ، ترساویش پەنا دەدرێ، وە جگە لەوە شتانێکی دیکەش.

لەوانە: چوونە ناو نەفرینی خواو پێغەمبەرەکەی بە دروستکردنی مزگەوت لەسەریان و داگیرساندنی ڕووناکی.

لەوانەش: ئەو هاوبەشدانانە گەورەیەی کە لەلایان ئەنجام دەدرێ.

لەوانەش: زیان گەیاندن بە خاوەنی گۆڕەکان بەوەی هاوبەشدانەران بەرانبەر بە گۆڕەکانیان دەیکەن. بێگومان ئەوان ئازاریان دەدەن بەوەی لەلای گۆڕەکانیان دەکرێ، وە پێیان ناخۆشە بە ئەوپەڕی پێ ناخۆش بوون، وەك چۆن مەسیح ئەوەی پێ ناخۆشە کە گاورەکان لەلای گۆڕەکەی دەیکەن (مەبەستی ئەوەیە ئەوەی پێیان وایە گۆڕی عیسایە ئەگەر نا عیسا گۆڕی نیە) بە هەمان شێوە ئەوانەش دەیکەن لە لای گوڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان و زانایان ئازاریان دەدا، لەڕۆژی دواییشدا خۆیان بەری دەکەن لەوانەی گۆڕەکانیانیان بەمەزن داناوەو پەرستووە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا ﴿١٨﴾ ﴾**الفرقان**. (واتە: وە لەو ڕۆژەدا خوا ئەو بت پەرستانە کۆدەکاتەوە لەگەڵ ئەو پەرستراوانەی کە پەرستوونیان جگە لە خوا ئینجا خوا بە پەرستراوەکان دەڵێ ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد یا خۆیان ڕێگای ڕاستیان ون کردو گومڕا بوون* پەرستراوەکان دەڵێن پاك و بێگەردی بۆ تۆ بۆ ئێمە شایستە نەبووە کە بێجگە لەتۆ پەرستراوێك بۆ خۆمان دابنێین بەڵام نازوو نیعمەتتدا بە ئەوان و باوو باپیرانیان هەتا وایان لێ هات یادی تۆیان لە بیر چوو وە ئەوانە کۆمەڵێکی تیاچووی بێ نرخ بوون) خوا ﷻ بە هاوبەشدانەران دەفەرموێ: ﴿ فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ ﴾**الفرقان**. (واتە: (خوا بە بت پەرستەکان دەڵێ) جا بێگومان پەرستراوەکانتان ئێوەیان بە درۆ دادەنێن لەو قسانەی کە دەتان کرد) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ﴿١١٦﴾ ﴾ **المائدة**. (واتە: وە بیر بکەرەوە کاتێ خوا دەفەرموێ (لە ڕۆژی دواییدا) ئەی عیسای کوڕی مەریەم ئایا تۆ وتوتە بە خەڵکی کە من و دایکم بە دوو پەرستراو دابنێن(و بمانپەرستن) لە جیاتی خوا؟ (عیسا) وتی: پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی خوایە نابێ و ناگونجێ من شتێ بڵێم کە بەهیچ شێوەیەك مافی من نیە) وە فەرموویەتی: ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ ﴾**سبأ**. (واتە: وە ڕۆژێ (خوا) هەموویان کۆدەکاتەوە پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێ ئایا ئەوانە لە دنیا ئێوەیان دەپەرست* (فریشتەکان) دەڵێن پاك و بێگەردی

بۆ تۆ تەنیا تۆ گەورەی ئیمەی نەك ئەوان بەڵکو ئەوان جنۆکەیان دەپەرست زۆربەیان باوەڕیان بەوان (جنۆکە) هەبوو).

لەوانە: مراندنی سوننەتەکان و زیندووکردنەوەی بیدعە.

لەوانە: باودانی گۆڕەکان بەسەر باشترین شوێنی سەر زەوی و خۆشەویسترینیان لەلای خوا، چونکە گۆڕپەرستان ڕوویان تێ دەکەن لەگەڵ بەمەزندانان و بە ملکەچی و دڵ نەرمی، وە مانەوە لایان بە وەرەو هیمەتەوە، بەجۆرێك کە بۆ مزگەوتەکان ئەو کارە ناکەن، ئەوەی بۆ گۆڕەکان ئەنجامی دەدەن وێنەی ئەوە بۆ هیچ شتێك ئەنجام نادەن.

وە: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ داینواوە لە سەردانی کردنی گۆڕەکان ئەوە یادخستنەوەی دواڕۆژە و چاکە کردنە لەگەڵ ئەوکەسەی سەردانی بۆ لای دەکرێت بە نزا کردن بۆی و بەزەیی پیاهاتنەوەی و داوای لێخۆشبوون بۆی، وە داوای سەلامەتی لە سزای گۆڕ، جا زیارەتکار بەو کارە هەم چاکەی لەگەڵ نەفسی خۆی کردوەو هەم لەگەڵ مردوو. هاوبەشدانەران کارەکەیان هەڵگێڕایەوە و ئاینەکەیان پێچەوانە کردەوە و مەبەست کردنی زیارەتی گۆڕی مردوویان گۆڕیوە بە هاوبەشدانان، لە جیاتی ئەوەی نزای خێری بۆ بکەن، لێی دەپاڕانەوە و چاوەڕانی دابەزینی فەرو بەرەکەتیان لێ دەکرد، وە سەریان بخات بەسەر دوژمندا و وێنەی ئەوانەش، جا ئەوان حاڵیان بەجۆرێ لێهات هەم خراپەیان لەگەڵ نەفسی خۆیان کردو هەم لەگەڵ مردوو. پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لە پیاوان کردوە لە سەردانی کردنی گۆڕەکان، ئەمیش وەکو بەربەستێك بۆ بیانوو نەدان بە گۆڕپەرستی، بەڵام کاتێ یەکتاپەرستی چەسپا و جێگیر بوو لە دڵیاندا ڕێگەی پێدان زیارەتی گۆڕەکان بکەن بەو جۆرەی داینواوە، وە ڕێگری لێ کردن قسەی نابەجێ بکەن، لە مەزنترین ئەو قسانەی نابەجێن: هاوبەشدانانە لەلای گۆڕەکان بە وتەو بە کردەوە.

وە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە، لە ئەبی هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **(زُورُوا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الْمَوْتَ)**[1]. (واتە: سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە مردن دەخاتەوە یادتان) وە لە ئیبن عەباسەوە وتی: پێغەمبەر بەلای گۆڕستانی مەدینەدا تێپەڕی، ڕووی تێ کردن و فەرمووی: **(السَّلَامُ عَلَيْكُمْ يا أَهْلَ الْقُبُورِ، يَغْفِرُ الله لنا وَلَكُمْ، أَنْتُمْ سَلَفُنَا وَنَحْنُ بِالْأَثَرِ)**[2]. **رواه أحمد والترمذي.** واتە: سڵاوی خواتان لەسەر بێ ئەی خەڵکی ئەم گۆڕستانە، خوا لە ئێمەو لە ئێوەش خۆش بێ، ئێوە پێشینی ئێمە بوون، ئێمەش بە شوێنتاندا دێین) ئەحمەدو ترمزی ڕیوایەتیان کردوە و ترمزیش بە حەسەنی داناوە.

ئەمە ئەو زیارەتەیە پێغەمبەر ﷺ بۆ ئوممەتەکەی داناوەو فێری کردون، ئایا شتێکی تێدا دەبینی لەوەی هاوبەشدانەران و بیدعەکاران پشتی پێ دەبەستن، یان دەبینی پێچەوانەی زیارەتی ئەوانە بێ لەهەموو ڕوویەکەوە؟ ئیمامی مالیك قسەیەکی زۆر جوانی کردوە وتویەتی: کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك ناکات، مەگەر ئەوەی سەرەتاکەی چاك کرد، بەڵام تا دەستگرتنی ئوممەتەکان بە

---

(١) أخرجه مسلم في الجنائز (٩٧٦) عبدالباقي.

(٢) أخرجه الترمذي في الجنائز (١٠٥٣)، وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود.

پەیمانی پێغەمبەرەکانیانەوە لاوازبێ و ئیمانیان کەم بێ، ئەوە قەرەبووی دەکەنەوە بەوەی دایان هێناوە لە بیدعەو هاوبەشدانان.

بەڕاستی پێشینی چاکان یەکتاپەرستیان پالّفتەکردوەو پارێزگاریان لێ کردوە، تەنانەت ئەگەر کەسێکیان سلّاوی بکردایە لە پێغەمبەری خوا، پاشان بیویستایە بپارێتەوە ڕووی دەکردە قیبلە، پشتی دەکرد لە دیواری گۆڕەکەی پێغەمبەری خوا و پاشان دەپارایەوە، چونکە فەرموویەتی دوعاو پارانەوە پەرستشە، لە ترمزی و غەیری ئەویشدا هاتووە: (**الدعاء هو العبادة**)[1] پێشین پەرستشیان تەنها بۆ خوا دەکردو لەلای گۆڕەکاندا هیچ جۆرە پەرستشێکیان ئەنجام نەدەدا جگە لەوەی پێغەمبەر ﷺ ڕێی پێداوە، لە پارانەوە بۆ خاوەن گۆڕەکان و داوای لێ خۆشبوون و ڕەحمەت ناردن بۆیان.

وە ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە لە ئەبی هورەیرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، ولا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا، وَصَلُّوا على فإن صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ**)[2]. واتە: (مالّەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وە گۆڕەکەی منیش مەکەن بە جەژن(شوێنی کۆبونەوە)، صەلّاواتم لەسەر بدەن چونکە صلّاواتی ئێوە دەگا بەمن لەهەر کوێ بن) سەنەدەکەی چاکەو گێڕەرەوەکانیشی خەلّکانی بەناو بانگن، وە متمانە پێکراون.

وتەی: (**لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا**) واتە: لەکاری مەخەن لە نوێژ کردن و پارانەوەو خوێندنەوەی قورئان تیایدا، جا وەکو گۆڕستانی لێ بێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە بە نوێژکردنی سوننەت لەماڵەکاندا، ڕێگریشی کردوە لە ئەنجامدانی سوننەت لەلای گۆڕستان، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە هاوبەشدانەران لەسەری دەڕۆن، لە گاوەرەکان و وێنەی ئەوانیش.

پاشان لە بەمەزندانانی گۆڕەکان و کردنیان بە جەژن چەندین خراپەکاری گەورەی تێدایە، کەس نایزانێ و درکی پێ ناکات جگە لەخوا، هەرکەسێ شکۆی خواو غیرەت لەسەر یەکتاپەرستی و ناشرینی هاوبەشدانانی لەدڵدابێ، بەو کارە خراپە تووڕە دەبێ، بەڵام بریندارکردن ئێش بە مردوو ناگەیەنێ(چونکە دڵ کە مرد وەکو لاشەیەکی مردوو وایە ئیتر قسەی هیچ کەس دای ناچڵەکێنێ).

لە خراپەکاریەکانی بەمەزندانانی گۆڕەکان کردنیانە بە جەژن و ئەنجامدانی نوێژە لەلایان و تەواف و سوڕانەوەیە بە دەوریانداو ماچ کردنیانەو دەست لێ دانیان، وە ڕومەت ساوین بە خۆڵەکەیدا و پەرستنی خاوەنی ئەو گۆڕانە و داواکردنی یارمەتی و ڕزق و ڕۆزی و سەلامەتی و بژاردنی قەرزەکان و لابردنی ناخۆشیەکان و بەهاناوە هاتنی لێ قەوماوی و جگە لەوانیش، کە بت پەرستان داوایان دەکرد لە بتەکانیان، جا ئەگەر تەماشای ئەوانە بکەیت کە ڕۆچوون لەکردنی گۆڕەکان بە جەژن و دابەزینیان لەسەر وشتر و ئاژەڵەکانیان، ئەگەر لە شوێنێکی دورەوە بیان بینایە

---

(١) أخرجه أبو داود في الصلاة (١٤٧٩)، والترمذي في التفسير (٢٩٦٩)، وابن ماجه في الدعاء (٣٨٢٨) وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود (١٣٢٩) ط غراس.

(٢) أخرجه أبو داود في المناسك (٢٠٤٢) وصححه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود (١٧٨٠)ط غراس.

ناوچاویان بۆ دەخستە سەر زەوی و ماچیان دەکرد، کلاوەکانی سەریان لادەبرد و دەنگیان بەرز دەبوویەوە بە هاوارو وا وەیلێ، بەجۆرێ خۆیان دەگریاند کە قوڵپەی گریان لێیان دەبیسترا، وایان دەزانی ئەوان قازانجیان کردوە لەو کارەیاندا، داوایان دەکرد لە کەسێ نە دروستیان دەکات و نە پاش مردنیش دەیانگێڕێتەوە، هاواریشیان کرد بەڵام لە شوێنێکی دورەوە، تەنانەت ئەگەر نزیك بوونایەتەوە لێیان لەلای گۆڕەکانیاندا دوو ڕکات نوێژیان دەکرد، پێیان وابوو چاکترین ئەجریان دەستکەوتووە زیاتر لەوەی ڕوو دەکاتە قیبلە، دەیانبینی بەدەوری گۆڕەکەدا بە کڕنۆش و سوژدەوە کەوتوون، داوای فەزڵ و چاکەو ڕەزامەندی لە مردوو دەکەن، لەپی دەستیان پڕ کردوە لە بێ هیوایی و خەسارەت.

جا ئەمانە بۆ غەیری خوایە، بەڵکو بۆ شەیتانە ئەو هەموو کۆشش و ماندووبوون و هاوارکردنە، وە داوای پێویستیەکانیان لە مردوو دەکەن و داوا دەکەن خەم و خەفەت و ناخۆشیەکانیان لەسەر سووك بکەن، وە ئەوانەی کە هەژارو نەدارن دەوڵەمەندی بکەن، ئەوانەشی کە نەخۆشن و بەلآیان تووش بووە چارەسەری بکەن، پاشان دوای ئەوە بە دەوری گۆڕەکەدا تەواف دەکەن و دەسوڕێنەوە بە خۆ چەماندنەوە، وەك چۆن بە دەوری ماڵی پیرۆزی خوادا دەسوڕێنەوە، کە خوا ﷻ کردوویەتی بە پیرۆز و ڕێنمایی بۆ جیهانیان، پاشان ماچیان دەکەن و دەسیان پیا دەهێنن، ئایا بەردە ڕەشەکەت بینیوە وە ئەوەی نێردراوی ماڵی پیرۆزی خوا پێی دەکات؟ پاشان ڕووخسار و ڕوومەتیانی بەسەردا دەهێنن کە خوا دەزانێ لە سوژدە بردن بۆی ڕووخسار بەو شێوەی لێ ناکرێ، پاشان کاروبارەکانی حەج کردنی گۆڕ تەواو دەکەن بە سەرتاشینیان لەوێ یان کورت کردنەوەیان، چێژ وەردەگرن بە بەشی خۆیان لەو بتانە، چونکە هیچ بەشێکیان لەلای خوا بۆ نیە، هەرچی لەتوانایان بوو بۆ بتەکان کەمتەرخەمیان نەکرد، نوێژو قوربانی و نزیك بوونەوەکانیان بۆ غەیری خوا بوو، دەبینی هەندێکیان پیرۆزبایی لە هەندێکی دیکەیان دەکەن، دەڵێ: خوا پاداشتی بێ پایانی ئێمەو ئێوە بداتەوە، جا کاتێ گەڕانەوە زیادەڕەوانێك لەوانەی بە جێ ماون داوایان لێ دەکەن: کە یەکێ لەوانە پاداشتی زیارەتی گۆڕەکەی بفرۆشێ لەبەرانبەر (حەجی ماڵی خوا) ئەویش دەڵێ: نەخێر، نایگۆڕمەوە بە حەج کردنی هەموو ساڵێك.

ئەمەو لەوەی کە باسمان کردوە دەربارەیان تێ نەپەڕیوین هەموو بیدعەو گومڕاییەکانیانمان باس نەکردوە، چونکە ئەوە لەسەرووی ئەوەوەیە کە بە دەرون و خەیاڵدا دێت، ئەمەش دەستپێکی پەرستنی بتەکان بوو لە گەلی نووح ﷺ، وەك لە پێشەوە باسکرا، هەرکەسێك بۆنی کەمترین زانست و تێ گەیشتن کردبێ دەزانێ لە گرنگترین هۆکارەکان ڕێگری کردنە لەو شتانەی دەبنە مایەی کار ئاسانی بۆ ئەو کارە مەترسیدارە، بێگومان خاوەنی شەریعەتیش زاناترە بە دەرئەنجامی ئەوەی قەدەغەی کردوە، وە سەرئەنجامەکەشی، وە چەسپاوترە لە ڕێگری کردن و هەڕەشەکردن لەسەری، بێگومان خێر و هیدایەت و ڕێنمایی لە شوێنکەوتنی و گوێڕایەڵی کردنیدایە، شەڕو گومڕاییش لە سەرپێچی کردن و پێچەوانە بوونیدایە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: تووندی نواندنێکی زۆر لە بارەی کاری وێنەکێشان و پەیکەر سازان.

دووەم: ئاگادار کردنەوە لە هۆکاری ئەو قەدەغەکردنە، ئەویش بریتیە لە بێ ئەدەبی کردن بەرانبەر بە خوا ﷻ، وەک لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوا ﷻ فەرموویەتی: (**وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ كَخَلْقِي**) واتە: کێ ستەمکارترە لەو کەسەی وێنایەک دەکێشێ وەکو ئەوەی وێنام کێشاوە.

سێیەم: ئاگادار کردنەوە لە سەر تواناو دەسەڵاتی خواو بێ توانایی وێنەکێشەکان لە دروستکردن، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: (**فَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً، أو حَبَّةً، أو شَعِيرَةً**) واتە:جا با مێرووێک، یان دەنکە گەنمێک یان جۆیەک دروست بکەن).

چوارەم: ڕاگەیاندنی ئەوەی وێنەکێشان سەختترین سزایان بۆ هەیە.

پێنجەم: بێگومان خوا ﷻ بە ژمارەی هەر وێنەیەک نەفسێک دروست دەکات، وێنەکێشی پێ سزا دەدات لەناو ئاگردا.

شەشەم: تەکلیف دەکرێ لە وێنەکێش ڕۆح بکا بەبەر ئەو وێنەی کە کێشاویەتی.

حەوتەم: فەرمان کراوە بە لابردن و سڕینەوەی ئەو وێنەو پەیکەرانە ئەگەر بینران.



بەشی ٦١ | ئەوەی هاتووە دەربارەی زۆر سوێند خواردن

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في كثرة الحلف.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی: ئەوەی هاتووە دەربارەی زۆر سوێند خواردن.

واتە: لە ڕێگری کردن و هەڕەشەکردن لێی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وقول الله تعالى: ﴿وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ﴾ المائدة.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: فەرمایشتی خوا ﷻ: (واتە: وە سوێندەکانتان بپارێزن)

.....

ئیبنوجەریر وتویەتی: واز لە سوێندەکانتان مەهێنن بەبێ کەفارەتدان، غەیری ئەویش باسیان کردوە لە ڕاڤەزانان لە ئیبنوعەباس، مەبەست پێی ئەوەیە سوێند نەخۆن، کۆمەڵێکی دیکە وتویانە: سوێندەکانتان بپارێزن لە شکاندن، هەرگیز مەیانشکێنن، دانەر مەبەستی لە ئایەتەکەدا ئەو مانایەیە کە ئیبنوعەباس باسی کردوە، ئەو دوو بۆچوونەش پەیوەستن بەیەکەوە، جا زۆر سوێند خواردن دەبێتە هۆی شکاندنی، یان سوێند خواردنی لە پێش چاو سووک دەبێ و خوا بەگەورە دانانێ، وە جگە لەوەش لەوانەی کەماڵی یەکتاپەرستی پێویست ڕەت دەکەنەوە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عَن أَبِيَ هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال: سمعت رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يقول: (الْحَلِفُ مُنَفِّقَةٌ لِلسِّلْعَةِ مُمْحِقَةٌ لِلْكَسْبِ)(١) أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە ئەبی هورەیرەوە وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو: (سوێند خواردن لە کڕین و فرۆشتندا ڕەواج دەدا بە شمەکەوەو (بازاڕی بۆ دەبێ و) دەفرۆشرێ) دەستەوکەتەکانیش کەم دەخاتەوە و بەرەکەتی ناهێڵێ).

.....

واتە: بوخاری و موسلیم و ئەبو داودو نەسائی دەریانهێناوە.

---

(١) أخرجه البخاري في البيوع (٢٠٨٧) فتح، ومسلم في المساقاة (١٦٠٦) عبدالباقي.

مانای ئەوەیە: ئەگەر سوێندی لەسەر شمەکەکەی خوارد کە ئەو ئەوەندەو ئەوەندەی پێدراوە، یان بەوەندو بەوەندە کڕیویەتی، هەندێجار کریار وا گومان دەبات ڕاست دەکات بەو سوێندەی خواردوویەتی: بۆیە مااڵەکە بە زیاتر لە نرخەکەی خۆی دەکڕێ، فرۆشیارەکەیش درۆزنە، بۆ ئەوە سوێندی لەسەر مااڵەکەی خواردووە، تا مااڵەکەی پارەیەکی زیاتر بکات لە حەقی خۆی، ئەو کات ئەو سەرپێچی خوای کردوە، خوا ﷻ سزای دەدات بە کەمکردنەوەی فەڕو بەرەکەت لەو مااڵەدا، جا ئەگەر مااڵیش فەڕو بەرەکەتی تێدا نەما کەم و کورتیەکی ناتەواوی ڕووی تێ دەکات، زیاتر لەو مااڵە زیادەیەی کە چووەتە سەری بەهۆی سوێند خواردنی، هەندێ جار قازانجی حەرام سەرمایە دەخوات، ئەوەی لەاڵی خوایە بەدەست نایەت مەگەر بە گوێڕایەڵی کردنی، ئەگەرچی دنیا بڕازێنرێتەوە بۆ سەرپێچیکەر، بەاڵم دەرئەنجامی پوکانەوە و لەناوچوون و سزایە.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن سلمان أنّ رسول اللّه ﷺ قال: (ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمْ الله ولا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: أُشَيْمِطٌ زَانٍ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ، ورجل جعل الله بِضَاعَتَهُ، لا يشتري إلا بيمينه ولا يَبيعُ إلا بيَمينيهِ)[1]. رواه الطبراني بسند صحيح.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە سەلمانەوە بێگومان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (سێ کۆمەڵ هەن خوا نە قسەیان لەگەڵدا دەکات و نە پاکیان دەکاتەوە لە گوناە، وە سزای بە ئێشیان بۆ هەیە: پیاوێك کە مووی سەری سپی تێکەوتبێ زیناکار بێ، وە هەژارێکی لووت بەرز، وە پیاوێکیش خوای کرۆتە شمەکەکەی (واتە: سوێند خواردنی بەخوا) بە جۆرێ لێکردوە، نایکڕێ بە سوێند خواردن نەبێ، نایشی فرۆشێ ئیللا بە سوێندەکەی نەبێ) طەبەرانی ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدێکی چاك.

.....

وە (سلمان) پێدەچێ سەلمانی فارسی بێت[2] ئەبو(عبدالله)، لەکاتی هاتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە موسڵمان بوو، بەژداری خەندەقی کردوە، ئەبو عوسمانی نەهدی و شەرەحبیلی کوڕی سەمت و جگە لەوانیش ڕیوایەتیان کردوە لێیەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**سَلْمَانُ مِنَّا أَهْلَ الْبَيْتِ**) واتە: (سەلمان لە ئێمەیە لە ئال و بەیت) (**إن اللّه يُحِبُّ من أصحابي أَرْبَعَةً: عَلِيًّا، وأبا ذَرّ الغفاري، وسلمان الفارسي، وَالْمِقْدَادَ بن الأَسْوَدِ**)[3]. واتە: خوا ﷻ چوار کەسی لە هاوەڵانم خۆش دەوێ: (عەلی، ئەبو زەری غیفاری، سەلمانی فارسی، میقدادی کوڕی ئەسوەد) ترمزی و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردوە.

---

(١) ١٠ أخرجه الدارقطني في الكبير (٢٤٦/٦)، (٦١١١)، وفي الأوسط (٥٥٧٧)، وفي الصغير (٨٢١)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الترغيب (١٧٨٨).

(٢) قلت: نعم هو سلمان الفارسي كما صرح الطبراني في الصغير كما تقدم تخريجه، وأيضا هو من رواية أبي عثمان النهدي، ولم يرو عن سلمان غيره.

(٣) أخرجه الترمذي في المناقب (٣٧١٨)، وابن ماجه في المقدمة (١٤٩) دون قوله:(سَلْمَانُ مِنَّا أَهْلَ الْبَيْتِ)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٣١٢٨-١٥٤٩).

حەسەن وتویەتی: سەلمان ئەمیر و گەورەی سی هەزار کەس بووە، وتاری بۆ دەدان عابایەکی پێوە بوو نیوەی لەبەردا بوو نیوەیشی پارەدخست، لە خەلافەتی عوسماندا کۆچی دوایی کرد، ئەبو عوبەیدە وتویەتی: لەسالّی سی و شەش کۆچی دوایی کردوە، وە دەگونجێ سەلمانی کوڕی عامری کوڕی ئەوسی (الضَّبِي) بێت.

وتەی: (**ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمْ الله**) نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی قسە کردنی خوا لەگەلّیاندا بەلّگەیە لەسەر ئەوەی قسە لەگەلّ کەسێکدا دەکات گوێڕایەلّی بکات. قسەکردن سیفەتی تەواوێتی خوایە. بەلّگەش لەسەر ئەوە لە قورئان سوننەت ڕوون و ئاشکرایە. ئەمە ئەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەری دەڕۆن لە لێکۆلّەران کە هەستان بە کردارەکان بەهۆی خواوەیە، کرداریش تەنها بە ویست و مەشیئەتی خوا دەبی، بەردەوام وەسف کراوە پێ یی، کردەوەکانی هەمیشەیین، وەك چۆن زانایانی فەرموودەناس و جگە لەوانیش لە هاوەلّانی شافعی و ئەحمەد و سەرجەم دەستەکانی دیکە ئەوە دەلّێن، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ٨٢﴾ **یس**. (واتە: بەڕاستی کاری ئەو خوایە ئەمەیە هەر کاتێك بیەوێ شتێك بەدیبێ پێی دەلّێ: ببە دەست بەجێ ئەو شتە دەبێت).

شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە وتویەتی: ئەگەر ڕەتکەرەوانی سیفاتەکانی خوا وتیان: ئەمە ئەوە دەخوازێ (**الحوادث**) ڕووداوەکان بەهۆی ئەوەوە بەڕپا دەبێ. دەلّێین: کێ ئینکاری لەمە کردوە پێش ئێوە لە پێشین و پێشەواکان؟ ئایەتەکانی قورئان و سوننەت لەگەلّ عەقڵدا ئەوانە لەخۆ دەگرن. دەستەواژەی (**الحوادث**)یش کورتە، هەندێ جار مەبەست پێی پشت هەلّکردن و ناتەواویەکانە، خواش پاك و بێگەردە لەوە، بەلّام بە قسەو کردەوەکان هەلّدەستێ چۆن ویستی لەسەر بێت، وێنەی ئەوانەش. لەوەی قورئان و سوننەت بەلّگەن لەسەری، وە بۆچوونی ڕاستیش: ئەویش بۆچوونی ئەهلی زانست و فەرموودەیە ئەوانەی دەلّین: بەردەوام خوا قسەکەرە ئەگەر بیەوێ، وەك ئیبنوموبارەك و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و جگە لەوانیش لە پێشەوایانی سوننە وتویانە.

وتم: مانای (**قيام الحوادث به تعالى**): توانای خوایە بەسەر ڕووداوەکان و هێنانە بوونیانە بە ویست و فەرمانی خوا. خوا زاناترە.

وتەی: (**ولا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ**) کاتێ تاوانەکەیان گەورە بوو سزاکەشیان گەورە بوو، سزا دران بەم سیانە کە مەزنترین سزاکانن.

وتەی: (**أُشَيْمِطٌ زَانٍ**) ناوەکەی بچووك کردۆتەوە لەبەر بەکەم دانان و ڕیسوا کردنی، چونکە ئەو کەسە خواستی گوناە لاوازترە تیایدا، ئەمەش بەلّگەیە لەسەر ئەوەی، ئەوەی دەبێتە مایەی زینا کردن بریتیە لە: خۆشویستنی گوناهو تاوان و نەترسان لە خوا، وە لاوازی خواستی بۆ سەرپێچی کردن لەگەلّ ئەوەشدا سەرپێچی و گوناە بکات سزاکە سەختر دەکات بە پێچەوانەی گەنج، چونکە خواستی شەهوەت و ئارەزوو زالّە بەسەریدا لەگەلّ ترسانی لە خوا، هەندێ جار دەگەڕێتەوە و نەفسی خۆی لۆمەو سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناە و دەست هەلّدەگرێ و بەخۆیدا دەچێتەوە.

بەهەمان شێوە پیاوی هەژاری لووت بەرز، ئەو هیچ شتێکی نیە لووت بەرزی پێوە بکات، چونکە هۆکاری خۆبەزلزانین لە زۆری ماڵ و سامان و نازوونیعمەت و دەسەڵاتدایە، پیاوی فەقیریش هیچ هۆکارێکی ئەوەی نیە لووت بەرزی پێوە بکات، جا لووت بەرزی لەگەڵ نەبوونی ئەو هۆکارەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو لووت بەرزی و خۆ بەگەورە دانانە سروشتی ئەو کەسەیە لە دڵیدا شاراوەتەوە، بۆیە سزاکەی سەخت بوو، لەبەر نەبوونی خواست بۆلای ئەو خۆڕەوشتە پیس و سەرزەنشت کراوە، کە بریتیە لە گەورەترین تاوان.

وتەی: (**وَرَجلٌ جَعل اللهَ بِضَاعَتَهُ**) بە (نصب)ی ناوی پیرۆزی خوا، واتە: سوێند خواردن پێی، کردوویەتی بە شمەکەکەی چونکە ئەو سوێند خواردنە بەردەوامە لەگەڵیداو زاڵە بەسەریدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خاوەنەکەی ئەگەرچی یەکتاپەرستیش بێت، ئەوە یەکتاپەرستیەکەی لاوازەو کردەوەکانیشی لاوازن، بەپێی ئەوەی بە دڵی پێی هەستاوەو لەسەر زمان و کردەوەکانی دەرکەوتووە لەو تاوانە مەزنانە سەرڕای کەمی خواستی بۆی. داوای سەلامەتی و پاراستن لە خوا دەکەین، پەنا دەگرین بەخوا لەهەموو کردەوەیەک، پەروەردگارمان خۆشی نەوێ و لێی ڕازی نەبێ.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفي الصحيح عن عِمْرَانَ بن حُصَيْنٍ رضي الله عنهما قَال: قال رسول اللَّه ﷺ: (خَيرُ أُمَّتِي قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ- قال عِمْرَانُ: فلا أَدْرِي أَذَكَرَ بَعْدَ قَرْنِهِ مَرتينِ أو ثَلَاثًا؟ ثُمَّ إِنَّ بَعْدَكُمْ قَوْمًا يَشْهَدُونَ ولا يُسْتَشْهَدُونَ، وَيَخُونُونَ ولا يُؤْتمَنُونَ، وَيَنْذُرُونَ ولا يوفون، وَيَظْهَرُ فِيهِمْ السِّمَنُ) [1].

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە لە صەحیحدا هاتووە لە عیمرانی کوڕی حوصەین، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (چاکترینی ئوممەتی من، ئەمانەی سەردەمی خۆمن، پاشان ئەوانەی لەدوای ئەمان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان- عیمران وتی: نازانم ئایا لەدوای سەردەمی خۆی باسی دوو سەردەمی کرد یان سێ؟- پاشان دوای ئێوە گەلێك پەیدا دەبن شایەتی دەدەن لەکاتێکدا داوای شایەتیان لێ نەکراوە، وە خیانەت دەکەن و متمانەیان پێ ناکرێ، نەزریش دەکەن و بەجێی ناهێنن، قەڵەویش لەناویاندا بڵاو دەبێتەوە).

.....

وتەی: (**وفي الصحيح**) واتە: (صەحیحی موسلیم). وە ئەبو داوودو ترمزی(٢٢) دەریانهێناوە، وە بوخاری گێڕاویەتیەوە بە دەستەواژەی (خیرکم).

وتەی: (**خَيْرُ أُمَّتِي قَرْنِي**) لەبەر چاکەی خەڵکی ئەو سەردەمە، لە زانست و ئیمان و ئەو کردەوە چاکانەی کە کێبڕکێ کاران کێبڕکێی لەسەر دەکەن، کارپێکەرانیش پێی ڕێزدار دەبن، بۆیە چاکە لە ناویاندا زاڵەو خەڵکەکەیشی زۆرن، شەڕو خراپەش لەنێوانیاندا کەمەو شوێنکەوتوانیشی هەر

---

(١) أخرجه البخاري في المناقب (٣٦٥٠) ومسلم في فضائل الصحابة (٢٥٣٥) عبدالباقي.

(٢) مسلم (٢٥٣٥)، وسنن أبي داود (٤٦٥٧)، والترمذي (٢٢٢٦، ٢٢٢٧).

کەمن، ئیسلام و ئیمان تێیدا بە عیزەتە، زانست و زانایانیش لەناویاندا بلآوە (**ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ**) ئەوانیش فەزڵیان دراوە بەسەر دوای خۆیاندا، لەبەر ئیسلامەتی تێیانداو زۆری بانگەواز بۆ لای حەزلێکردنی و کردەوە پێ کردنی، هەر بیدعەو داهێنراوێك دەربکەوێ لەناویاندا نکووڵی لێ دەکەن و لایدەبەن، وەك بیدعەی خەواریج و قەدەریەو ڕافیزەکان، جا ئەم بیدعانە ئەگەرچی دەرکەوتن شوێنکەوتووانیان لە ئەوپەڕی زەلیلی و سەرشۆڕی و کوشتندا بوون، لەوانەی کە نکوڵیان دەکردو تەوبەیان نەدەکرد.

وتەی: (**فلا أَدْرِي أَذَكَرَ بَعْدَ قَرْنِهِ مَرتَيْنِ أو ثَلَاثًا**) ئەمە گومانێکە لەلایەن گێڕەرەوەی فەرموودەکە عیمرانی کوڕی حوصەین، ئەوەی بەناوباگە لە ڕیوایەتەکاندا ئەو سەردەمە چاکانە سێ سەردەمن: سێیەمینیان لەخوار دوانەکەی پێشوەوەیە لە فەزڵ و چاکەدا، لەبەر بڵاو بوونەوەی بیدعەو داهێنانی زۆر تیایدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایان بوونیان هەبوەو ئیسلام تێیدا بالآ دەست بوەو جیهادیش بەردەوام بووە، پاشان باسی ئەوەی کردوە کە ڕوودەدات لەدوای ئەو سێ سەردەمە، لە دورکەوتنەوە لە ئاین و زۆری هەواو ئارەزوو.

جا فەرمووی: (**ثُمَّ إِنَّ بَعْدَكُمْ قَوْمًا يَشْهَدُونَ ولا يُسْتَشْهَدُونَ**) لەبەر ئەوەی شایەتیدان بەسووك و کەم تەماشا دەکەن و شوێنی ڕاستگۆیی ناکەون، ئەویش بەهۆی کەم دینی و لاوازی لە ئیسلامەتیاندا.

وتەی: (**وَيَخُونُونَ ولا يُؤْتَمَنُونَ**) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خیانەت زاڵە بەسەر زۆربەیاندا، یان زۆرینەی زۆریان.

وتەی: (**وَيَنْذُرُونَ ولا يوفون**) واتە: ئەرکی سەرشانیان جێ بەجێ ناکەن، جا دەرکەوتنی ئەم کردەوە ناشرین و سەرزەنشتکراوانە بەڵگەیە لەسەر لاوازی ئیسلامەتی و نەبوونی ئیمانیان.

وتەی: (**وَيَظْهَرُ فِيهِمْ السِّمَنُ**) (واتە: قەڵەویش لەناویاندا بڵاو دەبێتەوە) لەبەر حەزوو ویستیان بۆ دنیا، وە بەدەستهێنانی هەواو ئارەزوویان و لەزەت وەرگرتنیان پێی، بێ ئاگابوونیشیان لە ژیانی دواڕۆژو کارکردن بۆی.

وە لە فەرموودەی ئەنەسدا هاتووە: (**لَا يَأْتِي عَلى الناسِ زَمَانٌ إلا والذي بَعْدَهُ شَرٌّ منه حتى تَلْقَوْا رَبَّكُمْ**) واتە: سەردەمێك نایەت بەسەر ئادەمیزاددا ئیللا دوای ئەو سەردەمە لەوەی پێشووە خراپترە، تا دەگەن بە پەروەردگارتان) ئەنەس وتی: بیستم لە پێغەمبەرەکەتانەوە(١٣)، بە بەردەوام شەڕو خراپە لەم ئوممەتەدا زیاد دەکات، تا هاوبەشدانان و بیدعە دەرکەوت لەناو زۆرێکیاندا، تەنانەت لەناو ئەوانەشی کە دەدرێنە پاڵ زانست و وانە دەڵێنەوەو کتێب دەنووسن.

وتم: بەڵکو هەندێ جار بانگەوازیان دەکرد بۆ هاوبەشدانان و گومڕایی و بیدعە، لەو بواردەشدا شیعر و پەخشانیان نووسیوە. پەنا دەگرین بەخوا لە هەر شتێ توڕەیی و خەشم و قینی ئەو واجب دەکات.

---

(١) أخرجه البخاري في الفتن (٧٠٦٨) فتح.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وفيه عن ابن مسعود: أن النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: (خَيْرُ الناس قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَجِيءُ قَوم تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ)[1]. وقال إِبْرَاهِيمُ: كَانُوا يَضْرِبُونَنَا على الشَّهَادَةِ وَالْعَهْدِ، ونَحنُ صِغار.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە تیایدایە لە ئیبن عەباسەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چاکترین خەڵکی ئەمانەی سەردەمی خۆمن، پاشان ئەوانەی لەدوای ئەمان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان، پاشان دوای گەلێك پەیدا دەبن شایەتی یەکێکیان پێش سوێند خواردنی دەکەوێت، وە سوێند خواردنیشی پێش شایەتی دانی دەکەوێت. ئیبراهیم وتی: لێمانیان دەدا لەسەر شایەتیدان و پەیمان دان، لەکاتێکدا ئێمە منداڵ بووین.

.....

وتم: ئەمە حاڵی کەسێکی حەزی بۆ دنیا سەرف کردبێ و قیامەتی لەبیر کردبێ، ئیتر کاری شایەتیدان و سوێندی لەلا سوك بووە، لە ڕوی هەڵگرتن و جێبەجێکردنەوە، چونکە لەخواترسانی کەمە، وە گوێشی ناداتێ، ئەمەش زاڵە بەسەر زۆرینەدا، خوا یارمەتیمان بدات، ئەگەر ئەمە لەسەرەتای ئیسلام ڕوی دابێ ئەوا دوای ئەو بە چەند قات زۆرترە، جا ئیتر وریابە لە خەڵکی

وتەی: (**وقال إِبْرَاهِيمُ**) ئەو ئیبراهیمی نەخەعی (**كَانُوا يَضْرِبُونَنَا على الشَّهَادَةِ وَالْعَهْدِ، ونَحنُ صِغار**) ئەویش لەبەر زۆری زانستی تابعیەکان، وە بەهێزی ئیمان و ناسینی پەروەردگاریان و بەجێهێنانی ئەرکی فەرمان بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، چونکە ئەوە چاکترین جیهادە، جیهاد ناوەستێ بەوەوە نەبێ. ئا لەمەشدا حەز هەیە لەسەر ڕاهێنانی منداڵان لەسەر گوێڕایەڵی پەروەردگاریان و ڕێگری کردنیان لەوەی زیانی هەیە بۆیان، ئەوەش فەزڵ و چاکەی خوایە، دەیبەخشێ بەهەر کەسێ بیەوێ، خواش خاوەن فەزڵی گەورەیە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئامۆژگاری کردن بە پاراستنی سوێندەکان.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە بەوەی کە سوێند خواردن ڕەواج دەدات بەماڵ و شمەك، بەڕەکەتیش کەم دەکاتەوە.

سێیەم: هەڕەشەی تووند لەو کەسەی ناکڕێ و نافرۆشێ بە سوێند خواردن نەبێ.

چوارەم: ئاگادار کردنەوە لەوەی گوناهـ گەورە دەبێ، ئەگەر هاندەرو پاڵنەری کەم بێت (وەکو تاوانی پیاوێکی بە تەمەنی سەر سپی).

پێنجەم: سەرزەنشتی ئەو کەسانەی سوێند دەخۆن لەکاتێکدا کەس داوای سوێند خواردنی لێ نەکردوون.

---

(١) أخرجه البخاري في المناقب (٣٦٥١) فتح، ومسلم في فضائل الصحابة (٢٥٣٣) عبدالباقي.

شەشەم: پێغەمبەر ﷺ ستایشی ئەو سێ سەدە یان ئەو چوار سەدەیەی کردوە، باسی ئەوەیشی کردوە چی ڕووەدات لە دوایان.

حەوتەم: سەرزەنشت کردنی ئەوانەی شایەتی دەدەن بەبێ ئەوەی داوای شایەتیان لێ بکرێ.

هەشتەم: زانایانی سەلەف و پێشین دەیاندا لە منداڵەکانیان لەسەر شایەتیدان و پەیماندان.



بەشی ٦٢

ئەوەی هاتووە دەربارەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في ذمة الله وذمة نبيه

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەرەکەی.

وقول الله تعالى: ﴿ وَأَوْفُوا۟ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ ٱللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ **النحل.**

فەرمایشتی خوا ﷻ: (وە بەڵێنی خوا بەجێ بێنن کاتێ کە بەڵێن دەدەن و بەڵێن و پەیمانەکانتان مەشکێنن لە پاش بەهێز کردنیان، لەکاتێکدا خواتان کردوە بە شایەت و چاودێر بەسەر خۆتانەوە بەڕاستی هەرچی دەکەن خوا دەیزانێ).

.....

ئیبنوکەثیر وتویەتی: ئەمە لەوانەیە خوا ﷻ فەرمانی پێ کردووە ئەویش بەجێهێنانی پەیمان و گرێبەستەکان و پارێزگاری کردن لە سەر سوێندە جەخت لەسەر کراوەکان، لەبەر ئەمەیە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَنقُضُوا۟ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا ﴾ دژ یەك لە نێوان ئەمەو ئەو ئایەتەدا نیە کە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَجْعَلُوا۟ ٱللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَٰنِكُمْ ﴿٢٢٤﴾ ﴾**البقرة.** (واتە: سوێند بەخوا مەکەن بە بەرهەڵستی ئەو شتانەی سوێندتان لەسەر خواردووە) وە لەنێوان فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ ۚ وَٱحْفَظُوٓا۟ أَيْمَٰنَكُمْ ۚ ﴿٨٩﴾ ﴾**المائدة.** (واتە: ئەوەی باسکرا کەفارەتی سوێندەکانتانە کاتێ کە سوێندتان خواردو سوێندەکەتان شکاند وە سوێندەکانتان بپارێزن) واتە: واز لە سوێندەکانتان مەهێنن بەبێ کەفارەتدان. وە لەنێوان فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا: (**إِنِّي والله إن شَاءَ الله لَا أَحْلِفُ على يَمِينٍ فَأَرَى غَيْرَهَا خَيْرًا منها إلا أَتَيْتُ الذي هو خَيْرٌ وَتَحَلَّلْتُهَا**)- وفی روایە- **وَكَفَّرْتُ عن يَمِينِي**)[1] واتە: سوێند بێ بەخوا من ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت سوێند ناخۆم ئەگەر بزانم غەیری ئەوە خێری تێدایە لە سوێند خواردنەکە، ئیللا ئەوەیان دەکەم کە چاکترە و سوێندەکەم دەشکێنم - وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە- کەفارەتی

---

(١) أخرجه البخاري في فرض الخمس (٣١٣٣) فتح، ومسلم في الإيمان (١٦٤٩) عبدالباقي.

سوێندەکەمدا) لێرەدا دژ یەکبوون نیە لەنێوان ئەمە بەگشتی و لەنێوان ئەو ئایەتەی لێرەدا باسکرا، ئەویش: ﴿ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلۡأَيۡمَٰنَ بَعۡدَ تَوۡكِيدِهَا ﴾ چونکە ئەم سوێندەی کە مەبەستێتی ئەوەیە کە چووەتە ناو پەیمان و گرێبەستەکەوە، نەک ئەو سوێندەی هاتووە لەسەر هاندان یان ڕێگری کردن، لەبەر ئەمەیە موجاهید لەبارەی ئایەتەکە وتویەتی: مانای سوێند خواردنی سەردەمی نەفامیە، پشتیوانی لەمەش دەکات ئەوەی ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە جوبەیری کوڕی موتعیم، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**لَا حِلْفَ فِي الْإِسْلَامِ وَأَيُّمَا حِلْفٍ كان في الْجَاهِلِيَّةِ لم يَزِدْهُ الْإِسْلَامُ إلا شِدَّةً**)[1] واتە: هیچ سوێندو پەیمانێك لە ئیسلامدا نیە، هەر سوێندو پەیمانێك لە سەردەمی نەفامیدا بووبێ ئیسلام تووندتری کردۆتەوە) بەم شێوەیە موسلیم ڕیوایەتی کردوە. ماناکەشی ئەوەیە: ئیسلام پێویستی بە سوێند خواردن نیە، کە خەڵکانی سەردەمی نەفامی ئەنجامیان دەدا، چونکە دەست گرتن بە ئیسلام بەسە، وە پارێزگارە لەوەی ئەوان لەسەری بوون. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾ هەڕەشەکردنی تێدایە بۆ ئەو کەسەی سوێند هەڵدەوەشێنێتەوە دوای جەختکردنەوە.

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: وعن بُرَيْدَةَ، قال: كان رسول اللَّهِ ﷺ إذا أَمَّرَ أَمِيرًا على جَيْشٍ أو سريةٍ، أَوْصَاهُ في خَاصَّته بِتَقْوَى اللَّهِ، وَمَنْ معه من الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا، فَقال: (اغْزُوا بِسْمِ اللَّهِ، في سَبِيلِ اللَّهِ، قَاتِلُوا من كَفَرَ بِاللَّهِ، اغْزُوا ولا تَغُلُّوا ولا تَغْدِرُوا، ولا تُمَثِّلُوا، ولا تَقْتُلُوا وَلِيدًا، فإذا لَقِيتَ عَدُوَّكَ من الْمُشْرِكِينَ، فادْعُهُمْ إلى ثَلَاثِ خِصَالٍ -أو خِلَالٍ- فأَيَّتَهُنَّ ما أَجَابُوكَ، فَاقْبَلْ منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ ثم ادعهم الى الإسلام فإن أجابوك فاقبل منهم، ثم ادْعُهُمْ إلى التَّحَوُّلِ من دَارِهِمْ إلى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُمْ: إنهم إن فعلوا ذلك فَلَهُم ما لِلْمُهَاجِرِينَ، وَعَلَيْهِمْ ما على الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا منها، فَأَخْبِرْهُمْ: انهم يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ. يَجْرِي عليهم حُكْمُ اللَّهِ تعالى، وَلاَ يَكُونُ لهم في الْغَنِيمَةِ والفيء شيء، إلا أَنْ يُجَاهِدُوا مع الْمُسْلِمِينَ. فإن هُمْ أَبَوْا، فَاسْأَلْهُم الْجِزْيَةَ. فان هُمْ أَجَابُوكَ، فأقبل منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ، فإن هُمْ أَبَوْا، فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَقَاتِلْهُمْ. وإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ، فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لهم ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ فلا تَجْعَلْ لهم ذِمَّةَ اللَّهِ ولا ذِمَّةَ نَبِيِّهِ. وَلَكِنِ اجْعَلْ لهم ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ وَذِمَمَ أَصْحَابِكَ. فَإِنَّكُمْ إن تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ. أَهْوَنُ من ان تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وإذا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ، فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ على حُكْمِ اللَّهِ، فَلاَ تُنْزِلْهُمْ، وَلَكِنْ انزلهم على حُكْمِكَ. فَإِنَّكَ لاَ تدري: أَتُصِيبُ فِيهِمْ حُكْمَ اللَّهِ أَمْ لاَ؟)[2]. رواه مسلم.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە بورەیدەوە، وتی: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر فەرمانی بکردایە بە ئەمیرێك بۆ پێشەوایەتی سوپایەك، یان سریەیەك، ئامۆژگاری دەکرد سەبارەت بە خۆی بە ترسان لەخواو خۆپارێزی، وە ئەوانەشی کە لەگەڵیدان لە موسڵمانان، جا فەرمووی: غەزا بکەن بەناوی خوا و لە پێناوی خوادا، بجەنگن دژی ئەو کەسەی بێ بڕوایە بەخوا، غەزا بکەن و بجەنگن، لە غەنیمەت هیچ مەبەن (پێش دابەش کردنی)، پەیمان مەشکێنن، لاشەی کوژراوانیش مەشێوێنن، منداڵیش مەکوژن، ئەگەر گەیشتی بە دوژمنەکەت لە هاوبەشدانەران بانگیان بکە بۆ سێ شت: لەم سێ شتە کامەیان قبووڵ کرد لێیان وەربگرە جەنگیان لەگەڵ مەکە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام، جا ئەگەر موسڵمان

---

(١) أخرجه مسلم في فضائل الصحابة (٢٥٣٠) عبدالباقي.

(٢) رواه مسلم في الجهاد (١٧٣١) عبدالباقي.

بوونیان قبووڵ کرد، تۆش لێیان قبووڵ بکە، پاشان بانگیان بکە بۆ دەرچوون لە شاروو وڵاتی خۆیان و هیجرەت بکەن بۆ شارو وڵاتی موسڵمانان، هەواڵیان بدەرێ ئەگەر ئەوان ئەوەیان کرد ئەوە چی بۆ موهاجیرەکان هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، وە چی لەسەر موهاجیرەکان پێویستە لەسەر ئەمانیش پێویستە، ئەگەر نەیان ویست وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن ئەوە هەواڵیان پێ بدە ئەوان وەکو دەشتەکیە موسڵمانەکان حیسابیان بۆ دەکرێت و بڕیاری خوایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێ، لە غەنیمەت و دەست کەوتەکان هیچیان بەر ناکەوێت، مەگەر کاتێ لەگەڵ موسڵمانانداا جیهادی بکەن، جا ئەگەر ئەوانەشیان قبووڵ نەکرد، ئەوە داوای جزیەو سەرانەیان لێ بکە، ئەگەر بەمە ڕازی بوون ئەوە سەرانەیان لێ وەربگرەو دەستیان لێ هەڵبگرە، وە ئەگەر ڕازیش نەبوون بەمە پشت بەخوا ببەستەو دژیان بجەنگە، وە ئەگەر خەڵکی قەڵایەکت گەمارۆدا، داوایان لێت کرد پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەریان پێ بدەیت(کە هیچیان لێ ناکەیت و ماڵیان دەپارێزی) ئەوە پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەریان پێ نەدەیت، بەڵکو پەیمانی خۆت و پەیمانی هاوەڵانت پێیان بدە، چونکە ئەگەر ئێوە پەیمانی خۆتان و پەیمانی هاوەڵانتان بشکێنن، سوکترە لەوەی پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەرەکەی بشکێنن، وە ئەگەر قەڵایەکت گەمارۆدا وە داوایان لێ کردی لە قلاکە دایانبەزێنی و حوکمی خوایان بەسەردا جێ بەجێ بکەی، ئەوە دایان مەبەزێنە، بەڵکو لەسەر حوکم و بڕیاری خۆت دایانبەزێنە، چونکە تۆ نازانیت: ئایا حوکمی خوا لەبارەیانەوە دەپێکی یان نا؟) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

وتەی: (**وعن بُرَيْدَةَ**) کوڕی حوصەیبی ئەسلەمی، ئەم فەرموودەیەش لە ڕیوایەتی کوڕەکەی سولەیمانەوەیە لە خۆیەوە، وەك لە کتێبی (المفهم)دا هاتووە.

وتەی: (**قال: كان رسول اللَّهِ ﷺ إذا بَعَثَ أَمِيرًا على جَيْشٍ أو سريةٍ، أَوْصَاهُ في خَاصَّته بِتَقْوَى اللَّهِ تَعالى**) فیقهی دانانی ئەمیرو ئامۆژگاری کردنیانی تێدایە.

حەربی وتویەتی: مەبەست لە(**السرية**): بریتیە لە چوار سەد ئەسپ، وە (الجيش): بریتیە لە زیاتر لەوە، وە (تقوى الله): بریتیە لە خۆپاراستن بە گوێڕایەڵی کردنی لە سزاکەی.

وتم: ئەویش بە کردەوە پێکردنە بەوەی خوا فەرمانی پێ کردوەو ڕێگری لێ کردوە.

وتەی: (**وَمَنْ معه من الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا**) واتە: ئامۆژگاری کرد بەوەی لەگەڵیدایە کە کاری چاکیان لەگەڵ بکات: لە نەرم و نیانی لەگەڵیان و چاکەی بۆیان و باوەشی میهرەبانیان بۆ بکاتەوەو ستەمیان لێ نەکات و خۆی گەورە نەکات بەسەریانەوە.

وتەی: (**اغْزُوا بِسْمِ اللَّهِ**) واتە: جەنگ و جیهاد دەست پێ بکەن بە پشتیوانی خواو بە دڵسۆزیەوە بۆی. وتم: (**الباء**) لە (بسم الله)دا لێرەدا بۆ پشت بەستن بەخوا هاتووە.

وتەی: (**قَاتِلُوا من كَفَرَ بِاللَّهِ**) ئەم لەفزە گشتگیرە، هەموو ئەو بێ باوەڕانە دەگرێتەوە کە شەڕ دەکەن و غەیری ئەوانیش، بێگومان خەڵکانێك لە ئەوانی تایبەتی کردوە لەوانەی کە پەیمانیان هەیە و لەوانەش کە قەشەو ڕاهیب و لە ئافرەتانیش، ئەوانەشی کە نەگەیشتوونەتە تەمەنی ژیری. وەك فەرموویەتی:(**ولا تَقْتُلُوا وَلِيدًا**) لەبەر ئەوە ڕێگری کردوە لە کوشتنی قەشەو ئافرەتەکان، چونکە بەزۆری ئەوان شەڕ ناکەن، بەڵام ئەگەر شەڕیانکرد یان پلانیان بۆ شەڕ دانا دەکوژرێن.

وتم: منداڵانیش.

وتەی: (**ولا تَغْلُوا ولا تَغْدِرُوا، ولا تُمَثِّلُوا**) (الغلول): بردنی غەنیمەت و دەستکەوتە پێش دابەش کردنی. (الغدر) شکاندنی پەیمانە. (**التمثيل**) لێرەدا بە مانای شێواندنی لاشەی کوژراو دێت. وەکو بڕینی لووت و گوێ و گاڵتە پێ کردنی. جیاوازی نیە لە نێوان قەدەغەکردنی بردنی ماڵی غەنیمەت پێش دابەشکردی و پەیمان شکاندن. وە لە مەکرووهبوونی شێواندن.

وتەی: (**فإذا لَقِيتَ عَدُوَّكَ من الْمُشْرِكِينَ، فَادْعُهُمْ إلى ثَلَاثِ خِصَالٍ -أو خِلَالٍ-**) ڕیوایەتەکە بە (أو) هاتووە کە بۆ گومانە لە لایەن هەندێ لە گێڕەرەوەکانەوە، (الخلال والخصال) یەک مانایان هەیە.

وتەی: (**فأيَّتَهُنَّ ما أَجَابُوكَ، فَاقْبَلْ منهم وَكُفَّ عَنْهُمْ**) شکلمان[1] بۆ داناوە لە کەسێکەوە کە متمانە بە زانستی دەکرێ، شکل دانانیشی بە (نصب)ی (أيَّتَهُنَّ) لەسەر ئەوەیە کە (**أجابوك**) کاری تێدا کردوە، نەک لەسەر لابردنی (حرف الجر). وە (ما) زیادەیە، تەقدیری وتەکەش بەم شێوەیەیە: (فإلى أيتهن أجابوك فأقبل منهم) بۆ لای کام لەوانە وەڵامیان دایتەوە بەدەمیانەوە بڕۆو قەبوووڵی بکە لێیان، وەک دەڵێی: (**جئتك إلى كذا في كذا**). ب حەرفی جەر دەیبەی بۆ دووەم.

وتم: لە (نصب) کردنی (أيتهن) دوو شێوە هەیە: ڕاڤەکارەکەی باسی کردوە. یەکەم: (منصوب) ە لەسەر (الإشتغال). دووەم: (منصوب) بە دارنینی (**الخافض**).

وتەی: (**ثم ادْعُهُمْ إلى الْإِسْلَامِ**) لە هەموو لەبەر گیراوەکانی موسلیمدا بە شێوەی (**ثم ادْعُهُمْ**) هاتووە، بە زیاد کردنی (**ثم**) بۆچوونی تەواویش لابردنێتی، وەکو چۆن لە غەیری کتێبی موسلیمدا ڕیوایەت کراوە وەک (مصنف أبی داود)، وە کتێبی (**الأموال**) هی ئەبو عوبەید. چونکە ئەوە سەرەتای دەسپێکی باسی ئەو سێ نیشانەیە.

وتەی: (**ثم ادْعُهُمْ إلى التَّحَوُّلِ إلى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ**) واتە: مەدینە، لەسەرەتای ئیسلام پێویست بوو لەسەر ئەوەی دەچووە ناو ئیسلامەوە هیجرەت بکات بۆ مەدینە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیجرەت پێویست بوو لەسەر هەموو ئەوانەی لە مەککە و غەیری ئەوێش بوون.

وتەی: (**فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا**) واتە: ئەوکەسەی موسڵمان بوو بەڵام نە هیجرەتی کرد و نە جیهاد، ئەوە نە پێنج یەکی پێ دەدرێت نە لەو ماڵە دەستکەوتە بەشی دەدرێت کە موسڵمانان بەبێ جەنگ دەستیان کەوتووە (**الفيء**). شافعی ئەمەی کردوەتە بەڵگە لەوەی دەشتەکیەکان لە ماڵی (**الفيء**) هیچیان بەرناکەوێت، بەڵکو لەو صەدەقەیە بەشیان دەدرێت کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێ و دەگەڕێنرێتەوە بۆ هەژارەکانیان. وەک چۆن ئەهلی جیهادو سەربازانی موسڵمانان هیچ مافێکیان نیە لەو صەدەقە و زەکاتەدا لەلای شافعی، وە سەرفکردنی هەموو ماڵەکەی لە خێزانی خۆیدایە. ئیمامی مالیك و ئەبو حەنیفە ئەو دوو ماڵەیان یەکسان کردوە لە نێوان هەردوو ماڵەکەدا بە دروستیان داناوە خەرج بکرێت بۆ لاواز.

---

(١) (زانستی (تقیید) بە مانای (تشکیل) دێ واتە: دانانی (فتح، ضم، کسر) بۆ وشە.

وتەی: (**فإن هُمْ أَبَوْا، فَاسأَلْهُمُ الْجِزْيَةَ**) بەڵگەی تێدایە بۆ مالیك و هاوەڵەکانی و ئەوزاعی لە وەرگرتنی جزیەو سەرانە لە هەموو بێبڕوایەك عەرەب بێت یان جگە لە عەرەب، خاوەن کتێب بێت یان غەیری خاوەن کتێب. ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ بێت پێی وایە سەرانە لە هەمووان وەردەگیرێ جگە لە هاوبەشدانەرانی عەرەب و ئاگرپەرستەکانیان. شافعی وتی: سەرانە وەرناگیرێ جگە لە خاوەن کتێبەکان عەرەب بن یان عەجەم. ئەویش وتەی ئیمام ئەحمەدە لە مەزهەبە دیارەکەیدا، لە مەجوسیش وەردەگیرێ.

وتم: چونکە پێغەمبەر ﷺ سەرانەی لە مەجووس وەرگرتووە و فەرموویەتی: (**سُنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ**)(١). واتە: وەکو خاوەن کتێبەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن

زانایان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەو ئەندازەی دیاری کراوە لە جزیەو سەرانە: مالیك وتویەتی: چوار دینار لەو کەسانە وەردەگیرێت خاوەنی زێڕن، چل دیناریش لەوانە وەردەگیرێ کە خاوەنی زیون. ئایا بۆ کەسی لاواز کەم دەکرێتەوە یان نا؟ دوو بۆچوون هەیە: شافعی وتویەتی: یەك دینار کەم دەکرێت بۆ دەوڵەمەندو هەژار. ئەبو حەنیفە و کوفیەکان دەڵێن: پێویستە لەسەر دەوڵەمەند چل و هەشت درهەم بدات، بۆ مام ناوەندیش بیست و چوار درهەم. بۆ هەژاریش دوازدە درهەم. ئەوەش وتەی ئەحمەدە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

یەحیای کوڕی یوسفی صەرصەری وتی:

وقاتل يهوداً والنصارى وعصبة المجـ ـوس فإن هُم سَلموا الجزية اصددِ
على الأدون اثني عشر درهماً افرضـن وأربعة مـن بعـد عشـرين زد
لأوسطهم حـالاً ومن كان موسـراً ثمـانية مـع أربعـين لتنقدِ
وتسقـط عن صبيانهم ونسـائهم وشيخ لهـم فإن وأعـمى ومقعد
وذي الفقر والمجنون أو عبد مسلـم ومـن وجبت منهم عـليه فيهـتدي

وە لەلای مالیك و تەواوی زانایان: پێویستە لەسەر پیاوە ئازاد و باڵغ و ژیرەکان و جگە لەوانیش، وە وەردەگیرێ لەوانەی لەژێر دەسەڵاتی موسڵمانان، نەك کەسێ دورکەوتبێتەوە، وە پێویستە بگوازرێنەوە بۆ وڵاتی موسڵمانان یان وڵاتی شەڕیان.

وتەی: (**وإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ**) وتەکە تا کۆتاییەکەی بەڵگەی تێدایە بۆ ئەو فەفیقە و ئوصولیانەی وتویانە: ئەوەی پێکاویەتی لە مەسەلەکانی ئیجتیهادا یەك دانەیە. ئەوەش ناسراوە لە مەزهەبی مالیك و جگە لەویشدا، ڕووی بەڵگەهێنانەوە پێی: فەرموویەتی خوا حوکم و بڕیارێکی دیاریکراوی داوە دەربارەی ئیجتهادتیاکراوەکان. ئەوەی گونجاوە لەگەڵیدا ئەوە پێکاویەتی ئەوەشی نەگونجاوە ئەوە هەڵەیەو نەیپێکاوە.

---

(١) هذا الحديث ضعفه الشيخ الألباني في الإرواء (١٢٤٨)، ولكن أخذ الجزية من المجوس ثابت عند البخاري في الجزية (٣١٥٧) فتح.

وتەی: (**وإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ، فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لهم ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ**) تا کۆتایی فەرموودەکە. (**الذمة**): پەیمان، (تخفر): هەڵدەوەشێتەوە، دەوترێ: (**أحفرتَ الرجل**): ئەگەر پەیمانەکەی هەڵوەشێنمەوە، وە (**حفرتَه**): واتە: پەناتدا، وە مانای ئەوەیە: پێغەمبەر ﷺ ترساوە لە شکاندنی پەیمانی خوا لە کاتی جەنگدا لە لایەن ئەوەی ڕەچاوی پەیمان ناکات، وەکو دەشتیەکان، وەکو ئەوە وایە بڵێت، ئەگەر پەیمان شکاندن ڕوویدا لە لایەن پەیمان پێدەر دەرێکی دەست درێژکار ئەوە شکاندنی پەیمانی خەڵك ئاسانترە لە شکاندنی پەیمانی خوا. خوا زاناترە.

وتەی: (**وقولُ نافعٍ**)[1]. واتە: وتەی مالیك و نافعیش کاتێ پرسیاری لێکراوە دەربارەی بانگەواز کردنی دوژمن پێش بەڕپا کردنی جەنگ لە دژیان، مەزهەبی مالیك کۆکردنەوەی کردووە لە نێوان ئەو فەرموودانەدا کە باس لە بانگەواز دەکەن پێش جەنگ کردنی بێبڕوایان، وتویەتی مالیك وتویەتی: جەنگ لە دژ بێبڕوایان ناکرێ پێش ئەوەی بانگەواز بکرێن، لەناکاو هێرش ناکرێتە سەریان مەگەر پێشتر بانگەوازی ئیسلام پێیان گەیشتبێ، ئەوکات دروستە لەناکاو هێرش بکرێتە سەریان.

ئەمەی مالیك بۆی ڕۆشتووە ئەوە تەواوە، چونکە سوودی بانگەواز ئەوەیە دوژمن بزانێت موسڵمانان بۆ دنیا و دەمارگیری ناجەنگن، بەڵکو لە پێناو ئایندا دەجەنگن، ئەگەر دوژمن ئەمەی زانی دەگونجێ ئەمە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەوان ملکەچی حەق بن، بە پێچەوانەی ئەوەی نەزانن لە مەبەستی موسڵمانان، لەوەیە وا گومان ببەن موسڵمانان لە پێناو مووڵك و دنیا دەجەنگن ئەوکات ڕق ئەستور ترو سەرکەش دەبن. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: جیاوازی لە نێوان پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەرەکەی و پەیمانی موسڵمانان.

دووەم: ڕێنمایی کردن بۆ هەڵبژاردنی کارێك مەترسی کەمتر بێت لە کارێکی دیکە.

سێیەم: فەرموودەی: (**اغْزُوا بِسْمِ اللَّهِ، فِي سَبِيلِ اللَّهِ**) واتە: بجەنگە بە ناوی خوا و لە پێناوی خوادا.

چوارەم: فەرموودەی: (**قَاتِلُوا من كَفَرَ بِاللَّهِ**) واتە: ئەوەی کوفر دەکات بەخوا لەگەڵی بجەنگە.

پێنجەم: فەرموودەی: (**فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَقَاتِلْهُمْ**) پشت بەخوا ببەستەو بجەنگێ لەگەڵیان.

شەشەم: جیاوازی هەیە نێوان حوکمی خواو حوکمی زانایان.

حەوتەم: ئەو جیاوازیەش لەوەدایە هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە کاتی پێویستدا حوکم دەدات نازانێ ئایا دەگونجێ لەگەڵ حوکمی خوادا یان نا؟

---

(١) قول نافع ليس في أصل المتن.



بەشی ٦٣

ئەوەی هاتووە دەربارەی سوێند خواردن لەسەر خوا

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ماجاء في الإقسام على الله.

عن جُنْدُبٍ بن عبدالله، قال: قال رسول اللَّه ﷺ: (قال رَجُلٌ: وَاللَّهِ لا يَغْفِرُ اللَّهُ لِفُلانٍ، فقال اللَّهُ عز وجل: من ذَا الذي يَتَأَلَّى عَلَيَّ أَنْ لا أَغْفِرَ لِفُلانٍ؟ إِنِّي قد غَفَرْتُ له، وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ)(١). رواه مسلم.

وفي حديث أبي هُرَيْرَةَ: إن القائل رَجلٌ عابد، قالَ أبو هُرَيْرَة: تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ، أو بقت دُنْيَاهُ وآخرته.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی ئەوەی هاتووە دەربارەی سوێند خواردن لەسەر خوا.

لە جوندوبی کوڕی (عبدالله)، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (پیاوێك وتی: سوێند بەخوا خوا لە فلانەکەس خۆش نابێت، خوا فەرمووی: ئەوە کێیە سوێند لەسەر من دەخوات کە لە فلانەکەس خۆش نابم؟ ئەوە من لێی خۆش بووم و کردەوەکانی تۆشم پووچ کردەوە). موسلیم گێڕاویەتیەوە. وە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەدا هاتووە: بێژەرەکەی پیاوێکی خواناس بووە.

ئەبو هورەیرە وتی: بێژەرەکە پیاوێکی خواپەرست بووە. ئەبو هورەیرە وتی: وشەیەك لە دەمی هاتەدەرەوە دنیاو قیامەتی لەناو برد.

.....

وتەی: (**باب ماجاء في الإقسام على الله**) دانەر لەم بەشەدا باسی فەرموودەی جوندوبی کوڕی (عبد الله)ی کردوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**قال رَجُلٌ: وَاللَّهِ لا يَغْفِرُ اللَّهُ لِفُلانٍ قال اللَّهُ عز وجل: من ذَا الذي يَتَأَلَّى عَلَيَّ أَنْ لا أَغْفِرَ لِفُلانٍ؟ إِنِّي قد غَفَرْتُ لهُ، وَأَحْبَطْتُ عَمَلَكَ**) **رواه مسلم.**

وتەی: (**يَتَأَلَّى**) واتە: سوێند دەخوا. (**الأليّة**) بە (تشديد) بە مانای سوێند دێت. وە لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە بە سەنەدێکی ڕاست و دروست هاتووە، بەغەوی لە کتێبی (شرح السنه)دا وتویەتی -سەنەدەکەی هێناوە تا دەگاتە عیکریمەی کوڕی عەمار- وتی: ڕۆیشتمە ناو مزگەوتی مەدینەوە

---

(١) أخرجه مسلم في البر والصلة(٢٦٢١) عبدالباقي.

پیاوێك بانگی کردم وتی: ئەی یەمانی بێ بۆ ئێرە، منیش نەمدەناسی، وتی: بە کەسێك مەڵێ: سوێند بەخوا خوا لێت خۆش نابێت هەتا هەتایە و ناشتخاتە بەهەشتەوە. وتم: تۆ کێی خوا ڕەحمت لێ بکات؟ وتی: ئەبو هورەیرەم، وتم: ئەم وشەیە یەکێك لە ئێمە بە خانەوادەکەی دەڵێ کاتێ توڕە دەبێت، یان بە ژنەکەی یان بە خزمەتکارەکەی، وتی: من گوێبیستی پێغەمبەر بووم دەیفەموو: (إِنَّ رَجُلينِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مُتَحابين، أَحَدُهُمَا مُجْتَهِدٌ فِي الْعِبَادَةِ، وَالآخَرُ، كأنه يقول: مُذْنِبٌ، فَجَعَل يقول: أَقْصِرْ عما أنتَ فيه، قالَ: فَيَقول: خَلِّنِي وَرَبِّي، قالَ: فَوَجَدَهُ يَوْمًا عَلَى ذَنْبٍ اسْتَعْظَمَهُ فَقَالَ: أَقْصِرْ، قَالَ: خَلِّنِي وَرَبِّي، أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا، فَقَالَ: وَاللَّهِ لا يَغْفِرُ اللَّهُ لَكَ وَلا يُدْخِلُكَ الْجَنَّةَ أَبَدًا. قال: فَبُعِثَ إِلَيْهِمَا مَلَكاً، فَقَبَضَ أَرْوَاحَهُمَا، فَاجْتَمَعَا عِنْدَهُ، فَقَالَ للمُذنِب: أدخلِ الجنَّةَ برَحْمَتِي، وقال للآخر: أتستطيعُ أن تَحْظُرَ عَلَى عَبْدِي رَحْمَتِي؟ فَقالَ لا يا ربِّ، قَالَ: اذْهَبُوا بِهِ إِلَى النَّارِ)[1]. واتە: دوو پیاو لە نەوەکانی ئیسرائیل هەبوو یەکتریان زۆر خۆش دەویست، یەکێکیان خواپەرست بوو، ئەوەی دیکەیان تاوانی دەکرد، خوا پەرستەکە دەیوت: دەست هەڵگرە لە تاوان، ئەویش وتی: وازم لێ بێنە خۆم و پەروەردگارم، وتی: ڕۆژێك بینی بەسەر گوناهێکەوە بەلایەوە زۆر گەورە بوو وتی: دەست هەڵگرە، ئەویش وتی: وازم لێ بێنە خۆم و پەروەردگارم ئایا تۆ نێردراوی بە چاودێر بەسەرمەوە، وتی: سوێند بەخوا، خوا لێت خۆش نابێت و ناشتخاتە بەهەشتەوە هەتاهەتایە. وتی: خوا فریشتەیەکی بۆ لایان نارد ڕۆحی هەردوکیانی کێشا، هەردوکیان لە خزمەتی پەروەدگاریان ئامادە بوون، بە تاوانباری وت: بڕۆ بەهەشتەوە بە ڕەحمەتی من، بەوی دیکەشی وت: تۆ دەتەوێ ڕەحمەتی من لە بەندەکەم بگرێتەوە؟ وتی: نەخێر ئەی پەروەردگارم، فەرمووی: بیبەن بۆ ناو ئاگر) ئەبو هورەیرە وتی: سوێند بەو زاتەی نەفسی منی بەدەستە وتەیەکی لە دەمی هاتە دەرەوە دنیاو قیامەتی لە دەست خۆیدا.

ئەبو داودیش لە سونەنەکەیدا لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتیەوە، ئەمەش دەستەواژەکەیەتی، دەڵێ: (كَانَ رَجُلانِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مُتَآخِيَيْنِ فَكانَ أَحَدُهُمَا يُذْنِبُ، الآخَرُ مُجْتَهِدٌ فِي الْعِبَادَةِ. فَكانَ لا يزال الْمُجْتَهِدُ يرى الآخر على الذَّنبِ، فيقولُ: أقصر، فوجده يوماً عَلَى ذَنْبٍ فَقَالَ لَهُ: أَقْصِرْ، فَقَالَ: خَلِّنِي وَرَبِّي أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا؟ قَالَ: وَاللَّهِ لا يَغْفِرُ اللَّهُ لَكَ ولا يُدْخِلُكَ الْجَنَّةَ، فَقَبَضَتْ أَرْوَاحَهُمَا، فَاجْتَمَعَا عِنْدَ رَبِ العالَمين، فَقَالَ لهذا الْمُجْتَهِدِ: أَكُنْتَ بي عَالِمًا، أَو كُنْتَ عَلَى مَا فِي يَدِي قَادِرًا؟ فَقالَ للمُذْنِبِ: اذْهب فادخلِ الجنَّةَ، وقَالَ لِلآخَرِ اذْهَبُوا بِهِ إِلَى النَّارِ)[2]. واتە: دوو پیاو لە نەوەکانی ئیسرائیل هەبوو وەکو برا (یەکتریان زۆر خۆش دەویست)، یەکێکیان تاوانی دەکردو، ئەوەی دیکەیان خواپەرست بوو، خوا پەرستەکە بەردەوام هاوڕێیەکی دەبینی تاوانی دەکرد، دەیوت: دەست هەڵگرە، ڕۆژێك بینی بەسەر گوناهێکەوە پێی وت: دەست هەڵگرە، ئەویش وتی: وازم لێ بێنە خۆم پەروەردگارم ئایا تۆ کراوی بە چاودێر بەسەرمەوە، وتی: سوێند بەخوا، خوا لێت خۆش نابێت و ناشتخاتە بەهەشتەوە. ڕۆحی هەردووکیانی کێشا، هەردووکیان لە خزمەتی پەروەدگاریان ئامادە بوون، بە خواپەرستەکەی فەرموو: تۆ زانایت هەبوو دەربارەی من، ئایا تۆ بەتوانای لەوەی لە ژێر دەستی منداید؟ بە تاوانبارەکەشی فەرموو: بڕۆ بەهەشتەوە، بەوی دیکەشی فەرموو: بیبەن بۆ ناو ئاگر).

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب(٤٩٠١)، والبغوي في شرح السنة (٤١٨٧)، وصححه الشيخ الألباني في صحيح أبي داود.
(٢) أنظر التخريج السابق.

وتەی: (**في حديث أبي هريرة إن القائل رَجلُ عابد**) ئاماژە بۆ وتەکەی دەکات لەم فەرموودەیەدا: (**أَحَدُهُمَا مُجْتَهِدٌ فِي الْعِبَادَةِ**).

وە لەم فەرمودانەدا[1]: ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی زمانی تێدایە ئەویش خۆپارێزی لە خۆ دەگرێت لە قسەکردن، وەک لە فەرموودەی موعازدا هاتووە وتم ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئێمە سزا دەدرێین لەسەر ئەو شتانەی دەیڵێین؟ فەرمووی: (**ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يا مُعَاذُ، هل يُكَبُّ الناس في النارِ على وُجُوهِهِمْ- أو قال على مناخرهم- إلا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ**)[2]. واتە: لە باری دایکت بچی ئەی موعاز ئایا ئەو خەڵکەی بە ناو دۆزەخدا لەسەر ناوچەوانیان - یان لەسەر لووتیان- ڕادەکێشران تەنها بە هۆی دروێنەی زمانەکانیان نیە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئاگادار کردنەوە لەسەر سوێند خواردن لەسەر خوا.

دووەم: ئاگر لە یەکێك لە ئێمەوە نزیکترە لە قەیتانی پێڵاوەکانی.

سێیەم: بەهەشتیش لە یەکێك لە ئێمەوە نزیکترە لە قەیتانی پێڵاوەکانی.

چوارەم: ئەم فەرموودەیە بۆ ئەو فەرموودەی دیکە شاهیدە کە فەرموویەتی: (**إن الرجلَ يَتَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ**) واتە: پیاوێك قسەیەك دەکات..... تا کۆتایی فەرموودەکە.

پێنجەم: هەندێ جار خوا لە بەندە دەبورێ بەهۆکارێ کە لە ناخۆشترینی کارەکانە لەلای.

---

(١) أخرجه البخاري في الرقاق(٦٤٧٧) فتح، ومسلم في الزهد(٢٩٨٨) عبدالباقي.

(٢) أخرجه الترمذي في الإيمان (٢٦١٦)، وابن ماجه في الفتن(٣٩٧٣)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١١٢٢-٣٢٨٤)



بەشی ٦٤

نابێت ناوی خوا بکرێت بە تکاکار و واصیتە لای دروستکراوەکانی

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب لا يُسْتَشْفَعُ باللهِ على خلقه.

بەشی- نابێت ناوی خوا بکرێت بە تکاکارو واصیتە لای دروستکراوەکانی.

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: عن جُبير بن مُطعم قال: جاءَ أَعْرَابِيٌّ إلى النَّبِي ﷺ فقال: يَا رَسُولَ اللَّه نُهِكَتْ الأَنْفُسُ، وَجاعَ الْعِيَالُ، وَ وَهَلَكَتْ الأَمْوَالُ، فَاسْتَسْقِ لنا رَبَّكَ، فَإِنَّا نَسْتَشْفِعُ بِالله عليكَ، وَبِكَ على الله. فقالَ النَّبِيُ ﷺ: (سبحان الله، سبحان الله!) فما زَالَ يُسَبِّحُ حتى عُرِفَ ذلك في وُجُوهِ أَصْحَابِهِ. ثُمَّ قال: (وَيْحَكَ، أَتَدْرِي ما الله؟ إنَّ شأن اللهِ أعْظَمُ من ذلك، إنه لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللَّهِ على أَحَدٍ) وذكر الحديث رواه أبو داود.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: لە جوبەیری کوڕی موتعیم وتی: پیاوێکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەفسەکان کەمیان کرد، خێزانەکان کەوتنە برسێتیەوە، ماڵ و سامانەکانمان تیاچوو، جا داوای بارانمان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئێمە خودا دەکەینە تکاکار لای تۆ، تۆش دەکەینە تکاکار لای خوا. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (سبحان الله، سبحان الله) هەر (سبحان الله)ی دەکرد هەتا ئەو ناخۆشیە لە ڕوخساری هاوەڵەکانیشیدا بەدی دەکرا، پاشان فەرمووی: (هاوار بۆ تۆ، ئایا دەزانی خوا کێیە؟ قەدرو ڕێزی خوا مەزنترە لەوە، بێگومان خوا ناکرێت بە تکاکار لای هیچ کەس).

.....

وتەی: (باب **لا يُسْتَشْفَعُ باللهِ على خلقه.**) ئینجا باسی فەرموودەکەی کردوە، سیاقی فەرموودەکەی ئەبو داوود لە سونەنەکەیدا تەواو تر لەوەی دانەر باسی کردوە شێوەکەشی: لە جوبەیری کوڕی موحەممەد کوڕی جوبەیری کوڕی موتعیم لە باوکیەوە لە بابایەوە وتی: پیاوێکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەفسەکان کەوتنە هیلاکەتەوە، خێزانەکان لە کیس چوون و ماڵ و سامانەکانمان کەمی کرد، گیانلەبەران تیا چوون، جا داوای بارانمان لە خوا بۆ بکە، ئێمە تۆ دەکەینە تکاکار لای خوا، خواش دەکەینە تکاکار لای تۆ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (**وَيْحَكَ،**

أَتَدْرِي ما تقولُ؟) واتە: هاوار بۆ تۆ ئایا دەزانی چ دەڵێیت:؟ پێغەمبەر ﷺ هەر (سبحان الله)ی دەکرد هەتا ئەو ناڕەحەتیە لە ڕوخساری هاوەڵەکانیشیدا بەدی دەکرا، پاشان فەرمووی: (**وَيْحَكَ، إنه لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللَّهِ على أَحَدٍ من خَلْقِهِ شَأْنُ اللَّهِ أَعْظَمُ من ذلك وَيْحَكَ أَتَدْرِي ما الله إنَّ عَرْشَهُ على سَمَاوَاتِهِ لَهَكَذَا) وقال بِأَصَابِعِهِ مِثْلَ الْقُبَّةِ عليه (وَإِنَّهُ لَيَئِطُّ بِهِ أَطِيطَ الرَّحْلِ بِالرَّاكِبِ) قال بن بَشَّارٍ في حَدِيثِهِ (إن اللَّهَ فَوْقَ عَرْشِهِ وَعَرْشُهُ فَوْقَ سَمَاوَاتِهِ)**[1]. واتە: (هاوار بۆ تۆ، بێگومان خوا ناکرێت بە تکاکار لای هیچ کەس لە دروستکراوەکانی، قەدرو ڕێزی خوا مەزنترە لەوە، هاوار بۆ تۆ دەزانی خوا کێیە؟ عەرشەکەی بەسەر ئاسمانەکانەوە بەم شێوەیە) - بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد وەکو گومەز بەسەریەوە- لەمەزنی خوا خەریکە عەرش نەتوانێ و دەنگی لێوە دەربچێت وەکو چۆن لەتاو باری قورسی کاروانیدا ئاژەڵ دەنگی لێ دەردەچێت. ئیبنو بەشار وتی: خوا لەسەر عەرشەکەیەتی وە عەرشەکەشی لەسەر ڕووی ئاسمانەکانیەوەیەتی

ئیمامی زەهەبی وتویەتی: ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە بە (بە سەنەدێکی حەسەن) لە وەڵامدانەوەی جەهمیەکان، لە فەرموودەی مەحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار[2].

وتەی: (**وَيْحَكَ، إنه لَا يُسْتَشْفَعُ بِاللَّهِ على أَحَدٍ من خَلْقِهِ**) بێگومان خوا پەروەردگار و پاشای هەموو شتێکە، خێر و چاکە هەمووی بەدەستی ئەوە، هیچ ڕێگری کارێك نیە ئەوەی دەی بەخشێ، هیچ بەخشەڕێکیش نیە لەبەردەم ڕێگری کردنیدا، هیچ کەسێکیش نیە بڕیاری ڕەت بکاتەوە، هیچ شتێك نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەوی خوا دەستەوسان نابکەن، بەڕاستی ئەو زاتە زاناو بەتوانایە، بێگومان هەر شتێکی بوێ پێی دەڵێ ببە دەست بەجێ ئەو شتە دەبێ، دروستکراوەکان و ئەوەشی لەژێر دەستیاندایە مووڵکی ئەو زاتەیە، هەر چۆنێك بیەوێ هەڵیاندەسوڕێنێ، ئەو زاتە شەفاعەت دەبەخشێ بە شەفاعەت کار، ئا لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ﷺ ئینکاری ئەو دەشتەکیەی کرد، لەبەر ئەمە کابرای دەشتەکی نکوڵی ئەو وتەیەی کرد کە وتی: (**وَسَبَح الله كثيراً وَعَظمهُ**) واتە: وە تەسبیحاتی خوای کردو بە گەورەی دانا، چونکە ئەم وتەیە شیاو نیە بە بەدیهێنەر، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایە، بەڕاستی قودرەت و گەورەیی خوا لەوە مەزنترە.

لەم فەرموودەیەدا بەرزی خوا ﷻ بە سەر دروستکراوەکانیەوە دەچەسپێ، بێگومان عەرشەکەیشی لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە، هەروەها تەفسیری وشەی (**الإستواء**)ی تێدایە بە بەرز بوونەوە (**العلو**) وەك چۆن هاوەڵان و تابعیەکان و پێشەوایان ڕاڤەیان کردوە، بە پێچەوانەی موعەتیلەو جەهمیەو موعتەزیلەکان، ئەوەیشی لێیانەوە وەری گرتووە، وەك و ئەشعەریەکان و وێنەی ئەوان، لەوانەی لایان داوەو بێ بڕوابوون لە ناوەکانی خواو سیفاتەکانی، لە مانای ڕاستەقینەی خۆی لایانداوە کە بۆی دانراوە، وە بەڵگەیە لەسەری لە جێگیر کردنی سیفاتەکانی خوا کە بەڵگەن لەسەر کەمالی خوای بەرزو بڵند، وەك چۆن سەلەفی صالح و پێشەوایان و ئەوەیشی شوێنیان کەوتووە لەوانەی

---

(١) أخرجه أبو داود في السنة (٤٧٢٦)، وضعفه الشيخ الألباني في الضعيفة (٢٦٣٩).

(٢) قلت: ابن إسحاق لم يصرع بالسماع حتى نحكم عليه بالحسن، وانظر المصدر السابق.

دەستیان بە سوننەتەوە گرتووە لەسەری بوون، چونکە ئەوان ئەوەی خوا بۆ خۆی جێگیری کردوە و پێغەمبەرەکەیشی بۆی جێگیر کردوە، لە سیفاتی کەمالێتی لەوەی شیاوە بە گەورەیی و مەزنی ئەو، چەسپاندنێك بەبێ پێکچواندن (**تمثيل**) و بە پاك ڕاگرتنێك بەبێ پەکخستن(**بلا تعطيل**).

ئیبنولقەییم لە کتێبی (مفتاح دار السعادە- لەدوای قسەکردنی دەربارەی بەندە چۆن خۆی بناسێ و پەروەردگاریشی بناسێ لەڕێگای دروستکراوە سەرسووڕهێنەرەکانی- دوای ئەوە وتویەتی:

دووەم: ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێ بە تەماشاکردنێکی بەرچاو ڕوونانە لە ناخەوە، پاشان دەرگای ئاسمانەکانی بۆ دەکرێتەوەو بەناوچەکانیدا گەشت دەکات لە نێوان فریشتەکاندا، پاشان دەرگا لەدوای دەرگا بۆی دەکرێتەوە، تا ڕۆیشتنی دڵی دەگات بە عەرشی ڕەحمان، ئینجا تەماشای مەزنی و گەورەیی و شکۆو بەرزی ئەو عەرشە دەکات، دەبینێ حەوت ئاسمانەکەو حەوت زەویەکە لە چاوی عەرشی خوادا وەك و ئەڵقەیەکی بچووکی فڕێدراو وان لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا، فریشتەکانیش دەبینێ دەوری عەرشی خوایانداوە، دەنگیان بەرزە بە یادکردنەوەو ستایش کردن و بە مەزنداناڵ و بە پاکڕاگرتن، فەرمانیش لە سەر عەرشەوە دەردەچێت بە ڕێکخستنی وڵات و ئەو سەربازانەی کە کەس نایزانێ جگە لە پەروەردگاریان نەبێ، جا فەرمان دادەبەزێ بە ژیاندنی خەڵکێك و مراندنی خەڵکانێکی دیکە، بە سەربەرز کردنی خەڵکێك و زەلیل کردنی خەڵکانێکی دیکە، وە بەختەوەر کردنی کەسانێك و بەدبەختی کەسانێکی تر، بە پێدانی دەسەڵات و وەرگرتنەوەی دەسەڵات، وە گواستنەوەی نازوونیعمەت لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە، وە پرکردنەوەی کەم و کووڕیەکان بە پێی جیاوازی و زۆریان: لە پرکردنەوەی ناتەواوی هەژار بێ نەواو دەوڵەمەند کردنی هەژار و شیفای نەخۆش و ڕەوانەوەی خەم و لێخۆشبوونی گوناە و لابردنی زیان و سەرخستنی ستەملێکراوو هیدایەتی سەرگەردان و فێرکردنی نەفام و گەڕانەوەی هەڵهاتوو هێمن کردنەوەی ترساوو پەنادانی ئەوەی داوای پەنا دەکات، یارمەتی دانی لاواز و فریاکەوتنی بێ چارە و یارمەتیدانی بێ توانا و تۆڵەکردنەوە لە ستەمکار، ئەوە فەرمانێکە لە نێوان دادپەروەری و چاکە و حیکمەت و ڕەحمەت خوادا، هەموو ناوچەکانی جیهانی بڕیوە، بیستنی هیچ شتێك سەرقاڵی ناکات لە بیستنی شتێکی دیکە، زۆری مەسەلەکان کەم و کووڕیەکان بە جیاوازی زمانیان و یەکگرتنی کاتیان تووشی هەڵەی ناکات، بێزار نابێ لە پێ داگرتنی پێ داگران، بە قەد تۆزقاڵە زەڕەیەك لە خەزێنەو گەنجینەی ئەو زاتە کەم ناکات، هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگە لە خوای بە دەسەڵاتی کار بەجێ، ئا ئەو کاتە دڵ لە خزمەتی خوای بە بەزەییدا دەپارێتەوە بە گەردنکەچی بۆ مەزنی و بینینی عیزەتی، ئینجا سوژدە دەبات لە خزمەتی پاشای حەقدا، سەری بەرز ناکاتەوە لەو سوژدەیەدا تا ڕۆژی پاداشت، ئەمەیە گەشتی دڵ، ئەو لە وڵات و ماڵ و جێگاو مووڵکی خۆیدایە، بەڕاستی ئەمە لەمەزنترین نیشانەکانی خواو دروستکراوە سەرسووڕهێنەرەکانێتی، ئای لەو گەشتە چەندە پیرۆزو بە نرخە، وە حەوێنەڕەوەیە، ئای بەرهەم و قازانجی چەندە زۆرە، سوودی چەندە گەورەیەو دەرئەنجامی چەندە چاکە، ئەو گەشتە ژیانی ڕۆحەکانە و کلیلی خۆشبەختیە، غەنیمەتی عەقڵ و دڵەکانە، نەك وەکو ئەو گەشتەی وەکو پارچەیەك سزا وایە.

بەڵام تکاکردن بە پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا مەبەست ئەوەیە دوعات بۆ بکات، ئەمە تەنها تایبەت نیە بە ئەوەوە ﷺ بەڵکو بۆ هەموو پیاوچاکێکی زیندووە کە لە ژیاندا مابێت ئومێد بکرێ دوعای لێ وەربگیرێ، هیچ کێشەیەکی تێدا نیە داوای لێ بکرێ بپارێتەوە بۆ داواکار، بەو داواکاریانەی تایبەتن یان گشتین، وەك پێغەمبەر ﷺ بە عومەری فەرموو کاتێ ویستی عومرە بکات لە مەدینە: (**لَا تَنْسَنَا يا أُخَيَّ مِنْ صالح دُعَائِكَ**)[1]. واتە: ئەی براکەم لە بیرمان مەکە لە دوعا چاکەکانت.

بەڵام مردوو پێویستە دوعای بۆ بکرێ لە سەر تەرمەکەی و لە سەر گۆڕەکەی، وە جگە لەوانەش، ئا ئەمەیە رێگە پێدراوە لە حەقی مردووەا، بەڵام داواکردن لێی شەرعی نیە، بەڵکو قورئان و سوننەت بەڵگەن لەسەر رێگری کردن لێی و هەڕەشە کردن لەو کارە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾﴾ **فاطر**. (واتە: وە ئەوانەی ئێوە هاواریان لێ دەکەن بێجگە لە خوا خاوەنی تۆپکلّە سپێکەی ناوکی خورماش نین* (بتەکان) ئەگەر نزاو هاواریان لێ بکەن هاوارەکەتان نابیستن و ئەگەر بیشی بیستن وەڵامتان نادەنەوە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا بێ بڕوا دەبن بە درۆدانانەکەتان و (بەدرۆتان دەخەنەوە) وە دڵنیابە کەس وەك خوای ئاگادار ئاگادارت ناکات (لە سەرئەنجامتان) خوا ﷻ ڕوونی کردۆتەوە داواکردن لەوەی نە دەبیستێ و نە وەڵام دەداتەوە هاوبەشدانانە بۆ خوا، داوا لێکراو لێی بەری دەبێ لە ڕۆژی دواییدا: واتە: نکوولّی دەکات و دژایەتی ئەو کەسە دەکات کە دەیکات، وەك لە ئایەتەکەی ئەحقافدا هاتووە: ﴿وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾﴾ **الأحقاف**. (واتە: کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە لە قیامەت پەرستراوەکان دەبنە دوژمنیان وە (پەرستراوەکان) بە پەرستنەکەیان بڕوا ناکەن) جا هەموو مردوویەك یان نادیارێك نە دەبیستێ، نە وەڵام دەداتەوە، نە سوودی دەبێ و نە زیان، وە هاوەڵانیش خوایان لێ ڕازی بێت بەتایبەت ئەوانەی پێشین وەکو خەلیفە ڕاشدینەکان، شتێك لە ئەوانەوە یان لە غەیری ئەوان نەگوازراوەتەوە داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کردبێ لە دوای مردنی بۆ پێویستیەکانیان، تەنانەت لە کاتەکانی قات و قڕیشدا، وەك چۆن ئیمامی عومەر کاتێ دەرچوو خەڵکی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە بۆ داوای باران بارین(نوێژە بارانە)، عەباسی مامی پێغەمبەری لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە، داوای لێ کرد ئەو داوای باران بکات(٢١) چونکە زیندوو بوو، وە ئامادە بوو داوای دەکرد لە پەروەردگاری، جا ئەگەر دروست بوایە داوا بکرایە لە کەسێکی دیکە لە دوای مردنی ئەوە عومەرو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ داوایان لە پێغەمبەر دەکرد، ئا بەم جۆرە جیاوازی دەردەکەوێ لەنێوان زیندوو مردودا،چونکە مەبەست لە زیندوو داوا کردنە لێی ئەگەر ئامادە بوو(تەنها لەژیاندا مان بەس نیە بەڵکو دەبێ ئامادەش بێ) چونکە ئەوان لە حەقیقەتدا ڕوویان کردە خوا بە پاڕانەوەی کەسێ بە کوڵ لێی بپارێتەوەو ملکەچی بێت، ئەوانیش لە پەروەردگاریان دەپاڕانەوە.

---

(١) أخرجه أبو داود في الصلاة (١٤٩٨) وضعفه الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود (٢٦٤) ط، غراس.

(٢) أخرجه البخاري في الاستسقاء (١٠١٠) فتح.

جا هەرکەسێك ئەوەی شەرعیە تێ ی پەڕێنێ بۆ لای ئەوەی ناشەرعیە ئەوە هەم خۆی گومڕا بووە و هەم خەڵکیشی گومڕا کردوە، جا ئەگەر داواکردن لە مردوو خێری تێدا بوایە، ئەوە هاوەڵان دەستپێشخەریان دەکردو سوورتر دەبوون لە سەری، وە بۆ ئەوانیش شیاوتر بوو، وە بەحەقی خوا زاناترو ڕاوەستاوتر بوون، هەر کەسێ دەست بگرێ بە کتێبی خواوە ڕزگاری بووە، وە هەر کەسێکیش وازی لێ بێنێ و پشت بە عەقڵی خۆی ببەستێ ئەوە لەناوچووە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: نکوولّی کردنی پێغەمبەر ﷺ لە سەر ئەو کەسەی وتی: (**نَسْتَشْفِعُ بِاللهِ علیكَ**) واتە: ئێمە خوا دەکەین بە تکاکار لەلای تۆ.

دووەم: ڕوخساری پێغەمبەر ﷺ بەجۆرێ گۆڕا کە لە ڕووخساری هاوەڵانیدا بێزاری لەو وشەیەدا دەبینرا.

سێیەم: پێغەمبەر ﷺ ئینکاری لەوە نەکرد کە وتیان: (**نَسْتَشْفِعُ بِكَ عَلى الله**) واتە: تۆ دەکەین بە تکاکار لەلای خوا.

چوارەم: ئاگادار کردنەوە لەسەر ڕاڤەکردنی (**سُبحانَ الله**).پێنجەم:

موسڵمانان داوایان لە پێغەمبەر ﷺ دەکرد کە دوعای باران بارینیان بۆ بکات.



بەشی ٦٥

ئەوەی هاتووە لە بارەی پێغەمبەرمان ﷺ، لە پاراستنی سنورەکانی یەکتاپەرستی و داخستنی ڕێگاکانی هاوبەشدانان

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب ما جاء في حِمايةِ المصطفى ﷺ حِمَى التوحيد، وسَدُّ طرقِ الشركِ.

عن عبد اللَّهِ بن الشِّخِّيرِ: قالَ: انْطَلَقْتُ في وَفْدِ بَنِي عَامِرٍ إلى رسول اللَّه ﷺ، فَقُلْنَا: أنت سَيِّدُنَا، فقال: (السَّيِّدُ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى) قُلْنَا: وَأَفْضَلُنَا فَضْلًا، وَأَعْظَمُنَا طَوْلًا، فقال: (قُولُوا بِقَوْلِكُمْ، أو بَعْضِ قَوْلِكُمْ، ولا يَسْتَجْرِيَنَّكُمْ الشَّيْطَانُ)[1].

عَنْ أَنَسٍ أَنَّ ناساً قالوا: يا رسول الله، يَا خَيْرَنَا، وَابْنَ خَيْرِنَا، وَ سَيِّدَنَا وَابْنَ سَيِّدِنَا، فَقَالَ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قُولُوا بِقَوْلِكُمْ وَلا يَسْتَهْوِيَنَّكُم الشَّيْطَانُ أَنَا مُحَمَّدٌ عبد اللَّهِ وَرَسُولُهُ) ما أُحِبُّ أَنْ ترفعوني فَوْقَ مَنزِلَتِي التي أَنْزَلَنِي الله عز وجل)[2] رواه النسائي بسندٍ جيد.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: ئەوەی هاتووە لە بارەی پێغەمبەرمان ﷺ لە پاراستنی سنورەکانی یەکتاپەرستی و داخستنی ڕێگاکانی هاوبەشدانان.

لە (عبدالله)ی کوڕی شەخیر: وتی: دەرچووم لەگەڵ نوێنەرانی بەنی عامر بۆ لای پێغەمبەر ﷺ: وتمان: تۆ سەیدو گەورەی ئێمەی، فەرمووی: (سەید خوای بەرزو مەزنە) وتمان: تۆ چاکترین و گەورەترینمانی لەڕووی فەزڵەوە، وە مەزنترینمانی لە ڕووی بەخشندەییەوە، فەرمووی: (ئەوە بڵێن پێشووتر وتوتانە، یان هەندێ وتەی دیکەتان بڵێن (واتە: بەڵێن بەندو پێغەمبەری خوا) با شەیتان نەتانکاتە نامەبەری خۆی) ئەبو داود گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی چاك.

وە لە ئەنەسەوە وتی: خەڵکێك وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەی چاکترینمان و کوڕی چاکترینمان و سەیدو گەورەمان و کوڕی سەیدو گەورەمان فەرمووی: ئەی خەڵکینە، ئەوە بڵێن کە پێشتر

---

(١) أخرجه أبو داود في الأدب (٤٨٠٦)، وهو في صحيح أبي داود.

(٢) أخرجه أحمد (١٣٥٢٩)، والنسائي إنما أخرجه في الكبرى (١٠٠٧٨)، وصححه الشيخ الألباني في الصحيحة (١٠٩٧).

وتوتانە با شەیتان فریوتان نەدات، من موحەممەدم بەندەی خواو پێغەمبەری ئەوم، پێم خۆش نیە لەو پلەی خوا داینەوم بەرزترم بکەنەوە. نەسائی گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی چاك.

وتەی: (**باب ما جاء في حِمايةِ المصطفى ﷺ حِمَى التوحيد، وسَدُّ طرقِ الشركِ**) پێغەمبەر ﷺ سنورەکانی یەکتاپەرستی پاراستووە لەو وتە و کردارانەی کە تێکەڵی دەبێ و یەکتاپەرستی لەگەڵیدا دەپوکێتەوە یان ناتەواوی دەکات. ئەمەش زۆرە لە سوننەتی ڕاستی پێغەمبەردا ﷺ ، وەك فەرموویەتی: (**لا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى عِيسَى بْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ**)[1] واتە: زیادەڕەوی مەکەن لە مەدح و ستایش کردنمدا وەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەمدا. بەڵکو من بەندەم، بڵێن: بەندەی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی. فەرموودەکەی لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا کە فەرمووی: (**إنه لا يستغاث بي وإنما يستغاث بالله**)[2] وە وێنەی ئەوەش.

وە نەهی کردوە لە مەدح و ستایشکردن وەکو ستایش کردنی کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، وە قسەی توندی فەرموە لە بارەیەوە، ئەبو داوود دەڕیهێناوە لە (عبد الرحمن)ی کوڕی ئەبی بەکرە لە باوکیەوە: پیاوێك مەدحی کەسێکی کرد لە لای پێغەمبەر ﷺ ئەویش پێی فەرموو (**قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ - ثلاثاً**)[3]. واتە: گەردنی هاوڕێیەکەت بڕیەوە، سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، وە فەرمووی: (**إذا لَقِيتُمْ الْمَدَّاحِينَ فَاحْثُوا فِي وُجُوهِهِمْ التُّرَابَ**)[4]. واتە: ئەگەر بینیتان کەسانێك ستایشتان دەکەن ئەوە خۆڵ بکەن بە ڕوخساریاندا. موسلیم و ترمزی و ئیبن ماجە دەڕیانهێناوە لە میقدادی کوڕی ئەسوەد.

وە لەم فەرمودەیەدا: قەدەغەی کردوە لەوەی بڵێن: تۆ گەورەو سەیدمانی: فەرمووی: (**السَّيِّدُ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى**) واتە: گەورەو سەید تەنهای خوای بەرزو بڵندە. وە قەدەغەی کردوە لێیان کە بڵێن: (**وَأَفْضَلُنَا فَضْلًا، وَأَعْظَمُنَا طَوْلًا**) واتە: تۆ چاکترینی لەڕووی فەزڵ و چاکەوە، مەزنترین و بەخشندەترینمانی، وە فەرمووی: (**لا يَسْتَجرِيَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ**) واتە: با شەیتان نەتانکاتە نامەبەری خۆی).

هەروەها لە فەرموودەکەی ئەنەس هاتووە: (**أَنَّ ناساً قالوا: يا رسول الله، يَا خَيْرَنَا، وَابْنَ خَيْرِنَا**)[5].... تا کۆتاییەکەی) پێغەمبەر پێی ناخۆش بووەو قەدەغەی کردوە کەسێك ڕووبەڕوو مەدح وستایش بکرێت، چونکە دەیانبات بۆ زیادەڕەوی. هەواڵیشی داوە مەدح و ستایشکردنی کەسێك ئەگەر چی ئەو سیفاتەی تێدا بێت، ئەوە لە کردەوەی شەیتانە چونکە ئەو ستایشکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ستایشکراو لە نەفسی خۆیدا خۆی بە گەورە بزانێت، ئەوەش کەماڵی یەکتاپەرستی ڕەت دەکاتەوە،

---

(١) أخرجه البخاري في أحاديث الأنبياء (٣٤٤٥) فتح.

(٢) تقدم: وقد أخرجه بنحوه أحمد (٢٢٧٠٦)، وإسناده ضعيف.

(٣) قلت: عزاه الشارح لأبي داود (٤٨٠٥)، وهو أيضا في الصحيحين: أخرجه البخاري في الشهادات(٢٦٦٢) فتح، ومسلم في الزهد (٣٠٠٠) عبدالباقي.

(٤) أخرجه مسلم في الزهد (٣٠٠٢) عبدالباقي.

(٥) يأتي في المتن قريبا جداً.

چونکە عیبادەت بەرپا نابێ مەگەر بە جەمسەری دەستاڕەکەی کە لەسەری دەخولێتەوە، ئەویش بریتیە لە ئەوپەڕی زەلیل بوون لە ئەو پەڕی خۆشویستندا، کەماڵی زەلیل بوونیش گەردنکەچی و ترس و خۆ بەکەم دانانی تێدایە بۆ خوا، دەبێ نەفسی بەردەوام لە مەقامی سەرزەنشت و لۆمەکردندا ببینێت لە ئاستی بەجێهێنانی مافەکانی خوادا، بە هەمان شێوە خۆشەویستیش ناگات بەو پەڕی هەتا ئەوەی خوا خۆشی دەوێ ئەویش خۆشی بوێ، ئەوەشی خوا خوا ڕقی لێیەتی ڕقی لێ بێتەوە لە وتەکان و کردەوەکان و ویست و ئیرادەکان، جا خۆشویستنی بەندە بۆ نەفسی خۆی پێچەوانەی ئەوەیە خوا خۆشی دەوێ لێ ی، ستایشکەر دەبێتە مایەی ئەوەی ستایشکراو سەرسام بێت بەخۆی، جا ئەوکات گوناهبار دەبێت بەو ستایش کردنە، مەقام و پلەو پایەی پەرستش حەزنەکرنی ستایش کردن دەخوازێت، قەدەغەکردنیشی بۆ پاراستنی مەقامی پەرستشە، جا هەرکاتێك بەندە زەلیلی و خۆبەکەم زانین و خۆشویستنی بۆ خوا دەربڕی ئەوە کردەوەکانی چاك و پاڵفتە و ڕاست و دروست دەبن، هەرکاتێ خەڵتە و ناتەواویەك لەم ناتەواویانەی تێکەڵ کرد، ئەوە دەچێتە ناو پەرستشەوە بە ناتەواوی یان بە خراپ کردن، وە ئەگەر ستایش و مەدحکردن بووبە هۆی ئەوەی خۆی بەگەورە دابنات و سەرسام بێت بەخۆی ئەوە کەوتووەتە ناو کارێکی مەزنەوە بەندایەتی تایبەت ڕەتدەکاتەوە وەك لە فەرموودەدا هاتووە: (**الْكِبْرِيَاءُ رِدَائِي وَالْعَظَمَةُ إِزَارِي فَمَنْ نَازَعَنِي شيئاً مِنْهُمَا قَذَفْتُهُ فِي النَّارِ**)[1]. واتە: گەورەیی عەبای منە و مەزنیش پۆشاکمە، جا هەرکەسێك ڕکابەریم بکات لەو دووانەدا ئەوە دەیخەمە ئاگرەوە. وە لە فەرموودەدا هاتووە: (**لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ من كان في قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ من كِبْرٍ**)[2]. واتە: هیچ کەسێك ناچێتە بەهەشتەوە کە توزقاڵە گەردیلەیەك لووت بەرزی لە دڵیدا هەبێت.

ئەم بەڵآیانەیە پێ خۆشبوونی مەدح ببێتە هۆکارێ بۆی، وە پەیژەیەك بۆی، سەرسام بوونیش بە خۆ چاکەکان دەخوات وەکو چۆن ئاگر دار دەخوات، بەڵام ستایش کەر هەندێ جار ستایش کراو دەباتە پلە و پایەیەك شیاوی ئەو نیە، وەکو چۆن ئەو زیادەڕەویە لە زۆر لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی لێکردوە و ئوممەتەکەی ئاگادار کردوەتەوە لەوەی لەوان ڕووبدات، بێگومان خەڵکێکی زۆر لێیان ڕوویداوە بە ڕاشکاوی بەهۆی ئەو مەدحەوە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە لە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتی و مووڵکدا، وەك لە پێشەوە ئاماژە کرا بە وێنەی شتێك لەو جۆرە. پێغەمبەریش کاتێ خوا پلەو پایەی بەندایەتی بۆ تەواو کرد، پێی ناخۆش بوو ستایش بکرێت، وەکو پاراستنی ئەم پلەو پایەیە، ئاموژگاری ئوممەتەکەشی کردوە بە وازهێنان لەو کارە وەك دڵسۆزیەك، وە لەبەر پاراستنی پلە و پایەی یەکتاپەرستی نەوەك شتێك لە هاوبەشدانان و ئامرازەکانی بچێتە ناویەوە و تێکی بدات یان لاوازی بکات ﴿ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ ﴿٥٩﴾ ﴾البقرة.(واتە: کەچی ئەوانەی ستەمیان کردبوو یەکسەر گوفتارەکەیان گۆڕی بە شتێك بیجگە لەوەی پێیان وترا) وە پێیان وابوو کردنی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ڕێگری لێ کردوون بە کردنی نزیك بوونەوەیە لە چاکترینی نزیك بوونەوەکان و چاکەیەکە لە گەورەترینی چاکەکان.

---

(١) أخرجه مسلم في البر والصلة (٢٦٢٠) عبد الباقي.

(٢) أخرجه مسلم في الإيمان (٩١) عبدالباقي.

بەڵام ناونانی بەندە بە (السید) و گەورە زانایان بیرو ڕای جیاوازیان هەیە:

ئیبنولقەییم: لە کتێبی (بدائع الفوائد)دا وتوێەتی: زانایان ڕای جیاوازیان هەیە لە بەکار هێنانی وشەی سەیدو گەورە بەسەر مرۆڤدا. هەندێکیان ڕێگریان لێ کروە، ئەمەش گواستراوەتەوە لە مالیکەوە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە پێی وترا(یا سیدنا) ئەویش فەرمووی: (**السَّيِّدُ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى**)[1]. واتە: گەورەو سەید تەنهای خوای بەرزو بڵندە. کۆمەڵێکیش ڕێگایان پێداوە، بەڵگەیان هێناوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەنصارەکان: (**قُومُوا إلى سَيِّدِكم**)(٢٢). واتە: هەستن بۆ لای گەورەکەتان. ئەم فەرموودە ڕاست و دروستترە لە فەرموودەی یەکەم. ئەوانە وتویانە (السید) یەکێکە لەوانەی دەدرێتە پاڵی، نابێ بوترێ: بە (**التمیمی**) **سید کندة**) واتە: تەمیمی سەیدی کیندەیە. وە ناشوترێ: (الملك سید البشر) واتە: پاشا گەورەی خەڵکیە. وتی: لەسەر ئەمە دروست نیە ئەم ناوە بۆ خوا بەکار بێت، لەمەدا تێبینی هەیە، چونکە وشەی سەید ئەگەر بۆ خوا بەکار بهێنرێ ئەوە لە پلەو پایەی (المالك)دایە، وە (المولی والرب)یش. نەك بەو مانایەی بۆ دروستکراو بەکار دێت.

وتم: لە ئیبنوعەباسەوە (بە صحیح)هاتووە لە مانای ئەم ئایەتەدا: ﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا ﴿١٦٤﴾ ﴾ **الأنعام**. وتوێەتی: واتە: پەرستراوو سەید، وە دەربارەی فەرمایشتی خوا: ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴿٢﴾ ﴾ الإخلاص.

ئەو زاتە سەیدە و گەورەیەو کاملّە لەهەموو جۆرێکی گەورەیی. ئەبو وائیل وتوێەتی: خوا سەیدە لەگەورەییدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی. بەڵام بەڵگە هێنانەوەیان بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەنصارەکان (**قُومُوا إلى سَيِّدِكم**) ئەوەی دیارە پێغەمبەر ﷺ ڕووبەڕووی ئەوەی بە سەعد نەوتووە، بۆیە لەم جێگەیەدا تەفسیڵ هەیە. خوا زاناترە.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە زیادەڕەوی کردن لە (مەدح و ستایشکردندا).

دووەم: پێویستە هەرکەسێك بە گەورەم و سەید بانگ کرا دەبێ چۆن وەڵام بداتەوە؟ (واتە: دەبێت وەك پێغەمبەر ﷺ وەڵام بداتەوە).

سێیەم: با شەیتان نەتانکاتە نامە بەری خۆی، لەگەڵ ئەوەدا ئەوان ئەوەی وتیان تەنها حەق بوو.

چوارەم: فەرموودەی پێم خۆش نیە لەوە زیاتر بەرزم بکەنەوە کە خوا بۆمی داناوە.

---

(١) تقدم تخريجه في المتن قريباً.

(٢) أخرجه البخاري في الجهاد (٣٠٤٣) فتح. ومسلم في الجهاد (١٧٦٨) عبد الباقي.



بەشی ٦٦ فەرمایشتی خوا ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾

قَالَ المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: باب قول الله تعالى: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ الزمر.

عَن ابنِ مسعودٍ قال: جاء حَبْرٌ من الأَحْبَارِ إلى رسول اللَّه ﷺ فقال: يا محمد، إِنَّا نَجِدُ أَنَّ اللَّهَ يَجْعَلُ السماوات على إِصْبَعٍ، وَالأَرَضِينَ على إِصْبَعٍ، وَالشَّجَرَ على إِصْبَعٍ، وَالثَّرَى على إِصْبَعٍ، وَسَائِرَ الْخَلَائِقِ على إِصْبَعٍ، فيقول أنا الْمَلِكُ. فَضَحِكَ النَّبِيُّ ﷺ حتى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ تَصْدِيقًا لِقَوْلِ الْحَبْرِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿٦٧﴾ ﴾ متفق عليه.

وفي رواية لمسلم: (وَالْجِبَالَ وَالشَّجَرَ على إِصْبَعٍ، ثُمَّ يَهُزُّهُنَّ، فيقول: أنا الْمَلِكُ أنا الله)

وفي رواية للبخاري: يَجْعَل الله السماوات على إِصْبَعٍ، وَالْمَاءَ وَالثَّرَى على إِصْبَعٍ، وسائِر الخَلق على إِصْبَعٍ)[1]. أخرجاه.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: بەشی فەرمایشتی خوا ﷻ: (کافران خوایان نەناسیوە (بە گەورەیان نەزانی) بەو جۆرەی شیاوێتی، لە ڕۆژی دواییدا هەموو زەوی لە چنگی ئەودایە و ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاستی ئەو پێچراونەتەوە خوا پاك و بڵندترە لەوەی دەیکەنە هاوبەشی)

لە ئیبنومەسعودەوە وتی: زانایەك لە زاناکانی جولەکە هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ وتی: ئەی موحەممەد، ئێمە دەبینین لە کتێبەکەماندا (تەورات) خوا ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەك، زەویەکانیش لەسەر پەنجەیەك، دارو درەختەکانیش لەسەر پەنجەیەك، وە خۆڵ و خاکیش لەسەر پەنجەیەك، هەموو دروستکراوەکانیش لەسەر پەنجەیەك. جا دەفەرموێ: من پاشام. پێغەمبەر ﷺ پێکەنی هەتا ددانەکانی دەرکەوت، لەبەر بەڕاستدانانی قسەی کابرای عابید، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە.

---

(١) البخاري (٤٨١١)، مسلم (٢٧٨٦)، أحمد (٤٥٧/١)، والترمذي (٣٢٥٢)، والنسائي في التفسير (٤٧٠).

وە لە ڕیوایەتی موسلیمدا: کێوەکان و دارو درەختەکان دەخاتە سەر پەنجەیەک، ئینجا بە توندی ڕایاندەوشێنێ و دەڵێ: من پاشاو دەسەڵاتدارم، من خوام.

وە لە ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە: خوا ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەک، وە ئاوو خاکیش دەخاتە سەر پەنجەیەک، هەموو دروستکراوەکان لەسەر پەنجەیەک) بوخاری و موسلیم هێناویانە.

••••••

﴿ قَدْرِهِۦ ﴾ ئایەتەکە[1]. بەم شێوەیە بوخاری و موسلیم و نەسائی لە چەند ڕێگەیەکەوە لە ئەعمەشەوە گێڕاویانەتەوە.

ئیمام ئەحمەد وتوێەتی: حوسەینی کوڕی حەسەنی ئەشقەر بۆی باس کردین، ئەبو کودەینە بۆی باس کردین لە عەطاء لە ئەبی ضوحا لە ئیبنوعەباس، وتی: پیاوێکی جولەکە تێپەڕی بەلای پێغەمبەردا لە کاتێکدا ئەو دانیشتبوو، وتی: چی دەڵێی ئەی باوکی قاسم کاتێ کە خوا ئاسمانەکان دەخاتە سەر ئەمە -ئامازەی بە پەنجەی شایەتمانی کرد- وە زەویش دەخاتە سەر ئەمە، کێوەکانیش دەخاتە سەر ئەمە، هەموو دروستکراوەکانیش دەخاتە سەر ئەمە؟ بۆ هەموو ئەوان ئامازەی بە پەنجەکانی کرد، خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾[2] بە هەمان شێوە ترمزی ڕیوایەتی کردوە لە بەشی تەفسیردا، بە سەنەدی خۆی لە ئەبی ضوحا موسلیمی کوڕی سوبەیح. وە وتوێەتی: ئەمە فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحی غەریبە، نایناسین جگە لەم ڕێگایە نەبێ.

پاشان بوخاری وتوێەتی: سەعیدی کوڕی عوفەیر بۆی باس کردین لەیث بۆی باس کردین (عبد الرحمن)ی کوڕی خالدی کوڕی موسافیر بۆی باس کردم لە ئیبنوشیهابەوە لە ئەبی سەلەمەی کوڕی (عبد الرحمن) ئەبو هورەیرە وتی: گوێبیستی پێغەمبەر ﷺ بووم دەیفەرموو: (**يَقْبِضُ الله الْأَرْضَ وَيَطْوِي السَّمَاءَ بِيَمِينِهِ، ثُمَّ يقول أنا الْمَلِكُ أَيْنَ مُلُوكُ الأرض؟**)[3] (واتە: خوا زەوی بە مشتی دەگرێت ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاستی دەگرێت، پاشان دەڵێ: من پاشای پاشاکانم لە کوێن پاشاکانی سەر زەوی)، ئەم بە تەنها لەم ڕوەوە گێڕاویەتیەوە، وە موسلیم گێڕاویەتیەوە لە ڕوویەکی ترەوە.

وە بوخاری لە جێگایەکی تردا وتوێەتی: موقەدەمی کوڕی موحەممەد بۆی باس کردین مامی القاسم)ی کوڕی یەحیا لە (عبید الله)وە لە نافیعەوە لە ئیبنوعومەرەوە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (**إِنَّ الله تَعالى يَقْبِضُ يوم الْقِيَامَةِ الْأَرَضِينَ على إِصْبَعٍ وتكون السَّمَاءَ بِيَمِينِهِ ثُمَّ يقول: أنا الْمَلِكُ**)[4]. (واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خوا زەویەکان دەگرێت لەسەر پەنجەیەك، ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاستی، پاشان دەفەرموێ: من پاشاو خاوەن مولکم). موسلیمیش گێڕاویەتیەوە لە ڕوویەکی ترەوە.

ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ڕێگایەکی ترەوە بە شێوەیەکی فراوانتر و درێژتر لەم چوارچێوەیەدا، دەڵێ: عەفان بۆ باس کردین حەمادی کوڕی سەلەمە بۆی باس کرین، ئیسحاقی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی ئەبی طەڵحە بۆی گێڕاینەوە لە (عبید الله)ی کوڕی موقسیمەوە لە ئیبنوعومەر: پێغەمبەر ڕۆژێك ئەم ئایەتەی لەسەر مینبەر خوێندەوە: ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾ دەیفەرموو بەم شێوەیە دەستەکانی دەجوڵاندەوە پاش و پێشی دەکرد، خوا خۆی بە شکۆ

---

(١) أخرجه البخاري في التفسير (٤٨١١) فتح، ومسلم في صفة القيامة(٢٧٨٦) عبدالباقي.

(٢) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٢٤٠) وهو في ضعيف الترمذي.

(٣) أخرجه البخاري في التفسير (٤٨١٢) فتح، ومسلم في صفة القيامة(٢٧٨٧) عبدالباقي

(٤) اخرجه البخاري في التوحيد(٧٤٣٣) فتح، ومسلم في صفة القيامة(٢٧٨٨) عبدالباقي.

ڕادەگرێ دەفەرموێ: من گەورە و باڵادەستم، من پادشام، من عەزیزم، من بەخشندەم، مینبەرەکە لە ژێر پێی پێغەمبەردا جوڵایەوە تا وتمان: ئیستا دەیدات بە زەویدا[1].

قَال المُصَنِّفُ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالى: ولمسلم، عن ابن عمر مرفوعا: (يَطْوِي الله السَّمَاوَاتِ يوم الْقِيَامَةِ، ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بيده الْيُمْنَى، ثُمَّ يقول: أنا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُون؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟ ثُمَّ يَطْوِي الْأَرَضِينَ السبع، ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِشِمَالِهِ، ثُمَّ يقول: أنا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ؟)[2].

ورُوِيَ عن ابن عباس، قال: (ما السموات السبع والأرضون السبع في كَفِّ الرحمن إلا كخردلة في يد أحدكم)[3].

وقال ابن جرير: حدثني يونس، أخبرنا ابن وهب، قال: قال ابن زيد: حدثني أبي، قال: قال رسول الله ﷺ: (ما السماوات السبع في الكرسي إلا كدراهم سبعة أُلقِيَتْ في ترس)[4].

وقال أبو ذر: سمعتُ رسول الله يقولُ: (ما الكرسي في العرش إلا كحلقة من حديد أُلقِيَتْ بين ظهري فلاة من الارض)[5].

وعن ابن مسعود قال: بين السماء الدنيا والتي تليها خمسمائة عام وبين كل سماء خمسمائة عام وبين السماء السابعة والكرسي خمسمائة عام وبين الكرسي والماء خمسمائة عام والعرش فوق الماء والله فوق العرش لا يخفى عليه شيء من أعمالكم أخرجه ابن مهدي عن حماد بن سلمة عن عاصم عن زر عن عبدالله.

قال الحافظ الذهَبِي: وله طرق:[6].

وعن العَبَّاسِ بن عبد الْمُطَّلِبِ قال: قال رسول اللَّه ﷺ: (هَل تَدْرُونَ كَمْ بين السَّمَاءِ وَالأَرْضِ؟ قُلْنَا: الله وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قال: (بَيْنَهُمَا مَسِيرَةُ خَمْسمِائَةِ سَنَةٍ، وَمِنْ كل سَمَاءٍ إلى سَمَاءٍ مَسِيرَةُ خَمْسمِائَةِ سَنَةٍ، وكثف كل سَمَاءٍ مَسِيرَةُ خَمْسمِائَةِ سَنَةٍ، وبين السَّمَاءِ السابعة والْعَرْشِ بحر. بين أَسْفَلِه وَأَعْلاَهُ كما بين السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، وَاللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فَوْقَ ذلك، وَلَيْسَ يَخْفَى عليه شيء من أَعْمَالِ بَنِى آدَمَ)أخرجه أبو داود وغيره[7].

---

(١) أخرجه احمد (٥٤١٤).

(٢) أخرجه مسلم في صفة القيامة (٢٧٨٨) عبدالباقي.

(٣) أخرجه عبدالله بن أحمد في السنة (١٠٩٠)، وفي اسنادهأبو الجوزاء كان يرسل كثيرا، وقد عنعنه.

(٤) أخرجه الطبري (٣٩٩/٥) ونظر للأهمية (الضعيفة) (٦١١٨).

(٥) وهذا تتمة الحديث السابق عند الطبري، وفيه نفس العلة: عبدالرحمن بن زيد بن أسلم، ولكن له شواهد، وهو في الصحيحة (١٠٩)، ونظر أيضاً الضعيفة الموطن السابق.

(٦) العلو للذهبي(٧٤)، وجود إسناده الشيخ الألباني في مختصر العلو (ص ١٠٣-٢٠٧).

(٧) ضعيف: سنن أبي داود(٤٧٢٣)، الترمذي (٣٣٣٢)، ابن ماجه (١٩٣)، أحمد(١/ ٢٠٦-٢٠٧)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: وە موسلیم هێناویەتی لە ئیبنوعومەرەوە بە مەرفوعی: خوا لە ڕۆژی دواییدا ئاسمانەکان دەپێچێتەوە پاشان بە دەستی ڕاستی دەیانگرێت پاشان دەفەرموێت: من پادشام ستەمکاران لە کوێن؟ لووت بەرزەکان لە کوێن؟ پاشان حەوت زەویەکە دەپێچێتەوە، پاشان بە چەپی دەیانگرێت، پاشان دەفەرموێ: من پادشام ستەمکاران لە کوێن؟ لووت بەرزەکان لە کوێن؟).

وە گێڕدراوەتەوە: لە ئیبنوعەباسەوە: وتی: حەوت ئاسمانەکە و حەوت زەویەکە لە لەپی خوای میهرەباندا تەنها وەکو خرتەلەیەک وایە لە دەستی یەکێك لە ئێوەدا.

ئیبنوجەریر وتویەتی: یونس بۆی باس کردم، ئیبنووەهەب هەواڵی پێداین، وتی: ئیبنوزەید وتویەتی: باوکم بۆی باس کردم، وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: حەوت ئاسمانەکە لە بەرانبەر کورسیدا، تەنها وەکو حەوت درهەم وایە فڕی درابێتە ناو قەڵغانێکەوە.

وە وتی: ئەبو زەڕ وتویەتی: گوێبیستی پێغەمبەر بووم دەیفەرموو: کورسی لە بەرانبەر عەرشدا وەکو ئەڵقەیەکی ئاسن وایە فرێدرابێتە بیابانێکی چۆڵەوە.

وە لە ئیبن مەسعودەوە: وتی: نێوانی ئاسمانی دنیا و ئەوەی لە دوای ئەو دێت پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، وە نێوان (بەرزی و نزمی) هەر ئاسمانێك پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، وە لە نێوانی حەوتەم و کورسی (٥٠٠) ساڵە وە لە نێوان کورسی و ئاودا پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، عەرشی خواش لە سەرووی ئاوەوەیە، خواش لە سەر عەرشەوەیە، هیچ شتێك لە کردەوەکانی ئێوەی لێ ون نابێ. ئیبنومەهدی ئەم فەرموودەی دەرهێناوە لە حەمادی کوڕی سەلەمە، لە عاصم لە زوڕ لە (عبدالله).

وە ئەلمەسعودیش بە وێنەی ئەمە ڕیوایەتی کردوە لە عاصمەوە، لە ئەبی وائیل لە (عبدالله).

ئیمامی زەهەبی ئەمەی وتووە، وتویەتی: ئەم فەرموودەیە چەندین ڕێگەیەکی دیکەی هەیە.

وە لە عەباسی کوڕی (**عبد المطلب**)ەوە وتی: پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئایا دەزانن نێوانی ئاسمان و زەوی چەندە؟ وتمان: خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن، فەرمووی: (نێوانیان بە ڕێکردن پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، نێوانی هەر ئاسمانێك بۆ ئاسمانێکی تر ڕێگای پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، وە چڕی هەر ئاسمانێك پێنج سەد (٥٠٠) ساڵە، وە نێوانی ئاسمانی حەوتەم و عەرش دەریایەك هەیە، وە نێوان خواری و بەرزی ئەو دەریایە وەك نێوان ئاسمان و زەوی وایە، خواش لە سەر ئەوەوەیە، هیچ شتێکی لێ شاراوە نابێ لە کردەوەکانی نەوەی ئادەم) ئەبو داودو غەیری ئەویش گێڕاویانەتەوە.

•••••••

وتم: ئەم فەرموودانەو ئەوەش بە مانایان هاتووە بەڵگەن لەسەر مەزنی خوا و مەزنی دەسەڵاتی و مەزنی دروستکراوەکانی. بێگومان خوا خۆی بە بەندەکانی ناساندووە بە سیفاتە مەزنەکانی خۆی و بەدیهێنراوە سەرسوورهێنەرەکانی، هەموو ئەوانەش بەڵگەن لەسەر کەمالّی خوا، تەنها ئەو پەرستراوەو شەریك و هاوبەشی نیە لە پەروەردگارێتی و پەرستراوێتیدا، بەڵگەشە لە سەر جێگیر کردنی ئەو سیفاتانە بۆی کە شیاون بە گەورەیی و مەزنی ئەو زاتە، جێگیر کردنێکی بێ پێك چواندن (تمثیل) بە پاك ڕاگرتنێکی بی پەکخستن، ئا ئەمەیە ئایەتەکانی قورئان و سوننەت دەلالەتن لەسەری، پێشینی ئومەت و زانایانی و ئەوەی شوێنیان کەوتووە بە چاکی لە سەر ئیسلام و ئیمان لەسەر ئەوە دەڕۆن.

جا سەرنجی ئەوە بدە کە لەناو ئەم فەرموودە ڕاستانەدا هەیە لە بەمەزندانانی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەروەردگاری، بە باسکردنی سیفاتی تەواوێتی، بەو جۆرەی شیاون بە مەزنی و گەورەیی ئەو زاتە، وە بەڕاستدانانی پێغەمبەر ﷺ بۆ جولەکەکان، لەوەی هەوالّیان پێداوە دەربارەی خوا لەو سیفاتانەی بەڵگەن لەسەر مەزنی ئەو، وە سەرنج بدە لەوەی تێیدایە لە چەسپاندنی بەرزبوونەوەی خوا لەسەر عەرشەکەی، پێغەمبەر ﷺ لە هیچ شتێ لەوانەدا نەی فەرمووە ڕوالّەتی ئەو سیفاتانە مەبەست نین، وە نەیفەرمووە ئەوە بەڵگەیە لەسەر تەشبیهکردنی سیفاتەکانی خوا بە سیفاتی دروستکراوەکانی، جا ئەگەر ئەمە حەق بوایە ئەوە پێغەمبەر ﷺ بە ئوممەتەکەی ڕادەگەیاند، چونکە خوا ﷻ ئاین و نیعمەتی پێ تەواو کردو بە چاکترین شێوە پەیامی خوای ڕاگەیاند، درودو سەلامی خوا لە سەری، وە لەسەر یارو یاوەرانی و ئەوانەیشی شوێنی کەوتوون تا ڕۆژی دوایی، هاوەڵانیش لە پێغەمبەرەکەیانەوە وەریان گرتووە ئەوەی وەسفی پەروەردگاری پێ کردوە لە سیفاتی تەواوێتی و گەورەیی، بڕوایان پێی هێناوە، وە بڕوایشیان بە کتێبەکەی خوا هێناوە، ئەوەیشی لە خۆی گرتووە لە سیفاتەکانی پەروەردگاریان، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا ﴾ **آل عمران**، (واتە: وە دامەزراوان لە زانستدا ئەڵێن ئێمە بڕوامان هێناوە بە (**متشابه**) هەمووی لە پەروەردگارمانەوەن) بە هەمان شێوە تابعیەکان و شوێنکەوتووانی ئەوانیش و زانایان و پێشەوایان لە فەرموودە ناسەکان و فەقیهەکان، هەموویان وەسفی خوایان کردوە بەوەی خوا وەسفی خۆی پێ کردوەو پێغەمبەرەکەیشی وەسفی پێ کردوە، نکوولّی هیچ شتێکیان نەکردوە لەو سیفاتانە، تەنانەت یەکێکیان نەی وتووە: ڕوالّەتی ئایەتەکە مەبەست نیە، یان چەسپاندنی ئەو سیفاتانە پێویستی بە تەشبیهکردن هەیە، بەڵکو ئینکاری ئەو کەسەیان کردوە ئەوەی وتوە بەوپەڕی ئینکاری، بۆیە چەندین کتێبیان لە بەرپەرچدانەوەی ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەدا نووسیوە، ئێستاکە لەبەردەستی ئەهلی سوننەو جەماعەدایە.

شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە وتویەتی: ئەمە کتێبی خوایە لە سەرەتا تا کۆتایی، وە سوننەتی پێغەمبەری خواو قسەی هاوەڵان و تابعیەکان و قسەی سەرجەم زانایان پڕن کە بە نەص یان (**ظاهر**) هاتوون لەسەر ئەوەی خوا ﷻ لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، وە لەسەر عەرشەوەیە و لە سەرووی ئاسمانەکانیشەوەیە، قەراری گرتووە لە سەر عەرشەکەی، وەك فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥۚ ﴿١٠﴾ ﴾ **فاطر**. (واتە: وتەی پاك و چاك تەنها

بۆ لای خوا سەردەکەوێ وە وتەی پاك و) کردەوەی چاك بۆ لای بەرز دەبێتەوە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ ﴿٥٥﴾ ﴾ آل عمران. (واتە: ئەی عیسا من تۆ دەمرێنم و بەرز دەکەمەوە بۆ لای خۆم) وە فەرموویەتی: ﴿ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ﴿١٥٨﴾ ﴾النساء. (واتە: بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ مِّنَ ٱللَّهِ ذِي ٱلْمَعَارِجِ ﴿٣﴾ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾المعارج. (واتە: لە خوای خاوەن پلەو پایەی زۆر بەرز* فریشتەو جبیریل سەردەکەون بۆ لای خوا لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار ساڵە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ ﴿٥﴾ ﴾السجدة. (واتە: خوا هەموو کاروبارەکان بەڕێوە دەبات لە ئاسمانەوە تا زەوی(هەتا ڕۆژی دوایی) لە پاشان هەموو ئەو کاروبارە بەرز دەبێتەوە بۆ لای خۆی) وە فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾ ﴾البقرة. (واتە: هەر ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردوە، پاشان ئاسمانەکانی دروست کرد، بۆیە بەحەوت چین بەدی هێناو ڕێکی خستن هەر خۆیشی بە هەموو شتێك زاناو ئاگادارە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِي ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف. (واتە: بەڕاستی پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروست کردوە پاشان بەرز بوەوە سەر عەرش و قەراری گرت بە (تاریکایی) شەو (ڕۆشنایی) ڕۆژ دادەپۆشێ (بە پێچەوانەشەوە) شەو بە شوێن ڕۆژەوەیە بە خێرایی خۆرو مانگ و ئەستێرەکانیش ژێر بار کراون بە فەرمانی خۆی بێدار بن کە بەدیهێنان و فەرماندان هەر بۆ خوای بەرزە پەروەردگاری هەموو جیهانیان) وە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ﴿٣﴾ ﴾يونس. (واتە: بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتەیە کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوە لە شەش ڕۆژدا پاشان بەرز بوەوە سەر عەرش و قەراری گرت، هەموو کاروبارەکان هەڵدەسوڕێنێ هیچ تکا کارێك نیە (بۆ کەس) مەگەر لە پاش ڕێگەدانی خوا) ئایەتەکە، جا باسی هەردوو پەکتاپەرستیەکەی کردوە لەم ئایەتەدا. وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾الرعد. (واتە: ئەو خوایەی ئاسمانەکانی بەرز کردۆتەوە بێ هیچ پایەو ستوونێك کە ببینن پاشان بەرز بوەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت) وە فەرموویەتی: ﴿ تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ ٱلْأَرْضَ وَٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلْعُلَى ﴿٤﴾ ٱلرَّحْمَٰنُ عَلَى ٱلْعَرْشِ ٱسْتَوَىٰ ﴿٥﴾ ﴾طه. (واتە: ئەم قورئانە بە بەش بەش نێردراوەتە خوارەوە لە لایەن زاتێکەوە کە زەوی و ئاسمانە بەرزو بڵندەکانی دروست کردوە* کە خوای میهرەبانە کە بەرز بوەوە سەر عەرش و قەراری گرت (بەو شێوەی شیاوی بێت ئیمە چۆنێتیەکەی نازانین) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۛ ٱلرَّحْمَٰنُ فَسْـَٔلْ بِهِۦ خَبِيرًا ﴿٥٩﴾ ﴾ الفرقان. (واتە: پشت ببەستە بە خوای زیندوو کە زاتێکە هەرگیز نامرێت تەسبیحات بکە بە ستایشی ئەو بەسە کە خوا ئاگادارە بە گوناهی بەندەکانی* ئەوخوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە وە ئەوەش لە نێوانیاندایە لە شەش

ڕۆژدا پاشان بەرز بوویەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت(باوەڕمان پێیەتی بە بێ ئەوەی شێوەکەی بزانین) ئەو خوای میهرەبانە کەواتە پرسیار لە زاتێ بکە کە بە هەموو شت زانا و بە ئاگایە).
وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ﴾السجده. (واتە: خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیاندایە بەدی هێناوە لە شەش ڕۆژدا پاشان بەرز بووەتەوە بۆ سەر عەرش و قەراری گرت بێجگە لە خوا هیچ پشتیوان و تکا کارێکتان نیە دەی بۆ بیر ناکەنەوە و پەند وەرناگرن* خوا هەموو کاروبارەکان بەڕێوە دەبات لە ئاسمانەوە تا زەوی لە پاشان هەموو ئەو کاروبارانە بەرز دەبنەوە بۆ لای خوا لە ڕۆژێکدا ئەندازەکەی هەزار ساڵە لەو ساڵانەی ئێوە دەیژمێرن) وە فەرموویەتی: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۚ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ۖ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤﴾ ﴾الحديد. (واتە: خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە لە شەش ڕ وژدا پاشان بەرز بوویەوە سەر عەرش و قەراری گرت(باوەڕمان پێیەتی بەو شێوەی شیاوی خوا بێ) دەزانێت چی دەچێتە ناو زەوی وە چی لێ دێتە دەرەوە وە چی لە ئاسمانەوە دێتە خوار وە چی بۆ سەردەکەوێ وە لە هەر کوێ بن خوا لەگەڵتانە(بە زانیاری و ئاگاداری) وە خوا بینایە بە هەرچی کە دەیکەن) جا باسی گشتیری زانستی و گشتگیری دەسەڵاتی و گشتگیری دەوردانی و گشتگیری بینینی خۆی کردوە، وەك فەرموویەتی: ﴿ ءَأَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا هِىَ تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِى ٱلسَّمَآءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴿١٧﴾ ﴾الملك. (واتە: ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە کە بتانباتە خوارەوە بە ناخی زەویدا لە کاتێکدا کە زەوی (وەك دەریا) گێژ بخوات(بێتە لەرزین)* ئایا دڵنیان لەو خوایەی کە لە ئاسمانە بای تووندتان بنێرێتە سەر بە وورده زیخەوە ئەو دەمە تێ دەگەن کە هەڕەشەی ئێمە چۆنە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ تَنزِيلٌ مِّنَ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾فصلت. (واتە: چونکە نێردراوەتە خوارەوە لە لایەن (خوای) کار دروستی ستایش کراوەوە) وە فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ ﴾الجاثية. (واتە: هێنانە خوارەوەی ئەم قورئانە لە لایەن خوای بە دەسەڵاتی کار دروستەوەیە) وە خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ ﴿٣٧﴾ ﴾غافر. (واتە: فیرعەون وتی ئەی هامان کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە بەڵکو بگەمە ئەو ڕێگایانە* کە ڕێگاکانی بەرز بوونەوەن بۆ ئاسمانەکان بۆ ئەوەی (لەوێوە) سەیری خواکەی موسا بکەم وە بەڕاستی من وا گومان دەبەم (موسا) درۆزنە)

وتم: زانایان و پێشەوایان لەو کتێبانەی دایان ناوە وتەی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان باس کردوە لەبارەی ڕەددانەوەی ئەوانەی سیفاتی خوا ڕەت دەکەونەوە لە جەهمیەو موعتەزیلەو ئەشعەریەکان و وێنەی ئەوانیش.

جا لەوانەش ئیمامی زەهەبی ڕیوایەتی کردوە لە کتێبی (العلو)داو جگە لەویش، بە چەندین سەنەدی ڕاست و دروست، لە ئوم سەلەمە خێزانی پێغەمبەر ﷺ ئەو دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ وتی: (الإستواء) نادیار نیە، وە چۆنێتیەکەی مەعقول نیە ، دان پێدانانی ئیمانە، نکوولّی کردنیشی کوفرە[1]. ئیبنولمونزیر و لالکائی غەیری ئەو دوانەش گێڕاویانەتەوە بە چەندین سەنەدی ڕاست و دروست.

وتی: وە جێگیر بووە لە سوفیانی کوڕی عویەینە ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە وتویەتی:کاتێك پرسیار کرا لە ڕەبیعەی کوڕی (عبدالرحمن): (الإستواء) چۆنە؟ وتی: (الإستواء) نادیار نیە، چۆنێتیەکەی مەعقول نیە، پەیامیش لە لایەن خواوەیە، گەیاندنیش لەسەر پێغەمبەر ﷺ پێویستە، بەڕاستدانانیشی لە سەر ئێمە واجبە.

ئیبنووەهەب وتویەتی: ئێمە لە لای مالیك بووین پیاوێك هات بۆ لای وتی ئەی باوکی (عبدالله) ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ چۆن بەرز بوەوە؟ ئەویش بە جۆرێ بێتاقەت بوو ئارەقی زۆر کرد، وتی ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ وەکو چۆن خوا وەسفی خۆی کردوە بەو شێوە وەسف دەکرێ، نابێ بوترێ چۆن؟ بەکار هێنانی چۆن لە ئەو زاتە هەڵگیراوە، تۆش کەسێکی خاوەن بیدعەیی. دەری بکە دەرەوە. بەیهەقیش ڕیوایەتی کردوە بە سەنەدێکی ڕاست لە ئیبنووەهەب، هەروەها لە یەحیای کوڕی یەحیا ڕیوایەتی کردوە بەم شێوەیە، وتی: (الإستواء) چۆنە؟ وتی: (الإستواء) نادیار نیە، چۆنێتیەکەی مەعقول نیە، بڕوابوون پێی واجبەو پرسیار کردن دەربارەی بیدعەیە.

زەهەبی وتویەتی: تەماشایان بکە چۆن (الإستواء)یان جێگیر کردوە بۆ خوا، ڕایان گەیاندووە ئەوە شتێکی زانراوە پێویست بە ڕاڤەکردن ناکات، چۆنێتیشیان لێی ڕەت کردۆتەوە.

بوخاری لە صەحیحەکەیدا وتویەتی: موجاهید وتویەتی: ﴿ٱسۡتَوَىٰ﴾ بە مانای بەرز بوویەوە بە سەر عەرش[2].

وە ئیسحاق کوڕی ڕاوەهەویهی وتویەتی: گوێبیستی زیاد لە کەسێ لە ڕاڤەزانانی قورئان بووم دەیانوت: بەرزبوویەوە. موحەممەدی کوڕی جەریری تەبەریش دەربارەی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ وتویەتی: واتە: بەرز بوەتەوە.

وە شاهیدەکانیشی لە وتەی هاوەڵان و تابعیەکان و شوێنکەوتوانیاندایە، لەوانەش وتەی (عبدالله)ی کوڕی ڕەواحە:

شهدت بان وعد الله حق وان النار مثوى الكافرينا

بینیم (شایەتی دەدەم) کە بەڵێنی خوا ڕاستە ... بێگومان ئاگر جێگەی بێباوەڕانە

وان العرش فوق الماء طاف وفوق العرش رب العالمينا

---

(١) العلو للذهبي(١٨١) وضعفه عن أم سلمة وهو ثابت عن مالك وغيره.

(٢) علقه البخاري في التوحيد- باب (وكان عرشه على الماء)، وقال الحافظ: (وصله الفريابي عن ورقاء عن ابن أبي نجيح عنة.

وە عەرشیش لەسەر ئاوە و بەرزە..... لەسەروی عەرشیش پەروەردگاری جیهانیانە

وتحمله ملائكة شداد ملائكة الإله مسومينا

وە فریشتە بەهێزەکان هەڵیان گرتوە .... کە فریشتەی خوان نیشانە دیارن

وە داریمی و حاکم و بەیهەقی بەڕاستەرین سەنەد ڕیوایەتیان کردوە تا دەگاتە عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی شەقیق، وتی: بیستم (عبدالله)ی کوڕی موبارەك دەیوت: پەروەردگارمان دەناسین بەوەی لە سەرووی حەوت ئاسمانەکانیەوە بەرز بوەتەوە سەر عەرش، لە سەر عەرش قەراری گرتووە، جیایە لە دروست کراوەکانی، ئەوە نالّێین کە جەهمیەکان وتویانە، داریمی وتویەتی: حەسەنی کوڕی صەباحی بەزار بۆی باس کردین، عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی شەقیق لە ئیبنوموبارەکەوە پرسیاری لێ کرا، چۆن پەروەردگارمان بناسین؟ ئەویش وتی: بەوەی لە سەرووی ئاسمانی حەوتەمەوەیە و لە سەر عەرشەو جیایە لە دروستکراوەکانی[1].

وتەی ئەوزاعی لە پێشەوە باسکرا: ئێمە -تابعیەکانیش مابوون- دەمانوت: خوا ﷻ جیایە لە دروستکراوەکانی، وە بڕوامان بەوە هەیە کە سوننەت پێی هاتووە، ئەبو عومەری (**الطلمنكي**) لە کتێبی (**الأصول**)دا وتویەتی: موسڵمانان یەك دەنگن لە ئەهلی سوننە کە خوا (**استواء**)ی کردوە لە سەر عەرشی بە زاتی خۆی، هەروەها لەم کتێبەدا وتویەتی: ئەهلی سوننە یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە بێگومان خوا (**استواء**)ی کردوە لە سەر عەرشەکەی بە حەقیقەت نەك بە مەجاز، پاشان بە سەنەدی خۆی هێناویەتی لە مالیکەوە: خوا لە ئاسمانە، وە زانستیشی لە هەموو شوێنەکانە، پاشان لەم کتێبەدا وتویەتی: موسڵمانان یەك دەنگن لە ئەهلی سوننە کە مانای فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۚ﴾ وێنەی ئەو ئایەتەش لە قورئاندا: ئەوە زانستی خوایە، خوا ﷻ لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە بەزاتی خۆی، بەرزە لە سەر عەرشەکەیەتی چۆنی بوێ، ئەمەش وتەی ئەوە لە کتێبەکەیدا.

وێنەی ئەمەش زۆرە لە وتەی هاوەڵان و تابعیەکان و پێشەوایان، ئەوەی خوا چەسپاندویەتی لە کتێبەکەیدا لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی بە شێوەیەکی حەقیقی نەك مەجازی بەو جۆرەی شیاوە بە گەورەیی و مەزنی ئەو زاتە ئەوانیش چەسپاندویانە، وە هەموو لە یەك چواندنێکی خوایان بە دروستکراوەکانی ڕەت کردۆتەوە، نە چواندویانەو نە چۆنێتیان بۆی داناوە، وەك چۆن لەم بەشەدا لەوانەوە باسمان کرد.

زەهەبی وتویەتی: یەکەمین جار قسەی ئەو کەسە بیسترا کە ئینکاری خوای کرد لە سەر عەرشی: جەعدی کوڕی درهەم بوو، بەهەمان شێوە سەرجەم سیفاتەکانی خوای ڕەت کردوە. خالدی کوڕی (عبدالله)ی قەسری کوشتوویەتی، چیرۆکەکەیشی بە ناوبانگە، جەهمی کوڕی صەفوان ئەم بیرۆکەی لە جەعدی کوڕی دیرهەم وەرگرت، پێشەوای جەهمیەکان، ئاشکرای کردو بەڵگەی بۆ دەهێنایەوە بە چەندین گومان، ئەوەش لە کۆتایی سەردەمی تابعیەکان بوو، پێشەوایانی ئەو سەردەمە نکوولّی قسەکەیان کرد، وەك ئەوزاری و ئەبی حەنیفەو مالیك و لەیثي کوڕی سەعدو سوفیانی ثەوری و

---

(١) صحيح الدارمي في الرد على الجهمية (٦٧).

حەمادی کوڕی زەیدو حەمادی کوڕی سەلەمەو ئیبنولموبارەك و دوای ئەوانیش لە پێشەوایانی ڕێنماییکار، ئەوزاعی پێشەوای ئەهلی شام لە سەری سەدو پەنجای کۆچیدا لەکاتی دەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە وتی: ئەوەی هەواڵی پێداوین (عبدالواسع)ی ئەبهەری بە سەنەدی خۆی تا دەگاتە ئەبو بەکری بەیهەقی: هەواڵی پێداوین ئەبو (**عبدالله الحافظ**) هەواڵی پێدام موحەممەدی کوڕی عەلی جەوهەری لە بەغداد، هەواڵی پێداین ئیبراهیمی کوڕی هەیسەم، باسی بۆ کردین موحەممەدی کوڕی کەسیری مەصیصی، بیستم ئەوزاعی دەیوت: ئێمە -تابعیەکان مابوون- دەمانوت: خوا لە سەر عەرشەکەیەتی، بڕوایشمان هەیە بەوەی لە سوننەتدا هاتووە لە سیفاتەکانی، بەیهەقی دەریهێناوە لە (الصفات)دا [1]. وە گێڕەرەوەکانیشی پێشەوای متمانە پێکراون.

ئیمام شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت وتویەتی: خوا ﷻ ناوو سیفاتی هەیە بۆ هیچ کەس نیە ڕەتی بکاتەوە، هەر کەسێکیش پێچەوانەیان بجوڵێتەوە دوای جێگیر کردنی بەڵگە لەسەری ئەوە بێ بڕوا دەبێ، بەڵام پێش ڕاست بوونەوەی بەڵگەو حوججە لە سەری (**إقامة الحجة**) ئەوە عوزرو بیانووی بە نەفامی بۆ دەهێنرێتەوە(**العذر بالجهل**) ئێمەش ئەم سیفاتانە دەچەسپێنین، لە یەکچواندنیشی لێ ڕەت دەکەینەوە، وەك چۆن لە نەفسی خۆی ڕەتی کردۆتەوە، جا فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ لە (فتح الباری)[2].

وتەی: (**عن العباس بن عبدالمطلب**) دانەر فەرموودەکەی بە کورتی هیناوە، ئەوەی لە سونەنی ئەبو داوودا هاتووە: لە عەباسی کوڕی (**عبد المطلب**) وتی: من و کۆمەڵێك لە هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەردا بووین لەناو (**بطحاء**)[3] هەورێك بەسەریاندا تێپەڕ بوو پێغەمبەر ﷺ تەماشای کرد، فەرمووی: (**ما تُسَمُّونَ هذه**) واتە: چی دەبینن؟ وتیان: هەور، فەرمووی: (والمزن) هەوری باراناویە. وتیان: بەڵی (والمزن) هەوری باراناویە: فەرمووی: (**الْعَنَانَ**)ە واتە: هەور، وتیان (**الْعَنَانَ**). ئەبو داوود وتی: بەچاکی وشەی (**الْعَنَانَ**)م ئیتقان نەکردوە، فەرمووی: (**هل تَدْرُونَ ما بُعْدُ ما بين السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ؟**) واتە: ئایا دەزانن ئەندازەی نێوان ئاسمانەکان و زەوی چەندە؟ وتیان: نازانین، فەرمووی: (**إِنَّ بُعْدَ ما بَيْنَهُمَا إِمَّا وَاحِدَةٌ أو اثْنَتَانِ أو ثَلَاثٌ وَسَبْعُونَ سَنَةً، ثُمَّ السَّمَاءُ التي فَوْقَهَا كَذَلِكَ**) واتە: بەڕاستی دووری نێوانیان حەفتاو یەك یان دوو یان سێ ساڵە، پاشان بەهەمان شێوە ئاسمانێکی دیکە دێت لەسەرووی ئەوەوە، هەتا حەوت ئاسمانەکەی ژمارد، (**ثُمَّ فَوْقَ السَّابِعَةِ بَحْرٌ بين أَسْفَلِهِ وَأَعْلَاهُ مِثْلُ ما بين سَمَاءٍ إلى سَمَاءٍ؟ ثُمَّ فَوْقَ ذلك ثَمَانِيَةُ أَوْعَالٍ، بين أَظْلَافِهِمْ وَرُكَبِهِمْ مِثْلُ ما بين سَمَاءٍ إلى سَمَاءٍ، ثُمَّ على ظُهُورِهِمْ الْعَرْشُ بين أَسْفَلِهِ وَأَعْلَاهُ كما بين سَمَاءٍ إلى سَمَاءٍ، ثُمَّ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى فَوْقَ ذلك**)[4]. واتە: پاشان لە سەروی حەوت ئاسمانەکەوە دەریایەك هەیە لە نێوان نزمی و بەرزیدا وەکو نێوانی

---

(١) صحيح: البيهقي في الأسماء والصفات (٥١٥).

(٢) فتح الباري (١٣/ ٤٠٧).

(٣)(شوێنێکی ناسراوە لە مەککە لە سەروی گۆڕستانی (المعك) ئەصلەکەشی بریتیە لە جێگایەکی نەرمی فراوانە لم و زیخی تێدایە بۆ پشوودان گونجاوە).

(٤) أخرجه أبو داود في السنة (٤٧٢٣)، أخرجه الترمذي في التفسير (٣٣٢٠)، وابن ماجه في المقدمة (١٩٣).

ئاسمانێکە بۆ ئاسمانێکی دیکە، پاشان لەسەرووی ئەوەوە حەوت فریشتە هەن لەسەر شێوە بەرانی سابرێنی کێوی لە ئەندازەی نێوان سم و ئەژنۆکانیان وەکو نێوان ئاسمانێکە بۆ ئاسمانێکی دیکە، پاشان عەرش لەسەر پشتی ئەوانە، نێوانی خوارو سەرەوەی بەقەد نێوان ئاسمانێکە بۆ ئاسمانێکی دیکە، پاشان خوا لەسەروی ئەوەوەیە. ترمزی و ئیبنوماجە دەریان هێناوە، ترمزی وتویەتی: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

زەهەبی وتویەتی: ئەبو داود گێڕاویەتیەوە بە سەنەدێکی حەسەن، وە ترمزیش گێڕاویەتیەوە وەکو ئەو لە فەرموودەی ئەبو هورەیرە ئەوەشی تێدایە: (**ما بين سَمَاءٍ إلى سَمَاءٍ خَمْسمائةَ عامٍ**) [1]. واتە: نێوان ئاسمانێکە بۆ ئاسمانێکی دیکە. هیچ دژیەکێك لە نێوانیاندا نیە. چونکە ئەوە بە پێنج سەد ساڵ (٥٠٠) ئەندازە دەکرێت بە ڕێکردنی کاروانی بە حەفتاو ئەوەندە بەڕێکردنی بەرید، چونکە دروستە بوترێ: لە نێوان ئێمە و لە نێوان میسر بیست ڕۆژە بە ڕێکردنی ئاسایی، سێ ڕۆژیشە بە شێوە ڕێکردنی بەرید. شەریك هەندێ لەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە لە سەماك بە (موقوف)ی ئەمە کۆتا وتەکانیەتی.

وتم: ئەوەیشی تێدایە بە ڕاشکاوی کە بەڕاستی خوا لە سەر عەرشەکەیەتی، وەك لە پێشەوە چەند ئایەتێکی موحکەم و فەرموودەی ڕاست و دروست و وتەی پێشینان لە هاوەڵان و تابعین و شوێن کەوتووی ئەوان باسکرا، ئەم فەرمودەش لە بوخاری و موسلیم و جگە لەوانەش شایەت و بەڵگەی هەیە، گوێ لە قسەی ئەو کەسە ناگیرێ کە بە لاواز دایناوە لەبەر زۆری شایەت و بەڵگەکانی کە ئەستەمە ڕەت بکرێتەوەو لە سەر ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی لا بدرێت.

ئەم فەرموودەش وەك هاوشێوەکانی بەڵگەیە لەسەر کەماڵی و مەزنی خوا، وە مەزنی بەدیهێنراوەکانی. وە ئەو زاتە وەسف کراوە بە سیفاتەکانی کەماڵ کە وەسفی نەفسی خۆی پێ کردوە لە کتێبەکەیدا، وە پێغەمبەرەکەیشی وەسفی پێ کردوە، وە لەسەر تەواوی تواناو دەسەڵاتی، وە ئەو زاتە تەنها خۆی پەرستراوی بە حەقە، تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەش و شەریکێکی نیە جگە لەهەموو ئەوانەی غەیری ئەون.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درودو سەلام بۆ سەر سەیدو گەورەمان موحەممەد ﷺ، وە بۆ سەر یارو یاوەرو کەس وکار شوێنکەوتووانی بە گشتی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێ: چەند مەسەلەیەکی تێدایە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴿٦٧﴾ ﴾

دووەم: ئەم زانستانەو وێنەی ئەم زانستانە مابوەوە لە لای ئەو جولەکانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا بوون، نە ئینکاریان لێ دەکرد و نە تەئویلیشیان دەکرد.

---

(١) أخرجه الترمذي في التفسير (٣٢٩٨)، وضعفه ، وأيضاً ضعفه الشيخ الألباني في ضعيف الترمذي وفي ظلال الجنة (٥٧٨).

سێیەم: زانا جولەکەکە کاتێ باسی ئاسمانەکان و زەوی کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ کە لە سەر یەك پەنجەی خوان، پێغەمبەریش بەڕاستی دانا، ئایەتی قورئانیش بۆ چەسپاندنی ئەو بابەتە هاتە خوارەوە.

چوارەم: پێکەنینی پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی ئەو زانا جولەکە باسی ئەو زانستە مەزنەی کرد.

پێنجەم: بەڕاشکاوی باسکردنی ئەوەی کە خودا ﷻ دوو دەستی هەیە، ئاسمانەکان لە دەستی ڕاستیدان، زەویەکانیش لە دەستەکەی دیکەی.

شەشەم: بە ئاشکرا ناوبردنی(الشمال) واتە دەستی چەپ بۆ خوا.

حەوتەم: باسی ستەمکاران و لووت بەرزان لەو کاتەدا.

هەشتەم: فەرموودەی: (**كخردلة في كف أحدكم**) واتە: وەکو خەرتەلەیەك لە لەپی هەر یەکێکتاندا.

نۆیەم: مەزنی کورسیەکەی خوا بەنیسبەت ئاسمانەکان.

دەیەم: گەورەیی عەرش بەنیسبەت کورسی.

یازدە: عەرشی خوا جیایە لە کورسی و ئاو.

دوازدە: نێوانی هەر ئاسمانێك بۆ ئاسمانێکی دیکە چەندە.

سیازدە: نێوانی ئاسمانی حەوتەم و کورسیەکە چەندە.

چواردە: نێوانی کورسی و ئاو چەندە.

پازدە: عەرش لە سەر ئاوە.

شازدە: خوا ﷻ لە سەر عەرشە.

حەڤدە: نێوانی ئاسمان و زەوی چەندە.

هەژدە: چڕی هەر ئاسمانێك پێنج سەد ساڵە.

نۆزدە: ئەو دەریایەی لە سەرووی ئاسمانەوەیە ژێرو سەری پێنج سەد ساڵە.

(فتح المجيد) تەواو بوو بە یارمەتی خوای ستایش کراو

سوپاس بۆ خوا وەرگێڕانی کتێبی (فتح المجيد) تەواو بوو لە شەوی پێنج شەممە بەرواری ٢١ / ٦ / ٢٠١٨ کاتژمێر ٣٩ - ١٠ دەو سی و نۆ خولەك، هیوادارم سوود بە خوێنەران بگەیەنێت، بە پشتیوانی خوای بەرزو مەزن.

نـــاوەرۆك

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان..... ٥
پێشەکی..... ٥
پێشەکی وەرگێڕ..... ٨
ئامۆژگاری..... ٩
١- ڕونکردنەوەی فەزڵ و گەورەیی یەکتاپەرستی، ئەوەشی دەبێتە کەفارەت بۆ گوناهەکان.....٣٨
٢- هەرکەسێك یەکتاپەرستی بەجێ بهێنێت لەخۆیدا دەچێتە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە.....٦٣
٣- ترســان لە هاوبەشدانان..... ٧٦
٤- بانگ کردن بۆ لای شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)..... ٨٣
٥- تەفسیری یەکتاپەرستی و شایەتی دان بە (لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله)..... ٩٩
٦- بەکارهێنانی ئەڵقە و بازنە لە هاوبەشدانانە..... ١١٩
٧- ئەوەی هاتووە دەربارەی نوشتەو موروەکان..... ١٢٧
٨- هەرکەسێك تەبەڕوك و پیرۆزی وەربگرێت بە دارێك، یان بەردێك یان وێنەی ئەوە ١٣٧
٩- ئەوەی هاتووە دەربارەسەربڕین بۆ غەیری خوا..... ١٤٧
١٠- نابێت لە جێگایەکدا قوربانی سەربڕدرێ، کە تیایدا بۆ غەیری خوا سەردەبڕدرێت ١٥٧
١١- نەزرکردن بۆ غەیری خوا هاوبەشدانانە..... ١٦٣
١٢- داوای پەنادان بە غەیری خوا لە هاوبەشدانانە..... ١٦٨
١٣- داوای فریاد ڕەسی لەغەیری خوا یان پاڕانەوە ...لە لەغەیری خوا جۆرێکە لە هاوبەش دانان..... ١٧٢
١٤- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴾---------- ١٩١
١٥- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾..... ٢٠٤
١٦- شەفاعەت کردن..... ٢١٥
١٧- فەرموودەی: (ابن المسیب) دەربارەی مردنی (أبو طالب)..... ٢٢٥
١٨- هۆکاری بێبڕوایی نەوەکانی ئادەم و وازهێنانیان لە ئایینەکەیان بریتی بوو لە ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە پیاوچاکان..... ٢٣٠
١٩- ئەوەی هاتووە لە هەڕەشە تونده دەربارەی ئەو کەسەی پەرستشی خوا دەکات لە لای گۆڕێ پیاو چاکێکدا..... ٢٤٢

٢٠- زیادەڕەوی کردن لە گۆڕی پیاوچاکان..... ٢٥٧
موسڵمانان دانیاڵیان دۆزیەوە کاتێك تەستەریان ئازاد کرد..... ٢٥٩
٢١- پێغەمبەر ﷺ یەکتاپەرستی پاراستوەو هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە سەرئەکێشی بۆ هاوبەشدانان..... ٢٦٨
٢٢- ئەوەی هاتووە کە هەندێ لەم ئوممەتە جگە لە خوا دەپەرستن..... ٢٧٨
٢٣- ئەوەی دەربارەی جادو هاتووە..... ٢٩٧
٢٤- ڕوون کردنەوەی شتێ لە جۆرەکانی جادوو..... ٣٠٧
٢٥- ئەوەی هاتووە دەربارەی کاهینەکان و هاوشێوەکانیان..... ٣١٤
٢٦- ئەوەی هاتووە دەربارەی بەتاڵکردنەوەی نوشتە..... ٣٢٣
٢٧- ئەوەی هاتووە دەربارەی شومی و ڕەشبینی..... ٣٢٧
٢٨- ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەستێرەناسی..... ٣٤٢
٢٩- داواکردنی باران بەهۆی (جوڵەی) ئەستێرەکان..... ٣٤٨
٣٠- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾..... ٣٦٠
٣١- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾ ﴾..... ٣٧٥
٣٢- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾..... ٣٨٦
٣٣- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ﴾..... ٣٩٤
٣٤- ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خو..... ٣٩٩
٣٥- ئەوەی هاتووە دەربارەی ڕیایی و لەبەرچاوی..... ٤٠٨
٣٦- باسی جۆرێك لە هاوبەشدانان..... ٤١٤
٣٧- هەرکەس گوێڕایەڵی زانایان و کاربەدەستان بکات لە حەرام کردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردوە، یان حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردوە..... ٤٢٦
٣٨- چۆنیەتی بڕوا هێنان بە پێغەمبەر ﷺ..... ٤٣٦
٣٩- بەشی ئەو کەسەی ئینکاری و کەللەڕەقی و نکوڵی هەندێ لە ناوو سیفاتەکانی خوا دەکات..... ٤٤٩
٤٠- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾..... ٤٥٨

٤١- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ ٤٦١
٤٢- کەسێك قەناعەت بە سوێند خواردن بەخوا نەکات ٤٧٠
٤٣- وتنی: خـــواو تـــۆ بتـانەوەێت ٤٧٢
٤٤- هەرکەسێك جنێو بدات بە زەمانە ئەوە ئەزیەتی خوای داوە ٤٧٧
٤٥- باسی ناونان بە قازی فازیەکان و هاوشێوەکانی ٤٨١
٤٦- ڕێز گرتن لە ناوەکانی خوا و گۆڕانی ناویش لەو پێناوەدا ٤٨٤
٤٧- ئەوەی گاڵتە بکات بە شتێك کە ناوی خوا،یان قورئان، یان پێغەمبەری تێدا بێت... ٤٨٧
٤٨- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا ﴾ ٤٩١
٤٩- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا ﴾ ٤٩٦
٥٠- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ﴾ ٥٠٢
٥١- نابێت بوترێت: ســـەلام لەســـەر خوا ٥٠٧
٥٢- وتەی: خوایە لێم خۆشبە ئەگەر ئەتەوێ ٥١٠
٥٣- نابێت بڵێت بەندە و کەنیزەکی من ٥١٣
٥٤- هەرکەسێك بەناوەی خواوە داوا بکات نابێت داواکەی ڕەت بکرێتەوە، (واتە: ئەگەر بڵێ لە بەر خوا فلان شتم پێ ببەخشە) ٥١٥
٥٥- بەڕوی خوا داوا ناکرێ جگە لە بەهەشت ٥١٩
٥٦- ئەوەی هاتووە دەربارەی بەکارهێنانی ئەگەر (لو) ٥٢٢
٥٧- قەدەغەکردنی جونێودان بە با ٥٣٠
٥٨- فەرمایشتی خوا ﷻ: ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ ظَنَّ ﴾ ٥٣٢
٥٩- ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەوانەی ئینکاری قەدەر دەکەن ٥٤٢
٦٠- ئەوەی هاتووە دەربارەی وێنەکێشەکان ٥٤٩
٦١- ئەوەی هاتووە دەربارەی زۆر سوێند خواردن ٥٥٩
٦٢- ئەوەی هاتووە دەربارەی پەیمانی خوا و پەیمانی پێغەمبەرەکەی ٥٦٦
٦٣- ئەوەی هاتووە دەربارەی سوێند خواردن لەسەر خوا ٥٧٢
٦٤- نابێت ناوی خوا بکرێت بە تکاکار و واصیتە لای دروستکراوەکانی ٥٧٥
٦٥- ئەوەی هاتووە لە بارەی پێغەمبەرمان ﷺ، لە پاراستنی سنورەکانی یەکتاپەرستی و داخستنی ڕێگاکانی هاوبەشدانان ٥٨٠
٦٦- فەرمایشتی خوا ﴿ وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾ ٥٨٤